# شارستانیی کۆلاپس

# شارستانیی کۆلاپس

## ژیان و خۆشەویستی لە سەردەمی سەرمایەدارییدا

ستیڤان شەمزینی

٢٠٢٢

- ناوی کتێب: شارستانیی کۆلاپس
- نووسین: ستیڤان شەمزینی
- تایپ: نووسەر
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپ یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٢

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      ) ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە
سەرجەم کتیب و بەرهەمەکانی نووسەر  لەسەر دارایی نووسەر خۆی لەچاپدراون
مافی لەچاپدانەوەیان پارێزراون

# بە بیانووی پێشەکییەوە

دوای ساڵێک و سێ مانگ لە دەستپێکردنی نووسینی ئەم کتێبە کارەکە بەم فۆرمە گەڵاڵە بوو لە لاپەڕەکانی دواتردا خوێنەری دەبن. نایشارمەوە ئەم کتێبە بۆ خوێنەران ماندووکارە، لەبەرئەوەی بەردەنگ حەوسەڵەی پەرتووکێکی نییە زۆر سایکۆلۆژیی و خودییانە نووسرابێتەوە، کاتێکیش ناتوانێت پارادۆکسەکان هاوسەنگ بکاتەوە رەنگبێ باشترین بژاردە لە بەردەمیدا فڕێدانی کتێبەکە بێت تا تینی تێدایە، بۆ خۆشم روون نییە دوای ئەم پێچ و دەورانـە زنجیرەیی و راستەهێڵییە دەگەمە کوێ، تەنیا ئەوەم لێ دیارە ئێمە هێشتا بە دوای ژیانێکی شایستەتردا دەگەڕێین (ئەڵبەتە ناڵێم نموونەیی)، بۆ ئەمەش داوا لە کتێبەکان دەکەین یارمەتیمان بدەن، بەڵام کتێب بە تەنیا سوودێکی نییە، ئەگەر ویستی گەیشتن بەو ژیانە شیاوترە لە ناخماندا چرۆی نەکردبێت. جیاواز لەمەش ئەم کتێبە شرۆڤەکاریی فەلسەفیی یان فیکریی نییە، بە قەدەر ئەوەی تەقەلامان کردووە پاڵپشتی فیکریی و ئارگۆمێنتی فەلسەفیی بۆ روانین و تێزەکانی ناوی بدۆزینەوە. نووسینی ئەم کتێبە لە بنەڕەتەوە لە شێوەی پەرەگرافی جیاجیادا بوو، وەک چۆن تێماکانیشیان لە یەکتر جودان، دواتر هێڵی هاوبەشم لە نێوانیاندا دۆزییەوە. هەموو ئەو پەرەگرافانەش لە نەخۆشخانە یان لە کاتی پیاسەکردن بە دەوری قەڵای «بێتل»ی سەروو نەخۆشخانەی «گلیاد ئاینس»ی شاری بیلەفێلد، نیچە وتەنی لە هەوای کراوەدا نووسراون یان هەندێکیانم بە دەنگەنامە «ڤۆیس» دەنارد بۆ یەک و دوو هاوڕێی نزیکم، لەوانە ئارام بامۆکی، دواتر دەمنووسینەوە، مەبەست ئەوە بوو ئەو بیرۆکانەی بە مێشکمدا هاتبوون بزر نەبن، لەو دۆخانەی توانای نووسینم

نەبوو بەهۆی ئازاری دەست و پەنجەکانمەوە پەنام بۆ دەنگەنامە دەبرد. هەموو بەشەکانی ئەم کتێبە لە بەرگەوە بۆ بەرگ لە نۆتی مۆبایلەکەمدا و لە نەخۆشخانەدا نووسراوە، یەکێک لەو ئاستەنگانەی لەم کارەدا رەنگە هاتبێتە پێشەوە، ئەوەیە کەمترین کتێبم لەبەردەستدا بووە، زیاتر پشتم بەستبوو بە یادەوەریی خۆم و بە بیرهێنانەوەی هەموو ئەوەی پێشتر خوێندبوومنەوە، بۆیە لەوە دەچێت لە گواستنەوەی دەقاودەقی وتەزاکاندا وەک خۆیان، کورتم هێنابێت.

بە گشتیش هەموو بیست و چوار کاتژمێرم بەشێوەیەکی ئەندازەیی دابەشکردبوو بەسەر دوو چالاکییدا، دوانزە دەمژمێر بۆ خەوتن و چارەسەروەرگرتن و ئەو ئەرکانەی پەیوەستن بە ژیانی تاکەکەسییەوە، دوانزە کاتژمێرەکەی تریشم کردبوو بە دوو لەتی یەکسانەوە: شەش کاتژمێر بۆ خوێندنەوە، شەشەکەی تریش بۆ نووسینی ئەم کتێبە، بەڵام هەموو شەش کاتژمێرەکە تەنیا سەرقاڵی کاری تایپ نەبووم، زۆرجار لە رۆژێکدا یەک کاتژمێر بە نووسینەوە خەریکبووم، ئەوەی تری لە هەوای ئازاد و بەدەم پیاسەوە بۆ بیرکردنەوە لەوەی خوێندبوومەوە تەرخان دەکرد، پاشان بە پاڵپشتی یادەوەریی دەستمدەکرد بە نووسین، هەتا دەمنووسی زیاتر تینوو دەبووم، بیرم چووەوە ئەمە کتێبێکە دەگاتە بەردەستی خوێنەر، زیاتر دوای تێرکردنی ئەو ئارەزووە کەوتبووم بە هیچ بۆم تێر نەدەبوو، ئێستاش لە هەر کات پتر تینووترم، نازانم چۆن ئەم تێرنەخۆرییەم لە نووسیندا بگەیەنمە ئۆرگازم؟. وەک دیارە مەبەستی هەر نووسەرێک گەشتنە بە ئۆرگازم، ئەو رەحەتبوونەش لە وەهمێک زیاتر نییە و مەحکومیشن بە بەردەوامبوون لەسەر ئەو پرۆژە نیوەچڵ و تەواو نەبووە، کەواتە پرۆژەی نووسین لای من لەوە دەرچووە بۆ بەردەنگ بێت، پێشنۆرە ئارەزوویەکی لە سێکس هەراشترە، پاشتر دەمەوێت بەشدارییکردن بێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیارییدا لە رێگەی بانگهێشتێکی کۆگەلییەوە بۆ بیرکردنەوە.

هەموو ئەو بیرۆکانەی لەم کتێبەدا تەرح کراون، زانیاریی تازە نین سەبارەت بە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان، بەڵام بۆ کۆمەڵی کوردەواری ئەم تایپە لە بیرکردنەوە و روانینی چەپ بۆ پرسەکان، بە ئەندازەیەکی زۆر تازەن، خەڵکانێک پێشتر بەسەر ئەم نەریتەدا کرابوونەوە، هەوڵەکەی منیش دەوڵەمەندکردن و بەشدارییەکی ترە

هەواڵنامەی کتێب

لەو رووەوە، دەمەوێت دەستم هەبێت لە بەرهەمهێنانی گووتارێکی رەخنەگرانەی چەپڕەوی چەکدار بە دیتنی تازە و خوێندنەوەی نوێ بۆ دنیا و سیاسەت و خۆشەویستی و شۆڕش و مەسرەفگەرایی و هتد.. لافی ئەوە لێنادەم یەکەم کەسم ئەم رەخنانە دەگرم بە زمانی کوردیی، بەڵام کۆششەکەم بە کارێکی گرنگ دەزانم بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیی کە کەوتووەتە بەرداشی گەمە بێماناکانی سیاسەتی خێڵەکی و مافیاگەریی و نیولیبراڵیزمێکی کوێر، رەخنەی چەپ دەبێت لە تارماییەوە بێتە ناو دنیای بینراو و خۆی روون بکاتەوە. گرنگی ئەم کتێبە لانیکەم بە لای خۆمەوە لەوەدایە، هیچ ئەنجامگیرییەک بە دەستەوە نادات بەو شێوەیەی تێزە ئەکادیمییەکان پێی دەگەن، توێکارییەکی نائەکادیمییە «ئەوەش بە شانازیی دەزانم» لە خستنەڕووی چەندان تێز و دژە تێز، راکێشانی سوبێکتە بۆ بیرکردنەوە لە هەر تیۆرییەک رەشماڵی خۆی لەم پەرتووکەدا هەڵدابێت، لە دوای ئەم کتێبە منێکی تازە لە دایک دەبێت، لە زۆرینەی ئەزموونی منی پێشوو دابڕاوە، تەنانەت لە کتێب و ئەزموونی کاری رۆژنامەوانی و ئەو چەپە تەنگەبەرەی حیکمەتیزمیش دابڕاوە، منێکی رادیکاڵتر لە جاران دێتە پەیڤین. ئەگەر سەرەتای کاری رۆژنامەوانیم تا کۆتاییەکەی رەخنە بووبێت، هێشتا رەخنەم لەو رەخنانەش هەیە، ئەویش بەهۆی بوونی مەیلێکی چاکسازیخوازیی تیایاندا، لەبەرئەوەی رەخنەی ریفۆرمیستیی ناتوانێت سیستم ببڕێت، هەمیشە لەناو چوارچێوەی سیستمی باودا دەمێنێتەوە، ئەوەی تا ئێستا لە کوردستان پێی دەوترێت رەخنە «نەک شەڕەجنێو» هەمووی بە قازانج و بۆ مانەوەی سیستمی باڵادەستە یان زۆر جار تەبابوون لەگەڵ سیستم و دیموکراسیدا لە روانگەکانمدا بەرجەستە ببوو، توانای شاردنەوەی ئەوەشم نییە لایەنگریم لە دیموکراتیزەی کۆمەڵگەی کوردیی کردووە، بەو پێیەی سەرکەوتنە وەهمییەکان و سیما ئایدیاڵەکانی ئەو سیستمە وەک ئەفیونێک زۆربەمانی مەست کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوە نییە ئەزموونی رابـردووم بێ کەڵکە و کتێبەکانی پێشووم شایانی خوێندنەوە نین، مەبەست لەوەیە ئایدیای سەرەکییان بۆ خۆم پێش هەر کەسی تر جێگەی رەخنەی توندە، بەڵام ئەو ئەزموونە سەرەتای گەشتێکی فیکریی بوو تا بگەمە ئێرە.

بە وتەی ماتیۆ شارپ، سلاڤۆی ژیژەک لە کارە سەرەتاییەکانیدا داکۆکی لە فۆرمێکی رادیکاڵی دیموکراسی دەکرد، لەو داکۆکیکردنەشدا نەببووە لایەنگری دیموکراسی بە چاپە لیبراڵەکەی وەک ئەوەی لە خۆرئاوا پیادە دەکرێت، لە باری پراکتیکیشەوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٠ کاندیدای حزبی لیبراڵ-دیموکراسی بوو، بەڵام پاشتر بە رەخنەگرێکی سەرسەختی دیموکراسی دادەنرێت. وەک فلیسفیدەر باسی دەکات لە کۆتایی نەوەدەکاندا بەرەو لینینیزم هەنگاو دەنێت، نەک هەر خۆی بە مارکسیست لە قەڵەم دەدات، راشکاوانە پێ لەسەر کۆمۆنیستبوونی خۆی دادەگرێت. ئەڵبەتە کتێبی (خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا) دەروازەی ئەم وەرچەرخانە هزرییە بوو، لێ ئەزموونی چەپڕەوییم لە سەرەتای هەرزەکارییەوە دەستی پێکردووە، بەڵام هیچ کات وەک ئەمڕۆ کامڵ نەبووە و نەخەملیوە، هەرچەندە لەو نێوانەدا لادانێکیش هەبووبێت، کەچی لە بەرەی چەپ نەیخستمە دەرەوە، ئەگەریش بەهۆی نەخۆشییەکەمەوە نەمتوانی هیچ کتێبێکی تر بنووسم، دەبێت حکومدان لە سەرم بە پێودانگی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و کتێبی «خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا» بێت، وەک گووتم رەنگە تاقانە نووسەرێکیش بم، بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تەماشای رابردووی خۆم و کتێبەکانم بکەم، هیوادارم ئەمە ببێتە پارادایم، نووسەرانی تریش کە لە راڕایدان بڕیاری ئازایانەی خۆیان بدەن، لەمە بەولاوە بۆم گرنگ نییە بە چ پێوەرێک هەڵمدەسەنگێنن؟ بە تەرازووی رۆشنبیریی رۆژئاوایی کارەکانم دەکێشن یان دەمدەن لە بێژنگی وەلی عەسر؟. ئەگەرچی ساڵانێکە لە ئەورووپا و دڵی خۆرئاوادا دەژیم، بەڵام هەمیشە لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدام لەگەڵ کۆمەڵی کوردەواری، ئەمە هەستکردنێکی ناسیۆنالیستی نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی ئێش و دژوارییەکانی کۆمەڵگەی خۆمم، دەبێت بە پێوەرە رۆشنبیرییەکانی ئەوێ نەک ئەو شوێنەی لێی دەژیم راڤەم بکەن. ئاگام لە خۆمە و نامەوێت بڵێم لێرەبوونم «لە ئەورووپا» هەر لێرەبوونێکی فیزیکییە. جیا لەمەش هیچ کات رازی نیم بە چەپڵەی نووسەرانێکی تر ببمە نووسەر، نووسەربوون پرۆسەیەکی خودییە، نەک ئەوانیتر بەرهەمی بهێنن، نامەوێت کەسی تر نووسەربوونی من بخاتە قوتوویەکەوە و وەک خواردەمەنییەکی

ڕۆشنبیریی ریکلامم بۆ بکات، هیچ کات ئەوە رازیم ناکات و هەمیشە دژی ئەم گەورەسالارییە دەوەستمەوە، ئاخر نووسەرێکی رەق و عەبوسم کەوی ناکرێم.

هۆشداریش بە خوێنەر دەدەم بە تایتڵی دووەمی کتێبەکە تێنەکەوێت، خۆی بۆ خوێندنەوەی پەرتووکێکی ڕۆمانسی سادە ئامادە نەکات، هەندێک کتێب هەن تێزەکانیان لە ناونیشانەکانیاندایە، کتێبەکانی من پەیڕەوی ئەم نەریتە ناکەن، رەنگە ئەمە کتێبێک بێت دژی کتێب. ریگەی سەختی بیرکردنەوە پێکەوە دەبڕین، منیش لەگەڵ خوێنەران مەشقێکی قورسی بیرکردنەوە دەکەم چ لەگەڵ جیهانی نائامادە و نا ماددیی، چ لەگەڵ جیهانی ئامادە و هەستپێکراو. ئەم کتێبە هەم دابڕانە لە کتێبی پێشوو، هەم بەردەوامی پێدانی، دووبارە قسەکردنە لەسەر هەمان تێمای پێشوو، بەڵام بە تێڕوانینێکی رادیکاڵانەترەوە. ئەم کتێبە ئەوەندەی سیاسیی و سایکۆلۆژییە، فەلسەفیی و ڕۆمانسی نییە، کەڕەتێک جۆرج ئۆروێل، نووسەری ڕۆمانەکانی «١٩٨٤» و «مەزرای ئاژەڵان»، نووسیبووی: «هیچ کتێبێک نییە بە راستی خاڵی بێت لە لایەنگریی سیاسیی». ئەو کتێبانەشی دژی سیاسەت دەنووسرێن بۆ خۆیان بەشدارییەکی ترن لە سیاسەتدا، ئەو کتێبانەی دژی ئایدۆلۆژیا دەنووسرێن ناوەڕۆکەکانیان لە هەر کتێبێکی تر ئایدۆلۆژیترە، تەنانەت ئەو کتێبە شیعرییانەی بڵاودەکرێنەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بن هەژموونی بارودۆخێکی سیاسیی دیاریکراودان و سیاسەت بە ناڕاستەوخۆ تیایاندا رەنگ دەداتەوە. لە بنەڕەتیشەوە خۆم گەرەکم نەبووە ڤۆکەس بکەمە سەر لایەنی ئیستاتیکی و ریتۆریکی نووسین، هێندەی ویستوومە تا ئەوپەڕی توانا لە شتەکان ورد ببمەوە، بەدەر لەمە پێمخۆشە زۆر جەخت لەوە بکەمەوە ئەم کتێبە درێژکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبی «خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا» نییە، لێ ئەو پەرتووکە لە خۆشەویسترین کتێبەکانمە. چیرۆکنووسی کورد، جەبار جەمال غەریب، لە چیرۆکی «دەستێک لە بەهەشت»دا لە زمانی قوتابییە عاشقەکەی مامۆستا «کەیوان»ەوە دەنووسێت (هەندێک ڕۆژیش بەوپەڕی شەوقەوە کە ناکامییەک لە ناویدا ون بوو بێت لە کتێبێک دەدوا «مردن، خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا» زۆر حەزی دەکرد ئەو وشەی کۆلێرایە بگۆڕێت بە وشەیەک

کە بۆی گۆ نەدەکرا. بە گاڵتەوە دەیگوت «ئەگەر بڵێم لە سەردەمی شۆڕشدا، دەبێ بشڵێم لە سەردەمی ویرانە یان هەڵاتندا»). کاتێک ئەم چیرۆکەم خوێندەوە کە نووسەر خۆی لە مانگی مارتی ٢٠٢٢ بە تایبەتی بۆی ناردم، هەرچەند ساڵانێک بوو لە گۆڤاری «رامان»دا بڵاوکرابووەوە، کەچی سێ ساڵ پێشتر ئەو ناونیشانەم هەڵگێڕابووە بۆ کتێبی ناوبراو «خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا- ٢٠١٩» ئەوەتا ئێستاش سەرقاڵم بە نووسینی ئەم کتێبەوە. چ رێکەوتێکی سەیرە، ئەم چیرۆکە لەم کاتەدا دەخوێنمەوە!، رێگەیەکە دەمگەیەنێت بەرەو زۆر شوێن کە لەوانەیە لە داهاتوودا هەبن.

ئەم کتێبە بە تەنیا بازدانێکی فیکریی نییە، دابڕانێکی ئێپستمۆلۆژیشە لە رابردووی نووسینی خۆم، جێهێشتنی رۆشنبیریی سادەی رۆژنامەوانییە رووەو رۆشنبیرییەک لەسەر بنەمای فیکر، ئاشکراشە رۆشنبیریی رۆژنامەوانی تەکنیکی فۆرمالیستی بینینی رووداوە «رووداو بە مانا جورنالیستییەکەی»، بەڵام فیکر یان رامانی فەلسەفی ئارەزووی گەڕان و کونجکاویی و بنکۆڵکردن و پشکنینی گومانگەرایانەی دیاردە و رووداوەکانە بە تەکنیکێکی رادیکاڵانە، لەم سۆنگەوە ئەم کتێبە هەوڵێکی خاکەڕا و سەرەتاییە بۆ تێڕامان لە دنیا، قۆناغێکی نوێی کرانەوەیە بە رووی جیهانێکی تەژی کێشە و بێنە و بەردەدا، لە هەمان کاتدا زیندووکردنەوەی ئەزموونی رابردووەیەکە سەرکەوتوو نەبووم لە تێپەڕاندنیدا، ئەویش ئەزموونی چەپڕەویی پێشوومە، ئەو دیدە چەپەم دەمەزەرد کردووەتەوە، بە یارمەتی ئاسۆ فیکریی و رەخنەییە نوێیەکان. سەبارەت بە تایتڵی دووەمی ئەم کتێبەش (ژیان و خۆشەویستی لە سەردەمی سەرمایەدارییدا) ناچارم هەمان روونکردنەوەی پێشووی کتێبی «خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا» دووبارە بکەمەوە، وەک لە پێشەکی ئەو کتێبەدا ئاماژەم پێدابوو ناوەکە بە باندۆری رۆمانێکی گابریل گارسیا مارکیز «خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا» هاتووەتە بەرهەم، هەر لەوێ ئاماژەم بەوەدابوو لینین ناوی رۆمانێکی رووسی دەقاودەق بۆ کتێبێکی سیاسیی و فیکریی خۆی هەڵدەبژێرێت «چی بکرێت؟»، وەک چۆن پێشتر لیۆ تۆڵستۆی ناوی رۆمانی «جەنگ و ئاشتی» لە کتێبە فەلسەفییەکەی

فەیلەسوفی گریک «گرۆتیۆس»ەوە دەخوازێت. ئەگەر بەدواگەڕانێک بە ماڵپەڕی «گوگڵە»دا بکەین، ناونیشانی چەندان کتێبمان دەستدەکەوێت بە ناوی «هونەری خۆشەویستی»، هەمووشیان ڕاڤەکاریین بۆ یەک تێما و هیچیشیان ناگەنە هەمان ئەنجامگیریی. ڕەنگبێ دێرینترین تێکست لە مێژوودا بەو ناوەوە، قەسیدەکەی شاعیری ڕۆمانی «ئۆڤید» بێت کە وا مەزندە دەکرێت لە دە ساڵێک پێش زایین نووسرابێت، هەرچی «ئەریک فرۆم»یشە کتێبێکی بەهەمان ناوەوە هەیە، جیا لەوەی نووسەری پۆڵۆنی «ڤیۆلیتا ئۆزمینکۆڤسکی» کتێبێکی بە هەمان ناونیشانەوە بڵاوکردووەتەوە. گەر مرۆڤ حەوسەڵەی هەبێت کەمێکی تر بگەڕێت دەیان کتێبی تر بەو ناونیشانە دەدۆزێتەوە. گرنگیی ئەم کتێبە ئەوەیە بە ڕوانگەیەکی نوێوە لە سێکوچکەی حەرامکراو، ئاین و سێکس و کێشە چینایەتییەکان دەدەوێت، ئەمەش ناونیشانێک بوو پێشتر «بوعەلی یاسین» لە نامیلکەیەکدا لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا «١٩٧٢» پێکەوەی بەستبوون.

ئەم کتێبەش بریتییە لە زنجیرەیەک دیالۆگ لە نێوان «من» و «سێبەر»ی مندا. «سێبەر و من» نوێنەری ئەو بەشەی بیرکردنەوەن، ڕاڕا و بەدگومانن، ڕەخنەیان لە هەموو شت هەیە، تەنانەت ڕەخنەی ڕەخنەکان دەکەن، جارێک «من»ی ناو ئەم کتێبە هەوڵدەدات وەڵامگۆ بێت بە شترێس و گومانەکانی سێبەر، جارێکی تر بە پێچەوانەوە. من و سێبەرەکەم کاتێک وەک دوو هاوڕێ بە تەنیشت یەکترەوە ڕێدەکەین، گفتوگۆیەکی هێمن و تەبایانە پێکەوە دەکەین، لە هەندێ شوێنی نێو ئەم کتێبە کۆکبوونی سێبەرەکەم و من، دەبینرێت و خوێنەر دەبێتە بەردەنگێک لەگەڵ ڕیتمی گفتوگۆکەدا ئارام و هێمنانە بیر دەکاتەوە، لەو کاتەوەی سێبەرەکەم دیار نامێنێت و گەڕاوەتەوە ناو خۆم، هەیەجان و شڵەژان و پێکدادانی فیکریی دروست دەبێت، وەک بڵێی دوو سەر لە مەنجەڵی یەک فیکر و ڕوانیندا جێگەیان نەبێتەوە، خوێنەر تووشی دڵەڕاوکێ دەکەین، بەڵام پانتاییەکی تر دەکەینەوە تا بەردەنگ خۆی ببێتە داوەر و تێز و دژە تێزەکان سانتێز بکات. بە درێژایی ئەم کتێبە خوێنەر لەگەڵ هاوڕایی و دژەڕایی من و سێبەرەکەمدا ڕێ دەکات، هەندێجار بە پێی کیسەڵ، هەندێکی جاری تریش بە غاردانی مامز. بەڵام ئەم پەرتووکە لەسەر

بناغەی پرسیار و وەڵام هەڵنەچنراوە، لە بەرزترین رادەی خۆیدا گفتوگۆیەکی ناوەکییە و قسەکردنە لە بەرامبەر ئاوێنەدا، لەم تەکنیکەشدا پشتم بە شێوازی سیمپۆزیەمی ئەفلاتۆنی بەستووە کە گفتوگۆیە لە کاتی دانیشتندا بە تایبەت کتێبی «خوان»ەکەی، زۆرجاریش لەسەر فۆرمی پریپاتۆسی سوکراتی کارەکە بەردەوام بووە ئەو ستایلەش ئاخاوتنە بەدەم پیاسەوە یان قسەکردنە لە ئاگۆرادا. لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا نیچە رۆژانە شەش سەعات بە پیادەڕەوییەوە مژۆڵ دەبوو لەو گوندەی دەساڵی ژیانی تێدا بردە سەر «سیلس ماریا»، کتێبی «گەڕیدە و سێبەرەکەی» بەرهەمی ئەو پیاسانە بوو کە بە گەنگەشەکردن لەگەڵ خۆیدا خەریکبوو، لەم روانگەوە بوو دەیگوت: «ئێمە سەر بەو کەسانە نین تەنیا لە ناو کتێبەکاندا بیر دەکەنەوە، بە کتێب وررووژاون، خووی ئێمە بیرکردنەوەیە لە هەوای کراوەدا، لە کاتی پیاسە و بازدان و هەڵزنین و سەماکردندا...». ئەگەر ئەو بەدەم رێگاوە لەسەر چەند دەفتەرێکی بچووک نووسیبێتەوە، وەک وتم زۆربەی جار بەدەم پیاسەوە بە ڤۆیس بیرکردنەوەکانم بۆ دوو لە هاوڕێکانم ناردووە، پاشتر بە نووسینەوەیان هەستاوم، بۆیە هیچ کات ئەم سەبکە لە دیالۆگ نامۆ نییە لە دیرۆکی نووسراوە فەلسەفییەکاندا، لەوانەیە بەرچاوترینیان کتێبەکەی فەیلەسوفی سەرەتای سەدەی هەژدە «جۆرج بێرکلی» بێت بە ناونیشانی (سێ گفتوگۆ لەنێوان هیلاس و فیلۆنوسدا) کە ساڵی ١٧١٣ چاپ بووە، ئەم کتێبەش لەسەر هەمان فۆرم داڕێژراوەتەوە، بێ ئەوەی هەمان تەوەری ئاخاوتنی ئەوانمان کردبێتە تێمای گەنگەشەکردن، تاکە جیاوازییەک لێرەدا بریتییە لەوەی لەم کتێبەدا مۆنۆلۆگ جێی دیالۆگ و دیبەیتی گرتووەتەوە.

بۆچی بیرم لەوە کردەوە دیالۆگەکە لەگەڵ سێبەر بێت؟، ئەڵبەتە سێبەری خۆم. لەبەرئەوەی سێبەر خودی شتەکە نییە، نوسخەیەکی تری ئۆبێکتە، سێبەر منی هەقیقی نییە، وێنەی منە کە بەر رۆشنایییەکی دەرەکی کەوتووە، بەڵام لە من نەهاتووەتە دەرەوە. هاروکی موراکامی لە رۆمانی «پاش تاریکی» نووسیوویەتی «هەندێک جار پێموایە لەگەڵ سێبەرەکەی خۆم لە پێشبڕکێدام، بەڵام ئەوە تاکە شتێکە ناتوانم لە دەستی هەڵبێم، هیچ کەسێکیش نییە بتوانێت سێبەرەکەی لە کۆڵ

خۆی بکاتەوە». سێبەرەکەی من ئەو دەنگەیە لە دەرەوەی «من»ە، هاوکات سەر بە منیشە، وەسوەسەیەکە نە دەتوانم لە کۆڵی خۆمی بکەمەوە، نە دەتوانم زمانی ببەستم، وەک ئەوەی دوو کەس بین لە کەسێکدا. بەردەوام گوێم لە دەنگێکی ترە لەناو مندا قسە دەکات، رەنگە دەنگدانەوەی دەرەوەش بێت لە «من»دا، سێبەرێک هەمیشە لەگەڵم دەدەوێت، زۆر جار دەکەومە ناکۆکی و هاوڕایی لەگەڵ ئەو سێبەرە، نازانم بۆچی ناوی بنێم سێبەر؟، لەبەر دڵنیاییم کە شیزۆفرینیام نییە، گونجاوترە ناوی بنێم دەنگەکەی تری ناوەوەی «من». شارل رۆبن لە راڤەکاریی ئەلیگۆری|چیرۆکی ئەشکەوتی پلاتۆدا لە تۆمارێکی ڤیدیۆییدا ئەوە دەخاتە بەرباس «سێبەر خاوەنی دوو رەهەندە، بەڵام ئۆبێکتی فیزیکیی سێ رەهەندە.. واتە سێبەر رەهەندێکمان پێ ون دەکات». بۆیە «من»ی ناو ئەم کتێبە ئەو رەهەندانەش ئاشکرا دەکات لە سێبەردا ون بوون و دەبن. زانستی نۆرۆلۆگیش بە دوای ئەو رووبەرە کوانتۆمییەدا دەگەڕێت لە پشتی مێشکی فیزیکیمانەوە هەیە. ئەمەی لێرەدا بە سێبەر ناودێری دەکەم دەنگەکەی ناوەوەی منە یان لەوانەیە بەشێکی لە دەرەوەی منەوە هاتبێت، منەکەی تریش ئەو منەیە بە فەرمی نوێنەرایەتی من ناکات، بەڵکو لە هەندێک جێگەدا دەمباتە بەردەم پارادۆکسەکان، خۆمم نیشان دەدات کە چ شەڕێکی فیکریی لە ناوەوەمدا لە ئارادایە، چەند دڕەنگ بڕیار دەدەم، چەندیش بە گومانم لە تەرح و بیرکردنەوەکانمدا، نایشارمەوە من و سێبەریش هەردووکمان لە هەڵدێرانی فیکریی و ئایدۆلۆژیی دەترسین، پێداچوونەوە بە فیکری خۆماندا دەکەینەوە، چەپبوون دەبەینە ناو گێژاوە دەروونییەکانی خۆمانەوە، ئیدی ئەوەی لە گێژاوەکە دێتە دەرەوە، ئەوە دنیابینی ئێستامانە، نازانم بۆ ئایندە چی دەبێت و چیتر دەڵێین؟، ئاخر ئایندە لە شاخە سەهۆڵییەکانی نێو ئۆقیانووس دەچێت بە تەنها لوتکەیەکی بچووکی دیارە.

ستیڤان شەمزینی
دووی سێپتامبەری ٢٠٢٢
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
فرانسیسکۆس هۆسپیتەڵ

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم
# لە خۆشەویستییەوە بۆ خۆشەویستی

هەواڵنامەی کتێب

*چییەتی خۆشەویستی
*دوالیزمی خۆشەویستی و سێکس
*جەستەی بایۆلۆژیی و جەستەی کولتووریی
*ناشرینکردنی جوانیی.. سەردەمی ساف و لووسی
*ئیپۆسەکانی خۆشەویستی
*شیعری رۆمانسی یان شیعری پۆرنۆ؟

هەواڵنامەی کتێب

# چییەتی خۆشەویستی

من: نازانم بەو جۆرەی خەڵکی ئێستا عاشق بم، من بەو شێوەیە عەشق دەکەم خەڵکی ئێستا نایکەن، ئەویش جۆرێک نییە خۆم دامهێنابێت، عەشقێکی جیاواز و ئاوارتەش نییە، بەڵکو پیادەکردنی سروشتی ئاسایی عەشق خۆیەتی. دێوانەییم مانای ئەوە نییە لە لوتکەی عەشقدام، بەڵکو عەشق لە یەکەم پلیکانەوە دێوانەییە، هێشتا لە قادرمەی یەکەمدام نەک لەو لوتکەیەی بە هەزاران پلیکانەش نایگەیتێ، ئەوەی خەڵک وا تێبینی دەکەن بە قورسی عەشقێکی گەورە ئەزموون دەکەم، لەبەرئەوە نییە ئەمە راستە، لەبەرئەوەیە ئەوان تخونی عەشق ناکەون و نایناسن. ئەوەی باشە مەعشوق لەوە تێنەگەیشتووە لەگەڵ کێ تەرەفە، ئەگەرنا ترس دەیخوات، ئەو هەموو وردەکارییەکانی ژیانم دەناسێت، بەڵام دەستوپێ سپیترە بتوانێت شێوە و ئاستی عەشقی من دیاری بکات، وەک وتیشم من عەشق وەک خۆی مامارەسە دەکەم، بەڵام ئەو وەک خەڵکانی تر و سەردەمیانە چاوی لێدەکات و لەگەڵ مندا پیادەی دەکات، ئەو سەردەمەی دەستی بە هەموو شتێک گەیشتووە تەنیا خۆشەویستی نەبێت، وا بیر ناکەمەوە سەردەم، خۆشەویستی لە رابردوودا ناشتبێت بەڵکو خۆشەویستی هەموو کات لە ئایندەدایە، ئەم سەردەمە زۆر شارستانییە، تەنیا لە هێما و کۆدەکان و داتاگەریی تێدەگات، کاغەزی سپی هەموو شتێک دەخوێنێتەوە، کەچی ناتوانێت لە خۆشەویستی بگات!، هەرچی بە خەیاڵیشدا نایەت ئافراندوویەتی، جگە لەو عیشقەی لە هەوا و ئۆکسجین زیاتر پێویستمانە. ئاخر کۆمپانیاکان کە ئێستا دنیا هەڵدەسووڕێنن، باش لەوە تێدەگەن، خۆشەویستی براندێک نییە کاڵائاسا کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت. لە کالێندەری ئەم جیهانە رۆژێکی زستان بۆ خۆشەویستی تەرخان کراوە، وەک ئەوەی پێمانبڵێن ئیدی خۆشەویستی فینۆمینێکی ساردوسڕی دنیایە و چیدی

دڵی هیچ کەس گەرم ناکاتەوە، لەمەش دوورتر رۆشتوون ئەو تاکە رۆژەی بۆ خۆشەویستی دانراوە «ڤالانتاین» کراوەتە رۆژێک بۆ کاسبی و بازرگانی، بۆ کۆکردنەوەی قازانج و سوودی کۆمپانیان قۆزراوەتەوە، ڤالانتاین هێندەی وەک بۆنەیەکی کاڵایی و رۆژی گوڵی سووری پلاستیکی و بزنسی گوڵی سروشتی دەردەکەوێت نیو ئەوەندە خۆشەویستی تێدا نادرەوشێتەوە. دووپاتی دەکەمەوە خۆشەویستی خۆدابەزاندنێکی یەکلایەنەیە بۆ خوارەوە و بۆ لای یەکێکی دیکە، هاوزەمان بەرزبوونەوەیەکی دووانەییە بەرەو بەرزترین لوتکە و هیچ کاتێکیش سەر بە جیهانی بزنس نییە، وا نەبوایە دەمێک بوو کۆکاکۆلای خۆشەویستی و بنێشتی سەهمی عەشق و ئاوجۆی سۆزداریی بەرهەمی کۆمپانیا قازانجپەرستەکان ناودەمیان پڕکردبووین لە کەف.

سێیەر: وا هزر دەکەمەوە خۆشەویستی بە تەنیا ئەو گۆڕانکارییە بایۆ کیمیاییە نییە زانستی تازە دەریدەخات، لە روانگەی نۆرۆلۆگییەوە گرگرتنی هەستەکان تەنیا رووداوێکی بایۆلۆژییە و لە بزوانی هۆرمۆنەکانەوە دروست دەبێت، هەستکردنیش بە خۆشەویستی بە گوێرەی زانستی سەردەم ئاڵوگۆڕی کیمیایی گرنگ دروست دەکات لە مرۆڤدا، پسپۆران وەک وەرگرتنی بڕێک لە کۆکاکین دەیچووێنن، لەوکاتەدا هەریەک لە دۆپامین، ئۆکسیتۆسین، ڤاسۆپریسین، ئەدیرنالین دەردێن، لە کاتی ماچکردنیشدا گەیەنەرە کیمیاییەکان چالاکانەتر دەردێن. لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی چەمکێکی ئاڵۆزە و کیمیاگەر و بایۆلۆژیستەکان هەر تەنیا دەتوانن بەشێکی لێ ئاشکرا بکەن و تێی بگەن، خۆشەویستی بۆ خۆی بەشێوەیەک لە گەردوون دەچێت، ئایا کێ ئەودیوی گەردوون دەبینێت؟، کێ دەتوانێت بزانێت تەنانەت لە گەردوونی بینراویشدا چی دەگوزەرێت؟. پێموایە لە خۆشەویستیدا گۆڕانکارییەکی هێندە ریشەیی روودەدات، سایکۆلۆژیست و بایۆلۆژیستەکان هەرچی بڵێن دەتوانن لایەکی تابلۆکە رووناک بکەنەوە، نهێنی خۆشەویستی لەوەدایە هیچ کات ئەو بەشەی تری خۆی ئاشکرا ناکات! زانست دەیەوێت رەهەندە میتافیزیکییەکەی عەشق بکوژێت و لە هەر ئەفسوونێک بەتاڵی بکاتەوە، لە سۆنگەی جەختی بەردەوام کە لە پشت خۆشەویستییەوە رازێک لە ئارادا

نییە، بەڵکو عەشق تەنێ رستێک گۆڕانکاریی هۆرمۆنیی و کارلێکی کیمیاییە کە لە مێشکدا روودەدات، بەڵام بایۆلۆژیا هێشتاش نەگەیشتووەتە ئەو بەرسڤەی بۆچی لەناو ملیۆنان کەسدا یەکێک جیا دەکەینەوە؟!، ناچێتە ئەودیوی هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە کیمیایانەی لەناو مێشکدا روودەدەن لەبەرئەوەی رێگایەکی داخراوە و دەرچوونی نییە، وەڵامی ئەوەشمان ناداتەوە بۆچی لە بەرامبەر هەر کەسێکدا ئەو گۆڕانکارییانە روونادەن؟، خۆ زاناکان تێبینی ئەوەشیان کردووە ئەو گۆڕانکارییە کیمیایانە بەسەر ئاژەڵانیشدا دێت!. ئەی بۆچی ئاژەڵان ناتوانن وەک مرۆڤ بکەونە خۆشەویستییەوە؟!. پێشتریش فرۆید بە رێگەیەکی جیاواز هەمان شتی تیۆریزە کردبوو بایۆلۆژیستەکان دەیکەن، گەرەکی بوو عەشق لە پرۆسەیەکی روحیی مەتەڵئامێزەوە پەیوەست بکاتەوە بە هەراشیی چێژگەرایی سێکسییەوە، بە لەحزەی یەکەمی پەڕینەوەی دادەنێت لە مەحرەمبازییەوە بەرەو هەڵبژاردنی یەکێکی تری نامەحرەم!، بۆچوونێکی فرە سەیرە!، زۆرجار دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی بڵێم فرۆید هەموو گرێ دەروونییەکانی خۆی چەمکاندووە یان تیۆریزە کردووە.

خۆشەویستی هیچ کات وێنایەکی کۆنکرێتی نەبووە، بەڵکو پەیوەندیی بە سەیرکردن و تێگەیشتنی تایبەت و تاکەکەسییەوە هەیە، لەبەرئەوە ناتوانین تێڕوانینێکی هاوبەش لە ناساندنی خۆشەویستیدا بدۆزینەوە، خۆشەویستی بە مانا سۆفیگەرییەکەی کردەیەکی روحانییە، ئەمە تەنیا نیگارێکە لە هەزاران نیگاری تری ئەو چەمکە، مەتەڵە ئاڵۆزەکەی بە هیچ جۆرێک لە توانای سادەی زانستدا نییە پەی پێ ببات. ئەوەندەی من سەرنجم داوە خۆشەویستی وزەیەکی ترە لە دەرەوەی هەموو ئەو وزە ناسراوانەی گەردوون، وزەیەکی نادیار و تا ئەندازەیەک میتافیزیکیی، نامەوێت ئەو وزەیەتان پێ بناسێنم، ئاخر منیش وەک زاناترین و نەزانترین کەس لەم جادووە تێنەگەیشتووم، هەروەک هیچ عاشقێکیش ناتوانێت وەسفی ئەو دۆخە بکات لە نێویدایە، هەرچی پێناسەکانی خۆشەویستییە کرچ و کاڵن، بەم ناساندنەی خۆیشمەوە، زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم لەوەتی مرۆڤ هەیە هیچ داهێنراوێکی وەک خۆشەویستی جوان و ئازادانە نەبووە، لە هەمان کاتدا هیچ داهێنراوێکی هێندە مەتەڵئامێز و پڕ نهێنی و تەلیسم نەبووە، تەنیا ئەوەندە دەزانم

پێویستە پیادەی بکەین، پیادەکردنی ئەویش لەم لەحزە زۆر رەق و زبرانەی جیهانی ئێستادا بە تەنیا کردەیەکی رۆمانسی پەتی نییە، بەڵکو ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەشە!، ئاخر دەتوانین بە پیادەکردنی خۆشەویستی رووبەڕووی سیما دزێوەکەی سەرمایەداریی ببینەوە کە هەموو جوانییەکان دەشێوێنێت. بە کورتی پێموایە دوو شت مێژووی مرۆڤ هەڵدەسوڕێنن: شۆڕش و خۆشەویستی. کاپیتالیزم بەم رێگەیە مرۆڤی لە مرۆڤبوون خستووە: بە داماڵینی ئەکتی شۆڕشگێڕانە و دارنینی هەستی خۆشەویستی!، لەوە زیاتریش پێی دەڵێت بوونی ئەو تەنیا رووداوێکی فیزیکاڵە و هیچی تر. دەکرێت بە گەڕانەوە و داهێنانەوەی خۆشەویستی شەڕی سیستم و دۆمیناسیۆنی بۆرژوازییەت بکەین.

من: خۆشەویستی بریتی نییە لە ململانێ و شەڕی دەستەویەخەی نێوان دڵێکی بێ مێشک و مێشکێکی بێ دڵ، ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە کە عیرفانی مەسیحی و ئیسلامیشی لەسەر دامەزراوە، بیرکردنەوەیەکی سەرتاپا هەڵە بوو، ئەمەش لە رێگەی زانستی پزیشکییەوە سەلمێنراوە. پاسکاڵ پێیوابوو «ئینسان لە ناخی خۆیدا بەردەوام سەرقاڵی شەڕی نێوان عەقڵ و سۆزە، بەڵام ئەوە شەڕێکە هەر دەبێت بیکات، چونکە مانای ژیان لەو شەڕەدا چڕ دەبێتەوە». لای مەولانای رۆمی یان هەر گەورە عارفێکی ئیسلامیش سەیر بکەیت، عەشق یان خۆشەویستی بریتییە لە پێکدادانی نێوان عەقڵ و دڵ، رەنگە خۆیشم تا ماوەیەکی نزیک لە ئێستا، هەر بەو تەرزە بیرم کردبێتەوە، لە هەندێ جاریشدا میتافۆری شیعرییم لێ هەڵهێنجاندووە، کەچی زانستی پزیشکی لە ئەنجامی نوێترین توێکارییەکانی دڵدا، ئەوەیان سەلماندووە دڵیش «مێشک»ێکی بچووکی هەیە، هەموو ئەو خانانەی لە پێکهاتنی مێشکدا هەن، لە دڵیشدا بوونیان هەیە، ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە چیتر ناتوانین دڵ بە بێ عەقڵ هەژمار بکەین، ئیتر خۆشەویستی جەنگێکی نەپساوەی نێوان دڵی بێ مێشک و عەقڵ نییە، بە پێچەوانەوە دەشێ پردێکی پەیوەندیی و جۆرێک لە تەبایی لە نێوانیاندا دروست بکرێت بە تایبەت لە پرۆسەی خۆشەویستیدا. جیاواز لەمە، دڵ بە تەنها ترومپایەکی خوێن پاڵاوتن نییە، لە دەرەوەی ئەم فرمانە میکانیکییە بەرپرسیار و بەشدارە لە پرۆسەی خۆشەویستیدا، تەنانەت

هەولێرنامەی ئێنتر

«دڵشکان» بووەتە رووداوێکی راستەقینەی ناو مێژووی زانستی پزیشکی، ئەو زانستە سەلماندوویەتی دڵشکان نەخۆشییەکی راستەقینەیە و دوچاری ئەو مرۆڤانە دەبێتەوە لە پەیوەندییەکی سۆزدارییدا شکست دەهێنن یان هۆگرییان بۆ کەسێک یان گیاندارێک بە تراژیدیا کۆتایی دێت!، ئەمەش لە رووی نیشانەکانەوە پتر لە سەکتەی دڵ دەچێت، بۆیە هەمیشە ئەوانەی دوچاری دڵشکان بوونەتەوە هەست بە ئازارێکی بێ کۆتایی دەکەن لە قەفەزەی سینگدا، فاکتۆری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەم بارودۆخەدا هۆرمۆنی ئەدرینالین بە برێکی زیاتر لە خۆی لە لەشدا زیاد دەبێت، ئەمەش راستەوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنبەرەکانی دڵ گرژ و تەسک ببنەوە و هاتوچۆی خوێن بەرەو ماسولکەکانی دڵ زەحمەت دەکات، زۆرجاریش تێبینی کراوە سکۆلەی چەپی دڵ گەورەتر دەبێت، ئەمەش رێگریی دەکات لە سوڕانەوەی خوێن بە لەشی مرۆڤدا.

سێیەر: خۆشەویستی گەردەلولێکە لە دەرەوە هەڵناکات، بەڵکو لە قووڵایی ناخەوە دێت و دەرەوەمان رادەماڵێت، وزەیەکی مات نییە، ئێنەرژییەکی هەراش و بزۆزە، توانای ئاڕاستەکردنی هەیە، پلەیەکی هەرە بەرزی بوونەوە بە خودە. بە دیقەتدانی زۆرم لە ناوەڕۆکی خۆشەویستی لەوە دڵنیابوومەوە، هیچ داهێنراوێک نییە هێندەی وی کۆمەکێکی راستەوخۆ و ئۆنتۆلۆژییانە بکات لە راستای بوون بە بکەرێکی ئۆتۆنۆم، هەموو ئەو روانگانەی پێیانوابوو خۆشەویستی دوو سوبێکت «بکەر» بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەکات بە دوو ئۆبێکتی فشۆڵ و دواجاریش دەبێتە پرۆسەیەکی پەتی ئەلگۆدیزانە، تراویلکە دەرچوون و بەزینی خۆیان لە واقیعدا چنیوەتەوە!. خۆشەویستی ناواخن و جەوهەری راستەقینەی بوونمانە، هەست و گەرموگوڕیی روحیی و ئینتیمیتێت و گڕکانی سۆز لە چینی هەرە خوارەوەی بوونی ئێمەدا خۆڕسکانە رەوان، مرۆڤ بە پێکەوە گرێدانی ئەم پارچانە و کۆلاژکردنێکی هارمۆنیانە، شتێکی تری لەسەر ئافراندووە و ناومانناوە خۆشەویستی، هایدگەر وتەنیش ئەو نەک هەر نوێنەرایەتی بووناسانەی ئێمە دەکات، بگرە «کرۆکی بوون»ی لەسەر دامەزراوە. ئەوەی راستی بێت، لە خۆشەویستیدا هەمیشە جۆرێک لە عیرفانیش ئامادەگیی هەیە کە نوێنەرایەتی بوونە ناسک و رووە سۆفتەکەی

هەواڵنامەی کتێب

مرۆییمان دەکات. ئەوەی بۆم گرنگە و بە دۆزی سەرەکیی دەزانم لە ژیانمدا، خەباتکردنە دژی بە ئامێربوونی ئینسان، هیچ کات ناخوازم مرۆڤ مینا کاتژمێر چرکەچرکی بێت و بێ وەستان کار بکات، بەرگریی لە پانتاییەکی تری رەمزیی دەرەوەی کار و بازاڕ دەکەم بۆ خودی مرۆڤ خۆی و سەرگەرمییە روحی و بایۆلۆژییەکانی، چونکە کار و بەرهەمهێنان کردەیەکی دەرەکییە و وابەستەیە بە دابینکردنی پێویستییەکانی ئەوانیترە، ئەوەی ئەز دەیخوازێت لە ناوەوەی بوونمادایە، بۆ نموونە پێویستمان بە ئامادەگیی خۆشەویستی هەیە کە شتێکە بە پەرش و بڵاویی لە ناخماندا خۆڕسکانە بوونی هەیە و لای هەر یەکێکمان بە فۆرمی جیا و ئاستی جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام لە ئاقیبەتدا دەمانگەیەنێتەوە بە خۆمان یان راستتر وایە بڵێم دەمانکاتەوە بە خۆمان، چونکە وزەیەکە لە بوون و ژیانەوە هەڵدەقووڵێت و تایبەتە بە مرۆڤی زیندوو نەک مردوو، لێرەدا مردن هەر بە مانای لەناوچوونی رووە فیزیکییەکە نییە، ئەو رەهەندە رەمزییەش دەگرێتەوە ئێمە ناویدەنێین مەرگی نافیزیکیی یانژی بەرِێکردنی ژیانێکی مردوانە. رێگەم بدەن ئەوەش زیاد بکەم خۆشەویستی وەک ئەوەی «کیرکەگارد» چاوی سەرنجی خستبووە سەری و گوایە دەشێ تاکەکەسیی و خودیی بێت تەنها بۆ خۆت، هیچ کات نابێتە خۆشەویستییەکی راستەقینە، خۆشەویستیی لەو کاتەوە هەیە و واتادارە لە ناوەوە هەڵقووڵێت و بیبەخشی بە دەرەوەی خۆت. جارێک برێخت لە پارچە شیعرێکدا نوسیبووی «تۆ هیچ خاڵێکی لاوازت نەبوو.. من هەمبوو.. بۆیە عاشقت بووم». لەوانەیە دیوە شاراوەکەی ئەم تێکستە ئەوە بێت، بۆی هەیە خۆشەویستی تەواوکردنی خۆت و پڕکردنەوەی کەموکووڕییەکانت بێت لە رێگەی یەکگرتن لەگەڵ یەکێکی تر لە دەرەوەی خۆت، ئەمەش لەگەڵ ناوەڕۆکی میتۆلۆژیای گریکیی و خوانە فەلسەفییەکانی ئەفلاتۆندا کۆک و تەبایە کە گەنگەشەی ئەوەیان تێدا دەکرا، بوونی مرۆیی بە سروشت ناتەواوە و هەر مرۆڤێک لەتێکە و حیکمەتی ژیانیش بریتییە لە گەڕان بە دوای لەتەکەی تری خۆیدا.

من: خۆشەویستی هەمیشە شتێکی دەرەکیی نییە، بەو جۆرەی کەسێکی تر بیەوێت لە تۆدا دروستی بکات، بە پێچەوانەوە پێدراوێکی ناخەکییە، لە قووڵایی

وجودی هەر یەکێکماندا بە فۆرم و ئاستی جیا جیا بوونی هەیە. بە نموونەیەکی سادە دەتوانین روونی بکەینەوە: کاتێک بە شیعر موغازەلەی بەرامبەر دەکەیت، یان بە ئیدیۆمی «خۆشم دەوێی» لەگەڵ بەرامبەرەکەت دەئاخڤیت، ئەو پرۆسەیە دەستەمۆکردن نییە، دروستکردنی شتێکیش نییە لە ناو ئەودا بوونی نەبێت و لە دەرەوە بۆی هەناردە بکەیت، بەڵکو بووژاندنەوە و کارلێکردنی ئەو شتە پەنهانەیە لە ناوچەیەکی تاریکدایە، ئەویش خۆشەویستییە. تۆ بە رێگەی درکاندنی خواستی خۆشەویستی بۆ بەرامبەر، ئەو ژیلەمۆیانە دەگەشێنیتەوە لە ناخی ئەودا بوونی هەیە، جۆرێکیش لە یەکگرتنی ناخەکی لە دایک دەبێت و رەنگە دواتر تێبپەڕێت بۆ ئاوێتەبوونی فیزیکیش، لەم نێوەندەدا هیچ لایەک لەناو ناچێت هێندەی ماراسۆنێکی دووانەیی دەستپێدەکات بۆ گەیشتن بە ئازادیی. گەرچی لایەنگری ئەوە نیم خۆشەویستی بەو فۆرمە ئێستاییە، خۆڕسکانە لە ناوەوەی مرۆڤدا روابێت بەڵکو داهێنراوە، کەچی هیچ لەو راستییە ساکارە کەم ناکاتەوە کە هاوسۆزیی و خۆشەویستی پەتی، سروشت لە ناخی یەک بە یەکماندا چاندوویەتی. بە پوختەترین دەربڕین خۆشەویستی حاڵەتی ئاوێنە راگرتنە بەرامبەر بە یەک، هەر کەسێکمان لە ئاوێنەی بەرامبەردا خۆمان و لەتەکەی ترمان دەناسینەوە و بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو دەنێین.

سێبەر: لە «خوان»دا ئەفلاتۆن ئەفسانەیەک بە یاد دەهێنێتەوە، سەرەتا مرۆڤ یەک بەش بووە و بازنەیەک بووە، بەڵام «زیۆس» گەورەی خواکانی گریک، فەرمانی دوولەتکردنی ئەندازەیی داوە، وەک چۆن بە چەقۆیەکی تیژ سێوێک بکەیت بە دوو لەتەوە، حکایەتی مرۆڤ حکایەتی گەڕانە بە دوای لەتەکەی تریدا، هیچ رێگەیەکی تر نییە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو لەتەکە جگە لە رایەڵی خۆشەویستی. لە «فایدۆس»یشدا دووبارە ئەم روانگەیەی بە فۆرمێکی تر لە زمانی «ئەرستۆڤانیس»ی شاعیر، دووپات کراوەتەوە بەم جۆرە: لە سەرەتاوە خوداکان ژن و پیاویان لە یەک جەستەدا دروست کرد، چوار دەست و چوار قاچ و چوار گوێچکە و دوو سەری هەبووە، ئەم گیاندارە سەیرە لەوپەڕی هێز دابوو، بەهەموو لایەکدا پەلی دەهاویشت، ساتێک باوباپیرانمان هەوڵی زاڵبوونیان دا

بەسەر خوداکاندا و ویستیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەسەر ئاسماندا، خوداکان سزایان دان و کردیان بە دوو لەتەوە، ئیدی لەوساوە هەر کام لە ژن و پیاو بە دوای لەتێکی تریدا دەگەڕێت. بۆیە بە هەمیشەیی خۆشەویستی وەک گەڕانێک بە دوای لەتەکەی تری خۆتدا دەمێنێتەوە، ئەو لەتەی لە مێشکدا ئیدیاڵکراوە و دەمانگەیەنێتەوە باری کەماڵبوون. لەم روانگەوە کاتێک لەتەکەی تری خۆمان لە جەستەیەکی تردا دەدۆزینەوە، ئەفسوونی لە بارەوە دروست دەکەین، نامانەوێت بڕوا بەوە بکەین ئێمە لەبەردەم رووداوێکی ئاساییدان، پێمانوایە ئەزموونی شتێکی ریزپەڕن دەکەین لەگەڵ ئەویترێکی جیاوازدا کە یەکەم و دوا نموونەیە لە ژیندا.

من: خۆشەویستی سەر بە جیهانی ئاگر و گەرموگوڕییە و لە نێو ئەم شارستانییە بەستووەدا جێگەیەکی بۆ نەماوەتەوە، ئەمە رستەیەکی شیعریی نییە، بە قەدەر ئەوەی گوزارشت لە داتەپینی دڵ دەکات لەم دنیا پولەکی و کالاسەروەرییەدا. مرۆڤی بەرخۆری ئەمڕۆ بۆ پڕکردنەوەی هەستێکی گەرمی وەک خۆشەویستی دەرگای یەخچاڵێکی سارد دەکاتەوە و خووی گرتووە بە خواردنە خێراکانەوە. ژنانی یابانی نازناوی «پیاوە گیاییەکان»یان لەو پیاوانە ناوە هیچ مەیلێکیان بۆ رەگەزی بەرامبەر تەنانەت رەگەزی خۆیشیان نییە، ئەمانە تەماشاکردنی ڤیدیۆی سێکسی و خواردنە فاسفۆدییەکان و کارکردنی رادەبەدەر، دەخەنە بری پەیوەندییە گەرمەکانیان لەگەڵ تەنە زیندووەکاندا، لە کاتێکدا دەزانین لە ئەتەرێکی بەستەڵەکدا جگە لە گڕی خۆشەویستی هیچی تر بە هانامانەوە نایەت. ئەگەر کەمێک دیقەت بدەین چوار مادده بنەڕەتییە پێکهێنەرەکەی بوون «ئاو، ئاگر، خاک، هەوا» لە پێکهاتنی مرۆییدا دووبارە بوونەتەوە!، فەلسەفە لە پێش سوکراتەوە تا ئەوڕۆ، شوێن سەلماندنی رەنگدانەوەی ئەو مادده بنچینەییانە کەوتووە لە بوون و ژیاندا، ئاو تەڕایی و بزاوتن و نەرمییە، ئاگر گەرمییە و خاک قورسیی و مەحکەم وەستان و هەواش ئاڵوگۆڕ و ساردییە. لە عەشقدا ئەم چوار بنەڕەتە لە یەک کاتدا دەکەونە کار، بەڵام ئاگر و بڵێسەی سۆز و کڵپەی هەست لەوانیتر بزۆز و سەردارترە. لە فەرهەنگی زمانەوانیی کوردییدا دەستەواژەی (ساردبووەتەوە) بۆ تەرم بەکاردەهێنرێت، ئەم بە کاربردنە زمانەوانییە لە خۆڕا پەیدا نەبووە، بە

زانینی پەیوەندیی زمان لەگەڵ مێشک، بەو دەرئەنجامە دەگەین ئەم گوزارشتە لە رواڵەتدا پیواربوونی گەرمییەکی ئەلکیتریکیی جەستەیی دەگرێتەوە، بەڵام لە واتا هەرە قووڵەکەیدا بریتییە لە نەمان و فەوتانی گەرموگوڕییەکانی ناو ژیان، کە دەکرێت خۆشەویستی ترۆپکی گەرموگوڕیی ناخەکی بێت. جیا لەوەی ئاگر و گڕی نەورۆز پەیوەندییەکی قووڵ و رەمزییان بە دەروونناسیی ئێمەی کوردەوە هەیە، وەک ئەو مندالە لاسارەی فەیلەسوفی فەرەنسی «گاستۆن باشلار» لە کتێبی «دەروونیشیکاریی ئاگر»دا بە نموونە دەیهێنێتەوە کە سەندرۆمی پرۆمتە پاڵی پێوە دەنێت بۆ دزینی چەرخێک تاکو بە ئاگرکردنەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت.

لە هەمان کاتدا لە شیعری کلاسیکیی کوردیشدا وشەی نار «ئاگر» جگە لە عەشق هیچ مانایەکی تر نابەخشێت! بۆیە بیرم دەکردەوە تۆ بڵێی شاعیری دیاری کورد مەلا کاکەحەمەی پێلوو ١٨٧٤-١٩٤٤ لە هەڵبژاردنی نازناوی «ناری»دا، مەبەستی «عەشقی» نەبووبێت؟. لە فەلسەفەی گریکییدا هیراکلیتس بە پێچەوانەی تالیسەوە، ئاگری بە ماددەی یەکەم و بنەڕەتیی دادەنا، بە بەڵگەی ئەوەی ئاگر لە هەر ماددەیەکی تر خێراتر دەبزوێت و بگرە ئاو و خاک و هەواش هەر لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا کاتێک پرۆمیسیۆس مرۆڤ دەئافرێنێت و خودای خوداکان «زیۆس» بە هۆی دڵبەندیی «ئەسینا»ی هاوسەرییەوە بە دروستکراوەکانی پرۆمیسیۆس، بە ناچاریی گیان بە بەری مرۆڤدا دەکات، بەڵام مرۆڤ مینا ئاژەڵێک دەمێنێتەوە تا پرۆمیسیۆس، پزیسکێک ئاگر لە «هێفیستۆس»ی خواوەندی ئاگر دەدزێت و دەیخاتە چنگی مرۆڤەوە، لێرە بەدواوە مرۆڤ شارستانێتی داهێنا و پرۆمیسیۆسیش کەوتە بەر نەفرەتی زیۆس. لەمەوبەپاش مرۆڤ هەمان ئاگری لە سینگی خۆیشیدا هەستپێکرد، ئاخر لە عەشقدا جۆرێک لە ئاگر هەیە لە ناخدا، یان با بڵێین خۆشەویستی لەسەر ئینتیمیتێت دروست دەبێت. لە شیعری کلاسیکی کوردییدا وەک پاژێک لە سۆفیزم، ئاگر و گڕ و سووتان لەو میتافۆرە بەربڵاوانەن زۆرترین جار لە پەسنی عەشقی خودایی یان مرۆییدا بەکارهێنراون، ئەگەریش باسی ئاو و رووبار و بەحر «بە هەمان موفردەی شیعری کلاسیک» کرابێت، میتافۆرێک بوون لە دوای پرۆسەی

سووتان و جزان بە ئاگری عەشقەوە هاتوون. نالی دەڵێت: «لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندوورە.. شەتی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە». نالی بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێک لە تەنووری دڵیدا ناچاربوو شەتێک «چەم یان رووبار» فرمێسکی بەسەردا بکات.

سێیەم: عەشق هیچ کات بە تەواوەتی ون نابێت، زۆرجار بە نائامادەیی و ونکردنی مەعشوق لە هەر فۆرمێکی ونکردندا بێت، عەشق خۆی لە پانتایی یادەوەرییدا درێژ دەکاتەوە و لە بۆتەی خەیاڵ و بیرکردنەوە زیندوویێتی خۆی دەپارێزێت!، ئەگەرچی زۆرجار دەمانەوێت بە سەرقاڵییەکانی تر لە بیری بکەین، کەچی ئەو دەستبەرداری مانەوە و خۆهێشتنەوە نابێت لە خەیاڵ و یادەوەرییماندا، بە فۆرمێک کاریگەریی زۆر لەسەر هەر چالاکییەکی زەینی و پراکتیکیمان دادەنێت، هەرچەند زۆربەی جار دوای ونکردنی مەعشوق نامانەوێت یان ناتوانین جارێکی تر لە کەتواردا پیادە و ئەزموونی بکەینەوە، وەک زۆرجار لەم بڕیارەشدا سەرکەوتوو دەبین، بەڵام لە دەرکردن و هەڵکەندنی عەشق لە پانتاییە مەعنەوییەکاندا کارێکی نەکردەیە و بێدەسەڵاتی خۆمان بە روونی دەبینینەوە. ئەگەر بە نموونە روونی بکەینەوە، کەم نین ئەو مرۆڤانەی فریوی عەشقی کەسانی بەدکار و ناڕاستگۆ دەخۆن، سەرباری ئەوەی نایانەوێت جارێکی تر و لە هیچ جێگەیەک تردا، چاویان بە چاوی بکەری بەرامبەر بکەوێتەوە، بەڵام ئەو عەشقە نەک هەر لە رابردوو جێنامێنێت، لە رێگەی یادەوەریی و خەیاڵەکانەوە لەگەڵیدا بۆ جێگەیەکی زۆر دوور دەڕۆن کە دەتوانین بڵێین بە درێژایی تەمەنیدا هەڵدەگەڕێن، لێ زۆرجار دەبێت بە ژێر یادەوەرییە تازەکان و فەنتازیاکردن بە ئایندەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە شتەکەمان بۆ ئەبەد لە بیرکردووە، تەنها دەمانەوێت وای نیشان بدەین لە بیرمان کردووە، هیچ کاتیش ناتوانین لە بیری بکەین!. کێ هەیە عاشقی کەسێک بووبێت و با سەرئەنجامی عەشقەکەش بە برینی قەتماغە نەگرتووش تەواو بووبێت، ئەو رۆژانەی لە بیرکردبێت تێیدا عەشقی ئەزموون کردووە؟، هیچ نەبێت بە قەد رقی خۆی لە بەرامبەرەکەی کە ناپاک بووە لەگەڵیدا، دڵنەوایی خۆی بەوە دەکات، ئەم «راستگۆ» بووە لە پەیوەندییەکەدا. بە کورتی عەشق مینا بارستەیەکی زۆر قورس

لە جێگەیەکی توندوتۆڵ و مەحکەمی یادەوەریی و پانتاییەکانی خەیاڵدا خۆی دەهێڵێتەوە، چونکە شتێکە لە واقیعەوە گەیشتووەتە ناو چینەکانی یادەوەریی، بۆیە شوێنی خۆی لەوێ خۆش دەکات وەک قەرەبوویەک بۆ لە دەستدانی شوێن و پێگە ریالێتییەکەی پێشووتری. بە دیوێکی تردا جۆرە ساماندارییەک بووە پێشتر جێگەیەکی گەورەی داگیرکردووە لە ژیانتدا و ئێستا لە دەستت داوە، ناچاربوویت لە ئەشکەوتی خەیاڵ و یادگارییدا هۆدەیەکی پێ بدەیت تا لەوێ پارێزگاریی لە خۆی بکات، بۆیە هەرچەند بتەوێت چەشنی برینێک هەڵیکەنیت، خوێنی زۆرتر لێ دەڕوات و زیاتر دەورووژێت، وەک ئەوە وایە چیلکە لە شارە زەردەواڵە بژەنیت.

من: مرۆڤ هیچ کاتێک بە تەنیا نییە، لەناو خۆیدا هەڵگری یەکێکی تر یان ئەوانیترە!. خودی بە تاڵ و رەها وەهمێکی کوشندەیە، تا ئەوەی تەنیایی لەم دۆخەدا دەبێتە ناوەڕۆکێکی بۆش، لە روانگەی ئەوەی لەناو مندا، چەندان منی تر هەن و خودی منیش نین، لە عەشقدا تۆ لەگەڵ منێکی تردایت، هەم تۆیە و هەم تۆش نییە، هەم خۆتی و هەمیش خۆت نییە، عاشق لە یەک کاتدا هەم سوبێکتە هەم ئۆبێکت، مەعشوقیش هەر بە هەمان شێوە، دەکرێت عەشق بە دۆخی یەکگرتن و توانەوەی دووانەی سوبێکت و ئۆبێکت لە یەکتردا پێناسە بکەین. تێکچڕژانێکی سەیر هەیە لە پرۆسەی عەشقدا، دەروونشیکاریی بە هەموو وردەکارییەکانی خۆیەوە دەستی بە هەموو شوێنێکی ناگات و دیاگنۆسی هەموو پۆتێنسیاڵەکانی ئەم پرۆسە چڕەی پێ ناکرێت، وەک ئەو مرۆڤەی بە لایتێکی دەستییەوە بیەوێت هەموو جێگە لێڵ و نەبینراوەکانی دارستانەکانی ئەمازۆن بپشکنێت و ئاشکرا بکات. تیۆرە دێرینەکە جەختی لەسەر مرۆڤی نیوە دەکردەوە، دەتوانین بەشێوەیەکی رادیکاڵانە ئەمە هەڵبگێڕینەوە و بڵێین هەر مرۆڤێک بە تەواوەتی دێتە گۆڕەپانی بوونەوە، رۆژانە و سات بە سات ئەوانیتر دەبن بە بەشێک لێی، لە دۆخی عەشقیشدا، مرۆڤ بەپێی پرۆسەیەکی خێرا یان لەسەرخۆ دەستدەکات بە دوورخستنەوەی ئەوانیتر و کۆکردنەوەی خودی خۆی لەگەڵ یەکێکی تردا، تەنانەت لە دۆخی شەیدایی هۆمۆسێکسوالێتیدا هەمان شت لە ئارادایە، کاتێک مرۆڤ بە هەر هۆکارێک مەعشوق لە دەستدەدات، هەست بە ژانێکی نادیار دەکات، چونکە کەرتێکی تری لێ

ون دەبێت، لە دۆخی مەرگی مەعشوقدا هەندێجار غەمگینی تەواوەتی دایدەپۆشێت، لەبەرئەوەی هیچ ئیمکانێک بۆ گەڕانەوەی نیوەکەی تری شک نابات، دابڕانی عاشقانە بە تەنیا ریتۆریکی شیعریی نییە، بەڵکو تراژیدیترین گرتەیە لە فیلمی عەشقدا، بگرە سەختترین جۆری فیراقە لە مێژووی مرۆڤدا.

ئیدی تەنیایی مرۆڤ لەو شوێنەوە دەستپێدەکات، لەوانی تر جیادەبێتەوە یان هەمان ئەو چرکەساتە دڕندەیە عاشق و مەعشوق خۆیان کەرت دەکەن و بە تەنیا و بە نیوەیەکی ناتەواوەوە گینگڵ دەخۆن. ئەمەش لەم دێڕە شیعرەی حەریق (١٨٥٦-١٩٠٩)دا بە جوانترین شێوە وەسفکراوە «ئەی تۆبە لە دەس ڕۆژی فیراق و شەوی هیجران.. وەیڕۆ لە هەرا و کەشمەکەشی ساعەتی حیرمان». شاعیرەکەمان غەمێکی گەورە بە لەدەستدانی مەعشوق و (ڕۆژی فیراق) سەراپای وجودی هەژاندووە، هەمیشەش ئەم ڕۆژی دابڕانە شەوێکی ئەنگوستەوچاوی بەدەمەوەیە، شتێکی ون کردووە نازانێت لە کوێ بیدۆزێتەوە، ئایا مومکینە جارێکی تر لە جێگە و کاتێکی تردا دەربکەوێتەوە و بیدۆزێتەوە؟، ئەم غەمگینییە هەمیشە لەگەڵ ئەم شاعیرەدا دەمێنێتەوە و لە دینامیکییەتی شیعرەکەدا دەگەینە ئەو نیوە دێڕە زۆر خەمهێنەرەی دەڵێت: «ئەمجارە بە جارێ سەروماڵم چوو بە تاڵان». دابڕانەکە بە شاقوولی بە ناخی «حەریق»دا ڕۆچووەتە خوارێ، دیاریش نییە دابڕانەکە چ جۆرە فیراقێکە، تەنێ ئەوە نەبێت بە تیاچوونی ماڵ و سەری خۆی لێکی دەداتەوە بە بێ هەبوونی مەعشوق لە ژیانیدا هەست بە بۆشاییەکی پڕنەکراوە دەکات کە داوای سەروماڵی دەکات، بەم هۆیە دەبێت زۆر شتی تری ئەویش، دوای یار بکەون بەرەو ونبوون، نەک هەر سامانەکەی بەڵکو تەنانەت روحی خۆیشی. بارستەی یار لە جیهانی ریالیتەدا سڕدراوەتەوە، کەچی هێشتا لە دنیای فەنتازیادا ناتوانێت دەستبەرداری بێت یان جیهانێکی ناوێت بێ ئامادەبوونی مەعشوق، چونکە ئەو جیهانەی پاش ئەم لە دەستدانە مەعنەوییە دەمێنێتەوە لە چۆڵەوانییەک زیاتر نییە (تراژیدیاکە لە دەستدانی عەشقە نەک مەعشوقێکی بەرجەستە)، ڕێک وەک ئەو دیمەنەی لە گۆڕستانی فەڕەنسییەکاندا بووە بە نەریت و لەسەر کێلی گۆڕی مردووەکانیان دەنووسن: پاش مەرگی تۆ جیهان چۆڵە.

سێیەر: خۆشەویستی دوا قۆناغی پەیوەندییگرتنە و دوای ئەوێ هیچ قادرمەیەک نامێنێت بۆ شوێنێکی بەرزتر، کاتێک هەڵدەوەشێتەوە جۆرێک لە رک و کینە جێگەی دەگرێتەوە، ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە کوشندەکانی عیشق. تەنانەت ناتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ دۆخی هاوڕێتی مەگەر بە ئاوارتە. موراد فەرهاد پور لە بارەی جیاوازیی عەشق و هاوڕێیەتییەوە دەڵێت «هیچ عاشقێک ناتوانێت مەعشووقەکەی خۆی بۆ ماوەیەک لە بیر بکات و جارێکی تر وەک ئۆبێکتی عەشقی هەمیشەیی خۆی بە بیری بێنێتەوە، بەڵام لە هاوڕێیەتییدا پچڕان و دابڕانی کات بە ئاسانی روودەدات». مەبەستی فەرهاد پور بە روونی ئەوەیە عەشق لە رووی کاتەوە پێویستی بە نەپچڕان هەیە، ئەمەش رێسایەکی سەرەکیی عەشقە، بە پێچەوانەوەی هاوڕێیەتییەوە سەرباری هەر دابڕانێکی زەمەنی لە رێی نوستالیژیاوە توانستی نۆژەنکردنەوە و بەردەوامێتیی هەیە. جگە لەوەش روونی دەکاتەوە، بابەتەکە رەهەندێکی ژمارەیشی هەیە عەشق پەیوەندییەکی دوالیزمی و دووانەییە، ناکرێت کەسێکی تر زیاد ببێت، بەڵام مەرج نییە هەمیشە هاوڕێیەتی لە نێوان دووکەسدا بێت، ئێمە شایەتین لەسەر چەندان گروپی جۆراوجۆری هاوڕێیەتی. بۆی هەیە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لە حاڵەتی دووانەییدا ببێتە عەشق، بەڵام ئەوەی من تێبینیم نەکردووە هیچ پەیوەندییەکی عاشقانە، بەرەو هاوڕێتی نەکشاوە و هەڵنەوەشاوەتەوە، چونکە بە بڕوای ئەز عەشق پرۆسەیەکی تێپەڕبووە بە بەراوورد بە هاوڕێتیی، عەشق سەمایە لە ئاسماندا، کەوتنە خوارەوە هەیە نەک دابەزین.

من: نەک شتەکە ئاسایی نابێتەوە و ناگەڕێتەوە، دوای عەشق هیچ نامێنێتەوە جگە لە دوو تەرم، مەرجیش نییە تەرم هەر ئەوە بێت هەناسەی لەبەر براوە. لە چیرۆکی «راوچی» جۆن کالێردا، پیرەمێردەکە بە ئالان ئاستێن دەڵێت: «من باسی شەربەتی مەرگ تەنیا بۆ کڕیارەکانی شەربەتی خۆشەویستی دەکەم، چونکە دواجار ئەوان بڕوایان پێیەتی»!، پیرەمێردەکە لە شێوەی کیمیاگەرێکدا دەردەکەوێت کە گیراوەی زۆری هەیە، لەوانە گیراوەیەک وەک ژەهر، ئەم ژەهرە تەنانەت لە توێکارییە نوشدارییەکانیشدا دەرناکەوێت!، بەڵام شەربەتی خۆشەویستی بە

بەراوورد شەربەتی مەرگ زۆر هەرزانترە!، لە کۆتایی چیرۆکەکەدا پیرەمێردەکە دەڵێت: «پێمخۆشە منەتبارتان بکەم، دوایی کڕیارەکانم دەگەڕێنەوە لام، کاتێک بارودۆخیان لە ئێستایان باشترە و زۆر دەوڵەمەندتر دێنەوە و شتی گرانتریان لێم دەوێ». ئەم چیرۆکە کۆتاییە تراژیدیکەکەی خۆشەویستیمان پێ دەناسێنێت، خۆشەویستی ئەگەر دەسپێکی ئاسان و پڕ توانەوە بێت وەک لە دێڕەکانی دواتری چیرۆکەکەدا، وێنایەکی ئایدیاڵ لە ژنێک بۆ ئاستێن دروست دەکات، خۆیشی تووشی سەرسوڕمان بووە، لە دۆخی فیراق و دوماهیی عەشقدا خۆکوشتن دەبێتە تاکە ڕێگا و دیفاکتۆیەک، مەرج نییە خۆکوشتن لە وێنەیەکدا کورت بکرێتەوە، بە پێچەوانەوە چەندان رووخساری جیاجیای خۆ لەناوبردن هەیە، تەنها یەکێک لەو وێنانە لەنێوبردنی فیزیکییە، دەشێ لە زۆرترین باردا خۆکوشتنی نابەرجەستە و دەروونی بێت، لەم سۆنگەوە پلۆتی پیرەمێردەکە ئاشکرا دەکرێت کە ئیدی ئەو شەربەتی مردنە بەهاکەی هەرچەندێک بێت بۆ مرۆڤی تێکشکاو لە خۆشەویستیدا نرخێکی ئەوتۆی نییە. دوالیزمی عەشق و بەختەوەریی پێکەوە نابەسترێنەوە بەڵکو پێچەوانەی یەکترن، بە واتای ئەوە نا، عەشق شتێکی ئازاردەرە لە خۆیدا، لەبەرئەوەی پانتاییەکە بە جۆرێک تەسک دەبێتەوە جێگەی بەختەوەریی تێدا نابێتەوە، لە بریدا ناسەقامگیریی دەروونی و ڕۆحی جێگەی دەگرێتەوە. بەڵام چێژی عەشق لەو ناجێگیریی و دڵەڕاوکێیەدایە.

سێبەر: کەواتە ئەمە نزیک کەوتنەوەیە لەو تێزە فەلسەفییەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بوونی یەکێکی تر لە بری ئاسوودەیی، ناڕەحەتییە بۆ من. شۆپنهاوەر وایدەبینێت مرۆڤەکان هەموو کات بۆ یەکتری مایەی ئازارن و هیچ کات ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن و خۆشەویستی دابمەزرێنن، بناغەی هەر پەیوەندییەکی مرۆڤانە لەسەر سادیزم و زیانگەیاندن بە بەرامبەر دەست پێدەکات و کۆتاییەکەی بە تەنهایی تەواو دەبێت. بۆ روونکردنەوەی دیدی ئەم فەیلەسوفە رەشبینە پەرەگرافێک لە کتێبی «خود و کۆمەڵگە و دژەکانیان»ی بەکر عەلی قەرز دەکەین: «شۆپنهاوەر پێیوایە مرۆڤ وەک جۆرە بەرازێکی دڕکاوی وان کە تاکوتەرا دەژین، بەڵام کاتێک سەرمایان دەبێت خۆیان دەخزێننە پاڵ یەکتری، بەمەش دڕکەکانیان دەچن بە

گۆشتی یەکتریدا و ئازاری یەکتری دەدەن، بۆیە یەکسەر دەکشێنەوە دواوە و بە تەنیا لە سەرما و سۆڵەکەدا دەمێننەوە، بەڵام هێندە نابات کە بەرگەی ئەو تەنیاییە سارده ناگرن و دەچنەوە پاڵ یەکتری و ئازار بە یەکتری دەگەیەنن و جارێکی تریش لەوە دەکشێنەوە، بۆیە ژیانی مرۆڤ بریتییە لە دیلانێکردن لەنێوان بێزاریی تەنیایی و ئازاری بەکۆمەڵ بوون.. شۆپنهاوەر دەرفەتی سێهەم پێشنیار دەکات ئەویش ئەوەیە ئەگەر تاک هەناوێکی گەرم و ناوەڕۆکێکی هونەریی بۆ خۆی سازبکات ئەوا ئیتر بەرگەی بێزاریی و ئازاری تەنیاییەکەی ژیانیش دەگرێت. ئەم بیرۆکەیەی شۆپنهاوەر دواتر نیچەش وەک دەستووری ژیان دەیبینێت و پاشانیش سیگمۆند فرۆید دەیکاتە مۆتیڤی پرۆسەی شارستانی و کولتوور». ئەم نەریتە لە تێفکرین هەم پشتگیریی لە ئینیدیڤیدوالیزم «تاکگەرایی» دەکەن، بەو پێیەی ئازادیی مرۆڤ وابەستەیە بە ناوەڕۆکی ژیانی تاکەکەسێکەوە هەم نوێنەرایەتی فەلسەفەی دژە خۆشەویستی دەکات «بادیۆ پێیوایە شۆپنهاوەر یەکەمین نوێنەری فەلسەفەی دژە خۆشەویستییە». لە روانگەی ئەوەی شۆپنهاوەر خۆشەویستیی بە فریوێکی ژنانەی پەتی دەزانی و وا هزری دەکردەوە پیاوانی بلیمەت هیچ کات ناکەونە تەڵەی ئەم جادووە تەواو ژنانەیەوە و تا کۆتایی بە زگورتێتی دەمێننەوە، کەچی ئەو نەیتوانی عاشقی خانمە ئەکتەر «کارۆلین باگمن» نەبێت و بە تەڵە جادووییەکەی خۆشەویستیی ئەو ژنە هونەرکارەوە نەبێت!. لە چیرۆکەکەی کەیت شوپێن بە ناوی «چیرۆکی سەعاتێک» خاتوو «مالارد» لەبەرئەوەی نەخۆشی دڵی هەیە، کاتێک لەسەرخۆ و وردە وردە هەواڵی مەرگی هاوسەرەکەی پێدەدەن بەهۆی رووداوی شەمەندەفەرەوە، بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانەوە ناشڵەژێت، دەچێتە ژوورێک، هەست بە ئارامی دەکات و چەند جارێک وشەی «ئازاد» دووبارە دەکاتەوە، هەستی بە شادییەکی تۆقێنەر دەکرد، چونکە وایدەبینی «ئیدی لەبەرخاتری خۆی دەژی»، پێیوابوو لە قەید و بەندی ژن و مێردایەتی بۆ هەمیشە دەربازبووە، بەڵام لەناکاو هاوسەرەکەی «برێنتلی مالارد» بە ساغ و سەلامەتی دەگەڕێتەوە!، نەک لەو رووداوەدا نەمردووە بەڵکو هەر ئاگایشی لێ نەبووە، ئەمجارە ئیدی «جۆزفین»ی ژن خوشکی هەوڵیدا دیمەنی مردنی ژنەکەی لە چاوی پیاوە بۆ

چەند ساتێک بشارێتەوە. چیرۆکەکە بە گەیشتنی پزیشکەکان کۆتایی دێت و پێی دەڵێن بە هۆی شادییەکی لە رادەبەدەر خاتوو مالارد تووشی سەکتەی دڵ بووە و مردووە.

من: تێزی «ئەویتر دۆزەخی منە» کۆڵەکەیەکی سەرەکیی فەلسەفەی ژان پۆڵ سارتەرە، بەڵام ئەم دەستەواژەیە لەو تێگەیشتنە فۆرماڵیستییە فرە رەهەندترە ئێمە مەزندەمان کردبوو. لە خۆشەویستیدا پرسی خاوەندارێتی عاشق و مەعشوق بەو جۆرە سارتەر وێنای دەکات لە ئارادا نییە. عاشق بۆ ئەوە مەعشوق هەڵنابژێرێت بیکاتە کاڵایەکی سەر بە جیهانی خۆی، بۆ ئەوەش نییە لەو رێگەیەوە دەسەڵاتی خۆی پیادە بکات و جۆرێک لە دیکتاتۆرییەتی خودپەرستانە بسەپێنێت بەسەر ئەویتردا. ئەم تێگەیشتنە لە بنەڕەتەوە پڕ کێشەیە، چونکە ئەو ئیرادە هاوبەش و دووانەییە نابینێت بۆ دەستبەرکردنی ئازادیی، نکۆڵی لەو بازدانە گەورەیە دەکات، مرۆڤ لە خۆشەویستیدا دەیدات بەسەر لەمپەر و بەربەستەکانی بەردەم ئازادییدا. دەتوانین بە نموونەیەکی ساکار ئەمە بسەلمێنین، خۆشەویستی کایەیەک نییە بۆ تاقیکردنەوەی دەسەڵاتدارێتی، ئەگەر تەماشای حوکمی ئۆتۆکراتی و کۆمەڵگە بکەین، پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان دەسەڵاتداری خۆسەپێن و کۆمەڵگە لە ئارادا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای ملکەچپێکردن و سەرکوتکارییە و بارگرانییەکە مرۆڤ دەیەوێت قووتار بێت لێی، کەچی لە خۆشەویستیدا بەر دۆخێکی لەم چەشنە ناکەوین، کایەی هێز بە هیچ جۆرێک ناتوانێت رۆڵ ببینێت، هەر کە هێز رۆڵی گێڕا پەیوەندیی خۆشەویستی کۆتایی دێت. بەو پێیەی ئەو هێزەی لە عەشقدا بەرجەستە بووە، خودی خۆشەویستی خۆیەتی نەک هیچ ئامرازێکی تر. من و تۆ یەکترمان خۆشدەوێت و یەکتری جێناهێڵین، هێزێک نییە لە دەرەوەڕا ئەمەی سەپاندبێت، ئەو هێزە ناوەکییەیە پێی دەگوترێت خۆشەویستی بەردەوام بە یەکمانەوە پەیوەست دەکاتەوە و بەیەکەوە دەمانهێڵێتەوە. خۆشەویستی خیانەتکردنە لە هەموو شتێکی دنیا جگە لە خۆشەویستی.

سێبەر: سەرباری هەر دوودڵییەک وا دەهەزرێم، هیچ چەمکێک وەک خۆشەویستی یونیڤرساڵ نییە، ئەویش بەهۆی ئەو سروشتە جیوەیی و شلەی

هەیەتی، بە ئاسانی دەچۆڕێتە هەموو سووچ و قوژبنێکی هەستی مرۆڤەوە. خۆشەویستی تاکە دیاردەیەکی گەردوونییە ناخرێتە چوارچێوە کولتووریی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانەوە، بەڵکو قابیلی ئەوەش نییە بخرێتە بازنەی شوێن و کاتەوە. خۆشەویستی یەکەم بازدانی سوبێکتە رووەو ئازادیی، لە خۆشەویستی راستەقینەدا نەک مەودای سوبێکت و ئوبێکتێک «بەمانا گراماتیکییەکەی» تەسکتر دەبێتەوە، بەڵکو شتێک بە ناوی بکەر و بەرکار لە ئارادا نییە. خۆشەویستی یەکگرتنی دوو گیانی زیندووە بەرەو رەهابوون، گەورەترین بازدانە بەسەر هەموو رێگرە کولتوورییەکان و ئەو ریتوالانەی مرۆڤ لە بازنەیەکی داخراودا دیل و بەند دەکەن، سنوور و تەمەن و کات و شوێن دەسڕێتەوە و هیچ یەکێک لەوانە ناناسێت و بە دوای ماهیەتی خۆیەوەتی، وزەی هەیە ئێستامان تێکوپێک بدات لە پێناوی بیناکردنەوەیەکی جوان و باشتردا، هەم ئێنەرژییەکی هەڵوەشێنەرە هەم لەناوخۆیدا بنیاتنانەوەی هەڵگرتووە. زاڵکردنی یەکێک نییە بەسەر یەکێکی دیکەدا، بە کاڵاکردنی هیچ لایەک نییە، بەڵکو تێپەڕاندنی دۆخی ئاسایی دوو مرۆڤە بەرەو یەکگرتنێکی نوێ و هاوسەنگ. پەیوەندیی خۆشەویستی شاقووڵی نییە بەڵکو ئاسۆییە، رێکردنی دوو کەسە بە تەنیشت یەکترەوە، پرۆسەی وەرگرتنەوەی خۆمانە لە نۆرمە کۆمەڵایەتییە خنکێنەرەکان، ئازادکردنی خۆمانە لە دیسپۆتیزمی ئاینی و کولتووریی، دۆخی رەهاکردن و رەهابوونی تەواوەتی سوبێکتەکانە، تەنها لە خۆشەویستیدا بە هەڵمبوونی ئۆبێکت دەبێتە شتێکی راست و دروست.

من: خۆشەویستی لای پلاتۆ و بە رێژەی زۆرینەش لە نەریتی فەلسەفەی کلاسیکیی گریکییدا دۆخی گەڕانەوەیە بۆ سروشتی لە کیسچووی مرۆیی، گەڕانەوەیە بۆ ئەو یەکبوونەی خواوەندەکان کەرتیان کرد، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆشەویستی نەک هەر تێکۆشانە بەرەو خۆ تەواوکردن، خەباتکردنیشە دژی ئیرادەی خوداکان. لێ خۆشەویستی دەرکەوتەیەکی مرۆیی دێرینە و لە هەر سەردەمێکدا بە جۆرێک خۆی نواندووە، بەڵام لە سەرەتاوە بووەتە تێمایەکی ئاڵۆز و پڕ پرسیار بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفیی، بەم بۆنەوە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی بە تایبەت لەلای هەر سێکوچکە سەرەکییەکە «سوکرات و ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ»

ئاوڕێکی قووڵی فەلسەفییانەی لێ دراوەتەوە، کەچی خۆشەویستی شتێکی خزە و ناچێتە ناو چوارچێوەی هیچ پێناسەکردنێکەوە، ئەگەر خۆشەویستی بەهایەکی یونیڤرساڵانەش بێت، هێشتا پەیوەستە بە ئەزموونە تاکەکەسییەکانەوە، لەبەرئەم هۆکارە بوو فەیلەسوفێکی گرنگی وەک بۆدریار لە چاوپێکەوتنێکدا و لە بەرسڤی ئەو پرسیارەی عەشق چییە لە تێڕوانینی ئەودا؟ بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو دەڵێت: «شتێکی زۆرم نییە لە بارەی عەشقەوە بیڵێم» لە کاتێکدا لە هەمان ئینتەرڤیودا، لە بارەی چەندان پرسی ئاڵۆزی سیاسیی و فەلسەفی و تەنانەت ژیانی تایبەتی خۆیەوە دەئاخڤێت، ئەوەی سەیرە فەیلەسوفێکی وەک وی، قسەیەکی نەبێت لە بارەی عەشقەوە و بەم وەڵامە کورتە کۆتایی بە حەزی پرسیارساز بهێنێت لە بارەی ئایدیای ژان بۆدریارەوە لەمەڕ خۆشەویستی، ئەمە مانای ئەوە نییە خۆشەویستی هیچ ئایدیایەکی لای بۆدریار دروست نەکردووە، بەقەدەر ئەوەی نیشاندانی ئەکتی عەشقە کە ئاسان نییە بخرێتە چوارچێوەی پێناسە و تێڕوانینێکی دیاریکراوەوە، هەروەک چۆن «ژاک لاکان»ی فەیلەسوفی دەروونشیکار دوورتر دەڕوات و پێیوایە کارێکی لە توانابەدەرە قسەیەکی کۆنکرێت و حیسابی لەسەر خۆشەویستی یان عەشق بکرێت، تەنانەت ئەو کەسەشی بەو نۆرمە لە بارەی عەشقەوە بدوێت دەکەوێتە گۆماوی گەمژەییەوە.

بۆ لاکان هەموو شتێک کە دیاردەیەکی ناو مەملەکەتی زمانە، تەنانەت ئەو کودێتای کرد بەسەر نۆرمە فرۆیدییەکەدا و ئاخاوتن و زمانی خستە شوێنی دەرمان بۆ نەخۆشانی دەروونی، بەهەمان شێوەش لە کن ئەو خۆشەویستیش رووداوێکە لەناو دەقەری زماندا دەقەومێت!، کەچی پێداگریی لەوە دەکات چیتر بەکارهێنانی زمان و دەربڕینی ئیدیۆمی «خۆشم دەوێیت» لەلایەن پیاوانەوە، متمانە بۆ مێینە دروست ناکات، چونکە دەشێ لە پشتی ئەم دەربڕینەوە کۆمەڵێک مەبەستی شاراوەتر هەبێت. بۆ خۆم لەوێدا لە دیدگای لاکان جیا دەبمەوە عەشق بە پلەیەکی بەرزی نارسیسزم «خودشەیدایی» سەیر دەکات و پێیوایە هەمیشە کارەکتەری عاشق، ئەویتر «مەعشوق» دەکاتە ئۆبێکتێک، لە کاتێکدا رای پەسەند لەلای ئەز نزیکترە لەو روانگەیەی ئالان بادیۆ لە کتێبی «لە ستایشی خۆشەویستییدا»

دەیخاتەڕوو بەوەی کردەی عەشق لە فۆرمە هەرە باڵاکەیدا بریتییە لە یەکگرتنی دووانـە جیاوازەکان، یان با بڵێین بریتییە لە ڕێکەوتنی دوو بکەری ئۆتۆنۆم لەسەر شتێک بۆ بەردەوامیدان و ڕەنگرێژکردن و بە ئیستاتیکیکردنی ژیان ئەویش خۆشەویستییە کە لای فرۆید بە پاڵنەری ژیان وێنا کراوە، نەک گەڕانێکی نارسیستانە بێت بۆ دۆزینەوەی خۆت یان شێوەی خۆت لە ئەویتردا. دروست وەک ئەو سەرئەنجامە تراژیدییەی نووسەری بە نامێی فەڕەنسی «مارسێل پرۆست»ی نووسەری «گەڕان بە دوای زەمەنی لە کیسچوودا»، سەرباری ئەو هەموو هەست و خۆدۆزینەوە و حەسرەتبینینەی بۆ خانمێکی وەک لویزا دومۆراند هەیبوو، بەڵام ئەو لە کۆتاییدا دەستبەرداری هەستەکانی خۆی بوو، چونکە هاوڕێیەکی نزیکی عاشقی هەمان خانم ببوو، لەم سەمپڵەدا تەنها ئەوە دەخوێنرێتەوە عاشق هەموو شتێکی مەعشووق مەحو ناکاتەوە، ڕێ دەدات سوبێکتیڤەی خۆی بپارێزێت، هەروەک چۆن بینیمان پرۆست هەمان کاری کرد ئەگەرچی بە دەربڕینی خۆی مەرگ ئاسانتر بوو لەم کردەیە.

سێیەر: ئەزموونی هایدگەر لە خۆشەویستیدا بە تایبەت لەو خۆشەویستییەی فەتحی مسکینی نـاوی دەنێت خۆشەویستی فەلسەفیی لەگەڵ هانا ئارێنتدا، ئەزموونێکی جیاوازە و شیاوی لێ وردبوونەوەی زۆرە، نە لەبەرئەوەی ئارێنت جوویەکی دەربازبووی هۆلۆکۆست بوو و هایدگەریش ئەگەر بە فەرمی نازیش نەبووبێت، لە سایەی نازییەکاندا دەبێتە سەرۆکی زانکۆی فرایبۆرگ «هەرچەندە خۆشەویستییەکە پێش هۆلۆکۆست دەستی پێکردووە». لە یەکەم نامەیدا بۆ ئارێنت دەنووسێت: «هەرگیز ناتوانم ببمە خاوەنت، بەڵام لە ئێستا بەدواوە سەر بە ژیانی منی». لە دیدی هایدگەردا خۆشەویستی دیلکردنی روحیی و جەستەیی ئەویتری بەرامبەر نییە، تەنیا پرۆسەیەکی مرۆییە مرۆڤەکان وا لێیکات سەر بە دنیای یەکتر بن، لەم جۆرە خۆشەویستییەدا رووبەرێکی زۆر بۆ ئازادیی دەمێنێتەوە، بەپێچەوانەی گۆشەنیگای سارتـەرەوە کە پێیوایە لە بناغەدا خۆشەویستی پێشێلکردن و وێرانکردنی ئەویتری بەرامبەرە. هاوسەنگییەک لەلای هایدگەر هەیە و خۆشەویستی لەوێدا مرۆیی دەبێتەوە و نابێتە وێرانکردنی ئازادیی ئەویتر خۆی

لە هەستی خاوەنداریێتی دابڕنێت، لەگەڵ ئەوەشدا داوامان لێ دەکات خۆشەویستی پیرۆز و ئەفسووناویی نەکەین چونکە ئەوە هەوڵێکە بە ئاڕاستەی شێواندنیدا!، ئەو خۆشەویستی بڵند ناکاتەوە بەڵکو وەک چالاکییەی سروشتی مرۆیی لێ دەڕوانێت. نامەکانی هایدگەر بۆ ئارێنت و هەروەها بە پێچەوانەشەوە، جێگەی رامانی قووڵن و جۆرێکیش لە خۆشەویستی تیۆریزە دەکەن یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لێی «من دوای رانانەکەی فەتحی مسکینی زۆر گەڕام تاکو بەشێک لەو نامانەم دەستکەوت و خوێندەوە». لەبەرئەوەی لە دیدی مارتن هایدگەردا خۆشەویستی وزەیەکە توانای گۆڕینی ئێمەی هەیە بۆ دەموچاوێکی تر بێ ئەوەی هەست بە ئەلیناسیۆن بکەین. لەسەروی هەموو ئەوانەوە شیعر و خۆشەویستی، هۆڵدەرلین و ئارێنت بە جوانی دەخاتە رستەیەکی جادووییەوە: «زۆر لەگەڵ هۆڵدەرلیندا دەژیم، تۆش لە هەموو شوێنێک لەگەڵ مندا».

وەک ئاشکرایە ئەزموونی فەلسەفیی هایدگەر بەشێکی بەرفرەی بۆ خوێندنەوەی شیعری هۆڵدەرلین بووە، بۆیە بەقەد پەیوەستبوونی خۆی بە هۆڵدەرلینەوە پەیوەستبوونی بە ئارێنتەوە دووپات دەکاتەوە، ئەوەی بۆم گرنگە لەو رستەیەدا ئەوەیە: خۆشەویستی و شیعر لە پەیوەندییەکی قووڵدان لەگەڵ یەکتری. بۆ هەمیشە رایەڵێک هەیە لە نێوان شیعر و عەشقدا. بە پێچەوانەوە لای ژان پۆڵ سارتەری بیرمەندی بوونگەرا، خۆشەویستی بکوژی ئازادییە و هەمیشە لەسەر نەفیکردنی ئازادیی ئەویتر وەستاوە و رێسای عەشق ملکەچی هاوکێشەیەکە و بە ناچاریی یەکێک رۆڵی سوبێکت وەردەگرێت و ئەویتر ناچارە ببێتە «ئۆبێکت» و لەلایەن ئەوەوە رابەرایەتی بکرێت. لە روانگەی ئەوەوە: «من لە خۆشەویستیدا سەرقاڵی سنووردارکردنی ئازادیی ئەویترم، من ئەوم بۆ خۆم دەوێت و فەرمانی پێدەکەم کە تەنیا منی بوێت». لەم سۆنگەوە پێیوایە خۆشەویستی جەبرێکە و ناتوانێت لە دوو دەرکەوتەی «سادیزم» یان «مازۆخیزم»دا خۆی مانیفێست نەکات. لە کاتێکدا پەیوەندیی سارتەر و سیمۆن دی بوڤوار پێچەوانەی ئەم تێڕوانینەی پێ نیشانداوین، ئاخر سیمۆن دی بوڤوار لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە لە ژێر زەبروزەنگی دایکێکی کریستیانیی پارێزگاردا دەیناڵاند، ئەوەش پەیوەستی

کرد بە باوکییەوە لەبەرئەوەی لە ژێر باڵی باوکیدا سەربەستی زیاتر دەست دەکەوت، هێندەش زێدەڕۆیی کردبوو لە خۆشویستنی باوکیدا وەک بەشێک لە جەستەی خودا لێی دەڕوانی، کاتێک سارتەری ناسی هەمان ئەو خۆشەویستییە پیرۆزەی باوکی پێبەخشی!، ڕەنگە نهێنی تاکو سەر پێکەوە مانەوەی سیمۆن و سارتەر لێرەدا بێت، لە کاتێکدا نە هاوسەرگیریان کرد و نە دڵی لە سارتەر ڕەنجا بەهۆی پەیوەندییە فراوانەکانی لەگەڵ کچانی گەنج و ژنگەلێکی تردا.

من: هەندێک جار خۆشەویستی بە پەناگەیەکی تری مرۆڤ دادەنرێت بۆ ڕەواندنەوەی تەنیایی خۆی، ئەگەر بە پێی لۆژیکی میتۆلۆژیا سەیری پرسەکە بکەین، خوداکان هەر لە زیۆسەوە تا ئامون، هەر لە (یەهو)وەوە تا (الله)، لە ئافراندنی مرۆڤدا بە کەموکورتانە کارەکەیان ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی هیچ کات هیچ بوونەوەرێک بە کەماڵ نەگات، ئەگەر وا نەبێت لە مرۆڤ دەپەڕێتەوە بۆ بوون بە خودا. بە پێی هەمان لۆژیک مرۆڤ پرۆژەیەکی نیوەچڵە، هەرچی بکات ناتوانێت بگات بە کەماڵ، بەڵام ڕێگەی لەبەردەمدایە بۆ لە بیربردنەوەی ئەم ناکەماڵییە، ئەویش لە ڕێگەی داهێنان و دانایی و هونەری خۆشەویستییەوە. لە ڕوانگەی زانستی مرۆڤناسیشەوە مرۆڤی پێرفێکت وەهمێکی پەتییە، هیچ مرۆڤێک بە پێرفێکتی لە دایک نابێت و لە ژیانیشدا ناتوانێت بگاتە ئەو وێستگەیە. لەبەرئەوەشی مرۆڤ لەگەڵ تێپەڕاندنی سەردەمی کورتی منداڵییەوە، هەست بە مردنی خۆی دەکات، ڕەنگە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی مردنی کەسانی نزیک و دەوروبەری ئەم هەستەی بۆ دروست بێت، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا بەرەو هەرزەکاریی لە حەتمییەتێکی گەورە و ڕەها دڵنیا دەبێتەوە ئەویش مەرگی خۆیەتی. ئەمەش لە ئاکامدا هەستی تەنیایی لە کن مرۆڤ دروست دەکات، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەنیاییەش بەرەو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەڕوات. ئەگەر دیقەت بدەین عەشق و هاوڕێیەتیی، لە تەمەنی هەرزەکاریی بەدواوە دروست دەبێت، بەو هۆیەی ئەم چرکەساتە یەکەمین چرکەساتی هەستکردنێتی بە تەنیایی و دەیەوێت بە ڕێگەی خۆشەویستی و هاوڕێ پەیداکردن ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە تەنهایەی خۆی ببێتەوە. مادام ناتەواویی مرۆڤ دیاردەیەکی سروشتکرد و جەبرییە، تەنهاییش

یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی ئەم لەنگییە، کەواتە هونەری خۆشەویستی بۆ پڕکردنەوە و تەواوکردنی هەر مرۆڤێک لە پێویستی پێویستترە. ئەو جۆرە سوبێکتەی «پیتەر سلۆتەردایک»ی فەیلەسوفی ئەڵمانی پێمان دەناسێنێت، جەوهەرێکی دوالیزمیانەی هەیە و بوونی پەیوەستە بە ئەویترەوە و کایەیەک هەردوولا کۆدەکاتەوە. لە کردەی خۆشەویستیشدا وەک «بەکر عەلی» لە وتارێکدا ئاماژەی بۆ کردووە «لەنێوان دوو خۆشەویستدا کایەیەکی تر هەیە کە هەردووکیان کۆدەکاتەوە بریتییە لە کایەی خۆشەویستی، واتە هەردووکیان لە دەرەوەی خۆیان لای خۆیانن». مادام ئێمە دەتوانین بە رێگەی عەشق رووبەڕووی تەنهایی ببینەوە و بەسەر بەشێک لە ئازارەکانیشمدا زاڵ بین، لە رێگەی ئەو ئازارە نوێیەوە کە هەردەم حەزی پێدەکەین، خۆشەویستی لە کردەیەکی رۆمانسیی و ئیستاتیکییەوە دەگۆڕێت بۆ پۆتێنسیالی بەردەوامیی ژیانکردن. لەبەرئەوە رەخنەی ئەوانەی دەڵێن پاڵنەری خۆشەویستی هەستکردن بە تەنهاییە، رەخنەیەکی زۆر سەنگین نییە، نەک لەبەرئەوەی سەلماندنەکەیان ناڕاستە، بەڵکو لەبەرئەوەیە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تر ناخەنە ڕوو. بە دیتنی ئەز، هەموو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ خۆشەویستی هەر خودی خۆشەویستی خۆیەتی.

سێیەر: بەڵام مرۆڤی دنیای مۆدێرن هەموو ئەو پەیوەندییە زیندوانەی خستووەتە لاوە، فێری نەریتێکی تر کراوە، ئەویش زڕە خۆشەویستییە لە ژوانگە مەجازییەکاندا. زیگمۆند باومان، نووسەری کتێبی خۆشەویستی شل (لە بنەڕەتەوە پڕۆژەیەکی هەشت کتێبی بوو، رەوایە بە پڕۆژەی شلیی ناوزەدی بکەین)، بەدەر لە جەختکردنەوەی لە دەستدانی رۆمانسییەت و ئەو گەرموگوڕییە روحییەی خۆشەویستی لەسەر دادەمەزرێت، چونکە بە دیدی وی خۆشەویستی نادۆزرێتەوە بەڵکو لە پرۆسەیەکدا بە کۆشش دادەمەزرێت. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا، لەمە دوورتر دەڕوات و پێیوایە کارەساتەکە تەنیا ئەو رەوشتە نییە، خۆی پێی دەڵێت «ئاکاری دەستبازیی»، بەڵکو ئەو ژوانگە ئۆنلاینانەیە سەرنجمان بۆ خۆشەویستییەکی ئەلیکترۆنی رادەکێشن، ئەگەر تۆ بە دوای خۆشەویستێک یان هاودەمێکدا بگەڕێی ئەوە هەزاران سایتی ژوان بەستن هەن کە وەک پێشانگایەک

«کەتەلۆگێکت پێ نیشان دەدەن» ئیدی لێرە پرسی بازاڕ دێتە ئاراوە، پەیوەندییەکە لە هاودەم پەیداکردنەوە دەبێتە پەیوەندیی نێوان کڕیار و کاڵا. بۆیە دەڵێت: «ئایدیا نووستووەکە ئەوەیە دەتوانرێت ئۆبێکتی عەشق لە رێی کۆمەڵێک پێوانەی فیزیکی و کۆمەڵایەتییەوە بەدەستبهێنرێت، لە میانی ئەم پرۆسەیەدا، سەرەکیترین فاکتەر لە بیر دەکرێت: تاکی مرۆیی». لەبەر ئەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی بووە بە پەیوەندییەکی کاڵایی، زۆر درێژە ناکێشێت، خۆشەویستی مرۆڤ بۆ کاڵاکان کورتخایەن و کاتییە، ئەو دوو شوناس و بکەرە لە ئارادا نەماون تا بڕیار بدەن یەکتر تەواو بکەن، هەمیشە یەکێک نەقسە، ئەمەش هەمان ئەو فاکتەیە بادیۆ لە کتێبی «ستایشی خۆشەویستی»دا ئاماژەی بۆ دەکات، پەیوەندیی دووانەکان لە شارێکی وەک پاریسدا زۆر درێژە ناکێشێت. هەمیشە تاکڕەوییەک هەیە لە بڕیاری حەز لێنەمان، بە زمانێکی سادەتر، خاوەن کاڵا چۆن مافی تاکلایەنەی هەیە بۆ فڕێدان و کۆتاییهێنان بە مەیلی خۆشویستنی کاڵاکان، بە گوزارشتی باومان «وەک ئەوەی چاکەتێک فڕێ بدرێت کە مۆدی نەماوە»، بە هەمان فۆرم لە خۆشەویستی هەنووکەدا بڕیاری تاکڕەوانە دەتوانێت پەیوەندییەکە هەڵوەشێنێتەوە، لەم نێوەندەدا کاڵاکان هیچ نابن جگە لە ئۆبێکتێکی خۆشیهێنەری کاتی. هەر بەو چەشنەی سلاڤۆی ژیژەک وەسفی دەکات: دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ لە وڵاتانی گەشەسەندووی رۆژئاوادا ئایدۆلۆژیای باڵادەست بریتییە لە جۆرێک چێژگەرایی و هەلپەرستیی رەشبینانە کە تۆزێک رەنگ و بۆی روحانییەتی پێوە کراوە.

من: خۆشەویستی هەردەم ئەکتێکی بێ پلان بووە، تۆ لەو مامەڵە کاڵاییەدا لەگەڵ خۆشەویستی دەزانیت تەمەنی حەزەکەت کورتخایەنەیە، لە دنیایەکدا دەژین لە هەموو لایەکەوە کاڵامان نیشان دەدرێت، زەینمان ئاخنراوە بە وێنەی ئەویتری بەرامبەر لە شێوەی کاڵایەکدا، وەک ئەوەیە لە بەردەم دوکانێکی جلوبەرگفرۆشتندا بین و نەزانین کام بۆدی و پانتۆڵە هەڵبژێرین. لە رۆمانی «عاشقەکە»ی «مارگرێت دۆراس»دا لە «١٩٨٤ چاپ بووە»، چیرۆکی ئەوینی کچێکی فەڕەنسیی تەمەن بە نزیک شانزە ساڵ و کوڕێکی چینی نزیک لە سی ساڵ دەگێڕێتەوە، شوێن لە رۆمانەکەدا سایگۆنە «ڤێتنام» و کات ساڵی ١٩٢٩یە. ئەوەی لەم رۆمانەدا بە

لای منەوە سەرنجڕاکێشە، ئەوان بۆ ئەو چرکەساتە دەژین عەشقی تێدا دەکەن، هیچ کات بیر لە داهاتووی خۆیان و پەیوەندییەکەیان ناکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە هەموو ژوانێکدا سێکس دەکەن، وەک ئەوەی ئەم چرکەساتە ئایندەی ئەوان بێت، بیر لە هیچ ئایندەیەکی تر ناکەنەوە. نەخشەیان بۆ هیچ هەنگاوێکی دواڕۆژ نییە، تەنانەت هەوڵی زاڵبوون دەدەن بەسەر ئەو کۆسپە گەورانەشدا لەلایەن هەردوو بنەماڵەوە کە لە رووی چینایەتییەوە لە یەکتر جیاوازن قووت دەکرێنەوە. ئەگەرچی ناوەڕۆکی رۆمانەکە پڕیەتی لە ئەکشنی سێکسیی و سینۆسیایی، سەرەتاش چەشنی پەیوەندییەکی ساردوسڕی سێکسی لێی دەڕوانرێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی رەوتی رووداوەکان بەر ئەو راستییە دەکەوین ئەوان خوازیارن عەشقەکەیان بۆ هەمیشە بەردەوام بێت، بێ ئەوەی هیچ لە بارەی داهاتووی خودی خۆیان و خۆشەویستییەکەیانەوە بزانن و دیار بێت، هەرچەند دوای ساڵ و نیوێک کچە دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، بەڵام دیمەنی کۆتایی رۆمانەکە ئەو تەلەفۆنەیە پاش پەنجا ساڵ لەلایەن پیرە پیاوێکی چینییەوە بۆ پیرەژنێکی فەڕەنسی دەکرێت و هێشتا پێی دەڵێت: «خۆشم دەوێی بۆ ئەبەد». عەشق ژیانکردنە لەناو عەشق خۆیدا، هەناسەدانە لەناو ئەتمۆسفێری خۆیدا، جوانترین عەشق بێ بەرنامە و بێ پلانترینیانە، خۆشەویستی کاتێک مانا پەیدا دەکات وەک ونبوویەک لە دڵی یاردا خۆت ببینیت و وەکو تریش عەودالی رێ دۆزینەوە نەبیت. دۆراس کە پێدەچێت بەشێک لە بیۆگرافی خۆیشی تێکەڵ بە رۆمانەکەی کردبێت بە بەڵگەی ئەوەی لەو مێژووەدا خۆی لە سایگۆن ژیاوە و هاوتەمەنی کچە پاڵەوانی ناو رۆمانەکەشە، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، خۆشەویستی وەک خۆی دەمێنێتەوە و تێپەڕینی کات نە کاڵی دەکاتەوە و نە لێی کەم دەکاتەوە ئەگەر زیادی نەکات. من بۆ واقیعی کوردیی ئەوەش زیاد دەکەم، سێکس نەک هەر خۆشەویستی لەناو نابات، بەڵکو خۆشەویستی دەپارێزێت و مۆمیای دەکات بۆ ئایندە، بەڵام بە مەرجێک پەیوەندییەکە بە تەنیا پەیوەندیی جەستەیی نەبێت.

سێبەر: حەزم لە هیچ بەرنامەڕێژییەک نییە لە عەشقدا، ئەوە خۆشەویستی دەکاتە قوربانیی و هەمیشە هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانانە دەدرێت، هەردەم

بەو ڕێگایانەدا هەنگاو دەنێیت نەخشەت بۆ داناوە، ئەمە داماڵینی خۆشەویستییە لە خۆشەویستی، ئەم نەخشەدانانە عەقڵ ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت لە کاتێکدا بۆ بەردەوامیی عەشق پێویستمان بە سۆزێکی زۆرترە. بێڵ هۆکس دەیەوێت زیاد لە قەبارەی خۆی خۆشەویستی سیستماتیک و عەقڵانی بکاتەوە، پرۆژەکەی خۆی بە چڕیی لە کۆمەڵێک کتێبدا لە دوو هەزارەکاندا لە چەشنی «هەموو شتێک دەربارەی ئەوین بە ڕوانینێکی نوێ» و «کۆمەڵگەی فێمینیستی و عەودالیی ژن بەدوای ئەویندا» و «ڕزگاریی، ڕەشپێستەکان و ئەوین» و «پیاوێتی و ئەوینداریی»دا خستووەتەڕوو. ئەوەی ئەم ژنە لەو کتێبانەدا دەیکات بریتییە لە ئەنجامگیرییەکی گشتیی و میکانیکی بۆ ژیانی ئەوینداریی، ئەو پێیوایە دەبێت یەکترناسینێکی قووڵ هەبێت، ئەوسا پرۆسەی ئەوینداریی نێوان ژن و پیاو دەست پێدەکات، پشتگیریی لەو ڕایە دەکەم، کەچی کێشەکە هەر یەکترناسین نییە، لێ لە سەردەمی پەیوەندیی دیجیتاڵیی مرۆڤەکاندا یەکترناسینیش کارێکی ئەستەمە، بەڵام پێشمەرجەکە ئەوەیە زەمینەی ئەمڕۆ بناسین پێش ناسینی ئەویتر، ئەمڕۆ مانایەکی زەمەنی نییە و لە یەک ڕۆژدا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەمڕۆ زەمەنێکی درێژخایەنە و بەسەر ڕۆژەکانی داهاتوودا پەخش دەبێت، کەواتە ئەمڕۆ چی لە ئارادایە و چۆن بیناسین؟، خۆ زۆربەی ناسینەکان لە ڕێگەی چاوەوە دەگاتە ئەنجام، واتە تۆ فیگۆرێکی جوان و سێکسیی کە دێتە بەر دیدەت هەڵدەبژێریت، عەشق لە هیچ کاتێک بەهۆی چاوەوە دەستپێناکات، ئەگەر وابێت نابیناکان ناتوانن عاشق بن، وەک دەوترێت عاشق کوێرە و بە فەنتازیا پێشوەختەکانی سێکجی مەعشووقەکەی دەکات، تەنانەت ئەدگارەکانیشی ڕەنگ دەکات. بێ ئەم فەنتازییکردنە هیچ عەشقێک نییە، بێ ئەو خۆ ونکردن و خۆدۆزینەوەیە لەویتردا هیچ خۆشەویستییەک بوونی نییە، بێ ئەو ئاسیمیلایسۆن و دروستبوونەوەیە عەشقێک بوونی نییە، وەک ئەوەی جارێک گوتم هەموو ڕێزمانی خۆشەویستی لەم دێڕەدا کورت دەبێتەوە: «من لە تۆدا خەریکی خۆدۆزینەوەم، هەوڵمەدە تۆ لە مندا ون بیت».

لەلایەکی ترەوە بۆی هەیە خودی ناسینەکە لەوێوە دەست پێدەکات تێبگەین ئەمڕۆی ژێر باڵابوونی هۆشمەندیی دەستکرد و ژێر سایەی شەپۆلی

چوارەمی تەکنۆلۆژیا زرە زەمینەیەکی بۆ خۆشەویستی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ نەهێشتووەتەوە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤێکی تری پێداوین خۆشەویستی نێوان مرۆڤ و کاڵا، خۆشویستنی شتەکان، ئەو مردوانەی لە پێشانگای ژیانی ئەمڕۆدا بەدەممانەوە پێدەکەنن و پەلکێشمان دەکەن بۆ لای خۆیان. بابەتەکە تاکەکەسی نییە، چونکە تاک لە بۆتەی گشتێکی دیجیتاڵیدا تواوەتەوە، چەمکی خیانەتی خۆشەویستی و دابڕان و فیراقیش، چیتر لە واقیعدا نەماون بەڵکو کۆمەڵێک ریتواڵی ناو فەزای مەجازین، هەموو ئەم شتانە دەکرێت لەناو لاپتۆپ یان مۆبایلە زیرەکەکاندا روو بدەن، وەک ئەوەی ژیژەک لە ڤالانتاینێکدا باسی کچ و کوڕێک دەکات کە لەم رۆژەدا ئامێری زاوزێی دەستکرد پێشکەشی یەکتر دەکەن، بێ ئەوەی هەستیان بۆ یەکتر ببزووێت بە دڵخۆشییەوە گەنمەشامی دەخۆن!. هەموو شتێک لە وێنەی ناو شاشەیەکی راومی مەجازییدا پوخت بووەتەوە بۆ عەشقیش هەمان شت راستە و دابڕان بریتییە لە دابڕانی لە وێنەیەک و خۆشەویستیش هەر بریتییە لە خۆشەویستیی فۆتۆیەک. چیدی زەمەنی عەشقی تراژیدیی و گومانئامێزی «ئۆتێلۆ»ییش بەسەرچووە. (ئاماژەیە بۆ شانۆنامەی «ئۆتێلۆ»ی شکسپیر، کە تییدا ئۆتێلۆ بە هۆی گومانێکی ناڕاستەوە، دێزدەمونای هاوسەر و خۆشەویستی دەکوژێت و پاشان شمشێرەکەی لە جەرگی خۆیشی رادەدات).

من: ئەدگارێکی تری کاپیتالیزم و سیستمی گلوبالیزم بریتییە لە پەلەپەل، لەم سەردەمی خێراییەدا، هەموو شتێک بە خێرایی بۆ پێشەوە دەڕوات، میلی کاتژمێرەکان خێراتر دەبزوێن، لە سەردەمی ئۆتۆمبیلی خێرا و خواردنی خێرا و ئینتەرنێتی خێرا و هەموو خێراکانی تردا، ئەوەی هەیە خێرا دێت و خێراتر دەڕوات، وەک «چول هان» تێبینی کردبوو «لە ئەمڕۆدا هیچ شتێک زۆر درێژە ناکێشێت». لەمڕۆدا خۆشەویستیش وەک هەر شتێکی تری ناو جیهانی خێرایی زۆر درێژە ناکێشێت، پەیوەندییەکان پێش ئەوەی ببنە خۆشەویستی تەواو دەبن، هەموو شتێک بریتییە لە چێژێکی خێرا و تیژتێپەڕ. لە خۆیدا چێژ تیژتێپەڕە بۆیە مرۆڤی نوێ وەک چۆلەکە لەسەر چڵی ئەم چێژ بۆ ئەو چڵی چێژ لە دیلانێ و هەڵفڕیندایە. ئەو مێنتالیتییەی لە سەرمایەدارییدا هەڕمێنی پێدەدرێت، بریتییە لەوەی ریسک

و فیداکاریی عاشقانە، گرتەیەکی کۆمیدییە و تاکوتەرا لەلای شێت و شورەکان رووودەدات، لە بەرامبەردا ئەوەی خەستوخۆڵانە بانگەشەی بۆ دەکرێت و مرۆڤی بۆ هان دەدرێت، ئەو پارادایمەیە لە خۆشەویستی و رۆمانسییەت لەسەر بنەمای پڕکردنەوەی ناتەواوییە بەرجەستەکان راوەستاوە، بە هەمان شێوەی پڕکردنەوەی دەمودەستی پێویستییەکانمان لە جیهانی کاڵاییدا. بەم هۆیەوە مرۆڤی نوێ عەوداڵی بەرامبەرێکی تەواو کامڵ و پڕە کە لە لانیکەم ئەو مەرجانەی تێدا بێت ئارەزووی دەکات. ئیدی لە بۆتەی ئەم ئاکارەدا عەشق پەرچوو ناخولقێنێت، هیچ شتێکی سەیر و نامۆ نەماوە چیدی خۆشەویستی بەرهەمی بهێنێت. بگرە خۆشەویستی لەوە ساکارترە ریسک و ماندووبوونی پێویست بێت، چونکە لە بناغەوە لەگەڵ هاوتەریبی روحیی جووتکراوە، بە هەمان شێوە ریکلامسازیی سەرمایەداریی وەک هەر کاڵایەکی تر، بازنەیەکی جادوویی بە چواردەوری پارادایمە کرچوکاڵەکەی عەشقی خۆیدا کێشاوە و بەرهەمهێنان لەسەر تامەزۆرییمان دەکات، لە کاتێکدا عەشق دیوێکی پێچەوانەی هەیە، عاشق هەموو رەنجێک دەدات تاکو دانپێدانانی مەعشوق بەدەستبهێنێت، ژیان بە چۆڵەوانییەک دەبینێت جگە لە رووناکی مەعشوق شەوقێکی تری تێدا نابینێت، لە ناو پانوپۆڕی ئەم جیهانەدا چاوی بڕیوەتە تەریکترین گۆشە کە مەعشوقی تێدا نیشتەجێیە، لە دەرەوەی مەعشوق هیچ کەسێکی تر گرنگ نییە، تەنانەت نۆرماڵیزەی هەر رووداوێکی نامۆی دەرەکی دەکاتەوە ئەگەر کاریگەریی نەرێنی نەکاتە سەر عیشقەکەی. بە دیدی ژاک لاکان مادام هەموو ئەویترێکی بچووک لە تێکۆشانی بەردەوامدایە بۆ دانپێدانانی لەلایەن ئەویتری گەورەوە، هەڵە نییە بڵێین عەشق هەمان ئەم ئەرکە بە رێکوپێکی بگرێتە ئەستۆی خۆی. لەم سۆنگەوە دەڵێت: «لە دیالەکتیکی ئارەزوودا، مەسەلەکە بە دەستهێنانی ئەویتری گەورەیە بۆ خۆت». واتە تۆ چۆن دەتوانیت مەعشوق لە رۆڵی ئەویتری گەورەدا بەرەو خۆت رابکێشیت و بە دڵی ئەو پێنگاڤەکانی ژیانت هەڵبهێنیت.

ئیدی عاشق یەک ئامانجی سەرەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە لە چاوی مەعشووقدا چۆن دەبینرێت؟. بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدات بگاتە ئەو وێنەیەی پەسەندی مەعشوقە نەک ئەو نموونەیەی گشت پەسەندە. ئەگەر هەر لەلای «لاکان»

بمێنینەوە کارێکی خراپ نییە، چونکە ئەو پێیوایە مرۆڤ لە بڕینی ڕێگاکەی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەسڵەمێتەوە، بەو واتایەی مرۆڤ هێندەی چێژ لە خودی ڕێگابڕینەکە بەرەو ئامانجی دیاریکراو وەردەگرێت، چارەکی ئەوە ئارەزوو ناکات بگاتە خودی ئامانجەکە، دەتوانین بەشێوەیەکی تر ئەم تێزە بەسەر ئەکتی عەشقدا بچەسپێنین، لە عەشقدا خودی ڕێگا و پرۆسەکە بریتییە لە چێژبردنێکی بەردەوام، بە پێچەوانەی پەیوەندیی ڕۆمانسیی سەردەمەوە، ڕێگاکە بۆ خۆی تاقەتپڕوکێنە و ئامانجەکەش وەک دیارە هەموو کات ئاوێزانبوونی جەستەییە، کاتێکیش سوبێکت دەگاتە ئامانج یان سەرچاوەی چێژ بۆی دەردەکەوێت ئەو هەموو ڕێگابڕینە لە پێناوی ئەو ئامانجە سیزیفییە، لە خۆیدا شتێکی تەفرەدەر بووە، بەڵام وەک گوتم لە عەشقدا هەموو چرکەیەک، هەر هەنگاوێک چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە. بەدەر لە هەموو ئەمانە و لە بە کاڵاکردنی خۆشەویستی لەلایەن سەرمایەدارییەوە، لە ڕوانگەی منەوە دەشێ عەشق هەڕەشەیەکی گەورەش بێت بۆ سەر نەزمی باوی سیاسیی و کۆمەڵایەتی. تۆد مەکگوان سەرنجمان بۆ پێشێلکردنی ڕێساکانی قوتابخانە ڕادەکێشێت کە ماچ و لێکخشاندن قەدەغە دەکات، بەڵام کاتێک عاشق نەریت تێدەپەڕێنێت: «دەسەڵاتی مەعشوق بەهێزتر و دەسەڵاتی نەزمی کۆمەڵایەتی لاوازتر دەکات بەسەر سوبێکتەوە». هاوزەمان ئەمە عەشقی نێوان «وینستۆن و جولیا»مان بە یاد دەهێنێتەوە لە ڕۆمانی «١٩٨٤»ی (جۆرج ئۆروێل)دا کە چۆن ئەم عەشقە درز دەخاتە بناغەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتارەوە، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە سەر چەمکی «نێڤەرۆس»ی فرۆیدیی کە بریتییە لە ناکۆکی نێوان ئارەزوو و بەرپرسیارێتیی، بەو جۆرەی لای پاڵەوانە تراژیدیکەکانی گریکییدا دەبینرێتەوە، نەریتی ئەو پاڵەوانەناش ئەوەیە زیاتر ئارەزوو بەسەریاندا زاڵە، بۆیە بە پێچەوانەی نەزمی عەقڵ و ڕێسا سەپێنراوەکانەوە دەجووڵێنەوە و لە ئاکامدا تووڕەبوونی خوداکانی لێدەکەوێتەوە و هەر کام لەم پاڵەوانانە ڕووبەڕووی سزا و چارەنووسێکی دژواری تایبەت بە خۆیان دەبنەوە. هەر چۆنێک بێت کاپیتالیزم عەشقی خۆشناوێت، نقوومبوونی ئێمەی گەرەکە لە دنیای ماتریاڵ و کاڵاییدا، ڕەنگە لوتکەی ئاواتی ئەوە بێت وەک نووسەرەکەی ناو فیلمی «her» خۆمان لە

مەعشووقەکانمان دوور رابگرین، لە بریدا لەگەڵ خاتوو»سامانتا« کە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەریی ئەلگۆریتمییە و رۆڵی مەعشوق دەگێڕێت، بکەوینە قسە و هەست و نامە گۆڕینەوە.

سێبەر: رەنگە لەبەر ئەو لە عەشقخستنەی عەشق بێت وێنای من لە وێنای دێوانەیەکی کۆنی زەمانی رۆمانتیکی بچێت کە ئامادەبوون لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکانیان خەنجەر لە زگی خۆیان رادەن، یان وەک ئەوەی لە «رۆمیۆ و جولێت»دا بەسەر ئەو دوو عاشقەدا دێت. رەنگە بە پێوەری سیکۆلۆگە نوێیەکان ئەز سایکۆسیس و شێتەڵوکە بم، ئەمە لە زانستی ئەواندا راستە، بەڵام بۆ عەشق نموونەیەکی ئیدیالم، شایانی لاساییکردنەوەم. مرۆڤ زانین و ئاین و شارستانی خۆی دەستاودەستپێکردووە تا گەیاندوویەتییە ئەمڕۆ، نەوەی ئەمڕۆش لە رێی جینات و ئەزموونی نووسراو و ئەرشیفکراوەوە هەمان کار دەکات، لانیکەم هەڵدانی یەکەم رمی مرۆڤی سەرەتایی بۆ راوشکار، ئەو راستەهێڵە بێکۆتاییەی دەستپێکردنی شارستانێتییە، رەنگە هەر لە چرکەساتی جیابوونەوە لە سروشتە مەیمونییەکە «پاڵپشتی داروینیزمی زانستیی دەکەم نەک کۆمەڵایەتی» یەکەم وێستگە و یەکەم خاڵی وەرچەرخان بێت، ئەم سوبێکتە لە مێژووە هەزاران هەزار ساڵەکەی خۆیدا، زۆر ریتواڵ و ترادیسیۆن و ئاینی گۆڕیوە، ئاینە ئیبراهیمییەکان دوا پێشکەوتنن لە فۆرمی ئاینەکاندا، لە پەنا ئەمانەوە خۆشەویستی مرۆڤ تاکە داهێنراوێکە هیچ گۆڕانکاریی بەسەر ناوەڕۆکەکەیدا نەهاتووە، تەنێ ئەوەی گۆڕاوە گۆڕانی ئەدگار و فۆرمی بەرجەستەبوونێتی. لەهەر پیڤاژۆیەکدا بە فۆرمێکی تایبەت دەرکەتووە، بەڵام بە هەمان ناوەڕۆکە ستاتیکەکەی خۆیەوە، هەموو گۆڕانەکان لە خۆشەویستیدا تەنیا گۆڕانن لە توێکڵدا نەک لە ماهیەتدا. بەڵام نازانم بۆچی خۆشەویستی ئەو ئەژدیها حەوت سەرەیە، سەرمایەداریی لە بینینی دەسڵەمێتەوە؟!.

من: لەوانەیە بە جۆرێکی تریش لەم دۆزە بڕوانم، ئەگەر زۆر وریا نەبین لە چۆنێتی کاتیگۆریکردن و تیۆریزەی خۆشەویستیدا بێئاگایانە بکەوینە ناو سێگۆشەی ماسۆنیەتەوە! کە ئامانجی هەرە باڵایان پاراستنی سیستمی بۆرژوازییە. وەک لیۆ

ترۆتسکی لە وتاری «کۆمۆنیزم و ماسۆنیەت»دا جەختی لێدەکاتەوە «ماسۆنیەت برینێکی پیسە بە جەستەی کۆمۆنیزمی فەڕەنسییەوە، پێویستە بە ئاسنی سوور چارەسەر بکرێت». وا دەردەکەوێت چەمکی خۆشەویستی لە ئێستادا بەشێک بێت لە پرۆژەی ماسۆنیەت. ترۆتسکی لەبارەی ماسۆنییەتەوە دەنووسێت: «لە ژیانی رۆژانەدا، خەریکی دروستکردنی چەمکی دیموکراتییە: برایەتی، مرۆڤایەتی، یەکسانی و چاکە.. ماسۆنییەت لە قوولاییدا دژی شۆڕشە، بەرامبەر ئەو نائومێدییە گەورەی کە هۆکاری دابەشبوونی چینەکانە، هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی کلێشەیەکی سۆفیانە و ئەخلاقی». (دروشمی «برایەتی» یەکگرتووی ئیسلامی هەمان دروشمی «برایەتی» رێکخراوی ماسۆنییەتە؟!. تێناگەم لە لینکی ئیخوان و ماسۆنی!). ئێمە نامانەوێت خۆشەویستی بخەینە جێگەی شۆڕش و بەرەنگاریی، بەڵام دەتوانین خۆشەویستی کە لە ماکی رەسەنی خۆی داڕنراوە، بکەینە کەرەستەی رووبەڕووبوونەوەی کاپیتالیزم، وەک ئەوەی بادیۆ پێشنیاری دەکات: داهێنانەوەیەکی تری خۆشەویستی. ئەگەر بۆ سەردەمێک دروشمی ئەنارشیزمی سێکسیی، جووڵەیەکی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە بووبێت لە دژی کۆنزەرڤاتیزمی بۆرژوازی و چوارچێوە زبرەکانی خێزان، رێک ئەوەی لە شۆڕشی ٦٨ی خوێندکارانی فەڕەنسادا بەرجەستە ببوو، بۆدریار وتەنی: «رادیکاڵیزمی ٦٨ بە رووداوی گەورە گەیشت، وەک داتەپینی بۆرسە و دەرکەوتنی ئایدز». ئەوا ئێستا خۆشەویستی ئەو ژێستە رادیکاڵ و شۆڕشگێڕەیە دژی سێکسیزمی بۆرژوازی نرخێکی مەزندەنەکراوی هەیە. لە رۆمانی (١٩٨٤)ی ئۆروێلدا ساتی خۆشەویستیکردنی جولیا و وینستۆن سمیس پڕ ریسکترین لەحزەکانی ناو رۆمانەکەیە، چونکە بە بڕیاری دەوڵەتەکەی «برا گەورە» خۆشەویستی لە لیستی شتە هەرە قەدەغەکراوەکاندا دانراوە و سزاکەشی مەرگە، لە سۆنگەی ئەوەی عەشق پارادایمێکە لە پەیوەندیی بەرزەفت ناکرێت و کەوشەنی سیستم دەبڕێت.

سێبەر: منیش لە دڵەڕاوکێی سەیر دابووم، هەموو کات پرسیارێکی بێ ئۆقرە لە مێشکمدا وەک گڕکانێکی هەمیشەیی لە تەقینەوەدا بوو، ئایا خۆشەویستی چەترێک نییە بۆ تواندنەوەی ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵگە؟ ئایا ئەم تەرحە لە دواجاردا ناچێتەوە

خزمەتی سیستم کە هەمووومان یەکترمان خۆش بوویّت و تەفسیریّکی کورتتری بۆ بکریّت کە ئەمە مانای تەباییەکی گشتیی بیّت؟، لەولاشەوە ناکۆکی چینایەتی و هەر جۆرە چەوساندنەوە و دیسپۆتیزمێکی تر هەروەک خۆیان بمێنن؟، ئایا خۆشەویستی لای من تۆلێرانس و هەڵکردنە لەگەڵ یەکتر یان هەڵتەکاندنی شتێک لە بناغەوە و داڕشتنەوەی شتێکی تر، وەک بادیۆ دەڵێت پێویستە سەرلەنوێ خۆشەویستی دابهێنریّتەوە؟، لەلای ئەز ئەم داهێنانەوەیە ئەرکە زەحمەتەکەیە کە چۆنچۆنی دایبهێنینەوە؟، چی بکەین تا ئەم خۆشەویستییە شتێکی زیاتر بێت لە عیرفان و تاک و کۆ پاسیڤ نەکات؟. ئێستا بیر لەم دێڕە شیعرە دەکەمەوە کە لە هیچ شیعرێکمدا جێگەی نەبووەوە: «ئەوەندە لە چەمکی جیاوازییدا نغرۆ بووین تا سنووری خەسان. تۆزێک رەقتر خۆت بنوێنە ئەی ئەو دنیایەی دەمەوێت بتگۆڕم». نهۆ باشتر لە مەبەستی خۆم تێدەگەم، رەنگە ئەو خۆشەویستییەی من تەرحی دەکەم کەرەستەیەکی تری شۆڕشگێڕانە بێت دژی نیولیبراڵیزم و کاپیتالیزم.

من: مادام ناوی هاتە پێشەوە با لە بادیۆ تێنەپەڕین، خۆشەویستی یەکێک لەو چوار پێدراوەیە لای بادیۆ مەرجن بۆ دروستکردنی (ژیانی راستەقینە). ئالان بادیۆ لە نێوان ویستی گەڕانەوە بۆ نەریتە رزیوەکان و رادەستبوون بە سیستمی کالاپەرستیی سەرمایەدا، ئەڵتەرناتیڤی سێیەم بۆ گەنجان پێشکەش دەکات، بە کاریگەریی رامبۆ «شاعیری فەرەنسی سەدەی نۆزدە» ئەو ئەڵتەرناتیڤە بە «ژیانی راستەقینە» دەناسێنێت. لە ناساندنی ژیانی راستەقینەشدا چوار بوار دەستنیشان دەکات ئەوانیش (عەشق، هونەر، زانست، سیاسەت)ن. ئەوەش بە چوار پانتایی دەزانێت هەقیقەتی تێدا دەردەکەوێت. بادیۆ لە ئینتەرڤیۆیەکی تایبەتدا ئەم چوار دەرفەتە زۆرتر روون دەکاتەوە و دەڵێت (داوام لە گەنجان ئەوەیە، بەناو ئەم چوار مەرجەدا گەشت بکەن، بەرەو رووی هونەر ببنەوە لە هەموو فۆرمەکانیدا، بە وەفاوە بچنە ناو عەشقەوە و بۆ ماوەیەکی درێژیش تێیدا بمێننەوە، بەشداریی لە ئەکتی سیاسیی دروستکردنەوەی دنیایەکی دادپەروەرتردا بکەن، تا ئەو ئاستەش لە زانست بێ ئاگا نەبن، بکەوێتە چنگی تەکنۆلۆژیا یان سەرمایەوە). بە هەمان شێوە لە دیدی «ئەریک فرۆم»دا تەنیا کەسە مەزن و دەگمەکانن دەتوانن لە

سەردەمی کاڵاسەروەریی و زێدەبەرهەمی سەرمایەدارییدا خۆشەویستی بکەن، چونکە وەک ئیدوارد لۆتواک بیری لێ دەکردەوە سەرمایەداریی ئەڵتەرناتیڤێکی تری بۆ بێبەشبوون لە خۆشەویستی دۆزیوەتەوە، ئەویش کارە. بەم چەشنە سەرمایەداریی و خۆشەویستی وەک دوو شتی ناکۆک خۆیان نمایش دەکەن، چونکە ئەوەی کاپیتالیزم دەیخوازێت بە کاڵابوونی جەستە و هەر ئۆرگانیزم و نائۆرگانیزمێکە، ئەمەش بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ ناوەڕۆکی خۆشەویستیدا تەبا نایەتەوە و لەم نێوەندەدا هیچ ئەگەرێکیش نییە بۆ سازان و ئاشتی.

سێبەر: ئیبن عەرەبی پێیوایە ویستی خۆشەویستی ویستێکی خودایییە، چونکە خودا هیچ شتێکی بێ ئامانج و بە خراپیی نەئافراندووە، بەو مانایەی هەر شتێک لە بووندا هەبێت، هەبوویەکە لە جەوهەرە بناغەییەکەی خۆیدا باشە، بەو پێیەی خودا شتانێکی زیادە و بێ کەڵک ناخوڵقێنێت، ئەگەر حیکمەتێکی لە پشتەوە نەبێت. لەم سۆنگەوە نابێت رقمان لە هیچ شتێک ببێتەوە ئەگەر بە فەرمانی خودایی هاتبێتە ئارا، جا با ئەو خۆشەویستییە بە چاکەی ئێمەش تەواو نەبێت. ئیبن عەرەبی هەمان سروودی مەسیحی دەگوتەوە تەنانەت ئەوانەشمان خۆشبووێت رقیان لێمانە و چاکە و چارەی ئێمەیان ناوێت، چونکە بڕوای وابوو خۆشەویستی کرۆکی ئاین پێکناهێنێت، بەڵکو خۆشەویستی خۆی ئاینێکی سەربەخۆیە، لە ئاینەکەی ئەودا بانگەشە بۆ ئەوە دەکرا هیچ شت و بوونەوەرێک لە مێروویەکەوە بیگرە تا مرۆڤ، بێ پێویستی نەخوڵقێنراوە، ئەگەر رقمان لە یەکێک لەو شتانە بێت لە بووندا، رقمان لە کارەکانی خودایە. لەودیو ئەم جیهاندیدیشەوە، روانگەی یەکێتی بوون «وحده الوجود» کە زۆرتر سۆفییەکان لە مێژووی ئیسلامدا لایەنگری بوون ئامادەیی تەواو و بەرجەستەی هەیە. ئێمە چی بکەین، تا بەناوی خۆشەویستییەوە نزا بۆ چەوسێنەرەکانمان نەکەین؟ پێموایە دەبێت کودەتا بکەین بەسەر جۆری خۆشەویستی عیرفانی ئیسلامیی و کریستیانیزمدا. مەگەر رێگاچارەیەکی تر هەیە؟.

من: کێشە ئەوەیە خۆشەویستی خراوەتە ناو بازنەی ئاکارە و رێگە هاتنە دەرەوەشی لێ گیراوە. نیچە لە هەردوو کتێبی «ئەودیوی چاکە و خراپە» و «رەچەڵەکناسیی رەوشت»دا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، ئیتیک داهێنراوی دەستی

زەبوونەکانە، ئەوان بە کوتەکی رەوشت تۆڵە لە نەجیبزادە و چینی ئەریستۆکراتی کۆمەڵگا دەکەنەوە، لە وێنای مەسیحدا شوێن ئەو وردەکارییانە کەوتووە کە عیسای ناسری بە بەها ئاکارییەکان بەرەنگاری دەسەڵات دەبووە، ئەویش هاندان بوو بۆ خۆشەویستی و میهرەبانی نواندن لە بەرامبەر نەیاران. دوو جۆر رەوشتیش لە یەکتر جیا دەکاتەوە، رەوشتی باڵا و سەروەرانە، لە بەرامبەردا جۆری دووەم بریتییە لە رەوشتی نزم و کۆیلە کە ئەخلاقیاتی مەسیحییەت دەخاتە ناو ئەم بۆتەوە. نیچە بڕوای بە بەهێزبوون هەبوو وەک لە بە رەوشتبوون، پێداگرێکی سەرسەخت بوو بۆ ئەوەی تاک لە تەڵزگە ئاکارییەکان رزگار بکات و جەنگ دژی مرۆڤە قەزەمەکەی ناخی بکات، لە پێناو گەیشتن بە بەرزە مرۆڤ «سوپەرمان»، بەرزە مرۆڤیش لەسەر تەختی رەوشت دانانیشێت، نەخێر عەرشەکەی بە هێز رادەگرێت و دەپارێزێت. تەنانەت ئەوەی دووپات دەکردەوە، ئەگەر کۆمەڵگەی رۆم لەبەر بوونی ژمارەیەکی بێ ئەندازە لە کۆیلە تەخت و تاراجی کرابێتە خۆڵەمێش، ئەوا شارستانێتی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی لەبەر نەبوونی کۆیلە دەگاتە کۆتاییە غەمناکەکەی خۆی، بەڵام مارکس بە پێچەوانەوە لە پرسی رەوشت دەڕوانێت، پێیوایە بەها ئەخلاقییەکانی وەک خۆشەویستی یەکتر و پابەندبوون بە نەریتە کریستیانیزمییەکانی وەک چاکەکاریی و خۆشویستنی نەیاران و میهرەبانیی و دڵنەوایکردنی ستەملێکراو تا بەرگە بگرێت، رستێک بەهای ئیتیکیین لە خزمەتی سیستمی سەرمایەدارییدان، تا بە میکانیزمی رەوشت وەک بەشێک لە سیستمی ئاینیی، توانای زاڵبوون بەسەر چینی خوارەوەی کۆمەڵگە بەدەستبهێنێت. بە پێچەوانەی نیچەوە، کارڵ مارکس واینەدەبینی بە کوشتنی بەها رەوشتییەکان و پاککردنەوەی ناخی تاکەکەس لە مەیمون و پیاوە گرگنەکەکان، ئازادیی تاکەکەسی فەراهەم دەبێت، لای وی رزگاربوونی تاک بەستراوەتەوە بە رزگاربوونی گشت لە هەژموونی بۆرژوازی و چەوساندنەوەی چینایەتی. ئەوەی من تێیگەیشتبم، هەردوو فەیلەسوف بە پارادایمی جیا لە یەکتر رەخنە لە رەوشت دەگرن، بەڵام یەکێکیان دەیەوێت رەوشت لەناو ببات تا کۆمەڵگە بە فۆرمێکی هیرارکی و بە قازانجی هێز و بەهێزەکان دابڕێژێتەوە، ئەویتریان خوازیارە ئەو رەوشتانە مەحف

بکاتەوە دەبنە لەمپەر لە بەردەم رزگاریی کۆمەڵایەتی کە پێشمەرجێکی سەرەکییە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوساندنەوە.

سێیەر: ئەخلاقگەرا نیم، هەرچەندە بەدئاکاریش نیم، برێکی زۆر لە دیدە «نیچە»یەکەوە نزیکم کە هەموو جۆرە ئاکارێک لەسەر بنەمایەکی نائاکاریی دروست بووە و دەبێت، بە دیوەکەی تریدا لە دنیایەکدا کە هەر شتێک بە شێوازێکی نائەخلاقی بەڕێوە دەچێت و نائەخلاقی فەرمانڕەوایی دەکات، مرۆڤی ئەخلاقگەرا، تا دوا سنوور کوشندەیە، چونکە ئەخلاق پاسیڤت دەکات بەرامبەر بە سیستمی باڵادەست و لە هەموو بارێکدا چەکت دەکات لە کردەی رادیکاڵانە، ئەمە هەم لەگەڵ دیدی مارکسیزم کۆکە هەم میدیۆمێکە دەگاتەوە سەر ناوەڕۆکە نیچەییەکە «پێویستە بەهێزبین نەک بە رەوشت». رەوشت بەپێی بۆچوونی من تەنیا رەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستە درۆ نەکەم لەگەڵ تۆ، ئەمە بەهایەکی رەوشتیی کۆمەڵایەتییە، پێویستە لەگەڵ ئەوەی دەینووسم و دەیڵێم راستگۆ بم دیسانەوە ئەویش دەچێتە ژێر چەتری رەوشت، بەڵام لە سەیرکردنی دنیادا شۆڕشگێڕم، خۆ شۆڕش هەر ئەو ئەکشنە زبرانە نین لە رێگەی لوولەی چەکەکانەوە بینیوومانن، فیکر خۆی کەرەستەیەکی پلە یەکی شۆڕشگێڕانەیە. ئەو نوسخەیە لە چەپ کە باوەڕم پێیەتی، رستێک بەهای رەوشتی و چاکەکاریی نییە، بەڵکو تیۆرەیەکی رادیکاڵە بۆ هەڵگێڕانەوەی دنیای کۆن. بۆ ئەوەی لە جیاوازیی نێوان ئەخلاقگەرا و شۆڕشگێڕ بە سادەیی نیشان بدەم، نموونەیەک دەهێنمەوە: هەر کەس لە ئێمە دیمەنی ئەو منداڵە کوردانەی بینیوە لە ترافیک لایتەکاندا بە پەرۆیەکەوە دێن جامی ئۆتۆمبیلەکانمان بۆ پاک دەکەنەوە، تۆ کاتێک برێکی زیاتر لەوەی ئەو چاوەڕوانی دەکات پارەی دەدەیتێ، ئەمە کارێکی ئەخلاقیانەیە، ئایا ئەمە هیچ لە دۆخی ئەو دەگۆڕێت؟، نەخێر، بەڵام شۆڕشگێڕ بیر لە گۆڕینی ئەو دنیایە دەکاتەوە ئەو منداڵەی وا نەدار کردووە، نەک بیری لێ دەکاتەوە، هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی ئەو زەمینەیەش. خۆ منیش بەشێوەیەکی گشتیی بەم فۆرمە ئەخلاقییە مامەڵە دەکەم، هەر ئەوەی هەموو کات پێم خۆش بووە لە دوکانە میللییەکان و دەستفرۆشەکان پێداویستییەکانم بکڕم یان لەسەر عەرەبانەیەک لەفەیەک بخۆم،

نامەوێت بڕۆم لە مۆڵ و ڕێستۆرانتە لوکسەکاندا شت بکڕم و نان بخۆم، دەمەوێت ئەو پارەیەی لە بازاڕکردندا خەرجی دەکەم ببێتە هۆی خەندەی منداڵێکی هەژار نەک ببێتە نهۆمێکی تری پارەی سەفتەکراوی سەرمایەدارێک یان زیاتر.

من: با سەرنجت رابکێشم بۆ لای ڕەهەندێکی تری پرسی خۆشەویستی و ئەخلاق. مارکس ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە خۆشەویستی دەبەخشێت، بەوەی بونیادێکی سەرخانییە و وێنەدانەوەیەکی خەستوخۆڵی ژێرخانە و بەشێکیشە لە پرۆسەی بەرەوپێش و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و بیۆلۆژیی. پێیوایە باسوخواسی خۆشەویستی سەری لە مەنجەڵی فەلسەفەی ئەخلاقگەراییدایە، بۆیە دەنووسێت: «کۆمۆنیستەکان لە هیچ بارێکدا مژدەی ئەخلاقی راناگەیەنن، ئەوان ئەم داواکارییە ئەخلاقییانە بۆ مرۆڤ پێشنیار ناکەن، یەکترتان خۆش بووێت و خۆپەرست مەبن»، بەڵام لینین، بوو بە میدیۆمێکی ئەخلاقگەرایی و کۆمۆنیزم، بڕێکی زۆر لە بنچینە ئەخلاقییەکانی بۆ کۆمۆنیزم زیاد کرد. بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەیەکی پەروەردەیی گرتبووە بەر کە وا لە مرۆڤ بکات دژی خۆپەسەندیی و ئیگۆیستی بوەستێت، گەرەکی بوو لە ڕێگەی قوتابخانە و خێزان و پارتی و سەندیکاکانەوە پێداگۆگی کۆمۆنیستی پەرە پێبدات تاکو لە رادەی ئەو برە بەرزەی ئیگۆیستی مولکایەتی کەم بکاتەوە، ئەوەشی بە زامنی لەناوچوونی دنیای کۆنی چەوسێنەر دەزانی، لەم سۆنگەوە دەتوانین لینین بە دامەزرێنەری ئەخلاقگەرایی کۆمۆنیسیتی بناسێنین، ڕەنگە ئەوەمان هەمان ناوەڕۆک بێت مەکسیم گۆرکی لە راگەیاندنی (ریالیزمی سۆشیالیست)دا لە ساڵی ١٩٣٤ ناوینا پەروەردەی سۆشیالیستی. کەچی لای مارکس ئەمە کردەیەکی ئەنتاگۆنیستییە لەگەڵ پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم کە ئەرکی خوێندنەوەی رووکارە ماتریالیستییەکەی ئەم پرسەیە. بەو پێیەی ئەخلاقگەرایی ڤۆکەس دەکاتە سەر ڕەفتاری تاکەکەس نەک ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. لە دیدی مارکسەوە ئەمە زەبری کوشندە بە مرۆڤ دەگەیەنێت و وا لە مرۆڤ دەکاتە لەگەڵ خۆی بکەوێتە دژایەتی لە بری کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی. لای مارکس گرنگ گۆڕینی تاکەکەس نییە بەڵکو گرنگ گۆڕینی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی و دنیایە، ئەو دنیا ئەخلاقگەراییەی پێشوو کە لەسەر هەستی بەختەوەریی و ئەم دنیا نوێیەی هەنووکە کە لەسەر سترۆکتوری چێژگەرایی دامەزراوە. دەبێت

لێرەدا لێڵییەک روون بکەینەوە، وەنەبێ مارکس رەخنەی خۆشەویستی بکات یان رەتی بکاتەوە یان کەسی خۆشنەویستبێت «نامە بەناوبانگەکەی بۆ جێنی شایەتە» بەڵکو لێرەدا کاتیگۆرییەکان دەخاتەڕوو، لە کلاورۆژنەی ماتریالیستییەوە ئەو چەمکە شی دەکاتەوە. ئەگەر نا مارکس لە هەر کەس زۆرتر خەریکی خۆبەرهەمهێنانەوە بووە لە دڵی جێنی دا، وەک لای «ئەریک فرۆم»یش، خۆشەویستی وزەیەکە بۆ زاڵبوون بەسەر دابڕاندا و هێزێکە بۆ کەمەندکێشکردن و نزیکبوونەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خود لای کەسانی تر، بۆیە بە وزەیەکی کاریگەر چاوی لێدەکات.

سێیەم: ئەوەی باسکرا، خۆشەویستییە بە مانا گشتگیرەکەی، ئەگەر بازنەکە تەسکتر بکەینەوە و ڤۆکەس بکەینە سەر خۆشەویستی نێوان هەردوو رەگەز، یەکێک لە شتە هەرە بێماناکان پرسی راستگۆییە. وا بیری لێ دەکەمەوە مژاری راستگۆیی لە خۆشەویستی نێوان هەردوو رەگەزدا گرفتئامێزە، لە نیگای یەکەمدا وا دەردەکەوێت نابێت نێوانی دوو کەسەکە بە ناڕاستی بئاخنرێت، ئەمە نزمترین فۆرم و نمایشی خۆشەویستییە، بەڵام بالاترینی ئەوەیە من تۆم بەهەموو نەنگی و خواروخێچییەکەوە قبوڵ بێت و وەک پۆڵ ئێلوار لە دێڕە شیعرێکدا وتی «لەبەر خۆشەویستی خۆشم دەوێی»، ئەوسا راستگۆیی من پێش هەر شتێک لەگەڵ هەست و بڕیاری خۆشەویستیدا خۆی دەنوێنێت، خۆشویستن تەنیا لەبەر خۆشەویستی وەک ئەوەی مەسیح لە ئامۆژگاریی سەر چیادا فێری هاوڕێکانی خۆی دەکات. ناکرێت ئێمە بە هۆی شتێکەوە کە لەودا بوونی هەیە، بۆ وێنە لەبەرئەوەی پارە یان زیرەکی یان رووخسارێکی جوانی هەیە، ئیدی خۆشمان بوێت، کاتێک ئەو شتانەی بەهەر هۆکارێک لە دەستدا خۆشەویستییەکەی لەگەڵیدا ببێتە غوبار. خۆشەویستی یەکگرتنی دوو دووانەی لێکچوو نییە، بەڵکو یەکگرتنی دوو دووانەی جیاوازە، دوو دانە رەنگە خوداشیان یەک نەبێت، بەڵام لەبەر خاتری خۆشەویستی یەکتریان خۆشدەوێت، هەر کات بابەتێکی تر لە ئارادا بێت، نەک خۆشەویستییەکە کاڵ دەکاتەوە، بەڵکو لە بناغەوە هەڵیدەتەکێنێت. بۆ ئەوەی پرۆسەکە نەبێتە بە ئۆبێکتبوونی یەکێک بۆ ئەویتر، پێویستە ئەو رێسا هەمیشەییە بە قووڵترین شێواز لەبەرچاو بگیرێت: خۆشەویستی لە پێناوی خۆشەویستی.

من: ئەوە شتێکی تری بیر خستمەوە، لۆژیکی فیلم وایە هەموو کات هۆکارێک، چاکەیەک دەبێتە هۆی داگیرسانی ترووسکەی خۆشەویستی، لە نموونەی ئەوەی پاڵەوانی فیلمەکە کچێک لەناو ئاگری ماڵێک رزگار دەکات یان ژنێک لە دەستی گرووپێک شەلاتی رزگار دەکات، بەو مانایەی عەشق هیچ کات بێ هۆکارێک نییە و لەسەر قوربانیدانی ئەویتری پیاو راوەستاوە، لە فیلمەکاندا ئەوە پیاوەکانن ژنان رزگار دەکەن و پارێزگارییان لێدەکەن لە هەر مەترسییەکی دەرەکی، یان زۆرجار ژنێک بە پیاوێک دەڵێت چ هۆکارێک وای لێکردیت منت خۆشبوویت؟ هەروەها بە پێچەوانەشەوە. ئەم پرسیارە نەک بێمانایە، بەڵکو ناوەڕۆکی خۆشەویستی دەبەستێتەوە بە هۆکارێک لە دەرەوەی زاتی خۆی، بڕوا نەکردنە بە خۆشەویستییەکی بێ مەبەست و هۆکار، بڕوانەکردنە بە خۆشەویستی تەنها و تەنها لەبەر خۆشەویستی، ئەمە بەتاڵکردنەوەی ناخەکیی خۆشەویستییە، لە بری قەناعەتکردن بەوەی خۆشەویستی هەموو ساتێک لە قووڵایی ناخ و تینوتاوی هەستەکانەوە دێت، دەیکاتە پرۆسەیەکی دەرەناخ و دەرەهەست، زۆرجار لە دنیای جوانیی رووخسار و بەرژەوەندییەکاندا بەدووی هۆکاری ئەو وشەیەدا دەگەڕێت، واتە وشەی خۆشم دەوێی. ئەمەش تاوانی کەس نییە وەک تاک، خەتاکە لە ئەستۆی ئەو واقیعەیە پڕیەتی لە نموونەی پەیوەندیی بەرژەوەندخوازانە و هەوەسبازانەی پەتی، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت لەناو ئەو هەموو دەربڕینە زۆر و رۆژانەییانەی «خۆشم دەوێی»دا، وتنە راستەقینەکە بدۆزرێتەوە، دنیا لەو جۆرە مرۆڤانەی تێدا کەم بووەتەوە، لە خۆشەویستیدا بە دوای هیچەوە نین جگە لە خۆشەویستی خۆی. ئەڵبەتە من لەم ئارگۆمێنتەدا بە چڕیی باسی نەریتی مرۆڤی خۆرهەڵاتی «شەرقی» دەکەم.

سێبەر: مرۆڤی هەنووکە بە هۆکارێکیش عاشق نابێت، تەنیا بیر لە چێژبردن لە لەشی ئەویتر دەکاتەوە. سلاڤۆی ژیژەک، فەیلەسوفی هاوچەرخی سلۆڤینی، پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، بە حوکمی گەڕانەوەی سەردەم بۆ قۆناغی پێش رۆمانسیزم یان بۆ سەدەی شانزە و حەڤدە کە ئەوسا کەسوکارە نزیکەکان بۆیان دیاری دەکردین کێیە ئەو کەسەی لەگەڵیدا دەژین و دەبێتە هاوسەر

یان خۆشەویستمان، ئێستاش دەزگا تایبەتمەندەکان و سۆشیال میدیا بریکاری ئێمەن بۆ هەڵبژاردنی کەسێک بۆ ئەوەی ژیانی لەگەڵ دروست بکەین، بۆیە چیتر «ناکەوینە ناو خۆشەویستییەوە» یان خۆشەویستییەکە بە بێ ئەوەی بکەوینە ناو خۆشەویستییەوە. ژیژەک ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات جگە لە زمانی فەڕەنسی لە زۆربەی زمانەکانی دیکەدا پەیوەندیی خۆشەویستی بە «کەوتنە ناو» وێنا کراوە، ئەو پێیوایە خۆشەویستی ڕووداوێکە «ڕووداو لای بادیۆ و ژیژەک ڕەهەندێکی فراوانتری هەیە لە مانا باوەکە» و دەرئەنجامی ڕێکەوتێکە «سودفە»، بە گەوارکردنی ئەم ڕێکەوتە هەموو شتێک بە ریشەیی لەگەڵیدا دەگۆڕێت و دنیای کەسەکە دابەش دەبێت بۆ دوو جیهان، جیهانی پێش کەوتنە ناو خۆشەویستی و جیهانی دوای کەوتنە خۆشەویستییەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەو ڕووداوە قەشەنگە بووەتە ئاوارتە و دەگمەن، ڕووداوێکی ناوازە و حاڵەتێکی شاز، ئەگەرچی خۆشەویستی هیچ کات نەبووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هەمیشە لە دۆخی دەستەبژێرانە و حاڵەتدا خۆی نواندووە، کەچی بۆ ژیژەک دۆخەساتی دۆزینەوەی مەعشوق (ڕێکەوتێکی ڕووت و زۆر سادەیە، بەڵام دەرئەنجامی هەموو ژیان لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت). وەک بڵێی هەموو تەمەنت ئامادەکارییت کردبێت بۆ ئەم ڕۆژە یان بۆ ئەو چرکەساتەی دەکەویتە ناو پەیوەندیی خۆشەویستییەوە. لەم ڕووەوە ژیژەک ڕستە هەرە باوەکەی سەر زمانی عاشقان بە بیر دەهێنێتەوە «بە درێژایی تەمەنم چاوەڕوانی تۆ بووم». ئیدی چیرۆکێکی تر لە ژیانتدا دەست پێدەکات جیاواز لە چیرۆکەکانی پێشووتر، یادەوەرییەکانت کاڵتر دەکاتەوە و یادەوەریی نوێ لە جێگەیان دادەنێت، چەشنی لە دایکبوونەوەیەکی ترە و زۆربەی جار مێژووی مرۆڤ لەو ساتەوەختەوە دەستپێدەکات دەکەوینە ناو خۆشەویستییەوە. مرۆڤی نوێش بەو حەشاماتە دەزانێت لە ڕووداوی خۆشەویستی دەترسن و بە هەموو جۆرێک لە هەوڵی خۆ لێ لادان و دوورەپەرێزییدان لەگەڵیدا، بە هەمان ئەو شێوەیەی خۆی لە مەرگ دەدزێتەوە و لە ئازارەکانی هەڵدێت.

من: عەشق لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە (بە تایبەت لای ژاک لاکان) بریتییە لە هەڵەیەک لە گواستنەوەی ناسنامەدا، بەو مانایەی عاشق ئەویتر مەعشوق

ئایدیالیزە دەکات و وێنایەکی سەرتر لە مرۆڤ و بوونەوەرانی پێدەبەخشێت، دواجاریش لەوێدا وەهمەکە پووچ دەبێتەوە، لە پراکتیکدا دەردەکەوێت ئەویتری خۆشویستراو «ئۆبێکت» هیچی تر نییە جگە لە مرۆڤێکی زۆر ئاسایی چەشنی هەر مرۆڤێکی تر. هەر بۆیە لە روانگەی دەروونشیکارییەوە عەشق هەڵەیەکی تری ژیانە، هەڵەیەک لە مەزندەکردن و گواستنەوەی وێنەی ئەویتردا. بەم هۆیەوە لاکان عەشق بە «پانتاییەکی خەیاڵی» ناودەبات، بە دیویێکی تردا ئەوەی لە عەشقدا رۆڵی سەرەکی دەگێرێت ئەو فەنتازیا و زێدەرۆییکردنەیە لە پانتایی خەیاڵدا، ئەو هەستە دروستدەکات، تۆ و ئەویتر، هاوبەش و چوونیەکن، دووانەی دابڕاون، هەر دەبێت ببنەوە بە یەک، ئەویش لە رێگەی ئەو کێشە مەتەڵئامێزەی بە عەشق ناودەبرێت. ئەگەر لە ئیدیۆمەکانی «چاوەڕوانی یەکێکی وەک تۆ بووم» یان «بە درێژایی تەمەن خەونم بە کەسێکی وەک تۆوە بینیوە» یاخۆ «زۆر درەنگ تۆم دۆزییەوە و لە مێژە چاوەڕوانت بووم» و هتد.. ورد ببینەوە، جۆرێک لە ئایدیالیزەی ئەویتری تێدا کراوە، هەروەک ئەوەی بوونی ئەم هیچ واتایەکی نەبووبێت، تا دەرکەوتنی ئەویتر، لە کاتێکدا داتاشینی ئەم کلێشە نموونەییە بۆ ئەویتری خۆشویستراو، زادەی خەیاڵێکی رۆمانسییانەی بێ بناغەیە ئەگەر نەڵێم زادەی وەهمە، عاشق دەچێتە دۆخێکی سەوداسەریی و بێهۆشی وەهاوە، عەیبەکانی مەعشووقی لێ دەبێتە جوانییەکی تر، هەوڵ دەدات درز نەکەوێتە ئەو وێنە ئایدیاڵەوە، بە چڕیی پارێزگاریی لەو خەیاڵ و فەنتازیایە دەکات خۆشەویستی لەسەر بینا دەکرێت، ئەمەش لە ئەدەبیاتی کوردییدا بە تایبەت لە شیعری کلاسیکدا رووبەرێکی زۆری داگیر کردووە، هەر ئەو پاساوەی نالی بۆ چاوە خێلەکەی مەحبووبەی دەهێنێتەوە نموونەیەکی زیندووە، کاتێک لە شیعرێکدا بەم ریتۆریکە بەرزەوە دەڵێت: «پێم دەڵێن: مەحبووبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا.. خێل و قیچە یا ترازووی نازی نەختێ سەر دەکا؟□». لێرەوەیە لاکان و هەندێک لە دەروونشیکارانی تر، عەشق بە هەڵەیەک دەزانن، مەبەست لە هەڵەش ئەوە نییە، پرۆسەکە هەڵەیە بەڵکو تێبینی دەخەنە سەر گەوهەری هەڵەکە کە بریتییە لە فەنتازیا و خەیاڵکردنێکی هەڵە و چاوەڕوانییەکی چەواشەکراو لە وێناکردنی ئەویتردا.

بە دیدی فەیلەسوفی فەڕەنسی «گاستۆن باشلار» خەیاڵ چنینێکە پێویستی بە واقیع نییە، بە مانایەکی تر سیستمێکە ئافرێنەری کەتواری تایبەت بە خۆیەتی، بۆ ئەوەی شیعرێک بنووسم پێویستم بە زێدەڕۆییەکی فەنتازیی هەیە، شاعیرەکان ئەوانەن پاڵپشتی واقیعی بۆ میتافۆر و رستەکانیان نادۆزنەوە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوپەڕی زیادەڕەوییکردنە لە خەیاڵدا، شاعیری باش ئەوەیانە زۆرترین خەیاڵی هەیە و زۆرترین خەیاڵ بە دەق دەکات، لە عەشقیشدا ئەم وێناکردنە فەنتازیکە بە شتێک زیادەشەوە دووبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوە پێویست ناکات لە واقیعدا مەعشوق کتومت ئەو کەسە بێت پەسنی کراوە، ئەوەی گرنگە تەنێ خودی فەنتازیای عاشق یان سوبێکتە. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەروونشیکاران کێشەیەکی تری عەشق دەخەنە روو، ئەویش خودئەڤینی سوبێکتە کە بە هەموو شێوەیەک بە دوای تەواوکردنی خۆی و وەڵامدانەوە بە خولیا و حەز و ویستە ئیرۆسی و نائیرۆسییەکانی خۆیەوەتی لەسەر خاکی بە پیتی ئۆبێکتدا، لەبەر ئەم هۆیە بوو جارێک لە شیعرێکدا ئەوەم نووسیبوو: «عەشق داگیرکردنێکی چاوچنۆکانەیە». هەر کەس لەسەر زەمینی عەشقدا بە دوای ویستەکانی خۆیدا دەگەڕێت، بە دوای یەکێکی ترەوەیە کەموکوڕیی و بۆشایی و تەنیاییەکانی بۆ پڕ بکاتەوە. وەک مۆریس بلانشۆ روونیدەکاتەوە: «من ئەوەم کە نییە». دەتوانین ئەم دەربڕینە لە سیاقی خۆی دەربهێنین و لەم شێوەیەدا بەرهەمی بهێنینەوە: من بە دوای شتێکەوەم بوونی نییە، وا مەزندە دەکەم لە یەکێکی تردا هەیە و دەبێت ئەو کەسە بدۆزمەوە. بۆیە لاکان پێیوایە عەشق بریتییە لە بەخشینی شتێک خۆت نیتە!. بەم پێودانگەش عەشق بەرئەنجامی کەموکوڕییەکە وەک وتمان دەتەوێت لە ئەویتردا دەستت بکەوێت، هەروەک دەتوانین بڵێین فۆرمێک لە ئایدیالیزە و فەنتازیایە نەنگییەکی ئەویتری لە بندا دەشارینەوە. لەم رەهەندەوە فەیلەسوف و دەروونشیکاری سلۆڤینی «رێناتا سالیکڵ» پێیوایە عەشق پەیوەندییەکی پتەوی بە بێئاگاییەوە هەیە یان بە خۆبێئاگاکردنەوە، بۆیە بە راشکاویی دەستەواژەی «عەشق کوێرە» لەوەدا روون دەکاتەوە بینینی ئەویتر لە وێنە هەقیقیی و شەفافەکەیدا خۆیدا کۆسپ دەخاتە بەردەم ئەو ئاستە بەرزەی فەنتازیاکردن عەشقی لەسەر

ڕۆنراوە، بەم هۆیەوە (لەم چرکەساتەدا، عاشقان چاوی خۆیان دادەخەن، بۆ ئەوەی جۆش و خرۆشیان دانەمرکێتەوە).

وەک هەمان ئەو ناوەڕۆکەی لە چیرۆکی (مەرگی ناوادە)دا «لە ژمارە ٢٩٣-٢٩٤ گۆڤاری رامان بڵاوکراوەتەوە» خستوومەتە روو، جۆرێکی تر لە گوزارشتە لەم دۆخە، چۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە دوای وێنایەک دەکەوێت بۆ هەڵبژاردنی مەعشوق، بەڵام ئەو تێناگات دوای تراویلکە کەوتووە و ئەو ستانداره هەروەک فەنتازیا دەمێنێتەوە، بەو پێیەی عەشق زادەی فەنتازیاکردنە وەک لە واقیع، نقوومبوونە لە ئۆقیانووسی ریاڵ «مەحاڵ»دا. بەم پێیەش ناڕەوا نییە بڵێین چیدیکە یەکترناسین و بەرکەوتنی راستەوخۆ بۆ عاشقبوون رۆڵی نامێنێت، مادام شتەکە تەنیا فەنتازیاکردنە، رووبەری مەجازیی سۆشیال میدیاش دەتوانێت پانتاییەکی تر بێت بۆ کەوتنە ناو عەشقەوە، بەڵام بە پووکانەوەی ئەم فەنتازیایە، وەک سالیکڵ تێبینی کردووە، پرۆسەکە لە خۆشەویستییەوە دەگۆڕێت بۆ رق و بێز لێهاتنەوە، بە شێوەیەک لە بیری دەکەین رۆژێک لە رۆژان بەرامبەرەکەمان بە نیوەکەی تری خۆمان زانیوە. هەروەک چۆن دەکرێت هاوکێشەکە هەڵگەڕێتەوە بۆ دیوەکەی تر، رق بەرەو خۆشەویستی وەرچەرخێت مادام بێئاگایی رۆڵێکی ئێجگار سەرەکی دەگێڕێت لە پرۆسەکەدا هەر رووداوێک پێشبینی کراوە، هەروەتریش ئەو هەستی بێئاگاییە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ پینەکردنی درۆ و ناپاکییەکانی نێوان عاشق و مەعشوق. سالیکڵ بۆ رێفیرانسە سەرەکییەکەی خۆی دەگەڕێتەوە «ژاک لاکان»، باس لەوە دەکات، لە عەشقدا بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێین خۆمان نیمانە، بە پێچەوانەوەشەوە هەروا، بەڵام لەو لاوە «ژاک درێدا»ی فەیلەسوفی فەڕەنسین سەرباری ئەوەی بایەخێکی ئەوتۆی بە عەشق نەدابوو و لە میانەی گیروگازی ئینتەرڤیۆیەکەوە ناچار دەکرێت بە وەڵامدانەوەی پرسیارێک لە بارەی عەشقەوە، دوو شت لە عەشقدا جیا دەکاتەوە و پرسیار دەکات ئێمە لەو پرۆسەیەدا بە دوای «کێ» یان «چی»یەوەین؟، جیاوازییەکی ریشەیی لە نێوان «چی و کێ»شدا دەخاتەڕوو، بەوەی ئایا ئێمە لە خۆشەویستیدا بە دوای ئەوەوەین، من تۆم بۆیە خۆشدەوێت لەبەرئەوەی تۆیت یاخۆ هەندێک تایبەتمەندیی و خەسڵەتی تۆم

خۆشدەوێت کە خۆم نیمە؟. بۆیە بە روونی دەڵێت: «جیاوازیی کێ و چی لە دڵی خۆشەویستی خۆیدایە».

وەک خۆم لایەنگرێکی شێلگیری دیدگای درێدام، نامەوێت هیچ خاسێت و تایبەتمەندییەک رۆڵ بگێڕێت لە خۆشەویستیدا، واتە «چی» دەپووکێنمەوە لە بریدا «کێ» دەهێنمە پێشەوە، بە هەر جۆرێک خاسێتە بەرجەستە و نابەرجەستەکانی وەک زیرەکیی، سامان، جوانیی رواڵەتیی، پێگە و ئۆتۆریتە، هتد.. بوون بە هۆکاری داگیرسانی دڵ، بە دڵنیاییەوە بە نەمانی ئەوانە دڵەکەش خامۆش دەبێت، بەڵام کاتێک تۆ کەسێکت خۆشویست بۆ خاتری ئەوەی ئەو ئەوە و لەبەر خۆی، ئەمە وا بە ئاسانیی لەسەر نەخشەی دڵ ناسڕدرێتەوە. ئەمەش بە جۆرێکی تر بەرهەمهێناوەی ململانێی عەقڵ و دڵە لە عیرفانی ئاینییدا بە تایبەت لای سێکوچکە سەرەکییەکە «حەلاج، سوهرەوەردی، مەولانا» بەوەی عەقڵ یان بیرکردنەوە دوای «چی» دەکەوێت، هەرچی دڵیشە دوای «کێ» دەکەوێت. بەڵام بۆ فەیلەسوفی هاوچەرخی فەڕەنسی چەپگەرا «ئالان بادیۆ» عەشق لە بەردەم نەفرەتباران و شێواندنێکی بۆرژوازییانەدایە و داماڵدراوە لە هەر بەها و گرنگییەک، تەنیا و تەنیا وەک (یەکێک لە ئاست و نموونەکانی چێژگەرایی گشتێنراو، ئاستێک لە ئاستەکانی کەیف) تەماشای دەکرێت، ئەو لە بەرامبەر ئەم هەڵمەتەدا بەرگرییەکی سەخت لە ناوەڕۆکی عەشق دەکات و پێیوایە عەشق تۆوێکی گەردوونیی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە و یارمەتیدەرمانە بۆ بینینی دنیا بە ئایدیای جیاوازییەوە. لە بەرامبەر ئەو هێرشەی لەسەر خۆشەویستییە کە تەنیا بریتییە لە چێژێکی سێکسی دۆنادۆنپێکراو، هانا بۆ لاکان دەبات کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە عەشق پەیوەندیی سێکسیی نییە، بگرە شتێکی جیاوازترە. بادیۆ بە توندیی بەگژ ئەو کولتوورە بۆرژوازییەدا دەچێتەوە، خۆشەویستی کورت دەکاتەوە بۆ ئاوێزانبوونی جەستەیی و کردەیەکی سێکسیی پەتی، لە کتێبەکانی «لە ستایشی خۆشەویستی» و «مانیفێستی فەلسەفە»دا بە رژدیی بەرگریی لە چییەتی عەشق و گرنگییەکەی دەکات بۆ ئەمڕۆی مرۆڤایەتی، هەوڵێکی بە نرخی داوە لە رێگەی ئەفلاتۆنەوە پێداگریی لە گەردوونیبوون و فەلسەفیبوونی خۆشەویستی بکات تا ئەم رۆژگارە.

کاری منیش هەمان ئەو بەرگرییەیە لە خۆشەویستی بادیۆ کۆڵنەدەرانە پێی هەستاوە و تا ئەم چرکەیە بەردەوامە لەسەر تێکۆشانەکەی.

سێبەر: ئەوەی راستی بێت بۆ من خۆشەویستی جۆرێکی بچووککراوەی سۆشیالیزمە یان دیوی راستەقینەی سۆشیالیزمی تێدا دەردەکەوێت، چونکە ئەو دەست لەناو دەستی و روحی هاوپشتی و یەکترویستنە سۆشیالیزم نەبێت چیترە؟، بێگومان خۆشەویستی یەکسانی تێدا نییە، هیچ دووانەیەک ناتوانن بە ئەندازەی یەکسان بەشداربن لەو پرۆسەیەدا، چونکە نزیکبوونەوەی دوو جۆر سایکۆلۆژیی و جیهانە، بەڵام هەر ئەوەی کاڵاکان رۆڵیان نامێنێت لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا، مرۆڤ خۆی دەبێتە چەق و سەنتەر، «بەدەر لە مانا ئایدۆلۆژییەکەی وەک ئەوەی لە هیومانیزمدا هەیە»، خاڵی هاوبەشی سۆشیالیزم و خۆشەویستییە! ئەوەی لێرەدا لە بارەی خۆشەویستییەوە پێشکەشی دەکەم ئەڵتەرناتیڤێک نییە بۆ سۆشیالیزم بەڵکو خودی سۆشیالیزم خۆیەتی. هەڵبەتە مەبەست لە خۆشەویستی، بەپێی ئەو فۆرمەی پێشکەشی دەکەم، پرۆسەی سۆزدارییەکی ئەبستراکت نییە، لێ سۆز، راسڵ وتەنی لە بوونمانەوە تیشک دەهاوێت، کەچی ناتوانم لایەنگری مرۆڤی سۆزدار بم، ئاخر مرۆڤی سێنتمێنتالیست مرۆڤێکی دەستەوەستان و سەرنەکەوتووە و توانای رووبەڕووبوونەوەی واقیع و ئاڵنگارییەکانی نییە. مرۆڤی سۆزگەرا مەلەوانێکی ڤێرچواڵە و ناتوانێت لە هیچ کایەیەکی ژیاندا چالاکی هەبێت، چونکە لە یەک کاتدا هەم دژی عەقڵە هەم دژی واقیع و هەموو کات سەری لەناو قۆزاخە سۆزاوییەکانی خۆیەتی. وا بڕوا دەکەم سۆز کەمترین کەڵکی هەیە بۆ مرۆڤ، رەنگە جار جار بۆ نووسینی شیعری سۆزداریی پێویست بێت. هەرچەندە خودی خۆم بەرەو ئەو ریتمە لە شیعرنووسین دەڕۆم، لە کایەی سۆزگەراییەوە لە پەڕینەوەدایە بەرەو فیکر.

من: لەوانەیە بۆ من سەخت بێت، بگرە هەر ناتوانم بە وردیی رۆبچمە پانتاییەکانی چەمکی خۆشەویستییەوە و فرەدیوییەکانی شیتەڵکاریی بکەم و لینکی نێوان سۆشیالیزم و خۆشەویستی بە روونی دیاگنۆس بکەم، بە تەنێ ئەوەندە دەزانم بۆ رۆژگارێکی وەکوو ئەمڕۆ زۆرتر لە هەر شتێک پێویستمان بە

خۆشەویستییە، لەوانەیە بە گوێرەی روانگەی ئەز خۆشەویستی کورت نەکرێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان نێر و مێ، بەڵکو کردەی خۆشەویستی فرەڕەهەندترە و تانوپۆیەکی زیاتریشی هەیە، کەچی ئەوەی بەلامەوە سەرەکییە خۆشەویستی نێوان هەردوو رەگەزەکەیە «نێر و مێ». پێدەچێت هەندێک رەخنە لەمە بگرن گوایە ئەم گۆشەنیگا و روانینە لە خۆیدا فاشیزمێکە دژی رەگەزی سێیەم و هۆمۆ و لیزبێنەکان، گومانەکە لە جێگەی خۆیدایەتی، هەرچەندە وانییە و مەبەستێکی وەها لە ئارادا نییە، لێ تا دەمێکی نزیکیش دژی ترانس جێندەر بووم وەک خودی کردەکە نەک کەسەکان، لەو روانگەی ئەم ئەکتە پێی خزاوەتە ناو پرۆسەی بەناسروشتیکردنی شتە سروشتییەکاندایە با ئەو شتە ئۆرگانیزمێکی وەکوو مرۆڤیش بێت! بەڵام لە ئێستادا تێڕوانینم هەڵگەڕاوەتەوە و تەواو لەگەڵ ئەو تێزەدا تەبا دیمەوە خۆیان بەرزیان کردووەتەوە: ئێمە بە هەڵە خراوینەتە جەستەیەکی ترەوە. لەبەرئەوەی خۆم سەر بەو گروپانە نیم و خۆشەویستیم بۆ رەگەزی بەرامبەرە «مێینە» ناتوانم بە ناوی ئەوانەوە بدوێم، نازانم هەستی هۆمۆیەک بۆ هاوڕەگەزەکەی چۆنە! لە ژیانیشمدا هیچ هاوڕێیەکم نەبووە هۆمۆ یان لیزبێن بووبێت، ئەگەر هەبووبێت رازی دڵی خۆی شاردۆتەوە و گوناهێکم نییە لەمەدا، گوناهەکە لە ئەستۆی کولتووری وشکهەڵاتووی ئێمەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هۆمۆ و لیزبێنەکان کەمینەیەکی کۆمەڵایەتین، شێلگیرانەش داکۆکی لە مافی هەر کەمینەیەک دەکەم، کاتێکیش دەڵێم کەمینە مەبەستێکی سووکایەتی ئامێز لە گۆڕێدا نییە و پێموانییە هاوجنسخوازیی لادانێکی سێکسیی بێت. بەم هۆیە داکۆکیی لە بەهایەکی گرنگی وەک خۆشەویستی نێوان هەردوو رەگەز دەکەم، کە خەریکە دەبێت بە شتێکی عەنتیکە و دەگمەن، لە بری ئەوە چێژبردنی پەلە و سەرەڕێی برەوی هەیە و بووەتە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەو پەیوەندییە ئەگەر سروشتکردیش نەبێت نزیکترین شتە لە سروشتی مرۆییمانەوە. وەک فەیلەسوفی ئەڵمانی «مارتن هایدگەر» لە نامەیەکدا بۆ «هانا ئارێنت»ی نووسیووە و پرسیاری ئەوە دەکات بۆچی خۆشەویستی وزەیەکی پڕ بەهاتری مرۆییە و زاڵترە بەسەر هەموو تواناکانی تریدا؟ بۆچی ئەوانەی خۆشەویستی دەکەن لەوانیتر زیاتر هەڵگری

جوانین و سەروکارییەکی زیاتریان لەگەڵ دیوە ئیستاتیکییەکانی وجوددا هەیە؟. ئەو لە بەرسڤی خۆیدا دەڵێت: چونکە لە خۆشەویستیدا دەگەینەوە بە خۆمان و دەبین بە سوبێکت!. ئایا بە راستی ئێوە دیقەتی ئەو فیلمانەتان نەداوە چۆن کارەکتەرێکی رەق و تەق یان کارەکتەرێکی کالیگۆلایی بە جادووی عەشقی ژنێک چۆن سەرلەبەر ژیانی ئاوەژوو دەبێتەوە؟!، لە منداڵییەوە هۆگری ئەو تەرزە لە فیلمم بۆ نموونە گرووپێک چەتە هەڵدەکوتنە سەر بانکێک یان خەڵکانێک بە بارمتە دەگرن لە شوێنێکدا، یەکێک لەو مافیا یان چەتانە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی یەکێک لە ژنە بارمتەکانەوە یان کارمەندێکی بانکەوە، ئیدی رووداوەکانی تری ناو فیلمەکە لە بیر دەکەم و دەکەومە شوێن چارەنووسی ئەو دوو کارەکتەرەکە، هەمووشمان دەزانین دوای ئەو خۆشەویستییە چی روودەدات.

سێیەر: لە ترسی بە کۆنەپەرست و کولتوورپەرست دانان وایان لێکردووین نەتوانین هیچ گومانێک لە ترانس جێندەر و هۆمۆسێکسوالێتی بکەین یان بە دیدێکی رەخنەگرانەوە لێی بڕوانین، وەک چۆن لە ترسی تاوانبارکردن بە دژە جوو بوون «ئەنتی سمیتیزم» و لایەنگری ئەنگێزەی نازیزم و هۆلۆکۆست، هەموو مافێکی رەخنە لە زایۆنیزم و تاوانکارییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل سەندراوەتەوە، یان وەک چۆن هەر رەخنەیەک لە مەیلە جۆربەجۆرەکانی بزووتنەوەی فێمینستیی یەکسان کراوە بە پیاوسالاریی، کار وای لێهاتووە هێتیرۆکان بە لادەری سێکسی دەزانن و پێماندەڵێن جیارەگەزخوازیی قاچێکی لە نێو شزوزدایە!، ئەوەی سروشتییە ئارەزووی سێکسە لەگەڵ هاوڕەگەزەت، دژی هیچ هاوڕەگەبازێک نیم بەڵام ئەوەی لە پشتی ئەم بە کولتوورکردنی هۆمۆسێکسوالێتی و ترانس جێندەرە وەستاوە هەر سەرمایەدارییە، بۆ نموونە ویست و ئەجیندای پیرە پیاوێکی ملیاردرێری گوماناویی وەک «جۆرج سۆرۆس»ە، ئەو ملیاردێرە ئەمەریکییە بە ڕەگەز هەنگارییەی لە رواڵەتدا چەندین پرۆژەی خێرخوازیی بەڕێوە دەبات، بەڵام لە پشت کەوالیسەوە تەمویلێکی ماددیی زۆر پێشکەشی رێکخراوی «نامبلا» دەکات، دیارە ئەجیندای ئەم رێکخراوە بریتییە لە بە یاساییکردنی تەنانەت هاوسەرگیریی مێرمنداڵ و کوڕانی نابالغ. نامەوێت ئێوە ئەمە بە زیادەڕەویی رق لە سەرمایەداریی تێبگەن،

ئاشکراشە لە هەر کەسێکی تر لایەنگری ئازادییم، بەڵام ئەم جیهانەی ئەمڕۆ یەک پارچە بریتییە لە پیلانگێڕیی، هەموو پیلانگێڕییەکانیش لە ژێر سەری کاپیتالیزمدایە. پرۆفسیۆر «مایکڵ بارکۆن» بۆ سەلماندنی بیردۆزی پیلانگێڕیی (کۆمپلۆتیزم) پەنا دەباتە بەر ئارگۆمێنتێکی گرنگ، ئەویش ئەو سیستمە کۆسمۆلۆژییەیە، تێیدا هەموو شتێک لە چوارچێوەیەکی رێکخراودا دەڕواتە پێشەوە، هەر ڕووداوێک پلانێرە بۆ کراوە یان دەرئەنجامی شتێکی بەر لە خۆیەتی، ئەو لە ئەنالیزەکەی خۆیدا، سێ تێز دەخاتەڕوو، یەکەم: هیچ شتێک بە رێکەوت نایەتە ئارا. دووەم: هەموو شتەکان گرێدراوی یەکترن. سێیەمیان: هیچ شتێک بەو جۆرەی دەردەکەوێت، نییە.

من: میشێل فوکۆ فەیلەسوفی فەڕەنسی بە بینینی فیلمی «مەرگی ماریا مالیبران»ی دەرهێنەری ئەڵمانی «ڤێرنەر شرۆیتەر» لە ساڵی ١٩٧٢دا، دەستدەبات بۆ جیاکردنەوەی دوو شتی زۆر لە یەکتر نزیک، ئەوانیش شەیدابوون Passion و عەشقن. کە فوکۆ زیاتر لایەنگری شەیدایییە تاکو عەشق. لە گفتوگۆیەکی نێوان فەیلەسوفە فەڕەنسییەکە و دەرهێنەرە ئەڵمانییەکەدا لە ساڵی ١٩٨١، فوکۆ بە قووڵیی شەیدایی روون دەکاتەوە بە ئازارێکی جیاواز لە سادۆمازۆخیزم دەیبینێت و پێیوایە دۆخێکی لە ناکاوە و نازانیت ئەم «با»یە لە کوێوە هەڵدەکات و بەرەو کوێت دەبات. چونکە جێگە و خاڵێکی دیاریکراو نییە تێیدا بسەکنێ، ئەو بە «رۆشناییەکی سپی» دەبینێت کە «هەموو بارودۆخەکان بۆ بەردەوامیدان بە خۆی ئامادە دەکات، لە هەمان کاتدا خۆیشی وێران دەکات». فوکۆ درێژەی دەداتێ و هەوڵ دەدات روونتر جیاوازیی نێوان شەیدابوون و عەشق دیاگنۆیزە بکات، بەوەی عەشق بەشێوەیەکی ستوونی بارگرانییەکەی دەکەوێتە سەرشانی تاکەکەسێک، هەرچی شەیدایییە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەسەر کەسەکاندا دابەش دەبێت. شرۆیتەر ناوبڕێک وەردەگرێت و دەڵێت: «شەیدایی لە عەشق چالاکترە»، زیاتر مەبەستەکەی روون دەکاتەوە و پێیوایە عەشق هەلومەرجێکی تایبەتە کە مەودایەک لە نێوان بکەرەکانیدا بە بەتاڵی جێدەهێڵێت، «دۆخی خۆشویستنە» وەک ئەوەی برینتانۆ دەیووت خۆشەویستییەک نییە ئەگەر شتێک نەبێت خۆشم بووێت. بەڵام شرۆیتەر بە قەرزکردن لە قسەیەکی «ئینگرید کاڤین» رمەکە

دوورتر هەڵدەدات «عەشق بە هەڵچوونێکی خۆپەرستانە» لە قەڵەم دەدات کە دۆخی ئەویتر لەبەرچاو ناگرێت. جارێکی تر فوکۆ دەیەوێت بە فۆرمێکی تر جیاوازییەکە نیشان بدات، وا لە عەشق دەڕوانێت هەمیشە خواستێک هەیە لەلایەنی بەرامبەر ئەویش زۆرجار دەگاتە لێواری تکاکردن، بەڵام لە شەیداییدا شتێکی لەم بابەتە لە ئارادا نییە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە خۆشەویستی قابیلی ئەوەیە بگۆڕێت بۆ شەیدایی، بەڵام شرۆیتەر ئەوەش زیاد دەکات بۆ نا ئەگەر بگۆڕێت بۆ ئازارچەشتنیش؟!، هونەری شرۆیتەریش لە زاری خۆیەوە بۆ نیشاندانی ناکۆکییەکانی نێوان شەیدابوون و عەشقە، ئەم خاڵەش بۆ فوکۆی لایەنگری شەیدایی خاڵی بەهێزی کارەکانی شرۆیتەرە. ئەمە هەستی دوو کەسایەتی هۆمۆسێکسوالە کە فەزڵی هاوڕەگەخوازیی دەدەن بەسەر جیارەگەزخوازییدا «بێ ئەوەی ئەو فەزڵ پێدانە لای من هەبێت یان یەکێکیان رەت بکەمەوە، لە دیدی مندا مرۆڤ ئازادە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا». لەبەرئەوە ئەگەر عەشق دیاردەیەکی نێوان دوو رەگەزی جیاواز بێت، بێگومان بۆ هاوڕەگەزبازان پێدراوێکی دڵخواز نییە.

# دوالیزمی خۆشەویستی و سێکس

سێبەر: لە کۆمەڵگەی سەرەتایی پێش شارستانیدا خۆشەویستی شتێکی نەزانراو بووە یان ئەو ریتواڵە نەبووە لە هەنووکەدا هەیە، ئەگەرچی پرۆسەی هاوسەرگیریی پێش مرۆڤ لەلای گیانداران بە تایبەت شیردەرەکان لە ئارادا هەبووە!، بەڵام لای مرۆڤ لە سەرەتاوە هەر پەیوەندیی جەستەیی و ئاوێزانبوون لەگەڵ یەکتردا هەبووە. لە دەرەوەی ئەفسانە ئایینییەکان، مرۆڤ زۆر درەنگتر دەستی بە هاوسەرگیریی کردووە، زیاتر لەناو لیبراڵیزمێکی سێکسیی بەحتدا ژیاوە، یەکەم پرۆسەی هاوسەرگیریش، بە شێوەی دووانەیی «ژنێک و پیاوێک» دەرنەکەوتووە، بەڵکو هاوسەرگیریی کۆمەڵایەتی زەمانێکی درێژ لە مێژووی مرۆڤ داگیر دەکات کە هێشتاش لە ناو زۆرێک لە خێڵە سەرەتاییەکاندا ئەم پلورالیزمە سێکسییە یان لیبراڵیزمی سێکسە وەک خۆی ماوە. خۆشەویستی بەم جۆرە دووانەییە لەگەڵ شارستانێتیدا دەست پێدەکات، مەبەست لەوە نییە لەگەڵ وەرچەرخانی یەکەمی مرۆڤ بەرەو شارستانێتی، خۆشەویستی هاوتەریب لەگەڵیدا هاتووەتە بوون، پرۆسەیەکی تولانی بڕیوە تا گەیشتووەتە بەم فۆرمەی ئێستا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم دوو شت لە یەکتر جیا بکەینەوە، هاوسۆزیی لەگەڵ خۆشەویستی، هاوسۆزیی نەک لە نێوان مرۆڤەکاندا بەڵکو لەناو زۆرینەی ئاژەڵەکانیشدا بەدی دەکرێت، ئەمەیان دەکرێت لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک بووبێت، بەڵام ئەکتی خۆشەویستی کۆمەڵێک رێورەسمی جیاوازترە و لە بۆتەی شارستانێتیدا پێگەیشتووە، بۆ ئەوەی سۆزدار بیت پێویستت بەوە نییە تاکێکی شارستانی بیت، یان هەر لە بنەماوە مرۆڤی شارستانی سۆزدار نییە، بەڵام هەرچی خۆشەویستییە کردەیەکە مرۆڤی شارستانی پێی هەڵدەستێت. لە پەنا خۆشەویستی و تاک هاوسەرییەوە، پیشەیەکی تریش دەرکەوتووە ئەویش سێکسفرۆشییە، بە دەربڕینێکی تر خۆشەویستی و

تاک هاوسەریی و لەشفرۆشی لە منداڵدانی شارستانییەتەوە داکەوتوون.

من: بێگومان چیرۆکی شارستانێتی بە کۆتایی هێنان بە پلورالیزمی سێکسیی و سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتی دەستیپێکرد و کۆتایی بە چیرۆکی ئازادیی سێکسیی هێنا، کۆمەڵێک نۆرمی سەیر و توندی بۆ رێکخستنی ژیانی سێکسیی لە کۆمەڵگادا هێنایە ئارا، پاشتر لە سەردەمێکی نزیکتردا سێکس بووە بە پاشکۆی ئاین و ریتواڵی سەرەکیی پەرستگاکان! وەک ئەوەی مێژوو لە پەرستگای عەشتاردا بۆمان دەگێڕێتەوە، دەستەی یەکەمی ژنانی سۆزانی راهیبی پەرستگاکان بوون، ئیدی دەبینین لەشفرۆشی دەبێتە بەشێک لە رێورەسم و ئەرکێکی پیرۆزی ئاینیی و پەرستگەکان، تەنانەت «ویڵ دیورانت» سەرگوزەشتەی ئەوە دەگێڕێتەوە لە شارستانێتی سۆمەریدا، باوکان بە چوونی کچە قەشەنگەکانیان بۆ ناو کەژاوەی سێکسفرۆشیی پەرستگەکان دڵخۆش دەبوون و جۆرێک لە ئاهەنگیان دەگێڕا. هیرۆدۆت باس لە بابلییەکان دەکات کە رێسایەکیان هەبووە ژنانی ناچار کردووە هەر ژنێکی بابلی لە تەمەنی خۆیدا لانیکەم دەبێت جارێک بچێتە پەرستگە و لەگەڵ پیاوێکی بێگانە سێکس ئەنجام بدات، ئەمە وەک فەرزێکی ئاینیی دەبینرا وەک چۆن لە ئیسلامدا لەسەر موسڵمان جارێک حەجکردن فەرز کراوە. تەنانەت خاڵی هاوبەشی شارستانییە دێرینەکانی وەکوو سۆمەری و میسریی و ئاشووری و بابلی و چینی و گریکیی و رۆمانی ئەوەیە، خۆشەویستی بریتی بووە لە ئیرۆتیکایەکی جەستەیی ئەبستراکت. دواتر دەبینین ئەم سێکسفرۆشییە لە شارستانێتی گریکیدا کراوە بە دامەزراوەیەکی سەر بە دەوڵەت- شار، کە بەشێوەیەکی فەرمی سێکسفرۆشەکانیان لە وڵاتی تر بە تایبەت لە رۆژئاوای ئاسیا دەکڕی و دەیخستنە بەردەم پیاوان. لە نێوان ئەو مێژووە دێرینە و سیستمی سەرمایەداریی هەنووکەدا رایەڵ و بەستەرێکی بێ بەزەییانەتر هەیە، تەنانەت وای لە ژنانی ئاسایی کردووە خۆیان لە ئۆبێکتێکی سێکسیی زیاتر نەبینن، بە مانایەکی تر هەموو بوونیان گرێ بدەنەوە بە بوونێک لە بەردەم کامێرای مۆبایلەکانیان و لە رێگەی تەکنیکەکانی ناو ئامێری مۆبایلەوە وێنە دەستکارییکراوەکانی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاوبکەنەوە، بێ ئەوەی رەسەنێتی خۆیانی تێدا

دەربکەوێت، ئەم بە کاڵاکردن و یەکگرتنی شێوەیە زۆرتر لە بەرهەمی کارگەکانی خواردەمەنی لە قوتوونراو دەچێت، ناتوانیت هیچ قوتوویەک لەویتر جیا بکەیتەوە. لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین ئەم ژنانە لە خانەی خاتوو «ماتیلدە»ی چیرۆکی «ملوانکە»ی موپاسان، پۆلێن بکەین، کە هەمیشە بە دوای رووکەش دەکەون. ماتیلدە ملوانکەیەکی ئەڵماسی هاوڕێیەکی ون دەکات، دە ساڵ دەبات تا بتوانێت ملوانکەیەکی ئەڵماس بە قەرزکردن لە دۆست و دوژمن، بکڕێتەوە بۆ ئەو هاوڕێیەی لێی خواستووە!، لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا دەردەکەوێت، ئەو تەنها ملوانکەیەکی ئاسایی خواستووە و ئەڵماس نەبووە، بەڵکو وەک ئەڵماس دەرکەوتووە.

سێبەر: ئەی شارستانێتی هاوچەرخ چی؟، دەبێت دان بەوەدا بنێین لە شارستانی ئەمڕۆییدا ئەو هێزە موگناتیسییەی ژن و پیاو لە یەکتر نزیک دەکاتەوە بە تەنها سێکسە نەک خۆشەویستی، ئەگەرچی رەهەندە گشتگیرەکەی خۆشەویستی و سێکس، لە یەکەم رامانی فەلسەفییەوە تا فەلسەفەی هاوچەرخ، جێی مشتومڕی گەرم بووە، بەڵام لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو، بنکۆڵکاریی خۆشەویستی نێوان ئەو جمکە هیچ کتێبێک نییە هێندەی «لە ستایشی خۆشەویستیدا»ی ئالان بادیۆ باڵکێش و جێگەی سەرنج «لانیکەم ئەمە بۆ من». کتێبەکە لە بناغەوە ئینتەرڤیویەکی درێژ و چڕی «نیکۆلاس ترۆنگ»ە لەگەڵ فەیلەسوفی ناوبراو، بادیۆ هەوڵدەدات بڕوامان پێ بهێنێت بۆ تێگەیشتن لە خۆشەویستی دەبێت لە بری فرۆید بۆ ژاک لاکان بگەڕێینەوە، لە دیدی لاکانیشدا خۆشەویستی چادرێک نییە بۆ شاردنەوەی پەیوەندیی سێکسیی، چونکە لای لاکان سێکس بوونی نییە!! ئەمە ئەو رستە کوشندەیەیە بۆ بادیۆ جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوەیە، لە ئەنالیزکردنیشدا دەیەوێت ئەو فاکتە ئاشکرا بکات سێکس چەند بە شکۆش بێت، سەرئەنجامەکەی بەتاڵبوونەوە و هەرەس و نسکۆیە،! مەیلی دووبارە و دووبارەکردنەوەشی خێرا سەرهەڵدەداتەوە، لەکن بادیۆش خۆشەویستی شتێکە لە دەرەوەی سێکس، چونکە (لە پەیوەندیی سێکسییدا، لە رێگەی ناوبژیوانی ئەویترەوە پەیوەندیی لەگەڵ خۆی هەیە، ئەویتر لە رێگەی دۆزینەوەی راستی چێژ کۆمەکت دەکات، بە پێچەوانەوە لە خۆشەویستیدا ناوبژیوانی ئەویتر لە خۆیدا کارێکی تەواوە). لەم روانگەوە

خۆشەویستی لە خۆیدا بریتییە لە یەکگرتنی دووانە جیاوازەکان یان با بڵێین دوو دژە جەمسەری ناچوونیەک «ژن و پیاو». پێشتریش لە «مانیفێستی فەلسەفەدا -١٩٨٩» ئەوەی خستبووە روو خۆشەویستی لە پەنا هونەر و سیاسەت و زانستدا، یەکێک لەو چوار مەرج و کۆڵەکەیەیە راستیی فەلسەفی دروست دەکات. دووبارە لە کتێبی «لە ستایشی خۆشەویستیدا» هەمان ناوەڕۆک بە زمانێکی جیاوازتر بەرهەم دەهێنێتەوە بەوەی خۆشەویستی بە گەڕان بە دوای هەقیقەتدا وەسف دەکات، بۆیە ئەرکی بەرگرییکردن لە خۆشەویستی بە کاری فەیلەسوفان دەزانێت، بە هەمان شێوە بۆ «ئەندرێ سیۆنڤێل»ی فەیلەسوفی فەڕەنسی هاوچەرخ، فەلسەفە یەک دۆزی هەیە گرنگی پێبدات ئەو دۆزەش خۆشەویستییە. بادیۆ لەو کتێبەدا درێژە بە روانگەکانی خۆی دەدات، کار بۆ ئەوە دەکات دیدێکمان لا دروست بکات، خۆشەویستی سەرکەوتن نییە بۆ هیچ لوتکەیەک و بەربوونەوەش نییە بۆ هیچ چالاییەک، زیاتر پرسێکی بوونناسی «وجودی»یە. بەڵام وەک دواتر خۆی دەڵێت: (خۆشەویستی بە چەشنێک لە رووبەڕووبوونەوە دەستپێدەکات). ئەم دەستپێکەش هەوێنی چیرۆک و رۆمان و هونەرە بە گشتیی، ئەو نموونەی شانۆنامەی رۆمیۆ و جولێت بە بیر دەهێنێتەوە.

من: مادام تەوەرەکە بەسترایەوە بە فەلسەفەوە، دەخوازم بڵێم لە رووی فەلسەفییەوە، بە پێی هیگڵ بە تایبەت لە کتێبی «فینۆمینۆلۆژیای روح»دا، پێویستی و خواست ئەو شتەن مرۆڤ وا لێدەکەن سەرنج لە خۆی بدات و ببێتە خاوەنی ئاگایی، تا ئەو کاتەشی ئارەزوویەکی نەبێت ناتوانێت بڵێت «من». تەنێ ئەو دەمە لە کەوڵە ئاژەڵییەکە دێتە دەرەوە، ئارەزووی بۆ شتێکی بێ گیان نەبێت، بەڵکو بۆ ئوبێکتێکی زیندوو یان بۆ مرۆڤێکی تر بێت. لەم بارەدا ئارەزوو «ئارەزووە بۆ ئارەزووی ئەویتر، یەکێک لە ماناکانی ئەمە ئەوەیە کە ئەویتر ئارەزووی هەبێت بۆی». ئەمە راڤەی «ئەلێکسەندەر کۆژێڤ»ە بۆ کتێبەکەی هیگڵ. ئەگەریش لە ژێر رووناکیی ئەم ئارگۆمێنتەدا، سەیری عەشق بکەین، خۆشەویستی یەکێک لە گرنگترین رووداوەکانە بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ئاژەڵی لەلایەن مرۆڤەوە، چونکە عەشق چیترە لەو ئارەزووە پڕ تین و تاوەی هەموو ئارەزووی ئەوەیە هەمان

ئارەزووی ئەویتر وا لێبکات رووی تێبکات؟. عاشق هەر بەوەندە ناوەستێت، دڵی خۆی بدات بە مەعشوق بەڵکو دەیەوێت دڵی مەعشوقیش داگیرسێنێت و ببێتە جێگەی سەرنجی ئەویتری مەعشوق (لێرەدا عاشق و مەعشوق، مانا باوەکەیان تێپەڕاندووە و مەبەست لێی ئەو دابەشکردنە گراماتیکییە نییە، کردەی خۆشەویستی دابەش دەکات بەسەر خۆشەویست و خۆشویستراودا)، بۆیە لە کردەی عەشقدا هەموو تەقەلایەک لەلایەن عاشقەوە دەدرێت بۆ دڵنیایی وەرگرتن لە بوونی هەمان ئارەزوو لای مەعشوق. زۆربەی جار خۆکوشتن لە عەشقدا لەو چرکەساتەدا روودەدات، عاشق هەست دەکات چیتر هەمان ئارەزوو لای ئەویتر بوونی نییە چونکە چیتر ئەو خودئاگاییە لە ئارادا نامێنێت لە ئارەزووکردنی ئەم کە لەلایەن ئەویترەوە بۆی دروستکرابوو، لە رەهەندێکی ترەوە و لە رووی زانستیشەوە پێکهاتەی فسیۆلۆژیی جەستەی مرۆڤ لە پەنجا ترلیۆن خانەی زیندوو پێکهاتووە، لەناو هەر خانەیەکیشدا ئێنەرژییەکی زۆر کار دەکەن، یەکێک لەو وزانە کارەبایە، کۆی وزەی کارەباش لە جەستەی هەر مرۆڤێکدا حەوتسەد ترلیۆن ڤۆڵتە!، کەواتە مرۆڤ دەریایەکی شەپۆلاویی وزەیە، لە گەردوونیشدا هەموو ئۆرگانیزمەکان بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کۆمیکانیسیۆندان، ئەم وزەیە پێویستی بە خەرجکردنە، سێکس یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەتاڵکردنەوەی وزە، ئەوەی دەیبینین لە خۆشەویستی و کاریگەریی دانان لەسەر یەکتری، تەنیا گەیشتنی ئەو شەپۆلانەیە بۆ لایەنی بەرامبەر کە خۆمان لێی بێ ئاگاین، تەنانەت ورووژانی سێکسیی لە رێگەی بەریەککەوتنەوە «لەمس» دیسانەوە بەدەر لەو شەپۆلانەی بەردەوام لە یەکتر نزیک دەبنەوە، جەزب و شۆرتێکی چێژبەخشی کارەباییە، ئەوجا هەستە مرۆییەکان بەخێرایی دەیناسنەوە لەگەڵیدا بەشدارییەکی کارا دەکەن. کورتکردنەوەی جەستە بۆ پێدراوێکی بیۆلۆژیی ئەبستراکت، داماڵینی جەستەیە لە فرمانە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی، چون جەستە لە دەرەوەی ئەو چالاکییانە، لە چەند کیلۆیەک گۆشت زیاتر نییە. ئەمە ئەو کێڵگەیەیە سۆسیۆلۆژیای جەستە بە چڕیی و شێوازێکی زانستییانەی ورد ئیشی تێدا دەکات.

سێیەر: باسی ئارەزووت کرد، ئارەزوو بۆ خۆی چەمکێکی کێشەدار و ئاڵۆزکاوە، ئێمە دەبێت دوو جۆر ئارەزوو لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئارەزوویەک لە ناوەوەی خۆماندا نەشونما دەکات و پێ دەگات، وەک ئەو خەونانەی سەبارەت بە ئایندەی تاکەکەسی خۆمان هەمانە، ئارەزوویەکی تر لە دەرەوەی خۆمان، یان راستتر وایە بڵێم رووی لە دەرەوەی خۆمانە وەک تاک، وەک ئەو ئارەزووانەی هەمانە بۆ بەدەستهێنانی دڵی ئەویتر یان گەیشتن بە هەر شتێک لە دەرەوەی خۆماندا بێت، ئێمە لێرەدا ڤۆکەس دەخەینە سەر ئارەزوو وەک ئەو لیبیدۆیەکی خەفەکراوی نێو گۆمی نائاگایی. لە روانگەی فرۆیدەوە شارستانێتی بەرەنجامی سەرکوتکردنی حەز و شەهوەتەکانمانە، بە مانایەکی تر چرکەساتی رسکانی شارستانیی، هەمان لەحزەی لە دایکبوونی نەستیشە کە تێگە یان مەخزەنی ئارەزووە سەرکوتکراوەکانمانە و زۆر جار ئەم نائاگاییە لە رێگەی خەونەوە خۆی دەهێنێتە سەر سەکۆ، بۆیە فرۆید وایدەبینێت ئەوەی خەون دەبینێت نائاگاییمانە نەک خودی خۆمان، ئەو هەوەسە چەپێنراوانەش لەلایەن (ئەو) «ئید»ەوە نوێنەرایەتی دەکرێن لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەتی منی باڵادا (سوپەر ئیگۆ). بۆ ئەوەشی بتوانین لە بوونەوەرێکی تەنهاوە بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی بڕۆین، زەمینەی پێکەوەهەڵکردن برەخسێنین و شارستانیی دابمەزرێنین، پێویستمان بە چەپاندنی بەشێک لە حەز و ئارەزووەکانمان هەیە، واتە بۆ چێکردنی شارستانیی لە پێشنۆرەدا رووبەڕووی دەروون و ئارەزووەکانی خۆمان دەبینەوە. ئەمەش پێشتر لە لای رۆسۆ ببووە هەوێنی «پەیمانی کۆمەڵایەتی» کە لە بەرامبەر پاراستنی بەشێک لە مافەکانماندا، دەبێت دەستبەرداری هەندێک لە ئارەزوو و ئازادییەکانمان ببین، فرۆیدیش بە هەمان چاویلکەوە لە مرۆڤ دەڕوانێت، بەوەی مرۆڤ لە ماک و کۆپییە رەسەنەکەی خۆیدا درندە و وێرانخوازە، بەم بۆنەوە دەبێت بخرێتە ژێر رکێفی کۆمەڵێک نۆرم و رێسای جۆراوجۆرەوە. ئێمە دەبێت ئەوەش روون بکەینەوە، دیدگای فرۆیدیزم ئەو سێکسیزمە نییە لە ئاستە میللی و باوەکەدا لێی دەڕوانرێت.

ئەوە راستە فرۆید پاڵنەری سێکس بە سەرەکیترین پاڵنەر و رەمەکی مرۆڤ دەزانێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێیوایە ئەوەی پێی دەوترێت داهێنان جا لە

هەر بوارێکدا بێت مەسەلەیەک نییە، بەرئەنجامی بەرهەمهێنانەوەی ئارەزووە لە دەرەوەی گۆڕەپانی سێکسدا بەڵکو بۆ ئامانجێکی تر ئەویش داهێنانە، ئەم پرۆسەیەش لە فەرهەنگی دەروونشیکاریی فرۆیدییدا بە سوبلیماسیۆن ناوزەدکراوە، لە بناغەشەوە سوبلیماسیۆن سەر بە زانستی فیزیایە و تێپەڕاندنی دۆخی ماددەیەک دەگرێتەوە لە رەقییەوە بۆ گازیی، بێ ئەوەی بە دۆخی شلیدا تێپەڕێت، بە هەمان شێوە لیبیدۆ توانای ئەم دۆنادۆنەی هەیە، لە بری ئەوەی لە کردەیەکی سێکسیی پەتیدا خاڵی بکرێتەوە، دەشێ ببێت بە پڕۆژەیەکی زانستیی یان هونەریی یانژی هەر جۆرە داهێنانێکی تر. ئەم تەوزیفەش پێشتر لەلایەن تیۆلۆژیستی بەناوبانگی سەدەکانی ناوەڕاست قەشە «ئۆگەستین» لە ئارادا بووە، سا وەختێک ئەو سێ نۆرم یان شێوەی لیبیدۆی پێناساندووین، ئەوانیش بریتین لە، یەکەم: سانتیەندی، ئەمە وزەی سێکسوالیتی مرۆیی بەشێوەی رەها و پەتی لە خۆ دەگرێت. دووەمیان بریتییە لە دۆمینەندی ئەوەش وەرچەخاندنی هەوەسی سێکسییە بەرەو ئەنگێزەی دەستبەسەراگرتن و بەرزەفتی ئەوانیتر. هەرچی سێهەمە «سیاندی» بریتییە لە توانای گۆڕینی لیبیدۆ بۆ ئارەزووی بەدەستهێنانی زانست و زانیاریی، ئەمەی سێهەمیان هەر ئەو شتەیە فرۆید لە سوبیلماسیۆندا خەریکی تیۆریزەکردنی بوو. ئەوەی گرنگە تێبگەین ئەوەیە فرۆید و دەروونشیکاریی، با ئەو ئەنجامگیرییەش بەدەستبهێنن کە سێکس هەراشترین غەریزەیە بە بەراوورد بە کۆی رەمەکەکانی تر، بەڵام هانمان نادا ببینە دیلی هەوەسەکانمان و بە هەر نرخێک بووە بە دوای تێرکردنی ئارەزووەکانمانەوە بین، چونکە هیچ کات مومکین نییە لەوپەڕی ئازادییشدا بگەینە چێژی رەها و ناکۆتا، ئاخر چێژ شتێکە دوماهی نییە، بەدەر لەمەش لە دەرەوەی تێربوونی تەنە بیۆلۆژییەکەش، بۆشاییەک، نوقسانییەک دەمێنێتەوە، سێکس ناتوانێت پڕی بکاتەوە و پێویستە بە شتانێکی تری دەرە بایۆلۆژیی/ سێکسیی قەرەبووی بکەینەوە. بە کورتی وا تەماشای دەروونشیکاریی فرۆیدیی دەکەم، وەک ئەوەی لەم نیوەڕۆ سووتێنەرەدا، یەکێک هەواڵی گەرمای دەرەوەمان بۆ بهێنێت، بێ ئەوەی کەسەکە بە لایەنگری گەرما تۆمەتبار بکەین، دەبێت دەرکی ئەوە بکەین ئاخێوەر راستییەکی بەڵگەنەویستی

لە بارەی کەشوهەواوە پێ ڕاگەیاندووین، سەد جاریش نکۆڵی لە گەرمای دەرێ بکەین و ئەو بڕوایە بۆ خۆمان دروست بکەین لە دەرەوەڕا کلو کلو بەفر دەبارێت، هیچ لەو گڕ و هاڵاوەی ئەودیو پەنجەرەکەوە کەم نابێتەوە.

من: با لە فرۆید دەربچین، سەیرێکی کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک کۆمەڵگەی کوردیی بکەین، لە خۆشەویستی (روحیی) کوردییدا هەمیشە بە سێکس دەگوترێت «شتی خراپ!»، لەو کاتەی دوو عاشق بەرگریی لە عەشقەکەیان دەکەن بە تایبەت لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا، ڕاستەوخۆ دەڵێن «هیچ شتێکی خراپمان نەکردووە!»، ئەمە گوزارشتێکە بۆ نکۆڵیکردن لە ڕوودانی سێکس لە نێوانیاندا!، بە پوختی ئەو تایپە خۆشەویستییەی کۆمەڵگەی کوردیی کە بە زەحمەتیش پەسەندی دەکات ئەوەیانە ئارەزووی تێدا وەدەرنرابێت. ژاک لاکان بە پەیڕەوکردنی ڕوانگەی سپینۆزا گەیشتبووە ئەو دەرئەنجامەی بوونی مرۆیی بریتییە لە ئارەزوو، بۆیە لای ئەو «ئارەزوو جەوهەری مرۆڤە». شوێنی ئارەزووش لە دەروونی مرۆڤدا ئەو کۆگایەیە بە نەست ناودەبرێت، لە نەستیشدا تەنیا سەردار ئارەزووی سێکسییە، بە پێی لاکان ئارەزوو جیایە لە «داوا» و «پێویستی» بۆیە لەم ڕەهەندەوە ڕووبەڕووی دەروونشیکاریی سەردەمەکەی خۆی بووەوە، کە ئارەزوویان لەگەڵ ئەو دوانەی تر لێ تێکەڵ ببوو. «کۆژێڤ»یش پێیوایە تەنیا ئەو کاتە ئارەزوو، ئارەزوویەکی مرۆییە نەک هەر ئارەزووی جەستە بەڵکو ئارەزووی ئارەزووی ئەویتر بێت. ناشێ لە ڕووی پاتۆلۆژییەوە سەیری کۆمەڵگەیەکی عوسابیی وەک کۆمەڵی کوردەواری نەکەین، چونکە بێ ئازادیی سێکسیی کە تشتێکە لە دەرەوە، واتە لە دەرەوەی دامەزراوەی خێزان و هاوژینیی، توانست و ئیدعای لە ئارادابوونی هیچ ئازادییەکی تر نییە، هیچ کۆمەڵگەیەکیش نییە لە پیواری ئازادییدا نەخۆش نەکەوێت. ئەگەر دیقەت بدەن لە پێشتردا وشەی «روحیی»م خستبووە ناو کەوانەوە، ئەڵبەتە مەبەستم لەوەیە کۆمەڵگەیەک روحی تێدا نەبێت، چۆن دەتوانێت خۆشەویستی روحیش بکات؟، کە وەک خۆم عەشقی ئەفلاتۆنی وەکوو پەسەندترین فۆرمی خۆشەویستی بە پێوەرەکانی کۆمەڵگەی ترادیسیۆناڵی کوردیی، بە مازۆخییەتێکی خۆنەویستانە دادەنێم، بۆچی مازۆخییەتێکیش هەیە خۆنەویستانە بێت؟، بەرسڤە

دروستەکە ئەوەیە، ئەو خۆئەشکەنجەدانەی ناو خۆشەویستی کوردیی وەک دیارە سێکس تێیدا بڤە و تابۆیە، خۆویستانە نییە، بەڵام دەستبەرداربوونیش لێی فرە زەحمەتە، یان کتومت ئەو خۆوێرانکردنە بێت لە دیدی فرۆیددا لە ئەنجامی رێککەوتنی سادیزمی سوپەرئیگۆ و مازۆخیزمی ئیگۆ دێتە ئاراوە.

ئەمە دیمەنێکی نیگارەکەیە، رووە تاریکەکەی تابلۆکەش کە دەمانەوێت لە رووناکی خستنەسەریدا دەستوبرد بکەین، ئەوەیە، بە گەیشتنی بەهاکانی نیولیبراڵیزم بە خاکی کوردەواری، نەک هەر سێکس بەڵکو خودی خۆشەویستیش کەوتووەتە ناو تۆڕی پەیوەندییە کاڵاییەکانەوە، ئەگەر لە پێشتردا دڵ بزوێنەری خۆشەویستی بووبێت، ئێستا بازاڕ شوێنی گرتووەتەوە. لە چیرۆکێکی سەباحەدین عەلی نووسەری تورکدا، پاڵەوانەکە کچێک خۆشیدەوێت قۆڵێکی نییە، بە سەرۆک هۆزەکەی کە قەرەجە دەڵێت: «ئایا دڵێک بەهای لە قۆڵێک کەمترە؟». لە هەلومەرجی تازەی ژێر رکێفی نیولیبراڵیزمدا، دڵ بەراوورد بە کاڵا هیچ ئەرزشێکی نییە و نەماوە. ئەمە بێجگە لەو پرەنسیپانەی جەخت لەسەر خودپەرستیی تاک دەکەنەوە و پێی دەڵێن: «خۆت پێش هەر کەس» یان «خۆشەویستی تەنیا ئازارە» یاخۆ «بە تەنیا بیر لە خۆت بکەرەوە» و چەندان هاندانی هاوشێوەی تری دڵخوازی نیولیبراڵیزم کە دابڕانی کۆمەڵایەتی تۆختر دەکەنەوە، دواجار ئەم ئیگۆیستییە کوێرە هیچی تر نییە جگە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەنانییەتە کلاسیکییەکە، بەڵام لە رێزمانێکی مۆدێرندا کە دەبێتە کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم دامەزراندنی خۆشەویستیدا، ئیدی لای ئەم نەوەیە «بێ سوکایەتیکردن پێیان» عەشق یەکێک لە خراپترین نەخۆشییە دەروونییەکانە، وەک چۆن پێش نۆ ساڵێک لە ئەکاونتەکەم لە تۆڕی فەیسبوک نامەیەکی (بیتهۆڤن)م بۆ خۆشەویستە نادیار و ناو نەزانراوەکەی وەرگێڕابوو، یەکێک لە کۆمێنتدا بۆی نووسیبووم دەربڕینی ئەو هەموو هەستە تەنیا زیادەڕەوییەکی شاعیرانە و نیشانەی نەخۆشییە «سەمپتۆم»، چونکە لە گۆشەنیگای نەوەی ئێمەدا عەشق لە پەڕەسێلکە دەچێت بە ئاسانی ناگیرێت. ئەگەر مەبەستەکە ون نەکەم، سێکس لە هەردوو سیستمە نائاکارییەکەی کۆمەڵگەی ئێمەدا «کۆنسەرڤاتیزم و نیولیبراڵیزم» لە دوو وێنای دزێو زیاتر بەرجەستە ناکات، لە

یەکەمیاندا شکاندنی سنوورەکانی قەدەغەیە و لەویتریشیاندا هیچ سنوورێک نییە بۆ دەستڕاگەیشتن بە دوا ئیمکانەکانی چێژ کە لای لاکان بە زێدەچێژ ناوبراوە، بەڵام لە هەردوو هەلومەرجەکەدا یەک خاڵی هاوبەش هەیە، ئەویش لە پرۆسەکەدا نێر بکەرە «سوبێکت» و مێ بەرکارە «ئۆبێکت»، پشت ئەستوور بەم هەقیقەتە لەوانەیە ماف بەخۆم بدەم بڵێم هەر پەیوەندییەکی سێکسیی لە کۆمەڵگەی کوردییدا لە بەردەم دوو ئەگەردایە، یەکەمیان دەستدرێژییە با لە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییدا بێت، ئەویتریان سێکسکڕین و سێکسفرۆشییە.

سێیەر: وتت خۆشەویستی هەمیشە لە دەرەوەیە، بەڵام لە دیتنی کۆمەڵگە نەریتپەرستەکاندا شتێکە لە ناوەوە، زۆربەی جار دەگوترێت هاوسەرگیریی ئەو ژینگە لە بارەیە خۆشەویستی تێدا پەروەردە دەبێت، بەڵام من بە پێچەوانەوە لە پرسەکە دەڕوانم بە بەڵگەی ئەوەی مێژووی خۆشەویستی بۆ هاوسەرگیریی بە رادەیەک نوێیە تەمەنی تازە لە دوو سەدە و نیو تێدەپەڕێت، ئەگەر لەم تایپە لە خۆشەویستی ورد بینەوە، دیاردەیەکی تەواو رۆژئاواییە و بۆ سەردەمانێک دەگەڕێتەوە کاری کرێگرتە و سنووری مافە تاکەکەسییەکان زۆرتر دەچەسپێن، ئیدی رۆڵی باوک و دایک، خێڵ و گوند، چیتر ناتوانن ئەو فۆرمە نەریتییە لە هاوسەرگیریی داسەپێنن، دەتوانین بڵێین هاوسەرگیریی بۆ خۆشەویستی زادەی شارە، لەناو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە سەریهەڵداوە، تاکەکان بە دوور لە خزم و کەسوکار بڕیاریان لەسەرداوە. لۆک فێری لەمە دوورتر دەڕوات و پێیوایە نەک هەر هاوسەرگیریی بە خۆشەویستی، بەڵکو سیکۆلاریزم لە چاپە فەڕەنسییەکەیدا زادەی پچڕانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و گوند و پیاوانی ئاینییە لە یەکتر، بەو پێیەی چیتر مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خێزانێکی گەورە و قەرەباڵغ و دیسپلینکراودا ناکات، لە باشترین باردا ئەم خێزانە نوێیە کە لەسەر سترۆکتوری خۆشەویستی دروستکراوە، مامەڵە لەگەڵ کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەکات. بێ ئەوەی کۆما و شێرپەنجە یادگەمیان وێران کردبێت، ئێستاش وەک خۆی ئەو چەند دێڕەم لە کتێبی «مێژووی خۆشەویستی» لە یاد ماوە، نووسەری کتێبەکە لە پەرەگرافێکدا نووسیبووی: «سەردەمی میرڤۆنجینی و کارلۆڤینجینی

چەرخی کەنیزەکەکان بوو، سەردەمی خۆشەویستی و خانمە ناسک و نازدار و شۆخ و شەنگەکان بوو، بەڵام سەردەمی ڕینیسانس چەرخی عاشقانی هێنایە ئارا..». لای خۆمە ئەوە زیاد دەکەم نیولیبرالیزم و سەرمایەداریی هاوچەرخ، رەوشتی دەستبازیی و سێکسی سەفەریی و چێژی فاستفۆدیی لەگەڵ خۆی هێناوە بۆیە مێژوومان چەقیوە، ئاخر خۆشەویستی جووڵێنەری مێژووە هەروەک چۆن سیاسەت لای ئەرستۆ و ململانێی چینایەتی لای مارکس بزوێنەری مێژوون.

من: ئەو دیتنەی دەڵێت: «لە خۆشەویستیدا سەربەرزکردنەوە هەیە نەک قاچ بەرزکردنەوە» نواندنەوە و دیتنێکی پیاوگەراییە یان بە خەستوخۆڵی لەو روانینەوە سەرچاوەی گرتووە «لاورا ماڵڤی» لە وتاری «چێژی بینراو و گێڕانەوەی سینەمایی»دا ناوی لێناوە «روانینی نێرانە». بەو پێیەی ژن کە لە سێکسدا قاچ بەرز دەکاتەوە، هەر ئۆبێکتە نەک سوبێکتێکی هاوشان. ئەمە خولانەوەیە لە بازنەی نەریتگەراییدا، نەریتیش چییە جگە لە کۆمەڵە ریسایەکی نەنووسراو؟. نهێنی دابەشکارییەکەی خۆشەویستی لێرەدایە، کە هەمیشە «ئەوینی پاک» جێگەی رەزامەندیی ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانە، کەواتە ئەو جۆرە ئەوینە چییە؟. «ئەوینی پاک» ئەو فۆرمە لە ئەڤینداریی نەریت و ئاین لارییان لێی نییە، چونکە سنوورەکانیان نابرێت، دیمەنی ئەو گەنجانەی لە پارکەکاندا سەرگەرمی دڵدارین، لە قاوەخانەکاندا کاتێکی رۆمانسی لەگەڵ یەکتر بەسەردەبەن، زۆرینەیان باشترین ئەنجام پێی بگات بریتییە لە هاوسەرگیریی، ئەگەر بەو سەرئەنجامە نەگات پێی ناوترێت ئەوینی پاک!. بەڵام لە روانگەی منەوە ئەو ئەوینەی بۆ هاوسەرگیریی بێت بە چرپی پاڵنەرە غەریزییەکان بەرێوەی دەبەن، لە کۆمەڵگە چەپێنەرەکاندا عەشق تابۆیەکە و لە لیستی قەدەغەکراوەکان دانراوە و لە هەموو لایەکەوە دیوارە کولتوورییەکانی لە بەردەمدا هەڵچنراوە، ئەویندارییی بۆ هاوسەرگیریی ئەو ماشێنە رەمەکییەیە پێی دەگەینە ئەویتر و جۆرێکی ترە لە هەوەسبازیی بە مەبەستی گەیشتن بە لەشێکی تر، لەم پێکگەیشتنەدا نەک یەکگرتنێکی روحیی لەگەڵ بەرامبەر دروست نابێت، دووکەرتبوون دێتە ئاراوە، ناچارن هەموو تەمەنیان بەشێوەیەکی «رۆسۆ»ییانە ببەنە سەر (ژان ژاک رۆسۆ هەموو تەمەنی لەگەڵ ژنێکدا بوو

خۆشی نەدەویست، ژنێکی خۆش دەویست یەک ساتیش لەگەڵیدا نەژیا). وەک خۆم لە کاتی بینینی هەر فیلمێکدا چاوەڕوانی کۆتایی ناکەم، هەمیشە رقم لە هەموو کۆتاییەکە، بە تایبەت لە فیلمە رۆمانسییەکاندا زۆر بێزار دەبم بەو دیمەنەی سیناریست دوو عاشقەکە بە زەواج بە یەک دەگەیەنێت، ئەمە کارێکە رقم پێی هەڵدەستێت، لای خۆمەوە کۆتایی بە هیچ چیرۆکێکی عاشقانە ناهێنم، عەشق لەگەڵ ژیاندا ڕێ دەکات، دەبێت بەردەوام بە تەنیشت ژیانەوە بمێنێتەوە، ئەگەر دەرهێنەر بوومایە هیچ فیلمێکم دەرنەدەهێنا، پاڵەوانە عاشقەکان بگەنە ئەوەی لە یەک ماڵدا بژین، نەخێر دەزانم فەزای ماڵ یەکەم جوگرافیایە عەشقی تێدا بکوژرێت، درێژەم بە یارییە عاشقانەکە دەدا وەک دیمەن و گرتەی یەکەم و سەرەتای یەکترناسین، بێ ئەوەی خاوبوونەوە و ساردبوونەوە ڕووبدات، ڕەنگە بڵێن خۆ واقیع پێچەوانەی ئەم ویستە شێتانەیە! لاریم لەمە نییە، بەڵام کێ وتوویەتی ئێمە هەر دەبێت دیلی واقیع بین و بکەوینە ژێر فەرمانەکانییەوە؟، کێ ئەو مافە بە خۆی دەدات فەنتازیاکانیشمان لە ئاوی واقیع هەڵبکێشێت؟، دێمەوە سەر کرۆکی مەبەستەکەم، من تەنانەت لە فیلمیشدا گەواری ئەوە ناکەم سەرئەنجامی عەشق بگاتە هاوسەرگیریی، ئیدی چۆن دەتوانم لە کەتواردا قبوڵی بکەم؟.

عەشق لە یەکەم چرکەی هاوسەرگیرییدا دەپووکێتەوە، ڕەنگە خۆشەویستی ئەو شەمەندەفەرە بێت لە وێستگەی هاوسەرگیریی دامانبەزێنێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت شەمەندەفەرەکە لە ڕۆیشتن ناکەوێت و تا دێت لێمان دوور دەکەوێتەوە. بەدەر لەوەی دامەزراوەی خێزان و ڕۆتینەکانی دوای هاوسەرگیریی ئەگەر عەشقێکیش هەبێت لەناویدەبات!. هیرارکییەتی پیاو لە هاوسەرگیریی نەریتیدا کێشەکەیە، هەر خودی سیستمی خێزانیی دامەزراوەیەکی سەرکوتکارە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی کوشتنی ئەوین دەدات. فریدریک ئەنگلس لە کتێبی (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت)دا کە لە بناغەوە بە بۆنەی تێڕوانینەکانی (هنری مۆرگان)ەوە نووسراوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە خێزانی تاکهاوسەریدا پێگەی ژن نزم دەبێتەوە بۆ کۆیلەیەکی سێکسیی و کارگەی وەچەخستنەوە، بۆیە پێیوایە ئەم جۆرە خێزان و هاوسەرگیرییە لەسەر سترۆکتوری کۆیلایەتی ژن

تەبەنی بووە. ئەنگلس سێ قۆناغی ژیانی هاوسەرگیریی دەستنیشان دەکات و پێیوایە ئەوانیش ژن و مێردایەتی بە کۆمەڵ کە ئەوە (پڕ بە پێستی قۆناغی دڕندایەتییە)، جووتە ژن و مێردایەتی کە پڕ بە پێستی قۆناغی بەربەریزمە، قۆناغی تاک هاوسەریی سەردەمی ئێستامان کە هۆکارێکی بەهێزە بۆ بڵاوبوونەوەی سێکسفرۆشی، بەڵام بە دەربڕینی ئەنگلس ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە مۆدێرنە ژنان ناچار دەکات بە یەک مێردیی، نەک پیاوان بهێنێتە ژێر باری ئەوەی یەک ژنی هەبێت، بە هۆی ئەوەی هەموو دەسەڵاتێک لەم فۆرمە هاوسەرگیرییەدا لای پیاوە و ژن پاشکۆی حەزە سێکسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پیاوە و رووبەڕووی چەوساندنەوەیەکی جێندەریی قورسیش دەبێتەوە (وەک ئاشکرایە رەگەز پێدراوێکی ئۆنتۆلۆجییە، هەرچی جێندەرە توخمێکی بارگاوییە بە کۆدە کولتوورییەکان). بۆیە منیش پێموایە تاک هاوسەرگیریی و»ئەوینی پاک» بکوژی عەشقن، ئەمەش بە فۆرمێکی تر لەلایەن رەجا حەلوانی بیریاری عەرەبەوە گوتراوەتەوە، هاوسەرگیریی بە پێچەوانەی خۆشەویستییەوە زۆرتر (رێکخستنێکی ئابووری و یاساییە)، هەرچی ئەوینیشە پەیوەندیی بەتینیان بە ئۆنتۆلۆژیای ئێمەوە هەیە وەک مرۆڤ.

سێیەر: خۆشەویستی یەک رووخساری جێگیر و هاوبەشی نەبووە لە مێژوودا، لە هەر قۆناغێکدا ملکەچی چوارچێوە کولتووریی و ئابوورییەکان بووە، ناواخنی خۆشەویستی لە پەیوەندییەکی بەهێزدا بووە لەگەڵ نۆرمە کۆمەڵایەتییە باوەکاندا، هەر سەردەمێکیش سیمایەکی تازە و جیاوازتری خۆشەویستیی تێدا باڵادەست بووە. ئەلێکساندرا کۆلۆنتای لە کتێبە بە نامێکەی خۆیدا «رێگەخۆشکردن بۆ ئیرۆسی باڵدار» لەساڵی ١٩٢٣دا، بە وردیی رۆدەچێتە ناو ئەم قۆناغانە و بە دیقەتێکی زۆرە دیاگنۆسی سەردەمەکانی خۆشەویستی کردووە. کۆلۆنتای دەیەوێت خۆشەویستی لە دەرکەوتەیەکی بایۆلۆژییەوە بگۆڕێت بۆ کردەیەک کە بارگاوییە بە روحی سەردەمەکان، لە هەر ماوەیەکی مێژوویشدا وێنەدانەوەیەکی راستەوخۆی توخمە ژێرخانی و سەرخانییەکانە. ئەو بە بیری دەهێنێتەوە لە قۆناغی خێڵەکیی و هۆزگەرایی پێشاندا خۆشەویستی ملکەچی پەیوەندییەکانی خوێن بوو، بازنەکەشی

تەسک بووە و لە سنووری کەسانی پلەیەکی ناو خێزان تێپەڕی نەدەکرد، لە قۆناغەکانی پێش پەیدابوونی کریستیانیزمیشەوە پارادایمێکی تر لە خۆشەویستی زاڵ بوو کە بریتی بووە لە خۆشەویستی هاوڕێیانە. لەگەڵ فراوانبوونی ژیانی کشتوکاڵ و ئاودێریی و هەژموون پەیداکردنی دەرەبەگایەتیدا دیسان ناوەڕۆکی خۆشەویستی گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بینی، بە قسەی کۆلۆنتای «جیهانی فیوداڵی دەستیکردبوو بە ئایدیالیزەی عەشقی شاسوارانەی ئەفلاتونی نێوان ئەندامانی هەموو رەگەزە پێچەوانەکانی دەرەوەی هاوسەرگیریی، بۆرژوازیش عەشقی تاکهاوسەریی کردە ئایدیاڵی خۆی». ئەگەر لە پێڤاژۆ بەراییەکانی سەردەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییدا کە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی باوکسالارییدا، ژیانی هاوسەرگیریی و دروستکردنی خێزان بریتی بووبێت لە سیستمی فراوانبوون، ئەوا لە سەردەمی مۆدێرندا (هاوکاتە لەگەڵ پووکانەوەی فیوداڵیزم و گەشەسەندنی سەرمایەداریی و پیاوسالاریی و نۆرمی هێتیرۆ) مۆدیلێکی تری خێزان دروست دەبێت کە پێی دەگوترێت خێزانی گەردیلەیی. لە هەردوو فۆرمە خێزانەکەدا باوک یان پیاو خاوەن و سەرۆکی خێزانەکانن. ئیدی لێرە بەدواوە ئەوەی خێزانی لەسەر بینا دەکرێت، خۆشەویستی نییە لە هیچ کام لە فۆرمەکانیدا، بەڵکو هێز و دیسپلینە، پەیوەندیی نێوان باوک/ پیاو لەگەڵ ژن و منداڵدا پەیوەندیی نێوان سەردار و کۆیلەیە «سید- عبد». وەک یەکێک لە فێمینیستەکان روونی دەکاتەوە، مرۆڤ بە تایبەت ژن کەوتووەتە بەرداشی دوو جۆر لە بەرزەفت و چەوساندنەوەوە، «سەرمایەداریی لە جیهانی کاردا، باوکسالاریی لە خێزاندا».

ئەوەی گەرەکمە لێرەدا بیڵێم، گریمانەیی نییە، حوکمێکی رەها و کۆنکرێتییە: خێزان وەک ئەو چوارچێوەی هەنووکە هەیە دەزگایەکە خۆشەویستی دەخاتە دەرەوەی خۆی، چون ئەوەی بۆ بەردەوامیبوونی دەسەڵاتی نێرینە پێویستە هیچ کات خۆشەویستی نییە، بە قەدەر ئەوەی ترس و هێزە. هێزیش بە پێی پێڤاژۆ مێژووییەکان دۆخ و فۆرمی خۆی گۆڕیوە، ئەگەر هێز لە بەرەبەیانی مێژووەوە لیاقەتی ماسولکەیی بووبێت، گومان هەڵناگرێت لە سەردەمی نوێدا بریتییە لە توانای ئابووری. ئەمەش پێچەوانەی قۆناغی دایکسالارییە، وەک دەزانرێت

لەسەر سترۆکتوری تۆلێرانس و پێکەوەهەڵکردن و خۆشەویستی بینا ببوو. هەر بانگەشەیەکیش بۆ خۆشەویستی ناو هاوسەرگیریی لە درۆیەکی زل بەولاوە چیتر نییە. کاتی خۆی «ساڵی ١٩١٥» لینین لە وەڵامی چەند پرسیارێکی خۆشەویستە نهێنییەکەی خۆیدا «ئینسیا ئەرماند»، گەنگەشەیەکی زۆر جددی لە هەمبەر ئەم تێمایە کردبوو، پاشاتریش وەک نامیلکەیەکی سەربەخۆ لە چاپدرا، پێشنیاری خوێندنەوەیتان بۆ دەکەم لەبەرئەوەی لە هیچ شتێکدا هاوڕای لینین نەبم، لە پرسی ژن و خۆشەویستیدا هاوئاوازیم. بەتایبەت لینین خۆشەویستی پەتی لە دەرەوەی هەر ئامانجێکی ماددیی و مانەویی کردبوو بە ئامانجی خۆی. بە کورتی خێزانی مۆدێرن لە بری بەرهەمهێنانی خۆشەویستی هیرارکیزمی باوکانەی لێکەوتووەتەوە. زۆرجاریش گوێمان لەو قسەیە بووە: «باوکم وەک باوک رەفتارم لەگەڵ ناکات بەڵکو هاوڕێیە لەگەڵم»!، ئاغڵەبی جار ئەم قسە لەلایەن کچانەوە دەکرێت، ئەمەش دوو دەلالەتی بنەڕەتیی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە باوک سیمبولێکی ئەبەدیی دەسەڵاتە و هەمیشە دەتوانێت لە هەر چرکەیەکدا بۆی بگەڕێتەوە، ئەویتریان ئەوە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، باوکێک لەو باوکانە نایەوێت ممارەسەی دەسەڵاتی باوکانە بکات کە لەسەر بنەمای هێز و مۆنۆپۆڵکردن راوەستاوە، بەڵکو واز لەو پێگەی هێزە دەهێنێت کە ئەوی وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی خستۆتە سەری سەرەوە، بە فۆرمی هاوڕێتیی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کچ و کوڕەکانیدا دادەڕێژێتەوە، هاوڕێییتیش بۆ خۆی کڵێشەیەکی تری سازان و پێکەوە هەڵکردن و بەرجەستەبوونی ئازادییە، ئەمە بەرزترین رادەی رەتکردنەوەی سیستمی باوکسالاریی و جێندەریزمە. وەک ئەرەستۆش جەختی لێ دەکاتەوە هاوڕێتی فۆرمێکی ترە لە خۆت. لە هاوڕێتیدا دەگەیتەوە بە خۆت، دەگەیت بە جۆرێک لە یەکسانی، ئەمەش هەنگاوێکی مەزنە و بنەمای هەموو هاوڕێتییەک لەسەر خۆشەویستی رۆنراوە. بەڵام هەمیشە مەرج نییە لە عەشقدا دوو هاوڕێ و جووت هەبن، رەنگە یەکلایەن ئامادە بێ. ئێمە لێرەدا باسی عەشق لە دەرەوەی رەهەندە عیرفانی و میتافیزیکییەکان دەکەین.

من: ئەوەی لە چوارچێوەی هاوسەرگیرییدا قوربانییەکی هەمیشەییە تەنها ژنە. کولتووری مەسیحی رۆژئاوایی تاکو سەدەی نۆزدەش پێیوابوو ژن لە کردەی

سێکسدا هیچ چێژێک وەرناگرێت جگە لە ئازار!. سروشتی ئاینە ئیبراهیمییەکانیش لەسەر پیاوسەنتەریی و نابووتکردنی لەش و بایەخدانێکی گەوجانە بە روح بینا بووە. نیچە وا بیری لە کریستیانیزم دەکردەوە خودا وەک دوژمنی ژیان وێنا دەکات، ئیشی کەنیسە بە هەموو جۆرێک راگەیاندنی جەنگێکی قورس بوو لە دژی خۆشەویستی، بۆیە بزاوتنی کەنیسە لە بناغەوە لەسەر چەپاندن و خەساندن بەرەوپێشەوە دەچەرخێت، ئەو بە راشکاویی هاواری دەکرد: «هێرشکردنە سەر رەگی حەز و ئارەزوو واتای هێرشکردنە بۆ سەر رەگی ژیان، پراکتیکی کڵێسا دوژمنایەتیکردنی ژیانە». لەنێو ئەو کولتوورەی ئاینە یەکتاپەرستەکاندا ژیان جۆرێکە لە ئازار، ژن بۆ لە بیربردنەوە و کەمکردنەوەی ئەو ئازارانە ئافرێندراوە روو لە پیاو دەکەن، داستانی ئافراندنی حەوا بۆ سەرگەرمی ئادەم بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە لەم رەهەندەوە. رەنگە هەر ئەم پاڵنەرە وای لە محەمەد کردبێت کە فرەژنی تا چوار ژن رێگە پێبدات، چونکە بڕوا نەدەکرا بە لەززەت وەرگرتنی مێینە لە سێکسدا. کولتووری خێڵەکی و مەزهەبی، پاکژیی ئەویتری ژن دەسپێرن بە جەستەی، ئەوەی بە کچێنی بمێنێتەوە پێش هاوسەرگیریی و جەستەی خۆی لە پیاو پاراستبێت شکۆی دەستدەکەوێت، لە دوای هاوسەرگیریش دیسانەوە لەشولار هەمان وەزیفەی هەیە، جگە لە تاکە پیاوێک نابێت بەر هیچ پیاوێکی تر بکەوێت، لە هەموو بارێکدا بوونی ژن واتە بوونێکی جەستەیی مینڕێژکراو بە تابۆ و قەدەغەکراوەکان بە دیوێکی تردا بوونێکی جەستەیی کە خاوەندارێتییەکی لە دەستی خۆیدا نییە بەڵکو لە ژێر رکێفی پیاوێک یان زیاتردایە. لە خۆرئاواش بووەتە کاڵایەکی سێکسیی کە زۆربەی جار لە دەستی کۆمپانیاکانی پۆرنۆ و مۆدێل و هتد. دایە.

سێیەر: ئەگەرچی داستانی ئاینەکان بە دایکسالاریی دەستپێدەکات، خواوەندە دایکەکانی چەشنی «ئافرۆدیت» و «عەشتار» و «ئیزیس» هێما دیارەکانی ئەو رسکانەن، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینە ئیبراهیمییەکاندا پێگەی خواوەندە ژنەکان لە کزیی دەدات و دیار نامێنێت، لە بەرامبەردا تەرزێکی تر لە ئاین هەرمێن پەیدا دەکات لەسەر ویستی پاتریاکییەت «باوکسالاریی» دامەزراوە. لە «پەیمانی

کۆن»ی کتێبی پیرۆز «تەورات» و ئەفسانەی گریکییدا، ئافراندنی ژن خراوەتە دوای ئافراندنی پیاوەوە، لە میتۆلۆژیی یۆنانیدا زیۆس فەرمان بە پرۆمسیۆس دەکات مرۆڤ دروست بکات، یەکەمین دروستکراویش پیاوە یان بە پێی ناونانی کتێبە پیرۆزەکانی ئاینییە ئیبراهیمییەکان «ئادەم». ئەم ساتەوەختە چرکەساتی خۆشنوودیی و بەختەوەریی مرۆڤە (پیاو)، لە هەردوو قۆناغی ئاڵتوونی و باخەکانی عەدەن «بەهەشت»دا، هێشتا مێینە نەهاتووەتە سەر شانۆی بوون، لەگەڵ ئافراندنی ژندا ململانێ و ئارەزووش لە دایک دەبێت، بەپێی گێڕانەوەی تەورات یەکەمین تاوان لەلایەن ژن «حەوا»وە ئەنجام دەدرێت و بە فرت و فێڵی ئەویش یەکەمین پیاو «ئادەم» لە خشتە دەبرێت بە خواردنی میوەی هۆشیاریی، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکردنی مرۆڤ لەو بەهەشتەی هەموو کات چاوی گەڕانەوەی تێ بڕیوە، بۆیە هەمیشە پەیڕەوکارانی ئاینە ئیبراهیمییەکان بە ئاواتی گەیشتنەوە بە بەهەشت دەژین و ژیانی ئەم دنیایەیان دەکەنە پەیژەیەک بۆ گەیشتنەوە بە ئەوێ.

لە هەمان کاتدا دەتوانین رەهەندێکی تر ئەم مەسەلەیەش ببینین، ئەویش ئەوەیە ژن وەک چۆن هۆکاری دەرکردنی مرۆڤە لە بەهەشت، بە هەمان رادە ئەندازیار و داهێنەری ژیانە، دۆزەرەوەی قاڕەی ونبووی خۆشەویستییە لە ئەتڵەسی بووندا، لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە خۆشەویستی نەریتێکی تەواو ژنانەیە، نەک بەو مانایەی خۆشەویستی لای پیاو کۆمیدیی دەکەوێتەوە بەو جۆرەی بیریارێکی وەک ئالان میلەر جەختی لێ دەکاتەوە. بەهەمەحاڵ ژن بە تاوانی یەکەم، خۆشەویستی و ئیرۆسی پێشکەشی ئادەمیزاد کرد، بەو مانایەی ئەگەر ژن تاوانی یەکەمیشی ئەنجام دابێت، دەبێت دان بەوەشدا بنێین خۆشەویستی یەکەمیشی داهێناوە، ئەمە تۆتۆلۆژیای روانگە «فرۆم»ییەکە نییە کە ئەویش لە «بریفۆ»ی قەرزکردبوو و گریمانەی ئەوەی دەکرد خۆشەویستی مرۆڤ بۆ ئەویتری بەرامبەر لە کۆشی خۆشەویستی بۆ دایکەوە کەوتووەتە خوارەوە. هەڵبەتە ویستم هەیە لە دەرەوەی ئەم لاپەڕانە بە وتارێکی سەربەخۆ، جیاکارییەکانی دایکسالاریی بەرایی لەگەڵ دایکپەرستی سەردەمی نوێ بخەمەڕوو، دەشێ دایکپەرستی نوێ لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، دایکان هەمیشە بۆ هێنانەدی ویستی کوڕەکانیان «نێر»

تێدەکۆشن یان قوربانی دەدەن بۆ هێنانە ئارای جیهانێک بە ویستی نێرینە بەڕێوە بچێت، لە نموونەی ئەو دایکەی مەکیسم گۆرکی لە رۆمانی «دایک»دا وێنایەکی ئیدیالی بۆ کێشاوە، شیعری کوردیش پانتاییەکی ئێجگار زێدەڕۆیی تێداکراوی ستایشی پاکیزانەی دایکە، بەڵام چ دایکێک؟! ئەو دایکەی هیچ مەترسییەکی نەماوە و نییە بۆ سەر قەوارەی «ئەخلاق»ی دەستکرد و دڵخوازی پیاوسالاریی، دەنا گەر ئەکتەکە پێچەوانە بێتەوە و دایکێک سنووری بەها ئاکارییەکانی پیاو تێپەڕێنێت، نەک هەر ستایش ناکرێت بگرە خوێنیشی لە خوێنی مێشوولەیەک نرخی زیاتر نابێت.

من: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر واقیعی حاڵ، سەردەمی ئێمە ئەوینکوژە، سەردەمێکە هەموو شتە ئاسانکراوەکانمان خۆشدەوێت، تەوەزەلی و تەمبەڵی سیمای رۆژگاری شەپۆلی چوارەمە، عەشق وەک کردەیەکی قورس دەبینرێت، یان وەک داوێک دەبینرێت و تۆ هیچ کاتێک ناتەوێت نێچیریک بیت و ببیت بە داوەوە، لە کوردەوارییدا ئیدیۆمی عاشقبوون بە «بوون بە داوی خۆشەویستی»یەوە دەردەبڕدرێت. بەو مانایەی لە عەشقدا هەمیشە داوێک هەیە. مرۆڤی چەرخی شارستانێتی دوگمە و کلیک مرۆڤێکی بێ ئیلتزام و ناپابەندە، عەشقیش جۆرێک لە پابەندیی و خۆبەستنەوەی پێویستە، لە بەرامبەردا پەیوەندیی سێکسی خێرا و ئەوەی من پێی دەڵێم سێکسی فاستفۆدیی و سەفەریی ئەڵتەرناتیڤێکی ئاسانە و هیچ جۆرە پابەندییەکی تێدا نییە، بەم هۆیەوە زۆرترین پێشوازیی لەم نەریتە هەوەسبازییە تیژتێپەڕە دەکرێت و خۆشەویستی فەرامۆش دەکرێت. بۆچی ئێمە سڵ لە خۆشەویستی دەکەینەوە و بە ژانێکی ناسروشتیی دەزانین و هەمیشە دەمانەوێت نەیەتە ژیانمانەوە؟ لە کاتێکدا خۆشەویستی بەشدارییکردنێکی سەرەکی ژیانە، با رێگە بدەین چول هان لەم رەهەندەوە لە بری هەمووان وەڵامی ئەم پرسیارە بە رووکەش سادەیە بداتەوە: «لەوە دەترسین بکەوینە ناو خۆشەویستییەوە، چونکە لەوانەیە زیاد لە پێویست ئازارمان پێ بگەیەنێت، چیتر رێگەپێدراو نییە بکەویتە ناو خۆشەویستییەوە. لە فەرەنسیدا دەڵێن –کەوتنە ناو خۆشەویستییەوە– ئەم کەوتنە زۆر نەرێنییە، ئازارێکە دەبێت خۆتی لێ بە دوور بگریت».

بە سروشتیی مرۆ ترسنۆکە و هەمیشە لە هەر شتێک هەڵدێت بچووکترین ئازار و دژواریی لە خۆیدا هەڵگرتبێت. فرۆید لە «پرەنسیپی چێژدا» دوای ئامانجێک نەکەوتووە لە هەبوونی مرۆڤدا، لە روانگەی ئەوەوە پرسیاری ئامانجی بوونمان چییە، لە خۆیدا ساویلکانە و منداڵانەیە، ئاخۆ ئاژەڵێک دەتوانێت لە خۆی بپرسێت ئامانجی من چییە لە هاتنەبووندا؟ ئەو پرسیارەکە هەڵدەگێڕێتەوە بۆ چییەتی! بەو مانایەی مرۆڤ لە ژیاندا چی دەوێت؟. لە دیدی دەروونشیکاریی فرۆیددا مرۆڤ «ئیگۆ» بە بێ بڕانەوە بە دوای راوکردنی چێژەوەیە. پرەنسیپی چێژیش دوالیزمییە چەندێک چنینەوەی لەززەتە بە هەموو تان و پۆکەیەوە، ئەوەندەش خۆ بەدوورگرتنە لە ئازار و ئەو شتانەی دەتوانن بە شێوەیەک لە شێوەکان ببنە مایەی ناڕەحەتی و ژانی مرۆڤ. مێژووی مرۆڤ راکردنە لە ئازار و رێ بڕینە بەرەو چێژ و لەمڕۆشدا بۆ ژویسانس (بە دیتنی من چێژی زیادە یان زێدەچێژ «ژویسانس» لە خۆیدا بریتییە لە ناچێژ). ئینگمار بێرگمان لە وەسفی کۆمەڵگەی سوێدییدا لە دەیەی هەفتاکاندا وتی: «کێشەکە لەوێدایە هەمووان عیشقیان لە یادکردووە و تەواو یاساکانیان لە بیرە». کەچی لە دوای نزیکەی پەنجا ساڵێک هەموو جیهان ئەوینی لە بیرکردووە و جگە لەناوگەڵیان هیچی تریان لە بیر نییە. ئێستاکە تێدەگەم بۆچی نوخبەی ئێمە پێکەنینیان بە شیعر ئەویندارییەکانم دەهات و دێت، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە بۆ ئەبەد من پرۆمیسیۆسم، هەموو رۆژێک هەڵۆی عەشق لەتێک لە جەرگم دەخوات!. (لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا پرۆمیسیۆس لەلایەن زیۆسەوە سزا دراوە بەوەی هەموو رۆژێک داڵێک جەرگی بخوات، چونکە ئاگری بۆ مرۆڤ دزی).

سێبەر: خۆشەویستی چێژگەرایی و جەستەیی شتێکی پووچە و بە هەڵە ناونراوە خۆشەویستی، بەڵام زۆرینەی پەیوەندییەکانی ئێمە ئەگەر چێژگەراییانەش نەبن، ئۆتۆریتەخوازن و دەسەڵاتگەران، ئەویتر وەک تاکێکی ئۆتۆنۆم سەیر ناکەن، هێندەی وەک زەوییەکی داگیرکراو و پانتاییەک بۆ قەڵەمڕەویکردن دەبینن، جیاواز لەمەش ئەنگێزەی تواندنەوەی ئەویتر لە پرۆسەی خۆشەویستیدا و کردنی بە موڵکی خۆت، سڕینەوەی سوبێکتی بەرامبەر و کردنی بە یەکێک لە کاڵاکانی خۆت، هەمیشە لەم

پەیوەندییانەدا بەرجەستەبوون، ئەم پرۆسەی خاوەندارێتییەش دیسانەوە بکوژی خۆشەویستییە، لە راستیدا خۆشەویستی پەیوەندییەکی هاوسەنگی نێوان دوو خودی ئۆتۆنۆمە، راستتر ئەوەیە پێی لێ بنێین ئەمەیە خۆشەویستی.

من: دەمەوێت خۆشەویستی لە بازنەی ئەخلاقگەرایی دەربهێنم، ئەوەندەی تێبینی دەکەم خۆشەویستی لە شیعرییەتی ژیانەوە نزیکترە و کەمتر کەوتووەتە ژێر جەبری فەلسەفە ئەخلاقییەکانەوە. کاری من بۆ ئەوەیە خۆشەویستی لە ئەخلاقگەرییەوە بگوازمەوە بۆ دەرەوە، بەڵام ئەگەر پێم بڵێی بۆ کوێ؟، خۆشم نازانم بۆ کوێ، کەچی دەمەوێت بیکەم!. رەنگە هێشتا سێبەری نیچە بە چڕترین شێوە بەسەر سەرمەوە بێت، بە دوای لۆژیکی ئەو گەمە شێتانەیەدا بگەڕێم، لەبەرئەوەی خۆشەویستیم خۆشدەوێت، نامەوێت لەو بازنە داخراوەدا یەخسیر بێت. ناشمەوێت رادەستی ئەو پێناسە زانستییە پۆزەتیڤییە بم پێم دەڵێت هەست و سۆز و هەژانە عاتیفییەکان، تەنیا رووداوێکی بایۆ کیمیاین، پرۆسەیەکی کیمیایی رووتن و پەیوەندییان بە سیستمی ئیشکردنی هۆرمۆنەکانەوە هەیە، وەک هەراری ئاماژەی پێ دەکات ناشێ چیرۆکی دووردرێژی ئێمە لە چیرۆکی هۆرمۆن و نیرۆندا کورت بکرێتەوە. نیچە دەیووت «عیشق شێتییەکە کە لۆژیکی خۆی هەیە». لەو شێتییەدا بڕێکی زۆر لە چێژ چادری هەڵداوە، بە کورتی خۆشەویستیی چێژە و چێژیش نییە.

سێبەر: هیگڵ پێیوایە لە قۆناغی بەرایی شارستانێتیدا، خۆشەویستی زیاتر هونەرێکی پۆرنۆ- ئیرۆتیکی و پەیوەندیی جەستەیی بووە، بە هیچ شێوەیەک گەرموگوڕییەکی دەروونی و رەنگدانەوەی خود و ناوەوەی مرۆڤ نەبووە، هێندەی پەیوەندییەکی میکانیکی جەستەیی بووە. لە روونکردنەوەی شیعرەکانی «ساڤۆ»ی شاعیری گریکیی سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، دەڵێت: «کڵپە و گڕی ناو دەمارەکان دەبینرێت، بەڵام هەستێکی راستەقینەی قووڵ کە پەیوەندیی بە خودەوە هەبێت لە ئارادا نییە»، لە کورتیلە چیرۆکی «یەکگرتنەوە»دا، داڤید هافمەن باسی کچ و کوڕێک دەکات دڵداری یەکترن لە زانکۆ، کاتێک زانکۆ تەواو دەکەن، کوڕەکە پێی دەڵێت با ئەم ئەم پەیوەندییەمان نەپچڕێت. کچەش بە خۆشحاڵییەوە دەڵێت

ئارەزووی منیشە. دوای پێنج ساڵ یەکتر دەبیننەوە کوڕە دەڵێت تکایە با پەیوەندیمان بەردەوام بێت، کچەش دەڵێت ئارەزووی منیشە. ئەم خوێنساردییە بکوژی عەشقە، هیگڵ بە هەمان شێوە لە بەرامبەر پەیکەری «ڤینۆس»ی خودای عیشق و جوانیدا دەڵێت: «ئەو هەستە گەرم و قووڵەی لە ناخەوە هەڵدەقووڵێت و بۆ هونەرمەندی رۆمانتیک پێویستە، لەم پەیکەرەدا بەدی ناکرێت». هۆکارەکەش ئەوە بووە وەک سوکە ئاماژەیەکم پێدا لە شارستانی یۆنانی و رۆمانی پاش هێلینستی، کۆی پەیوەندییەکان وێنەدانەوەی هەست و پاڵنەرە ناوەکییەکان نەبوون، پەیوەندگەلی جەستەیی ئەبستراکت بوون، خۆشەویستی لە دەوڵەتشارەکانی گریکدا بە جەستە دەستی پێدەکرد و بە جەستەش کۆتایی دەهات. ئەمەش سەرنجی فوکۆی بۆ لای خۆی پەلکێش کردووە و لە مێژووی سێکسوالیتەدا لای لێ کردووتەوە. د.کاوە دەستوورە وەرگێڕی بەرهەمەکانی فوکۆ بۆ زمانی کوردیی، لە چاوپێکەوتنێکدا لە هەمبەر تێگەیشتنی فوکۆ لە بارەی شارستانی گریکی ئەوە روون دەکاتەوە: «فوکۆ لەم زنجیرە توێژینەوەدا بە وردی پیشانی دەدات کە (بەخراپە زانین)، (بەنەخۆشی زانین)، (بەعەیبەزانین) و شتانی لەم چەشنە بە نسبەت سێکسەوە چەندە بەم کولتورە غەریب بووە».

من: لە پەیوەندیی جەستەیی دەرەوەی خۆشەویستیدا، زۆرینەی جار تۆ هێشتا لەگەڵ ئەو وێنایە سێکس ئەنجام دەدەیت لە زەیندا سێکجت کردووە وەک لەو جەستەیەی لە ئامێزت گرتووە، زۆرجار خەیاڵەکە لەگەڵ وێنایەکی ترە هێشتا دەستت پێی رانەگەیشتووە. سلاڤۆی ژیژەک پرسیارە کوشندەکەمان لێ دەکات: «ئەی چی دەبێت سێکسی واقیعیش هەمیشە یان تا رادەیەک دەستپەڕکردن بێت لەگەڵ هاوبەشێکی واقیعیدا؟». لە روونکردنەوەی زیاتری ئەمەدا پەنا دەباتە بەر وتارەکەی «ئیڤا وایزمان» لە رۆژنامەی «گاردیان»دا کە ئاماژە بۆ ئەکتەرێکی فیلمی پۆرن دەکات لە ناوەڕاستی فیلمەکەدا چۆکی خاودەبێتەوە، ناچار لە جەستەی رووت و قووتی هاوبەشەکەی دوور دەکەوێتەوە و پەنا بۆ مۆبایلەکەی دەبات و دەکەوێتە لێگەڕان بە دوای سایتی «پۆرن هەب» بۆ ئەوەی جارێکی دیکە چۆکی رەپ ببێتەوە!. ئەو وانە دەروونشیکارییەی ژیژەک لە وتارەکەی «وایزمان»ەوە

بەرهەمی دەهێنێت، ئەوەیە: «بە تەواوەتی لە ئەکتەرەکە تێدەگەم کە بە مەبەستی ڕەپکردنەوەی چۆکی، سێرچی سایتی پۆرن هەب دەکات، ئەو بە دوای پشتگیرییەکی فەنتازییدا بۆ نواندن و پێرفۆرمانسەکەی خۆیدا دەگەڕێت». هاوڕێیەکم چیرۆکێکی هاوشێوەی بۆ گێڕامەوە، لەگەڵ کچە هاوڕێیەکی لە یەک شاردا ژیاون، هەموو کات لە ڕێگەی چاتەوە یەکتریان وروژاندووە تا ئۆرگازم، کاتێک کوڕە پێشنیار بۆ کچەکە دەکات کە بە واقیعیش دەتوانن هەمان کار ئەنجام بدەن، بەڵام کچەکە پێی وتووە: تووشی نسکۆ دەبم، ئەگەر ئەو فەنتازیایەم لە واقیعدا بەتاڵ بکەمەوە!. ئەمە چیمان پێدەڵێت؟. ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کچەکە بە دوای هاوبەش یان بەرامبەرێکدا گەڕاوە تا لە ڕێگەی جەستەی ئەوەوە فەنتازیاکانی خۆی بهێنێتە دی. ئەمە هیچ پەیوەندیی بە چەپاندن و ئەو ڕێگرە کولتوورییانەوە نییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەبەردەم کردەی سێکسدا قووت کراونەتەوە، چەشنی ئەو ژنانەی ناچارن لە کاتی سێکسکردن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، فەنتازیا بە عاشقەکانیانەوە بکەن، بەڵکو ژیژەک وتەنی ناتوانین هۆکاری ئەمە بۆ باوکسالاریی و هەژموونی کۆمەڵایەتی و نەریت کورت بکەینەوە.

بۆ ژیژەک ئەمە بۆ وایە؟ لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی جەستەیی ڕووت لە ئارادایە لە دەرەوەی خۆشەویستییەکی روحیی، (ئەگەر خۆشەویستییەکی پڕ جۆش و خرۆشی لەگەڵ کچەکە هەبوایە، بایەخی بە جەستەی ئەو دەدا، چونکە هەر دەستلێدانێکی کرۆکی سوبێکتیڤیتەی کچەکە دەشڵەژێنێت، کاتێک مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەی بە ڕاستی عاشقێتی، خۆشەویستی و سێکس دەکات، دەستهێنان بە جەستەی هاوبەشە سێکسییەکەدا شتێکی بنجبڕ و یەکلاکەرەوەیە). لە سێکسێکدا مۆتیڤەکەی خۆشەویستی بێت، پاڵپشتیی و وروژاندن لە ڕێی زمان «قسە»وە ڕۆڵێکی نییە، چونکە جەستە بێدەنگانە دەدوێت و هان دەدات. ڕەهەندێکی تری ئەم پرسە لە گۆشەنیگای فەیلەسوفی ئەڵمانی| ئەمەریکی «ئەریک فرۆم» ڕوونتر دەبێتەوە، چونکە پێیوایە خەسڵەتێکی ترسناکی تاک لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لە ڕووی تەکنۆلۆژیی و ئامێرسازییەوە، ئەوەیە تاک لە بری خۆشەویستی مرۆڤ دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئامێر و داهێنراوە نائۆرگانیزمەکانەوە. ڕەنگە ئەم

تێزە بۆ ئەو کۆنتێکستە مێژووییەی ئەریک فرۆمی تێدا ژیاوە (مارسی ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە)، فیتاوفیت راستێتی خۆیان سەلماندبێت، ئامێرەکان تەنیا دەسەڵاتی ئەوەیان هەبووبێت سۆز و هەستی تاکەکان بدزن، دەشێ لە رەوشی تازەدا کۆنترۆڵ و ئاڕاستەی لیبیدۆش بکەن و بووبنە ئەڵتەرناتیڤی سێکسی واقیعی لەگەڵ بەرامبەردا. هەلومەرجی ژێر سایەی تەکنۆلۆژیای پەیوندییکردن نەک هەر بە هەڵلووشینی هەستە گەرمەکانمان کۆڵ نادات، پێدەچێت نیازی لە ناوبردنی پەیوەندییە جەستەییەکانیشی هەبێت. وەک ئەوەی دوا پەیامی تەکنۆلۆژیا بۆ مرۆڤایەتی ئەمە بێت: لە شاشەکانەوە مغازەلەی یەکتر بکەن و دەستتان لە ناوگەڵتاندا دەرمەهێنن.

سێبەر: خۆشەویستی جەستەیی بەتەنها، دیمەنێکی پەلاماردارانەیە، وەک جارێک فێمینیستەکانی ئەمەریکا دروشمێکیان بەرزکردبووەوە: «ئەگەر عاشقی گۆشتیت قەسابخانەکان کراوەن». جەستەی پەتی چەند کیلۆیەک گۆشتە. لەو کتێبانەی لە تەپوتۆزی مێژوودا ون بوون، بەسەرهاتێکی «ئیمرەئولقەیس»ی شاعیری «جاهیلی» عەرەب دەگێڕدرێتەوە کە وتوویەتی: «خۆشترین چێژ لە دنیادا خواردنی گۆشت و سواربوونی گۆشت و کردنی گۆشتە بەناو گۆشتدا». ئەمە بە تەنها روانگەی نیرۆسیسی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان نییە، بەڵکو ئەوەشە لە رۆژگاری ئەمڕۆی هەموو لایەکی جیهاندا برەوی هەیە. لە رۆمانی «لۆلیتا»ی « ڤیلادیمێر نابۆکۆڤ»دا کە دوو جاریش کراوە بە فیلم، پاڵەوانی رۆمانەکە مامۆستایەکی زانکۆیە «هێمبەرت» و ژوورێک لە ماڵی «شارلۆت»ی بێوەژن بە کرێ دەگرێت، بەڵام چونکە کەسایەتییەکی پێدۆفیلییە و عاشقی دۆلۆیس «لۆلیتا»ی تەمەن ١٢ ساڵ بووە، دەیەوێت هاوسەرگیریی لەگەڵ شارلۆت بکاتە پەیژەیەک بۆ گەیشتن بە لۆلیتا. دواتر کە شارلۆت بەوە دەزانێت ئەم هاوسەرگیرییە تەنیا بۆ ئەوە بووە هێمبەرت خۆی پێ بگەیەنێتە لۆلیتا، بڕیار دەدات سکاڵا بباتە لای پۆلیس، بەڵام لە رێگەدا ئۆتۆمبیل لێ دەدات، ئەمە بیرخەرەوەی پیاوانێکی هاوچەرخە کە لە مەغریب و تایلەند و لاتین ئەمەریکایان کردووە بە پوفێکی گەورەی سێکس کڕین. پیاوانێک تەنیا ژن وەک لەشێکی پەتی سەیر دەکەن و هیچی تر. ئەمە ئەو شتەیە

ئێمە بە دەرهاویشتەی سیستمی دەزانین، بۆیە لە بەرامبەر سیستمی کاپیتالیزمدا داکۆکی لە ناوەڕۆکی خۆشەویستی دەکەین، کە ئەو هەوڵی سڕینەوەی دەدات.

ئەوە راستە لە رووی مێژووییەوە پەیوەندیی سێکسی «جەستەیی» کەوتووەتە پێش خۆشەویستی، بەڵام خۆشەویستی بە پەیژەیەکی تردا سەردەکەوێت بەرەو ناخ و وجود، لە خۆشەویستیدا بە تەنها خۆشەویستی ئامانجە، بەڵام پەیوەندیی جەستەیی جێگەی دەبێتەوە. وەک دیۆتیما لە گفتۆگۆ ئەفلاتۆنییەکاندا، باسی لێوە دەکات جوانییەکی هاوشێوە لەنێوان جەستەکاندا هەیە، بەم هۆیەوە ئەگەر تەنها جەستەیەکت خۆشبوێت، ئەوا هەموو جەستەکانت خۆش دەوێت!. ئەو لەوێدا تێزی خۆی وەک تیرێک ئاڕاستە دەکات و دەڵێت: «جوانی جەستەیی بێ مانا و ناتەواوە، کاتییە و لە ناودەچێت». هەروەک چۆن «ئەریک فرۆم» مۆدیلی خۆشەویستی رۆمانی دەداتە بەر تانە و تەشەر، بەهۆی ئەوەی پتر جەستەیی بووە تا یەکترناسینێکی قووڵ. بە هەمان شێوە پیاوی سەردەمی مۆدێرن وەک راوچییەک جوانترین جەستەکان دەکاتە نێچیری خۆی. نهێنی نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریی لێرەدایە ژنان دەیانەوێت بۆ پیاوانی بسەلمێنن وەک جەستەیەکی سێکسیی و جوان ماونەتەوە، قەشەنگیی جەستەیی بەپێی یاسا فیسیۆلۆژییەکان لەگەڵ تێپەڕینی تەمەندا دەپوکێتەوە، بەڵام ئیحساس و مرۆڤەکە لە جێی خۆیان دەمێننەوە، کەواتە تۆ کێت خۆشدەوێت، گۆشت یان روح؟ (لێرە بە هۆشیارییەوە روحم بەکاربردووە لە دەرەوەی مانا میتافیزیکییەکان). بۆچوونە راستەکە ئەوەیە خۆشەویستی و سێکس یەکتر تەواو دەکەن، وەک چۆن ئەمە باوەڕی نیچەش بووە «عەشق مانا بەخشینە بە سێکس»، فیلمەکانی «پازۆلینی»ش لەسەر هەمان ریتم درێژ دەبنەوە لە نیشاندانی سێکس و عەشق وەک یەک شت و پرۆسە. یەکگرتنی سێکس وەک هۆرمۆنێکی بیۆلۆژیی و خۆشەویستیش وەک کردەیەکی دەروونی، تابلۆیەک دروست دەکات کە ناوی ژیانە. ئەمەش لەگەڵ تێڕوانینی «رۆلان بارت»دا تەبا دێتەوە، وەختێک دەڵێت: (لەم رێگەیەوە دوو وێنە بە نێو یەکتردا دەچن تاوەکو ببنە یەک وێنە).

من: جیهانی هاوچەرخ هێندە ئازاری تێدایە بۆ مرۆڤ، بۆ خۆ رەهاکردن و دەربازبوون لەو کۆژانانە پەنای بردووەتە بەر چنینەوەی زۆرترین بڕی چێژ. ئەگەر ئەو تیۆرە گەوار بکەین، شادیی یان چێژ بریتییە لە چرکەساتی ونبوون و نائامادەیی ئازار، سێکسیش بخەینە ژێر رکێف و چوارچێوەی هەمان تیۆرەوە، دەشێ بڵێین سێکس هیچی تر نییە جگە لە پیواربوونی ژان و مەینەتیی، چێژەکە لەو پرۆسە میکانیکییەدا نییە دوو تۆپەڵ گۆشت لێک دەخشێن یان بەناو یەکدا دەچن، بەقەدەر ئەوەی ئەم حاڵ لێهاتن و فێیە، بریتییە لە ونکردن و لە بیرکردنێکی کاتیی کوێرەوەریی و ئازارەکانی نێو ژیان. لە ئەبیکۆریزمدا «فەلسەفەی ئەبیکۆرۆس» دوورکەوتنەوە لە ئازار نایەتەدی جگە لە خۆ بەدوورگرتن لە فۆبیای مردن، سێکس و ئیرۆتیکاش پەناگەیەکی باشن بۆ خۆشاردنەوە و رووبەڕووبوونەوەی مەرگ، چونکە بە پێی هەمان فەلسەفە چێژ «هەڵبەتە سێکس وەک لوتکەی چێژەکان»، لە خانەی ئەرێنیدایە و بەدیهێنەری ئاستێکی بەرزی شادومانییە، لەو سۆنگەی لە کاتی چێژوەرگرتنی جەستەییدا هەواڵێک لە هیچ ئازارێک لە ئارادا نامێنێت، جۆرێک لە دڵنیایی دەروونییش دێتەدی، ئەویش پایە هەرە گرنگەکەی فەلسەفەی ئەبیکۆریزمە، لە روانگەی ئەوەی کرۆکی فەلسەفەکە لەسەر دوو پایەی بنەڕەتیی رۆنـراوە ئەوانیش: چێژ و دڵنیایین. لە کن فرۆید، پێشتریش لای شۆپنهاوەر، ژیاندۆستی «ئیرۆس» پاڵنەری سەرەکیی خۆشەویستیی و ئارەزووی سێکسییە، بە مانایەکی تر خۆشەویستی و سێکس سەد و هەشتا پلەی تەواو پێچەوانەی ویستی مەرگدۆستین «ساناتۆس». دوو لە سیما بەناڤدەنگەکانی تیۆری رەخنەیی «ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر» لە «کەسێتی دەسەڵاتخواز»دا سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشن، ساناتۆس لە دوا ئەنجامدا فاشیزمی لێدەکەوێتەوە و بە پێچەوانەوە ئیرۆس مامانی دیموکراسییە «بە تێگەیشتنی ئەز مەبەست لە دیموکراسی لیبراڵی نییە».

لـەم رووەوە ئاناتۆمییەکانی فـرۆیـد وەک دامـەزرێـنـەری قوتابخانەی دەروونشیکاریی زۆرتـر کۆمەکی تێگەیشتنمان دەکـات، لێ میشێل ئۆنفرێ لە کتێبی «ئاوابوونی بتێک»دا ئارگۆمێنتسازیی ئەوەی کردووە کاتی هاتووە جیهانی خۆرئاوا لە دەرەوەی فرۆیدیزم، رەوتێکی تری دەروونشیکاریی پەرەپێبدات،

چونکە نەک بە زانستی نازانێت بەڵکو پێیوایە شتێکی زیانبەخشە و هیچ کات نەیتوانیوە یەک نەخۆشیش دەرباز بکات لە دەروونپەشێویی و شیزۆفرینیا و هتد.. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس هانی خوێنەر دەدەم بگەڕێنەوە بۆ زیگمۆند فرۆید. بە دیوێکی تردا سێکس بۆ خۆیشی جۆرێکە لە ئازار، ئەویش بەهۆی ئەو خولیا و ئارەزووەی هیچ کات ناگاتە تێربوون، خلۆربوونەوەیە لە لوتکەوە بەرەو نزمایی، دۆخێکی پەشۆکێنەری لێ دەکەوێتەوە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی زەمەنی چێژ کورت و تیژتێپەڕترە، بە پێچەوانەی خواستی «نیچە»وە لە کتێبی «زەردەشت وا دەڵێت»دا سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت، شادیی یان چێژ، خواستی نەمریی و ئەبەدییەتی هەیە، کەچی ئەمە لە نیوەی رێگادا تووشی نسکۆ دەبێت لە بەرامبەر هەلومەرجی دەرەکی کە لیپاولیپە لە ماندوویێتی و رەنج و ئازار، بەتاڵبوونەوەیە لەو وەهمەی فەلسەفەی پشت لە ئارادابوونی ئەم جیهانە دەبەستێتەوە بە چێژوەرگرتن، نکۆڵی ناکرێت سێکس یەکێک لە گرنگترین کەناڵەکانی شادیبەخشینە، بەڵام قسە تاڵەکە ئەوەیە هیچ کاتێک بەختەوەریی ناهێنێت، بەختیاریی وەهمێکە مرۆڤ بۆ خۆ رەهاکردن دایهێناوە، ئەگەرنا بەختەوەریی لە هیچ شوێنێک نییە چ لەناوەوە و چ لە دەرەوەی خود، گەوهەرێکی نێو زێدەڕۆییکردنی فانتازیای مرۆییە، بۆ ئەوەشی بە بەختەوەریی بگەین، دەبێت ببینە گەڕیدەی فەرهەنگەکانی زمان. لانیکەم بەختەوەریی دەتوانێت ئەو جۆرە ژیانە بێت رادەی ئازارەکان تێیدا کەمترن، نەک ژیانێک نقوومی چێژ بێت، وەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەمان پێدا چێژ بریتییە لە وێڵکردنی ئازار.

سێیەم: چێژگەرایی تیۆرییەک نییە لە فەلسەفەی ئەبیکۆرۆسەوە دەستی پێکردبێت، گەشتی مرۆڤ لە ژیاندا و لە دنیای گریمانەیی دوای مردنیشدا گەڕیدەییە بە دوای چنینەوەی زۆرترین بڕی چێژدا. دیسکۆرسی ئاینەکان بە تایبەت ئیبراهیمییەکان لە ئەلفەوە تا یا، بریتییە لە هاندانی خەڵک تا بەهەشت بەدەستبهێنن. بەهەشتیش چیترە جگە لە سەرزەمینی چێژە ئیدیالکراوەکان؟، ئەگەر چێژەکان لە بەهەشت دەربهێنیت، ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئاگر دەترسن و هەوڵی

پارادیس دەدەن، بە دڵنیاییەوە لە چەند سەد کەسێک تێپەڕ ناکات!. بە جۆرێک لە جۆرەکانیش سۆشیالیزم بە هەمان میتۆدی ئاینەکان خۆی بەڕێوە دەبات، چێژەکانی ئێستا دوادەخات بۆ چێژە گەورە یۆتۆپییەکە، ئەگەر سۆشیالیزم ببێتە گریمانە و بەڵێنی پاشەڕۆژ وەک خۆم قبوڵم نییە، ئەگەر وابێت ئێمە کاتێک لە ئایندەیەکی دوورتردا سۆشیالیزم بەدیدەهێنین هێشتا ناهاوسەنگیی و نادادییەک دەمێنێتەوە، ناتوانین ئەوانەی پێشتر مردوون، بیانهێنینەوە ناو ژیان و تامی سۆشیالیزمیان پێ بچێژین. هەڵبەتە نامەوێت بڵێم ئەو چێژە وەهمیانەی سەردەم لە خەونی سۆشیالیزم گرنگترن، چونکە چاخی چێژگەرایی سەرمایەداریی هیچی تر نییە جگە لە پووکاندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی خودی چێژ، چیدی سەردەمی بە کەتوارکردنی هەموو جۆرە فەنتازیاکانی چێژە با ئەو خەیاڵانەش پڕ بن لە لادان. ئەگەر بە پاڵشتی تێڕوانینی «ژاک لاکان» بدوێین، ئایدۆلۆژیای لیبراڵیستی پاڵی ناوە بە چێژەوە بۆ ئەودیوی تێربوون و ڕەهەندێکی نەخۆشانەی پێ بەخشیوە، کە ئەو ناویناوە زێدەچێژ. زێدەچێژیش وەک گلێن دالی ڕوونیدەکاتەوە «نەک سوبێکت دەبزوێنێت، بەڵکو هەڕەشەی وێرانکردنیشی لێ دەکات، بەم مانایە دەتوانین بڵێین زێدەچێژ هەم لەمدیو پانتایی ڕەمزییەوەیە هەم لەودیوی».

من: لە دیدی سارتەردا لە پرۆسەی سێکسدا هەمیشە ئەنگێزەیەکی چاوچنۆکانە و داگیرکاریی لە ئارادایە. بەو پێیەی بە چڕیی لە کۆششی ئەوەداین جەستەی بەرامبەر بخەینە ژێر مۆنۆپۆڵ و داگیرکاریی، هیچ بوارێک بۆ بەرامبەر ناهێڵینەوە خاوەنداریێتی جەستەی خۆی بکات. وەک خۆم بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە هەر کەس لە ئێمە لە کاتی سێکسدا تەنیایە، بە دوای هەڵمژینی بڕێکی زۆرتر لە چێژەوەیە لەویتردا، تەنهاییەکی سەیر لە پرۆسەی سێکسدا هەیە لەو ڕەهەندەوە هەر یەک بە جیا بە دوای ئارەزووەکانی خۆی کەوتووە. جەستەی ئەویتر وەک جێگایەک دەبینرێت تا هەڵچوون و لیبیدۆی تێدا دابمرکێتەوە، هەست بە جۆرێک لە سادیزمیش دەکەم لە قووڵایی هەر پرۆسەیەکی سێکسدا! ئەمەش بە جۆرێکی تر لە نسکۆ لە دیدی سارتەردا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بەو پێیەی کۆتایی هەر پەیوەندییەکی سێکسیی لە خۆیدا جۆرێک لە هەرەسی هەڵگرتووە،

چونکە لە ئۆرگازمدا کۆتایی دێت، بێ ئەوەی رازیمان بکات. سارتەر رمەکە بۆ دووتر هەڵدەدات، تەنانەت ئەویتر بە دۆزەخ دەزانێت بە دڵنیاییەوە ناتوانێت خۆشەویستی لەگەڵ دابمەزرێنێت. ئەو دەڵێت «عەشق شتێکە هیچ کات نابێتە واقیع». ژان پۆڵ سارتەر ناشرینی رووخساری و گاڵتەپێکردنی لەلایەن کچانەوە بۆی ببووە دڵەڕاوکێییەکی ترسناک و نەیدەتوانی لە ژێر ئەو بارە دەربچێت، وەک جارێک خۆی بە «میرلۆپۆنتی» وتبوو نەیتوانیوە بە رووخساری سەرنجی ژنان بە لای خۆیدا رابکێشێت، ناچاربووە بیانخانە ژێر ئەفسوونی وشەکانییەوە. لە راستیدا ئەوەی ئێمە لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکاندا، کەمترین حسابی بۆ دەکەین، بارودۆخی دەروونی فەیلەسوفانە، چونکە ئەم بوارە نواندنەوەیەکی راستەوخۆی هەیە لە تێز و چەمکاندنەکانیاندا، ئەگەر فوکۆ بەهۆی هۆمۆسێکسوالێتییەوە خۆی لە قەرەی عەشقی نێوان هەردوو رەگەز تەنانەت پرسی ژن نەدابێت، لە دۆخی سارتەردا نەشیاویی جەستە و رووخسار تووشی جۆرێک لە سڵەمینەوەی کردووە لە خۆشەویستی، لە رێگەی فەلسەفەوە و تێزەکانییەوە قەرەبوو و تۆڵەی کردووەتەوە. تەنانەت بە پێی ئەو راپۆرتەی گۆڤاری «لیر»ی فەرەنسی لە بارەی ژیانی سێکسی فەیلەسوفانەوە ئامادەکرابوو، ئاماژە دراوە بە وتەکەی سارتەر خۆی: «زیاتر گیرۆدەی ئالوودەبوونی دەستپەڕم وەک لەوەی تینووی سێکس بم». سیمۆن دی بوڤوار هاوڕێ و دۆستە هەمیشەییەکەی لە بارەی سارتەوە جارێک وتبووی: «سارتەر لە هەموو کارێکدا گەرم و چالاکە تەنیا لەسەر سیسەمی خەوتن نەبێت». سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیگەلێکی فراوانی بە ژنانەوە هەبوو، وەک لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا بە چەشنی پادشایەکی رۆژهەڵاتیی چوار دەوری بە کچانی گەنج تەنرابوو، کەچی ئەو هیچ کات نەیدەتوانی بگاتە لەززەتی رەهای سێکسی و ئۆرگازم. پرسیارەکە ئەمەیە ئایا دۆخی ناجێگیری سێکسیی و دەروونی، رەنگدانەوەی نەبووە لە چەمکاندن و تێزەکانیدا؟ بە دڵنیاییەوە بەرسڤەکە بەڵێیە. هیچ رۆشنبیریی و ئایدیا و فەلسەفەیەک لە ئارادا نییە ئەگەر نەکەوتبێتە ژێر کارتێکەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

سێبەر: ئەگەر بە ڕوومدا هەڵنەشاخێن پێموایە کاتی هاتووە پێداچوونەوەیەکیش بۆ سادیزم بکەین، وەک ئەو بەرگرییەی لە وتارێکدا بە ناونیشانی (سەرلێکردنەوە لە نێوان فەیلەسوف و سیاسەتمەداردا) نوسیبووم: رەنگە ئەو ناونیشانە جۆرێک لە سەرسوڕمانی تێدا بێت، لە راستیشدا هەر دەبێت وابێت، ئەمە هێندە راچڵەکێنەرە وەک ئەوەیە تەشتێک ئاو بکەیت بە دەموچاوی مرۆڤێکدا لە شیرینی خەودا. ئێمە لێرە بە چەند دێڕێک جیاوازیی دوو فۆرمی سەرلێکردنەوە دەخەینەڕوو!، رەنگە ئێستا زەینی زۆرینەتان بچێتە سەر ئەو گرتە تراژیدیکییانەی سەربڕین لەلایەن رێکخراوی داعشەوە ئەنجام دەدران. بۆ نا؟ ئەو دیمەنانە کاریگەرییان لە سۆز و ویژدانی مرۆڤایەتی کرد، وەلێ دڵنیام کاریگەرییەکە تەنیا هەستەکی بووە نەک عەقڵانی، بەڵام ئێمە لەم رووبەرە بچووکەدا جۆرێکی تر لە سەربڕین دەخەینە بەر باس، راستتر وایە بڵێین دوو پارادایمی پێچەوانەن لە یەک فۆرمی سەرلێکردنەوەدا!. یەکەمیان ئەو سەربڕینەیە فەیلەسوفان لە هەمبەر کەسایەتییە مێژووییەکانی بواری فیکر و سیاسەت و فەلسەفە و تاد.. دەیخوازن، بەوەی ئەوان تەنیا کاریان بە سەری مرۆڤەکان هەیە کە چی ئەنگێزەیەک تێیدا جۆش دەدات و ئاناتۆمی تێرمی تێفکرین و جیهاندیدیان بۆ ژیان و وجود دەکەن. نموونەیەک وەردەگرین. رۆلان بارت فەیلەسوفی هاوچەرخی فەرەنسی لە بارەی مارکیز دی ساد، وەک رەمزی دڵڕەقی و ئەو نەخۆشییەی فرۆید و سایکۆلۆژیستەکان بەناوی ئەوەوە دایانتاشیوە، دەڵێت: «دادپەروەریی ئەوەیە سەری مارکیز دی ساد لە لەشی جیا بکرێتەوە». لە رواڵەتدا ئەم قسەیە لە هەمان قسەکانی ئەبوبەکر بەغدادی دەچێت! کەچی لە قووڵاییدا سەرلەبەر پێچەوانەی ئەوە و کرۆکی مەبەست لە جیاکردنەوەی مانەویی سەری سادە لە لاشەی.

وەک دەزانین بارت ژیانی تایبەتی داهێنەران و نووسەران لە بەرهەم و دەقەکانیان وەک دوو شتی جودا دەبینێت و پێیوایە دەبێت وەک یەک سەیریان نەکەین. کەواتە ئامانجی ئەو لە درکاندنی ئەو رستەیە چی بوو؟. بە خوێندنەوەی من، بارت کاری بە مێشکی دی ساد هەبوو، وەک مێشکی مرۆڤێکی یاخی و رادیکاڵ و شۆڕشگێڕ و پڕ ئید و بیرۆکەی خەلاق. کاری بەو جەستەیە نییە هەمیشە وەک

سیمای ئەشکەنجە و چێژوەرگرتن لە ئازاری ئەویتر وێنا دەکرێت. بە کورتی مارکیز دی سادی جەستەیی هێمایە بۆ ئیرۆتیزمێکی دڵڕەق و بێ بەزەییانە، لە بەرامبەردا دی ساد وەک مێشکێک رەمزی رادیکالیزم و شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە لە دژی دیسپۆتیزمەکانی سەدەی هەژدەیەم. بۆ من پێویستە جارێکی دیکە و بە روانینێکی فراوانترەوە شانۆنامەی «مارا – ساد»ی پیتەر ڤایس بخوێنمەوە. ئەی پارادایمی دووەم کە لەلایەن سیاسییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت چییە؟. (هەڵبەت ئێمە دەبێت بە روونی دژی ئەو تێزە ئایدیالیستیی و خورافییە بوەستینەوە پێیوایە سیاسەتمەداران روحی خۆیان بە شەیتان فرۆشتووە) ئەمەیان دیقەتێکی زۆری پێویست نییە. سیاسییەکانیش وەک فەیلەسوفان زیاتر کاریان بە سەری تاک و گشتە! لەوێدا لە فەیلەسوفان جودا دەبنەوە، سیاسەتمەداران راوی عەقڵی تاک بە تاکی هاووڵاتیان دەکەن، کۆششی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو سەنتراڵە گرنگەی بیرکردنەوە دەخەنە گەڕ کە مێشکە، هەوڵدەدەن وێنایەکی ساختەی هەقیقەت لە زەینی گشتییدا جێگیر بکەن تاکو بەردەوامی بدەن بە مانەوە و بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان. هەر لەم سۆنگەوە هەوڵی کۆمەڵگەیەکی بێ سەر دەدەن یان دەخوازن کۆمەڵگەیەکی زەبەلاحی وەها بینا بکەن چەشنی دایناسۆر مێشکی هێندەی مێشکی مریشکێک بێت. کەوابێت لە هەردوو بارەکەدا سەرلێکردنەوەکە مەعنەوییە نەک فیزیکیی. خۆ رەنگە لێرەدا بگەینە ئەو فاکتەش، داعش بە پێوەرە پراگماتیستییەکە هیچ کات سیاسەتی نەکردووە کە ئەمەیان جێی مەبەستی من نییە لەم دەرفەتەدا.

من: لە ئێستادا سادیزم هیچ نوێنەرێکی نییە جگە لە سەرمایەدارییی. کۆمپانیا و کەناڵ وماڵپەڕە سێکسییەکان هەر بە تەنها سێکسی ژنان بە پیاوان نافرۆشن، بەڵکو داهاتێکی زۆریش دەچننەوە لە رێگەی فرۆشتنی فۆتۆ و گرتە ڤیدیۆییەکانەوە، لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا بازنەی سەرمایەگوزاریی بە سێکسەوە فراوانتر دەبێت، کەچی کردەی سێکس برێکی زۆر کەمتر ئەنجام دەدرێت!. لەشی ژن کاڵایەکی سەرەکییە لەم بازاڕسازییەدا، ئامارەکان ئەوە دەردەخەن سایتەکانی گەی «نێربازیی» حەفتا جار بینەریان کەمترە لەو ماڵپەڕانەی سێکسی نێوان هەردوو

ڕەگەز بڵاودەکەنەوە. لەناو ئەو ماڵپەڕانەشدا فۆتۆ و ڤیدیۆی سێکسی کچانی هەرزەکار و گەنج بینەرانێکی بێشووماریان هەیە، ئەم ئەو هەواڵە ترسناکەیە زۆرینەی تەماشاکەرانی ئەو سایتانە کە پتر لە سەدان ملیۆنن، کەسایەتیی سیکۆپات و پیدۆفیلن «منداڵباز». سەرمایەداریی بە هەموو شێوەیەک برەو بەم سێکسفرۆشییە بینراوە دەدات و سەرقاڵی دروستکردنی زەینێکە بۆ بە ئاسایی وەرگرتنی ئەم دۆخە، (خوێنەریش دەبێت لەمەدا هۆشیار بێت ئێمە داوای دەستگرتن بە نەریتەوە ناکەین، بەڵام ناشمانەوێ ئەم بازاڕگەرمییە رووتەی سێکس و پۆرنۆگرافی ببێتە نەریت). ئەویش بەهۆی ئایدیاڵیزەی جەستە و دروستکردنی تەلیسم بە دەوری کردەی سێکسدا، بەوەی هەر چۆنێک سێکس بکەیت، نهێنییەک ماوەتەوە و دەبێت لە رێگەی ئەم ماڵپەڕانەوە دەستت پێی بگات. لە ئیپۆس «داستان»ی «ئۆدیسیۆس»ی هۆمیرۆسدا، سیرێنەکان ئەو «پەری دەریا»یانەن، لە جوانی و دەنگخۆشیدا بێ هاوتان، بە ئەفسوونی دەنگ و جوانییەکەیان، بینەر و گوێگر کەمەنکێش دەکەن بەلای خۆیاندا، وا لە مرۆڤ دەکەن بە دوایاندا ڕا بکات، ئەوانیش لە هەرێمە نەزانراوەکەیاندا سەرەونگوونی دەکەن و ئیدی سەر و سۆراغی لە هیچ جێگەیەک نامێنێت، بە هەمان شێوە سیرێنەکانی کەناڵە پۆرنۆ بە بزەوە بانگهێشت و میوانداریيمان دەکەن تاکو راپێچی بەرمۆداکانی خۆیانمان بکەن و بۆ ئەبەد لە گێژەنیاندا ون ببین. لەبەرئەوەی بە پێی ریتمی داستانەکەش سیرێنەکان باسی خودی خۆیان ناکەن، ئەوەندەی گۆرانی بۆ ئەویتر دەچڕن، لە دۆخی سیرێنەکانی پۆرنۆدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، ئەوان خۆیان ناوروژێن، هێندەی دەیانەوێت لە وەتەری ئەویتر بدەن و بیوورژێنن، ئەوە دەکەن بەرامبەر حەزی پێدەکات نەک ئەوەی خۆیان حەزی پێدەکەن.

سێیەم: مرۆڤی نوێی چاخی سەرمایەداریی لە خۆشەویستی تێناگات و نایکات، ئەگەریش بیکات مامەڵەیەکی کاڵایی لەگەڵ دەکات، دەیکاتە دوا چالاکی و دوا ئارەزووی پاش ئارەزووەکانی تری لە ناو جیهانی کاڵاییدا. کاتێک سوبێکتی مۆدێرن لە ئۆبێکتەکانی بەردەمی تێر نابێت و درز و بۆشاییەک بە پڕ نەکراوەیی دەمێنێتەوە، پەنا دەباتە بەر ئۆبێکت «کاڵا»یێکی تر کە خۆشەویستییە، بۆیە بیری دەکەوێتەوە

پەیوەندیی بگرێت بە بەرامبەرەکەیەوە، ئیدی ئەویتر هیچی تر نییە جگە لە ئۆبژەیەکی بێ هەست و گیان، لەوانەشە پەیوەندیپێوەکراو لە هەمان دۆخی پەیوەندییکاردا بێت، سەرگەرم بێت بە ویست و حەزەکانی لە دنیای شتەکانی تردا. بۆیە زۆر زوو دابڕان دروست دەبێت، چیتر فیراق هەمان ئەو فیراقە روحییەی پێشوو نییە، چونکە لە بناغەوە روح تێیدا بەشدار نەبووە، لە ریشەوە دابڕانێکی کالایی بووە، چیدی چەمکی دلبەر بەو شێوە بەربلاوەی لە زمانی ئاسایی رۆژانەی نەوەکانی پێشوو یان وەک بالاترین وەسفی شیعری کلاسیکی و ئەڤینداریی کوردییدا هەبوو لەناوچووە، چونکە چیتر ئەویتر بوونەوەرێکی زیندوو نییە، کەس ناتوانێت دلی کەس ببات، تەنیا بە لایدا تێدەپەڕێت. ئەو زەمەنە بۆ فیلمە رۆمانسییەکان جێهێلدرا کە فیراق دیاردەیەکی روحی بوو، وەک ئەوەی «ناری» لەم بەیتەدا دەریبڕیوە: (لەسەر سفرەی فیراقت مایلی تیعدادی نیعمەت کەم.. ئەلەم چا، قاوە میحنەت، کفتە غەم، هەم نانی تیرییمە). لەم فیراقەدا تەنانەت عاشق رووبەڕووی بەدخۆراکی و بەدبینی دەبێتەوە لە بەرامبەر ئارەزووی خواردنیشدا، بە پێچەوانەوە دوای پێنج خولەک لە دابڕان و فیرقەتی سەردەمی مۆدێرندا، «عاشق» بۆ پڕکردنەوەی ئەو ئازارە کورتخایەنەی هێندەی ژانی دەرزییەکە، وەک منداڵێکی وڕکگرتوو هەموو شتێک لە مەکدۆناڵسێکدا لە بیر دەباتەوە و رەنگە هەر لەوێش بکەوێتە چاوگێڕان بۆ کالایەکی تر تا ببێتە جێگەی سەرگەرمی بۆی لەو چرکەساتەی کالا ماتریاڵییەکان بە تەواوەتی بۆشاییەکەی بۆ پڕ ناکەنەوە. ئەمە دیوێکی تری ئەو فۆرمە کلاسیکییەی عەشق نییە ئەویتری مەعشوق وەک کالا و موڵکی خۆی سەیر دەکات، بەڵکو بە کالابوونی خودی خۆشەویستییە. پەی بردن و جیاکردنەوەی ئەم دوو شتە لە یەکتر کەمێک ئاڵۆزە، دەتوانین بە نموونە سادەی بکەینەوە، لە خۆشەویستی نەریتیی و پێش مۆدێرندا، عاشق دەبوو بە خاوەنی دڵ و هەست و لەشی مەعشوق، جۆرێک بوو لە دەستبەراگرتن و بەرزەفت و داگیرکردن، واتە ئەویتر دەبوو بە شت، کالا، کێڵگەی ئارەزوو، هەرچی خۆشەویستی سەردەمە رەنگە ئەم بەرزەفت و بە کالاکردنەی مەعشوق هەر وەک خۆیان بە جێگیریی مابنەوە، لێ رەنگیان کاڵتر بووەتەوە، بەڵام خودی خۆشەویستی یان پرۆسەکەش

بووە بە کاڵا و چووەتە جیهانی شمەکەکانەوە، وەک چۆن بیر لە کڕینی چاکەتێک دەکرێتەوە، هەرواش لە خۆشەویستی دەڕوانرێت. روحی سەردەمەکەش دەڵێت بوونەوەرە میتافیزیکیی و خاوەن هەستە گەرمەکانی جاران لە بووندا نەماوە، ئەوەی ماوەتەوە لە جیهاندا، کاڵا هەناسەدەرەکانن: «مرۆڤی نوێ».

من: لە ژێر سایەی عەقڵی ئامێریی و پۆزەتیڤیستی یان راستتر وایە بڵێم بە هۆی یەکگرتنی عەقڵگەرایی و زانست، (هەرچەندە عەشقی کچێک دڵی ئۆگەست کۆنتی رابەری فەلسەفەی بێ دڵی پۆزەتیفیزمی کوناودەر کردبوو، ئەمەش هاندەری هانا ئارێنت بوو بایەخ بە تێزێک بدات بە ناوی: خۆشەویستی لای کۆنت) ماناکانی سێکس و خۆشەویستی لە بناغەوە هەڵگەڕاونەتەوە، لەسەر بنەما و لۆژیکی هەموو شتێک قابیلی ئاڕاستەکردنە، سێکسیش دەخزێنرێتە ناو هەمان بۆتە. فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە تایبەت هێربرت مارکۆزە بە تایبەت لە «کتێبی ئیرۆس و شارستانی»دا، رێگەیەکی ناتەبا و دژبەرانەی فرۆید دەگرێتە بەر، داوای شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم سێکس و ئارەزوو دەکات، تەنانەت دەیەوێت عەقڵ و ئیرۆس لە یەکتردا بتوێنێتەوە، هەروەک دەڵێت: «ئیرۆس بە مەرجەکانی خۆی دووبارە پێناسەی عەقڵ دەکاتەوە. کردەی عاقڵانە یەکسان دەبێت بە راگرتنی تێربوونی ئارەزوو». ئەوان جەختیان لە راستییەکی تاڵ دەکردوەوە: دەستگرتن بەسەر سێکس و ئارەزووی مرۆییدا و ئاڕاستەکردن و نیشاندانەوە و هەڵگرتنی هەموو لەمپەرەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیە، نەک هەر خودی سێکس بەڵکو خۆشەویستی لە ماکە راستەقینەکەی خۆی رووت دەکاتەوە و لەناوی دەبات. من رێگە نێگەتیڤگەرییەکەی خۆم دەگرمە بەر و ئەم دۆخە قبوڵ ناکەم، ناخۆشییەکەش لەوەدایە لەم دۆخەدا رەخنەش بە وتەی مارکۆزە دەبێتە وەسفێکی بێ هیوایانە.

سێبەر: پۆزەتیڤیزم خۆی دەخاتە دەرەوەی ماتریالیزم و ئایدیالیزم، تەفسیری ماددییانەی مێژوو رەد دەکاتەوە. لە روانگەی ئەم ئاڕاستە فەلسەفییەدا ئەرکی زانست وەسفکردنی واقیعە نەک خوێندنەوە و گۆڕینی، لێ لای ئالان بادیۆی فەیلەسوفی هاوچەرخی فەڕەنسی «پۆزەتیڤیزم لە ئاینێکی لینگەوقووچ زیاتر نییە،

دووره لە بانگەشەی خۆیەوە، واتە خزمەتکردنی زانست، پتر ملکەچی کۆمەڵێک ئۆبێکتیڤیتەی ئایدۆلۆژییە کە دوورن لە بوون بە زانستێکی گونجاو». لایەنگرانی پۆزەتیڤیزم پێیانوایە مێژوو ئەنجامی ویستی مرۆڤایەتییە، بە تایبەت ویستی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان. ئۆگەست کۆنت ڕێسا و ئەزموونگەریی فیزیکیی بەسەر کۆمەڵناسی و کۆی زانستە مرۆییەکانی تردا پراکتیس دەکرد، تەواوی زانستە مرۆییەکانی بە ملکەچی زانستە سروشتییەکان دەبینی، ئەمەش دەرئەنجامی خراپی لێ کەوتەوە، کۆنت خۆی زوو دەرکی بە ئاریشەکانی پۆزەتیڤیزمەکەی کرد، بەوەی لە ئەنجامدا ئەم فەلسەفەیە ڕۆبۆتی بێ دڵ و گیانی لێ دەکەوێتەوە لە بری مرۆڤێکی خاوەن خەسڵەتە مرۆییەکان، لەم سۆنگەوە بیری لە رزگارکردنی تیۆر و بیردۆزەکەی کردەوە لەم رەق و تەقییە، لە بن هەژموونی خۆشەویستی ژنێکی لاویشدا کە حەڤدە ساڵ لە خۆی گەنجتر بوو، ئارەزووی بوو دەست بکات بە نووسینی کتێبێکی جیاواز و تایبەت وەک پڕۆژەیەکی جددی لە داهاتووی کارە فیکرییەکانیدا، وەک خۆی بۆی دەچوو ئەم کتێبە ئۆپێرا و ژیانەوەیەکی مەزنی خۆشەویستی گەردوونی لە خۆ دەگرت، کەچی مەرگ بواری نووسینی پێ نەدا، سەرئەنجام ئەوەی لە پۆزەتیڤیزم بە میرات مایەوە شارستانییەکی بێ روح و گیانی ماددیگەرایی پەتی بوو کە نهۆ لە ژێر هەڕەشەی شکست و هەرەسدایە.

وەک خۆم باوەڕناکەم پۆزەتیڤیزم و ئۆگەست کۆنت کە زانستیان خستبووە شوێنی ئاین و فەلسەفەکەشیان لەسەر سترۆکتوری فیزیک و ڕێسا ماتماتیکییەکان و داتاگەریی دامەزراند، بیریان لەوە کردبێتەوە تەکاندان بە زانست هەر بە تەنیا کۆمەڵگە لە دیسپۆتیزمی ئاینی و فیوداڵی رزگار ناکات، بەڵکو دەشێ لە کۆتاییدا بۆ خۆی ببێتە جۆرێکی تری دیسپۆتیزم و هاوکاری چەوساندنەوەی مرۆڤ، وەک بووشە. چونکە لە پۆزەتیڤیزمدا ئەو دەرئەنجامە هاتە دی کە بیرکردنەوە لە ئاست واقیعدا دەستەپاچەیە، ئەو واقیعە داسەپاو و چەوسێنەری هەیە وەک واقیعێکی رەوا و ویستی کۆگەلی مرۆڤ تەماشا دەکرێت. ئەگەرچی سان سیمۆن بە دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە دادەنرێت، کەچی ئەو بە هەموو شێوەیەک دژی روحی سەرمایەداریی بوو، خەونی خۆی بە ئەگەری هاتنەدی سۆشیالیزمەوە

گرێدابوو، بەڵام لەسەردەستی «کۆنت»ی قوتابی کودەتایەکی سەراپاگیر کرا بەسەر نۆرم و ڕێڕەوی سەرەکی بیری «سان سیمۆن»ی مامۆستادا، فەلسەفەکەی بە ئاقارێکی تردا چەرخاند و تەفسیری دنیای کردەوە زانستێکی سەربەخۆی وەک کۆمەڵناسی. کۆنت «جۆرێک لە تیۆری کۆمەڵایەتی پێشخست ئەنالیز و راڤەکردنی کۆمەڵگەی وەک زانستێکی سەربەخۆ دەرهێنا». بەڵام هێربرت مارکۆزەی فەیلەسوفی تیۆری رەخنەیی، رەخنە لەم سۆسیۆلۆگیا پۆزەتیڤگەراییە دەگرێت و بە پارێزەری ئایدۆلۆژیی بۆرژوازی دادەنێت، لە بری هەڵتەکاندن و تێپەڕاندنی سیستم بە توندیی دەست بە نەزمەوە دەگرێت. کۆنت خۆیشی ئەمەی نەدەشاردەوە و پێیوابوو پێڤاژۆی نێگەتیڤگەرایی «نەفی نەفی لە مارکسیزمدا بە نموونە» کە مەرجی رووخاندنی رژێمە دواکەوتووەکان و شۆڕشە کۆتایی هاتووە، نووکە پێمان ناوەتە قۆناغی پۆزەتیڤگەرایی و راگرتنی نەزم و ئاسایش و جێگیربوونەوە.

من: لە نیگای یەکەمدا مارکسیزمیش وەک دەمڕاستێکی جیهانی ماتریالیزەکراوی ئاوەزپەرست دەردەکەوێت!. ئەم نیگایەکە و بەس، نەک تێڕامانێکی قووڵ، چونکە نیگا زۆر تیژتێپەڕە و ناتوانێت شتەکانمان وەک ئەوەی هەن پێ بناسێنێت. مارکس پێیوایە مرۆڤ لەو ساتەوەختەوە لە بوونە ئاژەڵییەکە جیابووەتەوە خۆراکی پێویستی بۆ ژیانکردن دابین کردووە و بە فۆرمێکی ماتریالیستی ژیانی خۆی رێکخستووە. لە روانگەی مارکسەوە خەسڵەتی سەرەکی مرۆڤ بریتییە لە ئیش و بەرهەمهێنان، هەر لە ڕێگەی کاریشەوە ماهیەتی مرۆڤانەی خۆی دۆزیوەتەوە و قۆناغی ژیانی مەیمونانەی بەرەو مرۆڤبوون تێپەڕاندووە. بە دەربڕینێکی تر کارکردن فاکتۆری هەرە بنەڕەتی مرۆڤاندنی مرۆڤ بووە. ئەمەش بە مانای رووتکردنەوەی مرۆڤ نییە لە خەون و ئایدیا و هەستە گەرمەکانی بەڵکو داکۆکیکردنە لێیان لە ڕێگەی دەرهێنانی مرۆڤ لە ژێر دیتێرمینیزمی ئابووری. لە روانگەی منەوە مارکس بە تەنیا ماتریالیستێکی پەتی نییە، لە پاڵ ئەمەدا ئایدیای هەبووە لەسەر مرۆڤ و بۆ هێنانە ئارای جیهانێکی دڵخوازی مرۆڤانە، ئەمەش جیابوونەوەی مارکسە لە ماتریالیزمی پێش خۆی، ئەوەی لە دیموکرتیسەوە درێژ دەبووەوە تا

فۆیەرباخ، دیموکرتیس هەموو شتێکی وەک پێدراوێکی ماددیی دەبینی، هەر لە تەنە نائۆرگانییەکانەوە بۆ تەنە ئۆرگانییەکانی وەکو مرۆڤ، ئەو هەستە مرۆییەکانی نەدەبینی، ئێمە لەسەر ئەم بابەتە دادگایی ئەو فەیلەسوفە ناکەین، لەبەرئەوەی کۆنتێکستەکە ئەو روانگەیەی بۆ دروستکردبوو کە کەوتووەتە پێش سەرهەڵدانی زانستە مرۆییەکانی وەک سایکۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و هتد. تیۆرەی ماتریالیزم لە سەدەی نۆزەدا بە تایبەت لە فەلسەفەی ئەڵمانی بە پلەی یەکەم و لە فەلسەفەی فەڕەنسیدا بە پلەیەکی تر، جێگەی مشتومڕێکی فراوانی فەلسەفی بووە، بۆ نموونە فەیلەسوفی فەڕەنسی «دۆلامیترێ» لە کتێبەکەیدا «مرۆڤ ماکینەیە» ڕێبازێکی رەق و میکانیکی ماتریالیستی بەکاربردووە لەگەشەی بوون و ژیانی مرۆڤایەتیدا، هیچ خەسڵەتێکی مرۆیی لەبەرچاو ناگرێت و مرۆڤ وەک ئامێرێکی بێ هەست و گیان وێنا دەکات، وەک بڵێی مرۆڤ دوو تاڵ بزمار و سەلکێک سابوون بێت. پۆڵ ریکۆر لە بەرسڤی پرسیارێکدا لە هەمبەر بیری فەلسەفی «دیکارت» ئەوە روون دەکاتەوە، جیهان لە خۆیدا ئامێرێکە، کەچی مرۆڤ بەو شێوازە بیری لێ ناکاتەوە، یان ئەو خودە بیرکەرەوەی لەناو ئامێرە گەورەکەدا «جیهان» هزر دەکاتەوە، بۆ خۆی ئامێر نییە، بەڵکو روحێکە. هەروەها مارکس خۆی جیاکردووەتەوە لە ماتریالیزمی سەرمایەداریش چونکە دووبارە لەم سیستمەدا مرۆڤ نەک هەر بە ئامێر دەبێت، بگرە دەبێتە کاڵایەکیش، بەو شێوەیەش خۆشەویستی و سێکس بەرگێکی کاڵاییان بەبەردا دەدوورێت.

سێیەر: ئەوە بواری خۆشکرد بۆ ئەوەی سێکس وەک هەر کاڵایەکی تر کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت. تەرزێک لە فێمینیزمی ئەوروپی بە تایبەت لە ئەڵمانیا لە نەشونماکردنی خێرادایە کە پێیانوایە لەشفرۆشیش «وەک خۆم وشەی سێکسفرۆشیم پێ ڕاسترە» سەرچاوەیەکی تری هێزە بە تایبەت هێزی ئابووری بۆ ژن، لە روانگەی ئەم چاپە لە فێمینیزمەوە سێکسفرۆشی کارە، «داهاتی ساڵانەی سێکسفرۆشی ١٥ ملیار ئۆیرۆیە لە ئەڵمانیادا»، ژن دەتوانێت لەم رێگایەوە لە رووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی راوەستێت. سۆزان دودیلێت فێمینیست و مامۆستای هزر لە زانستگای یۆتۆبۆری، لۆژیکە باوەکە هەڵدەگێڕێتەوە و

دەپرسێت بۆچی دەبێت پیاوان سێکسیان بە خۆڕایی دەستبکەوێت!؟. ئەڵمانیا کە بە وتەی دودیلێت کەمتر وڵاتێکی فێمینیستییە، فێمینیزمی باڵادەست لەم دەوڵەتەدا بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە لەشفرۆشی دەکات و بە زامنی ئازادیی مێینە و کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی رەگەزیی سەر ژنان لێکدانەوەی بۆ دەکات، ئەمە بێ لەبەرچاوگرتنی بە کاڵابوونی لەشی مێینە و تێکشکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی ژن. لەلای رابەرانی ئەم بزووتنەوەیە سێکسفرۆشیی کارێکە و چاوگی داهاتە بۆ ژنان، لە کاتێکدا تێبینی ئەوە دەکرێت کابانی ماڵەکان، بەدەر لە ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی ماڵ و بەبێ وەرگرتنی هیچ کرێیەک یان لە بەرامبەر خۆشەویستییدا دەبێت سێکسیش بۆ هاوسەر و خۆشەویستەکانیان دابین بکەن، ئەمەش بە جۆرێکی تری چەوساندنەوەی مێینە تێدەگەن. ئەوان لەسەر ئەو قەناعەتەن خۆشەویستی داهێنراوێکە و ستراتیژیەتێکی پیاوانە لە پشتییەوە وەستاوە و فریودانێکی ژنانە لەلایەن پیاوانەوە بەمەبەستی مسۆگەرکردنی سێکسی خۆڕایی، لە سێکسە خۆڕاییەکەشدا پیاو شوێن ئارەزووی خۆی دەکەوێت تا ئۆرگازم، لەبەرئەمە وەرگرتنی کرێ لە بەرامبەر سێکسدا بە بەکەڵکتر دەبینن بۆ ژنان.

ئەم تایپە لە فێمینیزمی ئەڵمانی پێیوایە لە ئەگەری سێکسفرۆشتندا ژن دەگاتە ئازادیی خۆی و دەتوانێت وەک تاکی سەربەخۆ رەفتار بکات، لە کاتێکدا ژنانێکی تر کە ئەم پرەنسیپە رەت دەکەنەوە «بە کرێدانی لەش» کۆیلەی خۆشەویستین و بە فۆرمێکی تر ملکەچی ویستی پیاون. ئەگەر لە روویەکی ترەوە سەیری ئەو ئارگۆمێنتەی فێمینیزمی ئەڵمانی بکەین، لەشفرۆشی فۆرمێکی هەرە باڵای بە چەوساندنەوە و بەکارهێنانی لەشی ژنە، تاکو ببێتە بازاڕێکی تر بۆ دابینکردنی چێژ بۆ پیاو، ئەوە نابینن جەستەی سێکسفرۆش بارمتەیەکە بۆ تێرکردنی حەز و ویستە شەهوانییەکانی کڕیار، ئەمە زەوتکردن و لێسەندنەوەی لەشە لە ژن و کردنێتی بە ئامێرێکی بێ گیانی لەززەت بەخشین بە لەشکڕ، لە مرۆڤخستنی ژن و کورتکردنەوەیەتی بۆ لەشێک کە هیچی تر نییە جگە لە کانییەکی شەهوەت بۆ تێرخواردنەوەی کڕیارە تینووەکان، کە هیچ کات و بە هیچ لەشێکی کڕدراو ئەم تینوێتییە ناشکێت. دواجاریش هەموو وزەی ئینسانیی مێینە لە سێکسی ناچاریی

و بە پارەدا بەتاڵ دەکرێتەوە، بەم شێوەیە لەو زەمەنەی پارە دەیباتەوە و دەچێتە سەر عەرشی خودایەتی، بەها مرۆییەکانیش لە بەرامبەر پارەدا چۆک دادەن. ئەم تەرزە فێمینیزمە ئامانجی خۆی لە کارکردن و ئابووری سەربەخۆی ژندا کورت کردووەتەوە، بەڵام لەوێدا کێشەیەک هەیە نابینرێت، ئایا خودی ئەم جۆرە کارە بە دڵی ژنان خۆیانە؟ چ جیاوازییەک دەمێنێتەوە کۆیلەی سێکسیی بن لە ناوماڵ یان لە دەرەوەی ماڵ؟ تەنانەت کارکردن لە کارخانەکاندا یان با بڵێین پرۆلیتاریزەی ژنان مانای گەیشتن بە دوا وێستگەی رزگاریی ژنە؟!، لێرەدا مەبەستم داماڵینی ژن نییە لە کارکردن بەقەدەر ئەوەی ویستوومە بڵێم کاتێک ژن دەبێتە کرێکار، ئەوسا هەم وەک ژن هەم وەک کرێکارێک رووبەڕووی پیاوسالاریی دەبێتەوە، راستە هاتنە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانەوە بۆ ژن ئێجگار گرنگە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەی جیاوازیی هەقدەست؟ ئەی چەوساندنەوە جێندەرییەکان؟ ئەی جیاوازییە چینایەتییەکان بۆ هەردوو رەگەز؟. وا بیر دەکەمەوە گرنگ کارکردن نییە، لێ بە تەواوەتی لایەنگری ئابووری سەربەخۆی ژنانم، وەلێ کارکردنێک ببێتە دووبارە چەوساندنەوە و هەڵاواردن فرە زەحمەتترە لە بێکاریی یان کاری ناوماڵ! بەڵام لێرەوە ژن دەچێتە ناو خەباتی چینایەتییەوە کە بە دڵی زۆرێک لە فێمینیستەکان نییە. ئیدی لەم چاپە فێمینیزمەدا ژن وەک ئامێرێکی پەتی کارکردن سەیر دەکرێت نەک بوونەوەرێکی خاوەن دڵ و دەروون. بە تێگەیشتنی خۆم یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دامەزراندنی کۆمیتەی «ژینۆتەدیل» بوو وەک ئۆرگانێکی گرێدراوی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی بەلشەفیک، کاری ئەم ئۆرگانە بەدەر لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە نێوان ژناندا، ئەرکی رووبەڕووبوونەوە و کەمکردنەوەی قەبارەی لەشفرۆشیی گرتبووە ئەستۆ، پاشان دۆزینەوەی هەلی کاری شیاو بۆ ژنانی لەشفرۆش، ئەمەش بە رێژەیەکی ئێجگار بەرز ژنانی بردە مەیدانی بەرهەمهێنانەوە و ئاستی سێکسفرۆشیشی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردووە تا کەوشەنی لەناوچوون.

# جەستەی بایۆلۆژیی و جەستەی کولتووریی

من: بۆ ئەوەی جەستە نەبێتە (تەرمێکی هەناسەدەر) پێویستیی بە چالاکییە. وەرزش و کارکردن یان جووڵەی میکانیکی بەردەوام کە راستەوخۆ کاردانەوەیان دەبێت لەسەر سایکۆلۆژیی تاکەکەس نموونەی چالاکین. سێکس دووبارە چالاکییەکە لە رێگەی جەستەوە بۆ ئامانجێکی تر ئەویش چێژوەرگرتن و ئاسوودەیی دەروونییە، هەرچەند لێرەدا دەبێت کەوانەیەک بکەینەوە بۆ تێڕوانینێکی ئەدۆنیس (چێژ بریتییە لەو تەقەلا سیزیفییەی بەردەوام و بۆ هەتاهەتایە لە گاشەبەردەکەدا دەیدەین). ئەمەش دووپاتکردنەوەی روانگە «لاکان»ییەکەیە کە مرۆڤ هەرگیز بەوە ناگات ئارەزووی دەکات، لەبەرئەوە ئارەزووی مرۆڤ هیچ کات ناگاتە ئۆرگازم. من لەم کاتەدا ناتوانم بیر لە «دۆریان گرەی» پاڵەوانی رۆمانەکەی «ئۆسکار وایڵد» نەکەمەوە دوای فرۆشتنی روحی بە شەیتان، ئەو کارەی پێشتر دکتۆر فاوست ئەنجامی دابوو، بە غەمگینییەوە دەڵێت: «هەموو جۆرە ئارەزوویەکم تاقیکردەوە، بەڵام نەگەیشتم بە بەختەوەریی!». ئەم روانگەیە نەک هەر سێکس بەسەر کۆی چێژەکانی تریشدا پراکتیس دەبێت، بە پێچەوانەوە لە روانگەی «جۆن ستیوارت میل»ەوە بەختەوەریی ساتەوەختی سنووردانانە بۆ ئارەزووەکان، لەنێویشیاندا ئارەزووی سێکسیی، بەڵام لەگەڵ زانینی ئەوەشی چێژ بە گشتیی و چێژی سێکسی بەتایبەتی گەمەیەکی سیزیفییە، هیچ هۆیەکمان نییە بۆ خەفە و سەرکوتکردنی، دەبێت لە کەناڵەکانی خۆیەوە ئەنجامی بدەین، بە بۆچوونی من بژاردە دروستەکە بۆ ئەنجامدانی کەناڵی خۆشەویستییە. هەر لەبەر ئەو هۆ سادەیەی بێ خۆشەویستی، لەهەر رێگەیەکی ترەوە بگەینە چێژی سێکسی، شادیی هەرچەند کاتیش بێت ناهێنێت. لەسەرو ئەمانەشەوە لایەنگری «ژیل دۆلۆز»م لە بەرامبەر «فرۆید»دا، بەدەر لەوەی دۆلۆز لە پەنا «فیلێکس گاتاری»یەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کۆی تێزەکانی فرۆید لە «خوان»ی ئەفلاتونەوە وەرگیراون، تەنیا

ئەنالیز و چەمکسازیی لەسەر کردووە، فوکۆش بە هەمان پێودانگ لە گەڵاڵەکانی فرۆید دەڕوانێت لە هەمبەر سێکسوالیتی و پێیوایە تیۆری فرۆید ڕێکخستنەوەی تیۆرییەکە پێشتر لە ئارادا بووە و ڕەگەکانی لە تەمومژ و پێچاوپێچی سەدەی حەڤدەدایە. دۆلۆز هاوکات لە کتێبی «ئەنتی ئۆدیب»دا ڕێگەیەکی پێچەوانەی فرۆید دەگرێتە بەر.

تەبابییەکەم لەگەڵ دۆلۆز لەوێدا بەرجەستە دەبێت، جەستە و ئارەزوو پێکەوە دەبەستێتەوە، نەک بەو جۆرەی فرۆید کە «ئەو- ئید» جڵەو دەکات لە پێناوی لە دایکبوونی شارستانێتیدا. ڕەجا حەلوانی، سێکس و خۆشەویستی بە دوالیزمێکی بنەڕەتی دەبینێت کە ئێمە لە ڕێگایانەوە درێژە بە خۆمان دەدەین و لەسەر بناغەی سێکسیش پەیوەندییە سۆزدارىی و ڕۆمانسییەکان ڕۆدەنێین و پارێزگارییان لێ دەکەین. فەیلەسوف و دەروونشیکاری فەڕەنسی «ژاک لاکان» بە کاریگەریی «سپینۆزا» جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «ئارەزوو ماهیەتی مرۆڤە». لێ چییەتی ئارەزوو تانوپۆیەکی فراوانتر و فرە ڕەهەندترە لە ئارەزووی سێکسیی، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئارەزووی سێکسیش سەر بە هەمان پۆلی ئارەزووەکانە، لای لاکان هەمیشە ئارەزووە نەستەکییەکان دەبینرێت، ئارەزووی نەستەکیش بەردەوام ئارەزووی سێکسییە، چونکە ئەوەی لە نەستی ئێمە هەواری هەڵداوە بە تەنیا ڕەغبەتی سێکسییە، هەر ئارەزوویەکی دەرە سێکسیش سەر بە ئاگایی مرۆڤە. لە پەیوەند بە پرسی خۆشەویستی و ئارەزووەوە، تیۆرە (لاکان)ییەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «ئارەزوو نە حەزی تێربوونە و نە داوای خۆشەویستی، بەڵکو ئەو جیاوازییەیە وا لە دەرکردنی یەکەمیان لە دووەمیانەوە سەرچاوە دەگرێت». بەو واتایەی بە پێچەوانەی «پێداویستی»یەوە کە لە سنوورێکی دیاریکراودا دەتوانێت ڕابوەستێت، تێربێت، هەرچی ئارەزووە ناگاتە هیچ ئۆرگازمێک، لە ڕووبارە ڕۆیشتووەکە دەچێت هیچ کات ناوەستێت، هەمان ئەو وەسفەی ئەدۆنیسە کە بە بەردەکەی سیزیف پێناسەی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا لە پرسی سێکس و ئارەزوودا ئەوەی هەردەم ئامادەیە و ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، جەستەیە، ئێمە دەبێت لە جەستە تێبگەین لە دەرەوەی ڕەهەندە بایۆلۆژییەکەی.

سێیەر: بوونی مرۆیی هاوشێوەی بوونی هەر چەشنە زیندەوەرێکی تر گرێدراوی هەبوونە جەستەییەکەیە، ئەگەر جەستە نەبێت هیچ هەبوونێک نییە و نامێنێت، ناتوانین لە بارەی کەسێکەوە قسە بکەین، هێشتا لە دایک نەبووە و هەبوونی جەستەیی خۆی نەسەلماندووە، یەکەمین چرکەساتی خۆ سەلماندن لە بووندا، خۆسەلماندنێکی جەستەییە. لە هەلومەرجی منداڵێکی تازە لە دایکبوودا، چاوەڕێ دەکرێت جەستەیەک لە سکی دایکییەوە بێتە دەرەوە، بێ هیچ چاوەڕوانییەک لە بوونی زمان و ژیریی و توانای بڕیاردان، ئەمانەی دوایی ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکان پێی دەبەخشن، بەو واتایەی منداڵی ساوا وەک کاسێتێکی بەتاڵ وایە کولتوور پڕی دەکاتەوە. مارسیل موسێ لە وتاری «تەکنیکەکانی جەستە»دا دەیەوێت ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت، هەر مامەڵەیەکی جەستە کەوتووەتە بن هەژموونی جۆرێک لە پەروەردە و راهێنانی کۆمەڵایەتییەوە. ئەگەر منداڵێک لە دایک بێت و لەگەڵ چاو هەڵهێنانیدا، بە کوردییەکی رەوان بڵێت «رۆژتان باش»، شتێکە لۆژیک تا ئێستا رێگەی پێ نەداوە، لە گریمانەی منداڵێکی تازە لە دایکبووی قسەکەردا، هەموو میدیا جیهانییەکان سەرقاڵ دەکات بە خۆیەوە. با لە ئوستوورەی لە دایکبوونی مەسیح ورد بینەوە، پەرچووە راستەقینەکە ئەوە نەبوو، بێ باوک لە دایکبووە، چونکە دایکی «مەریەم» لە بەردەم گومانێکی ئێجگار گەورەدا بوو، پەرچووەکە ئەوەبوو منداڵێکی تازە لە دایکبوو بۆ بەرگریی لە دایکی زمانی پژا و هاتە قسە. ئەم ئاوارتەییە دوای دوو هەزار و بیست و دوو ساڵ هێشتا ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرێت «جەژنی کریسمس»!. بۆچی پەنام برد بۆ ئەم نموونەیە؟ بۆ ئەوەی روونی بکەمەوە یەکەمین چرکەساتی هەبوون، چرکەساتی هەبوونێکی جەستەییە، زۆربەی چالاکییەکانی مرۆڤ دووبارە هەر جەستەیین، تەنانەت هەموو ئەو پەرستش و سرووتە ئاینییانەی وەک بەشێکی لە پرۆسێسی روحانییەت ئەنجام دەدرێن، بەبێ ئامادەیی جەستە توانستی ئەنجامدانیان نییە، لە سۆفیزم و عیرفاندا مەرجی کەماڵی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە ئەشکەنجەدانی جەستەوە یان لە نوێژکردندا مەشقێکی جەستەیی بە روونی دەبینرێت وەکو چۆن لە رۆژوودا برسیکردن و ماندووکردنی جەستە هەیە لە پێناوی بە دەستهێنانی

ڕەزامەندیی ئاسماندا، لێرەدا پەیوەندیی نێوان مازۆخیزم و ئاین ئاشکراتر خۆی دەنوێنێت.

خێوەکان یان با بڵێین شەبەنگەکان هەر بۆیە وەک خورافەیەک ماونەتەوە، چونکە تارماییەکی بێ جەستەن و مرۆڤ بە تایبەت لەو ساتەوەختەی ئێستادا کەمتر دەتوانێت شتێک گەوار بکات بێ دەرکەوتەی قەبارە و بارستە فیزیکییەکەی، هەر بۆیە هەموو چەشنە سزایەک دارکاریی ڕوحێکی نادیار نییە، بەڵکو سزایەکە بەسەر جەستەدا دەسەپێندرێت، زیندان یەکێکە لەو فینۆمینانە، زیندان چیترە جگە لە بەندکردنێکی فیزیکیی؟، بە ئاوارتەش نەبێت، مرۆڤ لە زیندانەکاندا هەموو توانستە مرۆییەکانی دەپووکێتەوە، ئەگەرچی خەیاڵ و ڕوح و ئەندێشە «بەدەر لە مانا باوەکەی ڕوح» ناخرێنە حەپسخانەوە، ئەوەی بەندکراوە بە تەنێ جەستەیە، کەچی ئەم زیندانیبوونەوە جەستەییە کاریگەریی لەسەر سروشتی داهاتووی مرۆڤ دادەنێت. چەند ئاپۆ و مەلا عەلی لە کورددا هەڵکەوتوون زیندان نەیتوانبێت لە چالاکی فیکریی و ئەدەبی ڕایانبوەستێنێت؟ ئەی بە درێژایی مێژووی سەدەی بیستەم تاکو ئێستاکەش چەند سەد هەزار کورد خراونەتە بەندینخانەکانی هەر چوار ڕژێمە درە چەوسێنەرەکەی کوردەوە؟ مەبەستەکەم لە دوو سێ دێڕدا چڕ دەکەمەوە و دەڵێم: هیچ هەبوونێک نییە لە دەرەوەی هەبوونە جەستەییەکە، هەر کاتێک جەستەیەک لە ئارادا نەبێت ناتوانین باس لە هەبوونی شتێکیش بکەین. جەستەش هیچ مانایەک پەیدا ناکات لەلایەن فەرهەنگەوە نەبێت، دروستتر وایە بڵێم جەستە تا ئەو کاتەی بەر کولتوور نەکەوێت و بەها کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان کۆدڕێژی نەکەن، لە پارچە گۆشتێک پتر نییە.

من: ئەگەر دیرۆکی مرۆڤ مێژووی سەرکوت بێت، ئەوا سەرکوتی جەستە یەکەمین جۆری سەرکوت بووە، ئەگەر لە سەرەتاوە تا نهۆ جەستە وەک پێدراوێکی فیزیکی سەرکوت کرابێت، هاوکات جەستە وەک پێدراوێکی کۆمەڵایەتیش سەرکوت دەکرێت. بەو مانایەی ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان کارتێکردنی سەرکوتگەرانەیان لەسەر جەستە هەیە، ئەگەر لەلای مرۆڤی پریمیتیڤ و کێویی ناو سروشت و دوور لە ژیار، سەرکوتی جەستەیی فشارێکی ڕاستەوخۆی دەرەکی و زەبرێک

بووبێت لە دژی بۆدییە رووتەکە، ئەوا سەرکوتی جەستەیی رووخسارێکی تری نابەرجەستەشی هەیە و لە رێی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەکەوێت و جەستە ناچار دەکرێت لە بازنەیەکی داخراو بەسەر خۆیدا گینگڵ بخوات، ئەگەر لە زەبری راستەوخۆدا بۆ سەر جەستە، ئازارەکان شوێنەواری برین و ئاوسانی ئاشکرا جێبهێڵن، لە دۆخی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی جەستەدا، ئازار و زەبرەکان دیار نین و ئاوسانێکی ناوەکی بۆ مرۆڤ دروست دەکەن. ئەگەر ئامانجی زەبری راستەوخۆ لە شێوە باڵاکەیدا سڕینەوەی فیزیکی خودی جەستە بووبێت، ئەوا لە باری سەرکوتی کۆمەڵایەتی جەستەدا، ئامانج کوشتنی مەیلە مرۆییە نابەرجەستەکانی تاکە. جلوبەرگ وەک ئەوەی ئاینەکان دەیسەپێنن یەکێک لە نموونەکانی سەرکوتی جەستەیە لە رووبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا، کاتێک ئاین جەستەی ژن بە قوماش دادەپۆشێت، ئەمە جیا لەوەی ترسە لە خودی جەستە خۆی، هاوکات خەفەکردن و جۆرێکی تریشە لە سەرکوتی مەعنەویی جەستە، بەڵام جلوبەرگ لەو رەهەندە بچووکەدا قەتیس نەماوە نۆرمێکی ئاینی پۆشین بێت، بەڵکو پلەیەک دەچێتە سەرو پۆشاکەوە، گوزارشتێکی ئایدۆلۆژیشە بۆ دەوڵەتانی تیۆکراتی، بۆ نموونە بەزاندنی سنووری حیجاب لە سادەترین مانایدا وردوخاشکردنی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتانێکە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامیی پرۆسەی دەوڵەتداریی بەڕێوە دەبەن. لە کۆمەڵگەی نەریتیی و فالوسسالاریدا، سێکس و جەستە کارلێکێکی کیمیایی وەهایان کردووە، زۆر زەحمەتە لە یەکتر جیاکردنەوەیان، هەر لەم روانگەوە، داپۆشینی جەستەی ژن، پێشمەرجە بۆ دووریی نێوان دوو جەستە تاکو یەکگرتنێکی سێکسی روونەدات. لەم روانینەدا جەستە جگە لە پانتاییەکی تابۆکراو و لە فەرمانبەرێکی سێکسیی شتێکی زیاتر نییە، ئیدی رۆڵی جەستە لە هەر رەهەندێکی ترەوە بە تەواوەتی نادیدە دەگیرێت. بە پوختی لە دیدگای کۆمەڵگەی نیرۆسیسدا جەستە یەک وەزیفە و بەرپرسیارێتی هەیە، ئەویش ئەنجامدانی کردەی سێکسە و هیچی تر. بۆیە لە کاتی بەزاندنی سنووری حەرامە کۆمەڵایەتییەکانی وەک سێکسدا ئەوەی سزای بەردەکەوێت تەنیا هەر جەستەیە و هەر بۆدییەکەیە رادەکێشرێت بۆ سەنگەسار یان زیندان یان ژێر چەقۆی کولتوور. ئاخر جەستە لە دوای تاوانی

یەکەمەوە «سەرپێچی ئادەم و حەوا» بەردەوام وەک یاخیبوو و تینوویەک بۆ کردەی سێکسی لێی ڕوانراوە.

سێبەر: باوەڕم بەوەیە بایۆلۆژیای ژن یان پیاو هەر کامیان کەوتووەتە ژێر جەبری پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە. سیمۆن دو بوڤوار دووپاتی دەکردەوە: «کەس وەک ژن لە دایک نابێت بەڵکو دەبێتە ژن»!. دابەشکردنی ئەرک لە سەرەتای پەیدابوونی شارستانییەتەوە ڕۆڵی بینیوە لەم بابەتەدا، ژن بووەتە کاڵایەکی زیندوو کە لەسەری بووە ناسکیی و مێینەیەتی خۆی بپارێزێت. لە بەرامبەردا پیاو لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ ژیانێکی زبر و پڕ کێشەدا ڕووبەڕوو بووە. ئەگەر توانای پیاوی ئەم سەردەمە بەراوورد بکەین بە ژنانی سەردەمی پێش شۆڕشی کشتوکاڵیی ئەوا دەبینین هێزی بەدەنی و توانای فیزیکیی ژنێک ڕەنگە لە توانای جەستەیی دە پیاوی ئەمێستا زێدەتر بووبێت. با بە نموونەیەکی نزیکتر ڕوونی بکەمەوە ئەگەر پەنجا ساڵێک زەمەن بۆ دواوە بگەڕێنینەوە چی دەبینین؟، ئەو فاکتە دەبینین کە ژنانی گوندیی زۆر لە پیاوانی شاریی کارامەتر و بەتواناتر بوون لە رووی جەستەییەوە، بۆ خۆیشی بەرگەگرتنی مرۆڤ لەنێو سروشتدا کەمتر بووەتەوە بە بەراوورد بە ٢٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر یان بەو کۆمەڵگە مرۆییە پریمیتیڤەی بە رووتی لەناو سروشتێکی بێ بەزەییدا ژیاوە. ئەی چۆن بەرگەی گرتووە؟ وەڵامەکەی ئاسانە، کولتوور مرۆڤی فێری پۆشین کرد، هەر لەناو ئەم کولتوورەدا مرۆڤ ناسکتر بووەوە بە بەراروود بە رابردووی دووری خۆی. لە روانگە فوکۆییەکەشەوە کولتوور نەک چاوگێکی تری دەسەڵاتە، بەڵکو بۆ خۆی دەسەڵاتێکی ترە و لە کایەی مانەوییدا کاردەکات. دەسەڵاتی کولتوور و ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان شاراوە و نەبینراوە، بەرئەنجامی رێککەوتنێکی ناخودئاگای کۆمەڵگەیە یان بە مانایەکی تر تەباییەکی رانەگەیەنراوی دەستەجەمعییە لەسەر چەند تابۆ و چوارچێوەی دیاریکراو، ئەمەش هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی ئاستی پێگەیشتن و تێگەیشتنی بۆ شتەکان و بە پێودانگەکانی خۆی فۆرمۆڵەندیی دەکات. بێ ئەوەشی بکەر دیار بێت سزای هەر کەس و گروپێک دەدات بچێتە دەرەوەی بازنە یان لەو چوارچێوە لابدات نەریتەکان کلێشەسازییان بۆ کردووە، دواجار

بێ ئەوەی بڕیاردەر دیار بێت، لێشاوێک قوربانی دەکەوێتەوە، بێ ئەوەی سزادەر دیار بێت و پەنجەی بۆ رابکێشرێت، تەرمەکان سەر ئاوی ترادیسیۆن دەکەون.

من: بە گشتیی جەستە «ژن و پیاو» لە دەرەوەی بوونە بایۆلۆژییەکە، بارگاوییە بە رستێک لە کۆدی ئەخلاقی و کولتووریی، ئەکتی کولتووریی و ئەخلاقیی جەستە بە پێی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت، بە مانایەکی تر ئەوەی جەستە لە گۆشت و خوێنەوە دەگۆڕێت بۆ پێدراوێکی کولتووریی ئەو فەرهەنگ و ئاین و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و بەها ئەخلاقییانەن کۆمەڵگەیان لەسەر دامەزراوە. میشێل فوکۆ لە کتێبی «دیسپلین و سزادان»دا، بە دوای سەلماندنی ئەوە کەوتووە مەرج نییە بۆ سەرکوت و بەرزەفتی جەستە تەنیا میکانیزمی توندوتیژانە و کایەی هێز رۆڵ بگێڕێت بەڵکو فۆرمی سەرکوتی جەستە (جەستەی کۆمەڵایەتی) بە نەرمی و لە بۆتەی دامـەزراوە گشتییەکانی وەک قوتابخانە و سوپا و هتد..دا بەڕێوە دەچێت و لەم رێگەیەوە دەست بەسەر جووڵەی جەستەدا دەگیرێت و لە رێگەی جورنالیزمیشەوە دووبارە وەک هەویرێکی ئامادە بەرهەم دەهێنرێتەوە بەو جۆرەی سیستم ئارەزووی دەکات. لە دیدگای فوکۆدا «جەستە بریتییە لە تێکستێکی والا، کولتوور بە ئەرکی نووسینەوەی هەڵدەستێت». لەگەڵ ئەوەشدا جەستەی ژن لە سایەی پیاوسالاریی و سیستمی سەرمایەدارییدا، زۆرتر کۆدڕێژ کراوە بە کۆدە ئەخلاقی و فەرهەنگییەکان، ئێمە ئێستا لەبەردەم دوو پارادایمی جەستەی ژنداین: یەکەمیان جەستە لە ژن وەردەگرێتەوە و دەیبەخشێت بە ئەویتری گەورە کە کۆمەڵگە و ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێڵ و بەها ئاینییەکانن، لەم دۆخەدا ژن نەک هەر ناتوانێت خاوەندارێتی لە جەستەی خۆی بکات، بەڵکو دەبێت چاوەڕێی نەریت و کۆمەڵگا بێت، تا چ ئەندازەیەک رێگە دەدەن لە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم جەستە کۆد و مینرێژکراوە. لەناو ئەم بازنە داخراوەدا، شتێک لە هەموو شتەکانی تر زیاتر جەستەی ژن زەوت بکات و لە موڵکێکی تاکەکەسییەوە بیکاتە موڵکی گشتیی، ناموس و شەرەفی هەمیشە گرێدراوە بە لەشی ژنەوە. ئەمەش وا دەکات لەشی ژن تەنها لە ناو ئەو گووتارانە بوونی هەبێت لەسەر ناموسپەرستی و حەلاڵ و حەرام هەڵچنراون، ئەگەرنا بە هەموو شێوەیەک جەستەی ژن فڕێدەدرێتەوە

دەرەوەی واقیع و جیهان و لەو زیندانە نەریتییەدا دیل کراوە. ئەگەرچی پیاو خۆی بە خاوەنی جەستەی ژن دەزانێت لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، بەڵام لە یەک کاتدا وێنای پیاو هەم بە جەلاد هەم بە قوربانی شتێکی گەورەتر لە خواستی خۆی دەردەکەوێت. تەنانەت بۆ من ئەو قسە بێ تامەی هەندێک لە فێمینیستە کوردەکان بە پیاوانی دەڵێن: «شەرەفی تۆ لە کوبانییە، ناموسی تۆ لە کەرکووکە» جێگەی رەخنەیەکی ریشەییە، چونکە پیاو ناچار دەکات هەمیشە بە بێ شەرەفێک نەژی، ئەم جارە شەرەف دۆنادۆن دەکات لە لەشێکی ئۆرگانیزمەوە بۆ خاک و زەوییەکی نائۆرگانیزم. ئەمە جگە لەوەی ژن بە تەواوەتی لە خاوەنداریێتیی شتە نابەرجەستە و میتافیزیکییەکانیش دادەماڵدرێت، بە نموونە لە زمانی کوردییدا بە چاکەکاریی دەوترێت «پیاوەتی» تا ئەو ئاستەی ژنانیش بێ هیچ پرسیار و وردبوونەوەیەک ئەم دەستەواژەیە دەردەبڕن، وەک بڵێی چاکەکاریی نەریتێکی مۆنۆپۆڵکراوی پیاوانە بێت و ژن نەتوانێت هیچ چاکەیەک بکات.

نەریتی دووەمیش ئەو بە کاڵاکردنەی جەستەیە لە سایەی سیستمی کاپیتالیزمدا، تادێت بە هەڕمێنتر دەبێت، ئەگەر بە کاڵاکردنی جەستەی ژن رووە ئاشکراکەی بریتی بێت لە بازاڕی گەرمی سێکسفرۆشی، ئەوە رووەکەی تری (ئەویش خەریکە بە تەواوەتی روون دەبێتەوە) بریتییە لە ئاڕاستەکردنی ژنان بەرەو «جوانی»یەکی دەستکرد و ئیدیاڵ بۆ ئەوەی ببنە ئۆبێکت و سەرچاوەی لەززەتی پیاوان. ئێمە رۆژانە ئەو کچە کەشخانەی ناو شاشەکان دەبینین ریکلام بۆ کاڵاکان دەکەن، لەسەر بەرگی گۆڤارەکانیش وێنەی سەرنجکێشی کچانێکی ئیدیاڵ چاو دەکەین، لە رۆمانەکانیشدا ئەو ژنە پۆپیولارانە سڵاومان لێدەکەن رەوتی رووداوەکانیان بە دەوردا دەخولێتەوە، لە شیعریشدا شازادە ئەفسوناوییەکان هەردەم ئامادەن، لە سینەمادا سیمای هۆلیودیی بووە بە سەرچاوەی تامەزرۆیی بۆ هەر ژنێکی تر، هەموو ئەمانە خاوەنی جەستەی خۆیان نین، بە پێچەوانەوە جەستەیان بووە بە کاڵایەک بۆ دەرخستنی جۆرەها کاڵای تر. ئەگەر کچانی ناو ریکلامە بازرگانییەکان بکەینە سەمپڵ، ئەوا جەستەی خۆیان لەو پێناوەدا تواندووەتەوە تا ببنە هاندەری کڕین و بانگەشەکاری سیستمی مەسرەفگەرایی، بە روونتر بیڵێم دیمەنەکە زۆر

غەمبارانەیە کاتێک کاڵایەکی ئۆرگانیزم ریکلام بۆ کاڵایەکی تری نائۆرگانیزم دەکات. من دژی هەردوو نەریتەکەم، هەم ئەو نەریتە خێڵەکی و شەرەفپارێزییەی جەستە لە خاوەنەکەی زەوت دەکات و هەوڵی داپۆشینی دەدات چ بە مەعنەویی چ بە بەرجەستە لە ریگەی پۆشاکەوە، هەم دژی نەریتی سەرمایەداریی جیهانیم کە ژن دەکاتە کاڵا و رووتی دەکاتەوە. لێرە نابێت ئەوەمان بەسەردا تێپەڕێت، مافی پۆشین مافێکی بێ ئەملاوئەولای هەر مرۆڤێکە و قابیلی جەدەل نییە، بەڵام جلوبەرگیش کەوتووەتە ژێر جەبری ئایدۆلۆژیا و ئاین و نەریت و فەرهەنگەوە. ئەگەر خۆ رووتکردنەوەی سێ کچە خوێندکاری زانکۆکانی پاریس لەبەردەم فەیلەسوفێکی پیری وەک «ئادۆرنۆ»دا لە ساڵی ١٩٦٩، ژێستێکی رادیکاڵانە بووبێت، یان ئەوەی بەشێک لە چالاکوانە فێمینیستەکان بۆ پرۆتستۆکردن یان داکۆکیکردن لە مافی خاوەندارێتی جەستە لەلایەن خودی ژن خۆیەوە، ئاکسیۆنی خۆ رووتکردنەوە بەرێدەخەن کارێکی ئاڤانگارد بێت، ئەوا جۆرەکەی تری خۆ رووتکردنەوە وەک ئۆبێکتێکی سێکسیی و لە پێناوی ورووژان و خۆنیشاندان بەویتری پیاو، بەشێکە لە بە کاڵابوونی جەستە و تواندنەوەی لەشە لە بەرامبەر چاوی ئەویتردا.

لە سایەی نەزمی باودا، ژن فێرکراوە تەماشای دەکرێت، ئەوەشی تەماشای دەکات ئەویتری نێرینەیە، بوونی ئەو بەستراوە بەوەی چۆن سەیر دەکرێت یان لەو چرکەساتەوەیە دەبینرێت، بۆیە هەوڵدەدات بە شێوەیەک ببینرێت ئەویتر و هەمووان رازی بکات، ئەگەر پێشووتر ژنی سەنگین و سەلار ژنێک بووبێت بەها و ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی پاراستبێت، هەنووکە ئەم مەرجە زۆر بە قورسی نەماوە و خۆی راناگرێت لە بەرامبەر ئەو مەیلە پڕ داوایەی نێرسالاریی کە هەمیشە داوای بینینی لێ دەکات لەوپەڕی رازاوەیی و قەشەنگیدا، بە تایبەت چاوی نێرینە بە شوێن خۆنمایشکردنێکی جەستەیی و سێکسییانەی ئەویتری ژنەوەیە. هەڵبەتە من نامەوێت ئەمە ببێتە فەتوایەک و خەڵکی تر بەدکەڵکی لەم روانگەیە وەربگرن، کێشەکە لەوە دەرچووە فەتوا و بڕیاردانی ئەخلاقی بێت، روانگەکانی من تەنیا و تەنیا کاتیگۆری و خوێندنەوەی واقیعە وەک ئەوەی هەیە، بڕیاریش نییە ئەمە

دوا خوێندنەوەی واقیع بێت. ئەگەر شتێک لە پەیوەند بەم تەوەرە پێویست بکات بیلێیم ئەوەیە، جلوبەرگ تەنیا چنراوێک نییە لە قوماش، بەڵکو لە خۆیدا هەڵگری ئەلەمێنتە کولتوورییەکانیشە، ئاخر هیچ منداڵێک بە پۆشاکەوە نایەتە نێو شانۆی بوون و ژیانەوە، ئەوە نەریتی کۆمەڵایەتییە پۆشتەی دەکات بە جلوبەرگ، هەر کۆمەڵگەیەکیش بە پێی کولتووری خۆی نەریتی جل لەبەرکردن دادەڕێژێت، بۆیە پۆشاک بریتییە لە رستێک کۆدی کولتووریی، بە قووڵی لە پەیوەندییدایە لەگەڵ فەرهەنگدا بۆ نموونە لە خۆرئاوا تەرزێک پۆشاک لەبەر دەکرێت رەنگدانەوەی ژینگەی سروشتیی و کۆمەڵایەتی ئەو بەشەی زەوییە، لە خۆرهەڵات بە هەمان شێوە، لەناو بەشێک لە خێڵە سەرەتاییەکانی ئەفەریکادا تا ئەم چرکەیەش نەریت و رێوڕەسمی پۆشین بریتییە لە داپۆشینی ئەندامی زاوزێ، تەنانەت ئەوەی پێی دەگوترێت «رووتیی» چەمکێکی تەواو نییە، چونکە رووتیی رەها تەنها لەو قۆناغەدا هەبووە پێی دەوترێت قۆناغی سروشتگەرایی پێش شارستانێتی، لەگەڵ شارستانێتیدا پۆشاکیش پێ بەپێ لەگەڵیدا گەشەی کردووە، ئەوەی پێی دەوترێت رووتیی، تەنیا نیشاندانی بەشێک لە جەستەیە. لە بەرامبەردا داپۆشینی جەستە بەشێوەی بالاپۆشی و نیوبالاپۆشی و نیقاب، بە کۆیلەکردنی مێینەیە، با تاکێکیش باس لە هەڵبژاردنی ئازادانە بکات و گوایە بە سەربەستانە و بە ویستی خۆی بڕیاریداوە حیجاب بکات، بەڵام ئەمە ئازادیی نییە، ئەگەر پێشوەخت جەستە و پۆشاک پڕکرابن لە هێما و رەمزی ئاینی و ئایدۆلۆژیی و خێڵەکی و نەریتپەرستانە. ژنی ئازاد ژنێکە خاوەندایێتی جەستەی خۆی دەکات، نە رێگە دەدات بکرێتە کۆیلەیەکی دەستەمۆ، نە بوار دەهێڵێتەوە بیکەنە کالا و کەنیزەکێکی مۆدێرنی سێکسیزم.

سێبەر: هاوڕام، بەڵام دەبێ بگوترێت ئەم دژبوونەی ئێمە لەگەڵ دژبوونی فێندەمینتالیست و نەریتخوازەکاندا جیاوازییەکەی لە کوێدایە؟، کاتێکیش دەڵێم ئێمە بە تایبەت بۆ ئەم سیاقە مەبەست لە ئێمەیەکی سانتریست نییە، بەڵکو ئێمەیەکە نوێنەرایەتی جیهانبینییەکی چەپڕەو دەکات. لە سۆنگەی بە کالابوونی ژن یان مرۆڤەوە نەیارێتی لەگەڵ ئەم بە ئۆبێکتبوونە دەکەین، بەڵام دژایەتی

ئەوان پارێزگارییکردنە لەو نەریتانەی بە فۆرمێکی تر ژن وەک کاڵا و سەرچاوەی چێژ بۆ پیاوان دەبینێت. ئێمە لە روانگەی ئاکارییەوە سەیری پرسەکە ناکەین یان هیچ نەبێت ئاکار لە روانگەی ئێمەوە پەیوەندیی بە لەشی مرۆڤەوە نییە، هەرچی نەریتپەرستەکانن لە ترسی دارمانی ئاکاریی (ئازادبوونی ژن یان مرۆڤ) کە راستەوخۆ گرێدراوەتەوە بەنێوان هەردوو رانی مرۆڤەوە هاواریان لێ هەستاوە، بێ ئەوەی بتوانن جیاوازیی ریشەیی ببینین لە نێوان ئازادیی و بە کاڵابووندا، ئێمە لایەنگری ئازادیین، بەڵام ئەوان دوژمنی ئازادیی و لایەنگری بەها ئاکارییە بەسەرچووەکانی قۆناغی پێش مۆدێرنن. لەم سۆنگەوە ناخوازم هەڵهێنجان و هیچ تەرحێکی ئێمە بچێتە خزمەت ئەجێندای هێزە پاشڤەڕۆکان، هەروەک چۆن ئیسلامگەراکانی جیهانی خۆرهەڵات بەدکەڵکییەکی بێشوماریان لە کتێبی «رۆژهەڵاتناسی -ئۆریانتالیزم»ی ئێدوارد سەعید وەرگرت، تا ئەوەی سەعیدی چەپڕەو و ماویست لە کۆتایی تەمەنیدا ناچاربوو روونکردنەوە بدات کە مەبەستی نەبووە و نییە، تیۆر و تێزەکانی ناو ئەو کتێبە بە شێوەیەکی ریترۆئەکتیڤانە بچێتە راژەی فێندەمینتالیستە ئیسلامییەکانەوە و لە پاڵ کتێبەکانی سەیدقوتب و ئیبن تەتیمیەدا ببێتە خوێنێکی فیکریی ئەو بزافە فاناتیست و بنەواخوازانەی لە دنیای خۆرهەڵاتدا ماشێنی فەتوا و تیرۆر لێدەخورن، بەڵکو ویستوویەتی نازانستیبوونی ئەو شتە دیاگنۆس و ئاشکرا بکات پێی دەوترێت «رۆژهەڵاتناسی» و دەریبخات لە چ گۆشەیەکیشەوە خزمەتی بە هەژموونی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی کردووە. وەک چۆن دەشێ دەستەواژەی «ژن بوونی نییە»ی ژاک لاکان وەک لاستیکێک بەهەر لایەکدا رابکێشرێت، لە کاتێکدا هەر شتێک نەیەتە ناوی زمانەوە، ئەو دان بە بوونیدا نانێت، ژنیش هێشتا وەک پیاوێک هاتووەتە هەرێمی زمانەوە، تەنانەت هەریەک لە «ژن و پیاو دوو دالن لە پانتایی زماندا»، بە هەڵە تێگەیشتن لەم تێزە پۆلێک نەریتگەرای دڵخۆش کردووە بەوەی فەیلەسوفە فەڕەنسییەکەش دان بە بوونی ژندا نانێت.

من: با سەرنجت بۆ شتێکی بنچینەییتر رابکێشم، ئەگەر گەشتیارێک بڕیار بدات بڕوات بۆ بینینی پەیکەرەکانی مایکڵ ئەنجیلۆ بۆ نموونەی ئەو پەیکەرانەی

لە کەنیسەی «سکستێن»دا هەڵکۆڵراون، لە یەکەم نیگادا چاوی دەچێتە سەر ئەو دیمەنەی مارێک وا خەریکە دایکە حەوا فریو دەدات بۆ ئەوەی لە بەروبوومی داری قەدەغەکراو بخوات. بەپێی گێڕانەوەی پەیمانی کۆنی کتێبی پیرۆز «تەورات» و کۆی میتۆلۆژیای ئاینە ئیبراهیمییەکان پاش ئەوەی ئادەم و حەوا لە بەری دارەکەیان خوارد کە بە داری مەعریفە ناوزەد دەکرێت، خێرا ئەندامی زاوزێی خۆیان داپۆشی، لەم روانگەوە ئاین دەیەوێت بڵێت لەگەڵ هۆشیاربوونەوەی مرۆڤ، مرۆڤ خۆی بە گوناهبار زانی بەهۆی ئەو پەیوەندییە جەستەیی و سێکسییەی نێوانیان، بۆیە شاردنەوەی ئەندامانی زاوزێ وەک سەرچاوەی تاوانی یەکەم دەبێتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا لە هەموو گەردووندا جگە لەو دوو مرۆڤە هیچ کەسێکی تر نەبووە تا شەرمی لێ بکەن. لێرەوە پردێکی پەیوەندیی دروستکراوە لە نێوان تاوان و کردەی سێکسدا کە کردەیەکی جەستەییە. جۆرجیۆ ئاگامبێن رەهەندێکی تری ئەم پرسە ئاشکرا دەکات و دەنووسێت: «بە گوێرەی تیۆلۆژیستەکان، ئەم بێ ئاگاییەی ئەوان لە رووتی تەنیا بەهۆی دۆخێکی بەرایی جەهلی سادەوە نەبووە، ئادەم و حەوا، لە فیردەوسدا بەر لە دەرککردن و فڕێدانیان، ئەگەرچی جلوبەرگێکی مرۆییان لەبەردا نەبووە، بەڵام هێشتا رووت نەبوون، ئەوانە پڕ بە بەری خۆیان نیعمەت، جلوبەرگی نوری شکۆداری نامادییان لەبەر کرابوو. گوناهی یەکەم ئەم پۆشاکە ئاسمانی و میتافیزیکییە لە بەری مرۆڤ دادەکەنێت، بەم مانایە ئەوان رووت نەبوون، بەڵکو رووتکراونەتەوە، ئیدی لەم رووتییە شەرماوەرەدا، مرۆڤ ناچاربوو بەدەستی خۆی، خۆی دابپۆشێت، یەکەمجار بە گەڵای هەنجیر دواتریش بە پێستی ئاژەڵ. ئەو پۆشاکەی لەمڕۆدا ئێمە جەستەی خۆمانی پێدادەپۆشین، چیتر پۆشاکی نیعمەت و پاکژیی نییە، بەڵکو پۆشاکی گوناە و دووڕووییە، ئەم پۆشاکە بە ناچاریی بە بوونی مرۆڤەوە نووساوە، چونکە بیرخەرەوەی بەرگە لە دەستچووەکەی بەهەشتە».

سێیەر: چارەکی جیهان بگرە زیاتریش شوێنکەوتووی ئاینە ئیبراهیمییەکانن، لە روانگەی ئەو ئاینانەشەوە مرۆڤ بۆ هەتاهەتایی باجی تاوانی یەکەم دەدات، وەک ئاماژەی پێدرا ئەو گوناهەش پتر تاوانێکی جەستەیی بووە، ئەم جیهاندیدییە دزەی

کردووەتە ناو نەریتی فەلسەفیشەوە بە تایبەت لە ڕێگەی پلاتۆوە «ئەفلاتۆن». نیچە وەک بەرگریکارێکی شێلگیر لە بەرامبەر هەڵمەتی ناچیزکردنی جەستە لەلایەن کریستیانیزمەوە، لە کتێبی «زانستی شاد»دا گومانێکی سەنگین لەمەڕ فەلسەفەش دەورووژێنێت و پرسیار لە خۆی دەکات تۆ بڵێی گەشتی مێژوویی فەلسەفە، ئەنالیز و شرۆڤەکارییەکی هەڵە و پێچەوانە نەبووبێت بۆ جەستە!؟. بۆ نیچە جەستە زۆر لە پێش روحەوە بوو، ئەو روحەی نیچە لەگەڵ «دیکارت»دا پێکەوە گومانی لێدەکەن. وی وا هزری دەکردەوە جەستەی باشتر دەناسێت لە روحی، مافی بە خۆیشی دابوو کینەی بەرامبەر بە هەر ئاینێک بێت کینەی هەبێت لە بەرامبەر جەستەدا، بە تایبەت وایدەبینی روح وەک داهێنراوێکی ئەفلاتۆنی لە مەسیحییەتدا جێگەیەکی شیاو و بایەخداری پەیداکردووە تەنیا بۆ پووچ سەرنجدانی جەستە. لە روانگەی ئەوەی کریستیانیزم بە ئیقتباسی ئەفلاتۆنیزم جەستەی بە زیندانی روح دەزانی و ئەوە مردنە روح ئازاد دەکات، لەم روانگەوە بوو ئاینی مەسیحی ببووە ئاینێکی مەرگپەروەر، لە دیمەنی لە خاچدانی یەسوعەوە تاکو هەستانەوەی لەناو مردوواندا و جێهێشتن و بەرزبوونەوەی روحی لە قەباغێکی ماتریاڵەوە «جەستە» بەرەو ئاسمان، دەستیان هەیە لە سکێچکردنی ئەو جیهانبینییەی چەندان سەدە جەستەی وەک نەفرەتێک و پێدراوێکی پیس و زیندانی روح چاو لێدەکرد.

لە دیدگای ئاینییدا جەستە و لەش یەک شتن، بەڵام هۆسرەل ئەم دوو پێدراوە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بەو پێیەی لەش پێدراوێکی فیسیۆلۆژیی پەتییە و مرۆڤیش وەک هەر ئاژەڵێکی تر خاوەنی لەشێکە، هەرچی جەستەیە سەر بە جیهانی رەمزییە و بە توخمە کولتوورییەکان کۆدڕێژ کراوە و هەمیشە لەسەر سەکۆی کۆمەڵایەتی لە رۆڵگێڕاندایە (لێ زۆر درەنگ جەستە بوو بە تێمایەکی سۆسیۆلۆژیا، رەنگە کتێبەکەی براین تێرنەر بە ناوی «کۆمەڵگە و جەستە» لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، دەروازەی یەکەمی کۆمەڵناسیی جەستە بێت) و لە زۆرترین جاریشدا لە ئەلەمێنتێکی بایۆلۆژییەوە تێدەپەڕێت بەرەو توخمێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی. دروست نیچە هەموو کەینوونەی لە بوونە جەستەییەکەدا کورت دەکردەوە و بە ئیلهام وەرگرتن لە سپینۆزا دەروون و جەستەی پێکەوە

دەبەستەوە و بە یەک (بوون) سەیری دەکردن، دوورتر لەوەش دەڕوات وەک بێنیتۆ مارینۆ دەڵێت ئەو پێیوابوو: «جەستە بەسەر ئاوەزدا زاڵە، نەک تەنها لەسەر ئاستی هەست و سۆز، بەڵکو لەسەر ئاستی زیرەکییش. جەستە ئاوەزی لە خۆگرتووە و حوکمی دەکات، نەک پێچەوانەکەی وەک چۆن مێژووی فەلسەفە بۆی گواستووینەتەوە». تا ئەو ئاستەی پێداگریی لەوە دەکرد ئەم شارستانییەی مرۆ بونیادی ناوە رەنگە بەهۆی نکۆڵیکردن لە جەستەوە تووشی کۆلاپس و داوەشان ببێتەوە، چونکە هیچ بیرکردنەوەیەک بەبێ ئامادەیی جەستە لە گۆڕێدا نییە. بۆ من، نیچە فەیلەسوفێکی ئێجگار گرنگ و ئیدیالە، ئەو بە لەشێکی نەخۆشەوە بەرگرییەکی زۆر سەرسەختانەی لە جەستە دەکرد، چ جەستەی بایۆلۆژیی و چ جەستەی کولتووریی، رەنگبێ دۆخە ئازاراوییەکانم لە رووی نەخۆشییەوە زۆر قورستر بێت لەو ژانانەی جەستەی ئەویان دادەکرماند، منیش شوێنپێی وی هەڵدەگرم، داکۆکی لە جەستەیەک دەکەم لەو جیهانەی یەزدانی تێدا مردووە و ناسیۆنالیزم و سەرمایەداریی بوونەتە شوێنگرەوەی، هەمیشەش لە ژێر هەڕەشەی بە کاڵابووندایە.

من: ئەفلاتۆن هەموو شتێکی بە دوالیزمی دەبینی، ئەو بەشێوەیەکی دوالیزمییانە لە مرۆڤی دەڕوانی و دابەشی دەکرد بەسەر جەستە و دەروونندا، لای «دیکارت»یش هەمان دووانەیی شتەکان لە ئارادایە. لە روانگەی پلاتۆوە جەستە چشتێکی کەمبایەخی سەر بە جیهانی وێنەکانە، لە کاتێکدا دەروون سەر بە جیهانی ئایدیاکانە و بەشێوەیەکی ئەزەلی هەبووە و هەرگیز ناشێ بفەوتێت. روونتر بڵێین ئەفلاتۆن وایدەبینی دەروون پێش جەستە هەبووە و دوای جەستەش هەر دەمێنێتەوە، بە هاوڕایی لەگەڵ ئەو دەربڕینەی دەیگوت روح لە ناو جەستەدا زیندان کراوە، بەڵگاندنی بۆ ئەوە دەکرد دەروون لەنێو جەستەدا بارمتەیە و مرۆڤ لە رێگەی ئارەزووەکانییەوە گەمارۆی داوە و رێگاچارەشی بۆ رزگارکردنی دەروون لە دەست جەستە رێگای تێرامانی پێشنیار دەکرد، تاکو لە عەمباری دەروون کەمێک زانینی دەست بکەوێتەوە، پێیوابوو جەستە بۆ زاڵبوون بەسەر دەرووندا تەڵەکەبازیی خۆی هەیە، تەبایی جەستە و روحی بەو کڵاوە دەزانی

جەستە لەسەری روحی دەنێت، هیچ کات نەیدەتوانی شێمانەی تەبایی ئەو دووانە بکات، بێ رادەستبوونی روح بە ویستەکانی جەستە کە هەمیشە خەریکی گۆبەن و گۆتاوڕۆیە، بەڵام بۆ ئەوەی بگەینە زانینی رەها لە هیچ رێگەیەکەوە چنگیر نابێت جگە لە رێی مردن، چونکە دەروون دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە رەسەنەکەی خۆی کە جیهانی زانینە، هەر بۆیە مردنی سوکراتی مامۆستا بۆ ئەفلاتۆنی قوتابی شۆکهێنەر نەبوو هێندەی بە گەڕانەوەی ئەزەلی دەزانی بۆ باوەشی دایکە میهرەبانەکە کە زانینی رەهایە. ئەم ئەفلاتۆنیزمە دواتر دەبێتە زەمینەیەکی شێدار بۆ باوەڕی مەسیحیی لە پووچ سەرنجدانی جەستە و تەنانەت لاشەی هەڵواسراوی مەسیح بەسەر خاچێکەوە ببووە سیمبول، بەوەی ژیانی جەستەیی جێهێشتووە و گەڕاوەتەوە شوێنی راستەقینەی رەها کە وەک لاهوتی مەسیحیدا پێی دەوترێت مەلەکوتی باوکی ئاسمانی. تەنانەت ئەو وێنایە وەک وێنای قوربانییەک نامێنێتەوە بەڵکو سەرمایەگوزاریی خۆفیداکردن و لەناوبردنی جەستەیی لەسەر دەکرێت کە ئەمەش زۆر پێویست بوو بۆ جەنگی خاچپەرستان.

سێیەر: لە ئەنیمیزمدا (روحگەرایی) هەر شتێک: ماتریاڵ و ناماتریاڵ، ئۆرگانی و نائۆرگانی، خاوەنی گیانە!. ئەمەش وەک «سپێنسەر»ی فەیلەسوفی ئینگلیزیی تێبینی کردبوو یەکەم پاڵنەر و چاوگی سەرهەڵدانی کۆی ئاینەکانە، ئەفلاتۆنیزمیش کە رووکارە فەلسەفییەکەی «ئەنیمیزم»ە و هێشتا باوەڕێکی مەحکەم و چەسپیوە. با نموونەیەک بهێنمەوە: هاوڕێیەکی ئەندازیارم کە لە رووی تەمەنەوە ئەوەندە و نیوێکی من عومری کردووە، رۆژێک لە کەبابخانەیەکی کوردیی لە شاری ئێسن «ئەهلی کەباب نەبووم هەرگیز» پرسیاری لێکردم، بۆچی مرۆڤ کە بەسەر زەویدا دەڕوات ناکەوێت یان بە لار نابێتەوە؟!. پرسیارێکی کتوپڕ و سەیر بوو، منیش لە کاتی ئەو پرسیارە لە ناکاوانەدا مێشکم زۆر کار ناکات، ویستم بڵێم ئەوە بەهۆی هێزی کێشکردنی زەوییەوەیە کە نیوتن دۆزیووەتەوە، بیرم لە حاڵی خۆم کردەوە ناتوانم لار نەبمەوە لە کاتی رۆشتنندا بە هۆی تومۆرەکەی ناو مێشکمەوە، ئیستم گرت و گووتم نازانم. ئەو خۆی گوتی وەڵامێکی فەلسەفی هەیە لە وەڵامە زانستییەکان جوانترە، ئەویش وتەکەی پلاتۆیە کە دەڵێت مرۆڤ ماتریاڵ

و روحە، زەوی بەشە ماتریاڵەکەی مرۆڤ رادەکێشێت بەرەو خۆی، ئاسمانیش روح رادەکێشێت. بەم چەشنە مرۆڤ بە رێکیی بەسەر زەویدا رێگە دەبڕێت و لار نابێتەوە. لەگەڵ جوینی هەر پارووییەکی ئەودا بیرم لەم تێڕوانینە دەکردەوە، لەوانەشە بە کەڵکی ئەم جیهانە بێ گیانەی ئێستا بێت!. لێ ئەرستۆ پێیوابوو هەر شتێک بوونی هەبێت بەرهەستیشە، دەتوانین لەم تێزەوە دەرەنجامێکی تریش بەدەستبهێنین: ئەوەی بوونی نەبێت هەستیشی پێناکرێت. ئەرستۆ جیهاندیدی مامۆستاکەی خۆی «ئەفلاتۆن» دەداتە بەر نەشتەری رەخنە، بە تایبەت ئەو دیدگایەی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد هەر وێنایەکی زەینیی لە دەرەوەی ئەندێشەمان، بوونێکی سەربەخۆی هەیە، دژە تێزەکەی ئەرستۆ لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا بریتیبوو لەوەی سیفەتی شتەکان لە ناو خودی خۆیاندایە نەک لە دەرەوەیاندا.

ئەفلاتۆن پێیوابوو لە دەرەوەی جەستە، روح بوونی سەربەخۆی هەیە، جیهانیش بەشێوەیەکی دوالیزمی دابەشبووە بەسەر جیهانی گیان یان جیهانی باڵا، لەگەڵ جیهانی نزمایی یان ماددەدا کە بیچمێکی شێواوی وێنا بنچینەییەکەیە. بە پێی ئەفلاتۆن جیهان شتێکە لەناو مێشکماندا، بەڵام ئەرستۆ پێچەوانەکەی دەڵێت و پێیوایە مێشکمان لە دەوورووبەرمان و جیهانەوە شت وەردەگرێت یان بە دەربڕینێکی تر «جیهان لە شتەکاندایە». بۆیە ئەرستۆ پێیوایە نەفس یان روح لەگەڵ مرۆڤدا کۆتایی دێت، ئەمەش خاڵە هەرە زەقەکەی کودەتاکەی قوتابییەکە بوو بەسەر رێڕەوی فەلسەفیی مامۆستاکەیدا، بەڵام تێڕوانینەکەی پلاتۆ دەقاودەق خۆی کرد بە ناوی ئایندا بە گشتیی و کریستیانیزم بە تایبەتی. لە تێڕوانینی ئاینییدا روح پاکژە و ئەوەی پیسە لەشە، لە کوردەوارییدا ئیدیۆمی «لەش پیسیی» بەکاردێت وەک هێمایەک بۆ پیسبوونی لەش بە هۆی کردەی سێکسەوە (ئەمەش ژێدەرێکی تری دەرکردنی پەیوەندیی جەستەییە لە پرۆسەی عەشق، کە لە ژێر کاریگەریی عەشقی ئەفلاتۆنیدا پێگەیشتووە)، کەچی لە شارستانێتی رۆمدا کە دواتر رێنسانسی ئەوروپی لەسەر دروست دەبێت جەستە پیرۆز بووە، ئەو پەیکەرە بێشومارانەی لە رۆما جێماون بەڵگەیەکن لەسەر پیرۆزیی و بایەخی

لەش. دواتر هونەری سەردەمی راپەڕین (زیاتر هونەری شێوەکاریی) بایەخێکی تەواوی داوە بە لەش، زۆرتریش جەستەی رووتی مرۆڤ بووەتە بابەتی سەرەکی هێڵکاریی. لەم رووەوە دەتوانین چەندان نموونە بکەینە دیکۆمێنت، یەکێک لەوانە تابلۆی «ئافراندنی ئادەم»ی مایکڵ ئانجیلۆیە بە بنمیچی کەنیسەی «سیستین»ی ڤاتیکانەوە کە تێیدا ئادەم بە رووتوقووتی و بێ هیچ پۆشاکێک دەبینرێت یان پەیکەری «داود»ی بە هەمان رووتییەوە هەڵکۆڵیوە تا ئەو ئەندازەیەی ئەندامی نێرینەشی بە دەرەوەیە. لە کارەکانی رافائیل یان لیۆناردۆ داڤینشی و هتد.. دا ئەم بایەخدانە بە جەستە بە زەقی دەبینرێتەوە. هەرچەند هونەری چاخی راپەڕین «رێنسانس» پێویستە زیاد لە روویەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام رەهەندی بایەخدانەوە بە جەستە کە کریستیانیزم چەند سەدە بوو سەرکوت و فەرامۆشی کردبوو نابێت نادیدە بگرین.

من: کەواتە جەستە دەتوانێت قسە بکات و پەیام بنێرێت بۆ منی وەرگر، شانۆکاران ئەم رێبازە دەگرنە بەر، لە شانۆی پانتۆمایمدا بە تەنیا جەستە قسە دەکات. زمانی جەستە راستگۆترە لە زمانی ناو دەم، ئەو خۆڕسکانەتر دەتوانێت بابەتەکان روون بکاتەوە، بەڵام زمانی جەستەش بە سروشتی نەماوەتەوە، بە جۆرێکی تر ملکەچی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بووە. ژنێک بە لەشولارێکی نیمچە رووتەوە دەربکەوێت هێمایە بۆ نۆرمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، ژنێکی تری باڵاپۆشیش بە هەمان شێوە. سایکۆلۆگەکان دەتوانن رەوشی دەروونی تاکێک بناسنەوە لە رێگەی جووڵە و بەکارهێنانی زمانی جەستەوە، ئەمەیان کەمتر بە کەڵکی ئێمە دێت، چونکە ئێمە باس لە جەستەیەک دەکەین کەوتووەتە ژێر جەبری نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بۆ وێنە لە ساڵانی نەوەدەکاندا، ململانێی هەردوو بەرەی ئازادیخوازیی و کۆنەپارێزیی زۆر زەق ببووەوە، هەر بەرەیەک خاوەنی کۆمەڵێک سیمبولی سیاسیی و هونەریی و رۆشنبیریی تایبەت بە خۆی بوو. مادۆنا بۆ ئێمە کە نەوەیەکی یاخی بووین و دژی ترادیسیۆنە کۆنەکانی کۆمەڵگە دەوەستاینەوە و دەمانویست جەستە رەها و ئازاد بکەین، جەستەی مادۆنا لە گۆشت و خوێن تێپەڕیبوو بۆ ئایکۆنێکی ئازاد. ئەوێ رۆژێ مادۆنا وەک گۆرانیبێژێکی سەر بە ستایلی پۆپ کە خاوەندارێتی جەستەی

خۆی دەکرد کاریگەریی لەسەر هۆشیارییمان دانابوو بە تایبەت لە رۆڵگێڕان لە فیلمی (ئیڤیتا)دا وەک ئەکتەر. بەپێچەوانەوە لای بەرەی دووەم کە دەستی بە دابونەریتەوە گرتبوو، مادۆنا هیچ بەهایەکی فیکریی نەبوو بەڵکو وەک ڤیگەرێکی ورووژێنەری سێکسیی و تەرزێک لە مۆدیلی جلوبەرگی نامۆ بە کۆمەڵگەی ئێمە لێیدەڕوانرا. هەنووکە مادۆنا وەک مۆدە و دیزاینی خۆگۆڕین لەناو کۆمەڵگەی ئێمە بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی، بە چاوگێڕان بە دیمەنی کچانی شار، هەزاران مادۆنا لە زانکۆ و شەقام و بازاڕەکان دەبینین، بەڵام ئەمە تەنیا وەک دیزاینی جلوبەرگ و خۆگۆڕین، کەچی مادۆنا وەک دیاردەی جەستەی ئازاد لە هیچ ئاستێکدا هەستی پێناکرێت. ئەمەش لە یەکێک لە ڕەهەندەکانیدا ئەوەمان پێدەڵێت کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا لەسەر ئاستی فۆرم پێشکەوتووە و ئەوەی پێی دەوترێ پێشکەوتن هیچ بناغەیەکی فیکریی و مەعریفی نییە.

ئێمە لەو ئەستێرەیەی موزیکی پۆپدا، بە دووی ئەو وێنەیەدا دەگەڕاین بە جەستە شۆڕشێکی دژی ڤاتیکان بەرپاکردبوو، تەنها بە کۆمەڵێک ئەکتی جەستەیی و هونەریی وروژێنەر، عەرشی ڤاتیکانی هەژاندبوو تاکو ناچاربوون فەتوای کوشتنی بدەن!. ئەگەر روونتر قسە بکەم، جەستە تۆپەڵێک گۆشت نییە، فرمانە بیۆلۆژییەکان جێبەجێ بکات، بەڵکو دەتوانێت وەزیفەی کۆمەڵایەتی و رادیکاڵانەش راپەڕێنێت، ئەمە لە دەرەوەی ئەو رۆڵە بە بەیاخ و میکانیکیانەی لە جووڵە شۆڕشگێڕییە چەکدارییەکان و ریزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکان و ئاکسیۆنسازییدا هەیەتی. ئەمە لەلایەک لە سەرێکی ترەوە هونەرمەندێکی وەکوو ئارتۆ هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو لە شانۆدا تاوەکو جەستە لەژێر جەبەڕووتی دەق دەربهێنێت، چونکە وایدەبینی دیکتاتۆرییەتی وشە، زمانی تێکست، لەمپەرە لەبەردەم درەوشانەوەی زمانی جەستەدا، ئەو رۆڵی هونەریی جەستەی بۆ گرنگ بوو، بەڵام ئێمە تەرکیزمان لەمەڕ رۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی جەستەیە. کولتوور لە زەینی ئێمەدا هەڵدەستێت بە جۆرە دابەشکارییەکی سەیر و دوولەتکردنی جەستە، یەکێکیان جەستەی نێرینە و ئەویتری مێینە، ئەمە سەرەتای لەناوبردنی ئەو رۆڵەیە جەستە دەبێت بیگێڕێت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.

سێیەر: بێگومان جەستە تەنها تۆپەڵێک گۆشتی پەرەسەندوو نییە وەک داروینستەکان مەزندەی دەکەن، مرۆڤ هەر بە تەنها ئەو تەنە کیمیاییە نییە بایۆلۆژییەکان پێمان دەناسێنن، وایدەبینن مرۆڤ ئاژەڵێکە چەشنی هەر ئاژەڵێکی تر، تا ئەو جێگەیە راستە مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوە لە جیهانی زیندەوەران، بەڵام بە کۆمەڵێک خەسڵەتی مرۆیی خۆیەوە دەچێتە ناو کەوڵە ئاژەڵییەکە، ژمارەیەک چالاکیی مرۆیی هەیە دەبێتە خاڵی دابڕان لە نێوان مرۆڤ و زیندەوەرانی تردا، ئەگەر یەکێک لەو بوارانە زمان بێت بە پێی تیۆری ئەرستۆ، ئەوا خۆشەویستی بەو فۆرمە مرۆییە دیسانەوە جیاکەرەوەیەکی تریەتی لە سروشتە ئاژەڵییەکە. لە داستانی گلگامێشدا، ئەنکیدۆ لەو چرکەساتە لە ئاژەڵەکان جیا دەبێتەوە و جیهانەکەیان بەرەو مرۆڤبوون جێدەهێڵێت، فێری هونەری ئیرۆتیکا و چێژوەرگرتنی زایەندیی دەبێت. بەپێی نیچە تەنانەت فەلسەفەش رەنگدانەوەی هەبوونە جەستەییەکەیە، وەک لە بارەی خۆیەوە دەیگوت بیرکردنەوەمان بەرهەمی جەستەمانە. لە دیدی ئەودا دەروون لە ژێر قەڵەمڕەویی جەستەدایە و هەموو سایکۆلۆژیایەک دەکەوێتە ژێر حوکمی بوونە فیزیکاڵەکانەوە، هەر لەبەرئەمە بوو نیچە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد، بیرکردنەوەی مرۆڤ پاشکۆی ئەو خۆراکەیە دەیخوات، ئەگەرچی لێرەدا تێزەکە یارمەتیدەرێکی باشی دواتری نازیزم بوو بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی باڵای تەندروست و شیک و قیت و قنج، بەڵام لە رەهەندێکی دیکەوە ئارگۆمێنتێکی راست و دروستە. بە کورت و کرمانجی مرۆڤ لە رێگەی جەستەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، بە ئیرۆتیکا و خۆشەویستی و سێکسی مرۆڤانە لە تیرەی ئاژەڵان جیا دەکرێتەوە. مرۆڤی ئازاد ئەوەیانە بتوانێت نوێنەرایەتی جەستەیەکی ئازادیش بکات.

من: لە ژێر کڵاورۆژنەی بیرکردنەوەی «ژیژەک»دا، دەبێت ئەوە بڵێم، ئەگەرچی فێمینیستەکان لە هەوڵێکی رژدان، بۆ ئەوەی خاوەندارێتی جەستەی ژن بگەڕێننەوە ژێر رکێفی ژن خۆی، ئەمەش مافێک بوو ریشەی لە لیبراڵیزمی کلاسیکدایە، بەوەی چەشنی پارێزەبەندییەک بۆ تاک، پێداگریی لەسەر ئەو پرەنسیپە دەکرایەوە هەر مرۆڤێک بە تەنها خۆی خاوەندارێتی جەستەی خۆی دەکات، دەستگرتن بەم پرەنسیپەوە پۆلێک لە فێمینیستە رادیکاڵەکانی گەیاندووە بەو رادەی نەیارێتی بکەن لەگەڵ لابردنی مووی لەش و مانەوە لە دۆخی «ناشرینییە باوەکەدا»، ئەمەش لە

پێناوی ئەوەی جەستەی ژن نەبێتە تۆپۆگرافیایەکی پڕ تەلیسم لە نیگای پیاواندا، بەڵام لە کردەی سێکسدا ئەم بە «ئوبێکتبوون»ە، دووبارە سەرهەڵدەداتەوە، بەوەی لە پەیوەندیی هێتیرۆ سێکسوالێتەدا «جیا رەگەزخوازیی»، هەر رەگەزێک لە هەوڵی داتاشینی وێنایەکی ئایدیاڵی جەستەی ئەویتر و بەرامبەرەکەیدایە، ئەوەی ژیژەک پێی دەڵێت لە «سێکسخستن» بریتییە لە نەبوونی ئەم فەنتازیایە، چونکە بە بێ ئۆبێکتبوونی جەستە و زاڵبوون بەسەر شتە نەخوازراوەکانی لەشی ئەویتر کە ژیژەک نموونەی بۆنی ناخۆش و پاشماوەی پیسی دەهێنێتەوە، هۆیەک نامێنێت بۆ ئەنجامدانی کردەی سێکسیی. بە واتایەکی تر سێکسوالێتە بە هۆی فەنتازیاکردن و ئایدیالیزەی جەستەی یەکترەوە مانایەکی هەیە، ئەوەش جۆرێکی ترە لە بە ئوبێکتبوون. بۆیە ژیژەک دەڵێت «سێکسوالێتە بە مانای پڕ بەپێستی وشەکە، رێژەیەکی دیاریکراوی خۆ بە ئۆبێکتکردنی تێدایە». نەک هەر لە سێکسدا بگرە لە خۆشەویستیشدا هەمیشە وێناکردنێکی ئایدیاڵ هەیە بۆ ئەویتر، بە پووکانەوەی ئەو وێنا نموونەییە، لەوانەیە خودی عەشقەکەش بپووکێتەوە، لە چیرۆکی «زەماوەندی گوند»ی «ئەندرێ ژید»دا، قەشە و کوڕەکەی «ژاک»، ململانێیانە لەسەر بەدەستهێنانی دڵی «ژرترۆد» کە کچێکی نابینایە و لەسەر دەستی قەشە فێری خوێندن و پیانۆژەنین دەبێت، لەم ساتانەی ژرترۆد بینایی نییە جۆرێک خۆشەویستی قەشە لە دڵیدا چەکەرە دەکات، لە کاتێکدا کوڕی قەشە بە تەواوەتی عاشقی بووە، دواتر بە پیتاکی قەشە و باوەڕدارانی کڵێسا، نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی بۆ دەکرێت و بینایی بۆ دەگەڕێتەوە. لە کاتی کردنەوەی چاوەکانیدا بۆی دەردەکەوێت قەشە ئەو خۆشەویستە نییە لە تاریکیدا وێنای کردبوو، بە پێچەوانەوە وێناکە کتومت «ژاک»ە و لەگەڵیدا زەماوەند دەکات. لەگەڵ مندا دیقەت لە رستە باوەکە بدەن: «نامەوێت وێنا جوانەکەت کاڵ ببێتەوە یان بشێوێت!». زۆربەی جار ئەم رستەیە لە دۆخی هەڵچوون و داچوونی نێوان عاشقاندا دەردەبڕدرێت، وەک ئەوەی یەکێکیان بیەوێت بەویتر بڵێ ئەو وێنا ئایدیاڵەی پێمبەخشیوێت، وێنای راستەقینەی تۆ نییە، لێگەڕێ لەگەڵ ئەو وێنایەدا بژیم و بەردەوامی بە خۆشەویستی بدەم، لە رێگەی فەنتازیاکانی خۆمەوە بەرهەمم هێناوە سەبارەت بە تۆ.

# ناشرینکردنی جوانیی
# سەردەمی ساف و لووسی

سێبەر: هیگڵ پێیوابوو ژن بە جەستە بیر دەکاتەوە نەک بە زەین، ئەمە ئەو پرەنسیپەیە سەرمایەداریی هاوچەرخ دەستی پێوە گرتووە، لە ڕێگەی میدیا و ڕیکلامسازییەوە، سەرنجی مێینە بۆ جەستەیەکی جوان و نموونەیی ڕادەکێشرێت و پێی دەوترێت تۆ هەلی گەیشتن بەم ستایلە پەسەندەی جوانیت لە بەردەستدایە، جوانی و سێکسیبوونی ژن وێنا هەرە زەقەکەی ڕوانینی ئەمیتری پیاوە بۆ ئەویتری ژن. پێشبڕکێکردن لەسەر شاجوانی و گەیشتن بەو نموونە ستانداردەی جوانیی، ژنی ئێمە و هەموو شوێنێکی تری وا لێکردووە ببنە کڕیاری کەرەستە و دەرمانەکانی ئارایشت و بازاڕە پزیشکییەکان و ئارایشتگاکانی سلیکۆن و بۆتۆکس و سەنتەرەکانی ڕەشاقە و چەوری تواندنەوە تا دەگاتە کلینکە جوانکارییەکانی وەک نەشتەرگەریی لووت و تاتۆ و هتد... هەموو ئەمانە پێکەوە کۆمەڵێک داهێنراوی زەوقی پیاوان و بازاڕن، دواجاریش ڕووتکردنەوەی مێینەن بۆ جەستەیەکی پەتی. لە دۆخی کوردییدا لە ناو خودی ژناندا جۆرێک لە هیرارکییەت هێنراوەتە ئارا کە دیسانەوە یارمەتی ویستی پارەداری کورد (سەرمایەدار) دەدات کوردستان بباتە ناو لیتاوی بازاڕ و نیولیبراڵیزم و دەرکەوتەکانییەوە، ئەم ئەکشنەش ناوی لێنراوە فێمینیزەی کۆمەڵگە و دەرخستن و بوار ڕەخساندن بۆ دەرکەوتنی ژنان، وەک ئەوەی ژن بە تەنها جەستەی هەبێت بیری پێ بکاتەوە و توانا شاراوەکانی خۆی پێ دەربخات. ئەم پراکتیکە ڕازاندنەوەی پرۆسەی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە بە جەستەی ژن و بوونێکی کاریکاتۆرییانەی ئەویتری مێینە، ئەمە هەمان لۆژیکی هۆلیودیشە، بەو پێیەی لە بەشی هەرە زۆی فیلمە سینەماییەکاندا ژن ڕۆڵێکی سەرەکی ناگێڕێت، بەڵکو بۆشاییەکی تری پێ پڕکراوەتەوە کە بە پیاو پڕ ناکرێتەوە. ژن لە هۆلیوددا کراوەتە کەرەستەیەکی جوانکاریی و سێکسوالێتی

بۆ رازاندنەوە و تەشویقی فیلمەکان. ئەمە هەمان تێبینییە پێشتر (لاورا ماڵڤی) فێمینیستی ئینگلیزیی لە دەیەی هەفتاکانی سەدەی پێشوو خستبوویە روو. بە گشتیش لە سینەمادا بەتایبەت لە هۆلیوددا خۆشەویستی مۆنۆپۆڵ و براندێکی تایبەتی کچ و کوڕە شیک و گەنج و قەشەنگەکانە، بۆ نموونە لە فیلمی تایتانیکدا «بە دەرهێنانی جیمس کامیرۆن» هەردوو ئەکتەر لیۆناردۆ دیکاپریۆ «جاک» و کیت وینڵسنت «رۆز» دوو سیمای شیرین و جوان و ئیدیاڵی هۆلیودن، بۆیە کۆمیدی دەکەوێتەوە لە سینەمادا ژنێکی کامڵ یان پیاوێکی بەتەمەن سەرگەرمی رۆمانسییەت و عەشقبازیی بێت، لە درامای کوردیی وەک هونەری نواندن کە تێکڕا لاسایی فیگۆرە هۆلیودییەکانە، ئەکتەرە ژنەکان کە تەمەنێکیان بەڕێکردووە ئەگەر رۆڵی عەشقیشیان پێ بدرێت پێی رازی نابن، شانوشەوکەتی خۆیان لە بەرجەستەکردنی رۆڵی دایکێکی نموونەییدا دەبیننەوە. لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا دیسانەوە خۆشەویستی مارکەیەکی تەواو گەنجانەیە.

من: جوانیی وەکو چەمکێک جێگەی مشتومڕێکی قووڵ و بەردەوامی فەلسەفە بووە هەر لە گریکەوە تا ئەمڕۆ، بەڵام تێڕوانینی فەلسەفیی لە بارەی جوانیناسیی «ئیستاتیکا»، بەسەر دوو ئاڕاستەی سەرەکییدا دابەشبووە، یەکێکیان پێیوایە جوانیی شتێکی پەتییە و لە خودی شتەکاندا هەیە، بە واتای ئەوەی جوانیی شتێکی پێشوەختی ستاتیکە و بونیاد نانرێت، هەرچی تێڕوانینی دووەمە بە پێچەوانەوە جەخت لەوە دەکاتەوە جوانیی لە چۆنێتی تێڕوانین بۆ شتەکانەوە دروست دەبێت، بەم مانایە جوانیی چشتێکی پێشوەخت و ئامادە نییە، لە نیگای کەسەکانەوە بونیاد دەنرێت. لە نموونەی ئەو ئیستاتیکا دژەئیستاتیکایەی سوریالییەکان نوێنەرایەتیان دەکرد، وەک بڵێی ناجوانیی بۆ خۆی جوانییەکە یان بە مانایەکی پێچەوانە دەرهێنانی جوانییە لە روحی ناشرینەکانەوە. فرانسوا مولنار دەڵێت: جارێک سلڤادۆر دالی بروسکەیەک بۆ پیکاسۆ دەنێرێت و دەڵێت: جوانیت کوشت، سوپاس. هەرچی ئەوەی پێی دەوترێت جوانکاریی لە روانگەی یەکەمەوە نزیکترە کە من رەتیدەکەمەوە، لە سۆنگەی ئەوەی لە پرۆسەی نەشتەرگەرییەکانی جوانکارییدا، کلێشەیەکی پێشوەخت بۆ جوانیی هەیە و دانراوە، ئەوەی جوانکاریی دەکات

دەیەوێت بگات بەو کلێشەیە، بەڵام لێرەدا دەبێت دوو جۆر جوانکاریی لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەگەر نەکەومە هەڵەوە دەخوازم هەردوو چەمکی «پێویستی» و «ئارەزوو» لە دەروونشیکاریی «لاکان» قەرد بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم بڵێم، هەندێک لەو جوانکارییانە سەر بە «پێویستی»ن و مێژووی ئەم فۆرمەیان زۆر دێرینە، ئەویتریشیان سەر بە «ئارەزووە» و خولیایەکە بۆ گەنج مانەوە و سێکسیبوون، ئەوەش جۆرێکە لە بوون بە کاڵا هەروەک چۆن مەسرەفگەراییەکی داهێنراوی دوای پێشکەوتنە نوشدارییەکانی نیوەی دووەمی کۆتایی سەدەی بیستە. کولتووری بەرخۆریی سەرمایەداریی لە هەوڵی ئەوەدایە جوانیی لە پێدراوێکی میتافیزیکییەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵێک ستانداری بەرجەستە، لەم میانەدا هەر ژنێک خەونی هەیە بگاتە ئەو جوانییە ئیدیاڵەی ئەستێرەکانی هۆلیود لە نموونەی ئەنجلینا جۆلی و نیکۆڵ کیدمان و بامێلا ئەندرسۆن هتد... هەر پیاوێکیش خواستی هەیە ببێتە ئەو پیاوە ئیدیاڵەی بە برادپیت و برادلی کۆپەر و لیوناردۆ دی کاپریۆ بچووێنرێت. بەم هۆکارە هۆڵەکانی لەشجوانی و سەنتەرەکانی جوانکاریی قەرەباڵغترین شوێنن لە سەردەمی بەرخۆرییدا، دوور نییە نەبنە جوگرافیا پیرۆزەکانی ئەم نەوە تازەیەی بەڕێوەیە کە هیچ ئەنترۆپۆلۆگ و دەروونشیکارێک سەری لە بیرکردنەوە و سایکۆلۆژیایان دەرناچێت. چیتر شیعرەکەی گۆران «کوانێ زوڵفی رەش؟.. کوڵمی ئاڵ و گەش.. کوا هەیکەلی جەمال؟.. کوا حوسنی بێ میسال؟»، ناپەڕێتەوە بۆ سەدەی بیست و یەک لەبەرئەوەی ستانداری جوانیی سەردەم ئەو جوانییە سروشتکرد و خۆڕسکە نییە ئەم «عەبدوڵا گۆران» شیعری بە باڵادا هەڵدەدا بەڵکو جوانییەکی دەستکردی ناو لابور و سەنتەرەکانی جوانکارییە.

سێیەر: سەرمایەداریی بۆ ریکلامسازیی و بە بازاڕکردنی ژیان، ژن و جوانییەکەی بە خراپی بەکاردەهێنێت، هەر لەو ریکلامانەی ژن وەک کاڵایەکی وروژێنەر بۆ کاڵایەکی تر بەکاردەبرێت یان ئەو بزواندنە سێکسی و ئیرۆسییانەی ناو فیلم و سایتە پۆرنۆکان کە لە راستیدا وێنایەکی دەستکرد و فووتێکراوی ئیدیاڵن، تا دەگاتە ئەو ژنە فرۆشیارانەی ناو مارکێتەکان، دەبێت غەمەکانیان بشارنەوە، وەک باڕبییەکی لێو بە خەندە بە رووی کڕیاراندا بخەنێنەوە. بە کورتی

بزنس و سەرمایەداریی مامەڵەیەکی کاڵایی لەگەڵ لەشولاری ژن دەکات لە پێناو ساغکردنەوەی کاڵایەکی تردا. ژن بە گوێرەی لۆژیکی بازاڕ دەکرێتە کاڵایەک بۆ سەرنجڕاکێشانی ژمارەیەکی بەرفرەی خەڵک بۆ کاڵایەکی تر، هەروەک بوعەلی یاسین ئاماژەی پێدەدات: پەیوەندییەکی هۆکاریی لەنێوان هەردوو چەوساندنەوەی ئابووری و چەوساندنەوەی سێکسیدا هەیە. ئەم پرۆرنۆسازییە جیاوازە لە هونەری ئیرۆتیکی سەردەمی ڕێنسانس، چونکە ئامانجی ئەو هونەرە شکاندنی تابۆکان بوو کە لە ژێر زەبری کڵێسەدا بوون، ئەم هونەرە خەریکی رووتکردنەوەی فیگۆرە ئەفسانەییەکان بوو، داکەندنی کەواکەی خواوەند عەشتار و تا دەگاتە نیشاندانی ناوگەڵی رووتی «بۆبۆ»ی خزمەتکاری خواوەند دیمتیری خوای کشتوکاڵ بەپێی میتۆلۆژیی یۆنانی، کارێکی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە بوون، چونکە رزگارکردنی جەستەی ژن بوو لە دەستی ئاینەکان، بە تایبەتی ئەوەی لە بایبڵدا بە توندیی بەرەنگاریی لێ دەکرا، تەنانەت پێکەنینیش وەک هونەرێکی قێزەون و جادووگەریی چاوی لێدەکرا، بەڵام ئەمەی کاپیتالیزمی هاوچەرخ بە کاڵاکردنی جەستەی ژنە، لە سادەترین پێناسەشدا هەر بەرهەمهێنراوێک شایستەیی کڕین و فرۆشتن و بە بازاڕکردنی هەبێت کاڵایە. لە ریکلامدا کاڵا و جەستە یان کاڵا و بوونێکی ئۆرگانیزم رۆشنە پێکهاتن دەکەن و ئاوێتە دەبن، بۆ پەیداکردنی بازاڕ بۆ کاڵاکە، لەم نێوەندەدا بوونە ئۆرگانیزمەکەش دەچێتە خزمەتی بازاڕ و هۆکارێکە بۆ هەرمێن و خێرا ساغکردنەوە و فرۆشتن، بەم جۆرە هەموو خەسڵەتە ئۆرگانیزمییەکەی لێ دادەرنرێت و دەکرێتە پاشکۆی کاڵای ریکلام بۆکراو.

من: ئێمە هەر چوار دەورمان، دنیای دەرەوەمان بە کاڵا هەڵچنراوە، بازاڕ ناوەندێکی دەرەکی تەژی لە شتومەکە، ئەوان بوونی ئێمە دیاری دەکەن، ئەو شتومەکانە پەیوەندییان بە دنیای ناوەوەمانەوە نییە، بە تەنیا لە جیهانی دەرەکیماندا هەن، ئێکسسواراتی ماڵەکانمان، نموونەیەکە ناگاتە ناوەوەمان، ئەگەر نەشتەرگەریی جوانکاریی بشگاتە جەستەمان هێشتا لەسەر بەشە دەرەکییەکەی لەش دەبینرێت و ناتوانێت بچێتە ناوەوە. جیهانی کاڵایی جیهانێکە لە دەرەوەماندا، بەڵام ئایا هەر لە دەرەوە دەمێنێتەوە؟ نەخێر، ئەو دەبێتە بەشێکی سەرەکی

بیرکردنەوەمان و هیرارکیزمی ئێمە لە ژیاندا دەستنیشان دەکات. پۆرنۆگرافی تەنیا نواندنەوەی جەستەیی و بە بازاڕکردنی بایۆلۆژیای ئێمەیە، بۆیە رایەڵێکی هاوبەش لە ئارادا هەیە، نەشتەرگەریی جوانکاریی و پۆرنۆگراف پێکەوە گرێدەداتەوە، بەوەی هەموو کات نەشتەرگەریی جوانکاریی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە وێنەیەکی نموونەیی دیاریکراو، وێنەیەک هەر کەس بە شێوازی خۆی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات. هۆڵەکانی فیتنس و نۆڕینگەکانی تاتۆکوتین و هاوشێوەکانیشی بە هەمان شێوە، بە بازاڕکردنی جەستەی بایۆلۆژین، چونکە ئیدی جەستە بە تەنیا موڵکی خۆت نییە، بەڵکو موڵکی گشتییە و دەخرێتە ناو سیستمی کاڵاییەوە و دەکرێتە ئیکۆنۆمییەکی چێژگەرایی نێو هەناوی سەرمایەداریی، هەوڵێکی ترە بۆ رۆڵ پێدان بە جەستە لە تەنێکی بایۆلۆژییەوە بۆ جەستەیەکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی. ژنێک نەشتەرگەریی جوانکاریی بکات، پیاوێک هەموو گیانی تاتۆڕێژ بکات، بە تەنیا مافێک نییە بەسەر لەشە بایۆلۆژییەکەی خۆیدا جێبەجێی بکات، بەڵکو لە خۆیدا نواندنەوەیەکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی و کۆمەڵایەتیشە، بێجگە لەوەی رادەستبوونە بە ئایدۆلۆژیای بازاڕگەرایی.

سێیەر: کولتووری رەنگ گۆڕین و برۆنزیکردنی پێست تەنیا دەلالەتی جوانکاریی نییە، بە پێچەوانەوە روانگەیەکی هیرارکی سامناکیشی لە پشتەوەیە. هەروەک «مارک لیری» روونی دەکاتەوە: لە سەدەی نۆزدەیەمدا چینی خوارەوە، بۆ نموونە جووتیاران لەبەر خۆرەتاو کاریان دەکرد و پێستیان بە تەواوەتی ئەسمەر بوو، ئەگەر پێست سپی بووایە بەهایەکی بەرز بوو، چونکە دەریدەخست کەسێکی نەدار نیت، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا، پیشەسازیی کرێکارانی زیاتر بردە ناو کارگەکانەوە و لەمەوبەدوا کرێکارانیش پێستیان سپی بوو، لەولاوە چینی باڵای کۆمەڵگا کەوتە بیری ئەوەی پێستی خۆی ئەسمەر بکات. لێرە بەدواوە کۆمەڵێک کۆمپانیا بە جۆرەها براند و مارکەی جۆراوجۆر سەرنجی خەڵکیان بەرەو پێستی قاوەیی تاریک و برۆنزی رادەکێشا، ئەمە جگە لەوەی ملیۆنان ساونای تایبەت و کراوە بۆ ئەم مەبەستە دروستکران. رەنگە بڵێن چینەکانی خوارەوەش شانسی ئەم بلۆندبوون و برۆنزیی بوونەیان هەیە «بیرتان نەچێت من دژی مەسرەفگەراییم»،

بەڵام ئایا نرخی ئەو براندەی هەژارێکی دەستی دەکەوێت لەگەڵ ئەویتری بۆرژوا چەند جیاوازیی هەیە؟، هەروەک ئەو هیرارکییەت و جیاوازییەی لە خواردنی مەکدۆناڵێکەوە هەیە تا دەگاتە ژەمە خۆراکێکی هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی!.

من: سەردەمی ئێستا سەردەمی ساف و لووسییە وەک ئەوەی عەبدوڵا گۆران لە شیعری «لە درزی پەچەوە» لە وەسفی ژنێکی داپۆشراودا وێنایەکی فەنتازییانە دروست دەکات و لە دێڕێکیدا دەڵێت: «قۆڵ و مەچەک ساف و سپی وەک شووشە.. سەرپەنجەکان یاقووتێک بوون بە ورشە». پێویستە هەر پەڵەیەک یان خاڵێک، هەر ناتەواوییەکی جەستەیی لەسەر رووخسار و شوێنە بینراوەکانی لەشدا هەبێت بە خێرایی بسڕدرێنەوە. ئەمە ئەگەر ئارەزوویەکی ناوەکی هەر ژن یان پیاوێکیش بێت مانای ئەوە نییە ئەم ئارەزووە لە دەرەوە بۆی دروست نەکراوە، ماشینەیەکی گەورەی ریکلامسازیی لە بەردەمماندا قوت بووەتەوە پێمان دەڵێت تۆ بە نرخێکی هەرزان و بەشێوەی قیست و داشکاندن دەتوانیت بگەیتە ئەو وێنا ئایدیاڵەی خەونی پێوە دەبینیت، لەم روانگەوە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریی جێبەجێکردنی ویستی ئەویتری دەرەوەی خۆتە، کوشتنی زاتی تۆیە و دەبێت لە پێناوی نیشاندانی وێنایەکی تری ساف و جوان و بێ خەوشی خۆتدا تێبکۆشیت تاکو رەزامەندیی ئەوانیتر بە دەست بهێنیت، لێرەدایە کە دەڵێین ئەو ژنانەی نەشتەرگەریی جوانکاریی یانژی ئەو پیاوانەی لەشیان تاتۆرێژ دەکەن، گرتەیەکی زۆر پێکەنیناوییە ئەگەر بێتو باسی ئازادیی بکەن، چونکە ئەوان حەز و خودێتیی خۆیان لە پێناوی ئەوانیتردا پێشێل دەکەن. ژاک درێدا دەیووت سوبێکت بە تەنها نابینێت بەڵکو بینراویشە. ئەو ژنانەی جوانکاریی دەکەن پێیان خۆشە ببینرێن، فەزای مەجازیش یارمەتیدەرێکی باشی ئەم حەزەیە بۆ خۆ نمایشکردن و خۆچەوساندنەوە، گریەر وتەنی: «هەمیشە ژن لە رێگای جەستەیەوە بەرزەفتکراوە و چەوسێنراوەتەوە»، هەر لە رێی ئەم میکانیزمەوە دەکرێتە ئۆبێکتی سێکسیی و دواجاریش قوربانی.

سێبەر: هاوڕام، پێموایە سەردەمەکە وەک جۆرێک لە گەڕانەوەی لێهاتووە بۆ چەرخی کۆریستانەکان، ئەو ژنانەی سێبەرێکی هەمیشەیی پیاوانی خانەدان و

پادشاکان بوون لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، تایبەتمەندیی ئەم چاپە لە مێینە بریتی بوو لە قەشەنگی و گەنجێتییان، ئەمانە ئەو ژنانە بوون لە دەرباری کۆشکەکاندا خزمەتیان دەکرد، دەبوو زۆر بە تەنگ جوانی رووخساری خۆیانەوە بن، لەگەڵ پیربوونیشدا لەسەر شانۆکە لادەبران و جێگەیان بە ژنانی گەنجتر و جوانتر پڕ دەکرایەوە. ژنانی هەنووکە لە پێشبڕکێ و کێبڕکێی گەنجێتی و جوانیدان لەگەڵ کچەکانیاندا، بە هەر نرخێک بووە هەوڵدەدەن جیاوازیی تەمەن تا سنووری نەمان ببەن لە نێوان خۆیان و کچەکانیاندا!. چەرخی جوانی رواڵەتی و هەڕمێنی سلیکۆن و بۆتۆکس و شێوازە هەرە زەقە نائیستاتیکییەکانی جوانکارییە، ئەو ژنانەی نەشتەرگەریی جوانکاریی دەکەن کەلاوەکانی ناوەوەیان بە رووپۆشێکی برۆنزیی زەخرەفەدار دادەپۆشن، فۆرمی بە تاڵن و هەموو جوانییەکەیان «با وایدابنێین پێی ناشیرین نەبوون» لەسەر پێست و رووخساریان کۆتایی دێت، تەنیا یەک دیویان هەیە، بۆ ئەوان هەر ئەو دیوە گرنگە و دەیانەوێت هەر لەگەڵ ئەو چەرمە ساختەیەی دەرەوە مامەڵە بکرێت. سەردەمەکە برەو بە مودێلپەرستییەکی موزەیەف دەدات، ئەو ژن و پیاوەی لە ستایلگەریی و دوا مۆدێل دواکەوتبێت بە جۆرێک لێکدانەوەی بۆ دەکرێت لە ژیان و لە رۆژگار و پێشکەوتن دابڕاوە، ئەم هەڵگێڕانەوەیە، کارەساتی چەرخەکەیە هەر بەو جۆرەی گیاکۆمۆ لیۆپاردی لە وتاری «دیالۆگی نێوان مۆدێل و مەرگ»دا دەنووسێت: «ئەی مۆدێل، ئەی خانمی مەرگ، خانمی مەرگ». ڤاڵتێر بنیامین لە راڤەی ئەم دێڕەدا نووسیوویەتی: «مۆدێل نەریت و رێوڕەسم بە گوێرەی خواستی فیتشیزمی کاڵایی دەستنیشان دەکات کە دەبێت بپەرسترێت». یان وەک ئەوەی رۆلان بارت وەسفی دەکات نیشاندانی دوا مۆدیلی جلوبەرگە لە رێگەی لەبەرکردنی جەستەوە.

من: ترس لە پیربوون هێندەی ترس لە مەرگ شۆکهێنەرە و مرۆ بە قەدەر تێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی نەمریی، لە تەقەلادا بووە بۆ رێگەگرتن لە پیربوون یان مانەوە لە تافی لاوییدا. تەکنۆلۆژیا یارمەتیدەری ئەم خەونەی مرۆیە بۆ زاڵبوون بەسەر پیرییدا، زانستە نوشدارییەکان دەیان رێگە و تەکنیک دەخەنە بەردەست بۆ خۆ لادان لە پیریی و گەیشتن بە جوانییەکی رەها و تەواو، ئەگەر نەشتەرگەرییەکانی

جوانكاریی یەكێك لەو ڕێگایانە بێت، ئەوا ڕێگەی هەرزانتریش خراوەتە بەردەست لە بۆیاخ و مەیكاپ و مادده كیمیاییە جۆراوجۆرەكانی تری ئارایشت، هەر لە سەر و سمێڵ ڕەشكردنەوەی پیاوانەوە بیگرە تا سوراوە سیحراوییەكانی ژنان. ئەگەر نا ڕێی خۆڕاییش هەیە وەک كەڵک وەرگرتن لە فلتەر و بەرنامەكانی دەستكاریی فۆتۆ لە تەلەفۆنە دەستییەكاندا یان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا، كە تیایاندا هەموو ڕێگاكانی گەنجبوونەوە و جوانكاریی بەبێ بەرامبەر خراونەتە بەردەست. گرنگ ئەوەیە لە واقیعدا بێت یان لە فەزای مەجاز گەنجی خۆت بگەڕێنیتەوە لە نموونەیترین فۆرمی جوانییشدا. تۆ گەرەكتە لەم ڕێگایەوە بە ئەویتر بڵێیت من هێشتا گەنج و جوانم! هێشتا شان و شەوكەتم دەیهێنێت ئەكتەری سەرەكی فیلمی ژیان بم. ئەم پرۆسەیە هیچی ناوێكی تری نییە جگە لە بە شتبوون و بە كاڵابوون نەبێت، تۆ دەتەوێت بەم فێڵە بە هاوكاریی تەكنۆلۆژیا بە بەرامبەر بڵێیت من هێشتا كاڵایەكی ڕەونەقدارم و شایانی فەرامۆشكردن نیم، شتێكی نوێم چەشنی ئۆتۆمبیلە نوێیەكان لە پێش تۆدا خۆم نمایش دەكەم و بە جادووی گەنج مانەوە و جوانییەكی رووكەش ئامێز رادەكێشم بۆ لای خۆم. ڕەخنەكە لەوەدا نییە، مرۆڤ لە ڕێگەی تەكنیكەوە ڕووبەڕووی قۆناغە سروشتییەكانی تەمەن و دیزاینی سروشتكردی خۆی دەبێتەوە و لەمپەر دەخاتە بەردەم پیریی و دەیەوێت لە بۆتەی لەشێكی ڕێک و جواندا خۆی دووبارە و دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە، كێشەكە ئەوەیە ئەم تەكنیكە دواجار بوونی ئۆرگانیزمییت دەسڕێتەوە و دەتكاتە شتومەكێک یان كاڵایەكی ساردوسڕی مردارەوە بوو.

سێیەم: ئەگەر وردتر لە ئارایشتی تۆخی ژنانی خۆرهەڵاتیی و نەشتەرگەرییەكانی جوانكاریی لە سەرتاسەری جیهاندا بڕوانین، هەمیشە ترسێک هەیە لە پیربوون و لە ناشرینی، لێرەدا جوانیی بەشێوەیەک لە شێوەكان دڵڕەقانە دێتە پێش چاو، بەڵام كاپیتالیزم جوانییەكی ستانداری ڕەق و تەق و بێ شەوقی دروستكردووە و كردوویەتی بە دوا وێنەی جوانی، ئیدی ڕێژەییبوونی جوانی لە بەرامبەر ئەم ڕەهاخوازییەی جوانیی دەستكرد و داسەپاودا هەرەس دەهێنێت، هەموو بڕوا دەهێنن بەو جوانییە ستاندارە و هەوڵی خۆ نزیككردنەوە دەدەن لەو وێنە ئایدیاڵە،

تەنانەت ئەپەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێش هەر شتێک پێتدەڵێن ئەگەر بە ناو فلتەرەکانی مندا تێنەپەڕیت ناگەیتە ئەو جوانییە ستانداردەی ئێستا. هەروەک ئەوەی ئەم پۆستەرەی «ئەنایس نین»ی شاعیری فەڕەنسی- ئەمەریکی باس لەو تایپە لە ژن بکات وەختێک نووسیوویەتی: «هەندێ گوڵی جوان هەن، بۆنیان نییە، هەندێ ژنی جوانیش هەن، نە تامیان هەیە و نە بۆن». بۆیە منیش لە کەڵکەڵەی ئەوەدا بووم ئەم ڤیسیۆنە لە بۆتەی شیعرێکدا بخەمەڕوو بەوەی جوانیش بووەتە دیاردەیەکی ناشرین.

من: گاڵتەجاڕترین کردە ئەو پێوەر و ستاندارتانەن بۆ جوانیی دیاریکراون (مەبەستی لە جوانیی رواڵەتیی و جەستەیی مرۆڤە). چونکە جوانیی سروشتێکی جێگیری نییە، هەمیشە و پێ بەپێ لەگەڵ زەمەن و گۆڕانکارییە فەرهەنگییەکاندا ئەویش شێوەی دەگۆڕێت و فۆرمێک لە ستانداربوون دێتە ئاراوە تەبا بێت لەگەڵ روحی سەردەم و کولتووری باودا، ئەمە بەدەر لەوەی بە پێی پێناسەکانی سەردەم جوانیی چشتێکە بۆ وەسپی کاڵا و شمەکەکان. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵی کوردەوارییدا تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو، پێوەری جوانبوون بۆ پیاو، تێکسمڕاویی و چوارشانەیی بووبێت و بۆ ژنیش گۆشتنیی و خانومانی، هەر لەو زەمەنەدا سیسی و چرچی بۆ مرۆڤی لاواز لە باری جەستەییەوە جۆرێک لە تەوس و سووکایەتی تێدا بووبێت، بە هاتنی سەدەی بیست و یەک پێوەرەکان تەواو پێچەوانەوە بوونەتەوە، ئەم جارە قەڵەویی و خانومانی و تێکسمڕاویی، تاکیان تووشی خەمۆکی کردووە و وەک مرۆڤی چڵێس و بۆگەنکردوو تەماشایان دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا جوانیی لە هەموو سەردەم و کولتوورەکاندا لینکێکی پتەوی بە سێکسیبوونەوە هەبووە، تەنانەت ئەو گۆڕانەی بەسەر خودی جوانیدا دێت بە پێی کات و فەرهەنگ، لە بناغەوە گۆڕانێکی رادیکاڵییە لە روانینی سێکسییانەی ئێمەی مرۆڤدا، بەو پێیەی بەردەوام لە جوانییدا بە دوای تێربوونێکی سێکسیشدا دەگەڕێین، زۆر جار مەرج نییە کردەکە پێکگەیشتنی فیزیکیی بێت، بەڵکو دەشێ خولقاندنی فەنتازیایەکی دووراودوور بێت لەگەڵ ئەویتردا.

بەڵام ئایا لە دوای سێکس جوانیی ناگۆڕێت بۆ ناجوانی و شتێک دەبێت بڕوشێنرێت وەک ئەوەی ژاک لاکان لە ئەزموونی چەند نەخۆشێکییەوە بۆمان دەگوازێتەوە؟!. رەنگبێ ئوستوورەی ئافراندنی «پاندۆرا» لەلایەن «زیۆس»ەوە بە یارمەتی «ئەتینا» یارمەتیدەرمان بێت لە روونکردنەوەی ئەم پرسەدا، لە بناغەوە پاندۆرا یان نەفرەتی عەشق بۆ سزادانی پیاوان لە تۆڵەی دزینی ئاگر لە عەرشی خوداکانەوە بۆ مرۆڤ خولقێنرا، تا پیاوان فریو بدات لەگەڵ ژنانی جواندا هاوسەرگیریی بکەن و ببنە قوربانی ئارەزووەکانیان، دواجاریش لە بری ژیانێکی ئاسوودە بەهۆی دەمهەراشیی ژنە جوانەکانەوە بکەونە چاڵێکی تری دۆزەخەوە. (لێرەدا ئەنگێزەی نێرسالاریی لە ئارادا نییە، ئێمە گشتاندنی بۆ دەکەین بۆ هەردوو رەگەز). لەم ئوستوورەیەدا جوانی بەستراوەتەوە بە سێکسیبوونەوە، هەمیشە لە دیدی هەر پیاوێکدا خۆشترین لەززەتی سێکسیی بەستراوەتەوە بە جوانیی جەستەیی و رووخساری ژنێکەوە هەروەها بە پێچەوانەشەوە. کاتێک سایە کەریم «پۆرنستاری کورد» چەند گرتەیەکی لە کورتە فیلمە پۆرنۆکانی خۆی بڵاو کردەوە، جیا لە پاڵنەرە خێڵەکیی و مەزهەبییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بەشێکی بەرفرەی نەفرەتەکان پەیوەندییان بەوەوە هەبوو، سایە جوانێکی ئایدیاڵ نەبوو، وەک ئەو پەرییە ژنانەی نێو شیعری کوردیی نەبوو پیاو لە هۆشی خۆی ببات، بە پێچەوانەوە رووخسارێکی ئاسایی کوردییانەی هەبوو. دەتوانین نموونەیەکی پێچەوانەش وەربگرین، لە پیاهەڵدانی کۆمەڵگەی ئێمە بە شەڕڤانانی رۆژئاوای کوردستاندا، هێندەی فیگەرە کچە جوانەکان زەق دەکرانەوە و پیایاندا هەڵدەدرا، چارەکی ئەوە ستایشی ئەو هەموو شەهیدە پیاوە نەکرا، ئەگەر بەشێکی هۆکاری ئەمە بریتی بووبێت لە ناچاوەڕوانی کۆمەڵگە لە ژنی کورد، بەشەکەی تری جوانی و روانینی سێکسوالێتیانەی پیاوی کوردی لە پشتەوە بوو. (هەڵبەتە ئەمە کەمکردنەوە نییە لە تێکۆشانی کچانی شەڕڤانی رۆژئاوا، دواتر باس لەوەش دەکەین چۆن سیمایەکی جوانی کوردیان نیشانی جیهان داوە).

سێیەر: رەنگبێ کەسێک بیر لەوە بکاتەوە، ئێمە حەز لەوە بکەین مرۆڤ لە دۆخی ناشرینییدا ببینین، بۆیە بەم جۆرە جوانیی قێزەون دەکەین!، بەدەر لەوەی

لایەنگری جوانیی سروشتیین، دەمەوێت بێژم ئێمە رقمان لە جوانیی نییە و پێمانوانییە جوانیی ئەویتر هەڕەشە بێت بۆ سەر قەوارەی زاتیی ئێمە، لە پرسی جوانیشدا ترسێکمان لە ئارەزووی خۆمان نییە بەوەی نەتوانین بەرگەی جوانیی رووخسار و جەستەی ئەویتر بگرین و تووشی ئالۆش و خروو ببین، تەنیا دەخوازین پارێزگاریی لە وێنەیەکی خۆڕسک بکەین و نەهێڵین بە ماددەی کیمیایی و خۆمەسرەفکردن ناشرین ببێت. ئێمە داکۆکیی لە خۆڕسکیی دەکەین، داکۆکیی لە جوانییەکی سروشتی دەکەین نەک جوانییەکی پیشەسازیی و دروستکراو و دەستکارییکراو، ئۆرگیناڵێتیی بۆ ئێمە لەسەرو هەر شتێکی دیکەوەیە، چەشنی ئەو جوانییە سروشتییەی کیژانی گوندنشین کە ببوونە ژێدەری شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیی و بە چڕییش سەرنجی «عەبدوڵا گۆران»ی شاعیریان رادەکێشا و لە پەسنیاندا بەم شێوەیە دەهاتەگۆ: «چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت.. پرشنگی خشڵ ئەبڵەق ئەکا دەوروبەری پێت». هەڵبەتە هەر مرۆڤێک خاوەنی جەستەی خۆیەتی و هەوڵنادەین لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتەی خاوەندارێتییەکی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، کەس دادگایی و مەحکوم بکەین، بەڵام ئەمە رێگر نییە لەوەی کاتیگۆرییەکان نەخەینەڕوو، لەمپەر نییە لە دەرخستنی ئەو نیازەی بۆ بە کاڵاکردنی جەستە و جوانیی لە ئارادا هەیە، هیچ هۆیەک شک نابەین بێدەنگ بین لە بە ئۆبێکتبوونی جەستەی مرۆیی لە رێگەی دەستکارییکردن و گونجاندنی لەگەڵ ئەو وێنا ستاندارەی بۆ جەستەیەکی جوان و بەکاڵابوو هێڵکاریی کراوە.

ئێمە لایەنگریی هەمەڕەنگین نەک ئەو یەکبوونە تەکنیکییەی جوانیی دەستکرد هێناویەتییە کایەوە، نەک ئەو لەبەرگرتنەوەیەی ئەمڕۆکە لە ئارادایە، سیستم لە رێگەی نەرمەهێز و ریکلامسازیی و تیڤییەوە نەک هەموومانی کردووە بە خاوەنی یەک زەوق و بیرکردنەوە، بەڵکو بە خەستوخۆڵیش هەوڵدەدات هەموومان بکاتە خودانی یەک دەموچاو، خوازیارە مەلامیحەکان بتوێنێتەوە و هەڕمێن بە یەک دەموچاوی هاوشێوە بۆ هەمووان بدات. مەترسییەکە هەر ئەو زیانە تەندروستیانەش نییە بەر جەستە دەکەوێت، بەڵکو ئەو هەموو بە فیڕۆدانی وزە

و رەنج بەخەساردانەشە بۆ گەیشتن بەو جوانییە نموونەییە هەمووماني مژۆڵ کردووە، بەدەر لەمە فاشیزمێکیش گەڕاوەتەوە سەر شانۆی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر قەڵەو و کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا، چونکە ئەوان ناتوانن بگەنە ئەو وێنا ئایدیاڵەی جوانیی، ئیدی شایانی ژیانکردن نین یان لە باشترین باردا شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەن. ئەندامانی چینەکانی خوارەوەش لەبەرئەوەی دەستیان ناگات بەو جوانییە یان زۆر بە زەحمەت دەستیان پێی دەگات، جۆرێکی تری نامۆیی بۆ بەرهەمهێناون، هیچی لەو نامۆییە کەمتر نییە مارکس لە سەدەی نۆزدەدا لە بارەی چینی کرێکارەوە خستبوویەڕوو. پوختەی مەبەستم ئەوەیە، هیچ شتێک لەم بوونەدا ڕێژەیی نەبێت، جوانیی ڕێژەییە و هەر سەردەمێکی شارستانی جوانییەکی تایبەت بە خۆی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام وا دیارە شارستانیی تازە بیەوێت ئەم ڕێژەیبوونەی جوانیی کۆتایی پێ بهێنێت بە پێشکەشکردنی کلێشەیەکی رەها و چەسپاو بۆ جوانیی و پێمان بڵێت ئەمەیە جوانیی بە پێی پێوانەی سەردەم، لە دەرەوەی ئەم وێنایەش هیچ جوانییەکی تر لە ئارادا نییە. جوانییە ستاندارەکەش بریتییە لە ساف و لووسی و گەنجێتی، بە جۆرێک هەڵکشانی تەمەنی تێدا دەسڕدرێتەوە و تا ئەو ئاستەی شەیدایانی جیرانتەفیلیاش (ئارەزووکردنی کەسانی بە تەمەن، دەستەواژەکە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٠١ لەلایەن پزیشکی دەروونی ئەڵمانی ڕیچارد فۆن کرافتەوە بەکارهێنرا)، دەبنە سایکۆسیس و دەدەن بە شاخ و کێودا، چیتر سەردەمێکە جگە لە وێنای جوان و گەنج و ساف و بێ شوخت، هیچ شتێکی تر گەوار ناکات.

من: بەدەر لەوەی جوانیی تێمایەکی کێشەساز و ئاڵۆزە و لە بونیادەوە بابەتێکی ڤێرچواڵ بووە، بە دیدی سوکرات و کانت پێکەوەبەستراویی هەیە لە نێوان جوانیی و چاکبووندا، ئەمە لە ڕەهەندە مانەوییەکەوە، پاشتر بووە بە وەسپێک بۆ پێدراوە بەرجەستە و بەرهەستەکان، بەڵام ئەم جوانییە بزۆز و ناجێگیرە و بەپێی کولتوور و سەردەم دەگۆڕێت، وەک وترا هەر کولتوور و سەردەمێک جوانییەکی تایبەت بە خۆی بەرهەم دەهێنێت، ئەگەر لەو پەیکەرانە ورد بینەوە لە مرۆڤی چاخە کەونارەکان جێماوە، ستانداری جوانی هەمان ئەو ستاندارانە نین ئەمڕۆ بۆ جوانی

هەمانن، لە پەیوەند بە جوانیی ژنەوە تایپێک لە پەیکەر سەرنجمان کەمەنکێش دەکەن کە بریتین لە ئافرەتی گۆشتن و خڕوپڕ، کەچی بە پێی پێودانگەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن ئەم تیپە بە «قەڵەو» و «ناشرین» پۆلێن دەکرێن. بەڵام کاپیتالیزم هەوڵ بۆ فۆرمێکی جێگیری جوانی دەدات و دەیەوێت روحە ناجێگیر و جیوەئاساکەی تیرۆر بکات و کورتی بکاتەوە بۆ جوانییەکی رواڵەتی، لە نێو ئەو رواڵەتگەراییەشدا فۆرمێکی دیاریکراو دەکرێتە نموونە و بۆ ئەوەی جوان بیت دەبێت بە هەر نرخێک بووە ببیتە کۆپی ئەو وێنە داتاشراوە و خۆتی لەبەر بگریتەوە. لەم سۆنگەوە ئەو ژنانەی دەیانەوێت بگەنە جوانییەکی ئایدیاڵ، هیچ کات پێی ناگەن، تەنها دەگەن بەو مۆدیلە رواڵەتییەی سەرمایەداریی و هۆلیود و جامخانەکان برەویان پێداوە و دەدەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئازادیی تاکەکەسی وەک بەرزترین دەستکەوتی مۆدێرنە، لەم پرۆسەیەدا وردوخاش دەبێت، چونکە نەشتەرگەریی جوانکاریی بۆ ئەوەیە نیشانی ئەوانیتری بدەیت، هێشتا رەونەقێکم ماوە، ئەمە وردوخاشکردنی خۆتە، تا بۆ ئەوانیتری بسەلمێنیت هێشتا هەر گەنج و جوانیت، خەونت دەبێتە خەونی هەر کاڵایەکی تر، تاکو کڕیار کەمەنکێش بکەیت بە لای خۆتدا. زۆرێک لەو ژنانە خۆیان بە تاکی ئازاد و تەنانەت فێمینیست دەزانن، لە کاتێکدا ئەوان دەبنە قوربانی ئەو جوانییە سیستمی باڵادەست بە دڵییەتی، ئیتر ئازادیی چی؟. ئەم ترانس مرۆڤ و میتامۆرفۆسەی لە پاش نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریی یان پرۆسەیەکی خەستی مەیک ئەپ دروست دەبێت، دەیەوێت فێڵ لە چاوی ئەوانیتر بکات، پەیامێکە دەیەوێت بگاتە زۆرترین بینەر، پەیامێکی پڕ لە درۆ. ئەوان لەم رێگەیەوە کەسایەتی خۆیان مسۆگەر دەکەن، ئاخر کۆنسێپتی کەسێتی «persona» لە زمانی کۆنی گریکییدا بۆ ئەو ماسکە بە کارهێنراوە، کارەکتەرەکان لە شانۆکاندا بە مەبەستی شاردنەوەی دەموچاوی خۆیان بەکاریان هێناوە، کەواتە کەسێتی ماسکە! نەشتەرگەریی جوانکارییش نوێترین فۆرمی ماسکە. (ماسک یەکێکە لە کۆنسێپتە ئاڵۆزەکانی فەرهەنگی دەروونشیکاریی کارڵ گۆستاڤ یۆنگ، ئێمە وەک میتافۆرێک لە دەرەوەی بەکارهێنانەکانی لە بواری دەروونشیکارییدا کەڵکمان لێ وەرگرتووە).

سێیەر: ئەوەی پێی دەگوترێت جوانیی چەشنی سیفەتەکانی تری وەکو ناسکیی و دڵنەرمیی بە ژنەوە دەبەسترێتەوە وەک بڵێی جوانیی براندێکی مۆنۆپۆڵکراوی ژنانەیە. کاری رێکەوت نییە هەموو خوداکانی جوانی و خۆشەویستی و بەرەکەت و میهر لە مێژووی شارستانییە دێرینەکاندا ژن بوون، چ ڤینۆس یان عەشتار یاخۆ هەر خوداژنێکی تر، لیتۆگرافیا زیاد لەهەر شت جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکاتەوە ئێمە وتمان، وەک ئەوەی جوانیی بە تایبەتی جوانی رووخسار، خەسڵەت و مارکەیەکی تەواو ژنانە بێت و بۆ پیاوان بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت، لەم کاتەدا ناچارم دەرفەت بۆ تێڕوانینێکی پۆڵ ریکۆر بکەمەوە، ریکۆر لەسەر ئەو باوەڕە بوو مرۆڤی مۆدێرن ناتوانێت لە دەسەڵاتی میتۆلۆژیا خۆی بهێنێتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت خۆی بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەفسانەکان بەو جۆرەی هەن. ئەگەرچی دەزانم تێڕوانینەکەی ریکۆر لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام رەنگە بە کەڵکی ئێمەش بێت، تا بەڵگاندنی ئەوەی لەسەر بکەین، کاریگەریی ئەو میتۆلۆژییانە بە رووخساری ژنانی هاوچەرخەوە وەک رۆژی رووناک دیارە، ئەوان دەیانەوێت پارێزگاریی لەو جوانییە یەزدانییە بکەن کە مۆنۆپۆلی خودی ژنە، رەنگە «ئەحمەد هەردی»ش بیری لەوە کردبێتەوە، جوانیی هەمیشە لە پەیکەری یۆنانیدا لە رووخساری ژنێکدا خۆی دەرخستووە، بۆیە لەو دێڕە شیعرەی لە ستایشی ست فاتمەدا نووسیوویەتی دەڵێت: «بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە.. لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە». بۆ ژن گرنگە هەردەم بە جوانیی بمێنێتەوە، ئەگەر خۆیشی ئەمە نەخوازێت، کولتووری نێرسالاریی داوای جوانیی و گەنجی لێ دەکات، داوای وێنایەکی سێکسیی لە ژن دەکات کە ستاندارەکانی بە پێوانەی هەوەسبازیی و زەوقی پیاوانە داڕێژراون، ئەمە وا دەکات ژنان بە تەواوەتی رادەستی نەشتەرگەرییە جوانکارییەکان بن کە دواجار هەموو دەموچاوەکان یەک دەخات و بینینی یەکێکیان وەک بینینی هەموویانە. ئەگەرچی بە پێی گێڕانەوە مێژووییەکان جوانکاریی و نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریی بۆ یەکەمین جار لە ئاسیاوە سەریهەڵداوە و پەڕیوەتەوە بۆ خۆرئاوا. کاتێک لە هیندستان لە سەدەی شەشەمی پێش زاین نەشتەرگەریی جوانکاریی بۆ لووت کراوە، لە پێشکەوترین

شارستانی خۆرئاوایی ئەو سەردەمەدا «یۆنان» و لەو سامانە دەوڵەمەندەی تۆمار و نووسیندا هیچ ئاماژەیەک بۆ کارێکی لەو جۆرە نابینینەوە. بەڵام ئیدی نەشتەرگەریی جوانکاریی بۆ پێویستی و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکی جەستەیی یان شێواوییەک نییە لە رووخساردا، بۆ بوون بەو ژنە ئایدیاڵەیە پەسەندی غەریزەکانی پیاوە، بۆیە وەک جارێک لە کۆڕێکدا لە نۆرنبێرگ وتم، نەشتەرگەریی جوانکاریی جۆرێکی ترە لە تیرۆری مانەویی ژن، فۆرمێکیشە لە لاساییکردنەوەی چینەکانی سەرەوە بە ئومێدی گەیشتن بە پارادیسێکی خانەدانانە.

من: چینی ئەریستۆکرات و باڵادەستی ئابووری یان ئەو چینە بۆرژوازەی سادق هیدایەت لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا بە تەوسەوە پێیان دەڵێت: «باپیرە گەورەی هەر کەسێک، دەچێتەوە سەر گوریلا و شامپانزی». هەمیشە داهاتێکی زۆریان بە فیڕۆداوە بە کڕینی کاڵای زیادە و ناپێویست کە هەرگیز بەکاریناهێنن، تاکو هیرارکییەت و جیاوازیی خۆیان لەگەڵ چینەکانی خوارەوە نیشان بدەن، بەڵام مەسرەفگەرایی هانی چینەکانی خوارەوە دەدات ئەو پارەیەی بۆ بژێویی خۆیان دەستیان دەکەوێت، بە کاڵای زیادە و ناپێویست بدەن، جیاواز لەوەی لە گێتی تازەدا سێ بەرابەر بەوانەی بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن، مرۆڤ بەدەست قەڵەوییەوە دەناڵێنێت، ئەویش بەهۆی زیادەخۆرییەوە، وەک پێشتر فرۆم و بەم دواییانەش یوڤاڵ هەراری چاوی سەرنجیان خستبووە سەر. مارکۆزە سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت: «خەڵک لە رێگەی کاڵاکانیانەوە پێناسەی خۆیان دەکەن». بۆ ئەمەش ماکینەیەکی گەورەی ریکلامسازیی لە کاردایە و پێتدەڵێن: ئەمە شێوازی ژیانێکی شایستەیە بۆ هەمووان، واتلێدەکەن بڕوا بەوە بکەیت، کاڵا ناپێویستەکان بەشێکن لە خۆشگوزەرانی و سەرچاوەی بەختەوەریی، ئیدی ئەرکی مەسرەف لە دابینکردنی بژێوییەوە دەبێتە «ئەرکێکی کۆمەڵایەتی». بڕوات پێدەهێنن بە لاساییکردنەوەی چینی سەرەوە، سپەیس و جیاوازیی نێوان چینەکان لەبەرچاو ون دەبێت، هەموو ماناکانی ئازادیی لەو سەپاندنە کاڵاییەدا چڕ دەبێتەوە کە پێویستی پێی نییە، بەڵام ئەمە هەوڵێکی ئەپسوردە بەوەی چینەکانی خوارەوە ناتوانن پێی بگەن بگرە داهاتەکانیان دەخەنەوە مشتی چینی سەرەوە، ئەمانیش ستاندارەکانی

کەلوپەل و کالاّ بۆ لیڤڵێکی تر یان فۆرمێکی تر دەگۆڕن، ئیدی دەبێت چینەکانی خوارەوەش بە شێوەیەکی سیزیفی رەنج بدەن بۆ گەیشتن بەو لیڤڵە. بەدەر لەمە سیستم رۆژانە دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆی شتریس، ئەو مرۆڤە رارِا و بێزارانەی جگە لە بازاڕکردن و مەسرەفکردنێکی ئابووری تەنیا لە پێناوی مەسرەفدا هیچ دەرچەیەکی تر شک نابەن بۆ راونانی ئەو ئالۆزییە دەروونییەی تووشی هاتوون، نەشتەرگەریی جوانکاریش ئەو دەرفەتەیە دەموچاوی خۆت وەک چینەکانی سەرەوە لێ بکەیت نەک ژیانت، بەو پێیەی بازاڕ زۆرتر لە پێویستیی چینەکانی سەرەوە کەرەستەی جوانکاریی تێدا کۆبووەتەوە، تۆش وەک یەکێک لە ئەندامانی چینی خوارەوە هاندەدرێت بۆ کڕین و بەهرەمەندبوون لێی، فریوەکە لێرەدایە.

سێیەر: تا دوا سنوور ڤێز لە رەوشتی ئەرستۆکراتیی و بۆرژواییانە دەکەمەوە، ئەو چینەی نغرۆی ژیانێکی «گا»یانە بوون بە وتەی نیچە. تەنانەت ئۆپێرا و کۆنسێرتی ئۆرکیستراکان هەمووی لە خزمەتی چینی بالاّدەست و ئەریستۆکراتیدا بوو، خەڵوەتێکی ئارام بوو لە باوەشی دەنگی سازگار و ئاواز و میلۆدی کلاسیکدا، دەتوانم بڵێم موزیکی کلاسیک جۆرێک بوو لە لایلایە بۆ هێورکردنەوەی ماندوویێتی چینی خانەدان، لەبەر ئەم هۆیە هەمیشە لە هۆڵە داخراوەکاندا نمایش دەکرا بۆ زەوقی دەستەبژێرێکی ساماندار. کاتێک موزیک دێتە سەرشەقام و ناو جەماوەرەوە ئیدی موزیکی کلاسیک دەمرێت، هەر لەناو موزیکی کلاسیکیشدا بیتهۆڤن ئەو کەسە بوو، ئارامیی میلۆدیی و ئۆرکیستراکانی گۆڕی بۆ هەیەجان و هەڵچوون. ئالان ودز پێیوایە بیتهۆڤن لە هەر موزیسیانێکی تر شایانی ئەوەیە پێی بوترێت شۆڕشگێڕ. ئیدی دوای ئەو موزیک دەرمانێکی هێورکەرەوە و چێژبەخش نەبوو بۆ زەوقی سامانداڕەکان، بەڵکو ریتمی موزیک دەگۆڕێت بۆ شتێک وات لێبکات «بیربکەیتەوە و هەست بە شتەکان بکەیت» ئەو دێڕەی ناو کەوانەکە قسەی ئالان ودزە لە وتارێکدا لە بارەی بیتهۆڤنەوە.

# ئیپۆسەکانی خۆشەویستی

من: هەموو کات خۆشەویستی بە ئەندازەیەکی زۆر داستانێکە (ئیپۆس) کە پەرچوو دەخولقێنێت، ئەمە بۆچی وایە؟ لەوانەیە لەبەر ئەو تایبەتمەندییە بێت خۆشەویستی رووداوێکی ریزپەڕ و ئاوارتەی دەستەبژێرانەیە. لە هەموو ئەفسانەیەکدا چیرۆکێکی خۆشەویستی ئامادەیی هەیە، بە رادەیەک دەتوانم بڵێم هیچ ئەفسانەیەک نییە ئەگەر چیرۆکێکی ئەویندارییی نەبێت. ئەفسانەی کوردەواری پڕە لەو حکایەتانەی هەوڵی بەدەستهێنانی دڵێکی تێدایە، بەردەوام ریسکە مەزنەکان بە خۆشەویستییەوە بەستراونەتەوە، وەک ئەوەی لە ئەفسانەی تونی بابادا هەیە، کاتێک پادشا ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت کچی خۆی بداتە ئەو پاڵەوانەی مەتەڵەکە ئاشکرا دەکات و ژمارەی دەرگاکانی ئەو تونە ئاشکرا دەکات، لێ بە پێی ئەفسانەکە دەیان کەس ئەو ریسکە دەکەن و نابینرێنەوە کەچی کوڕە هەژارێکی عاشق سوورە لەسەر ئەوەی خۆی بخاتە ئەو مەترسییەوە و سەرکەوتووش دەبێت!، ئەمەش یەکێک لەو ئەفسانانەیە کۆتاییەکەی پێچەوانەی ریتمی باوی ئەفسانەکانە، چونکە سەرئەنجامی ئەفسانەکان دابڕان و ژان و مەرگە، بە هەمان چەشن لە داستانی شیرین و فەرهاددا رووبەڕووبوونەوەی مەحاڵ دەبیندرێت یان لە ئەفسانەی کوردیی (شاماران)دا، خۆشەویستی لە نێوان شای ماران کە ژنێکە لەگەڵ کوڕێکی هەژاردا ناوەڕۆکێکی سەرنجڕاکێشی پێ بەخشیوە. لە ئەفسانەی گەلانی تریشدا بە هەمان شێوە ئەویندارییی کرۆکی سەرەکی هەر داستانێک پێکدەهێنێت، لە ئەفسانەی سلاڤیدا بازیل ئەو گەنجە خانەدانەی دوای شەڕکردن لەگەڵ دوانزە خێو و زاڵبوون بەسەر ئێش و ئازار و تەڵەکەکانی پیرەژنێکی جادووگەر، بڕینی رێگەی پڕ ریسک و مەترسی، بە خۆشەویستەکەی دەگاتەوە کە لەو کاتەدا خەریکی زەماوەندە لەگەڵ پادشایەک، چونکە پیرەژنی جادووباز لەبەرچاویدا بازیلی بە

خاکسپارد بوو، کاتێک بازیل دەچێتە زەماوەندەکە و دەستەسڕەکەی یار نیشانی دەدا لە کاتی سەمادا، خۆشەویستەکەی دەیناسێتەوە، ئاهەنگەکە دەبێتە ئاهەنگی پێکگەیشتنی بازیل و خۆشەویستەکەی. ئەفسانەی «ئانائیت»ی ئەرمەنی، ئەگەرچی فرەڕەهەندە و کۆمەڵێک تێمای جیاوازی لە خۆگرتووە، هەر لە زانینی پیشەوە تاکو تەڵەکەی پیاوانی ئاین، بەڵام ئەوەی بە بە زەقی لەم ئەفسانەیەدا دەدرەوشێتەوە خۆشەویستییە، ئەفسانەکە بە ویستی «واچاگان»ی کوڕی پادشای ئەفغانی دەستپێدەکات، رووداوە دراماتیکییەکان نیشانی دەدەن، واچاگان لە پێناوی کچی شوانێکدا «ئانائیت» چۆن کچەکانی شای گورجستان رەتدەکاتەوە، ئەفسانەکەش بە رزگارکردنی پادشا واچاگان لەسەر دەستی شاژنە ئانائیت دەگاتە خاڵی پایان.

سێبەر: رێک وایە خۆشەویستی سەر بە ئەفسانەکانە، نەک ئەوەی خۆشەویستی ئەفسانە بێت، بەڵکو ئافراندنی ئەفسانەیە لە کەتواردا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی تا ئێستا لە نووسینی کوردییدا هەردوو چەمکی ئەفسانە و ئوستوورە تێکەڵاو کراون، وەک مورادیفی یەکتر بەکارهێنراون، ئەم کێشەیەش لە رێگەی ئەدەبیاتی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە. ئەفسانە «lagend» ئەو چیرۆکە داستانئامێزەیە، هەڵگری ئەلەمێنتێکی خەیاڵیی نامێژووییە یان نووسینەوەی مێژووییەکی ترە لە دەرەوەی مێژووی بەرجەستە کە کۆک بێت لەگەڵ ئارەزووی مرۆڤ، جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ بە واقیعکردنی خەیاڵ و بە مێژووکردنی رووداوە نامێژووییەکان، بە گشتیی کەشی ئەفسانەکان رووداوگەلێکی سەرو واقیعین و لە ناو جیهانی مرۆڤەکاندا روودەدات، لێ لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانی ئێمەدا «فەرهەنگی کوردستان- گیوی موکریانی بە نموونە» بە واتای رووداوی پڕوپووچ و بێمانا لێکدراوەتەوە، بەڵام ئەفسانە ناساندنی دنیایەکی نائاشنایە و رەگەزێکی بەهێزی ئەدەبییە کە هەوڵدەدات وێنایەکی تری مرۆڤ لە دەرەوەی ژیانی ئاسایی نیشان بدات، لای کلۆد لیڤی شتراوس ئەفسانەکان دنیابینییەک لەکن مرۆڤ دروست دەکەن خۆی هەستی پێناکات و ئەلەمێنتێکی بەهێزی هەر کولتوورێکیشە، خۆشەویستی رووداوێکە لەناو ئەو پانتاییەدا. هەرچی ئوستوورەیە «myth» تایبەتە بە بنەماڵەی خوداکان و پاڵەوانە نیمچە خوداکان و حکایەتی دروستبوون و

هاوشێوەکان، توخمێکە ناکەوێتە ناو بازنەی مێژوو و ئەفسانەوە، بەڵکو ناوەکیتر کاردەکات، ئەگەر هەوڵی ئەفسانە باسکردنی ژیانی دەرەکی مرۆ بێت، ئەوا ئوستوورە ناساندنێکی ناوەکیی و وەڵامی پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەکانی مرۆڤە کە ئەفسانە ناتوانێت وەڵامگۆیان بێت. لە رووی وشەناسییەوە میس یان میتۆس لە رەگە یۆنانییەکەدا مانای چیرۆک یان هەواڵێکە، بۆچوونێکیش هەیە پێیوایە هەم ئوستوورە هەم میس لە رێگەی زمانە ئارییاییەکانەوە چووەتە ناو فەرهەنگی زمانە رۆژئاواییەکانەوە، بۆ سەلماندنی ئەم فاکتەش وشەی «میسوخت»ی کتێبی ئاڤێستا دەخرێتە بەرچاو کە ئەویش مانای هێماگەریی یان رەمزییەت دەگەیەنێت! تەنانەت وشەی ئوستوورە عەرەبیی نییە و لە بنەڕەتەوە لە زمانی سانسکریتیدا بەشێوەی سوترە بەکارهێنراوە ئەویش ماناکەی حەکایەت یان چیرۆکە، ستۆری ئینگلیزیی و هیسترۆیای گریکی لەم وشەوە داکەوتوون و لەگەڵ وشەی «ستران»ی کوردییدا لە یەک بەرەبابن.

من: هەر عەشقێک هەڵگری خەسڵەتێکی ئەفسانەییە، ئاخنراویشە بە رووداوگەلێکی ریزپەڕ و ناباو، لە هەموو ئیپۆسەکانی خۆشەویستیدا، شتێکی نائاسایی هەیە، هیچ شتێک لە خۆشەویستییدا بە شێوە نۆرماڵەکەی پێشوو نامێننەوە، مادام بڕیارە باسی داستانەکانی عەشق بکەین، پێمخۆشە «رۆمیۆ و جولێت»ی شکسپیر بە بیربهێنمەوە، وەک داستانێکی تراژیدیی و پڕ لە رووداوی نامۆ و ئەفسانەئامێز. شانۆنامەکە باسی دوو عاشقە لە دوو بنەماڵەی ناکۆک و دوژمن بە یەکتر، باوکی جولێت دەیەوێت کچەکەی بدات بە کوڕە خانەدانێکی بەناوبانگ «پاریس»، بەڵام پێش ئەمە رۆمیۆ و جولێت بە نهێنی لای قەشەیەک لە یەکتر مارەکراون، لەو کاتەی باوکی جولێت دەیەوێت ئاهەنگی هاوسەرگیریی بۆ کچەکەی لەگەڵ پاریس رێکبخات، جولێت کە بێچارەیە و توانای درکاندنی رازەکەی نییە، پەنا دەباتەوە بەر قەشە و پێی دەڵێت: «خودا دڵی من و رۆمیۆی بە یەکترەوە بەستەوە و تۆش دەستەکانمان»، چۆن چارەیەکمان بۆ دەکەیت؟، لەو کاتەدا چەقۆیەک لە رۆبەکەی دەردەهێنێت و دەڵێت ئەگەر تۆ نەتوانیت، ئەم چەقۆیە دەتوانێت کێشەکە چارە بکات. قەشە پێی دەڵێت، چارەیەکی پڕ ریسکی لایە ئەگەر ناترسێت

بخرێتە تابوتەوە و لە شاری مردووان بنێژرێت، ئەوا دەرمانێکی تایبەتی هەیە و ٤٢ سەعات دەیمرێنێت، تا ئەو شەوە بیخواتەوە کە سبەی دەبێت بێن بۆ کەنیسە بۆ ڕێورەسمی مارەبڕین تا بنەماڵەکەی وا بزانن مردووە و دواتر قەشە و ڕۆمیۆ دێن لە گۆڕدا دەریدەهێنن و شارەکە جێبهێڵن، چونکە ڕۆمیۆش بەهۆی کوشتنی پیاوێکەوە فەرمانی شاربەدەرکردنی بۆ دەرچوو بوو، جولێت پێشنیارەکە جێبەجێ دەکات، بەڵام قەشە ناتوانێت ڕۆمیۆ بدۆزێتەوە، خزمەتکارەکەی ڕۆمیۆ کە ڕۆمیۆ ڕایسپاردبوو بەردەوام هەواڵی جولێتی پێ بگەیەنیت لە مەراسیمی بە خاکسپاردنەکەدا ئامادە دەبێت، کاتێک هەواڵەکە بۆ ڕۆمیۆ دەباتەوە، تووشی هەڵچوون دەبێت و بڕیار دەدات بچێت گۆڕەکەی هەڵبداتەوە و لە تەنیشتییەوە خۆی بکوژێت، وەختێ دەگاتە گۆڕستانەکە لەو چل و دوو کاتژمێرە کەمتر لە دوو سەعات ماوەتەوە، دەموچاوی جولێت گەش بووەتەوە! ڕۆمیۆ تەرمەکەی لە باوەش دەگرێت و دەیلاوێنێتەوە و دەڵێت تەنانەت مەرگ نەیتوانیوە جوانییەکەت بشارێتەوە. دواتر ڕۆمیۆ شووشەیەک ژەهر دەخواتەوە و لە ناو گۆڕەکەی جولێتدا سارد دەبێتەوە، کاتێک جولێت بە هۆشی خۆی دێتەوە، قەشە تازە گەیشتووەتە گۆڕستان و خێرا هەواڵی ڕۆمیۆی لێدەپرسێت، قەشەی زمان بەستراویش دەڵێت ئەوەتا لە باوەشی تۆدا مردووە، جولێت سەیر دەکات و تووشی شۆک دەبێت، لە شووشە ژەهرەکە دەڕوانێت و پێی دەڵێت تۆ زۆر پیسکە بوویت بەشی منت نەهێشتووەتەوە، ناچار خەنجەرەکەی ڕۆمیۆ لە سکی رادەدات و خۆی دەکوژێت. ئیدی شانۆگەرییە بەم شێوە تراژیدیکییە تەواو دەبێت. منیش موچڕکی سارد بە لەشمدا دێت.

سێیەم: خۆشەویستی دۆخی دێوانەییە، هیچ شتێک ناتوانێت بە قەد یەک زەردەخەنەی عاشق دڵی مەعشووق ڕازی بکات. ئەحمەدی شاملۆ لە نامەیەکیدا بۆ «ئایدا»ی خۆشەویستی، پێنج جار لەسەر یەک تکای لێ دەکات زەردەخەنە لە بیر نەکا، بەم هۆیەوە بۆی دەنووسێت «ئایدای من، ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بم، بزەم بۆ بکە، بێدەنگییە خەم لێنیشتووەکەی تۆ بۆ من یەکسانە بە تاریکیی مەرگ، بە گیانی تۆ دەست و دڵم دەلەرزن، خۆم لە بیر دەکەم کە لە دنیادا هیچ

شتێکم نییە، بەدبەخت و سەرگەردانێکم». عەشق ڕۆنانی جیهانێکی زەینییە، عەدەم لە خۆشەویستییدا دەسڕێتەوە، چونکە هیچ شوێن و ناشوێنێک نییە، عاشق بۆنی مەعشووقی تێدا نەکات. عەشق زەمەنێکی درێژی چاوەڕوانییە، چیرۆکی «نامە عاشقانەکان»ی ئیدواردۆ گالیانۆ، باسی ژن و پیاوێک دەکات بۆ ماوەیەکی کورت عاشقی یەکتر دەبن، ژنەکە بڕیاردەدات بۆ جێگەیەکی نادیار گەشت بکات بە مەرجی ئەوەی هەر پانزە ڕۆژ جارێک نامەیەک بۆ پیاوەکە بنێرێت، ئیدی یارییەکە دەستپێدەکات و هەر پانزە ڕۆژ جارێک نامەیەکی پڕ هەست و سۆزی ژنە دەگاتە سندووقی پۆستی ماڵی پیاوەکە، ئەمە دە پانزە ساڵێک دەخایەنێت و هەموو جارێک پیاوی عاشق چاوەڕێی ئەوەیە نامەیەک بێت و مژدەی ئەوەی بداتێ بەم زووانە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ناکاو لە وادەی دیاریکراو و لە ڕۆژی پانزەیەمیندا نامەی ژنەکە ناگات، ئەو تووشی شڵەژانێکی دەروونی دەبێت، ڕۆژێک بۆ ماوەیەکی کورت دەڕواتە دەرەوەی ماڵەکەی، کۆمەڵێک دز هەلەکە دەقۆزنەوە و دەچنە سەر ماڵەکەی، ئەو سندووقە گەورە و باش هەڵگیراوەی نامەکان دەبەن، کاتێک دزەکان دەبینن ئەوانە هەمووی نامەی ژنێکن بۆ ئەو پیاوە، نازانن چی بکەن، پیاوەکەش لەولاوە هێندەی تر بە دزینی ئەو گەنجینەیەی ژیانی دادەڕوخێت، یەکێک لە دزەکان بیرۆکەی ئەوە دێت بە مێشکیدا بەهەمان شێوەی ژنەکە هەر پانزە ڕۆژ جارێک نامەی بۆ بنێرن، ئیدی دزەکان بەردەوام نامەی بۆ دەنێرن و پیاوەش بەردەوام چاوەڕوانی نامەیەکە و تێیدا نووسرابێت «بەم زووانە دەگەڕێمەوە».

من: فریدا کالۆ «ماگدالینا کارمین فریدا کالۆ» ١٩٠٧-١٩٥٤ هونەرمەندی شێوەکاری چەپڕەوی مەکسیکی، ژنێکی ئایدیاڵە لە زاڵبوون بەسەر ئازار و دەردە روحی و جەستەییەکان و گۆڕینیان بۆ پرۆژەی هونەریی و خۆشەویستی. لە سەرەتای تەمەنیدا تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەبێت و بەو هۆیەوە تا کۆتایی بەو ئازارەوە ناڵاندوویەتی، پاش دەیان نەشتەرگەریش نەتوانرا ژیانێکی دوور لە ئازارە جەستەییەکان بباتە سەر، لەگەڵ ئەمەشدا نەشتەرگەرییەکان تەنیا بۆ دوورخستنەوەی ئازارە جەستەییەکان بوون، ژانە روحییەکانی دەرمانێکیان نەبوو، سەرباری ئەوەش چێژی لە تەنهاییەکەی وەردەگرت، وەک خۆی دەیگوت: «وێنەی

خۆم دەکێشم کە هەمیشە تەنهام، خۆم لە خەڵکی باشتر دەناسم». سەرەڕای نەهامەتییەکانی ژیان، لە کۆی تابلۆکانیدا «١٤٣ تابلۆن» ڕەنگی شاد و گەش ڕەنگی زاڵی بەرهەمەکانین!، چوار ڕۆژیش بەر لە مەرگ نووسیبووی: «هەرگیز ئاواتەخوازی گەڕانەوە بۆ ناو ژیان و جیهان نیم». چیرۆکی ئەویندارانەی فریدا کالۆ داستانێکی سەیر و پڕ هەڵبەز و دابەزی دراماتیکیانەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا توانرا فیلمێکی ڕۆمانسییانەی لێ بەرهەم بهێنرێت، لەو فیلمەدا ئەکتەری ناسراوی بە ڕەگەز عەرەب «سەلما حایک» ڕۆڵی فریدا کالۆ دەگێڕێت، تواناکانی حایک لە بەرجەستەکردنی ڕۆڵی فریددا هێندە شایستەیە، مرۆڤ وا لێ دەکات چاو لەسەر ئەو فیلمە لانەبات و چاوەڕوانی ڕووداوەکان بێت و پێی خۆش نەبێت لە شوێنێک چیرۆکەکە بگاتە پایان، ئەوەشی فیلمەکە دەیگێڕێتەوە کۆپی ژیانی واقیعیی ئەم ژنە شێوەکارە مەکسیکییەیە. ئەوینی فریدا بۆ دیۆگۆ ریڤێرای هونەرمەندی کۆمۆنیست دەتوانێت ژیانی ئەو هونەرمەندە هاوسەردار و مێبازە کە لە ڕووی تەمەنەوە بیست ساڵ لە خۆی گەورەترە، سەرلەبەر هەڵگێڕێتەوە و حەزە شێتەکانی دیۆگۆ بۆ سێکس و ئافرەت، دەستەمۆ و هێور بکاتەوە! تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٩ هاوسەرگیریی دەکەن. هەر لە ڕێگەی دیۆگۆوە پەیوەندیی بە پارتی کۆمۆنیستی مەکسیکییەوە دەکات کە پارتێکە لەسەر تێڕوانینەکانی ترۆتسکی سیاسەت دەکات، ئەگەرچی نێوانیان پڕە لە شەڕ و هەرا و ناکۆکی بەڵام خۆشەویستی زاڵترین شت بوو لە ژیانیاندا، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٩ فریدا و دیۆگۆ لە یەکتر جیادەبنەوە، فریدا باس لەوە دەکات دیۆگۆ کارەساترین ڕووداوی ژیانی بووە و تەنانەت لە ڕووداوی وەرگەڕانی پاسەکەی تافی گەنجی کە ئیفلیجی لێکەوتەوە کارەساتبارتر بووە، بەڵام ئەم قسانە زۆر بڕی نەکرد و ئاگری خۆشەویستی دوای ساڵێک دووبارە بە یەکتری گەیاندنەوە و دیسان هاوسەرگیرییان کردەوە.

لە هەمووی گرنگتر سەبارەت بە ژیانی ئەویندارانەی فریدا ئەو نامانەن بۆ دیۆگۆ و خۆشەویستی پێشووتری نووسیووە، لەوێدا هەست بە قووڵی خۆشەویستی دەکەین لە ژیانی ئەم ژنە هونەرمەندەدا، لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ دیۆگۆ، بەدەر لە بیرهێنانەوەی ئەو ئازارانەی چونکە بەشێکن لە بوونی ئەو و لێیان ناترسێت،

بە زمانێکی زبر و توند سەرزەنشتی دەکات لە رەفتارە مێبازییەکەی و پرسیاری لێدەکات، ئەو ژنانەی تر چیت پێدەبەخشن من نەمتوانیوە پێتی ببەخشم؟ ئەوەش زۆر تووڕەی دەکات و بە زمانێکی رەق پێی دەڵێت تۆ کوڕی سۆزانییەکی ناشرینی چۆن توانیت ئەو هەموو ژنە بهێنیتە ژێر بار؟. لە واقیعشدا دیۆگۆ لە باری جەستەیشەوە پیاوێکی گۆشتن بووە و سەرنجراکێشییەکی ئەوتۆی تێدا نەبووە، سەرەڕای زانینی هەم ئەمانەش بۆی دەنووسێت: (تۆم لە پێستی خۆم خۆشتر دەوێت، سەرەڕای ئەوەی تۆ بە ئەندازەی من، منت خۆشناوێت، هەر چۆنێک بێت تۆزێکت خۆشدەوێم ئەی وا نییە؟، ئەگەر ئەم هەستەم راست نەبێ چاوەڕێ دەبم تا خۆشتدەوێم و ئەمە بەسە بۆ من.. با تۆزێک منت خۆشبوێ، من تۆ دەپەرستم). فریدا لەو نامانەشی بۆ خۆشەویستی یەکەمی (ئەلیخاندرۆ ئاریاس)ی ناردووە، هەرچەندە تا کاتی جیابوونەوەیان تەمەنێکی ئەوتۆی نەبووە «٢١ساڵ» بە قووڵی و بە شێوەیەکی ئەدەبی بەرز و راستگۆیانە گوزارشتی لە هەستەکانی خۆی کردووە، ئەگەرچی ئاریاس ماوەیەکی کەم دوای وەرگەڕانی پاسەکە و نائومێدبوونی لەوەی جارێکی تر فریدا ناگەڕێتەوە دۆخی پێشووی دەستبەرداری دەبێت، بەڵام بە خوێندنەوەی نامەکانی فریدا تێدەگەین چ زیانێکی گەورە بەر ئاریاس کەوتووە!، لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ ئاریاس پەرۆشی خۆی بۆ سەرقاڵییەکانی ئەو نیشان دەدات بە خوێندنەوە و نووسیوویەتی: (بۆ ئەوەندە خۆت بە خوێندنەوە ماندوو دەکەیت؟ ئەو نهێنییەی بۆی دەگەڕێیت چەندیش گەورە بێت ژیان هەر ئاشکرای دەکات و زۆر زوو دەکەوێتە بەر چاوانت).

پرسیارەکە ئەوەیە فریدا بۆچی نەیدەتوانی خۆشەویستی تێپەڕێنێت؟، ئایا کەسایەتییەکی مازۆخی هەبوو و حەزی بە ژان و ژواری ئەوین دەکرد؟، یان عیشق ئەو شتە بوو ئازارەکانی خۆی پێ لە یاد دەکرد؟. دەتوانم بڵێم هەموویان راستن! ئەوەی لەوانیتر زۆر راستترە ئەوەیانە فریدا لە رێگەی خۆشەویستییەوە هەوڵی زاڵبوونی دەدا بەسەر کۆی ئازارە جەستەیی و روحییەکانی خۆیدا، دەیویست خۆشەویستی «لەسەر هەسارەی ئازار» دەربازی بکات بۆ سەر ئەستێرەیەکی تری دوور لە ژان. ئەمەش هیریرای گەیاندە ئەو قەناعەتەی لە بارەی فریداوە

بڵێت «ئەو گۆزەیەکی شکاوی ڕەنگاوڕەنگە، پڕ لە شیرینی و ڕووداو، بەڵام سەرئەنجامی ئەم گۆزەیە شکانە، ڕازاندنەوەکانی فریدا گۆیای واقیعی خۆیەتی، ئەوینەکەی، ژیانی، هۆشیارییەکەی، ڕووبەڕووبوونەوە سەختەکەی لەگەڵ ئازاردا، لەگەڵ مردندا». بەدەر لەمانە خۆشەویستی هیچ کات لە دڵدا ناسڕدرێتەوە، با وەرچەخێت بۆ کینە و ڕقیش، ئەو شوێنەوارە تا مردن دەمێنێتەوە، عاشق نایەوێت بیر لە نەبوونی بەرامبەر بکاتەوە، ئەو هەمیشە نەبوونەکەی دەگۆڕێت بۆ بوونێک لە نێو دڵ و هەستدا، پارێزگاریی لە ئامادەبوونی نائامادەیەک دەکات تا کۆتایی. فریدا لە بەرامبەر دیۆگۆدا سواڵی خۆشەویستی دەکرد، ئەمە ئەو ناوەڕۆکە ئەفسانەییەی عەشقە، بەسەر هەموو غرورێکدا باز دەدات، خۆشەویستی خۆی ئازارێکە لە هەمان کاتدا دەرمانی هەموو ئازارەکانە، خۆشەویستی ئیپۆسێکە نزیک لە خەیاڵ و دوور لە واقیع، واقیعی عاشقان هەمان ئەو کەتوارە نییە ئێمەی تێدا دەژین، بەڵکو واقیعێکە عەشق ئافراندوویەتی، ئەوەی واقیع قبوڵی ناکات و لە حکایەت و فەنتازیاوە نزیک بێت ئەوە عەشقە.

سێیەر: لینین بە نهێنی «ئینسیا ئەرماند»ی هاوڕێی حزبیی خۆی خۆشدەویست لە کاتێکدا «نادیا کروبسکا»ی هاوسەری لینین لەمە ئاگادار بوو، یەکەمین یەکتربینینی ئەو دووانە لە قاوەخانەیەکی شاری پاریس لە ساڵی ١٩٠٩دا بوو، لەو ژوانەدا هەردووکیان بۆیان دەردەکەوێت حەزیان بە ڕۆمان و نووسراوەکانی «نیکۆلای چیرۆنیڤیسکی»یە کە پێشتر لینین کتێبێکی خۆی «چی بکرێت؟» لە ناوی ڕۆمانێکی ئەوەوە وەرگرتبوو. ئینسیا کاتێک کتێبی «گەشەی سەرمایەداریی لە ڕووسیا»ی لینین خوێندبووەوە، هێندە پێی سەرسام ببوو هەرگیز بڕوای نەدەکرد ڕۆژێک بێتە پێشەوە ئەو نووسەرە بناسێت نەخاسمە ببنە عاشقی یەکتر!، لەو نامانەی لەناو قوتوویەکی کۆندا هەڵگیرابوون، نامەیەکی «ئینسیا» دۆزراوەتەوە کە لە پاریسەوە بۆ لینینی ناردووە و تێیدا نووسیوویەتی: (بە هاتنەوەم بۆ جێژوانەکەمان لەم شارەدا، ئەوەم بۆ دەرکەوت تۆ لە پێشتر و ئێستاشدا چەندە گرنگیت لە ژیانمدا، هەر کارێکم دەکرد لێرە، پەیوەندیی بە تۆ و ئەو بیرۆکانەوە هەبوو تەنیا لە دەوری کەسێتی تۆدا دەخولانەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوکاتە بە قەدەر

ئێستا خۆشم نەدەویستی، بەڵام لە ڕۆژانی سەرەتای یەکترناسینماندا کەوتمە داوی ئەوینی تۆوە. ئازیزی من، چی لە بارەی ماچەکانتەوە بڵێم، ئاخۆ دەتوانم وەک پێشتر دەستبەرداریان بم؟). ئەم گەرموگوڕیی و تامەزرۆییە وتەیەکی کیرکەگارد دەهێنێتەوە یادمان، وەختێک دەڵێت: (هیچ قۆناغێک بە ئەندازەی سەرەتای خۆشەویستی سەرسوڕهێنەر نییە، مرۆڤ لە دوای هەموو ژوانێک دزەی نیگای شتێکی نوێ لەگەڵ خۆی دەباتەوەماڵەوە و شادیی دایدەگرێت). ئەی ئەمە چیمان بۆ راڤە دەکات، جگە لە بیرهێنانەوەی عەشق هێڵکارییەکی فەنتازییکانەیە، پێویستی بە ئامادەیی بکەرەکان نییە، لە هەموو شوێنێک بە بوون و نەبوونی مەعشووقەوە ئامادەیە، لە پیواری عاشقدا، مەعشووق لە ڕێی نوستالیژیاوە نەک عەشقەکە زیندوو رادەگرێت، بڕێکی زۆر چێژیش وەردەگرێت، ئەوەی ئینسیا لە بارەی ماچەکانیانەوە بیری لینینی دەهێنێتەوە، تەنیا بیرهێنانەوەی رابردوو نییە، راکێشانی ئەو ماچە گەرمانەشە بۆ ناو ئێستا و ئایندە. عەشق شێتییەکی تێدایە، کە دەتوانم ئەو شێتییە بە لۆژیکی بەردەوامیی بەخشین بە پرۆسەکە لە قەڵەم بدەم.

من: با واز لە رووسەکان نەهێنین. ئای چەندە عاشقی عەشقی ئانام بۆ دۆستۆیڤسکی!، تۆ بڵێی لە جیهاندا یەکێکی تری لەو جۆرە دووبارە بێتەوە؟. ئانا جریجۆرفیا هاوسەری دووەمی دۆستۆیڤسکی لە بارەی عەشقی قووڵی بۆ ئەو پیاوەی زیاد لەهەر شت خووی بە قومارەوە گرتبوو، زۆر جاریش فێی لێدەهات، لە کاتێکدا نیو تەمەنی ئەوی هەبوو، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیوویەتی: «خۆشەویستییەکەم بۆ دۆستۆیڤسکی، خۆشەویستییەکی عەقڵیی بێگەرد و نموونەیی بوو، یان راستتر پەرستن بوو، کڕنووش بردن بوو تا دوا رادە لە بەردەم مرۆڤێکی بلیمەتدا، مرۆڤێک خاوەنی خەسڵەتی دەروونی باڵا بوو، لەبەرئەوە روحی من، بەزەیی بەم پیاوەدا دەهاتەوە کە نەهامەتی زۆر بینیبوو، هەرگیز شادیی و خۆشی نەبینیبوو، بە راستی زۆر بە گەرموگوڕیی خۆشمویست». وەنەبێ دۆستۆیڤسکی بەمەی نەزانیبێت بۆیە هەمیشە دووپاتی دەکردەوە بۆی «تۆ تاکە ژنیت بە تەواوەتی لە من تێگەیشتوویت». ئەی چیرۆکی ئەوینی نێوان ئەراگۆن و ئەلیزا؟، ئای لەو رێکەوتەی ئەراگۆن لە ساڵی ١٩٢٨ لە کافتریای مۆنبارس

ئەلیزای ناسی کە یانزە ساڵ دواتر هاوسەرگیرییان کرد و تا مردن پێکەوە مانەوە، ئەوەی لە خەیاڵی عاشقانەدا هەیە لە خۆشەویستی نێوانیاندا تەرجەمەی واقیع بوو. ئەوەش بوو بە هەوێنی دوو کۆمەڵەی شیعریی بە ناوەکانی «چاوەکانی ئەلیزا، گۆرانییەک بۆ ئەلیزا» کە لە ساڵەکانی ١٩٤١ و ١٩٤٢ بڵاوبوونەوە. ئەراگۆن لە پێناسەکردنی ئەلیزادا نووسیوویەتی: «ئەلیزا داهاتوو و ترپەی دڵمە، هەموو وشەکانم لە خۆشەویستی ئەوەوە هەڵقوڵاون». عەشق ئەمەیە.

## شیعری رۆمانسیی یان شیعری پۆرنۆ؟

سێیەر: لێرەدا زۆرتر ڤۆکەس دەخەینە سەر وێژەی کوردیی، ئێمە لە شیعردا بە ئەزموونی خۆشمەوە، فۆرمێک لە ژن پێشکەش دەکەین: ئایدیاڵ، جوانتر لە جوانی. لەم تایپە شیعرییەدا ژن ئۆبێکتێکی ئەبستراکتە و ئەویتری شاعیریش سوبێکت. بە کورتی شیعری ئێمە تا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە روح و دیوی ناوەوەی ژن، هەمیشە لەسەر دیوی دەرەوە کارمان کردووە کە بریتییە لە وەسفی لەشولار، ئەم نەریتە لە شیعری کلاسیکەوە درێژ بووەتەوە تا بە ئەم چرکەساتە دەگات، لێ چەند دەقێکم نووسیوە بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئەم نەریتە زاڵە، بەڵام پێش هەر کەس خۆمی رازی نەکردووە. وا بڕوا دەکەم ئەم نەریتە لە دواندنە سێکسوالێتییەکەی مەستوورە لەلایەن «نالی»یەوە یان تووڕەبوونە نێرسالارانەکەی پەشێو لە دەقی «لەدەستم دێ»وە تا هەنووکە بەردەوامی هەیە، تەنانەت لەناو ئەو شیعرە ئەوینداریيانەی دەنووسرێن، بەڵام کەمێک ئیستاتیکیتر، ئەویش بینینی ژنە وەک سەرچاوەی دابینکردنی چێژ بۆ پیاو. تێکشکاندنی ئەم ترادیسیۆنە شیعرییە کارێکی ئاسان نییە، تەنانەت لە شیعری «گۆران»دا دووبارە بەر ئەم دیسکۆرسە دەکەوینەوە، بەڵام لە فۆرم و رێزمانێکی جوداتردا، چونکە لە کن گۆران ژن و سروشت یان راستتر بڵێم ژن و خاک، بەشێوەیەک تێکەڵن، لەو زمانە ئیستاتیکی و وەسفییەی «گۆران»دا بۆت جیا ناکرێتەوە دەیەوێت باسی کامیان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بگاتە روحی ژن تەنیا لە سەر رووکەشی ژن «لەشولار» قسە دەکات. ئەمە بێ بایەخکردنی گۆران نییە هێندەی ئیشکردنە لە بواری رەخنەسازییدا، هەرچەندە بڕوام بە ئەدەبی فێمینیستیی نییە، کەچی لە شیعری ژنانی کوردیشدا، جگە لە سادەیی، تاک و تەرا نەبێت بەر هەمان تەنگژە دەکەوینەوە، لە شیعری کوردییدا ژن بکەرێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی نییە، تەنانەت بکەر نییە لە پرۆسێسی عەشق و ئەڤینداریشدا.

هەمیشە ژن تێمایەک بووە شیعر و رۆمانی کوردیی وەک ئۆبێکتێک لێی ڕوانیوە، تەنانەت لە ئەزموونی نووسینی ژنان خۆیشیاندا بە ئاوارتە نەبێت، رۆڵی ژن هەمیشە ئۆبێکتێکی عاشقانە و سێکسیی بووە، هەموو شانازییەکانی خۆی لەوەدا بینیوەتەوە ئەویندارِیی دیاردەیەکی تەواو ژنانەیە و هەمیشە ئەو چاوەڕوانییە لە نێرینە هەبووە ستایشی ژن بکات وەک بەرکارێک، وەک پاشکۆی حەز و ئارەزووەکانی خۆی. لای من پێشمەرجی نوێگەریی تێپەڕاندنی ئەم ریتواڵەیە لە شیعری کوردییدا هەیە، ئەگەرچی ئەزموونی «هێمن موکریانی» رادیکاڵتر خۆی دەنوێنێت، بەڵام جیا لەو ئامادەییەی ژن وەک پەری و فریشتە و سەرچاوەی لەززەت لە شیعرەکانیدا، ئەو ئازادیی و خوێندەواربوون و رابوونی ژن تا رادەی پێویستی «نەتەوەیی» دەبینێت. لە شیعری ئیرۆتیکی کوردیشدا ژن تەنیا کاڵایەکی سێکسی و دیکۆرێکە بۆ رازاندنەوەی مەیل و بزواندنی هەستی پیاو، ئەم چاپە ناتوانێت ئەو شاعیرە کۆچەرییانەم بیر نەخاتەوە لە ئیسپانیای دێریندا زۆرتربوون لە هەر شوێنێکی تر، نەریتی ئەم شاعیرانەش ئەوەبوو لە کەرنەڤاڵە تایبەتەکاندا شیعری پۆرنۆ و هەوەسبازییان بۆ ئامادەبووان دەخوێندەوە، زۆربەی جار و لە زۆر جێگاش ژنی رووت و سێکسییان لەگەڵ خۆیاندا دەگێڕا و شیعریان بۆ خەڵک دەخوێندەوە. هەمان دیمەن لە شیعری عەرەبی ئیسلامیشدا هەیە تەنانەت لە کەعبە شیعریان بەسەر ئەندامانی زاوزێی ژناندا دەخوێندەوە، مێژوو لەم بارەوە چیرۆکی چەندانی وەک عەبدوڵای کوڕی عەباس دەگێڕێتەوە، لە کاتی تەوافی کەعبەدا شیعری سێکسی خوێندووەتەوە، لە نموونەی ئەو شیعرەی بەم شێوەیە دەستپێدەکات (وهن یمشین بنا همیسا.. ان تصدق الطیر ننل لمیسا).

من: ئەدەبی ئیرۆتیکی (لێرەدا زۆرتر قسە لەسەر شیعری ئیرۆتیکییە)، لە ریشەوە لە ناوی «ئیرۆس»ی خواوەندی ئارەزووی سێکس و ئەوینەوە داتاشراوە، بۆ یەکەمین جاریش دەستەواژەی ئیرۆتیکا لەلایەن نووسەری فەڕەنسی «ریتیڤ دو لابریتۆن» لە ساڵی ١٧٩٤دا بەم مانا ئێستاییە و وەک گوزارشت لە ئارەزووی سێکسیی بەکارهێنراوە و پاشتر دەبێتە چەمکێکی گرنکی دەروونشیکاریی فرۆیدیی و بە ویستی ژیان پێناسەی کردووە. لە میتۆلۆژیای گریکییدا ئیرۆس کوڕی

«ئافرۆدێت»ی خواوەندی جوانی و وەچەخستنەوەیە، بۆ ئەوەشی هەر کەس بخاتە داوی عەشقەوە تیرێک دەگرێتە دڵی و ئیدی کەسی بەرکەوتوو بە تیرەکەی ئیرۆس دەکەوێتە ناو خۆشەویستییەوە!، لە کوردەواریشیدا ئیمۆجی باوی تیر و دڵ هێمایەکە بۆ خۆشەویستی. ئەمەش لە شیعری کلاسیکیی کوردییەوە درێژبووەتەوە بۆ شیعری ئێستایی و هاوچەرخمان، گومان هەڵناگرێت سەرچاوەی ئەم سیمبولەش لەو ئوستوورە یۆنانییەوە وەرگیراوە بە تایبەت ئەو جوگرافیایەی هەنووکە پێی دەوترێت کوردستان لە چاخی هێلینیدا ئاوەدانیی و رووبەرێکی قەرەباڵغی ژیانکردن بووە، لەوێوە ئەم کولتووورە بە میللی بووەتەوە. بۆ ئەوەی لە باسەکەمان لانەدەین، پێویستە بیری بهێنینەوە ئەدەبی ئیرۆتیکی شتێکی جیاوازە لە ئەدەبی پۆرنۆ، بەوەی یەکەمیان بریتییە لە دواندنی ئارەزووی مرۆیی لە رێگەی تێکستەوە، وشەی تێکستیش text لە ماکە ئینگلیزییەکەی خۆیدا لە چنینەوە هاتووە، لەم سۆنگەوە لە ئەدەبی ئیرۆتیکیدا چنینێکی وشەیی لە ئارادایە بۆ دەربڕین و دروستکردنی وێنەیەک لە ئارەزووە ئینسانییەکان کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و جوانیناسییانە دەخرێتەڕوو، بە پێچەوانەوە پۆرنۆگرافی لە خاڵی وروووژاندنی رەمەکە سێکسییەکانەوە دەستپێدەکات، لە رێگەی پێشکەشکردنی وێنەیەکی زەینی یان بەرجەستەوە لە بارەی سێکس، ئەمیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ و پەتی و زەق. لە پۆرنۆدا ڤۆکەس دەکرێتە سەر لەشی رووتی مرۆیی یان باسکردنی ئەندامە زایەندییەکان وەک تیمایەکی سێکسیی پەتی، هەرچی ئیرۆتیکە هاوشێوەی هونەری پێرفۆرمانس، لە رێگەی لەش و رووتێتییەوە پەیامێکی تر خۆی مانیفێست دەکات کە تێیدا کەمترین رەهەندی سێکسوالیتی لەبەرچاو دەگیرێت، لێرەوە جەستەی ئەدەبی ئیرۆتیکی یان هونەری پێرفۆرمانس دەبێتە هەڵگری مەدلولاتێکی رادیکاڵ و فرە رەهەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هتد..

لە یۆنانی دێریندا «ساڤۆ»ی ژنە شاعیری پێش زایین رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە خستنە سەر رێچکەی ئەدەبی ئیرۆتیکییدا، لە هەمان کاتدا دەقی شیعریی «هونەری خۆشەویستی» شاعیری رۆمانیی سەدەی یەکەمی پێش زایین «ئۆڤیدیۆس» بە دەستپێکی ئەدەبی ئیرۆتیکیی لە مێژوودا لە قەڵەم دەدرێت. لە

سەردەمی ئیسلامییدا بە تایبەت لە ساتەوەختی فەرمانڕەوایی عەبباسییەکاندا ئەدەبی ئیرۆتیکیی عەرەبیی دەگاتە لوتکەی خۆی و هیچ سەردەمێکی تر لەو ئەدەبەدا نابینین بەو شێوە راستەوخۆیە شیعری ئیرۆتیکی نووسرابێت، بە تایبەت لای هەندێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمە گەیشتبووە لێواری پۆرنۆ، وەکو لە شیعرەکانی ئەبی رەبیعە و نابیغەدا بە ڕوونی هەست بە موبالەغەیەکی زۆر دەکەین لە وەسفە زایەندییەکاندا. لێ ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کوردیی پڕیەتی لە ئیرۆتیکا تەنانەت پۆرنۆگرافیش، بەڵام لە شیعرەکەی نالی بۆ مەستوورە تا بە ئەمڕۆ دەگات، ئەدەبی کوردیی هەر کات باسی تۆپۆگرافیای لەشی ژن یان جوانیی ئەویتری ژنی کردبێت، چووەتە قاوغی ئەدەبێکی پۆرنۆییەوە، لەم نێوەندەدا ئەوەی پێی دەوترێت شیعری ئیرۆتیکیی کوردیی تەنها نوزەیەکە و هیچی تر. ئەگەر نالی بە ئیرۆتیک دەستپێکردبێت وەک لە سەرەتای شیعرێکیدا بەم جۆرە ئیستاتیکییە داوای ماچ دەکات: «لەبت میم و قەدت ئەلف و زوڵفت جیم.. دەزانی بەم سیانە تالیبی چیم؟» ئەوا لەو شیعرەی خەونەکەی بە مەستوورەوە دەگێڕێتەوە بە زمانێکی پۆرنۆیی و سێکسوالیتی، تۆپۆگرافیای لەشی مەستوورە سکێچ دەکات تا دەگاتە ئەو زمانە بێ پەردە و نائیستاتیکییەی دەڵێت: «کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت چ شا بێ... تەرکێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی گابێ؟!». سەدەیەک پاشتر هێمن موکریانی خوێنێکی نوێ دەخاتە شیعری ئیرۆتیکی کوردییەوە، کەچی زوو سەبکە ئیرۆتیکییەکەی ئەو فەرامۆشکرا، لە بەرامبەردا لقێکی تری شیعر برەوی پەیداکرد کە ئەویش پۆرنۆگرافییە، دیقەت بدەن هێمن چەند ئیستاتیکیانە تەنوورەی کورت وەک میتافۆرێکی شیعریی بەکاردەهێنێت وەکو لە بەیتێکدا دەڵێت: «هەتا پشتم کۆمتر دەبێ پتر هەڵدەکشێ مینیژۆپ... ئیتر دەستم بە دامێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا». بەدەر لە جیاوازییەکی گەورەی ئیستاتیکیی و بەکاربردنی ئاستی زمان لە نێوان قفڵی هەردوو بەیتەکەی نالی و هێمندا «گابێ و ڕاناگا»، پاش سێ دەیە و نیو بەسەر مەرگی هێمن موکریانیدا، ئەو شیعرانەی بە ناوی ئیرۆتیکاوە دەنووسرێن لە باشترین باردا خراپترین جۆری پۆرنۆن و بە زمانێکی راستەوخۆتر لەوەی نالی دەبزڕکێنن نەک بشعرێنن. ئەوەشی لە شیعری ئەویندارییی کوردیی

دەمێنێتەوە لە دەرەوەی ئەم نەریتە، جگە لە سووتان و هەڵقرچان و ئاە و ئۆفی سادۆمازۆخییانە شتێکی تر نییە. (ئاگاشم لەو دیدەی ژیل دۆلۆز هەیە کە پێیوایە ئاوێتەکردنەی ساد- مازۆخ، هەمیشە بە زیانی ساشەر مازۆخ کۆتایی هاتووە).

سێبەر: شیعری کوردیی بەتایبەت لە دوای کلاسیکەوە لێوانلێوە لەو دەربڕین و میتافۆرانەی تابلۆی حەرامسەرا دەنەخشێنن، پلورالیزمی خۆشەویستی و سێکسیی رووخسارێکی دیاری ئەو تایپەیە لە شیعر، ئێمە ناومانناوە شیعری رۆمانسی کوردیی یانژی شیعری ئەڤینداریی. عەبدوڵا پەشێو لە پۆستەرێکی سادەی دیوانی «برووسکەچاندن»دا دەڵێت: «پیاوێک سەری بەشانی شۆڕەژنێک کردووە.. زارۆیەکی ئارامە و لە بێشکەدا نووستووە.. خۆزگەم بە خۆی.. من وەک ئەو نیم بۆیە چاوم پێی هەڵنایێ.. من چەن جارێ سەر بە شانی ژنێک دەکەم.. لەبەر سرتەی ژنانی دی خەوم نایێ»!. یان گۆران لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت: «لە هەر باخێ گوڵێکی سوورم دیبێ، بۆی چووم هەزار درک لە پێم چەقیبێ». سەرەتای شیعرەکەش وێنەیەکی پۆرنۆیی بۆ بەردەنگ دەگوازێتەوە، ئەمەش بەڵگەی فرەخوازیی و تێرنەخۆریی پیاو|شاعیری کوردە بە تایبەت لە لەشی ژن وەک بەرئەنجامێکی راستەوخۆی ئەو چەپاندنە سێکسییەی بەشێوەیەکی چڕتر خۆرهەڵاتی زەوی گرتووەتەوە. لە گەشتنامەی ئەبوتاڵب خانی بە بنەچە تورکی ئێراندا (مەسیری تاڵبی) کەساڵی ١٧٩٩ لە هیندستانەوە بەرەو لەندەن گەشتی کردووە، ئەم پلورالیزمخوازییە سێکسییە خۆرهەڵاتییە بە زەقی رەنگیداوەتەوە، جیا لەوەی کچە شۆخ و شەنگەکانی لەندەن، باوەڕیان بە ئاینەکەی «ئیسلام» لەق کردووە، لە لاپەڕە ١١٠ی گەشنامەکەیدا نووسیوویەتی: «لە سەدان هەزار شۆخی هەڵکەوتووی ئەم شارە شۆخپەروەرە سی چل کەسم هەڵبژاردووە، بۆ هەر یەکێکیان غەزەلێکم هۆنیوەتەوە». بە گشتیی لە شیعری دڵداریی کوردییدا، ژن بارگاویی دەبێت بە خواست و زەوقی نێرسالارانەی پیاوی کورد، بۆیە دەمێک لە بەرگی سۆزانیدا هێڵکاریی دەکرێت، دەمێکی تر وێنایەکی پاکیزانە وای بۆ دادەتاشرێت وەک بڵێی سێکس شتێکی گرنگ نەبێت لە ژیانیدا، ئەگەرچی هەردوو داتاشینەکە پێچەوانەی یەکترن، بەڵام هەڵگری یەک پەیامی کۆمەڵایەتین، ئەویش بە ئۆبژەبوونی ئەویترە «ژن».

بەم بۆنەوە شیعری ئێمە با لە سەدەی بیست و یەکدا بژیێ، بەڵام خەریکی بەرهەمهێنانەوە و بەردەوامیدانە بەو کولتوورە فیوداڵییەی لە فۆلکلۆری کوردییدا بە زەقی رەنگی دابووەوە. مرۆی کورد لەبەرئەوەی لە ژینگەیەکی وەرزێرانەدا ژیاوە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تۆکمەی بە زەوی و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە هەبووە، پەندە کوردییەکانیش بە هەمان چەشن لە کاریگەریی ئەو پەیوەندییەی نێوان جووتیاری کورد و زەوی بێبەش نەبوون، دووبارەش لە وێژەی زارەکی و شیعری فۆلکلۆریی و کلاسیکیدا بەرهەمهێنراوەتەوە، میتافۆرە شیعرییەکان لە ناساندنی ژندا، ژنیان لە بوونە جەستەییەکەدا کورت کردووەتەوە، لەو هەبوونە جەستەییەشدا لەشی ژن بە بەربوومە کشتوکاڵییەکان چوێنراوە، لە نموونەی چواندنی مەمک بە پرتەقاڵ، بەژن و باڵا بە چنار و سنەوبەر، هتد...، بە درێژایی سەدەی بیست کەمترین هەوڵ هەبووە بۆ تێپەڕاندنی ئەم خەیاڵدانە کشتوکاڵییە کە پێگەی ئەبەدیی «مەعشووق –ئۆبژە»ی بە باڵای مێینەدا دووریوە، بەڵام ژنێک بتوانێت لە جوانیدا کێبڕکێ لەگەڵ پەریدا بکات، دەقاودەق لە نموونەی ئەو حۆرییە ژنە لەندەنیانە بێت نووسەری کتێبی «مەسیری تالبی» پەسەندی کردوون. پاڵنەری پشت ئەم ئەدەبەش تەنیا بریتی بووە لە رەمەک «غەریزە» بە تایبەت رەمەکی سێکس، لە ناو پانتایی شیعری کوردیشدا، ئەم سێکسیزمە وەک دوبوڤوار دەڵێت چشتێکە لە وێنەی راسیزم، بە روونترین فۆرم لە هەموو لایەکییەوە هەڵدەقووڵێت، لە کاتێکدا بوێژ لەم نەسکە شیعرییەدا بە تەنیا پیاوە، ئەگەر هاوکێشەکە پێچەوانە ببێتەوە و ژن لە شیعردا لە رێگەی ئەندامە سێکسییەکانی پیاوەوە موغازەلەی نێر بکات (وەک خۆم دژی ئەمەشیانم) چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟، ئایا بە سکاندالترین سەبکی شیعریی ئەژمار ناکرێت؟. هەر لەبەرئەم هۆکارەیە، تا ئێستا موفرەداتی شیعری پیاوگەرا هەر لە مەستوورەوە تا ئەورۆ سایەی کردووە بەسەر تێکستی شاعیرە ژنەکانیشدا.

من: دیاردەیەکی تر لە شیعری کوردییدا کە مایەی رامان و لێوردبوونەوەیە گرێی خۆ بەکەمزانینی شیعری ئەویندارانەی ئێمەیە هەر لە کلاسیکەوە تاکو ئەمڕۆ، ئەوەش گێڕەرەوەی ئەو راستییە تاڵەیە، هاوسەنگییەک لە عەشقدا لە ئارادا نییە،

هەمیشە لایەک پووکاوەتەوە و بە تیری ئەبرۆ یان ئەگریجەی یار کوژراوە، لاکەی تریش بێباک بووە، لە زۆرترین دیمەنەکانیدا هەست بە ئامادەبوونی عەشقێکی مازۆخی تاکلایەنە دەکەین. بێ هۆ نییە شاعیرانی ئێمە ناویان مەحوی و حەریق و نالی و فانی و جگەرخوێن هتدە.. لەم تایپە شیعرەدا هەتا تۆ بتوویێتەوە و بچووک بیتەوە، تێکستەکە بڵندتر دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بگەیتە ترۆپکی عەشق دەبێت پێشتر بە ئاگری فەنابوون بسووتێت. با سووکە سەرنجێک لەم دێڕە شیعرەی مەلای جەزیری بدەین: «من روحێ د قالب تویی تەنها قەفەزم ئەز». واتە: گیان لە جەستەمدا تۆیت، من تەنها قەفەزێکم (بە سۆرانیکردنی د.فەرهاد شاکەلی). مەبەست لێرەدا عیشقی خوداییە، بەڵام دەکرێت ئەم ئەزموونە عیشقێکی مرۆییش بێت، بە دەربڕینێکی تر سۆفییەکان هەم عاشقی مرۆیی هەم عاشقی ئیلاهی بوون، چونکە لە عەشقی مەعشوقێکی مەلموسدا عەشقی ئاسمانییان ئەزموون کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا دوا پەیامی ئەم دێڕە ئەوەیە بە مەعشوق بڵێت، من قەپاغێکی بێفەڕ و سوودم، ئەوە گیانی تۆیە لەم قەپاغەدا دەدرەوشێتەوە و واتاداری کردووە. نموونەیەکی تری پێچەوانە بەیتێکی تاهیر بەگی جافە کە ژن وەک جوانێکی بکوژ پێناسە دەکات، وەک دەڵێت: «عاشقکوژ و جەببارە بە دوو دیدەیی کەحلی.. سەد حۆری سەری شۆڕە لەبەر قامەتی نەخلی». هەمان بچووکبوونەوە و سووتانی سۆفیستی و عیرفانیی شیعری کلاسیکی کە لەسەر سترۆکتوری عیشقی خودایی دامـەزرابـوو، بەشێوەیەکی زیندووتر دەپەڕێتەوە ناو قۆناغی نوێی شیعریی ئەویندارییی کوردییەوە، ئەوەی گۆڕاوە لە دوای سەدە و نیوێک تەنیا لابردنی خودایە لە سەنتەری ئەو چاپە شیعرەدا و دانانی مرۆڤێکە «ژنێک» لە جێگەیدا.

لە شیعری ئەویندارییی تازەدا، بە هەمان ریتم و کەرەستەی شیعری کلاسیک، تاریکاییەکی زۆر و شەوقی مۆمێک هەیە، تاریکییەکە ژیان و کەینوونەی شاعیرە، مۆمەکەش ئەو یارەیە کاری ئەوەیە رووناکیی پەخش بکات، ئەگەر ئیشراق و تەجەلا بەشێک بووبێت لە پەیکەری شیعری کلاسیک، ئەوا شیعری ئەویندارییی سەردەم، ئەو رۆڵە ون ناکات بەڵکو لە بری خودا، ئاشکرابوون و رووناکبوونەوە دەخاتە پاڵ ئەو ژنەی بەرهەمی ئەنگێزە نێرسالارییەکەیەتی. رۆژانەش بە قەڵەمی

سێکسوالێتی و بە بابەتبوونی ئەویتر مێینە وێنای ژنێک سکێچ دەکات: ناسک و چاوگی میهر و دەستەمۆ و تەنیا بۆ عەشق خوڵقاو. ئەگەرچی سروشتی شیعری ئەویندارییی بە زۆریی ئیدیۆمی ناسک و پەپوولەئاسا دەخوازێت، لە دۆخی کوردییدا، زێدەڕۆیی لە نیشاندانی ناسکییدا دەکرێت لە کاتێکدا دنیای رەق و زبری ئێمە، هیچ جۆرە نەرمیی و شلییەکی لەو جۆرە ناناسێت. ئافراندنی ژنێکی ئایدیاڵ لە رێگەی میتافۆر و شیعرییەتەوە، کە نوسخەی لە کەتواردا دەست ناکەوێت، هەر لە شیعری کوردیی دەوەشێتەوە. ئەمە ئەو زێدەڕۆییە مەعشوق دەخاتە باری تێڕامانەوە و ناچارە بە چرپە بە خۆی بڵێت ئایا بە راستی ئەم وێنایە منم یان فریشتەیەکی باڵدار یاخۆ پەرییەکی دەریایی؟، زێدەگۆیی شیعری ئەویندارانە بە جۆرێکە شاعیر خۆشی دەرک بە ناڕاستگۆیی دەکات، دەرکی ئەوەش دەکات مژۆڵی داتاشینی ئەم پەیکەرە جوانەیە خەریکە لە جوانیدا ناشرین دەبێت!. زۆرجار نووسەری دەق دەکەوێتە باری ئیرەییەوە، پێی خۆشە ئاوێنەکە پێچەوانە بکاتەوە، لە ژیانی ریالیتیدا خۆی لێ دەبێتە ئەو مەعشووقەی بە وشە دروستی کردووە و لە هیچ شوێنێک نییە جگە لە رستە جۆش و هەستبزوێنەکانی ئەودا، تووشی سەرسوڕمان دەبێت بۆچی ئەوانیتر بە چاوی ئەو ناسکییەی شیعرەوە لێی ناڕوانن؟ یان زۆبەی جار بیر لەوە دەکاتەوە بە خۆی بڵێت، ئەی یار بوونی تۆ لە ژیاندا کاتییە، کەچی لە دیوانەکانمدا ئەزەلیت، من لە هیچیاندا نیم. نە لە ژیاندا نە لە شیعردا!، رەنگبێ درەنگ یان هیچ کات شاعیری ئەویندار لەو بابەتە تێنەگات نوقمی وەهمێک بووە، هەروەک ئەو وەهمەی خۆم لە سەرەتای ژیانمەوە وەک چاڵێکی سیکۆتین تێی کەوتووم و توانای دەرهاتنەوەم نییە.

سێیەم: نەک هەر شیعری کوردیی، کۆی شیعری خۆرهەڵاتی لە بەرزترین لیڤڵدا و لە دەرەوەی سووتانە ئەبەدییە سۆفیگەرییەکەشی، فیغان و تامەزرۆییە بۆ یار، نەخشەداڕشتنە بۆ ژوانەکان، پێداهەڵگوتن و تاسەکردنی دیدارێک یان ماچێکە، بەڵام لە ئەزموونی رۆژئاواییدا شیعر گێڕانەوەیە، گێڕانەوەی لەززەتی ژوان و لە ئامێزگرتن و سینۆسیایە، ئەمە جیاوازییەکی زەقی شیعری ئەویندارانەی رۆژهەڵاتییە لە رۆژئاوایی. هەرچەند پێشتر لە خۆرئاواش، بە تایبەت

لە سەردەمی رۆمانتیکدا دووانەی عەشق و مەرگ پێکەوە گرێدرابوون، ئەمەش لە رێگەی فەلسەفەی «هیگڵ»ەوە بە رۆمانتیکەکان گەیشتبوو چونکە لە دیدی ئەو فەیلەسوفەدا مەرگ شتێکی جیا نییە لە عەشق، بەڵکو عەشق لە کاتی مەرگدا دەگاتە رەهایی خۆی، هەر بۆیە لە بەرهەمی شیعری رۆمانسیزمی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای نۆزدەدا زیاد لە هەر شتێک ستایشی مەرگ دەکرێت و ژیان وەک رێگەیەک بە گەیشتن بە مردن سەیر کراوە، لە شیعری نۆڤالیس، شیلی، هۆڵدەرلین و رۆمانتیکە ئەڵمانییەکانی تردا پێداهەڵگوتنێکی زێدەڕۆیانە دەبینرێت بە شان و شەوکەتی مەرگدا. ئەوان لە شیعرەکانیاندا خەریکی چنینێکن تاکو پێمانبڵێن عەشق هیچی تر نییە جگە لەو رێگەیەی بە مردنمان دەگەیەنێت، لە ئەدەبی کوردیشدا ئەحمەدی خانی نزیکەی سەدەیەک پێش رۆمانتیکەکان لە داستانە شیعرییەکەیدا «مەم و زین» هەمان رێگای گرتووەتە بەر و سەرئەنجامی عەشق و مەرگ بە یەک سەرئەنجام وێنا دەکات، بەختیار عەلی جارێکی تر لە رۆمانی «کۆشکی باڵندە غەمگینەکان»دا ئەم هێڵە تۆختر دەکاتەوە و پێیوایە «عەشق لە پێکگەیشتندا دەمرێت»!، ئەم بیرکردنەوەیە هێشتا لە ئاستی گەلێری و عەقڵی شیعری کوردییدا وەک خۆی ماوەتەوە، ئاکامی هەر چەشنە عەشقێکی «پاک» بە تراژیدیا و مەرگ و دابڕان کۆتایی دێت نەک بە یەکگەیشتن و ئاوێزانبوون.

من: لەو سەردەمانەی لە عەشقێکدا دۆڕابووم، منیش وەک رۆمانتیکەکان بیرم دەکردەوە، دەمویست لەسەر ستایلی سەدەی نۆزدە و لەسەر رێسای رۆمانتیکەکان شیعر بنووسم، زۆربەی جاریش کە شیعرم بۆ نەدەنووسرا بەسەر خۆمدا دەمبۆڵاند و دەمقیژاند: ژیان تێچووی زۆرە، مانەوە پێویستی بە ئازار و بەرەنگارییە پووچەکانە، مردن بە خۆڕاییە، خۆکوشتن تەنیا شتە مەسرەفی ناوێت. ئەگەر تۆ یەک ئارگۆمێنت هەبێت تا درێژە بە ژیانم بدەم، من دەیان پاساوم هەیە بۆ خۆکوشتن. هەرچەند خۆکوشتن وەک بێمانایی دەبینرێت، بەڵام ماناکانی خۆکوشتن فرە رەهەندترن لە مانەوە لە ژیانێکدا بۆ خۆی زیندان یان گۆڕێکی فراوانە. بیرم دەکردەوە کۆتا نامە بۆ یار بنووسم و پێی بڵێم ئیدی خۆم دەکوژم، ئەگەر هەستت بە ئازاری ویژدان کرد، گوڵێکی شین بهێنە سەر گۆڕەکەم، بەڵام با گوڵەکە شین

بێت، گوڵی شین تایبەتە لای من، ئاخر تۆ سەر لە نهێنی گوڵی شین دەرناکەیت، گوڵی شین پڕیەتی لە رازی نەوتراو!. (گوڵی شین لای رۆمانتیکەکانی سەدەی نۆزدەیەم هێما بوو بۆ مەرگ لە پێناوی مەعشوقدا و گەڕانەوە و ئاوێتەبوونی دوای مردن لەگەڵ سروشتدا). کاتێک بەنجە رۆمانتیکییەکە بەریدام، وتم دەکرێت رەشبین بم و خۆشم نەکوژم، تەنانەت توانیم شۆپنهاوەر بدۆزمەوە، کەم فەیلەسوف هەیە لە مێژووی فەلسەفەدا هێندەی شۆپنهاوەر تەڵخبین، شتە نائاساییەکە ئەوەیانە لەو سەردەمەی مەرگتەوەریی رۆژئاوای داپۆشیبوو، بەو کەللە رەشبینەوە توانی دەستی باڵای هەبێت لە پەرەدان بە ئەنگێزەی ژیاندۆستییدا. لە ژێر رۆشنایی ئەو فەیلەسوفەدا پارادۆکسێکم ئاشکرا کرد لە تێکەڵاوکردنی پووچگەرایی «نیهیلیزم» لەگەڵ رەشبینیدا. لەم سۆنگەوە بوو، جارێک لە سیمینارێکدا لە شاری هانۆڤەر گووتم: ئەوانەی بانگەواز بۆ پووچگەرایی دەکەن، مێشکیان هێندە پووچە ناتوانن جیاوازیی نێوان رەشبینی و پووچگەرایی ببینن!. دواجار رێگەی بەرەنگاریی و ژیانپەروەریم هەڵبژارد، چونکە لەوە دڵنیابوومەوە ئەگەر بەکتریایەکیش بم، ژیان واتە رووبەڕووبوونەوە و ململانێ.

سێیەر: ئەو تایپە لە شیعر کە پاشتر زۆربەیان کران بە گۆرانی، هێندەی دابڕانی وەک کردەیەکی ئیستاتیکی نیشان دەدا چارەکی ئەوە پەسنی خۆشەویستی تێدا نەدەکرا، تەنانەت بۆ ئەو نەوەیەی ئێمە دەبوو چیرۆکێکی دابڕانت هەبێت تاوەکو بتوانیت بیگێڕیتەوە و کۆڕی بادەنۆشینی لە دەور گەرم بکەیت، ئەوانەشی هیچ کات خۆشەویستییان نەکردبوو، پێیان خۆش بوو عاشق بن، نەک لە پێناوی پێکگەیشتن بەڵکو لە پێناوی ئەوەی چیرۆکی عەشقەکەیان بە دابڕان کۆتایی بێت، تا لە رێگەی بە چیرۆککردنی ئەو هەستە مازۆخییەوە روحی خۆیان ئاسوودە و رەها بکەن، بە مانایەکی تر چێژ لە پرۆسەی خۆشەویستییدا گۆڕابوو بۆ چێژی گێڕانەوەی دابڕان. بە کورتی عەشق خۆی ئامانجەکە نەبوو بە قەدەر ئەوەی دابڕان و ئەو زەلکاوە فرمێسکەی دوای «فیراق» مەخسەد بوو.

من: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تەوەرە سەرەکییەکە پێمخۆش دەبێت باسی شتێکی تریش بکەم، شیعری کوردیی لە کلاسیکەوە تا نزیکی کۆتایی سەدەی بیستەم، زیاتر

سکێجی جیهان و ئافراندنی دنیایەکی پیاوانە و بە دڵی پیاو بووە، ئەگەر لە مێژوودا مەستوورەش هەبێت هەر لەناو ئەم بازنەیەدا خولی خواردووە، وەک بڵێی پیاوان بۆ تا هەتایە بدوێن و ژنانیش گوێیان بۆ بگرن، بیرمە جارێک لە دێڕێکدا نووسیبووم: (شیعری کوردیی سمێڵ بابڕێکی دیوەخانە، شیعری من مێینەیە). خەڵکانێک لە دەستەبژێری دنیای ئێمە تەوسیان بەم دێڕەی ئەز کردبوو، وەک چۆن نازیییەکان بە تەوسەوە بە جوو و بیریارە جووەکانیان دەگوت مێینە، ئاوها ئەم دێڕەی من کەوتە بەر لاقرتێکردن و بە شاعیرێکی موو نەرمی سەرژنانی وەسفیان کردم!. واقیعی رەمزیی ناو شیعری کوردیی وێنایەکی هەڵگەڕاوەی واقیعی بەرجەستەیە، چونکە لە شیعری کوردییدا ژنسالارییەکی دڕندە پیاوی کوردی لە چوارچێوە ناوە، پیاوی کورد لە سایەی ئەم مێسالارییەدا، زەبوون و ریسوا و داماو بووە، ژنیش لە شێوەی جەلادێکی بێ بەزەییدا وەسف کراوە بە تایبەت لە چاپە کلاسیکییەکەی شیعری ئێمەدا، کەچی واقیعی بەرجەستە پێچەوانەکەیمان نیشان دەدات، پێمان دەڵێت واقیعی ناو شیعری کوردیی واقیعێکی ئایرۆنییە و کۆپییەکی ساختەیە و جێگەی متمانە نییە. لە شیعری دڵداریی نوێشدا بەدەر لە ئۆبیکتبوونی مێینە، لە بەردەم وێنای پیاوێکی مازۆخیدا وەستاوین چێژ لەو ئازارانە وەردەگرێت بە هۆی ئەوینی ئەویتری ژنەوە وەریدەگرێت، تێمای سەرەکی ئەم تەرزە شیعرییەش وەسفێکی پەتی مێینەیە بە تایبەت وەسفی ناسکیی و تەڕ و پاراویی و جوانییە ئایدیاڵەکەی کە پێچەوانەی نەریتی زاڵی شیعری کلاسیکە.

مامەڵەی شیعری ئەویندارییی هاوچەرخی کوردیی مامەڵەیەکی کاڵاییە لە بەرامبەر ژندا، گواستنەوەیەکی زمانیی مێینەیە لە سوبێکتەوە بۆ ئۆبێکت، هاوکات دیوە مرۆڤانەکە لەویتری ژن وەردەگرێتەوە و دەیباتە ناو چنراوێکی ئاڵۆزی ویستی نێرسالاریی، وەک ئەوەی ژن رستێک ماتریاڵی پەرش و بڵاوبێت، دەبێت منی پیاو بە پێی ویستی خۆم کۆلاژی بکەمەوە و بوونێکی ئیستاتیکیی پێ ببەخشم، دروست بەو شێوەیەی «لاورا ماڵڤی» پێناسەی دەکات پیاو دەبێتە (بونیادنەری مانا) و ژنیش (هەڵگری مانا)، بەو واتایەی دەبێت هەردەم ژنێک هەبێت تا ببێتە ئیلهامهێنی تێکستی پیاوانە و هەموو ئەدەبە نێرگەراکەش یان لە خولگەی بوونە

فیسیۆلۆژییەکە و وەسفی تۆپۆگرافیای لەشی مێینەدا دەخولێتەوە یاخۆ رۆڵی وەک بکەرێک ون دەکات. لە نەریتی فەلسەفیشدا دۆخەکە خراپترە، ئەگەرچی بە بەردەوامیی فەلسەفە بە کایەیەکی پیاوانە سەیر کراوە، بەڵام هەر لە گریکەوە تا ئەمڕۆ لیستێکی درێژ لە فەیلەسوفی مێینە هەبوون مێژوو لایان لێ ناکاتەوە، تەنانەت مێژوو هێندەی چیرۆکی سوکرات دەگێڕێتەوە، لاپەڕەیەکی پێشتر هەڵنادەنەوە تاکو مامۆستا ژنەکەی سوکرات (دیۆتیما) ببینن. بە هەمەحاڵ ئەم نۆرمە لە شیعر، نەک ناچێتە خانەی تێپەڕاندن و نوێگەریی و یاخیبوون لە نەریتی ئەدەبی باڵادەست، بەڵکو گیان بە بەرداکردنەوەی هەمان تەرمە بۆگەنکردووەکەی پێشووە، لێرەدا مەبەستمان لەو شیعرانە نییە خۆشەویستییەکی هاوسەنگ دەلاوێننەوە، بە قەدەر ئەوەی دیقەتدانە لەو نەسکە شیعرییەی ژن بە رەگەزێکی دەرەمرۆیی وێنا دەکات. بەم هۆکارە پێویستمان بە تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی تێرمی زاڵی شیعری کوردیی هەیە، هیچ کات خۆم لە دەرەوە نابینم، بە پێچەوانەوە خۆم بە ئەکتەرێکی ناوەوەی دروستکردنی ئەم مێنتالیتییە شیعرییە دەبینم و پێموایە کاتی تێپەڕاندنی دەمێکە هاتووە، بەڵام بۆ ئێمە سستی دەنوێنین؟، بۆ منیش جێگەی هەڵوەستە و پرسیاری جیددییە. رەنگبێ یەکێک لە فاکتۆرەکان پیواربوونی رەخنەی فێمینیستی بێت بەو جۆرەی ئیلێن شوالتر بیری لێ دەکاتەوە و پۆلێنی دوو ئاراستە لە رەخنەی فێمینیستی دەکات، ئاراستە هەرە گرینگەکەشیان ئەوەیانە دەڕواتە بنج و باوانی بەرهەمە ویژەییەکان و لە سۆراغی ئەوەدایە، ژنیان بە چ فۆرمێک وێنا کردووە یانژی چ رۆڵێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان پێداوە؟.

سێبەر: بەشێوەیەکی گشتیی شیعری کوردیی بە بەردەوامی خەریکی چنینی وێنای ژنێکی دەستەمۆی ناسک و نازداری دوور لە سیاسەت و بەرهەمهێنانی ئابوورییە، ژنێک تەنیا مژۆڵە بە راگرتنی ماڵ و پارێزگارییکردن لە جوانیی رووخساری، ئەگەرنا ژنێک یاخی بێت لەم وێنا باوە هیچ کات سەرنجی شاعیر راناکێشێت، چونکە هەموو تەوەری شیعری ئەڤینداریی کوردیی لە دەوری زوڵف و ئەگریجەی خاو، برۆی هیلالی، ناز و عیشوە، ناسکی و پرشنگی رووخساری ژندا دەخولێتەوە، هەندێک جاریش ئەم پێدراوانەی ژن دەبنە زنجیری ئاگر و بکوژ

بۆ ملی شاعیر!، ژنانێکی زۆریش بەم ژنە وێناکراوەی دەستکردی شیعری کوردیی (کە هەمیشە لەسەر ئەنگێزەی پیاوان بونیادنراوە) دڵخۆشن و بە دوا وێنای رەسەنی خۆیانی دەزانن. لە شیعری ناسیۆنالیستی کوردییدا دووبارە ئەم جوانییە جەستەییە دەگۆڕدرێت، بۆ جوانییەکی تری مەعنەویی وەک ئازایەتی و نەبەردیی و چاونەترسیی، هەڵبەت هەموو ئەمانەش لە سێبەری ئەویتری پیاودا، چونکە بە سروشتی خۆی ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکی پیاوانە و قارەمانسالارییە بگرە لەبەرزترین ئاستدا ناسیۆنالیزم و فێمینیزم کۆک و تەبا نین و لە دۆخی نەفیکردنی یەکتردان. شیعری ئێمە ژنانێکی یاخیبووی خۆشناوێت، هەموو وزەیەکی خۆی لە پێناوی هێشتنەوەی ئەو ژێنگە کۆمەڵایەتییەدا خستووەتە گەڕ ژن لە پەڕاوێزی گۆڕەپانەکەدا بە سەرمەدیی بمێنێتەوە، تا ببێتە ئیلهام و کەرەستەیەکی شیعریی، ئەمیش لە رێگەی جادووی جەستە یان ئەو جوانییە ڤێرچواڵەی پەسەندی خودی پیاوگەراییە. رەنگبێ هەبن بڵێن شیعری تازەی کوردیی لە بەستێنێکی نوێدایە و ئەو قۆناغەی بەجێهێشتووە بە تەنها لەودیو پەنجەرەی سێکسوالێتییەوە سەیری ئەویتری مێینە بکات، بە بەڵگەی ئەوەی قارەمانێتی کچە شەڕڤان و ژنە پێشمەرگە سەرنجی شیعری نوێی کوردییان بەلای خۆیاندا راکێشاوە، بەڵام هێشتا ئەمە سەلمێنەری تێپەڕاندنی پێڤاژۆی پێشووی شیعری کوردیی نییە لە روانگەی ئەوەی ژنێک قبوڵکراوە لە پێناوی خۆیدا خەبات نەکات، بەڵکو لە پێناوی ئایدۆلۆژیایەکی نێرسالارانەدا و لە بری پیاوان شەڕ بکات، بە پێچەوانەوە شیعری کوردیی مێینەگەرایی «ئونوسەت» لە ژنانی یاخیگەردا نابینێت تا پێیدا هەڵبڵێت، ئاخر ئەم تەرزە لە شیعر دەقی بە وەسفی بەژن و باڵای ژنێکەوە گرتووە ملکەچی ویستی سێکسیزمە یانژی کۆیلەیەکی سێکسیی و رۆمانسییە، بە جۆرێکی تر «کێڵگە»یەکی بەپیتە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی نێرینە. شیعری کوردیی بە هیچ شێوەیەک هاوکاریی رزگاریی ژنی نەکردووە لە تەڵزگە کولتوورییەکان و دیسپۆتیزمی پیاوسالاریی، هیچ کات پشتی هیچ ژنێکی نەگرتووە ویستبێتی لە نەریت یاخی بێت و خۆی بێت.

من: لە شیعری کلاسیکی ئێمەدا بە تایبەت لە چاپە عیرفانیی و خوداناسی و سۆفیگەرییەکەی خۆیدا (ئەڵبەتە شیعری سۆفیگەریی جیایە لە شیعری خوداناسی، بۆ وێنە مەحوی و مەولەوی دوو شاعیری خواناسن، تەنانەت مەحوی لە شیعرێکدا سووکایەتی بە تەسەوف دەکات!)، ژن ئامادەبوونی نییە یان ئەگەر ئامادەیی هەبێت لە فۆرمی مەعشوقێکی ئۆبژەکتیڤدایە یاخۆ لە شێوەی باڕبییەکی سێکسییدا وێنا دەکرێت، لەم رووەوە دەتوانین ئەو پۆرترێتە سێکسوالێتییەی مەستووری ئەردەڵان ببینین کە نالی بە شیعر ئافراندوویەتی و خەونێکی نێرسالارانەی خۆی سەپاندووە بەسەر ئەو ژنە شاعیرەی هاوسەردەمی خۆیدا. لە شیعری ناسیۆنالیستی کوردییدا کە لە «حاجی قادری کۆیی»یەوە چەکەرەی کردووە، بە پێچەوانەی «نالی»یەوە لە چامەکەیدا بۆ سالم، «قوربانی تۆزی رێتم..» کە رەهەندێکی نوستالیژیی هەیە بە شوێنەوە، بەڵام ئەزموونی حاجی لە شیعری «گوتم بە بەختی خەواڵو»دا پرسەکە پێچەوانەیە بەوەی حاجی سەرقاڵی چنینێکی ئایدۆلۆژییە بۆ شوێن، کە نیشتمانە (لە شیعرەکانی مندا نیشتمان رەهەندێکی ئایدۆلۆژیی نییە و وابەستە نییە بە ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزمەوە). ئەڵبەتە پێش ئەوەی بەسەرماندا تێپەڕێت، لایەنگریی خۆم بۆ دیدی دکتۆر عەباس وەلی نیشان دەدەم: «لە کوردستاندا ناسیۆنالیست هەن بە بێ خودی ناسیۆنالیزم»، بە گشتیش ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژییەکی پیاوانە و نێرسالارییە، لەسەر پەراوێزخستنی ئەویتری مێینە راگیر بووە، بە پێچەوانەشەوە، فێمینیزم پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە روانینی چەپ و سۆشیالیستییەوە هەیە، تا ئەو جێگەی بۆ یەکەمین جار کۆنسێپتی فێمینیزم لەلایەن بیریاری سۆشیالیستی خەیاڵیی «شارل فۆریێ» بەکاربراوە. لە سپێدەی شیعری ناسیۆنالیستییەوە تا بە شیعری مۆدێرنی بەرگریی دەکات تا ئەزموونی عەبدوڵا پەشێویش، زمانی جنێودانی سێکسوالێتی و موفرەدەکانی «زۆڵ، کوڕی بێ بن، دایک قەحپە، کوڕی سۆزانی ..هتد» رووبەرێکی فراوانی ئەم تایپە لە شیعری ئێمە داگیر دەکەن، لە مێنتالێتی خێڵەکییدا لە رێگەی دایک و خوشک و مێینەکانەوە جنێو بە نێرینە دەگات، بەو پێیەی لەم روانگە شەرەفپەرستی و پیاوسالارییەدا ژن خاوەنی جەستەی خۆی نییە بەڵکو ئەویتری پیاوە خاوەندارێتی و پاسەوانێتی دەکات، رووشاندن

و لەکەدارکردنی ئەو شەرەفەش لەکەدارکردن و رووشاندنی نامووسی نێرینەیە.

ئیدی لەم دۆخەدا وەک توێژەرێکی سوێدیی هێمای بۆ دەکات جەستەی ژن دەبێت بە زمانێکی پیاوانە بۆ ئەتککردنی پیاوی دووەمی بەرامبەر. خاڵی هاوبەشی زمانی شیعری کوردیی لە کلاسیکەوە تا ناسیۆنالیزم «بە مانا کوردییەکە» نێرسالاربوون و دژە ژنبوونەکەیەتی. لێرەدا پێویستمان بە کردنەوەی کەوانەیەکە (ئەزموونی شێرکۆ بێکەس ئەزموونێکی جیاوازە لەنێو پارادایمی شیعری بەرگریی و ناسیۆنالیستیدا، هەڵبەتە هەوڵدەدەین لە دەرەوەی ئەم کتێبە بە بابەتێکی سەربەخۆ شەنوکەوی بکەین). لە شیعری قوبادی جەلیزادەشدا وەک پاشای شیعری ئیرۆتیکی کوردیی لە کۆمەڵە شیعری «چاکەتێک لە کۆنە دەکرِم» لە تێکستێکدا بە ناوی «سواڵکەر»دا دەنووسێت: «هەموو شتێکم هەیە، هەموو شتێک.. بەڵام تۆم نیت.. تۆ کێڵگەی پیاوێکی دیکەی». ئەمە دووپاتکردنەوەی هەمان ئایەتە قورئانییەکەیە کە دەڵێت «ژنەکانتان کێڵگەن، چۆنتان دەوێت بیانکێڵن». لە ئەزموونی شیعریی «لەتیف هەڵمەت»یشدا هەمان روانگە بە تۆخی رەنگدانەوەی هەبووە، لە کۆمەڵەی شیعری «ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ– ١٩٧٩» لە کۆپلەیەکی شیعریدا دەڵێت: «کچێ گەر نابی بە پەڵە هەور و.. بەیانیانی هەر چوار وەرزەکە.. ماچەکانت بەناو دەممدا نابارێنی.. تۆم خۆش ناوێ.. کچێ ئەگەر نابی بە هەنگ و.. شەکری هەموو گوڵە کێویلەکانم بۆ نادزی و.. لە دەممدا نایتوێنیتەوە.. تۆم خۆش ناوێ..» ئەمە مامەڵەیەکی هەوەسبازیی و کازانۆفاییە لەگەڵ ئەویتری مێینە، روانینێکی سێکسوالیتی و ئۆبژەکتیڤە بۆ ژن، مەرجی خۆشەویستی خۆی گرێدەداتەوە، بە تێرکردنی لیبیدۆیەکی برسی و چڵێس.

سێیەم: شیعری کوردیی رەنگدانەوەی کولتووری میللی و کۆمەڵایەتی کوردەوارییە، زۆر کەم شیعرمان هەیە رۆڵێکی ئاڤانگاردانەیان لە مێژووی تازەی ئێمەدا گێڕا بێت، ئەگەر شیعری کوردیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا وێستگەیەک بووبێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای سیاسیی (گوزارشتێکە ترۆتسکی لە زاری لۆید جۆرج سەرۆک وەزیرانی ئینگلیز گواستوویەتییەوە)، ئەوا لە هەنووکەدا شیعر لەوپەڕی بێ پەیامی خۆیدا دەسووڕێتەوە، ئەگەرچی بۆ

هەندێک شێواز گرنگترە لە ناوەڕۆک، زمان گرنگترە لە پەیام، بەڵام لە روانگەی منەوە دال و مەدلول، یان شێواز و ناوەڕۆک لە پەیوەندییەکی بەتیندان لەگەڵ یەکتر. ئەو شیعرانەشی بە ناوی ئەدەبی ئیرۆتیکی کوردییەوە هەن تاکوتەرایان نەبێت بە هەمان چاویلکە ترادیسیۆناڵییەکەوە لە ئەویتری ژن دەڕوانێت، تەنانەت با نووسەری دەقەکە ژنێکیش بێت، بەڵام لە تەڵزگە نەریتییەکان تێنەپەڕیوە و وەک کاڵایەک یان راستتر وایە بڵێین ئۆبێکتێک خۆی دەشعرێنێ، ناچاریشمان دەکات بە ئەدەبێکی فێمینیستی گەواری بکەین و لێی بڕوانین. لەگەڵمدا سەرنج لەو نەریتە میللییە بدەن کورد فێری بووە: هەردەمە کاڵا لوکس و جوانەکان یان ئۆتۆمبیلە گرانبەها و کەشخەکان، ناوی ژنانەیان بەسەردا دەبڕێت و بڕاوە، بۆ ئەمەش زۆرتر بیر لە کارەکتەرە هونەرییەکان کراوەتەوە، پێشتر لە قاموسی میللی ئێمەدا لەیلا عەلەوی و مۆنیکا ئاماژە نەبوون بۆ دوو کاراکتەری دەرە کوردی بەناوبانگ لە پانتایی هونەریی و سیاسییدا، بە قەدەر ئەوەی گوزارشت بوون بۆ یەک جۆر ئۆتۆمبیلی مۆدیل بەرز و کەشخە «لاندکروزەر»، یەکەمیان لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو و ئەویتریان لە دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە!. دواتر ئەم پرۆسە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا هات و ناوە بیانیی و دەرە کوردییەکان گۆڕان بۆ ناوی کارەکتەرە هونەرییە کوردەکان، لە ناونانی ئۆتۆمبیلە مۆدیل بەرزەکاندا ناوەکانی وەکو وەنەوشە و مەرزیە و هتد.. بەکاردەبران و دەبرێن، لە بەرامبەردا بۆ ئۆتۆمبیل و ماتۆڕسکیل و ئەوەی لە قاموسی میلیی ئێمەدا بە داشقە ناودەبرێن ناوی کارەکتەرە هونەرییە پیاوەکانیان بە باڵادا بڕاوە و دەبڕێت. ئەمە پرۆسەیە بە کەمێک دەستکارییەوە گوازراوەتەوە بۆ ناو شیعری (ئیرۆتیکی) کوردیی، هەموو وەسفێکی ژن لەناو ئەم ئەدەبە پۆرنۆییەدا لە وەسفێکی کاڵایی و سێسکوالێتی زیاتر بڕی نەکردووە و چاوەڕێش ناکرێت زیاتر بڕ بکات. رەنگبێ خەڵکانێک هەبن لەو شوێنەوە رەخنە لەم روانگەیە بگرن، ژانری شیعر چیتر جێی سەرنج نییە و ئەو زەمەنەش لە دنیا گوزەشت فەیلەسوفێکی چەشنی هایدگەر شیعری هۆڵدەرلین و ریلکەی لەسەرو فەلسەفەکەی خۆیەوە ببینێت، تاکو بێ هۆ نەبێت لە نووسینی کتێبی «چەمکە بناغەییەکانی میتافیزیک»دا، بە شیعرێکی نۆڤالیس دەستپێدەکات

و بە شیعرێکی نیچەش کۆتایی پێبهێنێت. ئەو سەردەمە ئاوابوو شیعر ژانرێکی بالادەست بوو بەسەر ئەدەبدا، تەنانەت ئەو زەمەنەش تێپەڕی لە خۆشەویستی شیعر، فرانسیس ڤین، مارکس بە شاعیری دیالەکتیک هەژمار بکات. ڕەنگبێ ئەم دیدە بۆ جیهانی ڕۆژئاوا و ئەو کۆمەڵگە و سەرزەمینانەی بە مۆدێرنەدا گوزەریان کردووە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕاست بێت و چیدی ڕۆمان ئەو ژانرە ئەدەبییە بێت مرۆڤی خۆرئاوایی قایل و تێر بکات، بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵگەیەکی بە جێماوی وەکو ئێمە، هێشتا شیعر ڕۆڵێکی بناغەیی هەیە لە پێکهێنانی جیهانبینی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیماندا، وەک چۆن ئەمە بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی هەسارەی زەوی ڕاستە. کۆمەڵگەی کوردەواری ئێستاش بە هۆی شیعر یان بەهۆی شیعرییەتی زمانەوە دەرکی خۆی دەکات، هەڵبەتە مەبەستم نییە لێرەدا بکەومە هەڵسەنگاندنی ڕەهەندە باش و خراپەکانی ئەم تێمایە، هێندەی مەبەستم بوو پێگەی شیعر لە کۆمەڵی خۆماندا دەستنیشان بکەم، تا ببێتە وەڵامێکی ئامادە بۆ ئەو بەردەنگەی لە مێشکیدا پرسیارێکی وا دەهێنێتە گۆڕێ.

من: دەسەڵات و هەژموونی پیاوگەرایی هەر ئەوە نییە ژن لە ماڵەوە وەک درێژکراوەی ئەشکەوتە دێرینەکە حەپس بکات، لە دوای مۆدێرنەوە بە تایبەت لە ڕۆژئاوا، هەم ژن هاتە دەرەوەی ماڵ، هەم پیاوێتی شلبوونەوەی بە خۆیەوە دەبینێت، ئۆتۆریتەی پیاوێتیش لە فۆرمە ڕەقەکەوە دەچێتە کەوڵی شێوازێکی نەرمترەوە، ئامڕازی نەرم و شلتر بۆ هێشتنەوەی دۆمیناسیۆنی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەو لە ڕێگەی زمانەوە سەرداریێتی خۆی دەپارێزێت، بۆ وێنە لە سینەمادا تا نهۆ پیاو دەستبەرداری داتاشینی ئەفسانە لە بارەی خۆیەوە نەبووە، جیمس بۆند پیاوێکی ئەفسانەییە و پەرچوو دەخوڵقێنێت، زۆربەی ئەو قارەمانانەی خۆیان لە پێناوی ژیانی ئەوانیتردا بەخت دەکەن لە نموونەی ڕۆبن هود و زۆرۆ وهتد..، هەموو پیاون، یان زۆرینەی پاڵەوانە سینەماییە خەیاڵییەکان وشەی «Man پیاو»یان وەک پاشگرێک پێوە لکاوە، لە نموونەی پیاوی شەمشەکوێرە «باتمان»، پیاوی جاڵجاڵۆکە «سپایدەرمان»، بەرزەپیاو «سوپەرمان». جیا لەمە شیعر پانتاییەکە زۆرترین هێما «دال» زمانەوانییەکانی تێدا بەرجەستە بووە، پیاو بوو بە داهێنەری

ژانرێکی نوێی شیعریی وەک گرتنەبەری ڕێگەیەکی نەرم و شاراوە، تاکو بە ژن بڵێت باشترین ژن ئەوەیانە خۆی بکاتە ئۆبژەیەکی هەستەکی و سۆزاویی، لەسەر هەندەسەی عەقڵ و زەوقی پیاو «سوژە» خۆی داڕشتبێتەوە. تاکوتەرای لێ دەربچێت ئەم بەریانە مۆتیڤی هزری شیعریی پیاوانە، چ لە خۆرئاوای زەمین، چ لە خۆرهەڵاتی. پەیامی شیعری ڕۆمانسی کوردیی کە خەسڵەتەکانی جیایە لە تایپە ئەوروپییەکە، پیاهەڵدانە بە عەشقی ژن و دڵدارییدا، لێ ڕۆمانسیزمی ئەوروپی تانۆپۆیەکی فراوانتری هەیە و یەکێک لە ڕەهەندەکانی نرخاندنی عەشقی تراژیدییە کە هیچ میدیۆمێک لە نێوان عەشق و مەرگدا نابینێتەوە، بۆیە ئەو ڕۆمانسیزمە دیوێکی فرەهەندتر و فرەماناتری هەیە لەو ڕوانینە ساکارەی لە دنیای کوردییدا لە گۆڕێدایە، بەڵام ڕۆمانسیزمی خۆماڵی لە دوا تەفسیردا لەسەر بناغەی پیاوسەروەریی خۆی مانیفێست کردووە. پیاو لەم ڕێگە ڕەمزییانەوە پارێزگاریی لە پێگە و سەروەریتی خۆی دەکات، لە شیعری ڕۆمانسی کوردییدا نائاگایی پیاوانە دەکەوێتە خۆچینین و پەیڤین، خەریکی کلێشەسازیی و داڕشتنەوەی ژنێکە بە پێی ویست و ئارەزووی خۆی، ژنێک تەنیا دەست بە ناسکێتی خۆیەوە بگرێت، پیاوی کورد «شاعیر» بە بەردەوامی وێڵی ناو فەرهەنگە زمانەوانییەکانە تا بتوانێت ناسکترین و نیانترین وشە بۆ پەسنی مەعشووق بدۆزێتەوە و ناچاری بکات دوا خەونی لە کەوشەنی عەشق تێنەپەڕێت.

شیعری ڕۆمانسی کوردیی ئەگەرچی تەوەرە سەرەکییەکەی ژن بێت، بەڵام یارمەتی مێینە نادات بۆ ئازادبوون، بەڵکو لە باشترین باردا بە مانا «دی بوڤوار»ییەکە لە دۆخی «مێینەیی ئەبەدیی»دا ڕایدەگرێت و شتێکی تێدا پەروەردە دەکات دوورە لە جەوهەری خۆی، سەرەنجام وەک کۆیلەیەکی سێکسیی دەیهێڵێتەوە. ئەمە سوچی شاعیر نییە وەک تاکەکەس چونکە ئەم مێنتالیتییەی لە پەروەردەی خێزانییەوە وەرگرتووە کە ئەویش بە چڕیی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەوە بۆی گوێزراوەتەوە، تەنانەت قوتابخانە وەکو ناوەندێکی پەروەردەیی و فێرکاریی هەمان نەریتی پیاوەزنیی لە هۆشی منداڵدا دەچێنێت، لە ئەلفابەکەی باڵدارەوە پەروەردەی ئێمە بە نێرسالاریی دەستپێدەکات، لە کلاسی یەکەمدا بە (دۆی دادە

رژاوە) فێری ئەبجەدیات دەکرێین، دادە (ژن) مەشکە دەژەنێت و بە کاری ماڵەوە خەریکە، مام زۆرابیش (پیاو) مێووژ دەفرۆشێت و مژۆڵی کارە لە دەرەوە، خوشکە بچووکەکەم لە مێشکی خۆیدا وا بیری لەم وانەیە کردبووەوە دادە هاوسەری مام زۆرابە، دادەش ژنێکی ماندووە بە دەست کاری ناوماڵەوە، ئێواران مام زۆراب لە مێووژ فرۆشتن دەگەڕێتەوە و پارەی بژێویی لە قورگی شێردا هێناوەتە دەرەوە. لە کلاسەکانی دواتردا وانەی مێژوو زیاد دەبێت وەک ئەوەی مێژوو تۆمارێکی پیاوانە بێت، ژن لە دەرەوەی مێژوو سەرقاڵی تەشی رستن بوویێت، هەردەم وانەکە بریتییە لە گێڕانەوەی حکایەتەی ئەو پیاوانەی گوایە مێژوو و ئەمڕۆیان دروستکردووە. وەک چۆن لە شیعری بەرگریی کوردییدا، هەمیشە ژن وەکو «سوژە» بکەرێکی شۆڕشگێڕ تەماشا نەکراوە، دەقی وەکو «بەیان»ی شێرکۆ بێکەس لەوانەیە بێ نموونە بێت لە مێژووی شیعری بەرگرییدا، وەکوتر هەمیشە ژن لە پەڕاوێزدا بینراوە، زۆرتر لە وێنای دایکێکدا نیشان دراوە (رۆڵەی ئازا و نەبەز)ی پێشکەشی نیشتمان کردووە، یان ژنە شەهیدێک بووە (سەربەزرانە) ژیاوە یاخۆ ژنێکی ئەنفالکراو بووە و کراوەتە کەرەستەی شینگێڕیی و سەرمایەگوزاریی گریان. کاتێکیش کچە شەڕڤان دەبێتە سیمبولی نوێی تێکۆشانی کوردەواری، شیعری کوردیی دەنگی دەخاتە پاڵ دەنگە نەریتییەکە و دەڵێت: (ژن ئەفسانەی داعشی وردوخاش کرد) وەک بڵێی ژن هێشتا (زەعیفە)یە و ئەو چاوەڕوانییەی لێ نەدەکرا، ئیدی تێمای شیعری کوردیی لەم شۆک و حەپەساندا گینگڵ دەخوات و تێکستی سادەتر لە سادە بەرهەم دەهێنێت.

سێیەر: بەردەوامی بە قسەکەی پێشووترم دەدەم و دەڵێم، ئەگەر وێنە لە شیعردا زمان بێت بەو جۆرەی لە خەتی هێرۆگیلفیدا بەرجەستە ببوو و لە موزیکدا دەنگ و لە شێوەکارییدا رەنگ، وێنەی شیعری لە رێگەی وشەکانەوە لە دایک دەبێت، لێ ئەدۆنیس پێیوایە وێنەی شیعری ئەوەندەی کانییەکی وجودییە راچڵەکێنەرێکی زمانەوانیی نییە، بەڵام هیچ تێکستێکی شیعریی مەزن نییە بێ وێنەسازیی شیعریی، بەم پێودانگە میحوەری سەرەکی لە شیعردا زمانە. شیعر ئیشکردنە لە زماندا نەک ئیش پێکردنی زمان. شیعری کوردیی هیچی نەکردبێت ئەو زمانەی پاراستووە و

پەرەپێداوە هایدگەر بە ماڵی بوون پێناسەی دەکات، زمان لە خۆیدا بێلایەن نییە و هەڵگری توخمە کولتوورییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە، بەم بۆنەوە زمانی ئەدەبی کوردیی وێنەدانەوەی ئەلەمێنتەکانی کەڵچەری ئێمەشە کە کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا سەر بە قۆناغی فیودالیزمە لە رووی کولتوورییەوە، تازە لە رووی ئابوورییەوە خۆی بەستووەتەوە بە سەرمایەدارییەوە، ئەگەرچی شیعر زادەی قۆناغی کشتوکاڵیی و لەوەڕگایە، بەڵام توانیوویەتی خۆی بگەیەنێتە سەردەمی کاپیتالیزمیش، بۆیە گلەییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە لە خودی شاعیران وەک تاکەکەس، چونکە ئەوان پێش ئەوەی بکەرێکی ئەدەبی بن بکەرێکی کولتوورین، رەخنەکانی ئێمە کاتیگۆرین و راڤەکاریی بێلایانەن، نەک بە رەخنەیەک کۆی کۆششی ئەدەبی شاعیرانێک مەحف بکەینەوە لێرەدا ناویان دەهێنرێت و هێنراوە، چونکە هێشتا ئێمە لە پلەی سفری رەخنەسازییداین، هێشتا مەیلی شارچێتی و گروپ و تاقمچێتی و پارتایەتی ئاسۆ رەخنەییەکانی لە کایەی ئەدەبی و رووناکبیریدا تاریک کردووە. جارێک شاعیری کۆمۆنیست پاپلۆ نیرۆدا لە رەخنەگرتن لە رەخنەگرانیدا گوتی: «ئەو رەخنەگرانە بە ناوی ریالیزمەوە بە تاڵە مووەکانی ریشی مارکس شیعرەکانم هەڵدەسەنگێنن». ئێمە هیچ شاعیرێک لە کۆنتێکستی مێژوویی خۆی دانابڕین، پێوەرەکانی ئێمە جیاوازن، وەک وتیشم ئێمە تەنیا کاتیگۆری دەکەین، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارە سادەیەی خۆمان بە رەخنەگری ئەدەبی نازانین.

من: بێگومان سەرباری هەر رەخنەیەک، مێژووی کورد لە مێژووی ئەدەبی کوردیی شتێکی زیاتر نییە!، نەک لەبەرئەوەی دیوە سۆفتەکەی مێژوومانە لەبەرئەوەشە مێژووی سیاسیی ئێمە نەیتوانیوە رووداو بخوڵقێنێت بە مانا بادیۆییەکەی. تەنانەت پێویستمان بە شۆڕشێک هەیە بەسەر دیدگای کۆنباوی خۆماندا لە بەرامبەر شۆڕش. کورد لە مێژوو یاخی بووە نەک شۆڕشی کردبێت، ئەمەیان بابەتێکی ترەوە و ئەوەی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی باسەکەمانەوە هەیە ئەمەیانە کە وێژەی کوردیی ئۆنتۆلۆژیای کوردی بەرەو ئێستا راکێشاوە. پێم سەیرە ئەگەر پێتانوابێت ئەدەب رۆڵ ناگێڕێت، سیاسەت ئەکشنی خێرا و دیارە، بەڵام کارکردنی کولتووریی نادیارێکی لەسەرخۆیە، کورد بە هۆی شیعرەوە

مایەوە، ئەمەیان چۆن؟! جیاواز لەوەی هایدگەر پێیوایە شیعری فەوزایەکە لە پێناوی بیناکردنەوەدا و (شۆڕشێکی فیکریی راستەقینەیە)، شیعری کوردیی لە پرۆسەیەکی دوور و درێژیی هەزار ساڵەدا زمانی کوردیی بە پوختکراوەیی بۆ ئێستا هێناوە، زمانی ئێمە بەسەر پشتی ئەسپی شیعرەوە بۆ ئەمڕۆ هاتووە نەک لەسەر پشتی گوێدرێژی سیاسەت، زمانیش تاکە شتێکە کورد بوونی (نەتەوایەتی) خۆی پێ بسەلمێنێت. زماننناسەکان (منیش لەسەر ڕای ئەوانم) وا بیر لە زمان دەکەنەوە دروستکەری سوبێکتە نەک پێچەوانەکەی. بیرم نەماوە کام کوردناس و مێژوونووسی بیانی بوو (لەوانەیە تۆمابوا یان مینۆرسکی بووبێت) لە پێناساندنی کورددا ئەوەی نووسیبوو کوردەکان بە سروشتی خۆیان شاعیرن، تا ئەم ساتەوەختەش نائاگایی ئێمە پڕە لە شیعر و مەیلی شاعیریی، بیر لەوە بکەنەوە شاعیرەکان لە هەموو جێگەیەک هەن، لە رێی ناوی باخچە و شەقام و مزگەوت و پارک و کتێبخانە و یاریگا و ناوی منداڵەکانی نەوەی ئێمە هەر لێرەن، تەنانەت وەک خۆم خەڵکی شارێکم شەقامەکانی بە ناوی شاعیرەکانەوە نێونراون، ماڵی ئێمە نزیکترین جێگە بوو لە شەقامی مەولەوی و سالمەوە، پاشان بە پێ بە پێنج دەقە دەگەیشتمە شەقامی پیرەمێرد و گۆران، ئەمە شتێک بوو خۆم تێبینیم نەکردبوو خانمە نووسەری سوێدیی ماری لابرۆس بیری خستمەوە. شیعرییەت لە زمانی قسەکردنی ئاسایی نەوەکانی پێش ئێمەدا ئامادەییەکی بەرچاوی هەبوو، لەناو میللەتی شاعیراندا، بێگومان ئەوەی بە بەردەوامیی لە نوێبوونەوە و پەرەوپێشچووندا بووە، زمان بووە، ئەگەر لە شێوازی نالی و قوتابخانەی غەزەلی عەروزیدا زمان پڕ بووبێت لە وشەی ناکوردیی، لە پەنایدا ئەدەبی گۆرانی (هەورامی) کە پاشخانێکی حەوت هەشت سەدەیی هەبوو تا سەردەمی نالی، بە رەسەنترین کوردیی نووسراوە، شیعر تاکە ئامرازی پوختەکردن و گواستنەوەی نەوە بە نەوەی زمان بووە، ئەو زمانەی ئەمڕۆ من و تۆ پێی دەدوێین قەرداری شیعرە، ئەگەر شیعر نەبوایە هیچ گرەنتییەک نەبوو بتوانین بمێنینەوە، زۆرێک لە پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوە و کەمینەکان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، شەڕی مانەوەی زمانیان نەکردبوو. لە کەتواری کوردییدا شیعر لە پەنا هەر وەزیفەیەکی

تردا، پاراستن و پوختکردنەوەی زمانی کوردیشی لە ئەستۆ گرتبوو، ئەگەرچی ئەو زمانە زمانێکی رەق و تەق و نێرسالارانەش بووبێت کە دانی بەویتری مێینەدا نەناوە، تەنانەت لە رووبەری زمانەوانی کوردییدا ژن نابینرێت، تا ئەو رادەیەی هەموو ئەوانەشی ژن دەکوژن، پێیان دەگوترێت پیاوکوژ!.

سێیەر: ئاماژەت بە مژارێکی گرنگ کرد ئەویش پرسی ژنکوژییە، کولتووری کوردەواری هەمیشە ژنکوژ نەبووە، زیاد لە جارێکیش ئاماژەم بەوەداوە بەپێی گەشتنامەی مسیۆنێر و رۆژهەڵاتناسەکان، کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوێ رۆژێ بە بەراروود بە کۆمەڵگەکانی دەوروپشتی کراوەتر بووە لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاودا، باڵاپۆشی هەر نەبووە، نامووسپەرستیش بوونێکی کزوماتی هەبووە، تەنانەت کولتووری کوردیی دیاردەی رەدوکەوتنیشی تێدابووە و لە سەرزەمینێکی بەرفراواندا پیادە کراوە. لێ د.شەهرەزاد مۆجاب، توێژەری ژنۆلۆژیی لە زانکۆی تۆرنتۆ- کەنەدا و نووسەری کتێبی (ژنانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت: کوردەکان) کە ساڵی ٢٠٠١ بە زمانی ئینگلیزیی چاپ کراوە بە توندیی ئەمە رەت دەکاتەوە و پێیوایە ئەفسانەیەکی دەستکرد و وێنایەکی داتاشراوی دەستی رۆژهەڵاتناسییە و باز دەدات بەسەر ریشەیی نایەکسانی جێندەریی و توندوتیژیی دژی ژناندا. بەدەر لە هەموو ئەمانەش بە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی لاوک و گۆرانی و حەیرانی کوردیی جۆرێک لە پیاهەڵدانن بە جوانی ژن و وەسفێکی لیپاولیپ سێکسوالیتین، فۆلکلۆری کوردیی پڕیەتی لە وێنەی ئیرۆتیکی، زۆرینەی ئەو وێنانەش دەکەونە ئەودیو بازنەکانی ژیانی هاوبەش و هاوسەرگیرییەوە، پازۆلینی پێیوابوو هونەری سینەما هەوڵی نووسینەوەیەکی وێنەیی واقیعە، ئەدەبی زارەکی و هونەری فۆلکلۆری کوردەواریش کۆمەڵە هەوڵێکی زارەکی نووسینەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی سیاقە مێژووییەکەی خۆیان بوون، بگرە بە وتنکردنی وێنا ئیرۆتیکییەکانی ناو کۆمەڵگەکەش بوون، بەڵام ئەو ناوەڕۆکە هاوبەشەی هەموو مێژووی ئەدەب و هونەری زارەکی کۆکردووەتەوە بریتییە لە ئەنگێزەیەکی پیاوانە، تاک و تەرا نەبێت بە تایبەت لە حەیرانەکاندا نوێنەرایەتی مێینەی نەکردووە و دەربڕی ئینتیمیتێت و هەستەکانی نەبووە، ئەمەش شتێک بووە لەو کۆنتێکستەدا رووبەڕووی هیچ

ڕەخنەیەکی نەریتیی نەبووەتەوە، لێ تا ئەوپەڕ و دوا لوتکەی ئیرۆتیکا ڕۆشتوون، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەو چەپاندنە سێکسییەی نەریتی خێڵ سەپاندبووی و بەرگریی لێدەکرد، کەچی هیچ کات ئەم نەریت شکاندن و سنووربەزاندنانە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ڕەخنەی وەک ئەمڕۆی لێ نەگیراوە، مەبەستم ڕەخنەیەک نییە هەنووکە لە گۆشەنیگای فێمینیستییەوە لەم سەبکە حەیران و ئەدەبە فۆلکلۆرە دەگیرێت، زیاتر ڤۆکەسم لەسەر ئەو ڕەخنە و موهاتەراتەترادیسۆناڵانەیە هێز و تاکە نەریتییەکان ئاڕاستەی ئەم جۆرە فۆلکلۆرەی دەکەن کە دیار نییە لە چ ساتەوەختێکی دیرۆکیدا سەریانهەڵداوە، بۆی هەیە تەمەنیان هێندەی تەمەنی پێکهاتنی کورد بێت لە مێژوودا.

خاڵێکی زۆر گرنگ ناشێ لە بیرمان بچێت ئەوەیە ئەم ئەدەب و هونەرە زارەکییە، بەرهەمی شوێنکاتێکی کۆچەریی و گوندنشینی و تێپەڕێنراوی مێژووی کوردەوارییین، ئەگەرچی بە رواڵەت ژیانی شارنشینی «شار بە تایپە کوردییەکە» جۆرێک لە دەستەبەری مافەکانی تێدایە بۆ ئەویتری مێینە، بەڵام کولتووری شارنشینیش لەسەر مەبنای پیاوسالاریی هەڵچنراوە، تەنانەت فێمینیستە ئەوروپاییەکان ڕەخنەی توند نەک هەر لە کولتووری کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە فۆرمی دیزاینی ئاواکردنی ماڵ و شارەکانیش دەگرن و تاوانباری دەکەن بە چنینێکی پیاوگەرایی تێیاندا، (لێسلی کێرن)ی مامۆستای جیۆگرافی شار و جێندەر و ژینگە لە کتێبێکی ناوازەدا «شاری فێمینیستی» دەچێتە ناو ڕەگوڕیشەی شارەکان و بنکۆڵکارییەکی هێندە شارەزایانەی کردووە بەشبەحاڵی خۆم تا ئەو کتێبەم پەیدا نەکرد و نەمخوێندەوە، تێنەگەیشتم چۆن شارەکان بوونەتە شوێن و جوگرافیایەکی تری چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ژن.

من: ئەگەر بڵێم ئەو تێڕوانینە نێرسالارییە بۆ ژن، دیاردەیەکی ئاسایی بووە لەوانەیە بەدحاڵیبوونێک دروست بکات، بۆیە بە دیقەتەوە دەڵێم بە پێی ئەو کۆنتێکستە ئاسایی بووە نەک بە پێی ئەمڕۆ یان ئەوەی کە نەدەبوو وابوایە. سەرنج بدەن مێژوونووسی ئێمە وەک تەواوی جێگاکانی تری دنیا بە پیاوسالاریی دەست پێدەکات، میر شەرەفخان یەکەمین مێژوونووسی کوردە وەک لە پێشەکی

«شەرەفنامە- ١٥٩٦»دا ئاماژەی پێکردووە مەبەستی بووە ناو و شۆرەتی چینی باڵادەست و ئەریستۆکراتی فیوداڵ لە لەناوچوون رزگار بکات، حکایەتەی گەورە لای ئەو تەنیا ژیانی میران و سەردارانی ئەوسای کورد بووە هەروەک چۆن تێما و رووداوەکانی نێو شانۆنامەکانی شکسپیر لە کۆشکی پاشایان نایەنە دەرەوە. هەروەها لە «مەم و زین -١٦٩٥»ی ئەحمەدی خانی و کتێبەکەی مەلا مەحمود بایەزیدی «دابونەریتی کوردەکان- ١٨٥٨» کە بە وتەی ئەمیر حەسەن پور ئەمانە بەرهەمی پێش ناسیۆنالیزمن، ئاوڕ لە ناکۆکیی و ململانێی نێوان جووتیار و فیوداڵ نەدراوەتەوە. تەنانەت لە کتێبەکەی «مەلا مەحمود»دا کە پتر کۆمەڵناسییە تا مێژوویی هیچ ئاوڕێکی ئەوتۆ لە ژن و چینەکانی خوارەوە نەدراوەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت باسی ژنانی کۆچەریی و نیشتەجێی کوردان دەکات، لەوێ بۆ یەکەمین جار وشەی «کوشتنی ژن» دێتە پانتایی نووسینی کوردییەوە، بەڵام ئەم پرسە وەک بروسکە تێدەپەڕێت و نابێتە کێشەی سەرەکیی لای مرۆی کورد. وەنەبێ مەلا مەحمود رەخنەی ئەو ژنکوژییە بکات بەڵکو کەوانەی کردووەتەوە «ئەگەر ژنە کاری نەشیاو بکات». لە پەنا ئەمەشدا هەموو دەزانین هەر کەسێک لە فەیلەسوفێکەوە تا نەخوێندەوارێک بەرهەمی ژینگە و جوگرافیا و کۆنتێسکتێکی مێژوویی دیاریکراوە.

رێگەم بدەن نموونەی فەیلەسوفی رۆشنگەر و خاوەن تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی و سروشتگەرایی (ژان ژاک رۆسۆ) بهێنمەوە یاد، تا ئەو ئەندازەی بە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی نەک قووڵی کتێبی «ئێمیل»ەکەی بەو راستییە دەگەین، بە پێودانگەکانی ئەمڕۆ، ژن لە تێڕوانینی ئەودا چەند کەم نرخ بووە و لە چ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمیشدا دایناوە؟! رۆسۆ وا هزری دەکردەوە لاوازیی ژن تەنیا ویستێکی پیاوانەی لەسەر نییە بەڵکو ویستی سروشتیشی لەسەرە، بەم هۆیەوە ژنی بە بوونەوەرێکی هەستەکی و ورووژێنەر پێناسە دەکرد کە تەنها لە هەژاندنی دڵی پیاودا لێزان و شارەزان!، بەم بۆنەوە هانی ژنان دەدات هەموو وزەی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی هاوژینەکانیان بەگەڕ بخەن، لەولاشەوە شۆڕشی فەڕەنسی وەک سەرەتای گۆڕانێکی مێژوویی قەرزاری

فیکری رۆشنگەرییە کە رۆسۆ بە یەکێکیان دادەنرێت. ئەگەرچی بزاڤی ژنان بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەوە هەراشانەتر دەرکەوت، بەڵام زۆرێک لە فەیلەسوفان لەم سەروەختەشدا یان هەڵوێستی نەرێنیان هەبووە لە بەرامبەر ژن لە نموونەی فریدریک نیچە، یاخۆ خۆیان لە قەرەی باسکردن و ناوهێنانی کێشەیەک بە ناوی ئاریشەی ژنانەوە نەداوە، میشێل فوکۆی هزرمەندی فەرەنسی نموونەیەکیانە. بۆ ژاک درێداش کۆی فەلسەفە بونیادنراوێکی پیاوی سپی رۆژئاوایی بووە، بۆیە مەبەستی بوو هەڵیبوەشێنێتەوە.

سێیەر: دیقەتی شتێکی گرنگتر بدەن لە «تاریخی ئەردەڵان»ی مەستوورەی ئەردەڵانیدا کە دە ساڵێک بەر لە نووسینی کتێبەکەی بایەزیدی کۆچی دوایی کردووە، ناکەوینە ناو مێژوویەکی ترەوە، بەڵکو درێژەدانە بە رەوتێک لە شەرەفخانەوە درێژ دەبێتەوە تا مەستوورە و دواتریش، ئەویش تۆمارکردنی مێژووی میرانە، مەستوورە لەو کتێبەدا درێژە بە نووسینەوەی سەرجەلەی میرانی ئەردەڵان دەدات، لە پەراوێزیشدا ئاوڕ لە ژن و نەخۆشی و تاعون و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەداتەوە. نەک لە مێژوونووسیدا بگرە لە شیعریشدا سەبکی مەستوورە سەبکێکی پیاوانە بووە و ئەگەر ناوی ئەو لەسەر زۆرێک لە شیعرەکانیشی هەڵبگرین کەس ناتوانێت بزانێت نووسەر ژنێکە نەک پیاو!. هەروەک لە خۆرئاواش باو بوو، تەلاری مێژوو شوێنی خانەدان و چینەکانی سەرەوە بووە، ژن لە پەراوێزی مێژووی نووسراودا بووە، لای کوردیش بە هەمان شێوە بووە. ئێمە بە پێی ئەو کۆنتێکستە بڕیار لەسەر هەر بەرهەمێکی ئەدەبیی و مێژوونووسیی دەدەین، کتێبەکەی مەستوورە لە رووی مێژووەوە کەوتووەتە سەرەتای رسکانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان لە هەموو لایەکی دنیادا. بۆ نموونە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامییدا یەکەم رۆشنبیری ئاڤانگارد، نووسەری میسریی قاسم ئەمینە کە لە ساڵی ١٨٩٩ کتێبی «رزگارکردنی ژن»ی بڵاوکردەوە، واتە ساڵێک پێش مەرگی نیچەی گرنگترین فەیلەسوفی کۆتایی سەدەکە کە بە تێزە دژە مێینەکانی ناوبانگێکی زیاتریشی پەیداکردووە، کتێبەکەی ئەمین رێنسانسێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئیسلامی و میسریی بوو، ئەی ئەم بزاوتە دوای سەد و بیست

و سێ ساڵ بۆچی نەیتوانی ببێتە پڕۆژەیەکی سەرکەوتوو؟، ئەم پرسیارە زیاتر لە وەڵامێک دەخوازێت، ڕەنگە یەکێک لە گرنگترین شکست و پاشەکشەی بزافی ڕۆشنگەریی عەرەبی بوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە ڕسکابوو، لەوانەشە زیادەڕۆیی نەبێت بڵێم بە مردنی «جابر عسفور» لە دوا ڕۆژی ساڵی ٢٠٢١دا پایەی ئەو هزرە نوێخوازە کە چەندین ئیشکالیەتی سترۆکتوریشی هەبوو دوا هەناسەی خۆیدا. ئەمەیان بابەتێکی ترە و لە دەرفەتێکی تردا دەشێ شیتەڵکاریی بکەین بە یارمەتی ڕوانگەکانی «محەمەد ئەرگۆن» لە بارەی دووجار شکستی دوو هەوڵی ڕێنسانس و ڕۆشنگەریی لە جیهانی ئیسلامیدا.

من: با بێینەوە بۆ لای شیعر، وایدەبینم شیعر لە بن مەترسیدایە، لە سەروەختێکدا ماکینەیەکی زەبەلاحی میدیایی گرێدراوی سەرمایەداریی خەیاڵ و تێڕوانینمان بەرەو جیهانی کاڵاکان ئاڕاستە دەکات، شیعریش دەبێتە قسەکردن لەسەر کاڵا و شمەکان، نابێت ڕادەستی ئەو واقیعە بین فیتشیزمی کاڵایی تێیدا باڵادەستە، شۆڕشگێڕێتی شیعر لەوەدایە لە غەمە مرۆییەکان و بزواندنی هەستی مرۆیی نەبێتەوە، ئەگەرچی هەست یەک سروشتی جێگیر و جاویدانی نییە، بەڵکو بزۆزە و لە هەر سەردەمێکدا دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی واقیعی باو، ئایدۆلۆژیا و ئاینەکان بە توندیی جڵەوی دەکەن، تەنانەت سروشتیش کاریگەریی لەسەر دادەنێت. بە دیوێکی تردا هەست بە چڕیی دەکەوێتە ژێر حوکمی زەمەنەوە، ناکرێت هەستی منێک کە لە سەردەمی تەلەسکۆبی جێمس وێبدا دەژیم هەمان هەستی باپیرە گەورەم بێت کە بە تفەنگێکی سادەوە لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی عوسمانلی و قاجارییەکان دەبووەوە، هەرواش ناکرێت هەستی کەسێک لە خێڵە بەراییەکانی وەک ئایۆریۆ لە پاراگوای هەمان هەستی کەسێکی تر بێت لە لاس ڤیگاس یان ستۆکهۆڵم، بەڵام هەڵوێستی شیعری ڕادیکاڵ بە دەوری هەستە مرۆییەکان و غەمە ئۆنتۆلۆژییەکانی مرۆڤدا دەسووڕێتەوە و خولگەکانی عەشق جێناهێڵێت. بە بڕوای من ئەرکی شیعر هەمان ئەو ئەرکەیە قوتابخانەی ئێکسپریشینیزم «دەربڕینگەرایی» پێی هەڵدەستا. دواجار شیعر موخاتەبەی ڕۆبۆتەکان ناکات بەڵکو بۆ مرۆڤگەلێک دەدوێت هەست و خەیاڵیان هەیە، تەنیا ختووکەی خەیاڵیش نییە، بەڵکو نەخشەی ڕێگایەکی ترە بەرەو بیرکردنەوە.

سێبەر: نەک هەر شیعر، ئەم مەترسییە لەسەر ژانرێکی مۆدێرنی وەک ڕۆمانیشە کە بەرهەمی خودی مۆدێرنێتە و شارە. فلیپ رۆس، ڕۆماننووسی بەناوی ئەمەریکی بە حەسرەتەوە دەڵێت: «دای دوو دەیەی تر جەماوەری ڕۆمان هێندە کەم دەبێتەوە، بە قەد ژمارەی ئەو کەسانەی لێدێت بە زمانی لاتینی شیعر دەخوێننەوە». ڕەهەندی قووڵی ئەم پرسە گرێدەدەمەوە بە پێشکەوتنە دڕندانەکەی تەکنۆلۆژیا و زاڵبوونی کولتووری بەرخۆریی، لە پێشاندا تەکنۆلۆژیا و عەقڵی ڕەها دەستی گرت بەسەر سروشتدا و هەموو هەلومەرجە ژینگەییەکان و ڕۆمانسییەتی سروشتی شێواند، بەمەش زەبرێکی کوشندە بەر دنیای شاعیران کەوت، هاوکات لەناوبردنی خۆشەویستی و بەئامێربوونی مرۆڤ لەنێو هەمان سیستمدا، زەبری خۆیان بە جۆرێک لە شاعیران وەشاند، تێمایەکی بۆ نەهێشتنەوە لەسەری بنووسن، ڕەنگە بە پێی پێشبینییەکانی رۆس دوو دەیەی تر هیچ تێمایەک بۆ نووسینی ڕۆمان نەمێنێتەوە، لە ئەزموونی ئێمەشدا سوارەی ئیلخانیزادە لە شیعری «شار»دا، بەرگەی ژیانی جەنجاڵ و پڕ ئامێر و «ڕەمزی ئاسن و منارە»ی شاری ئازیزەکەی ناگرێت!، چونکە «مەلی ئەوین غەوارەیە»، بۆیە بڕیار دەدات خۆی لە پێشکەوتنی تەکنیکی شار بشارێتەوە لە گوندەکەی خۆیدا و ئیلهام لە سروشتەکەی وەربگرێت، وەک خۆی لە بەیتێکی شیعرەکەدا دەڵێت: «بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم».

من: نکۆڵی لەوە ناکرێت سروشتی پەتی ژێدەرێکی بە پیتی شیعر بووە، بەڵام لەوانەیە شیعر وزەی ئەوەشی هەبێت بۆ زۆر دوورتر لەگەڵماندا بێت. سەیر بکە ژەنەراڵی پایز و عەبدوڵا گۆران دوو شاعیرن تێمای «پایز» لە شیعرەکانیاندا ئامادەیی بەرچاوی هەیە، بە فۆرمێک دەتوانین بڵێین کۆی شیعرەکانیان لە دەوری چەمکی «پایز» دەسووڕێتەوە، بۆیە دەڵێم چەمکی پایز چونکە پێموایە پایز لە شیعری ئەو دوو شاعیرەدا لە وەرزێکی ئاسایی ساڵەوە گۆڕاوە بۆ چەمکێکی شیعریی. پایز لای ژەنەراڵ بە تایبەتی لە لیستی وەرزەکان دەرهێنراوە، بەڵام هەر دوو شاعیر بە ئاڕاستەیەکی چوونیەک مامەڵەیان لەگەڵ پایز نەکردووە، داهێنەرێتی گۆران لەوەدایە پایز وەک چەمکێکی ڕۆمانسیی پێشکەش دەکات،

کەچی لای ژەنەراڵ پایز ئەلەمێنتێکی ئۆنتۆلۆژییە و پابەندە بە پرسیارەکانی مرۆڤ لە بارەی کەینوونەوە، ئەم دابڕانە و پێچەوانەکردنەوەی گۆران لەلایەن ژەنەراڵەوە شۆڕشێکی شیعرییە لە مێژووی شیعری کوردییدا، بەوەی چیتر پایز وەک ئەوەی گۆران لە شیعری «سەوزە گیای پایز»دا فۆرمۆڵەی کردووە وەک خۆی نامێنێتەوە، حەمە عومەر دەستکاریی ئەم جیهانبینییە دەکات، پایز لە ساڵ وەردەگرێتەوە و دەیکاتە پرسیارێکی هەمەکی بوونناسانە. بە گشتیی گۆران سێ بەرابەر بە شیعرە سیاسیی و ئەڤینداریییەکانی شیعری بۆ سروشت نوسیوە، رەنگە بڵێم تاقانەترین دەنگی نزیک بە شیعری ناتورالیستییە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، تۆ وەرە لەگەڵ من لەو سیحرەی شیعری «کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەو» رابمێنە، هەر ناونیشانەکە راچڵەکێنەرە. لێ لۆکاچ ئەدەبی ریالیستی بەو جۆرە لە ناتورالیزم جیا دەکاتەوە کە ئەدەبی ناتوراڵیستی بە زێدەگۆیی «مبالغە» و زێدەوەسفکردن، هارمۆنییەتی گێڕانەوە یان چنینی تێکستە رووبەڕووی شێواندن دەکاتەوە. کەچی لای ژەنەراڵ سروشت دەخزێنرێتە قاڵبێک میتافۆر و ماناپێدانی نوێوە خزمەت بە غەمە وجودییەکانی مرۆڤ دەکەن وەک ئەم هێڵە بە کۆی دیوانی «لە غوربەتا»دا درێژ بووەتەوە، بە مانایەکی تر حەمە عومەر بە چەشنی گۆران وەسفی خودی پایز ناکات وەک وەرزێکی نێو ساڵ، بەڵکو پایز بە جۆرێک دەشیعرێنێت گوزارشت لە ئاوابوون بکات. دەشێ ئیدی ئێمە لە شیعردا باسی ئۆتۆمبیل بکەین، بەڵام لە مانا ماتریاڵییەکەی خۆی دایبڕنین و میتافۆری شیعریی لەسەر دروست بکەین. دنیا و ئەوەشی لە جیهاندا هەیە بە ئۆرگانیزم و نائۆرگانیزمەوە، تێمای شیعریین، کەوتووەتە سەر ئەوەی ئێمە چ ناوەڕۆکێکی جیایان پێدەبەخشین وەک لەو ناوەڕۆکە گشتیی و باوەی هەیانە.

سێبەر: کتومت بەم جۆرەیە. ئێمە پێویستمان بە شیعری پۆرنۆیی نییە، ئەگەر شیعر رۆڵێکی رادیکاڵانە نەگێڕێت هەر نەنووسرێت باشترە، لێرەدا بە ناوی رادیکاڵیزمەوە بانگەشە بۆ بە سیاسییکردنی شیعر ناکەم، لێ بە گرنگیشی دەزانم و جیهانی ئەمڕۆ ئاتاجی هەر شیعرێک یان رۆمانێکە بریندارى بکات. ئادۆرنۆ پێیوابوو شیعری دوای هۆلۆکۆست پووچە، بە دیاریکراویی وتی شیعر دوای

ئاوشڤیتسەوە کارێکی بێهودەیە!. من بەرەو قووڵایی ئەو بابەتە دەڕۆم، پرسیارەکەم بە تەواوەتی ئەمەیە ئایا ڕەوایە ئەم گشتاندنە یان گەورەیی هۆلۆکۆستە لە شیعردا جێگەی نابێتەوە؟. وا بڕوا دەکەم ئەوەی دووەمیان بێت، شیعر نەتوانێت ڕۆبچێتە چیرۆکە زۆر وردەکانی ئەو تراژیدیا مەزنە، ڕەنگە ئەم کارە تەنیا لە توانای ڕۆمان یان سینەمادا هەبێت کارەساتەکە ورد بکاتەوە و لە چیرۆکە زۆر وردەکانەوە گەورەیی و سامناکیی ئەو کۆمەڵکوژییە نیشان بدات، شیعر گشتیترە لەوەی بتوانێت ئەم کارە بکات. لامولیە لە پێگەی ئەدەبی پۆڵ سیلان کەم ناکەینەوە گەر بڵێین هەوڵەکانی بێهودە بوون بۆ ترنجاندنی هۆلۆکۆست بۆ نێو تێکستە شیعرییەکانی، ئەگەرچی دەقەکانی مەزن و شاکاریشن. بە کورتی مەترسییە شیعر تراژیدیاکان ئیستاتیکی بکاتەوە.

من: هاوڕاتم، بەڵام کێشە گەورەکەی ئێمە ئەوەیە نازانین دەقی گەورەمان هەیە یان نا؟، شیعری ڕادیکاڵمان هەیە یان نا؟. گرفتی هەرە سەرەکیی نەبوونی ڕەخنەیە بە هەموو تانوپۆ زانستییەکی خۆیەوە، وەک چۆن لە فیکر و سیاسەتدا جگە لە هەجو، ڕەخنەی میتۆدیمان نییە، بە هەمان شێوە لە ئەدەبدا بە گشتیی و لە شیعردا بە تایبەتی هیچ ڕەخنەیەکی قووڵ و زەنگین بە میتۆدەکانی ڕەخنە لە ئارادا نییە، قۆناغەکانی سەرەتای ئەدەبی کوردیی کە تەنیا شیعر بووە تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، بێ هیچ ڕەخنەیەک بەناو هۆشیاریی کۆمەڵگەی ئێمەدا تێپەڕیوون، دەتوانم هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو قۆناغە بە هۆشیارییەک دابنێم لە دیدگای شاعیرانەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەگەر لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ بخوێنینەوە، تاک و تەرا نەبێت، گەواهیدەری ڕەخنەی ئەدەبی نین، لەم سی ساڵەی دوایشدا خراپترین فۆرمی پیاهەڵدان و شکاندنی کەسیی لە بۆتەی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرجەستە بووە. من نازانم بەهای کارە ئەدەبییەکانم لە کوێدایە؟، مادام ڕەخنەگرێک نییە بە میتۆدێکی زانستیی شەنوکەوی بەرهەمەکانم بکات. ئایا بە ڕاست ئەمە لە خۆیدا کێشەیەک نییە؟.

# بەشی دووەم
# شارستانێتی کۆلاپس

*بەرخۆریی.. فریودانی ئارەزوو
*چەوساندنەوەی ژینگە
*شەپۆلی چوارەم.. ژیان لە شانشینی دیجیتاڵیدا
*سیستمی هیچوپووچی و هەژموونی ئەوباشەکان
*سەرکەوتنی ساناتۆس.. گەڕانەوەی تارمایی جەنگ
*داماڵینی رادیکاڵیزم.. سەرمایەداریی و گەشەپێدانی مرۆیی
*کەوتنی خۆرئاوا.. ژیانەوەی راسیزم و راسترەویی
*رەخنەی رەخنەکان.. رەخنە لە عەقڵی ناعەقڵانی
*ئایدیای شۆڕش لە سەردەمی دژە شۆڕشگێڕییدا
*هونەری ئاڤانگارد.. ترووسکەی شەوەزەنگ

# بەرخۆریی
# فریودانی ئارەزوو

سێبەر: جیاواز لەوەی بیرمەندی ئەڵمانی بە رەگەز کۆریایی (چول هان) لە بارەی دیدگای فەلسەفیی هایدگەرەوە دەیخاتە ڕوو: هایدگەر شوێنی سوبێکتی گۆڕی بۆ دازاین. دەبێت ئێستا ئێمە شوێنی سوبێکت بگۆڕین بۆ پڕۆژە. ئێمە چیتر «فڕێ نەدراوین»، چیتر «چارەنووس»ێکمان نییە، ئێمە پڕۆژەیەکی فڕێدراوین. دیجیتاڵیزە بە تەواوەتی «شت»ەکەی هایدگەر لەناو دەبات، دیجیتاڵ «بوون»ێکی تر و «کات»ێکی تر بەرهەم دەهێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر هایدگەر پێیوابووبێت ئێمە فڕێدراوینەتە جیهانەوە، ئەمێستا جیهان بە تەنیا ماوەتەوە و فڕێدراوێکی تێدا نەماوە، بەناولێنانی ژان بۆدریار (جیهانێکە بێ ئێمە)! جیهانێکە لە بری ئێمە لیپاولیپە لە کاڵا و زێدە بەرهەمی کۆمپانیاکان، ئەوەی ئێستا فڕێدراوەتە ناو ئەم جیهانەوە چیتر ئێمە نین، ئەوەی هەنووکە هەڵدراوەتەوە جیهانەوە کاڵا و براندە جۆربەجۆرەکانە، ئەوان لە بری ئێمە پاڵەوانی ناو جیهانن، لەناو جیهانی کاڵاسەروەریی و مارکەبازیشدا مرۆڤ بەهای کاڵاکان دیاری ناکات، بە پێچەوانەوە کاڵاکان بەهای مرۆڤ دیاری دەکەن، بۆ ئەوەی بەهات زیاتر بێت، پێویستە زۆرترین کاڵای ناپێویستت لە دەوری خۆت خڕکردبێتەوە، دەبێت سەروکاریی و دۆستایەتیت لەگەڵ گرانبەهاترین مارکەدا هەبێت، بە واتای ئەوەی پێگە و سەنگی سوبێکت پەیوەندیی هەیە بە ئۆبیکتەوە، چیدی شتەکان پێناسەت دەکەن، ئەگەر لە پێشووتردا مرۆڤ «سوبێکت» پێناسەی بە باڵای شتەکاندا «ئۆبێکت» بڕی بێت، لەم ڕۆژگارەدا ئەم هاوکێشە تەواو پێچەوانەوە بووەتەوە، ئیدی لەم جیهانە کاڵاییەدا، کاڵا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و ژیانی ئاسایی نییە، بەڵکو هیرارکییەتی مرۆڤ دەستنیشان دەکات. دروست وەک ئەوەی بادیۆ لە دیمانەیەکیدا دەیخاتەڕوو:

(هەموو شتێک لە ئەفسوونی کاڵادا تواوەتەوە). ئەمەش هەمان ئەو پرەنسیپە کلاسیکییە بوو مارکس جەختی لێ دەکردەوە: لە هەر شوێنێک بەهای کاڵا بەرزتر بوو، بەهای مرۆڤ نزمترە.

تراژیدیاکە لەوەدایە کاتێک تۆ رادەستی ئەو سیستمی مارکەبازییە نابیت، ئەرزشت کەم دەبێتەوە و تەریک و تەنها دەکەویت. لەوانەیە جار جار کەسێک لە روانگەی (دڵسۆزییەوە) بە زمانێکی پڕ ئامۆژگارییەوە پێت بڵێت بە پێی ستایلی تازەی ژیان بژی و لەگەڵ سەردەمدا بیر بکەرەوە!. ئایا هەر بە راست کاڵاپەرستانیش توانای بیرکردنەوەیان هەیە؟ راستتر وایە ئامۆژگارییەکەیان راشکاوانەتر دەربڕن و بڵێن لەگەڵ دنیاکەدا بڕۆ و دەست و پەنجە لەگەڵ ئەوە نەرم بکە هەیە و لە هەناوی سیستمی مارکەبازیی و کاڵاپەرستیدا هەناسە بدە و رەفتار بکە نەک بیر بکەرەوە، مرۆڤی کاڵاپەرست و مەسرەفگەرا لە هونەری بیرکردنەوەدا کۆڵەوارە، ئەو خۆی بووە بە بەشێک لە کاڵاکان، کاڵاش نائۆرگانیزمە و بیری پێ ناکرێتەوە، بیرکردنەوە لەناو سیستمی کاڵاپەرستیدا بوونی نییە ئەوەی هەیە پراکتیسی کوێرانە و هەڕەمەکیانەی بێ بیرکردنەوەیە. لەوە ناچێت ئەم بیروڕایانەش کڕیاریان هەبێت و هیچ کام لەو تێمایانەی باسیان دەکەم بە پێوەرەکانی سەردەمەکەمان، تێماگەلێکی بە نرخ بن، چونکە هیچ کات بەردەنگ مەگەر تاک و تەرا نەبێت ناگاتە ئەو شتانەی بە لای ئەوەوە پەسەندن و دڵی دەیخوازێت و رەنجی بۆ دەدات. ئەمە جێی سەرسووڕمان نییە؟ بۆچی؟!، چونکە هەموو ئەو شتانەی لای مرۆڤی نوێ خۆشەویستکراون، کاڵاکانن، لە دەرەوەی جیهانی کاڵاکان هیچ شتێکی ئەوتۆ بوونی نییە نرخێکی گرانی هەبێت ئەوەش بە گوێرەی ئەو هەلومەرجە بێ گیانەی ئەمرۆمانی داپۆشیوە. ئەگەر مارکس پێشان وتبێتی ئاین روحی سەردەمێکی بێ روحە، ئەمە هەڵگەڕاوەتەوە بۆ کاڵا روحی سەردەمێکی بێ روحە. شوێنگۆڕکێیەک روویداوە کاڵا چووەتە شوێنی ئاین، بەڵام هێشتا نیوەی قسەکەی ئەومان نەوتووە، رستەکە بەو شێوەیە تەواو دەبێت بشڵێین: کاڵا تلیاکی گەلانە.

من: لە دیدی ژاک لاکاندا ئارەزوو شتێکی جیایە لە پێویستییە بایۆلۆژییەکان، لە ریشەوە ئارەزوو بەهۆی بوونی ئەوانیترەوە هەیە، بەڵکو ئارەزوو داواکارییەکی

چاوچنۆکانە و تێرنەخۆرانەی ئۆبێکتخوازە، بە مانایەکی تر ئارەزوو لە دەرەوەی پێناسە باوەکەدا، ئارەزووی تۆ لەلایەن خودی خۆتەوە بڕیاری لەسەر نادرێت، بەڵکو لەلایەن ئەویترەوە بۆت دروست دەکرێت، تۆ کاتێک کاتژمێرێکی پێنج سەد دۆلاری یان گرانتر لە دەست دەکەیت، لە هەوڵی ئەوەدایت دەوروبەرەکەت رازی بکەیت و ئارەزووی ئەوانیتر تێر بکەیت، وەک دیاریشە ئارەزوو هیچ کات ناگاتە ئۆرگازم و زەمەنی چێژ کورتخایەنە. هەرچەندێک رۆبچیتە ناو کاڵاکانەوە و زیاتر خۆت ماندوو بکەیت بۆ بەدەستهێنانیان، سیستمی بازاڕگەرایی کاڵای زیاتر و سەرنجڕاکێشتر دەخاتە بەردەمت و پەشیمانت دەکاتەوە لەوەی کڕیووتە، چونکە پێتوایە ئەمە هەمان ئەو کاڵایە نییە ئارەزووت لێی بووە! بۆیە بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت لە رێگەی ریکلامسازییەوە کراویتە کۆیلەی بازاڕ و کاڵاکان. لە پوختەترین دەربڕیندا «ئارەزوو گەڕانە بە دوای ئۆبێکتی لە دەستچوودا». هێنریک بیەر لە شیکاریی ژاک لاکان و ژیژەکدا دەیەوێت ئەمەمان پێ بڵێت. تێری ئیگلتۆن، بیریاری چەپی بەریتانیی باس لە چوونە پێشەوەی داهێنانێکی زانستی نوێ دەکات هەست و سۆزمان دەناسێتەوە لە کاتی بازاڕکردندا و ئەوەی دەیڤس پێی دەڵێت: «بەڕێوەبردنی چاودێریی و دەسەڵاتی هەستەکانمان» یەکێکە لە خێراترینی فۆرمە پەرەسەندووەکانی زانینی کاریگەر. بە هەمان شێوەی بازاڕ لە بازاڕ دەکۆڵێتەوە کە لە ئێستادا بەرنامەی گرانبەهای سکانکردنی رووخسار بەکاردەهێنێت بۆ دەرخستنی دۆخە هەستەکی و عاتیفییەکانی کڕیار، تا زیاتر چاویان گەشاوە بێت. پسپۆرانی دەماریش گلەیی ئەوە دەکەن تازە بە تازە نزیک بوونەتەوە لە دۆزینەوەی «کلیلی کڕین» لە مێشکدا.

سێیەم: رووخسارێکی سەرەکیی بەرخۆریی «مەسرەفگەرایی» لە دیاردەی پۆشاک کڕیندا دەردەکەوێت. ئەگەر قووڵتر بیری لێ بکەینەوە، جلوبەرگ مەدلولاتی کۆمەڵایەتی و مانای کولتووریی خۆی هەیە و نوێنەرێکی دەرەکی ئایدۆلۆژییە، ئەزموونی کوکۆ شانێل لە دیزاینی جلوبەرگی ژناندا جەستەی ژنی بەرەو فۆرمێک لە ئازادیی برد بە لابردنی هێڵی سەر کەمەر و سمت، دیزاینێکی نوێی برەو پێدا لەشی ژنانی لە قەفەزی پۆشاکی تەسک و تەنگی سەردەمەکەی خۆی رزگار

کرد «واتە سەرەتای سەدەی بیستەم»، بە پێچەوانەوە کریستین دیڤەر لە دەیەی چلەکانی سەدەی بیستەم دووبارە کۆرسێتی و کەمەری سمتی گەڕاندەوە نێو مۆدیلی جلوبەرگی ژنان، لەگەڵیدا کلێشەیەک مینجۆبی کردە مۆدێل تیایدا سمت زەق دەکراوە، ئەمەش بوو بە جێگەی رەخنە توندەکانی کوکۆ شانێڵ. ئەم دوو ستایلە سەلمێنەری ئەو فاکتەن لە پشت جلوبەرگەوە دۆکترینەکان ئیش دەکەن، هەر لە رێگەی پۆشینەوە دەتوانرێت گروپ و چینە کۆمەڵایەتییەکانیش دەستنیشان بکرێت، بۆ نموونە لە ئێرانی سەردەمی هەخامەنشییەکاندا، جلوبەرگی سپی هێمای پیاوانی ئاینی بوو، جلی رەش تایبەت بوو بە پادشاکان، جلوبەرگی شین تایبەت بوو بە جووتیاران، جلوبەرگی سوور تایبەت بوو بۆ سەربازان. لە گەشتنامەی «ریچ»شدا بۆ کوردستان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا باس لە جیاوازیی پۆشین دەکات لە نێوان ژنانی شارنشین و لادێنیشنی کوردەوارییدا کە جلوبەرگی هەر کام لەو دوو گروپە هەڵگری مەبەست و مانای کۆمەڵایەتی جیاواز لە یەکتر بووە، بەڵام تێبینی ئەوەشی کردبوو ژنی کورد لە رووی پۆشین و ئازادییەوە لە پێش ژنی تورک و فارس و عەرەبەیەوە. مۆدیلگەرایی و مەسرەفکردنی زۆری جلوبەرگ کە لەسەر حیسابی ژینگە و زیندەوەرانی دیکە تەواو دەبێت کە یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی سیستمی سەرمایەداریی، تا ئەوەی پاشەڕۆکی ئەو مەسرەفگەراییە قەیرانێکی ژینگەیی گەورەی خوڵقاندووە، رۆژانەش شارەوانییەکان ناچارن کارمەندی زۆرتر دابمەزرێنن و پشت بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووتر ببەستن تا بتوانن فریای کۆکردنەوەی ئەو هەموو تەلەف و پاشماوە زۆرانە بکەون. لێرەدا پەیوەندیی بەرخۆریی و تێکدەرە ژینگەییەکان لە روونترین فۆرمدا دەبینین، ئەمە ئەو بوارەیە مرۆڤی نوێ لە بیری کردووە کە خۆشگوزەرانی ئێستا لەسەر بەدبەختی نەوەکانی ئایندە رۆنراوە.

ئەگەر لە رووی مێژووییەوە تەماشای بکەین یەکێک لە گرنگترین و پڕ داهاتترین پیشەسازییەکانی دەستپێکی شۆڕشی پیشەسازیی بریتی بوو لە کارگەکانی رستن و چنین بۆ ئامادەکردنی جلوبەرگ، لە سەدەی سیانزەدا فلاندرن بوو بە مەڵبەندێکی سەرەکیی پیشەسازیی رستن و چنین لە تەواوی ئەورووپادا.

لەگەڵ سەرمایەدارییدا مۆدیلگەرایی سەرهەڵدەدات، لێ پێشان جلوبەرگە لوکس و پۆشتە و پەرداخەکان، براند و تایبەتمەندییەکی چینی ئەریستۆکرات و فیوداڵ بوو، بەڵام سەرمایەداریی ئەم ئەدگارەی گۆڕی و تەنانەت چینەکانی خوارەوەی راهێنا لەسەر نەریتی مەسرەفکردنێکی زۆری جلوبەرگ، هەرچەندە تا ئێستاش جلوبەرگ دەستنیشانی پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی تاکەکان دەکات، کەچی ئەمە رێگر نەبووە لە گشتیبوونەوەی مۆدیلگەرایی. بازرگانی و ئاڵوێری قوماش ئەگەرچی لە پێش سەرمایەداریدا بازرگانییەکی بێ سوود نەبووە، بەڵام لەگەڵ سەرمایەدارییدا ئەم بازرگانییە رێکخراوتر و هەراشتر رۆڵ دەگێڕێت، بەوەی بۆنە و ریتواڵە ئاینییەکانیش کە جلوبەرگی تایبەتیان تێدا دەپۆشرێت دەکات بە بەشێک لە خۆی و بە مۆدیلێکی تر بەرهەمیان دەهێنێتەوە، بێجگە لەوەی لە پەنا ئەم نەریتانەدا، سەدەها بۆنەی تری دەرەوەی ئاینی داهێنا، هەر یەکێکیان فۆرمێک لە جلوبەرگی تایبەتی بەسەردا سەپێنرا، بەم شێوەیە مۆدە لە دەیان کەناڵی ترەوە رژایە ناو ژیانی مرۆڤایەتییەوە، لە کاتێکدا گرانبەهاترین جلوبەرگ وەهمێکە و رەنگە تەنیا ماکینەکانی ریکلامسازیی دەستیان هەبێت لە هەڕمێن پێدانیدا، ئەگەرنا بۆی هەیە هەر هێندەی جلوبەرگێکی ئاسایی و هەرزان تێچووی هەبووبێت لە رووی ئابوورییەوە. با بە نموونەیەکی سادە ئەمە روونتر بکەینەوە، رەنگە تەنورەیەکی کورت یان عەزییەکی یەک تاڵی کە کەمترین قوماشی تێدا بەکارهێنراوە و بە خێراترین و سادەترین شێوەش ئامادەکراوە، نرخەکەی بگاتە نرخی دە پانتۆڵی کاوبۆی!، ئەمە بۆچی؟ تەنیا لەبەرئەوەی ریکلامسازیی خستوویەتییە مێشکمانەوە لە رێگەی پۆشینی ئەو کاڵایەوە پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیت بەرزتر دەبێتەوە، وەک چۆن پێشتر ئەم جادووە لە ئەفسانەی ئاوریشمدا بەکاردەهێنرا.

من: زیگمۆند باومان لە پڕۆژە «شل»ەکەیدا (لە بنچینەدا زنجیرەیەکی هەشت کتێبییە) کاتیگۆرییەکی تری مەسرەفگەراییمان نیشان دەدات ئەویش ئەو نەریتە بەرخۆرییەیە لە کاڵا و ماتریاڵەکانەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو هەست و ئینتیمیتێتە مرۆیی و ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان ئەمەش سەری کێشاوە بۆ هەڵگەڕانەوەیەکی پارادۆکسانەی ماناکانی بوون و ئاکار و ئەوین. بەدەر لەوەی تەکنۆلۆژیا بەرزەفتی

کردووین و لە ژێر سانسۆر و چاودێرییدا رایگرتووین لە هەمان کاتدا بە هۆی زێدە مەسرەف و بەکاربردنی درێژماوەی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانەوە تۆقین «تراوما» وەک ماددەیەکی شل رژاوەتە هەناومانەوە، هەموو لەوە دەترسین سبەی چی روودەدات و داخۆ چیمان بەسەر دێت؟ سەرەنجام تووشی داڕووخانی ئاکاریی بووین و لەم چوارچێوەیەشدا جەنگ و کاولکارییەکان پاساو دەدرێنەوە و رەواییان پێدەدرێت. پێشتر هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لە کتێبی «دیالەکتیکی رۆشنگەریی»دا بەو دەرئەنجامە گەشتبوون بە ناکامبوونی ئەفسانەکان بە تایبەت دوای سەرپێکەوتن و سەرکەوتنی عەقڵ وەک دوا ئارەزووی رۆشنگەریی، مرۆڤ کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی ئوستورەیەکی نوێترەوە ئەویش ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانە. باومان لە کتێبی یەکەمی زنجیرەکەیدا «مۆدێرنەی شل» سەرنجمان بۆ گلوبالیزەیشن رادەکێشێت، چۆن هەمووومانی تووشی دەردێکی تازە کردووە، ئەویش بریتییە لە بەکاربردن کە وەک خۆی دەڵێت: بەرخۆریی (مەسرەفگەرایی) بووەتە سەنتەری ژیان، چونکە مرۆڤ بەبێ ئامانج و بێ هۆ بە دوای نوێکردنەوەی کاڵاکانەوەیە، ئەوەش مرۆڤی هاوچەرخی کردووە بە بوونەوەرێکی راڕا و شترێس کە تووشی ئالودەبوون بووە بە پەتای بەرخۆریی و هەڵپەی بەردەوام بۆ نوێکردنەوەی شتەکان، لەم پێناوەشدا هەموو وزەیەکی مانەویی و ماددیی خۆی بۆ دەستڕاگەیشتن بە تازەترین جۆری مارکە و کاڵاکان بە فیڕۆ دەدات.

ئەم رەوشتە شلەش نەک هەر بەسەر کاڵاکاندا پیادە دەکرێت بەڵکو بەسەر پەیوەندییە مرۆییەکانیشدا پراکتیزە دەکرێت، وەک چۆن پێمانخۆشە زوو زوو موبیلی ماڵەکانمان بگۆڕین و ئەوانی پێشوو فڕێ بدەین، ئەم رەوشتە پەلی راکێشاوین بە هەمان فۆرم مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە زیندووەکان و ئینتیمیتێتییەکانیشدا بکەین، بۆیە خواستی ئێمە بە یەک پەیوەندیی سۆزداریی داناسەکێ، بەڵکو خوازیاری خێرا خێرای ئاڵوگۆڕین لە ژیانی سۆزداریماندا، وەک پاسارییەک حەز بە فڕین دەکەین لەم چڵ بۆ ئەو چڵ. لەم فەرهەنگەدا وەک دەرهاویشتەیەکی مۆدێرنەی شل، هیچ شتێک مەحاڵ نییە و زەمینەی بە واقیعکردنی هەر فەنتازیایەک رەخساوە، بەڵام هاوکات زەمەنی هیچ شتێک درێژە ناکێشێت و دڵنیاییمان نییە

لەوەی شتەکان بۆ ماوەیەک زۆر بەرگە بگرن و بمێننەوە. بەدەر لەوەشی ئەم ئاکارە فۆرمێک لە تاکگەرایی پەرەپێداوە گرنگیی کۆمەڵگەی سڕیوەتەوە، ڕێک وەک ئەو ئەنجامەی هێربرت مارکۆزە لە کۆمەڵگەی بەرخۆری چاوەڕوان دەکرد کە بریتیبوو لە بەرهەمهێنانی مرۆڤی تاکڕەهەند، نەک هەر ئەوەندە مەسرەفگەرایی مرۆڤی پەلەپەلکەری هێناوەتە سەر سەکۆی ژیان، مرۆڤێک لە سبەینێ دڵنیا نییە، بۆیە دەیەوێت هەموو چێژێک لە ئەمڕۆدا هەڵمژێت، سبەینێ یان ئاینده لە زەینی ئەم مرۆڤەدا بوونی نییە، بەوەش دوچاری ناجێگیریی دەروونی و واسواسی بووەتەوە. باومان ئەم ئەنجامگیرییانە دەکاتە تێمایەکی بەرفراوانتر بۆ قسەکردن بە تایبەت پانتایی کتێبی دووەمی زنجیرەکەی «ژیانی شل» بۆ مشتومڕکردن لە بارەی بەرخۆرییەوە تەرخانکردووە، دەشێ بڵێین ژیانی شل ناوێکی ترە بۆ بەرخۆریی کە بووەتە سەنتەر و سیمای راستەقینەی ژیانی ئەمڕۆمان. لەناو ئەم شارستانییە بەرخۆرییەدا بەهۆی ریکلامسازییەوە جۆرێک لە ئەفسوون بە دەوری کاڵاکان دروستبووە وەک بڵێی دوا خەونی بەدینەهاتووبن، لێ لەگەڵ بەدەستهێنانیاندا تەلیسمەکەیان دەشکێت و هیچ جوانییەکی سەرنجڕاکێشیان تێدا نامێنێتەوە، ئینجا لەوە حاڵی دەبین چ فێڵێک لە چاو و هەستمان کراوە، بەڵام لەولاترەوە بەرهەمێکی نوێتر لە زەینماندا ئایدیالیزە دەکرێت، بەم جۆرە لەسەر ریتمی یارییە سیزیفییەکە بە دوای بە دەستهێنانی ئەو کاڵایانە دەکەوین، سروشتی ئەم کاڵایەنەش وایە بە تازەیی کۆن دەبن. بە دەربڕینێکی تر ئەوە شت و کاڵاکان نین، کەڵکی بەرکارهێنانیان نەماوە یان تەمەنیان تێپەڕیوە و چیتر کارئاسانیمان بۆ ناکەن، لە ریشەوە کاڵا نوێباوەکان لە دۆخی شلییەکی جادووییدان و هێندەی بۆ کەشخەین بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانمان نین، بەڵکو ئەوە خەیاڵدانی ئێمەیە لە روانینی بۆ کاڵاکاندا دەستکاریی کراوە و هەمیشە لە بارێکی ناجێگیردایە، ئەو زەینە بەڕێوەمان دەبات چیتر «مۆد» و «سەردەم»ی ئەم کاڵایانە نەماوە، بۆیە وەک باومان دەڵێت ژیانمان لە ماراسۆنێکی بەردەوامدایە بە دوای شمەکەکاندا.

ریکلامسازیش قۆرییەکەی عەلادینە و بەخێراترین شێوە ویستەکانمان لە جیهانی شتومەکدا جێبەجێ دەکات. مرۆڤی هەنووکە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت

دەکرێتە ئەکتەر لەو شانۆ ریکلامسازییەی بەڕێوە دەبرێت، وەک چۆن لە ریکلامە ناسراوەکەی برنجی مەحموددا، شێفە (بەسیتەکە) ریکلام لەناو ریکلامدا دەکات. گوایە برنجی مەحمود ریکلامی ناوێت. لە روانگەی «باومان»ەوە ریکلامسازیی گەرەکێتی ئەو مەسیجەمان پێ بگەیەنێت بە بەدەستهێنانی ئەو کاڵایانە دەگەینە چێژێکی رەها و تێربوونی تەواوەتی، لە کاتێکدا دەخرێینە دەریایەکی وەهمی پێداویستییەکانەوە، دیقەت بدەن میتافۆری دەریام بەکارهێناوە، ئەمە بە رێکەوت نەبوو بەڵکو ویستم ئەو وێنایە لە ئەندێشەدا سکێچ بکەم تا لە سوێراوی دەریا بخۆینەوە زێدەتر تینوو دەبین، ئیدی گرنگ نییە کاڵاکە چییە و بە چ کوالێتییەک بەرهەم هێنراوە، گرنگ ئەوەیە لە رێگەی ریکلامسازییەوە کاڵاکە ئایدیالیزە کراوە و گۆڕاوە بۆ (نیشانەیەک تا درزێکی رەمزیی پڕ بکاتەوە) ئەمە ئەو تێبینییە وردەیە لە بۆدریارەوە فێری بووین لە بارەی بەرخۆرییەوە. هەروەتریش چیدی قارەمان کلاسیکییەکان و ئەوانەی ئامادەن لە پێناوی بەهایەکی گرنگدا بمرن نابنە ئایکۆنی ئەم ساتەوەختە، بەڵکو سەردەمی ئەو پاڵەوانانەیە بە بەرخۆریی سیستمی باو دەژێنن. سەردەمی کڕینی زۆر و بازاڕکردنە، هیچ سەیریش نییە مرۆڤی خاڵیکراو لە مانا و ئامانجی ژیان، بەرزترین ئامانجی مەسرەف و بازاڕکردن بێت، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی جەستە بیانوویەکە بۆ جلوبەرگ، مەچەک بووە بە بیانوویەک بۆ نمایشی مارکەی کاتژمێر. ئیدواردۆ گالیانۆ، نووسەری ئۆرۆگوایی، ئەم چاخە بە (سەردەمێکی ناماقووڵ و کولتوورێکی تەنگ) لە قەڵەم دەدات بەوەی مەحکومین بە گوزەراندنی ژیان لەو پانتاییە کولتوورییەی تێیدا «جلوبەرگ گرنگترە لە جەستە». وەکبڵێی جەستە هیچ مانایەکی نییە، ئەگەر بە پۆشاکی گرانبەها و بە پێی مۆد نەڕازێنرێتەوە، هەر لەم پنتەوە بوو پییەر بۆردیۆ خۆ بەگەورەزانینی کۆمەڵایەتی بە مەسرەفگەراییەوە بەستەوە.

لە رەهەندێکی ترەوە بەرخۆریی تەنیا کاتیگۆرییەکی ئابووری پەتی نییە، بەڵکو پەلی کێشاوە بۆ دوورترین شوێن لە ژیانماندا. کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر گیرۆدەی مەسرەفگەراییە، تەنانەت رایەکی کەمێک جیاوازترم هەیە لە بارەی ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا پێی دەگوترێت قەیران، کێشە راستەقینەکە لە کوردستان،

نەبوونی پارە و مووچە و سیاسەتی تەقەشوفی دارایی نییە لەلایەن حکومەتەوە، تەنگژەکە ئەو پارە رژانە بێ سەروبەرەیە، گەندەڵیی و مەسرەفگەرایی کردووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هەمەکی، ئەو ئابوورییە کرێخۆرییەیە پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە و لە سایەیدا کۆمەڵگە بووە بە تەمبەڵخانە و جێگەیەکی شیدار بۆ قەوزە بەکاربەرە بێ بەرهەمەکان. لە چیرۆکی «پەتاتەخۆرەکان»دا، فەرهاد پیرباڵ باسی گوندەکەی «فەرەیدون»ی پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەکات کە دوای سیانزە ساڵ لە هەندەرانەوە دەگەڕێتەوە گوند، پاش ئەوەی تاعون لە گوندەکەدا بڵاوبووەوە و پەتاتەخواردن ببوو بە نەریت، ئەم لەهاتنەوەیدا فەردەیەک زێڕ هەڵدەڕێژێتە بەردەم خانەوادەکەی، هەموو کەسوکارەکەی بەلالووتەوە دەڵێن چۆن دەکرێت پەتاتەت نەهێنابێتەوە؟!. بۆمان هەیە بڵێین ئەمە چیرۆکی فەرهاد خۆیەتی، تاعون نیشانەیەکە بۆ بە کولتووربوونی بەرخۆریی، زێڕەکە دکتۆراکەیەتی و پەتاتەش دۆلار یان فرەنک. ئەوەی راستی بێت شتێک لە بەرخۆریی ئابووری زیاتر لێی بترسم، مەسرەفگەرایی زمانە، رووداوە تاڵەکەش ئەوەیە رووبەری مەجازیی و میدیای کوردیی زۆرترین زمان مەسرەف دەکەن بێ ئەوەی هیچ شتێک لە دنیاکەماندا گۆڕان بەخۆیەوە ببینێت. بە کورتی سەرمایەداریی لە رێگەی زاڵکردنی ستایلی ژیانێکی نموونەیی بەهادار (زۆرتر شێوازی ئیدیالیزەکراوی ئەمەریکییە)، هەرمێنێکی فراوانی بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمی کۆمپانیا و بزنسە گەورەکان رەخساندووە، خەیاڵی ئەم نەوە تازەیە (بێ ئەوەی توانجیان لێ بدەم) بەرەو جێگەیەکی تر کە ستایلی تازەی ژیان و مۆدەبازیی و مەسرەفگەراییە ئاڕاستە دەکرێت و کراوە، لەناو ئەم ستایلە تازەیەی ژیانیشدا خێراگۆڕینی شتەکان و راکردن بە دوای وێنا نموونەییەکاندا بووەتە هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر، ئەمەش زیاتر وەک نەخۆشییەک خۆی دەنوێنێت، رەنگبێ وا پێویست بکات لە روانگەی پاتۆلۆژییەوە لێی وردبینەوە، لە سۆنگەی ئەوەی هەموو شتێک بە کاڵا دەبینرێت جا با ئەو شتە سۆزی مرۆیی و ئەویندارییی و هاوڕێتی و سۆلیدارێتیش بێت، هەموو کاڵایەکیش بە خێرایی مۆدی بەسەردەچێت و جێگەی خۆی دەدا بە کاڵایەکی تازەتری تەمەن کورتتر لە خۆی. ئا لێرەوەیە راڕایی و دڵەڕاوکێ لە سایەی گلوبالیزەیشندا بوونەتە دیاردەیەکی یونیڤرساڵ.

سێیەر: وەک خۆم لە پرسی بەرخۆرییدا ئەو تێبینییەم لەلا دروستبووە، بەشێکی زۆری دانیشتوانی هەسارەی زەوی لە بارودۆخێکی ئیکۆنۆمی هێندە خراپدان، بیر لە زێدە مەسرەف ناکەنەوە، بە قەدەر ئەوەی بە دوای بژێویی ژیانی رۆژانەوەن، هاوکات چاویان بڕیوەتە نرخی ئەو خۆراک و کاڵا هەرزانانەی داراییان هەڵیدەگرێت. سەرمایەداریی ناوەڕۆکی چینایەتی خۆی لە فۆرمی جیاجیادا بەرهەم دەهێنێتەوە، هیرارکیزم ئەو رووخسارە زەقەیە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەشکردووە بەسەر دوو جیهاندا، جیهانی سەرەوە و جیهانی ژێرەوە. هەرچی بەرخۆرییە ئەدگارێکی کولتووریی سەر بە جیهانی سەرەوەیە، لە وڵاتانی پیشەسازیی و دەوڵەمەندا مەسرەفگەرایی بووەتە جۆرێک لە نەخۆشیی و ناشێ لە رووی پاتۆلۆژییەوە لێی ورد نەبینەوە، هەرچی جیهانی ژێرەوە یان وڵاتە هەژارەکانیشە لە بری پەتای بەرخۆریی، دیاردەی برسێتی و نەبوونی خۆراکی پێویست و ئاوی شیرین بڕستی لێ بڕیون، بۆ ئەم جوگرافیایانە بەرخۆریی بەڵا گەورەکە نییە، کێشەی سەرەکیی نەبوونییە بە تایبەت دەستڕانەگەیشتن بە خواردن. لەو قەیرانەی لە ئەمساڵەوە «٢٠٢٢» لە ئەوروپا دەستی پێکردووە بە تایبەت لە چوونە سەرەوەی نرخی کاڵا و پێداویستییە خۆراکییەکاندا، بەشێکی زۆری هاووڵاتیان چاویان لە نرخی هەرزان و کاڵایەکە زۆرترین ماوە بەرگە بگرێت. وایدەبینم قۆناغێکی تازەتر لە ئەوروپا بەڕێوەیە، هەژاریی دەخاتە جێگەی بەرخۆریی، ئەمەش سروشتی راستەقینەکەی کاپیتالیزمی سەردەمی نیولیبراڵیزمە، یان دەبێت هەژارانە بژیت یاخۆ دەبێت لە رێگەی مەسرەفگەراییەوە، داراییەکەت بۆ خودی نەزم بگەڕێنیتەوە.

رۆب ئەلبێرتن لە کتێبی «لێیان بگەڕێن با خاشاک بخۆن» کە ساڵی ٢٠٠٩ چاپکراوە، سەرنجمان بۆ لای خاڵێک رادەکێشێت پێشتر لە هیچ کتێبێکی تر لە بارەی خواردنەوە بەر ئەو رادیکاڵیزمە نەکەوتووین. تیۆرییەکەی ئەلبێرتن لەم کتێبەدا بریتییە لە چۆنێتی گۆڕینی سیستمی خواردەمەنی بۆ کاڵا لەلایەن سەرمایەدارییەوە، لە دوا دەرئەنجامیشدا «قەڵەویی و برسێتی رادەبەدەری لێکەوتووەتەوە». ئەو نموونەی شەکر دەهێنێتەوە وەک هەرزانترین ماددەی خۆراکیی کە زۆرترین قازانج دەچنێتەوە بۆ وەربەرهێنەران و کۆمپانیاکان، رۆژ

بە رۆژیش بەفراوانتر دەچێتە ناو خۆراکەکانمانەوە. لە کاتێکدا شەکر ژەهرێکی زیادەیە، لە ریکلامی کۆکاکۆلادا کە شەکر پێکهاتەی سەرەکیی ئەو خواردنەوە گازییەیە، بەر ئەو دیمەنە دەکەوین کوڕ یان کچە لاوە رەشیقەکان لە گرتەکاندا دەردەکەون وەک بڵێی ئەو جەستە رێکوبارێکە زادەی ئەم خواردنەوە ژەهراوییە بێت، تۆ باش دەزانیت خواردنەوەی ئەم شلەمەنییە هیچ پێویست نییە بەڵکو زیانیشی هەیە، بەڵام لە پرۆسەی چێژە ئایدیالیزەکراوەکاندا ئیشتهامان بۆی دەچێت، من خودی ئەو چێژەش ناودەنێم چێژی ژەهراویی. لە ریکلامی جگەرەشدا، ژیژەک بۆردی ریکلامێکی ئەڵمانیمان بیر دەخاتەوە بۆ جگەرەی «مارلیبرۆ»، چۆن لە ژێر ئەو رستەیەی ئاگادارکردنەوەی تێدایە لە بارەی ئەوەی جگەرە زیانمەندە بۆ تەندروستیی، دەربڕینێکی تر زیاد کراوە (خەریکە شتەکە دەبێت بە راستیی)، بۆ خۆی هاندان و ختوکەدانێکە بۆ بەردەوامبوون لەسەر جگەرەکێشان، بە هەمان تۆنی دەنگی ژیژەک: تەنیا لەم رێگەیەوە جگەرەکێشان بە کرداریی دەبێتە بەرخۆریی و مەسرەفگەرایی: من ئامادەم لەودیوی پرەنسیپی چێژەوە جگەرە بکێشم، لەودیوی غەم و ختوورە تڕوهاتە سوودخوازییەکان دەربارەی سەلامەتی.
ژیژەک بۆ ناونان لەم مەسرەفگەراییە نوێیە پەنا دەباتە بەر ناولێنانەکەی جێرمی ریڤکین «سەرمایەداریی کولتووریی» کە تێیدا (خودی ژینگەش گۆڕاوە بۆ نیشانەیەکی بازرگانی ستایلێکی تازەی ژیان). چونکە ریکلامە بازرگانییەکان کەرەستە خۆراکییەکان ئایدیالیزە دەکەن، وەک پاکژترین جۆری خۆراکی دوور لە ماددە کیمیاییەکان، سەرنجمانی بۆ رادەکێشن، دواجار ئەم خۆراکانە نەک بیۆ «فریش- رەسەن» نین بەڵکو بە دەربڕینی ژیژەک چەند قات دەستکارییکراوترە لەو خۆراکە «ئەندامی»یەی هیپییەکانی ئەمەریکا بەکاریدەهێنن.

بە کورتی ئێمە لە ناو جیهانێکی کاڵاییدا رانەگیراون بەڵکو لەناو ژیانێکی بەکاڵابوودا رۆژەکانمان بەڕێدەکەین، ریکلامەکان بەرەو فیتشیزمێکی کاڵایی وا رایانکێشاون، لە کڕینی جووتێک پێڵاوی نایکدا بڕوایان پێهێناوین، ئێمە بە تەنیا پێڵاوێکمان نەکڕیوە، بەڵکو شتەکە لە پێڵاوێک زیاترە، رێز و شکۆی خۆیشمان کڕیوە. لەناو ئەم ژیانە بەکاڵابووەشدا هەر شتێک ئارەزووی دەکەیت بەردەستە،

لە هەمانکاتدا ئەلبێرتن دیمەنێکی تری دراماکە نیشان دەدات، ئەمیش بریتییە لە برسێتی و ژیانی ئەو ملیۆنەها مرۆڤەی ڕۆژانە بە خوارتر لە دوو دۆلار ژیان دەبەنە سەر. کێشەکەش نەبوونی خۆراکی پێویست نییە بەڵکو ئاریشەکە نەبوونی سیستمێکی دادپەروەرە بۆ بەڕێوەبردنی جیهان. لە چیرۆکی «تاکێک پێڵاو»ی سەمیرە عەزامدا ١٩٢٧-١٩٦٧ خاوەن ماڵەکە، چەندان جووت پێڵاو پێشکەش بە خزمەتکارەکەی «واتە دایکی بەدرییە» دەکات تاکو بیباتەوە بۆ کچەکەی کە (وەک ناوێکی بێ وێنە) مابووەوە، کاتێک چەند ڕۆژێک دایکی بەدرییە دیار نامێنێت، دەچن بۆ سۆراغی تا بزانن چی لێ بەسەرهاتووە، دواتر ماڵەکەی دەدۆزنەوە و لە دەرگاکەی دەدەن، کچێک دەرگاکە دەکاتەوە تەنیا یەک قاچی هەیە. دنیای ریکلامسازیی کاڵا و شتومەکەکان بە هەمان جۆر و بە یەک ئاست هانمان دەدەن بۆ بەرخۆریی، بێ ئەوەی دیمەنی پشت کەوالیسی ژیان و ئابووری و دەرامەتی ملیۆنەها ئەگەر نەڵێم ملیار زیاتر مرۆڤ ببینین. بە بینینی ئەم دوو گرتە و ئەو دوو پارادایمەی ژیان بە هەردوو چاوی سەر، بە قووڵی لە دەربڕینەکەی تیۆدۆر ئادۆرنۆ لە کتێبی «دیالەکتیکی نێگەتیڤ» تێدەگەم: «روحی جیهان دەبێت وەک کارەساتی هەمیشەیی پێناسە بکرێت». روحی جیهان وێنایەکی کاریکاتۆریی یان ئایرۆنی سیستمی سەرمایەدارییە لە روانگەی ئادۆرنۆوە. ئەگەر ئەو قسەیەی ئادۆرنۆ بیست ساڵ دوای رووخانی نازیزم کرابێت، دەبێت ئاستی کارەساتەکانی دوای سیستمی نوێی جیهانی و جەنگەکان و پەتا گوازراوە و دروستکراوەکان و تێکدانی ژینگە و بەرخۆریی و برسێتی هاوکات، چۆن چۆنی بێت؟.

من: کەواتە جیهان گرفتاری دوو دەردی هاوکاتە: بەرخۆریی و هەژاریی. رۆبێرت لۆرانس پرۆفیسۆر لە زانستگەی هارڤاردی ئەمەریکی و توێژەری ئابووری نێودەوڵەتی هۆشداریی توند دەدات لەوەی جیهان بەرەو کەمبوونەوەی سەرچاوە خۆراکییەکان و بەرزتربوونەوەی نرخی خواردەمەنی و شتومەک دەچێت. ئەمە نەک هەر وڵاتە هەژار و دەوڵەتە کەمداهات و قەرزارەکان دەکاتە بەژێر سێڵاوی برسێتی و نەدارییەوە، لە ئاستی خۆشگوزەرانیی ئێستای وڵاتە دەوڵەمەندەکانی وەک دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرئاوا و ویلاتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکاش بە ڕێژەیەکی باوەڕپێنەکراو و سەرسوڕهێنەر دەهێنێتە خوارەوە. جیا لەوەش قەیرانەکانی داهاتوو هەرچییەک بن کەمبوونەوەی ئاوی شیرین لە سەرەتای لیستەکەدا دەبێت. لۆرانس ئەو فاکتە ئاشکرایە دەخاتەوە بەر باس، جیهان لە هەر ماوەیەکی تری مێژوویی زۆرتر پێکەوە بەستراوەتەوە، قەیرانێک لە هەر دەوڵەتێک ڕوودات تەنها لە سنووری وڵاتەکەدا نامێنێتەوە بەڵکو کاریگەرییەکی یونیڤرساڵ دروست دەکات، ئەو نموونەی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین دەکاتە پاڵپشتێک بۆ پشتگیریی لە تێڕوانینەکەی، چونکە جیهان ڕاستەوخۆ شایەتە لەسەر لێکەوتە ئابووری و بازرگانییە خراپەکانی ئەو جەنگە، بە جۆرێک بەهۆیەوە نرخی دانەوێڵە و پەیین و هتد.. چەند قات لە بازاڕەکانی جیهاندا گرانتر بووە. لێ پرۆفیسۆر لۆرانس نایەوێت دان بە شکستی سیستمی باڵادەستی هەنووکەدا بنێت، بگرە مەیلێکی زۆری هەیە پشکی شێری قەیرانی گرانبوون و کەمبوونەوەی خۆراک بخاتە ویستە «شەڕخوازەکانی» پۆتین، بەڵام کرۆکی کێشەکە لە خودی ئەو سیستمەدایە کۆمەڵگەی جیهانیی هەڵدەسووڕێنێت و بەڕێوەی دەبات کە بەڕێز لۆرانس دوور و نزیک خۆی لە قەرەی باسکردنی نەداوە.

سەبارەت بە قەیرانی کەمبوونەوەی خۆراک، سەفسەتە و دیماگۆگییەتێکی ڕادەبەدەر دەبینم، ئەوەی هەیە کەمبوونەوەی بڕی خۆراک نییە، بەڵکو نادادپەروەرییە لە بەشکردنی خۆراکدا، نەبوونی سۆلیدارێتییەکی ڕاستەقینەی جیهانییە لە دەرەوەی ئەو تەرمەی ناوی گلوبالیزمە کە تەنها بۆنە ناخۆشەکەی بۆ جیهان ماوەتەوە، حکایەتی ئەوەی ساڵانە وڵاتانی خۆرئاوایی بە تایبەت ئەمەریکا ملیۆنان تۆن خۆراک نقوومی ئۆقیانووسەکان دەکەن، هێندە میللی بووەتەوە وەک قەوانێکی سواوی لێهاتووە، ئەگەر خۆراک کەمە، ئایا ئەو دیاردەیە «لەناوبردنی خۆراک بەدەستی ئەنقەست» کۆتایی هاتووە؟. دەردێکی تری جیهان ئەو بەرخۆرییە ترسناکەیە سیستمی ئوتیلیتاریستی باڵادەست تا دێت برەوی پێ دەدات کە لیستی خەرجییەکانی هەر ماڵێک نیوەی زیاتری بۆ کاڵا ناپێویستەکان و مۆدێلگەرایی دەڕوات، کەواتە ئەمڕۆ لە بەردەم قەیرانێکی دروستکراو و وەهمیداین، مەبەستیش لەم قەیرانسازییەی دەستکردی سیستم لەناوبردنی

فیزیکیی بەشی زۆری مرۆڤایەتییە، وەک چۆن کۆڤید نۆزدە پلانێرەیەکی تری هەمان ئامانج بوو. یاریکردن بەنرخ و راهێنانی زەینیی کەمبوونەوەی خۆراک دوو ئەجیندای خەتەرناکی کاپیتالیزمن، ئەگەر نا زەوی سەرباری زۆر ماندووکردنی و ژینگە بەدەر لە دەردەکانی، بایی ئەوە توانای بەخشینی بەروبوومیان پێیە بەشی هەمووان بکات و وا زوو نەبینە کانیبالّ، بە مەرجێک بیر لە بونیادنانی سیستمێکی کەمێک دادپەروەرانەتر بۆ بەڕێوەبردنی جیهان بکرێتەوە.

سێیەر: مرۆڤایەتی لە رێگەی هەژاریی و بەرخۆرییەوە لەسەر کۆیلایەتییەکی ئارەزوومەندانە راهێنراوە. ئەگەر رەوشەکە خراپتر نەبووبێت، لانیکەم کەشەکە گەڕاوەتەوە بۆ هەمان ئەو هەلومەرجەی بیریاری گەنجی فەڕەنسیی ئێتیان دو لابۆتیێ «١٥٣٠-١٥٦٣» نامیلکە هەژێنەر و بەناڤودەنگەکەی خۆی «کۆیلایەتی ئارەزوومەندانە»ی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠دا تێدا نووسی، مرۆڤایەتی زیاد لە هەر قۆناغێکی تری دیرۆکیی، ئارەزوویەکی بێ سنوور و ناکۆتای هەیە بۆ کۆیلەبوون، ئەگەر لەلای لابۆتیێ سروشتی مرۆیی خۆبەخۆ گونجاو بێت بۆ پێشوازیکردن لە کۆیلەبوون بۆ پادشایەک یان ئاینێک یان هەر بیروباوەڕێکی زەمینی و ئەودیو زەمینی، ئەوا لە سەردەمی مۆدێرندا ئارەزووەکە گۆڕاوە بۆ ملکەچی و خۆکۆیلەکردنێکی تەواو چێژخوازانە بۆ کالاّ و ئامێرە نازیندووەکان. گەر هەریەک لە ئەریک فرۆم کتێبی «ترسان لە ئازادیی»، ولیەم رایش کتێبی «گوێبگرە پیاوی بچووک»یان لە ژێر رۆشنایی بیر و تیۆریزەکانی دو لابوتێدا نووسیبێت و لە بەرهەمەکانیاندا پرسیاری ئەوەیان کردبێت ئەو خاڵە لاوازەی سروشتی مرۆیی لە کوێدایە نەک بێ بەرەنگاریی بەڵکو ئارەزوومەندانە ئامادەیە بۆ ملکەچکردن و پێشوازیی لە دیسپۆتیزمی سیاسیی و فەرمانڕەوایی دیکتاتۆریی و پلۆتۆکراسی و حوکمی خاوەن ئۆتۆریتە رامیاریی و کۆمەڵایەتییەکان؟، ئەوا لە رۆژگارێکی وەک ئێستادا پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەن و فرەرەهەند و پاتۆلۆژیی و دەروونیی مرۆڤی مۆدێرن هەیە، ئاخۆ ئەوە چییە وا دەکات بە کۆیلەبوون و نغرۆبوونی لە جیهانی کالاّیی و ئامێرە تەکنۆلۆژییەکاندا بگاتە باری ئۆرگازم؟.

دەشێ زێدەڕۆییکردن لە خۆ کۆیلەکردنی ئارەزوومەندانەی مرۆڤی نوێ لە ژێر ناونیشانێکی تردا پۆلێن بکرێت و ناوبنرێ پۆست کۆیلەبوون یان میتا کۆیلەبوون، لەسەر ئەو پێودانگەی ئەو نوزە ئازادەی لە چینێکی هەرە ژێرەوەی کەللەی کۆیلە ئارەزوومەندە دێرینەکاندا هەبوو، کوژاوەتەوە و مرۆڤی نوێ زیاد لە هەر شتێک لە «ئازادیی» تۆقیوە لە کاتێکدا هیچ سەردەمێک نەبووە وەک سەدەی بیست و یەک کۆیلەکان خۆیان لێ بووبێت بە سپارتاکۆس و سەربەستترین مرۆڤ، وەک چۆن هیچ سەردەمێکیش نەبووە هێندەی هەنووکە بەو بەربڵاوییە کۆنسێپتی «ئازادیی» بکرێتە پێشگری هەموو شتێک. لێ دەتوانین ئەم بەکاربردنە هەمەلایەنەی چەمکی ئازادیی بە زڕەئازادیی لێکبدەینەوە، ڕێسا دەروونییەکەش دووپاتی دەکاتەوە هەر مرۆڤێک زیاد لە خۆی باسی هەر شتێک بکات ئەو شتەی نییە. ڕەهەندێکی تری ئەم پرسە بریتییە لەوەی وەک بڵێی ئەم ڕادە بەرزەی ئازادیی و گەیشتن بە دوا ئیمکانەکانی سەربەستیی، تۆوی کۆیلایەتییەکی نوێی هەڵگرتبێت، مارکس وتەنی ئاوس بێت بە دژ و پێچەوانەکەی خۆی، ئەمە مەترسییەک بوو پێشوەخت هەندێک لە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان پەنجەیان نابوو بە زەنگەکانی ئاگاداکردنەوەدا و جەختیان لەوە دەکردەوە ئەم توانستە بەدەستهاتوو و لە ڕادەبەدەرەی ئازادیی جگە لە نائازادیی هیچی تری لێ سەوز نابێت. ژان بۆدریار ڕوونتر لە هەر کەسی تر ناوی سەردەمەکە دەنێت (سەردەمی زێدەڕۆیی و ئازادیی). بە جۆرێک ئازادییش مانای حەرفیی خۆی لە دەستداوە، ئیدی ئازادیی مانای ئەوە نییە دەمانەوێت لە تەڵزگە و دۆخێکی ناهەموار دەربچین، بەڵکو (شتەکان لە جاران زیاتر تووشی ناڕوونیی هاتوون و ملکەچی پرەنسیپی دڵنیایین).

من: با بە نموونەیەک پشتگیریی خۆم لە بۆچوونەکەت دەرببڕم. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا کاتێک کوڕەکەم قۆناغی سەرەتایی تەواو کرد، بۆ قۆناغی نوێی خوێندن دەبوو بچێتە قوتابخانەیەکی نوێ و لەگەڵ هەرزەکاراندا مامەڵە بکات. بیرم دەکردەوە دەبێت چی بکەم؟، چونکە مێردمنداڵانی ئەم وڵاتە گاڵتە بەوانە دەکەن جلوبەرگ و پێڵاوی مارکەیان نییە یان جانتا و پێداویستییە وەرزشییەکانیان لە مارکە گرانبەهاکان نین!، دوو ڕۆژی بێ پچڕان دەرگام لەسەر

خۆم داخست و بیرم لەمە دەکردەوە، راستییەکەی ئەوەیە پولەکی و دەربەستی پارە نیم، بەڵکو لێپرسینەوەم لەگەڵ خۆم دەکرد و بە خۆم دەگوت رادەستی مەسرەفگەرایی مەبە. بەم هۆیەوە کەوتبوومە دووڕیانێکەوە، ئەگەر بە ویستی خۆم بێت رادەستی مارکەبازیی نابم، ئەگەریش نەیکەم بۆ مێردمنداڵێک ناخۆش دەکەوێتەوە و شکانەوەی دەروونی بۆ ئەو لێ دەکەوێتەوە، لەم نێوانەدا گینگڵم دەخوارد، وەک ئەوەی شمشێری دیموکلیتس لەسەر سەرم راگیرابێت!. ئەوە گەورەترین شترێس بوو تووشی هاتبووم، باری دەروونی ئاڵۆز کردبووم، لە پەنا ئەمەشدا بیرم دەکردەوە، ناتوانم حەزی منداڵەکانم سەرکوت بکەم و لەسەر وێنەی خۆم دایانڕێژمەوە و جۆرێک لە فاشیزمی خێزانی و پاتریارکی پیادە بکەم، منێک تەنانەت دژی فەرزکردنی زەوقی خۆم بووم بەسەر جۆری خواردنی منداڵەکانمدا، نەمدەزانی چۆن رووبەڕووی ئەم ئاریشەیە ببمەوە، ناچار خۆم لە بڕیاردان دزییەوە، سێ رۆژ پاشتر کەوتمەوە نەخۆشخانە بۆ ماوەیەکی درێژ، لە یەکەم سەردانی کوڕەکەمدا بۆ نەخۆشخانە، بینیم هیچ شتێک بەو شێوەیە نەبوو، من حەزم پێی دەکرد، چاریش نەبوو، تەنیا پیشم لەو سیستمە دەخواردەوە مرۆڤ بە کاڵاکان پێوانە دەکات. ئەگەر فریدریک نیچە لە کتێبی «ویستی هێز»دا ویستبێتی ئارگۆمێنتسازیی ئایندە و سەدەکانی دوای خۆی بکات، بەوەی مرۆڤ لە ئۆقیانووسی هیچگەراییدا «نیهیلیزم» نغرۆ دەبێت و هۆکاری ئەوەش بگەڕێنێتەوە بۆ مردنی یەزدان لە شارستانێتی تازەدا، ئەوا نقوومبوونی ئێمە لە ناو جیهانی کاڵایی و مارکەبازیی کۆمپانیاکانی سەرمایەدارییدا هیچی تری لێ نەکەوتووەتەوە جگە لە مرۆڤی هیچگەرا و خەمۆک، لەوە دەچێت میتافۆرەکەی نیچە (مەرگی یەزدان) و خودا میتافیزیکییەکە رێگەی خۆش کردبێت بۆ لە دایکبوونی خودایەکی دیکە لە ناو جیهانی بەرجەستەدا «کاڵا». هەر مرۆڤێک بۆ ئەوەی خۆی رەها و ئاسوودە بکات، پێویستی بە کۆکردنەوەی زۆرترین کاڵای ناپێویستە کە هەر زۆر زوو مۆدیان بەسەر دەچێت و دەبێت سیزیف ئاسا گەمە هەزار پاتەوەبووەکە بکات و وێڵی دەستخستن و گەیشتن بێت بە کاڵای تازە بەرهەمهاتوو و مۆدەوە. تراژیدیاکەش لەوەدا چەند قات گەورەتر دەبێتەوە کاتێک کایە نابەرجەستەکانیش

دەکرێن بە بوارێکی کاڵایی و کۆکردنەوەی قازانج بۆ کۆمپانیاکان، بۆ نموونە بواری وەرزش یەکێکە لەو کایە گرنگانەی بووەتە ژێدەرێکی بە پیتی بە کاڵاکردن و چنینەوەی قازانج.

سێیەر: کەواتە باسی وەرزش دەکەین کە چۆن بووەتە بوارێک بۆ مەسرەفگەرایی و کۆکردنەوەی سەرمایە؟!. بۆ نموونە تۆپی پێ یان هەر وەرزشێکی تر لەلایەن خاوەن سەرمایەکان و ملیاردێرەکانەوە مۆنۆپۆڵکراوە و کراوەتە سەرچاوەیەکی گەورەی بزنس و جەمکردنەوە و کەڵەکەی سەرمایە. میشێل رۆبەرت لە بارەی ئەو سوپەرلیگەی بە دەستپێشخەریی یانەی ریاڵ مەدرید پێشنیار کرابوو دەنووسێت: (واقیعەکە ئەوەیە وەرزش لە هەلومەرجی ئێستادا سەرمایەسەنتەرە و لەلایەن ملیاردێرەکانەوە پاوانکراوە، وەک شتێک بۆ سەرگەرمیی و پانتاییەکی پارە پەیداکردن). ئەو نابەرابەرییەش دەخاتەڕوو لە داهاتی یاریزانەکاندا هەیە، بە پێی نووسینەکەی رۆبەرت زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن کەس سەرگەرمی یاری تۆپی پێن، بەڵام سەرنجەکە لەسەر ئەوەیە چەند سەد کەسێک لەم ژمارەیە لە رێگەی سیستمی ریکلامسازییەوە کراون بە ئەستێرە و مەرجیش نییە باشترینەکان بن!، داهاتی هەر یەک لەم ئەستێرانە داهاتێکی خەیاڵییە، بەڵام لە روانگەی منەوە ئەم یاریزانە بەناوبانگ و ئەستێرانەی وەرزش بە گشتیی و تۆپی پێ بە تایبەتی بە کاڵاکراون، هەم وەک شتومەک دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن، هەم بۆ ریکلامسازیی کۆمپانیا و براندە جیهانییەکان بەکاردەهێنرێن. سەرنج بدەن ئەگەر میسی یان کریستیانۆ رۆناڵدۆ ریکلام بۆ ژەهرێکی وەک کۆکا کۆلا بکەن یان بۆ هەر کاڵایەکی تری ناپێویست، ببینن چۆن کۆکا کۆلا یان ئەو شتومەکە ناپێویستە داواکارییەکی فراوانی لەسەر دروست دەبێت!. هەر لەناو خودی وەرزشیشدا جیاکارییەکی ناماقووڵ لەنێوان یارییەکاندا قوتکراوەتەوە، بۆ نموونە تۆپی پێ وەک ماکرۆ سپۆرت و گەمەیەکی سەرەکیی مۆبیلیزەی بۆ دەکرێت بە پێچەوانەوە هەرچی جۆرە وەرزشەکانی ترن لاوەکی و میکرۆ سپۆرتن. لە سەدەی نۆزدە بەملاوە وەرزش وەک بوارێکی گرنگ بۆ کەڵەکە و کۆکردنەوەی سەرمایە دەخرێتە ژێر دەستی کۆمپانیاکانەوە و بانکەکان دەبنە دەمڕاستی یارییەکان، چیدی وەرزش وەک

مەشقێکی جەستەیی و هونەریی و جەماوەریی بوونی نامێنێت، بەڵکو دەگۆڕدرێت بۆ بوارێکی فراوانی بزنس و سەرمایە کۆکردنەوە، سەرنج لە پاسکیلسواریی بدەن، چۆن لە ناو ملیۆنەها خەڵک کە بۆ خۆیان و راییکردنی کارەکانیان پاسکیل لێدەخورن، نوخبەیەک جیاکراونەتەوە و لە پاڵەوانێتی پاسکیلسوارییدا چ سەرمایەیەکیان پێ خڕ دەکرێتەوە! لەوە زیاتریش هەوادارانێکی بێشوومار کە لە ملیارێک کەس زیاترن، لە بری وەرزشکرن بۆ خۆیان وەک تاک و لە پێناوی تەندروستییان، لە رێگەی ماکینەکانی ریکلامسازییەوە کراون بە تەماشاچی یارییە وەرزشییەکان، هەندێکیان دوای ئەوەی دەرزییەکی ئەنسۆلین دەکەن بە لا قەبرەغەی خۆیاندا تیکتێک بە پارەیەکی زۆر دەکڕن و سەرگەرمی بینینی یارییەکان دەبن لە یاریگاکاندا و چێژ لە سەیرکردن وەردەگرن، یان لە ماڵەوە لە رێگەی تیڤییەکانیانەوە بە چەند کیلۆ ورگەوە، کارتێکی کۆدرێژکراو دەکڕن لە پێناوی بینینی یارییەکاندا، هەندێک لەوانە وەها شەیداکراون لە کاتی دۆڕانی ئەو یانەیەی بە سەختی هەوادارین فشاری خوێنیان دەگاتە ئاسمان.

لە پشت هەموو ئەمانەشەوە دەستێکی قازانچپەرست هەیە کە خوازیارە هەرچی هەیە کورتی بکاتەوە بۆ چێژوەرگرتن و سەرگەرمیی رووکەشیانە. لێ ئەم چێژوەرگرتنە هیچی تر نییە جگە لە وەهم و پارە لێکێشانەوە. ئەمە لەلایەک، لە سەرەکەی تریشەوە خودی ئەو وەرزەشە بە مۆدەکراوەی ئەمڕۆ «بە وتەی میشێل رۆبەرت» پانتاییەکی تری راسیستی و ستەمی جێندەرییە، بە بەڵگەی ئەوەی تا سەروەختێکی نزیک لە ئێستا، رێگە بە رەشپێستان نەدەدرا بەشداریی پاڵەوانێتییە جیهانی و تەنانەت لۆکاڵییەکانیش بکەن. جیاواز لەوەی شا وەرزش «تۆپی پێ» بەردەوام یارییەکی پیاوانەیە و براندێکی نێرسالارییە، ئەگەرچی یانەکانی ژنان بۆ یاری تۆپی پێ لە زۆرێک لە وڵاتاندا هەن، کەچی ئەوەی بە مۆد کراوە بریتییە لە فوتبۆڵی نێوان پیاوان. لە سەردەمێکدا سەرمایەداریی دەستی گرتووە بەسەر هەموو شتێکدا، هەر شتێک نەبێتە کاڵا و بازاڕی نەبێت، فڕێدەدرێتە کەنارەوە، چیرۆکی دەستبەسەراگرتنی وەرزش یەکێکە لەو بوارانەی لەم رەهەندەوە دەتوانین بیکەینە سەمپڵێک. وەک چۆن میشێل رۆبەرت دەنووسێت: (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە

گوندەکانی ئینگلتەرا و فەڕەنسادا، کریکێت لە دایکبوو، جووتیارانی گوندەکان لە نێوان خۆیاندا ئەم گەمەیان دەکرد، بەڵام زوو بوو بە وەرزشێکی چینی باڵا و لەناو ئەو چینەشدا کەوتە ژێر هەژموونی چینی دارا و خانەدان). کەچی (ئەمڕۆ کریکێت گۆڕدراوە بۆ کۆمپانیایەکی سەرمایەداریی جیهانی و لەلایەن ملیاردێرە هیندییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت). بەدەر لە روحی قازانجخوازیی سەرمایەداریی لە رێگەی دەستبەسەراگرتنی وەرزشـەوە، کارەساتەکە ئەوەیە ئەستێرەکانی تۆپی پێ و وەرزشەوانانی تری وەرزشی بە بزنسکراو، بوونەتە ئایکۆنگەلێکی خۆشەویستی جەماوەر، لە کاتێکدا ئەوان هیچیان بۆ جیهان پێ نەبووە و نییە، بە شوتێک ملیۆنان دۆلار لە گیرفانی من و تۆ دەدزرێت و دەخرێتە سەر کۆنتۆکانیان، ناچاریش کراوین رقمان لە فیگەرە شۆڕشگێڕەکان بێت و ئەوانە بە نموونەی باڵا چاو لێبکەین لە بری خۆمان سیستم بۆمان هەڵدەبژێرێت. هەروەک چۆن ئەم بوارە کراوەتە کەناڵێکی تری مەسرەفگەرایی چ بە کڕینی بلیت بۆ ئامادەبوون لە یاریگاکاندا چ بە کڕینی کۆدی ئەو کەناڵە وەرزشییانەی کۆدڕێژکراون، بەبێ ئەوەی هیچ حەزێکی وەرزشی لە مرۆڤدا بورووژێنن، بە پێچەوانەوە زۆرینەی هاندەرانی وەرزش مرۆڤی بۆش و بیرنەکەرەوەن.

من: دنیای تازە (دنیای نوێ «مۆدێرن» مەبەست لەو دنیایەیە لە دوای سەدەی هەژدەوە سەریهەڵداوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە). ئیستاتیکای وەرزشی لەناو بردووە (ئەگەر دەستەواژەی ئیستاتیکا لە پاڵ وشەی وەرزشدا دروست بێت). لە سۆنگەی ئەوەی «ڤێبلن» چواندنێکی سەیر لە نێوان وەرزشەوانان و جەنگاوەراندا دەخاتەڕوو، ئەو وەک هونەرێکی رەسەنی ژیان لە هیچ جۆرە وەرزشێک ناڕوانێت (وەرزش بە مانا مۆدێرنەکەی) بەقەدەر ئەوەی بە گەمەیەک بۆ کات کوشتن سەیری دەکات. لەو بڕوایەشدایە سروشتی وەرزش هەمان سروشتی جەنگە، بەوەی ئەنگێزەی زاڵبوون بەسەر ئەویتردا لە ئارادایە. هەمیشە هەر تیمێکی وەرزشی لە کێبڕکێی ئەوەدایە تیمی بەرامبەر لە گۆڕەپانی یاری فڕێ بداتە دەرەوە. ئەگەر ئەم دیدەی ڤێبلن بە زیادەڕەویش پێناسە بکەین، ئەوەی ئەمڕۆ لە مۆنۆپۆڵی گەمە وەرزشییەکاندا دەبینرێت، پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ تێڕوانینەکانی

ڤێبلن. تەنانەت سەرمایەداریی لە چاپە نیولیبرالیستییەکەیدا، جیهانی بردووەتە ناو هیچباوەڕیی «نیهێلیزم» و هەرەسێکی ئاکاریی مەزنەوە، مرۆڤی داماڵیوە لە هەر جۆرە بەرەنگارییەک، ئەگەر رووبەڕووبوونەوەیەکیش هەبێت لە فۆرمی توندڕەویی ئاینییدا خۆی مانیفێست دەکات. وا هزر دەکەمەوە ئەو تێزەش بەسەرچوو پێیوابوو فێندەمینتالیزمی ئیسلامی لە کوچە و کۆڵانە چەپەک و هەژارنشینەکانی شارە عەرەبیی و ئیسلامییەکانەوە سەرهەڵدەدات، ئەگەرچی نکۆڵی لەم رەهەندە ئابوورییە ناکرێت، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە ناتوانێت راستییەک ببینێت جیهان لە ژێر سەیوانی کاپیتالیزمدا بە پووچگەرایییەکی کوشندەدا تێدەپەڕێت، دەشێ ئیسلامگەرایی لە تایپە جیهادیی و تەکفیرییەکەیدا وێنەدانەوەی ئەو نیهێلیزمە بێت ئەمڕۆ جیهانی تێکەوتووە.

سێبەر: پێش چەند ساڵ نامیلکەیەکی گروپی نێگەتیڤم خوێندەوە (گەر دەقیق بم لەو پێناسەیەدا) دەربارەی تۆپی پێ، کە چەند بابەتێکی هەمەجۆری لە بارەی یاری تۆپی پێوە تێدا بڵاوکرابووەوە، نامیلکەکە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە تێمای وەرزشەوە نەبوو، بەپێچەوانەوە خوێندنەوەیەکی فیکریی و فەلسەفی ئەو یارییە بوو، لەوێدا تێگەیشتم چۆن ئەو تۆپە هەمان ئەو تۆپە ئاساییە نییە، سەردەمێک پێش ئێستا کرۆکاڵی وەک ئێمە گەمەمان پێدەکرد، ئەوسا یاری بوو لە پێناوی یاریدا و هەمان ناوەڕۆکە سۆشیالیستییەکەی خۆی لە دەست نەدابوو، بەڵام وەک «ئیدواردۆ گالیانۆ»ی نووسەری ئۆرۆگوایی دەستنیشانی دەکات: «ئەم یارییە لە وەرزشەوە بۆ پیشەسازیی گۆڕاوە». کاپیتالیزم تۆپی پێشی خستووەتە ژێر جەبر و باڵی خۆیەوە، چیتر لە رێی ئەم یارییەوە بە چێژی راستەقینە ناگەین بەڵکو بزنس و پارە شوێنیان گۆڕیوە بۆ پیشەسازییەکی رەق و تەق، کە هیچی تر وەک پێشوو ناتوانێت هەماهەنگی و ناوەڕۆکی سۆشیالیستییانەی خۆی بپارێزێت. نیولیبراڵیزم کە لە ماکی خۆیدا چاوچنۆکییە کۆنەکەیەوە و چاکەتی فەلسەفەیەکی ئابووری لەبەرکردووە، دەستی بچێتە هەر هەویرێکەوە نانی ژەهراویی لێ بەرهەم دەهێنێت، ئەمێستاش شتێک نەماوە نەچووبێتە ژێر چنگی، ئەمەم لە حەزی کوڕە بچووکەکەی خۆمدا بە وردی تێبینی کرد، وەک هەمیشە دەیگوت هۆبییەکەم تۆپی

پێیە و دەمەوێت ببمە ئەستێرەیەکی فوتبۆڵ!. جارێک لێم پرسی بۆچی هێندە عاشقی ئەوەیت ببیتە یاریزانێکی ناسراو و پلە یەک؟ لە وەڵامدا وتی: دەتوانم پارەیەکی زۆرم هەبێت و ژیانێکی پێرفێکت و بێ غەم بژیم!. نەیووت لەبەر حەزی یاری تەنانەت نەیگووت بۆ لەشساغی و تەندروستییەکی باش. ئەمەش چیرۆکی ئەو پزیشکییە ئیسپانییەی بیر هێنامەوە کە داوای چارەسەریان لێکرد بۆ کۆرۆنا، ئەویش وتی بۆچی داوا لە من دەکەن لە کاتێکدا مووچەکەم ١٥٠٠ ئۆیرۆیە بۆ ناچن داوا لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ بکەن کە مووچەکەی لە ملیۆنێک ئۆیرۆ زیاترە؟!. رەنگبێ هەر ئەمەش بێت (تێری ئیگلتۆن)ی هێنابێتە سەر کەڵکەڵەی نووسینی وتارێک بە ناونیشانی (تۆپی پێ، هاوڕێ ئازیزەکەی سەرمایەداریی). سەرمایەداریی بۆ ساغکردنەوەی کاڵا راستتر وایە بڵێم زێدە بەرهەمەکانی لە بازاڕەکاندا ریکلامسازیی پەرەپێداوە، هەر بەوە نەوەستاوە شاشەی تیڤییەکان بە ریکلامی بازرگانی داپۆشێت، هیچ دیوارێک نەماوە، هیچ پارک و سەیرانگا و کون و کەلەبەرێک نەماوە، نەبووبێتە پانتاییەک بۆ ریکلامسازیی، باشترین دیواریش بۆ ئەم مەبەستە سیاجی یاریگاکان و ئەو شاشە گەورانەیە لە ستادیۆمەکاندا جێگیر کراون و لە چەند خولەکێکدا زۆرترین ریکلام دەگەیەننە چاوی زۆرترین بینەر. نیولیبراڵیزم هەموو جێگەیەکی کردووە بە بازاڕی مامەڵە، کارەساتەکەش ئەوەیە ئەمڕۆ کوردستان بە گوریسێکی ئەستوور خۆی پێوە بەستووەتەوە.

من: هیرارکیزم وەک ناوەڕۆکی تازەی سیستمی چینایەتی سەردەمی نیولیبراڵیزم لە کوردستاندا چووەتە ئەو قۆناغەی چینی بەرخۆری کۆمەڵی کوردەواری لە ئەکرۆپۆلیسەکاندا نیشتەجێ بکات، ئەکرۆپۆلیس بە مانای رووتی وشەکە رەهەندێکی تۆپۆگرافی هەیە و بەرزاییەکانی شار دەگرێتەوە، ئەویش لە ناوی پەرستگەیەکی یۆنانی دێرین وەرگیراوە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین لەسەر بەرزاییەکانی قەراغ شاری ئەسینا بینا کرابوو. بە هەمان چەشن دەستەواژەکانی «بەرزاییەکانی شار» و «دەشتی بەهەشت» و «گوندی ئینگلیزیی» و «ناز سیتی» و «گاردن سیتی» و زۆر ناوی سەیر و سەمەرەتریش پۆلێن و چەشنێک لە هیرارکییەتن بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری بە پێی ئینتما بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان،

چیتر کۆمەڵگە دابەش نابێت، بەپێی ئەو هەندەسە تەقلیدییەی پێشتر رەهەندییەکان دایانڕشتبوو: «حزبی و ناحزبی یان دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن» بەڵکو سەردەمێکی تر هاتووەتە ئاراوە جیاوازیی چینایەتی لە ماستەر پلانی شارەکاندا روون و زەقتر خۆیان دەنوێنن، چینی سەرەوەی کوردەواری خۆیان و ماڵ و ژیانیان و مارکێتەکانیان جیا دەکەنەوە، ناوە میللییەکان لە شوێنی بازاڕکردن و کار و ژیانیان دادەڕنن و دەیگۆڕن بە ناوێک لەگەڵ پێگەی چینایەتیی خۆیاندا تەبا بێتەوە، ئەگەر جاران بازاڕ وەک ناوەندێکی میللی و سۆشیالیستی هەمووانی پێکەوە کۆکردبێتەوە، ئیدی ئەو بازاڕە کلاسیکییانە بە تەنیا بۆ چینەکانی خوارەوە بە میرات ماونەتەوە، ئەمەش (سەردار عەزیز)ی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی بەم دیاردەیە بڵێت: هاتنی سەرمایەداریی بێ ناوەڕۆکی مۆدێرنێتە. ئەگەر لێم قبوڵ بکرێت منیش ئەوە زیاد دەکەم هێشتا مۆدێرنێتە بە ئێمە نەگەیشتووە یان ئەوەی لای ئێمە هەیە بریتییە لە مۆدێرنەی تەکنیکی نەک مۆدێرنێتەی کولتووریی. ئاخر بە هێنانی سیستمی سوێدیی بۆ پرۆگرامی خوێندن ئیدی مانای هاتنی روحی مۆدێرنە نییە، بەدەر لە بێگومانبوونم لە پرسی چینایەتی کۆمەڵگە، بەڵام بۆم پرسیارە چۆن دەکرێ کۆمەڵگەیەک پێی بوترێت سەرمایەداریی هێشتا لە قۆناغی فیوداڵیزمدایە و بە عەقڵێکی وەرزێرانەوە نوێژەبارانە بکات تاکو پەڵە بدات؟!.

وەک لە چەندین جێگەدا جەختم لێ کردووەتەوە کرێکار بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازییە و راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ ئامێر کردووە، بۆ ئەمەش پێویستی بە نزاکردن نەبووە بەڵکو پێویستی بە وەستایەکی کارزان بووە. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە کۆمەڵگەی کوردستان، هەمان کۆمەڵگەی بیست ساڵ لەمەوپێش نییە و وەک ئەو سەروەختەی سەرەتای هەزارەی سێیەمیش نییە پاژەکانی کتێبی (تێکشکانی چەپ لە کوردستان)م تێدا نووسی، ئەگەرچی تا ئەمڕۆش کولتووری فیوداڵیستی زاڵترین جۆری فەرهەنگ بێت، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی کوردەواری بە نەریتی فیوداڵییەوە چووەتە هەناوی سەرمایەدارییەکی خێڵەکییەوە یان با بڵێیم سەرمایەداریی بە تایپە ئۆلیگاریشییەکەی چەڕاوەتە ناویەوە، چونکە سەرمایەداریی سروشتێکی شل و جیوەیی هەیە و توانای هەیە خۆی بخزێنێتە هەموو جێگەیەک،

ئەمڕۆ ئەو شلەمەنییە رژاوەتە هەموو پنت و رووبەرەکانی ژیانی ئێمەوە، بەڵام پێشتریش گووتمان کۆمەڵگەی کوردیی بە تەنها ماتریالەکانی مۆدێرنێتەی پێگەیشتووە، ئەگەرنا ناوەڕۆکی مۆدێرنەی تێدا پیوارە، ئەوەی لە خۆرئاواوە بە ئێمە گەیشتووە ناوەڕۆکی مۆدێرنە نییە، بەڵکو رووخساری مۆدێرنەیە، ئەوەی ئێمە قبوڵمان کردووە، کەڵچەری رۆشنگەریی نییە، مۆدێرنەیەکی تەکنیکی پەتییە (مۆدێرنیزاسیۆن). لەبەر ئەم فاکتۆرەشە ئەم پرۆژەیە (سەرمایەداریی) لێرە زۆر هۆڤانەتر لە سەرمایەداریی خۆرئاوایی خۆی دەنوێنێت. مادام کوردستان بووە بە بەشێک لە گشتێکی گەورە کە نیولیبرالیزم و سەرمایەداریی بانکگەراییە، ئیدی مەرج نییە ئەم گشتە گەورەیە بەسەر و سیمای خۆی و خەسڵەتەکانی خۆیەوە بچێتە ناو گیانی ئەم بەشەوە، ئەگەر سەرمایەداریی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا رەچاوی ئاستی گەشەی کولتووریی و کۆمەڵایەتی و جۆری ئابووری بکات، ئەمە چەپێک دەخوازێت بەهەمان تایبەتمەندییەوە، دیسانەوە ئەویش دەبێت بەشێک بێت لە گشتێکی گەورەی پرۆلیتاریا کە خۆی لە بەرەنگاریی سەرمایەدارییدا دەبینێتەوە. دەبێت لێرەدا کەوانەیەکیش بکەمەوە، چیدی چینی کرێکار و پرۆلیتاریا یەک شت نین!، بەڵکو لە بەرامبەر یەکتردا وەستاون، لە دیدی ژیژەکدا جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لە نێوان پرۆلیتاریا و چینی کرێکاردا، (یەکەمیان هەموو ئەوانەن بڕوایان بە گۆڕینی دۆخ هەیە لە رێگەی شۆڕشەوە، ئەمە هەر کەس دەگرێتەوە بەو تەرزە لە دنیا بڕوانێت) هەرچی چینی کرێکارە (ئاماژەیە بە پێگەی تاک لە ناو نەزمی پۆزەتیڤی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا).

سێبەر: سەرمایەداریی و نیولیبرالیزم بەو تایپە نەگوازراوەتەوە بۆ کۆمەڵی کوردەواری لە رۆژئاوا هەیە، تەنانەت لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکانیشدا یەک مۆدێل و رووخساری نییە، بەڵکو لەسەر شێوەی کولتوور و هەژموونی باوی هەر کۆمەڵگەیەک خۆی رەنگرێژ دەکات (هەژموون بە مانا گرامشییەکەی). فۆرمی نیولیبرالیزم تەنانەت کاپیتالیزم بە چاپە فەرەنسییەکەی هیچی ناچێتەوە سەر نوسخە ئەڵمانییەکەی هەمان سیستم، هەردوو چاپە ئەڵمانی و فەرەنسییەکەش کەمترین رووخساری هاوبەشیان هەیە لەگەڵ تایپە ئەسکەندەناڤییەکەدا،

هەموو ئەوانیش لە رووی فۆرمەوە جیاوازترن لەو پارادیمە نیولیبراڵیستی و کاپیتالیستییەی لە ئەمەریکا لە ئارادایە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە هەمان ناوەڕۆکی چینایەتی و هیرارکیزمی کاپیتالیزم و نیو لیبراڵیزمی پێ گەیشتووە کە دوا ئامانجی بە بازاڕکردنی کۆی کایەکانی ژیانە، بەڵام لە رووی فۆرمەوە تایبەتمەندییە کولتووریی و توخمە فەرهەنگییەکانی ئەم ناوچەیەی رەچاو کردووە، کەچی ئەوەی سەیرە جیهانبینییەک لە کولتووری رۆشنبیریی کوردییدا هەژمێنی هەیە، هەموو رەخنەیەک لە سیستمی کاپیتالیستی تەحریم و تەکفیر دەکات بە پاساوی ئەوەی رەخنەیەکی ئایدۆلۆژیی پەتییە. بەم دواییانە لە چەناڵی یوتوب بینەر و بیسەری ئینتەرڤیویەکی ساڤۆ سەردار بووم لەگەڵ مەریوان وریا قانع. ئەوەی لە قسەکانی دکتۆر مەریواندا سەرنجی منی ڕاکێشا ئەو تۆتۆلۆژیا سواوە بوو خوازیارە کوردستان بخاتە دەرەوەی سیستمی نیولیبراڵیستی، ئەگەر پێشتر چەپەکان لایەنگری ئەو تێزە ناڕاستە بووبن گوایە کۆمەڵی کوردەواری لە دەرەوەی مێژووە، ئێستا لایەنگرانی لیبراڵیزم کەوتوونەتە هەمان تەڵزگەی فیکرییەوە (لە کوردستان لیبراڵیزم نەبووە بە فەلسەفەی حکومڕانی، ئەوەی هەیە دەستەبژێرێک لە رۆشنبیرانی پرۆ لیبراڵن وەک چۆن هەمان شت بۆ چەپەکانیش راستە)، پاساوەکانی مەریوان وریا قانع ئەوەیە مادام دەسەڵات لە دەستەی چەند بنەماڵەیەکدا کۆبووەتەوە و ئەوانیش بەشێوەی مافیاگەریی و کلیپتۆکراسی (فەرمانڕەوایی چەتەگەرایی) دەسەڵات بەڕێوە دەبەن، ئیدی مانای ئەوەیە هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە نیولیبراڵیزم و کاپیتالیزمی پێ نەگەیشتووە و ئەوەی لەم بارەوە فۆرمۆڵەڕێژی فیکریی لەسەر دەکرێت شتێکی بێ ناوەڕۆک و ناواخن بۆشە!.

لە کاتێکدا ئەوەی مەریوان دەرکی ناکات گەیشتنی کرۆکی چینایەتی و هیرارکیزم و بە بازاڕکردنی هەموو شتێکە لە کوردستاندا، ناوەڕۆکی نیولیبراڵیزم هەراشانە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پیادە دەکرێت، کێشەی ئەم رۆشنبیرە لەگەڵ دیسپۆتیزم و ناوەڕۆکی هیرارکیزم و چینایەتی نیولیبراڵیزم و کاپیتالیزمدا نییە، هێندەی لە غەمی ئەوەدایە ئەم هیرارکیزمە سیستماتیزە نەبووە، بۆیە ئەو خوازیارە لە دەستی بنەماڵە مافیاکانی کوردستانی وەربگرێتەوە و بیداتە دەستی سیستمێک

تا بە دەزگایی بکات. بە واتای ئەوەی ئەو تا ئەو جێگەیە دژی ستەمی چینایەتی و هیرارکیزمە لە دەستی چەند خێزانێکی دەستڕۆیشتووی مافیاگەردا بێت کە مۆنۆپۆڵی ئابووری و بازاڕیان کردووە، وەکوتر لایەنگریی لەوە دەکات دەبێت لە دەرەوەی ویستی ئەو بنەماڵانە ئەم نادادپەروەرییە سیستماتیزە بکرێت!. بەدەر لەمە با ئەو مژارەش نەشارینەوە، مادام ترەمپیزم یان راستڕەوە پۆپۆلیستەکان دژ و پێچەوانەی نیولیبرالیزمن، ئێمەش بە هەمان دیدەوە نەیارێتی دەکەین، بەڵکو ئەوانە خۆیان کۆرپەی قەیرانە خنکێنەرەکانی ئابووری لیبرالیزمی نوێ بوون و وەنەبێ پێی بووبن بە فریشتە، لە بەرامبەر راسیزمی ترەمپ، نیولیبرالیزمی جۆ بایدن هەیە، بەڵام ئایا جیهان بەرەو باشتر چووە؟!. پێم سەیرە دکتۆر قانع هێندە جۆش و خرۆشی بۆ رازاندنەوەی نیولیبرالیزم هەیە!. ئەوە راستە بە تایبەت لە پاش پەتای کۆرۆنا جارێکی تر بیرۆکەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە بازاڕدا گەڕاوەتەوە بگرە زۆر لەوەوبەر و لە سەروەختی قەیرانی ئابووری ساڵی ۲۰۰۷ەوە ئەو بیرۆکەیە لە ئارادایە، زووتریش ئابووریناسێکی وەک «کینز» ئەرکی رووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە ئابوورییانەی زوو زوو یەخەی سەرمایەداریی دەگرن بە دەوڵەت سپارد، بەڵام ئەمەش هەر لەنێو چوارچێوەی نەزمدایە و دەشێ بە گەڕانەوە بۆ فۆرمی یەکەمی لیبرالیزم تەماشای بکەین کە ئەویش لە مارکسەوە تا قوتابخانەی فرانکفۆرت، لە مۆدێرنەوە تا پاش مۆدێرنە جێگەی رەخنەی جددی بووە. خولاسە مەریوان قانع وا بیر دەکاتەوە دەبێت بە هەمان رووخساری وڵاتانی خۆرئاواییەوە نیولیبرالیزم خۆی دەربخات، ئەگەر نا نکۆڵی لە بوونی دەکات، لە کاتێکدا وەک وتمان نیولیبرالیزم یەک رووخساری هاوبەشی نییە و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێی نەخشەی کۆمەڵایەتی و کلێشەی کولتووریی ئەو جڤاتە خۆی مانیفێست دەکات، هەروەک چۆن لە پرسی مۆدێرنێتەدا بەر هەمان ئیشکالییەت کەوتووین، هەندێک لە رۆشنبیرانی ئێمە نکۆڵی لە گەیشتنی مۆدێرنێتە و دەرکەوتەکانی دەکەن بە کۆمەڵی کوردەواری، بەڵام بە دیتنی من مۆدێرنە لە فۆرمی پۆلیس و بەندیخانە و دیوە ماتریاڵەکانییەوە گەشتووەتە کوردستان، ئەوەی نەگەشتووە دیوە فەرهەنگییەکەیەتی کە من پێی دەڵێم مۆدێرنەی کولتووریی. بەم پێودانگە

مۆدێرنە وەک پاکێجێکی تەواو نەهاتووەتە کۆمەڵگەی کوردییەوە، لەبەرئەوەی هێشتا خەیاڵدانی میتافیزیکی و ئایینیی و مێنتالیتی قۆناغی پێش مۆدێرن سایەی کردووە بەسەر کۆمەڵگەوە، بە هەمان شێوە کاپیتالیزم وەک بەشێک لە مۆدێرنە هاتووە، بەڵام بە بێ فەرهەنگە لیبراڵیستییەکە، بەبێ سکۆلاریزم، بەبێ تۆلێرانس و پەیمانی کۆمەڵایەتی و مافی هاووڵاتیبوون، ئەمانەش رووکارە کولتوورییەکانی سەرمایەدارییین لە سەردەمی لیبراڵیزمدا وەک چۆن نکۆڵی لەوەش ناکرێت ئەو دەستکەوتانە بەشێکی بەرفرەیان لە ئەنجامی گووشار و خەباتێکی دوو سێ سەدەیی سەندیکاکان و چینی کرێکار و چەپ بە گشتیی هاتووەتە بەرهەم و بەسەر لیبراڵیزمدا سەپێنرا.

هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە نیولیبراڵیزم بزووتنەوەیەکی تری ئابووری و بازاڕە لە هەوڵێکی رژددایە بۆ پاشەکشێ بەو دەستکەوتانەی لیبراڵیزم بەدەستیهێنابوو. بە دەربڕینێکی تر، وەنەبێ چەپەکان دوا بزماریان دابێت لە تابووتی دیموکراسی و لیبراڵیزم، نیولیبراڵیزم لە سادەترین مانایدا هەڵوەشاندنەوەی ناوەڕۆکی لیبراڵیزمە. بۆیە ئێمە تێبگەین نیولیبراڵیزم و کاپیتالیزم بەشێوەی جیاواز و پڕ بە پێستی کۆمەڵگەی ئێمە کلێشەسازیی خۆی دەکات، چەپیش پێویستە ئەم تایبەتمەندییانە بناسێت و لێیان تێبگات، نەک پڕۆژەی لینین یان مەنسور حیکمەت یاخۆ ماو، بە حەرفی و دەقاودەق بەسەر ئەم کۆنتێکستەدا بسەپێنین. ئێمە ناتوانین بە ئیقتباسات لە فیکر و فەرهەنگی رۆژئاواییەوەوە بێ هەڵهێنجانە خۆماڵییەکان هیچ تیۆرییەک بەرهەم بهێنین نەخاسمە تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە بۆ تێپەڕاندنی واقیعی باو. ئەگەر کەمێک واقیعبینانە بدوێین، بابایەکی وەک بادیۆ یان ژیژەک و فوکۆ یانژی هەر ئایکۆنێکی تری فیکریی رۆژئاوایی، چی لە بارەی منێکی کورد و کۆمەڵگەکەمەوە دەزانن؟ هەر کام لەوان چەند بلیمەتیش بن هێشتا بە قەد نەزانترین کورد لە کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری تێناگەن!، من بۆ خۆم باشتر دەزانم دەبێت چی بکەم و نەکەم. ماوەتەوە بڵێم خۆ ئەگەر جیهان تاوەکو دوو سێ دەیەی تر لە ژێر چەپۆکی نیولیبراڵیزمدا بمێنێتەوە هەموو شتێک دادەڕمێت، هیچی تر لە جیهان نامێنێتەوە جگە لە هیچباوەڕیی و پووچگەرایی، ئەو شارستانێتییەی بازاڕگەرایی لیبراڵیزمی

نوێ بونیادی ناوە و تێیدا مرۆڤ بووەتە بەکاربەر و بەرخۆرێکی داماڵدراو لە هەر بیرکردنەوە و بەرەنگارییەک، رۆژ بە رۆژیش زیاتر پەل دەهاوێت، ناتوانێت لە شارستانێتییەکی داڕووخاوی فاشیستی و راسیستی زیاتر بەرهەم بهێنێت.

من: ئێمە لە زەقکردنەوەی ناونیشانی کۆلاپس «داڕووخان»دا، باس لە سەردەمێک دەکەین بەوپەڕی نیهێلیزمدا تێدەپەڕێت. سەردەمێک هیچ بەهایەک لە خۆ ناگرێت، ئەو بەهایانەشی لە ئارادان ئەنتی بەهان، هەوڵی پێچەوانەن بۆ بێبەهاکردنی هەموو شتێک و زاڵکردنی کەشێکی پووچگەرایی رووت لە دنیادا. لەوانەیە زێدەگۆیی «مبالغە» نەبێت ئەگەر بڵێم بەهاکانی سەردەم، ئاوسن بە بێ بەهایی یان مامانی کۆمەڵێک بەهای داڕووخاون و مافی گەمەکردنمان لەم زەلکاوە نیهێلیستییەدا پێ رەوا بینراوە. لەوانەیە پێویست بە روونکردنەوەش نەکات تا بڵێم مەبەستمان لە داکۆکیکردن لە هیچ بەهایەکی کۆن و داڕزیو نییە، هیچ بەهایەکی سەردەمانەش رازیمان ناکات، رەخنەمان لە سەردەمێک، شارستانییەتێک، سیستمێکە، نەزۆکە لە داهێنان و خستنەوەی بەهای تازەدا. ئێمە لە روحی سەردەمێک دەدوێین تێیدا هەر بونیادێک، فۆرمێک لە کۆلاپس و هەڵوەشانەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. کرۆکی سەرمایەداریی و مۆدێرنەش بریتییە لە قەیران یان تێپەڕاندنی ئەم قەیران بەرەو ئامێزی قەیرانێکی دیکە و قووڵتر، روحی سەردەمەکەش بۆ خۆی بەرهەمهێنی پارادایمێکی ترە لە نیهێلیزم، دیارە نیهێلیزمیش ساتەوەختێکە تێیدا جیهان بەتاڵ دەبێتەوە لە ئامانج و مانا، بەهاکان دادەڕوخێن و هیچ بەهایەکی تر نییە ببێتە جێگرەوەیان یان رەنگە فۆرمێکی تر لە بەها هەڕمێنی پێبدرێت لە رووی ناوەڕۆکەوە بۆش و جۆرێکی تریشە لە رێژەگەرایی و وەهم، ئەگەر مۆدێرنە و سەرکەوتنی عەقڵی پۆزەتیڤیستی، خودا و بەهاکانی پێکەوە خستبێتە کەنار، بەڵام ناوەڕۆکێکی نیهێلیستیانە و بێ بەهایانەشی بە بوون و ژیان بەخشی، لە مۆدێرنەوە هیچ بەهایەکی تازە لە دایک نەبووە جگە لە تاکە بەهایەک کە بریتییە لە بێبەهایی. ئەگەر کانت وەک فەیلەسوفێکی رۆشنگەر و راسیۆنالیست ویستبێتی بنەمایەکی سکۆلارانە بۆ ئاکار دابڕێژێت (دیارە هەمیشە بەهاکان بە ئاکارەوە بەستراونەتەوە)، بەڵام هەوڵەکە هەر لە چوارچێوەیەکی تیۆرییدا مایەوە و هیچی لەسەر شین نەبوو.

لەگەڵ دەرکەوتنی نیچەدا گۆڕانێکی رادیکاڵیش لەم رەهەندەوە روویدا، نیچە بە مەرگی یەزدان دڵخۆش نەبوو، چونکە دەیزانی ئەخلاقی مۆدێرن جگە لە پووچگەرایی هیچی تری نییە بیخاتە جێگەی ئەو خودایەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا هەر خۆی هەواڵی مەرگی راگەیاند و مرۆڤیشی بە بکوژی یەزدان تۆمەتبار کرد. هەر لەم روانگەوە موراد فەرهاد پور دەیگوت: (ناتوانین بە سادەیی بڵێین مرۆڤی مۆدێرن زیندووە، بەڵکو بە تەواوەتی نەمردووە) دەشێ ئێمە دووبارە رستەکە بەمجۆرەش بخوێنینەوە: مرۆڤی مۆدێرن بەو هۆکارەی هێشتا نەمردووە ناشێ بڵێین زیندووە. ناخوازم بە زمانێکی ئاڵۆز بدوێم، مەبەستی خۆم روونتر دەکەمەوە و دەڵێم تراژیدیاکە ئەوەیە نیهێلیزم مرۆڤی مۆدێرن لێ دەخورێت و هەمووانیش لەناو ئەو بێماناییەدا بە چارەنووسمان بەختەوەر و رازین، هەموو شتێک بە قورسترین کارەساتەکانیشەوە نۆرماڵیزە کراوەتەوە، وەک بڵێی هەموو کات وا ژیاوین و سەروەختێک نەبووە ژیان ئامانجێکی تێدا بووبێت و واتایەکی بە هەبوونمان بەخشیبێت. پێدەچێ هەبن فرێمان بدەنە دەڤەری نیهێلیزمەوە، لە واقیعدا دروست بە پێچەوانەوە نەفی ئەو جیهانە دەکەین کەوتووەتە بن سێڵاوی هیچباوەڕیی و پووچگەراییەوە، بە بێگومانیش مەبەستێکی جیامان نییە لەوەی «ژیل دۆلۆز»ی فەیلەسوفی فەرەنسی جەختی لێ دەکردەوە: پێشتر ژیان بێ نرخ دەکرا لە بەرزایی بەها باڵاکانەوە، ئێستاکە بە پێچەوانەوە، ئەوەی ماوەتەوە بە تەنها خودی ژیانە، بەڵام هێشتاش ژیانێکی بێ نرخ کراوە کە لە نێو جیهانێکی خاڵی لە بەهادا بەردەوامە، داماڵدراوە لە هەر مانا و ئامانجێک، لە هەموو لایەکەوە رووی لە عەدەمە.

# چەوساندنەوەی ژینگە

سێبەر: لە ناو تاریکستانی گەردووندا کە وەک ئۆقیانووسێکی بێ کەناری شەوێکی زستان خۆی دەنوێنێت، لە دوورەوە تەنیا یەک چرای شەوق کز دیارە، ئەویش زەوییە، ئەم چرا کەم تینە، پیرەمێردێکە گرانەتای گرتووە گڕ و گەرمای لەشی خەریکە لە بەینی دەبات، لەگەڵ کووژانەوەی ئەم چرایەشدا رووناکی گەردوون دەمرێت، ئەو مردنەش زۆر نزیک بووەتەوە. درکاندنی ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت بوونەوەرێکی خەیاڵی و وڕێنەکارم، بەڵکو ئەوپەڕی ریالیستم، بەڵام باسی شتێک دەکەم ئێوە پێتان ناخۆشە گوێتان لێی بێت، ئێوە حەز ناکەن باسی کۆتایی بکەم، لە کاتێکدا ئێمە لە کۆتایی هەموو شتێکداین. دەکرێت ئەمە میلان کوندێرای رۆماننووس بهێنێتەوە بەر زەینمان وەختێک لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ فلیپ رۆس لە بارەی ئایدیای کۆتایی دنیا. ئەگەرچی کوندێرا پێیوایە بیرۆکەکە دێرینە و بەرهەمی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە لە هەمان کاتدا وایدەبینێت مانەوەی ئەم بیرۆکەیە بە درێژایی مێژوو بێ مەڵامەت نییە، بۆی هەیە ببێتە واقیع و دیفاکتۆ. زاناکان هەواڵە ناخۆشەکەمان پێ رادەگەیەنن، لە ئایندەیەکی کەمێک دوورتردا خودی گەردوونیش کۆتایی دێت، ئیدی هەموو شتێکە دەچێتە ئامێزی نەبوونەوە. شتە هەرە تاڵەکە ئەوەیە ئەم پایانە خەریکە لەسەر دەستی خودی مرۆڤ خۆی روودەدات، ئاخر مرۆڤ خەریکی ئافراندنی هەزاران بوونەوەری وەکو فرانکشتاینە کە سەری دروستکەرەکەی دەخۆن.

من: پێشان هەستمان بە دڵنیایی دەکرد، پێمانوابوو شاخ و دەشتە بە پیتەکان و رووبارە سازگارەکان و کانیاوە شیرینەکان بەشێوەیەکی جاویدانی وەک خۆیان دەمێننەوە، زانست رایچڵەکاندین بەوەی زەوی خۆی مەترسی لەسەرە و رووبەرێکی

مەترسیدارە بۆ ژیان. لە سەردەمی پێش شارستانییدا مرۆڤ لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدا بووە لەگەڵ سروشت، پانتاییەکانی ئازادییش گەلێک بەر فراوانتر بوون، یەکەم هەنگاو رووەو شارستانێتی لەسەر حسابی سروشت و ئازادیی تەواو بوو، بە پێچەوانەی عەقڵی باوەوە دەهزرێم و پێموایە تاکو کۆمەڵگاکان زیاتر شارستانیی بن و بەرەو پێشکەوتنی ئامێریی برۆن، مەوداکانی ئازادییش تەسکتر دەبنەوە و پەیوەندیی مرۆڤیش لەگەڵ سروشتدا تاکو ئاستی پچڕان دەڕوات. ئەگەرچی سروشت یان ژینگە ئەو دەرەوەیەیە بەشدارییەکی بە گڕوتین دەکات لە پێکهاتنی بیر و رەفتاری ئێمەدا یان با بڵێین ناخی مرۆیی دابڕاو نییە لە کارتێکەرە دەرەکییەکان، سروشت یان ژینگە شوێنێکی مردوو نییە، زیندوویەکە دەستی هەیە لە کێشانی وێنە و زەنگینکردنی خەیاڵ و هزر و کردارماندا. هەواڵە جەرگبڕەکە ئەوەیە ناسا و دەزگاکانی تری کەشناسی پێیان گوتین ژینگە تووڕەیە لە مرۆڤ، ئەمەش لە زۆربوونی لافاوەکان و تۆرنادۆ شێتەکانەوە بیگرە تا بڵاوبوونەوەی دەیان جۆری پەتا و ڤیرۆسی بکوژدا خۆی دەرخست تا ئەو جێیەی چیتر زەوی بەدەر نییە لە هەڕەشەی دەرەکی، نەیزەکەکان نموونەیەکن لەو بەڵا ناگاهانەی بۆی هەیە لە هەر چرکەساتێکدا کۆتایی بە چیرۆکی مرۆڤ بهێنێت لەسەر زەوی، ئەم شترێسە مرۆڤی خستووەتە بارێکی دەروونی ئاڵۆزکاو، وێنای سایکۆسیسی مرۆڤی هەنووکە زاڵترین وێنایە لە مێژوودا یان با بڵێم لەوەتی مرۆ فڕێدراوەتە سەر زەوی پاڵپشت بە دیدە هایدگەرییەکە. ئەمەش وتەکەی (برێخت)م دێنێتەوە یاد: (ئەو کەسەی پێدەکەنێت دڵنیابە هێشتا هەواڵە ناخۆشەکەی نەبیستووە). دەبێت ئەو هەواڵە تفت و تاڵە چی بێت؟، وەڵامەکە لە فەیلەسوفێکی ریش چەرموی وەک چۆمسکی وەردەگرین: (ئێمە ئێستا رووبەڕووی دیمەنی لە ناوچوونی ژیانی رێکخراوی مرۆڤ لەسەر زەوی دەبینەوە).

ئەوەی ناشێ لە بیری بکەین ماندووکردنی زەوی و ئەو جێگایانەی بۆشایی ئاسمانە دەستی مرۆڤ و سیستمی زاڵی پێگەیشتووە، زەوی دەیتوانی ملیۆنەها ساڵی تریش بە میهرەبانیی لەگەڵ مرۆدا بمێنێتەوە، کەچی مرۆ یان با بڵێین سیستمی زاڵ، نەک هەر بە تەنێ مرۆڤ، زەوی و ژینگەش دەچەوسێنێتەوە،

بارێکی لێناوون خەریکە توانای هەڵگرتنیان نامێنێت. ئازارەکەش ئەوەیە جگە لە مرۆڤی نوێ (کۆیلەی نوێی نەزم) هەرچی زیندەوەری ترە ژینگەدۆستن، سەرنج بدەن مێش هەنگ جگە لە بەرهەمهێنانی هەنگوین کاری ژینگەپارێزیش ئەنجام دەدات، ژەنگەسوورە (زەردەزیرە) بە هەمان شێوە کارمەندێکی ماندوونەناس و بێ ئاگای ژینگەپارێزییە، لە ڕێگەی پێوەدانەوە ناهێڵێت ئەو تەرم و کەلاکانەی لە سروشتدا دەگەنن ببنە هۆکاری پیسبوونی ژینگە. لەوە تاڵتریش سووتاندنی بە ئەنقەستی دارستانەکانە بەهۆی چاوچنۆکیی سەرمایەدارییەوە، وەک لەم دواییانەدا لە حاڵەت تێپەریوە و بووە بە دیاردە! ئێمە تا ئێستاش لەوە تێنەگەیشتووین بە لە ریشە دەرهێنانی دارستانەکان گۆڕ بۆ خۆمان هەڵدەکەنین. ڕەنگبێ زانیارییەکی تازە نەبێت بۆ ئێوە بە قەدەر ئەوەی بیر خستنەوەیەکە، زانست ئەوەی سەلماندووە سۆلیدارێتی لە نێوان هەموو شتەکانی ناو سروشتدا هەیە، بۆ نموونە کۆنتاکتی بەهێزی نێوان درەختەکان سەرنجی زانایانی ڕاکێشاوە!، کاتێک درەختێک ڕووبەڕووی هێرشی کرم یان بەکتریایەک دەبێتەوە دەمودەست ئاماژە بۆ درەختەکەی تەنیشتی دەنێرێت تا فریای خۆی بکەوێت و سیستمی بەرگریی خۆی بەهێز بکات، ئەمە سۆشیالیزمێکی سروشتییە. مەبەستم لەوە نییە بکەومە پەسندانی سروشت و ژیانی سروشتی وەک ژیانێکی بێ خەوش و کەموکوڕیی، مەیلی ڕۆمانسیزەی ئەو پێڤاژۆیەشمان نییە مرۆڤ دیلی سروشت و دیاردەکانی بوو. پێشان تاکە بوونەوەر لە مێژووی بووندا مرۆڤ بوو لە هەموو زیندەرەوان زۆرتر لە غەمی خودی خۆیدا بوو کەچی ئێستا ئەو خۆپەرستییە بەسوودەشی نەماوە، پاسکاڵ جارێک وتبووی مێژووی مرۆڤ بریتییە لە مێژووی تێپەڕین بە لای یەکتریدا. ئیدی مرۆڤە بە لای تەرمی سروشت و ئینساندا تێدەپەڕێت و نایبینێت.

سێیەم: مرۆڤی نوێ لە دەرەوەی مانا (یۆنگ)ییەکەی، مرۆڤێکی خۆپەرست و بەد خووە، پێیوایە لە ڕابردووەوە هیچی بە میرات بۆ جێ نەماوە، هەموو داهێنان و دەستکەوتەکانی ئێستای بە بەری ڕەنج و هۆشمەندیی خۆی لێکدەداتەوە، ئەو هەزاران هەزار ساڵەی پێشوو لە بەرچاو ناگرێت لە ئایدیا و ماتریاڵ بۆی بوونەتە

پاڵپشتی ئەوەی ئەمڕۆ ئەم شانازیی پێوە دەکات. مرۆڤی نوێ ناونیشانی کۆمەڵێک دووپێی خۆپەرستە کە لە هەموو ئاوێنەکاندا جگە لە خۆی هیچیتر بەدی ناکات. کالیگۆلایەکی خوو شڕە، زەوی کلۆر کردووە و چاوی تەماعیشی لە داگیرکردنی هەسارە و ئەستێرەکانی تر و بۆشایی ئاسمان بڕیوە!. مرۆڤێکی بە هەڵپە و ئیگۆیستە و هەمیشە داگیر دەکات و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانی فراوانتر دەکات، زەوی وێرانەیەکە هێشتا دەیەوێت مەریخ ئاوەدان بکاتەوە!، ئەم چاوچنۆکییەی مرۆڤی نوێ پێش کاتی خۆی، زەوی لە ناودەبات و خەریکە بە هەڵپەبازیی خۆی دوا فوو لەو مۆمە بچووکەش دەکات پێیدەوترێت ژینگە. ئەم تەماعکارییەی مرۆڤ بۆ کەویکردنی سروشت دەگەڕێتەوە بۆ پڕۆژە فەلسەفییە عەقڵانییەکەی دیکارت کە بە داینەمۆی هەموو پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی پاشتری مرۆڤایەتی دادەنرێت، لەو سۆنگەی پرسیاری سەرەکی فەلسەفە لە یۆنانەوە تا ڕۆژگاری لە دایکبوونی رینێ دیکارت (سەدەی حەڤدە) لە بارەی چییەتی شتەکان و ئایدیای (بوون)ەوە بوو، لەگەڵ دیکارتدا ناوەڕۆکی پرسیارەکەش دەگۆڕێت بۆ پرسیار لە بارەی ئەو خودە بیرکەرەوەی لە ناو بازنەی بووندایە و دەرگیریی لەگەڵ شتەکاندا پەیدا کردووە. ئەوەش زەمینەخۆشکردن و دەرگاکردنەوە بوو لەسەر جیهانێک، تەکنۆلۆژیا تێیدا باڵادەست بێت ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی مەعریفەیەکی چڕ و پوخت بۆ چۆنێتی دەستبەسەراگرتنی سروشت. ئەمە ئەو ناوەڕۆکەیە (پۆڵ ریکۆر)ی فەیلەسوفی بەنامیێی فەرەنسیی گەرەکیەتی فێرمان بکات.

من: خودی گەردوون هێندەی مرۆڤ ئاڵۆز نییە، مرۆڤ تاکە مەتەڵ و رازی بوونە، جارێک (ئەنشتاین)ی خاوەنی بیردۆزی رێژەیی وتبووی (ئەو ساتەی خودا جیهانی ئافراند لە بیری چوو بە جۆرێک بیئافرێنێت لێی تێبگەین). دەبوو ئەنشتاین لە بری وشەی جیهان وشەی مرۆڤی دەرببڕییا. شەش حەوت ساڵێک بەر لە ئێستا بە رێکەوت بەسەر وتەزایەکی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی (پیتەر سلۆتەردایک)دا تێپەڕیم (ئەگەر مرۆڤ نەبا ئەنترۆپۆلۆژیا زانستێکی تەواو دەبوو). ئەوسا باش لە رەهەندی شاراوە و قووڵی ئەم دێڕە تێنەگەیشتم، لەم دوو سێ مانگەدا جارێکی تر بەسەر هەمان رستەدا کەوتمەوە، ئەوجارە دانیشتم بیرم لە کاکڵەی مەبەستەکەی

کردووە، دواتر گەیشتمە ئەو روانگەیەی مەبەستی راستەقینەی سلۆتەردایک ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی تاریک و نەبینراوە، مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) ناتوانێت سنووره شاراوەکانی ببڕێت و بگاتە وێنایەکی دیاری مرۆڤ، بە هەمان شێوە ئەمە بۆ سایکۆلۆژیاش راستە. بە دیقەتدان لە سروشتی مرۆڤ جا هەر مرۆڤێک بێت لە زۆرزانترینەوە بۆ نەزانترین، هەردەم بەشێکی تاریک لە ناوەوەی خۆیدا دەهێڵێتەوە و ناهێڵێت نە بۆ هیچ زانستێک نە بۆ هیچ ئەویترێک رووناک ببێتەوە، بەردەوام نهێنییەکی گەورە یان بچووک دەمێنێتەوە و تا مردن پارێزگاریی لێ دەکات، بۆیە بە قووڵی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام پێیوایە مرۆڤ نابینرێت، تەنیا سێبەرێک دەبینرێت یان راستتر وایە بڵێین مرۆڤ هەمیشە شتانێکی جەوهەری دەشارێتەوە و هەرچەندی لە تواناندا بێت شتە سادە و ئاساییەکانی خۆی دەخاتە نمایشەوە. پێموایە لە کتێبی «دانپیانەکان»ی ژان ژاک رۆسۆدا کە خۆ رووتکردنەوەی ئەو فەیلەسوفەیە وەک کورد دەڵێت تا سەر پلێت، هێشتاش شتانێکی زۆری بە پەنهانی هێشتووەتەوە و لەگەڵ مەرگی خۆیدا بردوونی بۆ ناو گۆڕ.

لەو چەند هەزار لاپەڕەی مارکیز دی ساد وەک لادەرترین پیاو و خاوەنی زۆرترین تۆماری سکانداڵ نوسیوونی، هێشتا ناتوانین بە تەواوەتی کارەکتەری راستەقینەی ساد دیاری بکەین، هەر ئەوەی پەنای بردووە بۆ نووسین و زۆرترین جاریش بیرمان دەخاتەوە رۆمانەکانی لە واقیعەوە هەڵهێنجاوە و وێنایەکی ریالیتەی کەسەکانە وەک لە کتێبی (ژوستین)دا زیاد لە جارێک ئەمە دووپات دەکاتەوە، بەو مانایەیە پەنای بردووە بۆ ژانرێک یان کردەیەک (نووسین) بە پاڵپشتی سیمبول و فەنتازیاکردن و داتاشینی ئایکۆنی دەرەواقیع خۆی بەڕێوە دەبات، راستە بیرکردنەوە و خودی خۆی لەناو رووداوەکاندا رووت دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر شتێکی بە پەنهانی و لە ناوەوەی خۆیدا هێشتووەتەوە یان ئەوەی نووسەری فەڕەنسی رێنێ شاتوبریان لە رۆمانە یاداشتی «ذكريات من وراء القبر» پێی هەستاوە، خۆ رووتکردنەوەی تەواو نییە، هیچ مرۆڤێک نییە بە تەواوەتی خۆی رووت بکاتەوە. مرۆڤ تەنیا ئەو بەشە لە خۆی دەردەخات، وێناکردنێکی فریشتەیی بە دەستەوە بدات، هەموو کات بەریانە شەڕانگێزەکەی

خۆی دەشارێتەوە یان لە کاتێکی زۆر درەنگتردا دەریدەخات. نیچە سەدە و نیوێک لەمەوبەر پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد مرۆڤ شتێکە دەبێت تێبپەڕێنرێت!، مەبەستی ئەوەیە ببێتە مرۆڤی باڵا و بگاتە مەقامی یەزدان، کەچی بە پێچەوانەی پەندە دێرینەکەوە (شەیتان لە وردەکارییەکاندا دەژی) ئەمێستا مرۆڤ جێی بە شەیتان لێژ کردووە و خۆی لەسەر عەرشی یەزدان و ئەهریمەن لە یەک کاتدا دانیشتووە و گەمە بە هەموو گەردوون دەکات. عەقڵ لە بری بەڕێوەبردنێکی باشتری ژیان بووە بە شێتییەک دەست لە کاولکردنی ژیان و لە ناوبردنی ژینگەش ناپارێزێت!، بۆچی دەبێت مەحکوم بین بە دەستگرتن بەم عەقڵەوە؟، ئەوە کێیە لە دەرەوەی ویستی خۆمان ئەمەی بۆ هەڵبژاردووین؟.

سێیەر: مرۆڤی ئەم چرکەساتە (ئەڵبەت زۆرتر مەبەست لە مرۆڤی مۆدێرنە) بەشێک لە رابردووی دووری خۆم واتە منداڵیم بیر دەخاتەوە، ئەوکاتەی زۆر منداڵ بووم، سەرم لە گەمەی دۆمینە دەرنەدەکرد و مافم پێنەدەدرا لەگەڵ گەورەکاندا لەو وازییەدا بەشداربم، بە پوولەکان قەڵای قایمم دروستدەکرد، دیوارێکی چوار چینیم بە هەر بیست و هەشت پوولەکە بەرز دەکردەوە، دوایی دەمڕووخاند و تێکوپێکم دەدا یان بە میکانۆکانم خانووبەرەی ئەندازەیی و گەورەم دروستدەکرد یان باڵاخانەی هەوربڕی چەشنی «بورج خەلیفە»م هەڵدەچنی، وەک بڵێی نیازم بێت جیهانی گەورە بە زەبری خەیاڵەکانم بچووک و بچووکتر بکەمەوە، دواتر هەر خۆم باڵەخانە هەوربڕەکانی ناو فەنتازیاکانم دەڕمان، لە ئێستاشدا مرۆڤ بە هەموو گوڕ و تینێکەوە تێدەکۆشێت بۆ لەناوبردنی ئەوەی بە دەستی هێناوە!، ئەوەی بە هەزاران ساڵ بونیادی دەنێت لە پێشکەوتن و شارستانی بە پەلەپیتکەیەک تێکیدەدات. ئەگەر مرۆڤی جۆری Homo Erectus زیاتر لە دوو ملیۆن ساڵ لەسەر زەوی و لەگەڵ سروشتدا ژیابێت، ئەم تایپەی ئێمە بە دوو سەد هەزار ساڵێک هەموو شتێکی هەڵگێڕاوەتەوە، لێ تا کۆتایی چاخی بەردینی کۆن هەموو شتێک بە ئاسایی و بەپێی ریتمی خۆی دەڕۆشت، بەڵام بە دەستپێکردنی چاخی بەردینی نوێ و بە دیاریکراویش دوای دۆزینەوەی نووسین لە میسر و وڵاتی دووئاوان (میزۆپۆتامیا) لە شەش هەزار ساڵێک لەمەوبەرەوە، پرۆسەی دەست

بەسەراگرتنی سروشت و مۆنۆپۆڵی هەموو شتێک بوو بە خولیای ئەم چاپە لە مرۆڤ، وەک ئەوەی زەوی یان ژینگە تا سەر بێدەنگ بن لەو هەموو بارەی لێیان نراوە، ئەمڕۆ لە هەموو کات زێدەتر چارەنووسی ئەم زەوییە لە مەترسیدایە. پێش ئەوەشی بەسەرمدا تێپەڕێت دەخوازم لە بارەی بەکارهێنانی کۆنسێپتی مرۆڤەوە روونکردنەوەیەک بدەم و دواتر بەردەوامی بە قسەکانم دەدەم، لە روانگەی ئەزەوە مرۆڤ بوونەوەرێکە نەبووەتە هاوولاتی، منیش هەر بەو مانایە بەکاریدەهێنم و سەرباری ملیۆنان ساڵ لە پەرەسەندن و دۆخگۆڕکێ، پێموایە زۆر لە کەوڵە ئاژەڵییەکەی نەهاتووەتە دەرەوە، لێ بۆ هەندێک لە نووسەران سوبێکت ناوێکی ترە بۆ مرۆڤ و بکەر و خود، مرۆڤ زیاتر کۆمەڵایەتی و مێژوویییە و بکەر رێزمانییە، بۆیە سوبێکت بریتییە لە ئەڵتەرناتیڤی ئەو زاراوانـە، بەڵام بۆ خۆم سوورم لەسەر بەکاربردنی دەستەواژەی مرۆڤ بەو هۆکارەی پێشتر ئاماژەم پێکرد. وتەزاکەی هۆبز «مرۆڤ گورگە بۆ برا مرۆڤەکەی» (سیاقی ئەو رستەیەم لەبەرچاو گرتووە و زیاتر وەک میتافۆرێک کەڵکم لێ وەرگرتووە) هەڵگەڕانەوەی بە خۆیەوە بینیوە، هەنووکە مرۆڤ نەک هەر گورگە بۆ برا مرۆڤەکەی تری، گورگێکی برسییە و ژینگەشی خستووەتە نێوان کەڵبەکانییەوە و دلڕەقانە دەیجوێت، پەلاماری کوێرانەی هەر چوار لای خۆی دەدات. (جاران سکاڵا لەوە دەکرا مرۆڤ، مرۆڤ دەچەوسێنێتەوە، ئێستا مرۆڤ سروشتیش دەچەوسێنێتەوە) ئەمە بەرسڤی پیتەر سلۆتەردایکە لە ئینتەرڤیۆیەکی ئەم دواییانەدا. ئەمە هەمان دیدی (سلاڤۆی ژیژەک)مان بە بیر دەهێنێتەوە کە لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: ئێمە دەزانین کارەساتی ژینگەیی شتێکی مومکینە و تەنانەت ئەگەری روودانیشی هەیە، بەڵام ئێمە باوەڕ ناکەین رووبدات. (ژیژەک لێرەدا باسی ئەوە دەکات خەریکە نامومکین دەبێت مومکین و بەپێچەوانەشەوە). کارەسات بەڕێوەیە و ئێمە هێشتا پێمانوایە سروشت پڵنگێکی دان دەرهێنراو و ماڵی کراوە و توانای هیچی نەماوە بۆیە تا سەر بێ کاردانەوە دەمێنێتەوە.

من: مرۆڤ بە پەیامی ئاینەکان رازی نەبوو بە سەرمەدیی جێنشینی خودا بێت، هەوڵێکی سەرکەوتووانەی کودەتای دا بەسەر خودادا و عەرشەکەی ئەوی

داگیرکرد. ئیدی چیرۆکی مرۆڤی بە خوابوو دەستپێدەکات، سەرەتا مرۆڤسەنتەریی (هیومانیزم هیچی تر نییە جگە لە دانانی مرۆڤی باڵای خۆرئاوایی سپی رەنگ لە شوێنی خودا کە لە هەر کوییەک بیەوێت دەستی وێرانخوازیی خۆی پێدەگەیەنێت)، دەستی خستە بینەقاقای سروشت و ژینگەوە، هەتا دێت گیانداران بە تایبەت ئاژەڵە کێوییەکان کەم دەکەن و هەندێجاریش قڕیان تێدەکەوێت، شوێنی ئەمانە بە کۆمەڵێک ڤایرۆسی نازداری دڵڕەق پڕ دەکرێتەوە، زۆرێک لە ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەرانی ناو سروشت ترسی نەمانی یەکجارەکیان لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا سییەکانی زەوی رۆژ بە رۆژ دەبنە بیابان و باڵەخانەی هەوربڕ و مەزرای ئەو ئاژەڵانەی مرۆڤی گۆشتخۆر مرخی لێ خۆشکردوون، ئەویش بە ریشەکێشکردنی دارستانەکان. سووتاندنی ئەمازۆن ئاگرێک بوو نەک لە سییەکانی زەویدا بەڵکو لە سییەکانی گەلەئەستێرەی کاکێشاندا، هەندێجار بگرە زۆربەی جار لە خۆم دەپرسم مرۆڤەکان بۆ وان؟ هەروەک ئەوەی مار و مێروو یان وەچەیەکی تازەبینراوی دراگۆلاکان بن، بێ هەست و شعورن، هیچ نەبێت مێرووەکان زمانیان نییە باسی مێروودۆستی بکەن، وەک ئێمە کە زۆرترین تاوان دژی یەکتر و دژی ژینگە و کەون بەناوی مرۆڤدۆستییەوە ئەنجام دەدەین. مرۆڤسەنتەریی و چاوچنۆکی و چنینەوەی سەرمایە و بە بازاڕکردنی سەکۆی ژیان، سەرزەمینی کردووە بە بیابانێکی «تا» لێهاتوو و هیچ شتێکی دڵگیری تێدا نەماوە، درەخت و ئاژەڵەکان چیتر هاوڕێی مرۆڤ نابن لە داهاتوودا، هاوڕێی نوێ ئەو کاڵایانەن ئێمە هەر لە سەرەتاوە بووینەتە بەندەیان، جیهانی داهاتوو لە ژێر چەپۆکی ئابووری بازاڕدا، جیهانێکە بەوەوە ناوەستێت هەموو شتێک لەناو ببات بە پێی ویستی مرۆڤ وەک لە پێشوودا هەبوو، جیهانێک دەبێت مرۆڤیش لەناودەبات لە پێناوی کاڵادا. جیا لەمەش بیهێنە پێش چاو تابلۆی ئەو ژن یان پیاوە چەند ناشرینە سەگێکی زنجیر کردووە و بە دوای خۆیدا رایدەکێشێت بە ناوی هاوڕێتییەوە، یان ئەو (باڵندەدۆستە) بێ ئێتیکانەی بۆ بەزمەساتی خۆیان باڵندەکان لە قەفەزدا رادەگرن!. لەوانەیە هەر ئەم سکانداڵە مرۆییانە پاڵی بە (جۆرجیۆ ئاگامبێن)ەوە نابێت تاکو بڵێت: (هەر کاتێک ئاژەڵێک- گیانلەبەرێک سەیرم دەکات شتێکی هاوشێوەی شەرم دامدەگرێت). ئەم

نیگارە ئێجگار شەرمهێنەر و خەفەتبارە، بەڵام کەڤاڵە هەرە تراژیدییەکە ئەوەیە مرۆڤ یان سوبێکت بە پێی فەرهەنگی ژیژەک یان دازاین بە پێی هایدگەر لەلایەن کاڵاکانەوە زنجیر لە ملی کراوە یان خراوەتە قەفەزێکی ئەلەمنیۆمەوە، ئەم دۆخە دیستۆپییە دەرئەنجامێکی هەڕەمەکیی سیستمی سەرمایەداریی نییە، بەڵکو پرۆژە بنەڕەتییەکەی کاپیتالیزم لە بناغەوە هەر ئەمە بووە: تواندنەوەی هەموو بەهاکان لە بۆتەی قازانجدا.

سێیەر: مرۆڤ خۆڕسکانە ئاژەڵێکی دڕندەیە، لە سەرەتادا بوونی مرۆیی لە نێو سروشتدا بووە و هیچ شتێک جیای نەکردووەتەوە لە ئاژەڵەکانی دیکە، تەنانەت ئەوەی پێی دەوترێت عەقڵ تەنیا بۆ تەکنیکەکانی راوکردنی ئاژەڵانی تر بەکارهێنراوە وەک چۆن هەر ئاژەڵێکی دڕندەی تر هەمان ئەو تەکنیکانەی بەکارهێناوە لە راوکردندا، لە پەنا زانینی ئەم راستییەشدا هیچ کاتێک بوونی پریمیتیڤی مرۆڤ لە ناو سروشتدا ناچاری نەکرد خۆی بە ئاژەڵێکی ئاسایی نێو ناتوراڵ بزانێت، هەردەم هەوڵیداوە لەم جەبرە دەربچێت، لە پێڤاژۆی یەکەمدا لە کۆششدا بووە بە هێزی مەچەک و عەزەلات دەست بگرێت بەسەر سروشتدا پاشان لە رێگەی عەقڵەوە هەمان ئەرکی گرتە ئەستۆ. پێڤاژۆی بەرایی راوشکار بێ هیچ کەرەستەیەکی راوکردن دەستی پێکردووە، پاشتر لە قۆناغێکی پێشکەوتووتردا، رم داهێنراوە بە مەبەستی راو، پاشان تفەنگ و کەرەستە پیشەسازیی و تەکنۆلۆژییەکان دەبنە ئامڕازی راوشکاری دەستی مرۆڤی مۆدێرن. با بیریشمان نەچێت هەموو ئاژەڵەکان گۆشتخۆر نین، گۆشتخۆریی تایبەتە بە ئاژەڵە هەرە دڕندەکان، لە پۆلی ئاژەڵە دڕندەکانیشدا مرۆڤ هۆڤترینیانە!، بیهێنە بەرچاو مرۆڤ لە پێش چاخی بەردینەوە تاکو هەنووکە بە دوای راوکردنی ئاژەڵەوەیە، هەم بۆ خواردن هەم بۆ رەزامەندیی خوداکان لە ئاسمان بن یان لەسەر زەوی بن (قەتلوعامی هەزاران سەر مەڕ لە ساڵی ٢٠٠٦دا بۆ شیفای جەلال تاڵەبانی وەک نموونە). سەرباری هەر داهێنانێکی فیکریی هێشتاش مرۆڤ دەستی لەم خووە دێرینەی هەڵنەگرتووە، فێری نەکردووە ئەگەر جەبری ژیان و مانەوە لە قۆناغی بەراییدا مەحکومی کردبێت بە راوکردنی گیاندارانی تر، ئەمێستا دەیان چاوگی تری خۆراکیی لەبەردەستدایە بە کەڵک و

تەندروستترن لە گۆشتی ئاژەڵان، ئەگەر پێشان مرۆڤ گۆشتی بە کاڵی خواردبێت هەنووکە لە موبەقە مودێرنەکاندا دەیان تەکنیک و شێوازی لێنان و برژاندن و سوورکردنەوەی گۆشت فێربووە، تەکنۆلۆژیاش یارمەتیدەرێکی باشی ژینۆسایدی ئاژەڵان بووە لەسەر دەستی مرۆڤ بەوەی ئاسانکاریی و دەرفەتی زیاتر بۆ رەخساندووە لە پرۆسەی پاکتاوی گیانلەبەرانی تردا. ژاک درێدا ئەم پرسەی بە جددی وەرگرتبوو، بۆیە بەردەوام ئەوەی بە یاد دەهێنایەوە بیرکردنەوە لە ئاژەڵان دەبێت تێکەڵکێش بکرێت بە بیرکردنەوەی فەلسەفیی.

چیدی راوشکار لەم قۆناغەدا وەک پێویستی مانەوە نەماوەتەوە بەڵکو هەر لە قۆناغی ئیمپریالیزم و شۆڕشی پیشەسازییەوە بووە بە ماتریاڵێکی گرنگی بەرهەمهێنان، ئەگەر لە یەکەم چرکەساتی تروکانی شۆڕشی پیشەسازییدا کارگەکانی رستن و چنین پێویستیان بە کوشتارێکی بێشوماری ئاژەڵ هەبووبێت بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە خوورییەکانیان، ئەوا لەم سەردەمەدا بەرخۆریی سەد ئەوەندەی تر ئەم ژینۆسایدەی ئاژەڵانی فراوانتر کردووە. با ئەوە لەولاوە وەستابێت، ئەو هەموو کێڵگە و دەواجن و حەوزانەی بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵان و پەلەوەر و ماسی چێ کراون، تەنیا بۆ ئەوەی ببنە ژەمە خۆراکێکی چەور بۆ ئاژەڵێکی دوو پێی وەک مرۆڤ، تەنانەت هەست بە تەریقبوونەوە دەکەم لە بینینی ئەو دیمەنە گڵاوەی مرۆڤی گۆشتخۆری کورد، کاتێک لەسەر شاشەی تیڤییەکانەوە بە قوڵپ دەگریێ، هەموو نارەزایەتییەکی رادیکاڵانە لە نەخواردنی چەند ژەمێکی گۆشتدا کورت دەکاتەوە وەک بڵێی هەموو بووبنە بەرزە مرۆڤەکەی نیچە نەک دوا مرۆڤ. ئاخر نیچە بە هەمان رادەی سۆشیالیست و مۆراڵیستەکان، لاقرتێی بە رووەکخۆرەکان دەکرد و بە سووک و نزم سەرنجی دەدان، ئەو بە هەموو جۆرێک لەشێکی بەهێز و پتەوی دەویست بۆ سوپەرمان ئەوەشی لە گۆشتخۆرییدا دەبینییەوە. خولاسەی قسە ئەوەیە مرۆڤی مۆدێرن لە پێناوی چێژدا گۆشتی ئاژەڵانی تر دەخوات، کەچی لای ئاژەڵەکانی تر پێویستیی و برسێتی ناچاریان دەکات راوی ئاژەڵە لاوازەکانی دیکە بکەن. ئەمە جیاوازییەکە شایانی لێ وردبوونەوەی زیاتر و فرە رەهەندترە و بە جێیدەهێڵین بۆ توێژەرانی مرۆڤناسیی و چالاکوانە شێلگیرە ئاژەڵدۆستەکان.

من: مرۆڤ هەمیشە هەست بە تەنیایی دەکات بۆیە هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە هاودەمێکی تر لەناو ئەم گەردوونە ناکۆتایەدا بۆ خۆی پەیدا بکات، کارەساتەکە ئەوەیە ملیۆنان ساڵی تیشک پێویستە ئەمسەر بۆ ئەوسەری ئەم گەردوونە بینراوە بکەیت، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە گەردووناسانی ناسا باس لە فرە گەردوونی دەکەن، حەزی شێتانەی مرۆڤ ئەوەیە بەردەوامە لە ناردنی پەیام بۆ بوونەوەرانێکی تر لە ناو ئەم گەردوونەدا، ئەو هاوارەی هیچ کات نابیسترێت، وەک بڵێی بوونەوەرانێکی تر هەبن و گوێیان لە پەیامەکە بێت و بە ئەنقەست وێڵی بکەن، ئاخر مرۆڤ ئەوەندە بەدخوو و چاوچنۆکە و مەیلی دەستبەراگرتنی هێندە بەهێزە، مەگەر بوونەوەرانێکی دڕندەتر لە خۆی بوێریی ئەوەیان هەبێت، وەڵامی پەیامەکە بدەنەوە، لەوەش ناچێت مێژووی گەردوون لە مرۆڤ دڕندەتری بە خۆیەوە بینیبێت، ئەگەرنا هاوارەکەی مرۆڤ دەبیسترا. کاتێک بوونەوەرانی تر دیمەنی کەلەپاچەکردنی ئێمەی مرۆڤ دەبینن تووشی تراوما دەبن، چەندێک لە تواناياندا بێت دوورتر دەکەونەوە لەم هەسارەیە!، لەوەش بگەڕێ نەک هەر ئاژەڵ و تێکرای روحلەبەرانی خستووەتە خزمەتی خۆیەوە و پێیوایە بوونی ئەوان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئەمە، تەنانەت رێگە نادات دەمیان بگاتە میوەی نەمریی و وا دەهزرێت زیندووبوونەوە براندێکی تایبەتە بەم زیندەوەرە بەڕێزەیە ناوی مرۆڤە، هاوکات خۆی بە خاوەنی گەردوون دەزانێت و بۆ هەر کوێ پێی خۆش بێت و توانای بیگاتێ پەل دەهاوێت، ئەم مرۆڤەی خۆی بە خاوەنی گەردوونەکان دەزانێت، هێشتا لەوە تێناگات کرمێک یان خشۆکێکی پەرەسەندووە، ئیدی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بووە بە چەوساندنەوەیەکی تەقلیدیی، ستەمکارییە مۆدێرنەکە بریتییە لە چەوساندنەوەی هەموو گەردوون. هەر ئەم پاڵنەرەش وای لە فرانس کافکا کرد بە غەمبارییەوە لە یاداشتەکانیدا بنووسێت: (لە مرۆڤ دوور دەکەومەوە نەک بۆ ئەوەی ئاسوودە بژیم بەڵکو بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە). کافکا بە باشیی لەوە تێگەیشتبوو مرۆڤەکان ناتوانن یەکتر ئاسوودە بکەن، بۆیە هەوڵی خۆدزینەوەی دا تاکو دوور لە شوێن دەستی چەپەڵی مرۆ سەر بنێتەوە. ئینجا بیهێنە بەرچاوت سیستمێکیشت هەبێت

باوەشێنی هەستە وێرانخوازەکانی مرۆڤ بکات و بەو ئاقارەدا بیانبات کە پێی بڵێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجە خودییەکانت سڵ لە هیچ بەربەستێک مەکەرەوە، گوێ بە کاولبوونی ژین و ژینگە و ژیانی مرۆڤانی تر و ئاژەڵان مەدە، ئەوەی بە پلەی یەکەم گرنگە شادمانیی خۆتە.

سێیەر: ئەو شتەی ورووژاندت واتە بوونی بوونەوەرانی تر لە گەردوونی بینراو یان گەردوونەکانی تردا، خەیاڵی منی بۆ مژارێکی تر برد. مرۆڤ لە ئەگەری هەبوونی بوونەوەرانی تردا، دوو مەزندەی هەیە یانژی دوو وێنای کێشاوە: یەکەمیان ئەوەیە ئەو بوونەوەرانەی تر لە رووی تەکنۆلۆژییەوە چەند بەرابەر لە مرۆڤ پێشکەوتووترن، ئەویتریشیان ئەمەیە ئەوان زۆر لە مرۆڤ دڵڕەقتر و وێرانخوازترن، وەک ئەوەی نائاگایانە پێمانبڵێت تا تەکنۆلۆژیا پێشبکەوێت ئاستی دڕاندایەتیش دەچێتە سەرتر. وەکوتریش با لە جۆری ئەو فیلمانە بپرسین هۆلیود بە پلەی یەکەم لە بارەی دەرکەوتنی بوونەوەرانی دەرەوەی زەوی سکێچی دەکات، هەمیشە ئەو هێڵە درامییە تراومایی و دیسپۆتییە لەم ریتمە فیلمانەدا بەرجەستە دەکرێت، ئەو بوونەوەرانە هێندە دڵڕەقن، مرۆڤ لە چاویاندا بە حەفتا ئاو شۆراوەتەوە، هەموو هەوڵێک دەدرێت بگوترێت لە حاڵێکی وەهادا مرۆڤی پەپوولە تووشی دەجال و چەوسێنەرێکی زۆر بە دەسەڵاتتر لە خۆی دەبێتەوە کەچی ئەم وەهمە مێشکی ئێمەی سڕ کردووە تا ئێستا کەس شوێن پەنجەی هیچ بوونەوەرێکی تری لە وێرانکارییەکانی گەردووندا نەدیوە جگە لە شوێن دەستی مرۆڤ. ئەگەرچی ئەو فیلمانە بە خەیاڵی زانستی ناودێر دەکرێن، بەڵام هیچ کات خەیاڵیش ناتوانێت نموونەی هیچ بوونەوەرێکی تر ببینێت هێندەی مرۆڤ وێرانخواز. سەیر ئەوەیە سەرزەمینی خۆی مەڵبەندی ئاشوب و جەنگە، پەیامی ئاشتی بە هەموو زمانەکانی دنیا بۆ بوونەوەرانێک دەنێرێت تا ئێستا لە وەهمەکانیدا هەن، فەرموون ریالیتە ببینن، بزانن ئافاتی ژینگەیی و سروشتیی و نادادیی و جەنگ و چاوچنۆکی سەرمایەداریی چی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە؟، رەنگبێ خەڵکانێک هەبن بڵێن ئەمە کارێکی ئاسانە شەیتانێک بە ناوی سەرمایەدارییەوە دابتاشین و هەموو تاوانەکانی دنیای بدەینە پاڵ یان بڵێین لە روانگەی تووە دنیا بە تیۆری

کۆمپلۆتیزم بەڕێوە دەبریێت!، بەڵام ئایا ئەوانەی بەم فۆرمە دەهزرێن دەتوانن بۆ سەلماندنی بیرۆکەکانیان پێچەوانەوەکەیمان بۆ ئیسپات بکەن؟. ئایا ئەو جۆرە روانگەیە مانای کەوتنە ناو چاڵی شەیتان نییە؟.

من: پێویستە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین، مرۆڤ لێرەدا مانای زۆرینەی مرۆڤایەتییە یان ئەو مرۆڤەی بە سیستمی باڵادەست رازییە و هیچ بەرەنگاریی و ناڕەزاییەک بەرامبەر بە چەوساندنەوەی سروشت و ژینگە نیشان نادات. دەرفەتیش دەقۆزمەوە بڵێم پێش هەر شتێک جیاوازییەکی قووڵ لە نێوان هەردوو دەستەواژەی سروشت و ژینگەدا هەیە، بەوەی دووەمیان بارگاویتر بووە بە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت، چەندان پارتی سەوز لە سەرتاسەری دنیادا بەو ناوەوە دروستبوون، ئەمە بەدەر لەو رەوتە بەربڵاوانەی لە ژێر تایتڵی ئیکۆ ئەنارکیزم و ئیکۆ سۆشیالیزمدا لە گۆڕەپانی رامیارییدا لە چالاکیدان. ئەگەر سروشت بکەینە میحوەری ئاخاوتنمان، ژیانی شارستانیش پێدراوێکی ئەنتاگۆنیستی بێت لەگەڵ ژیانی سروشتییدا، بێ ئەملاوئەولا یەکەمیان هەڵدەبژێرم، مرۆڤ ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ژیان لە نێو سروشتدا مەگەر هەموو ئەو فێڵ و مەکرانە لە خۆی دابڕنێت لە ئەزموونی گەشەکردنی شارستانییدا فێریان بووە ئەوەش داوایەکی نامومکینە و وەک بڵێی گەڕاندنەوەی تیرە بۆ ناو کەوانەکەی لە کاتێکدا خودی کەوانەکە شکاوە، هاوکات ئەو سروشتە دڕندە و بێ بەزەییەی پەنای مرۆڤی سەرەتایی بوو بە جۆرێک وێران و دەستکارییکراوە تامی سروشتی پێشوو و راستەقینە نادات، مرۆڤ گەیشتووەتە دوا توانستی تەفروتووناکردنی سروشت، هیچ کات لافاوێکی یونیڤرساڵ لەوەی لە ئەفسانەی سۆمەرییدا باسکراوە بە دەردی ئەمڕۆ ناخوات، چونکە مرۆڤی نوێ لەگەڵ خۆیدا چارەنووسی ئەم هەسارە شینەش (زەوی) بەرەو فەوتان دەبات و ئومێدێک نەماوە بۆ دەستپێکردنەوەی چیرۆکەکە لە سەرەتاوە. ئیدی مرۆڤ ئەو مرۆ بێدەسەڵاتەی پێشان نییە، دیاردە سروشتییەکان بیترسێنن و جڵەوی بکەن، زانست ئەفسوونی سروشتی بەتاڵ کردەوە بگرە سروشت وەک لاشەیەکی بێ گیان لە بەردەستی مرۆڤدا کەوتووە. جیا لە هەموو ئەمانەش خۆم بە سروشتپەروەر نازانم، داوای گەڕانەوەش ناکەم بۆ قۆناغی ژیانی سروشتی

وەک پێڤاژۆیەکی پێرفێکت و دوور لە هەر خەوشێک، ژیانی ناو سروشت بە ئەندازەی ساکارییەکەی پڕ زەحمەت و دەردەسەریی بووە، ئەمە شتێکە دەبێت بۆ هەموو لایەک روون بێت. ئەو دابەشکارییە میتافیزیکییەش ناکەم کە سروشت بە دایک دەزانێت کە لەوانەیە وێڵمان بکات بۆ گەڕان بە دوای باوکماندا!، تەنیا داوا دەکەم ئەگەر بە خاتری ئایندەی خودی خۆیشمانە سنوورێک بۆ دەستدرێژییکردنە سەر سروشت و ژینگە وەک ئەرکێکی ئیتیکیی دابنێین.

سێیەر: ژینگە تووڕەیە، ئایدیای تۆڵەی ژینگە لە سیستم و مرۆڤ بیرۆکەیەکی دێرینە و جۆرێکە لە دەستەمۆیی و ئومێدێکی زیادەڕۆیی تێداکراو، لەوانە نییە مەبەستمان لەوە بێت، ئەوە بڵێینەوە مۆری بوکچین کە رێفیرانسی سەرەکی فیکریی ئۆجەلانە دەیڵێت. بوکچین وا بیر دەکاتەوە چیتر پڕۆلیتاریا هەوێنی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و هەڵتەکاندنی ریشەیی سەرمایەداریی نییە، لە باری کرداریشەوە سلیکۆن ڤالی لە هەوڵی تواندنەوەی چینی کرێکاردایە، ئەمە بێ هاشاکردن لە مانەوەی چەوساندنەوە و نابەرابەریی وەک خۆی. لای وی ئەوەی سەرمایەداریی لەناو دەبات یان باشتر وایە بڵێم دەبێتە هۆکاری قەیرانێکی خنکێنەر و لەناوبەر، خودی ئەو وێرانکارییە ئیکۆلۆژییەیە پێی هەڵدەستێت لە ئاواکردنی میترۆپۆلیسی قەرەباڵغ و دابڕاو لە سروشت کە چیتر مرۆڤ ناچارە ژیانی لەم شارە گەورانەدا بباتە سەر, بە پێی دوایین ئامار لە کۆی نزیکەی ٨٤ ملیۆن دانیشتوانی ئەڵمانیا تەنیا دوو لە سەدیان لە گوندەکاندا دەژین (بۆ خۆم وەک هایدگەر گوندنشینم)، ئەوەش دەکاتە کەمتر لە دوو ملیۆن کەس، بەردەوامیش ڕەو لە گوندەکانەوە بەرەو شارە جەنجاڵەکانی وەک بەرلین و هامبۆرگ و فرانکفۆرت و کۆیلن و شتوتگارت هتد.. لە ئارادایە، ئەگەرچی سلۆتەردایک پێیوایە بە چۆڵبوونی گوندەکان، هێزی جەوهەریی کۆنزەرڤاتیزم لە رووی دیموگرافییەوە ون بووە، بەڵام ژیان لە شارە گەورەکاندا کە هەلومەرجە ژینگەییەکان تیایاندا وەک نەبوو هەژمار دەکرێت بۆ خۆی قەیرانێکی ئیکۆلۆژیی گەورەیە و تا دێت ئەم قەیرانە زیاتر دەکشێت. لەلایەکی تر بوکچینی تیۆریسیۆنی ئیکۆ ئەنارشیزم وا بیر ی دەکردەوە بەرهەمهێنانی کاڵای ناپێویست و زیادە (یادە بەرهەم بە مانا مارکسییەکەی) و وەرچەرخانی

کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر (مەسرەفگەرا) فاکتۆرێکی تری پیسبوونی ژینگەیە، لێکەوتە کارەساتبارەکانی ئەم قەیرانەش جیاواز لە تەشەنەسەندنی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان بە تایبەت شێرپەنجە، لەناوبردنی رووبەری سەرەکی ژیانکردنیشە.

هەر لە ئێستاوە زانا ئیکۆلۆژییەکان هۆشداریی دەدەن مەترسیی گەورە هەیە لەسەر بە بیابانبوونی بەشێکی بەرفرە لە وشکاییەکانی زەوی، ئەمە جگە لەو قەیرانە وا وردە وردە بە روونی خۆی دەردەخات ئەویش قەیرانی ئاوی پاکە بۆ خواردنەوە، ئەگەرچی سەرمایەداریی (خۆر) تاوانبار دەکات بەوەی «تا»ی بەرز بووەتەوە! کەچی ناتوانێت نکۆڵی لە رۆڵی وێرانخوازانەی خۆی بکات لە تێکدان و پیسکردنی ژینگەدا، لێ پیسبوونی ژینگە لەگەڵ سەرمایەدارییدا دەست پێ ناکات بەڵکو لە دەمێکەوە کەڵەکە بووە، بەڵام سەرمایەداریی بە دروستی لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە بارتەقای دوو سێ ملیۆن ساڵی رابردوو، سروشتی کاول کردووە و هەلومەرجە ژینگەییەکانی لەناوبردووە، بەم پێیە ژیانی دوو سێ ملیۆن ساڵی نەوەکانی دادێی لەناوبردووە. هەموو ئەمانە نیگەرانییەکانی مرۆڤی ئێستا و داهاتوون، هیچ ئومێدێک شک نابەم بۆ رزگاربوون لەم دۆخە، باوەڕیش ناکەم ئەو ئەڵتەرناتیڤەی مۆری بوکچین لە کتێبی (ئیکۆلۆژیای ئازادیی)دا تیۆریزەی کردووە بگاتە فریامان، نەک لەبەرئەوەی تیۆرییەکی شیاوی جێبەجێکردن نییە (لە رۆژئاڤای کوردستان بە فۆرمێکی سادەتر لەوەی بۆکچین بیری لێ دەکردەوە کۆمۆنالیزم خراوەتە بواری پراکتیسەوە) بەڵکو لەبەرئەوەش تیۆرەکە لە بەردەم ئەستووریی مەچەکی کاپیتالیزمدا تووشی نسکۆ بووە، جگە لە ئانارشیستەکانیش کەسی تر بەدەم هاواری بوکچینەوە نەچوو. ئەڵبەتە نیازێکی وەهامان نییە تۆتۆلۆژییانە و هاوئاواز لەگەڵ شۆپنهاوەر بڵێین ئەم جیهانە لە ناو گرووپی جیهانە گریمانەکراوەکانی تردا هەرە خراپترینیانە وەک چۆن لەکن لایبنیتس چاکترین بوو، ئێمە باسی جیهانێک دەکەین لە جەوهەر و ماکی رەسەنی خۆیدا نە باشە و نە خراپ، تەنیا ئەوەندە نەبێت مرۆڤ وەک بەڕێوەبەری سیستم بەرەو خراپ و خراپتری بردووە و ئەو ژینگە گونجاوەی هەڵتەکاندووە بۆ درێژەدان بە مانەوەی

توخمی مرۆڤ و گیاندارانی تری ناو سروشت بە پلەی یەکەم دێت. ئەگەر ژان بۆدریاری فەیلەسوفی فەڕەنسی لە دیمانەیەکی ساڵی ١٩٨٩دا گووتبێتی: (ئێمە لە سەردەمێکداین، تێیدا ئومێد ئایدیایەکی زۆر روون نییە). دەبێت دوای سی و سێ ساڵی تر لە وێرانبوونی ژینگە و کۆیلەترکردنی مرۆڤ، ئێمە بتوانین چیتر بڵێین؟. وەک خۆم هیچم نییە بۆ وتن.

من: لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازییەوە عەقڵێک کە لە پەراسووی چەپی دیدگای میتافیزیکییەوە دەرهاتبوو، وا بیری دەکردەوە، زەوی ئازایە و ماندوو نابێت و ژینگە لەوە خۆڕاگرترە لە بەرامبەر ئەو هەموو وێرانکاریی و دەستدرێژییانەی دەکرێتە سەری ماندوو ببێت و سەرەنجام ریاکسۆنی هەبێت. ئەم تێڕوانینە بۆ ژینگە و زەوی درێژکراوەی بیرکردنەوەی پێش شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی بوو. لە دیتنی ئاینیی| کریستیانی پێش کۆپەرنیکۆس و گالیلۆدا، زەوی چەقی گەردوون و بارستەیەکی تۆکمە و لەباری گشت زیندەوەران بوو، لەو روانگەوە وا بیر لە زەوی دەکرایەوە نە ماندوو دەبێت و نە تووشی کاردانەوە دەبێت بەرامبەر ئەو هەموو هەڵکۆڵینەی لە هەناویدا بەڕێوە دەچێت وەک گەڕانێکی بێ کۆتایی بە دوای سەچاوەکانی وزە و میتاڵ و سەروەتە سروشتییەکانی تردا، ئەم ئاوەزە سەرمایەداریی جیهانی هەڵدەسوڕاند، مرۆڤەکانیش بە بەرهەمە پێشکەوتووەکانی سیستم سەراسیمە ببوون، بیریان لەوە نەدەکردەوە زۆرینەی ئەم بەرهەمانە لەسەر حیسابی سروشت و ژینگە تەواو دەبن تا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەندێک لە ئیکۆلۆژیستەکان پەنجەیان خستە سەر زەنگەکانی مەترسییەکی گەورە، ئەویش تێکچوون و پیسبوونی ژینگە و ئاڵوگۆڕێکی نەرێنیی ئاوهەوای هەسارەی زەوی بوو کە کاریگەرییەکانی بەرەو بۆشایی ئاسمان رۆیشتبوو، دڕانی پەردەی ئۆزۆن وەک مەترسییەکی راستەقینە نەک گریمانەکراو هێنرایە بەر باس، بەڵام ویستی قازانج و جەمکردن و کەڵەکەکردنی سەرمایە ئەم مەترسییانەی پشتگوێ دەخست وەک چۆن تا ئێستاش پشتگوێ دەخرێت، دیکۆمێنتەکان دەیسەلمێنن بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای زەبەلاحی پێترۆڵ (نیکسۆن) لە دەیەی هەفتاکانی سەدەی پێشووەوە پێشبینی ئاڵوگۆڕی کەشوهەوای جیهانیان کردبوو، بەڵام شاردبوویانەوە. تاکە

جیاوازییەک هەبێت ئەوەیە لە رەوشی هەنووکەدا سەرمایەدارییش ناتوانێت نکۆڵی لە تێکچوونی ئاوهەوا و سیستمی ژینگەیی بکات، لێ دەمڕاستانی سیستم فاکتۆرەکان دەگەڕێننەوە بۆ خودی سروشت و ژینگە خۆی لە چەشنی ئەوەی لەشی خۆر بە بەراوورد بە پێشان گەرمتر داهاتووە و بەزربوونەوەی ئەم (تا) یەی هەتاو، هۆکاری سەرەکی ئەو رەوشە ئاوارتە ژینگەییەیە هاتووەتە پێشەوە و لە داهاتوودا خراپتریش وەپێش دێت یان چەندان سەفسەتەی تری هاوشێوە تا خودی نەزمی باڵادەست لە قەفەزی تاوان دەربهێنن، بەڵام ناتوانن هاشا لەو راستییە درەوشاوەیە بکەن زیادبوونی رێژەی کاربۆن و گەرمبوونی زەوی و تێکچوونی ژینگە بەهۆی کەڵک وەرگرتنە بێ سنوورەکانی پیشەسازییە گەورەکانە لە نەوت و گاز و خەڵوزی بەردین، خاوەندارێتی ئەو کۆمپانیا پیشەسازییانەش بۆ دەستەبژێرێکی سەرمایەدار دەگەڕێتەوە.

یان ئانگوس بیرمانی دەهێنێتەوە ئەوەی بەسەر ژینگەدا دێت بەرئەنجامی دەستێوەردانی مرۆڤ نییە لە سروشت، ئەنجامی کەڵک وەرگرتنی سەرمایەدارییش نییە لە سووتەمەنییەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە تا نهۆ، بەڵکو دەرئەنجامێکی راستەوخۆی ئەو بەکارهێنانە فراوانەی سووتەمەنییەکانە لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەمەوە دەستپێکردووە بە تایبەت بەهۆی ئەو جەنگەی ناوی جەنگی بە پیشەسازییکراوی ١٩٣٩-١٩٤٥ی بەسەردا بڕاوە. چیدی مێژوو دۆخی کارەساتی لە ناکاوی لە پێش نییە، ئێمە لە ناو خودی کارەساتەکاندا دەژین، حاڵی حازر لە بەردەم مەترسییەکی هەرە گەورەی گۆڕانی کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگەداین، لەملاوە بە هەموو رێگایەک هەوڵدەدرێت مۆرفین بکرێتە قاوەکانمانەوە و بیرمان بچێتەوە لە سەردەمی کارەساتە ژینگەییەکانداین تا رووقایمانە باوەڕ بە قەبارەی کارەساتەکە نەکەین و خۆمانی لێ لابدەین، وەک ئەوەی پەیوەندیی بە ئێمە و ژیانمانەوە نەبێت، لە کاتێکدا هەر چوارلامان بە بۆمبی تەوقیتکراوی تێکدەرە ژینگەییەکان تەنراوە، داوامان لێدەکرێت چاومان بنوقێنین و بڕوا بەو واقیعە نەکەین رەنگە لە نزیکترین دەرفەتدا بێتە بەردەممان بەڵکو وەک فەنتازیایەکی سینەمایی سەیری بکەین، وا تێبگەین هەرچی رووبدات لە زەمینلەرزەکەی ساڵی ١٧٥٥ی

شاری لیشبۆنە گەورەتر نابێت کە دەرگای لەسەر مێژوویەکی نویێ کردەوە، بەڵام ئەگەر فریا نەکەوین و کارەساتەکە بێتە پێشەوە، دەرگا لەسەر مێژوو دادەخات. تا چەند ساڵێک بەر لە نهۆ، سەرباری ئەو زانیارییانەی لە بارەی تێکچوونی کەشوهەوا و ئەگەری کارەساتە سروشتییەکانەوە هەمبوو، بە تایبەت دوای کۆتا تسۆنامی لە دوورگەی (بالیێ)ی ئەندەنوسیا، کۆتایی هەسارەی زەوی و هاتنی ئاپۆکالیپۆسم بە ئەگەرێکی دوور و تا ئەندازەیەکیش بە هزرێکی میتافیزیکیی دەزانی، بەڵام وا وردە وردە خەریکە دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی ئاکامی ئەم رەوشە (ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بێت و هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەریش نابینرێت) هیچی تر نابێت جگە لە کۆتایی دنیا و بن ئاو کەوتنی شارستانێتییە تاقانەکەی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە، تۆفانی نوح لە میتۆلۆژیاوە دەبێت بە واقیع. نوام چۆمسکی بیریاری ئەمەریکی سەرنجمان بۆ راستییەکی تاڵ رادەکێشێت تا دێت بەرزبوونەوەی پلەی گەرما ئاستی ئاوی دەریاکان هەڵدەکشێنێت، بە بەرزبوونەوەی چەند پێیەکی تری ئاوی دەریاکانیش دیار نییە چارەنووسی شارستانێتی مرۆڤایەتی چی بەسەر دێت.

دەیڤید هارڤەی هەواڵە ناخۆشەکەی لەلایە و باس لەوە دەکات بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زەوی بەستەڵەکان دەتوێنەوە و بەمەش ئاستی ئاوی دەریاکان بەرزتر دەبێتەوە، توێژاڵی سەهۆڵینی گرینلەندیش دەستی کردووە بە توانەوە، بەفری کەڵەکەبووی چیای هیمالایاش رووی لە تەواوبوونە، بەوەش هەرتک رووباری سەند و گەنج وشک دەکەن، نیمچە دوورگەی هیند رووبەڕووی قەیرانێکی نەخوازراوی وشکەساڵی دەبێتەوە، ئەمەش بۆ زۆرێک لە ناوچە باراناوییەکانی تری جیهان پێشبینیکراوە. هارڤەی لە درێژەی دەنگوباسە ناخۆشەکەدا ئەوە روون دەکاتەوە بە توانەوەی سەهۆڵبەندانی باکوور (ئێستا خەریکە دەتوێتەوە) گازی میتان کە لە دوائۆکسیدی کاربۆن مەترسیدارترە، دەبێتە هۆکاری خێراتربوونی گۆڕانکاریی نەرێنی لە کەشوهەوای جیهاندا. ئەمڕۆش جیهان لە بەردەم هەڕەشەی دوائۆکسیدی کاربۆندایە تەنانەت هەندێک لە ئیکۆلۆژیستەکان بەم دواییانە تێبینی ئەوەیان کردبوو بەشێک دارستانەکانی ئەمازۆن زۆرتر لەو بڕەی هەڵیدەمژن دوائۆکسیدی کاربۆن دەدەنەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕی ژینگەییەوە لە جیهاندا روویداوە،

دەیڤید هارڤەی لە بڵاوبوونەوەی زیاتری دوائۆکسیدی کاربۆن نموونەی چین و بەکارهێنانی مەوادی چیمەنتۆ دەهێنێتەوە و دەڵێت: (چین سەرمایەداریی لەسەر حسابی ژینگە و بڵاوبوونەوەی دوائۆکسیدی کاربۆن رزگار کرد!) بە تایبەت لە دوای رووخانی وۆڵ ستریت و قەیرانە خنکێنەرەکەی سەرمایەداریی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە دەستیپێکرد و تا ئەمڕۆ بەردەوامە. لە بەری رۆژهەڵاتی دنیاش کارەساتەکە چەند قات گەورەترە!، پسپۆرانی ئیکۆلۆژیی پێشبینی دەکەن دیاردەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو هێندە زیاتر بێت بە بەراوورد بە ناوچەکانی تری جیهان. ئەگەر کار وا بڕوات شاری مەککە ژیانی تێدا نامێنێت و بەجێهێنانی حەجیش دەبێتە ریسک و کارێکی سەرکێشانە.

بەشی زۆری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو رووی هەمان چارەنووسی بیابانی ئافاری ئەسیوبیا دەبێتەوە کە هیچ هەلومەرجێکی ژیانکردنی تێدا نەماوە وەک چۆن پێشبینییە ئیکۆلۆژییەکان ژێر ئاوکەوتنی شارە لوکس و باق و بریقەدارەکانی رۆخی کەنداو بە حەتمییەتێکی کۆتایی ئەم سەدەیە دەزانن. بە کورت و کرمانجی سەرمایەداریی هەڵگری توخمی دژە سروشتە و هیچ شتێک بە سروشتی نەماوە لە سایەیدا. مارکس لە ساڵی ١٨٤٤ لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکاندا، مرۆڤ بە نەوەی سروشت لە قەڵەم دەدات کە لە ئامێزی سروشتدا گۆش و پەروەردە دەبێت، دوای سەد و حەفتا و هەشت ساڵ بەسەر گوزارشتەکەی مارکسدا، مرۆڤ چیتر ناتوانێت بچێتە ئامێزی سروشتێکی ناسروشتی و دەستکردەوە. هەروەتریش کاتێک بیر لە خۆم دەکەمەوە یەکێکم لە قوربانییە زیندووەکانی ئەم تێکچوونە ژینگەیی و سروشتە دەستکارییکراوە، بە تێگەیشتنی خۆم شێرپەنجە هیچ کات پەیوەندیی نییە بە هۆکارە ژێنەتیکییەکانەوە تەنیا ئەوەندە نەبێت سیستمی بەرگریی هەندێک لەش لاوازترە لەو گازە ژەهراوییانەی هەڵیدەمژێت، بە دروستی ئەوەی تومۆر و خانە شێرپەنجەییەکان دروست دەکات پیسبوونی ژینگە و ئەو ماددە کیمیاییانەیە بەرهەمە خۆراکییەکانی پێ گەورە دەکرێت یان پێی دەپارێزرێت، هەر نەخۆشێکی شێرپەنجە بە پلەی یەکەم و کۆتا قوربانییەکی سەرمایەدارییە، ئاخر لەم سیستمەدا کوژراو دیارە و بکوژ ون.

سێیەر: سەرمایەداریی ژینگە یان سروشت دەچەوسێنێتەوە، نەک هەر وزەی چینەکانی خوارەوە و پرۆلیتاریا (مرۆڤ) لە بەرهەمهێنانی کالاییدا بە فیڕۆ دەدات، هەروەتر بە توندیی ژینگە و زیندەوەرانی ناو سروشتیش دەچەوسێنێتەوە، سڵیش لەوە ناکاتەوە ژینگە وێران بکات وەک چۆن بەم دواییانە بەشێکی بەرفرەی دارستانەکانی ئەمازۆن سووتێندران بۆ ئامادەکردنی لەوەڕگای مانگا و دابینکردنی شیری سروشتیی (بیۆ) بۆ ئەوروپای خۆرئاوا و ئەمەریکای باکوور، ژینۆسایدی ئاژەڵانیشی کردووە کە هەر یەکەیان ئەرکێکیان هەیە لە سیستمی گەردوونیدا. بە نموونە لەناوبردنی بۆقەکان و کەڵک وەرگرتنیان لە ڕێستۆرانەکاندا چەشنی خۆراکێک، لەولاوە وا دەکات مێشوولە تەنگ بە مرۆڤ هەڵبچنێت، بەو پێیەی هاوسەنگییەکە لەوەدایە و بۆقەکان بە خواردنی مێشوولە ئەو باڵانسە رادەگرن، ئەگەرچی لە رووکەشدا ئەمە بە تەرزێک لە روانینی ئایدیالیستیی دەردەکەوێت، کەچی کەسمان ناتوانین نکۆڵی لە وێرانکردنی ژینگە و تێکدانی ئەو باڵانسە بکەین سیستمی سروشتی بە خۆڕسک خۆی پێ بەڕێوە دەبات، هەرچەند ژیژەک رەخنە لەم تێهرزینە دەگرێت و لایەنگری وارک دەکات بەوەی سروشت هیچ کاتێک هاوسەنگ نەبووە و ئەو ئایدیایەی لە پشت ئەو تێرمەوە هەیە کە سروشت بە دایک دەزانێت بە درێژکراوەی (وێنەیەکی تری ئەوی خودا) لە قەڵەم دەدات، بەڵام بە بڕوای ئەو (هێشتا مرۆڤ دەتوانێت هارمۆنییەت و هاوسەنگی خۆی لەگەڵ سروشتدا بپارێزێت بە پاشەکشەکردن بە هەندێک لە زیادەڕەویی). لەولاشەوە دەبینین چۆن ئاژەڵانی تر دەکرێنە قوربانی چڵێسیی مرۆڤی نوێی سەردەمی سەرمایەداریی، کردنەوەی ئەو هەموو ڕێستۆرانە یەک مانا زیاتری نییە، مرۆڤی بن هەژموونی کاپیتالیزم ئاژەڵێکی غەریزی زیاتر نییە و دوو شت بەڕێوەی دەبات: فالوس و گەدە. (فالوس| زەکەر، بە پێی دیدە لاکانییەکە بۆ پیاو و ژن هەروەک یەکە). هەروەک چۆن پێست و چەرم و خوری ئاژەڵانی تریش لە پیشەسازیی پێڵاو و قایش و جانتا و ئەو زێدە کالایانەدا بەکاردەبرێت، هیچ کات پێویست نین بۆ مرۆڤ، جگە لەو بەرچاوتەنگییە وەهمییە نەبێت نەزمی باڵادەست بە سی سی و گرام رۆژانە دەیخاتە مێشکی یەک بە یەکمانە.

ئەگەریش ئاوڕێک لە لەشی زەوی بدەینەوە، هەم هەستی بەزەییمان دەجووڵێت هەم تووشی لەرز و تراوما دەبین، چۆن کاپیتالیزم زەوی بە رووبەرێکی مۆنۆپۆڵکراوی خۆی دەبینێت و لە هەموو لایەکەوە دڵی هەڵدەکۆڵێت بە دوای میتاڵ و ماتریاڵی خاودا دەگەڕێت، چۆنیش لەسەر سینگیدا ئەم هەموو فابریک و کارگە زەبەلاحانە ئەو ماددە خاوانە دەکەنەوە بە بەرهەم کە مارکس لە سەدەی نۆزدەدا بە زێدە بەرهەم پێناسەی کردووە. لەگەڵمدا دیقەت لە تەکنۆلۆژیای ئامێرە ئەلیکترۆنییە کەم تەمەنەکان بدەن، چ زیانێکی درێژماوە لە ژینگە دەدەن؟ کاریگەریی تیشکە زیانبەخشەکانی ئەم ئامێرانە پاش ریسایکیڵ بۆ سەدان ساڵ دەمێنێتەوە! ئایا نەدەکرا ئەم ئامێرانە بە کوالێتییەکی وەها دروست بکرێن هێندەی مرۆڤ تەمەنیان کردبا؟ یان سوود و قازانجی کارخانە و کۆمپانیاکان لەوەدایە کەم تەمەن بن و چیپێک هەبێت تیایاندا بە خێرایی لە کاریان بخات؟، ئەمەش لە ئامێری مۆبایلەکاندا بە ڕوونترین شێوە دەبینرێت، باشترین و گرانترین جۆری مۆبایل بەرگەی سێ ساڵ زیاتر ناگرێت، بەدەر لە پارەکێشانە و زیانە بەرخۆرییەکە، بیر بکەنەوە ملیاران مۆبایلی لە کارکەوتوو چ شوێنەوارێکی خراپ لەسەر ژینگە جێدەهێڵێت؟. ئیدی بەم جۆرە مرۆڤێک هاتووەتە بەرهەم پادشایەکی کۆمیدیی سەر عەرشی تراژیدیایە، بەڵام ئەم خۆ بە گەورە زانین و خۆ بە خاوەنزانینەی سروشت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ دەشێ بڵێین رەگوڕیشەی سپیشیزیزم هەر لەنێو ئاینەکاندا نییە، بەوەی مرۆڤ لە کولتووری ئاینییدا کراوەتە پادشا و سەروەری ژینگە و سروشت بەڵکو لەو دیدگا راسیۆنالیست (عەقڵگەرایی) و دیکارتییەشدایە، ئەمجارە نەک عەقڵی خستە شوێنی ئاین، بەڵکو لە جێگەی خودا داینا. ئیدی عەقڵسالاریی و مرۆسالاریی هەر بەوەوە نەوەستا مەردووم لە خڵتەی ئەندێشە میتافیزیکی و غەیبانییەکان پاک بکاتەوە، گۆڕاویشە بۆ ئەنگێزەیەکی ترسناکتر کە چیدی مرۆڤ رازی نییە بە پێگەی لاواز و سنوورداری خۆی لەم گەردوونەدا، سەرباری هەر سێ زەبری کۆپەرنیکۆسی و داروینی و فرۆیدیی لە خودئەڤینی مرۆیی هێشتاش ئەم مرۆڤە نوێیە (مرۆڤی سەردەمی سەرمایەداریی) خۆی بە سەرداری سروشت و گەردوون دەزانێت، پەل بۆ دوورترین شوێنی ناو

ژینگە و گەردوون دەهاوێت بۆ گەڕان بە دوای قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدا.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا سەرۆکی پۆلیڤیا (ئیڤا مۆرال) لە هاوارنامەکەیدا بە ناوی: (هەسارەی زەوی لە سیستمی سەرمایەداریی رزگار بکەن) باس لەوە دەکات: (دایکە زەوی نەخۆشە، هەموو شتێک لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیی ساڵی ١٧٥٠دا دەستی پێکرد، لە ماوەی دوو سەدە و نیودا ئەو ئەو وڵاتانەی پێیان دەگوترێت وڵاتانی گەشەسەندوو بەشێکی زۆری ئەو سووتەمەنییە بەردینەیان بەکارهێنا لە ماوەی یەک ملیۆن ساڵدا دروست ببوو.. لە ژێر هەژموونی سەرمایەدارییدا دایکە زەوی چیتر بوونی نییە، ئەوەی هەیە بریتییە لە کەرەستە و ماتریاڵی خاو بۆ کاپیتالیزم). سەرباری هاوڕاییم لەگەڵ سلاڤۆی ژیژەک لە هەمبەر ئیدیۆمی «دایکە زەوی»، بەڵام ئەو سیاسەتەی کاپیتالیزمی جیهانیی پەیڕەوی دەکات رەنگە ئاکامەکەی دڵخۆشکەر نەبێت، ئەم رێگەی مرۆڤ گرتوویەتییە بەر یەک ئەنجامی هەیە: قڕتێکەوتن وەک خێڵی دایناسۆرەکان و هۆزی باڵندەی دۆدۆ. رەنگە لەم ترسەوە بووبێت لە مرۆڤ، نیچەی گەیاندە ئەو رادەیەی بڵێت (مرۆڤ یەکێکە لە هەڵەکانی خودا). لێ ئەگەر خودایەکیش هەبێت لە ترسی ئێمەی مرۆڤ خۆی لە دوورترین گەردووندا حەشارداوە. بە پوختی سەرمایەداریی هەموو شتێک دەگۆڕێت بۆ کاڵا و ئەم نغرۆبوونەی مرۆڤیش لە جیهانی کاڵاییدا، چێژیشی بێ چێژ کردووە، ئەوەی دەوترێت هیچ شتێک چێژی نەماوە، رێک نقوومبوونە لەو چێژە زۆرانەی ژیانیان بێ چێژ کردووە، وەک چۆن هەندێک جار دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانەکان خۆیان دەکوژن، چونکە دەیانەوێت ناخۆشیش تاقی بکەنەوە.

## شەپۆلی چوارەم
## ژیان لە شانشینی دیجیتاڵیدا

من: مرۆڤ لە شەپۆلی چوارەمدا رەشمە کراوە (شەپۆلی چوارەم یانژی شۆڕشی چوارەم، لە ساڵی ٢٠١٦دا لە کۆنگرەی داڤۆس راگەیەندرا کە تێکەڵاوکردنی تەکنۆلۆژیای زانیاریی و تەکنۆلۆژیای بایۆلۆژییە بە مەبەستی بـرەودان بە هۆشمەندیی یان زیرەکی دەستکرد)، رەنگە ئەم گوزارەیە کەمێک رەق و تەق بێت چونکە زیاتر بۆ ئەسپ و گوێدرێژ بەکاربراوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەم مرۆڤە بەرخۆر و تەمبەڵکراو و کۆنترۆڵکراوە چی جیاوازییەکی بۆ ماوەتەوە لەگەڵ گاڕان یان با بڵێم ئاژەڵاندا؟ وەک دەبینین ژیریی دەستکرد لە خۆی باشتر شارەزایەتی بگرە حەز و خولیاکانیشی دەناسێتەوە، لەناو ئەم شەپۆلەدا مرۆڤ کەوڵ کراوە و لە مرۆڤبوون خراوە، هیچ نهێنییەکی بە شاراوەیی نەماوەتەوە بەڵکو لە سایەی ئینفۆتیک دەزانرێت تۆ کێیت و چی دەکەیت و لە کوێیت، لەرێگەی بایۆتیکیشەوە دەزانرێت چی لە کەللەتدایە و ئارەزووەکانت چین و چۆن هزر دەکەیتەوە!. ئەمە تراژیدیایەکی گەورەیە و درێژکراوەی هەمان تراومایە پێشتر هایدگەر لە کتێبی (ماهیەتی تەکنیک)دا لە بارەی زانست و پێشکەوتنە تەکنیکییەکانەوە شەبەنگە تۆقێنەرەکەی پێ نیشاندابووین، هیچ زەمەنێک هێندەی ئەمڕۆ مرۆڤ لە مرۆڤبوون نەخراوە، بە قەدەر فراوانبوون و بە کۆمەڵایەتیبوونی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان روانگە و تێڕوانینی مرۆڤ تەسکتر بووەتەوە، ئەو ئامێرەی بڕیار بوو مرۆڤ جلەو و ئاڕاستەی بکات، بەسەریدا زاڵبووە و بێ بەزەییانەش ئاڕاستەی دەکات. چیتر مرۆڤ لە دەرەوەی ئامێرەکان نییە، بەڵکو کەوتووەتە ناو دەریای بێ بنی تەکنیک و گیرۆدەی جیهانێکی بە ئامێربوو بووە، رێگەیەکیشی نەماوە بۆ هەڵاتن. هۆشمەندیی

دەستکرد و سیستمی ئالگۆریتم مرۆڤ کەوڵ دەکات و وەک تۆپەڵێک هۆرمۆن و گۆڕانکاریی بایۆلۆژیی دەیناسێنێت کە دەشێ دەستکاریی ژێنەتەتیکی بکرێت و ئەو بەشانەی سروشت بە ناچالاکیی هێشتوونییەتەوە بە گەڕبخرێن، مرۆڤ لە تەفسیرە میتافیزیکییەکەی دادەڕنرێت، بە وتەی ژان بۆدریار وەک سۆفتوێرێک تا ئەوپەڕی ئیمکانەکانی خۆی بەکاردەهێنرێت. دەستکارییکردن و پەرەپێدانی ژێنەکان هەر بەوەوە ناوەستێت لە بواری خزمەتگوزاریی و پێویستییەکاندا کەڵکی لێ وەربگیرێت بەڵکو بە ئایدۆلۆژییش کراوە، چیدی تۆ ئەو مرۆڤە بە شکۆ و بە هەیبەتەی پێشووتر نەماویت، ئێستا ئایدۆلۆژیای ژێنەتیکی پێدەڵێت تۆ مرۆڤیت و ماشێنێکی ژێنەتیکیت و بە هەموو شێوەیەک شایان و قابیلی دەستکارییکردنیت، چیدی بەرزبوونەوە و باڵایی (ترانسێندێنتاڵ) و شکۆمەندیی تۆ دیاردەیەکی مانەویی (ڤێرچوال) نییە، نەخێر وەرچەرخانێکی سەیرورەییە و لە ژێنەکاندا روو دەدات. چیدی سوپەرمانەکەی نیچە ئەو مرۆڤە نییە کۆیلایەتی بەرەو باڵایی تێدەپەڕێنێت، نەخێر ئەو راچەنینە لە هۆشیارییدا پێویست نییە، ئەوەی لە بری هەر ئەکتێک ئەم خولیایە دەستەبەر دەکات بریتییە لە ئەندازیاریی ژێنەتیکی!، ئەم ئەندازیارییەش لە باریدایە هەر ساوایەک وەک مرۆڤێکی پێرفێکت بهێنێتە سەر شانۆی ژیان. بە دڵنیایشەوە ئەم شەپۆلی ئینفۆتەکنیکە لێرە ناوەستێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین ئاخۆ شەپۆلی پێنجەم چیترمان بەسەر دێنێت؟. سەر لە ئایندە دەرناکەم.

سێبەر: رەنگە هەندێک جار ئەم هۆشدارییانە بە زرە هۆشیارییەکی کۆنسەرڤاتیستانە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، بە پێچەوانەوە ئەمە ترسێکی کۆنەپەرستانە نییە لە تەکنۆلۆژیا (تەکنۆفۆبیا)، گەڕانەوەیەکی سۆزدارانەش نییە بۆ هیچ رابردوویەکی دێرین یان دروست بۆ رۆژێک لە رۆژەکانی ساڵی ١٥٧٩ کە فەرمانێکی نهێنی بۆ کوشتنی داهێنەری ئامێری چنین دەرچوو. زیگمۆند باومان لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بە چڕیی مەترسییەکانی هەژموونی تەکنۆلۆژیا دەخاتە روو، بەوەی تەکنۆلۆژیا رۆڵی ئامڕازێک نابینێت بۆ هێنانەدی دنیایەکی لەمە باشتر، بە پێچەوانە مرۆڤ قەدەری خۆی رادەستی تەکنۆلۆژیا کردووە، پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیاش بۆ هێنانەدی ئەوە نییە دەیخوازین بەڵکو لەو بازنەیەدا

دەخولێینەوە (تەکنۆلۆژیا وەک توانستێک خستوویە بەردەستمان). چیرۆکی ترسی خانەدانەکان لە داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن (گوتێنبێرگ)ەوە ترس بوو لەوەی لەم ڕێگەیەوە هەموو وەک یەک دەرفەتی خوێندەوارییان بۆ بڕەخسێت، سەرئەنجام هۆشیاربوونەوەی تێکڕای خەڵک کۆتایی بە هەژموون و ئۆتۆریتەی چینی فیوداڵیست بهێنێت وەک هێناشی، بەڵام ترسی ئێستا لە تەکنۆلۆژیا شتێکی لەم بابەتە نییە، باومان مەترسییە راستەقینەکە ناشارێتەوە کە بەهۆی تۆتالیتاریزمی تەکنۆلۆژیاوە: (بۆ یەکەمجارە فیکری ئێمە لە ژێر هەڕەشەی ماشینەکاندایە). ئێمە لە بەردەم مەترسییەکی گەورەتردایین ئەویش هۆشمەندیی یان زیرەکی دەستکردە، وەک یوڤاڵ نوح هەراری روونی دەکاتەوە: (ئەم پرسە پرسێکی ئەندازیاریی یان زانستی پەتی نییە، پرسێکی تەواو سیاسییە)، هەروا ئاسان ناتوانین بۆ سلیکۆن ڤالی بەجێی بهێڵین. لە سایەی ئالگۆریتمدا چیدی مەترسی رۆبۆتە زۆمبی و وەحشی مرۆڤخۆر لە ئارادا نییە، (لێ ئامێرەکان چیتر خزمەتی مرۆڤ ناکەن، رۆبۆتە زیرەکەکان قۆناغی ملکەچی و کۆیلایەتی و ژێردەستەیی مرۆڤ گەوار ناکەن و خۆیان رادەپسکێنن، چیدی مرۆڤ ناتوانێت وەک ئۆتۆمبیلێک ئامێرە زیرەکەکانی ناو سیستمی ئالگۆریتم لێ بخورێت، بە پێچەوانەوە ئەوان ئێمە لێ دەخوڕن)، بەڵکو ترسەکە لە فۆرمێکی تری رۆبۆتی دڵناسک و میهرەبانە دەتوانێت سۆزەکانمان بجووڵێنێت. ئەم رۆبۆتانە لە ئەشکەوتی فەنتازیا فەلسەفییەکانەوە دەرنەهێنراون، نەخێر لە تاقیگە زانستکارییەکانەوە سەر دەردەهێنن. مرۆڤی هاککراوی ناو سیستمی ئالگۆریتم ئەو ترانس مرۆڤەیە بە گرتە کۆمیدییەکانی چاپلن پێکەنینی نایەت و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس نایهەژێنن، لە رووی ئابووریشەوە وەک هەراری پێماندەڵێت نەوت و میتاڵەکان و زێڕ بایەخی خۆیان لە بەرامبەر زانیارییدا لە دەستدەدەن. ئیدی ئینفۆرماسیۆن و ژیریی دەستکرد هێزە، بەپێچەوانەشەوە هێز بریتییە لە زانیاریی سایبەری. لە کۆتاییشدا ئەنشتاین پێیوابوو زانست دڵی نییە.

من: پێشتر باسمان لە مەترسی ئاپۆکالیپۆس (ئاخیر زەمان) کرد بە هۆی تێکچوونی سیستمی ژینگەوە، بەڵام ژیانی هاوچەرخ لە هەموو لایەکەوە رووبەڕووی مەترسی بووەتەوە. ئەوەی نیک بۆسترۆم لە کتێبی (هۆشی باڵا)

دا تیۆریزەی کردووە نیشاندانی مەترسییەکی گەورەترە تەنانەت لە تێکچوونی هەلومەرجە ژینگەییەکان و جەنگ و پەتا و تراژیدیای ئەتۆمی، ئەویش داهێنانی هۆشمەندییەکی ئامێریی باڵاترە لە هۆشمەندیی خودی مرۆڤ. بەم هۆیەوە مرۆڤ بەو منداڵە لاسارانە دەچوێنێت یاری بە بۆمبەکان دەکەن. چونکە ئەو پێشبینی هاتنەدی ئەو واقیعە تاڵە دەکات پێشتر لە شاشەی سینەماکانەوە بینیبوومان، بەوەی رۆبۆتەکان کۆمەڵکوژی مرۆڤایەتی دەکەن. ئەو پێیوایە چیتر ئەم دیمەنە وەک گرتەیەکی سینەمایی نەماوەتەوە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی رۆبۆتەکان زیاد لە پێشبینییەکانی ئێمە وەک مرۆڤ، توانا و هۆشمەندییان گەشەی کردووە و ئەگەرێکی زۆر چاوەڕوانکراوە ئەو جۆگەلەی خوێنەی ناو فیلمەکان لە شاشەکانەوە بێتە دەرەوە و ببێت بە واقیعێکی زۆر واقیعی! لەبەرئەوەی بە پێی لێکدانەوەکانی ئەو ئێمە کاتێک هۆشمەندییەکی ئامێریی دادەهێنین و رێگە بە چالاکی بێ قەید و شەرت و ئازادانەی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەدەین و هەلومەرجی گەشەکردنی پتری هۆشەکی بۆ دەڕەخسێنین، ئیدی هیچ گرەنتییەک نییە، ئەم رۆبۆتانە نەگەنە ئاستێکی زیرەکی و عەقلیی وا، بیر لە سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر مرۆڤدا نەکەنەوە. لەلایەکی ترەوە مەترسییەکی تری هۆشی دەستکرد نیشان دەدات لە هەڵگێڕانەوە و بەرزەفتکردنی یارییە سیاسییەکان و جووڵەی ئابووری و بازرگانی و دەستگرتن بەسەر بازاڕ و ناوەندە داراییەکان و سیستەمەکانی ئینفۆرماسیۆندا، هەوڵی گۆڕینیان بۆ سیستمێکی تری هۆشیی وەها، مرۆڤ توانای تێگەیشتنی لەو سیستمە پڕ لوغز و کۆدەی نەبێت، چونکە هیچ گرەنتییەک نییە مرۆڤ بتوانێت مەرجە ئەخلاقیی و مرۆڤگەراییەکانیان بەسەردا بسەپێنێت، بۆ ئەوانیش هیچ هۆکارێک نییە ئەوە قبوڵ بکەن، دواجار ئەوان مرۆڤ نین و هەست و سۆزیان نییە، بەڵکو تەنیا عەقڵێکی لە رادە بەدەر زیرەکیان هەیە، عەقڵی پەتیش زۆربەی جار درِندایەتی بەرهەمهێناوە لە دۆخی مرۆڤدا نەخاسمە لە دۆخی رۆبۆتەکاندا.

ئەمەش تێمایەکە ساڵانێکە لە بارەیەوە دەخوێنمەوە و دەمەوێت لەو رۆمانەدا دایبرِێژمەوە ناوی (کابووس– مۆتەکە)م بۆ هەڵبژاردووە، ئەگەر ئەو رۆمانە تەواو

بکەم (بەشێکی کەمم لێ نووسیووە)، شەڕی نێوان مرۆڤ و رۆبۆتەکان دەکاتە بابەتی گێڕانەوە. کات لە رۆمانەکەدا چارەکی کۆتایی سەدەی بیست و یەکە، ساتەوەختی هەڵگەڕانەوەی رۆبۆتەکانە لە مرۆڤ، چیدی مرۆڤ ناتوانێت دەستیان بەسەردا بگرێت و بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. زمانی رۆبۆتەکان لەم رۆمانەدا زمانێکی تایبەتە بە خۆیان و پڕیەتی لە هێما و کۆد تا مرۆڤ دەتوانێت تەلیسمەکان بشکێنێت و لە زمانەکەیان تێبگات زیاتر لە سێ چارەکی مرۆڤیان لەسەر زەوی کەوڵ کردووە و سڕیوەتەوە!، رۆمانەکە باسی سەردەمێک دەکات خانووەکان لە شووشەی ئاویی دروستکراون و هەموو شتێکیان لێوە دیارە (بە جیاواز لەوەی زامیاتین لە رۆمانی «ئێمە»دا بەکاریهێناوە). تۆ تەنها دیقەتی ئەم دیمەنە ناچیز و شەرمهێنانە بکە یەکێک لە تەوالێت دانیشتووە و سکچی دەچێت، یەکێکی دیکە لە ماڵەکەی تەنیشتییەوە لەودیو شووشە شەفافەکانەوە چاوی لێیەتی لە کاتێکدا ئەم نان دەخوات یان پیاوانێک دەردەکەون کاتێک سێکس لەگەڵ غەیری هاوژینەکانیان دەکـەن، زۆر گرتەی سەیروسەمەرەی تریش، لە نموونەی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا کە لەم دۆخەساتەدا لە گەرماوی ماڵەوەدا خەریکی دەستپەڕلێدانە. بە گشتیی رۆمانەکە باسی چەرخێکی پێشکەوتووی شارستانی دەکات، کتێبی کاغەز باوی نەماوە و لە هیچ شوێنێک نابینرێت، لە بەرامبەردا هەموو زانیارییەکان لە بۆتەی میمۆرییەکی بچووکی چەشنی شانەی گیرفانی پیاواندا کۆکراونەتەوە، هەر ئارەزوومەندێک دەتوانێت سەد هەزار کتێب لە رۆژێکدا داونلۆد بکاتە ناو مێشکی، هەرچی ئینفۆرماسیۆن هەیە لەناو ئامێرە خنجیلەدا خەزن دەکرێت کە دوگمەیەکی وردیلەی هەیە و کاتێک پەنجە دەخەیتە سەر پاوەرەکە شاشەیەکی بچووک بەرز دەبێتەوە و بەرزییەکەی بە ئەندازەی دوو پەنجەی مرۆڤە لەسەر یەکتر بە ئاسۆیی، کتێبخانە گشتییەکان بوونەتە یانەی شەوانی رۆبۆتەکان!، ئەم چرکەساتە دەبێتە دەستپێکی دیستۆپیاکە و سەرئەنجام دیار نییە کێ بەسەر کێدا سەردەکەوێت، لێ ئارەزوو دەکەم مرۆڤ براوە بێت، بەڵام خەسڵەتی من وایە رێگە بە چیرۆکەکە دەدەم خۆی بگێڕێتەوە و سوکانی رووداوەکان دەدەمە دەست خۆی، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر سەرئەنجامی رۆمانەکە یان هەر چیرۆکێکی ترم بە دڵی ئێوە نەبێت.

سێیەم: پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا زۆر ترسناکە، پێمانوابوو شۆڕشی سێیەمی پیشەسازیی و دیجیتاڵیزەکردن کۆتا توانستەکانی تەکنۆلۆژیایە، بە مێشکی کەم کەسدا دەهات مرۆڤ بگاتە شەپۆلی چوارەم، بەڵام وای بۆ ئەو ڕۆژەی مێژوو پێدەنێتە ئامێزی شۆڕشی پێنجەم و شەشەمی تەکنۆلۆژیاوە. ئەریک فرۆم، لە کتێبی (شۆڕشی ئومێد) لە ساڵی ١٩٦٨دا زۆر نائومێدانە لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دەڕوانێت! بەوەی نەک هەر مرۆڤی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی بەڵکو وای لە مرۆڤ کردووە هاوڕێ ئەزەلی و سروشتییەکانی خۆیشی لە دەستبدات وەک پاڵنەرە بزۆزەکانی دڵشادیی و غەمگینی. بە قووڵی لە تراوامای فرۆم تێدەگەم کە ئیدی مرۆڤ بەرەو ڕۆبۆتێکی بێ دڵ و بێ غەم مل دەنێت. ترسەکەشی لە جێگەی خۆیدا بوو کاتێک دەیگوت: (ئەو ئامێرەی مرۆڤ خۆی دروستی کرد، هەنووکە پرۆگرامی تایبەتی وەهای تێدا بە گەڕخراوە، ڕۆشنبیریی مرۆڤ دیاری دەکات). لە دوای ٥٤ ساڵ بەسەر کتێبەکەی (فرۆم)دا داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکان نەک ڕۆشنبیریی مرۆڤ دیاری دەکەن، بەڵکو چەشنی لیبۆکێک ئاڕاستەشی دەکەن. تەکنۆلۆژیا هەمووانی کردووە بە جەمشیدخانی ناو ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی، بە ئاسمانەوە دیلانێمان پێ دەکات و هەر جارەی بەرەو کونێکی ڕەشی تری ناو گەردوون ڕاپێچمان دەکات. ڕابردووپەرست نیم، حەزم بە مانەوە نییە لە دۆخێکدا، هیچ نوستالیژیایەکیشم نییە بۆ دوێنێ، بەڵام ڕاستییەک هەیە ناتوانین باز بدەین بەسەریدا: لە ڕابردوودا مرۆڤ دەیتوانی بیر بکاتەوە، کەچی ئەمڕۆ ئامێرەکان ئەو ئەرکە قورسەیان لە کۆڵی کردووەتەوە، بیری بۆ دەکەنەوە نەک بیری پێ بکەنەوە. بە تەنیاش فاشیستە نوێکان شەیدای گەشەکردنی تەکنۆلۆژیان تا دوا توانستی خۆی، ئێمبێرتۆ ئیکۆ فەیلەسوفی ئیتاڵی و نووسەری ڕۆمانی هەرە بەناوبانگی (گوڵ) پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد هێزە فاشیستەکان لە ریزی دژە عەقڵانییەکان لیست بکات لە هەمان کاتیشدا خاوەنی ئەم قسەیە بوو: (هەم فاشیستەکان هەم نازییەکان، عاشقی تەکنۆلۆژیا بوون). ئەوان لە دەستکەوتەکانی مۆدێرنە و ڕۆشنگەریی نە عەقڵانیەتیان دەویست نە ئەو بەهایانەی لێیان کەوتبوونەوە وەک ئازادیی، تەنیا رووکارە تەکنیکییەکەیان لەلا مەبەست بوو، ئەویش بۆ پەرەپێدانی

توانا سەربازییەکان و بەکارهێنانی بۆ بەرزەفتکردنی جەماوەر و سەپاندنی هەژموونی ترسناکی خۆیان. مەگەر کاپیتالیزم هەمان کار ناکات؟، وەک ئیکۆ دەیگوت چیتر چاوەڕێی کەسێک ناکرێت بێتە سەر ستەیج و بڵێت دەمەوێت ئاوشڤیتس بگەڕێنمەوە یان ئیتاڵیا بگێڕمەوە ژێر فەرمانڕەوایی جل ڕەشەکان، فاشیزمی نوێ جلی گۆڕیوە و خۆی لە ژێر ماسکەکاندا شاردووەتەوە. لە ڕوانگەی منەوە نیولیبراڵیزم فۆرمێکی تری فاشیزمە، ئەوەی ئیکۆ بە فاشیزمی ئەبەدیی ناودێری دەکات لە سایەی شەپۆلی چوارەمدا تارماییەکەی بەسەرمانەوەیە.

من: ناچارکراوین ببینە ئەکتەرێک یان ڕاستتر وایە بڵێم هاووڵاتییەکی فەزای مەجازیی (سۆشیال میدیا)، بە وتەی ڤۆڵڤانگ شنایدەری سەرۆکی کۆنگرەی میونیخ، فەیسبوک کە ٣٥ هەزار ئەندازیار و کارزانی ئای تی بەڕێوەی دەبەن دەوڵەتێکی گەورەیە و گەورەترە لە وڵاتە زلهێزەکانیش کە ژمارەی هاووڵاتییەکانی ئەم دەوڵەتە زیاد لە دوو ملیار کەسی تێپەڕاندووە و بەردەوامیش سنوورەکانی فراوانتر دەبن، وەک چۆن ئەمە پراکتیس دەبێت بەسەر هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تریشدا، ئەوەش وایکردووە هەموو ژیستێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیمان لە ئەتەری مەجازیدا بەڕێوە ببەین. وا دەردەکەوێت هەموو ڕازی بووبین بەوەی سلیکۆن ڤالێ لە کالیفۆرنیاوە داهاتوو ئێمە دەستنیشان بکات یان سەری ڕەزامەندیمان بۆ ژیریی دەستکرد لەقاندبێت بە ڕۆڵە مرۆییەکانمان هەستێت، مەترسییە ڕاستەقینەکەش لەوەدایە هێندەی ئینتمامان بۆ ئەم تۆڕانە هەیە بۆ هیچ شتێکی تر نیمانە، ناو لەمەش دەنێم ئینتما بۆ وەهم. خۆبەخۆ یەکێک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤی ئەم چاخە بریتییە لە دابینکردنی کەشێکی دیجیتاڵیی تا هایپەر ریالێتی مەوداکانی نێوان واقیع و خەیاڵ بسڕێتەوە، بگرە واقیعی بەرجەستە و دەرەوەی گەردوونی مەجازیی قووت بدات، لەم دۆخەدا هەژانەکانیش تەنیا هەژانی دیجیتاڵین، مردنی سویدییەک لەسەر دەستی پەنابەرێک زۆر زیاتر ڕای گشتییەکی دیجیتاڵی دروست دەکات لە ڕێگەی وێنەوە ڕاستتر وایە بڵێین زڕەوێنە وەک لە ئاپارتایدی گەلێک لە ئەفریکا یان چەوساندنەوەی چل ملیۆن کورد لە هەر چوار پارچەکەدا.

سێیەر: ئەگەر شەپۆلی یەکەم یان دروستتر وایە بڵێم شۆڕشی یەکەمی پیشەسازیی توانیبێتی جیهانی کۆن تێکوپێک بدات، سەرئەنجام بووبێتە هۆی دروستبوونی ژیانی شارنشینی و هەڵلووشینی دابونەریتە کۆنەکان و رێکخستنەوەی فۆرمێکی نوێی پەیوەندیی و نۆرمێکی تری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی، شەپۆلی چوارەم (شەپۆلی دووەمی تەکنۆلۆژیا) دەستکاریی مرۆڤی کردووە لە رووی ئەنترۆپۆلۆگی و ئۆنتۆلۆژیشەوە، فۆرمێک لە مرۆڤی تەنیا و نائاسوودەی بەرهەمهێناوە تەنها دەتوانێت لە کەناڵە دیجیتاڵییەکانەوە پەیوەندیی لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا دابمەزرێنێت و بووەتە مرۆڤی ئۆنلاین کە مەیدانی چالاکییە زیندوو و شۆڕشگێڕیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیشی هەر لەم ئەتمۆسفێرە ئۆنلاینەدا پیادە دەکات. جان شێرشتاد لە دەروازەی هەزارەی نوێدا پێداگریی لەوە دەکرد ئەگەرێکی دوور نییە ئینتەرنێت لە سەدەی بیست و یەکدا هەمان ئەو رۆڵە بگێڕێت ئەتۆم لە سەدەی بیستەمدا گێڕاویەتی، تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵ دەبێتە دیاردەیەکی باڵادەست و جیهانگیرانە، ئەمەش زەمینە خۆشدەکات بۆ لەناوبردنی واقیعی بەرجەستە و لە بریدا ئەڵتەرناتیڤێکی تری پێیە ئەویش فەزای سایبەریی یان فەزای مەجازە. ئەوەی شێرشتاد پێش چارەکە سەدەیەک پێشبینی دەکرد وەک زۆرێکی تریش هەمان پێشبینیان کردبوو کتومت وەک خۆی هاتووەتە دی، ئەمڕۆکە ئێمە بووینەتە هاووڵاتیانی ئەم شانشینە سایبەرییە و لەبری واقیعی راستەقینە، لە واقیعی ڤێرچواڵدا نقووم بووین و خەریکە دەخنکێین. دنیای پێش ئینتەرنێت ناتوانرێت بەراوورد بکرێت تەنانەت بە کۆتاییەکانی سەدەی پێشوو کە سۆشیال میدیا هێشتا بە کۆمەڵایەتی نەبووەوە، ئەوێ رۆژێ خەونی گۆڕینی واقیع بەسترابووە بە ئەکتی رادیکاڵەوە لە نزمترین ئاستی خۆیدا ئاکسیۆنسازییەکی گەرموگوڕ لەسەر شەقامەکاندا دەبینرا، بەڵام فەزای دیجیتاڵی هەموو ئەوانەی بردە ناو خۆیەوە، لە بری ئەمە کیبۆردێکی خستە بەردەممان تاکو لەم رێگەیەوە بتوانین چالاکیی لە دنیای مانەوییدا ئەنجام بدەین بەڵکو بیکەینە پانتاییەک بۆ ناسین و هاوڕێ پەیداکردن و هەر جۆرە چالاکییەکی کۆمەڵایەتیمان.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم ئینتەرنێت دوا ئامێری پەیوەندییگرتن و بکوژی چالاکیی مرۆڤانەیە لە واقیعی رەسەندا. بە واتایەکی روونتر مرۆڤی تووڕە و ناڕازی کاتێک چالاکییەکانی دەگوازێتەوە بۆ ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئاپۆرایەک لە دەوری خۆی و پۆستەکانی دەبینێت، سا واقیعیش لەوەی هەیە خراپتر نەبووبێت باشتر نەبووە، ئەمە رادەی تووڕەییەکەی دەتەقێنێتەوە و ناشتوانێت جارێکی تر بێتەوە ناو واقیع و چالاکی تێدا بکات، ئیدی ئەم مرۆڤە پڕە خەون و تووڕەیە لەو فەزایەدا دەگۆڕدرێت بۆ قالۆنچەیەکی گوناه چەشنی سامسای پاڵەوانی رۆمانی (مەسخ)ی کافکا، قالۆنچەیەکی غەمگین کە هەموو کەس حەز بە بینینی بیچم و دەموچاویشی ناکەن یاخۆ لە باشترین شانسدا دەبێتە دۆنکیشۆت بە شمشێرە کۆنەکەیەوە رووبەڕووی پەروانەی ئاشە هەواییەکان دەبێتەوە و پێیوایە پەلاماری قەڵا و لەشکرێکی گەورەی داوە. نووسەری ئینگلیزیی (جیم سکیند) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆماری دیجیتاڵیی) پرسیار لە پاشەڕۆژی مرۆڤ دەکات چۆن لە بەرامبەر ئامێرێکی بچووکی وەک مۆبایلدا دەستەپاچەن و ناتوانن خۆیانی لێ دووربخەنەوە!، پرسیارێکی کوشندەتریش دەکات ئینتەرنێت چی لە مرۆڤبوون هێشتووەتەوە؟!. ئەگەر رێگە بدەن من وەڵامەکە بدەمەوە، دەڵێم: ئینتەرنێت هیچی لە مرۆڤ وەک ئۆرگانیزم نەهێشتووەتەوە و هەموو بووینەتە باڕبی و بووکەڵەی ناو تۆڕە وەهمییەکانی تەونە جاڵجاڵۆکەییەکە.

من: بۆیە دەڵێم دواجار فەزای مەجازیش بووەتە ئەڵقەی پەنجەی کاپیتالیزم و بکوژی خۆشەویستیی، چونکە نەک بە شتبوون پەرە پێدەدات، بوونی مرۆڤەکانیش دەکاتە شت، هەموو شتێک دەبێت بە شتی بێ یادەوەریی و بێ مێژوو، لە سۆشیال میدیادا (سەرباری تێبینی زۆرم لەسەر خودی ناوەکە) دەخزێینە ناو گەردوونێکی دیجیتاڵییەوە، خۆمان لەناو تۆڕێکی ئاڵۆزی بە شتبووندا دەبینینەوە، بەدەر لەوەی رووبەرێکی شێدارە بۆ جلەوکردنی خەیاڵی مرۆڤ رووەو شتەکان، رووەو کاڵاکان. هەر بۆ نموونە خێزانێکی قەرەباڵغی وەک ئێمە بیستساڵی تەمەنمان بە دیار تەلەفزیۆنێکی شاشە ٢١ی یابانییەوە تێپەڕاند، بەڵام کوڕە هەشت ساڵانەکەم چوار ساڵە ئایپاد بەکاردەهێنێت، چوار جۆر ئایپادی گۆڕیوە بە پێی چوونە سەرەوەی

ڤێرژنەکان، ئەمە بێجگە لەوەی لەناو کالاکانی یاریکردندا ون دەبێت، لە ناو ئەو هەموو ئامێرە سارد و سڕ و شتە بێگیانانەدا هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەماوەتەوە تەنیا ئەوە نەبێت ببێتە شتێکی بێ هەست و ساردوسڕ، شتەکانیش لە خۆیاندا مردوون، وەک ئەوەی بیریاری ئەڵمانی بە ڕەگەز کۆریایی «چول هان» وەسفی دەکات ئەم شتە نوێیانە نابنە مایەی ئارامی بەڵکو (بە خێرایی دەبنە دڕندەیەک و دەگۆڕدرێن بەبێ ئارامی و بێ پشوویی). لە پانتایی مەجازییدا مرۆڤ فڕێدەدرێتە جیهانێکی ترەوە کە کۆپی جیهانی راستەقینەیە، یان قووتکردنەوەی جیهانێکی ترە لە پەنا جیهانی راستەقینەدا!. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماسمیدیا واتلێدەکەن فەزای مەجازیی وەک جیهانێکی راستەقینە قبوڵ بکەیت، لە ئەتمۆسفێری دیجیتاڵییدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن هەست و سۆز لە مرۆڤبوون دەخرێت، دروست وەک ئەوەی فەیلەسوفی هاوچەرخی سوێدیی نیک بۆستروٚم (نیکلاس بۆستروٚم– بە سوێدیی) لە (رانس هیومانیزم)دا دەیخاتەڕوو بەوەی ئەم مرۆڤە لە مرۆڤبوون خراوە و بەرەو شوناسێکی تر براوە، واقیع و جیهانەکەی چەشنی هەستە مرۆییەکانی وێرانکراوە. لە سەیرکردنی مرۆڤی نوێدا (پێموایە سوبێکت نەماوە تێکڕا بووینەتە ئۆبێکت) ناتوانم بیر لە هەردوو نووسراوەی کافکا و ئۆڤید (ئۆڤیدیۆس شاعیری رۆمانی پێش زایین) نەکەمەوە، ئەوان لە بۆتەی (میتامۆرفۆس) ەکانیاندا، گەشتێکی ئەفسانەیی دەکەن و دەستکارییەکی فەنتازییانەی ڕەگەزی مرۆییان کردووە، لە لای یەکەمیان بەوەی بەرەو ئاژەڵێکی ناچیز و خشۆکێکی ئێسک قورس وەرچەرخاوین. ئێستاکە فەزای مەجاز هەموو ئەو فەنتازییانەی خستووەتە بواری پراکتیسەوە، هەموو گۆڕاوین بۆ بوونەوەرێکی تر لە دەرەوەی مرۆڤ، هەموو بووینەتە کۆمەڵێک رۆبۆتی شانشینی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆیلەی فەیک نیوسی ئاژانسە گەورەکانی میدیا. بووینەتە کۆمەڵێک مردووی ناو قەبرستانی ئالگۆریتم و هۆشمەندیی دەستکرد، زۆر شتی گەورەمان لێ ون بووە، بۆ نموونە خۆشەویستی، ئاخر خۆشەویستی ئەکتێکی هەرە گرنگ و تایبەت بە زیندووەکانە کە هەنووکە لە دەستی مرۆڤ خۆیدا نەماوە.

سێبەر: لە راومی مەجازییدا نەک خۆشەویستی، نارەزایەتی و یاخیبوون و هەڵوێست وەرگرتنیش دیاردەیەکی وەهمییە نەک ریالیتی، بەتاڵکردنەوەی تووڕەییەکانە و چنینەوەی ئاسوودەییەکی کۆگەلییە. لە فەزای مەجازدا تۆ دەتوانیت رۆژانە دەیان جار پرۆتستۆ بکەیت، هەڵوێستی توند و شل وەربگریت، هاوار بکەیت، بێ ئەوەی چاوەڕوانییەکت هەبێت بۆ هەر چەشنە گۆڕانێکی ریالیزمانە، پێش خەڵک بڕوات بە خۆت هێناوە ئەم هەڵوێست نواندنانە لە بری ئاکسیۆنسازیی واقیعیشە، گواستنەوەی چالاکییەکانی شەقام و واقیعە بۆ ناو واقیعێکی وەهمی و مەجازییانە، تەنانەت واقیعی راستەقینە لە واقیعی مەجازیی (زێدەواقیع)دا دەتووێتەوە و سەرمەدییانە ون دەبێت. خولاسە سۆشیال میدیا خوێن لە واقیعی راستەقینەوە وەرناگرێت، رۆنانی واقیعێکە لە دەرەوەی واقیعی ئەکچواڵ و زێدەڕۆییکردن و زڕەوێنەیەکە لە نواندنەوەی واقیعی بەرجەستە (هایپەر ریالیتی). زۆربەی جار (پەیامە گرنگەکان) و (هەواڵە بە پەلەکان) و (رووداوە خێراکان) لە گۆڕستانی لایک و کۆمێنتەکاندا دەشاردرێنەوە و هەر لە ناو فەزای مەجازیشدا بە پرسە نیمچە عاشوراییی و ریتواڵە شینگێڕییەکان کۆتاییان پێ دەهێنرێت، بەم شێوەیە چاوەڕوانی هەواڵێکی گرنگ و رووداوێکی تراژیدیتر دەکەین تاکو دووبارە بە هەڵوێست وەرگرتنی مەجازیی روحمان بگاتە باری رەحەتبوون و ئۆرگازم. ئیدی هەر چالاکییەکیش لە واقیعدا بکرێت بۆ ئەوەیە خێرا وەک ژێستێک لە فەزای مەجازییدا نیشان بدرێتەوە، بە واتایەکی تر چالاکییە ریالێتییەکان هێندەی بۆ نمایشە لە ئەتمۆسفێری دیجیتاڵیزەدا نیو ئەوەندە ئامانجێکی تری لە پشتەوە نییە، واقیعی مەجازیش داوای خۆ رووتکردنەوەی تەواوت لێ دەکات، پۆرنۆگرافی ناو دنیای مەجازیی هەر نیشاندانی فالوس و زێ نییە، بەڵکو فۆرمێکی دڕندەترە لە رووت و قووتیی کە سوبێکت دەسڕێتەوە و خودێکی بەتاڵ و شەفاف و بێ نهێنی و روون دەباتە ناو شاشە سمارتەکانەوە.

لە نەریتی کوردییدا دۆخەکە تراژیدۆ کۆمیدییە، تەنانەت لە پەنا مردوو و کێلی گۆڕەکانیشدا لەشکرێک سێڵفیگر ئامادەن بۆ گواستنەوەی ئەو غەمگینییە بۆ دنیای شاشەکان، ئەو سێڵفیگرانەی چول هان بە فۆرمە بەتاڵەکانی خود پێناسەیان

دەکات و کاریان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەتاڵییە. ئیدی هەموو سۆلێداریتی و بە هاناوەچوونێک دەبێتە دانانی کۆمەڵێک ئیمۆجی ترسناک کە ئەو دەموچاوە بێگیانە خۆشحاڵ یان واق وڕماوانە نوێنەرایەتی ئاکاریی من و تۆی زیندوو دەکەن لەو جیهانە وەهمییەی ئینتەرنێتدا بە بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین خلیسکاوینەتە ناوییەوە. مەسەلەکە دیوی زیاتریشی هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە لە سۆشیال میدیادا هەموو پرسێکی جددی تەنانەت شۆڕشگێڕیی دەکرێتە کەرەستە و ماددەی خاوی سەرگەرمیی و بەزمەسات، وەک ئەوەی هیچ جددییەتێک نەتوانێت خۆی بسەلمێنێت ئەگەر نەبێتە گاڵتەجاڕیی و بابەتێک بۆ ختوکەدان و هێنانە پێکەنینی ئەوانەی بە دیار تۆڕەکانەوە ئێشک دەگرن یان بیرەی سارد دەخۆنەوە یان گەنمەشامی دەکرتێنن. لە خۆپیشاندانە خوێندکارییەکانی ساڵی پاری سلێمانیدا «٢٠٢١»، سۆشیال میدیا لە ڕێگەی ئیدیۆمی (تۆ کچەکەی کەژاڵیت؟) هەموو وزە شۆڕشگێڕیی و ناڕەزایەتیخوازەکەی کردە بەزمەسات و تێمایەک بۆ سەرگەرمیی و پێکەنین، لەناو ئەو هەموو دروشمە پڕ ناڕەزایەتییەدا، ئەو گوزارشتە (تۆ کچەکەی کەژاڵیت) سەرنجی ڕاکێشا و ڤۆکەسی کرایە سەر، دواتریش کەژاڵ و کچەکەی کە تا ئەو ساتەوەختە دوو کارەکتەری گومناو بوون، بەهۆی ئەو ناوبانگەی لە شاشە دیجیتاڵییەکانەوە بەدەستیانهێنابوو بوون بە دوو فیگۆری ڕیکلامسازیی. بە پوختی مافی ئەوەمان هەیە بڵێین فەزای مەجاز بریتییە لە فەزای ئاساییکردنەوەی هەموو ڕەوش و دۆخە نائاساییەکان.

من: (هیراکلیتس)ی فەیلەسوفی کلاسیکی یۆنانی لە بڕگەی سی و حەوت لە کۆی سەد و سی «١٣٠» بڕگەی فەلسەفیی خۆیدا دەڵێت: (ئەگەر هەموو شتێک ببێتە دوکەڵ وای لێدێت لووت بچێتە سەر کورسی بڕیاردان). دەتوانین بە شێوەیەکی ئایرۆنی ئەم بڕگەیە هەڵبگێڕینەوە و بڵێین ئەگەر هەموو شتێک ببێتە وێنە بە گشتیی و وێنەی جووڵاو بە تایبەتی، چاو دەبێتە فەرمانڕەوا و بڕیاردەری کۆتایی. بیرم دێتەوە لە کۆمێنتێکدا بۆ پەیجی نێگەتیڤ لە بارەی گۆرانی کوردییەوە نوسیبووم: «چاوەکان سەرکەوتن بەسەر گوێیەکاندا». مۆدیلی بینینە نەک بیستن، کلیپ نەک ئێم پی سری، تیڤی نەک ڕادیۆ. فەزای مەجازیی بە تەنیا ئەتمۆسفێری

هەڵڕشتنی پەیامە جۆراوجۆرەکان نییە، بەڵکو بە فۆتۆکردنی واقیعیشە، گۆڕینی واقیع بۆ وێنە، مرۆڤی ئێمە دەخاتەوە ئەو بارەوە لە بری خودی واقیع و زبرییەکانی ناوی، وێنەیەکی سۆفت و خزی فەزای مەجازیی بیهەژێنن، بە لایکێک یان زۆر دوورتر بڕۆین بە نووسینی کۆمێنتێک هەژانی دەروونی خۆمان هەر لەو پانتاییە رەمزییەدا هێور و ئارام دەکەینەوە، ئیدی واقیع وەک خۆی دەمێنێتەوە و ئێمەش هیچ هەڵوێستێک نانوێنین بەڵکو لە چاوەڕوانیداین وێنەیەکی تر لە فەزای دیجیتاڵیدا بمانهەژێنن تا هەڵوێستمان هەبێت لە بەرامبەر وێنەکە نەک خودی ریالیتە. بەم فۆرمە ئێمە دەبینە بوونەوەران و هاووڵاتییانی شانشینی مەجازیی و هەموو چالاکییە زیندووەکانی خۆمان لەو گەردوونە رەمزییەدا دەمرێنین، بەو پێیەی هەموومان لەلایەن مۆبایلەکانمانەوە جڵەو کراوین، ئاخر تەلەفۆنی زیرەک مرۆڤی تووشی دەبەنگی و بیرکۆڵیی کردووە و فەزای مەجاز ماریوانایە نەفەس دوای نەفەس وڕ و کاسترمان دەکات، کۆمەڵێک مەستی ناو دەریای دیجیتاڵین چارەنووسمان هەر نقوم بوون و خنکانە یان مەحوی وتەنی لە وشکانیدایە مەلەی مەخلوق. وەکوتریش لە دۆخی کوردییدا سۆشیال میدیا لە بری ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دروست بکات پەرتبوون و لێکترازانی بەرهەمهێناوە.

سێیەر: ئەگەر سۆشیال میدیا جۆرێک لە دەستەبەری ئازادیی بۆ تاک تێدا بێت تا خۆیان وەک تاک لە دەرەوەی تەڵزگەکانی دەسەڵات و خێزان و کۆمەڵگە و ئاین و ئایدۆلۆژیا نیشان بدەن، جۆرێکیش لە دیموکراسییەتی هێنابێتە ئارا بەوەی هەر کەسێک بتوانێت دوانگەیەکی تایبەت بە خۆی دروست بکات، لەم رێگەیەوە (ئازادانە) کۆمێنتی هەبێت چ سەبارەت بە ژیانی تاکەکەسی خۆی چ سەبارەت بەو رووداوانەی لە دەوروبەریدا دەقەومێن، ئەوا لەلایەکی ترەوە مرۆڤی کەلەپچە و دیل کردووە لە زیندانە تاکەکەسییەکانی خۆیدا، مرۆڤی لە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕیوە بۆ تاکی دابڕاو و تەریک و نائاسوودە و ناشۆڕشگێڕ و ئیگۆیست. ئایرۆنییەکی روون لەگەڵ ناوی ئەم تۆڕانەدا هەیە (سۆشیال میدیا)، بەڵام لە واقیعدا تۆڕگەلێکن هەموو رایەڵەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەپچڕێنن و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی قەبز و تاک و تەنها قووت دەدەن و

لەسەر شاشەکاندا دەیتفنەوە تا ئەو رادەیە لە کاتی ئەو وێنانەشی بۆ نمایش بڵاویان دەکاتەوە، پێویستی بە کەسێکی تر نەبێت لە تەنیشتییەوە، لەبەرئەوەی دەتوانێت بە پەنجەیەک کامێرای مۆبایلەکەی هەڵگێڕێتەوە و رووی بکاتە خۆی و فۆتۆی سێڵفی پێ بگرێت، ئەوەندەشی لە خۆرئاوادا ژیابم وشەی (خود– self) لە رووی گراماتیکییەوە بێلایەن بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە پانتایی کۆمەڵایەتییدا مانایەکی نەرێنیی وەرگرتووە بە تایبەت لای میللەتانی نائینگلیز. بەدەر لەمەش ئەم تاکگەراییە مۆدێرنە سروشتێکی جیاوازتری هەیە لە خەڵوەتنشینی مرۆڤی پێشوو، ئەمیان ئەوپەڕی نیهێلیزمە و ئەویان ئەوپەڕی واتادار، ئەم تاک کەوتنەوەیە بۆ زوومی کامێرایە و پەیامێکە رووبەڕووی ئەوانیتر، کەچی لە خەڵوەتنشینی دێریندا جۆرێک لە خۆشاردنەوە هەبوو لە چاوی ئەوانیتر، ناگونجێت ئێمە ئەو دووانە بە یەکتر بەراوورد بکەین، تراژیدیایە خەڵوەتنشینی مەحوی و تاک کەوتنی هەر کچە مۆدێلێکی کورد لە فەزای مەجازدا وەک یەکتر تەماشا بکەین. بە کورتی لە فەزای دیجیتاڵییدا بۆدریار وتەنی لە بری خودی شتەکان بەکاربهێنین، هێماکان بەکاردەهێنین، ئەگەر ئەمە روونتر بکەینەوە ئێمە چیتر بکەرێک نین لە کایەی واقیعدا، کۆمەڵێک ئەنیمەیشنین بە سیمبولەکانی ئینتەرنێتەوە دەناسرێینەوە.

من: لە بنەڕەتەوە تاکگەرایی لە کۆمەڵی کوردەوارییدا یان هەمان ئەو باوکە ستەمکارە تاک و تەنهایەیە مۆنۆپۆڵی هەموو ئۆتۆریتە و چاوگێکی چێژ و ئابووری کردووە یانژی ئەو مرۆڤە گۆشەگیر و پاسیڤانە دەگرێتەوە خۆیان لە هەموو چالاکییەکی نێو پانتایی ژیان دزیوەتەوە. سۆشیال میدیای کوردیی هەر دوو ئەلەمێنتەکەی ئاوێتەی یەکتر کردووە، لەلایەک شەهوەت و چێژی زۆرتری خستووەتە بەردەست باوکە پاوانخوازەکە، لەلاکەی تر مرۆڤە گۆشەگیرەکەی هێندەی تر فڕێداوەتە پەڕاوێزی پەڕاوێزەوە تا ئەوەی لە رووبەرە مەجازییەکاندا گوڕی هەجوکردن و جنێودانیشی تێدا نەماوە، هێندە داڕووخێنراوە، مژۆڵی دڵداریی ئەلیکترۆنی و نووسینی شیعری تەنزئامێز و باڕبییەکانی ناو ئەو فەزا مەجازییە بووە، لای ئەو واقیعی راستەقینە بوونی نییە، هەر یەک واقیع هەیە کە واقیعی مەجازییە ئەویش بۆ پێکەنین و کات بەسەربردنە. لە هەڵبژاردنەکانی شەش حەوت

مانگ پێش ئێستادا (مەبەست هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ه بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق)، ئەو بایکۆتە گشتییەی جەماوەرمان بینی، لە نیگای یەکەمدا ئەمە بە بێداربوونەوە و هۆشیارییەکی کۆگەلی مرۆی کورد لێکدانەوەی بۆ کرا و دەکرێت، هەندێک لە چەپەکانیش شاگەشگەی ئەم بایکۆتە بەرفراوانە بوون، بەڵام ئەمە گۆڕانێکە لە جۆری پەیوەستبوون (ئینتما)دا، لە دۆخی تازەدا (تازە بە مانای پەتیی وشەکە) پەیوەستبوون لە حزبەکانەوە گۆڕاوە بۆ پەیوەستبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو فیگۆرە دۆنکیشۆت و ئۆپۆرتۆنیست و هەموو شتزانە نەزانانەی کاریزمایەکی دیجیتاڵیی و وەهمیان لە ڕێگەی زمانشڕییەوە بۆ خۆیان دروستکردووە. مارکس پێیوابوو هەژاریی هەوێنی بەرەنگاریی و شۆڕش نییە بەڵکو هۆشیاریی بە هەژاریی هەوێنەکەیە، ئەو هۆشیارییەی ژێدەری راستەقینەی هەژاریی و چەوساندنەوەت پێ دەناسێنێت. لە فەزای مەجازیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین ئایکۆن دروستبوون یان دروستکراون بۆ تەفریغکردنەوە و ڕێگەگرتن لە گەیشتن بەم هۆشیارییە، پێموایە هۆشیاریی لە تۆڕەکانەوە دروست نابێت بە قەدەر ئەوەی ئیشی ئەم تۆڕانە مراندنی بیرکردنەوەی زیندوو و هۆشیاریی و بێداربوونەوەیە، دیسانەوە بە دەربڕینی مارکس بۆ ئەوەیە هۆشیارییەکی ساختە و درۆزنانە دەربکەوێت، لە بری هۆشیارییەک لە کۆتاییدا ببێتە مایەی ئازادیی. بگرە زۆر لەوە دوورتر دەڕۆن، هەموو شتێک سادە دەکەنەوە، واتێدەگەین ژیان بەشێوە ساکارەکەی خۆیەوە جوان و بەختەوەرانەیە، سیاسەت و بەرەنگاریی و شۆڕش کۆمەڵێک دەستەواژەی بەسەرچوون و پەیوەندییان بە مرۆڤی پێشینانەوە هەبوو، مرۆڤی تازە مرۆڤێکە خاوەنی دوانگەیەک (مینبەر)ی خۆیەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و هەموو پۆتێنسیاڵێکی فیکریی و هونەریی و ئەدەبیی خۆی لەوێوە نمایش دەکات، وەک بڵێی شۆڕش و بەرەنگاریی و بەرپەرچدانەوە لەوێوە دەستپێدەکات و هەر لەوێش دەستکەوتەکانی دەچنرێتەوە.

سێیەم: دیقەت لە دیاردەیەکی باوی ناو سۆشیال میدیا بدە ئەویش رووتبوونەوەیە. لە شانۆگەرییەکەی «هێنریک ئەپسن»دا کاتێک کەژاوەی پادشا بە ناو ئاپۆرای خەڵکدا گوزەر دەکات بە بێ ئەوەی هیچ جلوبەرگێکی ئەفسووناویی لەبەردا بێت

وەک ئەوەی تێگەیەنراوە و کڵاوی لەسەرنراوە، تەنیا منداڵە لاسارەکەیە هاوار دەکات (پادشا رووتە)، لەم کاتەدا پادشا لە خەونی ناو پۆشاکە ئەفسووناوییەکە رادەچڵەکێت و رووتێتی خۆی دەبینێت! بەڵام لە شانۆگەرییەکانی فەزای مەجازدا سەردەمێکی تەواو پۆرنۆیی هاتووەتە ئاراوە، وەک ئەوەی هەموو شتێک تەنیا لە نمایش و خستە بەرچاوی ئەویتردا نەبێت مانایەک پەیدا نەکات، پۆرنۆ تەنیا هەر داکەندن و لابردنی جلوبەرگ نییە وەک پاشای ناو شانۆگەرییەکەی ئەپسن، رووتێتی ئەوەشە هەموو ژیانت لەسەر شاشە دیجیتاڵییەکاندا بخەیتە نمایشەوە بە نانخواردن و گەشتوگوزار و خشتەی کارەکانی رۆژانەشەوە. تەنانەت ئەم رووتییە ئافرەتە نەریتیی و باڵاپۆشەکانیش دەگرێتەوە، چونکە بارتەقای خۆداپۆشینە جەستەییەکە، لەلایەنە مەعنەوییەکەوە ناخودئاگا لە شاشە دیجیتاڵییەکاندا خۆیان رووت کردووەتەوە، رەنگە پرەنسیپە بەناوبانگەکەی مارلین مۆنرۆ: (لوتکەی ورووژاندن ئەوەیە ئەو بەشە بشاریتەوە، بینەر چاوەڕێی بینینێتی) جێی تەواوەتی خۆی گرتبێت و ئیدی ئارەزووی سەرەکیی ئەوانیتر ئەوە بێت ئەو ژنە باڵاپۆشانە جلەکانیان هەر لەبەردا بمێنێتەوە تاکو نەبینراوێک بمێنێتەوە و هەوڵ بۆ بینینی بدرێت. مرۆڤی ناو فەزای مەجاز گەرەکییەتی بە هەمووان بڵێت ئێوە دەتوانن بە کامی دڵ تەماشای منێکی رووت و بێ نهێنی بکەن لە ماڵە ئەلیکترۆنییەکەمدا، هیچ تەلیسم و سەرپۆشێک نەماوە بیدەم بەسەر ژیانی پریڤاتی خۆمدا، هێندە شەفاف بوومەتەوە دەنکەترێ بخۆم ئێوە دەتوانن ببینن چۆن لە گەروومەوە دەڕواتە خوارەوە، گرنگ ئەوەیە نمایش بەردەوام بێت و ببینرێم، ئەوەی سەرەکییە لەم بینینەشدا ناوەڕۆک نییە، بەڵکو بەرزترین ئاستی رواڵەتێکی شەفاف و روونە. بە پێی ئەم پرەنسیپەش هەر شتێک لە واقیع و ژیانی ئەکچواڵدا بە کەڵکی ئەوە نەیەت بهێنرێتە رووبەرە ڤێرچواڵەکانەوە و شایستەیی ئەوەیان تێدا نەبێت ببنە تێمای نمایش لە بیر دەکرێن و چەشنی پاشەڕۆکێک فرێدەدرێنە زێرابەکانەوە. ئەم پرۆسەیەش بە پەیامبوونی خودی نمایشە نەک گەیاندنی پەیامێک لە رێگەی نمایشەوە، بە ئۆبێکتبوونی تاکە و بۆ ئەوەشی لە بیر نەچێتەوە دەبێت رۆژانە و بگرە پەیتا پەیتا وەک ئۆبێکتێکی دەمداپچڕاو بەردەوام بێت لەسەر نمایش وەک

بڵێی ئەو ژیانەی بایی ئەوە نەبێت بگوازرێتەوە تۆڕەکانی سۆشیال میدیا ژیان نەبێت. ئەگەر قسەکانم چڕ بکەمەوە ئەوا کاپیتالیزم هەموو شتێکی گۆڕیوە بۆ شانۆیەک کە تییدا لە بری ژیانکردن نمایشی تێدا بکەین، نمایشیش لە کۆتا مانای خۆیدا بریتییە لە وێنەیەکی زڕی ژیان، چیدی پێویست نییە مرۆڤ بە شێوەی بەرجەستە ژیان ئەزموون بکات بەڵکو پێویستە لەسەر سەکۆی ژیان نمایش بکات، پێویست ناکات لەگەڵ هیچ ئەزموونێکی وەک عەشق یان هاوڕێتی و هتد.. بژیێ، دەبێت لە ڕێگەی نمایشەوە بۆیان بگەڕێتەوە.

من: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی هاوڕێتی نییە و ناتوانین پەیوەندیی زیندووی هاوڕێتی تێدا دابمەزرێنین، خودی فەزاکە یارمەتیدەرێکی زۆر باشی نمایش و دەمامکە، تۆ ناتوانیت لەگەڵ شەبەنگێک لەودیو شاشەکانەوە هاوڕێتیی دابمەزرێنیت، وەک فەیلەسوفی پۆڵۆنی (زیگمۆند باومان) جەختی لێ دەکردەوە کەسانێک پەیدابوون دەتوانن لە ڕۆژێکدا پێنج سەد هاوڕێ بگرن، لە کاتێکدا ئەو بە نەوەد ساڵ تەمەنەوە نەیتوانیبوو پێنج سەد هاوڕێی هەبێت!. ئەمە سەلمێنەری یەک ڕاستییە ئەویش ئەوەیە، هاوڕێیەتییەکی شل لە فەزای مەجازدا بوونی هەیە، (هاوڕێتی شل لە زنجیرە هەشت کتێبییەکەی باومانەوە دامتاشیوە، وەک سەردەمی شلبوونەوەی هەموو شتێک). تەنانەت من لەبەرئەوە لە سۆشیال میدیادا وشەی (هاوڕێ) بۆ هەموو کەس و کۆی هاوفەسیبوکەکانم بەکاردەهێنم، نامەوێت پاشگر و پێشگرە هیرارکیستیی و چینایەتییەکانی وەک کاک و خاتوون و بەڕێز و خان و سەروەر و ئەمانە بەکاربێنم، ئەگەرنا لە دەرەوەی فەزای دیجیتاڵیی لەگەڵ زۆرینەی هەرە زۆریان نەک هاوڕێ نیم بەڵکو ناسیاویش نیم، چونکە هیچ کات پەیوەندییەکان قۆناغی دەڵەمەیی بەرەو پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تۆکمە تێناپەڕێنن، هەر لە بناغەوە پەیوەندییەکە وەهمییە و بە یەک کلیک دەست پێدەکات و قورسترین بڕیاریش بۆ کۆتایی هێنان بە پەیوەندییەکە هەر بە یەک کلیک و پەنجە ڕاگرتن لەسەر پاوەری بلۆک یان ئانفرێند ئەنجام دەدرێت. هاوڕێتی ئەزموونکردن و پراکتیسە، بەرکەوتنێکی هەموو کاتیی و ئەکچواڵە، هاوڕێیەتی مارکس و ئەنگلس، کافکا و ماکس پرۆد دوو نموونەی ئیدیاڵی هاوڕێیەتین. هاوڕێ

«خۆت»ێکی ترە (بە دەربڕینی ئەرستۆ)، بەڵام بیری چووە بڵێت لە دەرەوەی خۆت، بەو مانایەی هاوشێوەییەکی لە رادە بەدەر هەیە لە نێوان تۆ و هاوڕێکەتدا، حەلاج لە یەکێک لە شەتەحاتەکانیدا لە وەسفی هاوڕێ خۆشەویستەکەیدا (واتە خودا) دەڵێت: ئەگەر ئەو خۆی تەجەلا کرد منت بینیوە، بە پێچەوانەوەشە هەروا. هاوڕێیەتی ئیدیاڵ بە جۆرێکە ئەگەر گوللەیەک بەر قاچی هەڤاڵەکەت بکەوێت تۆ بشەلیت. ئەم گەرموگوڕییە تەنانەت لە ژیانی رۆژانەیی و ریالیتەدا بە دەگمەن دەست دەکەوێت نەخاسمە لە بەستەڵەکەکانی سۆشیال میدیادا.

کارەساتەکە تا ئەو جێیەش رۆشتووە چەمکی مەرگ و مردنی هاوڕێکان لە ژێر سەیوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گۆڕانێکی ریشەییان بەخۆوە بینیوە، چیتر مردن بە مانا قووڵە میتافیزیکییەکەی پێشوو نایەت، بەڵکو ونبوون و دیارنەمانێکە لەسەر شاشەکان روودەدات، بە گشتیی مەرگ مانایەکی دیجیتاڵیشی پەیداکردووە لە پاڵ مەدلولاتە میتافیزیکیی و فیزیکاڵەکەیدا. مارکس لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکاندا شوێن سەلماندنی ئەو فاکتە کەوتووە لە کاپیتالیزم و کۆمەڵگەی بۆرژوازییدا پەیوەندیی مرۆڤەکان بە یەکترەوە لەسەر بناغەی هاوڕێیەتی و مرۆڤایەتی نییە، هێندەی پەیوەندییەکی کاڵاییە، لە فەزای مەجازدا کە بە خێرایی تیشک هەموو شتێک دەبێتە کاڵا و شتومەک، هاوڕێتیش بە ژەهری ئیگۆیستی لەناوبراوە، بۆدریار لە یەکێک لە نووسینەکانیدا پێماندەڵێت تاکگەرایی ئەمڕۆ هەمان ئەو تاکگەراییە بۆرژوازییە نییە مۆدێرنێتە بەرهەمی هێنا، بەڵکو تاکگەراییەکە لە چێژگەراییەکی پەتیدا رۆچووە و (ئەویترێکی ون لێیدەخورێت). وەنەبێ ئەم دابڕانە کۆمەڵایەتییە، نەریتی تاکگەرایی بە فۆرمە لیبراڵییەکە بەرهەم هێنابێت، بە پێچەوانەوە رۆبۆتیزمێکی پەتییانەی لێکەوتووەتەوە، ئەو رۆبۆتانەی نە یەکتر دەبینن و نە لەگەڵ یەکتردا هاوغەم دەبن و نە دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن، هەموویان لە یەک سیستمی سایبەرییدا بە گەڕ دەخرێن، هەروەک چۆن لە توانادایە بە هەمان سیستم لە کار بخرێن. مرۆڤی سەردەمی دیجیتاڵ هێندە سامناکە، ناتوانم لە شێوەی زومبیدا نەبێت بیری لێ بکەمەوە، ئیدی مرۆڤ لە ژیانی ئەکچواڵدا هاوڕێیەکی نییە، بۆیە بێ غەمانە دەژی، هاوڕێ دیجیتاڵییەکانیشی وەک ئەنیمەیشنێک دەبینێت

و هەر دەبێت لە شاشەوە یەکتر ببینن و بۆمببارانی یەکتر بکەن بە ئەرتیکڵ و پۆست، چیتر بینین لە ریالیتەدا هێندە گاڵتەجاڕانە خۆی دەنوێنێت، وەک ئەوە وایە سەیری فیلمێکی رۆبێرت دی نیرۆ بکەیت و داوای لێ بکەیت لە شاشەکە بێتە دەرەوە و لەگەڵتدا قاوەیەکی ئێسپرێسۆ بخواتەوە.

سێیەر: دەزانیت ئەوە بۆ وایە؟ چونکە لە واقیعدا سۆشیال میدیا مرۆڤی گۆشەگیر کردووە، لە یەک کاتدا هەست دەکەیت لە دنیایەکی جەنجاڵدایت و هەمیشەش بە تەنیایت، لە هەموو شوێنێکیت و لە هیچ کوێش، لە واقیعی راستەقینە دادەبڕێت و بە باڵەکانی هەڵدەگرێت بۆ ناو واقیعێکی مەجازیی، هەموو شتێک لێرە کۆد و ئیمۆج و هێمایە، دەتوانیت بێ ئەوەی پێبکەنیت دەیان ئیمۆجی پێکەنین دابنێیت، بێ ئەوەی دڵتەنگ بیت هەزاران ئیمۆجی فرمێسک هەڵڕژێتە سەر پۆستی هاوڕێکانت، تەنانەت جاران هاوڕێیەتی پرۆسەیەکی درێژخایەن بوو یان بۆ هەموو تەمەن بوو، لە فەزای مەجازدا دەتوانیت لە کورتترین ماوەدا زۆرترین هاوڕێ پەیدا بکەیت و بە یەک کلیک خۆت لە هەموویان بشاریتەوە بە لابردنی کۆنتۆی خۆت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە پەرەپێدانی گۆشەگیرییدا. وەک پێشتریش سووکە ئاماژەیەکمان پێکرد، گۆشەگیریی تەنانەت لەو تاکگەرایییەی تێپەڕاندووە کە لەگەڵ مۆدێرنێتەدا هاتبوو، بە قسەی نۆرینا هێرتز، دوو لەسەر سێی ئەڵمانەکان پێیانوایە چیتر تەنیایی و گۆشەگیریش یەکێکە لە کێشە هەرە جددییەکان، وەک چۆن لە هەشت بەریتانی یەکێکیان هیچ هاوڕێیەکی نییە متمانەی پێ بکات، لە کاتێکدا شەش بۆ حەوت ساڵ لەمەوبەر رێژەکە لە دە کەسدا یەک کەس بوو!، تا دێت ئەم رێژەیەش بەرەو هەڵکشان دەڕوات بە تایبەت مرۆڤی دوای کۆرۆنا وەک هاووڵاتی کۆمەڵگەی ئۆنلاین هەست بە گۆشەگیرییەکی کوشندەتر دەکات. هێرتز بە پشت بەستن بە کتێبی (بنەماکانی تۆتالیتاریزم)ی هانا ئارێنت پێیوایە مرۆڤە کەنارگیرەکان، ئەوانەی هەست دەکەن سەر بە هیچ کوێ نین، ئەگەر لە رابردوودا بوونە مۆتۆڕی سەرەکی فاشیزم بەو پێیەی پەناگە و نەوایەک بووە بۆیان تا خۆیانی تێدا رەها بکەن، ئەمێستا ماددەی خاوی هێزە راسترەو و پۆپۆلیستەکانن،

چونکە هەستێکی وا بۆ مرۆڤە گۆشەگیرەکان دروست دەکەن کە ئەوان بە تەنیا نین بەڵکو بەشێکن لە گشتێکی گەورە، بۆ ئەمەش نموونەی میتینگە جەماوەرییەکانی دۆناڵد ترەمپ بە بیر دەهێنێتەوە لە خولی یەکەمی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەوەی هێرتز دەرکی نەکردووە رۆڵی سۆشیال میدیایە بەم ئاقارەدا، لە سۆنگەی ئەوەی هیچ هێز و رژێمێکی سیاسیی و دیسپۆتیزمی هێندەی ئەم پانتاییە مەجازییە کاری لەسەر لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی گۆشەگیریی نەکردووە وەک سەپۆرتێک بۆ هێزە پۆپۆلیستەکان، بە دەربڕینی باومان پانتایی مەجازیی مامەڵەکردنە لەگەڵ شاشەکاندا نەک پەیوەندییکردن بە مرۆڤەوە، ئەگەر پێشتر تەنیایی وەک دۆخی خەڵوەتنشینی کاری دەستەبژێرێکی بیرکەرەوە بووبێت، ئەوا حاڵی حازر لە بری تەنیایی داهێنەرانە، کەنارگیریی خەمۆکانە دیاردەیەکی گشتییە و هەر کەسەو لە جێگەی خۆیەوە و لە رێگەی ئینتەرنێت و تۆڕە مەجازییەکانەوە ئارەزوومەندانە خۆی فڕێدەداتە ناوییەوە. زیگمۆند باومانی فەیلەسوفیش پێش هەر کەسی تر پێی گوتین مارک زوکەربێرگ (دامەزرێنەری فەیسبوک) تەنیایی ئێمەی قۆستەوە و پێی بوو بە ملیاردێر.

من: گومان هەڵناگرێت شانشینی دیجیتاڵیی بەدیهێنەری بنەڕەتیی زێدە واقیعە، تەقەلایەکی رژدە بۆ دانانی واقیعی وێنەیی لە بری وێنەی واقیع، رۆژانە لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە سەدان ملیۆن فۆتۆ فڕێدەدرێنە ناو کەش و شاشە دیجیتاڵییەکانەوە، بەشێکی هەرە زۆری ئەم وێنانە سێڵفین، ئەگەر وردتر لە وێنەی سێڵفی بڕوانین جیا لەوەی بەرهەمی تاکگەرایی و دابڕانی کۆمەڵایەتی و گۆشەگیرییە، هاوکات گەڕانەوەی نارسیسە بۆ بەردەم رووبارە دیجیتاڵییەکان، ئەگەر لە میتۆسی گریکییدا نارسیسۆس ئەو گەنجە قۆز و کەشخەیە بووبێت سەرسامی دیمەن و جوانییەکەی خۆی دەبێت لە ئاوی رووبارێکدا و سەرئەنجام هێندە قووڵ لە وێنەکەی خۆیدا رۆدەچێت دەکەوێتە ناو رووبارەکە و دەخنکێت، ئەوا لە دنیای تەکنیکە دیجیتاڵییەکاندا سێڵفیگرەکان هەمان ئەو خودئەڤینگەرا نارسیسییانەن لە ژماردن نایەن بە تایبەت شانسی ئەوەش لە بەردەستدایە بە بەرنامە سمارتە ئامادەکراوەکانی ناو مۆبایل و ئەپی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

دەستکارییەکی ریشەیی خۆت بکەیت، بە پێی ئەو ستاندارده خۆت نمایش بکەیت ئەویتر حەزی پێ دەکات. بە گشتیی وێنەی سێڵفی بکوژی یادەوەریی مرۆڤ یان سوبێکتە، لەبەرئەمەیە فۆتۆ دیجیتاڵییەکان بە تایبەت وێنەی سێڵفی سەر بە نایادەوەرییە و بە هەموو شێوەیەک خەریکی هەڵوەشاندنەوەی واقیعی راستەقینەیە لە پێناو گەیشتن بە زێدە واقیع و ناواقیع، تۆ چی دەڵێیت ئەپەکان ئەتمۆسفێری فۆتۆکانت بۆ دەگۆڕن بە پێی ویستی خۆت؟، وەک بڵێی تۆ دەتوانیت چۆنت بوێت سروشت و ژیان لەگەڵ خۆت بگونجێنیت، بەڵام ئەمە تەنیا لە فۆتۆکاندا نەک لە هیچ سەرزەمینێکی واقیعییدا. هیچ کەس لەگەڵ وێنە دیجیتاڵییەکاندا یادەوەریی دروست ناکات، بە مانایەکی تر فۆتۆ دیجیتاڵیی و سێڵفییەکان هیچ شتێک بیری سوبێکت ناخەنەوە و تەنیا لە بری ئاوێنە بەکاردەهێنرێن، ئاوێنەش نابێتە کۆگای یادەوەریی.

جولیان ستالابراس بە بیرهێنانەوەی ئەو وێنە خێزانییەی لە دەمی منداڵیدا لە کەنار دەریا گرتوویانە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: (کاتێک وێنەیەکت بگرتبا وەک رووداوێـک وابـوو). بە پێچەوانەوە لە دۆخـی سێڵفیگرتندا رووداوێـک نییە لە یادەوەرییدا عەمبار بکرێت، لەوانەیە رووداوێک هەبێت و بە فۆتۆ بکرێت و لە فەزای مەجازییدا نمایش بکرێت و هەموو خەسڵەتەکانی رووداوی تێدا بکوژرێت، چونکە بەهۆی لێشاوی فۆتۆکانەوە بواری دیقەت و وردبوونەوە تا پلەی سفر نزم دەبێتەوە، فۆتۆیەکە و دێت و دەڕوات، کەس ناپەرژێتە سەر چیرۆکی فۆتۆکە، هەر لە راستیدا فۆتۆکانی ناو فەزای مەجاز هیچ چیرۆکێکیان لە پشتەوە نییە تەنیا ویستی نمایش نەبێت، مرۆڤی ئەم چاخە مەیلێکی تۆقێنەری هەیە بۆ بەرزترین رادەی نمایش و خۆ مەسرەفکردن، پێشنیار بۆ خوێنەر دەکەم بۆ قووڵبوونەوە لە دوا رادەی خۆمەسرەفکردنی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ شیتەڵکارییەکانی ژان بۆدریاری بیریاری کۆچکردووی فەڕەنسی. لەوانەشە خراپ نەبێت روویەکی قووڵتری پرسەکە بگرین و گومان بخەینە سەر خودی وێنەی فۆتۆگرافی. بیرمەندی عەرەب (عەبدولسەلام بن عەبدعالی) پێیوایە لەو کاتەی فۆتۆگرافی کۆشش دەکات ئامادەیی بپارێزێت، نائامادەیی نیشان دەدات وەک چۆن لە بری پاراستنی ژیان،

مەرگ بەرهەم دەهێنێت!، بۆیە دەڵێت: (وێنەگرتن جۆرێکە لە مۆمیاکردن). ئەو وا بیردەکاتەوە ئەوەی فۆتۆگرافی بەرهەمی دەهێنێت لە بەرزترین ئاستدا دزین و گواستنەوەی هەر شتێکە بۆ فۆتۆ وەک چۆن هەموو رەسەنێک دەسڕێتەوە لە جێگەیدا کۆپییەکەی دەهێنێتە پێشەوە، هەرواش (واقیع بۆ نمایش و بوون بۆ رواڵـەت) دەگۆڕێت. ئەو هەستی رۆلان بارت بە نموونە دەهێنێتەوە کاتێک لە بەردەم عەدەسەی کامێرای فۆتۆگرافیدا وەستاوە، تێبینی کردووە لە دۆنادۆندایە لە سوژەوە بۆ ئۆبژە. وێنەی فۆتۆگرافی، مێژوو لە ناو خۆیدا تووشی راوەستان و چەقبەستن دەکات، هەموو سیفاتە دیالەکتیکییەکان لە مێژوو دەسەنێتەوە وەک پەیکەرێکی بەردین نمایشی دەکات، چیدی مرۆڤ لە وێنەکاندا زیندوو نییە، چونکە وەستاندنی ژیانە لە چرکەیەکدا. هەر لەبەرئەوەش بوو بیست و ئەوەندە ساڵ بەر لە نهۆ سێ ئەلبومی وێنە کەسییەکانی خۆمم سووتاند، چونکە هەستم دەکرد تەماشای سێ گۆڕستان دەکەم.

سێیەر: گۆتێنبێرگ بە داهێنانی ئامێری چاپ توانی تەکانێکی مێژوویی بە نووسین بـدات، هێدی هێدی چاپ هەموو ئـەدەب و فۆلکلۆر و حکایەتە زارەکییەکانی هەڵلوشییە ناو خۆیەوە، شۆڕشەکەی گۆتێنبێرگ کە زۆرجار بە مۆدێرنیزمی گۆتێنبێرگیش پەسن کراوە، هیچ بەهایەکی بۆ ئەدەب و حیکمەتە زارەکیی و دەماودەمییەکان نەهێشتەوە ئەگەر چاپ نەبن، بە خێرایی چاپەمەنیی چووە سەر کورسی فەرمانڕەواییکردن و بازدانێکی گەورە و گۆڕانێکی مێژوویی لە گێتیدا دروستکرد، بەڵام لەوە دەچێت لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و شارستانێتی وێنەدا داهێنانەکەی گۆتێنبێرگ تووشی هەرەس و مەرگ بێتەوە، بەوەی هەر شتێک بە زوویی دەگۆڕدرێت بۆ وێنە، تەنانەت نووسین و چاپ کردەیەکە لە ناو فەزای دیجیتاڵیدا بەڕێوە دەبرێت، ئەگەر هەیە تا کۆتایی ئەم سەدەیە شتێک بە ناوی چاپخانە لە ئارادا نەمێنێت، وەک چۆن دوکان و ستۆدیۆکانی وێنەگریی و شووشتنەوەی فۆتۆ لە شارێکی وەک سلێمانیدا تەنها لە نوستالیژیای نەوەی ئێمەدا ماونەتەوە و شوێنەکانیان کراوە بە شەربەتخانە و سەمونخانە، لە باشترین حاڵدا بوونەتە پێشانگای فرۆشتنی ئامێری دیجیتاڵیی و سمارتفۆنەکان، چونکە چیدی

وێنە و ئەلبومیماڵەوە پێویست نەماون، هەر لە ڕێگەی هاندییەکەتەوە دەتوانیت لە دەیان گۆشەوە فۆتۆی خۆت بگریت، بگرە بە داهێنانی داری سێلفی ئەو ئەرکەش لە کۆڵ بووەتەوە کەسێکی تر بانگ بکەیت وێنەت بگرێت، ئەمەش وەک بەشێکی تر لە پرۆسەی نارسیسزەکردنی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی فۆرمێکی دیکە لە تاکگەرایی ئیگۆیستی. لەگەڵ چرکاندنی وێنەکانیشدا لە گالەری هاندییەکەت یان لەسەر هارد دیسکێک کە بارتەقای هەزاران ئەلبومی وێنەی زەمەنی پێشوو جێگەی هەیە، هەر لەو ئەتمۆسفێرە دیجیتاڵییەدا بۆ کاتێکی زۆر و بەبێ کاڵبوونەوە و بێ تێکچوون و مەترسییە هاوشێوەکان هەڵیدەگریت یان ڕاستترە بڵێم مانگە دەستکردەکان بۆت هەڵدەگرن!، بەڵام ئەمە خەونەکەی هیگڵ نییە وەختێک جارێ مەرگی هەموو ژانرێکی هونەریی دەدا لە پاش هاتنی هونەرێکی ئاوەڵاتر کە لەگەڵ ڕوحی ڕەها تەبا دێتەوە، بەڵکو ئەمە دووبارەبوونەوەی مێژووە بە وتەی هیگڵ خۆی، بەڵام بە خستنەسەرەکەی مارکسەوە (جاری یەکەم بە شێوەی تراژیدیک و دووەم جار بە شێوەی کۆمیدیی)، ئێمە ئێستا لە سەردەمی دیوە کۆمیدییەکەی مێژووداین، چونکە وێنەکان (نەک هەر بە تەنیا فۆتۆ کەسییەکان) تیشکئاسا تێدەپەڕن، کەس فریای بینینی پەیام و مەغزاکانیان ناکەوێت، وەک ئەوەی وێنەی بێ پەیام بن تەنیا لە پێناوی وێنەگرتندا، خێرایی کە ڕوحی سەردەمەکەیە تەنانەت وایکردووە سینەماش هەمان قورسایی پێشووی خۆی نەمێنێت (بەدەر لە ڕووە بازاڕسازییەکەشی تا ئەم چرکەساتە هونەرێکی باڵادەستە) بەو جۆرەی لینین دڵی پێخۆشکردبوو: گەر سینەمامان لە پشت بێت بەسەر هەموو سوپای دنیادا سەردەکەوین. بەو پێیەی لە سەردەمی خێراییدا، هەموو شتێک بە خێرایی تێدەپەڕێت، هەموو تازەیەک بە خێرایی کۆن دەبێت، هەموو پەیامێک بە خێرایی دەنێردرێت و ناخوێنرێتەوە، هەموو وێنەیەک بە خێرایی دێت و نابینرێت.

من: کارەکتەری ئالوودەبوو بە سۆشیال میدیا ئەگەر لە جیهاندا لە ملیار زیاتر نەبن بێگومان کەمتر نین، هێندەی هۆشیان لای ئەوە جێماوە وێنە و پۆستەکانیان چەند لایک و کۆمێنتی بۆ کراوە، ئاگایان لە ژیانی ناو واقیعی ڕەسەن نەماوە، هێندەی مژۆڵی سێلفی گرتن و ختوکەدانی نارسیسییەتی خۆیانن، هیچ کات

بۆیان گرنگ نییە، چ کارەساتێکی ژینگەیی ڕوودەدات، جەنگ چارەنووسمان بۆ کوێ ڕادەکێشێت، سەرنەویشتی ئەم جیهانە بۆ کوێ مل دەنێت. ئەگەر پێشتر نیگارکێشانێکی وەکو ڤان کوخ یان ڕامبرانت (ساڵی ١٦٦٠) بە فڵچە و پەڕەمووچ وێنەی خودییان بۆ خۆیان کێشابێت و نەمرییان بە شێوە و ڕووخساری خۆیان دابێت لە یادەوەریی ئێمەدا، شاعیرێکی وەک بۆدلێریش لە کامێرای فۆتۆگرافی سڵەمیبێتەوە و پێیوابووبێت یارمەتیدەری خودئەڤینی مرۆییە، یان ئەگەر بۆ یەکەمین جار ڕۆبێرت کۆرنیلیۆس لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بە ڕێگەیەکی سەخت و تەکنیکێکی زەحمەت بە کامێرای فۆتۆگرافی یەکەمین وێنەی سێڵفی خۆی چرکاندبێت، چی لەو ملیۆنان خەڵکە دەکەیت لە ڕووبەری مەجازییدا بە هۆ و بێ هۆ وێنەی سێڵفی خۆیان دەخەنە نمایشەوە؟، وەک بڵێی گرنگترین ڕووداو لە جیهاندا ئەو فۆتۆیە بێت من یان تۆ بڵاوی دەکەینەوە لە تۆڕە سایبەرییەکاندا، بەردەوام لە سۆراغ و مەراقی ئەوەداین چۆن پێشوازیی لە بیچم و دەموچاومان دەکرێت، بەم هۆیەوە ماوەیەکی درێژ سەرمان بەسەر سمارت فۆنەکانماندا شۆڕ دەکەینەوە، چێژ لە لایک و کۆمێنتە باشەکان وەردەگرین، تەنانەت کۆمێنتی باش ئەوەیە زۆرترین پەسنی تێدابێت و خودئەڤینیمان تێر بکات و بیباتە باری ڕەحەتبوونەوە. لەم ڕوانگەوە نامۆ نییە لەم چەند ساڵەی دواییدا داری سێڵفی چەند قات پڕ فرۆشتر بووبێت لە بازاڕی کتێب، لە سێرچی ماڵپەڕی گوگڵەشدا لە ڕیزبەندی یەکەمی ئەو کەرەستانەدا بێت زۆرترین داواکارییان لەسەر بێت.

زۆرێک لەو گەشتیارە مۆدێرنانەی بۆ جێگەیەکی سەخت و دووری وەک ماچۆ پیچۆ لە پیرۆ گەشت دەکەن، لانیکەم لەبری وردبوونەوە لە پاشماوەی ئەو شارستانێتییە سەرسوڕهێنەرەی دنیا کە لە ژێر تۆزی مێژوودا ون ببوو و تازە ئاشکرا کراوە، داری سێڵفییەکانیان بەرامبەر بە خۆیان ڕادەگرن و وێنەی خۆیان دەچرکێنن، وەک ئەوەی بینینی تۆ لە جێگەیەکی گەشتیاریی دوورەدەستدا ئامانجەکە بێت، نەک بینینی ئەو پاشماوە ئەنتیکانەی لەو ناوچەیە جێماون لەلایەن تووە (هەرچەند ڕوانگەیەکی زۆر جیاوازم لەسەر ئەم تێمایە هەیە). ئیدی چاخی هایپەر ڕیالیتە سەردەمێکە تێبینیکردن و ڕامان لە دەوروبەر و چشتەکان بایەخی خۆی

لە دەستداوە، هەر دەوروبەرێک ئۆبێکتێکە بۆ بە فۆتۆکردن و خێرا گواستنەوەی بۆ گەردوونی مەجازیی تا ئەو ئاستەی مانای چێژوەرگرتنیش هەڵگەڕاوەتەوە، ئەوە شتەکان خۆیان نین دەبنە هۆکاری چێژ لێوەرگرتن، بەڵکو بە نمایشکردن و خستنەبەرچاویان چێژەکە تا لوتکە دەڕوات. بە گشتیی وێنەی سێلفی وەکو ئەو خووەی مرۆڤی مۆدێرن دەستی داوەتێ، نەک هەر بەڵگەیەکە بۆ خودئەڤینی، بە جۆرێکی تر، لە کەموکوڕیی و هەستی خۆ بەکەمزانینەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەردەوام بە دوای رای ئەوانیتر و دانپێدانانی ئەویترەوەیە، رەنگبێ هیگڵ هەڵەی نەکردبێت کاتێک نووسیوویەتی: (ئارەزووی مرۆڤ بۆ دانپێدانانی لەلایەن ئەویترەوە لە رەمەکی سێکس هەراشترە). لێ بەم دواییانە وتارێکی وەرگێڕدراوی رۆژنامەی (ئافتونبلادێت)ی سویدیی سەرنجی راکێشام لە مشتومڕکردن لە بارەی پەیوەندیی نێوان سێلفیگر و نارسیسیزم، نووسەری وتار پێیوایە دۆخی نارسیسۆس بە پێی گێڕانەوەی میتۆلۆژییە گریکییەکە ئیگۆیەکە بە تەنها و خۆی بە دوور گرتووە لە ئەویتر، خودشەیدایەکە پێویستی بە دانپێدانانی ئەوانیتر نییە وەک ئەوەی سێلفیگران پێویستیانە، بەڵام لە بیری کردووە هاوبەشترین خاڵ لە نێوان نارسیسۆس و سێلفیگراندا ئەو خودشەیداییەیە بەرامبەر بە خودی خۆیان هەیانە، ئەگەر نارسیسۆس تا دەمی خنکان لە ئاوەکەی بەرامبەریدا لە وێنەی خۆی رامابێت، ئەوا سێلفیگران نارسیسۆسێکی زێدەڕۆییکار و هەڵگەڕاوەن تا خنکانیان لە فەزای مەجازدا بە دوای دانپێدانانی ئەوانیترەوەن.

وەک وتیشم ئەمە زادەی کەموکوڕییەکی دەروونییە و هەمیشە بە دوای خۆ تەواوکردندا دەگەڕێت، رەنگبێ دیدی شۆپنهاوەر لە ئەنالیزی سروشتی مرۆییماندا راستترین روانگە بێت، وەختێک دەڵێت: (سروشتی مرۆیی خاڵێکی لاوازی تێدایە، ئەویش ئەمەیە: مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتیی بایەخێکی زۆر بە دید و بۆچوونی ئەوانی دیکە لە بارەی خۆیەوە دەدات). لەمە پتریش مرۆڤ بوونەوەرێکە قوربانی زۆریش دەدات لە پێناوی داتاشینی وێنایەکی تری خۆی ئەوانی دیکە دانی پێدابنێن و پێی سەرسام بن. لەوانەیە یەکێک لێم قوت بێتەوە و بڵێت تۆش خۆت یەکێکیت لە سێلفیگران، هیچ وەڵامێکم نییە جگە لەوەی بڵێم: خودئەڤینی خەسڵەتێکی هاوبەشیی

مرۆییمانە، گرنگ ئەوەیانە نەهێڵیت بخنکێیت وەک نارسیسۆس، لێ سێلفییەکانی ئەز بەرهەمی ئەو تەنهاییەیە خۆویستانە هەڵمبژاردووە، بەڵام نەمهێشتووە ببمە بابەتی نمایش و بە دوای دانپێدانانی ئەوانیتردا وێڵ نیم، ئەگەرچی بە هۆی ئەو تاکگەراییە مۆدێرنەی ئەمڕۆ بووەتە فاکتۆری لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و لە دۆخێکی وەکوو سەردەمی بڵاوبوونەوەی پەتا گوازراوەکانی چەشنی کۆڤید (کۆرۆنا)، فۆتۆی سێڵفی و کولتووری سێڵفیگرتن لەو لەشکرە داگیرکەرە دەچێت، دەرپەڕاندنی بووەتە کارێکی ئاستەم. لە کۆتاییدا نوکتەکە ئەوەیە وێنەی سێڵفی بازاڕی کلینکەکانی جوانکاریی و نەشتەرگەریی لووتیان گەرمتر کردووە چونکە زۆربەی سێڵفیگران هەست بە گەورەیی لووتیان دەکەن بە بەراوورد بە دەموچاویان.

سێیەر: جیا لە خودشەیدایی موعتادانی وێنەی سێڵفی، وردوخاشبوونی مافە تاکەکەسییەکان لە سۆشیال میدیادا بە جۆرێکە هەموو پرسە تایبەتییەکان دەکرێنە گشتیی، سفرە و خوان شتێکی ئێجگار تایبەتە، بەڵام دەتوانیت بە وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی لە یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بیکەیتە شتێکی گشتیی و سنووری ئازادییە کەسییەکانی خۆت لەم بە گشتیکردنەدا تەسک بکەیتەوە، هێندەش رووت ببیتەوە ئەوانیتر بتوانن بزانن حەز و زەوقی خواردنت چۆنە. ئەمە نموونەیەکی سادەیە، بەڵام بە پرسێکی ئێجگار ئاڵۆزەوە ئاڵاوە، ئەم نمایشە سایبەرییە جۆرێکیش لە ریکلامسازیی تێدایە کە ئەمەیان دڵخوازی کۆمپانیاکان و بازاڕە، سیستم خوازیاری برەوێکی زیاتری ئەم ترادیسیۆنەیە، گەنجانێکی بەرخۆر کاتێک هەر رۆژەو جلێکی تازەتر لەبەردەکەن و ئۆرگازم نابن تا خۆیان لە رووبەرێکی مەجازییدا نمایش نەکەن، ژنانێکی مۆدێلپەرست کە چەند مانگ جارێک مۆبیلی ماڵەکانیان دەگۆڕن و وەکو سریاڵێک هەر شەوەی ئەڵقەیەک و گۆشەیەک لە ماڵەکانیان لە شاشە سایبەرییەکانەوە نیشان دەدەن، پیاوانێکی حولحولی عاشق بە راقیترین مارکەی سەعات و ئۆتۆمبیل گۆڕین کە رۆژانە لە نیشاندانی کاڵاکانیاندا بەوپەڕی رەحەتبوون دەگەن، بێ ئەوەی بزانن بوونەتە کەرەستەیەکی ریکلام و ئاشی سەرمایەداریی دەگێڕن، بێ ئەو ویستەی نمایش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، مەسرەفگەرایی و سوود و قازانجی چەند قاتی

کۆمپانیاکان بەو ئاستە بەرزە مومکین نەدەبوو، خودی نەزم هاندەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی هیچ شتێکی تایبەت بە خۆمان نەهێڵینەوە هەمووی بکەین بە گشتیی، ئەویش تەنیا لە پێناوی نمایشدا. ڤاڵتێر بنیامین جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە سەرمایەداریی خۆی دەخزێنێتە خەونی هەر یەکێکمانەوە، باشترین بینینیش ئەوەیانە لە شێوەی مۆتەکەدایە، چونکە بە ئاسانیی دۆخەکەیمان بیر ناکەوێتەوە. خەونی من لەم هەلومەرجەی زێدەواقیع مرخی لە واقیعی ریالیتە خۆش کردووە بگرە وەک پارووێەک لەناو دەمیدایە ئەوەیە لەم خەونە تاڵە رابچەڵەکێین و بۆ ئەوەشی بە سانایی لە بیری بکەین، چاکترە وا مەزندە بکەین مێردەزمەیەک بۆ چەند ساتێکی کەم ئارامی خەوتنی لێ تێکداوین.

من: رۆژنامەی ئاوێنەی رۆژانە Der Taggspiegel ئەڵمانی نووسیوویەتی: (ئەوانەی تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە هیچ کامیان ئەکاونتیان لەسەر فەیسبوک نییە). هەر لەو رۆژنامەیەدا ئاماژەش بەوە کراوە: بەشی سەرچاوە مرۆییەکانی هەر دامەزراوەیەک کاتێک کەسێک دەیەوێت کارێک بدۆزێتەوە و سیڤی پێشکەش دەکات نیگەران دەبن لەوەی دەبینن کەسەکە لەسەر فەیسبوک یان هەر سۆشیال میدیایەکی تر هەژماری نییە! چونکە پێیانوایە شتێکی هەیە دەیشارێتەوە!. ئەمە ئاماژەیەکی ترسناکە و مرۆی ئەمرۆ ناچارکراوە بە زۆرەملێ بخرێتە کەمپەکانی سۆشیال میدیاوە، ئەگەر نا مرۆڤێکی مەترسیدارە چونکە نایەوێت پریڤاتی خۆی بخاتە نمایشەوە. ئەگەر لە رۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆروێڵدا نیشاندانی وێنای کۆمەڵگەیەکی ژێر سایەی ستالینیزم و پارتی پێشڕەو بێت (وەک چۆن سۆزان سۆنتاگ لە زاری وەرگێڕەکەیەوە دەڵێت: ژیان لە چینیش وەک ئەو رۆمانە وایە). دەستەواژەی (برا گەورە)ش بۆ خودی لیدەری حزب بەکارهاتبێت چەشنی چاوێکی پەیجۆر و ئاگادار بەسەر هەمووانەوە، تۆڕە مەجازیی و ئەلگۆریتمەکانیش لە رۆڵی برایەکی گەورەتردان (تیم ۆو لە راڤەی کتێبی: سەردەمی کاپیتالیزمی چاودێرییدا، دەستەواژەی برا گەورەترەکە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنێت). پێش هەر شتێک بەرزەفتەکە زۆر ناوەکییە و جڵەوی هەست و سۆزەکانمانی کردووە، لەم رێگەیەوە دەست بەسەر بیرکردنەوەشماندا دەگیرێت وەک بڵێی هەموو شتەکان لە

پێشتردا بڕیاریان لەسەر درابێت بەرەو کوێ رامانبکێشن!. لە پشتی ئەو ئیمەیجە بینراوەی شاشەکانەوە، منێکی کەلەپچەکراو و دیلی کەمپە زۆرەملێکانی ژینگەیی ئەلگۆریتم خۆی شاردووەتەوە، ئەگەرنا ئازادییمان لە چوارگۆشەیەکی تەسکدایە و تخوبی ئارەزووی تەکنۆلۆژیا تێناپەڕێنێت.

مادلین رایان، پێیوایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەیەکی شێدارن بۆ سیکۆپاتەکان و بە روونی دەڵێت هەر خودی سۆشیال میدیا خۆی سیکۆپاتە، بۆیە نووسیوویەتی: (فەیسبوک منی کردە خراپترین کۆپی خۆم). ئەگەر لە روانگەیەکی فەلسەفییانەشەوە سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، ئامانجە راستەقینەکە ئەوەیە کۆمەڵگە لە تۆ دادەبڕێت و لە بری ئەوە دەتخاتە ناو تۆڕێکی پەیوەندیی بەرفراوانەوە بەو فۆرمەی زیگمۆند باومان دەیگوت: (ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستی دەکات، شتێکی لاوەکییە. جیاوازیی نێوان کۆمەڵگە و تۆڕ ئەوەیە، تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ کۆمەڵگەکەت، بەڵام تۆڕ دەگەڕێتەوە بۆ تۆ). لەم رووبەرە مەجازەدا لە بری ئازادیی هەست دەکەیت تا زۆرترین رادە کۆنترۆڵکراویت، بەرزەفت و جڵەوکردن تەنیا هەر ئەو رێسا دیاریکراوانە نییە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر تۆدا سەپاندوویانە، ئەوەشە تۆ ئارەزوومەندانە لە رێگەی شاشەیەکی بچووکەوە خۆ دەخەیتە بەرچاو، هەموو کەس دەبێت بە چاودێر بەسەرتەوە و بە چڕیی پەیجۆر دەکرێیت. جیا لەوەش ئەم فەزایە ناوەندێکی گەرموگوڕ نییە بۆ دامەزراندنی ئاخاوتنی فیکریی و رژد، هێندەی خۆدزینەوەیە لە قسەکردنی جددی. شوێنێک نییە بۆ کۆکردنەوەی ناڕەزایەتی تاکو تەرجەمەی ئەرزی واقیع بێت بەڵکو بەهەدەردان و خاڵیکردنەوەی ماتەوزەکانیشە لە فەزایەکی وەهمیدا، ئەمەش پاڵنەری سەرەکییە بۆ باومان تاکو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە (تەڵە) ناودێر بکات. پێموایە دەبێت ئەو تەڵەیە لە کاتێکدا قبوڵ بکەین پێشوەخت خۆمان دڵنیاکردبێتەوە لە واقیعێکی تردایین لە دەرەوەی واقیعی رەسەن و راستەقینە.

سێیەر: ئێمە ئێستا لە بەرامبەر دوو دنیادایین، دنیای واقیع و دنیای مەجاز و دیجیتاڵیزە، ئەم دوو دنیایە ئەگەر لە رەهەندێکەوە بە نێو یەکداچووبن، لە دەیان رەهەندەوە بە جیا لە یەکتر دەژین و درێژە بە خۆیان دەدەن. ئەرکی ئێمە

سەختترە لە جاران، دەبێت رووبەڕووی هەردوو دنیاکە ببینەوە، تێگەیشتن لە هەر کامیان پێویستی بە کەرەستە و میتۆدی خۆی هەیە، چیتر ناتوانین بەوە رازی بین فەزای مەجاز نواندنەوەی دنیای واقیعە، چونکە هەندێک ریتواڵ هەیە سەر بەو دنیایەیە و ناتوانین نەسکەکەی لە واقیعی رەسەندا بدۆزینەوە، باشتر وایە بڵێین ئێمە لە بەردەم دوو واقیعی تازەداین، واقیعی رەسەن و ناڕەسەن (ئەگەر ئەم دابەشکردنە دروست بێت)، بەڵام بۆ ئەوەی دەستکاریی واقیعی مەجازیی یان ناڕەسەن بکەیت کردەکە لە گۆڕینی واقیعی رەسەنەوە دەستپێدەکات، زۆرجاریش بۆ ئەوەی کاریگەریی لە واقیعی رەسەندا بێتە ئارا، پێویستە لە واقیعی ناڕەسەنەوە دەست پێبکەین. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیانە، مرۆڤی نوێ لە بەردەم دوو دنیا و دوو واقیعدایە و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی کەوتووەتە نێوان ئەو بەرداشەوە.

من: بەدەر لەمە هەموو کات وا هزرم کردووەتەوە ئەو زانیارییانەی لە شاشە دیجیتاڵییەکانەوە پێمان دەبەخشرێن زیانبەخشن، فەزای مەجاز کێڵگەیەکی بە پیتە بۆ چاندنی هەر تۆوێکی زیانبەخش و بەسوود، بەو پێیەی لە یەک چرکەدا هەزاران هەزار زانیاریی بە کەڵک و بێ کەڵک بە تەنیشت یەکترەوە پەخش دەبنەوە، ئەمەش مرۆ دەبەنە حاڵەتی سەرلێشێوانێکی وەهاوە توانای جیاکردنەوە لە دەست بدات و نەزانێت چی زانیارییەک بۆ ئەو باشە و سەرئەنجامیش بە چاکەی گشتیی تەواو دەبێت. رەنگبێ زیادەڕەویی نەبێت ئەگەر بڵێم بڵاوبوونەوەی ملیارەها زانیاریی لە رووبەرە دیجیتاڵییەکاندا هۆشیاریی مرۆیی دواخستووە و لە سەردەمی خێرایی زانیارییەکاندا، نەزانییش خێراتر تەشەنەی کردووە. ئاخر ئەم فەزایە هیچ شتێک پاکنووس ناکات وەک ئەوەی نووسەرەکان دەیکەن، پرەنسیپی پێشنۆرە ئەوەیە هەموو شتێک بە ئینتەرنێتەوە ببەسترێتەوە، ئەم پرەنسیپەش لە یەک کاتدا هەم تراژیدیایە هەم کۆمیدیا! تۆ دەتوانیت بە سێرچی ناوی ئوسامە ئەنوەر عکاشەی سیناریستی عەلمانی میسریی دەیان زانیاریی سەرسوڕهێنەر لەسەر فێندەمینتالیستی سعودیی ئوسامە بن لادن بەدەستبهێنیت!، ئاکامی ئەم خوێنبەربوونەی زانیارییەکانیش چیتر نییە جگە لە بەرهەمهێنانی رێژەیەکی بەرفراوانی نەزانیی دووگرێ (جهل المرکب). دواجار وەک جان شێرشتادی

رۆماننووس لە بارەی ئەم سیستمە تێبینی کردبوو، زۆرێک ئەو دنیا رواڵەتیی و خەیاڵئامێزەیان لێ تێکدەچێت و بە دنیای راستەقینە لێی تێدەگەن، وەک چۆنیش بڕوایان بە جیهانە راستەقینەکە نامێنێت و پێیانوایە دنیا راستەقینەکە ناڕاستە.

سێیەر: مرۆڤ لە فەزای مەجازدا ناپەرژێتە سەر خوێندنەوە، ئەو ئەدەب و رۆشنبیرییە دیجیتاڵییەی لە ئارادایە مرۆڤ فێری خوێندنەوە ناکەن، چونکە سروشتی راوەی دیجیتاڵی وەهایە هەر شتێک سروشتێکی خز و خلیسکی هەیە لە یادەوەرییدا نیشتەجێ نابێت، تەنانەت ناپەرژێتە سەر بینینی ئەو وێنە جووڵاوانەی ماوەیان لە چەند خولەکێک زیاترە، تەکنۆلۆژیا لە بری ئەوەی کاتمان بۆ پاشکەوت بکات، گۆڕیووینی بۆ بوونەوەری بێ کات و بێکار. دەمانەوێت بە خێرایی زۆرترین پەیام و ڤیدیۆ ببینین، ئەو ڤیدیۆ و پەیامە ساکارانەی لەگەڵ عەقڵماندا دەڕۆن، نەک رادیکاڵانە دەستکاریی عەقڵمان بکەن. ئەمەش مرۆڤ زیاتر لە خۆی ئاکتوێل دەکاتەوە، بەو مانایەی چیتر ئەم مرۆڤە بە دوای ئایندەدا ناگەڕێت، نایەوێت ئیدەیەکی هەبێت بۆ دوارۆژ، بەڵکو بە قووڵی مەستی ئێستایەکی پڕ نیهیلیزمە، ئێستایەک بەرەو ئایندە بەڕێوە نییە، بۆ هەمیشە ئێستایە، لەناو ئەو ئێستایەشدا خۆی لە هەر شتێکی جددی دەدزێتەوە، تەنانەت وای لێهاتووە تیمای جددی ناکۆک کەوتووەتەوە لەگەڵ ترادیسیۆنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە بە دەگمەن دەتوانیت مرۆڤێک لەو تۆڕانەدا بدۆزیتەوە نوێنەری کێشە یان بابەتێکی جددی بێت، ناجددییەت فەزاکەی بە تەواوەتی داپۆشیوە، رەنگە فەیسبوک تاکە شوێنێک بووبێت بوارێکی کەمی بۆ مژارە جددییەکان و نووسین هێشتبێتەوە، بەڵام چیتر فەیسبوک ناتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ ئینستاگرام و سناپ چات و تیک تۆک و تویتەردا هتد.. بکات کە ئەوان نوێنەرایەتی کورتکردنەوە و سادەکردنەوەی هەر شتێکن لە پێناوی چێژێکی کاتیدا. جارێک بە تەوس و وەک ساتیر گوتم خوێنەرەکانی سۆشیال میدیا دەیانەوێت هەموو چیرۆکی هەزار شەو و شەوێکیان بە یەک کاتژمێر بۆ بگێڕمەوە، هەستم کرد خاترگرتنێکی زۆر لە قسەکەمدا هەیە، دەبوو بڵێم بە یەک خولەک، چونکە سۆشیال میدیا خوێنەرێکی تێدا نەماوە حەوسەڵەی خوێندنەوەی شتێکی هەبێت لە یەک دەقیقە زیاتر بێت. بە گشتیی سۆشیال میدیا

بکوژی پەیوەندییە ریالیتەکان و بەهاکانی سۆلیداریتی و پێکەوەکارکردن و پێکەوەهەڵکردنە، تەنیا پانتاییەکی کراوەیە لە بری خۆپیشاندان بۆ خۆنیشاندان، ئەمەش لای چول هان وەک کارێکی نائەخلاقی سەیر دەکرێت، پاڵپشت بە نەریتی ئەم نەوە تازەیەی ئێستا کە دەیان پارچە جلوبەرگ دەکڕن نەک بۆ لەبەرکردن بەڵکو بۆ نمایش لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ماندوویێتی ئەو کرێکارانەی لە رۆژهەڵاتی ئاسیا بە رۆژانەیەکی کەم خەریکی دوورین و ئامادەکردنی ئەم جلوبەرگانەن. لەوە زیاتریش نەک ترادیسیۆنەکان بەڵکو خەریکە بەها مۆدێرنەکانیش لەناو فەزای دیجیتاڵدا دەبن بە هەڵم و بە ئاسماندا دەچن.

من: با کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە و پرسی سادەکردنەوەی شتەکان درێژە پێ بدەین، کاتێک چەمکێکی فەلسەفیی لە ئەتەری مەجازییدا بە کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و سادەنووس و قسەنووسەکانیش دەتوانن بۆ مەرامی خۆیان بە سادەیی بیجوونەوە و لە فۆرمێکی کرچ و کاڵدا بەرهەمی بهێننەوە، هەست بە ناهەمواریییەکی سایکۆلۆژیی وەها دەکەم لە قاموسدا ناوێکی بۆ نادۆزرێتەوە. بۆ وێنە کاتێک چەمکی رادیکاڵیزم دەبێتە قسەیەکی میللی و مەدلولاتە کۆنسێپتییەکەی لێ دەکرێتەوە و زۆر جاریش رووبەڕووی شێواندن و ناوزڕاندن دەبێتەوە، ئەو دۆخەم بۆ دروست دەبێت پێشتر باسم کرد یان وەختێک مەکیاڤیلیزم بە فۆرمێکی تری تەڵەکەبازیی و بێ ئەخلاقی سیاسیی پێناسە دەکرێت، بێ ئەوەی بەکاربەر تەنانەت چاو بە کتێبی «میر»دا خشاندبێت و رۆچووبێتە قووڵایی روانینەکانی نیکۆلۆ مەکیاڤیللیەوە، هەمان دۆخم تووش دەبێت. ئەم سادەکردنەوەیە هەر نەریتێکی ناو سۆشیال میدیا نییە، بەڵکو لە ماسمیدیاکانیشدا بەر هەمان دۆخ دەکەوین، وەک ئەوەی رۆژنامەوانی بکوژی فیکر بێت، لێ رۆژنامەوانی (جورنالیزم) مەلەوانگەی سەتحییەت و گەمە فۆرمالیستییەکانە، هەرگیز عەقڵی رۆژنامەوانی ناتوانێت بگاتە قووڵایی هیچ دیاردەیەک، تەنیا دەتوانێت لەسەر توێکڵ قسە بکات، کاکڵەکان بە شاراوەیی بەجێدەهێڵێت، بەڵام ئەو ئاستە لە سادەکردنەوە مۆبیلیزەی گەمژەییە ئەمەش پاوانکردنێکی نوخبەویی پرسیار و رامانە فەلسەفییەکان نییە، ئەگەر پەندێک لە رێی مارکۆزەوە فێر بووبین ئەوەیە زمانی نووسەر زمانی

عەوام نییە، ئەمە هاوڕاییە لەگەڵ ئەو تێزە سەرەکییەی (تیۆری رەخنەیی)دا کە رۆڵی تاک لە سیستمی فەلسەفیدا بە هەند دەگرن. بە گشتیی قسە لەسەر ئەوەیە نابێت ئەو چەمکانە بهێنرێنە ئاستێکی سادەی وا، جیاوازییان لەگەڵ پەندە میللییەکاندا نەمێنێت، لێ سۆشیال میدیا ماڵی ئەوانەیە لە رووی فیکرییەوە تەمبەڵن و نایانەوێت میتۆدلۆگییانە سەیری دنیا و دەوروبەری خۆیان بکەن، ناخوازن رژدانە دیقەتی دیاردەیەک یان کەسایەتییەک بدەن، بەپێودانگی نیگای یەکەم بڕیاری کۆتایی دەدەن، وەک دەزانین نیگا زۆر خێرایە و وەک فلاشی کامێرای فۆتۆگراف وایە، بەڵام تاکە پێوەری ئێمەیە بۆ هەڵسەنگاندن و راڤەکردنی جیهان، لێرەوە عەقڵ لە خاچ دەدەین و فیکر لاقە! لەم پرۆسەیەدا حوکمە سەرپێیییەکان جێگەی رەخنەی قووڵ و پێداچوونەوە و تەئویل دەگرنەوە، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین کۆمۆنیزم، دەنگە کورالئاساکان بڵێن کۆتایی هات، یان بڵێین ئیسلام، بڵێن ئاینی تیرۆریستانە، یان باسی مەسعود محەمەد بکەین خێرا بە کەتیرەیەک بینووسێنن بە کۆنەپەرستییەوە! بێ ئەوەی پێمان بڵێن چی کۆنەپەرستییە و چی تر تازەپەرستی!. لەم رەوشەدا رەخنە رۆڵی رەشاش دەگێڕێت و رەخنەلێگیراو دەدرێتە بەر ئاگری رەگبار.

سێیەر: دەرهێنانی رستەیەک لە سیاقێکی گشتگیر و داماڵینی مەغزا بنەڕەتی و فیکریی و فەلسەفییەکان لێی و سادەکردنەوەی لە شێوەی ئەفۆریزم و گووتەی داناییاندا، کارێکی زۆر بێ مانا و پڕ هەڕمێنی ئێستایە. بۆ نموونە کۆژێتۆکەی دیکارت (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) یان (مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە) و (ئاین تلیاکی گەلانە)ی کارل مارکس و چەندان نموونەی تریش، ئەو رستانەن لە قووڵایی خۆیان داڕنراون کە بەرئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژی تێرامانن، پێشکەشکردنەوەی ئەم وتانە بەو شێوە کاڵ و تەنکە، مرۆڤی تەنکبیر و تەوەزەلی لە رووی فیکرییەوە بەرهەمهێناوە. چونکە دەرکێشانی ئەم وتەزایانە لە رستە سەرەکییەکان و کۆنتێکستەکانیان کوشتنی فیکرە بە پلەی یەکەم، سادەکردنەوەی فەلسەفە و هزریشە بۆ ئاستێکی وەها هیچ ماندووبوونێک پێویست نییە بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە قووڵانەی بیریاران پێی گەیشتوون. ئەمە ئەو کارەیە رۆژانە

دەرخواردی تاکی ئێمە دەدرێت (سەرباری تێبینییە زۆرەکانم لەسەر چەمکی تاکی کوردیی). سۆشیال میدیای کوردیی پڕە لە ناردنی ئەم پەیامە پەڕوباڵکراوانە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئاڕاستەی مێشکی وەرگری ئێمە دەکرێت. ئەوەی فەیلەسوفان بە چەندان ساڵی پرۆسەی فێربوون و زانین بە دەستیدەهێنن لە چەند وشەیەکی ساردوسڕدا هەڵدەپڕوکێنرێت. رەنگە دیکارت دوای شەش ساڵ هێنان و بردن و تێپەڕین بە پرۆسەیەکی گومانگەرایی تاقەتپڕوکێندا هەر شەش وشەی کۆژێتۆکەی گەڵاڵە کردبێت، تۆش دەتەوێت بە شەش چرکە وەک دێڕێکی ئاسایی بەسەریدا تێبپەڕیت و چێژێکی کاتیت پێ ببەخشێت نەک بیرت پێ بکاتەوە، لە کاتێکدا کۆژێتۆکە بیرکردنەوەی کردووە بە مەرجی بوون.

من: دەمەوێت کەمێکی تر ئەو قسەیەی پێشووم روونتر بکەمەوە کە گوتم نەک هەر سۆشیال میدیا بگرە جورنالیزمیش بە تایبەت تەلەفزیۆن مرۆڤی سادە و رواڵەتپەرست بەرهەم دەهێنێت، ئەو مرۆڤەی لە قووڵبوونەوە دەترسێت و شەیدای فۆرمێکی بەتاڵی هەر شتێکە، ئەگەرچی بە رووکەش ئەرکی تەلەفزیۆن وا دەردەکەوێت بۆ ئەوە هاتووە تا پێمان بڵێت ئێوەش دەتوانن ببنە مرۆڤی ترانسێندێنتاڵ و ئەگەر خوازیار بن دەتوانن بە چیای سەرکەوتندا هەڵبگەڕێن و بگەنە لوتکە، لە کاتێکدا ئەوەی هەیە لە بەردەمماندا تا چاو بڕ دەکات بیابان و چاڵاییە، هیچ چیایەک دیار نییە تا هەوڵی پێدا هەڵگەڕان بدەین. ئادۆرنۆ لە پەنجاکانی سەدەی پێشووەوە مەترسییەکانی تەلەفزیۆنی وەک سندووقێکی سیحریی لە وتاری (چۆن تەماشای تەلەفزیۆن بکەین؟)دا خستە ژێر راڤەکارییەوە، تێزەکەشی بریتیبوو لەوەی تەلەفزیۆن نێردراوێکی ساختەچییە و لەسەر خودهیپنۆتیزم (خەواندنی موگناتیسی) راماندەهێنێت لە رێگەی بە هەواڵکردنی تاڵترین رووداوەکانەوە، هەرچی کارەسات هەیە ئاسایی دەکاتەوە، جیا لەوەی بە هۆی پرۆگرامە گەپئامێزەکانی و رووبەرە زۆرەکەی بۆ ورووژاندنی چێژێکی رواڵەتی و خۆشیی دروستکراو و وەهمی کاریگەرییەکی جاڕسکەری لەسەر نائاگایی بینەر هەیە، دواجاریش جەماوەر لەسەر بەرگەگرتنی تەنگوچەڵەمە ئابوورییەکان و کلێشە کۆمەڵایەتییە سواوەکان رادەهێنێت، ئەمەش بکوژی بیرێکە

لەسەر سترۆکتوری رامان و وردبوونەوە بینا بووە، بۆیە تەلەفزیۆن هیچی تر نییە، جگە لە توانستێکی جادوویی بۆ تەسککردنەوەی مەودای بیرکردنەوەی رەخنەیی لای تاک، لە یەک کاتدا هەم جەماوەر دڵنیا دەکاتەوە هەم دەیترسێنێت. بەشێوەیەکی گشتیی جورنالیزم مەتبەخی بەرهەمهێنانی وێنە ساختەکان و شاردنەوەی واقیعی راستەقینەیە لە پشتی وێنەیەکی دروستکراوەوە کە ئەو وێنەیەش لەبەر وێنەیەکی تری وەهمی گیراوەتەوە و بە هیچ کلۆجێک رەچەڵەکی ناگەڕێتەوە سەر وێنە رەسەنەکەی کەتوار.ر

فۆیەرباخ وەک باسی ئەمڕۆی ئێمە بکات، لە پێشەکی دووەم چاپی کتێبی (ماهیەتی کریستیانیزم)دا لە ساڵی ١٨٤١دا نووسیوویەتی: (سەردەمی ئێمە وێنەی بەلاوە گرنگترە تا شتەکە خۆی، کۆپی لەلا گرنگترە لە نوسخە رەسەنەکە، نمایشی لەلا جوانترە لە واقیع، شێوە تا ناوەڕۆک، ئەوەی لەلای پیرۆزە هیچ نییە جگە لە خەیاڵێک). ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم وێنەیەکی لێڵ و تەمومژاویی واقیعدا راوەستاوین، ئەوەی جورنالیزم پێمان نیشان دەدات، وێنەیەکی دەجار لەبەرگیراوەی شتەکان و راستییەکان نییە، بەڵکو وێنەیەکی ساختەیە و وا بارهێنراوین وەک دوا وێنە و کۆتا هەقیقەت گەواری بکەین تا ئەوەی ئەرکی خەیاڵکردن لە کۆڵ مرۆڤی مۆدێرن بووەتەوە مادام ماکینەکانی راگەیاندن لە بۆتەی چەندین وێنەدا خەیاڵی بۆ ئامادە کردووین. پیتەر سلۆتەردایک جارێک وتی: (هەر ساتێک تەماشای تەلەفزیۆن بکەم، ئەو شتانە دەبینم هیچ بە دڵم نین، لە هەندێک رۆژدا تەنیا زبڵیان هەیە). نەک هەندێک رۆژ بەڵکو تەلەفزیۆن و بەرنامە شۆکان بە بەردەوامی زبڵ و ژەهر دەبەشنەوە، مێشکی مرۆڤ ژەهراویی دەکەن، بەم هۆیەوە خەریکە بڕوا بە ئەفۆریزمە دێرینەکە بکەم گوایە گەدە لە مێشک عاقڵترە. مرۆڤی رۆژئاوایی وەک ئەوەی هەڵمات لە پێڵویاندا بێت هیچ نابینن، تەنانەت فرمێسکیان نەماوە، هەست دەکەم دەمیان پانتر بووە لە جاران، ئەوەندە لە تەلەفزیۆنەوە بە غەمەکانی خۆیان پێکەنیون. دیسکۆرسی جورنالیستی قسەکردنە لەسەر هەموو بابەتێک و پەلهاویشتنە بۆ بە هەواڵکردنی هەموو شتێک، بێ ئەوەی قسە لەسەر هیچ بکات، تەنیا مامەڵە لەگەڵ بەشی دەرەوەی رووداو و پێدراوەکان دەکات، لە دۆخی کوردییدا قەیرانەکە

خنێکنەرترە لەوەی لە رۆژئاوا هەیە، لە خۆرئاوا جورنالیزم حەشیمەتێک مرۆڤی هاوشێوەی خستووەتەوە، ئەوانەی بە دیار شاشەی تیڤییەوە گەنمەشانمی دەخۆن و بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بە تراژیدیاکانی خۆیان پێدەکەنن، بێ ئەوەی تێبگەن بوونەتە ماددەی خاو و بەکاربراو دەمیان بە هەواڵەکانی جورنالیزم یەک مەتر دادەپچڕن، ئەم هاوکێشەیە لە دۆخی کوردییدا پێچەوانەیە نەک پێچەوانەیەکی پۆزەتیڤ، بەڵکو مرۆی بە گاڵتەجاڕکراوی کورد ناچارە لە رێی شاشە و پەڕەی جورنالیزم و سۆشیال میدیاوە بە دیار کۆمیدیاکانی خۆیەوە لە پڕمەی گریان بدات.

سێیەر: بە گشتیی عەقڵی ماسمێدیای باو روانگەکان دروست دەکات، روانگەی سادە و فۆرماڵی واقیع، نەک ناوەڕۆکی قووڵی ریالیتە. واقیعێکی مەجازیی و دروستکراو دەسازێنێت لە بری واقیعی بەرجەستە. مرۆڤ ناچار دەکات لەو واقیعە ساختەیەدا تووشی هەژان ببێتەوە، نەک لە ریالیتیدا بهەژێت و ئەو هەژانە لە ئەکتێکی سایکۆلۆژییەوە بچەرخێنێت بۆ ئەکتێکی شۆڕشگێڕانە یان لانیکەم ناڕەزاییخوازانە. بە پێچەوانەوە ئەرکێکی بنەڕەتی ماسمێدیا بریتییە لە خاوکردنەوەی گرژییەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخ. جارێک ژیژەک لە وەسفکردنی ئایدۆلۆژیای باودا گوتی (کاتێک هەڕەشەیەکی نوێ دەردەکەوێت، ئایدۆلۆژیای باڵادەست بە دوای رێگایەکدا دەگەڕێت دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە نەک راستەوخۆ رووبەڕووی ببێتەوە). بەشێکی هەرە گرنگی ئەو ئاساییکردنەوەیە لە رێگەی میدیاکانەوە نەبێت مومکین نییە بگاتە ئەنجام، چونکە بەرمۆدایەکە هەموو شت لەگەڵ خۆیدا لوول دەدات و راپێچی ناوەوە و تاریکی بنەوەی خۆی دەکات. بەم هۆیەوە مافی ئەوەمان هەیە بڵێین رای گشتیی سەفسەتەیەکی مۆدێرنە، کە عەقڵی فۆرمالیستی برەوی پێدەدا و رۆژنامەوانی و میدیا ناکامانە هەوڵی دروستکردنی دەدەن، بەڵام ئەمە هەرگیز نایەتەدی، ئاخر لە رووی فەلسەفییەوە هیچ گشتێک لە ئارادا نییە، تەنیا گشتێکی پڕ ناکۆکی و ململانێ نەبێت، گشتێک بە تێڕوانین و بەرژەوەندیی جیاجیاوە لە هەبووندایە، تۆ چۆن دەتوانیت هەموو ئەم ناکۆکییانە کۆبکەیتەوە؟. مرۆڤ دەتوانێت بۆ تێگەیشتن لە گشتێکی نائارام و پڕ ناکۆکی ئاوڕێک لە فەلسەفەی هیگڵ بداتەوە، رەنگە مارکسیش بە نۆرەی خۆی رێنوێنیکارێکی باش

بێت کە ئەویش گشت دابەش دەکات بەسەر دوو بەرەدا، ئەمانیش تا کۆتایی لە جەنگێکی بێ برانەوەدان دژی یەکتر.

من: تۆماس فریدمان رۆژنامەنووسی بەنامێی ئەمەریکی لە کتێبێکیدا بە ناوی «Thank you for being late» تیشک دەخاتە سەر ئەو جیهانە مەترسیدار و سایبەرییەی تەکنۆلۆژیا بەرهەمیهێناوە، بە جۆرێک مانای لە هەموو شتێک سەندووەتەوە و وێنایەکی ساختەی شتەکانمان پێشکەش دەکات. خۆی لە قەرەی زۆر پرسی گرنگی جورنالیستیی داوە، لەو کتێبەدا سەرنجراکێشترین دێڕ بۆ من ئەوەیان بوو نووسیبووی: (کاتێک چاوەڕوانی میوانەکانم دەبم بۆ ئەنجامدانی ئینتەرڤیو، لەگەڵ شتداونی کۆمپیوتەرەکەمدا، راستەوخۆ بیرکردنەوەم دەست پێدەکات، بۆیە ئەگەر میوانەکانم کەمێک دوابکەون، پێش ئەوەی فریای داوای لێبووردن بکەون، من پێیان دەڵێم سوپاس بۆ دواکەوتنتان!). هەروەک چۆن ناونیشانی کتێبەکەش لەم تێڕوانینەوە هاتووە. ئێمە ئەگەر کەمێک قووڵتر بیر لەو دەربڕینە ئایرۆنییەی فریدمان بکەینەوە، دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین، لە جیهانی مەجازدا ئەو کەشە ئەلیکترۆنییە بێ لێپرسینەوە و بێ فلتەرەی هەموومانی کردووە بە خاوەنی دوانگە «مینبەر»ی خۆمان، دەکەوینە بەر لێشاوی پەیام، دەکەوینە بەر بارانی زانیاریی هەڕەمەکی و زێدەڕۆیی لە بڵاوکردنەوەدا، بە جۆرێک توانای جیاکردنەوەی راست و چەوت، فەیک و هەقیقەت لە دەستدەدەین، ئیدی لەو ژینگەیەدا لە بری بیرکردنەوە، لیاقەتی هزرین لە دەستدەدەین، بۆیەکا فریدمان چرکەساتی کوژاندنەوەی کۆمپیوتەرەکەی بە چرکەی دەستپێکردنی بیرکردنەوە لە قەڵەم دەدات.

لە باری کرداریشەوە تەکنۆلۆژیا مێگەلی بەرهەمهێناوە (بەدەر لە مانا باوەکەی چەمکی مێگەل)، مرۆڤێکی بەرهەمهێناوە لە رووی فیکریی و بیرکردنەوەوە تەمبەڵ و کۆڵەوار، لە دۆخی کوردەواریشدا رووبەڕووین لەگەڵ تاکێکی کلۆڵی نیمچە خوێندەواری بڕوانامەداری وەها، بە ژمارە نەبێت مانگەکانی ساڵ ناناسێتەوە و ناوی هیچ مانگێک لە هیچ رۆژژمێرێکی کوردیی یان بیانیی فێر نەبووە و دەم لە هەموو شت وەردەدا هەر لە سیاسەتەوە تا فەلسەفە، بگرە داوەریشیان لەسەر دەکات.

تەکنۆلۆژیا پەتێکی خستووەتە ملی جیهانی راستەقینەوە و لە جیاتیدا جیهانێکی تەمومژاویی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە بە ئەڵتەرناتیڤ. ئەوەی ئاشکرایە ئێمە لە دۆخی گواستنەوە و پەڕینەوەداین بەرەو جیهانێکی تر، ئەو جیهانەی لە دەروازەی سەدەی حەڤدەدا فرانسیس بیکۆن تامەزۆری بوو و چاوەڕوانی هاتنی دەکرد، ئەمڕۆ هاتووە، جیهانێکی سایبەریی ژێر ڕکێفی ژیریی دەستکرد، جیهانی کلیک و دوگمە، جیهانی رۆبۆتسازیی و باڵادەستیی زێدە عەقڵ (لە زێدە بەرهەمی مارکس و زێدە چێژی لاکانەوە دامتاشیوە)، ئەوەی نایەتەوە ئەم جیهانە نوێیەوە بەها مرۆڤایەتییەکانن، تەکنۆلۆژیا و ئالگۆریتم پێویستیان بە ئامادەیی مرۆڤ و بەهاکانی نییە، ئەوەی گرنگە بوون بە «سەیروەرە» شتێکی سەرترە لە مرۆڤ، نابین بە سوپەرمانەکەی نیچە، دەگۆڕێین بۆ بوونەوەرێکی سەیر و نامۆ، ئەگەر باپیرانمان زیندوو ببنەوە گومان دەکەن لە کۆرمۆسۆمی ئەوانەوە هاتبین، سۆزم بۆ هیچ رابردوویەک نییە چونکە رابردووش لە ئەندازەی خۆی پتر گیروگرفت و هەڵاواردنی تێدا بووە، چاوم لەوەیە راسیۆنالیزم و ئەم بە گەڕخستنەی عەقڵ تا دوا توانا، لە بری دیسپۆتیزم سەرئەنجام ببێتە هۆی ئامادەکردنی جیهانێکی باشتر، داوای داگرتنی پارادیس ناکەم کەچی نامەوێت بەرەو دۆزەخیش بڕۆین، بەڵام وا دیارە لە خەونێکی خۆشدام، هێشتا بێدار نەبوومەتەوە.

سێبەر: دەمەوێت کەمێک پشوو بە مێشکم بدەم، بەڵام پێش ئەوە حەز دەکەم بڵێم هەمیشە دوالیزمی شوێن و کات، جێگەی سەرنجی قووڵی من بوون. سەرم لەو شێوە راستەهێڵییەی کات دەرناچێت، تا سەدەی شانزەهەمیش لە سەراسەری گێتیدا هیچ شتێک نەبوو لە هێستر و بەلەمە چارۆگەدارەکان خێراتر بڕوات، ئەو سەردەمە رۆژەکان خاوتر تێدەپەڕین، ئەگەرچی وەکو (پیتەر ئینگلوند)ی مێژوونووسی سوێدیی هێمای بۆ دەکات لە هەمان سەدەدا، ئایس و شوکولاتە، بێتی خەوتن و کیلنێکس و قاپی قووڵ و چەتر و دەستەسڕ، هاتنە نێو ژیانی کولتووریی خەڵکی ئەوروپاوە، کەچی هێشتا کات خاوتر تێدەپەڕی، هەرچەند لە سەدەی سیانزەوە کاتژمێری میکانیکی داهێنرابوو، بەڵام لە ساڵی ١٦٧٠دا بە دۆزینەوەی چرکەژمێر و هەڵگرتنی کاتژمێری بەرباخەڵ کە نەریتێکی ئەریستۆکراتیانەش بوو،

کات کەمێک خێراتر دەستی بە جووڵە کرد، ئیدی مامەڵەکردن لەگەڵ زەمەن و داهێنانی کاتژمێر بە پێچەوانەی ئەو تەباییەی وەرزێران لەگەڵ سروشتدا هەیانبوو، وەک پێداویستییەکی ژیاری شارنشینی هەرمێنی پەیدا کرد، چیدی خاوەن فابریکەکان و چینی کرێکاری تازە گەشەکردووی نێو شارە پیشەسازییەکان لە هەر کەس زیاتر پێویستیان بە کاتژمێر و ئاگاداربوون هەبوو لە بزاڤی کات. لێ دەزانم کات لەم گەردوونەدا کات وەک یەک تێناپەڕێت، هەست بە خێرا تێپەڕینی زەمەن دەکەم، ئەو زمەنەی ئەنشتاین ناوینابوو رەهەندی چوارەم، نەک بەوەی سەعاتەکان خێراتر لە پێشوو دەستیان بە رۆیشتن کردبێت، ئەوەی بۆ من سەیرە لەگەڵ ئەو هەموو کارئاسانییەی تەکنۆلۆژیا و شۆڕشی کۆمیکانیسیۆن پێشکەشی ئێمەی دەکات، جۆرێک هەستمان تێدا جووڵاوە کاتەکان بەشمان ناکەن، پێمانوایە شتانێکی زۆر هەیە دەمانەوێت بیانکەین، لە کۆتاییدا لە شوێنێکی بەرزی تەمەنەوە تەماشا دەکەین، هیچیشمان نەکردووە، زۆر درەنگ تێدەگەین تەکنۆلۆژیا و ئامێرە زیرەکەکان هەموو کاتی ئێمەیان بۆ خۆیان برد، بە بێ ئەوەی سوود لەو هەموو ماوە بەتاڵە وەربگرین، رێگای گەڕانەوەش نییە بۆ دواوە. لەم لەحزەیەدا بێ ئەوەی پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەبێت، رۆمانی (گەڕان بە دوای زەمەنی ونبوو) ی مارسێل پرۆست دێتەوە یادم!، وەک بڵێی هەموو زەمەنێکی ونبوومان هەیە و بە دوایدا ناگەڕێین، لە بری ئەوە خوومان داوەتە بە ڕێکردنی کات لە هەناوی تۆڕەکانی سۆشیال میدیادا. بیر لەوە ناکەینەوە تێپەڕبوونی هەر چرکەیەک لە سامانە گرانبەهاکەی ئێمە کەم دەبێتەوە، ئەو سەرمایە قەدرنەگیراوەش خودی ژیانمانە.

## سیستمی هیچپووچی و هەژمونی ئەوباشەکان

من: هەر لە سەرەتای دۆزینەوەی نووسینەوە لە دۆڵی نیل و میزۆپۆتامیادا، ئەو بیرکردنەوەیەش پەرەیسەند نووسین کردەیەکی ئیستاتیکییە و ئەسپێکە مێژوو بەرەو خۆشگوزەرانیی و دادی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن رادەکێشێت، لە بەستێنی واقیعدا نووسین هیچی دەستکەوتێکی تری پێشکەش بە مرۆڤایەتی نەکرد، جگە لە پێشخستنی ئامێر، ئەوەی پێی دەگوترێت پێشکەوتن رووداوێکە لە مێژووی ئامێرەکاندا، ئەویش ئەوەندەی بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوە بەکارهێنراوە، نیو ئەوەندە نەکراوەتە ئامرازی بەختەوەریی بۆ مەردوم. لە ئوستوورەی میسریی دێریندا، تیۆس خواوەندی ژمێرە و ئەندازە، نووسین دادەهێنێت مینا دەرمانێک بۆ لە یادچوونەوە و بۆ هاوکارییکردنی مرۆ تا پارێزگاریی لە شتێک بکات کە میمۆری یادەوەریی بەهەر هۆیەک بێت دیلیتی دەکات یان دەیخاتە بنەوەی فایلە تازەکان، کاتێک تیۆس مژدەی ئەم داهێنانە بە «ئامون»ی خودای خوداکان رادەگەیەنێت، ئامون خۆشحاڵ نابێت و بگرە بە ساردوسڕییەوە لەم داهێنانە دەڕوانێت!، چونکە پێیوایە نووسین نابێتە یارمەتیدەرێکی باشی یادەوەریی، بەڵکو فاکتۆرێک دەبێت بۆ لە بیرچوونەوە!، بە دەلیلی ئەوەی ئەوانەی فێری ئەم هونەرە دەبن پەنا بۆ چەند سیمبولێک دەبەن بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان، ئەم هێمایانەش بە هیچ جۆرێک ناکەونە ناو روحە و بۆ هەمیشە لە شوێنێکی دەرەکیدا دەمێننەوە، لە دواجاردا ئەمە مرۆڤی بە رواڵەت هەموو شتزانی نەزان دەهێنێتە ئارا. سوکرات لە بەرگرییکردنی لە فۆرمی زارەکی و قسەکردن لە بەرامبەر کردەی نووسیندا، ئەم ئوستوورەمان بە بیر دەهێنێتەوە. داهێنانی نووسین لە ئاوەدانییەکانی نزیک نیل و میزۆپۆتامیا، لە شەش هەزارساڵێک بەر لە ئەمڕۆ دەستی پێکرد، بەڵام نووسین بە

تەنیا بۆ پارێزگاریی لە کۆگای یادەوەریی نەمایەوە، لەوەش تێپەڕی دیکۆمێنتیزەی بیرکردنەوە بکات، بەڵکو مرۆڤی خستە سەر ئاگر و کەڵکەڵەی تێگەیشتن لە دنیای دەرەوە، ئەمە یەکەم لادانی مرۆڤ و دژوەستانەوەی سروشتیش بوو، بەوەی مرۆڤ چیتر ملکەچیی بۆ سروشت گەوار نەکرد، بەڵکو لە ڕێگەی ئەم هێماگەلەوە هەوڵی دەستبەسەراگرتن و بەرزەفتی سروشت و ژینگەشی دا، نەک بەشێوەیەکی ڕێژەیی بگرە بە ڕەهایی لەم کارەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. تا ئەو ئەندازەی ئەوەی نەنووسرێتەوە بوونی نییە، ئەمەش سەرگوزەشتەیەکی نزیکی بیرهێنامەوە، ڕۆژێکی ئەم هاوینە لە قاوەخانەیەکی شاری کۆیلن لە نزیک دۆم، لە هەمان ئەو جێگەیەی پێنج ساڵ پێشتر بۆ دواجار یەکترمان تێدا بینیبوو، بە هاوڕێی نووسەر و ڕۆماننووس (ئیسماعیل حەمەئەمین) شادبوومەوە و لەو چەند کاتژمێرەی پێکەوە دانیشتین، باسمان لە زۆر تێمای جۆراوجۆر کرد، هەر لە فەلسەفە و عیرفانەوە تا مێژووی کۆن و هاوچەرخی کورد و پارادایمی بیرکردنەوەی چەپی کوردیی، ئەز زۆر بەسەرهاتی مێژوویی ونبوو یان بە ئەنقەست ونکراوی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی کوردم هێنایە بەر باس بە تایبەت لە بارەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود و تێکۆشانی شێخ عەبدولقادری شەمزینی. ئیسماعیل وتی: ئایا ئەمانەت نوسیووەتەوە؟ وتم نەخێر. ئەویش وەڵامێکی زۆر کورت و قسەبڕی دامەوە (ئەوەی نەنووسرێتەوە ڕووینەداوە).

سێیەر: لای فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیدمۆند هۆسرەل ئاگایی مرۆڤ کەڵک لە نیشانە واتادارەکان وەردەگرێت بۆ گەیاندنی پەیام و دەربڕینی ویستەکانی، بەو واتایەی مرۆڤ هەمیشە لە ڕێگەی وێناکردن و نیشانەکانەوە چ بە زارەکی بن چ بە نووسین گوزارشت لە ناخی و ئەو شتانە دەکات دەیەوێت بەرامبەرەکەی لێ ئاگادار بکاتەوە. لەم دۆخەدا بەکارهێنانی زمان (زارەکی بێت یان نووسین) بە پاڵپشتی سیمبولەکان خۆی بەڕێوە دەبات، لەم سۆنگەوە هەموو دەلالەتێک لە دەرئەنجامی یەکگرتنی دال و مەدلولەوە بوونی هەیە، جیاوازییش لە نێوان گوتن و نووسیندا هێندە نییە چونکە هەردوولا پشت بە هێماکان دەبەستن، ئەگەر بە زارەکی بڵێین کۆمپیوتەر گەرەکمانە وێنای ئەو ئامێرە تەکنۆلۆژییە بەرجەستەیە

بیر بخەینەوە یادەوەریی ئێمە وێنەکەی لە زەینماندا عەمبار کردووە، ئەگەریش بنووسین کۆمپیوتەر دووبارە هەمان دۆخ دێتەوە ئارا، بەوەی ئێمە لە ڕێی ئەو پیتانەوە (لە بناغەوە سیمبولن) باسی هەمان ئەو ئامێرە دەکەین پێشتر بە کۆمپیوتەر لە مێشکماندا وێناکراوە. بە کورتی زمان هێندەی وێنەی هەقیقەت دەگوازێتەوە، خودی هەقیقەت ناگوازێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وتنە دەماودەم و زارەکییەکان بە تێپەڕبوونی کات زیاتر ڕووبەڕووی شێواندن دەبنەوە وەک لەوانەی دەنووسرێنەوە، ئەگەر نووسین پرۆسەی وشککردنی ڕاستیی بێت لەسەر لاپەڕە، بەڵام ئەو سوودەشی هەیە دەتوانین بێ هیچ زیاد و کەمێک مامەڵەی لەگەڵ بکەین. ئەوەی تەکنۆلۆژیا ئەمڕۆ ڕەخساندویێتی دەشێ بە جۆرێک لە برەو پەیداکردنەوەی زمانی زارەکی بۆ گەیاندنی پەیام لێکدانەوەی بۆ بکەین، لە ڕێگەی لایڤی فەیسبوک و یوتوب و ژوورەکانی کلاپ هاوس و چەندان ژووری هاوشێوە کە لە باری داراییەوە هیچ تێچوویەکیان نییە بە بەراوورد بە چاپکردنی کتێب. بۆچوونم وایە هەر چۆنێک بێت پەیامەکان بگەن، بە ڕەهاییش دژی مۆنۆپۆڵکردنی زانینم، بەڵکو زانین دەبێت ببێتە کردە و پرۆسەیەک بۆ هەمووان و لە پێناوی هەمووواندا. سۆزێکی زۆرم بۆ دەربڕینەکەی ئەبی عوسمان جاحز هەیە کە پێیوایە: هەموو بێدەنگییەک لە هەموو قسەکردنێک باشتر نییە، هەموو قسەکردنێکیش لە هەموو بێدەنگییەک باشتر نییە. بەڵکو ئەوە دەزانین بە گشتیی قسەکردن باشترە لە بێدەنگی، گێڕەرەوەکان بێدەنگی بێدەنگەکانیان بۆ نەگێڕاوینەتەوە بە قەدەر ئەوەی قسەکانیان بۆ گێڕاوینەتەوە. بە فۆرمێکی دڵڕەقانەتریش بەر هەمان دید دەکەوینەوە لای هزرمەندی فەڕەنسی میشێل فوکۆ، کاتێک پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات: ئەو نووسەرانەی بە دڵمن، پێم خۆشە بەکاریانبهێنم، بۆ نموونە تاکە پێزانین و پاداشتێک کە بەرامبەر فیکری کەسێکی وەک نیچە بنوێنرێت، ئەوەیە بەکاربهێنرێت، بشێوێنرێت، هاواری پێ بکرێت و ناڕەزایەتی پێ دەرببڕدرێت، جا گەر قسەکەران گوتیان من بەرامبەر نیچە وەفادار یان بێوەفا بووم، ئەمە هیچ گرنگییەکی نییە. بەم پێیە بایەخدان و ناوهێنانی هەر کەس و گروپێک تەنانەت ئەگەر بۆ شێواندنیش بێت وەفادارییە بەرامبەری.

من: ئەرستۆ لە تیۆرەکەیدا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد (مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە)، رەنگە هەر ئەمەش وای لە جۆرجیۆ ئاگامبێن کردبێت بڵێت: (هەمیشە ئاگام لەوە بووە من ئاژەڵێکم). مرۆڤ تاکە ئاژەڵ یان بوونەوەرە توانای تێگەیشتن لە جیهانی هەیە، ئەویش بە هۆی زمانەوە کە دەسەڵاتی ئەوەی پێ بەخشیوە ناو لە شتەکان بنێت. هەموو شتێک بێ واتایە و قابیلی تێگەیشتن نییە ئەگەر مرۆڤ لە رێگەی زمانەوە ناوی لێ نەنێت، تەنانەت خودی (بوون) یان (جیهان) بۆیە هەیە، نەک لەبەرئەوەی بەرهەستە و تێیدا دەژین، بەڵکو بۆیە هەیە لە رێگەی زمانەوە ناومان ناوە، ئەم پرەنسیپە بەسەر ژیان و هەر پێدراوێکی دەوروبەرماندا دەچەسپێت، نەک بەو مانایەی نەفی جیهانێک بکەین لە رووی کاتەوە پێش بوونی مرۆڤ کەوتووە، بەڵکو چاوی سەرنج خستنە سەر ئەوەیە هیچ شتێک ناتوانرێت بهێنرێتە دەڤەری تێگەیشتنەوە بێ ناونان لەو شتە، ئەویش هەر لە رێگەی زمانەوە ئەنجام دەدەدرێت، بە مانایەکی تر شتەکان لە رێی زمانەوە دەهێنرێنە ناو جیهانی تێگەیشتنەوە، بۆیە هەرچی هەیە لە گەردووندا لە پێشنۆرەدا مرۆڤ ناوی لێناوە تاکو لێی تێبگات. ڤاڵتێر بنیامین فەیلەسوفی مارکسیستی ئەڵمانی دووپاتی دەکردەوە: (زانستی شتەکان لە دڵی ناونانی ئەو شتانە خۆیاندایە). لەبەرئەوە پێش پەیدابوونی مرۆڤ جیهان و بوون ناوی نەبووە، هیچ پۆلێنبەندییەک لە ئارادا نەبووە، هەموو شتێک بە بێ ناو هەبووە، کانی و رووبار و زەریا و شاخ و دۆڵ و هەسارە و ئەستێرەکان لە چاوەڕوانی ناوناندا بوون، ئەم پرۆسەیە هیچ کاتێک دەستی پێنەکرد تاکو مرۆڤ پەیدا نەبوو. دەمەوێت لێرەدا دەرفەت بقۆزمەوە ئەوەی تێدا بڵێم هیچ شتێک بێلایەن نییە لە بووندا، لەبەرئەوەی لە رێگەی ناونانەوە ئەرکی بۆ دیاری دەکەین و دەمانەوێت بەپێی ناوەکەی هەڵگری کار و چالاکیی بێت. کاتێک ئێمە ناو لە منداڵەکانمان دەنێین لەسەر پاشخانە ئایدۆلۆژیی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانمان بەو کردەیە هەڵدەستین. من کوڕە گەورەکەی خۆم ناوناوە «تاڤێن»، رەگی ئەم وشەیە «تاڤێن»ی فەرهەنگی ئاوێستایە و بە مانای درەوشانەوە دێت و لە پەسنی ئاهورامەزدا بەکارهاتووە، ئەویش لە پەنا هەریەک لە وشەکانی تریفە و تابان سەر بە خێزانێکن و مانگ دایکیانە. ئامانجی لاشعورم لەم ناوناوە ئەوەبوو کوڕێک

ببەخشم بە دنیا رووناک و درەوشاوە بێت یان کەسێکی تر منداڵەکەی ناو دەنێت «محەمەد»، بە دڵنیاییەوە لە ئاگایی و نائاگایی ئەودا وێنای پەیامبەری ئیسلام ئامادەیی هەیە، دەخوازێت منداڵەکەی کۆپییەکی بچووکی پەیامبەر بێت یان هەر هیچ نەبێت لەسەر ئاینی وی گۆش بکرێت. تەنانەت ناوی خۆم لە ئەفسانەیەکی گریکییەوە وەرگیراوە وەک چۆن نازناوی گەورە شاعیری عەرەب (ئەدۆنیس) یش لە میتۆلۆژیای یۆنانییەوە وەرگیراوە، (ئەدۆنیس یان ئادینۆس لە میتۆلۆژیی یۆنانیدا گەنجێکی کەشخە و قۆز بووە و دڵداری ئافرۆدیتی خودای جوانی بووە، لە شەڕێکدا بە دەستی ئاریس یان ئاریز دەکوژرێت).

بە هەمان شێوە لە ئوستوورەی یۆنانیدا (ستیڤان دیدالیۆس) ئەو ئەندازیارە کارزانەیە قەڵای ئەفسانەیی کریت بینا دەکات، ئەو قەڵا پڕ تەلیسمەی تەنیا ستیڤان و پادشا کۆدی چوونە دەرەوە لە دەرگاکانی دەزانن، هێندەشی نامێنێت لە ڕێگە پێچاوپێچەکانیدا خۆیشی ون ببێت!. سا وەختێک کچی پادشا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەفسەرێکی ئاساییەوە، پادشا هەردووکیان (کچی خۆی و ئەفسەرەکە) لە ژوورێکی قەڵاکەدا زیندان دەکات، بەڵام ستیڤانی سەرکێش نەخشەی هەڵهاتن و کۆدی تێپەڕین بۆ دەرەوەی قەڵا بۆ هەردووکیان ئاشکرا دەکات، ئیدی ئەوان هەڵدێن، پادشا لە بری ئەوان، ستیڤان دیدالیۆس و ئیکارۆسی کوڕی دەخاتە زیندانەوە، پاشتر ستیڤانی سەرکێش، دوو باڵ لە مۆم بۆ خۆی و ئیکارۆسی کوڕی دروست دەکات، پێی دەفڕن بە ئاسماندا و لە بڵندبوونەوەشیاندا، تیشکی خۆر باڵە لە مۆم دروستکراوەکانی ئیکارۆس دەتووێنێتەوە و بەردەبێتەوە سەر زەوی، لە شوێنی بەربوونەوەی ئەودا گوڵی سووری عاشقان دەڕوێت، ستیڤانی سەرکێشیش لە ئاسماندا دەبێت بە ئەستێرەیەک، ئەو ئەستێرە رووناکەی عاشقان خۆشیان دەوێت. ئەگەر سەیر بکەیت ناوی خۆم و کوڕەکانم هەر پەیوەندییان بە عەشق و درەوشانەوەوە هەیە لە ئاسماندا، تەنانەت لە ناوی کوڕە بچووکەکەمدا «رۆڤان» کە واتاکەی نمەی بارانە، فرمێسکەکانی ستیڤانە و لە ئاسمانەوە دەبارێنە سەر دڵی ئیکارۆس. ئەم حکایەتەم بۆ ئەوە گێڕایەوە، هیچ ناونانێک بێ دیاریکردنی ئەرکێک لە ئارادا نییە و نابێت. لە ناونانی شتە نامادییەکانیشدا هەمان

پرەنسیپ ئامادەیی هەیە. لە پەنا هەموو ئەمانەشدا پێموایە زمان ناتوانێت وا بکات مرۆڤەکان پێکەوە ببەستێتەوە و لە یەکتر تێبگەن، وەک ئەوەی زمان هەوڵێکی مرۆڤ بێت بۆ تێگەیشتن لە دەرەوەی خۆی، لەم رەهەندەوە تێڕوانینی ئاگامبێن بە قەرد وەردەگرین، ئەو پێیوایە وەزیفەی زمان کۆمۆنیکاسیۆن نییە، بەڵکو لە بناغەوە رێگریی لە پەیوەندیی مرۆڤ دەگرێت لەگەڵ دنیای دەوروبەر، ئەو نموونەی ئەسپێک دەهێنێتەوە کە بێ وشە هاوڕێتی لەگەڵدا کردووە، بۆیە دەڵێت: (گیانلەبەران هەندێک جار سەیرمان دەکەن، پڕ لە هەستێکی سەیری هاوسۆزیی و بەزەیی بۆ ئێمە کە لە ناو زماندا گیرمان خواردووە. ئەوان دەیانتوانی بێنە ناو پانتایی زمانەوە، بەڵام پێیان باشتر بوو نەیەن، پێدەچێت زانیبیان چی شتێک لە دەست دەدەن). رەنگبێ بۆچوونەکەی ئاگامبێن بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ تەواو راست بێت، وەک دەبینین تەکنۆلۆژیا دەرفەتێکی بۆ ماسمیدیاکان رەخساندووە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان بکوژن لە رێگەی نیشاندانی وێنایەکی ساختەی کۆمیکانیسیۆنەوە یاخۆ بە دەربڕینی ژان بۆدریار (مانا رەمزییە مرۆییەکەی پەیوەندیی قەڵب بکەن و وێنە زڕەکەی دەسەپێنن). تەکنۆلۆژیا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ گەڕاندنەوەی کولتووری زارەکی و کەنارگیرکردنی کەڵچەری نووسین.

سێبەر: ئاخر بەم هۆکارە بیرم دەکردەوە ژێر تایتڵێک بۆ ئەم کتێبە دابنێم بە ناوی (خوێندنەوەیەکی قۆڕی دنیا)، ئەویش بە سروش وەرگرتن لە کتێبی (قسەی قۆڕ) کە ناونیشانی پەرتووکێکی فەیلەسوفی ئەمەریکی (هاری فرانکفۆرت)ە. لە بنەڕەتدا ئەو کتێبە وتارێکی هەشت هەزار وشەیی بوو، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کۆپی لێ فرۆشرا، کەچی نەمکرد!، چونکە خوێنەری ئێمە لێ لە ئاستی نەبوودایە سڵ لە هەر کتێبێک دەکاتەوە رەخنە لە قۆڕێتیی دنیا بگرێت، بەڵام بەلایەوە ئاساییە شەو و رۆژ گوێ لە قسە قۆڕەکانی سیاسەتمەدار، لایڤچییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئایکۆنە گاڵتەجاڕەکانی ناو سیستمی هیچوپووچی بگرێت. ئەمە جگە لەوەی ئازارێکی تریشم هەیە، ئەویش ئەوەیە کولتووری ئێمە تا بەم چرکەساتەش دەگات بە نووسین نامۆیە، زیاتر بە وتار و قسە دەورووژێت. دەنگ بەرزکردنەوە و قیژەقیژ کە خاڵین لە هەموو ئاسۆیەکی فیکریی، مرۆڤی ئێمە دەهەژێنن، هەڵبەتە بەو

مانایە، کۆمەڵگەیەکی زارەکی نییە گوێ بۆ سوکراتەکان بگرێت، بەڵکو کۆمەڵگەیەکە بچووکترین سۆفستایی دەتوانێت کار لە ئاگایی و نائاگایی بکات بگرە ئاڕاستەشی بکات. تەنانەت قورئان وەک کتێبی پیرۆزی کۆمەڵگەی کوردیی، چونکە سەر بە کەلچەری نووسراوە، خەڵکی ئێمە چاوەڕێی واعیز و بانگخوازەکان دەکات بە زارەکی بۆی تەرجەمە بکەنە سەر زمانی مێشکیان!، ترسێک هەیە لە خوێندنەوە، تەنانەت زۆرینەی ئەوانەشی قورئان دەخوێننەوە و خەتمی دەکەن وەک چالاکییەکی ئاینیی و ئەرکێکی خوداپەرستی بە خێرایی دەیخوێننەوە نەک خوێندنەوە بۆ رامان و قووڵبوونەوە لێی، هەر وشەی قورئان لە ریشە زمانەوانییەکەی خۆیدا بە واتای خوێندنەوە دێت. خوێندنەوە ئەو نەریتی نیگاکردنەی کتێب نییە خوێنەری ئێمە لەسەری راهاتووە، خوێندنەوە پرۆسەیەکی جددی تێڕامانە لە بەرهەمی خوێندراوە، هەوڵدانێکی رژدە بۆ گەیشتن بە قووڵایی تێکستەکان. کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا لە قۆناغی فیوداڵیزمێکی زۆر پریمیتیڤدایە و تێگەیشتنێکی هاوبەش ئەگەر لە ئارادا هەبێت، تێگەیشتنە لەوەی نووسین و خوێندنەوەی نووسین کردەیەکی جاڕسکەرە، کولتووری ئێمە بڕواکانی لە کتێبەکانەوە ناهێنێت، بەڵکو لەو حکایەتانەوە دەیهێنێت بە زارەکی لەم دەم بۆ ئەو دەم دەگوازرێنەوە. بیر بکەرەوە کۆمەڵگەی ئێمە بە روحی سەردەمی فیوداڵیزمەوە دەچێتە ناو ئەو سیستمە هیچوپووچەی دنیای مۆدێرنەوە، چ ترسناکە؟. بە چاوپۆشیکردن لەم فاکتە تاڵانە، پێموایە ئەگەر تۆ کتێبیش نەخوێنیتەوە ناچاریت مامەڵە لەگەڵ داهێنراوەکانی کتێبدا بکەیت، هەر لەو کاتژمێرەی لە دەستی دەکەیت تا دوا ئامێرە تەکنۆلۆژیی و ئەلیکترۆنییەکان، تۆ هەرچەند وەک وەرزشێکی روحیش خۆت لە قەرەی کتێب نەدەیت، ئەو دەستبەردارت نابێت و بە سەخاوەتەوە لە بەرهەمەکانی خۆی بەهرەمەندت دەکات. هەرچەند خۆت لە خوێندنەوەی کتێب بە دوور بگریت، ناتوانیت کتێب لە خوێندنەوەی خۆت رابگریت، بەو پێیەی کتێب لە ژیانی مەردوومەوە ئیلهامی وەرگرتووە، جیهانی مەردوومیش دەخوێنێتەوە. بیرمە چەند ساڵێک لەمەوبەر گوتم: ئەگەر ئەم نەوەیە کتێبیش نەخوێنێتەوە، کتێب ئەو دەخوێنێتەوە.

من: خوێندنەوە بە تەنیا کردەیەکی روحی ئەبستراکت نییە بەڵکو فۆرمێکیشە لە وەرزشی مێشک، لەگەڵ خوێندنەوەدا تەنیا سۆز و روحمان هەڵناچێت، بەڵکو جەستەش بەشدارە لەو چالاکییەدا، لەبەرئەوە من خوێندنەوە بە وەرزش دادەنێم، چێژێکی روحیی وەها لە خوێندنەوەدا هەیە جەستەش لەگەڵیدا تێر دەخواتەوە. هەرچەند لەبەر چێژ ناخوێنمەوە، بەڵکو بۆ بەرینکردنەوەی رووبەرەکانی بیرکردنەوە دەخوێنمەوە، بەلام بتەوێت یان نا لەگەڵ وشەکاندا بەناو هەموو زەمەنەکاندا تێدەپەڕیت، لە ڕێی خوێندنەوەوە دەتوانین لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێشدا بژین. وەک ئەوەی بە قسەی کتێبی(ئێمیل)ی ژان ژاک رۆسۆم کردبێت، لە دوانزە ساڵیی بە دواوە هۆگری کتێب بووم، هەر لە ڕێی کتێبەکانەوە دەرگای جیهانێکی ئاڵۆزم لە خۆم کردەوە، پێشتر لە کۆنتاکتێکی بەردەوامدابووم لەگەڵ سروشت، لە ژێر سێبەری دار هەنار و کەپرەمێوی ماڵەکەماندا تا خەو دەیبردمەوە، بیرم لەو مێروولانە دەکردەوە دەنکە گەنم و پارچەی بچووکی خۆراکیان بە هەزار زەحمەت بەرەو شارەکەیان دەگواستەوە، گمەگمی ئەو کوکوختییەی لە بنمیچی ماڵەکەماندا و لەسەر گڵۆپەکانی حەوشە هێلانەیەکی چێ کردبوو وەک موزیکی بیتهۆڤن دەهاتە بەر گوێم، لە دەرەوە ڕا جریوە جریوی چۆلەکە، گیزگیزی مێش و هەنگ دەڕژانە ناو گوێیەکانم، لە ناوەوەش ورشەی گەڵاکانی دار هەنجیر و دار پرتەقاڵی حەوشە فراوانەکەمان دەیلاواندمەوە، بەو جۆرە لە ناو سروشتێکی بچووکدا خەو دەیبردمەوە و بەسەر باڵی خەونەکانمەوە بە ئاسمان ناکۆتاکەی سروشتی گەورەدا لە فڕیندا بووم. لەم حکایەتە دێمە دەرەوە و دەڵێم بەردەوام وا هزر دەکەمەوە، تا ئێستا کەسم نەبینیوە بڵێت لە بەر بێ کاتیی ناپەرژێمە سەر نانخواردن!، پێم سەیرە خەڵکانێکی فرە هەن خۆراک و پرۆتین لە مێشک و بیرکردنەوەیان دەگرنەوە و دەڵێن کاتی خوێندنەوەمان نییە یان وەک بێگارییی و پرۆسەی کوشتنی کاتە بەتاڵەکان سەیری خوێندنەوە دەکەن!، ئەمە ئافاتێکی سەرمەدییە. کارەساتەکە ئەوەیە ئەو نەوەیەین جیهان لە سەردەمی ئێمەدا، پێی ناوەتە ناو سیستمی هیچوپووچی و بێ نرخکردنی هەر شتێکەوە دڵخوازی نەزمی هیچوپووچی نەبێت.

سێیەر: کتێبەکەی ئالان دونۆ (سیستمی هیچوپووچی- نظام التفاهة) تایتڵێکی سەرنجڕاکێش نییە لەو دنیایەی بەهای هەموو شتێکی تێدا پێچەوانەوە بووبێتەوە. ئەو لەو کتێبەدا بە وردیی دەست دەخاتە زامەکانی مرۆڤ لە ژێر عەبای رەشی کاپیتالیزمدا کە چۆن هەموو شتێک لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی قازانج کورت بووەتەوە، لەم نێوەندەدا سەرنجی خوێنەر دەخاتە سەر سیستمی سەرمایەداریی کە لە هەڵگێڕانەوەی ژیاندا چی دەکات و چۆن (پیشە)ی خستووەتە جێگای (کار) یانژی چۆن (رۆشنبیر)ی خستووەتە کەوڵی (پسپۆر)ەوە، (هونەر)یشی گۆڕیوە بۆ (پیشەسازیی) و زۆر بەهای تر لە سایەی سەرمایەدارییدا لە ناوەڕۆکی خۆیان بەتاڵ کراونەتەوە، هەر لەوێدا دونۆ رەخنە لە سیستمی خوێندن بە گشتیی و زانکۆکان بە تایبەت دەگرێت و بە سیستمێکی هیچوپووچ دەیانناسێنێت کە جگە لە نەزانیی هیچی تر فێری خوێندکار ناکەن. لەم رەهەندەوە رەخنەی گورجکبڕ لە زانکۆکان دەگرێت و پێیوایە: (هیچووپووچەکان زاڵبوون بەسەر زانکۆ و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەدا، ئێستا ناسراوترین زانکۆکانی دنیا لە ژێر هەژموونی کۆمەڵێک هیچوپووچدان). هەر بەوەوە ناوەستێت و ئاماژە بۆ ئەو پلۆتۆکراتانە دەکات دارایی هەموو جیهانیان بەرزەفت کردووە و نهێنییە گەورەکەی ئەم جادووە هیچ کات ناگاتە ئەو خوێندکارانەی تەنانەت ئابووری یان بازرگانی دەخوێنن تا ئەو گەمەکردنە بە دارایی جیهان هیچ کات بۆ هیچ کەس روون نەبێتەوە. دواجار ئەوەی سیستم بەڕێوە دەبات لە کۆمەڵێک ئۆباش (هەرچی و پەرچی) زیاتر نین، ئەمەش لەم دواییانە لەلایەن مایکڵ ساندل مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی هارڤارد پشتڕاست کرایەوە، ئەو لە دوا کتێبی خۆیدا «The Tyranny of Merit» باس لە سێ فۆرمی وەرگرتنی خوێندکاران دەکات لە زانکۆ هەرە ناودارەکانی ئەمەریکا وەکو هارڤارد، ستاتفۆرد و ناشڤێڵ و هتد.. یەکەمیان لەسەر شایستەیی، ئەمەیان گروپێکی بچووک پێکدەهێنن، وەک خۆی دەڵێت (ئەمانە لە دەرگای سەرەکییەوە دێن)، شێوازی دووەم کە لە دەرگای پشتەوە دێن منداڵی بنەماڵە سەرمایەدارەکانن و هیچ ئاست و بەهرە و شایستەیەکیان تێدا نییە، شێوازی کۆتاییش بە دەرگای تەڵەکەبازیی و بەرتیلداندا دێنە ژوورەوە.

(چول هان)ی بیرمەندی ئەڵمانی بە رەگەز کۆریایی رمەکە دوورتر هەڵدەدات و فەلسەفەی زانکۆیی لە ئەڵمانیادا بە مردوو لە قەڵەم دەدات کە بە هیچ شێوەیەک بەرامبەر بە سەردەمی ئێستا بەرپرسیاریێتی هەڵناگرێت. ئەم ئەتکبوونەی زانکۆکان لەو ساتەوە دەستپێدەکات، هەژموونی چەپەکان کاڵتر دەبێتەوە یان هەر نامێنێت بەسەر ناوەندە زانکۆییەکاندا، ئەگەر دروشمێکی فاشیستەکان لە سووک سەرنجدانی زانکۆکان ئەوە بووبێت (زانکۆکان لانەی چەپەکانن)، لە سیستمی هیچوپووچییدا زانکۆکان دەبنە مۆڵگەی سەرمەدیی راستڕەویی. بیریاری ئینگلیزیی (تێری ئیگلتۆن) لە میانەی بەرگرییکردنی لە زانستە مرۆییەکانەوە باس لە مەرگی زانکۆ دەکات، وەک بڵێی چیتر زانستە مرۆییەکان، ئەو زانستە نەبێت بچێتە راژەی بزنس و کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوە، مەترسیی مەرگی زانکۆ دەخاتەڕوو ئەگەر داماڵینی وانەکانی فەلسەفە و مێژوو و زانستە مرۆڤایەتییەکان بەمجۆرەی ئێستا لە زانکۆکاندا هەیە بەردەوام بێت، زانکۆ هیچی نامێنێتەوە جگە (دەزگایەک بۆ پرۆڤەی تەکنۆلۆژیی یان پەیمانگایەک بۆ ریسێرچی کۆمپانیاکان، ئەو کات بە پێی پێناسەی کلاسیکیی چەمکەکە، ناتوانین ناوی زانکۆی لێ بنێین). ئیگلتۆن ئارگۆمێنت بۆ ئەوە دەهێنێتەوە، هیچ مانایەک بۆ زانکۆ نامێنێتەوە بێ بوونی کاریگەرانەی زانستە مرۆییەکان، ئەم مەرجەش دەرخەری ئەوەیە سەرمایەداریی هاوچەرخ و زانکۆکان لە ریشەوە ناکۆکن لەگەڵ یەکتر، بەڵام ئەو فۆرمەی لە زانکۆ بە خێرایی لە برەوسەندندایە بە هەموو جۆرێک رۆڵی زانستە مرۆییەکان تا لێواری نەمان تیایاندا رۆیشتووە، لە بەرامبەردا ئەو بوارانە لە لیستەکە لە ریزبەندیی یەکەمدان، پەیوەندییان بە تەکنۆلۆژیا و ئابووری بازاڕ و بەڕێوەبردن و داتاگەریی و خزمەتگوزاریی کۆمپانیاکانەوە هەیە کە دەستبەجێ هەر شتێک دەگۆڕن بۆ داتایەک و هەر داتایەکیش نرخێکی ئابووری نیشان دەدات. (ئیدی «پیاوە راستەقینەکان» ئەوانەن یاسا و ئەندازیاریی دەخوێنن، بەها و ئایدیاکانیش بۆ ترسنۆکەکان بە جێدەهێڵدرێن) ئەمە بە دەربڕینی ئیگلتۆن. وی وا بیر دەکاتەوە داڕووخانی کەڵچەری رەخنە کە پێشتر زانکۆکان داینەمۆی بوون، هیچیتر بە دەستەوە نادات جگە لە مەرگی راستەقینەی زانکۆکان، لە بەریتانیاش لە سەردەمی

تاتچەرەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، زانکۆ ڕۆڵی خزمەتکردنی واقیعی داسەپاوی گێڕاوە نەک وەستانەوە لە دژی.

من: لە سیستمی هیچوپووچیدا نە هونەری سەنگین نە کتێبی سەنگین نە بیرکردنەوەی سەنگین، بەهایەکیان نییە، بۆ ئەوەی لەم سیستمەدا جێگەت بێتەوە دەبێت دەبەنگێکی دەم پیس یان پسپۆڕێک بیت بە پارە بیر بکەیتەوە، لە باشترین حاڵەتدا هونەرمەندێکی قۆشمەچی و گاڵتەجاڕی دۆنکیشۆتیی بیت، بۆیە دونۆ بە غەمگینییەوە باس لە ئاوابوونی بەها بەرزەکان و سەپاندنی هەژموونی هیچووپووچان دەکات بەسەر دنیادا، دنیایەک کۆیلەکان خۆیان وەک ئایکۆنی ئازاد دەبینن، کۆیلەکان سوکایەتی بە ئەکتی رادیکاڵ و مرۆڤە ئازادەکان دەکەن. ئەو بە هیوایەکی کزەوە باسی تاکە ڕێگای دەربازبوون لەم بارودۆخە دەکات و پەیوەستی دەکات بە ژێستی رادیکاڵانەی کۆگەلییەوە، تاک بە تەنها خۆی ناتوانێت هیچ بکات جگە لەوەی سیستمی هیچوپووچی قووتی بدات. تراژیدیاکە ئەوەیە هەژموونی ئەم سیستمە هیچوپووچە وایکردووە کەڵک لە مارکسیش بۆ بازاڕگەرمی خۆی وەربگرێت، ئەوەتا مارکس بۆ خۆیشی بووە بە براندێک بۆ ریکلامسازیی، لە سەروەختی قەیرانەکاندا گۆڤارە ئیکۆنۆمی و سیاسییەکان، دەکەونە ریکلامسازیی بۆ کتێبی (کاپیتال- سەرمایە!)، خانەکانی چاپ و وەشاندن لە سایەی ئەو ریکلامسازییە بڕێکی ئێجگار زۆر قازانج دەکەن، لە کاتێکدا مارکس لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێیەکی (پێموایە یوسف بلوخ بوو) دەنووسێت: (دەزانم داهاتی کتێبی کاپیتال پارەی ئەو جگەرانەش ناهێنێتەوە لە کاتی نووسینیدا کێشاومن). ئەوە راستە ئەو کتێبە دنیای قڵپ کردەوە، بەڵام نیگارە شێواوەکە ئەوەیە لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا، مارکس وەک خێوێک کە دەشێ لێرە بێت و لێرەش نەبێت دێتەوە بەر باس و خواس، دەکرێتە ژێدەرێکی تری قازانجپەرستی و سوودی کۆمپانیاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە یان کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی ئایکۆنێکی وەک چێ گیڤارا کورت دەکرێتەوە بۆ وێنەیەکی سەر تیشێرت کە قازانجێکی زۆر بۆ کۆمپانیا و فابریکەکانی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ دەچنێتەوە!.

سێیەر: سیستمی هیچوپووچی دەریالووشێکە هەموو شتێک راپێچی گێژەنەکانی خۆی دەکات، وەک چۆن سەرەتا شۆڕشی پیشەسازیی بە قووتدانی مانیفاکتۆرەکان دەستی پێکرد، ئەوانەی بە چالاکی دەستیی و میکانیکی بژێویی ژیانیان دابین دەکرد و ئەنگلس پێی دەگوتن کارمەندانی پیشەسازیی. مانیفاکتۆرەکان ئەو پیشەگەر و خودان زەوییە بچووکانە بوون لە گوندەکاندا دەژیان، ئەمانە خاوەنی پیشەسازیی بچووک بوون، بەڵام پیشەسازیی گەورەتر قووتی دان و پڕۆلیتاریزەی کردن. ئەمە فیلمی (بەنانە جۆی) ئەکتەری ئیتاڵی (بۆد سپێنسەر)ی بیر خستمەوە، ئەو ئەکتەرە قەڵەوەی هەمیشە لە فیلمە ئەکشنەکاندا لەگەڵ (ترنتی)دا بینیوومانە، بەڵام بەنانە جۆی فیلمێکی زۆر ئەکشن نییە، چیرۆکی مۆزفرۆشێک دەگێڕێتەوە بە بەلەمە تەختەکەی دەرزەنێک منداڵ بەخێو دەکات، هەموو شتێک لە کەناراوەکەدا جێگەی دڵخۆشی و مایەی ئارامییە، تا ئەو کاتەی کۆمپانیایەکی سەرمایەداریی دێت، دەیەوێت مۆنۆپۆڵی بازرگانی مۆز بکات، ئەو جووتیارانەش بکاتە کرێکار لە کێڵگەکانی مۆزدا کار دەکەن، تەنها جۆی بەرەنگاریی نیشان دەدات، بەڵام ئەویش دەکەوێتە بەرداشی دڵڕەقی کۆمپانیاکە و بیرۆکراسییەتەوە، بۆ ئەوەی کار بکات دەبێت ناسنامەی هەبێت، ناسنامەشی پێنادەن تا خزمەتی سەربازیی نەکات، ئیدی تواناکانی دەخرێتەوە چوارچێوەی سیستم، هەرچەند سەرئەنجامێکی دڵخۆشکەر و هۆلیودییانە کۆتایی بە فیلمەکە دەهێنێت، بەڵام لە واقیعدا تاک و تەرای وەک (بەنانە جۆی) نەبێت، لە تەونی جاڵجاڵۆکەیی سیستمی هیچوپووچی دەربازیان نابێت. تێزەکەی من لێرەدا ئەوەیە: لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەموو شتێک بە دەزگایی کراوە، هەر جووڵە و چالاکییەکی تاکەکەسی لە دەرەوەی سیستم بە خێرایی دەخرێتە ناو بە دەزگاییکردنەوە و سیستماتیزە دەکرێت، هیچ بوارێک بۆ چالاکیی رادیکالانە و شۆڕشگێڕانە نەهێڵدراوەتەوە. ئەگەر تۆ پاڵەوانێکی خۆڕسکی وەک (جۆی)ش بیت و بتەوێت تواناکانی خۆت لە دەرەوەی سیستم و داموودەزگاکانیدا پەرە پێبدەیت، بیرۆکراسییەت هەزارەها تەنگوچەڵەمەت بۆ دەهێنێتە پێشەوە، ناچار دەکرێیت بە پەلە بگەڕێیتەوە ناو سیستم، لێرەوە دەتوانین بڵێین سیستمی باڵادەست لە ئەختەبوت دەچێت هەزارەها دەستی هەیە بۆ بەرزەفتکردن و کپکردنەوەی هەر جووڵەیەک لە دەرەوەی خۆی.

من: لە سیستمی هیچوپووچیدا کە لای من نازناوێکی نوێی کاپیتالیزم و سەردەمی نیولیبرالیزمە هەموو شتێک دەکرێتە کالا بۆ کڕین و فرۆشتن و بازاڕگەرمیی. تەنانەت لەم نەزمەدا منداڵ پێش لە دایکبوون کڕدراوە لە ڕێگەی ئەو بڕە هاوکارییەی پێشوەخت بە خێزانەکان دەدرێت وەک هاندەرێک بۆ خستنەوەی وەچە، هەروەها دابینکردنی بڕێکی زیاتر هاوکاریی بۆ منداڵی شیرەخۆرە و مینحەی سۆشیالی منداڵان تا تەمەنی هەژدە ساڵی، نیشانەیەکی خاوەندارێتی سیستمە لە منداڵ و سەندنەوەیەتی لە خێزان. بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا هەر منداڵێک مافی هەیە تا تەمەنێکی دیاریکراو (زۆرجار تا تەواوکردنی زانکۆ و ٢٥ ساڵی) سوودمەند بێت لە سندووقی دارایی خێزان یان منداڵ، ئەوەی پێی دەوترێت (کیندە گێلد)، ئەمەش دەبێت بە قەرزێک بەسەر منداڵەوە، بەم جۆرە لە یەکەم ساتی لە دایکبوونەوە تا بوونی بە کرێکاری سیستم منداڵێکی قەرزار بەرهەم دەهێنرێت، پێویستە لە تەمەنێکی تردا ئەم قەرزە بە زیادەوە بداتەوە بە فێرما تایبەتییەکان، تەنانەت تا تەمەنی ١٥ ساڵی هەموو چارەسەرێکی نەخۆشی منداڵان بە پرۆسە جوانکارییەکانیشەوە بە خۆڕاییە، بەڵام لە ئەکتێکی دەوڵەمەندا هەموو ئەمانە بە قەرز لەسەری تۆمار دەکرێت و دەنووسرێتەوە. بەم جۆرە منداڵ لە کاپیتالیزمدا کوڕ و کچی خێزانەکانیان نین، بەڵکو کوڕی نەزمێکی گەورەترن و بە پارەیەکی زۆر وەک پۆتێنسیاڵێک بۆ داهاتوو کڕدراونەتەوە. هەر بەم بۆنەوەیە لە کاتی توندوتیژیی خێزانەکاندا بەرامبەر بە منداڵ، پۆلیس و بەڕێوەبەرێتی کاروباری منالان، ئەو منداڵە لە خێزان وەردەگرێتەوە، چونکە سیستم پێیوایە ئەم منداڵە ئەمانەتێکی خۆیەتی لەلای خێزان، گەواری هیچ کەموکوڕییەک ناکات بەرامبەر بەو ئەمانەتییە. لە پرۆسەی خوێندنیشدا بۆ ئەو پیشە و پسپۆرییانە ئامادە دەکرێن، کەلێنی بۆ سیستم دروستکردووە نەک ڕەچاوی خواستی منداڵەکە بکرێت. بە مانایەکی تر خوێندن لە سەرمایەدارییدا بۆ پرۆلیتاریزەکردنی فێرخوازانە لە ژێر ناوی کارمەندا، نەک ئامانجی پەروەردە و فێرکردنێکی پەتی و زانستییانەی لە پشتەوە بێت.

سێبەر: بناغەی پەروەردە و ئێسکە پەیکەری سیستمی فێرکاریی سیکۆلار هەر لە هەناوی کەڵچەری کریستیانیزمەوە سەریهەڵداوە، وەک چۆن کولتووری

قوتابخانەسازیی و ناوەندەکانی فێرکردن لە هەردوو شارستانێتی یۆنان و رۆمەوە لەلایەن پەروەردەکارانی ئاینییەوە خواسترابوون بە تایبەت لە سەردەمی ژیانەوەی ئەوروپاییدا و بە تایبەتتر لای ریفۆرمیستە ئاینییەکانی وەک ئاراسمۆس و مارتن لوتەر و کالڤین. بە هەمان شێوە لە رووی پەیکەرەوە قوتابخانە سیکۆلارەکانیش لە سولالەی هەمان نەریتەوە هاتوون. لە چوارچێوەی چاکسازییە ئاینیی و کۆمەلایەتییەکانی لوتەردا، داوای بە کۆمەلایەتییکردنەوەی خوێندنی بنەڕەتی بۆ هەردوو رەگەز بە بێ جیاوازیی دەکرا، لەمانەش گرنگتر داوای مافی ئەوە بۆ فێرخواز دەکرا بە زمانی دایک بابەتەکانی خوێندنەوە و نووسین و میوزیک و بنەما ئاینییەکان فێربێت لە پەنا خوێندنێکی پیشەییدا، واتە هەر تاکێک مافی فێربوونی پیشەیەکی هەبێت، ئەم پرەنسیپە تا بە ئەمڕۆ دەگات لە خوێندنگەکانی ئەڵمانیادا کاری پێدەکرێت، فێرخواز بە پێی ئاستی خۆی و دوای تەواوکردنی گروند شولە (قوتابخانەی بنەڕەتیی لە ئەڵمانیادا تا پۆلی چوارەمە) رەوانەی قوتابخانە ناوەندییەکان دەکرێت، یەکێک لەوانەش قوتابخانە پیشەییەکانە. لە پرۆگرامە ریفۆرمیستییەکانی لوتەردا داوای مافی خوێندنی زمانەکانی لاتینی و گریکی و عیبریی کرابوو، هاوکات وانەی زانست و ماتماتیک و مێژوو و مۆسیقا و رەوانبێژیی جەختی لێدەکراوە بۆ فێرخوازانی قۆناغی ناوەندیی خوێندن. سێیەمین قۆناغی خوێندن بەپێی داخوازییەکانی لوتەر بریتیبوو لە خوێندنی زانکۆ وەک ناوەندێکی ئەکادیمی بۆ پێگەیاندنی قەشە و کارمەندانی میریی و کارگێڕانی دەوڵەت. هەرچی (کالڤین)ە لە ساڵی ١٥٣٨ فۆرمۆڵەیەکی پێشکەش بە کارگێڕانی ژنێڤ کرد، لە گەڵاڵەنامەکەی ئەودا بەدەر لەوەی مارتن لوتەر بۆ خوێندنی بنەڕەتی داوای کردبوو، بابەتە ئەخلاقییەکانیش زیادکران، هەر لەو ماوەیەشدا خۆی هەستا بە کردنەوەی قوتابخانەیەکی حەوت پۆلی لە شاری ژنێڤ بۆ خوێندنی وانەی زمانەکان بە تایبەتی لاتینی و یۆنانی، لە فۆرمۆڵەیەکی تردا بە گرنگییەوە باس لە خوێندنگە ناوەندییەکان دەکات و بە (کۆلێژ) ناوزەدیان دەکات.

شانبەشانی ئەم هەولانەی کەنیسەی پرۆتستانتیی و ریفۆرمیستە ئاینییەکانی تر، گرووپی یەسوعییەکانی سەر بە کەنیسەی کاسۆلیک، لە سییەکانی سەدەی شانزەدا

چەندین کۆلێژیان دامەزراند کە دوو سەدە بەردەوامی هەبوو، تا ئەو ئاستەی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا ژمارەی ئەو کۆلێژانەی لەلایەن یەسوعییەکانەوە بەڕێوە دەبران گەیشتە ٣٧٢ کۆلێژ، سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە دەگێڕننەوە کۆلێژی وەها هەبووە ژمارەی فێرخوازانی خۆیان داوە لە دەوروبەری دوو هەزار قوتابی. هەر لەو کۆنتێکستەشدا ئەم شێوازە وشک و تاقەتپڕوکێنەی پەروەردەی کەنیسە کەوتووەتە بەر رەخنەی توندی هەر یەک لە «رابلێ» و «جۆن لۆک» و «کۆمنیۆس». هەر یەک لەم سێ فیگۆرە بە شێوازی خۆیان رووبەڕووی پەروەردە و فێرکردنی سەدەکانی ناوەڕاست بوونەتەوە، بەوەی فێرکردنی سەدەکانی ناوەڕاست و کەنیسە هیچی تر نییە جگە لە راهێنانی فێرخواز لەسەر خەیاڵپڵاویی. رابلێ بە کردەوە هەوڵی دەدا خوێندن بەرەو زانست و بیرکردنەوەی عەقڵانی رابکێشێت، جۆن لۆک بە کاریگەریی رابلێ پەرەی بە تێزێکی تری پەروەردەیی دا کە هەست و ئەزموونی کردە سترۆکتوری فێربوون و زانین. لە رێنسانس بەملاوە زەمینەی خەملین و رسکانی خوێندنی سیکۆلار وردە وردە پێدەگات و لەگەڵ رۆشنگەرییدا دەبێتە راستیی، ئەگەر رۆسۆ قوتابخانەی بە دژە سروشت زانیبێت، ئەوا لە سەدەی بیستەمدا دامەزراوە فێرکارییەکان دەبنە جێگەی رەخنە و گازندە. هەواڵە ناخۆشەکەش ئەوەیە کورد لە هەمان سەدەدا دەستدەکات بە کردنەوەی قوتابخانە، بەپێی زانیارییەکانی من یەکەمین قوتابخانەی کوردیی لەسەر خاکی کوردستان لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری (خوێ) لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستپێشخەریی کۆمەڵەی (جیهاندانی) بە سەرۆکایەتی میر عەبدولڕەزاق بەدرخان کراوەتەوە، ساڵی پاشتریش سەید تەهای شەمزینی و سەید عەبدولا شەمزینی هەوڵێکی هاوبەش دەدەن بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی تری کوردیی لە شاری ورمێ. پێشتریش خەلیل خەیالی لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ قوتابخانەی (دەستووری) بۆ منداڵی کوردانی دیاسپۆرا لەو شارەدا دامەزراندبوو. لەو مێژووە دێینە دەرەوە دەگەڕێینەوە سەر کرۆکی بیرکردنەوەی رەخنەگرانی قوتابخانە و دامەزراوە فێرکارییەکان لە خۆرئاوا. لای جۆن هۆڵت سەرباری ئەوەی قوتابخانە و زانکۆکان تەنیا چاوگی فێربوون نین، باسی لەو کەشە هیرارکیستییەی قوتابخانەکان دەکات،

مەودا بۆ بیرکردنەوەی فێرخواز ناهێڵنەوە، ئەمە تێزێک بوو پاولۆ فرایەر لە کتێبی (پێداگۆگی چەوساوەکان)دا پەرەی پێدا و شەنوکەوی زانستیتری لە بارەوە کرد. هەرچی (ئیڤان ئیلیچ)ە وا بیر لە قوتابخانە دەکاتەوە ناوەندێکی مۆنۆپۆڵکارە و بە هۆی هەبوونی قوتابخانەکانەوە خەڵکانێکی زۆر لە مافی زانین و فێربوون بێبەشکراون، بەدەر لە نایەکسانییەی لە بواری دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان هەیە. ڕەخنەکانی ئیلیچ یەکێک لە کەمەرشکێنترین ڕەخنەکانن لە خودی سیستمی خوێندن و دامەزراوە فێرکارییەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتری ئەو ڕەخنانە دەبێت لە دەرفەتێک بگەڕێین بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین، چونکە ئیلیچ وەک ئارکۆلۆژیستێک کنەی پرسەکەی داوە و چاوی سەرنجی خستووەتە تێکڕای کونج و ناتەواوییەکانی سیستم و دامەزراوەکانی خوێندن و فێرکاریی.

من: جۆرجیۆ ئاگامبێن ڕەخنە لە قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی فێرکاریی دوای شۆڕشی پیشەسازیی دەگرێت و دەڵێت: (قوتابخانە بە یەکێک لە کارەساتە گەورەکانی مۆدێرنە دەبینم!). منیش پێموایە قوتایخانە کەمپی دەستەمۆکردنە، کەمپی تواندنەوە و خەفەکردنی وزەی منداڵە و کارگەیەکی ترە بۆ پڕۆلیتاریزەکردن، هەڵبەتە پڕۆلیتاریا لە هەردوو مانا کلاسیکی و هاوچەرخەکەیدا، بە پێی دیدی مارکسیش گەنجان هاوشانی کۆمەڵایەتی پڕۆلیتاریان. ئەکادیمیا هیچی تر نییە جگە لە تەمبەڵخانەیەکی فیکریی بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتی کارکەر و پسپۆر بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و شەبەقانەی لە خودی سیستمدا دروست دەبن، ئەگەر لە خودی ئەکادیمیا ورد بینەوە، پسپۆریی وەرگرتنە لە یەک بوار و ڕەهەندی دیاریکراودا بێ بایەخدان بە بوار و ڕەهەندەکانی تر، ئەمەش دەواجنم بیر دەخاتەوە کە تێیدا جووجەڵەکان بەخێو دەکرێن تا ببنە مریشک دواتر ڕەوانەی قەسابخانە دەکرێن، ئەکادیمیا نەک هەر لە لای ئێمە بەڵکو لە هەر شوێنێکی تری گێتیدا دەواجنی مریشکە عەلەفخۆرەکانە. ڕەنگە ڕۆسۆ یەکەم کەس بووبێت نەیاری خۆی لەگەڵ قوتابخانە بەو فۆرمە سیکۆلارەی سەردەم نیشاندابێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ڕۆڵی نەرێنی قوتابخانە نەک خوێندەواریی زۆرتر روون بووەوە، دەستەیەک بیریار لە ڕوانگەی جیاجیاوە کەوتنە ڕەخنەگرتن نەک هەر لە

جۆرێتیی سیستمی خوێندن، بەڵکو لە خودی قوتابخانە خۆیشی، بە بڕوای گرامشی قوتابخانە ناوەندێکی راهێنان و دەستەمۆکردنێکی حکومییە، ئەگەر دادگاکان هێمای سزا دەوڵەتییەکان بن، بێگومان قوتابخانەش هێمای بارهێنان و ملەکەچپێکردنی تاکە بۆ دەوڵەت یان سیستم بە مانا فراوانەکەی وشەکە.

لە دیرۆکدا سپارتە یەکێک بوو لە دەوڵەتشارە گریکییەکان و لەسەر فۆرمی ئۆلیگاریشی خۆی بەڕێوە دەبرد، ئەم دەوڵەتشارە مەڵبەندی پەروەردەکردنی جەنگاوەر و کارخانەی سەربازی ئازا بوو، ئەنجوومەنی پیرانی سپارتە بە چڕیی چاودێریی منداڵی تازە لە دایکبوویان دەکرد، هەر منداڵێک لە رووی ماسولکەیی یان جەستەیی لاواز یان ناتەواو بووایە و لیاقەتی شمشێربازیی و بوون بە جەنگاوەری تێدا نەبینرابا، مافی ژیانی پێنەدەدرا و بە فەرمانی هەمان ئەنجوومەن لە چیاکانەوە فڕێدەدرانە خوارەوە!، ئەرستۆ دەڵێت: (سپارتە هەمیشە خۆی بۆ جەنگ کۆدەکردەوە، لە کاتی ئاشتیشدا وەک شمشێر لە کێلاندا ژەنگی هەڵدەهێنا). ئامانجی سەرەکیی پەروەردە و فێرکردنیش راهێنان و پەراوەی ماسولکەیی و زەینی بوو بۆ ئامادەکردنی جەنگاوەری دلێر. بە هەمان چەشن لە سیستمی سەرمایەداریدا خوێندن و فێرکردن لە دەوری ئامانجێکی بنچینەیی دەخولێتەوە، ئەویش دابینکردنی کرێکار یان کارگێڕە تا بۆشاییەکانی سیستم پڕ بکاتەوە، بە واتایەکی تر حەز و ویستی تاک رۆڵێکی وای نییە لە هەڵبژاردنی ئەو بوارەی خۆی دەیەوێت، بەشێوەیەکی شاراوە قوتابیان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بوارانە هان دەدرێن، کەلێنی بۆ سیستم دروستکردووە. یەکێکی تر لەوانەی شێلگیرانە نەیاریی خۆیان بەرامبەر قوتابخانەی سیکۆلار نیشان دەدەن، فەیلەسوفی ئۆتریشی (ئیڤان ئیلیچ) ە لە کتێبیەکەیدا (کۆمەڵگەی بێ قوتابخانە)، ئەوە دەخاتە ڕوو ئەو زانیارییانەی لە قوتابخانەکاندا فێریان دەبین (ئەو بە زیندان ناویان دەبات) لە ژیانی رۆژانەدا بە کەڵکمان نایەن، ئەو بڕوای بەوەیە فێربوون شتێکی تاکەکەسییە و گشتاندنی بۆ ناکرێت بەو شێوەیەی لە قوتابخانەکاندا هەیە، هەموو ئاستەکان بە یەک ماددە و یەک جۆر زانیاریی سنووردار لە چوارچێوە دەنرێن، ئەڵتەرناتیڤیشی بۆ قوتابخانە، فێرکردنی تاکە لەسەر بنەمای ئازادیی. لەلایەکی ترەوە (جۆن هۆڵت) پێداگریی

لەسەر ئەوە دەکات، قوتابخانەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی سیستمی ئابووری و بازاڕگەریی پەرەیان پێدراوە، ئەگەرنا سوودێکی تری نییە بۆ تاکی فێرخواز، چونکە تاک لە سیستمی ئابووریی سەرمایەدارییدا شوێنی پێ پڕ دەکرێتەوە، لە هەمان کاتدا ئارگۆمێنتسازیی دەکات بەوەی نازانین لە داهاتوودا ژیان و دنیا چی جۆرە زانین و زانیارییەکی پێویستە، بۆیە گاڵتەجاڕییە لە ئێستاوە کۆمەڵێک پرۆگرام بخوێنین بۆ ئەو ئایندەی دیار نییە چۆنە!. وەک خۆم پشتگیریی لە قوتابخانەکان ناکەم، بەڵکو بە یەکەیەکی تری کۆنترۆڵ و کارگەی خواردەمەنی لە قوتوونراوی دەزانم، کارگەیەک دەبەنگیی هاوشێوە و لە یەکچوو بەرهەم دەهێنێت، لانیکەم ئەم تێزە بۆ ئەم قۆناغەی نەزمی هیچوپووچی بە راست گەڕاوە. بۆ فوکۆش قوتابخانە یەکێک لە گرنگترین ئەو دەزگا مۆدێرنانە بوو بە چڕیی تاکی تێدا کۆنترۆڵ دەکرێت، لە چەشنی شێتخانەکانی سەردەمی کلاسیکیی,

سێیەر: رۆشنگەریی نەریتێکی پەرەپێدا لە هەمبەر پەروەردەکردنی کولتووریی، رەوایە لەگەڵ (لوک فێری)دا بە وەهمسازیی لە قەڵەمی بدەین. رۆشنگەرەکان پێیانوابوو پێشکەوتنی ئاکاریی پەیوەستە بە پێشمەرجێکەوە ئەویش پەروەردە و فێرکردنە لە رێگەی دامەزراوەکانی خوێندنەوە. لوک فێری بیریار و وەزیری پێشووتری پەروەردەی فەرەنسا، سوپاسی نازیزم و فێندەمینتالیزمی ئیسلامی دەکات، بە هۆکاری ئەوەی ناواقیعبوونی ئەم تێز و روانگەیەیان لەسەر ئەرزی واقیع نیشاندان، ئەو پەنا دەبات بۆ دوو نموونەی هەرە زیندوو، جیا لەوەی سەلەفییەتی ئیسلامیی کە بە پێچەوانەی رابردووەوە لە خانەوادە پارەدار و ئەریستۆکراتەکانەوە دێن، لە جێگەیەکی تریشەوە هەڵدەقووڵێن ئەویش ناوەندە زانکۆییەکانە!، کۆنتێکستە مێژووییەکەی دەرکەوتن و دەسەڵاتگرتنی نازیزمیش لە ئەڵمانیادا بە بیر دەهێنێتەوە، لەم ماوانە ئەڵمانیا ناوەندێکی گرنگی پەروەردەیی و ژێدەری فیکر و خاوەنی گەشەکردووترین دامەزراوە فێرکارییەکانی وەک زانکۆکان بووە، ئەم فاکتە نیشاندەری ئەوەیە مەرج نییە زانین و رۆشنبیریی لە خۆیاندا چاک بن و مرۆڤ بەرەو فەزیلەت ئاڕاستە بکەن، بۆی هەیە پێچەوانەکەی راستتر بێت. ئەگەر هەر لە نازیزمدا بوەستین و نموونە بهێنینەوە کۆمەکی

زیاترمان دەکات بە ئاقاری ورد تێگەیشتندا، ئایا ئەو پزیشک و تەکنیسیۆنانەی ژوورەکانی خنکاندن بە گازیان بەڕێوە دەبرد لە پرۆسەی ژینۆسایدی جووەکاندا، بە باشی لە قوتابخانەکاندا فێر نەکرابوون؟ بیرهێنانەوەی ئەوەی بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی ئۆردوگاکانی هۆلۆکۆست لە نموونەی کەمپەکانی ئاوشڤیتس، بەلزاک و بۆچینوالد هتد.. خوێنەری جددی گۆتە و نیچە و فیختە بوون، لە شەیدایانی موزیکی ڤاگنەر و بیتهۆڤن بوون! بەڵگەی کۆنکرێتین لەسەر شکستی خەملاندنەکانی رۆشنگەریی. تەنانەت دژی ئەو تێڕوانینەی ناو کولتووری کۆمەڵایەتی کوردەوارییم باوەڕی بەوە هێناوە خوێندنەوە یان هاوەڵێتی کتێب، کارێکی ئاڤانگاردانە و ئاکارییە و هەمیشە چاوەڕێی فەزیڵەت لە هاوڕێ گیانی بە گیانییەکانی کتێب دەکەن، وای دەبینم ئەمە چاوەڕوانییەکی گەمژانە و سافیلکانەیە. ئەو دیدگایە لەلایەن شاعیران و رۆشنگەرە کوردەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەرهەمهێنرا، ئەگەرچی ئەم دەستە منەوەرە (ناوێکی نزیک لە روحی رۆشنگەریی) بەشی زۆریان دەرچووی حوجرە و خانەقاکان بوون، کەچی ئەوان دژی مۆنۆپۆڵکردنی خوێندن بوون بۆ دەستەبژێرێک و هانی خوێندنیان دەدا لە خوێندنگە سیکۆلارەکاندا، هەروەتریش لەو سیاقە مێژووییەدا کارەکتەرێکی وەکو نەجمەدین مەلا بە خۆی و کەشتییەکەوە (کەشتی نوح) دەردەکەوێت، پرۆژەکەی نەجمەدین مەلا تەنیا هەوڵی تیۆریی و هاندانی رووت نییە بەڵکو تێکۆشانێکی پراکتیکییە لە راستای بە میللیکردنی خوێندەوارییدا، هەزاران کەس دەچنە ناو کەشتییەکەیەوە و لە خنکان دەربازیان دەبێت. بۆ منێکی تێبینیکار ناوی (کەشتی نوح) مەغزا و مەدلولاتێکی فرە رەهەندی تری هەیە، بەو هیوایەم بتوانم لە دەرفەتێکی تردا بگەڕێمەوە سەری.

هەروەک لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست بە دواوە کۆمەڵێک مێژەری لیبراڵ دەرکەوتن (ئیقتباسە لە ناونیشانی کتێبی «عمائم لیبرالیة في ساحه العقل و الحرية»ی نووسەری چەپڕەوی میسریی رەفعەت سەعید، لە سەرەتای دوو هەزارەکاندا چاپ بووە)، بە هەمان دروشمەکانی رۆشنگەریی خۆرئاواییەوە، لە خۆبردووانە دەستیان دایە ریفۆرمی ئاینی و کۆمەڵایەتی و پشتگیرییکردنی

شێلگیرانەی راسیۆنالیزم، رۆڵێکی ئاڤانگاردانەشیان لە بەرەو پێشبردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەوارییدا بینی، ئەو هۆشیارییەش لە سەردەمی حاجی قادری کۆییەوە کە لەگەڵ مارکس منداڵیساڵێکن، لە نیوەی سەدەی نۆزدە بەدواوە رسکا، بەڵام ئەو گۆڕانکاریی و ریفۆرمانەی لە دەڤەرەکەدا هاتنە پێشەوە، لە نموونەی شۆڕشی رووسیا لە ساڵی ١٩٠٥ و شۆڕشی مەشروتە لە ئێران کە سیستمی پەرلەمانیی لێکەوتەوە و ریفۆرمە دەستوورییەکانی ساڵی ١٩٠٨ی دەوڵەتی عوسمانلی، سەرئەنجامی ئەمیش بە لە کارخستنی دوا سوڵتانی عوسمانلی (عەبدولحەمیدی دووەم) بە کۆتا گەشت، لەسەر ئاستە کوردییەکەش دوا بە دوای دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردیی (١٨٩٨) و دامەزراندنی یەکەمین رێکخراوی سیاسیی کوردیی (کورد تەعالی و تەرەقی جەمعییەتی) لە ساڵی ١٩٠٨دا لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و شەریف پاشای خەندانەوە، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئەندێشەی ئەم رۆشنگەرە کوردانە دانا. ئەگەر لە بەرهەمی شیعر و رۆژنامەوانی و پەخشان و تەنانەت چیرۆکە هونەرییە بەراییە کوردییەکانی ئەو سیاقە مێژووییە بڕوانین لیپاولیپن لە گیانی هاندان بۆ خوێندن و خوێندەواریی، لە دیدی ئەواندا وەک رۆشنگەرەکانی سەدەی هەژدەی ئەورووپا مەرجی کۆمەڵگەیەکی ئاوەدان و ئازاد و ئاکاریی بەسترابووەوە بە ئاستی خوێندەواریی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە، هەرچی واقیعی سەدەی بیست و یەکەمە پێچەوانەی ئەو خەونەی نیشاندا، وتەزا بەربڵاوەکەش کە هەمیشە دەدرێتە پاڵ ڤیکتۆر هۆگۆ: (قوتابخانەیەک بکەنەوە، زیندانێک دادەخرێت) چیتر وەک ئەفۆریزم و وتەیەکی بەنرخ تەماشا ناکرێت، بەڵکو جۆرێکە لە گەشبینی فریودەرانە بەرامبەر بە قوتابخانە و پەروەردە و لە خۆیدا سەفسەتەیەکی بێ کەڵکیشە، چونکە بە ئەزموون پێچەوانەکەی سەلمێنراوە. ئەمڕۆش لە سایەی شۆڕشی تەکنیکدا بەر فۆرمێکی تری خوێندن و پەروەردە دەکەوین ئەویش فۆرمی ئۆنلاینە، ئەگەرچی بە رووکەش جۆرێک لە ئازادیی بۆ خوێندکار تێدا دەردەکەوێت، بەڵام لەسەر هەمان لۆژیکی هەموو شتێک پەیوەست بکەن بە ئینتەرنێتەوە، دووبارە مرۆڤ لە ژینگەی مەجازییدا نغرۆ دەبێت و خۆی

لێ دەبێتە ئەنیمەیشنێک لەسەر شاشەکان، بڕوا بەوە دەهێنێت هیچ واقیعێک لە دەرەوەی زێدەواقیع بوونی نییە، بگرە پێویستە واقیعی ریالیتەش لەبەری بگیرێتەوە و بە پەلە رابکێشرێتە نێو واقیعی مەجازییەوە. بەدەر لەمە هەر کاتێک سەیری کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەم، دوای سەدەیەک لە بانگەوازی رۆشنگەرە کوردەکان، لەگەڵ بوونی زیاتر لە بیست زانکۆ، هێشتا کولتووری زارەکی زاڵترین کولتوورە لەناوماندا، هیچ هەوڵێکی بچووکیشمان نەداوە لە راستای نووسینەوەی کەلەپووری زارەکی خۆماڵیدا!.

من: لە حاڵەتی گابرێل گارسیا مارکیزدا ئەوە روون دەبێتەوە، چۆن ئەدەب و چیرۆکی دەمامودەم و زارەکی کۆڵۆمبیایی بە تایبەت کولتووری زارەکی گوندی ئاراکاتاکای زێدی لە دایکبوونی خۆی، خستووەتە بواری نووسینەوە!. ئەو راپۆرتەی رۆژنامەوانی کۆڵۆمبی (سلیڤانا پاتیرنۆسترۆ) لەگەڵ هاودەمەکانی مارکیزدا ئامادەی کردبوو، وێڕای ئاشکراکردنی زۆر لایەنی نەناسراو و نەبینراو لە ژیانی ئەو رۆماننووسەدا، ئەوەی زۆر روونە لە قسەکانیاندا ئەوەیە مارکیز تەنها هەستاوە بە نووسینەوەی چیرۆکە پڕ تەلیسمەکانی کاریبی و کۆڵۆمبیا، لێ لە بایەخی رۆمانەکانی کەم ناکەینەوە، بەڵام دەمانەوێت ئەوەش دەربخەین بێ ئەو ئەرشیفە زارەکییە ئیمکانێک نەبوو بۆ ئەوەی مارکیز لەسەر بناغەیەکی بۆش ببێتە ئەو رۆماننووسە ناودارەی بە فیزەوە نۆبڵ قبوڵ بکات. ئەڵبەتە مارکیز خورافە و چیرۆکە ئەفسانەییەکانی کردە هەوێنی رۆمانە هونەرییەکانی، بەم بۆنەوە رۆمانەکانی بە ریالیزمی جادوویی پۆلێنکراون، وەک جارێک جەبار جەمال غەریب، هێمای بۆ کردبوو (هێزی خورافە تا ئەوکاتە داهێنانە کە بەشێکە لە ئەدەب). ئەو وەک پارێزگارێکی بەوەفاش دەبینرێت کە کەلەپووری زارەکی ناوچەکەی لە فەوتان رزگار کردووە. زۆرتر لەمەش هێزی ئەدەبیی و بە جیهانیبوونی مارکیز بۆ ئەو فاکتۆرە دەگەڕێتەوە ئەدەبی نائاشنای زارەکی ناوچەیەکی پەراوێزی گۆڕی بۆ ئەدەبێکی نووسراوی بەرجەستە!، بەڵام هێشتا نووسەری کورد بە شەرمەوە سەیری کەلەپووری خۆماڵی دەکات، لە کاتێکدا بکەرێکی داهێنەر دەتوانێت ئەو ماتریاڵە خاوانەی کولتووری زارەکی کوردیی رابکێشێتە دەڤەری داهێنانەوە،

داهێنان لە هیچەوە دروست نابێت، دووبارە چاوخشاندنەوەیە بەوەی هەیە و ئافراندنی شتانێکی نوێیە لێیانەوە.

سێبەر: لە پشتگیریی تیۆروانینەکەتدا پەنا دەبەمە بەر نموونە، نیچە بە قووڵی لە ژێر فەلسەفەی شۆپنهاوەردا بوو، بەڵام لە کۆتاییدا توانی شۆڕش بکات بەسەر کۆی فەلسەفەکەیدا، بەوەی فەلسەفەی مەرگی شۆپنهاوەری سەرلەبەر بۆ فەلسەفەی ژیان هەڵگێڕایەوە. نیچە لە گووتاری فەلسەفیی خۆیدا رەخنەی قووڵ و هەڵتەکێنەری لە زۆرترین فەیلەسوف گرتووە هەر لە ئەفلاتونەوە تا شۆپنهاوەر، مەبەست لێرەدا رەخنە نەبوو لە بکەرێک، بەڵکو رەخنەی کۆنکرێتی بووە لە نەریت و هۆشمەندیی فەلسەفیی. داهێنان جیایە لەو دیدگا میتافیزیکییەی پێیوایە داهێنەران وەک خودا، دەسەڵاتی ئافراندنی شتەکانیان هەیە، هەر بۆیە پێشتر شاعیران بە بوونەوەری پیرۆز تەماشاکراون و سروشتێکی بانمرۆییان پێبەخشرابوو، گوایە ئیلهامیان لە ناوچەیەکی نادیار و شاراوەوە بۆ دێت، ئەمەش بەتاڵکردنەوەی جۆرێک بوو لە داهێنەرێتی، لە هەمان کاتدا ڤیسیۆنێکی پەتی میتافیزیکیی بوو، وەک ئەوەی بڵێیت شاعیران بوونەوەرانێکی بان زەمینین. هەموو شتێک بە پێی پێویست لە پێشووتردا وتراوە، ناوەڕۆکەکان دێرینن، ئەوەی تازە دەکرێتەوە بریتییە لە فۆرم، خەونی مارکس، خەونی سپارتاکۆس بوو، رەنگە خەونی ئەویش خەونی یەکەمی هەر مرۆڤێک بێت چ لە پێش خۆی و چ لە دوای خۆی. ئێمە ناتوانین ناوەڕۆکی تازە دروست بکەین، داهێنان پرۆسەیەکی خودایی نییە، لە هیچەوە چشتەکان بخوڵقێنین، بە دەربڕینێکی تر پێویستە هەمان ناوەڕۆکە دێرینەکە لە فۆرمێکی نوێتردا دابڕێژینەوە. ئەمەش تاکە زامنی داهێنانە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو فاکتەی دال و مەدلول بە گوێرەی پەیوەندیی عاشقانەی نێوانیان پێکەوە بەرەو پێشەوە دەچن.

من: با بوارەکە تەسکتر بکەینەوە و لە گووتاری رۆشنبیریی کوردیی بڕوانین، هەموومان بێ جیاوازیی کاتێک لەسەر پرسێک یان پێشهاتێک قسە دەکەین، ئەوەندەی دەمانەوێت بڕیارە ئایدۆلۆژییە پێشوەخت و ئەفسوونگەرەکانی خۆمانیان بەسەردا پراکتیک بکەین، هێندەی دەمانەوێت لەسەر هەر رووداو یان کارەساتێک سەرمایەگوزاریی ئایدۆلۆژیی بکەین و بەکاریهێنین وەک ئارگۆمێنتێک

دژ بەوانیتر، هێندە مەبەستمان ئەنالیز و لێتوێژینەوە نییە لە خودی رووداوەکە. ناڵێم با بێ ئایدیا بین بەڵکو بانگەشە بۆ ئەوە دەکەم وەک پزیشک کار بکەین، لە دەستنیشانی نەخۆشییەکاندا. شتێکی نامۆیە چەند سەعاتێک دوای رووداوێک کە هەندێجار تەمومژێکی زۆری لەسەرە، رۆشنبیرانی ئێمە دێن راڤە دەکەن!، ئەم فۆرمالیزمە ئایدۆلۆژییە سامناکترین قەیرانە لە نێوەندی نووسینی ئێمەدا، چونکە روونە ماوەی نێوان رووداوەکە و راڤەکردن ماوەیەکی وەها نییە بڵێین بواری دیاگنۆس و بیرکردنەوە هەبووە لێی، جۆرێکی ترە لە هەزاربارە بەرهەمهێنانەوەی قسەیە بە مانا پەتییەکەی، هەر لەبەرئەمەشە ئەنتاگۆنیزم لاشەی رۆشنبیریی کوردیی دارِزاندووە. بۆ وێنە رەهەندییەکان کۆمەڵێک پرەنسپ و میتۆدی قاڵبئاسای وەک چەرپاکەی پرۆکرەستیان هەبوو، دەیانویست پراکتیزەی بکەن بەسەر هەموو پێدراوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، خوازیاربوون رێرەوی هەموو شتێک بۆ بە فاکتکردنی تیۆرە ئامادەکراوەکانیان بگۆرِن، لەوە ترسناکتریش لە هەوڵی ئەوەدا بوون هەر دیاردەیەکی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بخەنە چوارچێوەی ئەنالیزە سادە و ساویلکەکانیانەوە. دەتوانین بەشێوەیەکی ئایرۆنی وتەزاکەی مارکس (ئاین تلیاکی گەلانە) کە چاوگی ئەو رستەیەش بە بەربڵاویی دەدرێتە پاڵ لە (هاینرش هاینە)ی شاعیری ئەڵمانی، بۆ وەسپی گروپی رەهەند بەکاربهێنین، بەوەی ئەوان تلیاکێکی نوێی دوای راپەرین بوون بۆ نەوەی تازەی کورد، دابەشکارییە ئایدۆلۆژییە دوالیزمییەکەی ئەوان بە تێکرِا تۆخیان دەکردەوە دابەشکردنی کۆمەڵگە بوو بەسەر حزبی و ناحزبیدا، ئەم دابەشکارییە جیاوازییە چینایەتییەکانی پاڵ پێوەنا بۆ ئەولاوە. بە دەرخواردانی پاشەرِۆکە رۆشنبیرییەکانی رۆژئاوا، پرسە هەرە گرنگەکەیان لە بیر بردەوە، ئەوان لە شوێنێکی ترەوە خزمەتیان بە دەسەڵات دەکرد، تەنانەت گۆرِانکاریی مێژوویی و رادیکاڵ لە هزری ئەم تاقمەدا دەرپەرِاندنی مەیلێک لە دەسەڵاتی فیوداڵ ئۆتۆکرات بوو بۆ مەیلێکی تری ناو هەمان سیستم. لای ئەز ئەوان ئەفیونێک بوون نەوەیەکیان مەست و سەوداسەر کرد، خۆ دەسەڵاتیش هەر ئەوەی دەویست.

سێبەر: ڕۆشنبیرانی کورد خەریکی دەستپەڕی فیکریین (بابەتەکە جددییە، تکا دەکەم پێمەکەنن)، واتە هیچ بەرهەمێکیان نییە بۆ گۆڕینی خەیاڵدانی کولتووریی و کۆمەڵایەتی یان لە ئەشکەوتە فەلسەفییەکاندا دەستپەڕی فیکریی لێ دەدەن دروست وەک ئەوەی فرۆید بە مازۆخیزمی مێینایەتی ناوزەدی دەکات یانژی بوون بە دەستە و تاقمی پۆپۆلیستی و جەماوەرپەرست. ئەگەر تا ئێستا چاومان لەسەر قێزلێبوونەوە لە دیمەنی ڕۆشنبیرانی خزمەتکاری دەسەڵات راهاتبێت، بە دڵنیاییەوە چاوێکمان پێ داخراوە و پێویستە بە هەردوو چاو هەردوو دیمەنە قێزەونەکە ببینین کە دڵدارییی ڕۆشنبیرانێکە لەگەڵ دەســەڵات، لە بەرامبەردا دڵدارییکردنی ڕۆشنبیرانێکی ترە لەگەڵ ویستی جـەماوەر، ئەو جەماوەرەی هەردەم بە (مێگەل) ناودێریان کردووە و خۆیان لێی جیا کردووەتەوە، بۆیە هەم ئاوێتەبوون لەگەڵ لە دەسەڵات هەم پۆپۆلیزم، دوو برینی شێرپەنجەیین لەناو مێشکی ڕۆشنبیری کورددا، وەک خۆم دژی هـەردوو نەریتەکەم. ئەوە راستە ریشـەی دەستەبژێر (ئێنتجلنسیا) لە وشـەی (ئینتلیژیستا) رووسیی وەرگیراوە، بوربوریکین لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بۆ پێناسەی ئەوانە بەکاریهێناوە لە دەرەوەی بازنە ترادیسیۆنالییەکانی کۆمەڵگای رووسی بوون، بەڵام ڕۆشنبیری کورد وەها لە کایەی رووناکبیریی تێگەیشتووە مەقامێکی کۆمەڵایەتی بەرزترە و لە هەوڵێکی نەپساوەدایە، تەنانەت بە رووخساریش ئەم ئاوارتەییەی خۆی بۆ ئەوانیتر بسەلمێنێت، تا ئەوەی ئەتمۆسفێرێک بۆ ژیانکردن هەڵدەبژێرێت هەر لە ئەشکەوتەکەی ئەفلاتۆن دەچێت، روحێکی پۆزاویی و کەپوویەکی هێندە بڵندیی هەیە، خۆی بە خـودا دەچوێنێت و پێیوایە سروشتێکی ئیلاهیانەی هەیە و لە هیچەوە هەموو شتێک دەخوڵقێنێت، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەرەستەکانی ئەو وشـەن، وشـەش لای هەموو کەس هەیە، بەڵام هەموو کەس بایەخ بە داڕشتنەوەی ئیستاتیکییانەی وشـەکان نادەن. جیا لەمەش ئەگەر هەیە ڕۆشنبیر زمانلووسێکی ساختەچی بێت و بیەوێت بە وشە فریومان بدات.

حەزی بێ سنوورم بۆ گێڕانەوە، پاڵنەرە بۆ ئەوەی سەرنجتان رابکێشم بۆ یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی باشلار کە لەم رەهەندەوە بە کەڵکی ئێمە دێت. لە

ئینتەرڤیوکەدا گاستۆن باشلاردا بێ باوەڕیی خۆی لە هەمبەر هیرارکیزم نیشان دەدات، هاوکات پێیوایە فەیلەسوف کەسێک نییە لە ئەشکەوتی فیکر و خەونەکانیدا بژی، هیچ نەبێت بۆ ئەو بەم شێوەیە نەبووە. ئەوەی لێرەدا بە کەڵکی ئێمە دێت ئەو تەرزە بیرکردنەوەیە رۆشنبیر یان فەیلەسوفبوون رێگریی لە تۆ ناکات وەک هاووڵاتییەکی باش بژیت یان بە دەربڕینی باشلار رێگەت لێ ناگرێت لەگەڵ دەوروبەردا ئاسایی بجووڵێیتەوە، بۆیە سەرنجی پرسیاساز بۆ ئەوە رادەکێشێت، دەزانێت کام بەشەی گۆشتی بەراز لە بەشەکانی تری خۆش و باشترە!. دەیەوێت خەیاڵی پرسیارساز بەرەو شتە وردەکانی ناو ژیان رابکێشێت کە ئەمیش وەک فەیلەسوفێک تا ئەندازەیەکی باش شارەزایی هەیە لە بارەیانەوە. لە وەڵامێکی هێرشکارانەدا بۆ سەر پرسیارساز دەڵێت: (دەتەوێت وێنەی فەیلەسوفێکم پێوە بلکێنیت، دوور لە ئاستەنگ و بەربەرستەکانی ژیان، تەنها لە ناو خەونەکانی خۆیدا دەژی؟). لە دیدی ئەم فەیلەسوفەدا فەلسەفە یارمەتیدەری مرۆڤە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و تێڕامان لە جیهان و ژیان، بۆیە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەک لە دەرەوەی فەلسەفە (نافەلسەفی) ناتوانێت ببێتە بیرکردنەوەی رەسەن. فەیلەسوفی هاوچەرخی فەڕەنسی (میشێل ئۆنفرێ)ش کە پتر لە بن هەژموونی فەلسەفەی کلاسیکی رۆمانیدایە نەک یۆنانی، لە هەوڵێکی رزگاریخوازییدایە دەرهەق بە فەلسەفە، چونکە بە پێی دیتنی ئەو فەلسەفە مۆنۆپۆڵی دەستەبژێرێک نییە، بە پێچەوانەوە فەلسەفە بۆ هەمووانە. رۆشنبیری کورد ئیقتباساتە فەلسەفییەکانی دەرەوەی مێشکی خۆی، لە کن خۆی مۆنۆپۆڵ کردووە تاکو لە چاو دەوروبەرییدا هۆشیارتر دەربکەوێت، لەم رێگەیەشەوە پێگە و هیرارکییەت و هەژموونی خۆی بپارێزێت.

من: رۆشنبیری کورد بە دەربڕینی کاروان کاکەسوور رۆشنبیرێکی (جاگەر) ییە، هەموو دەسەڵاتی فیکریی خۆی لە گووتاری ئاگراوییدا کورت دەکاتەوە، دەیەوێت ویژدانی کۆمەڵگە بێت، وەک پۆپۆلیستێک هەمیشە لەگەڵ خەڵکە، جارێک سلۆتەردایک نوسیبووی: (مرۆڤەکان باشن، بەڵام خەڵک خراپن). لە دیتنی مندا مەبەستی سلۆتەردایک ئەوەیە مرۆڤ بە تاک باشە، بەڵام کاتێک دەبنە گروپ خەسڵەتی مێگەلی بەڕێوەیان دەبات. ئاپۆرا هەمیشە دوژمنی ئاگۆرایە، لێرە دەبێت

وریابین قاچمان نەخزێتە ناو دیسکۆرسی فاشیزمەوە کە جەماوەریان بە مێینە دادەنا و خۆیشیان بە نوێنەری پیاوی سپی چاو لێدەکرد، مەبەست لە ئاپۆرا ئەو دۆخە سایکۆلۆژییەیە، بیرکردنەوەی تێدا نییە، رۆشنبیریش وەک لە ناوەکەیەوە دیارە مامەڵەیەکی راستەوخۆی لەگەڵ بیرکردنەوەدا هەیە، بەڵام بە رۆشنیی. پێم سەیرە رۆشنبیران دەبنە پێڕ، لەوە خەجاڵەتتریش گروپەکان دەیانەوێت هەر تاکێک لەو گروپە وەک یەک و بە یەک ئاست بە رۆشنبیر یا نووسەر دابنرێن. رەوشەکە زۆر کۆمیدییە لە کاتێکدا نووسین بەرهەمی گۆشەگیریی و خەڵوەتە، چۆن دەکرێت من لە ناو یەک گروپ هەمان ئاستی ئەویترم هەبێت کە زۆرترین کات سەرقاڵی تێڕامان و خوێندنەوە بووە؟. ئەم کۆمیدیایە لەو وێنەیەدا دەگۆڕدرێت بە تراژیدیا لەسەر نەریتی گۆرانبێژان بە دوێت لەسەر بابەتێکی فیکریی یان فەلسەفی دەنووسن!، ئەمە چۆن بوو هەردووکتان وەک یەک بیرتان لەو پرسە کردەوە؟. لەو نێوانەدا یەکێکتان بیری نەکردووەتەوە، بە کورتی کەسێک لەم نێوەندەدا زیادە.

سێبەر: گۆشەگیریی جیاوازە لە تەنیایی، هەمیشە گۆشەگیریی فینۆمینێکی فیزیکییە، بەڵام مەرج نییە تەنیایی بەم شێوەیە بێت، دەکرێت لەناو قەرەباڵغی و لە تەنیشت ئازیزانیشەوە ئەو هەستکردن بە تەنیاییە رووبدات. بڕوام وایە کەسانی گۆشەگیر لە هەوڵدانیان بۆ نیشاندانی خۆیان بەشێوەیەکی دڵخوازی ئەوانیتر سەرکەوتوو نەبوون، لە دڵەڕاوکێی ئەوەی نەتوانن دڵی زۆرینە بەدەستبهێنن یان ترسیان لە وێنای خۆیان هەیە کە بەرامبەر قبوڵی نەکات، خۆیان لە چاوی گشت دەشارنەوە، بەڵام تەنیایی شتێکی ترە، بگرە رێک پێچەوانەی گۆشەگیرییە، چونکە لە تەنیاییدا تۆ داکۆکی لە خۆت دەکەیت بەو جۆرەی هەیت، ناتەوێت دەستبەرداری خودی راستەقینە بیت و خودێکی تر جیا لە خۆت بخەیتە نمایشەوە. بە کورتی گۆشەگیریی ترسانە لە ئەویتر، بەڵام تەنیایی نەسڵەمینەوەیە لە رەسەنێتی خۆت، کەچی رۆشنبیری کورد لە یەک کاتدا هەم گۆشەگیرە و هەم پۆپۆلیست.

من: رۆشنبیرانی کورد هەمان ئەو عەڕابانەن دەیانەوێت پیرۆزیی بە خۆیان ببەخشن، دەخوازن پیرۆزە ئاینیی و نەتەوەیی و ئایدیاییەکان لەناو ببەن لە بریدا پیرۆزییەکی تر بئافرێنن، خۆیان ببەنە تاکە ئایکۆنی پیرۆزی ئەو پانتاییە جڤاکییەی

پیرۆزییەکانی لێ سەندراوەتەوە. تۆدۆرۆڤ سەرنجمان بۆ لە ئارادابوونی ئەم بەریانە (مەیل) لەلایەن رۆشنبیرانی رۆژئاوا رادەکێشێت تا دەمی ١٨٤٨ (شۆڕشی ١٨٤٨)، دەڵێت: (نووسەران بە هیوای پڕکردنەوەی ئەو جێیانە بوون لەلایەن قەشەکانەوە بەجێهێڵدرابوون). لەوە سامناکتریش رۆشنبیری ئێمە لەسەر میتۆدی کاڵاپەرستی و پرەنسیپی سوود و قازانج سەیری دنیا و کورد دەکات، مادام کورد ناتوانێت سوود بگەیەنێت، وەک هەر کاڵایەکی بێ سوود شایانی فڕێدانە، ئەمە لە روانگەی کۆنکرێتیی بەختیار عەلی سەبارەت بە پێویستی و ناپێویستی کورد و شوێنی لە جیهاندا بە تۆخیی رەنگی داوەتەوە، لای بەختیار عەلی هەموو کورد لەسەر زەوی بسڕدرێتەوە هیچ لە جیهاندا ناگۆڕێت، لە دیتنی شێرزاد حەسەنیشدا بە تایبەت لە وتار و سیمینارەکانیدا، کۆلۆنیالیزمی کولتووریی و رۆژهەڵاتناسی و پووچ سەرنج لە خۆدان دنیابینی ئەو پیاوەیان داپۆشیوە!، بۆیە هەمیشە کاتێک باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات بە (رەشهەڵاتی ناوەڕاست) گۆی دەکات، بێ ئاگاش لەوەی لە مۆتیڤی دابەشکردنی رەش و سپیدا جۆرێکی تر لە راسیزمی زمانەوانی راوەستاوە. بە کورتی شایەتین لەسەر رۆشنبیرانێکی بێ خەون کە بە تەنکیی بیر لە دیاردە قووڵەکان دەکەنەوە، سەیر بکەن جۆن بلانت کە رەچەڵەکێکی هەژارانەی هەبوو، لە رێی ئەوەی خەونی گەورەی هەبوو توانای ببێتە بازرگانێکی پلە یەک و خاوەنی کۆمپانیای (ساوس سی)، هەرچەند ئەم کۆمپانیایە کاری بازرگانی کۆیلەکانی دەکرد، بەڵام جۆن هەمیشە دەیگوت (مەزن بیر بکەرەوە). تەنانەت ئەو بیرکردنەوەیە نیوتنی زاناشی خستە تەڵەی خۆیەوە.

جیا لەمەش رۆشنبیری کورد چونکە هەمیشە دەیەوێت لە پێگەی جەماوەریی نەیەتە خوارەوە، بۆیە ناچارە بە دڵی جەماوەر بنووسێت، دواجار ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت لە زبڵ زیاتر نییە، یان ئەو پرس و چەمکانە دەلاوێنێتەوە لە تابووتدان بەرەو گۆڕستان و هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر بیرکردنەوەی ترادیسیۆناڵ و ئاینیی هەوادارانیان نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە من لە رێی نووسینەکانمەوە ئەو پرسانە دەوروووژێنم ئاسۆی رادیکاڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەکەنەوە، بۆیە دەخوازم بگەمە خوێنەر نەک بیانکەمە هەوادار، نووسەرانی ئێمە لە گێژەنە دەرچوون لە بری

خوێنەر بە دوای هەواداری چەمکەکانیاندا دەگەڕێن، وەک خۆم سەر بەو نەریتە نیم، هەر بەم بۆنەوە رۆشنبیری کورد ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی بیر چووەتەوە و مژۆڵی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. ئەگەرچی شانۆگەریی (خوازبێنی) ئەنتوان چیخۆف تێمایەکی تری چینایەتی کۆمەڵگەی فیودالیی رووسی لە خۆ گرتووە، بەڵام ئەو کۆمیدیایەی لە نێوەندی رووناکبیریی ئێمەدا هەیە، هەر لەو جەدەلە بێزەنتییە کۆمیدییە دەچێت چیخۆف زۆر هونەرییانە دایڕشتووە، ئاخر لەو شانۆنامەدا (ئیڤان لۆمۆڤ)ی فیودالی تەمەن سی و پێنج ساڵ کە کێشەی تەندروستی لە دڵیدا هەیە، بە مەبەستی داخوازیی (ناتاشا) دەچێتە ماڵی (ستێڤان چوپۆکۆف)، سەرەتا لەسەر کێڵگەی (ئۆکس پێن) لەنێوان لۆمۆڤ و ناتاشا هەرا و قاوە قاو دروست دەبێت تا ئەوەی لۆمۆڤ ناچار دەبێت بڕواتە دەرەوەی ماڵەکە، کاتێک باوکی بە ناتاشا دەڵێت بۆ خوازبێنی تۆ هاتبوو، ناتاشا و باوکی دەیگەڕێننەوە ژوورەوە، دواتر لەسەر سەگەکانیان دووبارە هەرا و دەنگەدەنگ لەنێوان لۆمۆڤ و ناتاشادا دروست دەبێتەوە، ئەمجارە ئازاری دڵ لۆمۆڤ بە زەویدا دەدا و ئەوانیش پێیانوایە مردووە، ئیتر لەو بارودۆخەدا خوازبێنییەکە تەواو دەبێت، بەڵام هێشتا لەسەر رەسەنێتی و چاکێتی سەگەکانیان دەمەقاڵێیانە.

سێیەر: رۆشنبیرانی ئێمە لە پرۆتستۆکانیشیاندا تەرەفداریی دەکەن، دڵداریی لەگەڵ هەستی کۆگەلی دەکەن نەک راستییەکان بلاوێننەوە. لە رۆژی ١٤ مایۆی ٢٠١٠، ئازاد حەمە وتارێک بە ناوی (سوکراتەکەی هەولێر) لە ماڵپەڕی (دەنگەکان) دا بڵاودەکاتەوە، هەوڵێکی سەرپێی داوە تاکو کوشتنی سوکرات بە تیرۆری سەردەشت عوسمان بچوێنێت کە هیچ لێکچوون و خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو کوشتنەدا نییە، بۆیە دەنووسێت (هەرچی هەقایەتی سوکراتەی هەولێرە شتێ جوداترە، سوکراتەکەی هەولێر وەک سوکراتەکەی یۆنانی کۆن دەستی نەچووە کوشتنی خۆی، وەلێ نەبەردانە لە چاوەڕوانی مەرگی خۆیدا بوو). پێش هەر شتێک سوکرات خۆی نەکوشت بەڵکو ناچارکرا قاپێک ژەهر فەڕ بکات، واتە کوژرا نەک بە ویستی خۆی مەرگی هەڵبژاردبێت. لەوێدا باس لە هەولێر دەکات وەک ناوەندێکی سەرکوتکاریی، بەڵگەسازیی دەکات لە شەهیدکردنی عەبدولخالق

مەعروفەوە بۆ شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان، تاکو بیسەلمێنێت هەولێر ناوەندێکی سەرکوتکارییە، چونکە لە دوو سەروەختی جیا و لە ژێر سەیوانی دوو دەسەڵاتی جیادا ئەو دوو تیرۆرە لە هەولێر ئەنجام دراون، ئەو هیچ کات باس لە کوشتنی بەکر عەلی ناکات کە باکگراوەندێکی دوورتر هەیە لە سلێمانیدا لە ڕەهەندی تیرۆری فیزیکییەوە، هیچ کات تیرۆری بەکر عەلی بە میدیۆمێک لە نێوان تیرۆری جەمال عیرفان و کاوە گەرمیانیدا نابینێت. کێشەکە شتێکی ترە، شاردنەوەی ڕاستییەکی ترە. لەلایەکی ترەوە بەختیار عەلی لە وتاری (لە نێوان شاهید و نووسەردا) کە لە ڕۆژی ٧-٦-٢٠١٠ لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بڵاوی کردبووەوە، نووسیبووی: (لەم سێ ساڵەی دواییدا دوو تاوانی گەورە سەراپای کۆمەڵگەی کوردیان هەژاند، یەکێکیان تاوانی کوشتنی دوعا و ئەویدیان کوشتنی سەردەشت بوو، هەردوو تاوانەکە لە ناشرینی و وەحشیەتیاندا بێ وێنەن). وێڕای ئەوە چ کوشتنی دوعا چ تیرۆری سەردەشت ئەوپەڕی وەحیشگەریی بوون، ئەوەی سەیرە لە نێوان ئەو تیرۆرەدا، تیرۆری سۆرانی مامەحەمە لە ٢٠٠٨دا نابینێت!، ئەم بازدانە بەسەر مێژوودا ماستێکی پڕ موو نییە؟ لە کوشتنی دوعا و سەردەشت قێزەونتر و هۆڤانەتر هەیە لە مێژووی نزیکی ئێمەدا.

ئەی قەتڵوعامی پشتئاشان و قەڕناقا چی؟ ئەی تیرۆری وەحشیانە و بە کۆمەڵی کۆمۆنیستەکان لە دە ساڵ پێش ئەو وتارەی شێخ بەختیاردا لەلایەن جەنراڵ بیلالە خۆشەویستەکەی ناو ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان) چی؟، چەواشەکردنی مێژوو چۆنە، ئەگەر ئەمەی بەختیار ئەوپەڕی ئەتکی دیرۆک نەبێت؟. بۆ من هەردوو حزبی فەرمانڕەوا یەک مۆدیلن، یەک دنیابینی سیاسیی و فیکرییان هەیە، یەک ستراتیژ و کارنامەیان هەیە، تەنێ شێوەی تەکتیکیان لە یەکتر جودایە، دواجار هەموویان لەناو بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی میلیتانتدا جێگەیان بووەتەوە، مەبەست لەوە نییە پشتی یەکێکیان بگرم لە بەرامبەر ئەویتریاندا، بۆیە دژی هەردوو لام و ڕاشکاوانە ئیدانەی تیرۆرەکانیانم کردووە و دەکەم، چاوپۆشی لە هیچ لایەک ناکەم، نەک لەبەرئەوەی بەرەکانمان جیایە بەڵکو لەبەرئەوەش وەک پرەنسیپ لە هیچ تاوانێک چاو نانووقێنم، هەر لە هەرزەکارییەوە و لەو ڕۆژەوەی بیۆگرافیای دۆستۆیڤسکیم

خوێندەوە، رقم لە سیاسەت و حکومە قەرەقووشییەکانی فەرمانڕەوایان هەڵگرت، (هەڵبەتە بە گشتیی دژی سیاسەت نیم، بەڵکو دژی سیاسەتی زۆرداریـی و رازاندنەوەی خودی پۆلەتیکم، هەروەک ئەوەی پێشڕەو محەمەد لە وتارێکدا کە بەم دواییانە خوێندمەوە لە باسی هونەر و فیلمدا لە تیۆرانینی ڤالتێر بنیامیندا، بە خێرایی جیاوازیی نێوان فاشیزم و کۆمۆنیزم دەردەخات، بەوەی یەکەمیان سەرقاڵی بە ئیستاتیکیکردنی سیاسەتە و هەرچی دووەمیانە خەریکی بە سیاسیکردنی ئیستاتیکا و هونەرە). دۆستۆیڤسکی لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا بە هۆکاری بەشداریی چالاکیی سیاسیی لە رێکخراوێکی سۆشیالیستی فەرمانی سەرپەڕاندنی درا، لەو دەمەی لە گۆڕەپانی کوشتندا بوون و یەک یەک دەیانناردن بۆ ژێر چەقۆی جەلادەکان، لە نۆرەی ئەودا فەرمانێکی قەیسەرییانە گەشتە گۆڕەپانەکە و حوکمەکەی گۆڕدرا بۆ زیندان و کاری قورس. بیر دەکەمەوە ئەگەر دۆستۆیڤسکی لەو تەمەنەدا بەو هۆیەوە بمردایە دنیا چی لە دەستدەدا؟، ئەوسا رۆمانەکانی (برایانی کارامازۆف) و (تاوان و سزا) و (قومارچی) و چەندان شاکاری تر کێ دەینووسین؟. بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر سەردەشت عوسمان و بەکر عەلی و سۆران مامەحەمە و فەرهاد فەرەج و هاوشێوەکانیان تیرۆر نەکرابان، ئایا چی داهێنانێکی ئەدەبیی و رۆشنبیریی تریان پێشکەش دەکردین؟، کوشتنی ئەوان بە تەنیا کوشتنی مرۆڤێک نییە، بەڵکو لە رەگەوەهەڵکێشانی پۆتێنسیاڵەکانی کۆمەڵگەیەکیشە.

من: لەولاوە یەکێکی تر قوت دەبێتەوە (سیروان عەبدول) شەهید سەردەشت عوسمان بە گرامشی دەچوێنێت، کەچی نووسەر لەوە دەستوپێ سپیترە قەناعەتمان پێ بکات، چ هاوشێوەییەک هەیە لە نێوان ئەنتۆنیۆ گرامشی بیریار و تیۆریسیۆنی هەرە مەزنی کۆمۆنیست لەگەڵ گەنجێکی بیست و سێ ساڵەی وەک شەهید سەردەشتدا؟. رەنگە چواندنەکە هێندەی بە زیانی کەیس و وێنای ستەملێکراویی سەردەشت تەواو ببێت بە هیچ جۆرێک بە قازانجی شۆرەتی ئەو شەهیدە تەواو نەبێت. بە پێچەوانەوە، سیمایەکی هاوبەش و لێکچوونێکی زۆر گەورە لە نێوان کارەکتەری ئاپۆ (عەبدولا ئۆجەلان) و گرامشیدا هەیە، بەوەی هەردووکیان لە زیندانی دوو دەوڵەتی هەرە فاشی دنیادا (ئیتاڵیا و تورکیا) تیۆریزەی زۆر گرنگ

و مێژووییان لە بوار و کایەی فیکردا بە ئەنجام گەیاندووە. لە دۆخی گرامشیدا و لە ماوەی مانەوەی لە زیندانی فاشییەکاندا لە (١٩٢٩-١٩٣٥) زۆرترین تیۆریزەی کردووە لە هەمبەر فۆردیسم، کۆمەڵگەی مەدەنی، رووناکبیر، هەژموون، بلۆکی مێژوویی، ئەوەشی پێی دەوترێت (پەڕاوەکانی زیندان) لە ٣٠ نامیلکە و سێ هەزار لاپەڕە پێکهاتووە، هەرچی دۆخی ئاپۆشە زیندانەکەی خۆی لە دوورگەی ئیمراڵی کردووە بە جێگەی زۆرترین تیۆریزە و نووسینی هەزاران لاپەڕە لە بوارە جیاجیاکاندا، لە هەموویان گرنگتر بەپێی بۆچوونی ئەز، کتێبی (لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراسیانە) و کتێبە چەند بەرگییەکەی (مانیفێستۆی شارستانی دیموکراتی)یە کە رەنگە هێندەی گرامشی بگرە زیاتر، فیکری لە زیندانی بەرهەم هێنابێت. کەچی هیچ رۆشنبیرێکی کورد ئاوەزی بەوە نەشکاوە، ئەو لێکچوونە زۆری هەیە لە نێوان گرامشی و ئاپۆدا کەشف بکات. یان هەیانە سەردەشت بە (لۆرکا) دەچوێنێت، هەڵبەتە بۆ خۆم یەکەم نووسەر بووم «(ەکر عەلی)م بە لۆرکا چواند، ئاخر لە نێوان هەردوو کارەکتەری لۆرکا و بەکر عەلیدا کۆمەڵێک سیفات و خاڵی هاوبەش و هاوشێوە هەیە، هەردووکیان شاعیر بوون، هەردووکیان سۆشیالیست بوون، هەردووکیان هەژار بوون، هەردووکیان بە دەستی فاشیزم تیرۆر کران، هەردووکیان تەمەنیان لە یەکترەوە نزیکبوو بەپێی کاتی مردنیان، هەردووکیان شیعری چینایەتی و ئەویندارییان هەیە، زۆر لێکچوونی تریش. نابێت گەڕان بە دوای دۆزینەوەی هاوشێوەبوونی تاوانەکاندا لە هیچ کەیسێکدا ببێتە نەریتێکی رۆشنبیریی، ناڕەوایە کەیسی شەهید سەردەشت بچووک بکەینەوە و بیخەینە دۆخی بەراووردکارییەوە، هێندەی دەبێت لە سایکۆلۆژیای ئەو دەسەڵاتە بکۆڵینەوە بەرگەی بچووکترین رەخنە ناگرێت و کاردانەوەی خوێناویی دەنوێنێت، ئەم نەریتەش وەک مۆدی لێهاتووە هەر لە ساڵیادەکاندا کارەساتەکانمان بیر دەکەوێتەوە، رۆژێک بۆ ئەنفال، رۆژێک بۆ کیمیاباران، رۆژێک بۆ راپەڕین، رۆژێکیش بۆ سەردەشت یان کاوە گەرمیانی، پێموایە هەموو رۆژێک هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی باسی تیرۆری سەردەشت یان کاوە گەرمیانی یاخۆ بەکر عەلی یان سۆران مامەحەمەی تێدا بکەین، لە بیربردنەوە

و بە بچووک نیشاندانی قوربانییەکان و جیاکردنەوەی کەیسێکیان لەویتر هیچ ناگەیەنێت جگە لە هەڵڕشتنی رقێکی بچووک نەک توورەییەکی گەورە لە بەرامبەر دەسەڵاتی زاڵدا، رەخنە زبرەکانم لێرەوە سەرچاوەیان گرتبوو کە بە پەراوێزخستن و تەریکبوونەوەی خۆم و هەقیقەت کۆتایی هات.

سێیەم: ئەوەی لە ناوەندی رووناکبیریی کوردییدا دەگوزەرێت نیشانەیەکە بۆ هەژموونی هەرچی و پەرچییەکان (ئەوباشەکان) کە تێیدا رەخنە چەمکێکی ئیپستمۆلۆژیی نییە، بەڵکو چەکێکی ئەتۆمی وێرانسازە. لە سایەی ئۆتۆریتەی ئەوباشەکاندا، رۆشنبیریی کوردیی لە بری هەنگاوێک بۆ پێشەوە سەد هەنگاو بۆ دواوە گەڕاوەتەوە و بووە بە پاشکۆی رۆشنبیریی گەلانی تر. بێجگە لەوەی هەرەمی رۆشنبیریی تاپۆ کراوە لەسەر دەستەیەک جگە لە هێنانی پاشەڕۆکە فیکرییەکانی رۆژئاوا لە دەستی دووەم و سێیەمە چیتریان پێ نییە، ئەم بازنەیەش بەردەوام بە شان و شەوکەتی یەکتردا هەڵدەدەن، هەر دەنگێکی تازە و دەرەوەی خۆیشیان خەفە دەکەن، ئەوەی لەو ناوەندەی پێی دەگوترێت نێوەندی رووناکبیریی کوردیی دەگوزەرێت لەلایەک تراژیدیایە و لەلاکەی تر کۆمیدیا، رەخنەش لەم دۆخەدا هەر لە ناوەڕۆکی چیرۆکە تەنز ئامێزەکەی شادیە کاکەسوور دەچێت، ئەو لە چیرۆکێکی کورتدا بە ناوی (شیربرا) نووسیوویەتی: هەژار سەلام هەر کتێبێکی دەنووسی و بە چاپی دەگەیاند، هەر خێرا سەلام هەژاری شیربرای وتارێکی دوورودرێژی لەسەر دەنووسی و بە شانوباهوویدا هەڵدەدا. دواجار لە بارەی ئەو بەرهەمەی مانگی پێشوو کەوتە بەر دەستی خوێنەر، وتبووی: هەژار سەلام رۆژ بە رۆژ تواناکانی گەورە دەبن، بەڵگەش ئەو کتێبەیەتی، کە لە هەموو ئەوانەی پێشووی چاکترە. سەلام هەژار چاوەڕێی سوپاسی هەژار سەلام بوو، کەچی ئەو لە نامەیەکدا هەزار جنێوی پێ دابوو، چونکە ئەو کتێبە هی هەژار سەلامێکی دیکە بوو، کە تازە دەستی داوەتە نووسین و ئەمە یەکەم بەرهەمیەتی. سەلام هەژار هەر خێرا سەرنووسەری ئەو گۆڤارەی رازی کرد، کە لە ژمارەی داهاتوودا بنووسن: «روونکردنەوە: ئەو سەلام هەژارەی ناوی بەسەر بابەتی «...»ەوەیە، سەلام هەژارە کۆنەکە نیە، بەڵکو یەکێکی ترە و تازە دەستی داوەتە نووسینی وردە شتی ساکار».

# سەرکەوتنی ساناتۆس
# گەڕانەوەی تارمایی جەنگ

من: لە راستیدا ژیان رووداوێکی زۆر خۆش نییە، ماندووبوون و هەراوهوریایە، مرۆڤ لە نێو ئەم جەنجاڵییەدا هەوڵێکی زۆر دەدات برێک لە چێژی کاتیی دەستبکەوێت، دەنا توانای بەرگەگرتنی نەدەبوو لەم ژیانە پڕ چەرمەسەرییەدا. ئەمە جەبری ژیان خۆیەتی، پڕیەتی لە ململانێ و نەحەسانەوە، لە دژوارییی و زاڵبوون، لە ئاستەنگ و سەرکەوتن و بڵندبوونەوە، لە نوچدان و هەستانەوە، لە گریان و پێکەنین، لە دڵتەنگی و شادومانی، دەسەڵاتی مرۆییش سنووردارکراوە لەنێو ئەم ژینە مەرجدارەدا. بە گشتیی ئازار مێژووی بوونی داپۆشیوە، وەک ڤان کوخ دەیگوت: (تاکە وانەیەک پێویستە لە ژیاندا فێری ببین ئەوەیە بێ سکاڵا ئازار بچێژین)، کەچی مرۆڤ هێندە هاروهاجە لە ناو پانتایی ژاندا، رووبەرێکی ئارام پەیدا دەکات بۆ خۆدزینەوە لە ئازارە وجودییەکانی ژیان، وەک ئەوەی ماکس برود لە کاتی دیاگنۆسی نەخۆشییەکەیدا بە کافکای گووت: (لە نێو غەمگینیشدا هێشتا دڵخۆشیت!). تا ئێرە باسمان لە ماکی رەسەنی ژیان و غەمەکانی کەینونە کرد، بەڵام لەوە بێماناتر ئەو یەکترخواردن و پووچکردنەوە مرۆییەیە، نەزمێک بەسەر ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکاندا دەیسەپێنێت، مرۆڤ لە ژیانێکی کورتدا مافی ژین و بەهرەمەندبوونی هەیە لە (خۆشی) و (ئازادییەکان). ناشێ لەگەڵ فامکردنماندا بەوەی فڕێدراوینەتە سەر هەسارەیەک بە وتەی کانت لە شێتخانەیەک دەچێت، ئیدی بە دوای هیچەوە نەبین، ئەگەر ژیان شانۆگەرییەکیش بێت، دەبێت هەر یەکێکمان بە رۆڵی خۆمان هەستین، هەر بە راست ئەوەندەی ژیرییم یارمەتیداوم بۆ تێگەیشتن لە ژیان، وام بینیوە تەنیا شانۆگەرییەکی گاڵتەجاڕانەیە، جۆرێکە

لە کۆمیدیای ڕەش، مافی هەمووانە لەسەر ستەیج بە کۆژانەکانمەوە پێبکەنین. پەیدابوونی شارستانێتی نەک باری شانی مرۆڤی سووکتر نەکرد، بەڵکو چیرۆکی شارستانی بە هەڵچنینی دیوارە کولتوورییەکانی نێو ژیان دەستپێدەکات، هەر بۆیە بە لێکدانەوەی فرۆید چێکردنی شارستانی ئازادیی دەستەبەر ناکات، بەڵکو ئازادیی دەستکەوتێکی پێش شارستانێتییە و لە سایەی ئەودا ڕێگر و لەمپەرەکان زۆرتر قوت دەبنەوە. هەر بەم هۆیەوە سلاڤۆی ژیژەک بە ئاماژەدان و وەرگرتنی قسەیەکی پیتەر سلۆتەردایک : (لە زەوییەکدا دەژین کە لە کەشتی ئاسمانی دەچێت)، دەڵێت: (ئەرکی سەرەکیمان بە شارستانیکردنی شارستانییەتەکانە). لەولاوە (چول هان)ی بیرمەندی ئەڵمانی بە غەمگینییەوە ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت: (کۆمەڵگەی پێرفۆرمانسی ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکی خۆچەوسێنەری ئارەزوومەندانەیە). هەموو ئەم تێڕوانینانەش دەمانبەنەوە بۆ لای فریدریش نیچە، ئاخر ئەو لە ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنە وەک دەرکەوتەیەکی ڕۆژئاوایی بە قووڵی ئاوڕ لە ریشە ژیارییەکانی خۆرئاوا دەداتەوە و پێیوایە ڕۆژئاوا (ئەوروپا) بە گشتیی بکوژ و مەرگپەروەرە، واتە هەرچی چالاکیی زیندووە تووشی مەیینی دەکات و لە دەستاڕی مەرگدا دەیهاڕێت. تراژیدیاکەش ئەوەیە تا ئێستا مرۆڤایەتی نەیتوانیوە هیچ شارستانییەکی دەوڵەمەندتر لە ژیاری خۆرئاوا دابمەزرێنێت. کەواتە لە چ دۆخێکداین؟، بەرسڤەکە ئەمەیە: لە سەردەمێکداین لە خۆرهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا تەپڵی سەرکەوتنی ساناتۆس بەسەر ئیرۆسدا لێدراوە و هەر لێدەدرێت و لێدەدرێتەوە.

سێیەر: مێژووی مرۆڤ بە دیاریکراویی لە دوای کۆمۆنەی سەرەتاییەوە مێژووی خوێنە، لەوەتی مێژوو بیری دێتەوە جیهان خوێنی لەبەر دەڕوات، کێشمەکێش و ئاژاوە و ناسەقامیگریی وەک کابووسێکی ئەبەدیی و جەبرێکی چارەنووسئامێز بەرۆکی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە گرتووە، هەر لاپەڕەیەک لە مێژوو هەڵدەدەیتەوە لەبری مەرەکەب شووشەیەک خوێنی بەسەردا ڕژاوە، تەنانەت بە پێی میتۆلۆژیا (ئەفسانە سەرەتای چرۆکردنی شارستانێتییە) خوێنڕێژیی لەگەڵ چیرۆکی دەستەی یەکەمی مرۆڤدا دەستپێدەکات، میتۆسی هابیل و قابیل هەوڵێکی چڕی میتۆلۆژیایە بەم ئاقارەدا. کاتێک دیرۆکی شارستانی دەخوێنینەوە، چیرۆکی جەنگ

و خوێنبەربوون و پێکدادانەکان چاو لێ دەکەین، هەر لە ئیمپراتۆریا جیهانگرەکانی پێش زایینەوە تا بە شۆڕشی فەڕەنسی (١٧٨٩) دەگات و تا ئەمڕۆش، گەواهیدەر دەبین لەسەر چیرۆکگەلێکی راچڵەکێنەر و تراژیدیک. ئەگەرچی جەنگە کۆنەکان بەهۆی ساکاریی کەرەستەکانی شەڕکردنەوە کەمتر لە جەنگە مۆدێرنەکان زیانی گیانی لێ کەوتووەتەوە، هەندێک لە مێژوونووسان بۆ تەبایی نێوان میتۆلۆژیا و قەبارەی زیانەکانی ئەو جەنگانە، موبالەغەیان لە نووسینەوەیاندا کردووە، بەڵام بەستەرێک هەرتک مێژوو پێکەوە گرێ بدات بریتییە لە دیمەنی خوێنڕشتن بە توندترین و دڵڕەقانەترین فۆرم. ئەنگلس لە کتێبە بەنامێکەیدا (ئەنتی دوهرینگ) لە وەڵامی ئۆژین دوهرینگدا، سەرنجمان بۆ خاڵێکی گرنگ رادەکێشێت: (لە مێژوودا تێگەیشتن لە جەنگ تەنها لە رێگای تێگەیشتن لە پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دروست دەبێت). نهێنی ئەوەی رۆشنگەریی و مۆدێرنە نەیانتوانی کۆتایی بە حکایەتی جەنگە بچووک و گەورەکان بهێنن لێرەدایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆیان میکانیزم و رێخۆشکەری بەرپابوونی جەنگە گەورەکانی سەدەی بیستەم بوون. بە تایبەت ئەو دوو جەنگەی لە منداڵدانی مۆدێرنەوە دروست بوون نەک هەر ئەوروپایان لە خوێن هەڵکێشا بەڵکو شوێنەواری بەسەر هەموو جیهانەوە جێهێشت، یۆتۆپیاکانی مۆدێرنێتەی گۆڕی بۆ دیستۆپیایەکی ناکۆتا، وەک بڵێی کۆی ژیان و مێژوو (ئاگربەستی نێوان جەنگەکان بێت) یان وەک ئەوەی مارکس لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا تێبینی کردبوو (کاتێک سەرمایە هاتە سەر شانۆی مێژوو، خوێن لە هەموو کونەکانەوە فیچقەی کرد). ئەم چەند دەیەی دوای دوو جەنگە گەورەکەی جیهان، سەرباری دەیان جەنگی بچووک و گەورە هێشتا خوێنڕێژیی لە هەموو لایەکەوە بەردەوامە، لە خۆرئاوای دوای جەنگی جیهانی دووەمیشدا کە هەفتا و حەوت ساڵێکە بە رەوشێکی ئارامدا تێدەپەڕێت، عەقڵی ئامێریی و زێدە بەرهەم و تێکدەرە ژینگەییەکان و راگەیاندنی جەنگ دژی سروشت، ئاکامێکی وای لێ کەوتووەتەوە خەریکە کۆتایی بە داستانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەهێنێت. خولاسە زانستی ئەمڕۆ زانستی جەنگە بە هەموو ماناکان.

من: کاتێک باسی شارستانێتی کەونار دەکەین ئیمپراتۆریەتی رۆم دێتە ناو

یادەوەرییەوە، ئەم شارستانییەتە لە ژێر سێبەری شمشێری گلادیاتۆرەکانەوە رسکا، سێرگی خوێنین گەمەیەکی رۆمانییە و لە نمایشێکی کەرنەڤاڵ ئامێزدا هەزاران دیلی جەنگ و کۆیلەیان لەو شوێنەی لە سلێمانی دروستکراوەتەوە بە ناوی گۆڕەپانی رۆمانی چەشنی یارییەکی رۆمانسی لە پێش چاوی هاندەران و ئامادەبووان گۆشتاوگۆشت سەردەبڕی. یۆنانی دێرینیش شارستانێتییەکی ئیستاتیکی نەبووە، ئەگەر نا رەخنەکانی سوکرات چی بوون؟، مەیلی رازاندنەوەی شارستانی گریکیی هەڵەیە. بە وتەی ڤالتێر بنیامین: «هیچ دیکۆمێنتێکی شارستانێتی بوونی نییە ئەگەر لە هەمان کاتدا دیکۆمێنتێکی بەربەریزم نەبێت». (مانای بەربەریزم بە پێی سیاقی رستەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە گریگەکان بۆ ئەوانە بەکاریاندەهێنا بە یۆنانی نـەدەدوان، بەڵام لە تیۆری مارکسیستیدا بەو بۆشاییە دەوترێت لە نێوان کۆمۆنەی سەرەتایی و سەرەتای سیستمی چینایەتیدا هەبووە). ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن تۆتالیتاریزمی نازیزم پێچکردنەوەیەکی مێژوویی نەبوو لە رەوتـە گشتییەکەی شارستانێتی و عەقڵانییەتی مۆدێرنێتە بەقەدەر ئـەوەی نوێنەرایەتی ئەو مێژووەی دەکرد شارستانیی بڕیبووی، بە دیوێکی تردا نازیزم لادان نەبوو، بەردەوامیدانێکی بێ پێچکردنەوە بوو لەسەر راستە شەقامی شارستانێتی نوێی سەرمایەداریی و عەقڵانییەتی رۆشنگەریی!، لە باری واقیعیشەوە نازیزم رووخسارێکی پێشکەوتوو و تەکنیکیی شارستانیی سەرمایەداریی بوو. مەگەر ئەوە ئامادەگیی زانست و عەقڵی مۆدێرنێتە نەبوو لە ساونەکانی خنکاندن بە گاز و هەڵم لە کەمپەکانی مەرگی نازیزمدا لە پرۆسەی هۆلۆکۆستدا؟. بڕواننە تێزەکەی یوڤاڵ نوح هەراری رادیۆ و کارەبا و هێڵی ئاسن چۆن بوونە خزمەتکاری نازیزم و فاشیزم!. وەک چۆن بەشێک لە داروینستەکان پێماندەڵێن خودی تیۆری پەرەسەندن، گەشە و پەرەسەندنی فۆرماڵە نەک ماهیەت، بە زمانێکی سادەتر پەرەسەندن بە مانای سەرکەوتن نییە لە نزمارییەوە بۆ بەرزایی و لە خۆیدا مانایەکی ئەرێنیی نییە، بە هەمان شێوە گەشەکردنی شارستانیی و عەقڵانییەت دەستەبەری ئازادیی نییە و بەرەوپێشچوونی هاوتەریبی عەقڵ و ئازادیی نییە پێکەوە، تیۆری مارکسیزمیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە (مێژووی

مرۆڤایەتی هێڵێکی نەپچڕاوی پێشکەوتن نییە) بۆیە دوای دوو جەنگی جیهانی و باراندنی کیمیایی بەسەر هیرۆشیما و ناکازاکیدا، تەنانەت کاتی ئاوڕدانەوە هات لە رەخنەکانی نیچە لە مۆدێرنە و پڕۆژە عەقڵانییەکەی شارستانێتی خۆرئاوایی.

سێیەر: مارکس باس لە وێرانکردنی کۆمەڵگا و کولتووری هیندیی دەکات لەسەر دەستی بەریتانییەکان کە تەمەنی شارستانێتییەکەیان لە هەزاران ساڵ تێپەڕیبوو، چونکە مارکس پێیوایە پێشکەوتنی سەرمایەداریی یارمەتیدەری ئەو سەرکەوتنانە بوو بۆ بەریتانیا، بە پێچەوانەی داگیرکاریی چەند سەدەیی مەغۆلەکان بۆ سەر هیند، ئەوان نەیانتوانی کۆمەڵگەی هیندیی لەناو ببەن، بەڵام چونکە دواکەوتووتربوون لە ناو هینددا توانەوە، هەمان شت لە مێژووی پەلاماری بەربەرەکان بۆ سەر رۆم دووبارە بووەتەوە، تەنانەت بەربەرەکان زمانی خۆیشیان لە دەستدا و لەناو زمانی لاتینیدا توایەوە! بەدەر لەو فاکتە مێژووییانەی مارکس خستوونیە روو، هەمان شت لە ئەمەریکا روویدابوو، پێش ساڵی ١٤٩٢ و هاتنی کۆڵۆمبۆس بە کەشتییەکی نەفرەتییەوە، ژمارەی دانیشتوانی رەسەنی ئەو کیشوەرە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن کەس بوو، بەڵام دواتر لە رێگەی بڵاوکردنەوەی تاعون و کۆلێرا و جەنگی بیۆلۆژیی کلاسیکییەوە قڕیان تێخستن و ئەو ژمارەیە کەم بووەوە بۆ یەک ملیۆن، دوای پێنج سەد و سی ساڵ، هێشتا ئەمەریکییە رەسەنەکان ژمارەیان نەگەیشتووەتەوە پەنجا ملیۆن، هەموو لاتین ئەمەریکاش بە زمانی ئیسپانی و پورتوگالی قسە دەکەن، ئەمەریکای باکووریش بە ئینگلیزیی، ئەمەش بە پێی ئەو پرۆسەیە بوو ناوینرابوو گواستنەوەی شارستانێتی بۆ کێوییەکان، دیاری دەستی ئەم ئیمپریالیزمە کۆیلەکردن و چەوساندنەوە و کوشتوبڕ و تالانکردنی ئاڵتوون و زیو و شەکر بوو.

من: گواستنەوەی شارستانی تێزێکی دڕندەی ئیمپریالیستیانە بوو، وەک چۆن لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەمەریکا بە ناوی گواستنەوەی دیموکراسییەوە لە چوارچێوەی پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا سەرتاپای ناوچەکەی لە ئاگر و خوێن هەڵکێشا. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە بۆ ناولێنانی ئەو کۆمەڵگا بەراییە ناشارستانییانەی تا نهۆ پارێزگارییان لە بەراییبوونی خۆیان کردووە،

بەو فاکتە دەگەین شتەکە تەواو پێچەوانەیە!، زۆرێک لەو هۆزە پریمیتیڤانەی لە ناوەڕاستی ئەفەریکادا دەژین یان خێڵە بەراییەکانی ناو دارستانەکانی ئەمازۆن، ژینگەدۆست و سروشتپەروەرن، هیچ کاتێک ناتوانن درەختێک لە ریشەوە هەڵبکێشن، زۆرینەیان رووەکخۆرن تا گۆشتخۆر بن، سرووتی تایبەتیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، جۆرێک لە ریتواڵسازیی لە دەرهێنانی بەروبوومەکانی ژێر زەوی وەک سێوی بن زەوی و گۆزروان و هتد.. ئەنجام دەدەن، وەک بڵێی داوای لێبوردن لە سروشت بکەن کاتێک بەرهەمێکی لێدەسەنن یان لە خۆیدا ئەوە کەرنەڤاڵ و مەراسیمی سوپاسگوزاریی بێت بۆ سروشت لە بەرامبەر بردنی هەر بەروبوومێک کە ئەو پێیان دەدات، جۆرێک لە ئازاری ویژدان تیایاندا زاڵە وەک ئەوەی تووشی گرێی ئۆدیب بووبن یان وەک بڵێی ئۆرگانیزمێکیان کوشتبێت کە شایانی زۆرتر مانەوە و ژیان بووە لە ئامێزی سروشتدا، هەر بۆیە کوشتن لەم جۆرە کۆمیونیتانەدا گوناهێکی گەورەیە و شایانی لێخۆشبوون نییە! بە پێچەوانەی مرۆڤی شارستانییەوە، لە رێگەی پاوەرێکی ناسروشتییەوە لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی هەموو شتێکدایە بە خودی سروشتیشەوە. تەنانەت مرۆڤی شارستانیی نوێ کە مارکەیەکی دڵخوازی کاپیتالیزمە هێندە لە خودپەرستیی (ئیگۆیستی)دا رۆچووە، هیچ بەهایەکی ئاکاریی ناتوانێت رایبگرێت لە کوشتن و جەنگ کە دەشێت مرۆڤ ئەم نەریتەی لە قۆناغی راوشکارەوە گەیاندبێتە ئەمڕۆ، بەو چەشنەی (ئاشۆکا)ی پادشای هیند لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا تێبینی کردبوو.

مرۆ بێ ئەوەی وازی لە لەناوبردنی سروشت و ژینگە هێنابێت، بێ ئەوەی هەست بە ئازاری ویژدان بکات بەرامبەر بە ئاژەڵان، نەریتی راوکردن و قڕکردنی مرۆڤیشی پەرەپێداوە، بە هەمان یاسای دارستان (لاوازەکـان دەبنە نێچیری بەهێزەکان)، کوشتن و جەنگە خوێناوییەکان بەڕێوە دەبرێن. وەک وتیشم تەنانەت هیچ بەهایەکی ئەخلاقیی مرۆڤی نوێی پێ داناسەکێ، لە ئاستە هەرە نزمەکەی خۆیدا ویژدانێکیش نەماوە تا ئازار بچێژێت، وەک ئـەوەی سەباحەدین عەلی نووسەری تورک ١٩٠٧-١٩٤٨ لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا، نووسیبووی: (ئەو شتەی پێی دەڵێن ئـازاری ویـژدان هەر هەفتەیەک بـەردەوام دەبێت). ئەفسوس

هەفتەیەک ژانی ویژدان بەس بوو بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی نەهامەتییەکانی ژیانی سەردەم، لێ ویژدان دەرمانی برینەکانی ئەم جیهانە لنگەوقووچە ناکات، بەڵام بۆ راگرتنی خوێنبەربوونی زیاتر، لانیکەم بە بزوانی ویژدانەکانیش رازین. ئەگەرچی لە دەروونشیکاریی فرۆیدەوە فێربووین جیاکاریی لە نێوان ویژدان و سوپەر ئیگۆدا (منی باڵا) بکەین، کەچی دۆخی هەنووکەیی باوکە دیکتاتۆرەکەشی تێدا کوژراوە (سوپەر ئیگۆ) تا جڵەوی خواستەکانی ئەو (ئید) بکات لە پێناوی ئاواکردنی شارستانێتیدا، شارستانێتی تازە کە هیچ سوپەر ئیگۆیەک وەک رەقیب بەسەریەوە نەماوە، بووەتە فۆرمێکی تری بەربەریزم یان تێپەڕین بۆ سەردەمی بە دراگۆلابوونی مرۆڤ، نەک گەڕانەوەی بۆ دواوە، هیچ نەبێت مرۆڤ لە قۆناغی بەرایی و دڕندایەتیدا هێندە خوێنڕێژ نەبووە وەک ئەوەی ئێستا هەیە. جەنگەکان بەڵگەیەکی بچووکی ئەم راستییەن، کۆی جەنگە هاوچەرخەکان لە جەنگی سایبەریی و بیۆلۆژییەوە بیگرە تا رووبەڕووبوونەی سەنگەر بە سەنگەری سوپاکان، ماشێنی سەرمایەداریی لێدەخوڕن (جەنگی رووس و ئۆکراین نموونەیەکە).

سێیەر: بە رووخانی ئیمپراتۆریای رۆمی رۆژئاوا لە ساڵی ٤٦٧دا، مێژووی ئیمپراتۆرییەتە کلاسیکییەکان لە ئەورووپادا کۆتاییان پێ هات، بەڵکو لەم مێژووە بە دواوە کە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستدا، دەوڵەتی گەورەش لە سەرتاسەری ئەورووپادا لە ئارادا نامێنێت، بە پێچەوانەوە فەرمانڕەوایی میرنشینی بچووک بچووک لە سەراپای کیشوەرەکەدا بوو بە مۆدیلی زاڵی بەڕێوەبردن. چاخی زێڕینی فیودالیزم دە سەدەی خایاندووە لە رووخانی رۆمی رۆژئاواوە تا رسکانی چینی بۆرژوازی، دەشێ بڵێین هەزار ساڵ و شتێک زیاتریش تەمەنی کردووە. لەبەرئەوەی هەر داهێنانێکی تەکنیکی پێشنۆرە بۆ خۆشگوزەرانیی فیودالەکان وەک کەمینەیەکی بچووک بووە، گەشەی پیشەگەریش لە ئاستێکی سنووورداردا بووە، بێجگە لەوەش فیودالەکان ڕێگەیان بە داهێنانی پیشەسازیی نەداوە زیاتر لە پێویستییەکانی ئەم پێڤاژۆیە کە بریتی بووە لە داس و گاسن و کەرەستەی جەنگیی ساکار و ئەو ئامێرە سەرەتایی و سادانەی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی وەرزێریی و ڕێکخستنی لەوەڕگاکان پێویست

بوون. بە درێژایی تەمەنی فیودالیزم شاری گەورە وەک مەڵبەندی سەرەکیی گەشەکردنی ئامێرسازیی نەهاتووەتە ئارا، تەنیا پایتەختەکان لە رووی جوگرافیی و ژمارەی دانیشتوانە گەورەتر بوون لە شارەکانی تر، بە تێکڕاش شار شوێنی ژیانی پیشەوەران نەبووە، بەڵکو بە گشتیی جێگەی ژیان و خۆشگوزەرانیی چینی بازرگان بووە کە زۆرینەی ئەو کالایانەشی بزنسیان پێوە دەکرا لە ئاوریشم و زێڕ و زیو و فەخفور و هتد.. بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی و خۆشگوزەرانی پادشا و خانەدانە خاوەن زەوییەکان و پیاوانی کڵێسە بووە، بە پێچەوانەوە نەوەد لە سەدی دانیشتوانی ئەوروپا لەم سەردەمەدا ئاکنجی گوندەکان بوون، لەو ژمارەیەش نەوەد و حەوت لە سەدیان ئەو وەرزێر و پالانە بوون لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان خەریکی چاندن و کشتوکاڵ بوون، زۆرینەی جووتیارانیش دەرەتانی ئەوەیان نەبووە جگە لە ئامڕازە سادەکانی کاری وەرزێریی ببنە خاوەنی هیچ پێداویستییەکی تر، بەم هۆیەوە پیشەوەریی و داهێنانی تەکنیکی بۆ بازنەیەکی بەرتەسکی کۆمەلایەتی بووە کە خۆی لە خاوەن زەویوزارەکان و پیاوانی ئاینیی (کەنیسە) و پادشاکاندا بینیوەتەوە.

بەشێکی تری خاو گەشەکردن یان گەشەنەکردنی ژیانی پیشەیی پەیوەندیی بە کولتووری قارەمانە جێنتڵمانە ئەسپسوارەکانەوە هەبووە، ئەمانیش وەک پاشماوەی نەریتی رۆم پیشەوەرییان بە سووک و ئیشێکی شەرمهێنەر سەرنجداوە، زیاتر لە رێگەی شمشێر و تفەنگەکانیانەوە نانیان پەیدا کردووە، هەروەک چۆن سێرڤانتس لە (دۆنکیشۆت)دا باسی ماڵئاوایی لەم کولتوورە دەکات، لەبەرئەوەی دۆنکیشۆت لە سەردەمی رسکانی بۆرژوازی و شارنشینیدا خەونی بە سەرکێشیی پاڵەوانە ئەسپسوارەکانەوە دەبینی بوو بە گاڵتەجاڕ. بە پشکنینی مێژوو بەو راستییە گەیشتم لەم ناوکۆییەدا لەبەرئەوەی دەوڵەتەکان دەوڵەتی لۆکالّی و بچووک بوون، هاوکات ئابوورییەکی بەهێزیان نەبووە و رەواییان لە کەنیسەوە وەرگرتووە و لە رێگەی باج و خەراجەوە خۆیان بەڕێوە بردووە، نەیانتوانیوە دامەزراوەی سوپا بەهێز بکەن، بەلام ئەمە هێشتاش مانای پەڕاوێزخستنی لەشکر و کەرەستە جەنگییەکان نەبووە، ئەوروپا لە مێژووی هەزار ساڵەی سەدەکانی ناوەڕاستدا،

جگە لە دامرکاندنەوەی شۆڕشە ناوخۆییەکانی وەرزێران، هاوزەمان لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا لە جەنگێکی قورسدا بووە، بە تایبەت دوای رووخانی رۆمی رۆژهەلات، تەنانەت شەڕی خاچهەڵگران دەگەڕێتەوە بۆ پێش رووخانی رۆمی بێزەنتی و سەردەمی سەلاحەدین. مەبەستمە بڵێم لەو ناوکۆییەشدا کە ئەوروپا لاواز و هەژار بووە، ئامێرسازیی جەنگی لەسەرو هەموو تەکنیکەکانی ترەوە بووە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دانیشتوان وەرزێر بوون نەک سەرباز پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لە بواری چەکسازییدا بەدینەهات، بەڵکو تەنها کەمێک پێشکەوتن لە ئامرازە جەنگییەکانی سەردەمی کۆیلەدارییدا روویاندا، بۆ دنیای ئیسلامی و رۆژهەلاتیش هەر لە چینەوە تا ئاسیای ناوەڕاست هەمان شت لە ئارادا بووە.

من: لە باری کردارییەوە لەگەڵ دۆزینەوەی باروتدا چاخێکی تر لە هزر و ژیانی مرۆڤایەتیدا دەستپێدەکات، مرۆڤ چیدی رازی نییە بوونەوەرێکی ئاسایی ناو سروشت بێت، بەڵکو دەیەوێت بەم رێگەیە دڕندایەتی خۆی ئیسپات بکات و دەستیش بگرێت بەسەر ئەو سروشتەی مێژوویەکی ئێجگار تولانی خۆی بە بەشێک زانیوە لێی. دۆزینەوەی باروت دۆزینەوەی تەکنیکێکی نوێی جەنگ و خێراتر لەناوبردن بوو. شۆڕشی پیشەسازیی لەو سنوورەدا نەوەستا، زێدەکالا بەرهەم بهێنێت و میترۆپۆلیسەکان پڕ بکات لە تاکی کرێکار و ئەتۆمیزەکراو، بەڵکو پەرەی بە پیشەسازییەکی فراوانتر و وێرانخوازانەتریش دا لە بواری چەکسازییدا، مێژوو دەرگای لەسەر چاخێکی تازە کردەوە کە جەنگەکان کە تێکڕا ناوەڕۆکێکی چینایەتیان هەیە و فاکتۆرە ئابوورییەکان رۆڵگێڕی سەرەکین تیایاندا سەد هێندەی جەنگە گلادیتاتۆریی و پاڵەوانە شمشێر بەدەستەکانی تەرواده خوێناوییتر بن، ئیدی گومانیش لەو عەقڵە چەکەرەی کرد مۆدێرنە و رۆشنگەریی رژدانە داکۆکیان لێدەکرد و کردیانە سەنتەری هەموو شتێک، چونکە عەقڵگەرایی لەوە تێپەڕی رێوشوێنی عەقڵانی بۆ باشترکردنی ژیان و ئازادیی بکاتە دیاری مرۆڤایەتی، بە پێچەوانەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوودا، دوو جەنگی گەورەی جیهانداگری کردە چارەنووسی تاڵی ملیۆنان مرۆڤ و شانۆی جیهانی کردە کوشتارگەیەک.

لە دوای هەردوو جەنگەکە، بەدەر لە رەخنە لاوەکییەکان لە فاکتۆرەکانی پشت بەرپابوونی ئەو دوو جەنگە، رەخنە هەرە ریشەییەکەش وروژێنرا، خودی عەقڵ کە هەموو خەیاڵ و ختوورەیەکی مێشکی دەکردە واقیع، خرایە ژێر نەشتەر.

ئەگەر لیوناردۆ داڤنشی ١٤٥٢-١٥١٩ هێڵکاریی هەلیکۆپتەر و پەرەشووت و شارێکی نموونەیی و کاتژمێری گیرفان و هەڵواسراوی کێشی وەک ئەندێشەیەکی هونەریی کردبێت، دوای چەند سەدە ئەم شتانە لە تابلۆکان هاتنە دەرەوە و بوون بە واقیعێکی زانستیی، ئەمەش بۆ مرۆڤی نوێ بوو بە تراومایەک، هەرچی غایلە و فەنتازیاکانی مرۆڤ بوو، لە رێگەی عەقڵ و زانستگەراییەوە هێنرایە سەر سەکۆی واقیع. بیر دەکەمەوە بڵێم عەقڵی زانستی بەرەو ناعەقڵانییەت رێچکەی گرتووە، نازانم ئایا ئەم دەربڕینە پێش من کەسی تر وتوویەتی یان نا؟، بەڵام بە دیقەتدان لەوەی وا دەبینرا عەقڵ خزمەتکاری مرۆڤە، ئەمڕۆ پێچەوانەکەی دەبینین مرۆڤ کۆیلەی عەقڵ و داهێنراوە زانستییەکانی خۆیەتی!. عەقڵ و زانست مادام چەکی ئەتۆمیان داهێناوە، سەرشێتییەکی گەورەن، هەڵبەتە تۆقینەکە لەوەدا نییە ئەم چەکانە بەکاربهێنرێن، لەوەشدایە ئەگەر بتەوێت لەناویان ببەیت، چ کارەساتێکی گەورەی ژینگەیی بە دوای خۆیاندا دەهێنن!؟. بەکارهێنانی عەقڵ تا دوا ئیمکانەکانی خۆی نەک خۆشبەختی نەهێنا بگرە شێتێتییەکی تری مرۆڤی سەلماند. لەملاشەوە نەزمی باڵادەست ختوکەی هەستی مرۆڤی نوێ دەدات خۆی بە زیرەکیی و ئازادییەکەیەوە با بدات، بێ ئەوەی بە خۆی زانیبێت کۆت و بەند کراوە، کراوەتە کۆیلە و دەبەنگترین بوونەوەری ناو لاپەڕەکانی مێژوو. تەکنۆلۆژیای سەربازیی نوێش لەوە دەرچووە بە تەنیا چەک و کەرەستە و ئامێری جەنگیی بێت، بەڵکو لەشکرێکی بێ ویژدانی ڤیرۆس و رۆبۆتی دراگۆلائاساش چاوەڕێی فەرمانن، دیمەنەکە هێندە درامییە رێک وەکوو میتۆلۆژیا ئیسلامییەکە: (ئیسرافیل)ی فریشتە چاوی بڕیووەتە فەرمانی ئاسمان و هیچ کات چاو ناترووکێنێت، تا فوو بە کەڕەنای کۆتایی دنیادا بکات.

سێیەم: دەتوانرێت لە کتێبە پۆلمۆگییەکەی (داڤید هەنسن)دا بە ناوی (کوشتار و کولتوور) کرۆنۆلۆژیایەک بەدەستبهێنرێت لە بارەی ئەو جەنگانەی لە مێژووی

ڕۆژئـاواوە درێژبوونەتەوە تا دەوروبـەری كۆتایی سـەدەی بیستەم. ئەگەر لە جەنگی (كۆناكسا)ی ساڵی ٤٠١ی پێش زاییندا، گەزنەفۆن بە خۆی و دە هەزار جەنگاوەرەوە پەلاماری خۆرهەڵاتی دابێت و لە جەنگی (گۆگەمێلا)ی ساڵی ٣٣١ی پێش زایین، ئەسكەندەری مەكدۆنی سوپای ئیمپراتۆریاكانی ڕۆژهەڵاتی بەزاندبێت، لەم چركەساتەوە ڕۆژهەڵاتی زەوی شوێنی چاو تێبڕین و داگیركاری ڕۆژئاواییەكان بووە، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە مەڵبەندێكی سەرەكیی كشتوكاڵیی ئەویَ ڕۆژیَ و سەرچاوەیەكی بە پیتی وزە و سامانە سروشتییەكانی ئەمڕۆیە. هەنسن بە ژماردنی نۆ جەنگی هەرە مەزن لە دیرۆكی ڕۆژئاوادا، شوێن پێی (ئیدوارد كریس) ی مێژوونووسی سەدەی نۆزدە هەڵدەگرێت. كریس لە بەرهەمە كلاسیكییەكەی خۆیدا («پـازدە جەنگی چارەنووسسازی جیهان»، ساڵی ١٨٥١ لە سەردەمی شا ڤیكتۆریادا چاپكراوە)، پانزە جەنگی گەورە و چارەنووسساز لە مێژوودا بە یاد دەهێنێتەوە كە ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوە و لە بیرنەكراویان لەسەر شارستانێتی خۆرئاوایی هەبووە. پێشتریش هەنسن لە كتێبێكی تردا (شێوازە ڕۆژئاواییەكەی جەنگ- ١٩٨٩)، دیاگنۆس و زنجیرە فاكتێكی مێژوویی دەخاتە بەردەستی خوێنەر، بەوەی كۆنسێپتی (جەنگی چارەنووسساز) بەرهەمی سەردەمی مۆدێرن نییە، بە قەدەر ئەوەی ڕەگوریشەیەكی گریكیی هەیە و لە دەوڵەتشارەكانی یۆنانی كەوناراوە خۆی فۆرمۆڵە كردووە. ئەوەی لەو كتێبەدا بۆ من سەرنجڕاكێشە ئەوەیە هەنسن بە فۆنتێكی كاڵتر لیَ وەشانخانەكە فۆنتەكەی بۆ تۆخ كردووەتەوە بە گۆڕینی ناوی كتێبەكەی بە (بۆچی ڕۆژئاوا سەركەوتووە؟) داكۆكی لەو ئەنگێزەیە دەكات ڕۆژئاوا هێزێكی وەهای هەیە لە ڕووی توانای سەربازییەوە قابیلی تێكشكاندن و بەزاندن نییە!. ئەگەرچی لە كتێبەكەدا خۆی دوو نموونە لەو نۆ جەنگە دەهێنێتەوە، ئەسپی سەركەشانەی ڕۆژئـاوای تێدا گلاوە، كەچی دەستبەرداری ئەنگێزەی ئۆرۆسێنترالیزم نەبووە و پێیوایە لە دوای ڕینسانسەوە چیتر لە جەنگەكاندا ڕۆژئاوا بە ئاسانیی تێكناشكێندرێت!، وەك ئەوەی ڕۆژئاوا بە شمشێرێكی میتافیزیكیی و سەركەوتن لە چارە نووسراو، شەڕ لەگەڵ نەیارەكانی بكات.

هەمان دیمەن لە فیلمەکانی هۆلیوددا بە تایبەت لە فیلمە کلاسیکییەکانی رامبۆ و جیمس بۆنددا دەبینینەوە، رامبۆ بە تەنیا خۆی سەربازگەیەکی گەورەی رووسی سوور لەناودەبات، جیمس بۆند بە خۆی و ئۆتۆمبیلە تایبەتە ژیرەکەیەوە چی بوویت بۆ سەرورەریی ئەمەریکا و رۆژئاوا بەدەستی دەهێنێت. زۆرێکیش لە پاساوەکانی ئەم کۆلۆنایزەرە نوێیە، داماڵینی سیاسەتە لە بەری نیازە راستەقینەکە و لە کاتی هێرش بۆ سەر هەر دەوڵەتێکی خۆرهەڵاتیی یان لاتین ئەمەریکا، رستێک بڕوبیانووی مرۆڤدۆستانە و لیستێکی درێژی تاوان و پێشێلکردنی ئازادییەکان لە میدیاکانەوە بۆ گەرمکردنی ئاگری شەڕ، هاوکات بۆ لە بیربردنەوەی نیازە کۆلۆنیاڵیستییەکانی رۆژئاوا دەهێنرێتە سەر سەکۆی نمایش دروست وەک ئەو تێزەی سلاڤۆی ژیژەک لە لینینی قەرز دەکات و درێژەی پێدەدات: شەڕکردن بۆ مافی قوربانیانی جیهانی سێیەم، رەوایی بەخشیوە بە دەستێوەردانە سەربازیی و ئابووری و سیاسییەکانی دەوڵەتانی زلهێزی رۆژئاوایی. گەرچی نکۆڵی لە پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی تەکنۆلۆژیای سەربازیی رۆژئاوایی ناکرێت، بەڵام ئەمە شتێکە لە پێچێکی مێژووییدا بەدەستهاتووە نەک مێژوو هەر بەم چەشنە هاتبێت و بچێت. زۆر دوور نەڕۆین هەر دوێنێ بوو عوسمانییەکان گەیشتنە دەروازەی شاری ڤییەننا (ساڵی ١٦٨٣)، ئەگەر هیمەتی پادشای ئەوکاتی پۆڵۆنیا نەبووایە، ئێستا شتێک لە ئارادا نەدەما بە ناوی رۆژئاواوە، چونکە سوپای عوسمانلی سەدە و نیوێک بوو گەیشتبوونە لێوارەکانی ئەوروپای رۆژئاوا، مێژوو ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە چۆن لەشکری سوڵتان سولەیمانی قانونی لە ساڵی ١٥٢٦دا دەست دەگرێت بەسەر شاری بۆداپێستی پایەختی هەنگاریادا، ئەوەش یەکەم زەنگی مەترسیی بوو بۆ سەر جیهانی رۆژئاوای مەسیحیی، جارێکی تریش ئەوەم خستبووەڕوو ئەو کلێشەیەی نووکە پێی دەوترێت رۆژئاوا چ وەک چەمک چ وەک ناوەڕۆک لە دوای دۆزینەوەی ئەمەریکا و شکستی رۆمی رۆژهەڵاتەوە هاتووەتە ئارا، ئەگەر وا نەبوایە و عوسمانلی بیتوانیبا ڤییەننا بە دەردی بۆداپێست ببات، پڕۆژەی رۆژئاوا پێش ئەوەی بگاتە سەردەمی مۆدێرن بە دەڵەمەیی دەمرد.

من: بەڵگەنامە لیتۆگرافییەکان و ئەوەی لە کەلەپوور و پاشماوەی شارستانێتییە

دێرینەکان جێماوە لە نەخش و نیگاری پادشا شیر و زرێ بەدەستەکان و سوپا و لەشکرە چەکدارەکان، تەنیا گێڕانەوەی حکایەتی سەرکەوتنە جەنگییەکانە بەسەر یەکتردا. لە نموونەی کاولکردنی شاری بابل وەک رووناکترین و مەزنترین شاری سەردەمی خۆی لەلایەن سوپای ئاشوورییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە جەنگە یەک لە دوای یەکەکانی نێوان ئیمپراتۆرییەکانی وەکوو ئەکەدی و ئاشووری و بابلی و میدیی و هەخامەنشی و میسریی و گریکی و رۆمی وهتد... یەک دیمەنی زاڵ باڵی بەسەر هەموویاندا کێشاوە کە بریتییە لە دڕندایەتی و خوێن، هەر لە بنەماوە سەرهەڵدانی شارستانیی هاوکاتە لەگەڵ جەنگی رێکخراودا و لە هیچ وێستگەیەکی مێژوویيدا لێک جیا نەبوونەتەوە. بێ هۆ نییە مێژوو، کتێبی (هونەری جەنگ The Art of War)ی سۆن تزۆی لە پێنج سەدەی پێش زایینەوە بە دیاری بۆ هەڵگرتووین، ئەم کتێبە نەک هەر لە چین وەک مانیفێستی شەڕکردن و تەکنیکی جەنگ چاوی لێدەکرا، لە یەکەمین وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی ژاپۆنی لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا توانی رۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت لە یەکگرتنەوەی پارچە دابەشبووەکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریای ژاپۆنیدا کە ماوەی پێنج سەدە بوو لە شەڕ و ململانێی یەکتردا بوون، تەنانەت ئەم رۆڵە لای ژاپۆنییەکان درێژ دەبێتەوە بۆ سەدەی بیست، کاتێک (تۆگۆ هیهاچیرۆ)ی فەرماندەی هێزی دەریایی ژاپۆنی لە جەنگی (مینچۆر)دا لە ساڵی ١٩٠٥ بەسەر هێزەکانی رووسدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، زۆربەی تەکتیکەکانی قەرزاری ئەم کتێبە بە نرخەی سۆن تزۆ بوو، لەبەرئەمە ژەنەراڵ تۆگۆ نرخی ئەم پەرتووکەی لەسەرو هەموو کتێبەکانی ترەوە دادەنا و بە یەکێک لە گرنگترین کەتەلۆگەکانی هونەر و تەکنیکی جەنگ لێی دەڕوانی. شانبەشانی پێشکەوتنی پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیا، کەرەستە و ئامڕازە سەربازیی و جەنگییەکانیش پتر پەرەیان پێدرا، لەوە زیاتریش نیازی ئەو چینەی تەکنۆلۆژیایان پاوانکردووە ئاشتییەکی هەمیشەیی نییە (بە ئیحای کانت) بەقەدەر ئەوەی بەرژەوەندییان لە جەنگی هەمیشەییدایە. بۆیە زۆربەی زۆری خزمەتگوزارییە تەکنۆلۆژییەکان ریشەیەکی سەربازیی و هەواڵگرییانەیان هەیە، پاشتر بە کۆمەڵایەتی کراونەتەوە لە نموونەی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر.

ئارگۆمێنتی کانت ئەوەبوو جەنگ و پێکدادان زیاتر لە سروشتی مرۆییمانەوە نزیکە، بەم هۆیەوە ئەوەی دەبێت دروست بکرێت ئاشتییە وەک پێویستییەکی ژیانی و ئەخلاقیی بۆ بەردەوامبوونی مێژوو هەروەک چۆن بە ئەرکی ئەخلاقیی تاکەکانی دادەنا بچنە دۆخی ئاشتییەوە، بە هەمان شێوە بە ئەرکێکی مێژوویی و ئاکاریی دەوڵەتانی دادەنا ڕێکبکەون بۆ ئەوەی (ئاشتی هەمیشەیی) لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەرقەرار بێت، بەڵام دوای ٢١٨ ساڵ بەسەر مەرگی (کانت)دا هێشتا خەونی ئاشتییەکی سەرتاسەریی هەمیشەیی نەبووە بە کەتوار، بە پێچەوانەوە پاش دوو جەنگی گەورەی جیهانی، تەکنۆلۆژیای سەربازیی زۆرتر برەوی پێدراوە، سوپاکان پڕ چەکتر و توندوتۆڵترن لە جاران، لە پەنا ئەم سوپا بینراوەدا، سوپایەکی نادیاریش ئامادەیە بۆ جەنگی بایۆلۆژیی کە بریتییە لە لەشکری ڤایرۆس. جیهانی هەنووکە بەو ئایرۆنییەتەدا تێدەپەڕێت جۆرج ئۆروێل حەفتا و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە ڕۆمانی ١٩٨٤دا وێنای کردبوو، وەزارەتی ئاشتی لە حکومەتەکەی (برا گەورە) دا بەرپرسی جەنگ بوو!، وەک چۆن یەکێک لە سێ دروشمە سەرەکییەکەی حزب بریتیبوو لە (جەنگ ئاشتییە!). هەر ئەم چرکەیەی قسەی تێدا دەکەین لە پشت ئەو وێنە وەهمییە زەقکراوەی ئەوروپای خۆشگوزەرانەوە، وێنەیەکی تر شاردراوەتەوە ئەویش ئەوروپایە وەک کۆگای تەقەمەنی و جبەخانەیەکی گەورە، لێرە لە ئەوروپای لانکەی (ئاشتی)دا، ژمارەی چەکی قورس و تۆپ و مووشەکە دووروهاوێژەکان هێندەی ژمارەی دانیشتووانە، لێرە لە ئەوروپا زیاتر لە هەزار بنکە هەیە مووشەکی گەردیلەیی (ئەتۆم) تێدا ئامادەکراوە بۆ ڕۆژی خۆی، ئاشتی و دڵنیایی لە ناو ئەم جبەخانە مێژووییەدا چ جۆرە دڵنیایی و تەناهییەکە؟. ئەی ئەگەر ڕۆژێک (شێتێک) بیری لە بەرکارهێنانی ئەم چەکە کردەوە و گەمەکەی کرد بە ڕاست؟، قەبارەی تەقینەوەکە شتێک دەبێت لە جۆری تەقینەوەی مەزنی سەرەتا (بیگ بانگ)، ئەوسا نەک کیشوەرەکە چەندان جار توانای هەیە بۆ ئەوەی خودی هەسارەکەش بکاتە خۆڵەمێش، بە هەمان شێوەی بن گڕکان کەوتنی شارێکی وەک پۆمپی لە مێژوودا، ئیدی ئۆزیریس (خواوەندی مەرگ بە پێی میتۆلۆژیای فیرعەونیی)، بە یەک جار هەمووان دەنێرێت بۆ ماڵی ئامیت (مردووخۆر) لە جیهانی ژێرەوە و داستانی

مرۆڤ کۆتایی پێدەهێنێت وەک ئەوەی هەر نەبووبێت. بە پێچەوانەی هیواخواستنی (دالایـلامـا)وە ئەم سەدەیە نەبوو بە سـەدەی ناتوندوتیژیی، جەنگی رووسیا و ئۆکراین راستتر وایە بڵێین هێرشی رووس بۆ سەر ئۆکراین، پێی گوتین نەک هێشتا لەناو ویستێکی جیهانیدا ناژین بۆ بەرپاکردنی ئاشتی و ئارامیی بگرە نەزمی باڵادەست خەریکی چالاککردنەوەی پاڵنەری مەرگ و وێرانکارییە بە تایبەت کە مرۆڤی پاش هەردوو جەنگە جیهانییەکە لێی بێزار ببوو، وەک چۆن مەلا حەمدون کە پێدەچێت یەکەم شاعیری کورد بێت شیعری دژی جەنگ نووسیبێت تاریفی دەکات و لە بەیتێکیدا دەڵێت: (کامەی کە ئەڵێی خۆشیەتی دوورە لە میحنەت.. ریشەی دڵی ئاڵاوە بە سەد دەرد و بەڵاوە).

سێیەر: ئـەو دڕندایەتییەی پێشان لە جیهانی مۆدێرندا لە فۆرمی نـەرم و شاراوەتر و بە پاساوی قایلکەرتر، بەڵام هۆڤانەتر بەرهەم هێنراوەتەوە، جەنگی سەردەمی باڵاتربوونی تەکنۆلۆژیا و شەپۆلی چوارەم سیمایەکی تری هەیە، سروشتی شەڕ لە نێوان خودی ئامێرەکاندایە، ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەبەستی شەڕ سڕینەوەی فیزیکیی کەسێک نەبووبێت وەک لە نەریتی پاڵەوانە کلاسیکە ئەسپسوارەکاندا دیارە، دروست ئەو سەردەمە سوارچاکییەی دۆنکیخۆتە خەونی پێوە دەبینی، رەنگە ئێستاش بە هەمان فۆرم شەڕەکان رووبدەن، بەوەی لەبری مرۆڤ، شت و ئامێرەکان، ئامێر و شتەکانی لایەنی نەیار لەناو ببەن، فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان (درۆن) دەتوانێت چەندین ئامانجی تەکنۆلۆژیی و زانیاریی و رۆبۆتی لەناو ببات بە کەمترین زیانی گیانی بۆ لایەنی بەرامبەر، بەڵام بە زۆرترین زیانی ئیکۆنۆمی و لۆجیستی و تەکنیکی یانژی هێرشێکی سایبەریی دەتوانێت توانای دەوڵەتێک بە تەواوەتی لەناو ببات، لەوەش بگەڕێ بە یەک دوگمە و بە کەمترین هێزی میکانیکی تاکە پەنجەیەک دەتوانرێت زەویش لەناو ببرێت. بەدەر لەوە پێشمەرجی دەست بەسەراگرتنی زەوی هەڵگەڕاوەتەوە و دەبێت سەرەتا ئاسمان بخەیتە ژێر بەرزەفتەوە (بۆ ئەوەی زەوی داگیر بکەیت پێویستە ئاسمان بخەیتە ژێر رکێفەوە). یارییە ئەلیکترۆنیی و کۆمپیوتەرییەکانیش لە چەشنی پۆپچی و ئامێری پلەی ستەیشن بە هەموو ڤێرژنەکانییەوە، شەڕ

و کوشتاری کردووە بە نەریتێکی ئاسایی و زەینی منداڵان و مێردمنداڵان بۆ گەوارکردنی هەر فۆرمە جەنگ و کوشتارێک ئامادە دەکات، ئیدی بە رووخاندنی شورای نێوان واقیعی رەسەن و نارەسەن، بەکارهێنەران و گەمەکارانی ئەم وازییە پڕ توندوتیژیی و خوێناوییانە توانای جیاکردنەوەی جەنگی ئەکچوال و جەنگی ڤێرچوال لە دەستدەدەن. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر قەرز لە روانگە (بۆدریار) ییەکە بکەین، جەنگەکان بە خێرایی لە فەزای مەجازدا بەرهەم دەهێنرێنەوە، وەک یارییەکی سایبەریی لەبەریان دەگیرێتەوە. بۆدریار لە نامیلکەی (جەنگی کەنداو روونەدا) پتر ئەو لایەنە دەردەخات جەنگەکە بێ گواستنەوەی وێنەی قوربانییەکان و بە ریتمی فیلمێکی هۆلیود بەشێوەیەکی نائاکاریی تەنیا دیمەنەکانی سەرکەوتنی تێدا نیشان درا، میدیاکانیشی بەوە تاوانبار دەکرد لە گواستنەوەی هەواڵەکان و راپۆرتەکانی تیڤیدا جەنگەکەیان بە جۆرێک نیشان دەدا، مرۆڤی تووشی دۆشدامان دەکرد لەوەی ئایا ئەم واقیعە وێناکراوە خودی راستەقینەیە یان گەمەیەکی کۆمپیوتەرییە!، ئەمەشی بە هایپەر ریالیتی لێکدەدایەوە کە تەکنۆلۆژیا گەیشتووەتە ئاستێک دەتوانێت واقیعێکی وەهمی دابتاشێت چەند بەرابەر لە واقیعی رەسەن واقیعیتر و رەسەنانەتر مەزندە بکرێت.

من: جەنگ و شارستانی دوو رووی یەک سکەن، لە بناغەوە جەنگ داهێنراوێکی توندوتیژانەی رێکخراوی ساتەوەختی شارستانێتیی مرۆییە، ئاژەڵەکان چونکە خودانی شارستانی نین، جەنگ وەک زەبروزەنگی رێکخراو لە نێوانیاندا روونادات، ئەوە عەقڵە هەم جەنگەکان هەڵدەگیرسێنێت هەم سنووریان بۆ دادەنێت، ئایا ئەو وزەیەی لەشکرەکان رێکدەخات و پڕ چەکیان دەکات، کەرەستەی تەکنۆلۆژیی و سایبەریی بۆ پێکدادان ئامادە دەکات، بە تەنیا عەقڵ نییە؟، بۆیە مەرج نییە ئەو شتەی عەقڵانی بێت بە سروشت چاک بێت و لە بەرژەوەندیی تاک و گشتدا بێت!. فەلسەفەی دوای رینێ دیکارت و رۆشنگەریی لە بەرزکردنەوەی پێگەی عەقڵدا و دانانی لەسەرو هەموو شتێکەوە زێدەڕۆییەکی زۆر ئایدیالیستیانەی کردبوو، ئەمڕۆ لێکەوتە کارەساتبارەکانی بە چاوی سەر دەبینین. ریشەی جەنگ لە ئەڤرۆدا نییە، بەڵکو لە سپێدەی شارستانییەتەوە چەکەرەی کردووە تا بە ئەورۆ دەگات،

بەڵگە ئارکۆلۆژییەکان مێژووی جەنگی نێوان مرۆڤەکان بۆ سیازدە هەزار ساڵێک بەر لە هەنووکە دەگەڕێننەوە، ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی ژیانی شوانکارەیی و شۆڕشی کشتوکاڵدا، پێش ئەو دیرۆکە دیکۆمێنتێک نییە بیسەلمێنێت جەنگ لە نێوان مرۆڤەکاندا روویدابێت، بە پێچەوانەوە هەر کات میتینگ و کۆبوونەوەی نێوان مرۆڤەکان هەبووبێت کە رۆژانە هەبووە کەرنەڤاڵ و ئاهەنگیان گێڕاوە، کتێبەکەی ئەنترۆپۆلۆگیستی ئەڵمانی (یولیوس لیپس) بە ناونیشانی (رەچەڵەکی شتەکان) گەواهیدەرێکی خاوەن بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە. زۆربەی جاریش ئەو جەنگ و کوشتن و کاولکارییەی لەم چاخەدا لە رێی تەکنۆلۆژیا و سیستمی سایبەرییەوە بەڕێوە دەچێت زۆر دڵڕەقانەترە لە کوشتن و کەوڵکردنی پادشای جوو لەلایەن نەبوخوزنەسری پادشای بابلەوە لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا. هەنووکە دەستم خستووەتە ژێر چەناگەم و سەیری نمەنمی ئەو بارانە دەکەم، مینا دڵۆپە فرمێسک بەسەر شووشەی پەنجەرەی ژووری نەخۆشخانەکەمدا دێتە خوارەوە و پانۆرامای ئەوەندەی لە مێژووی مرۆڤایەتی خوێندوومەتەوە دێتە بەرچاوم، بە شەرم لە خۆکردنەوە قوم لەو چا سەوزەی بەردەمم دەدەم کە هێشتا هالاوی لێ هەڵدەستێت، نازانم ئارکۆلۆژیستەکان چۆن لەو هەڵکۆڵین و نەقش و زەخرەفانەی ئینسانی دێرین تێدەگەن، لە هێڵکاریی هەر مرۆڤێک بە تایبەت پادشاکاندا نیوەی جەستەیان تێکەڵ بە لەشی ئاژەڵێکی دڕندە کردووە؟، لە زۆرینەی ئەو بەڵگە و پەیکەرانەی لە شارستانێتییە کۆنەکانی وەک بابل و ئەکەد و ئاشوور یان میسرییە دێرینەکان جێماون، کەمترین پەیکەر هەیە تێکەڵەیەک نەبێت لە ئینسان و ئاژەڵێک، رەنگبێ ئەوە دەربڕینێکی رەمزیی بووبێت بۆ هێز، هاوکات بۆی هەیە نیشاندانی شەرمێکیش بووبێت لەوەی مرۆ هێندە دڵڕەق بووە وەک ئاژەڵێکی دڕی کێویی درێغیی لە هیچ کاولکارییەک نەکردووە، لە چیرۆکی سەرگۆنی ئاشووری یان حامورابیدا ئەم دڕندەییە هەم بە هێز هەم بە یاسا چەسپێنراوە. پێناچێت مرۆڤی ئەم سەردەمە زۆرتر لەوە بڕی کردبێت و لەو قاوغە هاتبێتە دەرەوە، ئافەرین بۆ ئەو پەیکەرتاشەی بە شێوەیەکی ئانالۆژیی (لێچوواندن) کۆتەڵی مرۆڤی ئەم چاخە لە کەوڵی ئاژەڵێکی هۆڤدا هەڵدەکۆڵێت، نەک وەک دوولەتی یەکسان لە نێوان ئاژەڵ

و مرۆڤدا، ئاخر مرۆڤی نوێ درەندەترین ئاژەڵیشی بەزاندووە و تێپەڕاندووە.

سێیەر: لە دوای کۆنگرەی ئاشتی میونشن لە ئەمساڵدا (٢٠٢٢) خۆی راستتر وایە ناوەکەی کۆنگرەی چەک و جەنگ بێت، بە بیانووی مەترسیی جەنگەوە حکومەتی ئەڵمانیی بڕیاری دا بڕی ١٠٠ ملیار ئۆیرۆ بۆ وەزارەتی بەرگریی و بەهێزکردنی سوپا و دابینکردنی چەک تەرخان بکات!، لە بەرامبەردا بە هەموو سێکتەرەکانی تری وەک پەروەردە و تەندروستی و ئاوەدانی و بووژانەوەی بیناسازیی و ئابووری و وزە و کشتوکاڵ و خۆراک و بیمەکان و کۆی بوجەی هەموو ئەوان پێکەوە هێشتا نزیکەی حەوت ملیارێک کەمترە لەو بڕە پارەیەی بۆ سوپا تەرخان کراوە. تۆ بیهێنەرە بەرچاو ئەگەر هەر دەوڵەتێکی ناتۆ بە تێکڕا ٥٠ ملیار دۆلار بۆ سوپا و چەک تەرخان بکات، ئەو ٥٠ ملیارە زەربی ٣٠ دەوڵـەت بکە، من کە لە ماتماتیکدا مامناوەندم بۆم ناژمێردرێت، ئای بۆ یەکێکی کۆڵەوار، رەنگە قورسترین ئەرک بێت، لێکدان و کۆکردنەوەی ئەم هەموو ژمارەیە. هەر تا کۆتایی مانگی ئاپریلی ٢٠٢٢ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پێنج سەد ملیار ئۆیرۆیان بۆ جەنگی ئۆکراینا خەرج کردووە، ئایا ئەمە پێویستە؟ بەڵێ بۆ مانەوەی چەوساندنەوە و بەردەوامیی جەنگ هەر زۆریش. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ فراوانبوون و هەڵکشانی بوجەی چەک و تەقەمەنی و خزمەتگوزارییە سەربازییەکاندا، بوجەی تەرخانکراو بۆ کەرتە خزمەتگوزارییەکان تا دێت لە کەمیی دەدات، ئەگەر سێکتەری تەندروستی بکەینە سەمپڵێک دەبینین گیروگرفتی دارایی چەندە رێگرە لەبەردەم داهێنانە پزیشکییەکاندا کە بۆ خزمەتی گشتیی کەڵکیان دەبێت، لە نموونەی نەخۆشی شێرپەنجەدا ئەوە روونـە، ئەم دەردە کراوەتە ژێدەرێکی بازرگانی بۆ کۆمپانیاکانی دەرمانسازیی و بە روونی ئەو بزنسە نائەخلاقییە دەبینین لە پەنا ئەم نەخۆشییەوە ئەنجام دەدرێت، تا ئەو جێگەیە بایەخ بە نەخۆشییەکان دەدرێت زیانی بۆ ئیکۆنۆمی دەوڵەت و کۆمپانیاکان نەبێت و جووڵەی ئابووری خاو نەکاتەوە، لەمە بەدەر هەر نەخۆشییەک دەکرێتە سەرچاوەیەکی باشی بازرگانیی کۆمپانیا تایبەتمەندەکان.

وەک تووشبوویەکی شێرپەنجە ساڵانێکی زۆر بە وردیی لە بارەی خودی نەخۆشییەکە و ڕێکار و هەنگاوە پزیشکییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دەردە دەمخوێندەوە، لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە گەیشتم کاتێک تێچووی هەر نەخۆشێک دەچێتە سەرو قازانجە ئابوورییەکانی ئەم نەخۆشییەوە، بە خێرایی بە نەخۆشەکە دەڵێن ئیدی چارەت نەماوە، بە داوای لێبوردنەوە هەر ئەوەندە لە دەسەڵاتی زانستدا هەبوو، بۆیە دەبێت چاوەڕێی چارەنووسی خۆت بیت، لە کاتێکدا ئەگەر هەمان نەخۆش پارەیەکی زیاتری تێدا خەرج بکرێت، ئەو چارەنووسە کە مەبەست لێی مردنە، بۆ چەندان ساڵ دوا دەکەوێت!، لە کاتێکدا هیچ جەنگێک هێندەی شێرپەنجە مردنی لێ ناکەوێتەوە، هەر بە پێی داتای ڕێکخراوی ساغڵەمیی جیهانیی، تەنها لە ساڵی ٢٠١٨دا، زۆرتر لە نۆ ملیۆن و شەش سەد هەزار کەس لە سەرتاسەری دنیادا بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە ژیانیان لە دەستداوە و دوو هێندەش لە هەمان ساڵدا ناویان لە لیستی تووشبوواندا تۆمار کراوە، ئایا جەنگێک هەیە ساڵانە نزیکەی دە ملیۆن مرۆڤ لەناو ببات؟، ئەمە جیا لەوەی کەنسەر بەرئەنجامی پیسبوون و تێکدانی هەلومەرجە ژینگەییەکانە کە ڕاستەوخۆ بازاڕ و بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویست لێی بەرپرسە. ئەگەر ئابووریناسە کلاسیکییەکانی سەرمایەداریی پێیانوابووبێت سروشت بەشی پێداویستیی مرۆڤایەتی پێ دابین نابێت، (مارکس)یش پێچەوانەکەی سەلماند بێت، ئەمڕۆ لە هەر کات زۆرتر تێبینی زێدە بەرهەم دەکەین کە تا چ ئاستێک مرۆڤایەتی لەناودەبات. لە هەمووی تراژیدیتریش ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و کۆمیسیارانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ پتر لە هەر کارێک سەرگەرمن بە ژماردنی جەنازەکانی پاش جەنگ و پەتا و درمە درێژخایەنەکان.

من: بە جۆرێک لە جۆرەکان مردنیش لە دەستی خودا دەرهێنراوە و ئەرکەکە بە مرۆڤ سپێردراوە، لە سایەی ژەنەراڵەکانی جەنگ و کاولکارییدا فریشتەی گیانکێشان خانەنشین بووە، لە بری ئەو کۆمەڵێک ئەهریمەنی زەمینیی کارەکە سەرکەوتووانەتر ڕادەپەڕێنن، مردن وەک پرۆسەی تێپەڕینی تەمەن بۆ خودا جێهێڵدراوە، ئەگەرنا مراندن کە باوترین جۆری لەناوبردنە بووەتە کارێکی ئاسایی

دەستی سیاسەت و جەنگ. ئێوە لەگەڵ مندا لەو جەنگانە بڕوانن مۆتیڤی ئابووری لە پشت هەڵگیرساندنیانە و هەمووشیان بۆ سوود و پێگەی چینێکی بەرتەسکی مرۆڤە، بە ملیۆنەها کەس بە هۆڤانەترین شێوە دەمرێنرێن نەک بمرن. مراندن سروشتیی نییە وەک مردن، مراندن گیانکێشانی پێشوەختەی ملیۆنان مرۆڤە بە دەستی گروپێکی بچووک و سەری قوچەکی ئابووری و فەرمانڕەوایێتیی جیهان. با بپرسین جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، جەنگی کەنداو، جەنگی عێراق و ئێران، جەنگی ئەفغانستان، جەنگ لە هەر چوار قوڕنەی دنیاوە جگە لە مراندنی مرۆڤ و دەستکەوتی ئابووری و سیاسیی بۆ ئیلیتییەکی هیچ و پووچ چی دەرئەنجامێکی تری هەبووە؟، کۆتا دیمەنی جەنگ ئەو خوێنبەربوونەوەی نێوان ئۆراسیانیزم و ناتۆیە لەسەر شەترەنجی ئۆکراین یان پەرچەکرداری گروپە تیرۆریستییەکان کە ساڵانێکە جەنگی دوو جۆر تیرۆریزمی کردووە بە دیفاکتۆ، دروست وەک ئەو سانتێزەی بۆدریار لە کتێبی (روحی تیرۆریزم)دا پێی گەشتووە، بەوەی هێرشەکانی سەر ئەمەریکا لە یانزەی سێپتامبەری ٢٠٠١دا بە هێرشێکی سیمبولی دەزانێت، بەو واتایەی تیرۆریستەکان ویستیان ئەوەمان پێ بڵێن سێکوچکەی هێز و ئابووری و سیاسەتی ئەمەریکایان کردە نیشانە، داڕمانی دوو تاوەرەکەی بازرگانی جیهانی داڕمانێکی هێمایی بوو بە دیدی بۆردیار، ئەو پێیوایە گلوبالیزمیش هێندەی تیرۆریزم بەدرەوشتە، بۆیە وایدەبینی ئەمە شەڕی تیرۆریستانە لە دژی تیرۆر. لە روانگەی بۆدریارەوە توندڕەوە خۆکوژەکان و گلوبالیزم دوو جەمسەری تیرۆرن، لەم سۆنگەوە بە ئامانجگرتنی ئەمەریکا وەک هێمایەک بۆ شەڕێکی گەورەتر چاو لێدەکات کە لە دوا خوێندنەوەدا شەڕێکی دژی کۆی سیستمی گلوبال.

جەنگی خوێناویی باڵکان لە ساڵانی نەوەدەکاندا، دیسانەوە پرۆسەی مراندنێکی هۆڤانەتری مرۆڤ بوو کە وا سەرنج دەدرا ئەم فۆرمە لە سەربڕینی منداڵی ناو بێشکە دەمێک بێت مرۆڤ تێیپەڕاندبێت، لە کاتی جەنگی بۆسنەدا، رۆژنامەی (ئافتۆنبلادێت)ی سویدیی لە ژمارەی رۆژی ١٢-٥-١٩٩٧دا لە زاری پەیامنێرەکەیانەوە لە سەرایڤۆ نووسیبووی: (ئەمە یاسایەکی گشتیی نییە، بەڵام لە سایەی جەنگدا ئەوە روودەدات ئەوانەی نەخۆشن چاک دەبنەوە، ئەوانەشی

تەندروستن نەخۆش دەکـەون). ئەمە سـادەکـردنـەوەی جەنگە، وەک ئـەوەی نەخۆشکەوتن دوا دەرئەنجامێک بێت لە جەنگ بکەوێتەوە، رەنگبێ پەیامنێرەکە بە چاوی خۆی بینیبێتی کەمئەندامێک هەردوو دارشەقەکەی فڕێدابێت و وەک رەشەبا بەناو گوللەباریندا رایکردبێت، بەڵام هیچ کات پاساوێک نییە بۆ ئەوەی ئەم قسە نابەجێیە بکات، بڕوا دەکەم سوێدییەکان هیچ شتێک لە جەنگ تێنەگەن، چونکە سەدان ساڵە لەو ئارامییە بۆگەنکردووەدا دەژین سەرمایەداریی جیهانی بەڕێوەی دەبات، ئەمە روانینێکی ئینگمار بێرگمان سینەماکاری سوێدییم بیر دەخاتەوە لە چاوپێکەوتنێکیدا لە دەرەوەی تێمای سینەما گوتی: (لە کاتی جەنگدا خۆکوشتن کەم دەکات و لە کاتی ئاشتیدا بەرز دەبێتەوە). با ئەنالیزی ئەم رستەیە بکەین، بە دیوێکدا ئەگەر مەبەست لەوە بێت لە شەڕدا مرۆڤ ژیستێک و ململانێیەک دەست پێدەکات بۆ رزگاربوون و هێنانە ئارای ئاشتی و ئاسایش، بەڵام لە ئاسایشدا مرۆڤ زیاتر کاتی دەبێت بۆ بیرکردنەوە لە خودی خۆی، چونکە شتێک نییە لە دەرەوەی هەڕەشە بێت بەسەریەوە بەڵکو لە ناوەوە پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەکان دەیخۆن، ئەو مەیینە دێتە ئارا مرۆڤ وا لێ دەکات کاتێکی فراوانتری هەبێت بۆ چوونەوە ناو خودی خۆی و کێشەکانی کەینونە، بەڵام دەتوانین بەو جۆرەش لێی تێبگەین لە جەنگدا کوشتار و مراندن لەسەر دەستی ئەویتر هێندە بەربڵاو دەبێت، ئەو مافە لە هەر کەس وەردەگیرێتەوە بۆ خۆی بڕیاری مردن بدات!، لە دۆخی کۆرۆناشدا بە هەمان شێوە. ئەگەرچی لایەنگریی بیردۆزی کۆمپلۆتیزم (پیلانگێڕیی) نیم وەک چۆن دژیشی نیم، کەچی ئەوە ناتوانێت وام لێ بکات ئەو پیلانگێڕییە مەزنە نەبینم لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا، ئاخر دیمەنی مردنی ئەو ملیۆنان کەسە بە هۆی خنکانیان دوای دوچاربوونیان بە پەتاکە، بیرخەرەوەی هەمان ساونا هەڵمییەکانی نازییەکان بوو لە پرۆسەی کۆکوژیی جووەکاندا.

سێیەر: لەوە دەچێت ناتۆ و ئۆراسیانیزم (تیۆری ئەوروپا-ئاسیا کە رووسەکان نوێنەرایەتی دەکـەن)، بیانەوێت جارێکی دیکە جیهان بکەنەوە بە گۆڕەپانی جەنگێکی گەرم و کوشندە، لەلایەکی ترەوە چین لە جەنگێکی ئابووری بەهێزدایە

لەگەڵ ئەمەریکا، نیازێک دەبینرێت میحوەرێکی تری جەنگ لە رۆژهەڵاتی ئاسیا بکرێتەوە، ئەوەی دەبینرێت راکێشانی چینە بۆ داگیرکردنی تایوان، لە دۆخی گرگرتنی ناوچەکە و جیهاندا، ئەگەری هەیە کۆریای باکوور لە سایەی سەرۆکێکی نیمچە شێتەوە ببێتە هەڕەشە بۆ کۆریای باشوور، پێکداهەڵپژانی هەردوو کۆریاکە یۆتۆپیا نییە، راستییەکە و کاتی خۆی هەیە. لەلایەکی ترەوە سوێد و فینلاند بەرەو ناتۆ هاتوون، پێدەچێت ئەوروپا لە بەرامبەر رووسیادا دەستەوەستان نەبێت، گەمارۆی ئابووری و بایکۆت بە روونی دەرکەوت ستراتیژێکی شکستخواردوو بوو، دوور نییە ئەگەر داگیرکاری سەر ئۆکراینا بەردەوام بێت، ئەوروپییەکانیش میحوەرێکی شەڕ لەگەڵ رووسدا بکەنەوە. پاوڵ کیوبیچێک، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئۆکلاند پێداگریی لەوە دەکات ئەوروپا تا سەر ناتوانێت بە نەرمە هێز لە بەرامبەر رووسیادا بجووڵێتەوە، واتە ئەوروپا هیچ بژاردەیەکی نییە جگە لە دەستبردن بۆ هێزی رەق. ئەم لۆژیکە گەڕاندنەوەی شتێکە بە ناوی (جەنگی رەوا) کە مێژوونووسی گریکیی تیتۆس لیڤیۆس لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا ئەم ناوەی بەسەردا بڕیوە، لەم جەنگە رەوایەدا چەشنی دیفاکتۆیەک، پێگەی چەک تا ئاستی پیرۆزیی بەرز دەبێتەوە، وەک ئەو دەڵێت (جەنگی رەوا جەنگێکی ناچارییە، کاتێک هیچ ئومێدێک لە دەرەوەی پەنابردن بۆ چەک نەمابێتەوە چەکیش پیرۆز دەبێت). خۆ ئەگەر ئەو پێشبینیانەش روونەدەن، ژیانی ئێستای مرۆڤ لە ناو ئەو برە جەنگ و گرانی و کێشە و پەتا کوشندانەی هەن، بایی ئەوەندەیە بیر لە ئەڵتەرناتیڤێکی تر بکرێتەوە. ژیژەک وتی: یان کۆمۆنیزم یان بەربەریزم!. رێک مەبەستی لەوەبوو چۆن بەربەرەکان لە کاتی رووخانی رۆمدا هەزار ساڵ کاروانی پێشکەوتنیان گەڕاندەوە بۆ دواوە، هەمان ئەو دیمەنەی کوبانی پاش داعش بهێننە بەرچاوتان، هەموو ئەوروپا بەو جۆرە سووتا، سەدە نوتەکەکان دەستیانپێکرد کە زیاتر لە هەزار ساڵ ئەوروپای خستە تاریکاییەوە، ئێستاش سەرمایەداریی گەیشتووەتە ئەم قۆناغە، چەشنی ئیمپراتۆرییەتی رۆم کەنەفتێکی لەرزۆکە، ئەگەر سۆشیالیزم نەبێتە ئەڵتەرناتیڤ (سۆشیالیزمی تەقلیدیی مەبەست نییە) ئەوا دیار

نییە مێژوو بۆ کام زەمەن دەگەڕێتەوە؟، هەرچەند وا تێدەگەم مەبەستی شاراوەی دەربڕینەکەی ژیژەک لە بەربەریزم گەڕانەوە نییە بۆ بەربەریزمی بەرایی بە قەدەر ئەوەی مەخسەدەکە ئەو بەربەریزمە مۆدێرنەیە، دنیای تازە و کاپیتالیزم لەگەڵ خۆی هێناویەتی و دەیهێنێت. ئامادەبوونێکی جددیتری چەپ بۆ ئەم ساتەوەختە هەستیارە زۆر پێویست و گرنگە.

# داماڵینی رادیکاڵیزم
# سەرمایەداریی و گەشەپێدانی مرۆیی

من: مۆدێرنە ماڵە میتافیزیکییە ئارام و هێمنەکەی مرۆڤی تێکوپێکدا، وەک ئاشکرایە ریشەی مۆدێرنێتە دەگەڕێتەوە سەر فیکری دیکارتی (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم)، لیَ پۆڵ ریکۆر خوازیاربوو رستەکە بەم جۆرە لێبکات: (من گومان دەکەم، کەواتە من بیر دەکەمەوە..). ئەویش پرۆسەی پیرۆزکردنی عەقڵ و دانانێتی لە جێگەی خودا!. لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە سوبێکتی لە گروپەوە دابەش کرد بەسەر ژیانی تاکێتیدا، دەتوانین بڵێین لە رووی کۆمەڵایەتییەوە مۆدێرنە مرۆڤی لە بە کۆمەڵ ژیانەوە گواستەوە بۆ بە تاک ژیان، لەم پێڤاژۆیەدا کڵێشەی تاکگەرایی سەرپێ دەکەوێت. بە تایبەت شۆڕشی پیشەسازیی، کۆمەڵگەی جووتیاریی هەڵوەشاندەوە (ساڵانی ١٧٦٠-١٨٣٠ بە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیی دادەنرێت بە هۆی ئەو پەرەسەندنە تەکنیکیانەی لە ئینگلتەرای پاش چاخی ئەلیزابێسییەوە هاتنەئارا)، لە جێگەیدا دوو چینی نویَ و پێشکەوتووتری هێنایە سەر سەکۆی کۆمەڵایەتی: بۆرژوازی و چینی کرێکار. ئەنگلس لە ناساندنی پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزمدا باس لە پرۆلیتاریا دەکات وەک چینێکی کۆمەڵایەتی نویَ کە بەرئەنجامی بە پیشەسازییبوونی کۆمەڵگەکانە بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەدا، بە روونی ئەوەش دەخاتە روو پرۆلیتایا مێژوویەکی نزیکی هەیە، بەڵام لە پێش شۆڕشی پیشەسازییدا هەژاران هەبوون، لەو بارەوە نووسیوویەتی: (پرۆلیتاریا لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا «سەدەی هەژدە» لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیی لە ئینگلتەرا سەریهەڵدا). تاکگەرایی بەشێک بوو لە پرۆسەی پرۆلیتاریزەی کۆمەڵگاکان کە تازە بە تازە لە فیوداڵیزمەوە بەرەو سەرمایەداریی دەپەڕینەوە. ئیدی ئابووری

لیبراڵی کە وێنەدانەوەیەکی خەستوخۆڵ و راستەوخۆی کتێبی (سامانی گەلان) ی فەیلەسوفی ئینگلیزیی ئادەم سیمس بوو، وەک خۆی ناوی لێنابوو (ئازادیی سروشتی) لە بەرزترین ئاستی خۆیدا خرایە بواری پراکتیسەوە، لێرە بەدواوە لە بری جڤات، تاک کرایە چەق و جێگەی بایەخ.

سێیەر: ریشەی ئەو گۆڕانکارییە لە پێشتردایە، سەدەی پانزە سەدەی گۆڕانکارییە خێراکان بوو، ئەگەر سەدەی پێنجەم بە رووخانی ئیمپراتۆریای رۆم کۆتایی قۆناغی کۆیلەداریی بێت، بێ شک سەدەی پانزەش سەرەتای کۆتایی فۆرماسیۆنی دەرەبەگایەتی (فیودالیزم) بوو، لە سایەی ئەو گۆڕانکارییە بە پەلانەی ئەوروپایان گرتەوە، لە چەشنی داهێنانی ئامێری چاپکردن لەلایەن یۆهانس گۆتێنبێرگ لە ساڵی ١٤٣٤ و شۆڕشی کۆسمۆلۆژیی کۆپەرنیکۆس لە ساڵی ١٤٥٣، دۆزینەوەی رێگەی بازرگانی «Cape of Good Hope» بەرەو هیندستان و بەشی رۆژهەلاتی زەوی لەلایەن )بارتولومیۆ دێز(ەوە لە ساڵی ١٤٨٨، دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا بە دوو قۆناغ لە ساڵی ١٤٩٢ و ١٤٩٨دا، مزگێنی لە دایکبوونی سەردەمێکی تر بوون، ئەم داهێنان و دۆزینەوانە تەکانێکیان دا بە گەشەکردنی بازرگانی، ئەگەر پێشتر بازرگانانی ئەوروپایی تەنیا کالایان هاوردە کردبێت، لەم مێژووە بە دواوە کالاشیان هەناردە دەکرد، ئەم جموجوڵە لە بازرگانی و جەمبوونەوەی پارە، بوون بە فاکتەری سەرهەڵدانی بانکەکان، سەرەتایەکیش بوون بۆ پەڕینەوە بۆ سەردەمێکی نوێ کە چینێکی کۆمەلایەتی تازەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. دواتر لە هەناوی شۆڕشی پیشەسازییەوە ئەو چینە بە تەواوی سەرپێکەوت (بۆرژوازی)، پرۆلیتاریاش چینی خوارەوەی ئەو سیستمە پیشەسازییە بوو یان بە وتەی یوڤاڵ نوح هەراری (سەرمایەداریی چینی کرێکاری بەرهەم هێنا). ئەگەر پیشەسازیی کلاسیک کالای بەرهەمهێنابێت، هەنووکە تەکنۆلۆژیا جگە لە کالا، مێشک و جەستەش بەرهەم دەهێنێت، لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین سەرمایەداریی وەرچەرخاوە بۆ مۆدیلێکی نوێ، ئەوەی بە ستاتیکی ماوەتەوە تەنها روحی قازانجخوازیی و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە، رێگە بە خۆم دەدەم بە خواستن لە دیدی مۆریزۆ لازاراتۆی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئیتالی بە کاپیتالیزمی

بانگگەرایی یان قەرزدەر بیناسێنم وەک ئەوەی وی لە کتێبی (دروستکردنی مرۆڤی قەرزار)دا فۆمۆڵەبەندیی کردووە.

سروشتێکی جیاوازم هەیە و وا فێربووم ئەو چیرۆکە هونەریی و رۆمانانەی دەیانخوێنمەوە، بۆ ئێوەشیان باس بکەم، ئێستا چیرۆکی (هێزی راکێشان) ی ئێتگار کریت هاتووەتەوە ناو مێشکم کە زۆر هارمۆنییانە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئارگۆمێنتەکەماندا دێتەوە: رۆمی ژنی ناو چیرۆکەکەیە و تراومای پاش سێکسی هەیە، لە دوای هەر سێکسێک لەگەڵ مێردەکەی، ترسی هەیە سکی پڕ بێت و منداڵی ببێت، منداڵەکە خزمەتی سەربازیش تەواو بکات، ئەمان هێشتا لەو قەرزەی مانگانە دەیدەنەوە بە بانک دەرباز نەبووبن! رەوتی چیرۆکەکە بەرەو خۆکوژیی دەڕوات، ئێمە تەنیا پێویستمان بەم تراومایەی رۆمی هەبوو بۆ ناساندنی سیستمی بانگگەرایی. مادام سەرمایەداریی دۆنادۆنی کردووە، شۆڕشی پیشەسازیی جێی بۆ باڵادەستی تەکنۆلۆژیا چۆڵ کردووە، بەم پێیە پڕۆلیتاریاش کە راستەوراست بەرهەمی پیشەسازیی بوو وەک خۆی نەماوە، بگرە حاڵی حازر تەکنۆلۆژیا هەمان رۆڵی پڕۆلیتاریا بەرجەستە دەکات، پێموایە بازنەی پڕۆلیتاریا لە پێشان فراوانتر بووە، دەشێ هەموو ئەوانەی دەرەوەی سەرمایەداران بگرێتەوە. هێربرت مارکۆزە ئەو دیدەی مارکسی رەتکردەوە چینی کرێکار سەرمەشقی گۆڕانکاریی و شۆڕش بێت، بە بەرچاو روونییەوە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد چیتر چینی کرێکار لە دەرەوەی سیستم نییە بەڵکو بەشێوەیەکی پاسیڤ و کۆنەپارێزانە لە ناو سیستمدایە، بۆیە هیوای خۆی خستە سەر توێژی لاوان و خوێندکاران و پەراوێزخراو و زەبوونەکان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن. بە کورتی لایەنگری ئەو دیدەین پێیوایە پڕۆلیتاریا پانتاییەکی فراوانتری وەرگرتووە و بەسەر رووبەرێکی فراوانتردا دابەش بووە. بە زمانێکی سادەتر پڕۆلیتاریا هەر ئەوانە نین لە کارگەکاندا کار دەکەن، ئەوان تەنیا فۆرمێکن لە پڕۆلیتاریا، ئەگینا ماناکانی پڕۆلیتاریا گشتگیرتر بووەتەوە و دەشێ هەموو ئەوانەش بگرێتەوە نەزم فڕێی داونەتە دەرەوە.

من: لێ لەگەڵ گەشە و فراوانبوونی بازرگانی و سەردەرهێنان و رسکانی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێی پیشەوەری دەرەوەی وەرزێران لە شارەکاندا لە کۆتاییەکانی

تەمەنی فیودالّیزمدا، لە سەدەی سیانزە بەملاوە رۆژئاوا دەرگای کردبووەوە بۆ پێشوازیی لە سیستمێکی نوێتر، بەڵام سەرمایەداریی لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزە و سەرەتای سەدەی شانزەدا پەرە دەسەنێت. یەکەمین بانک بیست ساڵ پێش سەرکێشییەکەی کۆلۆمبۆس بۆ دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا لە ساڵی ١٤٧٢ لە ئیتاڵیا دامەزرا، سەرزەمینی لە دایکبوونی سەرمایەداریی ئیتاڵیایە، هەرچەندە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەوە لە ئینگلیزستان گەشەکردنی رادە بەدەری ئەم سیستمە دەبینرێت، لە سەدەی هەژدەدا و دروست لە ساڵی ١٧٦٠دا کاتێک ئامێر کۆتایی بە کاری دەست هێنا لە پیشەسازییدا، بەوەش شۆڕشی یەکەمی پیشەسازیی دەستپێدەکات، گەشەی سەرمایەداریی چەند قات خێراتر دەبێت. ڤاڵتێر بنیامین پێیوایە سەرمایەداریی ئاینێکی پەرگیری بێ خودا و بێ پەرستگەیە یان خوداکەی لە چاوی مرۆڤ دەشارێتەوە، سوودگەرایی بناغە ئاینییەکەی ئەم نەزمە پێکدەهێنێت، ئاینێکی نوێی سەرتاپاگیرە و لە سولالەی کریستیانیزمەوە گەشەی سەندووە و هەموومانی لەسەر شێوەی ریتواڵە نەبینراو و پەنهانەکانی خۆی لە قاڵب داوە، بیرمان دەخاتەوە: (بەراووردێک لە نێوان کەلوپەلە پیرۆزەکانی ئاینە جۆراوجۆرەکان و پارەی کاغەزی وڵاتان بکەین، ئەو روحە لە نەخشاندنی پارە کاغەزەوە دێتەگۆ). لە دیدی بنیامیندا سەرمایەداریی ئەو ئاینە نوێیەیە لە بری تەوبەکردن، مرۆڤ لەسەر هەستکردن بە گوناه رادەهێنێت، دوورتر لەمە دەڕوات و پێیوایە سەرمایەداریی ئاینێکە لە بری چاکسازیی، وێرانخوازیی لە خۆیدا هەڵگرتووە، لە بری ئومێد، برەو بە بێ هیوایی دەدات تاکو نائومێدیی لە دنیادا دەبێتە دۆخێکی ئاینیی.

سێبەر: سیستمی چینایەتی هەر لە کۆیلەدارییەوە تا کاپیتالیزم، مێژوویەکی دیاریکراوی هەیە و لە دوازدە هەزار ساڵ کەمترە، ئەم مێژووە بە بەراوورد بە تەمەنی هەبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، ئێجگار کەمە، لەم سۆنگەوە ئەگەر چینایەتی دیاردەیەکی مێژووکرد بێت و لە دیرۆکدا نەشونمای کردبێت، هەر لە نێو مێژووشدا دەپووکێتەوە، ئەو روانگەی جەخت لەسەر ئەزەلیبوون و سروشتیبوونی جیاوازیی چینایەتی دەکات، بەدەر لە نالۆژیکیبوون، لنگەوقووچ تێگەیشتنیشە لە مێژوو. وەک

خۆم دڵنیام سەرمایەداریی لەناو دەچێت، ڕەنگە ئەو تێزەی مارکسیزم لە تایپە کلاسیکییەکەدا زۆر تەواو نەبێت، گریمانەی لەناوچوونی کاپیتالیزمی بەستبووەوە بە رابوون و زنجیر فڕێدانی چینی کرێکارەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت سەرمایەداریی سەری خۆی دەخوات و دەرفەت دەکاتەوە تا ڕەگوڕیشەی دەربهێنرێت، مارکسیش زیاتر باوەڕی بەمە هێنابوو. ترسەکە لەوە نییە، سەرمایەداریی نەفەوتێت، تراوما راستەقینەکە لەوێوە چەکەرە دەکات کاپیتالیزم، لەگەڵ خۆیدا ژیان و زەویش رابکێشێتە گۆشەی خۆکوژییەوە وەک ئەو خۆکوژانەی دەیانەوێت بە خۆیانەوە، ئامانجێکیش لەناو ببەن، هەر کاتێک بیر لە سەرمایەداریی دەکەمەوە، قسەیەکی دوا میراتگری فیوداڵیزمم بیر دەکەوێتەوە (لویسی پانزە) کە هەردەم دەیگوتەوە: (دوای خۆم با دنیا ئاو ببیات)، یان سەدام حسێن زۆرجار دووپاتی دەکردەوە دوای خۆی (مشتێک خۆڵەمێش) رادەست دەکات. گومان لەوەدا نەماوە کاپیتالیزم هەمان پرەنسیپ پیادە دەکات لە کاتێکدا شارەزا ئیکۆلۆژیستەکان، ئابووریزانانی ناو خودی سیستم پەنجەیان ناوە بە هەموو زەنگەکانی ئاگادارکردنەوە و مەترسیدا، کەچی سەرەڕۆییەکانی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵ و فرە ڕەگەزەکان و خودی بەڕێوەبەرانی سیستم، نەک هەر مرۆڤایەتی بەڵکو خودی ئەو ژینگەیەش لەناو دەبەن، هەلومەرجەکانی ژیانی تێدا ڕەخساوە، ئەم جارە لەناوچوونەکە وەک قڕتێکەوتنی دایناسورەکان نییە، زەوی بمێنێتەوە و ئەوان لەناو بچن، نەخێر لە پێشدا زەوی لەناو دەچێت ئینجا مرۆڤایەتی. یۆنگ لە تیۆرە دەروونشیکارییەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە لە سایکۆلۆژیای مۆدێرنترین مرۆڤیشدا، مرۆڤێکی سەرەتایی هەواری خۆش کردووە بۆ خۆی!. ڕەنگبێ نەک هەر لە دەروونی مرۆییدا، لە دۆخی عەقڵییشدا هەمان دیاردە بوونی هەبێت، ئەوەتا هەرچەند مرۆڤ بەرەو پێشکەوتن بڕوات (پێشکەوتنی ئامێریی) زۆرتر دڕندایەتی و بەربەریزم دێتە پێشەوە، وەک چۆن ئادۆرنۆ بزاوتی ڕۆشنگەریی بە نەزۆک دەزانی و پێیوابوو هیچی تری بەرهەم نەهێنا جگە لە نازیزم و ستالینیزم، ئاوەهاش لە بازنە هەرە گەورەکەدا سەرمایەداریی و عەقڵی ئامێریی چیتریان لێ نەکەوتووەتەوە جگە لە مرۆڤی کۆیلە و خەسیو، جگە لە کۆمەڵێک ئەنیمەیشنی قورمیشکراو لەسەر زەوییەک کە وێرانبوون چاوەڕێیەتی.

من: سەرمایەداریی چیترە جگە لە ئایدۆلۆژیایەکی سیحریی کە توانای خۆ ونکردن و دەرکەوتنەوەی تێدایە، لە سەرمایەدارییدا بەر ئەو جادووە دەکەوین تا ئەوەی هەست بە هیچ ئایدۆلۆژیایەک ناکەین، کەچی لە هەموو لایەکەوە قاچمان لە لیتاوێکی ئایدۆلۆژییدایە و ناتوانین لێی دەربچین. ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریی خۆی لە پشتی ناوەڕۆکە دێرینە میتافیزیکییەکانەوە دەشارێتەوە، هەمان تێرم و نەریتی میتافیزیکیی لوول دەدات بۆ ناوەوە، سەرلەنوێ بە ڕەنگوبۆی خۆی بەرهەمیان دەهێنێتەوە، تۆ ناتوانیت بە ئاسانی ئەم فێڵەی سەرمایەداریی بناسیتەوە. زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە ئایدۆلۆژیا دەبوغزێنن (کتێبی ئایدۆلۆژیست- بەختیار عەلی بە نموونە) بەڵام خۆیان کەوتوونەتە ناو تۆڕێکی ئاڵۆزی ئایدۆلۆژییەوە و ناتوانن بیناسنەوە!، جگە لەوەی ئەم ڕقە لە ئایدۆلۆژیا لە خۆیدا جۆرێکی ترە لە ئایدۆلۆژیا. سێرگی لێسور لە کۆڕێکیدا دەربارەی (دیسکۆرسی سەرمایەداریی و دەروونشیکاریی) هەوڵێکی تیۆریکیی داوە تاکو پێمان بڵێت، بە هۆی نادیاریی سەرچاوەی شکستەکانمان لە ژیاندا هەستی خۆ بە تاوانبارزانین لەلامان سەرهەڵدەدات، لەبەرئەوەی هیچ بەرپرسیارێک (سەرگەورە) یان خودایەک لە ئەمڕۆی سەرمایەدارییدا نەماوە، تاکو بەرپرسیارێتی شکستەکانمان لە ئەستۆ بگرێت، سوبێکت دەڕواتەوە ناو خۆی، لە ناوەوەڕا سەرزەنشت و گلەیی لە خۆی دەکات لەوەی کەمتواناتر بووە بگاتە فلانە سەرکەوتن یانژی ئەو هەستە قوتیدەدات خۆی تاکە بەرپرسیارە لە بەرامبەر شکستەکانی خۆیدا. سەرمایەداریی سەردەمی نیولیبراڵیزم بەم جۆرە تەفرەمان دەدات، وەک بڵێی سیستمێک نەبێت بە شاراوەیی لە پشتی شکست و نائومێدییەکانمانەوە. مارکسی لاو لە وتارێکی ڕۆژنامەوانیدا لە (راینیشە تسایتونگ)دا نووسیبووی: (ئەم خەڵکە سزا دەدرێن، بەڵام هیچ تاوانێک دیار نییە، لەبەرئەوەی لە گۆڕەپانی سزاداندا هیچ تاوانێک نادۆزنەوە). ئەوە سروشتی کاپیتالیزمی سەدەی نۆزدە بوو، بە پێچەوانەوە لە سەردەمی لیبراڵیزمی نوێدا، تەرمەکان لە گۆڕەپاندا دەبینرێن، بەڵام هیچ جەلاد دیار نییە، تاوانەکەش بەو جۆرە دەبینرێت لە ئەستۆی تاک خۆیەتی نەک نەزمی باڵادەست. سەرنج بدەن گەشەپێدانی مرۆیی فێڵێکی ترە نەک زانستێکی ڕاستەقینە، ئەم فریوەش بە

دڵی سیستمی باوە، لەبەرئەوەی بڕوات پێدەهێنێت ئەوەی بەسەرتدا دێت بە پلەی یەکەم و کۆتایی سوچی خۆتە و گوناهی ئەو تێڕوانینە نادروستەیە سەبارەت ژیان هەتە.

سێیەر: سەرمایەداریی وەک سیستمێکی بێگەرد و تەعمیدکراو خۆی نمایش دەکات و پێشوەختە بڕیاری ئەستۆپاکی خۆی دەرکردووە!. لە سەرنەکەوتن و غەمگینی ئێمەدا سوچی خۆی نابینێت، ئەو پێیوایە ئێمەین لەسەر رێگە دروستەکە نین و لە بارودۆخێکی هەڵەداین. هەر بۆیە ئەو سەفسەتەبازییەی ناوی گەشەپێدانی مرۆییە بە توندیی رەت دەکەمەوە. گەشەپێدانی مرۆیی لە بڵندترین شێوەی خۆیدا، سەپاندنی گەشبینییەکی دەستکرد و گەمژانەیە بەسەر ئاوەزی مرۆڤدا تا لەو رێگەیەوە بە تاک بڵێت کێشەکە خۆت و روانینەکانتە بۆ دنیا، دەشێ بە گۆڕینی ئەو گۆشەیەی سەیری دنیای لێوە دەکەیت، لەوە حاڵی بیت دنیا بەو جۆرەش خراپ نییە پێشتر لێی تێیگەیشتبوویت، لێرەدا فێڵێکی سیستم هەیە، ئەویش گوناهبارکردنی تاکە لە بری خودی نەزم. سوکرات دەیگوت (خۆت بناسە)، دوای ئەو نیچە وتی: (خودی خۆت بە، ئەم پرسەکەیە). لە هەردوو بارەکەدا، خۆناسینەکەی سوکرات و (خۆت بە)کەی نیچە، ئەو خۆ خەساندن و کۆنترۆڵکردنە نییە، گەشەپێدانی مرۆیی خوازیارە ئێمەی پێ پەروەردە بکات، هەروەک ئەو چاودێرییکردنەی خودیش نییە، کافکا بە داواکاریی مارەکان لێکی دەدایەوە چونکە جەوهەری گەشەپێدانی مرۆیی لەسەر خۆتێکشکاندن راوەستاوە، بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە لەسەر سڕینەوە و کپکردنی توانا مرۆییەکان راگیر بووە، بە دیوێکی تردا پەرەپێدانی ئەو ترادیسیۆنە میتافیزیکییە زۆر دێرینەی هیندییەکانە بە (کارما) ناسراوە، کرۆکی کارماش بریتییە لەوەی هەر مرۆڤێک بەپێی کار و کردەوەکانی خۆی، چارەنووسی دیاری دەکرێت، بە ئاستێکی تریش لە ئاینە ئیبراهیمییەکاندا هەر کەس تاوان یان چاکەی خۆی لە هەردوو دنیا دەچنێتەوە. ئەبی تەمام دەیگوت: (بۆ ئەوەی لە خۆت حاڵی بیت، دەبێت لە خۆت بێیتە دەرەوە). گەشەپێدانی مرۆیی بە پێچەوانەوە بیر دەکاتەوە و دەڵێت بۆ ئەوەی لە خۆت تێبگەیت، پێویستە بگەڕێیتەوە ناوەوەی خۆت و کۆنترۆڵی بکەیت، ببیتە تاکێکی رازی و سوپاسگوزار و خاوەن قنیات، بە پێی

ئەم نەخشەیە خۆت دەدۆزیتەوە و لێی تێدەگەیت، ڕەتکردنەوەی گەشەپێدانی مرۆییش بە مانای ئەوە نییە گاڕان دروست بکەین، کەس بە خۆپەروەردەکردن و دۆزینەوەی ماهیەتی خۆیەوە خەریک و ماندوو نەبێت، بەڵام ئەوەی تۆ بتەوێت پێمان بڵێی ئاوا ژیانتان ڕێکبخەن، درێدا وتەنی وەک ئەوە وایە (پێی بڵێیت دەتخەمە ئەو قاڵبەی خۆم دەمەوێت).

ئەگەرچی گەشەپێدانی مرۆیی و NLP ریشەیەکی فەلسەفیشیان هەبێت، لە هەڵهێنجانە فەلسەفییەکانی (ئەبیکتیتۆس)ی فەیلەسوفی ڕەواقییەوە هاتبێت، بۆ ئەمڕۆمان بێ کەڵکترین تێز و ئەنجامگیرییە، چونکە لە دیدی ئەو فەیلەسوفەدا تیۆریزەی ئەوە کراوە دەبێت مرۆڤ دەبێت بەرپرسیاریێتی هەموو ڕووداوەکانی ژیانی خۆی هەڵبگرێت و ئەویتر تاوانبار نەکات لە شکست و هەرەسی خەونەکانیدا. لەوە زۆرتریش گەشەپێدانی مرۆیی نە زانستە و نە هونەر، فێڵ و سەفسەتەیەکی نوێیە بە سوودوەرگرتن لە سایکۆلۆژیا و یۆگا، تەنانەت فەلسەفەی ئەباکتیتۆس فەلسەفەی ملکەچییە و وا لە مرۆڤ دەکات لە هەر شکست و نسکۆیەکدا خۆی تاوانبار بکات و لە زاتی خۆیدا بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێت نەک دیقەت لە دەرەوە بدات کە سیستم وەستاوە. تاک ناتوانێت بە تەنیا و بە ئەفیونی گەشبینییەکی دەستکرد، بەختەوەرییەکی وەهمی و خودیی بە دەست بهێنێت، ناتوانێت لە چواردەورێکی فاشیلدا چیرۆکی سەرکەوتن بنووسێتەوە، لێرەدا ڕەشبینییەک لە ئارادا نییە و بانگەشە بۆ تاریکیی نییە کە تاکی سەرکەوتوو بوونی نییە بەڵکو قسەمان لەسەر ئەوەیە مرۆڤی بەختەوەر لە سەردەمی کاڵاپەرستی سەرمایەدارییدا لە خورافەیەک دەچێت ئیمکانی نییە لە واقیعدا هاتبێتە ئارا و بێتە دی، ئەمە ئەو شتەیە عیرفان مستەفا ناویناوە (تەلقینی سایکۆلۆژیی)، درۆ بەدەم خۆتەوە بکە گوایە مرۆڤێکی سەرکەوتوویت، ئایندەت باش دەبێت، دەتوانیت بە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ زاڵ بیت بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا و پەرداخی پڕی سەرکەوتن تا دوا دڵۆپ بخۆیتەوە!، جۆرێکە لە خۆفریودان، بەڵکو ئەوەی دەرخوارد دەدرێت خواردەمەنییەکی چەوری ئیگۆیستییە، ئەم هیوادارییە نێگەتیڤە (بەناولێنانی فرۆم) بە رووکەش پۆزەتیڤە، داماڵینی بیرکردنەوەی رادیکاڵ و ئەکتی شۆڕشگێڕانەیە،

باسیش لەوەیە ئیرادەی ئازاد چەندێک رادیکاڵ بێت ناتوانێت جەبر و سنوورەکانی سیستم ببڕێت، وەک (ریناتا سالیکڵ) لە گفتوگۆیەکی گۆڤاری (دێر شپیگڵ)ی ئەڵمانیدا پێداگریی لەسەر دەکات: ئێمە تەنیا پێویستمان بە ئازادیی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو دەبێت بە مسۆگەریی لەوەش دڵنیا بین ئەوەی هەڵیدەبژێرین کتومت بەو جۆرەیە کە وێنامان کردووە.

من: گرنگترین ئامانجی گەشەپێدانی مرۆیی هاندانی مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریی، ئەو بەختەوەرییەش لە هیچ کوێ نییە تەنیا لەنێو ناخ و خودی خۆماندایە، ئەوەی ئەم بوارە نایبینێت ئەو راومە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەیە بە توندیی خود رایەڵ دەکەن و دەیخەنە ژێر کاریگەرییەوە، دواجار مرۆڤ بەرهەمهێنراوێکی کۆمەڵایەتییە، ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی لە دەرەوەیدا هەیە بەلایدا تێناپەڕێت، لەسەر زەین و جەستە و بیرکردنەوەی هەر خودێک خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، کارڵ یۆنگ نهێنییە مەترسیدارەکەی دۆزییەوە: (نەستی کۆمەڵایەتی یان کۆنەست)، بەو مانایەی نائاگایی هەر باوڵێکی تاکەکەسیی نییە بەڵکو خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە. رەنگبێ تیۆری سەگەکەی پاڤلۆڤ کە زۆرم وتووەتەوە و وەک پەندی پێشینانیشی لێهاتووە! ئارگۆمێنتێکی زۆر باش نەبێت، بەڵام دەتوانێت دەرخەری ئەو فاکتە بێت دەروونی مرۆڤ لە ژێر کاریگەرییە دەرەکییەکاندا شێوە دەگرێت. بۆیە ئەو پاکژکردنەوەیەی دەروون وەک مۆدیلی باوی گەشەپێدانی مرۆیی، بارگاوییە بە روحی عیرفانێکی پاسیڤ، ئەڵبەتە ئەم شەعبەزەیەش لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە داهێنرا، وەک چاوبەست و فریوێک بۆ ئاساییکردنەوەی دەروونی مرۆڤی پاش جەنگ. لە دیدی مامۆستایانی گەشەپێدانی مرۆییدا، هەموو شتێک ئەکتێکی خودییە، هەر کارێک بەشێوەی هەرەوەزیی و سۆلیداریتی ئەنجام بدرێت، بایەخێکی نییە و دژ بە پرەنسیپەکانی بەختەوەرییە، لە دیدی ئەم بیردۆزەشدا بەختەوەریی پەیوەستە بەوەی چەند بیر لە سەرکەوتنی خودیی دەکەیتەوە و چەندە رووخسارت پێکەنینی لێ دەبارێت، چەندەش دڵخۆشی بە هەبوونی خۆت و بایەخ بە کاروبارە تاکەکەسییەکانت دەدەیت، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە کارکردنە لەسەر زەقکردنەوەی دیوە رۆمانسی

و ئیستاتیکییەکانی ژیان و واقیع، لەمەشدا رستێک حکایەتی ساکاریان پێیە بۆ گێڕانەوە لە پێناوی ئامادەکردنێکی زەینیی بۆ ئەوەی بە گەشبینییەکی وەهمییەوە پێشوازیی لە هەر پێشهاتێک بکەیت، وەک بڵێی ئەگەر ئەوان بە پۆزەتیڤیی بیر لە شتێک بکەنەوە، خەسڵەتی نێگەتیڤی ئەو شتە بپووکێتەوە، بۆیە کەمتر یان هەر هیچ خۆیان لە قەرەی نیشاندانی دیوی دووەمی ژیان و واقیع نادەن کە ئاخنراوە بە جەنگ و برسێتی و ئاژاوە و کارەساتی ژینگەیی و هتد.. دروست وەک ئەو هۆشدارییەی لینین لە هەمبەر تەقەلای لیبراڵەکان بۆ پێبەخشینی دەموچاوێکی تر بە تۆڵستۆی وەک (ویژدانێکی جیهانی) و (مامۆستای ژیان) دەیدات و دەڵێت: (ئەمە درۆیەکە لیبراڵەکان بە ئەنقەست بڵاوی دەکەنەوە بەو ئومێدەی سوود لەلایەنە دژە شۆڕشگێڕییەکەی بیروبۆچوونەکانی تۆڵستۆی وەربگرن).

به کورتی گەشەپێدانی مرۆیی زۆرترین ئیش لەسەر ناوەوەی ئێمە دەکات بە ئاقاری رووخاندن و پاسیڤکردنیدا، لە پێناوی لە جووڵەخستنی هەر ئەکتێکی رادیکاڵ لە ناوەوەماندا، بە مەبەستی جڵەوکردنی هەر یاخیبوونێکی ناخەکی، مەترسی ئەوەی لێ بکرێت لە دوماهیدا روو بکاتە دەرەوە و دەستی هەبێت لە گۆڕانی مێژووییدا. چیرۆکێکی باو هەیە گەشەپێدانی مرۆیی چەند پاتی دەکاتەوە: (باوکێک رۆژنامەی دەخوێندەوە، منداڵە بچووکەکەی وەڕسی کردبوو نەیدەهێشت بیخوێنێتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی سەرقاڵی بکات گۆشەیەکی رۆژنامەکە کە نەخشەی جیهانی لەسەر کێشرا بوو لێ دەکاتەوە و پارچە پارچەی دەکات، بە منداڵەکەی دەڵێت وەک خۆی نەخشەکە دروست بکاتەوە، پاش ماوەیەکی کورت منداڵەکە نەخشەکە دروست دەکاتەوە، بەمەش باوکی تووشی سەرسوڕمان بووا. پێی وت ئەوە دایکت فێری جوگرافیای کردوویت؟ منداڵەکە لە وەڵامدا دەڵێت نەخێر، بەڵام وێنەی مرۆڤێک لە پشتی نەخشەکەوە هەبوو، مرۆڤەکەم دروست کردەوە بەوەش جیهانم دروست کردەوە). ئەمە هەمان ناوەڕۆکی پەروەردەی لیبراڵیشە، گۆڕینی ژیان و دروستکردنەوەی تاکەکەس پێشمەرجی گۆڕینی جیهانیشە، تێزەکەی تاتچەر کە دەمڕاستێکی گەورەی نیولیبراڵیزم بوو بریتیبوو لەوەی (شتێک نییە بە ناوی کۆمەڵگەوە، ئەوەی هەیە تاکەکانن)، بەڵام ئەم ئارگومێنتە لەو جێگەیەدا

رووبەڕووی شکست دەبێتەوە، چاوپۆشی لە کاریگەرییە دەرەکییەکانی وەک هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە هێڵکاریی ژیانی تاکێتی\خودیدا دەکات.

لە دیبەیتێکی نێوان سلاڤۆی ژیژەک و پیتەرسندا، بە چڕیی گەنگەشە لەسەر ئەم تەوەرە کراوە. بۆچوونی ژیژەک لەمەدا چڕ دەبووەوە: بیرکردنەوە لە گۆڕینی کۆمەڵایەتی و جیهان لە ڕێگەی گۆڕینی خەیاڵدانی خودەوە پرسەکە تەواو دەکاتە پرسێکی لاوەکی، پرسی گۆڕینی تاکیش دەبێتە پرسە بنچینەییەکە. ئەمە رووتکردنەوەی سایکۆلۆژیایە لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ریشە ماتریالانەی بەرهەمهێنان دووبارە کۆمەڵگە بونیاد و بەرهەم دەهێننەوە، لەم رەهەندەوە زانستی دەروونیی کورت دەبێتەوە بۆ چەند وانەیەکی سەتحیی گەشەپێدانی مرۆیی. لەم رووەوە هەرچی دەکەم ناتوانم ئەو نوکتەیەک لە بیر خۆم ببمەوە: پیاوێک ژەهری کوشتنی مشک دەفرۆشێت، پیاوێکی تر مشک لە ماڵەوە هەراسانی کردوون، بڕیار دەدات بۆ چارەسەری ئەو گرفتە دەرمانی مشک کوشتنەکە بکڕێت، بەڵام مشکەکان بۆنی ژەهرەکە دەناسنەوە و خۆیانی لێ لادەدەن، چەند رۆژ دواتر کڕیارەکە دەچێتەوە بۆ لای فرۆشیار، گلەیی ژەهرەکەی لێدەکات کە هیچ کەڵکی نەبووە، ئەویش بە دەمارساردییەوە دەڵێت ڕێگەی بەکارهێنانەکەت هەڵە بووە، پێویست یەک بە یەک مشکەکان بگریت و کەوچکێک لەم ژەهرە لە زاریان بخەیت. ناکرێت بۆ ریشەکێشکردنی دەردە کۆمەڵایەتییەکان، کار لەسەر تاک بە تاک بکەیت، بۆ نموونە لە پرسی خەمۆکییدا، ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی چوار ملیۆنی وەک کوردستاندا پەنجا کەسی خەمۆک هەبێت دەبێت لە رووی دەروونییەوە لە جۆری کەسێتی کارەکتەرەکان بکۆڵینەوە، بەڵام ئەگەر ڕێژەکە بوو بە پەنجا هەزار، پرسەکە لەوە دەردەچێت لە روانگەی سایکۆلۆژیی و کلینکییەوە تەماشا بکرێت، بەڵکو لەم بارەدا گۆڕاوە بۆ پرسێکی گشتیی و دەبێت بە دوای هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیدا بگەڕێین.

سێیەر: سەبارەت بە مژاری بەختەوەریی بیرکردنەوەیەکی جیام هەیە، بەختەوەریی وەهمێکە بۆ بەردەوامیدان بە ژیان، بێ ئەو بەختەوەرییەی نیازمان وایە پێی بگەین ناتوانین چالاکیی لەناو ژیاندا بکەین، ئێمە پێویستمان بە داتاشینی

ئەفسانەیەک هەبووە بە ناوی بەختەوەرییەوە، هەوڵیشمانداوە بڕوا بەو ئوستوورەیە بکەین. بیرۆکەی کورتە چیرۆکێکم هەبوو لە بارەی بەختەوەرییەوە، لێرەدا ئایدیای چیرۆکەکە دەخەمە بەردەست: (بیرم لەوە دەکردەوە هەموو ڕێگاکانی بەختەوەریی لە کتێبێکدا بە خەتی بزماریی لەسەر سەدان تاتە قوڕ نووسراوەتەوە، مێژووی کتێبەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان یان هەمان ئەو ڕۆژەی لە وڵاتی دووئاوان نووسین دۆزرایەوە، هەر جارەو بەشێک لەو کتێبە لە ژێر گالیسکەکانی ئاشوور و ئەکەد و بابل و ئەسپی عەرەبە غەزەواتچییەکاندا بۆ ئەبەد پلیشاوەتەوە، بە تەنیا پاژێکی کەمی نەبێ کە پێش هاتنی لەشکری عەرەب لەلایەن ئانوبانینی پادشای لۆلۆبییە جەنگاوەرەکانەوە رزگار کراوە و لە یەکێک لە ئەشکەوتەکاندا حەشاردراوە، ئێستا هیچ کەس نە ئەشکەوتەکە پێ دەزانێت، نە زانیارییەک لە ناوەڕۆکی کتێبەکەوە بە ئێمە گەیشتووە. ڕەنگبێ بۆ دۆزینەوەی ئەو کتێبە هەمان بەزممان بەسەردا بێت، پەپووسلێمانە بەسەر مەلە هاوڕێکانی خۆیدا هێنا بۆ دۆزینەوەی پادشاکەیان کە عەتتاری نیشاپوری لە ٤٥٠٠ بەیتی «منطق الطیر»دا بۆمان دەگێڕێتەوە). لە بەرامبەر چەمکی بەختەوەرییدا هیچ چەمکێکی ترم وەک ئەڵتەرناتیڤ نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت ئێمە هاتووینەتە ژیانەوە، پێویستە نابەختەوەر نەبین، ناشاد نەبین، کرۆکی بەختەوەریی بریتییە لەوەی نابەختەوەر نەبین. تێری ئیگلتۆن بیریاری چەپ، نموونەی ئەو کۆیلەیە دەهێنێتەوە بەردەوام ڕەنج دەدات و ئازار دەدرێت، قەناعەتیشی هێناوە بە چارەنووس و بەشی خۆی و پێیوایە بەختەوەرە!، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پاڵنەرەی ئەم هەستەی بۆ بەرهەمهێناوە بریتییە لە نەبوونی هیچ ئایدیایەک لە بارەی دۆخێکی تر و نەزانییە بەرامبەر بە چێژەکان و بەختەوەریی و ئازادیی (بەم مانایە بەختەوەریی کارێکی تەواو سوبێکتیڤ نییە، دەتوانیت وا بڕوا بکەیت بەختەوەریت لە هەمان کاتیشدا قوربانی دەستی خۆفریودانەکەشت بیت). هەربۆیە فریوێک هەیە لە بابەتی بەختەوەرییدا، ئەو بەختەوەرییەی ئاینەکان بە قنیاتکردن بۆ مرۆڤی پێشنیار دەکەن، چیتر نییە جگە لە خودی فریوەکە و ناهۆشیاریی سەبارەت بە خودی بەختەوەریی کە دەگونجێت بڵێم ڕاگرتنی سوبێکتە لە نابەختەوەرییدا، بۆ ژێژەک بەختەوەریی

کاتیگۆرییەکی نائەخلاقییە، مرۆڤی بەختەوەر هیچی تر نییە جگە لە سازشکار و گەمژە، کۆی ئاین و جیهانبینییە ئایدیالیستییەکانیش لەسەر ئەو بۆچوونەن زوهد و قەناعەت پلیکانە و پەیژەی بەختەوەریین. لە چیرۆکی (پیاوی بەختەوەر)ی (لیۆ تۆڵستۆی)دا، پادشا تووشی دەردێکی بێ دەرمان بووە و هەرچی حەکیمی دنیایە پێیان چارەسەر ناکرێت، لەم ئانوساتەدا پیاوێکی دانا پەیدا دەبێت و دەڵێت دەرمانی پادشا تەنیا لەبەرکردنی کراسی بەختەوەرترین پیاوە، ساتێ کوڕی پادشا ئەو پیاوە بەختەوەرە پەیدا دەکات، دەبینێت هێندە نەدار و بێدەرەتانە، تەنانەت کراسێکی نییە لەبەری بکات.

من: گەشەپێدانی مرۆیی هەروەک پرەنسیپە یۆگییەکە پێیوایە: گەردوون وەڵامی قسە ناداتەوە!، ئاغڵەبی جاریش لە پۆزەتیڤیزم نزیک دەکەوێتەوە و بە گەزی زانستە سروشتییەکان هەموو شتێک دەپێوێت، ئەو دیدگا یۆگییەی زۆرینەی جار مۆتۆڕی بیرکردنەوەی گەشەپێدانی مرۆییە، پێیوایە مرۆڤ و ئامێرەکان بە یەک سووتەمەنی کار دەکەن ئەویش وزەیە، لە جەستەی هەر مرۆڤێکیشدا خولگەیەکی وزە وەرگرتن هەیە و ناوی مانیپورایە، ئەم خولگەیە وەڵامـدەرەوەی خواستی مرۆڤە بە پێی جۆری بیرکردنەوەی کەسەکە، ئەگەر بیرکردنەوەکە نێگەتیڤ بێت ئەم خولگەیە ژیانێکی نێگەتیڤت بۆ هەڵدەبژێرێت بە پێچەوانەشەوە هەروا. بەم واتایە ئەوە خۆتیت دەتوانیت بە هەست و بیرکردنەوەی ئەرێنی بگەیتە گەورەترین ئامانج و بەختەوەریی، لەم دۆخەدا لە شکستی خۆتدا هیچ کەس گوناهبار نییە بێجگە لە خودی خۆت، لەم کاتەشدا مامۆستایانی گەشەپێدانی مرۆیی دەبنە ئەو پیاوچاکانەی مێژوو فانۆست بۆ رادەگرن بچیتە ژوورە تاریکەکانی ناوەوەی خۆت بە ئامانجی دۆزینەوە و تامکردنی میوەی بەختەوەریی و سەرکەوتن هەر وەک لە فیلم کارتۆنی عەلی بابادا بە وتنی (سم سم بکرێوە) دەروازەی گەنجینە خەیاڵنەکراوەکەت بە ڕوودا دەکرێتەوە یان شارە نموونەییەکەی ئەفلاتۆن (کالیپۆلیس- شاری جوان) لە پێشوازیتدا دەبێت. لە کتێبەکەیدا بە ناوی (تراژیدیای نووسەرانی رووس) کە دار الزمان ساڵی ٢٠١٩ چاپی کردووە (د.جەودەت هۆشیار) بەسەرهاتێکی سەیر دەگێڕێتەوە: ساڵی ١٩٢٦ نەخۆشێک دەچێتە لای پزیشکێکی

دەروونـی، نەخۆشـەکە بە پزیشکەکە دەڵێت تووشی خەو زڕانـی بـەردەوام و کەمخۆراکیی و خەمۆکییەکی سـەیر بووم، پزیشکەکە ڕێنمایی دەکات چیرۆکی تەنزئامێز و کۆمیدیی بخوێنێتەوە بە تایبەت چیرۆکەکانی میخائیل زۆشینکۆ. نەخۆشـەکە هەناسـەیەکی قووڵ و سارد هەڵدەمژێت و دەڵێت، جەنابی دکتۆر، من بۆ خۆم زۆشینکۆم!. ڕێگاچارەی گەشەپێدانی لە پێشنیاری پزیشکە رووسـەکە دەست کورتترە، چونکە تەنیا ڕواڵەتێکی سادەی بابەتەکە دەبینێت، نایەوێت پەنجە بخاتە سەر برینە جەوهەرییەکە، ئا لێرەوە سیستمی باڵادەست خوازیارە ئەم شەعبەزەبازییە برەوی زۆرتری هەبێت تەنانەت لە ڕۆژئاوای پۆست مۆدێرندا هیچ شتێک وەک ئەم چاوبەستە لە برەودا نییە.

ساد گورو سۆفییەکی هیندییە بەم هۆیەوە بووە بە ڤیگۆرێکی ناسراوی جیهانی، پێشتریش قۆڵبڕێکی وەک ئۆشۆ گەیەندرایە کەشکەلانی فەلەک و ئەو ئاستەی ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژئاوایی بە ترسێک لە قاڵبی شەرمدا پرسیاری ئەوەی لێ بکات ئایا تۆ خودایت؟. ئەو عیرفانەی لە گەشەپێدانی مرۆیی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە زیاتر بە کەڵکی سیستمی کاپیتالیستی دێت، بۆیە هەموو زەمینەکانی گواستنەوەی بۆ جیهانی ڕۆژئـاوا ئامادە کـراوە، سـەیریش نییە تا ئەمڕۆش جادووگـەر و ئەستێرەناس و غەیبزانان پێگەی خۆیان لە خۆرئاوا لە دەست نەداوە، زۆرترین فرۆشیش بۆ ئەو کتێبانە بێت ناوەڕۆکێکی لەم چەشنە لە خۆ دەگرن، چونکە تەنها ئەوانن دەستیان گەیشتووە بە زانینی ئەو ئایندە تاریک و نەزانراوەی پێشوەخت بۆ هەر یەکێکمان دیاریکراوە. بازاڕی کتێبەکانی ئەستێرەی بەخت و هاوشێوەکانیان لە هەڕمێندان کە بە مرۆڤ دەڵێن لە دەرەوەی ویستی خۆت، ژیان و ئایندەت لە شوێنێکی تری گەردوونەوە دەستنیشانکراوە، تۆ دەتوانیت لە ڕێگەی کۆنتاکت لەگەڵ ناوەوەی خۆت وزەی پۆزەتیڤ بەرەو ناخت پەلکێش بکەیت تا ئەو کاریگەرییە گەردوونییە بە بەرژەوەندیی خۆت بشکێنیتەوە، ئەم سەفسەتەبازییە شانی سیستمی زاڵی لە هەر نەهامەتییەکی ئەم جیهانە خاڵی کردووەتەوە، خۆ بێ هۆکار نییە ئەم عیرفان و غەیبپەرستییە لە هەر کوێ پێی خۆش بێت بێ هیچ ڕێگرییەک چادری خۆی هەڵدەدات، چونکە تا ئێستا هیچ بەنجێک لەمە کاریگەرتر

نەدۆزراوەتەوە بۆ دارنینی ئەکتی رادیکاڵ لە مرۆڤ تا بێهۆش بێت لەوەی لە پشت ئەم خەواندنە موگناتیسییەوە چی نەهامەتییەک لە دەرگای دەدات.

سێیەر: ئەگەر زۆرتر قاڵ و وردبینەوە رەگێکی ئەم دیاردەیە لەناو فەلسەفەشدا دەدۆزینەوە، بە گوێرەی راڤەکارییەکانی پلاتۆن پاشتر ئەرستۆ، هەر مرۆڤێک پێش لە دایکبوون چارەنووسی دیاریکراوە، هاتنە نێو دنیاشی تەنیا گەشتێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو ماهیەتەی پێشوەخت وەک جەبرێک بۆی دیاریکراوە!، ئەمە خۆی جۆرێکە لە تەبایی لەگەڵ ئەو سیناریۆیانەی ئاینەکان بە تایبەت ئاینە یەکتاپەرستەکان لە هەمبەر پرسی چارەنووسی مرۆیی دایانڕشتووە، بەوەی هەر مرۆڤێک مەحکومە بەو چارەنووسە دیتێرمینیستییەی بۆی دەستنیشان کراوە، ئیدی مرۆڤ هەرچی بکات ناتوانێت ئەو چوارچێوە چارەنووسییە تێپەڕێنێت، ویستی ئازاد و هەڵبژاردن شتێکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی و ئەوەی بەسەریدا دێت لە بۆتەی بووندا لەلایەن سروشت یان هێزێکی بانسروشتییەوە بۆی هەڵبژێردراوە، نارەزایەتی دەربڕینیش هەوڵێکی ناکامی دژە چارەنووسە بگرە دژی هەموو ئەو رێسایانە سروشت هەڵدەسووڕێنن. بۆ هیراکلیتس کرداری هەر مرۆڤێک چارەنووسەکەشیێتی، لە برگەی ١٠٢ی نووسراوەکانیدا بەم جۆرە ئەو بیروڕایە گوزارشتی لێکراوە: (ethos anthropos daimom واتە ئیتیکی مرۆڤ چارەنووسێتی). هیراکلیتسی فەیلەسوفی گۆڕانخواز بە پێچەوانەی لۆژیکی فەلسەفیی ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە ئازادیی دەبەخشێت بە مرۆڤ، کە دەتوانێت بە ئیتیکەکانی چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێت لە دەرەوەی هەر جەبرێک (لێرە جیاوازیی هەیە لە نێوان ئیتیک و مۆراڵدا). ئیتیک لەم رستە فەلسەفییەدا بە مانای ئیرادە یان ویستی هەڵبژاردن دێت. ئەوە تۆیت دەتەوێت چارەنووست چۆن بێت، ئەوەی تۆیت دەتوانیت بە ئەکتەکانت دنیای خۆت بنەخشێنیت، ئەوە تۆی مرۆڤیت بڕیارت داوە چ شتێک بکەیت یان نەکەیت بۆ باشترکردنی ژیانت چ لەسەر ئاستی تاک چ لەسەر ئاستی گروپ. ئەم دوو تێڕوانینە ناکۆک و دژبەرەی هێمامان بۆ کرد، شەڕێکی دێرینی دیالەکتیکیی و هەزاران ساڵە لە نێوانیاندا هەیە (واتە شەڕی نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم)، ئەگەر ئایدیالیزم یان باوەڕە میتافیزیکییەکان جەخت

لەسەر بێدەسەڵاتی مرۆڤ بکەنەوە و هەگبەیان پڕ بێت لە پەیامی موسەیربوونی مرۆڤ، بە پێچەوانەوە لە روانگەی ماتریالیستییدا رژدانە داکۆکی لە ویستی ئازادانە کراوە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ دامەزراندنی ژیانێک بەو جۆرەی خۆی دەیخوازێت.

نیچە بەگژ ئەو بیروڕا چەسپیو و ڕەگ داکوتاوەی مەسیحییەتدا دەچووەوە پێداگریی لەسەر دەستنیشانکردنی پێشوەختەی چییەتی مرۆیی دەکردەوە، ئەو پێیوابوو مرۆڤ دەتوانێت بە خستنەگەڕی ئیرادە ناکۆتاکەی بۆ ئاستێکی بەرزتر و سوپەرمان بڵند بێتەوە، پاشتر ئێگزیستانسیالیزم (وجودییەت) ئەم پرسەی هێنایە سەنتەر و چەقی ئاخاوتنی فەلسەفییەوە، هایدگەر و سارتەر وەک دوو فەیلەسوفی بوونخواز، بە دوو ئاڕاستەی جیا کەوتنە رەتدانەوەی ئەو تێڕوانینە کلاسیکییەی لە فەلسەفەی یۆنانییەوە بۆ ئەو سەردەمە و تا ئێستاش درێژ بووەتەوە، هەوڵێکی چڕیان دا، تا رووبەڕووی ئەو جەبرە ببنەوە بەسەر چارەنووسی مرۆڤدا سەپێنراوە بەوەی سروشت یان خودا بڕیاری لەسەر ماهیەتی مرۆیی داوە، ئەگەر هایدگەر پێیوابووبێت ماهیەت دوای بوون دروست دەبێت و مرۆڤ بە ئازادانە دەتوانێت چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێت، ئەوا لای سارتەر بوون پێش ماهیەت کەوتووە و مرۆڤ لە بووندا بێ هیچ جەبرێکی میتافیزیکیی ماهیەتی خۆی دەدۆزێتەوە، هەردوولاش وەک یەک بەشدارن لە گەڵاڵەی ئەو تیۆرەی ژیان بۆ خۆی ئامانجێکی نییە و بێ هۆ و بێهوودانە هەیە. بۆ مارکس وەک فەیلەسوفێکی ماتریالیست پرسەکە جۆرێکی تر بوو، دیتێرمینیزم لە روانگەی ئەوەوە سروشتکرد نییە، هێندەی دەستکردی دەستی رژێمە چینایەتییەکان و مرۆڤ خۆیەتی، ئەوەی بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە دۆخ و سزایەک نییە لە ئاسمانەوە سەپێنرا بێت، بە پێچەوانەوە هەموو چەوساندنەوە و جەبرێکی ئابووری و سیاسیی، لەسەر زەوی و لەلایەن خودی مرۆڤەوە بۆ بەرزەفتی ئەویتری کەمدەسەڵات یان بە دەربڕینی ئاگامبێن بەسەر هۆمۆساکەردا دەسەپێنرێت. ژیانی دژواری ئێمە چارەنووسێک نییە لەلایەن هێزێکی ئەودیو سروشتیی و غەیبییەوە بۆمان هەڵبژێردرابێت، بە قەدەر ئەوەی هەلومەرجێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پڕ ئاستەنگی زەمینییە و بە تۆپزی هەڵدراوینەتە ناوییەوە. بۆ ئەوەی ئەو دژوارییەش بگۆڕدرێت ئاسمان بەرۆکی

نییە بیگرین، نە فەلەک غەدارە نە زەمەن دڵێکی رەقی هەیە، ئەوەی غەدارە و دڵی لە پۆڵایە هەیە سیستمی زاڵە و دەبێت یەخەی ئەو بگرین، بەڵام سەرمایەداریی دەیەوێت هێندە باش بین نەتوانین تووڕە بین، رق هەڵگرین، نارەزایی دەرببڕین، لە باشترین حاڵەتدا ببینە پاڵەوانە ساردوسڕەکەی رۆمانی (نامۆ)ی ئەلبێر کامۆ، ئەو (مێرسۆ)یەی نە هەست بە خۆشی دەکات نە بە ناخۆشی، نە قینی لە کەسە نە عاشقی هیچ کەسیش، بوونەوەرێکی ئەوەندە بێ کەڵکە ریاکسیۆنی لە بەرامبەر هیچ رووداوێک نییە، تەنانەت رۆمانەکە بەم قسەیەی ئەو دەستپێدەکات: (ئەمڕۆ دایکم مرد، لەوانەشە دوێنێ بووبێت!). کاپیتالیزم ئەم چاکیی و بێباکیی و خەمساردییە لە ئێمە دەخوازێت.

من: هەر لە نەریتی فەلسەفیدا دەمێنینەوە، ئەگەرچی لە نابووتکردن و زاڵبوون بەسەر مەرگ و تەنیایی و پیربووندا هیچ کەس نییە شان بدات لە شانی رەواقییەکان، بەڵام لە ئەخلاقی ستۆیسیزمیدا (رەواقی)، مرۆڤ ناتوانێت چارەنووسی خۆی بگۆڕێت، هەرچی شەڕ بکات لەگەڵ چارەنووس هەوڵێکی ئەپسووردە. زینۆن وەک رابەری فەلسەفەکە لە سەدەی سێیەمی پێش زایین هەموو شتێکی دەخستە ژێر رکێفی عەقڵەوە یان راستتر بڵێم عەقڵی سروشتگەرایی، پێیوابوو هیچ شتێک لە سروشتدا نایەوێت دەستکاریی پێگە و جێگەی خۆی بکات، بەڵکو هەر شتێک لە بووندا لە جێگەی شیاوی خۆی دانراوە، ئەمەش حەتمییەتی گەردوونییە، مرۆڤیشی دەخستەوە ناو هەمان بازنەی ئەو سیستمە نەخشە بۆ دانراوانەوە، هەر هەوڵدانێکی بۆ گۆڕینی جیهانی مرۆڤ بە دژی رەهایی گەردوون لێکدەدایەوە. لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا ستۆیسیزم دەستەپاچەیی نیشان دەدا، واقیع شتێکە نییە بتوانین بە ئیرادە و ئارەزووی خۆمان بیگۆڕین، بەڵکو مرۆڤیان لەسەر ئەوە رادەهێنا لەوە تێبگات چی شتێک بۆ ئەوە و چی تر بۆ ئەو نییە، ئەمەش لەسەر زاری ئەبیکتیتۆسی فەیلەسوفی رەواقی بە روونی جەختی لێ کراوەتەوە، کرۆکی فەلسەفەکەش لەسەر راگرتن و پاراستنی هاوسەنگی دامەزراوە کە داماڵینی ئەکتی شۆڕشگێڕانەیە لە مرۆڤ بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو واقیعەی تێی کەوتووە، هەموو تیۆریزەکانی ناو کتێبی (مێدیتاسیۆنەکان)ی

مارکۆس ئۆریلیۆس کە کتێبی پیرۆزی ڕەواقییەکانە بۆ دارِنینی مرۆڤە لە هەر ڕق و تووڕەییەک بەرامبەر بە واقیع. لە فیلمی سەردەمی مۆدێرنی چارلی چاپلندا پاڵەوانی فیلمەکە کرێکارێکە و دەیەوێت بەشێوەیەکی تاکەکەسی ئاڵنگاریی بکات و ڕووبەڕووی واقیعی دەرەکیی ببێتەوە، هەرچی ڕێگایەک دەگرێتە بەر سەرکەوتوو نابێت، چونکە هۆکارە دەرەکییەکان لێی تێکدەدەن، تەنانەت ئەو کاتەشی دەبێتە گۆرانیبێژ ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، چونکە ژینگە و بارودۆخەکە لەگەڵیدا هاوکار نییە، فەلسەفەی پشت ئەم فیلمە پشت ئەستوورە بە ڕوانگەکانی کارڵ مارکس لە بارەی نامۆبوون و شۆڕش و ویستی گۆڕانکارییەوە، بە پێچەوانەی لۆجیکی هۆلیودەوە کە ڤۆکەس دەکاتە سەر زەقکردنەوەی تاک پاڵەوان لە بری بە کۆمەڵاتیکردنی پاڵەوان، لەو سینەمایەدا تاک بە زەبری بەکارهێنانی مێشکی دەتوانێت نەک ڕێچکەی ژیانی خۆی بەڵکو لیاقەتی گۆڕینی ڕێڕەوی مێژووشی هەیە. فیلمەکەی چاپلن دەیەوێت ئەو پەیامەش بگەیەنێت هیچ مرۆڤێک بە تەنیا و دابڕاو لە چوار دەورەکەی ناتوانێت هەلومەرجی ژیانی خۆی بگۆڕێت، بەڵکو کردەی گۆڕین لە هەموو دۆخێکدا پرۆژەیەکی کۆلێکتیڤە و پێویستی بە هاوپشتییە، بەبێ ئەم سۆلیداریتییە نامۆیی بە یەکسانی بەسەر چینەکانی دەرەوەی بازنەی سەرمایەداراندا بە یەکسانی دابەش دەبێت، ئەگەر مارکس جلوبەرگی میتافیزیکیی لەبەری بەخۆبێگانەبوون دارنیبێت وەک ئەوەی لە فەلسەفەی هیگڵدا دەبینرا و کردبێتی بە دیاردەیەکی مێژوویی و ڕیالیستی و گرێیدابێتەوە بە دۆخی چینی کرێکار و دابەشکردنی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەوە تەنیا کرێکار نییە لەبەرامبەر بەرهەمەکەیدا هەست بە نامۆبوون دەکات بەڵکو وەک گوتم ئەم نامۆییە بە دادپەروەریی بەسەر هەموو خەڵکدا دابەش بووە.

سێیەم: سەرمایەداریی لە کەوڵە نیولیبرالیستییەکەیدا، خوازیاری ڕووتکردنەوەی مرۆڤە لە هەر خەونێکی مەزن، لە هەر ئایدیایەکی ڕادیکاڵ، لە هەر بیرکردنەوەیەکی مرۆڤانە، لە هەر ئەکتێک گومانی ئەوەی لێ بکرێت لە ئاکامدا بۆ نەزمی باڵادەست ببێتە سەرئێشە، سیستم مەیلی بەلای مرۆڤێکەوەیە بە ورگ و خوار ورگییەوە مژۆڵ و سەرحاڵ بێت و کارێکی بە دنیا نەبێت جگە لەوەی ببێتە ماکینەیەکی بێ

دڵی بەرهەمهێنان. یوڤاڵ نوح هەراری پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات مرۆڤ، ئاین و ئایدۆلۆژیا و نەتەوە و خوداکانی بۆ یەک مەبەست ئافراندووە و باوەڕی پێکردوون تاکو لەو ڕێگەیەوە بەرەو ڕووی واقیعی دەرەکی ببێتەوە یان (بۆ پڕکردنەوەی درزی نێوان خۆی و واقیع) ئەمەش بە پلاتفۆرمێکی گاڵتەجاڕانە و وەهمسازیی لێکدەداتەوە، بەڵام لە بیری کردووە مرۆڤ بۆئەوەی دۆخە ئاژەڵییەکەی خۆی تێپەڕێنێت، ئاین و خودا و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاکانی داهێناوە کە ئەو بە بارێکی قورسیان دەبینێت بە شانی مرۆڤەوە، کەچی ئەگەر واقیعی مرۆیی، ئافراندنی میتۆسەکان و چیرۆکی ئاینەکان و فەلسەفە و ئایدیا جۆراوجۆرەکانی لێ دەربهێنیت، هیچی نامێنێتەوە جگە لە حکایەتی ڕەوە ئاژەڵێکی کێویی، ئەفسانە و ئاینەکان و خوداکان دواتریش ئایدۆلۆژیاکان بەشێکن لە پرۆسەی هۆشیاریی مرۆیی نەک لێسەندنەوەی واتاکانی ژیان، بێهننە بەرچاو مرۆڤ خاوەنی هیچ دنیابینی و فەلسەفە و ڕوئیایەک نەبێت لە ژیانیدا، هەر لەو ئاژەڵە دووپێ پووچ و گەلۆرە دەچێت ئێستا سەرمایەداریی خەریکی دروستکردن و برەوپێدانێتی.

ئەگەرچی مێژووی ئاین و ئایدۆلۆژییە مرۆییەکان چیرۆکی خوێن و ململانێی کارەساتبار بووە، کەچی نکۆڵی لەوە ناکرێت داینەمۆی پێشکەوتنی ژیار و شارستانێتیش بووە، مرۆڤی لە بنەی ئامۆزا شەمپانزییەکانی جیا کردووەوتەوە بگرە گواستوویەتییەوە بۆ ئەم قۆناغەی هەموو گەردوون بە موڵکی خۆی دەزانێت، مرۆڤ ئەگەر خودا دروستی کردبێت یان خۆبەخۆ دروست بووبێت، نکۆڵی لەوە ناکرێت بەرهەمی دیالەکتیکیی ژیانە و بێ ئەم دژبەریی و ناکۆکییانە لە مەرزێکدا دەچەقی و هەرگیز توانای پەڕینەوەی نەدەبوو بۆ ئەمڕۆ، ئەگەرچی ئەمڕۆ بە هەموو پێشکەوتنەکانییەوە بۆ من ڕۆمانسی نییە، بەڵام مانەوەی مرۆڤ لە قۆناغی پریمیتیڤ و سەردەمی خواردنی گۆشتی کاڵ و چەرخی ڕاوشکاریشدا هێندە خۆش نەبووە، ئەوەی ئارکۆلۆژیستەکان تێبینیان کردووە لەسەر ئەو شێوە ژیانە، مرۆڤ هەمیشە ڕایکردووە بە دوای غەریزەکانیدا، وەک هەر ئاژەڵێکی تر خواستی هەرە گەورەی تێرکردنی ڕەمەکەکانی بووە هەر لە خواردن و خواردنەوەوە بیگرە تا بە سێکس دەگات. کاپیتالیزم لە ڕێگەی بە ڕۆبۆتکردنی مرۆڤەوە، خوازیارە

ژیان بۆ سەردەمێکی ئێجگار دوور بگەڕێنێتەوە، بە چەشنێک هەموو پێشکەوتنێکی تەکنیکی وەک ئەوە وایە خرابێتە خزمەتی دواخستنی مرۆڤەوە، بۆپێشەوەچوون و داهێنانیش بۆ ئەو مەبەست و ئامانجە بێت نەک سەدان ساڵ، بەڵکو بۆ گەڕانەوە بێت بۆ پێش هەزاران ساڵ یان بۆ چاخی بەردینی کەونار کە هێشتا مرۆڤ هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاژەڵدا پەیدا نەکردبوو تەنانەت لە رووی دیزاین و فیسیۆلۆژیاشەوە. سەرمایەداریی ئەو ئایدۆلۆژیا شاراوەیە (ئەگەرچی هەمیشە نەیارێتی خۆی لەگەڵ ئایدۆلۆژیا نیشان دەدات، بە هەمان فۆرمی هیتلەر و مۆسۆلینی کە نەیارەکانیان بە ئایدۆلۆژیست تاوانبار دەکرد و خۆیان بە ئەنتی ئایدۆلۆژیا و دژە سیاسەت پێناسە دەکرد) لە هەوڵی سڕکردنی خەسڵەتە مرۆییەکانی مرۆڤدایە و تاکو ببێتە ئاژەڵێکی زۆرخۆری هەمیشە خەواڵوو.

من: بۆ خۆم دەسڵەمێمەوە لە ناوزەدکردنی ئەم بوونەوەرە دوو پێیە بە (مرۆڤ) یان (مرۆڤی مۆدێرن)، ئەم بوونەوەرە خاڵییە لە سیفاتی مرۆیی، بۆچی دەبێت ناوی مرۆڤی لەسەر دابنرێت؟. ت.س ئەلیۆت، شاعیری ئینگلیزیی لە چامەیەکی بەنامێی خۆیدا، مۆدێرنێتەی بە (زەوی بێ بەرهەم) و مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنەشی بە (مرۆڤی بەتاڵ) ناوبردووە، وەک چۆن مارتن هایدگەر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ژیاری مۆدێرنی رۆژئاوا لە بری پاڵەوان دژە پاڵەوان بەرهەم دەهێنێت!. سادق جەلال عەزەم سەرنجمان بۆ پڕکردنەوەی ئەم بە بێ ناوەڕۆکییەی مرۆڤی رۆژئاوایی لەلایەن هێزە تاریک و فێندەمینتاڵەکانی وەک جیهادیستە ئیسلامیستەکانەوە رادەکێشێت، ئەگەر هێزێکی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤدۆست بەو قەبارەیەی جیهادییەکان بتوانێت واتا ببەخشێت بە ژیانی نیهێلیستانەی مرۆڤی مۆدێرن، رەنگبێ چیدی ئەو ببێتە هێزی جێگای ئومێد. خەڵکانێک لە دنیای ئێمەدا دەهۆڵی زۆریان بۆ بێ ئایدۆلۆژیایی و دژە سیاسەتبوون دەکوتا، مەرجی مرۆڤی ئازادییان دەبەستەوە بەوەی ئەم بوونەوەرە چەند لە بکەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و خاوەن ئایدیاوە خۆی گۆڕیوە، بۆ ئۆبێکتێکی دژە سیاسەت و سانتریست و دەستەپاچە، سیستمی زاڵ بۆ ئەوەی بێ کێشە و گرفت ئەوەی دەیەوێت بیکات، پێویستی بە داشۆرینی ئایدیایە لە مێشکەکان و داڕنینی ئەکتی رادیکاڵە لە ژیانی

کردەیی مرۆڤدا، بەم جۆرەش توانیوویەتی تامی سەرکەوتن بکات و لە پەناشەوە گاڕانێکی غەریزیی بێشومار دروست بکات، زیاتر لەوەش دەستکاریی هەست و غەریزەکانیشی بکات و بیکاتە ماکینەیەکی رەقوتەقی کار و هیچی تر. هەر کات لە ژیانی مرۆڤی مۆدێرن ورد دەبمەوە بە دەست خۆم نییە فڕکان فڕکانی قالۆنچەکانم بیر دەکەوێتەوە! ئایا دیقەتی قالۆنچەتان داوە لە کاتی سێکسدا؟! (قالۆنچەکان هەر بەدەم ماراسۆنەوە سێکس دەکەن)، مرۆڤی نوێ هێندەی قالۆنچەیەک کاتی نەماوە بۆ خاڵیکردنەوەی لیبیدۆ هەراشەکانی، ئای چەند بەستەزمانە ئەو مرۆیەی سیفەتی مێرووی وەرگرتووە کە رۆژ تاکو شەو بە دوای حەز و ئارەزووە عەنتیکەکانی خۆیدا وێڵە لە جیهانی کاڵاکاندا. ئەگەر پێشتر رەخنەگرتن لە نەریتی مۆدێرن پاژێک بووبێت لە دیدگا کۆنزەرڤاتیستەکانی خەڵکانی وەک تۆماس ستیرنز ئەلیۆت (ت.س ئەلیۆت) بە تایبەت لە کتێبە شیعرییە بەناوبانگەکەیدا (خاکی وێران «الارض اليباب») یان بەشێک بووبێت لە بیرکردنەوەی راستڕەوانە و نازیزمی هایدگەرییانە، ئەوا لەمڕۆدا دەبێت ببێتە رۆژەڤێکی چەپڕەوانە. ژیژەک لە شوێنێکدا ئاماژە بە ئارگۆمێنتە مامناوەندیی و نەرمترەکەی ئیتین بالیبار دەکات، بالیبار بە پێچەوانەی کتێبی (دیالەکتیکی رۆشنگەریی) هەردوو فەیلەسوفی قوتابخانەی فرانکفۆرت (ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر)ەوە پێیوایە مۆدێرنێتە سەرباری ئەوەی رووبەرێکی بەرفرەی بۆ (ئازادییە نوێیەکان) تێدایە، هاوکاتیش پانتاییەکی مەترسیداری بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە کردووەتەوە.

بە وتەی سلاڤۆی ژیژەک: (بۆیە گرەنتییەکی تیلۆلۆژیی سەبارەت بە ئاقیبەت بوونی نییە، شەڕەکە کراوە و نادیارە). بەڵام خۆم بە سەرنجدان لە رەوشی سەدەی بیست و یەک، هاوڕای بۆچوونی دوو فەیلەسوفەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرتم کە سەرئەنجامی مۆدێرنە و رۆشنگەریی هیچی تر نەبوو لە تراژیدیاکانی سەدەی بیستی ئەوروپا، هەر لە کەمپە زۆرەملێکانی هۆلۆکۆست و ژینۆسایدەوە بیگرە تا دەگاتە رەوشتی کۆڵۆنایزەرانەی خۆرئاوایی لە کۆڵۆنییە نوێیەکاندا، وەک چۆمسکی باسی دەکات، هەموو ئەفەریکا کرایە ژێدەرێکی بە پیت بۆ سەرلەنوێ بووژانەوەی ئابووری ئەوروپای دوای دوو جەنگەکە. لە دەرەوەی

ریتۆریکبازیی گەرەکمە بڵێم ئەنجامەکانی مۆدێرنێتە بریتیبوو لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی خەسیوی دەستوپێ سپی هەردەم و هەموو کات بە هەموو شت رازی، بریتیبوو لە لێسەندنەوەی بینین و کارگەی وەچەخستنەوەی مرۆڤی چاوبەستکراو و نابینا کە ناتوانێت بەرپێی خۆیشی ببینێت. هیچ ساتەوەختێکی دیرۆکیی نییە، هێندەی نهۆ مرۆڤ لەناو ئۆقیانووسی زانیارییدا نەزان بووبێت، لەناو رووناکاییدا کوێربووبێت. چیرۆکی ئەندێشەیی (شاری کوێریی) نووسەری ئینگلیزیی (جۆرج وێلز) سەربردەی گوندێک بە قەدپاڵی شاخی (ئاندیز)ەوە دەگێرێتەوە، کوێربوون وەک پەتایەک سەراپای گوند دەگرێتەوە، بە جۆرێک هیچ کەسێکی تێدا نامێنێت خاوەنی بینایی بێت، کاتێکیش (نیونس)ی شاخەوان و چاوساغ، قاچی لە لێوارێکی چیاکەوە دەخلیسکێ و بە پەرچوو نامرێت و دەکەوێتە ناو گوندەکەوە، ئەو کاتێک باسی چاوساغییان بۆ دەکات! خەڵکی ئاواییەکە قسەکانی ئەویان زۆر پێ سەیرە، چونکە هیچ ئایدیایەکیان لە بارەی بینینەوە نییە، کە نیونس بۆی روونکردنەوە چاوساغیی چۆنە، تراومایەکی هیستریکیانە سەراپای خەڵکی گوندەکەی داپۆشی و بڕیاریاندا بە دەرهێنانی چاوەکانی ئەم بەڵایە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و رزگاریان بێت لەو ئایدیا شێتانەی نیونس لە بارەیەوە قسان دەکات. کۆمەڵگەی جیهانیی بە سەردەمێکی کوێریی رەهادا تێدەپەرێت و نایەوێت هیچ شتێک ببینێت، ئەو بە کوێریی خۆی راهاتووە و فۆبیای هەیە لەگەڵ هەر هزرێکی رۆشنگەرانە بیەوێت بڵێت ئێوە هیچ نابینن چ سەبارەت بە خۆتان چ سەبارەت بە دنیا، ئێوە کۆمەڵێک نابینای غەریزین و پێویستە چاوتان بۆ دامەزراندنەوەیەکی تری دنیا هەڵبهێننەوە.

## کەوتنی خۆرئاوا
## ژیانەوەی راسیزم و راستڕەویی

سێبەر: بێ ئەوەی بکەوینە رێگا بنبەستەکەی فوکۆیاماوە و تێزی حەتمییەتی مێژووی مارکس و هیگڵ هەڵبگێڕینەوە، نوقڵانە بۆ کۆتایی مێژوو لێ بدەین و بڵێین رەوتی مێژوو جیهانی نەگەیاندە شاری کۆمۆنیستی، بە پێچەوانەوە پاپۆڕەکە لە دوا کەناری دژەکەی (دیموکراسی بە نەسکە ئەمەریکییەکەی) لەنگەری گرت. رێگە بە خۆمان دەدەین بڵێین دیموکراسی لیبراڵی بەرەو مەرگی خۆی دەڕوات و خەریکە دەبێتە حکایەتێکی دێرینی ناو حکایەتە گەورەکانی گۆڕستانی جیهان. مایکڵ ساندل مامۆستای فەلسەفەی سیاسیی لە زانکۆی هارڤارد، پێیوایە گرفتی سەرەکیی دیموکراسی، ئەو دامودەزگا بیرۆکراسییانەیە تا دێت قڵشتەکە بەرینتر دەکەن، ئەو ئەم درزە ناو دەنێت (نادادپەروەیی)، بەڵام لە روانگەی ئێمەوە رۆچوونی تەواوەتی چینەکانی خوارەوە و هێنانە خوارەوەی ستانداری ژیانی چینی ناوەڕاستە بۆ ناو بازنەی هەژاریی، کۆکردنەوەی سامانە لە چنگی بازنەیەکی بچووکی ملیاردێران، رۆژ بە رۆژیش بازنەکە بچووکتر دەبێتەوە لە بەرامبەردا سنووری بازاڕ فراوانتر دەبێت، ئەمە خەسڵەتێکی سەیری سیستمی کاپیتالیستییە، هەم دەکشێت هەم دەچێتەوە ناو خۆی، بە دەربڕینێکی تر دەکشێتە دوا پنت و جوگرافیای ژیان وەک بازاڕ، دەچێتەوە ناو خۆی تا بازنەی کاپیتالیستی تەسکتر ببێتەوە و لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ نەکات، لە دۆخی کۆرۆناشدا بەر ئەم سیاسەتە ئیکۆنۆمییە کەوتین، بەوەی هەرەسیان بە بۆرژوازی بچووک و خاوەن بەرژەوەندییە گچکەکان هێنا بۆ سوودی ملیاردێران، دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆی هەراشتربوونی شۆڕشی پیشەسازیی لە قووتدانی مانیفاکتۆرەکاندا بینرایەوە وەک بڵێی سەرمایەداریی

سەردەمی نیولیبرالیزم گەڕانەوەی حکومی جیهان بێت بۆ ژێر فەرەمانڕەوایی تیتانە ئابوورییە زەبەلاحەکان. (تیتانەکان، لە ئوستوورەی گریکییدا، نیمچە خودای نەمر و تۆکمە بوون، ژمارەیان ١٢ دانە بووە شەشیان نێر و شەشیان مێ، پێش خوداکانی ئۆلۆمپیۆس فەرمانڕەوای زەوی بوون).

من: فوکۆیاما لە هەر دوو کتێبی (بناغەی دامەزراوەکان) و (لێکهەڵوەشانی سیاسیی) لە دوو هەزار لاپەڕەدا بە چڕیی لە کۆششدایە بۆ پێداچوونەوەی دەزگا دیموکراسییەکان تا ڕێگە لە (لێکهەڵوەشانی سیاسیی) بگرێت کە زۆر بە قووڵی لەشی دیموکراسی داڕزاندووە، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە دامەزراوەکان خۆیان بەرهەمهێنەری نادادیین، هیچ هیوایەک بۆ چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەیان نییە جگە لە هەڵوەشاندنەوەیان، هەڵەکە خودی دامەزراوەکانی دیموکراسییە نەک شتێکی تر، بەردەوامبوونی ئەو نادادییەی دامەزراوەکانیش بەڕێوەی دەبەن دیسان دیموکراسی بەرەو هەڵدێر و گۆڕستان دەبات، چیرۆکی دیموکراسی تا ئێرە بوو، هیچ فریادڕەسێک ناتوانێت لەم مەرگە حەتمییە ڕزگاری بکات، گەدەی کۆمەڵگاکان دیموکراسییان وەک تفترین خواردنەوە تفییە دەرەوە، باوەڕ ناکەم بێزیان بێت ڕشانەوەی خۆیان بخۆنەوە. فوکۆیاما چ گاڵتەجاڕێکە دەرگا لەسەر مێژوو دادەخات، ئێستا ناتوانێت قەرەبووی ئەو تێزە بەزیوەی بکاتەوە مەگەر بە نووسینی کتێبێکی تر بە ناوی (دەسپێیکردنی مێژوو)، ئەو مێژووەی ڕەنگە هەمووەمانی تێدا بین جگە لە دیموکراسی لیبراڵی، بەڵام ئایا ئەمە شانس دەدات بە (تیۆری چوارەمی سیاسەت)ی ئەلێکسەندەر دوگینی بیریاری ڕووس کە بە دیدی ئەو دوای شکستی فاشیزم و کۆمۆنیزم و لیبراڵیزم و کۆتایهاتنی ئەم حکایەتە گەورانە، نۆرەی حکایەتەکەی ئەوە (ئۆراسیانیزم) کە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئاسیا و ئەوروپا دژی ئەمەریکا؟. سترۆکتوری ئەو تیۆرەش لەسەر ئەنجامگیرییە فەلسەفییەکانی نیچە، هایدگەر، کارل شمیت و ئیڤۆلا ڕۆنراوە، ئەوەی پێشڕەو محەمەد بە وەهم دەیناسێنێت و بە بەشێک لە (رادیکالیزەی پۆست مودێرینستانەی تیۆری سێیەم) لە قەڵەمی دەدات. هەنگاوی یەکەم بۆ پراکتیسی ئەم تیۆرە لە پەلاماردانی ئۆکرایناوە دەستی پێکرد، هەمان ئەو داگیرکارییەی ژیژەک ناوی

دەنێت وێنایەکی تری دەستدرێژیی سێکسی، لەولاوە یوڤاڵ هەراری هەڵدەداتێ و نوقڵانەی ئەوە لێدەدات پۆتین وەک نوێنەری بیرکردنەوەی دوگین ئەگەرچی شەڕەکان دەباتەوە، بەڵام دواجار جەنگە گەورەکە دەدۆڕێنێت!.

سێیەر: دیموکراسی لیبراڵی لە دوا نەسکە باڵاکەی خۆیدا (ئەمەریکایی) کە خۆی وەک رووداو و دیاردەیەکی یونیڤرساڵ دەناساند، هەمان ئەو پارادایمە حکومڕانییەی فوکۆیاما بە نموونەیەکی سەرکەوتووی گەردوونیی دەزانی خەریکە دەبێتە ئەفسانە و حکایەتێکی بەسەرچوو و تێکشکاو هەر لەلایەن ئەوانەی لە ناو سیستم خۆیەوە هاتوون (بە هەڵبژاردن). ئێستا سەردەمی بێ بەهاکردنی ئەو لیبراڵیزمەیە وەک کۆتایی مێژوو وێنا دەکرا بە گەڕانەوەی راستڕەوی توندڕەو و پۆپۆلیزمی دژە ئایدۆلۆژیا و دژە سیاسەت، ئەوانەی زیاد لە هەر کەس دوژمنایەتیان لەگەڵ ناواخنی دیموکراسی هەیە، وەک پێش دوو ساڵ لە وتاری (کۆتایی حکایەتە گەورەکە)دا ئاماژەم بۆ کردووە دیموکراسی لیبراڵی سیستمێکی نەمر نییە، شێوازێکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو، هەنووکە نەزمێکی کەنەفت و پەککەوتەیە و دوا رۆژەکانی خۆی بەرەو مەرگێکی حەتمی دەژمێرێت. لەگەڵ ئەم دۆخەدا ئەو سەفسەتەیەش کۆتایی هات ناوی گواستنەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی بوو بۆ هەموو دنیا بە تایبەت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کێ ئەو پڕۆژەیەی جۆرج بوشی بیر ماوە، ناوی پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بوو؟، ئایا کابووسی عێراق و ئەفغانستان و ناچاربوونی ئەمەریکا بە کشاندنەوەی سوپاکەی، بێتوانابوونی دیموکراسی لیبراڵی و پاشەکشەی ئەمەریکا ناگەیەنن؟. فەرید زەکەریا سەرنووسەری گۆڤاری (نیوزیوک)ی ئەمەریکیی لە کتێبەکەیدا (جیهانی پاش ئەمەریکا) باس لە کەنارگیربوون و توانەوەی رۆڵی ئەمەریکا دەکات بەوەی چیتر ناتوانێت رۆڵی پۆلیسی جیهانی بگێڕێت، لە بەرامبەردا وڵاتانی وەک چین و هیندستان و رووسیا ئەو رۆڵەی پێشووی ئەمەریکا دەگێڕن، تەنانەت ئەو هیوایەی بە شکستی ترەمپ هەبوو بۆ دووبارە هێز پەیداکردنەوەی ئەمەریکا لە داڵغەیەکی خۆش بەولاوە هیچی تر نەبوو، چونکە ترەمپیزم وابەستەی کارەکتەری خودی ترەمپ نییە و لە کارەکتەری ئەویشدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو ئایدیای ئەو

حەفتا ملیۆن ئەمەریکییە بوو دەنگیان پێدابوو لەو هەڵبژاردنەی بە جیاوازیی دوو ملیۆنێک بە جۆ بایدنی دۆڕاند، هەرچەند هەردووکیان یەک وازی قێزەون دەکەن، بەڵام شکستی ترەمپ لە هەڵبژاردندا هیچ مانایەکی نییە، سەرکەوتنی کەس نییە جگە لە شکستی خۆرئاوا!، سبەی کارەکتەرێکی بەهێزتر و بە ئەتەکێتتر دێت نەک هەر دەنگەکانی ترەمپ بەڵکو بەهەمان ئەجینداوە دەنگە خۆڵەمێشییەکانیش دەبات، دەبێت چاوەڕێی هاتنی ئەو ئەکتەرە بکەین، ئەمەریکای دوای بایدنی دەکەوێتە دەست، ئەگەر دووبارە ترەمپ خۆی نەبێت!.

ڕەنگبێ بە کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستان، هاوکات بە داگیرکارییە ئابوورییەکانی چین، هێرشی رووسیا بۆ سەر ئۆکراینا کە مایکڵ دێش پرۆفسیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی زانستگای نۆتردامی گەیاندە ئەو بڕوایەی جەنگەکە کۆتا بزمار بوو بە تابووتی سیستمی لیبراڵیزمدا داکوترا، ئەو بارودۆخە هاتبێتە پێشەوە زەکەریا پێش چەندان ساڵ پێشبینی کردبوو. پێموایە دنیای تاک جەمسەریی لە دوارۆژەکانی خۆیدایە، بەمەش جیهان ناگەڕێتەوە بۆ رابردوو و پێ نانێتەوە ناو جیهانی دوو جەمسەریی و دەورانی جەنگی سارد، ئەگەر سەدەی بیستەم سەدەی ئەمەریکا بووبێت، سەدەی بیست و یەک دەبێتە کابووسی ئەمەریکا و بە سەیرکردنی شەترەنجەکەش تێدەگەین سێ جەمسەری گەورە بانگی ئایندەی جیهان دەکەن، لە بەردەم دەروازەی دنیایەکی نوێداین سێ سەری هەیە، ئەوانیش بریتین: نیولیبراڵیزمی ئەمەریکی، ئۆراسیانیزمی رووسی، کۆلۆنیاڵیزمی ئابووری چینی. بە زانینی ئەمانەش هیوایەک لە ئارادا نییە، بە تەنیشت هەرەسی بەهاکانی لیبراڵیزم و روحی رۆشنگەرییەوە، گەڕانەوەی راستڕەوی پۆپۆلیستی و فاشیستی و فاناتیزمی ئایینی دیمەنە زاڵەکەی دوای ئەم داوەشانەی لیبراڵیزمن، ئەگەرچی ئێمە دژی گەوهەری دیموکراسی لیبراڵیستین، بەڵام بە مانای ئەوە نییە بە هاتنە سەر سەکۆی راستڕەوی توندڕەو دڵشاد بین. ژیژەک لە وتارەکەیدا لە رۆژنامەی گاردیان لەمەڕ قەیرانی ئۆکراین نووسیبووی: (راستڕەویی لە باڵکانەوە بۆ ئەسکەندەناڤیا، لە ئەمەریکاوە بۆ ئیسرائیل، لە ناوەندی ئەفەریکاوە بۆ هیند لە برەودایە و کڵپە دەسەنێت، بە تەنیشت ئەوەشەوە سۆزە ئیتنیکی و ئایینییەکان

لە هەموو شوێنەکان دەتەقنەوە و بەهاکاکانی رۆشنگەرییش لە پاشەکشەی بەردەوامدان).

من: لەلایەک گەشەکردن و کشانی چین بە میکانیزمی ئابووری و سەرمایەگوزاریی بە هەر چوار قوڕنەی دنیادا، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر دنیای تاکجەمسەریی ئەمەریکی، لێ ئیدارەی ئەمەریکا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم و لە دەورانی حوکمڕانێتی (ئایزنهاوەر)ەوە لە بەرامبەر گەشەی بەدەستوبردی ئابووری چین بیر لە هیندستان کرایەوە وەک کێبڕکێکارێکی ئابووری بە پشتیوانی ئەمەریکا، بەڵام پرۆژەکە لە نیوەڕێدا مردار بووەوە و چین توانی ببێتە مێردزەمەیەک لە بەرامبەر ئابووری ئەمەریکادا، بە تەنهاش لە ساڵی ٢٠١٨دا، بازرگانی ئەمەریکا ١٢٪ کورتی هێنا، لە بەرامبەردا قەبارەی بازرگانی چینیی گەشەکردنێکی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینی، بە جۆرێک لە هەمان ساڵدا ١٨٠ هەزار کۆمپانیا زیادبوون بۆ سەر لیستی کۆمپانیا چینییەکان لە ئاڵوێر و بازرگانیی ناوخۆیی و دەرەکیدا. کاڵای چینی بەهۆی هەرزانیی نرخەکەیەوە نەک تەواوی ئەوروپای داپۆشیوە، تەنانەت گەیشتووەتە ناو دڵی ئەمەریکا، لیڤڵەکەش گەیشتووەتە قەبارە و ئەندازەیەکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی ئابووری ئەمەریکی، بە نموونە ساڵی ٢٠١٦ چین بەهای ٤٦٣ ملیار دۆلار کاڵای هەناردەی ویلاتە یەکگرتووەکان کردبوو، لە کاتێکدا چین بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانی خۆی چارەکی ئەوە (١١٦ ملیار) کاڵای ئەمەریکی هاوردە کردبوو، باڵادەستی چینیش بەسەر بازاڕی ئەمەریکیدا لە یەک ترلیۆن و نیو دۆلاری تێپەڕاندووە، تەنانەت چین و رووسیا پێکەوە رووبەڕووی دراوێکی وەک دۆلار دەبنەوە و لەگەڵ ئەوروپادا بە ئۆیرۆ مامەڵە دەکەن، ئەمەش وایکرد زوو بە زوو ئەمەریکا بە تایبەت لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی دۆناڵد ترەمپدا بیر لە (ستراتیژی گەمارۆ) بکاتەوە و لە پێنگاڤی یەکەمدا مۆبایلی هواوی چینی لە رێگەی سیستمێکی بەهێزی سایبەرییەوە پەکخرا.

لەلاکەی ترەوە رووسیا سەرگەرمی فراوانخوازییە بە ئاڕاستەی ئەوروپا، پۆتین خەونی گەڕاندنەوەی هەژموونی رووسیای پێڤاژۆی جەنگی سارد لە کەللەی داوە، بەم بۆنەوە سەیر نییە ڤیلادیمێر پۆتین لە ساڵی ٢٠٠٥دا، هەڵوەشاندنەوەی

یەکێتی سۆڤێتی پێشووی بە یەکێک لە گڵاوترین ناپاکییەکانی سەدەی بیست هەژمار کرد و ڕێکەوتننامەی (بیلۆژیڤسکی)ش کە هەڵوەشاندنەوەی شورەوی لێکەوتەوە بە سەرترۆپکی تاوان لە قەڵەم دا، چونکە کۆتایی بە هەژموونی ڕووسیا بەسەر ناوچەی باڵکاندا هێنا. پۆتین بە یارمەتی تیۆرە ڕاسیستییەکانی ئەلێکسەندەر دوگین گەڕانەوەی هەژموونی لە دەستچووی پێشووی سۆڤێتی (لە دەرەوەی سۆشیالیزم بە چاپە ڕووسییەکەی) کردووەتە ڕۆژەڤی خۆی، هەوڵ دەدات ئەم جارە لە بری کۆمۆنیزم، بە بیرۆکەی ئۆراسیانیزم (ڕەهەندی چوارەمی سیاسەت) باڵادەستیی و سەروەریێتیی ڕووسیی بگەڕێنێتەوە بۆ پێش ساڵی ١٩٩١. ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر ئۆکراین یەکەم شەقاوە بە ئاقاری ئەو ئەجیندا درێژخایەنەی ڕووسیادا کە ناتۆ و ئەمەریکا مەزندەی ئەوەیان دەکرد ئۆکراین دەبێتە ڤێتنام و کابووسێکی ئەبەدیی بۆ ڕووسەکان. توانەوەی ئەو بلۆکەشی پێی دەوترا یەکێتی ئەوروپا هێندەیتر ڕێگەخۆشکەرە بۆ خێراتربوونی سیاسەتی فراوانخوازیی ڕووس، ئاخر بریکسیت دوا بزمار بوو لە تابووتی یەکێتی ئەوروپا درا، چیدی یەکێتییەکە، یەکێتییەک نییە بەرامبەر بە هیچ کەس و جەمسەرێک نییە لە هاوکێشەکانی دنیای نوێدا بەڵکو کەوتووەتە نێوان بەرداشی ڕووس و چین لە سەرێکەوە، ناتۆ و ئەمەریکا لەسەرەکەی ترەوە. ڕۆژ بە ڕۆژیش بەهاکانی خۆی لە تۆلێرانس و دەوڵەتی ڕەفاە و دیموکراسی کە لە مۆدێرنێتە و ڕۆشنگەرییەوە بۆی مابووەوە بەرەو لەناوبردن دەبات. بێجگە لەمەش ڕووسیا نەک نەکەوتە چاڵی ڤێتنامەوە بەڵکو یەکێتی ئەوروپا و ناتۆی وا لێکردووە ڕادەستی دیفاکتۆکەی بن لە ئۆکرایندا، وەک چۆن توانی ڕێگریی لە ڕووخاندنی بەشار ئەسەد بکات لە میحوەری سوریادا، تا ئەو ئاستەی توانی ستۆپ بە نیاز و ئەجیندا تاکڕەوەکانی ئەمەریکا بکات لەو وڵاتەدا. بەدەر لەوەی لە بیری ئێمەدا پۆتین و دوگین دوو سیمای نوێی فاشیستی و کۆلۆنیاڵیستین لەم ڕۆژگارەدا.

سێیەم: ناڕەزایەتی لە هەموو لایەکەوە دژی یەکێتی ئەوروپا بەرز بووەتەوە، نوێنەرایەتی ئەو ناڕەزایەتییەش لەلایەن هێزە ڕاستڕەوە توندئاژۆکانەوە دەکرێت کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە تا ڕۆژئاوای لە بەهێزبوونەوەدان، ئەوان نەک

جیهانگیریی بەڵکو یەکێتی ئەوروپاش بە هەڕەشە دەزانن لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم). ئیمانوێڵ ماکرۆن سەرۆک کۆماری ئێستای فەڕەنسا و قوتابی فەیلەسوفی بە ناوی (پۆڵ ریکۆر) لە وتارێکی دوو مانگ پێش ئێستادا (مانگی مارسی ٢٠٢٢) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە هەژموونی خۆرئاوایی کە لە سەدەی هەژدەوە سیستمی نێودەوڵەتی پێ راهێنرابوو بەرەو ئاوابوون دەچێت، ئەویش بە پلەی یەکەم بۆ هۆکاری خۆپەرستی و سیاسەتی هەلپەرستانەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە!. ئەوەش بە یاد دەهێنێتەوە بۆ ماوەی سێ سەدە باڵادەستی خۆرئاوایی تاکە هەژموونی زاڵی سیاسیی و رۆشنبیریی و پیشەسازیی بووە، وەک ئەوەی دو تۆکڤێل دوای شۆڕشی ١٨٣٠ی فەڕەنسی بەو دەرئەنجامە گەیشت دیموکراسی لە هەریەک لە فەڕەنسا و ئەمەریکا جێکەوت دەبێت و لەو رێگەیەوە هەژموون پەیدا دەکات. ماکرۆن باسی سێکوچکەی خۆرئاوا دەهێنێتە پێشەوە وەک خوڵقێنەری ئەو هەژموونە، ئەو سێکوچکەیەش بریتین لە هەریەک لە فەڕەنسا بە پاڵپشتیی کولتوور و رۆشنبیرییەکەی، بەریتانیا بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیی و ئەمەریکا بە هۆکاری سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی لە جەنگەکاندا، بەڵام نایشارێتەوە ئێستا دنیا لە بەردەم ئاڵوگۆڕ و ئاڵنگارییەکی گەورەتر و هەژموونی تری ناخۆرئاوایدایە، جۆرێک گۆڕان لە بالانسی هێزدا روویداوە، سەرئەنجام هەژموونیشی لەگەڵدا دەگۆڕێت. پشکی سەرەکیی لەناوبردنی هەژموونی خۆرئاوایی دەخاتە ئەستۆی سیاسەتەکانی ئەمەریکا، ئەو پێیوایە ئەو سیاسەتە چەوتانە شتانێک نین لە ماوەی سەرۆکایەتییەکی ترەمپدا چرۆیان کردبێت، بەڵکو ئەو دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بێڵ کلینتۆن و لە فۆرمی مامەڵەی کابینەکەی ئەو بەرامبەر بە چین یان سیاسەتی جەنگخوازانەی بوش و دواتریش سیاسەتی ئاساییکردنەوەی چەندایەتی ئۆباما هەریەک بە نۆرەی خۆیان رۆڵی سەرەکییان هەبووە لە لاوازکردنی هەژموونی خۆرئاواییدا.

ماکرۆن لە وتارەکەیدا رەخنە لەوە دەگرێت لە ماوەی بیست ساڵی پێشوودا بەهێزبوون و رۆڵ پەیداکردنی ئابووری و سیاسیی هەر یەک لە چین و رووسیا نادیدە گیران و بە کەم سەیر دەکران، بەڵام خەونی سیاسیی و ئابووری و

فەرهەنگی ئەوان لە خەونی رۆژئاواییەکان گەورەترە و هەر یەکێک لە ولاتانەش لە سەروبەندی فۆرمۆلەکردنی فەلسەفە و رۆشنبیریی خۆیاندان بە جۆرێک لەگەڵ روحی کۆمەڵگەکەیان تەبا بێتەوە، نموونەی هیندستان دەخاتە بەرچاو وەک دەوڵەتێکی دیموکراسی، لە هەمان کاتدا دوای ناسنامەی رۆشنبیریی خۆی کەوتووە و چیتر ناگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی خۆرئاوایی، بەلام ماکرۆن هێشتا دوو تارمایی تری گەورە نابینێت ئەوانیش هەر یەک لە یابان و کۆریای باشوورن، یابانییەکان لە هەوڵی گەڕاندنەوەی شکۆی پێشووی خۆیاندان و کۆرییەکانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان شوێن بالادەستی کولتوور و خەونی تازەی خۆیان کەوتوون وەک دیاریشە خەونێکە لە دەرەوەی هەژموونی خۆرئاوایی لە خۆ گەلالەکردندایە، ئەمەش شتێکە ماکرۆن بە باشی دەرکی نەکردووە. بە گوێرەی تێڕوانینی ئەو کەوتن و لە دەستدانی هەژموونی خۆرئاوا بە تەنیا دۆڕانە سەربازیی و ئابوورییەکان نییە بگرە کۆتایی هەژموونی رۆشنبیریی زیاد لە هەر شتێکی تر دەلالەتە بۆ سەردەمێکی تازەتر کە چیدی فەرهەنگ و رۆشنبیریی خۆرئاوایی نموونەیی نییە و لە هەموو لایەکەوە فەرهەنگ و نەریتی رۆشنبیریی نوێ دەردەکەون نەک هەر توانای بەربەرەکانێی کولتووری خۆرئاواییان هەیە، توانستی ئەوەشیان هەیە رۆشنبیریی خۆرئاوایی تێپەڕێنن. ماکرۆن پەنجە دەخاتە سەر بابەتە جەوهەرییەکە و پێیوایە مرۆڤی ئەوروپی بە تەواوەتی بەهۆی سیاسەتی بازاڕی ئازاد و نایەکسانی ئابوورییەوە دەناڵێنن، نەک هەر چینەکانی خوارەوە بەڵکو هاواری لە چینی ناوەڕاستیش هەساندووە و دادوبێدادیانە لەم جۆرە سیاسەتە ئابوورییەی بەرهەمی سەرمایەدارییە، بە زمانێکی پڕ ستایشیشەوە باس لە ئەزموونی دەوڵەتی چین دەکات (ئێمە هەمان ستایش ناکەین و پێمانوایە چین ئیمپریالیزمێکی نوێی ئابوورییە) کە تا کاتی وتارەکەی ئەو، تێکڕا ٧٠٠ ملیۆن مرۆڤی لە هەژاریی رزگار کردووە و کاروانەکەش بەردەوامە، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی هەموو دانیشتوانی قاڕەی ئەوروپا ئەگەر تورکیاشی لەگەڵدا بژمێرین بە پێی دواهەین ئاماری فەرمی ٧٠٤ ملیۆن کەسە. ئەم قسانە ئەگەر ئێمەیەکی چەپ بمانکردبا بە وڕێنە و خەیاڵپلاویی لێکدانەوەی بۆ دەکرا، بەلام کاتێک لە دەمی

سەرۆکی یەکێک لە سێکوچکەی هەژموونی خۆرئاواییەوە دێتە دەرەوە، سەنگی خۆی هەیە و ناشێ نادیدە بگیرێت.

من: کەوتنی خۆرئاوا لە کەوتنی دیموکراسییەوە چەکەرەی کردووە، دیموکراسی لیبرالّی سەرباری هەر رۆمانسیزەکردنێک نەیتوانی ببێتە چەترێکی یونیڤرسالّ، چونکە لە بنچینەوە لەسەر ئەنگێزەی بالّادەستیی پیاوی پێست سپی خۆرئاوایی دامەزرابوو، ئەی هەر دوێنێ نەبوو مارتن لوتەر کینگ تیرۆر کرا؟، ئەی بێ مافیی سوور پێستەکانی ئەمەریکا چی؟، ئەی چەوساندنەوەی ژنان چی؟، ئەی هیرارکیزم و نایەکسانی ئابووری چی؟. ئەگەر چییەکان ریز بکەین لە ژماردن نایەن و کتێبێکی ترمان پێویستە. جۆرج تەرابیشی بیریاری کۆچکردووی عەرەب پێیوابوو، دیموکراسی چەندایەتی دەخاتە پێش چۆنایەتییەوە، سندووقی دەنگدان دەخاتە پێش سندووقی کەللەسەرەوە (لێرەدا تەرابیشی قەرز لە دیدە رۆسۆییەکە دەکات کە دیموکراسی سیستمێکی سروشتی نییە، چونکە سروشت بۆ جیاوازیی و جیاکاریی خولّقاوە). بۆیە لە دیدی ئەودا دیموکراسی ئەم رێسا سروشتییەش ژێراوژوور دەکات، لە بری بەهێز و زیرەک و شیاوترینییەکان، دەسەلّاتی فەرمانڕەوایی دەداتە دەست بەرزترین ژمارە. دواتر قسەکەی راست دەکاتەوە و دەلّێت: گەورەترین ژمارە نییە بەلّکو کەمترین ژمارەیە، ئەوانیش بە پەرژینی (خێزانە گەورەکان، سەرمایە گەورەکان، زانکۆ گەورەکان) سنووردار و مەرجدار کراون. ئارگۆمێنتسازیی ئەوەش دەکات ئەو یەکسانییەی دیموکراسی بانگەشەی بۆ دەکات لە درۆیەکی رووت زیاتر نییە، چون لە نێوان دەنگدەران و هەلّبژێردراواندا یەکسانییەک بوونی نییە، وەک چۆن ئەگەر لە بەردەم سندووقی دەنگداندا یەکسان بن ئەوا ناتوانن لە کورسی فەرمانڕەواییدا لە هەمان ئەو یەکسانییە بەهرەمەند بن. بەلّکو لەمە دوورتر دەڕوات بە پالّپشتیکردنی روانگەی ڤیلادیمێر ڤۆلّکۆڤ: (دیموکراسی بە مەترسییەک دووگیانە ئەویش تۆتالیتاریزمە). ئەوەی بەهاکانی خۆرئاوا لەناو دەبات لەشکرێک نییە بە پەرچەمێک سوورەوە لە بەری رۆژهەلّاتی ئەورووپاوە بێت، بەلّکو خودی ئەو راستڕەویی و راسیزمە نوێیەیە، وەک دەرئەنجامێکی پێچەوانەی گلۆبالیزەیشن لە گەشەکردنێکی جادووییدایە.

نیولیبرالّیزم و دیموکراسی لیبرالّی وەک جۆن مێر شایمێر هێمای بۆ دەکات بە خالّی پایانی خۆی گەیشتووە، ئەو لەم نێوەندەدا داڕووخانی ئەمەریکا و کورتهێنانی تیۆرەکەی فوکۆیاما بە ئارگۆمێنت راڤە دەکات، بەلاّم بۆ تێگەیشتن لە خودی نیو لیبرالّیزم، پێویستە بلّێین لە رووی کردارییەوە لەو کاتەوە دەست پێدەکات جەنگی جیهانیی دووەم بڕایەوە، هەروەک ئەم ساتەوەختە بە سەردەمی پۆست مودێرنیش ناوزەد دەکرێت، بەلاّم ریشەی نیو لیبرالّیزم لە ئابووری لیبرالّی کلاسیکدایە، لەو تیۆرییانەی کەسانی وەک ئادەم سمیس گەلالّەیان کردووە، یان ئەو تێزانەی بەرگریی لە ئازادیی بازاڕ دەکەن دوور لە دەستێوەردانی حکومەتەکان. گەلالّەکانی سمیس رەنگدانەوەی شۆڕشی دووەمی پیشەسازیی بوو کە لە بەریتانیاوە دەستی پێکردبوو، سمیس لە کتێبە ناودارەکەیدا (سامانی گەلان)، باس لەوە دەکات ئەرکی دەولّەت دابینکردنی ئاسایشە بۆ بازارەکان، لەمە بەولاوە پێویستە دەولّەت دوورەپەرێزیی لە بازاڕ هەلّبژێرێت. نیولیبرالّیزم خەون و خواستی مرۆڤ بچووکتر دەکاتەوە، ئێمە خراوینەتە دوا پنتی ئەم گەمە حەلەزونییەوە، بیر بکەرەوە لە بازنەی یەکەمدا (لیبرالّیزم) هەستمان بە ئازادییەکی زیاتر دەکرد بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە لە بازنەیەکی تەنگ و داخراوداین، هەر بەرەو پێشەوە دەخلیکساین، بازنەکانیش جار بە جار تەسکتر دەبوونەوە. نهۆ پێمانوایە ئەمە چارەنووسێکی ئەزەلییە و دەتوانین لەو بازنە هەرە تەسکەشدا بژین و (ئازادانە) گوزارشت لە خۆمان و خواست و ئارەزووەکانمان بکەین، بێ ئەوەی هەست بەو گوشارە بکەین خەریکە پەراسووەکانمان ورد دەکات لە ئەنجامی تەسکتربوونەوەی بازنەکەدا، ئەمە ئەو چالّە (لاکان)ییە تا دێت خواستەکانمان بە دەوریدا بچووکتر دەبێتەوە.

سێیەر: شارستانی خۆرئاوا و بەهاکانی داتەپیون، ئەگەرچی ئەمە چەمکێکە نازیزم لە باوەشیدا گەورە بووە، بەو پێیەی نازییەکان پێیانوابوو خۆرئاوا داڕماوە و پێویستی بەسەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە، ئەوان کۆمۆنیزمیان بە هەولّێکی دژە خۆرئاوایی و نەژۆکی یەهودییانە دەزانی، (سۆشیالیزم)ی نازییەتیان بە سۆشیالیزمی تەواو ئەورووپی دادەنا، هەرچەشنە سۆشیالیزمێکی دیکەیان لە

دەرەوەی ئۆرۆ سێنتەریزم چاو لێدەکرد، راستییەکەش ئەوە بوو نازیزم خۆی چرکەساتی دارمانێکی گەورەی شارستانی خۆرئاوایی بوو، بەڵام لە دەرەوەی هەر مەیلێکی راستڕەویی و بە پێچەوانەی دیدی ژێژەکەوە پێموایە خۆرئاوا کەوتووە و لە قەراغی مەرگدایە، مردنی خۆرئاوا هەر ئەو مردنە بیۆلۆژییە نییە، پاتریک بوکانن لە کتێبی (مردنی خۆرئاوا)دا کلێشەسازیی بۆ کردووە کە بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٠ رێژەی دانیشتوانی ئەوروپا ٧٢٨ ملیۆن کەس بووە، تاکو کۆتایی ئەم سەدەیە دادەبەزێت بۆ ٢٠٧ ملیۆن کەس! لە بەرامبەردا لە زۆنەکانی ئیسلامدا ساڵانە ٨٠ ملیۆن کەس زیاد دەکەن، کۆمەڵگەی ئەوروپی بە گشتیی کۆمەڵگەیەکی پیرە و بەرەو کۆتایی خۆی دەڕوات. هەر بەپێی ئەو کتێبە ئەڵمانیا لە ٨٢ ملیۆنەوە لە ساڵی ٢٠٥٠ دەبێتە ٥٩ ملیۆن کەس، ئیتاڵیاش بە هەمان شێوە لە ٥٧ ملیۆنەوە دادەبەزێت بۆ ٤١ ملیۆن لە ساڵی ٢٠٥٠دا. لە تەنیشت ئەم مەرگە بیۆلۆژییەوە، مردنێکی تری زووتری رەمزیی یەخەی شارستانیی خۆرئاوای گرتووە، ئەمیش دارمانێکی بەهاییە لە سیستمە خۆرئاواییەکاندا، ئەو بەهایانەی لە ئازادیی و مافی مرۆڤ و مافی پەنابەریی و سیاسەتی بیمەکان و هتد.. ببوونە مایەی زیندوویێتی خۆرئاوا، یەک یەک لە پاشەکشەدان وەک بڵێی خۆرئاوا ئێستا مرۆڤێکی ورە رووخاوە و بڕیاری خۆکوشتنی داوە.

دەنگوباسە ناخۆشەکەش ئەوەیە راستڕەویی لە ئەوروپا سەریهەڵداوەتەوە و بەهارێکی شێداریی پۆپۆلیزم لە خۆرئاوادا دەستی پێکردووەتەوە، لە کۆی ٧٠٥ ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا زۆرتر لە ١٥٠ ئەندامیان سەر بە حزبە پۆپۆلیست و راستڕەوە توندئاژۆکانن، ئەمەش بەردەوام لە هەڵکشاندایە و هەندێک راڤەکاری ستراتیژیی پێیانوایە لە دوو ساڵی داهاتوودا رێژەکە دەچێتە سەرو ٢٥٪ ئەندامانی پەرلەمانەکە و دەبنە بلۆکێکی بەهێزی پەرلەمانیی و کاریگەریی گەورەیان لە گەڕاندنەوە و لۆبیکردن بۆ دانانی یاسا نوێیەکان لەسەر مەیلی راستڕەویی دەبێت، هەروەها دەتوانن فشارێکی سەرەکیش بن لە پاشەکشەکردن بەو یاسایانەی بە درێژایی دوو سەدە لە تێکۆشانی سەندیکایی و ریفۆرمیستی و ئاکسیۆنسازیی بەدەستهاتوون. لەم نێوەندەدا ئیتاڵیا بادانەوەیەکی مێژوویی بەلای

راستڕەویدا بە خۆیەوە دەبینێت، بە تایبەت هەردوو پارتی راستڕەو (برایانی ئیتاڵیا) و (رابیتەی باکور) کە مەزندە دەکرێت لە هەڵبژاردنی ئەمساڵدا، سی لە سەدی ٣٠٪ دەنگەکان بەدەستبهێنن، وا بڕیاریشە لەگەڵ پارتی راستڕەوی ناوەند (فۆرتسا ئیتاڵیا) بە سەرۆکایەتی سێرگۆ بێرلسکۆنی کوالسیۆنێکی نوێ بهێننە ئاراوە بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەمەش مسۆگەری زۆرینەی پەرلەمانی و گرتنەدەستی حکومەتیان بۆ دەکات، بەم رووداوە ئیتاڵیا دەگەڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەم، لە فەڕەنسا و پۆلاند و هەنگاریا و سلۆڤینیا و هەموو جێگەیەکی دوور و نزیکی ئەوروپادا بادانەوە بەرەو راستڕەویی و راسیزم، دزەکردنی فۆرمێکی تر لە ناسیۆنالیزمی پەڕگیر رۆژانە (بەناولێنانی مایکڵ بیلیگ)، نیگارێکی بەرچاوی ژیانی رامیاریی ئەمێستای ئەوروپایە، ئەگەر بلۆکێکی مێژوویی (بە مانا پەتییە گرامشییەکەی) نەبێتە لەمپەر، مەترسی گەڕانەوەی سالانی دوای بیستەکانی سەدەی رابردوو هەیە، رەنگە دووبارەبوونەوەی ئەم جارەی مێژوو لە بری کۆمیدیی زۆر تراژیدیتر بکەوێتەوە، ئەوسا پشتگیرییەکەی ریچارد رۆتێ لە وتەزاکەی هابرماس بە راست دەگەڕێ وەک کاتی خۆی وتبووی: (پڕۆژەی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ رۆشنگەریی و ئەم پڕۆژەیەش ناتەواوە). بەڵکو کار گەیشتووە بەوەی بەرئەنجامی ئەو رۆشنگەرییە نیوەچڵەش بە تەواوەتی لەناو ببرێت. داپیرەم دەیگوت هەموو شتێک بە زیندەوەر و نازیندەوەرەوە کاتی خۆی هەیە لە بووندا، هیچ شتێک ئەزەلی نییە. ئەگەر کەمێک دەستکاریی برگەی دوماهی دەربڕینەکەی بکەم، ئەزەلیبوونیش وشەیەکی هەڵە و زیادەیە.

من: لە سایەی هەژموونی راستڕەوی ناسیۆنالیستییدا چیتر راسیزم لە شێوەی تارمارییدا دەرناکەوێت، بەڵکو بە وێنە فول ئێچدییەکەی خۆیەوە هەڕەشە دەکات. راسیزم هەموو کات سنوورێک دەهێڵێتەوە بۆ هێشتنەوەی تۆ وەک (ئەویتر)، مافی ئینتیگراسۆن و ئاوێتەبوون تا ئەو جێگەیەیە ئەویتر نەبێت بە من، تۆلێرانس هەر ئەوەندەیە وەک دالدەدراو و بێ ماڵ و حاڵ و دەستی کاری هەرزان سەرنج لە خۆت بدەیت و بڕوا بەو هەقیقەتە بهێنیت ناتوانیت لەمە زیاتر شتێکی تر بیت، تۆ هەمیشە وەک ئەویترێکی خوێنسارد دەمێنیتەوە، ئەم درزەش لەم چەند ساڵەی

دواییدا زۆر زەقتر لە رابردوو خۆی دەنوێنێت، ئەم دزرە تا ئاستی شەبەق فراوان بووە، قڵشتە فەرهەنگییەکە بە ترۆپکێک گەشتووە وا خەریکە راسیزم لە رووی دیموگرافیشەوە دەستی خۆی دەوەشێنێت، لە شارەکانی ستۆکهۆڵم، پاریس، بەرلین، لەندەندا دەتوانین گەڕەکە مەغریبینشین و تورکنشین و سۆماڵینشینەکان بە بێ هیچ زەحمەتێک ببینینەوە. سیاسەتی (فرە کولتووریی) کە لە سویددا بە بەرزترین ئاست پیادە دەکرێت، جۆرێکی تر هێشتنەوەی تۆیە وەک ئەویتر، بە واتایەکی تر تۆ پێشوەختە کولتوورێکی خۆت هەیە و بۆت نییە بێیتە ناو ئەو کولتوورەی ئێمەوە کە لەسەر بناغەی کریستیانیزم و لیبراڵیزم دروستمان کردووە!. بۆیە ئەم سیاسەتە مانای قبوڵکردنی جیاوازیی کولتووریی نییە، لە واتا هەرە روونەکەی خۆیدا دابڕانی فەرهەنگییە. لە بەهاری ٢٠٢٠ گەنجێکی پێست ڕەش بە ناوی (جۆرج فلۆید) بە تۆمەتی بەکارهێنانی دراوی ساختە لەژێر پێڵاوی پۆلیسێکی پێست سپی ئەمەریکیدا دوا هەناسە دەدات، سەرباری پەتای کۆرۆنا خۆپیشاندان تەواوی ئەمەریکای داپۆشی لە دژی راسیزم، بە جۆرێک لە ١٥ ویلایەت گاردی نیشتمانی خرایە ئامادەباشییەوە و هاوکات لە ٤٠ شاریش قەدەغەی هاتوچۆ راگەیەندرا، ئەمە رووداوێکی هاوشێوەی پێش ٢٨ ساڵی بیری ئەمەریکییەکان هێنایەوە، ئەویش کوشتنی لاوێکی پێست ڕەشی ئەمەریکی بوو (رۆدنی کینگ) لە ژێر لێدان و ئەشکەنجەی چوار پۆلیسی شاری لوس ئەنجلوسدا لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢، لە بەرامبەردا خۆپیشاندانی گەورە وەک کاردانەوەی ئەو رووداوە روویدا، ئاکامیش بە کوشتنی ٥٠ خۆپیشاندەر کۆتایی هات. ئەم دوو رووداوە دوو نموونەی زەقی ئەو هەڵاواردنە راسیستانەیە لە ئەمەریکادا هەیە، ئەمە هەڵدانەوەی نهێنییەکە لە خۆیدا زۆر ئاشکرایە، من ئەمەریکا ناودەنێم سەرزەمینی نهێنییە ئاشکراکان. سەردەمی تازە چیتر وێنەی خۆپیشاندانە دژە راسیستییەکانی تێدا نییە، ئەو وێنایەی هەیە کەمپین و خۆپیشاندانی راسیستەکانە دژی هەر بیانییەک. ئەمە ئەگەر پاشەکشە نەبێت لەو بەهایانەی خۆرئاوا پێوەی دەنازی، مەگەر پاشەکشە و کەوتن چییە و چۆنە؟.

سێیەر: ئەمڕۆ لە ئەڵمانیادا ترسێکی وەهمیی| واقیعیی هەیە لە بێگانەکان (وەهمی تۆقین لە بیانییەکان| واقیعی راسیستانەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی)، ئەم ترسە ناودەنێم ئاوسلەندەرفۆبیا، ئەو تۆقینە خۆراکێکی باشی سیاسییە بۆ حزبە محافیزکارەکان، ئەمڕۆ لە دڵی ئەورووپاوە شتێک بە گەرمی لە قووڵپدانەیە: ترس لە ئیسلام و لە بێگانە. ئەمە کێشەیەکی هەروا ئاسان نییە، دەبێت بە جددی بیری لێ بکەینەوە، تا ژمارەی بێگانەکانیش زیاتر بێت ئەم ترسە زۆرتر بەهێز دەبێت. سلاڤۆی ژیژەک لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا لە سەروەختی قەیرانی پەنابەرانی سنووری نێوان بێلارووس- پۆلاند، نەیاریی خۆی نیشان دا ئەورووپا دەرگا بە ڕوویاندا بکاتەوە!، ئەنگێزەی پیاوی سپی پێستی ئەورووپی بەرچاوی ئەمیشی لێڵ کردبوو، بۆیە بە دڵنیاییەوە پێیوابوو: (ئەورووپا تاقانە ژیارێکە هەمیشە گومان لە خۆی دەکات و رەخنە لە خۆی دەگرێت). هاوزەمان یۆرگن هابرماس پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد دەبێت مەرجی فێربوونی زمانی ئەڵمانی (مارک تۆین دەڵێت سی ساڵی پێویستە) بکرێتە شەرتی گەوارکردنی مافی پەنابەرێتی. ئەو بەهایانەی ئەورووپا لە دەستەبەری ئازادیی ئاینی و نەژادیی و کۆمەڵایەتی شانازیی پێوە دەکردن، بەرەو توانەوە و پووکانەوە دەڕوات. زینۆفۆبیا (ترس لە بێگانە) بە ئەندازەیەک لە نائاگایی و ئاگایی تاک و کۆی مرۆڤی ئەورووپیدا کار دەکات، خەریکە جیهانی خۆیان وێران دەکەن و تا دێت زیاتر ئازادییە دیموکراتییەکان ئەتک دەکەن، کەچی ئێمە هێشتا بڕوامان بەوەیە ئەوان پارێزەری ئەو بەهایانەن، لە کاتێکدا ئەوان ئەو بڕوایەی ئێمەیان بە خۆیان نییە!. ئێوە دیقەت بدەن ئایا هەمان هاوسۆزیی یەکسان هەبوو لە هاتنی ئاوارە سەر ڕەشەکانی جەنگی سوریا بە بەراوورد بە هاتنی پرچ زەردەکانی ئۆکراینا؟. ئەم دیمەنە چیترمان پێدەڵێت جگە لەو ئەنگیزە راسیستییەی ئۆرۆ سێنترالیزم؟. هەر لەگەڵ دەستپێکی جەنگی رووسیا- ئۆکراین، ماسکی کۆمەڵگەی (ئاشتیخواز) و (لێبوردە)ی خۆرئاوایی کەوت، لەسەر ئاستی راگەیاندنەکان فوو بە شەیپوری جەنگدا کرا، وێنەکان سێ سەد و شەست پلە هەڵگەڕانەوە، لەسەر ئاستی دەوڵەتیش سوپا و یەکە سەربازییەکان چڕتر لە پێشان چەکدار کران، بەمەش سەفسەتەی ئەوەی جارێکی تر جەنگ ناگەڕێتەوە

بۆ ئەورووپای (عەقڵانی) و (پێشکەوتوو) پووچەڵ بووەوە، بێ نکۆڵیکردن لەو فاکتەی جەنگ هەر هەبووە، بەڵام بە ئامرازی ساردتر. لەگەڵ ئەمەشدا وێنا ئایدیاڵەکەی خۆرئاوا لە چەشنی پارادیسێک لەسەر زەوی و سەرسامبوون بە مرۆڤی ئاوەزمەندی خۆرئاوایی لە مێشکی ئێمەدا هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە، کاتی ئەوەیە چاوی مێشکمان بکەینەوە، ئەو سیستمە دڕ و بێویژدانە ببینین عەقڵی خۆرئاوایی بەڕێوەی دەبات.

ئەنگێزەیەکی زۆر هەراشیش هەیە بۆ لە ئاوهەڵکێشان (تعمید)ی کۆی شارستانیی خۆرئاوایی لە هەر لەکە و کەموکووڕییەک، هەوڵێکی نەزۆکانەش هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو وەحشیگەرییەی لە ئەورووپادا بە درێژایی تەمەنی خۆی هەبووە و هەیە بۆ نموونە نازیزم بۆ هەبوونی پاڵنەری دەرەکی ناخۆرئاوایی، لەم تەرزە روانینە راسیستییەدا ناتوانرێت بێ داتاشینی وێنەی نەیارێکی دەرەکی ئەو هەموو تاوانە بخرێتە ئەستۆی رۆژئـاوا و عەقڵی رۆژئـاوایی کە خۆی وەک عەقڵێکی بێ خـەوش و پێرفێکت و ئیستاتیکی وێنا دەکات. خۆرئاواییەکان تازە بە تازە لە هەوڵی ئەوەدان پینەپەڕۆی مێژوو بکەن و سەرهەڵدانی هیتلەر بە دەرئەنجامی پەیدابوونی لینین و مەترسی بەڵشەفیزم لەسەر خۆرئاوا هەژمار بکەن، ئەمە چ گرتەیەکی پێکەنیناوییە؟، وەک ئەوەی مێژووی دڕندایەتی خۆرئاوا بە هیتلەر دەستی پێکردبێت و لەگەڵ ئەویشدا بە کۆتا گەیشتبێت. لە یەکەمین چرکەساتەوە خۆرئاوا لەسەر ئەنگێزەی پیاوی سپی داگیرکار و ئیمپریالیست کلێشەسازیی کراوە، تەنانەت ئەوەی پێی دەوترێت رۆژهەڵاتناسی زانستێکی پووچی نازانستییە و هیچ راستییەکی لە خۆ نەگرتووە، بەڵکو ئۆریانتالیزم کەتەلۆگێکی ئامادەکراو و رێنمایکار بوو بۆ ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی، هەر وەک چۆن کۆی فەلسەفەی خۆرئاوایی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانییەکی فیکریی و فەلسەفییان لەو تێزە دەکرد گوایە خۆرهەڵاتییەکان توانای خۆبەڕێوەبردنیان نییە و پێویستە بەڕێوە ببرێن. رۆژهەڵاتییەکان نەزان و ناشارستانین، تا ئەوەی ئیمپریالیزم بە پرۆسەی هاریکاریی خێرخوازانە بۆ گواستنەوە و گەیاندنی زانین و شارستانێتی بۆ رۆژهەڵاتییەکان تەماشا دەکرا!. ئەم دیدە هەموو رۆژێک لە خۆ بەرهەمهێنانەوە و نوێبوونەوەدایە لە فۆرمی جیا جیادا.

من: لە وڵاتێکی وەک سویدیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەریانی زینۆفۆبیا (ترسان لە غەوارە) و ڕاسیزم و بادانەوە بە لای ڕاستڕەوییدا لە بەهێزبووندایە، من ئەمەم لە هیچ کام لە ڕۆژنامەکانی (ئافتون بلادێت) یان (داگینز نیهێتەر)ەوە دەست نەکەوتووە، لە ژیانی ڕۆژانە و بەریەککەوتنەکانەوە پێی گەشتووم. چیرۆکێکی کورتتان بۆ دەگێڕمەوە، ڕۆژێکی زستانی بوو، دنیای دەرەوە کپ و تەزیوو بوو، (با) لە دەرەوە وەک مار دەیفشکاند، لە وێستگای شەمەندەفەری شاری مالمێ، بە پڕتاو خۆم گەیاندە ئەو شەمەندەفەرەی بەرەو ستۆکهۆڵم دەچوو، کورسییەکی چۆڵم لە تەنیشت ژنێکی تەمەن نزیک پەنجا ساڵی سویدییەوە بەدی کرد و چووم لە تەنیشتییەوە دانیشتم، زۆری نەبرد ژنە هەستا و چووە تەنیشت پیاوێکی پرچ زەرد، ئەوەش منێکی تێبینیکار و هەستیاری نیگەران کرد، دوای پانزە خولەک بەدەم خرمە خرمی شکانی بەفری ڕۆژی پێشووی ئەم بیابانە سەهۆڵییەوە، شەمەندەفەر گەیشتە شاری لوند، لەوێ پیاوە پرچ زەردەکە دابەزی و هەندێک سەرنشینی نوێ سەرکەوتن، شانسی ژنە سویدییەکە، پیاوێکی باڵا مامناوەندیی کەمێک گۆشتنی ڕەشپێست، بە سەروسەکوتیدا دیاربوو سۆماڵیی بوو، چووە تەنیشت ژنەکە، ژنە بەرەنگاریی کرد و پێی گوت جێگەکەی تەنیشتی بۆ کەسێکی تر گیراوە، بەڵام پیاوە سۆماڵییەکە بلیتەکەی نیشاندا و بە سویدییەکی شکاو تێیگەیاند ئەو کورسییە حیجزی ئەوە، ژنەش چاری ناچار ما، بە خوێنساردییەوە بواری دانیشتنی پێدا، لە وێستگەی داهاتووتر، کاتێک ژنەکە بینی کورسییەک چۆڵ بووە، خێرا کورسی تەنیشت سۆماڵییەکەی جێهێشت و چوو بە قنجی دانیشت، ئەویش وەک وا بێت من ئاسایی، کورسی حیجز نەکردبێت، بۆیە تا گەیشتە شاری لینشۆپینگ کە دوا وێستگە بوو بۆ ئەو، وەک یەک لەم کورسی هەڵدەستاین بۆ ئەویتر، من لەبەرئەوەی کورسیم حیجز نەکردبوو، ئەویش لەبەر ئەنگێزە ڕاسیستییەکەی.

لێ پێشتر لە ڕێی خوێندنەوەوە دەمزانی پەیوەندیی سویدییەکان بە ناسنامە و نیشتمانی خۆیانەوە گەلێک بەهێزە وەک جارێک لە چاوپێکەوتنێکدا ئینگمار بێرگمان، سینەماکاری سویدیی جەختی لێ کردبووەوە: (بە توندیی هەست دەکەم سویدییەکم لێرە دەژیم و قەت ناتوانم بۆ ماوەیەکی درێژ لە جێگەیەکی تر بژیم.

رەگوڕیشەی بوونی من بەم خاکەدا ڕۆچووە). ئەم تۆخبوونەوەیەی ئینتما سەری کێشاوە بۆ ڕەگەزپەرستییەکی کوێرانەش، بۆیە زۆرێک لە سوێدییەکان شانازیی بە باپیرانیانەوە (ڤایکینگەکان) دەکەن کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە بەلەمی چارۆگەدارەوە بەسەر شارەکانی ڕۆخی دەریای ڕۆژئاوای ئەوروپایاندا دەدا، وەک چۆن سوپای عەرەب و تورک کوردستانیان تاڵان دەکرد ئەوانیش ئەو شارانەیان وێران و فەرهود دەکرد. چیرۆک و رەگوڕیشەی راسیزم لە ئەسکەندەناڤیا بە تایبەت لە سوێد زۆر دێرینە و بەرهەمی ئەمڕۆ نییە، ئەگەر سەیری ڕۆمانی سوێدیی بکەین بە هەردوو باری هاندان بۆ راسیزم و ئیدانەکردنیدا، دەتوانین بەرهەمگەلێک بدۆزینەوە، یەکێک لەو ڕۆمانانەی دژە فاشیزم و راسیزم کەشێکی بەرفرەی تێدا داگیر کردووە، ڕۆمانی (پێللەی بێ کلک)ی نووسەری بەنامێی سوێدیی (یۆستا کنۆتسۆن)ە لە ساڵی ١٩٣٩دا، بەواتا شەش ساڵ پێش (مەزرای ئاژەڵان)ی جۆرج ئۆروێل چاپ بووە. پاڵەوانی ناو ئەو ڕۆمانە کۆمەڵێک پشیلەن، پێللە پشیلەیەکی بێ کێشە و لێبوردەیە و لەلایەن تاقمەکەی سەر بە (مۆنس) کە دوو پشیلەی شەقاوەن بەناوەکانی (بیل و بول) کێشەی بۆ دروستدەکرێت و کۆسپی زۆر دەخرێتە سەر رێگەی، ئەو کاتەش رقەکە ئەستوورتر دەبێت (مایا گرێدنوس) شۆخترین پشیلەی وڵات، پێللە هەڵدەبژێرێت بە خۆشەویستی خۆی، شوێنی ڕووداوەکان شاری ئۆپسالایە، ئەوەش هەروا ڕێکەوت نییە، چونکە نووسەر خۆی لە زانکۆی ئۆپسالا قوتابی بووە و لە زانکۆکەی ئەودا شەپۆلێکی بەهێزی نازیزم لە تاوسەندندا بوو بە تایبەت لەو کاتەی لە ساڵی ١٩٣٩دا دە دکتۆری جوو لە چنگی دەسەڵاتی هیتلەر بەرەو سوێد هەڵهاتبوون، خوێندکارانی ئەم زانکۆیە خۆپیشاندانیان کرد دژی ئەوەی دەوڵەتی سوێد مافی پەنابەرێتیان پێبدات!. (لێکچوونێکی سەیر هەیە لە نێوان ڕۆمانی پێللە و ڕۆمانی «ماڵی پشیلەکان»ی هیوا قادردا لە ڕووی ناونیشان و ناوەڕۆکەوە کە هەردووکیان باس لە پرسی راسیزم دەکەن).

لە دۆخی کوردییدا بەختیار عەلی هەیە وەک ڕۆشنبیرێکی خودنەفرەتگەرا، نیشتمان وەک جێگە و زادگەیەک بۆ مرۆڤی کورد سووک و ریسوا دەکات. ئاخر قەسیدەی (نیشتمان)ی بەختیار عەلی، یەکەمین هەوڵی شیعرییە بۆ ریسواکردنی

نیشتمان، کۆنتێکستی نووسینی ئەم قەسیدەیە بۆ هەشتاکانی سەدەی پێشوو دەگەڕێتەوە، ئەوێ رۆژێ دەسەڵاتی بەعس سایەی بەسەر کوردستاندا کردبوو، ئەو زەمانەیە هەڵەبجە خنکێنرا و ئەنفالی کورد ئەنجامدرا و دەیان ئاوشڤیتس لە بیابانەکانی باشووری عێراق بۆ ئەو ژینۆسایدە ئامادەکرابوون. لێ داخەکەم تا دەمێکی درەنگیش پێموابوو (گوناه و کەرنەڤاڵ، ساڵی ١٩٩٢) یەکەم دیوان و یەکەم کتێبی بەختیار عەلی کە ئەو قەسیدەیەشی لە خۆگرتووە لوتکەی داهێنانە ئەدەبییەکانی ئەون، بۆیە پێم باش بوو دوای ئەو دیوانە و بە لای زۆرەوە دوای رۆمانەکانی (ئێوارەی پەروانە) و (مەرگی تاقانەی دووەم) بەختیار بوەستابایە وەک ئەو وەستانەی حەمەعومەر عوسمان لە دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم و کۆتا دیوانی خۆی (لە غوربەتا). مەرج نییە هەموو کات ویستی خوێنەر و تەوەقوعی بـەرزی خەڵک لە نووسەرێک پۆزەتیڤ بێت، رەنگە ئـەم خوێنەرپەروەرییە بەرەو نووسینی تێکستی لاواز راتبکێشێت. ئەمە رای منە نازانم بۆ تۆ؟. ئەو نەفرەتبارانەی نیشتمانی ناو قەسیدەی نیشتمان بۆ ئەو ناوکۆییە دەگەڕێتەوە کوردستان لە هەر چوار لاوە دەچەوسێنرایەوە، نەک بەرهەمی تووڕەبوونی بێت لە دەسەڵاتی کوردیی، لێ دەسەڵاتی کوردیی لە دیدی مندا شیاوی تفبارانە، بەڵام نیشتمان بە هەمیشەیی شایانی گوڵبارانە، جا بە دەست بەعسەوە بێت یان لە بەعس خراپتریش. نیشتمان پێدراوێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی نییە، بەڵکو شوێن و زەمینەیەکی خۆرسکی مۆنۆپۆڵ نەکراوە. نیشتمان چنراوێکی ئایدۆلۆژیی نییە، ئەوەی لە رێگەی ئایدۆلۆژیاوە دروست دەکرێت نەتەوەیە. ئەرنست رینان بە وردیی ئەم پرسەی تاوتوێ و ئەنالیز کردووە و خوێنەر دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە.

سێیەر: جۆرێکی نوێ لە راسیزم و ئۆرۆ سێنترالیزم لە خۆرئاوا لە بووژانەوە و رسکاندایە، بە شێواندن و هەوڵی چڕی دەستکارییکردنی مێژوو، رووبارەکەی (مەسیح)ی گەڕاندووەتەوە، مێژووی خۆرئاوای پێ تەعمید دەکات، ئەم تەقەلایە لەسەر ئەو بەریانە بینا بووە هەرچی ناشرینییە لە مرۆڤی ئەوروپی بکرێتەوە، ئەوەی لە ئەدگاری دزێو فێری بووە رەگوڕیشەکەی فرێبدرێتە دەرەوەی خۆرئاوا، تایپێک لە مێژوونووسین هەرمێنی پەیدا کردووە وێنایەکی فریشتەیی خۆرئاوا دادەتاشێت

و قەڵەمێکی سووری نائەورووپی تاوانبار دەکات لە نووسینەوەی مێژووی خوێناویی خۆرئاوادا. ئەگەر تاکو دەمێکی درێژ ئادۆلف هیتلەر وەک لاسایکەرەوەیەکی مۆسۆلینی چاوی لێکرابێت، بە تایبەت لە دووبارەکردنەوەی مارشەکەی مۆسۆلینی بۆ دەستگرتن بەسەر مینشندا و هەوڵە شکستخواردووەکەی کودەتاکردن بەسەر حکومەتی ڤایماردا لە ساڵی ١٩٢٣، مێژوونووسانی تازە دەخوازن مرۆڤی ئەورووپی با هیتلەریش بێت لە هەر ستەمکارییەک پاک بکەنەوە، بۆ نموونە (ستیڤان ئیهریگ) مامۆستای مێژووی زانستگەی حەیفا لە کتێبێکیدا بەناوی (ئەتاتورک لە خەیاڵی نازیزمدا) دەیەوێت ریشە و شێوازی پێکهاتنی خەیاڵی نازیزم لە سەرزەمینێکی نائەوروپاییدا بدۆزێتەوە، وی لەو پەرتووکەدا خۆی لەو فاکتە لادەدات هیتلەر و نازیزم بە قووڵی لە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای فاشیزمی ئیتاڵیدا بوون، بە پێچەوانەوە خوازیارە ژێدەرە ئایدۆلۆژییەکانی نازیزم بخاتە دەرەوەی خۆرئاوا و بە تایبەت پارادایمی ئایدۆلۆژیی ئەتاتورک لە تواندنەوەی کەمینەکاندا. ئەگەرچی هاشا لەوە ناکرێت ئەتاتورک بۆ هیتلەر ئایکۆنێکی باڵا و (ئەستێرەیەک بوو لە تاریکیدا)، بەڵام ئەم هەوڵە پووچە و زادەی راسیزم و ئەورووپاتەوەرییە، چونکە ئیهریگ دەخوازێت ئەو دەرئەنجامەمان بەسەردا بسەپێنێت هەوڵی کودەتاکەی هیتلەر تەواو لاساییکردنەوەی یاخیبوونی ئەتاتورک بوو لە دژی بابی عالی، لەمە دوورتریش دەڕوات و پێیوایە بیرۆکەی گەلکوژیی جووش لەبەر ژینۆسایدی گەلی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥دا گیراوەتەوە، ئەم تۆتۆلۆژیایەش بە شێوەیەکی تر لەلایەن ئێرنست نۆلتە مێژوونووس و بیریاری ئەڵمانییەوە دەگوترێتەوە، بەوەی نازیزم پەرچەکردارێکی راستەوخۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە، هیتلەریش کارەکتەرێک بوو بە هۆی بوونی (لینین)ەوە لەسەر شانۆکە دەرکەوت. خۆ ئەگەر بەڵشەفیک و لینین نەبوونایە لە کاردانەوەدا نازیزم و هیتلەریش سەریانهەڵنەدەدا! ئەم ئەنگێزە راسیستیی و ئۆرۆسێنتراڵیستییەی عەقڵی خۆرئاوایی بە جۆرێکە هەرچی ناشرینییە هەڵدەداتە دەرەوەی خۆی، جا لە کوێ گیرسایەوە کێشەیەک نییە.

ئەگەر بە خێراییش بێت چاوێک بە تاکە کتێبەکەی هیتلەردا (تێکۆشانی من -ماین کامپف) بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت ئەنگێزەی دژە جووبوونەکەی پێش

ژینۆسایدی ئەرمەن لە ١٩١٥ و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ١٩١٧، وەکو ژیلەمۆ لە مێشکیدا لە گەشانەوەدا بووە. ئەگەرچی لە رووی مێژووەوە کتێبەکەی هیتلەر بە دوو بەش لە ساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٢٦دا چاپ بووە، بەڵام بە خوێندنەوەی پەرتووکەکە وەک گوتم لەو راستییە دڵنیا دەبینەوە بیرۆکەی دژە جوویی زۆر پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە زەینی هیتلەردا چەکەرەکەی کردبوو، ئەمە بەدەر لەو پێشینە دوورودرێژ و رەگە مێژووییەی ئەنتی سمیتیزم (دژە سامیبوون) لە خۆرئاوادا کە ببووە پاڵپشت بۆ ئەنگێزە سامناکەکانی هیتلەر، تا ئەو ئاستەی پێش ئەوەی لەشکری خاچهەڵگران بڕۆن بۆ رووبەڕووبوونەوەی سوپای ئیسلام بە سەرکردایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی، پاپای ئەوکاتی ڤاتیکان فەتوای قڕکردنی جووەکانی بۆ دەرکردن! تەنانەت بیرۆکەی ئەنتی سمیتیزم لە رێگەی رۆژئاوا و نازیزمەوە بۆ جیهانی رۆژهەڵات و ئیسلامی گوێزراوەتەوە بە تایبەت بۆ لای ئیخوان ئەلموسلمین، وەک چۆن بینیمان لە ساڵی ١٩٣٨دا ئیخوانەکانی میسر خۆپیشاندانێکی گەورەیان رێکخست و داوای دەرکردنی جووەکانیان دەکرد، لە ئەڵمانیاش هیتلەر سەرگەرمی هەمان کار بوو، بە هەمان شێوە بە خوێندنەوەی رۆمانی (نیشتمانی سارا)ی میران ئەبراهام بەر ئەو دیمەنە تۆقێنەرە دەکەوین چۆن ئەنگێزەی دژەجوو لە ئەڵمانیاوە بەرەو کوردستان دەپەڕێتەوە، حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ئەو سەروەختەمان بۆ دەگێڕێتەوە و لە وەسپی خەڵکی شاری سلێمانیدا باس لەوە دەکات زۆرینەی پیاوانی شار سمێڵێکی هیتلەرئاسایان هەیە، تەنانەت قوڕەکە لەمە خەستتریشە کاتێک رۆشنبیرانی ئەو زەمانە، نەژادی کورد دەگێڕننەوە سەر هەمان تێزی وەهمی نەژادی ئاری یان ئارییایی نازییەکان تا کار دەگاتە ئەوەی چەند سەد کەسێک لە سلێمانی لە شەوی سەری ساڵی جووەکاندا هاوشێوەی بەغداد بە خۆپیشاندان دەدەن بەسەر ماڵ و حاڵی جووەکاندا و تاڵانیان دەکەن!. لە کاتێکدا ئەمە پەرەسەندنێکی نوێ بوو لە مێژووی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتی و بگرە ئیسلامییەکانیشدا، تەنانەت دەربار و کۆشکی خەلیفەکانی عەبباسی و سوڵتانەکانی عوسمانلی جمەیان دەهات لە دکتۆر و راوێژکاری جوو، تا ئەوەی مافی وەزیریشیان پێ رەوا بینرابوو، متمانەکە بۆ ئەو ئاستەش هەڵکشابوو

پزیشکە تایبەتەکەی سەلاحەدینی ئەیوبی جوویەک بوو. بە پوختی دیمەنەکە لە هەمان دیمەنی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەچێت، ماتەوزەی فیکری خۆرئاوایی لە ئامادەکردنی زەینێکی فاناتیست و راسیستدایە، ئەوسا لە دژی جووەکان، ئەمێستا دژی پەنابەر و بیانییەکان، وەک ئەوەی لە هیچ پێچێکی مێژووییدا ئەمان قەرزاری بەشی رۆژهەڵاتی زەوی نەبووبن، وەک بڵێی هەرچی تاریکیی و نەهامەتییە لەولایەوە بۆیان بێت، وەک بڵێی مرۆڤی رۆژهەڵاتی خاوەنی سەدە تاریکەکان بووبێت، هیچ کات ناتوانن قبوڵی بکەن چ لە ئەمڕۆدا و چ لە دوێنێدا لە نائەوروپییەکانەوە فێربن یان فێربووبن، کەپوویان هێند بڵندە ناتوانن دان بە توانست و لێهاتوویی هیچ سەرڕەشێکدا بنێن چ لە ئێستا و چ لە رابردوودا!، ئەمەش پێچەوانەی فاکتە زۆروزەوەندەکانی نێو لاپەڕەکانی دیرۆکە.

ئەوان هێشتاش نایەوێت دان بەو راستییە حاشاهەڵنەگرەدا بنێن، بەشێکی زۆری پێشکەوتنی فیکریی و زانستی ئەمڕۆیان خواستن و پەرەپێدان بووە بە فیکر و زانستی کلاسیکی رۆژهەڵاتییەکان. ئێوە دیقەت بدەن چۆن ئیبن روشد ئەوروپاییەکانی فێرکرد ئەرستۆ بخوێننەوە کە کوڕی هەمان ئەو خۆرئاوایە بوو، لێی تێنەدەگەیشتن! یان چۆن شاکارە هەرە بە نامێکەی چەرخی هەستانەوەی ئەوروپی (رێنسانس)، واتە داستانە شیعری (کۆمیدیای یەزدانی) نووسەری ئیتاڵی (دانتێ ئەلیگیری) بە قووڵی لە ژێر باندۆری فەیلەسوفە موسڵمانە نائەوروپییەکاندا نوسرابوو بە تایبەت کتێبی (رسالە الغفران)ی ئەبوعەلای مەعەڕی و چەندین بەشی تر لە کەلەپووری ئیسلامیی لە نموونەی میتۆسی ئیسرا و میعراجی پەیامهێنی ئیسلام (محەمەد)!. وەک بەم دواییانە رۆشنبیری سیکۆلاری عەرەب هاشم ساڵح لە وتارێکی رۆژنامەی «الشرق الاوسط»دا نووسیبووی، رۆشنگەریی پێش ئەوەی دیاردەیەکی ئەوروپی بێت دیاردەیەکی عەرەبی و ئیسلامی بووە، لێ ئەو ئەنگێزە نەتەوەییەکەی خۆی دەداتە پاڵ فەیلەسوفانی پێشینی وەک ئیبن روشد و ئیبن سینا و فارابی و کندی، بەڵام ئەمە هیچ لەو راستییە کەم ناکاتەوە رۆشنایی ئەم بەشەی هەسارەکە بوو ئەو بەشەی تری باکوور یان خۆرئاوای رووناک کردەوە. تەنانەت کاریگەریی هزری رۆژهەڵاتی و ناخۆرئاوایی لەسەر رامبۆی

شاعیری فەڕەنسی لە سەدەی نۆزدەدا بە قووڵی ڕەنگیدابووەوە، ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت ماوەیەک سەرقاڵی بازرگانیی کۆیلە بووە (ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا بەشێکی تاریکە لە مێژووی ئەم شاعیرەدا)، بەڵام ئەمە هیچ لە بلیمەتی ڕامبۆ و کاریگەریی فیکری نائەوروپی کەم ناکاتەوە کە بە قووڵیی بەسەر هەست و شیعرەکانیدا باڵی کێشابوو. هەروەک چۆن گۆتەی شاعیری ئەڵمانیش لە (فاوست) دا بە چڕیی کەوتووەتە بن هەژموونی فیکری ئیسلامی و ناخۆرئاوایی.

بۆیە شتێکی سەیر نییە سەیران ئاتیس چالاکوانی ژنان و پارێزەر و نووسەری تورک کە لە شەش ساڵییەوە لە ئەڵمانیادا دەژی، بەم دواییانە لە شاری بەرلین مزگەوتێکی بە ناوی (ئیبن روشد- گۆتە) دروستکردووە!، لە هەڵبژاردنی ئەو ناوەشدا ئاتیس ڕایگەیاند گۆتە بەشێوەیەکی قووڵ سەرسام بووە بە شارستانێتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی و پردێکە لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، ئەو سەرنجمان بۆ کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی «هەڵبەتە دوای فاوست» (دیوانی ڕۆژهەڵاتی) ڕادەکێشێت. خودئەڤینی و ڕاسیزمی ئەوروپی نەک چاوپۆشی لەم فاکتانە دەکات، تەنانەت مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەسەر ئەو ڕوانگەیە بارهێناوە، ئەم بەشەی زەوی هەمیشە تاریکبووە و بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە هیچ کات ڕۆژی لێ هەڵنەهاتووە، لە کاتێکدا ئەمە نەک هەر بازدانە بەسەر دیرۆکدا، بگرە شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکانیشە، چونکە ئەم بەشەی زەوی لانکەی سەرهەڵدانی تێکڕای ئاینەکان و نووسین و دۆزینەوەی کشتوکاڵ و بونیادنانی شارستانێتی و دانانی یاسا و دامەزراندنی دەوڵەتشار و موزیک و عیرفان و یۆگا و هەرچی ئەو شتانەیە ئەمڕۆ خۆرئاوا وەک دەستکەوتی شارستانیی خۆی پێیانەوە دەنازێت و پێیوایە ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤی سپی ڕەنگی خۆرئاواییین و هیچی تر! یان هێشتا هیگڵ ئاسا دەڵێن ئەو خۆرەی لە خۆرهەڵاتەوە هەڵهات بۆ هەمیشە ئاوابووە و لە خۆرئاوا بۆ هەمیشە هەڵدێتەوە!. (لەوانەیە سەیر نەبێت ئەگەر «شێرزاد حەسەن»ی نووسەری کورد، بەدەر لە ڕەخنە واقیعییەکانی، یەکێک بێت لەوانەی زیاد لە جارێک بە کینە و لاقرتێوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵێت ڕەشهەڵاتی ناوەڕاست).

## رەخنەی رەخنەکان
## رەخنە لە عەقڵی ناعەقڵانی

من: زۆربەی جار حەزم بە زانیارییە گەردوونناسییەکانە، لە سەرەتای تەمەنی لاویمدا لە هاوینی ١٩٩٧، بەشداریی خولێکی زانیاریی گەردوونناسیم کرد لە هۆڵی میدیای سلێمانی، مامۆستای خولەکەشمان زانا رەوف حەسەن بوو (کوڕی نووسەری کۆچکردووی چەپ رەوف حەسەن). لەو سەردەمەوە عەشقی گەردوونناسی لە مندا رسکا، بەڵام تەنیا خوێنەرێکی تەمبەڵی ئەو بوارەم لێ دەرچوو، لەگەڵ ئەوەدا دانی پێدا دەنێم زانیارییەکان بۆ من تا ئێستاش تۆقێنەرن، هەموو ئەگەرەکان کراوەن بۆ داهاتوو، ئەمە مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی تاقەتپڕوکێندا دەهێڵێتەوە، نامۆترین هەستم ئەو کاتانە بوو، سەرقاڵی خوێندنەوەی بابەتێک بووم لەمەڕ گەلەئەستێرەی «رێی کاکێشان» واتە ئەو گەلەئەستێرەیەی زەوی هەسارەیەکی بچووکە تێیدا، لەبەرئەوەی ژمارەکان هێندە زۆرن و منیش لە ماتماتیکدا ئاستێکی مامناوەندییم هەیە، ناتوانم هەمووی بزانم، بەڵام تەنیا ئەوەم بیرماوە، هەر لە رێی کاکێشاندا (درب التبانه) پتر لە سەد ملیار هەسارە هەیە، ئەمە جگە لەوەی زانست لە گەردوونی بینراودا دوو تریلۆن گەلەئەستێرەی تری ئاشکرا کردووە، ئەی ئەو بەشەی تر خۆی ناخاتە ژێر حوکمی بینینەوە؟. تا ئێرە هەموو خەیاڵەکان کە ناتوانین بە ئاسانی بیانکەین، رەنگە ئاسایی بن، تراوماکە لێرەدایە: لەو سەد ملیارە هەسارەیەی وەک زەوی وان لە هەمان گەلەئەستێرەی خۆماندا و لەو دوو تریلۆن گەلە ئەستێرانەی تر، ئەگەر هەر یەکەی سەد ملیار هەسارەی هەبێت، ئینجا ئەم هەموو ژمارەیەک کۆبکەرەوە، بڕوام وایە ماتماتیکیش کۆتایی پێدەهێنێت، تۆ بڵێی بە تەنیا لەسەر ئەم هەسارە شینە بوونەوەر هەبێت؟،

ئەگەرچی هێشتا ناتوانین دڵنیا بین، بەڵام ئەگەر هەبوو چی؟، ئایا چیرۆکەکانمان بەتاڵ نابنەوە؟، ئەنترۆپۆلۆژیا نابێت بە کۆمیدیا؟، ئایدۆلۆژیاکان ناتوێنەوە؟. زۆر سەختە بەرگەگرتنی ئەم پرسیارانە نەک گریمانەی هەبوونی بوونەوەرانێک کتومت ئێمە نەبن و هەمان دۆخی سایکۆلۆژییان نەبێت، دەبێت لەم کاتەدا فرۆید هەستی چۆن بێت؟، ئەی داروین دەتوانێت لە تیۆری پەرەسەندنەکەی بەردەوام بێت؟. لەم دواییانەشدا بە درێژایی یەک رۆژ بیرم لەم بابەتە دەکردەوە، سەرم کەوتە گێژخواردن و تومۆرەکەی سەرم خرۆشا، پێویستم بە مۆرفین بوو، نەک لەبەرئەوەی نەزانێکی وەک من بیری لەوە دەکردەوە، زاناترین مرۆڤیش هێشتا سەر لە مەتەڵی گەردوون دەرناکات. لەگەڵ ئەوەشدا تراومایەکی تر بەرۆکم دەگرێت، ئەویش ئەوەیە تۆ بڵێی مرۆڤ بە داهێنانە زانستییەکانی سەری زەوی بە سەری خودی خۆیشییەوە نەخوات؟، ئەمە ئەگەرێکی دوور نییە.

سێیەر: مارکۆس گابرێل فەیلەسوفی گەنجی ئەڵمانی (١٩٨٠-) لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا (بۆچی ئەم جیهانە بوونی نییە؟ warum es die welt nicht gibt)، بەو ئەنجامگیرییە دەگات، ئێمە فڕێدراوینەتە ناو جیهانێکەوە هەستی پێدەکەین نەک بیناسین، بیرکردنەوەی سنوورداری مرۆیی تا ئەو جێگەیە بڕ دەکات شوێنی من یان تۆ لە جیهاندا دیاری بکات، بەڵام توانای نییە شوێنی جیهان دیاری بکات!. تەقەلایەکی رژدانە دەکات بەرسڤی ئەم پرسیارە بەردەوامانەی فەلسەفە بداتەوە لە کۆنەوە تا ئێستا: ئایا ئێمە بە راستی لەناو جیهانداین یان لەناو بۆتەی خەونێکدا دەژین؟، هەمان ئەو گومانەی دیکارت هەیبوو لە بارەی وجودەوە، ئایا ژیان خەونێک نییە؟، کاتێک خەون دەبینین، واقیعی ناو خەونەکەمان لێ دەبێتە راستی وەک چۆن دەشێ ئەوەی بە ریالیتەی دەزانین لە بنچینەوە خەونێک بێت، تەنانەت ناتوانین هیچ شتێک بکەین بۆ ساغکردنەوەی نێوانی ئەوەی کامە خەونە و کامەش ریالێتی، بۆی هەیە ئەو رێگەیەی بۆ ساغکردنەوەی ئەم پرسیارەش دەیگرینە بەر بۆ خۆی بەشێک بێت لە خەون. ئایا شتەکان هەر بەو شێوەی ئێمە دەیانبینین لە ئارادان یان ئێمە بەر سێبەرەکانیان دەکەوین؟. گابرێل پێیوایە کاتێک هەوڵ بۆ ناسینی شتێک دەدەین، لەودیو ئەو شتەوە شتانێکی تریش هەن، لە بازنەیەکی

بچووکەوە دەستپێدەکەین تا دێت مەودای بازنەکە فراوانتر دەبێت تا ئەو جێگە دەیمومەی هەیە لە سنووری عەقڵیی و دەرککردنی ئێمە دەردەچێت و هەرگیزیش کۆتایی نایەت، جیهانی بەرجەستە ژمارەیەکە لە زنجیرەی ژمارەکان، سروشتی ژمارەش وایە لە جێگەیەکدا ناگاتە پایان، ئەوەی بەر دەرککردنی ئێمە دەکەوێت بریتییە لە جیهانێکی هەستپێکراو نەک ئاشکرا و زانراو! لە سۆنگەی ئەوەی ناگەینە ئەو شوێنەی بڵێین ئەمەیە جیهان. تەنیا دەتوانین ئەو شتانەی ناو جیهان بدۆزینەوە و بناسین دەکەونە ژێر قەڵەمڕەوی ئیدارکی ئێمەوە، ئەمەش تەبایە لەگەڵ روانینی بیریاری ئەڵمانی بە رەگەز کۆریایی (چول هان) بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی شەفافیەت پڕوپووچە!. منیش پێموایە خورافەیەکی میتافیزیکییە، بۆیە چول هان دەڵێت: پیتەر هاندکێ لە بەشێک لە نووسراوێکیدا دەنووسێت: (کێ دەڵێت جیهان روون بووەتەوە؟)، جیهان تاریکترە لەوەی ئێمە وێنای دەکەین. نابینای زگماکیش دەتوانێت هەست بە تەنێکی رەق بکات لە رێگەی بەرکەوتنەوە، بەڵام نایناسێت.

بەم هۆیەوە مارکۆس پێشنیارە فەلسەفییەکەی لەوەدا چڕ دەکاتەوە، واز لە ناسینی هەمەکێتی جیهان بهێنین ژبەرئەوەی هەوڵێکی سیزیفییە، لە بری ئەمە سەر بخەینە سەر ناسینی بەشەکیی وجود. ستوون و تەوەری سەرەکی فەلسەفە هەر لە یۆنانەوە تا رۆژگاری دیکارت، پرسیار بوو لە بوون، بەڵام دیکارت شۆڕشی بەسەر پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەکاندا کرد، رێڕەوی فەلسەفەی گۆڕی بۆ پرسیارکردن لە جیهان لە رێگەی عەقڵەوە یان پرسیارکردن لە جیهانی ئاشکرا و دەرکەوتوو، ئەمەش لای شۆپنهاوەر دەبێت بە دەرکەوتنی جیهان لە وێنەدا. ئەگەرچی کۆڵانەکانی بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفەمان (مارکۆس گابرێل) پڕە لە بنبەست و تاریکی، بەڵام ئەو تاریکی و بنبەستانە لە خودی ئەم جیهانە خۆیەوە دێن، هەرچەند هەوڵ بدەین بیناسین ناتوانرێت ببێتە مەعریفەیەکی هەمەکی، هەر لە بۆتەی بەشەکیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش نابێت نائومێدمان بکات، بەڵکو راسپاردە فەلسەفییەکەی ئەم فەیلەسوفەمان ئەوەیە نابێت رادەستی نیهێلیزم ببین، بە پێچەوانەوە هەوڵی شێلگیرانەی خۆمان بدەین بۆ تێگەیشتن لەو بەشە دیارەی جیهانی تاریک و نادیار، تاکە رێگەچارە ئەمەیە بەرپرسیارانە مامەڵە بکەین و

چێژ لە بوونی خۆمان وەربگرین. ناتوانین لە ڕێگەی وشەوە ئەم پرسە ڕوونتر بکەینەوە، دەسەڵاتی وشەکان سنووردار و مەرجدارن، توانای ئەوەیان نییە، جیهانی واقیع بە شێوەی کۆپی پەیست نیشان بدەن، هەمیشە ریتۆریک و یارییە زمانەوانییەکان دەستی وشە دەگرن لەوەی بتوانێت مەبەستێک بگوازێتەوە، لەوە زیاتریش وشە خۆی دەرامەتی ئەوەی نییە واقیع و جیهان وەک ئەوەی هەیە بنوێنێتەوە نەخاسمە ئەو جیهانەی گابریێل هاشا لە بوونی دەکات. دڵنیام ئەم چەند دێڕەی کۆتایی منیش پڕ دەبێت لە لوغز و وەک مەتەڵێکی هەزار مانای لێ دێت و هەر کەسەو دەتوانێت مانایەکی لێ دەربکێشێتە دەرەوە، ڕەنگە خوێنەر وەک کۆڵۆمبۆسی لێ بەسەر بێت، ئاخر ئەو دەریاوانە سەرکێشە لە بڕینی زەریاکاندا بە دوای هیندستاندا دەگەڕا، بەڵام گەردەلوولەکانی ئۆقیانووس لە کیشوەرێکی تازەدا لەنگەریان بە کەشتییەکەی گرت.

من: زانست مەتەڵێکە لەودیو بڕیاری پێشوەخت و باشە و خراپەوە بیری لێ دەکەمەوە. لەوانەیە زانست لە خۆیدا نە باش بێت و نە خراپ، بەڵام لە سایەی سیستمی باڵادەستدا زانست بووەتە ڕێگەیەکی زانستی بۆ کۆنترۆڵ و چەوساندنەوە، چەوساندنەوەیەک مارکس وتەنی لەناو غوباری ئایدۆلۆژیادا خۆی حەشارداوە، چاوێکی ترمان دەوێت بۆ بینینی، ڕەخنەی ئەزیش لەوێوە دەست پێدەکات کە زانست بە سیاسیی دەکرێت. فەلسەفەی ڕۆشنگەریی تێبینی ئەوەی دەکرد لە پرۆسەیەکی دیالەکتیکیدا زانست بەسەر سروشتدا زاڵ دەبێت، هەنووکە زانست باڵادەستی خۆی بەسەر سروشتدا سەپاندووە، بەڵام زانست ملکەچی ئەژدیهایەک بووە ناوی بازاڕە، زانست چیتر وەک ئەوەی کارڵ مارکس سەرنجی خستبووە سەری، ناچێتە ڕاژەی کۆمەڵگا و دابینکردنی ئاستێکی بەرزی خۆشگوزەرانی بەڵکو میکانیزمێکی هەراشی جەمکردنەوەی قازانج و سەرمایەیە، بەڵام مارکس لەوەدا ڕاست بوو پێیوابوو کاپیتالیزم سروشت دەگۆڕێت بۆ ناسروشت، هەرئەوەی ژیژەک بە جۆرێکی تر دەریدەبڕێت: (چیتر سروشت سروشتیی نییە). نایشارمەوە پێشکەوتنی زانست دەمترسێنێت، ترسەکەم نە لە کۆنەپەرستییەوە هەڵدەقووڵێت نە لە کۆنەپارێزییەوە، تراوماکە لەوەدایە تاکو زانست و تەکنۆلۆژیا پەرەبستێنن،

ڕێگاکانی کۆنترۆڵ و دەستبەراگرتن ئاسانتر دەبن، بازنەی چالاکییە مرۆییەکان تەسکتر دەبنەوە، لە بەرامبەردا پانتاییەکی فراوانتر بۆ ترانس مرۆڤ ئەوەی بووە بە ڕۆبۆت دەکرێتەوە. نازانم چەندێک لە ئێوە بە ئاگان لە تێزەکانی سێرج مۆناست (بلو بیم– تیرێژی شین) کە پڕۆژەیەکی دوور مەودای ناسا «NASA»یە و خۆی لە ئامادەکردنی ئاینێکی گەردوونیدا دەبینێتەوە بە چوار قۆناغ بۆ دەستبەسەراگرتنی تەواوەتی ژیانی سەر زەوی لەلایەن سەرانی ئاینە نوێیەکەوە، ئەوانیش بریتین لە سەرمایەدارە زەبەلاحەکان.

پێشنیار دەکەم بە دوای ئەو تێزانە بکەون، چونکە نامەوێت ببمە پێغەمبەرێکی ترسناک، ئەمەشی باسی دەکەم بڵاوکردنەوەی وەهمسازیی نییە، نهێنییەکی ئاشکرایە و زۆرێک دەیزانن، بەڵام ئازایەتی قسەکردنیان نییە لە بارەیەوە، ئەمە لەگەڵ ناوەڕۆکی فیلمە دیکۆمێنتارییەکەی (جانێت ئۆسبارد)ی هۆڵەندییدا تەبا دێتەوە، بە ناونیشانی (The Fall of the Cabal) کە باسی دەستەیەکی بچووکی وێرانخواز و سەرمایەداری زەبەلاح دەکات بە ناوی کابالْ. پڕۆژەی سەرەکی ئەم پیرە دەستگرتنە بەسەر جیهاندا لە ڕێگەی جەنگ و کۆنترۆڵکردن و تەشەنەپێکردنی گەندەڵی و هتد.. بۆ هێنانەدی ئەم مەرامەش درێغی ناکەن لە سوودوەرگرتن لە ماسمیدیا و سیستمی خوێندن و موزیک و سینەما و سۆشیال میدیا، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم تاقمە ئەوەیە ڕێژەی دانیشتوانی زەوی بۆ ژمارەیەکی ئێجگار سنووردار کەم بکەنەوە، ئیدی خەونەکەی یۆنگ پڕ دەبێت لە کابووس کاتێک بە متمانەوە دەیگوت: (گەشتی ئاسمانیی بۆ جیهانەکانی تر هێشتا ڕێی زۆری لە پێشە، درەنگ یان زوو مرۆڤ ناچارە بۆ ئەو زەمین و نیشتمانە بگەڕێتەوە لێیەوە ڕسکاوە. ڕاستییەکەی گەشتە ئاسمانییەکان ڕاکردن و هەڵهاتنن لە خود، چونکە چوونە سەر مەریخ و مانگ لە گەشت بۆ ناخی خۆمان ئاسانترن.. ئەمە نیشانەی دڵەڕاوکێیەکی تەواوی مرۆڤە، ئەم دڵەڕاوکێیە بریتییە لە ترسی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، بە دەربڕینێکی تر، وا دیارە ئاسمانگەڕیی پەرچەکردارێکی غەریزییە بەرامبەر ئەم پرسە). چونکە ئەو دڵەڕاوکێیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا خەریکە لەسەر دەست و نیازی تاقمی (کابالْ) دەبێتە فاکتۆری قڕتێخستنی سەدا هەشتای

دانیشتووانی سەر زەوی، هەر لە سەرەتای کۆرۆنا ڤیرۆسیشەوە بە وتارێک ئەو ڤیرۆسە چاوکاڵە بکوژەم بە سەربازێکی بە ئەمەکی تیۆری کۆمپلۆتیزم و جەنگێکی دەستکردی بایۆلۆژیی لە قەڵەمدا و هێشتاش سوورم لەسەر ئەو روانینەم، هەر لەم سۆنگەوە وەختێک بیر لە ئایندە دەکەمەوە لەرز و تۆقین دەمگرێت.

سێیەر: نەک هەر لە رۆشنگەرییەوە بەڵکو لە بەرەبەیانی مێژووەوە عەقڵ ئامرازێک بووە بۆ کۆنترۆڵ و سەپاندنی دەسەڵاتی مرۆڤ لە گەردووندا، ئەگەر بۆ مرۆڤی سەرەتایی ئامانج لە هەر داهێنانێکی عەقڵیی بریتی بووبێت لە ئامادەکردنی ژینگەیەکی بێ ترس و خۆف، لە پەنایدا بە داهێنانی ئامێر لە فۆرمە هەرە ساکارەکەیەوە تا دوا داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکان بۆ زاڵبوون بووە بەسەر دەرەوەی خۆیدا، کارەساتەکە ئەوەیە لە کن مرۆڤی پریمیتیڤ دەرەوە بریتیبوو لە سروشت خۆی و ئاژەڵانی تری تیرەی مرۆڤ، بەڵام هەنووکە دەرەوە هەر لەناو ماڵی مرۆییدایە و بەشێک لە مرۆڤانی تر فڕێدراونەتە دەرەوەی ئەم ماڵە. ئەنترۆپۆلۆژیا دەمانگەیەنێتە ئەو فاکتەی مرۆڤ هەر لە سپێدەی بوونییەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بووە، فۆرمی یەکەمی ژیانی مرۆیی لە شێوەی گروپدا بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە بەراوورد بە ئاژەڵانی تر مرۆڤ لە رەگەزی لاوازەکان بووە، ئاژەڵی گورجتر و هۆڤتر هەبووە مرۆڤی ترساندووە، بێجگە لەمەش سنووردارێتی ژینگەی بەرایی مرۆڤ، دەرک نەکردنی جیهان بەم فراوانییە، زۆرتر لە دەوری یەکتر کۆیکردوونەتەوە، بۆیە دەیان هەزار ساڵ ملکەچی ئەو جەبرە بیۆلۆژیی و سروشتکردەی خۆی بووە، بەڵام عەقڵ و زۆرزانیی مرۆڤی پەڕاندەوە بەرەو زاڵبوون بەسەر ئاژەڵانی تردا، لەگەڵیدا دەستی گرت بەسەر سروشتدا، لەم دیکۆمێنتە مێژووییەدا ئەوە دەردەکەوێت عەقڵ هەر لە سەرەتاوە لەسەر بناغەی ئۆتۆریتەخوازیی و هەژموونگەرایی گەشەی کردووە، زۆرزانیی مرۆیی بە مەبەستی زاڵبوون بووە بەسەر چواردەوری خۆیدا نەک لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا، دواتریش هەر ئەم عەقڵە بۆ چەوساندنەوە و بندەستکردنی مرۆڤانی تر بەگەڕخرا. یەکێک لە پاساوەکانی ئیمپریالیزم گواستنەوەی عەقڵ بوو بۆ ئەو گەلانەی هێشتا لەگەڵ سروشتدا دەژیان و لە دۆخی (بێ ئاوەزیی)

سروشتیدا مابوونەوە، بەڵام تیۆرە مرۆڤناسییەکە (ئەنترۆپۆلۆژیا)ی کلۆد لیڤی شتراوس بیانووەکانی ئیمپریالیزمی هەڵوەشاندەوە، زەبرێکی کوشندەی لە کولتووری ئیمپریالیستیی سرەواند کە بە بیانووی گواستنەوەی ژیار و شارستانێتی بۆ (کۆمەڵگە دواکەوتووەکان) دەستی بەسەر چاوگی ئابووری و سەرخان و ژێرخانی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەگرت. شتراوس سەلماندی پاساوی ئیمپریالیزم لە بە(شارستانیکردن)ی کۆمەڵگە پریمیتیڤەکان چەواشەکارییەکی مەزن بوو.

من: داهێنانی ئامێر بەشێک بوو لە پێداویستییە ژیارییەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی، بۆ ئەوەی زێدە بەرهەم فراوانتر بێت مرۆڤ بیری لە داهێنانی ئامێر کردەوە، سەرەتا ئەم ئامێرانە لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی میزۆپۆتامیا و ئاوەدانییەکانی دەوروبەری نیلدا (میسری کۆن) داهێنران، ئەمەش لە کتێبەکەی مۆم فۆرد (ئەفسانەی ئامێر) دا پشتڕاست کراوەتەوە. سەرەتای ئەم شۆڕشە کشتوکاڵییە هاوزەمانە لەگەڵ ئەو قۆناغەی پێی دەوترێت چاخی بەردینی نوێ کە لە ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێکردووە، لەم چەرخەدا مرۆڤ کەوڵی گیاندارێکی سروشتی فڕێدەدات و لە باخچەی ئاژەڵان دێتە دەرەوە، خۆی دەخاتە ناو قەپاغی شارستانیی و کولتوورەوە، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بازاڕ وەک ناوەندێکی گرنگ بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵایی، لەم روانگەوە دەتوانین بڵێین داهێنانی ئامێر لە یەکەم چرکەساتەوە بەشێک بووە لە سیستمی چینایەتی. شۆڕشی کشتوکاڵ لە بەستێنی کۆمەڵایەتیشدا باوکسالاریی بەرهەمدەهێنێت، ئەو باوکە پاوانخواز و دەسەڵاتدارە بێ سنوورەی دەبێتە خاوەنی زەوییەکان و ژن لە یەک کاتدا، لە هەمان کاتدا سەروەرێتی خێزان دەکەوێتە ژێر رکێفییەوە، ئەم ساتەوەختە چرکەساتی سەرهەڵدانی گرێی ئۆدیبە، کوڕەکان تەدبیرێک دەکەن بۆ کوشتنی باوکان، ئەو باوکانەی خولیایەکی سەیریان هەیە بۆ دەستگرتن بەسەر زۆرترین بڕی چێژدا و شەیدای نیشاندانی دەسەڵاتی رەهای خۆیانن. هەر بۆیە (مستەفا سەفوان)ی دەروونشیکار و خوێندکاری ژاک لاکان، لە وەڵامی پرسیارێکی (میشێل بلۆن)دا دەڵێت: (مێژووی دەروونشیکاریی، مێژووی گرێی ئۆدیبە، مێژووی گرێی ئۆدیب، مێژووی خێزانە).

سێیەر: لە چاخی بەردینی کۆندا، بە پێی خەملاندنەکان زیاتر لە سەد هەزار ساڵی خایاندووە، بنەمای کارکردن بە شێوەی هەرەوەزیی و هاوکارییکردنی نێوان تاکەکان بووە، ئەم سەردەمە دوو جۆر کار لە ئارادا بووە یەکەمیان راوشکار کە ژن و پیاو وەکە یەکتر تێیدا بەشداربوون، دووەمیان کۆکردنەوەی خۆراک ئەمە کارێک بووە ژنان کردوویانە، بەڵام شانبەشانی پیاوان، لەم چاخەدا وەک ئەندرێ میشێل روونی دەکاتەوە: (بەهۆی نەبوونی خاوەندارێتی تایبەت و کەڵەکەبوونەوە، دابەشبوونی کار نەبووەتە هۆی ئەوەی رەگەزێک ئەویتریان بچەوسێنێتەوە). لە هەمان کاتدا نەخۆش و پیرەکان لە سایەی سۆلیداریتی و هەرەوەزییدا وەک هەر ئەندامێکی تری ناو کۆمەڵگە و هۆزەکەیان ژیاون. هەرچی دواترە و دوای ئەوەی گلۆڵەی دایکسالاریی دەکەوێتە لێژیی و مێژوو پێدەنێتە پێڤاژۆی باوکسالارییەوە، ئیدی هیرارکیزم و چینایەتی لە هێلکەوە دەترووکێن، ئەمەش هەر یەک لە فریدریک ئەنگلس بە تایبەت لە کتێبی (بناغەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت)دا و بێبێڵ ئەنالیزیان کردووە، لە راڤەکارییەکانی ئەوان و کۆی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی تردا یەک دەرئەنجامی هاوبەش هەیە، ئەویش ئەوەیە: دایکسالاریی لەسەر عەشق و گونجاندنی ئەندامانی هۆز یان کۆمەڵگەی سەرەتایی خۆی بەڕێوە دەبرد، لە بەرامبەردا باوکسالاریی لەسەر ملکەچیی و زاڵبوونی کەشوهەوای ترس و سەپاندنی ئۆتۆریتە خۆی راگرتووە، هەر بۆیە لای ئەریک فرۆم، خۆشەویستی دایک خۆویستانە و بێ قەید و شەرتە و ملکەچی هێز نییە، بە پێچەوانەوە باوکسالاریی خوازیارە لە رێگەی ترسەوە خۆشەویستی نەوەکان بەدەستبهێنێت. بەم پێودانگە گرێی ئۆدیب رەنگدانەوەی ئەو چرکەساتەیە لە مێژوو، دایکسالاریی گۆڕەپانی پێ چۆڵ دەکرێت و پاتریارکییەت دێتە جێی. هەموو ئەم گۆڕانکارییە دوالیزمییانە کە پێشکەوتن و چەوساندنەوەن، لەسەر دەستی عەقڵ و دواتریش زانستگەرایی وەک ئەنجامێکی باڵای بەگەڕخستنی عەقڵگەرایی هاتنە سەر سەکۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری و هتد..

من: بایەخ بەو بەشە لە قسەکان دەدەم باسی گرێی ئۆدیبە، دەمەوێت لە رێی ئـەوەوە بابەتێکی تر بورووژێنم: رۆشنبیری کورد لە کاتی لەناوبردنی

ترادیسیۆنەکاندا وەک ئەوەی باوکێکی میهرەبانی کوشتبێت تووشی گرێی ئۆدیب دەبێت!، رۆشنبیری ئێمە لە سایەی کولتوورێکی هەمیشە باودا هەست بە ئارامی و دڵنەوایی دەکات، ئەمە لەگەڵ دابەشکارییە (گرامشی)یەکەدا یەکدەگرێتەوە، ئەو دوو جۆر رۆشنبیر پۆلێن دەکات: رۆشنبیری نەریتی و رۆشنبیری ئۆرگانی، رۆشنبیری کورد لە رووی رەچەڵەکەوە لە جۆری یەکەمیانە. هەرچەند هەموو کات گرێی ئۆدیب مانای کوشتنی باوکێکی خراپەکار نییە! بەڵکو تێڕوانینە فرۆیدییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کوشتنێکی سیمبولیکە و شوێنگرتنەوەی باوکە لەلایەن کوڕەوە، کوڕەکان باوکیان دەکوژن بۆ ئەوەی خۆیان ببنە باوک. ئۆدیب پاشا نەیزانیوە ئەوە دەیکوژێت باوکە بیۆلۆژییەکەیەتی، بۆیە پەشیمان دەبێتەوە، کەواتە هیچ پەیوەندییەکی بە باشی و خراپی باوکییەوە نییە، وەک ئەو هەڵە تێگەیشتنەی لای شێرزاد حەسەن هەیە لە رۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم )دا. هەروەتر بە پێی شیکردنەوەی مارکۆزە لە کتێبی (ئیرۆس و شارستانی)دا (ساڵی ١٩٥٥)، نادیدەگرتنی ریشەی سێکسیی گرێی ئۆدیب، پاساودانەوەیە بۆ ئەو گیروگرفتە سترۆکتورییانەی گرێکە لێوەی سەرچاوەی گرتووە. ئەو تێڕوانینە فرۆیدییەش لە مێژە دراوەتە بەر نەشتەری رەخنە، بۆ نموونە لەلایەن (ئی جەیمس لیبەرمان)ەوە، وەک چۆن هەمان ئەم ئۆدیبە، بوو بە جێگەی رەخنەکاریی توند و بێ بەزەییانەی هەر یەک لە مالێنۆیڤسکی و ئەریک فرۆم، بە هێنانەوەی دژە ئارگۆمێنتی ئەو قۆناغەی دیرۆک بە دایکسالاریی ناوزەد دەکرێت و تێیدا هەواڵێک لە دەسەڵاتی چەپێنەر و ترسێنەری باوکێکی پاوانخواز نەبووە. ئەگەر لەمەش بگەڕێین ئۆدیب هەمان ئەو ئۆدیبە نییە فرۆید تیۆریزەی کردبوو، بە وتەی مستەفا سەفوان: ئێمە مامەڵە لەگەڵ شیکارکردنی ئۆدیبێکی فاشیلدا دەکەین.

سێیەم: پێمخۆشە لە تەوەری ئاخاوتنەکە دوور نەکەوینەوە، گفتوگۆ و چەلەحانێی بێزەنتی نەکەین، بۆیە دەخوازم سوکە سەرنجێک بخەمە سەر پەیدابوونی کارڵ مارکس لە هەناوی مۆدێرنێتەدا، ئەو رەخنە توند و بێ بەزەییەکانی (بە گوزارشتی خۆی) ئاراستەی ئەو عەقڵە زاڵە کرد پێیوابوو بە دەستگرتن بەسەر سروشت و زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر گیانداراندا پارادیس دادەگیرێتە سەر زەوی. دوا بە

دوای مارکس، نیچە میحوەرێکی تری بە ئاڕاستەی پێچەوانەوەدا کردەوە و ڕەخنە زۆر کوشندەکانی ئاڕاستەی مۆدێرنیتە و عەقڵی زاڵی مۆدێرن کرد، وەک خۆم لەم ڕەهەندەوە تێبینییە وردەکانی نیچەم بەلاوە پەسەندترە وەک لەو مەیلە ڕۆشنگەرییخوازەی مارکس کە شاگەشگە ببوو بە پەرەسەندنە عەقڵانییەکان. لەسەرو هەموو ئەمانەوە چەند پرسیارێکی بەردەوام مێشکم دادەکرمێنن، ئایا پەرەسەندنی ئێمە ڕووداوێکی قەشەنگی مێژووی زیندەوەرانە؟، ئایا گەشەکردنمان چ لە ڕووی فیکریی و چ لە ڕووی بیۆلۆژیی هاوواتای هێنانەدی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییە؟، ئایا بۆچی پێشکەوتن هەمیشە لەسەر حیسابی دڵڕەقییە بەرامبەر بە مرۆڤ و زیندەوەران و سروشت و گەردوون؟، ئایا مرۆڤ گورگە (هۆبز) بیەکەیە و پەرەی سەندووە بۆ گورگێک تەحەدای گەردوون دەکات؟، ئایا و ئایا و هەزاران ئایای تریش، بەڵام هەردەم بیر دەکەمەوە، بۆچی عەقڵ بە بەردەوامی لە مەتەرێزی چەوساندنەوەدا خۆی دەبینێتەوە؟.

من: ئاشکرایە ڕەخنە لە دەرئەنجامەکانی عەقڵ دەگرین نەک لەو شێوەیەیدا ڕۆشنگەریی بەکاریدەهێنا و کردبووی بە میکانیزمێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ژێراوژووړکردنی دنیای کۆن، عەقڵی ڕۆشنگەریی توانی ڕووداو دروست بکات و لە شۆڕشی فەڕەنسیدا دنیای بەسەرچوو هەڵبگێڕێتەوە بۆ دنیایەکی نوێتر کە هەموو پردەکانی پەیوەندیی بە دنیا و واقیعی پێشووەوە ڕووخاند بوو، (لە پوختترین گوزارشتدا ڕۆشنگەریی بریتییە لە چاوی عەقڵ، بە پێچەوانەی عیرفانەوە کە بریتییە لە چاوی دڵ لە سەیرکردنی ژیان و دنیادا)، بەڵام ئەم عەقڵانییەتە سەری کێشا بۆ شتی تر، ناکرێت بڵێین عەقڵ هەمان ئەو عەقڵەیە ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ هەر لە ژان ژاک ڕۆسۆوە تا مارکس پشتیوانییان لێ دەکرد، عەقڵی ئامێریی بەسەر هەموو جۆرە بەکارهێنانەکانی تری عەقڵدا سەرکەوتووە، چیدی ڕەخنەگرتن لە عەقڵ ئەکتێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە، وەک چۆن لە سەرەتاوە لای فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریی، عەقڵ ڕادیکاڵیزمێکی شۆڕشگێڕانەی لە خۆگرتبوو. ئەگەرنا من داکۆکیکارێکی بە ئەمەکی ڕۆشنگەرییم، نامەوێت بچمە هیچ پڕۆژەیەکی دژە ڕۆشنگەرییەوە، چونکە لە مەتەرێزی فاشیزمدا خۆم دەبینمەوە. لەو سۆنگەوە

رەخنە لە عەقڵ ناگرم، زیاتر هەستەکی بم، ئەو عەقڵەی رەتی دەکەینەوە، عەقڵی ئامێرییە کە بە هەمان رێگەی یوڤاڵ نوح هەراری لیبراڵیست مرۆڤ دەباتە ناو سیستمی داتا بەیست و وەک ژمارەیەک بۆ داتاکردن و پێدراوێکی بایۆ تەکنیکی پەتی لێی دەڕوانێت.

سێیەر: سەرباری هەر رەخنەیەک دژی زانست و عەقڵ نیم، نەخێر، بابەتەکە تەواو پێچەوانەیە، هەرچەندە دەزانم تەکنۆلۆژیا هیچ کات بێلایەن نەبووە، دەشزانم مرۆڤ تەنێکی بایۆ کۆمەڵایەتییە، بەڵام تۆ سەرنج بدە لە ناوەڕۆکی تێفکرینم، دژی عەقڵم ئەگەر عەقڵێک بێت بۆ ستەمکاریی و بەرزەفتی مرۆڤ، بە دەربڕینە فرە دیوەکەی یۆنگ دژی (خواوەندی عەقڵ)م، دژی زانستم ئەگەر ببێتە ریتواڵێکی زانستیی بۆ تێکشاندن و بە کاڵاکردنی مرۆڤ، دەمەوێت عەقڵ و زانست نەک هەر خزمەتی مرۆڤ بکەن بە تەنها، بەڵکو دەخوازم ببنە خزمەتکاری ژینگە و گیانداران و ئاسایشی گەردوون. تراومای من هەمان ئەو شتەیە ئادۆرنۆ لە چارەکی دووەمی سەدەی پێشووەوە خستبوویە پێش چاو ئەویش مەترسیی فیتشیزم (بتگەرایی) زانست بوو. دادگاییکردنی بەرهەمەکانی بەگەڕخستنی عەقڵ لە رۆشنگەرییەوە بووە بە ئیشێکی سەرەکی فیکر و فەلسەفە، هەروەک چۆن کانت بە رەخنە لە عەقڵ دەستی پێکرد، بەڵام رۆشنگەریی بەو جۆرەی محەمەد نورەدین ئەفایە بۆی چووە لە سروشتی خۆی هەڵگەڕایەوە لە بری ئازادکردنی مرۆڤ دەروازەی کۆیلایەتییە دێرینەکەی هێنایە ناوەوە (ئەو کۆیلایەتییەی پێشتر سەر بە سروشت بوو، بەڵام ئەمڕۆ سەر بە کۆمەڵگایە). بەو پێیەی عەقڵی تەکنیکی ئامانجی ئازادکردنی مرۆڤ نییە بەڵکو دەیەوێت (گوڕ بە سەرمایە بدات و مرۆڤەکان بخاتە ژێر ئیشەوە). دواجار ئەم فۆرمە عەقڵە ناعەقڵانییە دەبێتە بەشێک لە دیسپلینسازیی و تەوقێک بۆ گەردنی ئازادیی مرۆڤ، بە کورتی تەکنۆلۆژیا دڕندەیە، زانست ملکەچییە، پۆزەتیڤیزم ئاینی شەیتانەکانە. لە باری کرداریشەوە مودێرنێتە و خەباتی رۆشنگەریی، هەموو شتێکیان خستە ژێر رکێفی عەقڵەوە، عەقڵیشیان خستە شوێنی یەزدان، بەڵکو چەند پلەیەکیش خستیانە سەرو خوداوە. رۆشنگەرەکان بە تایبەت وەک ئەوەی لای ئیمانوئێل کانت هەیە، هاشایان لە

نۆمین دەکرد و هەر شتێک نەکەوتبایە ژێر قەڵەمڕەوی زانینەوە لە ڕێگەی عەقڵەوە نەیاندەسەلماند، پێیانوابوو فینۆمین و دەرکەوتە بەرهەستییەکان شتانێکی واقیعین، بەو پێیەی مرۆڤ دەتوانێت پەیان پێ ببات و دەزانێت لەناو خۆیاندا چین.

من: گەشە و پەرەسەندنی عەقڵ و باڵادەستبوونی ئاوەزگەرایی هێندەی سەرمایەگوزاریی دڵڕەقی لەسەر کراوە، هۆیەک نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی تۆلێرانس، ئەوەندەی چاوگێک بووە لە راستای سیستماتیزەی زەبروزەنگ، پاڵنەری فەزیلەت نەبووە، بە قەدەر ئەوەی لە خزمەتی ئیلیتییەکی دیاریکراودا بووە، لە راژە و چاکەی گشتییدا نەبووە. پرسیار ئەوەیە ئەو ئاوەزەی چەکی نایترۆجینی و بۆمبی ڤیرۆسی و کۆکوژ دروست دەکات، گەشەکردووترین عەقڵ نییە؟، ئەی ئایا ئەم ئاوەزە ئاکار و چاکەی گشتیی لەبەرچاو گرتووە یان پێچەوانەکەی؟. دروست بە پێچەوانەی خواستی رۆشنگەرییەوە کە پێش نیچە یەزدانیان کوشت و لە کەرنەڤاڵێکدا عەقڵیان خستە سەر تەختەکەی، دوا توانستەکانی بەکارهێنانی عەقڵ لە بری ئازادیی، بەربەریزمی لێکەوتەوە، لە بری خۆشگوزەرانیی، لە دوێنێدا هۆلۆکۆست و لە ئەمڕۆدا ژیانی ناو دەستاری سیستمی باڵادەست و دیسپۆتیزمی ئابووری و فەرهەنگی و نەتەوەیی لێکەوتووەتەوە. هیچ سەردەمێک نییە لە سەراپای دیرۆکدا هێندەی ئەم چاخە عەقڵ سەنتەر بووبێت و هەموو شتێک بەشێوەیەکی عەقڵانی سیستماتیزە کرابێت، وەک چۆن هیچ سەردەمێک نییە ئەوەندەی ئەمڕۆ چەوساندنەوەش سیستماتیزە کرابێت، لێ چەوساندنەوەی نوێ نەک وەکو حەربا رەنگی خۆی گۆڕیوە، بەڵکو خراوەتە قوتووی ئازادییشەوە. ئیدی لەو دنیایەی کەوتووەتە بندەستی ئەهریمەنی عەقڵ هەموو شتێک پێچەوانە بووەتەوە، زەمەنەکە بەو جۆرەی لێهاتووە خەریکە هەموو بە ئاستێکی بەرز لە دڵنیاییەوە بڵێین: (نازانم چی تیایە گەر رۆژێ لە رۆژان وتمان شەیتانیش فریشتەیە.. ها چی تیایە؟!)، ئەمەش دێڕێکە لە کورتیلە چیرۆکێکی شاعیری گیانبەختکردوو بەکر عەلی. ئیدی کاتی ئەوەیە عەقڵ رەخنەباران بکرێت، وەک چۆن کانت بە رەخنە لە (عەقڵی پەتی) بەرگرییەکی تری لە عەقڵانییەت کرد، بۆ نا ئێمەش کارێکی هاوشێوە بکەین؟.

سێیەم: کۆتایی ئەم توانستە زۆر بەرزەی بە گەڕخستنی عەقڵ دیستۆپیایە،

ئەگەریش لە سەرەتادا کامێراکانی چاودێریی شەقام و شوێنە گشتییەکان بەشێک بووبن لەو سیستمە دیسپلینسازییەی رووبەری ئازادییەکانی تەسکتر کردبێتەوە و تەکنۆلۆژیاشی تێدا گۆڕابێت بۆ دەسەڵاتێکی بێ بەزەیی (بە مانا فوکۆییەکەی) بەوەی لە چاودێرییکردن و بەرزەفتکردنی مرۆڤدا رۆڵێکی ئێجگار کارای گێڕابێت، ئایندەش ئەگەر وێنەیەکی هەبووبێت بریتی بووە لە شووشەییبوون و شەفافبوونێکی ئێجگار تۆقێنەری ژیانگەی مرۆڤ، وەک ئەو دەرئەنجامە لە شووشەیبوونی دنیا زامیاتین لە رۆمانی (ئێمە)دا شوێنی کەوتبوو. هێشتا لەم قۆناغەدا ماڵ پەناگەیەکی ئارام و دوور لە چاوی کامێراکان بوو، شوێنێک بوو بۆ رەهابوونی مرۆڤ لە دەرەوەی سیستمی شووشەیی و چاودێریی، دیستۆپیا نوێیەکە ئەوەیە ئەم سیستمە چاودێرییە نەک لە رێی مۆبایل و هاندییە زیرەکەکان و ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانەوە سنووری ماڵەکانیشی تێپەڕاندووە، بەڵکو ئۆرگانیزمێتی مرۆڤیشی خستووەتە ژێر جەبری هۆشمەندیی دەستکرد و سیستمی ئالگۆریزمەوە (ئەم سیستمە لە ناوی زانای موسڵمانی سەدەی چوارەمی کۆچی ئەبوعەبدوڵای ئەلخەوارەزمی دانەری کتێبی «مفاتح العلوم»ەوە هەڵهێنجراوە)، دەستی گەیشتووەتە ناوەوەی مرۆڤ، دەتوانێت چاودێریی بیرکردنەوەی بکات بگرە ئاڕاستەشی بکات، لەم هەلومەرجەشدا ئازادیی تاکێتی و کۆنسێپتی ئازادیی بە گشتیی دەبێت بە جۆرێک لە وەهم، چاودێریی و دیسپلینسازیی نەزم بە دەیان بازنەی بە دەوردا کێشاوین تا دێت بازنەکانیش تەسکتر دەبنەوە، مرۆڤ دەکەنە رۆبۆتێکی ملکەچی بێ ئیرادە و ویست. پاشەڕۆژ هیچ لە خۆش ناچێت، ئەو مرۆڤەی دوای مردنی خودا (بە پێی تێزی نیچە) دەسەڵاتی خودایی پیادە دەکرد، نەک هەر لە خودایەتی خراوە بەڵکو زەبوون و ریسوا بووە بە دەست بایۆ تەکنۆلۆژیاوە.

من: پرسیارێک زۆرجار رووبەڕووی خۆمی دەکەمەوە ئەوەیە ئایا فەلسەفە کەوتووەتە کوێوە لەم هاوکێشەیەدا؟. قسە بنەڕەتییەکە ئەوەیە ئەگەر فەلسەفە بۆ خۆیشی زانست نەبێت، یارمەتی سەرپێکەوتنی زانستی داوە، بەڵکو لە قۆناغی پێش جیابوونەوەی زانستە سروشتییەکان، توانستی بەکارهێنانی ژیریی بووە لە خوێندنەوەی بوون و ئەتۆم و دیاردەکانی ئەمدیو و ئەودیو سروشت. ماکس

ڤیبەر لە ئاناتۆمییە کۆمەڵناسییەکەیدا بۆ بوونی مرۆیی، ڕەتیدەکاتەوە زانستە سروشتییەکانی وەک فیزیک و کیمیا بتوانن لە ڕۆڵ و هەبوونە کۆمەڵایەتییەکەی مرۆڤ تێبگەن، هەندێک بابەت هەن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکاندا دەڕسکێن، زانستە سروشتییەکان لێی حاڵی نین و ناتوانن تویکاریی زانستیی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، وەک چۆن بۆ هەر دیاردەیەکی تری ناو بازنە و تەوەری بناغەیی خۆیان پیادەی دەکەن. زانست بە بەتاڵکردنەوەی جادووی ئاین و میتۆلۆژییەکان، سوودێکی گەورەی بە مرۆڤ گەیاند، ئەویش دڵنیاکردنەوەی بوو لەوەی بوونەوەرێکی تاک و تەنهایە لەم گەردوونەدا. ئەگەر مرۆڤ ژیر بێت هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەماوەتەوە جگە لە سۆلیداریتی و پشتیوانی یەکتر ڕووەو دنیایەکی باشتر.

سێیەر: گەشتی مێژوویی فەلسەفە بۆ دامەزراندنی لۆژیک و عەقڵ بوو لەسەر بناغەی عەقڵ و لۆژیک، دروشمی ڕۆشنگەریی لای کانت ئەوەبوو: ئازابە و عەقڵی خۆت بەکاربهێنە. کرۆکی بیست و پێنج سەدە لە تەمەنی فەلسەفە و هەزاران هەزار ساڵیش لە دانایی پێش فەلسەفە، گەنگەشەکردن بووە لەسەر ئەوەی عەقڵ دوا کەس بێت پێبکەنێت و گرەوەکە بباتەوە، بەڵام ئایا ئەو دەرئەنجامەی عەقڵ داوای دەکرد پڕ نییە لە ناعەقڵانییەت؟!. بە سەیرکردنی ئەوەی لە دنیادا دەگوزەرێت ناتوانین ناوێک لە سێرگی بێ عەقڵەکان گونجاوتری بۆ بدۆزینەوە، لەم نێوەندەدا شتێک هەموو کات سەرنجڕاکێش بێت ئەوەیە وەک ئەوەی بەرزترین رادەی بە گەڕخستنی عەقڵ لە خۆیدا کارێکی بێ عەقڵانە بێت!، لە ڤیگۆری ترەمپ یان پۆتیندا دوو کارەکتەری سەرشێت دەبینین جیهان لە دەستاڕێکی شێتانەدا دەهاڕن، لێرە شێتیی هێندەی ڕووی لە نەزمە ڕووی لە کەسەکان نییە، ئایا ئەمە بوو دەرئەنجامی بەکارهێنانی لۆگۆس و ڕاسیۆنالیزم؟، دنیا وەک ئەڵقەی نارنجۆکێک وایە لە پەنجەی سیستمێکی شێتدا!، ئایا ئیدی تراوما شتێکی ڕاستەقینە نییە؟، نەگەیشتووینەتە ئەو ڕستە سەرەتاییەی شکسپیر لە زمانی کارەکتەرێکییەوە دەڵێت: (ژیان حکایەتێکە گەمژەیەک دەیگێڕێتەوە)؟. ئایا دنیا حکایەتێکە نییە بۆ داستانی بێ عەقڵە عەقڵگەراکان؟، هەر بەڕاستی کاتی ئەوە نەهاتووە بپرسین ئاخۆ سوودەکانی عەقڵ و زانست چی بوون؟، ئایا عەقڵ چاوی کردووینەتەوە یان

بە کوێرییەکی ڕەهای گەیاندووین؟. ساراماگۆ لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ڕۆمانی (کوێریی) دەڵێت: (کوێریی هەموو کاتێک گەمارۆی ئێمەی داوە، کوێریی ئاماژەیەکە بۆ کوێریی عەقڵ، ئەم کوێرییە بوارمان دەداتێ بەبێ هیچ غەمێک بۆ لێکۆڵینەوەی بەردێک لە مەریخ، کەشتی ئاسمانیی بنێرین بۆ ئەو هەسارەیە، لە هەمان کاتدا ملیۆنان مرۆڤ لەسەر زەوی خەریکە لە برساندا دەمرن، ئێمە کوێرین یان شێت؟!). ئایا ئەو عەقڵەی لە مۆدێرنێتەوە برەوی پەیدا کرد و جێی بە هەموو شت لێژ کرد چیتری بەرهەمهێنا جگە لە زانستێک بۆ چەوساندنەوە و چەند ئایدۆلۆژیایەکیش بۆ پەرستن؟ کە جێی ئاینەکانیان گرتووەتەوە و مرۆڤایەتیان لە خوێن و کابووس هەڵکێشاوە، (کارل گۆستاڤ یۆنگ)ی دەروونشیکار تێبینی ئەوەی کردبوو خوداکان لە سەردەمی مۆدێرندا ناوی خۆیان گۆڕیوە و تێکڕا (یزم) یکیان بۆ کۆتایی ناوەکەی خۆیان زیاد کردووە. وەک ئاشکرایە هەر زاراوەیەک پاشگری (یزم)ی پێوە بوو ئایدۆلۆژیایە، وەک سۆشیالیزم، ناسیۆنالیزم، کۆمۆنیزم، فێمینیزم، هیومانیزم و هتد.. هەرچی (لۆگی یان لۆجی) پێوە بوو زانستە، بەو پێیەی لۆگی لە لۆگۆسەوە هاتووە و مانای زانست یان عەقڵ دەگەیەنێت، بۆ نموونە: سایکۆلۆگی، ئەنترۆپۆلۆگی، ئارکیۆلۆگی، سۆسیۆلۆگی وهتد..، خولاسەی قسە ئەوەیە ئایدۆلۆژیا و زانست چاخی کۆیلایەتییەکی وەهایان گەڕاندووەتەوە لە دیرۆکدا هاوشێوەی نەبینراوە و نابینرێت.

من: بە لە دایکبوونی فەلسەفە، ژیانی مرۆڤ بازدانێکی گەورەی تێدا دروست دەبێت لە میتۆسەوە بۆ لۆگۆس (لە ئوستوورەوە بۆ عەقڵ یا زانست)، لە یەکەمین بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە (قوتابخانەی ئایۆنی) لۆگۆس لە فۆرمە هەرە ساکارەکەی خۆیدا هاتە قسە، بۆ یەکەمین جار تالیس بناوانی هەموو (بوون)ی گەڕاندەوە بۆ ئاو، پاشتر ئاناکیسمێنس بۆچوونی تالیسی ڕەتکردەوە، ماتریاڵی پێکهێنەری وجودی گەڕاندەوە بۆ هەوا، ئەوەش یەکەمین لێدانی عەقڵیی بوو لە میتۆلۆژیا، لە ڕوانگەی ئەوەی تەوەری یەکەم و سەرەکیی هەر ئوستوورەیەک داستانی پەیدابوون و وەڵامدانەوەیە بۆ ئەو پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەی مرۆڤ: بۆچی بوون هەیە و نەبوون نییە؟، یان ئێمە لە کوێوە هاتووین و قەواڵەمان چۆن دەستپێکردووە لەسەر

زەوی؟، دیقەت بدەن لە تەوراتدا (سفری پەیدابوون) سەرەتای هەموو سفرەکانی ترە. لێ ئەو دوو تەفسیرە ماتریالیستی و سروشتییە (راڤەکارییەکانی تالیس و ئاناکیسمێنس) لە روانگەی زانستی نوێوە مایەپووچی خۆیان سەلماندووە، کەچی هیچ لەو بایەخە کەم ناکاتەوە، چۆن ئەم روانگە فەلسەفییانە باوەڕە بانسروشتی و ستاتیکەکانی یۆنانی دێرینیان لەرزاند، پرۆسەی دینامیکییانەی عەقڵ و راڤەی سروشت بە خودی سروشت، تەکانێکی گەورەی بە مێژووی مرۆڤایەتی دا. ئەگەر فەلسەفە لە دایک نەبووبا، هیچ کات پرسیار و بیر لە بیرکردنەوە سەریهەڵنەدەدا، بەڵام مرۆڤ وەک کائینێکی بیرکەرەوە و عاقڵ (لێ ئەزموونگەرەکان عەقڵ رەتدەکەنەوە و نکۆڵی لە بوونی دەکەن) ببووە سەرنشینی پاپۆڕێک هەر دەبوو بگاتە کەناری فەلسەفە، هەر دەبوو قۆناغی ئوستورە بەرەو عەقڵگەرایی تێپەڕێنێت. لەو چرکەساتەی مرۆڤ بڕیاریدا چیدی بە هەر چوار پەل نەڕوات و بکەوێتە سەر پێی خۆی و لە قەبیلەی ئاژەڵان جیابووەوە، دیاربوو شەمەندەفەری عەقڵ بەرەو ئەم وێستگەیەی نهۆی دەهێنێت و هێشتاش شەمەندەفەرەکە تیژتر لە پێشان بەرەو پێشەوە دەڕوات. ئەگەر کەمێک راوەستان روویدا بێت و شەمەندەفەرەکە بەرەو لایەکی تر پێچی پێ کرابێتەوە و رۆڵی فەلسەفە و بیرکردنەوە بەرەو کزیی و کوژانەوە رۆشتبێت، تاریکیی ژیانی داپۆشیوە، بۆ نموونە لە رۆژئاوا، کاتێک ئەم شەمەندەفەرە بۆ چەند قەڕن لە رۆشتن رادەگیرێت، بە نوتەکترین سەدەکانی مێژوودا گوزەر دەکات (سەدەکانی ناوەڕاست)، لەگەڵ بووژانەوەی عەقڵ و سەردەرهێنانەوەی فەلسەفەدا لە رێنسانسەوە تا ئەوڕۆ، مرۆڤایەتی وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، ئامێر لە رم و تیروکەوانەوە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی تا تەلسکۆبی جیمس وێب. لە پەنا ئەمەدا، زانستی پەتی نەیتوانی ببێتە ژێدەری ژیانێکی باشتر و خۆشتر لە کاتێکدا ئەو عەقڵەی دیکارت داکۆکی لێدەکرد، ئەو زانستەشی پۆزەتیڤگەراکان خەونیان پێوە دەبینی گەیشتووەتە دوا توانستی خۆی، هیچ نامومکینێکی نەهێشتووەتەوە، هیچ پەرچوویەک نەماوە نەیخولقاندبێت، هیچ خەیاڵێک نییە نەیکردبێتە رووداوێکی بەرجەستە.

کاتی هاتووه بپرسین، ئەو گریمانەیەی لەسەر پێشکەوتنی شارستانی و زانستی سروشتی دانرابوو، جۆرێک نەبوو لە وەهم؟، ئەگەرنا دەبوو زەوی پارادیسە بەڵێنپێدراوەکەی خودا بوایە، نەک دۆزەخی زۆرینەی دانیشتوان. تەلاری شارستانێتی نوێ وەک دیارە لەسەر بناغەی عەقڵ و زانستگەرایی هەڵچنراوە، چاخێکی تری کۆیلایەتی گێڕاوەتەوە، لەناو ئەو هەموو ئازادییەی لە گۆڕێدایە و بانگەشەی بۆ دەکرێت، کۆیلایەتییەکی تر خۆی حەشارداوە، گەر خۆمان تەفرە نەدەین، ئاشکرایە زۆر بەربەریانەتریشە لە کۆیلایەتییە کلاسیکییەکە، رەنگە ئەم کۆیلایەتییە نوێیە ناوێکی تر بخوازێت، وەک ئاشکرایە لە توانای ئێستای مندا نییە ناوی لێ بنێم، لێ دەزانم سەردەمی میتا کۆیلایەتییە. پێش ئەوەی کۆتایی بە قسەکانم بهێنم دەخوازم سووکە ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە بکەم ئامانجی سەرەکیمان بوغزاندن و داتاشینی وێنایەکی ئەهریمانەی زانین و زانست نییە (هەرچەند لە بنەڕەتەوە زانین کارێکی شەیتانییە، بە پێی میتۆسی ئادەم و حەوا، یەکەمین هۆشیاربوونەوە و زانینی مرۆیی لە خواردنی بەروبوومی داری قەدەغەوە دەستپێدەکات، ئەوەی لەم پرۆسەیەشدا هاندەری مرۆڤ بوو جگە لە ئیبلیس کەسێکی تر نەبوو). لە کوردەواریشدا دەوترێت (زۆر شەیتانە) ئەمە دەدرێتە پاڵ ئەو کەسەی زانیاریی و زانینی لەوانیتر بەرز و زۆرترە، کرۆکی مەبەستمان لەو شارستانێتییە راسیۆنالیستییەی ئەمڕۆی جیهانە سەرمایەداریی بەڕێوەی دەبات، تێیدا عەقڵ و زانست کراونەتە ئامڕازی ستەمکارییەکی نوێ، وەک گوتیشم رەوڕەوەی مێژووی بەرەو شوێنێکی تاریک پاڵ پێوەناوە، چیدی عەقڵ چرا نییە، زانست بە شەوارەی خستووین. دڵگەرمی پێشووم بۆ لایەنگریی لە گەشەی تەکنۆلۆژیا بەرەو ساردبوونەوە رۆشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا تاڵە موویەک هزرم بە دیدی فەیلەسوفی پراگماتیسیتی ئەمەریکییەوە (ریچارد رۆتێ)وە گرێبدات، بریتییە لەوەی نابێت گێلیتیمان بگاتە ئەوە ئاستەی تەکنۆلۆژیا بە هەڵەیەک لە قەڵەم بدەین، وەک خۆم ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم، تەکنۆلۆژیا گەورەترین دەستکەوتی مێژووی مرۆڤایەتییە، ئەگەر بوونەوەرانێکی تر هەبن لە دەرەوەی زەوی یان لە جێگەیەکی دووری ئەم گەردوونەدا، ئەو ئاستە لە گەشەی عەقڵی ئێمە ببینن، دوور نییە لە

ئیرەییدا پەلامارمان نەدەن، بەڵام پرسە جەوهەرییەکە ئەوەیە ئەم تەکنۆلۆژیایە لە راژەی کێدا بەکاردەهێنرێت؟. گومان دەکەم بڵێن هەمووان، مەگەر گشتمان نابینین هەر خزمەتگوزاریی یان ئامێرێکی تەکنۆلۆژیی لە پەنا سوودەکانییەوە لە بواری هەژموونگەریی و هەواڵگرییدا، ئەگەر قازانجێکی ماددیی زۆر نەچنێتەوە بە گشتیی ناکرێتەوە؟.

سێیەر: بەشێک لە ئەرکی فەلسەفە لە دوای سەدەی بیستەوە، بریتی بووە لە رەخنەگرتن لە عەقڵ!. قوتابخانەی فرانکفۆرت بەرهەمهێنەری چەمکێکن بە ناوی (تیۆری رەخنەیی)، پتریش لە فۆرمۆڵەکانی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ و مارکۆزەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش رەخنەکردنی دنیای سەرەتای بیست و سییەکانی سەدەی پێشووی ئەڵمانیا و کۆمەڵگەی سەرمایەداریی مۆدێرنە. ئەوەی ئەم دەستە فەیلەسوفەی کۆدەکردەوە بایەخی هاوبەشیان بوو بە رەخنەکردنی کۆمەڵگا و سیاسەت و ژیانی مۆدێرن، ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڵهێنجانە لە وتەزایەکی هۆرکهایمەر کە ئەو بە کتێبی (تیۆری نەریتی و تیۆری رەخنەیی) بەشدارییەکی هەرە گرنگی کرد لە شێوەپێدانی (تیۆری رەخنەیی)دا. هەر خودی فەلسەفەی ئەڵمانی بە جۆرێک لە جۆرەکان سترۆکتورێکی رەخنەیی هەبوو، لە باری واقیعیشەوە زۆرێک لە تێزە فەلسەفییەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەدەی نۆزدە، بریتیبوون لە رەخنە: رەخنەی کانت، رەخنەی مارکس، قوتابخانەی فرانکفۆرتیش دەستپێکی رەخنەسازیی سەرەتای سەدەی بیست بوو، ئەوان لە رێگەی (تیۆری رەخنەیی)یەوە رووبەڕووی جیهان بوونەوە. ئەگەر فەلسەفەی سەدەی نۆزدە رەخنەیی بووبێت، لە سەدەی بیستەمدا راڤەکاریی، ئەی لە سەدەی بیست و یەکدا بیچم و شێوەی چۆنە؟. ئەگەر تێمای سەرەکی فەلسەفە تێڕامان بێت لە مرۆڤ و ئەو شتانەی سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ بەهادارن، کەواتە چۆن لە مرۆڤ و بەهاکانی دەڕوانێت؟. پێموایە رۆڵی فەلسەفە ئەگەر پاشەکشەشی کردبێت، جیهانێک بە بێ فەلسەفە پێشبینی نەکراوە، (پیتەر سلۆتەردایک)ی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی، بە شێوازێکی رەشبینانە (خۆی ئەم وەسفەی پێ خۆش نییە) لە رۆڵی فەلسەفە دەڕوانێت و پێیوایە بزووتنەوەی ٦٨ (شۆڕشی خوێندکارانی

فەڕەنسا– مایۆی ١٩٦٨) هاوینی ژیانەوەی فەلسەفە بوو، بەڵام هەلومەرجی هەنووکەدا بە تەواوەتی هەڵگەڕانەوەی بە خۆیەوە بینیوە، لە روانگەی ئەوەوە فەلسەفە لە بنەڕەتەوە ئەلەمێنتێکی ئەدەبی و (فۆرمێکی تایبەتمەندی پەخشان) بووە، ئەو رۆڵەی پێشووی خۆی لە دەستداوە، لە بەرامبەر داتاگەریی و شۆڕشی ئینفۆرماسیۆندا بە شێوەیەک لە شێوەکان پاشەکشەی کردووە بگرە بووەتە شوێنکەوتەی سیستمی (داتا بچووکەکان).

بەو پێیەی زانست بەشێوەیەکی فرە رەهەند پەلی هاویشتووە، دەخوازێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی فەلسەفە!، خەریکیشە یەک بە یەک وەڵامی هەموو پرسیارە فەلسەفییەکان دەداتەوە هەر لە پرسیارە میتافیزیکییەکان و ئازادیی هەڵبژاردنەوە تا دەگاتە سەر پرسە ماتریاڵەکانی ژیان وهتد... بادیۆ پێیوایە خودی فەلسەفە نەخۆشە و (یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی هاوچەرخیش پێناساندنی وردی نەخۆشییە کوشندەکەی خۆیەتی)، بەڵام لە دیدی ئەودا فەلسەفە هێندەش نەخۆش نییە وەک خۆی مەزندەی دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا جیهان بەردەوام (شتێکیان لە فەلسەفە دەوێت!) کەچی لای بادیۆ وایە بەهۆی هەستی نەخۆشی و خۆبەمردوو زانینەوە، فەلسەفە خۆی لە وەڵامی جیهان دەدزێتەوە، بادیۆ بوونی فەلسەفە گرێدەداتەوە بە بوونی ناڕەزایەتی و نیگەرانیی بەرامبەر بەوەی لە جیهاندا دەگوزەرێت و دەڵێت: (هیچ فەلسەفەیەک لە ئارادا نییە ئەگەر بیرکردنەوەیەکی نیگەران و نائاسوودە بوونی نەبێت لە بەرەنگاریی ئەو دنیایەی بەم فۆرمە بوونی هەیە). کەواتە فەلسەفە نیگەرانییەکە خوێندنەوەی دنیای هەڵگرتووە و تاکو نەهۆ گوڕی ئەوەی تێدا ماوە (خەڵک فاسد بکات)، ئەمەش بە هۆی رۆڵ و فرمانە رەخنەییەکەی خۆیەوە. لوی ئالتۆسێر بە دیقەتدان لە مارکس و گرامشی لەو راستییە دڵنیابووەوە: (فەلسەفە هەر لە بناغەوە سیاسییە). لە باری واقیعیشەوە سەرەتاکانی فەلسەفە دوو کتێبی گرنگی وەکو (کۆمار)ی پلاتۆ و (پۆلەتیکا)ی ئەرستۆ بەخۆیەوە دەبینێت!. کەواتە پرسیارەکە بە دیاریکراویی ئەمەیە ئایا هێشتا فەلسەفە دەتوانێت یارمەتیدەری مرۆڤ بێت تەنانەت بیر لە بیرنەکراوەش بکاتەوە؟، وا هزر دەکەمەوە تا ئەم چرکەساتەش (ساڵی بیست و دووی سەدەی بیست و

یەک) لە ئەشکەوتەکەی پلاتۆدا زیندانین، پێویستمان بە فەلسەفە هەیە تەوقەکانمان بکاتەوە و هەقیقەتمان بە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و قۆناغ بە قۆناغ پێ بناسێنێت.

من: لەم دنیایەدا کە هیچ فرمان و کایەیەک بۆ فەلسەفە نەماوەتەوە، ئیشی فەلسەفە چەمکاندن و کردنەوەی دەرگای پرسیارە راچڵەکێنەرەکانە، چالاکییەکی عەقڵانی و رەخنەگرانەیە، چونکە لانیکەم لە دوای رۆشنگەرییەوە، فەلسەفە تانوپۆی خۆی لە دەستدەدات و ماڵەکەی دابەش دەکرێت، زانستە مرۆییەکان و زانستی پەتی یان سروشتی کە پێشتر لقێکی سەرەکی فەلسەفە بوون لێی جیا دەبنەوە، وا دێتە بەرچاو بوارێک بۆ فەلسەفە نەمابێتەوە قسەی تێدا بکات، لەم روانگەوە دەتوانم بڵێم کاری بووەتە کردنەوەی ئاسۆ رەخنەییەکان و چەمکاندنی رەخنە و توانای پرسیاری ئاڵۆزتر لەسەر ژیانی ئێستایی و بەرجەستە. هەروەک فەیلەسوفانی (تیۆری رەخنەیی) بیری لێ دەکەنەوە ئامانجی هەرە سەرەکی فەلسەفە گەڕانە بە دوای ماناکانی ئازادییدا، بۆیە لەلای ئەوان فەلسەفە بوارێکی گرنگە بۆ خستنەگەڕی ئەندێشەیەکی نێگەتیڤانە دژی دەسەڵات. وەکوتریش بە پێچەوانەی خەملاندنەکەی ژیل دۆلۆز و گاتاری بیر دەکەمەوە، فەلسەفە لە ئەنجامی رێکەوتێکەوە سەریهەڵنەداوە بەو جۆرەی ئەوان ئەنالیزیان کردووە، فەلسەفە پێویستییەکی ژیاریی و گەشەکردنی عەقڵ بوو، راپسکان بوو لە تەفسیری میتۆلۆژییانە بۆ پرسە ئۆنتۆلۆژییەکان و تێڕامان لە گەردوون و ئەفسوونی بوون، چیتر مرۆڤ بە لێکدانەوە میتۆلۆژییەکان قایل نەبوو، ئەمجارە بڕیاریدا لە دەرەوەی ئوستوورە لە بوون و جیهان رابمێنێت.

سێبەر: بۆ خۆم سەر بە نەریتی فیکریی نێگەتیڤم، بەو پێیەی پۆزەتیڤیزم نوێنەرایەتی سیستمی عەقڵی ئامێریی و داتاگەریی دەکات و مرۆڤی مەحکوم کردووە بە رازی بوون بە چارەنووسێک ستەمکاریی بەڕێوەی دەبات. مرۆڤ لە سەردەمی پۆزەتیڤیزمدا، گیاندارێکی بێ هەست و گیانە، هەر شایانی بەزەییە. وەکوتریش نێگەتیڤگەرا نین لە پێناوی نەفیکردنی هەموو شتێک، بەڵکو روانینێکی نێگەتیڤ برەو پێ دەدەین لە پێناوی لە دایکبوونی شتانێکی باشتردا، وەک لە نەریتی فەلسەفی هیگڵدا دابەشکارییەکە بەم فۆرمە کراوە: (تێز، دژە تێز، سانتێز). سانتێز

بەرئەنجامی نەفیکردنی شتێکە لە پێناوی هاتنە ئارای شتێکی نوێتر بە مەزندەی ئێمە باشترە. محەمەد نورەدەین ئەفایە دەنووسێت: (رەخنەگرتن لە عەقڵ لە رێگەی عەقڵەوە، داخوازییەکی رۆشنگەرەکان بوو، چونکە فەلسەفەی رۆشنگەریی عەقڵی کردە ئامرازێکی جەوهەریی بۆ پراکتیزەی رەخنە و دەربازکردنی مرۆڤی ئەوروپی لەو دۆخە ناهەموارەی گرفتاری کردبوو.. سەدەی هەژدەی ئەوروپا بە سەدەی رەخنە ناسرا). عەقڵی مۆدێرن مرۆڤ دەکاتە ئیگۆیستێک کە چاوی تەنیا شادومانی و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینێت. ئەم دژ وەستانەوەی عەقڵ منی رانەکێشاوەتە بازنەی پۆستمۆدێرنەوە وەک ئەوەی لیوتار لە کتێبی (رەوشی پۆست مۆدێرن)دا ماڵئاوایی لە (حکایەتە گەورەکان)ی مۆدێرنێتە رادەگەیەنێت، گرنگترین حکایەتی مۆدێرنە بریتیبوو لەو جیهانە میکانیکی و بێ گیانەی لەسەر ئاوەزی پەتی دایمەزراندبوو، دوا ئاکامی ئەمەش بە لە دایکبوونی مرۆڤی تاکرەهەند و دیکتاتۆر دەستیپێکرد. خودی پۆست مۆدێرنەش جێگەی رەخنە و هەڵوەستەی جددییە، ئەگەرچی ئەنالیزی تیۆریی چەمکێکی وەک پۆست مۆدێرنە و فەیلەسوفەکانی کارێکی فرە زەحمەت و ئاڵۆزە.

من: لە نیگای یەکەمدا وا دەردەکەوێت عەقڵی تەکنۆلۆژیی بەسەر عەقڵی فەلسەفیدا سەرکەوتووە، ئەم نیگایە بە درۆ دەخەمەوە، بەڵگاندنم زۆر پێویست نییە، وەک ئەوەی فەیلەسوفی ئینگلیزیی ئالن دۆبۆتون لە کتێبی (بەها و پاساوی فەلسەفە)دا ئارگۆمێنتسازیی بۆ دەکات، بۆئەوەی بیسەلمێنێت لە چاخی باڵادەستی تەکنۆلۆژیاشدا فەلسەفە پێگەی خۆی هەیە و فریای مرۆڤ دەکەوێت. تەنیا نموونەیەکی بچووک دەهێنمەوە، عەقڵی زانستی تا تخوبێکی دیاریکراو رۆشتووە، هێشتا نەیتوانیوە مرۆڤ بەو جۆرە ئاناتۆمی بکات فەلسەفە پیادەی دەکات، لە باشترین حاڵەتدا زانستی پەتی تەنیا لە رووکارە بیۆلۆژیی و فیزیکاڵەکەی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، فەلسەفە لە ماهیەت و بوونناسی و خواست و ئارەزووەکانی مرۆ دەکۆڵێتەوە، زانست و داتاگەریی لەمە تێناگەن، خولاسە فەلسەفە لە زانست دوورتر دەڕوات، تاوتوێ و پرسیار لە بارەی نەزانراوەکانەوە دەکات، هەرچی زانستیشە مامەڵە لەگەڵ زانراوەکاندا دەکات. بۆیە هێشتاش بە تەواوەتی فەلسەفە ملکەچی

زانستە سروشتییەکان نەبووە بۆ هەموو شتێک ئەو وەڵام بداتەوە، ملی نەداوە بۆئەوەی زانست بەرسڤی کۆنکرێتی ئەو پرسیارانە بداتەوە ئیشی سەرەکیی فەلسەفە خۆیەتی بە وەڵامدانەوەیان هەستێت، لە بنچینەشەوە فەلسەفە پانتایی و زەمینەیەکی خەملێوی پرسیارکردنە، کەی پرسیار مرد، هەمان رۆژ فەلسەفەش دەمرێت، تاکو پرسیار بەردەوام بێت فەلسەفە بە تەنیشتییەوە لە ئارادایە، هەموو پرسیارکردنێکیش بە پرۆسەی تێرامان و گومانگەراییەکی پەتیدا تێدەپەڕێت ئینجا وەک پرسیار بیچم دەگرێت. بیرکردنەوەی فەلسەفی لەسەر سترۆکتورە گومانسازییەکان شێوەی گرتووە، فەیلەسوفی فەڕەنسی پۆڵ ریکۆر لە بارەی کۆژێتۆکەی دیکارتەوە دەڵێت: (رەنگە کەسێک وای دابنێت هەموو ئەم شتانە تەنیا خەونێکن! بلێت بیرکاریی هەڵەیە، هەقیقەتە باوەکانی میتافیزیک هەڵەن، کەواتە چی دەمێنێتەوە؟، ئەگەر هەموو شتەکانیش هەڵەبن، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە: من بیر دەکەمەوە، چونکە بۆ ئەوەی گومان بکەیت، پێویستە بیر بکەیتەوە، پێش ئەوەی بلێییت «من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم» دەبێت بگوترێت «من گومان دەکەم، کەواتە من بیر دەکەمەوە»، ئەمە هێزێکی ناوازە بەم رستەیە دەدات). لەلایەکی ترەوە فەیلەسوفی گەنجی ئەڵمانی مارکۆس گابرێل لە دیمانەیەکدا لە بارەی ئەوەی پێی دەگوترێت فەلسەفەی ئەڵمانی، بە روونی وتی: (خۆی رادەستی ئەو بیرکردنەوە باوە نەکردووە کە پێیوایە زانستە سروشتییەکان لە توانایاندایە لە هەموو ئەو شتانەی هەن تێبگات و راڤەیان بکات). کەواتە هێشتا کات بۆ فەیلەسوفەکان ماوەتەوە تەفسیری جیهان بکەن، لێ مارکس پەلەی بوو فەلسەفە بکاتە هەوێنی گۆڕانکاریی.

سێیەم: زانای فیزیک و گەردوونناس جەیمس جێنس دیاگنۆسی چوار قۆناغی گەشەی زانست دەکات. یەکەمیان رێنسانسە زانستییەکی کۆپەرنیکۆس، دووەم راپەڕینی داروینی، ئەو لە رێی تیۆری ئێڤۆلەیشنەوە بە مرۆڤی گوت تۆ بەرئەنجامی پەرەسەندنی بایۆلۆژیت نەک بەو جۆرە تەواوەی ئێستا ئافرێندرابیت، سێیەمیان شۆڕشی نیوتن، ئەو لە سایەی دۆزینەوەی رێسای کێشکردنی زەوییەوە بۆی دەرکەوت چیتر تەنە ئاسمانییەکان هەڕەشە نین و بە پێی سیستمێکی زیرەک

کار دەکەن کە یاسای گەردوونی دەستنیشانی کردووە، چوارەمیش شۆڕشی فیزیای نوێیە کە راستەوراست کاریگەریی لەسەر فەلسەفە هەیە و وای لێدەکات بە خۆداچوونەوە بکات. ئەو لەم بارەوە دەنووسێت: (کاتێک دەبینین گۆڕانەکانی فیزیک خۆیان رەنگێکی فەلسەفییان هەیە، چونکە توێژینەوە لە سروشت لە رێگەی ئەزموونەوە ئەوە نیشان دەدات راستییە فەلسەفییەکان لە دیدی فیزیکەوە ناتەواون!، دەستکاریی ناچارانە بەشێوەیەکی حەتمی کاریگەریی کردووەتە سەر بنەمای زانستییانەی فەلسەفە و هەر بەو هۆیەشەوە کاریکردووەتە سەر دیدی ئێمە لە هەموو پرسە فەلسەفییەکانی ژیانی رۆژانەماندا، بۆ نموونە ئایا ئێمە ئامێرین یان بوونەوەری ئازادین؟، توانستی کارکردنە سەر رەوتی رووداوەکانمان هەیە بەشێوەیەکی هۆشیارانە؟، ئایا دنیا لە دوا سروشتی خۆیدا شتێکی ماددییە یان عەقڵییە؟، یاخۆ هەردووکیانە؟، ئەگەر وایە مادده و عەقڵ کامیان زیاتر بنەڕەتین؟، ئایا عەقڵ ماددەی بەرهەمهێناوە یان مادده عەقڵی بەرهەمهێناوە؟، ئایا ئەو دنیایەی لە کات و شوێندا بەرجەستەی دەکەین دوا واقیعە؟، یانژی تەنها پەردەیەکە و واقیعێکی قووڵتری لەودیوەوە حەشارداوە؟). لێرەدا جێنس چەند پرسیارێکی ئایدیالیستی و ماتریالیستی لە بەرامبەر یەکتردا راگرتووە، وا پێدەچێ ئەویش بیەوێت هەمان سەلماندنی رەواقییەکان بە شێوازی خۆی بڵێتەوە گوایە سروشت بەو جۆرەی هەیە شایانی دەستکاریی نییە و مرۆڤ ناتوانێت چارەنووسی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی بگۆڕێت، بە پێچەوانەی ئەوەی مارکس پێداگریی لەسەر دەکرد: مرۆڤ توانستی گۆڕینی هەیە و خۆی مێژووی خۆی دروست دەکات. جێنس دەیەوێت هەمان دیدی پۆزەتیڤگەرایی تۆختر بکاتەوە و هەموو ژێست و کردەیەکی شۆڕشگێڕانە بە گەوجێتی دابنێت، چونکە وەک کۆنت ئارگۆمێنتسازیی بۆ دەکرد مرۆڤ ناتوانێت بە پێی ویست و بەرژوەندییەکانی خۆی دەستکاریی دنیا و سیستمی دەقگرتووی مێژوو بکات، ئەوەی بە پاشماوەیەکی وەهمی قۆناغی روحانیەت دادەنا. ئەوە راستە فەلسەفە و تیۆر ناتوانن هەمان رۆڵی پێشووی خۆیان هەبێت لە ئاڵوگۆڕەکانی ئایندەدا، بەو پێیەی لە کۆمەڵگەی داتاگەریی و پارەپەرست و بەرخۆردا تیۆر خراوەتە کەنار و

کراوە بە پاشکۆی سیستمی داتاگەریی، بەڵام هێشتاش تیۆر دەتوانێت رۆڵی گرنگ بگێڕێت، ئەگەر فەلسەفە نەخۆشیش بێت (بە دەربڕینی بادیۆ) کەچی ئومێدێک بە تیۆر هەیە بۆ بەرەنگاریی دنیا، زۆرجار وا دەهزرێم قۆناغی نوێ لەناو خۆیدا تیۆری نوێشی هەڵگرتووە چ بۆ راڤەی جیهان خۆی چ بۆ گۆڕینی.

من: زانست هەمیشە مژدەی داهێنانی ئامێری تازەتر دەبەشێتەوە، نەک دامەزراندنی ژیانێکی باشتر، نوێتر نەک چاکتر. میچیۆ کاکو پرۆفسیۆری فیزیازانیی تیۆریی لە زانکۆی سیتی نیۆرک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: (بە هاتنی ساڵی ٢١٠٠ ئێمەی مرۆڤ هێزی خوداکانمان دەبێت!)، ئەو نموونەی ئەپۆڵۆ لە میتۆلۆژیای گریکیدا دەهێنێتەوە بیر، کاتێک بە گالیسکەیەکەوە ئاسمانی تەی دەکرد. مژدەی ئەوە رادەگەیەنێت ئیدی ئۆتۆمبیلی فڕیومان دەبێت و دەتوانین خەمۆکییەکانمان بە پیاسەیەک لە بۆشایی ئاسماندا بە با بدەین، بەڵام ئەم پێشبینییە زووتر لە کاتی مەزندەکراو هاتەدی. ئەگەر زانست تا کۆتایی سەدەی بیستەم بە واقیعکردنی ئەفسانەکان بووبێت، لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە ئەفسانەکردنی واقیعی دەوێت، هەرچەندە لە عەقڵی زانستیدا واقیعیش هەمان ئەو پێناسەیەی پێشووی نەماوە، ئەوەی ناوی واقیعە بە لێکدانەوەی دانێل دینێت تەنیا (وێنە ئاشکراکە)یە و بە تەنها کۆپییەکە یان بە دەربڕینێکی دیکە وێنە ئاشکراکەی واقیع، سەفەر و جێگۆڕکێی مرۆڤە لە ئەشکەوتەکەی ئەفلاتۆنەوە بەرەو ئەشکەوتێکی تر، بەڵکو وێنە ئۆرگیناڵەکەی واقیع لە گیرفانی (وێنەی زانستی)دایە، بەڵام تۆماس ناگڵ دەڵێت: (دینیت دەیەوێت پشت بکەینە شتێک ئێجگار روون و ئاشکرایە). لەگەڵ ئەم هەموو بێنەوبەردەیەدا، مرۆڤ لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەیتوانی پێشبینی زۆر رووداو بکات بۆ سەدەی بیستەم، بەڵام لە ئەمڕۆدا پێشبینیکردنی ئەوەی زانست بەرەو کوێمان دەبات، رەنگە کارێکی پێکەنیناویی بێت!، ئەوەی روودەدات لە گەشەسەندنی هۆشمەندیی زیرەک و نانۆ و بایۆ تەکنیکدا هیچ پێشبینییەک هەڵناگرێت، توانای مەزندەکردنی داهاتوو زیاد لە خۆی کارێکی ئاڵۆز و نەکردەیە، هەر ئەم ئاڵۆزییە (دێڤید رانسیمن)ی هێنایە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی لە رۆژنامەی (گاردیان)دا لە شیکردنەوەی کتێبی (هۆمۆدیوس)ی یوڤاڵ هەراریدا بنووسێت: لە

ساڵی ١٨٠٠ دەتوانرا بە شێوازێکی شیاو بۆ تێگەیشتن بیر بکرێتەوە داخۆ جیهان لە ساڵی ١٩٠٠دا بە کوێ دەگات و پێگە و ڕۆڵی مرۆڤیش چۆن دەبێت، بەڵام لە ئەمڕۆدا ساڵی ٢١٠٠ قابیلی وێناکردن نییە لە بارەی پێگە و ڕۆڵی مرۆڤ لەو زەمەنەدا. بەدەر لەوەی ئەگەر تا ئەو دەمە مرۆڤ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی مابێت!.

سێیەر: مرۆڤی نوێ زەمەنە سوکراتییەکەی جێهێشتووە و هێندە زۆرزان بووە، پنتێک نەماوە چاوی لێوەشاوەیی و کارامەیی عەقڵی پەی پێ نەبردبێت، چیدی وتەزا بەناوبانگەکەی سوکرات: (من تەنیا ئەوەندە دەزانم کە هیچ نازانم) مرۆڤی نوێ ناگرێتەوە و ڕەنگە بۆ بیست سەدەیەک ئەم وتەیە بڕی کردبێت و بەسەر تێکڕای مرۆڤدا سەپابێت چون هەرچەندی زانیبێت بە بەراوورد بەو ڕووبەرە تاریک و نەزانراوانەی نەیهێنابوونە بەرهەست و ژێر فەرمانڕەوایی عەقڵەوە، زانینێکی ساکار و سەرەتایی بووە، لێ سوکرات مژدەی ئەوەی پێدەداین دەشێ جیهان بناسین و بگرە دەتوانین بیگۆڕین، ئەم گەشبینییە سوکراتییە بۆ نیچە بووە بە جێگەی ڕەخنەیی سترۆکتورییی بە تایبەت لە کتێبی (لە دایکبوونی تراژیدیا) دا کێومالێکی ڕەخنەیی دیدە سوکراتییەکەی تێدا کردووە. هەنووکە مرۆڤی بە خوا بوو (بە ئیقتباس لە یوڤاڵ هەرارییەوە) مرۆڤێکە زیاد لەوەی پێویستییەتی زانیاریی و زانینی هەیە. ئەوە تۆی مرۆڤیت سیستمی ئالگۆریتم و سایبەر بە گەڕ دەخەیت، یەکێکی دیکە ڤیرۆسی چاوکاڵ و میکرۆبی خوێنسارد دروست دەکات، ئەویتر چەکی ناوکی و کۆکوژ بەرهەم دەهێنێت، ئەمیتر درۆن و موشەکی بالیستی دەکاتە تەکنۆلۆژیایەکی سادەی جەنگ، چیتر ناتوانرێت ئەم بوونەوەرە هۆشەکییە بە نەزان هەژمار بکرێت، ئەو دەزانێت و ئاگایشیی هەیە لە هەمبەر زۆرزانییەکەی خۆی، کەپووی بە زانیارییەکانی هێندە بڵند بووە، چاوی تەماعی بڕیوەتە دوا پنتی گەردوون، دەیەوێت ڕەشماڵی خۆی لەودیو گەردوونی بینراوەوە هەڵدا. پرسیارێک لە دەرەوەی فیزیک کوانتۆم و تەکنۆلۆژیا و کۆمەڵناسی و تەنانەت دەروونشیکارییش، وەک کرمی شریتی مێشکم تام دەکات، ئەویش پرسیارێکە ڕەهەندێکی مرۆڤناسییانەی هەیە، ئایا زانین و زانیاریی و هاتنەدی بەرزترین رادەی

خەونەکەی کانت و سپاردنی هەموو شتێک بە عەقڵ، چی بەخشی بە مرۆڤایەتی و چیمان لە دوێنێ باشترە؟، ئەوەی راستی بێت دڵم لای قۆناغی پێش مۆدێرن نییە، ئاخر هیچ نەبێت لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم لە دایکبووم و کوڕی ئەو سەردەمەش نیم وەک کارەکتەرە نوستالیژیخوازەکەی شانۆنامەی (کۆمۆنیزمی روحەکان)ی هۆڵدەرلین بڵێم: بیرکردنەوە لە جوانیی رابردوو تامی ژەهر دەدات.

نەریتخوازێکی وەک (ئیدمۆند بۆرک)ی سیاسەتمەداری کۆنزەرڤاتیستی ئیرلەندیی– ئینگلیزییش نیم، ساڵێک دوای شۆڕشی فەڕەنسی و لە ١٧٩٠دا کتێبێکی بنووسم بە ناوی (پەیهاتەکانی شۆڕشی فەڕەنسا). تا وەک ئەو شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسی بە هەڵچوونێکی هەمەجی لێکبدەمەوە کە لە ئاقیبەتدا قەیران و پەشێویی زیاتر جێدەهێڵێت، بەڵام هێشتا ئەو کرمەی مێشکم، بە ورووژاندنی پرسیار لە دوای پرسیار ئۆقرەی لێ بڕیوم، ئایا زانست چی بە ئێمە بەخشی؟، تەکنۆلۆژیا چ سوودێکی پێگەیاندنین؟، رۆشنگەریی و عەقڵگەرایی چییان فێرکردین؟، پێشکەوتنی ژیار و شارستانێتی چۆن و چەندێک دوایخستین لە رووی مرۆییەوە؟. لە زمانی کوردییدا دەستەواژەکانی (سەردەمی بەرد) یان (خۆ ئێمە نیاندەرتاڵ نین) بەدەر لە ناوەڕۆکە فاشیستییەکەیان، لە وەها حاڵێکدا دەردەبڕدرێت، رووداوێکی نەخوازراو و زۆر قێزەون قەومابێت، وەک بڵێی مرۆڤی ئەم چاخە توانیبێتی لە ڕێگای عەقڵ و زانستەوە دڕندایەتی جێبهێڵێت، وەک بڵێی زانست دەستکارییەکی ژێنەتیکیی مرۆڤی هاوچەرخی کردبێت و سروشتەکەی لە کەمتیارەوە بۆ پەپوولە وەرچەرخاندبێت، لەمەش بترازێ زانست سەرەتا کارئاسانیی بۆ کردین بۆ دەستگەیشتن بە کاڵاکان، ئێستا تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ کارئاسانیی بۆ کاڵاکان کردووە دەستیان بە ئێمەی مرۆڤ بگات. ژیژەک نوکتەیەک دەگێڕێتەوە لە بارەی گفتوگۆی نێوان لینین و ترۆتسکی کە رێک دەکەوێتە پێش روودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە. لینین دەڵێت: ئەگەر شکست بخۆین ئایا چارەنووسمان چی لێ دێت؟، ترۆتسکیش وەڵام دەداتەوە: ئەی ئەگەر سەرکەوتین چیمان لێ دێت؟. مامەڵەیەکی ئایرۆنی لەگەڵ ئەم جوکە دەکەم و دەڵێم ئەوەتا ئێمە سەرکەوتین بەسەر میتافیزیک و ئاین و نەریت و سروشتدا، پرسیارەکە ئەمەیە: چارەنووسمان بەرەو کوێ دەڕوات؟.

من: ڕەنگە ئەگەر دەستکاریی وتەزاکەی (سوکرات)یش نەکەین و وەکو خۆی بیهێڵینەوە، هەر پڕ بە پێستی مرۆڤی ئەم چاخە بێت!، بەوەی زانایی بریتی بێت لە سەلماندنی نەزانیی خۆت!. ئێمە گەیشتووینەتە سەر دوا لوتکەی زانین و زانایی کەچی هێشتا لە مامەڵەی مرۆیی لەنێوان خۆمان و لە بەرامبەر گەردوون و ژینگەدا نەزانترینین و قۆناغی مەیموونایەتیمان تێنەپەڕاندووە، وەک بڵێی سەردەم، سەردەمی زانا نەزانەکان و نەزانە زاناکان بێت، سەردەمی ڕۆشنبیرە وڕەکان و وڕە ڕۆشنبیرەکان بێت، سەردەمی فەیلەسوفە لاژک و حۆلەکان و حۆلە فەیلەسوفەکان بێت، لەوانەشە خۆم وەک خاوەنی ئەم قسانە یەکێک بم لە بێ عەقڵە داناکان یان دانەیەک بم لە حەشیمەتی دانا بێ عەقڵەکان!. ئێمە چیمان بە بوون و ژیان و یەکتر بەخشیوە جگە لە ڕستێک زانین بۆ بەرزەفت و چەوساندنەوەی مرۆڤ و ژینگە و گەردوون؟، پێشکەوتن چی مانایەکی هەیە هەر پێشکەوتنی دوگمە و وایەر و گرێدانی شەپۆلی کارۆ موگناتیسی بێت و هیچ ئاکارێکی دڕندانەی نەگۆڕیبین؟ بۆچی دەبێت داهێنانە نوێیەکان هێندەی لە خزمەتی لە مرۆڤخستنی مرۆڤدان و کردوویانین بە چەند ئاژەڵێکی غەریزیی و حەوت ملیار و نیو سەر ڕۆبۆتی چێژپەرست و خودپەرست و ڕواڵەتپەرست و حۆلکراوی ناو نەزمی باو، بە بەڵگەی پێشکەوتن بزانین؟، ئایا لە هەموو بەها ئینسانییەکان پاشەکشەمان نەکردووە؟، ئایا ئەم پێشکەوتنە تامی دواکەوتن نادات؟، پێمانوایە پێشکەوتن و زانیاریی تاکە ئامڕازە بمانکاتە خودانی گەردوون و سەروەری سروشت، ڕەنگبێ لارییەکمان لەمە نەبێت، گەر ڕێمان پێ بدرێت بپرسین ئەمە لە پێناوی چیدا؟، تەنیا لە پێناوی ئەوەی ژین لە یەکتر تاڵ بکەین؟. بەرسڤی ئەم پرسیارە بێ بەزەییانەش لە یەک وەڵام زیاتر ناخوازێت؟: هیچ. لە دەرەوەی هیچ هەر وەڵامێکی تر بدرێتەوە نەک ریالیستانە نییە، بگرە جۆرێکیشە لە گەمژەیی.

هەڵبەتە رووی دەمم لە مرۆڤ نییە وەک تاکەکەس، هێندەی رووم لەو عەقڵە مرۆییەیە، بە ژەهری چاوچنۆکی و ئیگۆیستیی ناو پێداگۆگی رژێمی چینایەتی ئاخنراوە، ئێمە ئەو زانا نەزانانەین تا ئێستاش کەمترین دەرکمان بەوە کردووە ئەو عەقڵەی تا دوا ئیمکانی خۆی بە گەڕمان خستووە، سەرئەنجامەکەی بە کارەسات

و تراژیدیا تەواو دەبێت، هێشتا بێ ئاگاین لەوەی ئێمە مرۆڤگەلێکین بەرەو کۆتایی و ئاپۆکالیپۆس لە ماراسۆندایین، ئەڵبەتە پایانی دنیا بەو سکێچە میتافیزیکییە نا، لە حکایەت و ئوستوورەکاندا هەیە، هەرچەند دەشێ ئەو ئوستوورانەش ختورەی دڵی مرۆڤ بووبن، چونکە زۆرینەی ئەو ئەفسانانەی ئێمە لە بارەیانەوە دەزانین سەر بە پێڤاژۆی خەملینی شارستانییەتەکان و لە دایکبووی نیمچە شارەکانی وەک ئور و بابل و نەینەوا و ئەسینا و نەخب و بیوتۆن. وەک بڵێی (کوور) ی خواوەندی جیهانی خوارەوە و روحەکان لە ئوستوورەی سۆمەرییدا جیهانی گرتبێتە دەست و هەمووان پێکەوە چەشنی ژنە خواوەندی زەوی (ئێریشکیجاڵ) بۆ جیهانی مردووان و ژێرەوە بڕفێنێت. رەنگە ئەم بۆچوونە بە ئایدیالیزم تەنانەت کۆنەپەرستی لێکبدرێتەوە، لە وەها دۆخێکدا کێچی ئەو پرسیارە دەکەوێتە کەوڵمان، ئایا کۆنەپەرستییەکی مرۆڤانە و ژینگەدۆستانە خراپترە لە مۆدێرنبوون و پێشکەوتووخوازییەکی نائینسانیانە و دژە ژینگە؟!. وەڵامەکەیم لا نییە، هەرچەند قەناعەتی تەواوم بە رێسا ئاکارییە ناسراوەکە هەیە وەک دووپاتی دەکاتەوە: شتێک لە خۆیدا خراپ نییە، بەو مانایە نییە باشە.

سێیەر: بۆچوونەکەت لەم بارەوە، روحی نموونەگەراییە (ئایدیالیزم)، داواکردنی جیهانێکی بێ خەوشە تێیدا مرۆڤەکان هەموو خەسڵەتێکی مرۆیی خۆیان واز لێ هێنابێت و تێپەڕیبن بۆ فریشتە یان بوونەوەرانێکی تری لەو چەشنە. خەسڵەتی مرۆیی بە سروشت دڕ و تەماعکارە و بە هەموو رێگە و میکانیزمێک بە دوای تێرکردنی چێژەکانی خۆی کەوتووە، هەرچەندە ئەم چێژانە سەرەتایان هەیە، کەچی هەرگیز کۆتاییان نییە و لە شوێنێکیشدا ناگەنە ئۆرگازم و باری تێربوون. مرۆڤ عەقڵی بۆ ئەوە نەخستووەتە گەڕ بە تایبەت لە دوای رۆشنگەرییەوە، خۆشبەختی و یەکسانی و ئەو بەهایانەی تری پێ بێنێتە دی، کە تا کۆتایی وەک خەونی بەدینەهاتوو دەمێننەوە، لێ بۆ بەختەوەریی روانگەیەکی جیاوازترم هەیە، وا بیر دەکەمەوە کۆنسیپتی بەختەوەریی فێڵ و جادوویەکە لە خۆمانی دەکەین، یان وەک ئامانجێک دەیخەینە رۆژەڤەوە بۆ ئەوەی نەوەستین و بە دوای شتێکی ونبوو و دوورە دەستدا بگەڕێین و پێمانوابێت لە شوێنێک هەر دەیدۆزینەوە،

روحانییەکان پێچێک بە ماشێنەکە دەکەنەوە رووەو ناوەوەی خود، ئەمەش تەنیا هەڵهاتنە لە واقیع، عەقڵانییەکانیش پێیانوایە لە پێشکەوتنی زیاتر و رۆیشتنی بەردەوامی ماشێنەکەدایە لەسەر ئەو ئۆتۆبانەی هەرگیز کۆتاییەکەی نابینرێت. با زۆر دوور نەکەومەوە لە بابەتە رەسەنەکە و دەخوازم بڵێم، مرۆڤ عەقڵی تەنها بۆ ئەوە بە گەڕخستووە وەک کۆمەڵێک رێوشوێن و تەکنیک بۆ گەیشتن بە چێژە خودییەکان سوودی لێ وەربگرێت، هەر کەس عەقڵ بۆ تێربوونی ئەو ئارەزووانە بەکاردەهێنێت، وا تێدەگات لە فیسارە وێستگەدا پێی دەگات، هیچ کاتیش ناتوانێت ئەو عەنقا سرکە کەوی بکات پێی دەوترێت تێربوون، چونکە کاتێک دەگاتە ئەو وێستگەیە، چێژەکان هێشتا وەک مارەکانی ئەژدەهاک داوای مێشکی ناسکتر دەکەن، ئەم کاروانە تا کۆتایی وەک یاریی مار و پەیژە بەردەوام دەبێت. عەقڵ بەردەوام پەلەقاژەیەتی بۆ بەدەستهێنانی ئارەزووەکان و قووتدانی هەرچی ئۆرگانیزم و نائۆرگانیزمە لە پێناوی گوڵەوەچنی برێکی زیاتری چێژدا، رەنگە عەقڵ هەر ئەو (ویست)ە بێت، ئارسەر شۆپنهاوەر پێیوایە (ئەم هێزە نەستەکی و بێ ئامانج و کوێرە). ئەم ویستە چەشنی ئەسپێک، مرۆڤ وەکو عەرەبانە بە دوای خۆیدا رادەکێشێت بۆ دوورترین جێگە و نادیارترین چارەنووس، دیارە لە پێناوی جەمکردنەوەی چێژێک زوو بێت یان درەنگ پێی دەگەین، بەڵام هەرگیز لێی تێر نابین، بەڵکو کۆژانی ئێمە لەو پاڵنەرەوە سەرچاوەی گرتووە هەر جۆرە چێژێک لە خۆیدا ئازارێکیشی هەڵگرتووە، پێموایە کارێکی نەشیاو نییە بە ویستەکەی شۆپنهاوەر یان بە عەقڵی ئەمڕۆیی لە قەڵەمی بدەین.

من: ئایا هەر بە جددی ئەو پەرەسەندنەی بایۆلۆژیست و ئەنترۆپۆلۆگەکان لە پێشکەوتنی هۆشمەندیی و ژیریی مرۆڤدا دیاگنۆسیان کردووە هاوکێشەیەکی کۆنکرێتیی و تەواوە؟، ئەگەر مرۆڤ لە سەرەتادا سروشتێکی نیمچە ئاژەڵیی هەبووبێت و مێشکیشی زیاتر لە مێشکی خشۆکەکانەوە نێزیک بووبێت پاشان بووبێتە مرۆڤێکی هەستەوەر و عاقڵ، لەگەڵیدا مێشکیشی لە پەرەسەندندا بووبێت، دواتریش لە مرۆڤی پیشەگەرەوە گەیشتبێت بە پێڤاژۆی مرۆڤی بیرکەرەوە و لە تەکیدا مێشکی بەرەو بڵندبوونەوە و باڵابوون هەڵکشابێت، بەڵگەیە لەسەر

ئەوەی سروشتیی مرۆیی بە تەواوەتی لە پاشماوەی ئەو قۆناغانەی پێشوو پاک بووەتەوە؟!. نەخێر هەمیشە ناوچەیەکی تاریک و سەرەتایی لە نەستی مرۆییدا دەمێنێتەوە، نوێنەرایەتی مرۆڤە هەرە سەرەتاییەکەی تاک دەکات. لێرەدا دەبێت چەند شتێک بە وردیی لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەویش زیرەکیی و مێشک و عەقڵە، زیرەکیی دیاردەیەکی دەمارییە و پەیوەندیی بە مێشکەوە هەیە و ناچێتە چوارچێوەی عەقڵەوە، مێشک خۆی کەمۆڵەیەکی گوێزئاسایە و سەنتەر و بڕیاردەری هەموو چالاکییەکی جەستەیە، زیرەکیش پەیوەندیی بە بەرزیی و ئاستی ئای کیوی مێشکەوە هەیە، بۆ نموونە کەسێکی سۆشیالیستی وەکو ولیەم جەیمس مێشکی لە ئەنشتاین چالاک و زیرەکتر بووە و ئای کیوی مێشکی ٢٥٠ بووە لە کاتێکدا ئای کیوی ئەنشتاین ١٦٠ بووە، بەڵام ئەو لە ناوبانگ و بەرکارهێنانی ئەم زیرەکییە بێزاربوو، بۆیە ئەگەر بیوستبا مێشکی بخاتەگەڕ لە ئەنشتاین بلیمەتتر دەبوو چونکە زیرەکییەکی زۆرتری هەبوو لەو، بەڵام ئەوەی زیرەکیی بەکاردەهێنێت بریتییە لە سیستمی عەقڵ، بۆیە جەیمس ئەگەرچی لە ماتماتیکدا بلیمەت بوو، بەڵام هیچی نوێی پێشکەش نەکردین، بەڵکو زیرەکییەکەی ناردییە زیندان! چونکە لە پرۆتستۆی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە بۆستۆن دەستگیرکرا و ساڵ و نیوێک حوکمی زیندانیی بەسەردا سەپێنرا، ئەم پیاوە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا جیهان بە رەنگێکی نوێ دابڕێژێتەوە، کەچی بە بێدەنگیی و لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا بەهۆی خوێنبەربوونی مێشکەوە ژیانی لە دەستدا!. بە کورتی زیرەکی پەیژەی سەرکەوتن نییە، بەڵکو تەنیا پێدراوێکی سروشتکردە و پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە، هەرچی عەقڵیشە (کۆمپیوتەرێکی بایۆلۆجییە) و کۆگای زانیارییەکان و رێکخستنیانە، دواجار رێوشوێنی بەرکارهێنانیان بەرنامەڕێژ دەکات.

ئەگەر زۆر دوور نەکەوینەوە لە پرسیارە سەرەکییەکەمان و دووبارە بپرسین ئایا مرۆڤی بیرکەرەوەی ئەمێستا مەیموونەکەی ناخی لەناوبردووە (بە دەربڕینی نیچە) یان خۆی داماڵیوە لەو پڵنگە دڕندەیەی لە هەموو ساتێکدا ئەگەری بە خەبەرهاتنەوەی هەیە؟، هەر بەم بۆنەوە بوو، ساڵانێک لەمەوبەر نووسیبووم پڕ بە دڵ غەمبارم بۆ (سالار عەزیز)ێک لە گۆرانی گوتن و مارکسیستێکەوە،

گورگەکەی ناخی لە خەو بێدار بووەوە و خۆی و بەکر عەلی پێکەوە خوارد. ئای چەندە سامناکە کاتێک دڕندەکەی ناخمان سەردەکەوێت!. وەڵامی پرسیارەکەی سەرەتاشمان لە کایەی دەروونشیکارییدا پتر لە هەر زانستێکی تر دەستدەکەوێت. یۆنگ پێیوایە نەست بریتییە لە چاڵێکی مێژوویی و چینێکی بەژێرەوەبووی وەک چینەکانی زەوی، ئەو بە ئەزموونی خۆی لەگەڵ نەخۆشانی دەروونیی گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی نەستی مرۆیی لە پێچێکی مێژووییدا ون نابێت، بەڵکو لە دێرینەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەمڕۆ، نموونەی نەخۆشێکی شیزۆفیرینیا بیر دەهێنێتەوە کە پێی گوتووە لوولەیەک لە خۆر چەقیوە و گیڤەی (با) پێیدا گوزەر دەکات، پاش ماوەیەک دەستنووسێک دۆزرایەوە، ئەو لوولەیەی لە میتۆلۆژیای چاخە کەونارەکانەوە بۆ زانست روون کردەوە، یۆنگ بە پشتبەستن بەم نموونەیە دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەمە رووداوێک نییە بە تەنیا لەو دەستنووسەدا پارێزرابێت بۆ هەنووکە، بگرە لە قووڵترین جێگەی زەیندا نەوە بە نەوە و بەشێوەیەکی بۆماوەیی گەیەندراوەتە ئەمڕۆ. ئەگەر زانستی ژێنەکان ئەوە بسەلمێنن هەندێک سیفاتی بیۆلۆژیی بەشێوەی بۆماوەیی، نەوە بە نەوە خۆی دەگوازێتەوە، بۆ نائاگایی تەنانەت بۆ هۆشمەندیی هەمان پرەنسیپ هەر راستە. بە پوختی ئێمە هەرچەند لە کۆمەڵگەیەکی سایبەریی و شارستانییدا بژین، تا نهۆش عەقڵی سەرەتایی و زەینی کێویی و نەستی مرۆیی چاخی بەردینی کۆن و چاخەکانی پێشتریش کە هێشتا مرۆڤ بە تەواوەتی قەپاغە ئاژەڵییەکەی خۆی جێنەهێشتبوو لەناو تاک بە تاکماندا بە ئاست و رێژەی جیاواز بوونی هەیە و هەتا کۆتایی دەمێنێتەوە، عەقڵ لەولاوە تەنیا تەماشاکەر نییە خوێنی زیاتر دەخاتە دەماری دڕندەییەوە.

## ئایدیای شۆڕش لە سەردەمی دژە شۆڕشگێڕییدا

سێبەر: لە هەرزەکارییدا داپیرەم ئامۆژگاریی دەکردم، بەوەی دەستکارییکردنی ئەم جیهانە چەسپیوە کاری نەکردەیە و سەرئەنجام بە زیانی خۆم دەشکێتەوە، هەموو جار بۆ هەزار پرسیار و بەیت و بالۆرە و پەندی پێشینانی ئەو، من یەک رستەی ئامادەم هەبوو: خۆم لەگەڵ ئەو واقیعەی هەیە ناگونجێنم، واقیع وا لێدەکەم لەگەڵ بیرکردنەوە و ئەوەی لە کەللەی مندا هەیە بگونجێت!. ئەم وەڵامە تاکە شتێکە لە هەرزەکارییەوە تا ئەمڕۆ هێناومە، ئەگەر جاروباریش وا تێبینی کرابێت وازم لەو ئەکتە شۆڕشگێڕییە هێنا بێت یان سەرم خستبێتە قۆزاخەکەی خۆمەوە و بێدەنگ بووبم بە مانای دەستبەرداربوون لەو بیرۆکەیە نەهاتووە. بیرۆکەی گۆڕینی دنیا لای من بە پرۆسەی دۆنادۆنی زۆردا تێپەڕیوە، هەر جارەی ڕێگەیەکم تاقی کردووەتەوە، کە شکستم هێناوە پێموانییە و وانەبووە بیرۆکەکە هەڵە بێت، هەڵەکە لەو ڕێگایەدایە گرتبوومە بەر، پاش ماوەیەکی تر رادیکاڵانەتر تێهەڵچوومەتەوە، رادیکاڵیزمیش هەرچی بێت قیژەقیژ نییە، شۆپنهاوەر وتەنی (تۆ ئەوە دەزانیت دەنگەدەنگ بیرکردنەوە دەکوژێت؟). بە هێمنتر لە جاران بە دوای ڕێگایەکی تردا گەڕاوم بۆئەوەی واقیع بخەمە ژێر باری بیرۆکەکانم، دەبێت واقیع واز لە کەویکردنم بهێنێت، شتێکی خزم و نایەمە ژێر بار، لە فەلسەفەی هیگڵ دەچم، ئاڵۆزم و بە ئاسانیی خۆم بەدەستەوە نادەم. ئێستاش لە نەخۆشخانەوەوە بیر لەوە دەکەمەوە رۆمانێک بنووسم، رۆمانێک پاڵەوانەکەی ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات خۆم نەمتوانی رایانبپەڕێنم، پاڵەوانەکە زۆر ماندوو دەکەم و پێموانییە بەرگە بگرێت!، بەڵام ئیرادەی خۆم دەسەپێنم بە سەریدا و ئەو کارەی پێ دەکەم لە خەونی یەکەممدا هەبوو، چارەیەکی بۆ ناهێڵمەوە، شۆڕشگێڕیی دەکەمە دیفاکتۆیەک

بەسەریەوە کە هەرگیز نەتوانێت لێی دەربچێت. دیکتاتۆری یەکەم و کۆتایی ئەو ڕۆمانە هەر خۆمم و هەموو واقیعێک بە دڵی خۆم دادەڕێژمەوە، زۆر واقیعیانە داوای مەحاڵ دەکەم ئەمەش دروشمێکی شۆڕشی ٦٨ی خوێندکارانی پاریس بوو هاوکات دروشمێکی سەرەکیی منیشە، بەو هۆکارەی ئەوە من نیم دژی واقیعم بەڵکو ئەوە واقیع دژمە. بە قاقا بەو دەنگەش پێدەکەنم هێندە ئیستاتیکییانە لە سەردەمەکە دەڕوانێت و بە تەوسەوە پێم دەڵێت تۆ لەگەڵ ئەم چاخە ناگونجێیت! بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوە منم لەگەڵ سەردەم نایەمەوە یان سەردەمە لەگەڵ ئایدیاکانم ناکۆکە؟. لە گەنجیمەوە حەزم کردووە تەنانەت واقیعی ڕەمزیی ئاوەژوو بکەمەوە، وەک چۆن واقیعی بەرجەستە سەرلەبەر ئاوەژووە، لە دەسپێکی نووسیندا دەمویست شانۆنامەیەکی پانتۆمایم ئامادە بکەم بە ناوی (دەنگە دەنگ) یان (ژاوەژاو)! یان ڕۆمانێک بنووسم بە ناوی (بێدەنگی) بەڵام سەراوڕێژ بێت لە هاوار و دەنگ هەڵبڕین.

سێیەر: وەک شۆڕشگێڕێک سەیری خۆم دەکەم و چاوم لە سەرکەوتنە، هەرچەند دەستەواژەی سەرکەوتن شتێکی لاستیکییە یان ڕاستترە بڵێم دیاردەیەکی ڕۆژانەیە، لێرەدا دەبێت توانای جیاکردنەوەی دوو شتمان هەبێت، سەرکەوتن وەک دیاردەیەکی پەتی لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاستیی، بۆ نموونە: ئایا سەرکەوتنی ئەردۆگان یان خومەینی سەرکەوتنی ڕاستیی بوو؟، بەڵام چاوەڕوانی سەرنەکەوتنیش دەکەم، لە شکستدا هیچ پەشیمان نیم، ناچمە ریزی ئەو پاسیڤانەی پێشتر نوقڵانەی نسکۆیان لێدەدا، بە نەهاتنی ئەوان بۆ ئەم خەباتە، تووشی ئەم ڕۆژە بووین، چونکە ئەوان وا بیر دەکەنەوە ئەو کوێرەوەریی و نابەختەوەرییانەی ژیانیان لە ئاسمانەوە بۆیان هەڵبژێردراوە نەک بەرئەنجامی دەستەپاچەیی و بێ متمانەییان بەرامبەر بە جووڵەی ڕادیکاڵ، بنیاتنانی ئایندە لە ئێستاوە دەستپێدەکات. تەنانەت نوزەنوز و کڕوزانەوەی ئەو هەژارە پاسیڤانە، دۆخێکی نیچەییم بۆ دروست دەکات و هیچ کات سۆزم بۆیان ناجووڵێت، بەهای ژیانی ئەوان هێندەی بەهای ژیانی کرمێکە، ناشێ پێیان بووترێت زیندوو، لاموایە بەرەنگاریی ئەکتێکە زیندوێتی ئێمە دەسەلمێنێت، چاوەڕوانی سەمای زۆربا لە تەرمێک ناکرێت. ئەفۆریزمێکی

نەناسراو هەیە دەڵێت (ئەگەر پەشیمانی بکوژ بوایە..). نیو رۆژی تەواو بیرم لەوە کردەوە مرۆڤ لە چی ژیوان دەبێتەوە؟، سەرئەنجام لیستەکە زۆر درێژبووەوە و منیش حەوسەڵەی نووسینەوەیم نەما، بەڵام دەزانم ئەگەر پاشگەزبوونەوە مرۆڤی بکوشتایە، گەردوون یەک بەشەری تێدا نەمابوو. تاکە شتێک جێگەی پەشیمانی نەبێت بریتییە لە بەگژاچوونەوەی ئەم جیهانە خواروخێچە، وەرن با ئەم جیهانە بگۆڕین، بە ئومێدی سەرکەوتن وەرن، ئەگەر تووشی هەرەس بووین، با ببین، خۆ لە ملکەچی باشترە.

کارڵ مارکس لە سەروەختی قەدەغەکردنی (راینیشە تسایتۆنگ)دا لە بەرامبەر کاردانەوەی هیگڵییە لاوەکاندا کە پێیانوابوو توندئاژۆیی ئەو بووەتە هۆکاری سانسۆرکردنی رۆژنامەکە، دەڵێت (بە راستی بێزارم لەوەی بە دەرزی بجەنگم لە بری جەنگان بە شمشێر.. ئێمە قەدەغەکراین، لێگەڕێن با وابێت). وەک خۆم ئەوەندە ئەخلاقگەرا نیم لە شکستدا بڵێم ویژدانم ئاسوودەیە، بۆ ئاسوودەیی ویژدان کارم ناکەم، بەڵام ئەوسا دەتوانم هەر ئەوەندە بپەیڤم: ئەوەی دەبوو بیکەین کردمان، ئەوەی دەبوو بمرێت بە داخەوە هێشتا زیندووە، لە دەرفەتێکی تردا تێهەڵدەچمەوە، لە راستیدا ژیان دابەش ناکەم بۆ قۆناغ بە قۆناغ، ژیان بریتییە لە یەک قۆناغی تێکۆشانی بەردەوام بۆ دەستەبەری ئازادیی و جیهانێکی جیاوازتر لەمەی ئێستا هەیە، ژیان بۆ خۆی زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوی چیرۆکە، هەر کەسەو چیرۆکێک دەنووسێتەوە لە تەمەنیدا، وەک خۆم وا بیر دەکەمەوە بێباک نەبوون و بەرەنگاریی گرنگترین چیرۆکە، هەموو کاتیش وا هزرم کردووە دوا کەسم بۆ راپەڕاندنی دوا ئەرک. بێگومان هەر تۆ کە ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە لەوانەیە یەکێک بیت لەوانەی پێیانوایە خڵەفاوم و لە نوێنی گەرمی زستانێکی سەختدا خەونی خۆش دەبینم، ئایا ئەگەر زەمەن پاشەوپاش بگەڕێنینەوە بۆ چرکەساتی جەنگی جیهانی یەکەم، بچینە ئەو مەتەرێزەی سەربازێکی ئاسایی ئەڵمانی بە ناوی ئادۆڵف هیتلەر تێدابوو، دەتوانین پێی بڵێین پرۆژە سامناکەکەت بۆ قڕکردنی گەلی جوو، پێش ئەوەی لە کتێبە ساکارەکەتدا (ماین کامپف– خەباتی من) گەڵاڵەی بکەیت، دەبێتە خەونێکی خۆشی ناو ئەو زیندانەی پێنج ساڵ دوای کۆتایی هاتنی جەنگ

بە نسیبت دەبێت؟، پێتوایە ئەم دێڕانە پەخشان یان گەمەیەکی ریتۆریکین؟، هیچ کات وانییە، ئەمە بیرخستنەوەی ئەرکێکی هەمەکییە لەسەر شانی یەک بە یەکمان، تا رۆژێک درەنگتر دەستپێبکەین، رۆژێک لە تەمەنمان بە فیرۆ چووە و چەندان رۆژیش چووەتە سەر تەمەنی سیستم. ئەمە هەقیقەتی منە، پێدەچێت مندالانە و ئایدیالیستانە خۆی بنوێنێت، هیچ وەلامێکم نییە جگە لە یادهێنانەوەی وتەکەی ژان پیاژێ: هیچ شتێک بە ئەندازەی بیر و خەیاڵە هەرەمەکییەکانی منداڵ گرنگ نییە.

من: بیست ساڵێک پێش ئەمرۆ، فاروق رەفیق لە پاکس ئەمریکانادا، زۆرترین جەختی لەوە دەکردەوە ئەوەی لە شانۆی سیاسەتی جیهانیدا دەگوزەرێت ریالیزمە بە مانای پڕاوپڕ و حەرفیی دەستەواژەکە، بەڵام ئەو هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕی تیۆریزە نەکردبوو، لەوانەشە لەو ناوکۆییەدا و لە سەروەختی (جەنگی دژە تیرۆر) و هەژموونداریی ئەمەریکا بەسەر جیهاندا، باسکردن لە ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە وەهمسازیی بووبێت. کەمێک دوورتر دەڕۆم، لە بری جارێک سەد جار جەخت لەوە دەکەمەوە تۆ ناتوانیت لە دەرەوەی واقیع بیت، واقیع لە دەرەوەی ئێمە بوونێکی سەربەخۆی نییە، کاڵایەک نییە شوێنی بگۆڕین، بە پێچەوانەوە هەموومان لەناو واقیعێکی دیاریکراوداین، بیرکردنەوە و چالاکیمان هەر ئەو وێنەی دەکێشێت، تۆ دەتوانیت چۆن واقیعی خۆت بگۆڕیت؟، سەرەتا دەبێت لە خودی واقیع تێبگەیت وەک ئەو دەریایەی کەوتوویتە ناوی، پرسیارەکە ئەوەیە رادەستی شەپۆلەکان دەبیت یان هەوڵی خۆدەربازکردن دەدەیت؟، ئێمە دەبێت هەنگاوێک بنێین بۆ گۆڕینی واقیع بەرەو باشبوون، واقیعێکی چاکتر یان دنیایەکی باشتر، هەڵەیەکی گەورەی زمانەوانیی تێدایە، وەک ئەوەی واقیع زۆر باش بێت، تۆ بتەوێت بەرەو باشتری ببەیت، نەخێر واقیع خۆی زۆر خراپە، باوەڕناکەم لەمە خراپتر ببێت، ئیمکانێک نییە واقیعێکی خراپتر لە ئێستا هەبێت، ئەرکی سەرەکی ئێمە (هەندێک جار ئەرکێکی ئەخلاقیشە) گۆڕینی واقیعە بەرەو باش و باشتر، پێموایە ئەم هەنگاوەش پێش هەر شتێک ناسینێکی باشی خودی واقیع دەخوازێت. دەبێت تیۆرییەکی هەمەلایەنە سەبارەت بە واقیع لە بەردەستدا بێت، ئەوسا دەتوانین کاریگەرییمان هەبێت. ئایا ئەم تیۆریخوازییە دەستمان ناگرێت لە پراکتیس؟، بە دڵنیاییەوە بەڵێ. ئەمە

نابێت بمانلەرزێنێت، دەست بۆ پراکتیس مەبە، تاکو تیۆرییەکی گشتیی و فرە ڕەهەند پشتگیریی ئەو پراکتیسە نەکەن. ئیدیۆمێکی سادەی کوردەواری هەیە دەڵێت: (چاکی مەکە با خراو نەبێت). هەر هەوڵێک بۆ چاککردن بە بێ زانین و تیۆریزەیەکی پێشوەخت لە بری چاککردنەوە خراپکردنێتی. دێتەوە بیرم سلاڤۆی ژیژەک جارێک وتی: زۆرجار ڕووبەڕووی سەرزەنشت دەبینەوە: ئایا مەبەستتان ئەوەیە دەبێت هیچ کارێک نەکەین و هەروا دابنیشین و چاوەڕوان بین؟. لێرەدا پێویستە هەموو بوێریی خۆمان کۆبکەینەوە و لە وەڵامدا بڵێین: بەڵێ دەبێت ڕێک وا بکەین!، هەندێک بارودۆخ هەن تاکە هەنگاوی ڕاستەقینە و پراکتیکی ئەوەیە تووشی هەڵوێستی دەمودەست و خێرا نەبین، بەڵکو بە پشت بەستن بە شیکاریی ڕەخنەیی و ئارامگرانە لە چاوەڕوانیدا دابنیشین و بزانین چی دێتە پێشێ!. ئەوەش پارادۆکس نییە لەگەڵ تێزەکەی مارکس: (فەیلەسوفان بەشێوەی جیا جیا دنیایان شرۆڤە کردووە، بەڵام ئەرکەکە گۆڕینێتی)، پیتەر شڤارتس لە وتارەکەیدا لە بارەی فیلمی (مارکسی لاو) کە پێشڕەو محەمەد وەریگێڕاوە بۆ کوردیی، ئەوە دەخاتە پێش چاو: (مەسەلەکە بۆ مارکس ئەوە نەبوو گۆڕینی دنیا بخاتە بەرانبەر و دژی تەفسیر و جۆرێک لە پراکتیسیزم و ئەکتیڤیزمی کوێرانە بهێنێتە پێشەوە).

سێیەر: بە دڵنیاییەوە، وەنەبێ مارکس دژی شیتەڵکردنی دنیا بووبێت، بە سادەترین دەربڕین مارکس بۆ خۆیشی بە میتۆدێکی ماتریالیستییانە ڕاڤەی دنیای بۆ کردووین، مێژووی جیهانی بۆ شرۆڤە کردووین، ویستوویەتی لە ڕێگەی ڕاڤەوە دەست ببات بۆ گۆڕانکاریی، هەموو گۆڕانکارییەکیش لە سەرەتادا زەینییە دواتر وەردەگەڕێتە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەبێ ئامادەیی زەینێکی شرۆڤەکار، ناسینی نەخشەی گۆڕانکارییش دەبێتە کارێکی زەحمەت یان هەنگاوی کوێرانەی بێ بەرهەم. تەنانەت لە مشتومڕی توندی نێوان مارکس و ڤاتیلینگدا لە بارەی شۆڕشەوە پێداگریی سەختی مارکس دەبینین لە ڕۆڵی هەبوونی تیۆرییێکی شۆڕشگێڕدا، بەبێ ئەمە کارەکە لە (گەمەیەکی ساختە دەچێت، پێغەمبەرێک لەگەڵ کەسانی بێ زمان و دەماغدا بیکات). ئەوەش ڤاتیلینگ وا لێدەکات بە تووڕەییەوە دانیشتنەکە جێبهێڵێت و دەنگ بەرز بکاتەوە و بڵێت ئێوە هەر خەریک تیۆر و

ڕەخنە بن تا ڕەخنە قووتتان دەدات!. مارکس وا هزری دەکردەوە تەفسیری دنیامان بەشێوەیەکی فرەڕەهەند دەستکەوتووە، ڕەوا نییە کاری بۆ لەومەلا بەردەوامیدان بێت بە خوێندنەوەی زیاتر، هێندەی پێویستە بیگۆڕین، بەڵام ئەو ئامانجی گۆڕینی کام دنیا بوو؟، هەڵبەتە دنیای خۆرئاوای مەبەست بوو، کە بیست و چوار سەدە بوو تا ڕۆژگاری کارڵ مارکس بە بێ پچڕان لە خۆ خۆێندنەوە و خۆ تەفسیرکردندا بوو.

نزیکەی دوای سەدەیەک و سی و نۆ ساڵ بەسەر مەرگی مارکسدا، جارێکی دیکە دنیا پێویستی بە سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوە هەیە، هیچ شیتەڵکارییەکیش ناتوانێت تەواو دەقیق بێت لە ناساندنی دنیادا و تەفسیرێک بێت بۆ هەمیشە، چونکە هەر سات نا ساتێک لە بەردەم پارادایمێکی نوێی دنیادابن، پێویستە ڕاڤەکاریی بەردەوام هەبێت، بە هاوشانیی لە تەک ئەکت و پراکتیسی شۆڕشگێڕانەدا، لێ بەداخەوە ئەوەی دووەمیان لە ئاسۆدا نابینرێت. مارکس فەلسەفەی لە حەزکردن بە دانایی پەتی دەرباز کرد و گۆڕی بۆ ویستی گۆڕینی دنیا، پرسیاری هەموو چییەتەکانی گۆڕی بۆ پرسیاری چۆنێتی. گرنگی پێگەی فەلسەفیی مارکس لەوەدا بوو، بە ڕەخنەی ڕادیکالانە لە نەریتی فەلسەفیی باو، وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی فەلسەفەدا دروستکرد، فەلسەفەی وا لێکرد بە تەنیا بە خوێندنەوەی دنیا ڕازی نەبێت، بەڵکو ببێتە پلاتفۆرمێکی سەرەکیی گۆڕانکارییش، ئەمەش ئەکتێک بوو پێش مارکس نەکرابوو یان بەو فۆرمە هەمەکی و چڕەی مارکس دەستی بۆ نەبرابوو. بەپێی تیۆری ماتریالیستی و مارکسیستیش مرۆڤ لە کانگای مێشکەوە وەک عەقڵگەراکان مەزندەی دەکەن یان لە ئاسمانەوە وەک میتافیزیکییەکان بیری لێدەکەنەوە، بیرۆکەکانی ناهێنێت، بەڵکو لە پراکتیکی کۆمەڵایەتییەوە پەیدایان دەکات. ماوتسی تۆنگ هاوکێشەکەی بەم جۆرە دیاگنۆس دەکرد: (پراکتیک– تیۆر– پراکتیک)، واتە پراکتیکی یەکەم ئایدیا بەرهەم دەهێنێت، تیۆر ئایدیای گۆڕینی دنیایە و پراکتیکی دووەم گۆڕینی ڕیشەیی دنیایە.

کوێرەوەریی دنیای ئێمە (دنیای کوردیی) لەوێوە دەستپێدەکات بە هیچ جۆرێک پنت بە پنتی شرۆڤە نەکراوە، پیواری دیسکۆرسی فەلسەفیی لە خوێندنەوەی دنیای ئێمەدا لە ڕیزی نەبوودایە، لەم سۆنگەوە هەڵگرتنی دروشمی گۆڕانکاریی

بڕیارێکی سەرپێی و بە پەلەیە. ئەمە مانای ئەوە نییە دەبێت جارێ دەست لە چالاکیی گۆڕینی دنیای خۆمان هەڵبگرین و بەپێی خشتەیەکی زەمەنیی ئەمیان پێش ئەویتریان بخەین، نەخێر شرۆڤەکاریی و گۆڕان یەک پرۆسەن و شانبەشانی یەکتر دەچنە پێشەوە، راڤەی دنیا بۆ خۆی پێشکەشکردنی نەخشەیەکی پراکتیکی گۆڕانکاریشە. هەندێک رۆشنبیریش هێشتا گومان لەوە دەکەن کورد خاوەنی (دنیا) ی خۆی بێت، بە مانای ئەوەی کورد هێشتا دنیایەکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆی نییە، لەبەرئەوەی تا ئێستاش هۆشیاریی و خودئاگایی ئێمە لە بازنەیەکی تەسکدایە و توانای سەرپێخستنی دنیایەکی نییە، ئەوەشی هەیە خواستنە لە مەعریفەیەکی غەوارەوە کە ناتوانێت لە (بێ دنیایی) رزگارمان بکات. کەواتە ئەرکەکە قورسترە لەوەی بیری لێ دەکەینەوە، ئێمە هێشتا دنیایەکمان نییە تا شرۆڤەی بکەین و بیگۆڕین، دەبێت سەرەتا دنیایەکی کوردیی بخولقێنین، ئەوسا دەست بکەین بە ئاناتۆمیکردن و گۆڕینی، بەڵام لەم بارەشدا دنیا بە نزا و پاڕانەوە و پاڵدان بە هزری میتافیزیکییەوە دروست نابێت، بە تێکۆشانێکی ئێپستمۆلۆژیی دروست دەبێت، ئەم تێکۆشانەش تا بەم چرکەساتە دەگات لە ئاسۆی کوردەواریدا نابینرێت. بە دیتنی ئەز یەکەمین کارێک بۆ دنیاخولقاندن بیکەین ئەوەیە ریشەی تێڕوانینە میتافیزیکییەکان دەربهێنین، بەوەی چیتر دوو دنیا وەک کلێشەیەکی ئامادە مێشکمان نەخۆن، دنیای ئەکتوێل تیرۆر نەکەین بۆ خاتری دنیایەکی تری گریمانەیی و خەیاڵئامێزی دوای مەرگ. پرۆسەکە هەر بە ئەوەندە تەواو نابێت، بەڵکو داماڵینێکی چڕ و هەمەلایەنەشی پێویستە لە زاڵێتی نەریتی خێڵ و خڵتەوپڵتەی فیوداڵیزم و قۆناغی پێش مۆدێرن. ئەوەشمان بیر نەچێت چەمکی دنیا پێش ئەوەی مانای ئەو جیهانە بەرجەستەیە بگەیەنێت تێیدا دەژین، دنیایەکیشە لە نێو کۆدە کولتووریی و رەمزییەکاندا کە بەرئەنجامی دیالەکتیکی مێژوو و پێکدادانی هزرییە، بە پێچەوانەوە دنیای ئێمە ماتترین دنیایە و هەموو دیاردەیەک بە خێرایی تێیدا دادەگیرسێت و بە هەمان خێرایش دەکوژێتەوە. پێم خۆشە ئەو فاکتە زانراو و زۆر ئاشکرایەش بە یاد بهێنمەوە، لە تیۆرە کۆمەڵناسییەکاندا رستێک خەسڵەت و ستاندار هەیە، (کۆمەڵگە)ی لەسەر بونیاد دەنرێت، ئەو پێکهێنەرانە کە زۆرینەیان کولتووریین

هیچیان لە گردبوونەوەی خێڵەکیانەی ئێمە لەو جوگرافیایەی بە هەڵە ناومان لێناوە (شار) نابینرێن. ئەگەرنا مەڕەکانیش پێکەوە و بە کۆمەڵ دەژین، دارستانەکانیش کۆمەڵگەی درەختەکانن. کاتێک ئێمە دەستەواژەی (کۆمەڵگەی کوردەواری) بەکاردەهێنین، مەبەستمان لە کۆمەڵگەیەک نییە بە مۆدێرنەدا گوزەری کردبێت و مەرجە سترۆکتورییەکانی کۆمەڵگەبوونی تێدا بێت، زیاتر بە مانا میللیی و سادە و هەرە باوەکەی بەکاریدەهێنین، پتر مەخسەدمان لە خڕبوونەوەی ژمارەیەکی بەرفراوانی خەڵکە لەو رووبەرە جوگرافییەی وەک وتم بە هەڵە ناوی (شار)مان بەسەردا بڕیوە، چونکە (شار)ی ئێمە تەنها و تەنها قەرەباڵغییەکی جەماوەرییە، نەک بەرهەمی مۆدێرنە یان شۆڕشی پیشەسازیی، ژبەرئەوەی گەشەکردن و خەملێنی شارەکان راستەوڕاست پەیوەستن بە ئەو دووانەوە.

من: سەلمان روشدی لە ئینتەرڤیویەکدا رووی دەمی دەکاتە پرسیارساز و بەم چەند وشە شۆکهێنەرە بەرسڤی دادەتەوە: (دنیا لە کتێبدا غەرق بووە). ئەمە ترسێکی لەلا دروستکردم، ئەو غەمی ئەوەی بوو هەرچی بکەین تەمەنمان بەشی خوێندنەوەیان ناکات، ئەمە گرتەیەکی تراوماکە بوو بۆ من، گرتەیەکی تری ئەوەیە بە نووسینی کتێبەکان یان ئەو دنیایەی لە کتێبدا نغرۆ بووە و هێشتاش هەر بە خواروخێچی ماوەتەوە، چی شتێک هەیە کتێب بتوانێت بیگۆڕیت؟. لەوە بگەڕێ لە سووتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەریەدا چەند هەزار کتێب سووتاوە؟، گوێ مەدە بە گڕتێپەردانی کتێبخانەی مەداین لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە کە سەرچاوە مێژووییەکان بە هەفتا هەزار کتێب دەیخەملێنن، ئەو هەموو کتێبەی هۆلاکۆ لە بەغدادی پایتەختی عەبباسیدا بە ئاویدا دان لەولاوە بوەستێت، بە جۆرێک دیجلە و فورات لە مرەکەبدا شین بوون، با چاویش لەو دیرۆکە بنوقێنین چینگ هوان تی ئیمپراتۆری چین هەزاران هەزار کتێبی تێدا سووتاند، هێشتاش رەفەی کتێبەکان بەشی قادرمەیەکی تۆکمە و بێ ترس دەکەن مرۆڤ بەسەریدا سەربکەوێت بۆ ئەستێرەکانی ئەودیو رێی کاکێشان. دنیا وای لێهاتووە بە کتێب ناگۆڕدرێت، تەنها بە فیکری پەتی ناگۆڕدرێت، لەگەڵیدا چالاکیی شۆڕشگێڕانەی گەرەکە (چەمکی شۆڕش بە هەموو تانوپۆکەی خۆیەوە)، شۆڕشیش وەک کۆنسێپتێکی رووت و

تەنیا ماوەتەوە لەم دنیایەدا، شۆڕشگێڕان لە هیچ کونێکەوە دیار نین. مارکس بۆ خۆیشی ویستی بە نووسینی کتێبی (سەرمایە) لە سێ بەرگدا بەشدارییەکی تری راڤەی جیهان بکات، ئەگەرچی ئامانجی وی بە تەنیا پێشکەشکردنی فەلسەفە یان زانستێکی پەتی نەبوو بە جیهان، بەڵکو لە خەمی تیۆریزەکردنی پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕییدا بوو و وایدەبینی سەرمایەداریی لە هەر سیستمێکی تری پێشوو کراوەترە لە رەخساندنی زەمینەی شۆڕشگێڕانە بۆ دژبەرەکەی خۆی، لەم روانگەوە گەشبین بوو بە ئایندە، وەلێ مخابن کلێشەسازییەکەی مارکس لە دامەزراندنی تیۆرییەکی شۆڕشگێڕدا نەیتوانی بگاتە سەدەی بیست و یەک.

پارادۆکسێک ئەمڕۆی تەواو داپۆشیوە، خوێندنەوەکانی مارکس لە بری گۆڕینی فۆرماسیۆنی سەرمایەداریی، بە تەنگ ژیانی سەرمایەدارییەوەن!، لە ساتەوەختی هەر قەیرانێکی ئیفلیجکاری سیستمدا، نۆڕینگە و دەرمانخانەکەی دکتۆر مارکس ئامادەیە لە بەردەستیان و بە شەنوکەوکردنێکی نوێتری کتێبی (کاپیتال)، ڤاکسینێکی تازە بۆ دەردەداریی کاپیتالیزم دەدۆزرێتەوە!. راستییەکەی نامەوێت رەشبینی ببەشمەوە، دۆزەکە شتێکی زیاترە لە رەشبینی، کەچی هەلومەرجەکەش هاوکار نییە ئومێدەوارانە لە شتەکان بڕوانیت، ئەگەر سی و سێساڵێک لەمەوبەر ژان بۆدریار گوتبێتی: (ئێمە لە سەردەمێکداین تێیدا ئومێد ئایدیایەکی زۆر روون نییە). ئەم قسەیە لەو کۆنتێکستەدا کراوە، دیواری بەرلین لە رووخاندا بووە و دنیاش نەگەیشتبووە ئەو رۆژەی جۆرج بوش (بوشی باوک) سیستمی نوێی جیهانی رابگەیەنێت، ئێمە لە پێڤاژۆی دوای سی ساڵی ناو نەزمی نوێ و گلوبالیزم و کۆمەڵگەی ئۆنلاین و نقوومبوو لە هێرشی ڤیرۆسییدان، دەشێ چ ئومێدیکمان هەبێت؟. تاکە ئومێدێک هەبووبێت لە پێشتردا تەنیا بەرەنگاریی و سۆلیدارێتی بوو، ئەمەش لە دنیای گۆڕاوی ناو زێدەواقیعدا خراوەتە سەروی مەحاڵەوە. زۆرجار چاوەڕێی دەستوەشاندنی ژینگە دەکەم تا پەلهاویشتنی دیسپۆتیزمییانەی سەرمایەداریی بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەرەتا (مۆری بۆکچین تاکو کۆتایی تەمەن، بڕوای بەم تۆڵە ژینگەییە هەبوو لە سیستمی سەرمایەداریی)، ئەگەرچی ئەمە چاوەڕوانییەکی میتافیزیکییە، بەڵام لە سایەی وێرانکارییە ژینگەییەکاندا

نزیکترین ئەگەرە. دەی سروشت زۆر توورە و سەرشێت کراوە، پەرچەکرداری دینانەشی لێ چاوەڕێ دەکرێت، کتومت وەک ئەو پیاوە ئازاردراوەی، ئیدگار ئالان پۆ لە چیرۆکێکیدا باسی دەکات: (کەس ناتوانێت بەبێ سزا، ئازاری من بدات).

سێبەر: باشترە باس لەو بوون و واقیعە بکەین وا گیرمان تێیدا خواردووە، ئێمە دەبێت ئەم لێرەبوونە (بە دەربڕینی هایدگەر) وەک دیفاکتۆیەک قبوڵ بکەین، بوون بە رێکەوت هەیە، تازە بوون هەیە و ئێمەش هاتووینەتە ناو ئەم بوونەوە، بوون بۆ خۆی بێلایەنە، مەلموس نییە، خزە و نایەتە ژێر بار، بوون رەهایە و هەرگیز دەستبەرداری ئەو رەهاییەش نابێت، خۆمان لەناو ئەم بوونەدا نۆرم و بەهاکانمان داهێناوە، شارستانییەتمان قوت کردووەتەوە، وەک فرۆید جەختی لێ دەکاتەوە شارستانییەتمان لەسەر چەپاندنی برێک لە ئارەزوو و خواستەکانمان دامـەزراندووە، پێموایە تازە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە و لەناو سروشتدا بژین، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ هیچی نییە بە سروشتی ببەخشێت، بە پێچەوانەوە هەموو دەرامەتی ژیان و مانەوەی لە سروشتەوە وەردەگرێت، بەڵام سروشتیش خۆی هێندە بە بەزەیی نییە لەگەڵ مرۆڤدا. رێگەچارەکەمان ئەوەیە شارستانێتی نەرمتر بکەین لەو تەبعە رەقەی هەیەتی، کێشەکەمان خولّقاندووە و دەبێ هەر خۆشمان چارەی بکەین، من شارستانێتی ناودەنێم کێشە، بەڵام لە نەبوونی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تردا ئافراندوومانە، ئێمە دەبێت شارستانێتی قبوڵ بکەین، بەڵام بە میکانیزمی شۆڕشگێڕانەش بەرەوە پێشەوەی ببەین تاکو دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان بڕەخسێت لە بەری ئەم شارستانییەتە بخۆین. ئێمە ناچارین هەوڵبدەین بۆ گۆڕینی دنیای خواروخێچی خۆمان، خۆ ئەگەر بە دەستی خۆم بووایە هەرگیز پێم نەدەخستە ناو ئەم بوونە کێشەدارەوە.

من: زۆر گریمانەی وەهمی لە فۆرمی زانستدا پەرە پێدەدرێت بۆ رادەستبوون بە واقیعی سەپاو، زۆر جار وا شێمانە دەکرێت ئێمە بوونەوەرێکی خەیاڵئامێز و خەونی هەسارەیەک یان ئەستێرەیەکی تر بین، خەونێکی بە کۆمەڵ بین و بوونێکی وەهمیمان هەبێت یان ئەو تیۆرەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە رووداوەکانی نێو ژیان کۆمەڵێک سیناریۆی ئامادەکراون و هەر بیست و شەش هەزار ساڵ جارێک

دووبارە دەبنەوە!، یاخۆ تیۆری (سیمولەیشن) کە تا دێت لە شێمانەی نوخبەی زانستییەوە تێدەپەڕێت بەرەو بیرکردنەوەیەکی گشتگیر، بە پێی ئەو تیۆرە ئێمە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەریین و لە شوێنێکی ترەوە دەجوولێندرێین! وەک چۆن منداڵێک لە پشتی مۆبایلێکی سمارتەوە یاریی پۆپچی دەکات، جیهانی ئێمەش هاوشێوەی ئەو گەمەیەیە، ئێمە کۆمەڵێک ئەنیمەیشنین، وجودێکی راستەقینەمان نییە، ئەم تیۆرە بریتییە لە کۆمپلۆتێکی گەورە و سامناک، چونکە پێدەڵێت رێسای یارییەکە هەر لە سەرەتاوە دیاریکراوە، هەوڵدانت بۆ گۆڕینی واقیع کردەیەکی بێ واتایە، هەرچی بکەیت ناتوانیت یاسای وازییەکە تێکبدەیت، تۆ بە پێی سیناریۆیەکی ئەلیکترۆنی و کۆمپیوتەریی رۆڵ دەگێڕیت، بە دەست خۆشت نییە رۆڵی چ کارەکتەرێکت پێ خۆشە، بەڵکو وەک وتمان هەموو شتێک لە کۆمپیۆتەرە گەورەکەدا بڕیاری کۆتایی لەسەر دراوە، ئەگەر بە پێی ئەم تیۆرە بێت نەک هەر سایکۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و ئاین و هتد.. دەبنە وەهم و شەعبەزبازیی، هەرچی جەنگ و تاوان و کوشتاریشە رەوایی وەردەگرن، بەو پێیەی بەشێکن لە رێسای گشتیی یارییەکە، بۆ نموونە بە پێودانگی ئەم تیۆرە هیتلەر و نازیزم هیچ سوچێکیان نامێنێت لە پرۆسەی هۆلۆکۆستدا! بەڵکو قوربانی ئەو گەمە ناچارییەن، وەک ئایشمان وتی (من قوربانی تەقەیەکی هەڵەم). ئەمە ئەوکات بوو هێشتا ئەم تیۆرە لە ئارادا نەبوو، ئەگەر ئێستا بووایە دەیووت من قوربانییەکی ناو ئەو یارییە سیمولەیشنییەم. یان ئەردۆگان لە ستەمکارییەکانی دەرهەق بە کورد، سەدام لە پرۆسەی ئەنفال و ژینۆسایدی کورددا، بێتاوانن و کارەکتەرێکی ئەم یارییە سیمولەیشنییەن!. عەقڵ لە بەرامبەر ئەم تیۆرەدا هیچی تری پێ ناکرێت جگە لە رەتکردنەوە، مێژووی ئێمەی مرۆڤ پڕیەتی لە بەزاندنی رێسای یاری و خولقاندنی رووداو بە مانا بادیۆییەکەی، ئەی شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ چییە جگە لە ئیرادەی مرۆڤ بۆ ژیانێکی شایستەتر؟، کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دەیان شۆڕشی تریش بە هەمان شێوە.

سێیەم: دنیای مۆدێرن دنیایەکی داڕنراوە لە کولتوور و ئایدیای شۆڕشگێڕیی، کۆنسێپتی شۆڕش خەریکە لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانیشدا بەلاڕێدا ببرێت و واتای تری بۆ دابتاشرێت یانژی بشاردرێتەوە و لە بەکارهێنانی رۆژانەییدا

بسڕدرێتەوە، دنیای مۆدێرن جیهانێکە تێیدا زۆربەی جار بە تەوسەوە پەنجە بۆ یەکێک رادەکێشێرێت و دەڵێن ئەوە مرۆڤێکی کۆنەپەرستە! چونکە ئایدیای شۆڕشگێڕیی لە کەللەیدایە و کەمێک بەڵێ بە بڕێکی زۆر کەم وەفادارە بۆ کۆمەڵە پرەنسیپێکی (کلاسیکیی) وەک هاوکاریی و نەپەرستنی پارە و لە خۆبردوویی بۆ (چاکەی گشتیی)، هەموو ئەمانەش لەگەڵ روحی سەردەمدا دانویان پێکەوە ناکوڵێت، ژمارەیەکی دەگمەن لەم مرۆڤە نامۆیانە هاوچەرخی ئێمەن، بەڵام لە زمانیان تێناگەین بگرە گومانیان لێ دەکەین، زۆربەی جار وەک دێوانە دەدوێن، رەنگە بۆ تێگەیشتن لە قسەکانیان پێویستمان بە وەرگێڕێک بێت تەمەنی دوو سەد ساڵ بەرەو ژوور بێت. لە چیرۆکی لامارتین لە کۆچیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان)ی فەرهاد پیربالدا، پاڵەوانی چیرۆکەکە تێزی زانکۆیی خۆی لەسەر قافیەی شیعرەکانی لامارتین هێناوە و پاش نائومێدبوونی لە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو، لە چەقی پاریسدا پاڵی داوە بە پەیکەرەکەی (لامارتین)ەوە، پێش ئەوەی لە جووڵەیەکی سوریالیدا پەیکەرەکە بە پەلەپەل رابکات بۆ گەیشتن بە میترۆ بۆ کاری پاسەوانیی شەوانەی هۆتێلێک، بە پاڵەوانەکە دەڵێت: (من و تۆ، خەڵکی سەدەی نۆزدەین، کەس ناماننناسێ). ئەوە حاڵی هەر کەسێکە لەم جیهانە رواڵەتییەدا ئایدیای شۆڕش مێشکی داگیرکردبێت، هەردەم هەر مرۆڤێک بە پێشکەوتووترین بیر و دیدگاوە، ئەگەر تەریب لەگەڵ سەردەمەکەدا رێ نەکات، بێگومان دواکەوتووە!، دواکەوتووە لەم چاوچنۆکیی و بێ ویژدانییەی کرۆکی جیهانی تازە پێکدەهێنێت، چەشنی سامورایەک دەردەکەوێت بیەوێت بە شمشێرێکەوە لەگەڵ بۆمبی نایترۆجینی شەڕ بکات، دیمەنەکەشی سوریالیئامێز و دۆنکیشۆتانەیە.

لۆژیکی کاپیتالیزم لە شێوە هەرە باڵاکەیدا بریتییە لەوەی بە هەر رێگەیەک بووە بەها شۆڕشگێڕییەکان لەناوببە و بە هەر نرخێک بووە خۆت بگەیەنە بە چێژی تەواو یان زێدەچێژ، مەحکوممان دەکات بە راهاتن لەگەڵ جۆرە ژیانکردنێکدا نیچە وتەنی ژیانی گایە نەک مرۆڤ. بڕواشم بەو کوراڵە رابردووپەرستە نییە لە لاشعورماندا ناڵەناڵەیتی و دەڵێت: زەمانێکی ئایدیاڵ هەبووە و هەموو شتێک لە جێی خۆیدا بووە، کەچی هیچ کات هیچ شتێک لە جێگەی راستەقینەی خۆیدا

نەبووە، ئەگەر مێژوو سوودێکی هەبێت لێرەدایە، چونکە ماکی دڵڕەقی مرۆڤ لە هەموو ساتەوەختەکاندا بە روونی نیشان دەدات، ناوەڕۆکێکی هاوبەش ستەمکاریی مرۆڤ کۆدەکاتەوە، بەڵام لە هەر سەردەمێکدا بە فۆرمێک خۆی نمایش دەکات. ئەوەی ئەم تیپە لە مرۆڤی شۆڕشگێڕ دەیکات بۆ نەوەی پێش سەد ساڵ لە خۆی، چاکەکاریی نییە تەنیا کارێکی جیاوازە، بۆ ئەم سەردەمەش هەروا. تۆ پێتوایە مرۆڤێک هەبێت چاکەی گشتیی بوێت؟!، وەک خۆم لەو باوەڕەدام باشترین مرۆڤەکان هێشتا بڕێکی زیاد لە پێویست خۆپەرستییان هەیە، ئەمە وەک نەنگی نالێم، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆیی وایە مەیلێکی ناکۆتای تێدایە بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو شتێکدا، ئارەزوویەکی سەیری تێدایە وەک رووبارێک وایە هیچ کات پڕ نابێت. مرۆ حەزێکی زۆری هەیە بۆ خەرجکردنەوەی دراو، ئاخر پارە خۆی وەک ماتریاڵێکی بێ گیان ئەم دەست و ئەو دەست دەکات، کەچی هێزی جووڵاندنی مرۆڤەکانیشی هەیە، ئەمێستا (با)ی دراو بە زیادبوونی ژمارەکان لە سیستمێکی وەهمیدا بۆ سەر کۆنتۆکان مرۆڤەکان دەبات و دەهێنێت!، لە کاتێکدا نازانیت ئەوە کێیە لە پشتی تووە یاری بە هەڵکشان و داکشانی ئەو ژمارانە دەکات؟، بەقەد بەرزبوونەوەی ژمارەکانیش پێگەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، ئەو کاغەزەی پێشان و ئەو گەمە ژمارەیی و دیجیتاڵیزەکراوەی ئەمڕۆ جادووی رەشن رێک وەک ئەوەی لە زنجیرە درامای (سکوید گەیم)ی کۆرییاییدا روودەدات، مرۆڤ دەبێتە نمایشێکی بە چێژ بۆ سیستم لە پێناوی بەدەستهێنانی پارەدا کە دواجار دەمریت و خەونەکانت بە تاڵ دەبنەوە. تەنانەت فەلسەفە لە سەدەی بیست بە دواوە بە تایبەت لە پراگماتیزمدا مرۆڤی لە بیرکردنەوە داماڵی، لە غەمی ئەوەدا بوو ببیاتە بازاڕ و ناوەندی کارکردنەوە و لەبەرزترین ئاستدا ببێتە مەکینەیەکی نائۆرگانیزمی ئیش و بەرهەمهێنان و هیچی تر، ماشینەیەک ئەوەی دەستیدەکەوێت، دەبێت بە رێگەیەکی تر بۆ خودی سیستمی بگەڕێنێتەوە، بۆیە سەردەمی نوێ بریتییە لە سەردەمێکی پووچگەرایی پەتی و تێکشکان و هەڵوەشانەوەی سوبێکتی دژە سیستم.

من: یەکێک لە دوورەوە گوێی لە دەنگمان بێت وا تێدەگات پێویستمان بە سەردانێکی پزیشکی دەروونییە، خۆ ئەگەر بێتە پێشترەوە و وشەکانمان ببیستێت

وا تێدەگات دنیامان هێندە تاریکە، بە نیازی خۆکوشتنین. ئەوەی زۆرجار وا دەردەکەوێت کەسێکی رەشبین و نائومێد بین، لەبەرئەوەیە لە کەسانی دەوروبەرمان واقیعبینترین و هەستیارانەتر لەگەڵ پرسە ریالیتییەکاندا مامەڵە دەکەین، ئێمە لە جیهانێکی رەش داگیرساودا دەژین، کاتێک باسی ئەم جیهانە وەک ئەوەی هەیە دەکەم، ناکرێت باسی پەلکەزێرینە بکەم، چونکە ئێمە بە ژیانێک مەحکوم کراوین لەناو جیهانێکی تەڵخ و تاریکدایە. جارێک جۆرجیۆ ئاگامبێن لەوپەڕی جاڕسی خۆیدا ئەوەی بیر هێنایەنەوە بە هەمان ریتم و میلۆدی مارکس توانی بڵێت: (ئەو رەوشە نائومێدکەرەی تێیدا دەژیم، پڕم دەکات لە ئومێد). ئەوانەی لەم جیهانەدا تەنیا ئومێدیان هەیە، نائومێدترین بوونەوەری مێژووی گشت زیندەوەرانن، ئەوانەی لە خۆڕا گەشبینن زۆرتر لە پێویست قاچیان لە لیتاوی گەمژەییدا چەقیوە، ئەم جیهانە تەنیا بە ئومێد ناگۆڕدرێت، بە ئایدیا و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە دەگۆڕدرێت، کۆنسێپتی شۆڕشیش لە ماکە رەسەنەکەی خۆیدا پێناسەیەک بوو بە بە باڵای راپەڕینە زانستییەکانی کۆپەرنیکۆسدا دوورا، شتێک بوو بۆ وەسفی ئەو هەڵگێڕانەوە مەزنەی لە هۆشیاریی مرۆییدا بەرپای کرد، نرخاندنی ئەو برینە بوو بە نەشتەری زانست وەک شەبەقێکی گەورە لە خودئەڤینی مرۆڤدا دروستیکرد. هانا ئارێنت لە کتێبی (لە شۆڕشدا) نووسیوویێتی: (چەمکی شۆڕش پێش ئەوەی کۆنسێپتێکی سیاسیی بێت، چەمکێکی کۆسمۆلۆژییە «گەردوونی» و لە کتێبی «شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسماندا»ی کۆپەرنیکۆسەوە هاتووە، پاشتر لە ساڵی ١٦٨٨دا هاتووەتە ناو فەرهەنگ و جیهانی سیاسییەوە، ئەوەش دوای ئەوەی دووبارە بنەماڵەی پادشایی بەریتانیا گەڕانەوە بۆ دەسەڵات و شکۆی پێشوویان بەدەستهێنایەوە، ئەم پرۆسەیەشیان ناونا «شۆڕشی پیرۆز»). بڕوام وایە شۆڕشگێڕان ئەو خودە نائومێدانەن دەبن بە سوبێکت، ئەوانەن نائومێدیی خۆیان دەگۆڕن بۆ پڕۆژەی بەرەنگاریی، خودی گەشبین و ئومێدەواری کوێر، زۆرتر وێنەی خەسیوەکانی حەرامسەرای پادشاکان دەخاتەوە زەینمان کە بۆ راپەڕاندنی هەر ئەرکێک بە تەنها فەرمان پێکردنیان بەس بوو.

ئەو (خود)انەی بە هەموو دۆخێک ڕەزامەندن، خەسیوەکانی هەموو سەردەمێکن، ئەوانەی بەرامبەر بە ئەمڕۆ ڕەشبینن، هەر ئەوانەن جیهانی سبەینێ بنیات دەنێن، بە پێچەوانەوە ئەوانەی لە هەمبەر واقیعی زاڵ گەشبینن و پێیانوایە هەموو شتێک لە جێگەی سەنگین و شیاوی خۆیدا دانراوە، ترسناکن، منداڵە سامناکەکانی سیستم و دەستەمۆکراویترادیسیۆنە باوەکانن، ناکرێت بۆ ئاساییترین شتیش پشتیان پێ ببەسترێت. نێگەتیڤگەرایی لە پێناوی دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤدا جیایە لە نیهێلیزم، پووچگەراییەکەی دنیای تازە لە داماڵینی مانای هەموو شتەکانە دێت، وەک بڵێی چیدی هیچ شتێک واتایەک نەگەیەنێت، مەحکومیش کراوین لە جیهانێکی بۆش و خاڵی لە مانادا سەوڵ لێبدەین، لە ناو ئەم جیهانە خاڵی لە مانایەدا، ئایدیای شۆڕش وەک بێماناترین کردە سەیر دەکرێت، وەک بڵێی هەموو شتەکان یەک دەرئەنجام بەرهەم دەهێننەوە، شۆڕش ئەکشنێک بێت بۆ لەناوبردنی پارادایمێک لە ستەمکاریی بە مەبەستی هێنانە پێشەوەی پارادایمێکی تری ستەمکاریی، ئەم دیتنە لەو نیهێلیزمەوە دێت و بووەتە رووخساری جیهانی تازە و سێبەری کشاوە بەسەر خەیاڵدانی تاک بە تاکماندا، ئەو بیرۆکەی لەناو ئەم پووچگەراییەدا لە هەر شتێکی تر زاڵترە، سەرچۆپێکێشانە بۆ بەسەرچوونی هەموو بەهایەک، ئیدی مرۆڤ لە زەمەنی بێ بەهاییدا ژیان دەگوزەرێنێت، هەمووش بەوە رازی بووین بە مجۆرە (بەختەوەرانە) لە ناو ژیانێکی خاڵی لە مانادا رۆژەکانمان تێپەڕێنین، ناخوازم لە شێوەی مژدەبەخشێکیشدا دەربکەوم و نامەوێت بڵێم بە بەرپاکردنی شۆڕش هەموو شتێک دەچێتەوە جێگەی سەنگینی خۆی، پێشبینی جیهانێکی ئایدیاڵیش ناکەم لە دوای شۆڕش، بەڵام ئەرکمانە بەرەنگاری ئەم واقیعە ببینەوە و بیگۆڕین، مەبین لە هەموو شتێک خراپترە، شۆڕش دوا ئەڵقەی دراماکە نییە، هێندەی بژاردەیەکی رادیکاڵی ناچارییە.

سێبەر: هەندێک پێمدەڵێن ئەو هێمنیی و بێدەنگییەی تۆ وا دەرناخات مرۆڤێکی رادیکاڵ بیت، رادیکاڵەکان ئەوەندە بزۆزن هەر دەڵێی لەسەر ئاگرن!. دووبارە بە هەمان سروشتی ئارامی خۆمەوە بەرسڤ دەدەمـەوە: کەس لە رێی دروشمەکانەوە هیچ شتێک فێر نەبووە، کەسیش لە رێی نەڕەنەڕ و قیژەقیژەوە فێر نابێت، هەموو ئەوانەی

فێربوون لە ڕێگەی ئارگۆمێنتەوە فێربوون، ئارگۆمێنتیش بۆ خۆی پەیڤینە بە زمانێکی هێمن و ئارام، قیژەقیژ و هاتوهاوار بە هیچ جۆرێک رادیکاڵیزم نییە، بە قەدەر ئەوەی پیسبوونی ژینگەی لێ دەکەوێتەوە، لە دۆخێکدا دنیا پڕ بووە لە ژاوەژاو و هاتوهاواری ناهارمۆنی، هاتوهاواری تۆ دەبێتە ژێیەکی تری ناسازی ئەم میلۆدییە ناسازگارە، هەندێک جار سەرقاڵبوونی بێدەنگانەی تیۆریی بەرزترین رادەی رادیکاڵیزمە، هانا ئارێنت پێیوایە (شەڕ هیچ کات رادیکاڵیزم نییە، بەڵکو توندڕەوییە). ئەم هاتوهاوارەی مرۆڤی کوردیش کە لە پەراسووی چەپی کولتووری عەرەبیی و ئاینییەوە هاتووەتە دەرەوە (لە کتێبی «العرب ظاهرە صوتیە»ی عبداللە القصیمی بڕوانن)،

مانای بەتاڵیی هەگبە و مایەپووچی رۆشنبیریی دەگەیەنێت، بەو چەشنەی دێڤید بارش دەیڵێت: (ئەگەر دارەکەت بچووک بوو، وا باشترە هاتوهاواریشی لەگەڵدا بکەیت). دیقەت بدەن نەوەی ئێمە بۆیە هیچ فێرنەبووین چونکە لە بەردەستی مامۆستاگەلێکدا پەروەردە بووین نموونەی مرۆڤی تووڕە و مۆن و دار بەدەست بوون. جیا لەمە زەمەنی ئێمە تەنیا راستە شەقامێک هەبوو، لە کۆتایی شەقامەکەدا دووڕیانێک هەبوو یان دەبوو بە لای راستدا بچەرخێی یان بە دەستە چەپدا، سەبارەت بە خۆم بەسەر شەقامی کتێبەکاندا بە ئاڕاستەی دەستە چەپدا شکاندمەوە، وردە بۆرژوازم چون لە شەقامی کارەوە نەهاتووم، ئەگەرچی ماوەیەک خەریکبوو لە خەتی چەپ لابدەم، بەڵام بە بەردەوام وەک مرۆڤێکی رادیکاڵ مامەوە، ئەوەش شتێک بوو هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ تەمەنمدا گەورە دەبوو، دێتەوە بیرم لە ماڵە کۆنەکەماندا تابلۆیەک هەبوو، تابلۆیەک تا شانزەساڵیش وامدەزانی رووداوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگێڕێتەوە، تابلۆکە دۆخێکی شۆڕشگێریی و هەیەجانی لە خۆگرتبوو، لە کەنارێکەوە ئاڵایەکی سوور دەشەکایەوە، درەنگ زانیم ئەو تابلۆیە کۆپییەکی تابلۆی وێنەکێشی ناسراوی فەڕەنسی (ئۆژین دێلاکروا)یە بە ناوی (ئازادیی رێبەرایەتی گەل دەکات) کە لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا و لە ساڵی ١٨٣٠دا کێشاویەتی، هێندە قووڵیش لە تابلۆکە رامابووم، رۆچووبوومە سەردەمەکەیەوە، چاوم بۆ خۆم دەگێڕا لە پشتی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، پێموابوو زۆرێکیان دەناسم یان مومکینە رۆژێک بێت بیانناسم.

من: ئەگەر بابەتەکە حەز بێت، ئارەزووم لە گۆڕانکارییە بەشێوەیەکی خێرا و نزیک، نەک ئەوەی کۆشش بۆ نەوەی داهاتوو بکەم، مەگەر نەوەکانی ئایندە کاریان چییە؟ چۆن دڵنیابین ئەوەی ئێمە دەمانەوێت خواستی ئەوانیشە؟. هیچ شتێک ناسپێرم بە قەزاوقەدەر، هەرچەند زەمەنی ئومێد هەمیشە و بە سروشتی خۆی لە ئایندەدایە، ئومێدم لە نائومێدییەکانمەوە پەیدا کردووە، نەک لە وەهمەوە، گۆڕانی مێژوویی و رادیکاڵانە سەراب نییە، ئیرادەی ئەوەی من و تۆ نامانەوێت جیهان بەو جۆرەی ئێستا هەیە بەردەوام بێت بەسە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییش ببێتە کردەیەکی واقیعیانە. لە راستیدا جیاوازییەکی بنچینەییش هەیە لە نێوان نائومێدیی و نیهێلیزمدا، یەکەمیان ماتەوزەیەکە دەشێ پێچەوانەوە ببێتەوە بۆ هیوا، بەڵام نیهێلیزم بڕواهێنانە بەوەی هەموو هەنگاوێک بۆ پێشەوە دە هەنگاوە بۆ دواوە، چیدی شتەکان ناگۆڕێن، هەرچی هەیە چووەتە دۆخی چەقبەستنێکی جاویدانییەوە، بۆیە چاوەڕێی هیچ رووداوێک مەبن بتوانێت درز بخاتە ئەم سەرمەدییبوون و رەقهەڵاتنەی واقیعەوە. نائومێدیی لە مندا نەیبەستووە، هەردەم ویستوومە و دەمەوێت لە نائومێدیی هەڵبێم، بە دەربڕینێکی تر ویستوومە لە رێگەی نائومێدییەوە بگەم بە جۆرێکی تری ئومێد کە ئومێدێکی ساختە نەبێت، بەڵکو هەڵگری پڕۆژەی گۆڕانکاریی ریشەیی بێت. (بۆ ئەوەی چەپێکی رادیکاڵ بیت، پێویست ناکات وەک گەشبینێکی گەمژە دەربکەویت) ئەمەی ناو کەوانەکە دەربڕینێکی سلاڤۆی ژیژەکە و وەک ئەفۆریزمێکی فەیلەسوفانە خۆشم دەوێت، دەتوانم بڵێم ئەو ئومێدەی لە نائومێدییەوە نەهاتبێت، لیاقەتی نییە ببێت بە پڕۆژەیەکی نێگەتیڤ و ناتوانێت نکۆڵی لە واقیعی داسەپاو و باو بکات. بێهیواییم بەرامبەر بە خودی ژیان نییە ئەوەندەی بەرامبەر بە جیهانە، لێرەدا ژیان و جیهان یەکسان نین بە یەکتر، ژیان پێدراوێکی میتافیزیکییە و شتێکە بێ ئەوەی بیبینین لەناویداین و دەتوانم بڵێم سەر بە نۆمینە، هەرچی جیهانە لە پێش چاومانە و بە بەرجەستەیی نادادییەکانی دەبینین، بەرهەست و فینۆمینە، دەتوانین بە هەمان روونیی خۆیەوە، خۆمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەرخان بکەین.

دەتوانم بڵێم نائومێدیی جۆرێکی ترە لە نامۆبوون، تیۆری هیترۆدۆکسی دژە مارکسیزمی ئۆرسۆدۆکسیی، ئەوەی خستووەتەڕوو لە سەردەمی هەنووکەدا ئەوە تەنیا چینی کرێکار نییە دوچاری نامۆبوون هاتووە، بەڵکو کۆی چین و توێژە دەرە سەرمایەدارەکانی گرتووەتەوە، نائومێدییەکانم پڕیان کردووم لە ئومێد بۆ تێپەڕاندنی سەرمایەداریی، هەرچەندە تێپەڕاندنی کاپیتالیزم لە ئێستادا ئەگەرێکی دوورە، بەڵام دوای ئەمەش ترسم هەیە لە دووبارەبوونەوە و خۆ بەرهەمهێنانەوەی نائومێدییەک پڕم بکاتەوە لە ئومێد و بەرەنگاریی. نەڤ لە هەموو کات پتر وا بیر دەکەمەوە، پێویستمان بە رۆژێکە دنیای تێدا بهەژێنین، لەوانەیە شەش جار زیاتر لە شەش قۆناغی جیاوازی تەمەنمدا کتێبی (ئەو دە رۆژەی جیهانی لەرزاند) ی نووسەری بەناوبانگ (جۆن رید)م خوێندبێتەوە کە کرۆنۆلۆژیایەکی رۆژ بە رۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە (شانزە بۆ بیست و شەشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧)، بەڵام هەردەم بیرم لەوە دەکردەوە دە رۆژ ماوەیەکی زۆرە، خۆی جیهان لە رۆژێکدا دەهەژێندرێت و قڵپ دەکرێتەوە، ئێمە خەون بەو رۆژەوە دەبینین، وەک ئەوەی مارتن لۆسەر کینگ رابەری شۆڕشی ناتوندوتیژانەی پێست رەشەکانی ئەمەریکا، دەیگوت: (خەونێکم هەیە) و (رۆژێک دێت...). ماوەتەوە بڵێم شۆڕشی مۆدیل گیڤارایی و پارتیزانی جێی مەبەستی ئێمە نییە، تەنانەت گریمانەی شۆڕش لە دنیای مۆدێرندا لەوە دەرچووە بەرئەنجامی مۆبیلیزەی جەماوەر بێت لەلایەن بزووتنەوەیەکی بەرەنگارخوازانەوە یان هەمیشە بکەوێتە ژێر سەرکردایەتی حزبێکی ئاڤانگارد و ئایکۆنێکی کاریزماتیکی چەشنی لینین یان ماوتسی تۆنگ و گیڤارا، هەلومەرجی دنیای نوێ خرۆشانی جەماوەریی بێ رابەری پێویستە، بەڵگەنەویستە لە شۆڕشی فەڕەنسی بەملاوە چیرۆکی شۆڕشە رێبەرایەتیکراوەکان ئەنجامێکی دڵخۆشکەریان نەبووە، بزووتنەوەی داگیرکردنی وۆڵ ستریت ئەزموونێکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی بچووکی بێ رابەرە و شیانی ئەوەی هەیە لە داهاتوودا ئەم پارادایمە پەرەی پێبدرێت. لە دوماهیدا دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم، چەمکی شۆڕش کۆتایی نەهاتووە، ئەوەی کۆتایی هاتووە شۆڕشی کلاسیکییە، دەبێت لەم دنیا تازەیەدا بە دوای داهێنانەوەی پارادایمێکی تازەتری شۆڕش بکەوین.

سێبەر: بە پێی پێناسە بۆرژوازییەکان دنیای مۆدێرن چیتر جێگەیەکی نییە بۆ شوێنکردنەوەی روحی شۆڕشگێڕانە، شۆڕشیش تا ئەو جێگەیە پەسەند و رەوا بوو بۆرژوازی هێنایە سەر شانۆ، لەوە بەولاوە مۆدیلی شۆڕشگێڕێتی هەرەس دەهێنێت. مێنتالیێتی بۆرژوازی بە هەموو شێوەیەک دژی شۆڕش و بەرەنگارییە، هەمیشە دەیەوێت درز بخاتە ئەو تێڕوانینەی لەسەر گریمانە شۆڕشگێڕییەکان بینا دەبێت، ماکینەکانی راگەیاندنیش بەردەوام ئەو وێنایە لە شۆڕش دەگوازنەوە بەرهەمهێنی توندوتیژییە، تا بتوانن ئەوە لە زەینماندا بچەسپێنن، چیتر شۆڕش بەدیهێنەری خەونەکان نییە هێندەی زڕاندنێتی. ئەو دەرئەنجامانەی لە بەهاری عەرەبی کەوتنەوە، باشترین دەرفەت بوو بۆ نابووتکردنی تیۆری شۆڕشگێڕیی کە سەرئەنجامی هەموو شۆڕشێک نەزیفی خوێنێکی زیاترە. ئەم روانگەیە خزمەتی نەزم و هێشتنەوەی درێژخایانی چەوساندنەوە دەکات، بۆرژوازی نەک هەموو زەمینە شۆڕشگێڕییەکانی لەناوبردووە، لەولاشەوە کەمپینێکی رۆشنبیریی فرە رەهەندی هەیە بۆ دەرهێنانی ئیدەی شۆڕشگێڕانە لە مێشکی هەر یەکێکماندا، لە هەمان کاتدا ئەو (شۆڕشانەی) ئەم دواییە و دوا لێکەوتە و دەرئەنجامەکانیان، بۆ نموونە دەرهاویشتەکانی بەهاری عەرەبی، نەک هەر خزمەتیان بە بووژانەوەی گیانی شۆڕشگێڕیی نەکرد بگرە لەسەر هەموو ئاستەکان وێنایەکی قێزەونیان تەنانەت بۆ کۆنسێپتی شۆڕشیش سکێچ کرد، ئەگەرچی بە بڕوای جۆرج تەرابیشی گونجاوترین ناولێنان بۆ بەهاری عەرەبی، راپەڕین بوو نەک شۆڕش، بەو پێیەی ئامانجی راپەڕین تەنیا رووخاندنی سیستمە، بەڵام شۆڕش جگە لە کردەی رووخاندن سەرلەنوێ ئاواکردنی سیستمێکی ترە وەک ئەڵتەرناتیڤی سیستمی پێشوو. با بۆچوونەکەی تەرابیشی لە بەرچاو نەگرین، بڵێین ئەوەی لە بەهاری عەرەبیدا روویدا کۆمەڵێک شۆڕشی شکستخواردوو بوون، ئایا مافی خۆمان نییە لە هەر جێگەیەکی تر بە هەمان میکانیزمی شۆڕشگێڕانە رووبەرووی ستەمکاریی ببینەوە؟، نابێت لە سەرەتاوە بڕیارماندا دابێت شکست دەهێنین، خۆ لەسەر تەوێڵمان نەنووسراوە ئێوە چارەنووستان شکستە؟، ئایا ئێمەش ناتوانین داستانەکە بە جۆرێکی تر هەڵبگێڕینەوە؟.

نابێت واتەواتی راگەیاندنە بۆرژوازییەکان بڕوامان پێ بهێنن چیرۆکی ئێمە تەواو بووە، بەڵکو ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدا لاشەی جێماوە دیموکراسی لیبراڵییە کە سێ سەدەیەک تەمەنی کردووە و ئێستا نەک پیر بووە بەڵکو تەرمێکی بۆگەنکردووی نێو تابووتی جیهانە و دەبێ دەستبەجێ ببرێت بۆ گۆڕستان، چونکە چیتر دنیا بەرگەی بۆگەنی ئەم کەلاکە تۆپیوە ناگرێت. دەبێت وا بیر بکەینەوە حکایەتی ئێمە تازە دەستپێدەکات و ئاڵنگاریی بکەین، پێویست ناکات تووشی ئازاری ویژدان و سڵەمینەوە ببین بە هۆی داڕووخانی سۆڤێت و پێچکردنەوەی چین بە لای سەرمایەداریی و ئیمپریالیزمی ئابووریدا یان ریژیڤیۆنیزمی هەر یەک لە رژێمەکانی کوبا و ڤێتنامی پێشوو، تووشی دڵەڕاوکێمان بکەن، بەدەر لە هەر تێبینییەک لەسەر خودی ئەم ئەزموونانە، بەڵام وا هزر دەکەمەوە، نە شۆڕشی ئۆکتۆبەر روویداوە، نە شۆڕشی رۆشنبیریی چین، نە کەسێک بە ناوی کاسترۆ یان گیڤارا لە دایکبووە، پێویستە لە رووی فیکرییەوە ئامادەبین بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لەسەر دەستی ئێمە رووبدات، ناکرێت لە کابووسی ئەزموونە سەرنەکەوتووەکاندا تا کۆتایی گینگڵ بخۆین. لە دیدی مندا شۆڕش رێک ئەو ئەکشنەیە بەرەو رووخانی کاپیتالیزم دەکەوێتە رێ، لەم نێوەندەدا پێویستمان بە یەکگرتنی هەموو ئەوانیتری زەبوونکراوی دەرەوەی نەزمە، پێویستمان بە بلۆکێکی مێژووییە بە مانا (گرامشی) یەکەی کە یەکگرتنی کرێکاران و چینەکانی خوارەوە و رۆشنبیرانی ئۆرگانییە، پێویستمان بە هەڵگیرساندنی شۆڕشە تا (ئاخیر زەمان)ی کاپیتالیزم ببینین، ئاخر لە ئەپۆکالیپۆسدا ئەوەی کۆتایی دێت خودی دنیای بەرجەستە نییە، بەڵکو کۆتایی کولتوورێکی کۆمەڵایەتی- ئابوورییە کە دنیای پێش خۆی دەسڕێتەوە، بەهاکان دەگۆڕێت بە بەهای نوێتر، نەخشەی دنیای کۆن سەرلەبەر دەگۆڕێت لە جێگەیدا دنیایەکی تر و جیهانێکی تر دروست دەکات، ئەمە ئەو چرکەساتەیە پێی دەڵێین (ئاخیر زەمان)، بەڵێ کۆتایی زەمەنێکە وەک چۆن دەستپێکی سەردەمێکی ترە.

من: یەکێک لە جادووەکانی سەرمایەداریی ئەوەیە خۆی بە سیستمێکی بێ ئەڵتەرناتیڤ نیشان دەدات، وەک بڵێی فریشتەی مێژوو (بە قەرزکردن لە ڤالتێر بنیامین) تا ئێرە بە تەوژمی تۆرنادۆکە هاتبێت. ئەوە راستە کاپیتالیزم بە هەر نرخ

و میکانیزمێک بۆی چووبێتە سەر هەوڵی وشککردنی زەمینەی شۆڕشی داوە، هەمیشە کاری لەسەر ئەو جیهانبینییە نیهێلستییە کردووە: شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات و ڕەوایی شۆڕشگێڕیی کاتیگۆرییەکی تری ستەمکاریی لە منداڵداندایە، تا ئەو ئەندازەی لە هەوڵی سڕینەوەی چەمکی شۆڕشدایە لە بەکاربردنە زمانەوانیی و ڕۆژانەییەکاندا، چونکە ئیدیۆمی شۆڕش تاکە ئیدیۆمە بۆرژوازی لێی بسڵەمێتەوە!، ئەگەر سەیری مێژووش بکەین، ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر روونە کاپیتالیزم خۆی بەرهەمی شۆڕشە بۆرژوازییەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەیە. جۆن مۆلینۆ ئەو هەستی شەرمەزارییەی بۆرژوازی هاوچەرخمان بۆ باس دەکات لە بەرامبەر ڕەچەڵەکی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا هەیەتی، بۆیە شۆڕشی ئینگلتەرا رووبەڕووی چەواشەکارییەکی مێژوویی کراوەتەوە، لە بریدا بە (شەڕی نێوخۆیی ئینگلتەرا) ناودەبرێت، بەڵام من وا بیر دەکەمەوە ئەڵتەرناتیڤ لە ناو هەناوی نەزم خۆیدایە نەک لە دەرەوەی، دەشێ پەردەیەکی ڕەشی ئەستوور بەرچاوی گرتبین، ئەمڕۆش نەبێت سبەی نیگارەکە ڕووناکتر دەبێتەوە و شۆڕش دەرگای مێژوویەکی تازە دەکاتەوە. تەنانەت لەگەڵ ئایدیای شۆڕشدام ئەگەر سوور بزانم داهاتووی دوای شۆڕش هیچ لە ئێستاکێ باشتر نابێت، گرنگ نەمەیینە و هۆشیارییە بەوەی هیچ سیستمێک بۆ ئەبەد لە دایک نابێت، سەرمایەداریش لەم ڕێسایە بەدەر نییە، ئەوەی کاپیتالیزم لە هزری ئێمەدا پێی هەڵدەستێت گوایە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی باشتر لە گۆڕێدا نییە، ئایدیای شۆڕشیش تەرمێک بوو لە مێژوودا نێژراوە، تەنیا وەهمسازییەکە لە مێشکی ئێمەدا دەکرێت تاکو بڕوا بە نەمریی و جاویدانێتی سیستمی باڵادەست بکەین.

ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت ئەم پڕوپاگەندانە بەشێک لە ڕاستییان تێدایە بەڵکو تەنیا هەوڵێکە بۆ دوورخستنەوەی فریشتەی گیانکێشان لە روحی نەزم، مەرجیش نییە شۆڕش بەرئەنجامی نەخشەیەکی تولانی و پێشوەخت بێت، شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ چەند بەرهەمی بیری ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر و ڕۆشنگەرەکانی دیکە بوو، هێندەش بەرئەنجامی ئەو پێ ڕابواردنەی شاژنە ماری ئەنتوانێت بوو: (مادام نانتان نییە بڕۆن کێک بخۆن) یان بەهاری عەرەبی قەرزاری خۆسووتاندنی

عەرەبانچییەکی وەک بوعەزیزی بوو، بەڵام ئایا ئەمانە لەناو زەمینەیەکی بۆش روویاندا؟ بێگومان نەخێر، پێشوەختە رۆشنبیرییەکی بەرەنگارخوازانە هەبووە کە بە دوای کاتی خۆیدا گەڕاوە، بەم پێیە شۆڕش رەنگدانەوەی پێشکەوتنە لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا، مارکس پێیوابوو (هەژاریی شۆڕش دروست ناکات، هۆشیاریی بە هەژاریی شۆڕش دەکاتە پێویستی)، بەڵام هەمیشە شۆڕش وەک وتم لە پشتییەوە هۆشیارییەک هەیە، لە ساتەوەختێکی چاوەڕواننەکراودا روودەدات یان زۆر جار رووداوێکی بچووک شۆڕشێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، وەک بڵێی پاساوێکی گچکە بەسە بۆ چەخماخەدانی شۆڕشێکی مەزن. لەم دۆخەدا شۆڕش پەرچەکردارێکی راستەوراستی پەستان و ستەمکارییەکی کەڵەکەبوو و رقێکی پەنگخواردووی پیرۆزە، لە رووی فۆرمیشەوە فینۆمینێکی ئاپۆراییە یان بابڵێین دۆخی تووڕەیی و هەڵچوونی سایکۆلۆژییە، ئەوەش بۆ ئەکشنە خێراکە بە کەڵکە، بۆیە ئاساییە لە کەفوکوڵی شۆڕشگێڕانە و لە میتینگە ئاپۆراییەکاندا تا ئەندازەیەک عەقڵانییەت پیوار بێت، ئەمە هیچ لە رەوایی شۆڕش کەم ناکاتەوە. (ناشێ رۆشنبیر «دەستەبژێر» بە ناوی خۆ جیاکردنەوە لە مێگەل و گاڕان و ئاپۆرا، خۆی لە بزووتنەوەی بەرەنگاریی رادیکاڵانە یان شۆڕشگێڕانە بدزێتەوە).

سێیەم: نەک پێویستمان بە رادیکاڵیزمی ١٩٦٨ی قوتابیانی فەڕەنسایە، لە پەنایدا پێویستمان بە گەڕاندنەوەی روحی زەبروزەنگئامێزی ژاکۆبینە شۆڕشگێڕەکانی سەروەختی شۆڕشی فەڕەنسایە کە بە وتەی لینین بۆرژوازی رکیان لێی دەبووە و زراوی وردە بۆرژوازیشی بردبوو، پێویستمان بە فۆرمێک لە توندوتیژییە وەک ئەوەی ئالان بادیۆ بە (زەبروزەنگی بەرگرییکارانە) ناوی بردووە. لە جیهانی تازەدا مافی بەهرەمەندبوون و دەستڕاگەیشتن بە توندوتیژیی بە هەموو کەس دراوە جگە لەو شۆڕشگێڕانەی ئامانجی سەرەتا و دوماهیان ژێراوژووکردنی سیستمە، دەوڵەتان توندوتیژیی لە رادەبەدەر و نائاسایی بەسەر تاکەکەس و کۆمەڵدا پیادە دەکەن، ئەمەش چەشنی مافێکی رەوا و یاسایی دەبینرێت! وەک بڵێی زەبروزەنگی یاسایی، یاساییترین یاسا بێت، بۆ ڤالتێر بنیامین یاسا نەک هیچ بنەمایەکی سروشتیی یان خودایی نییە بەڵکو یاسا بێ بنەمایە، ئەگەر بڕیاریشە

لەسەر بناغەیەک دامەزرابێت لە توندوتیژیی بەولاوە هیچی تر نییە. توندوتیژیی داهێنراوی شۆڕشگێڕە سۆشیالیستەکان نییە بەڵکو سترۆکتوری دەوڵەتە و لە واقیعی جیهاندا بوونێکی سروشتیی بەرچاوی هەیە، مافی شۆڕشگێڕانیشە لێی بەهرەمەند بن، وەک چۆن هەر لە گروپە مافیاییەکان و ئیسلامیستە جیهادییەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگرن تا نۆرە دەگاتە ئەمەریکا و دەمڕاستانی جەنگی بنبڕکردنی (تیرۆر)، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم توندوتیژیی لاپەڕەیەکە لە کتێبی سروشت خۆی. لینین لە (دەوڵەت و شۆڕش)دا و لە ئەنالیزی تیۆری پووکانەوەی دەوڵەت لە دیدی (ئەنگلس)دا، قامک دەخاتە سەر پرسێکی هەستیار ئەویش رۆڵی توندوتیژییە لە بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتییدا کە سەرئەنجام دەوڵەت دەپووکێنێتەوە، ئەو بە ئیقتباس لە دیدی هەریەک لە مارکس و ئەنگلس ئەوە دەخاتەڕوو لە مێژوودا زەبروزەنگ رۆڵێکی تریش دەگێڕێت ئەویش رۆڵی شۆڕشگێڕییە چەشنی بزوێنەری مێژوویەکی تازە، (توندوتیژیی بە پێی وتەی مارکس، مامانی هەر کۆمەڵگەیەکی کۆنە و بە کۆمەڵگەی نوێش ئاوسە). ژیژەک پێیوایە: لینین درکی بەوە کردبوو خودی هەقیقەت سروشتێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە، گەڕاندنەوەشی بۆ سەر سەکۆ پێویستی بە ئاژاوە و دۆخی پەشێوییەکی شۆڕشگێڕانە هەیە.

لەلایەکی ترەوە، بۆرژوازی هیچ کات سڵی لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ نەکردووەتەوە، لە هەر کوێ ویستبێتی دوژمنی ساختەی سازاندووە تا لەو رێگەیەوە پاساو بۆ پیادەکردنی ئەو توندوتیژییانە پەیدا بکات سنوور ناناسن، هەمووشمان وا لێدەکەن هاوسۆزیی لەگەڵ ئەو زەبروزەنگە بنوێنین، وەک چۆن لە فیلمەکانی هۆلیوددا هەست و سۆزمان لەگەڵ پاڵەوانە ئەمەریکییەکەیە ئەگەر بشبێتە کانیباڵ. فاروق رەفیق لە (پاکس ئەمریکانا)دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: تا ئەمڕۆ لە پنتاگۆن کتێبەکەی سیوسیدس (مێژووی جەنگی پینیپلیژیان) لەسەر مێزی هەر ستراتیژیستێکی عەسکەریی ئەمەریکییە. ئەو بیریارە ریالیستییەی لەسەر زمانی ئەفسەرە ئەسینایییەکانەوە پێماندەڵێت: (بەهێزەکان ئەوە دەکەن دەبێت بیکەن، لاوازەکانیش بەرگەی ئەوە دەگرن دەبێت بەرگەی بگرن). ئەم لۆژیکە دنیا هەڵدەسووڕێنێت و کەتوارەکە بە قەولی فاروق ریالیزمە بە رووتی، بەڵام کاتێک

خەڵکانێکی وەک ئێمە باس لە بەرپاکردنی شۆڕش دەکەین، مامۆستاکانی تۆلێرانس و شاگردەکانی گاندی لێمان راست دەبنەوە و دەڵێن ئەوەی بە خوێن بێت هەر بە خوێن دەڕوات، شۆڕش کۆمەڵگە راپێچ دەکات بەرەو توندوتیژیی، ترس و بیم (خۆماڵی) دەکات، وەک چۆن ئاراس فەتاح لە وتاری هەفتانەی خۆیدا لە رۆژی چوارشەممان لە سایتی درەو میدیا لە رێکەوتی ٢٦-١-٢٠٢٢دا، دەنووسێت: (دەوڵەتی سۆسیالیستیش نموونەی ئەزموونی دەسەڵاتدارێتییەک بوو کە هەروەکو چۆن لە ئاستی ئابوورییدا نەوتی بەخۆماڵییکرد، ئاوهاش لە ئاستی کۆمەڵایەتییدا ترسی بەخۆماڵییکرد. واتە ترس لە دەوڵەتی سۆسیالیستیی یان کۆمۆنیستییدا بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر کۆمەڵگادا دابەشکرا). کەسێک ئاگای لە مێژوو نەبێت پێیوایە پێشتر ترس نەریتێکی لۆکاڵی نەبووە، لە سایەی سۆشیالیزمدا بە خۆماڵی کراوە!. یان پێماندەڵێن رێکوپێک بن با (ئاشتی کۆمەڵایەتی) لەناو نەچێت، وەک بڵێی ئەم دنیایەی ئێستا نوقمی ئاشتییەکی سەراپاگیر بووبێت و ئێمەش دەستەیەک مرۆڤ بین لە رووی دەروونییەوە سایکۆسیس و هیستریکی، بەرگەی ئەم ئاشتییە ئیدیالە نەگرین، وەک بڵێی سیستمی باڵادەست لەسەر بناغەی توندوتیژیی بەرجەستە و نابەرجەستە خۆی رانەگرتبێت! یاخۆ رێگە لە هاوپەیمانێتی تیرۆریزمێک گیرابێت گوایە لە جەنگدایە لەگەڵ جەمسەرێکی تری تیرۆر.

من: شۆڕش بە هەموو واتا و فرەدیوییەکانی خۆیەوە وەک پرۆسەیەکی دیالەکتیکی بزووێنەری جیهانە، دەنا جیهان بۆگەن دەبێت، وەک چۆن ئێستا کۆمەڵگای جیهانیی بە هۆی مەیین و نەمانی ئایدیای شۆڕشگێڕییەوە دۆنادۆنی کردووە بۆ کۆمەڵگەیەکی پووچگەرا ئەویش وەک دەرئەنجامێکی راستەوخۆی بە تاڵکردنەوەی خەیاڵی مرۆڤ لە ژێستی شۆڕشگێڕانە و کردەی سیاسیی رادیکاڵانە و راهێنانیان وەک تاکی ئیگۆیست و بەرخۆر، ئەو جیهانە هیچگەراییەی نەهۆ تەنیا بە چالاکیی رادیکاڵ و ئەنتی سیستم دەچێتە کەوڵێکی ترەوە، ئەگەر بڕیارە رادەستی هیچباوەڕیی و بێهودەگەرایی نەبین، ئەوە ئەکتی شۆڕشگێڕانە بۆ هێنانەدی ئەو ویست و ئیرادەیە پێویستییەکی پلە یەک و ژیانییە، هەر وەک چۆن ژیژەک لە مەتبەخە ئیتاڵییەکەدا و بەدەم دروستکردنی خواردنێکەوە دەدوێت و دەیەوێت ئەم

پانتاییەش بقۆزێتەوە بۆ رەخنەگرتن لە سەرمایەدارییی، لە سەرەتای قسەکانییەوە ئارگۆمێنتەکەی ڤالتێر بنیامین دەهێنێتەوە یادمان: (نەشونماکردنی هەر جۆرە فاشیزمێک بەرەنجامی لاوازیی چەمکی شۆڕش و روحی شۆڕشگێڕانەیە). دنیای ئێستا لە پیواری چالاکی شۆڕشگێڕانەدا بووەتە دنیایەکی تەواو ئاوەژوو، بە جۆرێک لە دیمەنەکانی ناو رۆمانی (فەهرەنهایت ٤٥١)ی نووسەری بەناوی رای برادبێری دەچێت. چیرۆکەکە لە داهاتوودا روودەدات، رەنگە ئەو داهاتووەی رۆمانەکە لە بارەیەوە دەدوێت، ئێستاکێ بێت و تێیدا بەشێوەیەکی ئایرۆنی کارمەندانی ئاگرکوژێنەوە لە بری کوژاندنەوەی ئاگر، خۆیان بە سووتاندنی کتێبەکان ئاگر خۆش دەکەن!. بڕوام بەوە نییە، دنیای پاش شۆڕش ببێتە بەهەشت وەک چۆن ناکرێت تا سەر لەم دۆزەخەی کاپیتالیزمیشدا گینگڵ بخۆین، ئەڵبەتە میتافۆری بەهەشت بەدەرە لە مانا میتافیزیکییەکەی و ئەو رەوشە بێ ئومێدەی بەهۆی مەیینەوە لەوێ دروست بووە، مەبەست لە سەرزەمینێکی گریمانەکراوی پڕ شادیی و ئارەزووە، بەڵێنی هیچ جێگەیەکی ئایدیاڵ نادەم لە ئایندەدا لەسەری بژین، بەڵام ئەز لەمڕۆدا دەژیم و دەڵێم ئەمڕۆ خراپە و نابێت پێی قایل بین. تۆ کاتێک پێتدەوترێت بێ ئومێد، ئەگەر بە مانەوەت لەم دۆخەدا رازی بیت، مرۆڤی رازی و نائومێد هەریەک کەسن!، ئومێدیش ئەوە نییە سەرمایەدارییی بە دەزگایی کردووە و وەک ئایدیایەکی کاڵ هەرمێنی پێ دەدات، ئەویش لە پێناوی سەقامگیریی و مەیینی کۆمەڵایەتیدا کە تێیدا گرەنتی وشکبوونی هەر ئەکتێکی رادیکاڵ کراوە، لە خۆیدا ئەو ئومێدەی جێی مەبەستە و لە مرۆدا پێی دەوترێت نائومێدیی کردەیەکی نێگەتیڤ و وزەیەکی وێرانخوازە لە پێناوی بیناکردنەوەدا، دەبێت چەپ تیۆری ئاژاوەی بنیاتنەر وەک چەمکێکی ئەفلاتۆنیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بسەنێتەوە و بیکاتە موڵکی خۆی.

سێیەم: هەموو کات شۆڕش لە چرکەیەکی چاوەڕواننەکراودا روودەدات، وەک تەقینی ئەو میزەڵانەی زۆرتر لە خۆی هەوای تێکراوە، ئەگەرچی دۆخی هەنووکە بڵقی کردووە، بەڵام هێشتا هەلومەرجی بابەتی بۆ تەقانی نەهاتووەتە پێشەوە، رەنگبێ بەشێک لە هۆکارەکە بە پێی ئارگۆمێنتەکەی بنیامین بۆ لاوازیی یان نەمانی

دیسکۆرسێکی شۆڕشگێڕانە بگەڕێتەوە. لە میانەی پرسیارێکەوە کە ئاڕاستەی ژیژەک کراوە (دەقی پرسیارەکە ئەمەیە): دوتۆکڤێل لە بەرهەکەی خۆیدا بە ناوی رژێمی کۆن و شۆڕش (١٨٥٦) ئەو تێڕوانینە نادروستەی باوە و پێی وایە شۆڕش لە ئەنجامی نەبوونی هیچ جۆرە ریفۆرمێکەوە سەرهەڵدەدات، دەداتە بەر رەخنە، بە پێی روانینی دوتۆکڤێل کۆمەڵگایەک بەبێ هەر جۆرە پێشینەیەکی نزیک بە ریفۆرم ئەگەری شۆڕش تێیدا کەمترە!. ئەو بەو ئەنجامە گەشتووە لە راستیدا شۆڕشەکان لە پاش ریفۆرمی بێ کاریگەریی و شکستخواردووەوە دێن!. شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دوای ریفۆرمی هەڵوەشاندنەوەی سیرواژ، لەگەڵ هەنگاوی قەیسەر بۆ بە رۆژئاواییکردنی شارەکاندا بەرپابوو. شۆڕشی گەلانی ئێران پاش ریفۆرمەکانی شای ئێران بە ناوی (شۆڕشی سپی)یەوە روویدا، تەنانەت شۆڕشی کوبا پاش ئەو ریفۆرمانەی ناونرابوون (ریفۆرمی سۆشیالیستی) لەلایەن ژەنەراڵ پاتیستاوە روویدا!. نایەتەوە یادم ژیژەک چۆنچۆنی بەرسڤی ئەم پرسیارەی داوەتەوە. لەوانەیە بەشێوەیەکی رێژەیی ئەم تێڕوانینەی دوتۆکڤێل راست بێت و تەبا بێتەوە لەگەڵ روانگەی کارڵ مارکس. لە گۆشەنیگای مارکسەوە سەرمایەداریی بە سروشتی خۆی ئەو هەلومەرجانە دەڕەخسێنێت دەبنە هەوێنی بەرپابوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە دژی خۆی، بە مانایەکی تر کاپیتالیزم بەبێ ئەوەی بیەوێت تووی مەرگ و رووخاندنی لە خۆیدا هەڵگرتووە، زیاد لە جارێکیش ئەو وتەزایەی مارکسم بیر هێناوەتەوە: (هەموو شتێک لە سەرمایەدارییدا ئاوسە بە دژەکەی خۆی). لای وی منداڵدانی سەرمایەداریی دووگیانە بە سۆشیالیزم و پاشان کۆمۆنیزم. ئەم تێبینییە بۆ سەردەمی مارکس خۆی، پڕ بە پێستی ئەو سەرمایەدارییە بوو ئەوێ رۆژێ لە گۆڕێدا بوو، گریمانەکەی دوتۆکڤێڵ و مارکس وەک دوو روانگەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ناتوانن ببنە یاسایەکی بێ چەندوچوون بۆ ئەم رۆژگارە، لە زەمەنێکدا نیولیبراڵیزم باڵی کێشاوە بەسەر جیهاندا، مەرج نییە هەر شتێک بە پێی ئەو نەخشەیە بڕواتە پێشەوە ئەوان گریمانەیان کردبوو، روونیشە نیولیبراڵیزم ئەو ئایدیۆلۆژیا نوێیەیە جێی بە دەوڵەتی رەفاه لێژ کردووە، کرۆکی لیبراڵیزمی نوێش ئەوەیە ئازادت دەکات لە نێوان کاڵاکاندا بە ویستی خۆت یەکێکیان هەڵبژێریت،

چونکە هیچی لە دنیا نەهێشتووەتەوە جگە لە بازاڕ.

شۆڕشیش لە جیهانێکی بە کاڵابوودا ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، ئەرکێکی قورسترە لەوەی بیری لێدەکەینەوە، فێڵەکانی نەزم و لیبراڵیزمی نوێ لە خەونەکانی ئێمە زۆرتر و بەهێزترن، تەنانەت نیولیبراڵیزم لە چاپە کوردییەکەیدا کە بارگاوییە بە روحی فیوداڵیزم و نەوتخۆریی، ئاوەزی بەوە شکاوە تێکبەردانی چینەکانی خوارەوە لەناو خۆیاندا، بەتاڵکردنەوەی توندوتیژیی پەنگخواردووی تاکەکانی کۆمەڵ لە دژی یەکتر و لە دژی ژنان، گرەنتییەکە بۆ قوچەکی فەرمانڕەوا و چینی سەرەوە لە ئەگەری هەڵگەڕانەوەی ئەم ماتەوزەیە دەپارێزێت. پێموایە هەڕەمی دەسەڵاتداریتی دەیەوێت ئەو تاکە عوسابی و عەسەبییە هەمیشە ئامادەگیی هەبێت لەسەر نیگایەک خوشک یان هاوژینەکەی دەکوژێت، چونکە ئەگەر ئەم توندوتیژییە پەنگخواردووە و ئەو غەریزە ساناتۆسییەی لە هەموو قوژبنێکی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، پێچەوانە ببێتەوە و بچێتە خزمەتی غەریزەی ژیانەوە یانژی ڕێی خۆی بدۆزێتەوە و ببێتە میکانیزمێکی هەراش لە دژی ویستی کاولکاریی و چەوساندنەوە، وەک ئەوەی مارکۆزە لە بارەی رەمەکی ساناتۆسەوە لە کتێبی (ئیرۆس و شارستانی)دا تیۆریزەی کردبوو، لە کاتی هەڵگەڕانەوەی ئەم ماتەوزەیەدا هیچ دەرچەیەکی تر لە بەردەمیدا نابێت جگە لە هەڵڕشتنی بەسەر چینی دارای فەرمانڕەوا و مشەخۆری کۆمەڵگەدا.

من: ئەگەر باسەکە تایبەتتر بکەینەوە و بێینە سەر کۆمەڵی کوردەواری، یەک جۆر توندوتیژیی زەق دەبینین ئەویش کوشتنی ژنانە، لەمە بەولاوە مرۆڤی کورد فێری مەلە بووە لە فەرهەنگێکدا ئەوپەڕی پاسیڤیزمە، بەردەوام بۆ هەموو شتێک چاوی لە دەستی دەسەڵاتە وەک مەکرەمەیەک ئازادیی یان نانی پێ بدات، هیچ ژێستێکی نییە بۆ گۆڕینی دۆخی خۆی، وەک کەسێک مەلەوانی نەزانێت و کەوتبێتە ناوەڕاستی ئۆقیانووسەوە، باشترە فێر بین ئازادیی بەدەست بهێنین نەک پێمان ببەخشرێت، وەک ئەو دروشمەی شۆڕشی خوێندکارانی فەڕەنسا ١٩٦٨: (ئازادم مەکە، خۆم خۆم ئازاد دەکەم). هەرچەندە ئەم دەستەمۆییە بە تەنیا بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردیی نەگرتووەتەوە بەڵکو دەرکەوتەیەکی یونیڤرساڵە، هەروەک لە

نامەیەکی بوکۆفسکی بۆ جۆن مارتن لە رۆژی ١٢ی ئابی ١٩٨٧دا نووسیبووی: (تۆ ئەو قسەیەی منت لە بیرە کە دەمگوت کۆیلایەتی کۆتایی نەهاتووە، تەنها درێژەی بەوە داوە هەموو رەنگەکان لە خۆ بگرێت؟). هەرچەند سەیری دۆخی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دەکەم چیرۆکێکی (عەزیز نەسین)م دەهێنێتەوە یاد بە ناوی (پشیلەیەکی بەختیار) کە لە رێی کارەکتەری ژنە هونەرمەندێکەوە خەونێک دەگێڕێتەوە: لەناو قەرەباڵغییەکدا دەنگێک هاواریان لێ دەکات هەر کەسەو لە جێی خۆی رەق رابوەستێت و بازنەیەک بە دەوری خۆیدا بکێشێت!، هەریەکەو بە جۆرێک بازنەیەک دەکێشێت. خانمە هونەرمەندەکە دەڵێت: لە خەونەکەمدا بە پەنجەم لە هەوادا بازنەیەکم بە دەوری خۆمدا کێشا، دواتریش هەموو هەستیان بە وەستان و کۆت و بەند کردووە و چاوەڕێ بوون کەسێک لە دەرەوە بێت بازنەکەیان بۆ بسڕێتەوە، لەم کاتەدا پشیلەیەک پەیدا دەبێت بە ویستی خۆی بە ناو بازنەکەدا پیاسە دەکات، هەموو خۆزگە دەخوازن پشیلەیەک بوونایە. لێرەدا روونە بازنەکان وەک ئەوەی ژنەکە وەهمین و ئارەزوومەندانە بە دەوری خۆماندا دەیانکێشین، بەڵام هاتنە دەرەوە لەو بازنانە کارێکی فرە سەخت و دژوارە، ئێمەی مرۆڤی هاوچەرخ دەیان بازنەی وەهمیمان بە دەوری خۆماندا کێشاوە، زۆر بە ئاستەم توانامان هەیە لەو بازنە داخراوانە بێینە دەرەوە، بەڵام با وریا بین تێپەڕاندنی ئەو بازنانە مەحاڵ نین.

ژیژەک هەستی دڵنیایی سەرمایەداریی و ئەوەی هەموو شتێک وەک خۆی و بەو جۆرەی ئێستا هەیە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە بە ساختە و فریودەرانە دەبینێت، بەڵکو هەر بەر جەبرێکی شۆڕشگێڕانە دەکەوێت، شۆڕش لە دیدی ئەودا پێدراوێکی نموونەیی نییە تەقەلای لە پێناودا بکەین، بەڵکو شتێکە ناتوانین خۆمان لێ لابدەین، رەخنەش لە چەپی ئەمڕۆیی دەگرێت بەوەی (شۆڕش دەکەنە جەبرێکی ئەخلاقی) نەک میکانیزمێک بۆ تێپەڕاندنی هەلومەرجی خەوشداری ژێر هەژموونی سیستم، ژیژەک قامک دەخاتە سەر پرسێکی هەستیارتر، ئەویش پرسی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەیە، وایدەبینێت بیردۆزی شۆڕش بە بێ ئەکتی زەبروزەنگئامێز لە خەونەکەی رۆبسپێر دەچێت واتە (شۆڕشی بێ شۆڕش). لە

هەمان کاتدا توندوتیژیی فاشیستی دەباتە دەرەوەی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە و بە شتێکی نمایشییانە سەیری دەکات، تێیدا (هەموو شتێک روودەدات بۆ ئەوەی هیچ روونەدات). بە دیدی ئەز، دەتوانین ئەم دیدگایە پێچەوانە بکەینەوە لەوەدا کە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە، هەموو شتێکی تێدا روونادات بۆ ئەوەی هەموو شتێکی تێدا رووبدات و بگۆڕدرێت. لە دۆخە کوردییەکەشدا بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە خەریکی بەرهەمهێنانی تاکی ملکەچ و نوزەنوزکەرن، هیچ کات دیسکۆرسێکی شۆڕشگێڕیی لە دەرەوەی دەسەڵات خۆی مانیفێست نەکردووە، رووی داواکاریی لە دەسەڵات نەکردبێت چەشنی داوا لە باوکێکی بە بەزەیی یان پاڕانەوە لە خودایەکی بەخشندە، گووتاری ئەو دەعبا ناشرینەی ناوی ئۆپۆزیسیۆنە سەرمایەگوزاریی کڕوزانەوە و زەبوون نیشاندان بووە، هەمیشەش چاوی لە دەستی دەسەڵاتێکە کە خۆی نابێت هەبێت، رۆبسپێر وتەنی هەڵەکە بوونی پادشایە!. دەزانم کارمان سەختە و پێویستە لە سەرەتادا زەینەکان بگۆڕین، پاشتر هەنگاوی کرداریی بنێین.

سێیەر: بێگومان نەخشەی گۆڕانکاریی بە هێنانەئارای زەینێکی شۆڕشگێڕ دەستپێدەکات، ئێمە دەبێت سەرگەرمی داهێنانی تیۆری رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە بین تا بتوانین دنیای کوردیی بناسین پاشان هەوڵ بدەین بۆ گۆڕینی. ئەگەر سەردەمانێک پاشەکشەی چەپ بە هەر هۆکارێک بووبێت، بووبێتە بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی خێڵەکی و بزووتنەوەی کوردایەتی یان لە پیواری چەپدا زەمینە بۆ گەشەی فێندەمینتالیزمی ئیسلامی رەخسا بێت، هەنووکە گۆڕەپانەکە لە چاوەڕوانی گۆڕانێکی ریشەییدایە، بەرەی کوردایەتی بە هەموو گرایشەکانییەوە سی ساڵ زیاترە لە دەسەڵاتدان و هەرەسە مەزنەکەیان بە روونی دەرکەوتووە، بەرەی ئیسلامی بە درێژایی هەمان مێژوو، چ لە رووی ئۆتۆریتە و چ لە رووی گووتارەوە، نەیانتوانیوە پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەستبهێنن، کۆمەڵگە و دەسەڵاتی پێ بەڕێوە ببەن، بە گەڕانەوەی چەپ بۆ ستادیۆمەکە ئاسۆیەکی نوێتر دەکرێتەوە، ئەگەر تا کۆتایی دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە سوڕی ژیانی چەپ لە کوردستاندا بە قۆناغی متبوون و تێکشکاندا تێپەڕ بووبێت، حاڵی حازر دەرفەت و زەمینەیەکی تر

هەیە بۆ ئەڵتەرناتیڤێکی چەپی رادیکاڵ کە چەکدار بێت بە تیۆری شۆڕشگێڕانە، لەوە دڵنیام بە کەرەستە و میکانیزمە سواوەکان، بە بێ تیۆرێکی نوێباو کە لە هەناوی کۆژانەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە دەرهاتبێت، هەر هەوڵێکی چەپ خولانەوەیە لە بازنەدا، تەنانەت پێم سەیرە چەپی کورد ناتوانێت کۆمەڵگەی خۆی بخوێنێتەوە، لەلایەک ئارگۆمێنت بۆ ساویلکەییەکەی دەهێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە بەڵگاندن دەکات بیسەلمێنێت لە بەردەم حەشاماتێکی پڕ تەلیسم و ئالۆزدان، هیچ زانستێک ناتوانێت لێیان تێبگات!. بە بڕوای من کورد نەتەوەیەکی ساکارە، چەپی خاوەن تیۆر و میتۆد دەتوانێت ئەم ساکارییە کە لە قۆناغی ئاین و سروشتگەراییدایە بە وردیی بخوێنێتەوە و لێی تێبگات. تا ئێستا ئەو دەرفەتە لە کۆمەڵگەی کوردییدا ماوە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە تێیدا رووبدات، چونکە بەدەر لە نەریتە سواوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، هێشتاش بە تەواوەتی کاپیتالیزم قووتی نەداوە یان هیچ نەبێت تا ناوقەدی قووتداوە، دەتوانین خۆمان راپسکێنین و لەگەڵ خۆماندا کۆمەڵگا رابکێشین بەرەو دەرەوە و نەهێڵین بە تەواوەتی قووتی بدات و کاریشمان ئامادەکردنی باخچەکەی ئەبیکۆرە وەک ژیانگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان، بە پێچەوانەی کۆمارەکەی ئەفلاتۆنەوە کە زۆرێکی لێ کرابووە دەرەوە و جێی هەمووانی تێدا نەدەبووەوە.

من: تووشی ژانەسەرێکی قورس بووم، دەڵێی ئاگر لە مێشکمدایە، بە گشتیی بیرکردنەوەش رۆڵی بەنزین دەگێڕێت بۆ کڵپەسەندنی زیاتری ئەو ئاگرە هەرگیز دانەمرکاوەیەی ناو سەرم، لێرەدا میتافۆرێکی شاعیرانە لە ئارادا نییە و هێماکردن نییە بۆ هەستێکی ڤێرچواڵ، بە قەد ئەوەی باس لە ئازارێکی بەرجەستە دەکەم لە مێشکمدا. لە کۆتایشدا رێگەم بدەن بڵێم، چەندان جار رۆمانی بەناوبانگ و سەیری (فرانکشتاین)ی (ماری شیلی)م خوێندووەتەوە، لاف لێنادەم بتوانم بەشێوەیەکی هێرمینیۆتیکیی و بە میتۆدێکی زانستی و رەخنەییانە دەقەکە هەڵبسەنگێنم، بەڵام ئەگەر نەبێت بە مانا لێ بارکردن، مافی خۆمە وەک هەر خوێنەرێکی تر، میتافۆری دەعباکەی فرانکشتاین بە کاپیتالیزم بچوێنم. رۆمانەکە سەربردەی پزیشکە پاڵەوانێک دەگێڕێتەوە بوونەوەرێکی نامۆ و ناقۆڵا دەئافرێنێت، ئەم بوونەوەرە بزۆزەش بە هیچ داناسەکێ تا لە کۆتاییدا نەک هەر سەری خەڵکانی تر، بەڵکو

سەری ئافرێنەرەکەشی دەخوات. سەرمایەداریی هەمان ئەو بوونەوەرە سامناکەیە لە پیواربوونی ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕدا، نەک هەر سەری ژینگە و ژیان پێکەوە دەخوات، خۆی لە تەفروتوناکردنی ئافرێنەرانیشی نابوێرێت. پێموایە ئەو ئایدیایەی زۆرترین یارمەتیمان دەدات بۆ گۆڕانکاریی بنچینەیی و زیندووکردنەوەی روحی شۆڕشگێڕیی جگە لە چەپگەرایی هیچ ئایدیایەکی تر نییە، چەپ بە تایپێکی تازەتر نەک لە سولالەی ئەو تەرزە چەپەی هەشتاکانی فەڕەنسا و ئۆرۆ کۆمۆنیزمەوە هاتبێت، وەک ئالان بادیۆ لە پەسنیدا دەیگوت: خێوێکی گەڕاوەبوو بۆنێکی پیسی لێدەهات. نە چەپێکی ئەزموونکراو لەسەر هیچ سەرزەمینێکی تر، چەپێکی رۆشن و کراوەی کوردیی بەسەر دنیای نوێدا، چەپێک توانستی کاری لە بەرزکردنەوەی دروشـم پتر بێت، چەپێک لیاقەتی فێربوونی لە قسەکردن زیاتر بێت، ئێمە پێویستمان بەوەیە تەنانەت لە ئەزموونی ئەوانیتریشەوە فێربین، با ئەویتر پۆتین یان ئۆباما، فوکۆیاما یان ریچارد رۆتیَ بێت. ئەو تێزەی پێیوایە چەپ ناتوانێت وانە لە راستەوە فێربێت، قاچی بووە بە تەڵەیەکی ئایدۆلۆژیی وشک و برینگەوە، ئەمە هەڵەیەکی میتۆدلۆژییە دەبێت راست بکرێتەوە. لینین کاتی خۆی هانی هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی دەدا، لە (لوید جۆرج)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە فێربن!، سلاڤۆی ژیژەک دوای نزیکەی سەدەیەک هەمان شتی دووپات کردەوە، ئەمیش پێیوابوو چەپ دەتوانێت لە مارگرێت تاتچەری سەرۆک وەزیرانی کۆتایی هەفتاکان تا ساڵی ١٩٩٠ی بەریتانیاوە فێربێت!. ژیژەک لە وەسفی تاتچەردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەرکردەیەک بوو بە هیچ جۆرێک پاشەکشە و سازشی لە هیچ هەڵوێست و قسەیەکی خۆی نەدەکرد، ئەگەر سەرەتا بە شتێکی سەرەڕۆیانە و شێتانەش ببینرایە، بەڵکو وردە وردە شوێنی خۆی دەکردەوە و دەبووە نۆرمێکی پەسەند لای زۆرینە بگرە لای هەمووان.

پێویستە بچینە قۆناغێکی ترەوە کە میتا رەوشت و پۆست چاکە و خراپەیە، پێویستە چەپ ئەو تەڵزگە بیست و پێنج سەدەییە تێکبشکێنێت لە روانین بۆ سیاسەتدا، بەڵام ئایا (لینین)ێکی تر لە ئاسۆدا دەرکەوتووە بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە کوشندە و ژیانییەمان بداتەوە (چی بکرێت؟) و رۆژەڤی نوێی چەپ چی

بێت لە دەرەوەی نەریتی ئاکار و فەزیڵەت بە مانا ئۆرۆسۆدکسییەکەی؟. ئەرستۆ لە کتێبە گرنگەکەی خۆیدا (پۆلەتیکا)/ سیاسەت بەو کردەیە پێناسە دەکات بە دوای فەزیڵەتەوەیە، ئەمەش ناوەڕۆکێک بوو تا ئەمێستا وەک خۆی بە رەهایی و جێگیریی ماوەتەوە، ئەوەی لەم نێوانەدا گۆڕاوە پرسیارکردنە لەسەر خودی چاکە و چییەتی چاکە، تەنانەت مەکیاڤیللی کە بە پێچەوانەی (کانت)ەوە سیاسەت و ئاکاری لە یەکتر جیادەکردەوە، نەیدەتوانی لەو چوارچێوە ئەرستۆییە دەربچێت، پێیوابوو ئامانجی سیاسەت لە دوماهیدا بریتییە لە دەستەبەری چاکە، لەلای مەکیاڤیللی و پراگماتیست و ئوتیلیتاریستەکان هەڵگەڕانەوەیەکی رادیکاڵ بەسەر چەمکی چاکەدا هات، بەو جۆرەی چاکە بریتییە لەوەی سوودی هەیە نەک چاکە شتێک بێت لە جەوهەر و ماکی خۆیدا چاک بێت، بەڵام فرۆید و دەروونشیکارانی پاش ئەو، نکۆڵی لە بوونی چاکە دەکەن و پێیانوایە فەزیڵەت لە وەهمێک بەولاوە زیاتر نییە، بۆی هەیە ئەمەش تێزێکی ئەنتاگۆنیستی بێت لەگەڵ روانگەی مارکسیزمی ئۆرۆسۆدۆکسدا!، با خودی مارکس سەرنجمان بۆ ئەوە رابکێشێت کۆمۆنیزم بە قەدەر ئەوەی تیۆرێکی شۆڕشگێڕانەیە نیو هێندە داهێنراوێکی هزریی یان فەلسەفی پیاوچاکێکی نێو مێژوو نییە، لە روانگەی ئەوەوە لەناوبردنی بۆرژوازی بە چاکەی گشتیی دەگەڕێتەوە، بۆ بیریارانی تیۆری رەخنەیی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) بابەتەکە بەشێوەیەکی تر بوو، ئادۆرنۆ بڕوای بە دیالەکتیکێتی مێژوو هەبوو، بۆیە وایدەبینی تێز و دژە تێز، ئاشتی ناکەن تا سانتێزێک لە دایک بێت، بەم بۆنەوە بڕوای بە دیالەکتیکی نێگەتیڤگەرایی هەبوو تا کۆتایی. وەک خۆیشم وا بیر لە چەپ دەکەمەوە، نەریتێکی سیاسییە و دەچێتە ئەودیو چاکە و خراپەوە، رەخسێنەری بەستێنێکی شۆڕشگێڕییە بۆ ئاڵوگۆڕ لە رەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، وەکوتر ناچێتە نێو وردەکارییەکانی دەروونی پڕ گرێوگۆڵ و ئارەزووی ململانێکاری مرۆییەوە.

## هونەری ئاڤانگارد
##ترووسکەی شەوەزەنگ

سێیەر: لە باری واقیعییەوە دوالیزمی هونەر و چەپ هێندە تێکچڕژاو و بەناویەکداچوون، چەشنی یەکگرتنی دوو هایدرۆجین و ئۆکسجینێکە کە بەرهەمەکەیان ئاوە، لەو کاتەوەی شێوەکاران دەستیان لە وێنەکێشانی چینی ئەریستۆکراتی کۆمەڵگە هەڵگرت یان موزیسیۆنەکان دژی ریتمی خاوی موزیک وەستانەوە کە رۆڵی باوەشێنی دەبینی بۆ سەرخەوشکاندنێکی رۆمانسییانەی چینی خانەدان، یەکەم گورزی سیاسیی لە ئێسکە پەیکەری چینی خانەدان و فیوداڵیزم درا. ئەگەرچی ئەمانە پێش دەرکەوتنی نەریتی چەپڕەویی بوون لە مێژوودا، بەو پێیەی چەمکی چەپ وەک کۆنسێپتێکی سیاسیی، بۆ یەکەمجار لە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسادا دەرکەوت، لایەنگرانی گۆڕانکاریی رادیکاڵی لەلای چەپەوە دانیشتن، هەرچی لایەنگرانی سیستمی نەریتی و پاشایەتییە لای راست دانیشتبوون لە پەرلەمانی ئەوکاتی فەڕەنسیدا، کارەکەش خۆڕسکانە روویدا، دەتوانین ئەو هونەرمەندانە بە چەپی پێش دەرکەوتنی چەپ ناودێر بکەین. جۆن مۆلینۆ جەخت دەکاتەوە، زۆرینەی هونەرمەندان مەیلیان بە لای چەپەوەیە، زۆرێکیش لە سیاسەتمەدارە چەپەکان حەزێکی بێ سنووریان بۆ هونەر هەیە. کەچی بیری چووە ئەوە زیاد بکات و بڵێت زۆرینەی جار هونەرمەند چەپ و سیاسییە، سیاسەتمەدارە چەپەکانیش لە بناغەوە پاشخانێکی ئەدەبیی یان هونەرییان هەیە. ستالینیزم ئەدەب و هونەری کردە پاشکۆی سیاسەت نەک ئەوەی خۆیان جۆرێک لە سیاسەت پەرەپێبدەن، لە سۆڤیێتی ستالینیدا تێزی (هونەر بۆ حزب) جێگەی بە تێزی (هونەر بۆ کۆمەڵگا) لێژکرد (وەک خۆم هاوئاوازی ئەدۆنیسم ساتێک دەڵێت هونەر بۆ

ئینسان و هیچی تر)، لە ستالینیزمدا حزب چووە سەرو مرۆڤ و کۆمەڵگەوە و لە حزبیشدا قوچەکەکە تەوتەمئاسا پیرۆزکران. چیدی هونەر بوو بە کۆمیتەیەکی سەر بە حزبی باڵادەست، تا ئەو ئەندازەیەی لە کۆنگرەی بیستی حزبی کۆمۆنیست و دوای سێ ساڵ بەسەر مردنی (ستالین)دا، شۆخۆلۆڤ خاوەنی رۆمانی دۆنی ئارام بە زمانێکی پڕ گلەییەوە بڵێت: (ژمارەی ئەو کتێبە باشانەی لە ماوەی بیست ساڵی پێشوودا لە یەکێتی سۆڤێتدا چاپکراون بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن!). ئەدەب و هونەر بێ ئەوەی ببنە ئامرازی پڕوپاگەندەی سیاسیی و زمانی سیاسەت زاڵ بێت بەسەریاندا، دەتوانن کاریگەریی لەسەر هۆشیاریی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک دابنێن، لە نموونەی ئەو کۆمیدیا رەشەی چارلی چاپلن لە فیلمی (دیکتاتۆری گەورە)دا بەرجەستەی کردبوو.

من: ئادۆرنۆ پێیوابوو هونەر لە رێی ئەو هۆشیارییەی لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لە راستای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر رەنگ و مۆدیلێکی ستەمکارییدا، ئەمەش نەک هەر رەنگدانەوەی لەسەر سایکۆلۆژیای وەرگر هەیە، وەرچەرخانیشیان تێدا دروست دەکات بۆ بیرکردنەوە و کردەی رادیکاڵ. بەڵام ئەمڕۆ هونەرێک هەڕمێنی پێدراوە جوانییەکی پەتی بەرهەم دەهێنێت، وەک ئەو تەرزە هونەرەی جیهانی سەرمایەداریی داپۆشیوە کە عەبایەکی رەش دەدات بەسەر واقیعی رەسەندا، بەرهەمهێنەری دنیایەکە لە زڕەخەیاڵدا و شێوەی ناچێتەوە سەر ئەو جیهانەی تێیدا دەژین، پەلمان بۆ واقیعێکی رۆمانسی داتاشراو رادەکێشێت، بە دەنگێکی دڵنشین بانگمان دەکات و بە گوێیەکانماندا دەچرپێنێت: ئەم جیهانە پڕە لە جوانیی، تۆش دەتوانیت لای خۆتەوە چمکێکی ئەو جوانییە بگریت. تا ئەو ئاستەی لە بری دراگۆلایەک خۆت لێدەبێتە پەروانەیەکی باڵ رەنگین، چیرۆکی (پیاوی پەپوولە)ی نووسەری چینی (چانگ تیسۆ) سەرگوزەشتەی پیاوێکە لە خەونیدا بووە بە پەپوولە، کاتێکیش لە خەو بێدار دەبێتەوە، لە خۆی دەپرسێت: ئەرێ من پەپوولەیەک نەبووم، بووم بە مرۆڤ؟. ساڵانێکی زووتر بەر لە ئەمڕۆ، وتەیەکم لە کتێبێکی پەڕە زەرددا خوێندەوە، دەتوانین بەم شێوەیە دایبڕژێینەوە: (ژیان خۆی شێتە، ئێمە دەبێت ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین). بۆ نا ئەگەر

ئەوەش زیاد بکەین ژیانی هاوچەرخ لە خۆیدا ڕێک و ناسکە، چاکتر وایە ناڕێکانە (دیسۆنانس) و ڕەق و بەردئاسا ڕووبەڕووی ببینەوە؟. ژیانی سەردەم پڕیەتی لە زەقکردنەوەی وێنەی ڕێک و ناسک و جوانی هەموو شتێک، وەک ئەوەی لە بەرنامە شۆوەکانەوە دەیبینین، ئەرکی هونەری ئاڤانگارد ئەوەیە گەمەکە پێچەوانە بکاتەوە، هەڕەمەکی و ناهارمۆنیانە خۆی مانیفێست بکات، لە فیلمی جۆکەردا بە نمایشێکی خوێناویی و رادیکاڵانە ئەو وێنا ڕۆمانسییە ناسک و دروستکراوەی بەرنامەکەی مۆرەی فرانکلین هەڵدەگێڕدرێتەوە، جیهانی تازە ئەم تەرزە هونەرە دەخوازێت.

ئەرکی هونەری ئاڤانگارد (پێشڕەو) لنگەوقووچ و ناماقووڵ نیشاندانی هەموو شتێکە وەک چۆن واقیع خۆی هەر بەو جۆرەیە!، ئەوەی دادایست و سوریالییەکان پێی هەڵدەستان لە ڕێگەی نیشاندانی جیهانێکی ئـاوەژووەوە، پێرفۆرمانسێکی ریالیتیانەی ئەوە بوو لە سەکۆی جیهاندا بەڕێوە دەچوو، هـەروەک ئەوەی لە فیلمەکانی (پازۆلینی)شدا ئەم دژە ئیستاتیکایە بە زەقیی دەبینرێت، بە پوختی نیشاندانی لنگەوقووچی جیهانی ئەمڕۆ وێنە زبر و تەواوەکەی جیهانە. هونەری پێشڕەو، جوانی و هارمۆنییەتی خۆی لە ناڕێکی و ناشرین نیشاندانی واقیعدا دەردەخات، بیرمە بیست و ئەوەندە ساڵ لەمەوبەر لە بەشداریی کۆڕێکدا (مداخلە) لە شاری سلێمانی، گووتم: (بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی تازەی دنیا پێویستمان بە ناشرینکردنی جوانیی و جوانکردنی ناشرینییە). وەک ئەوەی نوکتەیەکم گێڕابێتەوە لە هەموو لایەکەوە دەنگی قاقا و پێکەنین بەرزبووەوە، لە نیگای ئامادەبووانیشدا بەزەییەکی بەسۆزانەم بەدیکرد وەک بڵێی غەمگین بووبن بۆ لە دەستدانی عەقڵم. مەبەستەکەم گەیاندنی دێڕێکی کتێبی (دیالەکتیکی ئیستاتیکا)ی ئادۆرنۆ بوو کاتێک دەڵێت: (بە تەنیا ئەوەی گونجاو نییە لە نێو ئەم جیهانەدا، ئەوە ڕاستەقینەیە). بەڵام ئێمە لە ناسینی هەقیقەتی ئەم جیهانە سڵ دەکەینەوە، تووشی فۆبیا دەبینین کاتێک هەردوو دیوی وێنەکە ببینین، کاپیتالیزمی سەردەمی نیولیبراڵیزم هەمیشە دیوێکی وێنەکەمان لێ دەشارێتەوە، ئێمەش خۆمان فریو دەدەیـن و بڕوامان بەوە نییە تابلۆکە دیوێکی تریشی هەبێت. کارل گۆستاڤ یۆنگ لە دیاگنۆسی

ئاگایی و نائاگاییدا، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (ئاگایی وەک ئەو پیاوە وایە دەنگێکی گوماناویی لە ژێرزەمینەکەوە دەبیستێت، کەچی خێرا خۆی دەگەیەنێتە هەورەبانەکە، ئیتر خۆی دڵنیا دەکاتەوە هیچ دزێک لەوێ نییە، ئەو دەنگەشی بیستوویەتی تەنیا سەدای وەهمێک بووە). لە ژێرزەمین و سەرزەمینەوە سەدای چەوساندنەوە و ستەمکارییەکی داپۆشراو دێتە بەر گوێمان، بەڵام رادەکەینە هەورەبان تا خۆمان وا تێبگەیەنین سەرچاوەی ئەو دەنگە تەنها وەهمێکە، سەر دەخەینەوە ناو قۆزاخەکەی خۆمان و مژۆڵی بەسەربردنی ساتە کریستاڵییەکانمان دەبین. لە دەرەوەی ئەمەش وا هونەر دەبینین لە سەرگەرمی و بزنس بەولاوە هیچ ئامانجێکی تری نییە، بە پێچەوانەوەی ئەو کۆپلەیەی دوا گۆرانی ڤیکتۆر خاراوە: (گۆرانی من بە دوای ئامانجێکەوەیە). گۆرانی و هەموو رشتە هونەرییەکانی تر لە جیهانێکی بێ واتادا دەبێت بتوانن چ مانایەک لە خۆبگرن؟. بەڵام ئەو هونەرەی دەتوانم دڵی پێخۆش بکەم بە تەنیا سینەمایە، بۆیە سڵ ناکەمەوە ئەگەر بڵێم ترووسکەی نێو شەوەزەنگە.

سێبەر: بە گشتیی وێنە ئەکشنێکە لە بەردەم کامێرادا روودەدات، ئەگەرچی سینەما وێنەی واقیعێک دەگرێت خۆمان ئەکتەری ناو ئەو واقیعەین، کەچی ئەفسوونەکە ئەوەیە لە کاتی بینینەوەیدا هەستدەکەین بەر واقیعێکی نوێ و جیاوازتر دەکەوین، واقیعێک خۆمان کۆد و هێماکانیمان پێ کەشف نەکراوە لە رێگەی فیلمەوە دەتوانین لوغزە گەورەکانی بکەینەوە و لێی تێبگەین. بە گشتیی سینەما بینینی جیهانە لە جێگەیەکی بڵندترەوە، هەموو گۆشەکانی واقیع دەکەونە بەر زومی کامێرا و هیچ کونج و کەلەبەرێک نامێنێت چاوی سینەما نەیبینێت، دروست لە کارەکتەری کۆزیمۆ دەچێت لە رۆمانی (بارۆنی سەر دارەکان)ی ئیتالۆ کالڤینۆدا کە نیو سەدە زیاتر بەسەر دارێکەوە کتێب دەخوێنێتەوە تاکو لەوێوە (زەمین چاکتر ببینێت). ئەو رۆسۆ دەخوێنێتەوە کە بە فەیلەسوفێکی رۆشنگەر و سروشتگەرا ناسراوە، کامێرای سینەماییش بە یارمەتی ئینارە و رۆشنایی دەتوانێت واقیعێکی دیاریکراو روونتر بەرهەم بهێنێتەوە بۆ نیشاندان. هەر خودی فەلسەفەی پشت سینەما بریتییە لە بەرهەمهێنانی واقیعێکی وێنەیی یان بە دەربڕینی ڤاڵتێر

بنیامین بریتییە لە بەرهەمهێنانی تەکنیکییانەی واقیع، بەڵام نواندنەوەیەکی کتومتی واقیع نییە، داتاشینی وێنایەکی ترە لە واقیع بینەر وا لێدەکات نەک بەو واقیعە رازی بێت بگرە ئەو روانگەی لا دروست دەکات لە نێو هەمان ئەو واقیعە تەکنیکی و وێنەییەدا بە دوای خودی خۆیدا بگەڕێت، مافمان هەیە سینەما بەو شەمەندەفەرە بزانین بەرەو واقیعێکمان دەبات لە دەرەوە و سەرو واقیعی راستەقینەی خۆمان.

رووداوەکانی ناو فیلم لەگەڵ فیلمەکاندا کۆتایی نایەن، ئەوان دەستبەردارمان نابن، دەتوانن ماوەیەکی درێژ یان بۆ هەمیشە لەگەڵماندا بمێننەوە!، لەوە زیاتریش هایدگەر چەند کاتیگۆرییەک لە بارەی تێگەیشتن لە (بوون) دەخاتەڕوو، ئەگەر فەلسەفە یەکێک لەو میکانیزمانە بۆ تێگەیشتن لە کەینونە، ئەوا هونەریش یەکێکی ترە لەو ئامرازانەی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە بوون (وجود). سینەما لە هەر هونەرێکی تر هەراشانەتر بەشداریی لە پرۆسەی تێڕامان و تێگەیشتن لە (بوون)دا دەکات، بەم پێیە سینەما تەنیا مامەڵەیەکی تەکنیکیی نییە لەگەڵ واقیع، بە دەربڕینێکی تر بەرهەمهێنانی واقیعێکی تر نییە بە ئامرازە تەکنیکییەکان، بگرە رەهەندێکی هەمەکیی قووڵتر و ئۆنتۆلۆژییانەی هەیە، رێگەیەکە نەک هەر بۆ تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی واقیعیکی تر، بەڵکو هەوڵێکی رژدیشە بەرەو تێگەیشتنێکی جیاتر لە وجود. سینەما بە تایبەت سینەمای فەڕەنسی و ئیتاڵی شەست و هەفتاکان و هەندێک لە فیلمە تازەکان بۆ من جێگەی بایەخن، بەڵام نایشارمەوە ساڵانێکە ئارەزووی چوونە سینەمام نییە، بەدەر لە نەخۆشییەکەم و دەردی کۆرۆنا کە هۆڵەکانی سینەمای کردووە بە بیابانی کورسی، هەستێکی نێگەتیڤم بۆ دروست بووە بە تایبەت لەو وڵاتەی من لێی دەژیم جۆرە فیلمێک رەواجی هەیە، تەنک و تا دوا سنوور بێمانا، لەبەرئەم فاکتۆرە ساڵانێکە ناچم بۆ سینەما بە تایبەت بۆ بینینی فیلمە کۆمیدییەکان، بەڵێ ناچم پارە بخەمە گیرفانی هۆلیود و کۆمپانیاکانەوە، ئەوان بە فرمێسکەکانمان پێدەکەنن و واشمان لێدەکەن بە خۆمان پێبکەنین!، پێکەنینێک بە زمانی ئادۆرنۆ جۆرێکی ترە لە سادیزمی بۆرژوازییانە.

من: رۆژێک لەگەڵ ماڵی هاوڕێیەکی رۆژنامەنووس لە شاری کۆیلن سەیری فیلمێکی دیکۆمێنتاریمان دەکرد، فیلمەکە بەسەرهاتی ژیانی هۆزێکی پەنگوینەکانی

دەگێڕایەوە لە جەمسەری باشوور کە لە زستاندا پلەی کەشوهەوا بۆ ٣٥ ژێر سفر نزم دەبێتەوە. فیلمەکە ڤۆکەسی کردبووە سەر بەرەنگاریی ئەو خێڵە پەنگوینە لەگەڵ سەرمای سەخت و شەڕێکی دەستویەخە لە بەرامبەر سروشتێکی تەزیوی دڕندە و کوێردا، زۆر دیمەنی هەژێنەری تێدا بوو، دوو دیمەن زۆر باڵکێش بوون بۆم، یەکەمیان ئەوەبوو تەکنیکی خۆراک پەیداکردن لەو بیابانە بەفرینەدا لە زەحمەت زەحمەتتر بوو، شەڕی ئەو پەنگوینانە بۆ مانەوە و چۆنێتی خواردن دابینکردنیان لە توانای زمان و گێڕانەوەدا نییە، دەبێت چاو لێی تێبگات. دووەمیان ئەنگێزەی دایکایەتی بوو، سروشتێکی سەیری ئەو پەنگوینانە ئەوەبوو سەدان کیلۆمەتر دوور دەکەوتنەوە بۆ زاوزێکردن، ڕەوەکە بە کۆمەڵ بوو، بەڵام خۆشەویستی و ئالۆگۆڕی ماچ و شێوازی جووتبوونیان، تووشی تاسان و واق وڕمانیان کردم، ئیدی کە بێچووە پەنگوین لە دایک دەبوو، پێویست بوو دایکەکان بگەڕێنەوە بۆ شوێنی یەکەم بۆ پەیداکردنی خۆراک، باوکەکان ئەرکی پاراستنی بێچووەکانیان دەکەوتە سەر شان، ئەوانیش لەنێوان قاچەکانیاندا لە ترسی سەرما و سۆڵە دەیانشاردنەوە، زۆرێک لە بێچووەکان و پیرەکان بەرگەی سروشتی دڕندەیان نەدەگرت و ڕەق دەبوونەوە، ئیدی دایکەکان لە کاتی گەڕانەوەدا لەگەڵ خۆیاندا خۆراکیان دەهێنایەوە. دۆخەساتێکی تراژیدیی ئەو فیلمە هەمیشە لە پێش چاوم لانەچێت ئەم چرکەیە بوو: دایکێک بێچووەکەی مردووە، لە عەزرەت و حەژمەتدا هەوڵی فڕاندنی بێچووی پەنگوینێکی تر دەدات، لەم ساتەدا شەڕێک قەوما پێویستی بە هێزی کڵاوشینەکان بوو بێنە ناوبژیوانی. ئای چەند جوان و بێ وشە دایکایەتی بۆ پێناسەکردین!.

لەم کاتەدا نەمدەتوانی بیر لە ڕۆمانی (ڕۆبنسن کریسۆ)ی نووسەری ئینگلیزیی دانیال دیڤۆ نەکەمەوە کە سێسەد و سێ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ چاپ بووە، چیرۆکی ڕۆمانەکە باسی کارەکتەری (ڕۆبنسن) دەکات، ئەو لە سییەکانی سەدەی حەڤدەدا لە باوکێکی بازرگانی ئەڵمان و دایکێکی ئینگلیز لە دایکبووە، مرۆڤێکی سەرکێشە و ئارەزووی ئەوەیە ببێتە دەریاوان و بە بەلەم دەریاکان تەی بکات، ئەگەرچی دایک و باوکی مەترسی کارەکەی بۆ ڕوون دەکەنەوە، بەڵام ئارەزووەکە لەوە مەزنترە

بە ئامۆژگاریی خەفە بکرێت، پاشتر لە لەندەنەوە بە کەشتی گەشت بۆ وڵاتی کینیای ئەفەریکا دەکات، لە گەشتەکەیان بەرەو کینیا، تورکەکان پەلاماریان دەدەن و دەست بەسەر کەشتییەکەیاندا دەگرن، دواتر لە کەناراوەکانی مەغریب لەنگەر دەگرن، دوو ساڵ دەکرێتە کۆیلەی کاپتنی کەشتییە تورکییەکە، کاتێک بە بەلەمێکی بچووک لە خاوەنەکەی هەڵدێت، بەناو کیشوەری ئەفەریکادا گەشت دەستپێدەکات، سەفەرێکی پڕ ریسک و مەترسی جۆراوجۆر، لە کۆتاییدا دەگاتە بەرازیل، لەوێ دەستدەکات بە کارکردن و دەوڵەمەند دەبێت، هەر لەوێ هاوڕێیەکی تازە پەیدا دەکات و پێشنیار دەکات بۆ ئیشکردن گەشت بکەن بۆ ئەفەریکا، ساڵی ١٦٥٩ دەچنە دەریاوە بە نیازی گەیشتن بە ئەفەریکا، ئەم جارە سروشت تووڕە دەبێت و دەبێتە تۆفانێکی تۆقێنەر، شەپۆلەکان شێت دەبن و کەشتییەکەیان نقووم دەبێت، ئەم بە پەرچوو ناخنکێت و شەپۆلەکان پاڵی پێوە دەنێن بەرەو چارەنووسی خۆی، لەسەر لمی تەڕی کەنارێک خۆی دەگرێتەوە، ئەوانەی لەگەڵیدا بوون هیچیان دیار نین، بە تەنها و بێ تفەنگ و بێ خواردن دەکەوێتە دوورگەیەکی بچووکەوە کە تەنیا دوو دوورگەی بچووکتری لێوە دیارە، دوای ئەوێش شینایی دەریا تاکە شتێکە ببینرێت. بەم شێوەیە ٢٧ ساڵ بە تەنیا لەو دوورگەیەدا رووبەڕووی سروشتی کێویی دەبێتەوە!. بیهێننە بەرچاو ٢٧ ساڵ ژیان لە دوورگەیەکدا کە تەنیا سروشتێکی رووتە، ئەمە ئەو رۆمانەیە رۆسۆ هانمان دەدات بۆ خوێندنەوەی، منیش پار ساڵ بۆ یەکەمجار لەسەر داوای رۆسۆ خوێندمەوە، بەڵام ئەو واقیعەی لە رۆماندا دەیخوێنینەوە ناتوانرێت بەراوورد بکرێت بەو واقیعەی لە سینەمادا دەیبینین، ئەگەر تۆ فیلمی جۆکەر بە رۆمانێک بخوێنیتەوە، هەمان باندۆری فیلەکەی نییە!، ئەمە بۆ وایە؟، چونکە سینەما واقیعی رەسەنی خۆت وا نیشان دەداتەوە، وەک بڵێی تۆ خەڵکی هەسارەیەکی تر بیت و تازە بەم واقیعە ئاشنا بیت.

سێیەر: لە فیلمی (جۆکەر)ی دەرهێنەر (تۆد فیلیپس)دا، کاتێک ئارسەر فلێک (جۆکەر) میوانی یەکێک لە بەرنامە جەماوەرییەکانی (مۆرەی فرانکلین)ە، پێش ئەوەی لە پەخشی راستەوخۆدا فرانکلین بکوژێت رستەیەکی رادیکاڵ دەدرکێنێت: (ئێوە دەستنیشانی دەکەن کام قسانە دەبێت بوترێن و کامانەش نابێت بوترێن،

وەک چۆن ئێوە بڕیار دەدەن کام نوکتە شایانی پێکەنینە و کامەی تریش شایەنی پێکەنین نییە)! یان دەڵێت: (ئێوە ئەوە بە دەستدەهێنن شایانتانە). لێرەدا فرانکلین وەک نوێنەری سیستم وێنا دەکرێت و پرەنسیپە جۆکەرییەکەی بەسەردا پراکتیس دەکرێت (دەوڵەمەندەکان بخۆن). فیلمی جۆکەر گێڕانەوە و نیشاندانی چیرۆکی بێزاریی و هیچگەرایی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە وەک لە دەموچاوی ئەو خەڵکانەوە دەبینرێت فیلمەکە رووناکیان دەخاتە سەر. جۆکەر رۆڵی کەسێکی تەنهایە و لەناو فیلمەکەدا حاڵی دەبین دایک و باوکی دیار نین، فیلمەکە هەوڵێکی رادیکاڵانە بوو لە رەخنەکردنی سەرمایەداریی و ئەو درزە چینایەتییانەی ئەم سیستمە بەرهەمی هێناوە، بێ هۆ نەبوو لە کاتی نیشاندانیدا لە ئەمەریکا، دەوڵەت هێزێکی ئاسایشی زۆری لە چواردەوری سینەما و شەقامەکاندا کۆکردەوە، چونکە لێیان روون بوو، کارەکتەری جۆکەر بە تەنها پاڵەوان و رووداوێکی سینەمایی دوور لە واقیع نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگە دەکات کە ناچاربوون بە برینەکانیان پێبکەنن، لەوە دەترسان مەیلی جۆکەریی بە کۆمەڵایەتی ببێتەوە، وەک چۆن لە فیلمەکەدا کودەتایەک بەسەر کەسێتی جۆکەردا دێت، لە گاڵتەجاڕێک و کۆمیدیەنێکی فاشیلەوە کە کەس بە نواندنەکانی پێناکەنێت لە یەک چرکەساتدا دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی توورە و یاخی، وەک لە دیمەنی کوشتنی ئەو سێ کەسەی ناو میترۆکەوە دەیبینین لە کاتێکدا دەیانویست دەستدرێژیی بکەنە سەر کچێک تا دەگاتە کوشتنی پیاوە قەبە و باڵابەرزەکە کەچی پیاوە کورتەبنەکە ناکوژێت!. ئەوەی ئارتۆ دەیخواست: (سینەما واتە ژێراوژوورکردنی تەواوی بەهاکان، شۆڕشێکی سەرتاسەری لە دیدگا و تێڕوانین و لۆژیکدا). لە فیلمی جۆکەردا بە ئەندازەیەکی زۆر ئامادەیی هەیە، شتێکی تر لەم فیلمەدا بۆرژوازی تۆقاندبێت، هاوسۆزیی بینەرە لەگەڵ توندوتیژییەکانی جۆکەردا، بینەر لە کاتی بینینی دیمەنی کوشتن و توندوتیژییەکانی ئارسەردا دەست ناکات بە نەفرەتبارانکردن، بەڵکو رەواییان پێدەدات و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە بگرە جۆرێک لە ئاسوودەییش دایدەگرێت.

من: سینەما مرۆڤ پەلکێش دەکاتە ناو خۆی، بۆشایی لە نێوان بینەر و رووداوەکاندا نامێنێت، دواجار بینەر دەبێتە بەشێک لە رووداوەکان، بەڵام لە

هونەرەکانی تردا وانییە، ئەگەرچی شێوەکاریی تەرکیزی زۆری لەسەر ئەو هێمایانەیە بۆ چاوی بینەری دەنێرێت، بەڵام لە نێوان تابلۆ و بینەردا سپەیسێک بە پڕنەکراویی دەمێنێتەوە، لە رووی زەمەنیشەوە پاشەکەوتێک بۆ بیرکردنەوە دروست دەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی مەودایەک بۆ تێڕامان لە فیلمدا نامێنێتەوە، بەڵکو بینەر بەدوای گرتەکاندا رادەکات، لەگەڵیدا هەستەکانی دەجووڵێن، بەپێی ریتم و موزیکی فیلمەکە کاردانەوەی سایکۆلۆژیی دەبێت، لەم سۆنگەوە فیلمی جۆکەر دەسەڵاتی ئەمەریکای تووشی لەرزین کرد، وەک پێشتر وترا ترسان لەوەی واقیع لە فیلمەکە بێتە دەرەوە و ببێتە چالاکییەکی کۆنترۆڵ نەکراو. هەروەک ئەوەی سینەماکاری شەستەکانی سەدەی پێشوو (دێڤید لینش) دەیگوت خەیاڵ بکەن ئەگەر مونالیزا دەم بجووڵێنێت، چی روودەدات؟!، لە دەمی ئەوەوە گەردەلوول هەڵدەکات. فیلمیش لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بریتییە لە خۆدەربڕین لە رێگەی وێنە جووڵاوەکانەوە، ئەو وێنە جووڵاوانەش لای (فریتز لانگ)ی یەکێک لە ناسراوترین سیمای فیلمسازیی لە مێژووی سینەمادا بە جەبری سروشتی دەزانێت لەم چەرخەدا، ئەو لە میانەی وتارێکیدا بەشێوەیەکی ئایرۆنی رستەی دەستپێکی کتێبی پیرۆز- پەیمانی کۆن (سەرەتا وشە بوو)، هەڵدەگێڕێتەوە بۆ (سەرەتا جووڵە بوو) وەک چۆن هەمان مامەڵە لەگەڵ کۆژیتۆکەی دیکارتیشدا دەکات و بەم فۆرمۆڵەیە دەریدەبڕێت: (من دەجووڵێم، کەواتە من ژیان دەکەم). بە پێی تێڕوانینی وی، فیلم تەقەلایەکی چڕ و تێروتەسەلە بۆ بە وێنەکردنی جووڵە یان بە وتەی خۆی (فیلم وێنەیەکی جووڵاوی ژیانی تەژی لە جووڵەیە).

سێیەر: فیلمی جۆکەر رادیکاڵیزمێکی تێدا بوو دەمێک بوو لە چاوی بینەر دەشاردرایەوە، هونەرێکی ناباو بوو، جۆکەر ئەنتی هیرۆیەک هەموو توخمەکانی پاڵەوانی باوی تێکشکاند، سەردەمی ئێمە ئەم هونەرە مۆدێرنیستییە دەخوازێت تا ئەندازەی ترسناکیی، تەنانەت ناواخنی پێرفۆرمانسە کۆمیدییەکانیشی تەژی لە جووڵەی دژەباو و دژە ئەخلاقی باڵادەست بوو. بە لە بەرچاوگرتنی رادیکاڵیزمی فیلمەکە، بەڵام تراوماکەی ئالان ودزی رەخنەگری مارکسیست هێشتاش راستێتی خۆی لە دەست نەداوە، ئەو تووشی تۆقینێک ببوو لە هەمبەر ئەو بەرخودەی

سەرمایەداریی لەگەڵ ئەدەب و هونەردا دەیکات بەوەی هیچ ڕۆڵێکی مێژوویی و سیاسیی بۆ ئەدەب و هونەر ناهێڵێتەوە وەک بڵێی هونەر و ئەدەب تەنیا بۆ سەرگەرمیی خەڵک و پڕکردنی دەغیلە بێ بنەکانی بازرگانان بێت. وەک خۆم زیاتر لەو بێ پاشەڕۆژییەی هونەر و ئەدەب دەترسم، چونکە پیواربوونی روحی مۆدێرنیزم دەبینم، ئەدەب و هونەری مۆدێرن لە باڵاترین شێوەیدا دژی حەز و چێژە باوەکانی ناو نەریتی بۆرژوازییە، راچڵەکێنەرە، تێکدەرە، رووخێنەرە، پەشۆکێنەرە، ترسناکە، هەڵگێڕانەوەی ئەو وێنا سەقامگیرەیە بۆرژوازی راگرتووە، وەک ئەو سەدا ترسهێنەرە نائاساییەی لە موزیکی (ڤێبرن)دا دەیبستین یان ئەو دیمەنە دژە سەرمایەدارییانەی لە فیلمەکانی چارلی چاپلندا بەدیمان دەکرد، بە تایبەت فەلسەفەی فیلمی بێدەنگی «Modern Times»ی چاپلن (ساڵی ١٩٣٦) بە دەوری ناوەڕکێکدا دەخولێتەوە، تێیدا مرۆڤ دەبێتە ئامێر و هیچ بوارێک بۆ هەست و ئۆرگانیزمییەکەی ناهێڵدرێتەوە. لێرەدا دەمەوێت ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم، مۆدێرنیزم شتێکی جیایە لە مۆدێرنێتە، بەڵکو رەوتێکی هونەرییە و رۆژگاری زێڕینی بە ساڵانی ١٨٩٠-١٩٤٠ دەخەمڵێندرێت، ئادۆرنۆ لە کتێبی (تیۆری ئیستاتیکا) دا مۆدێرنیزم وەک رەوتێکی هونەریی بە نوێنەر و پاسەوانی ناواخنی مۆدێرنێتە نازانێت، بە پێچەوانەوە لە سەنگەری بەرهەڵستیی مۆدێرنەدا راوەستاوە. ئەرکی هونەری مۆدێرن (مۆدێرنیزم) بەرامبەر وەستانەوە بوو لەگەڵ ئەو عەقڵی ئامێریی و ئەو میتۆلۆژیا سەردەمییانەی سەرمایەداریی هێز و ئیمکانی لێ وەردەگرتن، ئەگەرچی یۆرگن هابرماس پێیوایە ئەوە راستە مۆدێرنیزم دژی عەقڵی ئامێرییە، بەڵام خۆیشی لەسەر فۆرمێکی تری راسیۆنالیزم رۆنراوە، ئەو عەقڵگەراییەش بە (عەقڵی پەیوەندیی) ناوزەد دەکات.

من: با بەسەر فیلمی جۆکەردا باز نەدەین، مەبەستمان لەم گفتوگۆیە تەنیا بۆ گەنگەشەکردن بوو لەمەڕ فیلمی جۆکەر. ئێمە دەتوانین بڵێین جۆکەر هۆمۆساکەرێکە، سیستم و بیرۆکراسییەت فڕێی دەدەنەوە دەرەوە، روونە هۆمۆساکەر، ناوی زنجیرە کتێبێکی (ئاگامبێن)ە و لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بڵاوبوونەتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە، ئاگامبێن ئەم چەمکەی فەلسەفاندووە و لە فەلسەفەی

سیاسییدا بە گەڕیخستووە و وەک چەکێکی رەخنەیی دژی دیموکراسیزم و بۆرژوازییەت بەکاریدەهێنێت. دەستەواژەکە لە سەردەمی رۆمانیدا ئەوانەی گرتووەتەوە بە هۆیەک لە هۆیەکان لە کۆمەڵگە داماڵدراون و فڕێدراونەتە دەرەوە، بە جۆرێک هەر کەس مافی هەبوو بیانکوژێت بێ ئەوەی لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ بکوژدا بکرێت، بەڵام جۆکەر لە کۆتاییدا یاسای یارییەکە هەڵدەگێڕێتەوە. لە شانۆنامەی (هاملێت)ی شکسپیردا، هاملێت بۆ سەلماندنی ناپاکیی مامی و دایکی، کە دەستیان تێکەڵاوکردبوو، باوکیان کوشتبوو، لەم رێگایەوە مامی چووبووە سەر عەرشی پاشایەتی، ناچاربوو ژیرییە لە رادە بەدەرەکەی خۆی بشارێتەوە و نمایشی شێتێک بکات!. (لە دراما کوردییەکاندا هەمیشە شێتێک ئامادەیی هەبووە و هەیە، بە داناییەکەی راستییەکان دەدرکێنێت، کەچی هیچ کات شێتی دراما کوردییەکان ناچێتە شوێنی هاملێت و نابێتە پاڵەوانی سەرەکی!، ئەمەیان لێرەدا بۆ ئێمە زۆر پێویست نییە). لە کۆتاییدا هاملێت بە مەرگی خۆی داستانی سەرکەوتن بە تامی دۆڕان دەنووسێتەوە، هەرچەند دوا بە دوای فرۆید، بە دیدی (ژیژەک)یش هاملێت گرێی ئۆدیبی هەیە. سەرەڕای زانینی ئەمەش، ئێمە لە واقیعی ئەمڕۆدا چ لە جیهاندا چ لە کوردستان، پێویستمان بە دڵنەرمیی هاملێتیی نییە، هێندەی تینووی سەرەڕۆیی جۆکەریانەین، تا واقیعی چەسپاو لە بونیادەوە ئاوەژوو ببێتەوە، ئەوەی پێویستمانە پەیدابوونی جۆکەرێکی لە خۆبردووی بێ بەزەییە، نەک هاملێتێکی دڵناسک تاکو مام و دایکی تووشی ئازاری ویژدان بکات، بەڵکو پێویستمان بە کارەکتەرگەلێکە رۆڵی ئاشوبگێڕ و تابووری پێنجەم بگێڕێن و پەیکەری سیستم بهێننە لەرزین و رووداو دروست بکەن، ئاخر کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە (رووداو)ی تێدا روونادات، رووداو بە مانایەکی نزیک لە شۆڕش کە کۆی یارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان لە یەکتر دابڕێت، دوو ئەدگاری جیا دروست بکات: سیمای سیاسیی و مێژوویی پێش رووداو لەگەڵ سیمای سیاسیی و مێژوویی دوای رووداو. (لێرەدا سەرنجی ئارەزوومەندان رادەکێشم بۆ خوێندنەوەی ژیژەک و بادیۆ لە هەمبەر چەمکی رووداو). هەروەتریش دنیای ئێستا پێویستی بە ئەکتی زۆر ئانارشیستانە و لاسارانە هەیە، ئەگەرنا تا سەر وەک خۆی نامێنێتەوە، بگرە

رۆژ بە رۆژ گوریس و زنجیری چەوساندنەوە ئەستوورتر دەبێت، ئیدی ئەوەی دەگۆڕێت زنجیرەکان نین، تەنها و تەنها رەنگی بۆیاخەکانیانە.

سێیەر: ئەوەی لە فیلمی جۆکەردا سەرنجراکێش بوو بە لامەوە، ئەو کردە رادیکاڵ و دژە سیستمانە بوو کارەکتەری ئارسەر (جۆکەر) بەرجەستەی دەکرد، لە کاتی بینینی فیلمەکەدا بە هەموو هەستێکمەوە لە پەنا ئارسەرەوە وەستابووم و حەزم بە بەشداریی دەکرد تەنانەت لە هەموو کوشتنانەی ئەنجامی دەدا. کارم بە نیازی دەرهێنەرەکەیەوە نییە، ئەوەی من دەمویست ببینم ئەو ژێستە رادیکاڵە بوو لە نیهیلیزمەوە هەڵدەقوولا یان ئەو زەمەنەی ناو فیلمەکە زۆرتر بە بایەخ بوو، ئارسەر پووچگەرایی بەرەو ئەکتی رادیکالانە تێپەڕاند. لە سینەمادا، لە بازنە فراوانەکەشدا لە کۆی کایەی ئەدەبی و هونەرییدا، کار لەسەر تێمایەک یان زەقکردنەوەی وێنەیەک دەکرێت، مەرج نییە ئەو خوێندنەوە فیکریی و ئەنجامگیرییانەی بۆیان دەکرێت هەمان ئەو شتە بن، دەرهێنەر یان نووسەر دەقاودەق بیری لێکردوونەتەوە یان ویستبێتیان هەمان ئەو پرسە بورووژێنن، لە لێکدانەوەکاندا بینەر یان خوێنەر پێی دەگات، ئەمەیان دەکەوێتەوە سەر جۆری بینینی بینەر یان خوێنەر، بە زمانێکی سادەتر، کەوتووەتەوە سەر ئەوەی بۆ ئەویتری بینەر یان خوێنەر چی دروستبووە و بەرهەمەکە چی بیرۆکەیەکی لەلا جێهێشتووە؟، رەنگە لە فیلمێکی (هیچکۆک)دا، سادەترین گرتە بۆ من مانایەکی گەورەی هەبێت، هەروەها بە پێچەوانەوە. خوێندنەوەی ژیژەک بۆ فیلمی تایتانیک، جۆرێکی ترە لە بینینی ئەو بۆ فیلمەکە، بەڵام کەم کەس ئەو گۆشە تاریکانەی ناو فیلمەکەی هەستپێکردبوو پێش ئاناتۆمییەکەی ژیژەک یان تێڕوانینی ڤاڵتێر بنیامین بۆ فیلمەکانی (ئایزنشتاین)، دۆزینەوەی چەند پرەنسیپێکی دژە فاشیستی بوو تیایاندا، مەرج نییە ئایزنشتاین خۆی بەو قووڵییە بۆ پرسەکە چووبێت.

وەک چۆن هەر خوێنەرێک لە خوێندنەوەی رۆمان یان چیرۆکێکدا لایەنێکی دەقەکە ئاشکرا دەکات و لێی تێدەگات کە رەنگە هیچ کات نووسەر بۆ خۆی بیری بۆی نەچووبێت، بە هەمان شێوە بینەری فیلم، جیهانی ونبوو و تەمومژاوی ناو فیلمەکان دەدۆزێتەوە و هەر بینەرەو بە پێی توانستی خۆی بەشداریی لە پرۆسەی

تێگەیشتن و راڤەکارییدا دەکات، پرەنسیپە بنچینەییەکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەر دەقێک مەحکومە بە ژمارەیەک شرۆڤە و تێگەیشتن، کە هێندەی ژمارەی خوێنەر یان بینەرانە. بە گشتییش سینەما ئەگەریش نەبووبێتە بەشێک لە فەلسەفە، ئەوا بە بەردەوامیی جێگەی مشتومڕی گەرم بووە بۆ فەیلەسوفان، تەنانەت دانیاڵ فرامپتن لە یەکێک لە کتێبەکانیدا چەمکێکی نوێ بە ناوی (فیلمۆسۆفی) دادەتاشێت تا روونی بکاتەوە چۆن فیلم دەتوانێت هەڵگری ئەلەمێنتە فەلسەفییەکان بێت، راستییەکەش ئەوەیە فەلسەفە دەتوانێت زۆر شت لە فیلمەوە فێربێت و بچەمکێنێت. بۆ ژیل دۆلۆزی فەیلەسوفی فەڕەنسیش، سینەما وەک هونەرێکی ئاڤانگارد جیا لەوەی بەرگرییە، شتێکی هاوشێوەی فەلسەفەیە، داهێنانیش هەردوو بوارەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، بە دیتنی ئەویش ئیشی سەرەکی فەلسەفە داهێنانی چەمکە.

# بەشی سێیەم

# مەرگ لە چاخی نەمرییدا

من: لە مردن ناترسم، ترس لەو چرکەساتەوە چەکەرە دەکات رووداوێکی سامناک و ترسهێنەر قەومابێت، ئەوەتا هێشتا دەنووسم و هەناسە دەدەم، کەواتە زیندووم و مەرگ روونەداوە، ئیتر لە چی بترسم؟، تەنیا ئەوەندەیە نیگەرانم، نیگەرانیی دۆخێکی ئۆنتۆلۆژییە نەک سایکۆلۆژیی، نیگەرانیی هەلومەرجێکە هێشتا هیچ روونەداوە، بەڵام دڵنیایت درەنگ بێت یان زوو روودەدات، بۆ نموونە مردن. جیا لەوە بە چاوپێداخشاندنێکی کرۆنۆلۆژیای ژیانم، نیگەرانییەکەم چەند قات گەورەتر دەبێت، چونکە ژیان هیچ شتێکی تازەی تێدا روونادات، هەمووی بووەتە دووبارە و سەد پاتبوونەوەی ئازارە روحی و جەستەییەکانم، خۆزگە ئازارێکی نوێتر هەبوایە تا لە رەوشی مەیینی ئازار قوتارم بووبا، هەقیقەتەکە ئەوەیە ژیان پانتاییەکی ئازاردەرە و ئەوەی لەهەر چوارلامانەوە هەڵدەقوولێت بە تەنیا بریتییە لە ژان، هەرچی لە خۆشەویستی و (شادیی) و (رابواردن) و پێکەنین و هونەر و نووسین و هتد دادەهێنین هەوڵگەلێکن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ژیان، ئەویش وەک گوتم لە بناغەوە ئازارە. کەواتە ئازار جەوهەرە، هەر لە یەکەمین بەرەنگاریی باپیرە و داپیرانمان وەک ئاشکرایە پاش جیابوونەوە و یاخیبوونیان لە خێزانی مەیموونەکان، جەنگ بووە لە دژی سروشتی دڵڕەق و دڕ و ئازاردەر تا بە ئەمڕۆی چاخی پێشکەوتنە گەورەکانی تەکنیک دەگات، هەمان جەنگ بە رووخسارێکی ترەوە بەردەوامی هەیە، لە رووبەڕوونەوەش ناترسم بەڵام نیگەرانم، مرۆڤی نیگەران باشتر خۆی دەدۆزێتەوە وەک لە مرۆڤی ترسنۆک، سوبێکتی نیگەران توانای هەڵبژاردنی هەیە، لە بناغەوە نیگەرانیی خەسڵەتێکی بنەڕەتیی مرۆڤە، هەر بە تەنیا مرۆڤیشە دەتوانێت نیگەران بێت، چونکە هەر ئەو توانای بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی هەیە. بەپێی میتۆلۆژیای گریکی ئافراندنی مرۆڤ لە خاک، لەلایەن خواوەندی نیگەرانییەوە بووە، بەم هۆیەوە نیگەرانیی سیکۆتینێکە بە ئۆنتۆلۆژیای مرۆییەوە نووساوە.

سێیەر: ئەگەر لە رووە ئۆنتۆلۆژییەکەوە لە ژیان بڕوانین، کرۆکی ژیان زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراوی ئازارەکانە، ژیان بۆ خۆی ئازاردەر و ناهەموارە، تۆ لەگەڵ هەر دەرکەوتەیەکی نێو ژیاندا رووبەڕوو دەبیتەوە جگە لە ناڕەحەتی هیچ تر نییە، تەنانەت کار بەدەر لەو نامۆبوونەی بەرهەمی دەهێنێت بۆ چینەکانی خـوارەوە (هەڵبەتە بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی کـارڵ مارکس لە بـارەی بەخۆبێگانەبوون)، لە خـودی خۆیدا رەنجدان و ناهەمواریيە، کار بە هەموو شێوەکانی خۆیەوە کایەیەکی خۆش و چێژبەخش نییە، بە پێچەوانەوە بریتییە لە ماندووبوون و ئازاری جەستەیی و روحیی، کەچی مرۆڤ مەحکومە بە کارکردن، بەبێ جووڵە و کارکردن هەموو شتێک لە جێگەی خۆیدا دەمرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئیش یارییەکی سیزیفییە و وەک بۆقی ناو فیلم کارتۆنەکە دەنوویت و دەخۆیت و راوی مێشوولە دەکەیت، ئیدی بەم جۆرە رۆژەکان دووبارە دەبنەوە، تەنانەت ژیان هەر یەک رۆژە و تەواوی رۆژەکان لەبەرگرتنەوەی ئەو تاکە رۆژەیە. مرۆڤی زۆرزان زوو دەرکی بە دووبارەبوونەوەی ئەم ئازارە کردووە و هەوڵیداوە بە دوای ماهیەتی خۆی و داهێنانی بەهاگەلێکدا بگەڕێت تا خۆی لەم ژانە وجودییانە بدزێتەوە، کرۆکی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم تاوتوێی ئەم پرسە قووڵە دەکات و پێیوایە مرۆڤ فڕێدراوەتە جیهانەوە یان بە مانایەکی تر وەک بوونەوەرێکی تەنها و بێکەس لەسەر زەوی جێهێڵدراوە، ئیدی بۆ دەربازبوون لە بێمانایی و ئازارەکانی ژیان، مەحکومە بە گەڕان بە دوای بوونی رەسەنی خۆیدا (بە دەربڕینی هایدگەر) یان ناچارە هەوڵی خۆدۆزینەوە و بەدەستهێنانی ئازادیی بدات (بە جەختکردنەوەکانی سارتەر)، چونکە ژیان شتێکی ئامانجدار نییە، ئەوە خۆمانین ئامانجەکان هەڵدەبژێرین و دیارییان دەکەین، لەوە دوورتریش دەڕۆم زۆربەی جار گومان لە بوونی شتێک دەکەم بە ناوی ژیانەوە، لەو سۆنگەوە ئەوە ژیان نییە مانا بدات بە مرۆڤ، بە پێچەوانەوە ئەوە مرۆڤە واتا دەبەخشێت بە ژیان. جۆزێف کۆنراد ١٨٥٧-١٩٢٤ نووسەری ئینگلیزیی بە رەگەز پۆڵۆنی (ئیدوارد سەعید تێزی دکتۆرای لە بارەوە نووسیبوو بۆ زانکۆی هارڤارد)، لە رێگەی کورتە رۆمانی (قلب الظلام) کە ساڵی ١٩٠٢ بڵاوکراوەتەوە، پێداگریی لەسەر ئەو

راستییە تاڵە دەکاتەوە ژیان پانتاییەکی گاڵتەجاڕانەیە، لۆژیکێکی دژوار ئەم گەمە بێهوودەیە ڕێکدەخات، دیدگای کۆنراد لەم ڕۆمانەدا لەوەدا چڕ دەبێتە: مرۆڤ زۆر درەنگ لەوە تێدەگات ژیان رووبەرێکە بۆ دۆزینەوە و بەدەستهێنانی ماهیەتی خۆت، ئەمەش لە کاتێکدا ناتوانێت هیچ شتێک سەبارەت بە خۆی و ژیانی بگۆڕێت، مردنیش لە سەرزەمینێکی هەستپێنەکراوەوە هەڵدەکات و هەست بە شتێک ناکەیت لە ژێر پێتدا، بەڵکو بە کپترین شێوە چەشنی بەرمۆدا کەشتی ژیانت قوت دەدات.

ئەمەشم بە دیوەکەی تریدا لە توێی یەکێک لە چیرۆکەکانی سادق هیدایەتدا خوێندووەتەوە (ناوی چیرۆکەکەم لە یاد کردووە)، لای هیدایەت ژیان چیتر نییە جگە لە زیندانێک، ئەوانەی داهێنان دەکەن، نەخش و نیگار لەسەر دیواری ئەم بەندیخانەیە هەڵدەکۆڵن و هیچی تر. وەکوتریش ئێمە لە چییەتی ژیان حاڵی نابین، نازانین ئەو جیهانەی تێیدا دەژین راستەقینە یان نا؟، هەر ئەوەندەیە ئێمە ناومان لێناوە ژیان، بەڵام ئایا بە راستی ئەم لێرەبوونەی ئێمە ژیانە، لێرەدا قسەکە لەسەر کوالێتی ژیان نییە، هێندەی پرسیارێکی بنەڕەتیی و کەینونەییە لە خودی ئەو شتەی پێی دەڵێین ژیان، ئایا ژیان بوونی هەیە یاخۆ لە هەبوونی ئێمەوە دەستپێدەکات؟، ژیان بۆ هەر یەکێکمان لەو کاتەوە دەستپێدەکات بوونمان هەیە، ژیان لەگەڵ تۆدا لە دایک دەبێت، لەگەڵ تۆشدا دەمرێت. ئەوەشی پێی دەوترێت کات (زەمەن) تەنیا بەهایەکە مرۆڤ دایهێناوە!. چ بۆ گەردوون چ بۆ کۆی زیندەوەر و نازیندووی گۆڕەپانی بوون، کات مانایەکی نییە، هەرچەند کۆنسێپتی کات وەک هەر چەمکێکی تر لە فەلسەفەدا مشتومڕێکی زۆری لە بارەوە کراوە، بە پێی فەلسەفەی ئەفلاتۆن، کات و گەردوون منداڵێکی جمکە، پێکەوە لە دایکبوون و پێکەوەش دەمرن، هەرچی تێڕوانینە (ئەرستۆ)ییەکەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کات پێش گەردوون هەبووە و جووڵەیە و هیچ کاتیش نامرێت، بەڵام لای هێنری بێرگسۆن کات بریتییە لە دەیمومە، بۆ نیچەش کات شتێکی بازنەیی بێ سەرەتا و کۆتایی بوو، خولاسە چیرۆکی بوونی ئێمە لە نێو کاتدایە و کاتەکەش بە بەراوورد بە مێژووی بوون، شتێکی ئەوتۆ نییە شایانی باس بێت. پێداگریی لەوە دەکەم بوونی ئێمە هیچ ئامانجێکی لە پشتەوە نییە، ئەوەی دایدەهێنین لە ئەدەب و ئایدۆلۆژیا و هونەر

و نووسین و رۆشنبیریی و شارستانیی و کولتوور تا دەگاتە سەفەر و گەڕان و گەشتکردن و سێکس و کۆی چێژەکانی تری ناو ژیان بۆ ئامانجدارکردنی خودی ژیان و لە بیرکردنی دوو شۆکی گەورەترە، یەکەمیان بۆ خۆ وێڵکردن لە مەرگ، دووەمیان بۆ خۆدزینەوە لەو پانتاییە بەرفراوانەی ئازار کە ژیانی داپۆشیوە، تەنانەت ئاینەکانیش بۆ خۆدزینەوەی مرۆڤ لە تۆقین لە مەرگ و ترسی ئازار داهێنراون. بەهەمەحاڵ ئەم تێگەیە تێگەیەکی فەلسەفیی و بیرکردنەوەی فەلسەفیی بووە بە درێژایی بیست و پێنج سەدە و تا ئەم چرکەساتەش فەلسەفە لە بەرسڤدانەوەی جیاواز و دژ بەیەکی ئەم پرسیارانە کۆڵی نەداوە، ئێمە بۆچی هەین؟، حیکمەت و ئامانج لە بوونمان چییە؟. لێ مارکس هەوڵیدا فەلسەفە لە ئاسمان دابگرێتە خوارەوە و بیهێنێتە سەر زەوی، بۆ ئەو چۆنێتی ژیان گرنگتر بوو لە چییەتییەکەی، بۆیە وا بیری دەکردەوە نابێت چیتر فەلسەفە بە دوای وەڵامی پرسیارە میتافیزیکییەکاندا رابکات، بەڵکو دەبێت سەیری سەر زەوی بکات و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعەی ژیان بدات بە دەست سیستمی سەرمایەداریی و ناواخنە چینایەتییەکەیەوە بووە بە دۆزەخ.

هەر لەم سۆنگەوە بوو مارکس داوای دەکرد رەخنە لە خودا و لاهوت بگۆڕین بۆ رەخنە لە سیاسەت، دەکرێت مارکس بەو فەیلەسوفەش ببینین، کۆتایی بە رەخنەگرتن لە ئاین هێنا وەک جەدەلێکی بێزەنتی و بێ کەڵک و سوود، هەموو پۆتێنسیاڵی رەخنەگرانەی خۆیشی لە بەرامبەر سیستمێکدا چڕ کردەوە، ئەو بە سەرمایەداریی ناوزەدی دەکات، رێگەم بدەن ئەوەش بڵێم سەرباری سەنگینیی دیدگای مارکس، کەچی هێشتا ئەو پرسیارە کۆن و میتافیزیکییانەی مرۆڤ لە بارەی (بوون)ەوە بە دوای وەڵامی فەلسەفیی و زانستیی نوێدا دەگەڕێن، زانست و فەلسەفە چڕتر لە جاران لە هەوڵی چنگخستنی بەرسڤێکی قایلکەردان بۆ ئەم پرسە. رەنگبێ بیرهێنانەوەی کتێبەکەی فەیلەسوفە گەنجە ئەڵمانییەکە (گابرێل مارکۆس ١٩٨٠-) بە ناونیشانی (بۆچی جیهان بوونی نییە؟)، سەرنجڕاکێشترین ناونیشان بێت لە راستای ئەم دیالۆگە زۆر دێرینەی لە بارەی وجود و ژیان و جیهانەوە لە ئارادایە. لای منیش جیهان و ژیان شتانێک نین بوونیان هەبێت، مەبەست لەوە

نییە جیهان بە شاخ و دەریا و ئەو تۆپۆگرافیاوە بوونی نییە وەک دەیبینین کە لەوانەیە ئەوەش هەر زڕە وێنەیەک بێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە ئەو شتانەی لە چواردەورماندا هەن، تێکڕا شتانێکی وەستاو و مردوون، ئەوەی بە گەڕیان دەخات و مانایان پێدەبەخشێت بریتییە لە مرۆڤ، هەروەک چۆن فەیلەسوفە گریکییە سۆفستاییەکە (پرۆتاگۆراس) دووپاتی دەکردەوە مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، دەی خۆ ئەمە دوور نییە لە راستییەوە، چونکە ئەوەی هەیە لەناو پانتایی بووندا مرۆڤ مانای پێبەخشیوە. بیرمە بیست و ئەوەندە ساڵ پێش ئێستا نوسیبووم جیاوازیی چییە لە نێوان کاغەزی گوڵەبەڕۆژە و دۆلاردا؟، جیاوازیی چییە لە نێوان زێڕ و هەر میتاڵێکی تردا؟، جگە لەوەی مرۆڤ بەهای داوە بە یەکەمیان و ئەویتریانی بێ بەها کردووە!؟. ئێستا سەرنج لە پارە بدەن، ئەوەی خاوەنی ملیۆنان دۆلارە هەست بە سامانەکەی ناکات بەشێوەی بەرجەستە، ئاخر هیچیتری لە باخەڵدا نییە جگە لە کارتێکی پلاستیکیی!، ئەمە چییە ئەگەر وەهم نەبێت؟، کێ ئەو بڕیارەی داوە ئەو هەموو پارەیە لەسەر ئەو ژمارە بانکییە بێت؟!. ئەگەر دوور نەکەومەوە لە ناوەڕۆکی قسەکانم، دەخوازم ئەوەش زیاد بکەم، ئەوەی هەمانە و بە دەستمانەوەیە ژیانێکە نازانین چییە!، هەر لە ناو ژیاندا لە شتەکانی چواردەورمان تێدەگەین، ئەگەرنا شتێک لە دەرەوەی ژیان بێت خەیاڵێکە و ناتوانین دەرکی بکەین نەخاسمە لێی تێبگەین.

هەر خودی ژیانیشمان کەوتووەتە نێوان دوو نووستنەوە، خەوتنێکی ملیۆنان ساڵی بەر لە دایکبوونمان و خەوتنە ئەبەدییەکەی دوای ئاوابوونمان، لەگەڵ ئەوەشدا وا بیر دەکەمەوە مردن هەر لە ئارادا نەبێت، چونکە ئێمە بە مانەویی و شێوە دۆنادۆنەکە لەسەر خاکی جیهان دەمێنینەوە، تەنانەت کۆنەستی ئێمە وەک ژێنەکان دەگوازرێنەوە، یۆنگ لە چارەسەری نەخۆشەکانی خۆیدا ئەمەی دۆزییەوە و ئاشکرا کرد، هەر بە راست ئێوە نەکەوتوونەتە چرکەساتێکی وەهاوە هەست بکەن ئەوەی روودەدات، دووبارەیە و پێشتر بەسەرتاندا هاتووە؟!، یان زۆرجار هەستتان بەوە نەکردووە چوونەتە شوێنێک وەک ئەوەی پێشتریش بینیبێتان لە کاتێکدا قەت ڕێگەت لەو شوێنە نەکەوتووە؟، ئەمە یانی چی؟. ئا لێرەدایە لایەنگریی

لە تیۆری دەروونشیکاریی کارڵ یۆنگ دەکەم کە پێیوایە نەست چاڵێکی مێژوویی‌یە و خۆی درێژ دەکاتەوە بۆ دوورتر و داهاتوو، هەروەک چۆن زانای بایۆلۆژیست ریچارد داکوینز لە رێی کتێبی (ژێنی خۆپەرست)ەوە ئاگاداری کردینەوە ژێنەکان هەمیشە دەیانەوێت نەمرن و خۆیان لەم جەستە بۆ ئەو جەستەی تر و لەم نەوە بۆ ئەو نەوەی تر دەگوازنەوە، ئەوەش هەر ئەو روحەیە لە عیرفان و ئاینەکاندا باسی لێوە دەکرێت، لێ لای من روح هیچی تر نییە جگە لە پێدراوێکی ماتریاڵیی. جیا لەمەش مردن شتێکی زۆر سامناک نییە، لە ئەزموونی کۆمای خۆمەوە دەرکم کرد مردنیش وەک کۆما خەوێکی قووڵ و ئارامە، لە کۆماکەمدا لە ناو ئەتەرێکدا خۆم دەبینییەوە هەستم بەهیچ نەدەکرد و ئازارێکم نەبوو و تەنیا تیشک دەباری و وامدەزانی خۆم بووم بە تاڵێک تیشک!، هەروەک بەم دواییانە تەلسکۆبی جیمس وێب تا شوێنێکی دووری گەردوونی بۆ ئاشکرا کردین، تەنیا تیشکبارانمان بینی!، (ئەوەی جیمس وێب نیشانیداین هەمان ئەو رووناکییە بوو هەشت سەد ساڵ پێشتر سوهرەوەردی بۆی باسکردبووین). پێشتریش لە سەرەمەرگدا و لەم دیو پەرژینی ژیانەوە، ڤیگتۆر هۆگۆ وتبووی تیشکێکی رووناک دەبینم. ناواخنی فەلسەفەی ئەبیکۆریزمیش ئەوە بوو ئێمە لە هەر شوێنێک بین مردن لەوێ نییە، واتە مردن لە دەرەوەی ژیانە، بەم پێیە ژیان هەیە و مردن نییە، ئێمە هیچ کاتێک لەناو ژیاندا تووشی مەرگ نابین، کەواتە دەبێت کەرنەڤاڵ بگێڕین بۆ ئەم ژیانەی هێشتا لێی تێناگەین، چونکە بە تەنیا ئەو شک دەبەین، ژیانێکی تری میتافیزیکیی هەمووی لە ئەگەر و نەگەر و شێمانەدایە، مرۆڤ بۆ خۆ رەهاکردن و حەزی دووبارە سەرهەڵدانەوە و نەمریی دروستی کردووە. ئاوها لەم تێمایە تێگەیشتووم، مەرجیش نییە بۆچوونێکی رەها و نەگۆڕ بێت.

من: با زیاتر لەسەر فەلسەفەی ئەبیکۆریزم بوەستین، لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە ئەوەیان دووپات دەکردەوە مەرگ بە هیچ شێوەیەک لە نێو ژیاندا نییە، دڕندەیەکە لە دەرەوە، لە هیچ خوانێکدا ئەو دووانە پێکەوە نابینرێن، کە تۆ مردیت ژیان نەماوە تا ئەو جێگەیشی دەژیت مردن لە هیچ کونێکەوە دیار نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبیکۆریستەکان مردنیان بە رووداوێکی خراپ نەدەبینی، نەک

لەبەرئەوەی سوودەکانی لە ژیان زیاترە، لێرەدا بابەتەکە سوود و قازانج نییە، چۆن چێژ و خۆشییەکان سەر بە ماڵی ژیانن بە هەمان ئەندازە ژان و ئازارەکانیش سەر بە هەمان ماڵن، مردن هیچ کاتێک ناتوانێت ئازارێک بێت، ئەوەش بوو بە نەریتێکی فەلسەفی زاڵ بۆ تێگەیشتن لە مەرگ لە شارستانی گریکییدا، تەنانەت ستۆیستەکانیش (ستۆیسیزم- رەواقی، ناوەکەیان لە ستۆوا هاتووە کە بازاڕێکی ئەسینا بوو، ستۆیستەکان تێیدا کۆدەبوونەوە) بە هەمان شێوەی ئەبیکۆریزم لە بابەتی مەرگ دەڕوانن و هیچ رێگەیەک نابینن بۆ هەڵهاتن لێی، بەڵام ئۆڵسن وتەنی (ئەگەر مردن خراپ نەبێت، هەرگیز شتێکی باشیش نییە). لێرەدا پرەنسیپە کۆنەکەم دێتەوە یاد کە هەموو کات وەک حیکمەتێکی گەورە لێم ڕوانیوە: شتێک لە خۆیدا خراپ نییە، مانای ئەوە نییە باشە. مردنیش شتێکە لەو شتانە، بە دەربڕینێکی تر رەنگە مردن ڕووداوێکی باش نەبێت، کەچی گومان لەوەدانییە نەمردن خراپترین ڕووداوە!، وەکوتریش هەندێک بە تەواوەتی مردن فەرامۆش دەکەن، چونکە دۆخێکی وجودییانەی نییە، بە پێچەوانەوە وایدەبینن ئێمە هێشتا بە باشی لەو ژیانە تێناگەین وا لە ناویداین، ئیدی چۆن دکارێت لە مەرگ تێبگەین کە لەودیو ژیان و جیهانی بەرجەستەوە خۆی مەڵاس داوە؟ یان بە مانایەکی تر مردن ڕووداوێک نییە سەر بە ژیان یان لە نێو ژیاندا بێت، هەمیشە لە دەرەوەی ژیان دەمێنێتەوە وەک ئەوەی ئەبیکۆریستەکان جەختیان لەسەر دەکردەوە.

سێیەر: با لەو رەهەندەشەوە سەیری مردن بکەین، تەنیا ڕووداوێکە و پەیوەندیی بە بیۆلۆژیی و بوونی ماتەریی زیندەوەران و شتەکانەوە هەیە، شتێک نییە خۆی هەبێت، لە شوێنێکەوە ئامادە کرابێت و ئاڕاستە بکرێت، هیچ بوونێکی سەربەخۆی نییە، ئەوە بوونی فیزیکی ئێمەیە ڕووداوێک بە ناوی مردنەوە دروست دەکات. مەرگ نە لەناو ژیاندایە و نە دەرئەنجامی ژیانە، ناتوانین لە ژیاندا جێگەی مەرگ دەستنیشان بکەین، چونکە وەک گوتم نەکەوتووەتە بازنەی بوون و ژیانەوە، ناشتوانین وەک دەرەئەنجامی ژیان لە قەڵەمی بدەین و بڵێین کەوتووەتە پشتی کەوالیسی ژیانەوە، چون هێشتاش تەلیسم و نۆمینە و هیچ بەشێک لە خۆی ئاشکرا نەکردووە تاکو ببێتە فینۆمین، ئەوەشی زانست پێی گەیشتووە گۆڕانکارییە

کیمیاییەکانی لاشەیە، نەک زانیارییەکانی ئەودیو بوون، هەر بەم بۆنەیەوە مردن پتر پرسێکی فەلسەفییە وەک لەوەی تێمایەکی زانستیی یان بیۆلۆژیی بێت. یۆنگ پرسیارێکی سەرەتانیی لەم رووەوە دەوروژێنێت: (ئەگەر لە کاتی مردندا، منی بایۆلۆجی تێدا بچێت، ئایا منەکەی تریش لەگەڵیدا لەناودەچێت؟، ئەو منەی لە تافی منداڵیدا چاوگی خەونەکانمان بووە). لە باری قووڵترین رووبەڕووبوونەوەی زانستیی و فەلسەفیدا بەرامبەر بە مـەرگ، هێشتا پرسیارێک هەیە و برسی بەرسڤێکە، ئەو پرسیارەی تا هەنووکە وەڵامێکی دڵنیاکەری پێنەدراوەتەوە: ئایا بیرت لە عەدەم کردووەتەوە؟، نەبوون شوێنێکە لە مێشکماندا، هەموو بەرەو ئەو خاڵە دەڕۆین و ناگەینە هیچ کوێ، سکون و نەبوون قووتمان دەدات، خۆ عەدەم گەدەشی نییە، ئەگەر وابوایە لە شوێنێک دەگیرساینەوە، ئێمە لە هیچەوە هاتووین، سەرئەنجام دەبینەوە بە هیچ، تراژیدیاکە ئەوەیە لەم کاتەدا (هیچ)یش شتە، نازانم چۆن گوزارشت بکەم!، ئێمە بـەرەو عـەدەم دەڕۆیـن، بـەرەو بە هەڵمبوون، خۆ هەڵمیش گازێکە لەناو سروشتدا بڵاودەبێتەوە، وا دیارە عەدەم بۆ ئەوە نابێت لە خەیاڵ بێتە دەرەوە، هەرچەند عەدەم شتێک نییە، خەیاڵ دەستی پێی بگات و لە هەرێمی فەنتازیاشدا وێنا بکرێت!.

من: مەرگ دوا دەلالەتی ژیانە و دەکەوێتە کۆتا چرکەی چالاکییە ئۆرگانیی و فیزیکییەکانی مرۆڤەوە، ئەودیوی مردن وەک راز و تەلیسمێک ماوەتەوە، تا ئێستاش نە زانست نە هیچ شتێکی دیکە بەرسڤی ئەوەی نەداوەتەوە ئایا مەرگ دوا گرتەیە لە فیلمی ژیاندا یان دواهەمین تراژیدیایە و ونبوونێکی سەرمەدییە و کۆتایی یەکجارەکی بوونە؟، بە بەردەوامی مرۆڤ دوای وەڵامی پرسیارێکی ئۆنتۆلۆژیی لەم شێوەیە کەوتووە، بە قسەی فرۆید ناهۆشیاریی مرۆیی ستۆدیۆیەکە تەنیا وێنەی مەرگی خودی کەسەکەی تێدا نییە، چونکە ئاخنراوە بە خولیایی نەمریی، دیمەنێکی تۆقێنەر و بەرگە نەگیراوە وێناکردنی مەرگی خۆت، لەگەڵ ئەوەشدا رووداوێکی حەتمییە. سەرەتا و تا تەمەنی بیست و دووساڵی کە هیچ بەرهەمێکی وەهـام نەبوو جگە لە چەند سەرە قەڵەمێک بە ناوی وتـاری رۆژنامەوانییەوە، بەدەر لەوەشی لە ژیان و کرۆکی بوون تێنەگەیشتبووم، مەرگ وەک دێوەزمەیەک

سێبەری کردبوو بەسەر بیرکردنەوەمدا، تووشی تۆقینێکی سەیر ببووم لە نەمان، هەرچەند تێدەکۆشام نەمدەتوانی گەواری ئەو دیمەنە بەرگەنەگرە بگرم، کاتێک لە گۆڕێکی تاریکدا بە تەنیا جێهێڵدراوم بۆ بەکتریا و مێرووەکان، کەچی ئێستا ترسم لە مەرگ شکاوە، چونکە سات لە دوای سات زێدەتر لە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ژیان نزیک دەبمەوە، ترسی هەنووکەم، فۆبیا نییە لە مەرگ بەشێوە پەتییەکەی، بە قەدەر ئەوەی ترسە لەو پڕۆژە نیوەچڵانەی بەو هۆیەوە و بۆ هەمیشە رادەوەستن و ناکام دەمێننەوە، ئێوە بیر لە کارڵ مارکس بکەنەوە، ئەگەر مەرگ رێگەی بدایە کتێبی کاپیتال تەواو بکات و دوو سێ کتێبی تریشی بنووسیبا، دنیا چی بەسەردا دەهـات؟، ئاخۆ ئەگەر ئیدگار ئالان پۆ کە ژیانێکی بۆهیمی و سەرخۆشانەی بەڕێکرد، هەرچەند بێرناردشۆ دەیگوت هێندەی هیچ ئەمەریکییەکی تر ئالکهولی نەدەخواردەوە، لەو تەمەنە کەمەدا مەرگ بەرۆکی نەگرتبا، ئەدەبی ترسناک، چەند ترسناکتر وێنەی ژیانی بۆ دەخستینەڕوو؟، بۆ لۆرکا و نیچە و ریلکە و گۆران و دڵدار و سوارەی ئیلخانیزادە و بەکر عەلی و مارف ئاغایی و کێ و کێی تریش بە هەمان شێوە.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەبێت مەرگ بەو جۆرە راوبنێین، لە ئامێزی ژیاندا بوونی رەسەنانەی خۆمان بدۆزینەوە (بە ئیحای هایدگەر)، ئەو فاکتەمان لە بەرچاو بێت ژیان چەندان هەلی تێدا نییە، یەک هەل هەیە ئەویش ژیان خۆیەتی، کەواتە خەون ببینە و هەوڵ بۆ هاتنەدی خەونەکانت بدە، بەدەر لەمە هەر جۆرێکی تر بمریت وەک ئەوەیە نەهاتبیتە ژیانەوە. شۆڕشگێر بە، تەنیا جێگەیەک لە زەویدا پڕ مەکەرەوە و مەبە بە ئاژەڵێکی دووپێ هەر ژینگە پیس بکەیت، ئەگەرنا بوونی تۆ لە بوونی سیسرێک زیاتر نییە، ئەگەر کەمتر نەبێت، ئاخر لە کۆتاییدا هەمووان وەک یەک دەمرین، بەڵام پرسیارەکە لەسەر ژیانە ئاخۆ هەمووان وەک یەک دەژین؟. بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بژیت، مرۆڤ بە، ملکەچ و کۆیلە مەبە، داکۆکی لە ئازادیی خۆت و هەمووان بکە، لە دەرەوەی ئەم ئەرکانە، ناشێ بمریت، خۆی راستییەکە وایە کەسێک دەمرێت هاتبێتە ژیانەوە، بێ هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیانە بە مردوویی ژیاویت، بوونە فیزیکییەکەت هیچ لەوە ناگۆڕێت بوونت نییە و نەبووە.

ناشێ لە ژیاندا بە سەرگەرمیی و مەستییەوە مەرگ لە بیری خۆمان ببینەوە، وەک چۆن مەولەوی تاوەگۆزی لە ڕێگەی مەی و گۆرانییەوە گەرەکی بوو خۆی لە مردن بدزێتەوە وەک لەم کۆپلەیەدا، بەروونی ئەو هەستە بەرجەستەکراوە بە شیعر دەبینینەوە:

**زرنگەی گۆش وێم پێم ماچۆ وەتاو**

**گاهی خەبەردار، گاهی سەر حەساو**

**من پەمەی غەفڵەت کەڕ کەدەن گۆشم**

**هیچ وەکەس نییەن نەگۆش نەهۆشم**

**نەی گوزەرگای تەنگ بازاڕ چەپ گەرد**

**هەر کاتێ زانای ئەجەل سمکۆ کەرد**

ئەمە ڕێگەیەکی وەهمیی و تراویلکەئاسای نێو کولتووری عیرفان و ئایندارییە بۆ خۆدزینەوە لە مەرگ. ترس لە مەرگ لە شیعرەکانی مەولەویدا پانتاییەکی زۆر فراوانیان هەیە، دوای حاڵیبوونی لە حەتمییەتی مەرگ، ئەوەی مەی و خۆدزینەوە لە مردن دادی نادات و مەرگی لێ دوور ناخاتەوە، ئەوجا دەکەوێتە دڵدانەوەی خۆی بەوەی ژیانێکی تر چاوەڕێیەتی لە پاش مەرگ. لۆکریتۆس دووپاتی دەکردەوە: (هەندێک کەس دەتوانن خۆیان وا تێبگەیەنن و دڵخۆشی خۆیان بەوە بدەنەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکی نامادديیە و خودایەکی چاکەخواز هەیە لە پاش مردن بیانگەڕێنێتەوە سەر شانۆی بوون). لە وەختێکدا میکانیزمە ریالیستییەکە بریتییە لە تەواوکردنی خۆت لە ڕێی تێکۆشان و بە دەستهێنانی ئازادییەوە لە بۆتەی ژیاندا، وا پێویستە ژیان لە دۆزەخەکەی دانتێ بهێنینە دەرەوە، چونکە دەڵێی هەمووان فڕێدراوینەتە رووباری غەمگینی دۆزەخەکەی (دانتێ)وە لە کۆمیدیای ئیلاهیدا و ناتوانین لێی بێینە دەرەوە، ژیان بووە بە نەفرەتێک چەشنی (ستیگ داگەرمان)ی نووسەری سوێدیی جەختی لێ دەکردەوە جێگەی ئارەزووی مەرگیشی تێدا نەماوەتەوە. (داگەرمان خاوەنی دێڕە شیعری «هەندێ بۆ مردن دەژین، ئێمە بۆ ژیان دەمرین» بوو، ئەو دێڕەش لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە بە شێوەیەکی پلەیجیریزمانە بە کوردیی کراوە). فەیلەسوفە ئەڵمانییەکە (هایدگەر) ڕێنماییمان دەکات ناشێ ترسی مەرگ خودی ژیانمان لە بیر

بباتەوە، ئێمە دەبێت هەموو هەوڵەکانمان بۆ ژیان چڕ بکەینەوە، مەرگیش لەولاوە وەک حەتمییەتێک وەستاوە، لەم چرکەساتەدا کورتە چیرۆکێکی (سۆمەرست مۆم) کە پێموایە سیاسەتمەداری ئەمەریکی پیتەر گالبریس لە سەرەتای کتێبەکەیدا لە بارەی عێراقەوە (کۆتایی عێراق) دایناوە، لە چینی ژێرەوەی یادەوەرییمەوە خۆی رادەپسکێنێت بەرەو سەرەوە، پوختەی چیرۆکەکەش ئەوەیە: لە سەردەمی عەبباسییەکاندا، ئیزرائیل وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی دێتە شاری بەغداد بۆ گیانکێشانی ژمارەیەک خەڵک، لەم دەمەدا سوپاسالارێک (بە دروستی بیرم نییە کێیە، ئایا داواکراو خەلیفەیە یان سوپاسالار؟) فریشتەی گیانکێشان دەناسێتەوە، لە ترساندا بە ئەسپەکەیەوە غار دەدات بەرەو سامەڕا، ئیزرائیلیش بە سەرسوڕمانەوە، بە خۆی دەڵێت، ئەم کابرایە چی دەکات لە بەغداد؟، ئێمە ئەمڕۆ دەبێت لە سامەڕا چاومان بە یەکتر بکەوێت!.

بە کورتی وەک خۆم لەو قۆناغەی ژیاندام هیچ شتێکم لا گرنگ نییە، تەنها ژیان خۆی بە رووتی بایەخدارە لەلام، نەک شتەکانی ناو جیهان و ژیان، واتە کاڵا و پارەم هەبێت یان نەمبێت هیچ لە کەسێتی من و بارودۆخم ناگۆڕێت، ئەڵبەتە پێم خۆشە ئەوەندەم کاڵا و پارەم هەبێت پێی بژیم، نەک ببمە کۆیلە شتەکانی ناو ژیان. بە کورتی خودی ژیان بەشێوە پەتییەکەی بۆ هەمیشە لەلام بایەخدارە، من ئەو کەسەم شەڕ لەسەر ژیان دەکەم، لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵک پێشبڕکێیانە لەسەر مردن، یەکێک ئۆتۆمبیل بەخێرایی دەئاژوێت، کەسێکی تر زیادەڕۆیی دەکات لە خواردنەوەی ئەلکهولدا، ئەمیتر خوێنی خۆی پڕ کردووە لە چەوریی و شەکر، ئەم گروپانە شەڕیان لە دژی ژیان راگەیاندووە و رژدانە لە هەوڵی بەدەستهێنانی مەرگدان، بە پێچەوانەی ئەوانەوە من جەنگ لە دژی مەرگ دەکەم، شەڕ لەسەر ژیان دەکەم، دەمەوێت زۆرتر بژیم تا زیاتر ئەزموون بکەم، نامەوێت ژیانی بەرجەستە بخەمە قومارە و نایدۆڕێنم بۆ شتێک یان ژیانێکی تر کە لەسەر گریمانە دامەزراوە. بۆیە ئامانجە سەرەکییەکەم ژیانە خۆیەتی، لەناو ژیانیشدا تاکە شتێک لە هەوڵی بەدەستهێنانیدابم بریتییە لە ئازادیی و دۆزینەوەی ماهیەتی خۆم، ناڵێم ماهیەتی خۆم دۆزیوەتەوە، چوونکە ئەوە گەڕانێکی زۆر سەختە، بەڵکو لە بە وردیی و دیقەتێکی زۆرەوە دوای خۆدۆزینەوە کەوتووم.

سێبەر: جیاوازییەکەم لێرەدا بەرجەستە دەبێتەوە: هیچ گلەییەکم نییە لە شەو، لە تەنهایی، لە مەرگ، لە نەخۆشی، لە ئازار، لە زۆر شتی تر کە بۆ خەڵکی ئاسایی مایەی ناڕەحەتین، ئەمەش بەو مانایە نییە کەسێکی مازۆخیم، ڕەنگە چەند پلەیەک لە سادۆ مازۆخیزم لە مندا هەبێت، کەچی بە تەواوەتی مازۆخییەکی رووت نیم. فەلسەفەش کرۆکی ژیان بە خۆدزینەوە لە ئازار و بەدەستهێنانی برێکی زۆر لە چێژ لێکدەداتەوە، هیچ نەبێت مێژووی مرۆڤ بریتییە لە مێژووی راکردن لە ژان و ژوار، لە هەمان کاتدا ماراسۆنیشە رووەو چێژەکان. منیش بەدەر نیم لەم ئارەزووانە، ڕەنگبێ تایبەتمەندییەکەم لەوەدا بێت رقم لە هەریەک لەو شتانە نابێتەوە لە پێشدا ئاماژەم پێدان، چونکە ئێمە لەناو ژیاندایین و لە ماراسۆندایین بەرەو مەرگ، لەسەر ریگاکەشمان، شەو و نەخۆشی و تەنهایی و ئازار هەیە، بە جۆرێک ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، مادامیش بوونی ئێمە بوونێکە لەناو زەمەندا، ڕۆژەکانمان لە ژیاندا دیاریکراون، هەر ماتەرێک بکەوێتە ناو زەمەنەوە کەواتە مەحکومە بە شێوەگۆڕین و تیاچوون، ئێمەش بوونەوەرگەلی ماددین و سەرئەنجاممان تێداچوونە، لەو ساتەی دەمرین، بوونە بەرجەستە و نابەرجەستەکانی وەک لەش و هەستە مرۆییەکانمان پێکەوە تێدا دەچن و تێکەڵ بە سروشتی بەدیهێنەر دەبنەوە، لایەنگری ئەوەم ئەو ماوە کورتەی لە ژیاندا لە بەردەستمانە بە دوای چییەتی خۆماندا بگەڕێین و چێژ بە هەموو تانوپۆکەیەوە وەربگرین، هەر لە میکرۆ چێژەوە تا ماکرۆ چێژ کە پێموایە ئازادییە. سەبارەت نامۆییش بە تەنیا ڕەنگدانەوەی حەتمییەتی مردن نییە، نامۆیی بە پلەیەکی بەرزتر وێنەدانەوەی ژیانە، ژیانێک ئاسۆی داهاتووی دیار نییە، دینامیکییەت و ناڕوونی ژیان، ژێدەری راڕاییەکی فراوانترە لە دڵەڕاوکێ لە هەمبەر مەرگ، جەبری مەرگ و ئەوەی ڕۆژێک دێت هەر یەک بە هۆکارێک دەمرین لە نەستی تاک بە تاکی مرۆدا هەواری هەڵداوە، هەرچەند پێمان خۆشە بزانین درامای دوای مەرگ چی تێدا روودەدات، بەڵام سەرقاڵیی و دڵەڕاوکێکانی نێو فیلمی ژیان هێندە بە تین و گەورەترن، خودی مەرگ و هەوڵدان بۆ زانینی چارەنووسی دوای مردن لە بیر دەبەنەوە، سامناکییەکە مەرگ نییە، هێندەی ژیانە، کارەساتەکە مەرگ نییە،

ئەوەندەی ژیانێکە زنجیرەیەک کارەسات و کۆتوبەندکرنە، ئەمەشم بە فۆرمە دەربڕینێکی تر بە درێژایی کتێبی (فلاشباک) گوتووە، ناوکۆییە مێژووییەکەی نووسینی ئەو کتێبەش کەوتووەتە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی پێشووەوە.

من: مەرگ تا ئێستا وەک تەلیسم و تەمومژێکی چڕ ماوەتەوە، لە دیدی میتافیزیکییەوە مردن، بە تەنها مردنێکی فیزیکییە، جەستە لە خاک و خۆڵ پێکهاتووە و ئەمانەتێکی زەوییە دەبێت بۆی بگەڕێندرێتەوە، لە دۆخی مەرگدا تۆ تەنها جەستەکە رادەستی زەوی دەکەیتەوە و پاشان شی دەبێتەوە و لەناو سروشتدا بڵاودەبێتەوە، هەرچی روحە ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریش نەبێت، لەگەڵ جەستەدا دەبێتە دڵدار، بە پێی کتێبی (بنداهێش)ی هیندییەکان عەشقی گیان بۆ جەستە بەو ئەندازەیەیە سێ رۆژ و شەو لای دەمێنێتەوە و نزا دەکات بگەڕێتەوە ناو قەپاغە بیۆلۆژییەکەی، سەرباری ئەمە هەرچەندیش پێی ناخۆش بێت، دەبێت بگەڕێتەوە شوێنی نەمری خۆی. لە دیدی میتافیزیکیدا دەیان سیناریۆ هەیە بۆ شێوازی مانەوەی روح، یەکێک لەوانە دۆنادۆنە، بە پێی ناواخنی زۆرێک لە میتۆلۆژییەکان، مرۆڤی چاکەکار، روحی لە جەستەی پەپوولە، گوڵ، هتد.. دەژێتەوە، هەرچی مرۆڤە شەڕانگێزەکانن روحیان دەچێتە کەوڵی ئاژەڵی دڕندە و دڕک و داڵەوە. سیناریۆیەکی تری میتافیزیکیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە روح بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان یان بۆشاییەکی تری گەردوونی بێ کۆتایی، لەوێ لە جێگەیەکی هێمن و دڵنیادا دەمێنێتەوە، لە روانگەی ئاینە ئیبراهیمییەکانیشەوە پاش بەسەربردنی تەمەنێک بە تەنهایی دەگەڕێتەوە ناو هەمان جەستەی پێشوو لە رۆژی هەستانەوەدا «قیامەت». (سەیر ئەوەیە باس لە ئەشکەنجەی ناو گۆڕ دەکرێت، لاشەیەکی شی بووەوە و نائۆرگانیزم چۆن دەتوانێت هەست بە ئازار بکات؟!). لەگەڵ ئەوەشدا لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا کەسانی وەک ئیبن سینا هەڵکەوتوون و پێیانوایە زیندوبوونەوەی جەستەیی رووداوێکی ناڕاستە، ئەوەی لە دوای مردنە جەستەییەکەدا روودەدات، لەناو جیهانی روحەکاندا دەقەومێت، هەرچەند لەسەر ئەم گۆشەنیگایە رووبەڕووی تەکفیر بووەوە، بەڵام ئەو پێیوابوو جەستە چونکە جەوهەرێکی رەسەن نییە و قابیلی لەناوچوونە، شایانی ئەوە نییە

جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر ستەیجی بوون، ئەوەی جەوهەری راستەقینەیە تەنیا و تەنیا روحە!.

بەشێکی تر لە دیدی میتافیزیکی پێیوایە سووڕی روح لە بۆدی هەر یەکێکدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوانەی بەهۆی رووداوێکەوە زەبرێکیان پێ دەگات و شایانیان دەکات بە مردن، لەم دۆخەدا روح دوچاری سەرلێشێوان دەبێت، چونکە پێیوایە سووڕەکە هێشتا تەواو نەبووە، لەبەرئەمە چەند جارێک دەیەوێت نەڕوات یان دەڕوات و دێتەوە، بە نموونەش ئەم تێفکرینە خورافییە بەڵگەدار دەکەن، وایدابنێ جەنگاوەرێکی گلادیتاتۆریی دەیان شمشێری لێ دەدرێت و هەر نامرێت، ئەمە روحە نایەوێت بڕوات. دیدگای ماتریالیستی دان بە هەبوونی روحدا نانێت، مردن بە فیزیکاڵ و گۆڕانکارییەکی ماتەریی و یاسای سروشت دەبینێت، بەڵام سروشتی مادده نەمر و جێگیرە و شایانی لەناوچوون نییە. پارمەندیس نکۆڵی لە تێداچوونی تەواوەتی مرۆڤ دەکات بە هۆی مەرگەوە، وایدەبینێت بنەمای سەرەکی بوون بریتییە لە جێگیریی. بە پێی زانستی نوێش، لە مەرگدا جەستە بە خێرایی شی دەبێتەوە و لەگەڵ سروشت ئاوێتە دەبێت، ئەوەی جێگەی پرسیارە بۆ زانست ئەمەیە: ئایا یادەوەریی و هاردی زانیارییەکانی مێشک بۆ کوێ دەڕوات کە بوونێکی ناماددییان هەیە؟، ئایا بەناو سروشتدا بڵاودەبێتەوە؟، ئەگەر بەناو سروشتدا بڵاودەبێتەوە، لە گریمانەی کۆبوونەوەیان پێکەوە، دەتواندرێت هەبوونە فیزیکاڵەکەش دروست بکرێتەوە؟!، ئەمە ئەو پرسیارانەن بە پەنهانی ماونەتەوە، کۆدگەلێکن هێشتا ئاشکرا نەبوون تەنانەت بۆ عەقڵی زانستی کە ئاستێکی باشی لە پێشکەوتن بڕیوە، بەڵام تا ئێستاکە ئەوەندەی من ئاگاداربم زانست بە لای جیهانبینیی ماتریالیستییدا دەیشکێنێتەوە نەوەک دنیابینییە ئایدیالیستی و میتافیزیکییەکان، ئەوەش لەبەرئەوە نییە ئێمە پێمان خۆشە بۆچوونە ماتریالیستییەکەمان لەگەڵ زانستدا کۆک و تەبایە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زانست لەسەر بنەمای سەلماندن ئیش دەکات، تاکو هەنووکەش سەلماندنی روح و زیندووبوونەوە بە رێگایەکی زانستییانە ساغ نەکراوەتەوە، ئەوەی هەیە تەنیا باوەڕ و کۆمەڵێک سیناریۆی ئاینییە لە بارەی مەرگ و روح و هەستانەوەی دوای مردن، دوا قسەش بۆ زانست بەجێبهێڵین

باشترە. لێ لە دوای مۆدێرنێتەوە باس و خواسێک لە بارەی چەمکی روحەوە نامێنێت، کۆنسێپتی دەروون دەبێتە شوێنگرەوەی، دەروونشیکاریی لە فرۆیدەوە تا ژاک لاکان، بە دوای تێگەیشتنی ئەو پێدراوە نابەرجەستە میتافیزیکییەدا وێڵە، ناوی دەروونە.

سێیەم: مادام ناوی ئیبن سینا هاتە ناو ناوانەوە، دەخوازم بە دوو سێ دێڕ کرۆکی بیرکردنەوەی ئەو لە بارەی ژیانەوەی پاش مەرگ و روح بخەمەڕوو. ئیبن سینا بڕوای بە زیندووبوونەوەی پاش مەرگ نییە!، چونکە لە هزرینی ئەودا ئەوەی لەناوچووە بە تەنها جەستەیە کە لای ئەو ماهیەتێکی رەسەنانەی نییە، هەرچی روحە جەوهەرێکی هەرمانە و قابیلی فەوتان نییە، بۆیە شتێک نەمر بێت باسکردن لە زیندووبوونەوەی سەفسەتە و ئەوپەڕی بێ مانابیە. دروست بە پێچەوانەی شارستانێتی میسری فیرعەونییەوە، لەو ژیارەدا گریمانەی ئەوە دەکرا پرۆسەی زیندووبوونەوە گەڕانەوەی دووبارەی روحە بۆ ناو بۆدییەکەی پێشووتر تێیدا نیشتەجێ ببوو، لەبەرئەوە لە رێی مۆمیاکردنەوە بە توندیی پارێزگاریی لە مانەوەی تەرم دەکرا، تەنانەت هەرەمەکان بەو هەموو تێچوو و رەنجدانە مرۆیی و مادییەوە، بۆ ئەوە بیناکران گرەنتی مانەوەی درێژخایەنی تەرمی فیرعەون و شازادە و نەجیبزادەکان بکرێت تا رۆژی پەسڵان، بەم هۆکارە هەلومەرجی ناو هەرەمەکان لە رووی ئەتمۆسفێر و باری شێداریی و پلەکانی گەرماوە، بە تایبەت لەو بیابانە لم و گەرموگوڕەدا، رەچاوی ئەوەیان تێدا کرابوو تەرمەکان کەڕوو و بۆگەن نەکەن و بەرگەی مێژوو و رۆژگاری داهاتووتریش بگرن، ئەگەرچی لێرەدا رەهەندێکی چینایەتی بە روونی خۆی دەردەخات، بەوەی ئەو هەژارانەی نەیاندەتوانی تێچووە ماڵییە زۆر و زەبەندەکەی مۆمیاکردن دابین بکەن، لە مافی زیندووبوونەوە بێبەش دەبوون، ئیتر مەرگ لای هەژاران و کۆیلەکانی ئەوێ رۆژێ کۆتایی چیرۆکەکە بوو، لەبەرئەوەی مانەوە جەستەییەکە پێشمەرجی گەڕانەوەی روح و زیندووبوونەوە بوو بە پێی لێکدانەوەی ئوستوورە میسرییەکان، وەک چۆن لە دنیای هاوچەرخیشدا فۆرمێکی نوێتری مۆمیاکردن لە ئارادایە، ئەویش لە رێگەی متکردنی بایۆلۆژییەوە، بەوەی جەستەکان دەخرێنە دەفرە بەستووەکانەوە

و لە ئایندەدا جارێکی تر خاو دەکرێنەوە و کەسی هەڵگیراو لەناو ئەو ساردەکەرەوە بایۆلۆژییەدا دەرفەتی بینینی سەردەمێکی تری بۆ فەراهەم دەکرێت!، ئەمەش تێچوویەکی زۆر و زەبەندی دارایی گەرەکە، هەر بۆیە لە مۆمیای کلاسیکی و مۆمیای نوێدا رەهەندی چینایەتی بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت و دەناسرێتەوە.

من: دیکارت پێیوایە جەستە و هۆش (روح) دوو ماهیەتی سەربەخۆ و جیاوازن و لە جەستەدا کردەی یەکبوون ئەنجام دەدەن، پێیوابوو هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە بیسەلمێنێت لەناوچوون و شێوەگۆڕانی جەستە لە مردنە فیزیکاڵەکەدا، کۆتایی رێگاکە بێت و ئەوە ئاشکرا بکات لەگەڵیدا هۆش لەناودەچێت!. لە دیدی ئەودا هۆش نەمر و ئەزەلییە، ئەوەی لە مەرگدا روودەدات بە تەنیا شیبوونەوەیەکی کیمیایی لەشە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی مەرگ هەمیشە رووداوێکە لە ئەنجامی پاڵەپەستۆیەک لەسەر جەستە و ئەندامە ئۆرگانیکەکانی لەشەوە دەقەومێت؟، بۆچی هەموو کات لە کارکەوتنی پارچەیەکی فیزیکاڵی جەستە یان پەککەوتنی چەند ئەندامێکی ئۆرگانی پێکەوە دەبنە پاڵنەر و فاکتۆری مردن؟!، بۆچی هیچ کات بە بێ نەخۆشی یان کوشتن یان رووداوێکی هاوشێوە، تاکە جارێک روح دەستپێشخەریی ناکات بۆ مەرگ؟!، بۆچی بە هەمیشەیی روح دوای گۆڕانکارییە جەستەییەکان لاشە جێدەهێڵێت؟. ئایا مافی ئەوەمان نییە ئەو پرسیارەش بکەین، ئەگەر روح هەیە بۆچی لە پرسێکی وەک مردندا بڕیار نادات و بێ هیچ گرفتێکی فیسیۆلۆژیی لە جەستە جیا نابێتەوە و هەمیشە پاشکۆیەکی ملکەچی بڕیارەکانی جەستەیە؟. دەمانەوێت بگەڕێینەوە لای دیدگا (دیکارت)ییەکە و بزانین لە وردەکارییدا چۆن لە دوالیزمی هۆش و جەستە دەڕوانێت، رەنگبێ بۆ تێگەیشتن لەوە کتێبە بەنامێکەی ئەو (هەڵچوونەکانی روح) یارمەتیدەرێکی باش بێت، ئەو لەو کتێبەدا ئەنجامگیرییەک بەدەستدەهێنێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، مەرگ بەرئەنجامی جێهێشتنی روح نییە لە جەستەدا، بەو مانایەی ئەوە روح نییە بڕیار بدات جەستە جێبهێڵێت بە پێچەوانە بڕیاردەری سەرەکی خودی جەستە خۆیەتی و لە ئەنجامی نەمانی وزە و گەرمیی و نەجووڵان، بەشێوەیەکی دیفاکتۆ روح ناچار دەبێت لە جەستە جیا بێتەوە، ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر ناکۆکە لەگەڵ

چیرۆکی مردن بە پێی ئاینەکان، چونکە لە روانینی ئاینیدا، مەرگ لەو جێگایەدا دەبێتە رووداوێکی راستەقینە روح بڕیار دەدات جەستە بەجێبهێڵێت، بەو مانایەی بڕیاردەری مەرگ لە پێشدا روحە و جەستە دەبێت خۆی تووشی (قەدەر)ێک بکات بۆئەوەی مردن رووبدات.

پێشتریش ئەرستۆ روحی وەک جەوهەرێکی سەربەخۆ نەدەبینی، بەڵکو پێیوابوو لەگەڵ جەستەدا دەستپێدەکات و لەگەڵ ئەویشدا کۆتایی دێت، کەچی لای ئیبن سینا کە ئەرستۆییەکی سەردەمی زێڕینی ئیسلام بوو، ئەم بۆچوونە رەد درایەوە و پێیوابوو روح پاشکۆی جەستە نییە، جەوهەرێکی نەمری سەربەخۆیە، وەک ئەوەی ویلفرێد پڤلۆ جەختی لێ دەکردەوە: جوگرافیای روح لە هیچ شوێنێکی جەستەدا دەستنیشان ناکرێت، کەچی ئەو لە شوێنێکیشە. بۆی هەیە روح بە پێی دیکارت، هەمان ئەو روحە نەبێت ئاینەکان هێڵکارییان کردووە، بە دیقەتدان لە دیدگای ئەو بەو دەرئەنجامە دەگەین، روح لە ئەنجامی بەرهەمهاتنی گەرمی و جووڵە لە ئارادایە، رەنگبێ ئەم دیدگایە زۆریش ناکۆک نەبێت لەگەڵ زانستی نوێدا، چونکە وزە ئەو بەشە گرنگەی جەستەیە و بەرپرسیارە لە جووڵەی میکانیکی و گەرموگوڕیی لەش. لای دیکارت ئەوەی بەرپرسیارە لە بەرهەمهێنانی جووڵە و گەرمی بە تەنها دڵە کە ئەو (بە بەهارێکی تەڕ) و شێدار و سەرچاوەی ژیان سەیری دەکات، هەر کات دڵ توانای ئەوەی لە دەستدا گەرمی یان وزە بەرهەم بهێنێت و بەسەر جەستەدا پەخشی بکات، ئیدی روح بیر لە بەجێهێشتنی جەستە دەکاتەوە. توێژینەوە زانستییەکانیش ئەوەیان سەلماندووە ژینەکانی لەشی مرۆڤ یان هەر بوونەوەرێکی تر، ناخودئاگا لە هەوڵێکی چڕوپڕدایە بۆ خۆهێشتنەوە!. ریچارد داکوینز باس لەوە دەکات ئەم ژینانە کە ماتریاڵی نەفامن کەوڵەکان دەگۆڕن و لەم جەستەوە جێگۆڕکێ دەکەن بۆ ئەو جەستەی تر، چونکە بە پێچەوانەی جەستەوە ژین نەمرە و دەتوانێت ملیۆنان ساڵ لەم لاشە بۆ ئەو جەستە بپەڕێتەوە، ئەمە کرۆکی کتێبە بە ناوبانگەکەی داکوینزە بە ناوی (ژینی خودپەرست). رەنگە روح هەمان ئەو ژینە زیندووانە بێت لە پرۆسەی گەشەسەندنێکی مێژووییدا پەیدابوون، لەوانەیە ئەمەش دۆنادۆن بکاتە فاکتێکی زانستیی.

سێبەر: ڕەنگبێ پرسیارێک کە هەموو کات ئامادەیە، ئەوە بێت بۆچی مرۆڤ لە مردن دەترسێت؟. بە خەملاندنی من هەر شتێک نەکەوتە ژێر ڕکێفی زانینی مرۆییەوە و بە شاراوەیی مایەوە، جۆرێک لە ترس لە مرۆڤدا دروست دەکات، بە تایبەت ڕووە ترسهێنەرەکەی مەرگ ئەوەیە هەر جارەو یەکێک دەبات و چیدی نابینرێتەوە. بۆ خۆ دەربازکردن و خۆ ڕەهاکردن لەم ترس و بیمە، مرۆی سەرەتایی میتۆلۆژیا و ئاینەکانی ئافراند، ئێستاش بووە بە مژارێکی گەرموگوڕ کە زانستیشی بە خۆیەوە خەریک کردووە. بە گوێرەی ڕوانینی ویڵ دیورانت، نووسەری کتێبی (چیرۆکی شارستانێتی)، ئاینەکان بەرهەمی ترسی مرۆڤن لە مردن، پێیوایە ئەگەر ترسێکی وەها لە ئارادا نەبوایە مرۆڤ پێویستی بە ئافراندنی ئاین و تەنانەت خوداکانیش نەدەبوو. ئێمە دوورتر دەڕۆین و پێمانوایە ترس لە مردن نەک هەر ئاین، داینەمۆی بەرهەمهێنانی دیکتاتۆرییەتیش بووە!. بیر بکەرەوە خوێنڕێژەکان و دیکتاتۆرەکان ترسنۆک و لاوازترین کەسانێکن بەرامبەر بە مردن، لە هەموو لایەکەوە ترس لە مەرگ ئابڵووقەی داون و هەناوی خواردوون، ئەو کوشتارە بەر فراوانانە بۆ ئەوە دەکەن، مردن لە خۆیان دوور بخەنەوە، سەدام حسێن لە ترسی گیانی خۆی تا نەیکوژن، هەزاران هەزاری گیانی تری کێشا، هیچ خوێنڕێژێک دروست نابێت بێ لە ئارادابوونی ترس لە مەرگ. لە ڕەهەندێکی ترەوە ئەو شتەی لە ترسی مردن پتر ڕۆڵی هەبووە لە بەتینبوونی مەیلی ئاینیی لای مرۆڤ مزگێنی دووبارە سەرهەڵدانەوە و نەمریی بووە. بە گشتیی خولیا و بیرۆکەی نەمریی لە پێش ئاینە ئیبراهیمییەکانەوە لە دوو فۆرمی پێچەوانە بە یەکتردا مانیفێست ببوو، یەکەمیان لای هیندییەکان و بودیزم، نەمریی بازنەییە و چرکەساتی ڕزگاربوونی تەواوەتییە لە بوون کە ئازارێکی ناکۆتایە، واتە خودی کۆتایی ئەو کاتەیە دەگەیت بە نیرڤانا و لە هەموو ویست و حەزە جۆراوجۆرەکانی ناو بوون پاکژ دەبیتەوە، بەم پێیە لە بودیزمدا شتێک نییە بە ناوی جیهانی دوای مەرگ، ئەوەی هەیە نەبوونە و نەبوونیش ناکرێت بەم هەڵە زماوانییە کە وتمان (ئەوەی هەیە) گوزارشتی لێ بکرێت، لە ڕوانگەی بودیزم و ئاینی هیندییە دێرینەکانەوە، دوو ناشوێن بە ناوی دۆزەخ و بەهەشتدا لە ئارادا نەبوون، هەرچەند لە پرۆسەی گەشە و پێشکەوتنی

ئاینییدا، هیندییەکانیش بەهەشت و دۆزەخی خۆیان بنیاتنا کە ژیانی ئێستای ئێمە کەوتووەتە نێوانیانەوە، چونکە بەهەشت جیهانی سەرووە (سەفەرلۆک) و هەرچی دۆزەخە جیهانی خوارووە (ناگلۆک). دۆزەخیش لە نەسکە هیندییەکەیدا هەر یەک دانە نییە، بەڵکو هەر جۆرە سەرپێچییەک دۆزەخێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە فۆرمی دووەمدا شارستانێتیی میسریی دێرین هەیە، لەم ژیارەدا مژارەکە تەواو پێچەوانەوەیە، تێداچوونی یەکجارەکیی خراپترین جۆری ئازارە، بۆیە بە نەرینی ئەوان ئەم ژیانە وێستگەیەکی کورتخایەنە بەرەو ژیانێکی جاویدانی دوای مەرگ بۆ بەشێک لەو خەڵکانەی شایانی ژیان پێ بەخشینەوەن، بەڵام بەپێی میتۆلۆژیای فیرعەونی جێگەیەک بە ناوی دۆزەخەوە بوونی نییە، ئەو کەسەی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ نێو بوون لە شوێنێکی ئیدیاڵدا ژیان بەسەردەبات (بەهەشت). لەم روانگەوە بوو کتێبی (مردووان) لەگەڵ تەرمەکاندا لەژێر خاک دەشاردرانەوە تا ببێتە رەچەتە و رێنماییکاری گیان بەو وێستگانەی پێیدا تێدەپەڕێت لە دوای مەرگ. بۆی هەیە میسرییەکانیش وەک ئەرستۆ بیریان لە گیان کردبێتەوە کە هەر لەناو بەشە فیزیکییەکەی بوونی مرۆدایە نەک دابڕاو بووبێت لێی. بەشی یەکەمی ئەم بیرۆکە راستەهێڵییە کە نەمرییە دەقاودەق لە ئاینە ئیبراهیمییەکاندا گەوار کراوە و بە کەمێک دەستکارییەوە بەرهەم هێنراوەتەوە، بۆ نموونە جیهانی ژێرەوەی فیرعەونی کە دنیای مردووان بووە، لە بایبلدا کەمێک گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و هێنراوەتە سەر زەوی و گۆڕدراوە بە دۆزەخ، وەک چۆن لە هەمان کتێبدا بەهەشتیش هەر باخەکانی عەدەن بووە و لەسەر زەوی بووە، بەڵام لە ئیسلامدا بە کاریگەریی ئاینی زەردەشتی، بە وتەی عەفیف ئەخزەر لە رێگەی سەلمانی فارسی (کاهینی مەجووسی)یەوە، بەهەشت و دۆزەخ گوێزراونەتەوە بۆ ئاسمان. وەک وتمان بابەتی زیندووبوونەوە و نەمریی دوای مەرگ بێ دەستکاریی لە میسرییەکانەوە پەڕیوەتەوە ناو توێی کتێبی پیرۆزی ئاینە ئیبراهیمییەکانەوە، تاکە جیاوازیی ئەوە بووە نەمریی و سەرهەڵدانەوەی دوای مەرگ لای میسرییە دێرینەکان هەمەکی نەبووە و تەنیا بۆ ئەوانە بووە ئامیت دڵی نەخواردوون، بەڵام لە ئاینە یەکتاپەرستییەکاندا نەمریی رووداوێکی

گشتییە و هەر کەس ژیانێکی تری جاویدانی لە باخچەکانی بەهەشت یان لەناو ئاگردا چاوەڕێی دەکات. مرۆڤی نوێ واتە مرۆڤی دوای شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی و مۆدێرنێتە، خانەبەگومان بوو لە هەمبەر ژیان و جیهانێکی تر لە دوای مەرگ، بۆیە ئەمجارە بیری لە نەمریی رەمزیی کردەوە لە رێگەی داهێنانەوە، ئەگەرچی فەیلەسوفێکی وەک ژاک درێدا هەستێکی خۆشی نەبوو سەبارەت بەم نەمرییە رەمزییە و پێیوانەبوو دەستی گەیشتبێتە رووەکی نەمریی، بۆیە لە دواهەمین چاوپێکەوتنیدا بە پرسیارساز دەڵێت: (رەنگە پاش مردنم بە پێنج شەش رۆژ یان مانگێک لە یاد بکرێم و کتێبەکانم تەنها لە ئەرشیفی کتێبخانەکاندا بمێننەوە، دیارە ئەم هەستە بەسەرمدا زاڵە و سوێندتان بۆ دەخۆم، وەک خۆم باوەڕم بەوەیە، وام لێ بەسەر دێت). ئەزیش هەستێکی وەک درێدام سەبارەت بە خۆم هەیە.

من: ترس لە مردن و تیاچوون دایکی هەموو ترسەکانی ترە، چونکە هەموو ئەو شتانەی لێی دەترسین، ئەوانەن ئەگەری ئازار یان مردنیان بە دواوەیە، بەڵام ترس لە مەرگ لە ترس لە ئازار گەورەترە، بۆ نموونە ئەگەر بزانم خۆپیشاندانێک ترسی مەرگی تێدا نییە، چاوپۆشی لە ئەگەری هەر ئازارێک دەکەم، بۆیە بەشداریی تێدا دەکەم!. با لە نموونەی سیاسیی دوور بکەوینەوە، من یەکێکم لەوانەی ئارەزووی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبیلم هەیە، سزای سەرپێچی لە یاساکانی ترافیک شتێک نییە ئەو حەزەی منی پێ رابگیرێت، بەڵام ترس لە رووداو کە مردنی لێبکەوێتەوە منی وا لێکردووە تەنانەت لە وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێرییش دوور بکەومەوە یان ملیۆنان کەس ئارەزووی شاخەوانییان هەیە، زۆرینەش لە ترسی هەڵدێران نەبێت کە دەبێتە هۆی مردن، خولیای سەرکەوتنیان بەسەر هیمالایادا هەیە، مەگەر ئەوانەی ریسکی سەرکەوتن بەسەر لوتکەی (ئیڤەرێست)یان کردووە چەند سەد کەسێک نین؟. بەڵام ئایا مردن خۆی ئازارە؟، یان رەهابوون و گەڕانەوە بۆ ئەو نەبوونەی لە پێشتردا لێی بووین؟. بەڵگەی پێویستم نییە ئەوەی دووەمیان بسەلمێنم، بەڵام ئەوەی ناوی ژانە دەکەوێتە قەڵەمڕەوی ژیانەوە، هەر ئێستا خۆم کە ئەم دێڕانە دەنووسم، بەهۆی شێرپەنجەوە قوڵ و سەرم تەژی لە ئازارن، بیر بکەنەوە دوای مەرگ بە من دەوترێت نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە؟ یان ئازاری هەیە؟. لەگەڵ

مردندا ئازار کۆتایی دێت، حەزم دەکرد بڵێم ئەزموونێکی تر دەستپێدەکات، لێ داخەکەم وایدەبینم مردن کۆتایی فیلمەکەیە.

ساڵانێکی زۆرە بیر لەو رستە سەرەتانییەی نیچە دەکەمەوە: (بۆ ئێوە باشترین شت ئەوەبوو لە دایک نەبن، یان زوو بمرن لە گەنجیدا). دەقـاودەق وتەکەی نیچەم بیر نەماوە، ئەوەی ناو کەوانەکە جەوهەری بیرکردنەوەکەیە، ئایا ژیان ڕووداوێکی خۆشە یان ناخۆش؟، لەوە دەچێت ئەگەر بڵێم ڕووداوێکی خۆش نییە هەندێکتان گرژ و مۆن بکات، ئەمە گرێدەدەمەوە بە وتەکەی نیچەوە، ئێمە بەرئەنجامی ڕێککەوتێکین، بۆچی دەبێت بەو ڕێککەوتە دڵخۆش بین و ئاهەنگی بۆ بگێڕین؟، باشتر نەبوو لە دایک نەبین؟. لەوانەیە هەندێکتان پێتانوابێت حەزم لە ژیان نییە، تەواو بە پێچەوانەوەیە، لە هەر کەسێکی تر زۆرتر حەزم لە ژیانە، نەک لەبەرئەوەی خۆش و پڕ چێژە، لەبەرئەوەی گۆڕەپانی جەنگە، پڕیەتی لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان، ئەو گەمە سەختانەم خۆشدەوێت. خۆ ئەگەر ئێستا سەرپشکم بکەن لە نێوان لە دایکبوون و نەبووندا، چاوەڕێ مەبن لە دایک نەبوون هەڵبژێرم، چونکە ژیان هەڵدەبژێرم، هیچ نەبێت ئەزموونێکی تاڵ باشترە لە بێ ئەزموونیی. لەم چرکەساتەدا بیر لە یەکەم کەس دەکەمەوە کە مردووە، ئەو یەکەمین کەس یان کەسانەی مردنی یەکەم کەسیان بە چاوی خۆیان بینیوە، تۆ بڵێی چی هەستێکیان هەبووبێت؟، بڵێی ئاوەزی ئەوەیان هەبووبێت ئەمە دوا وێستگەی بوونی مردووەکەیە؟!، زۆر پرسیاری تریش لە مێشکمدا دەستیان کردووە بە تەقینەوە، لە ترسی ئەوەی نەڵێن لە ژوورێکی نسرمی نەخۆشخانەدا لە قاوشی نۆرۆلۆگیدا شێت بووە، بۆ ئێوەشم یاداشت دەکرد، لە هەمان کاتدا هیچ کات مەزندەی ئەوە ناکەم دوایین مرۆڤ بە تەنیا بمرێت، چونکە کۆتا مەرگ مردنێکی کۆگەلیی دەبێت، لە ڕوانگەی ئەوەی چەکی ئەتۆمی مرۆڤایەتی زیندەبەچاڵ نەکات، ژینگە ئەو کارە ئەنجام دەدات، ئەوەشم هەر لە پێش چاوە مرۆڤی پێش شارستانیی چەکی سادە و سەرەتایی بۆ پارێزگاریی لە ژیان دروست دەکرد، مرۆڤی شارستانی چەک لە پێناوی مردن و بۆ لەناوبردنی ژیان بەرهەمدەهێنێت.

سێیەم: لە کۆنەستی مرۆییدا ترسێکی ئەبەدیی لە هەمبەر مەرگ نیشتەجێیە،

ئەمەش ترسی یەکەمین مرۆڤ بووە کە هیچ شتێکی لە بارەی ئەو گۆڕانکارییە کیمیایی و فسیۆلۆژییانە نەزانیوە لە دوای مردندا روودەدات، بە ئێستاشەوە ئاوەزی مرۆیی لە چییەتی مەرگ نەگەیشتووە و ئایدیایەکی روون و سەلمێنراوی لە بارەی دوای مەرگەوە نییە. سامناکیی تەرم، مرۆی بەرایی تۆقاندووە، لەبەرئەوەشی رقی لە مەرگ بووە، ئەو سیناریۆیانەی لە بۆتەی ئاین و میتۆلۆژیادا لە بارەی رووداوی مەرگەوە دایڕشتوون بەرگەنەگر و ترسناک بوون، لە میتۆلۆژیای گریکییدا جیهانی هادێس (دنیای ژێرەوە یان شاری مردووان)، جیهانێکی ئەوپەڕی تۆقێنەر بووە، بە پێی ئەو میتۆلۆژییە کاتێک (کارۆن) بە خۆی و بەلەمەکەیەوە لاشەیەک بە رووباری (ستێکس)دا دەپەڕێنێتەوە بۆ بەردەم دەرگای جیهانی مردووان، سەگێکی سێ سەری دڕ بە هەر سێ سەرەکەیەوە دەوەڕێت و تەرمەکە کاتێک خۆی لە بەرامبەر ئەو دەعبا سێ سەر و لەناو قەد بەرەو خوار ئەژدیهاوە دەبینێتەوە، جارێکی تر لە ترساندا دەمرێتەوە!. ئەم ترسەش بە هەمان زیندوویێتی لە نائاگاییماندا درێژە بە خۆی دەدات، هەرچەندێک زانست و توێکاریی پزیشکیی، چەند بەشێک لەو گۆڕانکارییانەی لە کاتی مەرگدا بەسەر جەستەدا دێن ئاشکرا کردووە، بەڵام مەرگ هێشتا رەهەندێکی تری میتافیزیکیی و نادیاری هەیە، ترسی مرۆیی لەم جێگەیەوە دەستپێدەکات و بۆ هەمیشە تا ئەو کاتەی لە ژیاندایە لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. دەمەوێت هەر بەم ریتمە سادەیە تێڕوانینەکەم لە بارەی مەرگەوە چڕ بکەمەوە، ترسان لە مەرگ ترسان نییە لە خودی مەرگ خۆی، چونکە ئەوە شتێکە لە دەرەوەی ژیان، ترسە لە هاتنی ئەو داهاتووەی ئێمەی تێدا نین، وەک میلان کوندێراش دەیگوت لە هەمان کاتدا لە دەستدانی رابردووشە. ماف بە خۆم دەدەم روانینەکەی کوندێرا بەم فۆرمە دابڕێژمەوە: مردن هیچ ئازارێکی نییە، ئەوەی ناوی ئازارە هەمووی لەناو ژیاندایە. کەواتە بۆچی مەرگ هێندە تۆقێنەرە؟، چونکە لەناوچوونی هەموو ئەوەیە لە کاروانی ژیاندا بەدەستمانهێناوە و نازانین ئیمکانی هەیە جارێکی تر ببینە بە خاوەنی ئەو شتانە یان نا؟.

ئێمە بە تەنها لە شتانێکن تێدەگەین فینۆمین و بەرهەستن، تراوما راستەقینەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت مەرگ بە هیچ کلۆجێک ناکەوێتە چوارچێوەی

زانیارییەکانمانەوە، تونێلێکە ئەوسەریمان لێ دیار نییە، سروشتی مرۆیی لە هەر شتێک دەترسێت کۆتاییەکی تاریک و نادیاری هەبێت و بچێتە ئەودیو قەڵەمڕەوی زانینییەوە، ئاخر مرۆڤ تاکە ئاژەڵە بڕیاری داوە بە دوای زانیندا بگەڕێت و فێرببێت. ئیڤان ئیلیچ لە وتارێکدا بە ناونیشانی (مەرگ دژ بە مەرگ)، گەشتێکی دوورودرێژ و قووڵ دەکات بەناو دیوی شاراوەی چەمکی مردندا بە تایبەت لە سەدە تاریکەکانی ئەورووپادا. نموونەی سەر کێلی گۆڕێکی شاری پاریس لە ساڵی ١٤٢٤ دەخاتە بەر چاو کە کۆمەڵێک کەسی مردوون لە کاتی سەماکردندا، ئەمەش بە (سەمای مەرگ) ناوبانگی دەرکردووە، بەڵام یەکەمین کتێبێک لە بارەی مردنەوە بڵاوکرابێتەوە لە ساڵی ١٥٣٨دا بوو کە لەلایەن (هانز هۆلبین)ەوە نوسرابوو، کتێبەکەش بەشێوەیەکی وێنەدار بڵاوکرایەوە. ئەگەرچی پرسیاری مردن لەگەڵ مرۆڤدا سەریهەڵداوە و هەر زووش ئەم پرسیارە ناکۆتایەی مەرگ بووەتە تێمای فەلسەفەی کلاسیک و پاشتر، بەڵام ئەوە بۆ یەکەمین جارە کتێبێک بە تەنها مەرگ بکاتە تەوەری قسەکردن، دیارە ترسێک هەمیشە هەبووە، بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە ئێمە بە دوای ماناکانی ژیاندا بگەڕێین، شیاوترین مانای بوون و ژیانیش لای بوونگەراکانی وەک هایدگەر و سارتەر دەستدەکەوێت ئەویش بریتییە لە ئازادیی، ئەمە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی تیۆری مارکسیستیشدا کۆک و تەبایە، ئازادییش بەهەموو تانوپۆیەکی خۆیەوە یان هەمان ئەو ئازادییەی سیمۆن دی بوڤوار پێداگریی لەسەر دەکات: ئازادییەک رێگە لە ئازادیی بگرێت، پێویستە قەدەغە بکرێت.

من: هەمیشە مرۆڤ لە دەوری ئەو ئایدیایانە کۆدەبێتەوە، مژدەی ئەوەی پێدەدەن مەرگ تەنیا کارەساتێکە بەسەر بۆدی و تەنە فیزیکییەکەیدا دێت یان پێی دەڵێن مەرگ تەنیا گۆڕانکارییەکی کیمیایی پەتییە، مەرگ کۆتایی نییە، بەڵکو دەستپێکی تازەیە بۆ ژیانێکی هەتاهەتایی، ئەگەر ژیان ئەڵقەی یەکەمی دراماکە بێت، ئەڵقەی دووەم و ناکۆتای دەکەوێتە پاش مەرگەوە، ئەم ئایدیایەش ناواخنی ئاینەکان پێکدەهێنێت، ئەوەی وایکردووە تا ئەمڕۆ ئاینەکان بە زیندوویی بمێننەوە، تەنانەت ئەوەی هێزی داوە بە ئاینەکان خۆیان لە بەرامبەر زانستە سروشتییەکاندا رابگرن،

ئەو مزگێنییەیە بە مرۆڤی دەدەن بەوەی مەرگ کۆتایی ئەو نییە، ژیانەوەیەکی تریش هەیە، ئەو ژیانەوەیەش نەمریی و مانەوەی سەرمەدیی لە خۆیدا هەڵگرتووە. ترسی مرۆڤ لە مەرگ لە خودی مەرگ نییە، ترسەکە لەو جێگایەوە سەرهەڵدەدات ناتوانێت جارێکی تر بە ئاگا بێت لەوەی لە ژیاندا روودەدات، ترسی لە دەستدانی ژیان و ئەوانەیە لە ژیاندا بەدەستیهێناوە، لەمە بترازێت کەس لە دوای مەرگ نەگەڕاوەتەوە، ژانەکانی مردنمان بۆ بگێڕێتەوە بەو جۆرەی لە کۆتایی رۆمانی (مانوێل)دا کاتێک کەشتییەکە بە هەموو سەرنشینەکانییەوە نقووم دەبێت، تەنیا حکایەتخوانەکە قوتار دەبێت و دەڵێت: (تەنیا من دەرباز بووم، تا تۆ لەو رووداوە ئاگادار بکەمەوە). کەسێک نییە مەرگی بینیبێت و هاتبێتەوە تا حکایەتەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەم دیارنەبوونەی پشت کەوالیسی ژیان، وەک چۆن مێشکی یەکەم مرۆڤی سەرقاڵ کردبوو بە خۆیەوە، مێشکی دوا مرۆڤیش بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات. ئەگەرچی ئاینەکان دەیانەوێت لە رێی ترس لە مردنەوە بوونی خۆیان بسەلمێنن و دەیانەوێت دڵنیایی بە مرۆڤ بدەن جارێکی تریش ژیان لە ئارادا دەبێت، وا دەرناکەوێت ئەم گومانە بە تەواوەتی بنبڕ بووبێت، تەنانەت لای ئەوانەش لە پێناوی ژیانی دوای مردندا خۆیان بە کوشتن دەدەن.

سێیەر: دێڤید هیۆم پێیوایە مرۆڤ لە ترسی مەرگ ناچاربوو پەنا بۆ ئوستوورە ببات، تا لەو رێگەیەوە گریمانەی جیهانێکی تر لە پاش مەرگ بکاتە بیروباوەڕێکی چەسپیو. مرۆڤی سەرەتا و ئێستاش ناتوانێت بیر لە نەبوون بکاتەوە، ناتوانێت بەرگەی ئەو دۆخە تۆقێنەرە بگرێت، بوونی ئەو لە مەرگدا بە کۆتا دەگات و لەگەڵ سروشتدا یەکدەگرێتەوە بێ ئەوەی هەست بەو بوونەی پێشووی خۆی بکات!، ترس لە مردن ترسێکە لە لەناوچوونی هەمیشەیی و نەبوونێکی ئەبەدیی. هاوڕێیەک پێی گوتم کاتێک کتێبی (خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجەدا)م خوێندەوە، ساتێک بیرم لە ورووژاندنی پرسی مەرگ کردەوە، نەمدەویست بەو ئەتایستییەی خۆمەوە گەواری ئەوە بکەم جارێکی تر من نیم و نابمەوە، لە مردندا بە جۆرێک ون دەبم وەک ئەوەی هەر نەبووبم. ئاینەکان بەرهەمی ئەم تۆقینەی مرۆڤن لە نەبوون، لە راستیدا پێموایە ترسی مرۆڤ لە مەرگی پەتی نییە، هێندەی

ترسە لە زیندوونەبوونەوە، ئەوەندەی تۆقینە لە عەدەم، تراومایەک نییە لە خودی مردن وەک دیتێرمینیزمێکی سروشتی. بە قووڵی دەرکی ئەو سۆشیالبوونەی مرۆڤ دەکەم، لەبەرئەوەی خۆم مرۆڤم، ئەوە گرفتە گەورەکەی ترسانە لە مەرگ، لەبەرئەوەی هەر کەسێک وەک تاک و بۆ خۆی دەمرێت و بە تەنیا دەمێنێتەوە، ئەگەر بخرێتە گۆڕێکی بە کۆمەڵیشەوە، هەر لەو تەنیایی و بێدەنگییەی دوای مەرگ تۆقیوە، ئیرەیی بەوەش دەبات دنیا و ژیان دوای ئەو هەر بەردەوامە، بە جۆرێک ئەگەر لە دڵی ئازیزانێکیشیدا بمێنێتەوە کە هیچ سوودێکی بۆ ئەو نییە، لەگەڵ مردنی ئەوانیشدا، ئەو جارێکی تر دەمرێتەوە. مرۆڤ لە دۆزەخ ناترسێت، هێندەش شەیدای بەهەشت نییە بێزووی پێوە بکات، هێندەی بیر لەوە دەکاتەوە، جارێکی تر و لە دنیایەکی تردا سەردەربهێنێتەوە، هەموو ئەو خۆکوژانەی خۆیان بە ژیانی ئێمەومانانددا دەتەقێننەوە، عاشقی ژیانێکی تری هەتاهەتایین، ئەو کارە بۆ ژیانێکی تر دەکەن مردنی تێدا نییە، ئەوان لە پێناوی بەدەستهێنانی ژیانێکی بێ مەرگدا دەمرن، بێ ئەوەی بمەوێت ئیستاتیکایەک لە دەوری تیرۆریزمی ئەو خۆکوژانە دروست بکەم، بەڵام ئەم ئەو فاکتەیە ناتوانین بازی بەسەردا بدەین، هەوڵێکی تری ئەوانە بۆ گەڕانەوە بۆ بەهەشتی لە دەستچوو، بەهەشتیش هیچی تر نییە جگە لە جوگرافیایەکی بێ تاموچێژیی گریمانەیی، بەڵام ژیانێکی شێمانە کراوە. مرۆڤ شەیدای هەستانەوەی جیهانی ژێرەوە و هەڵتەکاندنی گۆڕەکانە، بەم بۆنەوە لە میتۆلۆژیا ئاینییەکاندا بە رۆژی زیندووبوونەوە دەگوترێت رۆژی هەستانەوە (قیامەت).

ئێستا لە یەک کاتدا بەناو کتێبێکی فراس سەواح (یەکەمین سەرەڕۆییەکانی ئاوەز) و چیرۆکێکی (ئیدگار ئالان پۆ)دا رۆچووم، بە ناوی (ووپۆشی مەرگە سوورەکە). کتێبەکەی سەواح باسی ئوستوورەکانی وڵاتی دوو زێیە (میزۆپۆتامیا) بە تایبەت بەشەکانی دۆزەخی سۆمەریی و بابلی رایگرتووم، هەرچی چیرۆکەکەی (پۆ)یە، باس لە بڵاوبوونەوەی پەتایەکە لە شێوەی کۆرۆنا، ئەمە دووەم جاریشە ئەو چیرۆکە دەخوێنمەوە،، بۆ یەکەمین جار لە ساڵانێکی زووتر لە ئەمڕۆ خوێندووەتەوە، پێموابێ لە پانزە ساڵ لایداوە، ئەگەرچی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی

پۆ تاوانکاریی و پۆلیسین و رووداوەکانی سەدەی نۆزدە دەگێڕنەوە، بەڵام چونکە لووتمان ناتەقێت بە لووتی لێکۆڵەرێکی وەک شێرلۆک هۆڵمزدا بۆیە جێگەی بایەخ پێدانمە. بە کورتی چیرۆکەکە باس لە خانەدانێکی گەورە دەکات بە ناوی پرۆسپیرۆ، زەمەن لە چیرۆکەکەدا ساتەوەختی بڵاوبوونەوەی تاعونە، وەک لە چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێکراوە مەودای نێوان تووشبوون و مەرگ نیو کاتژمێر بووە. پرۆسپیرۆ لە دارستانێکی دەرەوەی شار قەڵایەکی گەورە و تۆکمەی دروستکردبوو، هەزار کەس لەوانەی ساغڵەم بوون لەگەڵ خۆیدا دەباتە ئەو کۆشکە ئەفسووناوییە، قەڵاکەش یەک دەرگای هەبوو، پاش هاتنە ژوورەوەی دواکەس لە دەرگاکەوە، پرۆسپیرۆ تاقە کلیلی دەرگاکە فڕێدەداتە ناو گۆماوێکەوە!، لەناو ئەو کۆشکەدا بەشی ساڵێک زیاتر خواردن و خواردنەوە هەیە، رۆژانە کەیف و سەما دەکەن، ئاگایان لە دنیای دەرەوەی کۆشک نییە، پێنج مانگ دوای تاعونەکە کە هەموو لایەکی وڵاتی تەنی بوو، بڕیار دەدات ئاهەنگێکی زۆر تایبەت بۆ ئامادەبووان ساز بکات لە حەوت ژووری ماڵە تایبەتەکەی خۆیدا کە هەرگیز بەکاری نەهێنابوون، ژووری یەکەم رەنگی شینێکی کراوە بوو، ژووری دووەم ئەرخەوانی، ژوری سێیەم سەوز، ژووری چوارەم پرتەقاڵی، ژووری پێنجەم سپی، ژووری شەشەم زەرد، هەرچی ژووری حەوتەمە رەشێکی قەترانی بوو جگە لە پەنجەرەکانی کە سوورێکی ترسناک و خوێناویی خۆیان دەنواند، لە هەمان ئەو ژوورەدا کاتژمێرێکی گەورە هەبوو، هەموو سەرە سەعاتێک دەنگێکی سامناکی لێوە دەردەچوو، بە جۆرێک ئاهەنگی کەیف و سەما و موزیکی ژوورەکانی تری دەوەستاند، پاش ماوەیەکی کەم ئاهەنگێڕان دەستی پێدەکردەوە، بەڵام ئەم دەنگە بێزارەکەرە دووبارە بووەوە، لەناکاو نەناسێک دێتە ناو ئاپۆراکەوە! جلوبەرگێکی سەراپا رەشی پۆشیوە و ماسکێکی سووریشی لەسەرناوە، ئەمە پرۆسپیرۆی نارەحەت کرد، هاواری کرد: (ئەو پیاوە بگرن، رووپۆشەکەی داماڵن، لەگەڵ بەرەبەیاندا سەری دەبڕین). بۆیە چەقۆکەی دەردەهێنێت و بەرەو رووی دەڕواتە ژوورە رەشەکەوە، بەڵام لە ناکاو هاوارێکی لێ هەڵدەستێت و دەمرێت بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی تر لە ژوورەکەوە بێت، ئاهەنگێڕان ترسیان دەشکێت و پەلاماری پیاوە نامۆکە دەدەن، لەم کاتەدا

دەزانن هیچ پیاوێک لەناو ئەو پۆشاکەدا نییە، بەڵکو (مەرگە سوورەکە) ئێستا لەناو قەڵاکەدایە. چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە دوا دێڕ: (کاتێک دواهەمین کەس مرد، دوا چراش کوژایەوە، هەر دوایەمین چرا خامۆش بوو کاتژمێرەکەش وەستا و هەموو شتێک بێدەنگ و تاریک بوو). لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت لە زۆر رووەوە سەرنەویشتم بچێتەوە سەر چارەنووسی ئیدگار ئالان پۆ، ئاخر ئەویش تاکو تەرمەکەی لەسەر شەقامێک نەدۆزرایەوە کەس ئاوڕی لە کتێبەکانی نەدایەوە، تاکە جیاوازیشمان ئەوەیە ئەو بڕە ناوبانگەی ئەو بەبۆنەی هەژارییە لە رادە بەدەرەکەیەوە بوو، ئەو کەمە ناسراوییەی منیش بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوەیە.

من: ئاینەکان لە رێی پیشەسازیی ترس لە مەرگ سەرمایەگوزاریی خۆیان دەکەن، بە پێی میتۆلۆژیای ئیسلامی هەر مرۆڤێک لەگەڵ لە دایکبوونیدا چوار بڕیاری چارەنووسسازی لە ئاسمانەوە بەسەردا دەسەپێنرێت، یەکێک لەوانە دیاریکردنی ماوەی ژیانە. دەستەواژەی (چارەنووس)یش هەر لەو سنوورەدا قەتیس نەبوو پابەند بێت بە دیاریکردنی تەمەنەوە، بەڵکو رەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەرفرەتری بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەیان بۆ ئێمە جێگەی باس نییە. هەموو ئاینەکان بە رادەیەکی زۆر لەم پرسەدا هاوڕا و هاوبەشن، هەر مرۆڤێک لەلایەن خوداوە چارەنووسی دیاریکراوە و بڕیار لەسەر مردنی دەدرێت، زانست لەولاوە خەریکی هەڵوەشاندنەوەی ئەم تەرزە تێفکرینەی ئاینە، ئەوەی زانست لە بواری نۆشدارییدا بەدەستی هێناوە، زۆر زیاترە لەو پەرچووە خەیاڵییانەی کتێبە پیرۆزەکان بۆمان دەگێڕننەوە، یەکێک لەوانە درێژترکردنەوەی تەمەنە، زاڵبوونە بەسەر ئەو ڤایرۆس و میکرۆبانەی ساڵهای ساڵ مرۆڤیان قڕ دەکرد، دەبوو بە چارەنووسێکی خوداکرد و هاتنی زریانی (ئەجەل) سەیر بکرابان. زانست گەیشتووە بە لیڤڵێک یەک بە یەک ئەفسانەکانی ئاین لە بارەی مردنەوە پووچەڵ دەکاتەوە، لەم رووەوە وتەیەکی یوڤاڵ هەراری زۆر بە سوودە بۆ پاڵپشتی لەم روانگەیەی ئێمە (زاناکان پێیانوایە مەرگ چارەنووسێکی خودایی نییە، بەڵکو کێشەیەکی هونەرییە) و گرفتێکی تەکنیکییە لە جیناتدا، بەو واتایەی پێکهاتەی فیسۆلۆژیی و بیۆلۆژیی مرۆڤ کەموکورتی پێویستی تێدا دروست دەبێت شایانی مردنی دەکات، بایۆتەکنیک سەلماندوویەتی

بە دەستکارییکردنی ژێنەکان، دەکرێت مەرگ دوابخرێت یان لەناوببرێت!، بەدەر لەوەی زانستە پزیشکییەکان، بەردەوام ڕێنمایی گرنگ بۆ چۆنێتی پاراستنی ژیان و جیناتی مرۆڤ پەخش دەکەن، دەتوانین ئەمە بە نموونەیەک روونی بکەینەوە، مرۆڤێک رۆژانە وەرزش دەکات و ئاگای لە خواردن و خواردنەوەی خۆیەتی، کەمتر تووشی ئەو کێشە هونەریی و تەکنیکیانە دەبێت وەک لە یەکێکی دیکە کە وەرزش ناکات و ئاگای لە سیستمی خواردن و خواردنەوەی خۆی نییە. شانسی مردن بۆ ئەوەی دووەمیان زۆر زیاترە لەوەی یەکەم، وەکوتریش فەلسەفەی پشت نەخۆشخانەکان و کەرتی تەندروستی، هەمووی لە یەک خاڵدا چڕ دەبێتەوە، ئەویش هەوڵدانێکی چڕە بۆ درێژکردنەوەی تەمەن و دواخستنی مەرگی نزیک و ناوەخت.

سێیەر: زانستکارە فسیۆلۆژیی و بیۆلۆژییەکان بە تەنیا بەوەوە نەوەستاون هۆکاری مەرگ بگەڕێننەوە بۆ گرفتێکی تەکنیکی لە لەشدا، رژدانەش لە هەوڵدان زانست بگەیەننە ئاستێک مردن کۆتایی پێبهێنێت!. هەراری پێیوایە پڕۆژەی پیرنەبوون و زاڵبوون بەسەر مەرگدا رۆژەڤی مرۆڤی مۆدێرنی سەدەی بیست و یەکەمە، ئەو مرۆڤەی زیاد لە هەر شتێک بە دوای زێدەچێژ و تا ئەوپەڕی توانستی خۆی لە خۆسەرفکردندایە، هەر لەم رووەوە کۆمپانیای (کالیکۆ)ی سەر بەماڵپەڕی گوگڵە، لە سەدا سی و شەشی داهاتی کۆمپانیاکە تەرخان دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەرگ و بە دەستهێنانی نەمریی فیزیکیی!، بۆیە مرۆڤ بەشێوەیەک ئاڕاستە دەکەن تاکو ساڵی ٢٠٥٠ بەرگەی هەموو شتێک بگرێت هەر لە جەنگ و شاڵاوی ڤیرۆس و قاتوقڕیی و ئەو گرانیی و هەڵئاوسانە داراییانەی لە هەموو کات زەقتر خۆیان دەنوێنن، لە بەرامبەردا لەو ساڵەدا دیارییە میتافیزیکییەکەی کاپیتالیزم پێشکەشی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکرێت، ئەویش پەککخستنی پیریی و دواخستنی مەرگە تا سنووری لەناوبردنیشی. بەم بۆنەوە کۆمپانیا تایبەتمەندەکان لێرە و لەوێ بە دروشمێکی قەبە ئەوە دەنووسن (بای بای یەکسانی، ویڵ کۆم نەمریی). کەچی ئەم خولیای نەمرییە کە کاپیتالیزم وەک ماریوانا تاک بە تاکی پێ گێژ کردووە، بێ مەرج نییە، پێویستە کۆنتۆیەکی پڕ پارەت هەبێت و لەوێوە ببیتە کڕیارێکی چەوری

کڕینەوەی ژیان، وا خەیاڵ دەکەم ئیدی تەمەنیش نرخی لەسەر دابنرێت و بە پێی گیرفان بفرۆشرێت، بەو مانایەی ژیان و مەرگیش بکرێتە ژێدەرێکی بزنس بۆ کۆمپانیاکانی سیستم. ئەگەر پێشتر تیم برینکۆڤ گووتبێتی (جیهانبینی ستەمکاران جۆرێکە لە فرۆشتنەوەی واتای ژیان). میتافۆرەکە بە تەواوەتی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ریالیتەیەکی ئێجگار تاڵ بۆ لەمەودوا هەر فرۆشتنەوەی واتای ژیان نییە بەڵکو خودی ژیان خۆیشی دەبێتە سەرچاوەی کڕین و فرۆشتن، پەندە کوردییەکە دەیگوت (شاباشی خۆت بدە و قنج هەڵپەڕە). لۆژیکی دوای ساڵی ٢٠٥٠ش بەم جۆرە دەبێت، پارەی خۆت بدە و بێ غەم بژی، رەنگە وێنەیەکی کاریکاتێریی نەبێت، مرۆڤ وا لێبکرێت بە هەمان سیستمی مۆبایل کار بکات، چەند باڵانسی تێدا بێت ئەوەندە بتوانێت بژی. بیرلێکردنەوەشی بۆ خۆی کابووسە.

من: بەدەر لە تێڕوانینە ریفۆرمیستی و زانستگەرا دژە فەلسەفییەکانی، پێویستمان بەوەیە بچینە ناو وردەکاریی دیدگای (یوڤاڵ نوح هەراری)یەوە لە بارەی مەرگەوە، بەو پێیەی لە روانگەیەکی زانستیی پەتییەوە بۆ پرسەکە دەچێت. ئەو پێیوایە بۆ زاڵبوون بەسەر مەرگدا پێویست بە هاتنەوەی مەسیح ناکات، چونکە ئیدی ئەمە بواری قەشە رەشپۆشەکان نییە، بەڵکو پسپۆریی ئەو زانا و پزیشکە سپیپۆشانەیە لە لابورەکاندا سەرقاڵن بە توێژینەوەی نەخۆشی و دۆزینەوەی دەرمان و چارەسەرەوە، بۆیە پێیوایە چیتر بوارێک بۆ ئاین نەماوەتەوە لەسەر ئەم تێمایە سەرمایەگوزاریی خورافی بکات. ئەو داهێنانە پزیشکییەکانی درێژکردنەوەی تەمەن و رێگرییکردن لە مردنی منداڵان بە کارێکی شۆڕشگێڕانە پێناسە دەکات، چونکە تێکڕای تەمەن لە زۆرینەی جیهاندا بە بەراوورد بە پێشوو نزیک بە دوو هێندە هەڵکشاوە، مردنی منداڵانیش کە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دیاردە و کێشەیەکی پڕ ئازاری بەرچاو بوو، لە زۆرێک لە وڵاتە دواکەوتووەکانیشدا بە جۆرێک دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە لە ریزی نەبوودا هەژمار دەکرێت. پێیوایە بەشی زۆری ئەو رووداوانەی دەبنە فاکتۆری مردن لە توانادا هەیە پێشیان پێ بگیرێت، لە نموونەی پێکدادانی شەمەندەفەرەکان و گڕگرتنی باڵەخانە هەورەبڕەکان و هتد. بەشێکی گرفتەکەش بۆ بیرۆکراسی و کەمتەرخەمی دامودەزگاکان دەگەڕێنێتەوە

بەوەی زوو فریای ڕووداوەکان ناکەون، ئەوانەی بە فۆرمی جیا جیا مردنیان لێ دەکەوێتەوە. ئاماژەیەکی زۆر گرنگیش دەکات بۆ ناسیۆنالیزم کە تاکە ئایدیایە لە حاڵی حازردا سەرمایەگوزاریی بە مەرگەوە دەکات. لە دیدی ناسیۆنالیستیدا ئەوانەی بۆ نیشتمان دەمرن، نامرن، ئەوانە بە زیندوویی دەمێننەوە (پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین.. نامرن ئەوان وا لە دڵی میللەتدا دەژین. پیرەمێرد)، بەڵام هەراری پێمان دەڵێت ناسیۆنالیستەکان خۆیشیان سەر لەم زیندوو مانەوە دەرناکەن، ئاخۆ چۆن لە دڵی میللەتدا (بە گوزارشتی پیرەمێرد) دەمێننەوە و دەژین؟. هەراری پێیوایە تەنانەت ئاینەکانیش زیاتر بوونەتە مزگێنیدەری ژیانی ئەم دنیا نەک بەڵێندەری ژیانەکەی تر لەو دنیا، ئەمەشمان لە بەهاری عەرەبییدا بە ڕوونی بینییەوە، چۆن ئیخوانەکان لە تونسەوە تاکو میسر لە ڕاشد غەنوشییەوە تا مورسی، پەیمان و بەڵێنەکانیان زۆرتر دنیایی بوون نەک قیامەتی. بێ ئەوەی بیرمان بچێت داعش دیاردەیەکی پێچەوانەوە بوو، ئەو هەمیشە مرۆڤی بۆ دنیاکەی تر دەنارد.

سێیەر: لە ڕاستیدا زاڵبوون بەسەر مردندا یان گەیشتن بە نەمریی وەک ئارەزوویەکی ئەبەدیی مرۆڤ، لە سایەی ئەندازیاریی جینات و نانۆ تەکنۆلۆژیی و بایۆ کیمیایی و هتد. خەریکە دەبێتە ڕووداوێکی دانسقەی مێژووی نوێ، خەریکە خەونە دێرینەکەی گلگامێش ببێتە واقیعێکی پەتی!. زانست تا ڕادەیەکی بەرز توانیوویەتی لە درێژکردنەوەی تەمەندا سەرکەوتوو بێت، بە شەخسی خۆم ئەوەی تا ئێستا نەیهێشتووە بمرم لە دوای دە ساڵ و چەند مانگێک بەسەر شێرپەنجەی مێشکدا، بەرهەمی ئەو درێژکردنەوەیەیە. ئەگەر تێکڕای تەمەن لە سەدەی پێشوودا وەربگرین و بەراووردی بکەین بە تێکڕای تەمەن لە هەنووکەدا، ئەو فاکتە بە ڕوونی دەبینین لە سایەی پێشکەوتنە زانستییە نۆشدارییەکاندا تێکڕای تەمەن ڕووی لە هەڵکشانە، ئەمەش ڕەوتێکی بەردەوامە و پێموایە لە دوای دوو سێ دەیەی تر، تێکڕای تەمەن بەرەو سەد ساڵ و بەرەو ژوورتریش هەڵدەکشێت، ئەوەش بە قۆناغێکی سەرەتای زاڵبوون بەسەر مردندا دادەنرێت. لێرەدا بۆچوونێکی وەلید عومەر لە خوێندنەوەی بۆچوونەکانی یوڤاڵ نوح هەراری، قەرز دەکەم تا یارمەتی

روونکردنەوەی ئەم پرسە بدات: (بەڵام بە شاراوەیی لە بۆچوونەکانی یوڤاڵدا دیارە و دەمێکیشە کیرکەگارد باسیکردووە کە کارەساتی مرۆڤ مردن نییە، بەڵکو ترس لە نەمرییە. ئەم چالاکییەی ناو ژیانیش بەرهەمی ترسە لە نەمریی. بەڵام گەر بەپێی فرۆیدیش سەیری بکەین ئەوا «پاڵنەری مەرگ» خۆی پاڵنەرێکی نەمرە و هەموو ژیان بە دەوری ئەم پاڵنەرەدا دروست دەبێت). ئەگەرچی هێشتا لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆچوونە میتافیزیکییە زاڵەکان ئەم هەنگاوە بە میتۆلۆژیا دەبینێت، بەڵام شتێکی نامومکین نییە و کاروانی پێشکەوتنی زانست هەر دەگاتە ئەو رۆژە، هەرچەند ئەمە بۆ من جێگەی خۆشحاڵیی نییە (ئەو دنیا) رابکێشرێتە (ئەم دنیا). ناڵێم مردن جوان یان ناشرینە، وایدەبینم پێویستییە. مارسیل پرۆست، رۆماننووسی فەرەنسی مەرگی وەک دیاردەیەکی قەشەنگ دەبینی، بۆیە هەمیشە مەرگ بیر لە جوانترین مرۆڤەکان دەکاتەوە، منیش دەڵێم مردن جوانپەرستە، هەرچەند ئادۆرنۆ دەڵێت (مەرگ لە بنەڕەتدا شتێکی ناشرینە). شۆکی مردن ئەزموون ناکرێت تەنیا وەک رووداوێکی فیزیکاڵ لە کۆتایی ئەوانیتردا دەبینرێت، شۆکی هەرە سەرەکی هاتنە ناو ژیانە، بەڵام زۆر کارەکتەر هەن بە مردنیان لە دایک دەبن بە چەشنی رۆمانی (ئیڤان ئیلیچ)ی تۆلستۆی، سەرەتای رووداوەکان بە مەرگی ئیڤان دەستپێدەکات، دواتر گێڕەرەوە بە فلاشباک کرۆنۆلۆژیای ژیانی لە کۆتا رۆژەوە تا سەروەختی منداڵیی بەشێوەیەکی ریترۆئەکتیڤانە دەگێڕێتەوە.

من: بە پێچەوانەی پاڵەوانە کلاسیکییەکانەوە کە مردنیان دەکڕی!، فەیلەسوف و نووسەر و هونەرمەند و هتد.. هەموویان چەشنی گلگامێش بە دوای گیای نەمرییدا دەگەڕێن، ئارەزوویەکی سەیریان هەیە بۆ مانەوە، بەبێ ئەوەی خۆیان بتوانن ئاگاداری ئەو نەمرییە بن و سوودێکی هەبێت بۆیان!. پرسیار ئەوەیە پلاتۆ نزیکەی ٢٤ سەدەیە ناوی بە نەمریی ماوەتەوە، ئایا خۆی ئاگادارە لەمە یان لە یەکەم دەقیقەی مردنییەوە بەکتریاکان بەربوونەتە جەستەی و لە ماوەیەکی کەمدا لاشەی شی بووەتەوە و تێکەڵ بە سروشت بووەتەوە؟، ئەو ئێستا لە نەبووندایە، کێ دەتوانێت وەسفی نەبوون بکات؟، عەدەم بۆیە ناوی عەدەمە لەبەرئەوەی بوونی نییە و کەوتووەتە دەرەوەی بوون، هەموو ئەوەی هەیە بوونە، تەنیا دەتوانین بڕوا

بەو بوونە بکەین لە ناویدا هەین. چ خولیایەکی بەدفەڕانەیە کار بۆ نەمریی بکەیت لە بری ژیان!، زۆر جار لەبەر خۆمەوە و بەدەم پیاسەکردنەوە بە دارستان و چوار دەوری قەڵای (بێتل)دا کە نەخۆشخانەکەمی لێیە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی خۆم دەکەم: ئایا دوای مردنم کاتێک ئاوڕ لە کتێبەکانم دەدرێتەوە، دەتوانێت چی بۆ ئێستام بکات؟!، ئایا دەتوانێت ئازاری ئەم ڕۆژانە سووکتر بکات بە دەست شێرپەنجەوە ناڵاندوومە؟، ئایا دەتوانێت قەرەبووی ئەو هەموو کاتەش بکاتەوە بە نووسینیانەوە خەریک بووم؟، ئایا ناوبانگ بۆ دوای مردنم کەڵکێکی هەیە؟، وەک ئەو کەسەی بێ هیچ تاوانێک بە دڕندانەترین شێوە دەکوژرێت، ئەگەر تاوانبارەکەش بە توندترین شێوەش سزا بدرێت، هیچ سوودێکی بۆ کەسی تاوانلێکراو نییە، ئەگەر سوودێکی هەبێت پەیوەستە بە بەرژەوەندیی زیندووەکان و خودی دادپەروەرییەوە. من نووسەرێکی عاشورایی نیم، بە قووڵی بیر لە ژیان دەکەمەوە، لە پێناوی ژیاندا دەژیم و دەنووسم و دەجەنگم، هەوڵ بۆ ژیان دەدەم نەک بۆ نەمریی، دروست وەک ئەوەی لە داستانی ئۆدیسەدا هاتووە: کاتێک (کالپیسۆ)ی پەری عاشقی ئۆدیسیۆس دەبێت کە پۆسیدۆن خودای دەریاکان سزای داوە و دە ساڵ شکست بە گەڕانەوەی بۆ زێد و لای هاوسەر و منداڵەکانی دەهێنێت، لەو ماوەیەشدا حەوت ساڵی تەواو لەگەڵ کالپیسۆدا دەمێنێتەوە لە دوورگەیەکدا، کالپیسۆ پێی ڕادەگەیەنێت ئەگەر هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، ئەوا نەمریی پێدەبەخشێت، ئۆدیسیۆس بە پێچەوانەوەی گلگامێشەوە نەمریی ڕەتدەکاتەوە و هەوڵەکانی بۆ بینینەوەی زێد و خانەوادەکەی بە تایبەت کوڕە بچووکەکەی تەرخان دەکات. خولاسە وەک خۆم کار بۆ نەمریی ناکەم، کۆشش لە ناو ژیاندا دەکەم، کار بۆ مێژوو ناکەم، ئیش لە مێژوودا دەکەم.

سێیەر: هەرچەندە ئەوەی لە بارەی مردنەوە دەوترێت و گوتراوە، هەمووی لە ناو خودی ژیانەوە بووە، تەنانەت هەموو بیرۆکە میتافیزیکییەکان سەرەتا لە (بوون)دا هاتوونەتە ئارا، دواتر بۆ دەرەوەی (بوون) و بۆ شوێنێکی نادیاری نوتەک نێردراون، بەڵام هایدگەر ڕێگەیەکی جیاتر دەگرێتە بەر، لە دەرەوەی میتافیزیک و لە سۆنگەی (بوونگەرایی)ەوە لە مردن ورد دەبێتەوە، بە تایبەت لە کتێبە

گرنگەکەیدا (بوون و کات)، پێش هەر شتێک ئەوە روون دەکاتەوە، ئێمە مردن لە ئەوانیتردا هەست پێدەکەین، بەڵام ناتوانین لە ناوەڕۆکی مەرگ وەک ئەوەی هەیە تێبگەین، لێرەدا دەبێت لەوە تێبگەین بۆ تەفسیری مردن رێگەی دیاردەناسی ناگرێتە بەر، بەڵکو ئەو پێیوایە ناواخنی فینۆمینەکە بە پەنهایی ماوەتەوە، تۆ ناتوانیت لە تەرمێکدا چییەتی مەرگ ئاشکرا بکەیت، بۆیە تەرمەکە وەک (نۆمین)ێک نامێنێتەوە بەڵکو دەبێتە دیاردەیەکی دەرەکی کە بۆ زانستی ئاناتۆمی کەڵکی هەیە، ئەویش بۆ ئەوەنا لە مردن تێبگەین، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە ژیان. لە دیدی هایدگەردا مەرگی (دازاین) لە دەرەوە نایەت، لە هیچ شوێنێکەوە نایەت بەڵکو توخمێکە لەناو خۆماندا هەڵمانگرتووە و هەمیشە لە ئایندەدا روودەدات، بەو واتایەی ئەوەی تا ئێستا زیندووین مانای ئەوەیە هێشتا مردن نەهاتووە. بۆ ئەو مەرگی دازاین رووداوێکی تەواوکارییە یان راستتر وایە بڵێم خۆتەواوکردنە، چونکە دازاین بوونێکی تەواو نییە، لە مەرگدا تەواو دەبێت.

هایدگەر لە (بوون و کات)دا نووسیوویەتی: (مردن دوا پڕۆژە و مەرگەساتی گشت پڕۆژەکاتی تر و لە هەموو پڕۆژەکانی تر زیاتر هەستی پێدەکەین). بەڵام رووە پۆزەتیڤەکەی مەرگیش دەبینێت کە خۆ تەواوکردنە، با سادەتری بکەینەوە مرۆڤ هەتا پێش مردنی لەبەرەو پێشڤەچووندایە و هەمیشە پڕۆژەی نوێی هەیە، تەنیا لە کاتی مردندا دەتوانین دازاین بە تەواوکراویی ببینین، لەبەرئەوەی ئەو نوقسانییەک لە مرۆڤدا دەبینێت، وەک پڕۆژەیەکی تەواونەکراو و نیوەچڵ چاوی لێ دەکات، بۆیە دازاین بە شوێن خۆ تەواوکردنەوەیە ئەویش مەرگە، ئەمەش ئەو هێڵەیە (ژاک لاکان)ی دەروونشیکاریی فەڕەنسی لە پرسی مەرگدا بە هایدگەر دەگەیەنێت، چونکە بە دیدی ژاک لاکان مرۆڤ هیچ کات ناگاتە تێربوونی رەها، تەنیا مەرگ مرۆڤ دەگەیەنێت بە خاڵیبوونەوەی رەها و ئۆرگازمی هەتاهەتایی. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین هایدگەر لە لیستی رەشبینەکاندا ریز بکەین، چونکە ئەو دوو لێرەدابوون جیا دەکاتەوە (رەسەن و ناڕەسەن) بۆ ئەوەی بوونێکی ناڕەسەنت نەبێت دەبێت دوای ئازادیی خۆت بکەویت، ئەم خاڵە بۆ من زۆر بەکەڵکە، دووبارە لە بارەی بوونی رەسەنەوە لە هەمان کتێبدا نووسیوویەتی:

نایەوێت ئێستا بمرێت چونکە هێشتا خۆی تەواو نەکردووە و واتایەکی پڕی بە ناوەڕۆکی خۆی نەداوە.

من: بە بۆچوونی من ئەوە هەبوون نییە، داهێنەری هونەر و ئەدەبیات و فەلسەفەیە، بەڵکو زانینی هەقیقەتێکە بە نێوی مردن، مرۆڤ تاکە ئاژەڵە بە مردنی خۆی دەزانێت، تەنها ناتوانێت کاتی مردنەکەی دیاری بکات (بەدەر لە ئاوارتە پزیشکییەکان). مرۆ لە رێی هونەر و ئەدەب و فەلسەفەوە هەم خۆی لە زیندەوەرانی تر جیاکردووەتەوە، هەم هەوڵیداوە لەم رێگەیەوە شەڕ لەگەڵ مەرگ بکات و لە ترسی نەبوون رزگاری بێت، بێ مەلامەت نییە یەکەم داستانی نووسراو بریتییە لە گەشتی مرۆڤ بە دوای نەمرییدا (گلگامێش) یان کتێبێکی هەرە بەرایی مێژوو بە رێکەوت ناوی (مردووەکانی میسر) نییە!، یەکەمین نووسراو لە کاروانی دووورودرێژیی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە بۆمان مابێتەوە بریتییە لە کۆمەڵێک شیعر، لەوێشدا شیعراندنی مەرگ دەبینینەوە: (لەوێ دەمرم، گۆرانی پیرۆز دەڵێم) ئەمە دێڕێکە لە شیعری شازادە (ئینهێدوانا)ی کچی پادشا (سەرگۆنی ئەکەدی) کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە شاری ئورک لە دایکبووە و ژیاوە، یەکەم نووسەریشە مێژوو بە بیری بێتەوە، بەم پێیە بێت یەکەم نووسەر یان سەرەتای کاری نووسین پیشەیەکی ژنانە بووە، بۆیە کۆنترین نووسین کە ئێمە تا ئێستا پێمان زانیوە بریتییە لە چەند شیعرێک، وەک گوتیشم هەر لەم تێکستەوە مەرگ وەک تێمایەک بووە بە کەرەستەی نووسین. فەلسەفەش هەر لە سەرەتاوە هونەری چۆنێتی مردن بووە، بایەخی هاوبەشی ئەم کتێب و نووسراوە سەرەتاییانە گرنگیدان بووە بە پرسیارە ئۆنتۆلۆژییەکان لەم رێگەیەشەوە بووە بە پرسیار لە بارەی ژیان و مەرگ. مرۆڤ ناچار و مەحکومە بە ژیان بۆیە تەقەلای کردووە لە پووچێتی ژیانەوە مانا و ماهیەت دەربهێنێت، ئاخر لە بووندا هیچ شتێکی دیکە نییە بەراووردی بکەین لەگەڵ ژیان، لێرەدایە ژیان مانای پەیدا کردووە، لەوانەیە هەموو ماناکانیشی لە پووچێتی بەو لاوە هیچی تر نەبن. دەبێت ئەوەش بڵێم ئەنگێزەی پشت ئەم تێڕوانینە، بانگەشەکردن نییە بۆ مەرگدۆستی وەک لە ئەسینای دێرین و کریستیانیزمدا بە قووڵی سەرنجی رادەکێشا، ئەم مەرگتەوەرییەش بە رەنگێکی

کالتر دەگاتە پۆست مۆدێرنە، ئەو رەگە مەرگپەرووەرییە یان بە وتنی جۆنستۆن مردووبازییە دێتە ناو خودی ئەو ئەدەبیاتەی چاوی لە ژیانە، رۆلان بارت لە رێی تێزی (مەرگی نووسەر)ەوە لە فۆرمێکی تازەدا مەرگێک بەرهەم دەهێنێتەوە وەک هێڵێکی درامی لە دیدی هۆمەری و ئەفلاتۆنییەوە بە ژیاری رۆژئاوادا درێژ بووەتەوە، بە پێچەوانەوە کرۆکی دیدگای ئێمە سەرنجراکێشانی تەواوە بۆ هونەری ژیانکردن و قووڵبوونەوە لە تێگەیشتن بۆ ژیان لە پێناوی کەڵک وەرگرتن لەو ماوەیەی لە بووندا هەین بەو فۆرمەی نیچە هەستی بە شادمانی دەکرد ئەگەر بتوانێت دەستی هەبێت لە زاڵکردنی نەریتی ژیاندۆستیدا، بۆیە هەوڵدەدەین نەریتی سوکرات- ئەفلاتۆنی: (مەرگ دوا ئامانجی ژیانە) لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا بگۆڕین بە ژیان دوا ئامانجی ژیانە. لەم رێگەیەوە ترس لە مەرگ بگۆڕین بۆ وزەیەکی کارا لە پێناوی بەرهەمهێنانەوەیەکی قەشەنگتری ژیاندا.

سێبەر: لە کۆتا دێڕەوە دەستپێدەکەم و دەڵێم ترس لە مەرگ پەیوەندیی بە هۆشیاریی و ئاگامەندیی و سیستمی عەقڵییەوە نییە، یەکێکی وەک هێنری بێرگسۆن تێبینی کردبوو عەقڵ تەنانەت توانای تێگەیشتن لە جەوهەری ژیانیشی نییە نەخاسمە هەقیقەتێکی لیڵی وەک مردن!. عەقڵی مرۆیی تەنیا دەتوانێت لە رووکار و دیوە ماتریاڵییەکەی بوون تێبگات، ترسان لە مردن بە ئەندازەی یەکسان لای هەموو گیاندارێک هەیە، سڵەمینەوە و چاوشارکێ لەگەڵ مردن پرسێکی سروشتکردە و بەسەر تێکڕای روحلەبەراندا پراکتیس دەبێت بە ئینسانیشەوە. لە رێگەی عەقڵەوە نییە کە لە مەرگ دەترسین، ترسەکە لە ئۆنتۆلۆژیای ئێمەدا هەیە و چێنراوە، جیاوازییەکە لەوەدایە مرۆڤ لە رێگەی زەینەوە قووڵتر لە مەرگ تێدەگات و پرسیاری لە بارەوە دەکات، داهێنانی ئاین و ئوستوورە و زانستە نوشدارییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان رووبەڕووبوونەوەن لەگەڵ مەرگ، بەڵام ئەمە لای هیچ ئاژەڵێک نییە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت پەلامار دەدرێت، ئایا ئێوە سەرنجتان لە کەناڵە دڵخوازەکەم داوە واتە ناشناڵ جیوگرافی؟، دەخوازم ئەو ڕاوڕاوێن و خۆبەدەستەوەنەدانەی ئاسکە کێوییەکانتان لە ترسی مردن لە رێگەی کەڵبەی گیاندارێکی دڕندەترەوە بخەمەوە بەر زەینتان، چۆن ئەوانیش لە ترسی

مردن کە وەک ئێمە نازانن چییە، تا وزە و گوڕیان تێدایە هەڵدێن؟!. ئێمەی لەشکری تەماشاچییانیش هاوسۆزین و لەمدیو شاشەی تیڤییەکانەوە هۆرمۆنی ترس دەردەدەین و ئارەقاوی دڵەڕاوکێ لەشمان خاو دەکەنەوە، دڵەخورپەی ئەوەمانە ئاسکە کێوییەکان نەبنە نێچیرێکی چەور، بەڵێ پێمان خۆش نییە گرتەی گلان و مەرگیان ببینین، رەنگبێ ئەمە لەبەرئەوە نەبێت بڕێک ئاژەڵدۆستین، نەخێر بەو هۆیەوەیە لایەنگری ژیانین و قێز لە مردن دەکەینەوە.

لە پاڵ ئەمەدا مرۆڤی زۆرزان فێڵێکی تری داهێناوە بۆ خۆدزینەوە لە مەرگ، ئەویش بیرۆکەی نەمرییە لە هەردوو بوار و رەهەندە میتافیزیکیی و نامیتافیزیکییەکەدا، چونکە ناتوانێت بیر لە داهاتوو نەکاتەوە، نەمریی بەردەوام پڕۆژەیەکە بۆ داهاتوو، ئێمە خەم لەوە ناخۆین پێش لە دایکبوونمانەوە چی روویداوە، چونکە هیچ ئایدیایەکمان لە بارەیەوە نییە، بەڵام دەمانەوێت لە بووندا ئایدیاگەلێکی خەمخۆرانە بۆ دوای مردن و دیارنەمانی خۆمان دابڕێژین و بەم فێڵە خۆمان رەها و رازی بکەین. ئێمە بڕیارمان داوە بەو هەقیقەتە رازی نەبین، بوونمان کەوتووەتە نێوان دوو نەبوونەوە، نەبوونی پێش لە دایکبوون و نەبوونی پاش مەرگ، تەنانەت ئەوانەشی وەک من بڕوایان بە جیهانێکی تری پاش مردن نییە، هێشتا حەزی دووبارەی هاتنەوە بوون بە ئەبەدیی لەگەڵیاندا دەژی! بە دیاریکراویی دەمەوێت بڵێم ترس لە مردن و خولیای نەمریی، دوو شتن بزووێنەری هەموو داهێنانێکی مرۆیین، هەر لە میتۆس و ئاینەوە بیگرە تاکو بونیادنانی شارستانی و زانست و ئەدەب و نووسین و تەکنۆلۆژیا، هەموو داهێنانە ئینسانییەکان شەڕێکی دەستەویەخەن لەگەڵ مەرگ و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەبوون، هەروەها بۆ مسۆگەرکردنی نەمریی لانیکەم لە فۆرمێکی نابەرجەستەدا، ئەگینا تێزی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژیان لە دیدی ئەزدا، تێزێکی راستگۆیانە نییە، هەرچی هەیە بۆ خۆدزینەوە لە مەرگ پەنای بۆ براوە، ئەگەر مەرگ نەبوایە، مرۆڤیش هەر لە کەوڵە ئاژەڵییەکەیدا دەمایەوە. ئێستا بۆ خۆم بیر لە ساڵی ٢١٠٠ دەکەمەوە، دەتوانم وێناکردنێکی جیهانی سەدەی بیست و دوو بهێنمە ناو زەینمەوە، دەتوانم پێشبینی بکەم جیهان خۆشتر نەبووە لە ئەمڕۆ، بەڵام شتێک تووشی

دڵەڕاوکێ و غەمباریم دەکات، ئەوکاتە لەوێ نیم، دەخوازم بە بەرهەمەکانم لەوێ بم، ئەمەیە گوڕی نووسینم دەداتێ، لێ ناو و بەرهەمەکانم لەوێ بن یان نا، سوودێکی نییە و خۆم هەست بە هیچکامیان ناکەم، ژبەرئەوەی لە بووندا نیم.

من: زاناکانی بواری ژێنەتیک مژدەی بە مرۆڤایەتی دەدەن، پێش هاتنی ساڵی ٢٠٥٠ دەتوانن زاڵبن بەسەر هەندێک کەموکوڕیی جیناتی و لەو ڕێگەیەوە ڕێگریی لە پیربوون بکەن، هاوکات تەمەنی مرۆڤ لانیکەم بۆ نزیکەی سەد ساڵ درێژ بکەنەوە، ئەم پرۆسێسەش ناوەستێت تا تەمەنی مرۆڤ بە پێی تێپەڕینی کات دەبەنە سەرو هەزار یان چەند هەزار ساڵێکەوە، هەندێک پسپۆری تری ژینالۆژیا و بایۆلۆژیا پێیانوایە زانست لە ئایندەدا لە باریدا دەبێت، بەسەر مردندا زاڵ بێت و دەرگای گۆڕستانەکان بۆ هەمیشە دابخات. نیڵ تایسۆن دیراگس ئامۆژگاریی دایکان و باوکان دەکات منداڵەکانیان بۆ ژیانێک ئامادە و پەروەردە بکەن چیتر مردنی تێدا نییە، فیلمی Mr Nobody باس لەو ساتەوەختە دەکات چیتر مردن لە ئارادا نامێنێت، هەر بۆیە ڕێگا لە وەچەخستنەوە دەگیرێت بەهۆی یاساغکردنی پرۆسەی سێکسەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا لە ڕێی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانەوە ممارەسەی ئەم چێژە دەکرێت، ئەوەش واتە کوشتنی ڕاستەقینەی ژیان. بۆ ئەوەی ژیان ئەرزشی هەبێت، دەبێت مەرگ لە ئارادا بێت، بۆ ئەوەی ژیان نەگەنێت و لە جێگەی خۆی نەچەقێت پێویستە مردن بەردەوام بێت، بەم مانایە مەرگ بۆ خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ڕاژەی نوێبوونەوە و پەرەسەندنەکانی ژیان و جیهاندایە. ڕاستە مرۆڤ خولیای نەمریی و مانەوەی هەمیشەیی لە کەللەیدایە، ئەگەر نەمریش هەبووایە، گەمەکەی مرۆڤ پێچەوانە دەبووەوە، بە دوای ڕووەکێکدا دەگەڕا فرێی بداتە ئەودیو کەوالیسی ژیانەوە، بێگومان بیری دەکردەوە ڕێگەیەک بۆ مردن بدۆزێتەوە، وەک ئەو ئەفسانەیەی دراوەتە پاڵ ئەسکەندەری مەکدۆنی لە کاتی داگیرکردنی هیندستاندا، گرویەک بە ئەسکەندەر دەڵێت ئەگەر دەتەوێت نەمرییت دەست بکەوێت، بچۆ بۆ فلانە چیا و فلانە ئەشکەوت، لەوێ حەوزێکی لێیە پڕ بە هەردوو مشتت ئاوی لێ بخۆرەوە، نەمریی بەدەستدەهێنیت، کاتێک ئەسکەندەر دەگاتە سەر حەوزەکە و دەیەوێت ئاوەکە بخواتەوە، یەکێکی لێ پەیدا دەبێت، دەڵێت

تکایە مەیخۆرەوە، ئەوەتا من سێ ملیۆن ساڵە دەژیم، هیچ خۆشییەکم لە زۆر ژیاندا نەبینیوە، پەشیمانم لەوەی ڕێم لە مردنم گرت لە کاتی خۆیدا!، ئەمە ئەسکەندەر پەشیمان دەکاتەوە، ڕەنگە ئەمە دەلالەتی پەشیمانبوونەوەی مرۆڤایەتیش بگەیەنێت لە خولیای نەمریی، چونکە ئەستەمە تا سەر بەرگەی دووبارەبوونەوەی ژیان بگرین، ژبەرئەوەی لە ژیاندا ڕووداوی زۆر لە ئارادا نین، تەنیا کۆمەڵێک ڕووداون و هەر جارەی بە فۆرمێکی تر نمایش دەبنەوە. (هەڵبەت مانای ئەوە نییە لای منیش سووڕی ژیان دووبارەبوونەوەیەکی بەرنامەڕێژ کراوە). تەمەنێکی دیاریکراو بژی، ئازادیی و ماهیەتی خۆت لەو ماوەیەدا بدۆزەوە، ئەمە تاکە دەرفەتی بەردەممانە. چاکیش دەزانم هاوکات لەگەڵ تایپکردنی ئەم دێڕانەدا، زانایانی بایۆلۆژیی و ئەندازیارانی ژێنەتیک لە هەوڵی ئازادکردنی ژێنەکانی مرۆڤدان لەو جەبرییەتە ئۆنتۆلۆژییەی تا ئێستا لە ئارادا بووە، ئیدی دەتواندرێت ڕێگە لە گوازرانەوەی سیفاتە ژێنەتیکییەکانیش بگیرێت، ئەوەش دەستکارییکردنی شتێکە سروشت بە پێویستی نەزانیوە پێشکەشی مرۆڤی بکات.

سێیەر: پێشتریش ئەنشتاین لە ڕێگەی تیۆری ڕێژەییەوە بۆی سەلماندووین، کات ڕێژەییە و لە هەموو شوێنێکی گەردوون وەک یەک ناڕواتە پێشەوە (ئەگەرچی سەرەتا کات تێمایەکی فەلسەفیی بووە بۆ نموونە کات لای ئەرستۆ یان بێرگسۆن کە بە پێچەوانەی یەکتر بیری لێ دەکەنەوە)، لە گریمانەی ئەوەی مرۆڤ بچێتە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر یان لە گەلەئەستێرەیەکی تر بژی، کات خاوتر تێدەپەڕێت!، بەم پێودانگە تەمەنیش خاوتر تێدەپەڕێت، ئەگەر هەر لە کۆمەڵەی خۆریشدا پێشبینی گواستنەوەی هەواری مرۆڤ بکەین بۆ سەر هەسارەی ئۆرانۆس (ئەمە گریمانەیە چونکە هەلومەرجی ژیانکردن لەسەر ئەو هەسارەیە بوونی نییە)، تەمەن زۆر لە زەوی زیاتر درێژ دەبێتەوە، چونکە خێرایی خولانەوەی ئەو هەسارەیە بە دەوری خۆردا بە کالێندەری زەوی ٨٤ ساڵ دەخایەنێت، ئەگەر تۆ لەسەر زەوی ٧٠ ساڵیش بژیت، لەسەر ئەو هەسارەیە شانسی هەزاران ساڵ ژیانت دەبێت، لە هەسارە گازییەکەی کۆمەڵەی خۆریشدا (نیپتۆن) هەر ساڵێک بەرامبەر بە ١٦٤ ساڵی زەوییە!، ئەی ئەگەر تا دوورتر بڕۆین چۆنە؟، پێدەچێت لە بەشەکانی تری

گەردوونی ناکۆتادا ئەگەر ئیمکانی ژیانی تێدا بێت، شتێک لە ئارادا نەمێنێت بە ناوی مردنەوە و مرۆڤ بگاتە ئارەزووە هەرە دێرینەکەی کە نەمرییە، هەرچەند لای ژان بۆدریاری فەیلەسوفی فەرەنسی خولیای نەمریی، مرۆڤی گەیاندووەتە دۆخی (شێتییەکی نامۆ) و دەڵێت: (لێرەدا دێوانەیی ئەو هەلومەرجە لە مەرگ داماڵدراوەیە تێیدا هەر شتێک بە دوا پلەی ئامانجی خۆی دەگات و تەواوی توانستەکانی بوونی خۆی بە فیڕۆ دەدات، کەچی ناخوازێت کۆتایی پێ بێت و بە کۆمەکی تەکنۆلۆژیا یان بە بەردەوامی خۆی دووبارە دەکاتەوە). ئەگەرچی بۆدریار لەم دەربڕینەدا گریمانە ناخاتە سەر مەرگی میتافیزیکی، بەڵام ئەو رەهەندەشی هەیە بتوانین بۆ پشتیوانیکردنی بابەتی نەمریی کەڵکی لێوەربگرین، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تێناگەم مرۆڤ دەیەوێت لە نەمرییدا بە چی بگات؟، هەرچەندە ئەم خولیا مرۆییە لە منیشدا هەراشانە کار دەکات تا نهۆش سەرکەوتوو نەبووم لە زاڵبوون بەسەریدا و پێناچێت هیچ کاتیش بتوانم زاڵ ببم.

من: تا دێت زانستکاران نهێنی تازە لەو بوونەوەرەدا دەدۆزنەوە ناوی مرۆڤە وەک ئەوەی یەکەمجار بێت تەلیسمە میتافیزیکییەکانی بشکێندرێن. ریچارد داوکینز گەورە زانای بایۆلۆژیی لە کتێبە بە نامێکەیدا «ژێنی خۆپەرست»، ئەو دەرئەنجامە زانستییانە دەخاتەڕوو بایۆلۆژیی و ژینۆلۆژیا پێی گەیشتووە. لەو کتێبەدا باس لەوە دەکات ژێنەکان وەک ئۆتۆمبیلێک مرۆڤ لێ دەخورن، ئەو ژێنانە خودپەرستن و بیر لە مانەوەی ئەبەدیی خۆیان دەکەنەوە، بەم هۆیەوە زوو زوو ئۆتۆمبیلەکانیان دەگۆڕن، وەک ئەو مرۆڤەی بیەوێت لە پاریسەوە بە شەمەندەفەر گەشت بکات بۆ بەرلین، لەوانەیە زیاتر لە شەش بۆ حەوت جار گۆڕینی تێبکەوێت، ئەوەی مەبەستە گەشتیارەکە بگاتە شوێنی دیاریکراو، نەک ئەو شەمەندەفەرانەی گۆڕیونی. داوکینز ئەوەش روون دەکاتەوە مرۆڤ چەندە مەکینەیەکی ژێنەتیکییە هێندەو زیاتریش ماشێنێکی کولتوورییە، چونکە ژێنەکان ناتوانن بیر بکەنەوە سەبارەت بە داهاتووی تۆ، ئەوان هەمیشە لە بیری هێشتنەوەی خۆیاندان، هەروەک چۆن پرۆگرامی شەترەنج لە کۆمپیوتەرێکدا بەرنامەڕێژ دەکرێت، شەترەنجەکە خۆی بەبێ بکەرێک لە دەرەوەڕا ناتوانێت یارییەکە بەڕێوە ببات، لە دۆخی ژێنەکانیشدا هەمان رێسا

هەیە. ئەوەی لە کتێبەکەی داوکینزدا بۆ من جێگەی تێڕامان بوو، دوو فاکتە: یەکەمیان ئەوەی ژێنەکان خۆیان دەگوازنەوە لە ڕێگەی سپێرم و هێلکەوە، وەک چۆن مێمەکان لە ڕێگای مێشکەوە خۆیان دەگوازنەوە، کەواتە ئەوەی دەمرێت جەستەیە نەک ژێنەکان، ئەویتریان سروشتی راستەقینەی ژێنەکانە کە ئەو بە خودپەرست ناوزەدیان دەکات، هەر ئەوانیش مرۆڤ هان دەدەن بۆ خۆپەرستی و لە بەرچاونەگرتنی ئەوەی پێی دەوترێت هاوپشتیی و نزیکایەتی مرۆڤانە، تەنانەت کۆدی خزمایەتی و ئەوەی پێی دەوترێت (پەیوەندیی خوێن) لێرەدا ئاشکرا دەبێت، چونکە خزمایەتی و پەیوەندییەکە لە بناغەوە پەیوەندیی و خزمایەتی ژێنەکانە، بەڵام هەلومەرجە فەرهەنگییەکان زیاتر برەویان پێداوە. بە زانینی کاریگەریی ژێنەکان لەسەر کەسایەتی هەر مرۆڤێک کە تەنانەت مل بە سایکۆلۆژیاش کەچ دەکەن، مانای ئەوە نییە مرۆڤ بە رەهایی کەوتووەتە ژێر دیتێرمینیزمی ژێنەتیکەوە، بەڵکو پۆتێنسیاڵی کولتوور رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە رەنگکردنی کەسێتی مرۆڤدا، چونکە وەک داوکینز جەختی لێ دەکاتەوە ئامانجەکان یەک نین، ئامانجی ژێنەکان بە تەنیا مانەوەیە، بەڵام ئەو ئامانجانەی تر کە وەک مرۆڤ لە چێوەی ژیانی ریالیتەدا بۆ خۆمانی دروست دەکەین، شتانێکن لە کەڵچەرەوە فێریان دەبین. لە سەرو هەموو ئەمانەشەوە خولیای ژیان و مانەوە لەناویدا، لە بنەڕەتەوە حەزی شێتانەی ژێنە خۆپەرست و بەدخووەکانە.

سێیەر: ئەگەر وردتر سەرنج لە ئوستوورەی گلگامێش بدەین، گەڕانی ئەو بە دووی گیای نەمریدا، گەڕانیش بوو بە شوێن ماناکانی ژیاندا، ئەو نەیتوانی رووەکی نەمریی چنگیر بکات، کەچی توانی وانەیەکی نوێ لە ژیاندا دابهێنێت، وانەیەک کە بوو بە پەندێک بۆ ئێمە، لە بری ئەوەی بێهوودانە بە دوای نەمرییدا وێڵ بین، چاکتر وایە بژین، لەناو ژیاندا نغرۆ بین، چونکە هەموو هەوڵەکان و کۆتایی حکایەتەکەش ناچاری دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناو ژیان، چێژ لەو ساتەوەختانە وەربگرێت نەمردووە، مردن بکاتە بیانوویەک بۆ بەسەربردنی ماوەیەکی پڕ سەما و گۆرانی و رابواردن. دەرئەنجامەکانی ئەو فۆرمە داستانانە مەحکوممان دەکەنەوە بە ژیان کە تاکە سەرمایەی ئێمەیە لە بووندا، ئەڵتەرناتیڤی ژیان بە تەنیا ژیان

خۆیەتی، هەرچەند ناتوانین چاوپۆشی لە مەحرومبوونی ملیۆنان مرۆڤ بکەین لە سادەترین مافەکانی ژیان، رەنگبێ رادەستبوون و خۆکوشتن رێگاچارەیەکی رەوا نەبێت، ئەوەی پێویستە لەم دۆخەدا تەنیا بەرەنگاریی و پەرچەکردارە. ئەگەرچی ئیدیۆمی خۆکوشتن لە شیعرەکانی مندا پانتاییەکی بەرفرەیان داگیر کردووە، کەچی کەمترین خوێنەر لەوە تێدەگەن، لە زۆرینەی جاردا خۆکوشتن هێندەی مەیلی خۆ لەناوبردنی فیکرییە، هیچ کات واتای لەناودانی فیزیکیی نەگەیاندووە، ئەوەندەی دۆنادۆنی هزرییە، فەنابوونی بیۆلۆژیی نییە، بە زمانێکی ئاسانتر کوشتنی منی پێشوو بووە لە پێناوی لە دایکبوونەوەی منێکی تر بە روانین و ئاسۆیەکی فیکریی نوێترەوە، وەک پۆب دیلان پاش ماوەیەک کە ئینتەرڤیۆیەکی پێشتری خۆی دەخوێنێتەوە دەڵێت: (جێی بەختەوەرییە من خۆم نیم). واتە ئەو منەی پێشووی تێپەڕاندووە و کوشتووە بەرەو منێکی گەشەکردووتر، هەر لەم سۆنگەوە سارتەر دەڵێت نووسەران ناتوانن بەرهەمی خۆیان بخوێننەوە!. هەروەک منیش لە بیست کتێب، تەنیا یەک کتێبی خۆم خوێندووەتەوە دوای چاپکردنی.

من: لە وروژاندنی پرسی مەرگدا، بە قووڵی بە دوای ماناکانی ژیانەوەم، مەیلی رازاندنەوەی مەرگم نییە، مەرگ سیمایەکی ونە هەرچی بکەین ناتوانین ماکیاژی شتێک بکەین کە نایبینین. دەمەوێت گفتوگۆیەک لە بارەی مردنەوە دەستپێبکەین سەرئەنجامەکەی بە ژیان و دۆزینەوەی مانا شاراوەکانی ژیان کۆتایی پێ بێت، هیچ کاتیش ناڵێم ژیان رووداوێکی شادیهێنەر و خۆش تامە، ژیان بۆ خۆی ناوازەترین رووداوە، سەیرترین پرسیاری بوونە. لەوەتی مرۆڤ هەیە بە ئەندازەی یەکسان بیر لە ژیان و مەرگ دەکاتەوە، هیچ بیرکردنەوەیەک لە مەرگ نییە بیرکردنەوەش نەبێت لە ژیان بە پێچەوانەشەوە هەروا، هەروەک چۆن ترس لە مەرگ ناتوانێت هیچ ترمان پێ بڵێت جگە ترس لە ژیان. مرۆڤ خاڵێکی جیاکەرەوەی تریشی هەیە لە ئاژەڵ ئەویش بیرکرنەوەیە، دیکارت مەرجی هەبوون بە بیرکردنەوەوە دەبەستێتەوە (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) بەڵام لای هایدگەر پێچەوانەیە، وەک بیەوێت بڵێت: (من هەم بۆیە بیر دەکەمەوە). مرۆڤ یان دازاین هەیە و فڕێدراوەتەوە گەردوونەوە ناچارە بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە،

لای سارتەریش بوون پێش ماهیەت کەوتووە، سەرەتا بوون هەیە، ئینجا ئەو هەبوونە لە پرۆسەیەکدا ماهیەت بۆ خۆی دروست دەکات. بە هەر بارێکدا بێت، ئایدیا پێش هەبوون کەوتبێت یان بە پێچەوانەوە، دیکارت راست بکات یان مارکس کە روانگەیەکی تەواو پێچەوانە دەخاتەڕوو، هیچ لەو پرسیارە ئەبەدییەی مرۆڤ ناگۆڕێت: بۆچی هەین؟ بۆچی دەمرین؟ رەنگە مردن شەربەت یان ژەهرێک بێت، بەڵام سەرئەنجام هەریەک لە ئێمە دەینۆشین، لێرەدا جۆرێک دەقئاوێزانی لەگەڵ میتافیزیکیادا دروست دەبێت ئەگەر بنووسم: وایدەبینم هەر مرۆڤێک مۆمێک بێت لە شەوەزەنگی ژیاندا، جیاوازییە چینایەتییەکان وەک جیاوازیی قەبارەی مۆمەکان وایە، بەڵام لە کۆتاییدا قەڵەوترین و باڵابەرزترین مۆم، چەشنی هەر مۆمێکی کورتەبنە، وەک هەر مۆمێکی لەڕ و لاواز شەوقی نامێنێت و دەکوژێتەوە، سەرئەنجامی هەموو مۆمەکان کوژانەوە و تاریک داهاتن و ون بوون و دیار نەمانە، وەک ئەوەی رۆژێک لە رۆژان بوونیان نەبووبێت لەناو ئەم گەردوونە ناکۆتایەدا.

ئەوە راستییە رەهاکەیە، کەواتە با ئەو سەرئەنجامە لە بیر بکەین و بگەڕێینەوە ناو پانتایی ژیان، پرسیارەکە هەڵبگێڕینەوە و بەم شێوەیە بپرسین، چۆن دەژین؟، بیر لە کوالیتی ژیان بکەینەوە، (چۆن ژیان) هەر بە تەنیا رەهەندێکی ئابووری نییە، ئەو رەسەنایەتییەش دەگرێتەوە هایدگەر بیری لێ دەکاتەوە، ئەو ئازادییەش دەگرێتەوە سارتەر بە دوایدا وێڵە. ئەگەرچی مرۆڤێک نیم مزگێنی ببەخشمەوە بۆ دواڕۆژ و ئایندە، بەڵام شۆپنهاوەر پێداگریی لەوە دەکرد مرۆڤ هەر کارێکی بوێت دەیگەیەنێتە ئەنجام، بەوپەڕی بێهیواییەوە لە چۆنێتی ژیان دەڕوانم، با لە بیریشتان نەچێت ڤالتێر بنیامین لە لێکدانەوەی کتێبێکی گۆتەدا، دەڵێت (بێهیواکان هیوایان بە ئێمە بەخشیوە). لە هەمان کاتدا بە دوای چارەنووسی دوای مەرگدا ناگەڕێین، بۆ من ژیانێکی تر هیچ بایەخی نییە، ئەگەر ئێستا ژیانێکی دڵخوازانە نەژیم، ئەگەر ئێستا ژیان دۆزەخ بێت، هەزار بەهەشتی دوای مەرگ شادمانم ناکات، جا ئەو بەهەشتە مەییو و پڕ لە مرۆڤی خەسیوەی لە ئاینەکاندا باس دەکرێت، تاڵترین مژدەیە بۆ مرۆڤ. جارێک پرسیار لە ژیژەک دەکەن سەبارەت بە ژیانی پاش

مەرگ، هەموو مرۆڤایەتی ناتوانن لەمە گونجاوتر بەرسڤ بدەنەوە: (ۆلف بێرمەن) ی بەرهەڵستکاری ئەڵمانی دەیووت، پرسیاری ئایدیالیستی ئەوەیە (ئایا دوای مردن، ژیانێکی تر بوونی هەیە؟)، بەڵام پرسیارە راستەقینەکە ئەوەیە (ئایا بەر لە مردن، ژیان بوونی هەیە؟)، ئایا هەر بەراست زیندووین؟، هەندێک جار گومانم هەیە. بە تایبەت کە کوڕی کۆمەڵگەیەکم بە تەواوەتی مەرگدۆستە و پرسەگێڕە، وەلێ هۆڵی پرسەکانیش روو لە چۆڵبوونن.

سێیەر: کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی مەرگدۆست و شینگێڕە، لە ناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا مرۆڤ لە دوای مەرگی نرخ پەیدا دەکات، بە دەربڕینە میللییەکەی خۆی (میللەتی زیندووکوژی مردووپەرست). کۆمەڵگەی ئێمە هەموو رۆژێک لەلایەن ناسیۆنالیزم و ئیسلامگەراوە ژیانی تێدا ئەتک دەکرێت و پاشان دەکوژرێت، لە کۆمەڵگە نەریتییەکانی وەک ئێمەدا گوزارشتی (کەم ژیان و کەڵ ژیان) هەڕمێن پەیدا دەکات و دەبێتە ئیدیاڵترین دروشمی شۆڕشگێڕانە!، بەدەر لەو ئەنگێزە نێرسالارییەی خۆی لەو دەربڕینەدا حەشارداوە، بۆ جاری دووەم دەیخەمەوە ژێر نەشتەر (١٦ ساڵ پێش ئێستا لە وتارێکی رۆژنامەوانیدا رەخنەم لەو دروشمە گرتبوو)، چونکە لەناو ئەو دروشمەی کوردایەتیدا مەرگدۆستییەکی رووت بەرجەستە بووە، دروشمی شۆڕش دەبێت هەڵگر و داکۆکیکاری ئەلەمێنتەکانی ژیاندۆستی بێت نەک ختوکەدانی هەستی ساناتۆسی، هەر لەبەرئەمەیە (حزبی رووباری خوێن) و (حزبی زۆرترین شەهید) دەبنە دەمڕاستی سیاسیی کۆمەڵگە، چونکە تەنیا مردن شایستەیی ئەوەت دەداتێ بگەیتە سەروەریی، میراتگرانی ئەم فەرهەنگەش لە هەموو کەس زیاتر شیاون بۆ جڵەوکردنی فەرمانڕەوایی، بەم هۆکارەش مەرگ کراوەتە پیشەسازییەکی بەرەکەتداری سەرمایەگوزاریی سیاسیی.

من: مەرگدۆستی ئەو دوا وێستگەیەیە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردیی تێیدا کۆدەبنەوە!، ئەو هەژارەی پێیوایە لە مەرگدا هیچی نییە بۆ لە دەستدان گەورەترین مەرگدۆستە!، ئەمە روانینێکی کالاییە بۆ ژیان، مادام خاوەنی کالا و پارە نیت، ئیدی ژیانیش ئەرزشێکی نییە و لەناوبردنی ژیان ئاساییترین کردەیە!،

ئەگەر مارکس گوتبێتی (مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە)، ئەوا ژیانیش گەورەترین سەرمایەی مرۆڤە. لە سەرەتای تووشبوونم بە شێرپەنجە وا بیرم دەکردەوە، ئەگەر بمرم چی روودەدات؟، هیچ لە دنیا کەم نابێتەوە، کەمێک باری شانی سووکتر دەبێت!، دواتر هاتمەوە سەر خۆم و بە چرپە بە خۆم گوت: ئەگەر وا بیر بکەمەوە چیتر چێژ لە ژیان وەرناگرم، ژیان تا مەرگ دەمکرۆژێت، ئەو بە بوونی من دەگاتە ئۆرگازم، بەردەوامبووم لە چرپاندن بە گوێی خۆمدا و دەمگوت: مەرگ لە بێشکەی ژیاندا نوستووە، بە ئەسپایی تێدەپەڕم نەکا خەبەری بێتەوە، سالآنێک تێپەڕی، مەرگ نەهات و ژیانیش بەو جۆرە کوێرەوەریی نەبوو مەزندەم دەکرد، تەنانەت کاتێک بیرم لەم دێڕانە دەکردەوە لەم کتێبەدا بیاننووسم، لەسەر نەقالەیەکی پزیشکی بووم، دوو سستەر پاڵیان پێوە دەنا، نەمدەزانی رووەو ژیان یان مردن، رووەو رابردوو یاخۆ ئاینده، رووەو ئاسمان یان زەوی؟، هەر ئەوەندە تێگەیشتبووم شەش چاوی سەوز لەوپەڕی غەمبارییدا لە یەکتریان دەڕوانی!. بەڵام ئومێدێک لە ناوەوەمدا نەمردبوو بەوەی رۆژێک دێت ئەم کتێبە دەنووسم، ئەمە وانەیەکی بێتامی (گەشەپێدانی مرۆیی) نییە، بە قەدەر ئەوەی گێڕانەوەی ئەزموونێکە، ژیانیش بۆ خۆی بریتییە لە گێڕانەوە، هەر بۆیە مارکیز بیرەوەرییەکانی خۆی ناونابوو (ژیام بۆ ئەوەی بگێڕمەوە). لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە ئازایەتی ئەوەم نەبوو بەو کەسانەی سەرسام بوون بە خۆڕاگرییم بڵێم ئازایەتییەک لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە ژیانویستییەکی چاوچنۆکانەیە، رووم نەدەهات پێیان بڵێم سوپاسی ئازایەتیم مەکەن، پێویستە من سوپاسی ترسنۆکی ئێوە دەکەم. نامەوێت پێتانبڵێم گەیشتوومەتە ئاسوودەیی و شادومانی، ئەوە شتێکە کەس پێی ناگات، گرنگ ئەوەیە لە ژیاندا بمێنینەوە کە هەیە نەک بمریت کە نییە، ئاخر مردن پەردەی دووەمی ژیان نییە بەڵکو کۆتا جووڵەی شانۆگەرییەکەیە، لە پشت کەوالیسی ژیانەوە جگە لە سکون و نەبوون و بێدەنگییەکی سەرمەدیی هیچی تر لە ئارادا نییە، هەر لە بنەڕەتەوە ژیان ئەودیو کەوالیسی نییە و ئەوەی هەیە هەمووی لەناو ژیاندایە.

سێیەر: زۆر جار غایلەی خۆکوشتن بە مێشکمدا هاتووە، بەڵام نەمهێشتووە ببێتە بڕیار، قەناعەتم وایە هەموو کردەیەکی خۆکوشتن کردەوەیەکی نائەخلاقی

نییە، زۆرێک لە خۆکوشتنەکان رۆڵگێڕانێکی رادیکالانەن و پرۆتستۆی بارودۆخێکن لە رێگەی لەناوبردنی جەستەوە. دیقەت لە ژنێک بدەن خۆی دەکوژێت (لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خۆی دەسووتێنێت)، ئەمە کارێکی نائاکاریی نییە، ئەکتێکی ناچارییە، جۆرێکیشە لە یاخیبوون لە ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان یان کەسێک لە نهۆمێکی بەرزی تەلارێکەوە خۆی فڕێدەداتە خوارەوە، یانژی یەکێکی تر خۆی دەخاتە ژێر شەمەندەفەرەوە، زۆربەی ئەمانە کردەی نائەخلاقی نین، بە پێچەوانەی نەریتی سایکۆلۆژیستەکانەوە کە هەمیشە رستێک هۆکاری دەروونی ریز دەکەن لە پشتی کارەکتەری خۆکوژەوە و باز دەدەن بەسەر فاکتۆرە سەرەکییەکاندا، تەنانەت لەو جێگەیەدا دەوەستن و دیاگنۆس و ئاناتۆمی دەروونناسیی تاکەکە دەکەن، بێ ئەوەی هەنگاوێک بۆ ئەولاتر بچن، هۆکاری ئەو سایکۆسیسییە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییدا بدۆزنەوە. بۆ من سەختە تیۆرە کۆمەڵناسییەکانیش قبوڵ بکەم لەم پرسەدا، دۆرکهایم نەخشەیەکی سۆسیۆلۆژیی لە پرسی خۆکوشتندا دەخاتەڕوو، خۆکوژەکانیش دابەش دەکات بەسەر چوار گروپدا: گروپی خودگەراکان، گروپی ئەویترگەراکان، گروپی ئانۆمیکی (نارێکخراو)، گروپی چارەنووسخوازانە. کێشەیەکی گەورە لەو دابەشکارییە ئەکادیمییەدا هەیە (لێرە ناچینە ناو وردەکاریی رەخنەکانەوە)، چونکە سەرباری هەر دیاگنۆسێک، بەردەوام بازدانێکی گەورە هەیە بەسەر ناوەوەی مرۆڤدا کە هەمیشە لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی دەرەکیی بینراو و نەبینراودایە. رەهەندێکی تر ئەم پرسە لەوەدایە، زۆرینەی کۆمەڵگە بە خۆکوژیی لەناودەچن، دەتوانم بڵێم نەوەد لە سەدی مرۆڤایەتی بە خۆکوشتن لەناودەچێت!، بەڵام خۆکوشتنێکی لەسەرخۆ و پەنهان، ئەگەر سەیر بکەین، ژەهر سەرەکیترین کەرەستەی خۆکوژییە، ژەهرێک هەیە خێراتر کارەکە ئەنجام دەدات، ژەهرێکی تر نەرمەبڕترە و کەمێک میهرەبانانەتر و چێژئامێزتر لەناومان دەبات، بۆچی کەس ئەو کارەکتەرانە کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن بە خۆکوژی نائەخلاقی تاوانبار ناکات لە خواردن و خواردنەوەی کۆکاکۆلا، ئەلکهول، گۆشت، شەکر، جگەرەکێشاندا زێدەڕۆیی دەکەن؟!، ئایا هەموو ئەمانە ناچنە ناو بازنەی خۆکوژییەکی پڕ مەسرەفترەوە؟، ئەی ئەمانە لە کاتی

نەخۆشیدا بارگرانی دروست ناکەن چ بۆ خێزانەکانیان چ بۆ کۆمەڵگە؟. بڕوام وایە لە هەموو فۆرمەکانی خۆکوژیدا تەنها یەکێکیان نائەخلاقی و وێرانخوازییە، ئەویش خۆکوژیی ئەو جیهادگەرا عەلمانی و ئایینییانەن لە پێناوی ناشوێنێک و بەهەشتێکی گریمانەکراودا، سەرزەمینی ژیان دەگۆڕن بۆ شانۆیەکی دۆزەخئاسا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هێشتا پشتگیریی لە خۆکوشتن ناکەم، پێموایە دەبێت رووبەڕوو ببینەوە، لەوپەڕی نائومێدیشدا بەرەنگاریی نیشان بدەین.

من: خۆکوشتن (لە دەرەوەی خۆکوژییە ئایدۆلۆژییەکان) پەنجەنانە بەسەر دوگمەیەکی تردا بۆ ئەودیوی ژیان، ریاکسیۆنێکە لە بەرامبەر بنبەستێکی هەمەکی یان بەشەکی نێو بوون، هەوڵێکە بۆ ئەزموونکردنی پێچەوانەکەی ژیان یان گەڕانە بۆ بەدەستهێنانی مانادا لەودیو کەوالیسی ژیانەوە. لە بنکی خۆکوشتندا هیوایەکی نادیار خۆی پەناداوە، بەو مانایەی لە کردەی خۆکوژییدا هێشتا ئومێدێک بۆ رزگاربوون لە ئارادایە، گریمانەی جیهانێکی تر دەکرێت خاڵی لەو کێشە و بنبەستانەی لەم جیهانە ئاکتوێلەدا بوونیان هەیە!، پێموایە لە قووڵایی و تاریکایی بیرکردنەوەی هەر خۆکوژێکدا ئومێدێک هەرچەند کز و لاوازیش بێت نووستووە، لە خۆکوژییدا هانا دەبرێتە بەر چڵە پووشی ئاوبردووی ئومێد بە مەبەستی پەڕینەوە بۆ ئەوبەری کۆلانە بنبەست و رێگا داخراوەکان. وا هزر دەکەمەوە هیچ خۆکوژێک سەد لە سەد نیهێلیست نییە، بە پێچەوانەوە پووچگەرایی رەها ئەو دۆخەیە دەستیشت نەچێتە خۆکوشتن یان بە هیوایەکی تری لە قەڵەم بدەیت، لە راستییدا خۆکوشتن لادانێکی ترە لە سروشت، واتە تۆ وەک بوونەوەرێک بڕیار دەدەیت بمریت و سووڕی ژیانی سروشتی خۆت رابگریت. ئێمەی مرۆڤ بە بیناکردنی شارستانی گەورەترین لادانمان لە سروشت ئەنجامدا، مەرجیش نییە هەموو لادانێک لە سروشت نائیستاتیکیی بێت، ئەگەر وابێت دەبێت قێز لە دیمەنی ئەو پڵنگەش بکەینەوە بێچووە پشیلەیەک وەک بەچکەی خۆی بەخێو و گۆش دەکات، مەگەر ئەمەش لادان نییە لە رێسای سروشت و رەوشتی پڵنگانە؟ یان بۆچی دیمەنێکی گاڵتەجاڕانە بێت ئەگەر گورگ بڕیار بدات ببێتە ڤیگیتاریست؟. نامەوێت ببمە پرۆلۆگێکی خوێنسارد و خۆکوشتن بڕازێنمەوە وەک چۆن ناخوازم

ڤێزەونانە نیشانی بدەم، ئێمە خەریکین لە ژێستێک دەکۆڵینەوە لەوەتی ژیان هەیە ئەمیش بە رەنگی جیاجیا لەگەڵیدا هاتووە، بەڵام لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا ئەم دیاردەیە زۆرتر و تۆختر خۆی دەنوێنێت، پەیوەندییەکی کۆنکرێتی لە نێوان شارستانییەت و خوکوژییدا هەیە، بە بەرزبوونەوەی پلەی شارستانێتیی هەر کۆمەڵگەیەک ئاستی خۆکوشتنیش هێندە بەرز دەبێتەوە.

دیقەت لەو خێڵ و گەلە بەراییانەی شارستانییەتیان پێنەگەیشتووە بدەن، بەدەر لەوەی هەواڵێکیان لە ململانێی چینایەتی و جیاوازیی جێندەریی و ئاین و خاوەندارێتی تایبەت نییە، شتێک بە ناوی خۆکوشتنەوە لەناویاندا سەریهەڵنەداوە، ئەگەر گەلی دارستان یان گەلی کورتەباڵاکان (pegm er) کە نزیکەی چارەکە ملیۆنێک کەسن لە ناوەڕاستی ئەفەریکا و کۆنگۆ لە ئەتمۆسفێرێکی بەرایی و پێش (شارستانی)دا ژیان دەگوزەرێنن بکەین بە سەمپڵێک، لەناو ئەم گەلەدا جیا لەوەی دەوڵەت و ئیدارە و خاوەندارێتی تایبەت و جیاوازیی رەگەزیی و ئاین وەک بەشێک لە پێشکەوتنی ژیار ناناسن و بڕوایان بە خودایەک هەیە ئازادی کردوون بۆ چێژ و خۆشی وەرگرتن، لە مێنتالێتیی ئەم گەلەدا بە هیچ جۆرێک خۆکوشتن لە هیچ پنتێکی مێژوویدا نەبینراوە، ئەوان لە سایەی ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی و کاری هەرەوەزیی لەناو سروشت و دارستانەکاندا بە ئارەزوویەکی زۆرتر لە مرۆڤی شارستانییەوە چێژ لە بوونیان لە ژیاندا وەردەگرن. لەو باوەڕەدام بە پێچەوانەی ویستی نەمرییەوە، خۆکوشتن زادەی رسکان و پێشکەوتنی فەرهەنگ و بونیادنانی شارستانییە!. ئەگەر بە دیدە فرۆیدییەکە لەم پرسە بڕوانین کۆمەڵگەی شارستانی ناوی دووەمی کۆمەڵگەی عوسابییە، رادەی مردنی خۆویستانە و زۆرجاریش بە دڵڕەقانەترین شێوە لە شارستانێتیی عوسابییدا کارێکی ئاوارتە نییە بە قەدەر ئەوەی زۆرتر لە هەر کردەیەکی تر چاوەڕوانکراوە، بەو جۆرەی کامۆ دەیگوت: (بەیانی زۆرتر بەرەو مەرگ راپێچمان دەکات و سبەی کۆتا دوژمنە). لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجتان بۆ شوێنێکی تر رادەکێشم لە رێگەی ورووژاندنی پرسیارێکەوە، ئایا دکارێت خۆکوشتن بە چالاکییەکی رادیکاڵ هەژمار بکەین؟، بەرسڤەکە هەروا کارێکی ئاسان نییە، خراپ نابێت بۆ وەڵامدانەوە پێش هەر کەس

فەیلەسوفێکی وەک شۆپنهاوەر بهێنینەوە یاد، بۆچی شۆپنهاوەر؟، لەبەرئەوەی کەم فەیلەسوف هەیە بە درێژایی مێژوو هێندەی وی رەشبین و نائومێد، کەسیش چەشنی ئەو بانگەشەی بۆ تێزی (هەموو بلیمەتەکان رەشبینن) نەکردووە، بەڵام هێشتاش پێیوایە خۆکوشتن کردەیەکی رادیکاڵ نییە و توانایەک نییە بۆ زاڵبووندا بەسەر (ویست)دا، بەڵکو ئەوەی دەفەوتێت بریتییە لە بۆدییە بایۆلۆژییەکە. لە کن شۆپنهاوەر خۆکوشتن ئەوەندەی خۆ لادانە لە چێژ و خۆشییەکانی ناو ژیان، هێندە خۆدزینەوە نییە لە دەرد و نەهامەتییەکانی. مادام هیچ کەسیش ئەزموونی ئەودیو ژیانی نییە و لەسەرو هەر بەهانەیەکی خۆکوشتنیشەوە، دەبمە جاڕچییەکی ئەبیکۆریستی و بانگتان دەکەم: کەواتە باشە، با چێژ لە ژیان وەربگرین. ئەگەر پێتوایە پانتایی چێژەکان تەسکبوونەتەوە، لاریم لەمە نییە، وەرە با چێژ لەو تێکۆشانەش وەربگرین بەرینکردنەوەی مەوداکانی چێژی کردووەتە ئامانج.

سێیەر: میشێل فوکۆ فەیلەسوفی فەڕەنسی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دەرهێنەری ئەڵمانی ڤێرنەر شرۆیتەردا، تێمای خۆکوشتن دەورووژێنێت و باس لەوە دەکات پرسی خۆکوشتن پرسێکە ماوەیەکی درێژە بیرکردنەوەی ئەوی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، وەک خۆی دەڵێت ئەوەی تێیگەیشتووە هەر ئەوەندەیە پرۆسەیەکی گەلەک سەختە. سەرنجمان بۆ ئەو میکانیزمانە رادەکێشێت بە هۆیانەوە دەتوانین خۆمان بکوژین، ئەو پێیوایە یەک لە یەکتر نەفرەتبارترن، نموونەی خۆکوشتن بە گاز دەخاتە بەرچاو کە بۆ دراوسێکان زۆر سامناکە یان خۆهەڵواسین بە پەتەوە بۆ ئەو کرێکارەی رۆژی دواتر لاشەکە دەدۆزێتەوە دەبێتە شۆک، یان خۆهەڵدانە خوارەوە لە باڵەخانەیەکەوە رێبواران پیس دەکات. بە زمانێکی نەرمتر ئەوە دەدرکێنێت خۆکوشتن لە چاوی کۆمەڵگەوە نەرێنییە، بەڵام پرسەکە هەموو ئەوە نییە کردەکە خراپە، بەڵکو دەکرێت وا بیر بکەینەوە ئەوەی خۆی دەکوژێت لە هەلومەرجێکی باشدا نەبووە، بەڵام شرۆیتەر بە پێچەوانەوە سەیری پرسەکە دەکات، ئەو پێیوانییە خەمۆکی و نەبوونی بارودۆخێکی باش پاڵنەری سەرەکی بن بۆ کردەی خۆکوشتن!، بە پێچەوانەوە وایدەبینێت مرۆڤی خەمۆک لەوە دەستوپێ سپیترە بتوانێت خۆکوژیی بکات، نموونە بە خۆی دەهێنێتەوە کە تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێت

خۆکوژیی بکات لیۆانلیۆ بێت لە خۆشەویستی یان لە دۆخی چێژ وەرگرتنێکی زۆردا (بە زمانە لاکانییەکە دۆخی ژویسانس). ئەمە لەگەڵ قاڵب و خووی کۆمەڵناس و سایکۆلۆژیستە نەریتییەکاندا ناگونجێت کە هەمیشە لە پشتی هەر کردەیەکی خۆکوشتنەوە، رستێک فاکتۆری بێ مانا دادەتاشن، لە نموونەی لاوازیی کەسێتی و کارەکتەری سیکۆپاتی و هەبوونی کێشەی خێزانداریی تەنانەت ئابووریش.

زۆرێک لەوانەی خۆیان دەکوژن لە کاتی سەرکەوتنەکانیاندایە، چونکە چیدی ناتوانن چێژ لە هیچ شتێک وەربگرن، وەک ئەو یاریزانەی بە ماراسۆن رێگەیەکی درێژیی بڕیبێت، بەڵام لەسەر ستەیجی سەرکەوتن و میدالیا وەرگرتندا چێژەکانی بەتاڵ دەبنەوە، یان هەر لە بناغەوە سەرکەوتن چێژی تێدا نییە، وەک ئەوەی خولیۆ کۆرتاسار، نووسەری ئەمریکای لاتین دووپاتی دەکردەوە (سەرکەوتن بۆ من هیچ چێژێکی نییە). جارێکیش لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکم بە حەماسەتەوە نووسیبووم: ئەگەر نەخۆشی شێرپەنجەم نەبوایە، دەمێک بوو خۆم کوشتبوو، بە دەم پێک هەڵدانەوە یان دوای سەرکەوتنێکی ئەدەبی، خۆم دەکوشت!، تا بیانووی ئەکادیمییەکان ببڕم و هۆکار داتاشینەکانیان بە درۆ بخەمەوە. لە روانگەی منیشەوە خۆکوشتن مافێکە بۆ هەموو کەس، ئەگەر هاتنە ژیان بێ پرس و ئیمزای خۆمان بێت، بۆچی نا لە ژیان دەرچوون بە ویست و مۆری خۆمان بێت؟. وەک پێشتریش وتم روانینێکی ئەخلاقگەرایانەم نییە لەم بارەوە، لێ من هەمیشە لە دۆخی خۆکوشتنی مەعنەوییدام، بیرم دێتەوە جارێک رەشنووسێکم ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی شیعرێکی لێ هەڵهێنجم، زیاتر لە هەر دێڕێک ئەمەم بە تەواوەتی لە یادە: (لە کەوڵی پێشووم هاتوومە دەرێ، وەک مار کاژم فڕێداوە، خۆم لە پێناو لە دایکبوونەوەیەکی تردا کوشتووە)، ئەوەی لێرە مەبەستە، نوێبوونەوە و جێهێشتنی وێستگە کۆنەکانی پێشووە بەرەو ژیانێکی نوێتر، رەنگە لەمەشدا ئەندێشە (کامۆ) ییەکە سێبەری بەسەر روانگە و بیرکردنەوەمدا هەبووبێت، وەختێک ئەو مرۆڤی پووچگەرا بە مرۆڤێک پێناسە دەکات، نە لە رووی فیزیکییەوە نە لە رەهەندی فیکریی و فەلسەفییەوە خۆی نەکوشتووە.

من: چێژێکی ژیاندۆستانەی زۆرم لە خوێندنەوەی رۆمانەکەی ڤیلادیمێر بارتۆل بە ناونیشانی (مەرگ) وەرگرت. دوور لە ناوەڕۆکی ئەو رۆمانە، لە تەماشای فیلمە ئەکشن و پەلاماردەرەکانی زومبییەکان و هاتنەوەی دایناسۆرەکان و بڵاوبوونەوەی پاندێمی و رۆمانە پۆلیسییە پڕ تاوانەکان و لە هەموو شوێنێک بە دوای ژیاندا دەگەڕێم نەک هیدۆنیزم، بە پێچەوانەی ئەو ساڵانەی ژیانم کە ناوم لێناون (ساڵانی تاریکی)، لەو ساڵانەدا و لە سەرەتای بیستەکانی تەمەندا دوو رووداو، منی خستە سەر کەڵکەڵەی خۆکوشتن، یەکەمیان شکست لە عەشق، دووەمیان شکست لە سیاسەت، ویستم شکستی ژیان بکەمە هەرەسی سێیەمی تەمەن. رۆژانە لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر رەشبین و زیاد لە پێویست جددی گفتوگۆم دەکرد، دەمویست بۆی بسەلمێنم خۆکوشتن کارێکی بێهوودانە نییە، تاکە ئارەزوومە وەک ئەوەی دەمەوێت بێتە دی، مرۆڤ تەنها لەبەر مازۆخییەتی خۆی ژیانێکی خۆشدەوێت هیچی پێ نابەخشێت جگە لە ئازار و چەرمەسەریی!، زوو زوو وتەکەی (ڤان کوخ) م بە یادی خۆم دەهێنایەوە: (ژیان چ کەڵکێکی هەیە ئەگەر بوێرییمان نەبێت هەموو شتێک تاقی بکەینەوە؟). سەدان ئازار و غەمگینیم تاقی کردبووەوە، دەمگوت دەی با کۆتا جاریش مەرگ ئەزموون بکەم، بیرم دەکردەوە ئەگەر بە توندوتیژترین شێوەش خۆم لەناو ببەم، ئازارەکەی تنۆکێکە لە ئۆقیانووسی ژانەکانی نێو ژیان!. جارجاریش بە روون و راستەوخۆ پێم دەگوت: خۆکوشتن ئەکتێکی گەمژانە نییە، پاساوەکانی خۆکوشتن گەلێک زۆرتر و ماقووڵترن لە پاساوەکانی مانەوە لە ژیاندا، ئەگەر منیش لەم ژیانەدا نەبم هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، بەڵام بە مانەوەم کێشەیەکی تر زیاد دەبێت، بە راستیش وابوو خۆمم لێ ببوو بە کێشەیەکی گەورە، پێموابوو بۆ سەرکەوتن و چنینەوە و تامکردنی زێدەچێژ دروستکراوم (بە وتەی لاکان)، کاتێک لە سیاسەت و عەشقدا تووشی نسکۆ بووم، خۆم بە بێگوناهێک دەبینی (رۆژگار و فەلەکی غەدار) دەمچەوسێنێتەوە، زۆرتر لە خۆی بەرامبەر بە خۆم سادیست ببووم، وا تێدەگەیشتم لە خۆکوشتندا نامرم بەڵکو بەردەبمەوە ناو ژیان، لە ژیانەکەشمدا ناژیم بەڵکو بەربوومەتەوە ناو مەرگ، ئەو رۆژانە لە مردن تۆقیبووم و گەرەکیشم بوو خۆم بکوژم!، بە پێچەوانەوە ئێستا لە مردن ناترسم

هاوکات شەڕ بۆ ژیان دەکەم، ئەوسا پاسیڤ بووم، دەروێشێکی کۆمۆنیست بووم، هیچ شتێکم لە خۆکوشتن بەو لاوە وەک دوا هانا نەدەبینی، وام دەبینی زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی کورد بە خۆکوشتن نەبێت دەستیان بە میوەی نەمریی ناگات، کەچی ئەوەتی کورد هەیە جگە لە (ئەحمەد ناڵبەند)ی شاعیر یەک کەسی تر لە (ئەهلی قەڵەم) دەستی نەبردووە بۆ خۆکوژیی!. (باس لە سەردەمێکە کەوتووەتە پێش خۆکوژیی ژەنەراڵی پایزەوە).

لە واقیعی خۆمدا پێموابوو بەرگەگرتنی ژیان قورسترە وەک لە یەک چرکەی خۆکوشتن، لەگەڵ ئەوەشدا دەستم لە دەستەواژەی خۆکوشتن بەرنەدا، بە مانایەکی تر لە نووسیندا بە گەرم خستەوە، ئەی ئەوە نییە ئەو منەی پێشانم کوشتووە و لە کەوڵی منی پێشووەوە منێکی تازەتر هاتووەتە دەرەوە؟، ئەم دەورانە دوو ساڵی تەمەنی بردم، بەڵام نایشارمەوە ئەزموونێکی بۆ دروست کردم بارتەقای بیست ساڵی ژیان و خوێندنەوە. وا دەهزرێم زۆربەی جار نەترسان لە مەرگ سیفەتێکی ژیاندۆستیی نییە هێندەی دەلالەتە لەسەر مەرگپەروەریی!، ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە هیچ ترسێکیان لە مردن نییە، ترسیان لە ژیانە، ناتوانن بەرگەی ژیانێک بگرن ئایدیاکانی ئەوان ناهێنێتە دی، مۆتیڤی بیرکردنەوەی هەر خۆکوژێک لە یەک کاتدا ترسانە لە ژیان و نەترسان لە مردن. زۆرینەی کات نەترسان لە مەرگ، ئەنگێزەیەکی فاشیستانەی بەرهەم هێناوە، ئەو ئەنگێزەیەی مەرگ لە ژیان شیرینتر نیشان دەدات. لە سۆفیگەرییشدا مەرگ ڕووداوێکی ناوازەیە و فەنابوونە لە ڕووناکی خوداییدا، ئاوێتەبوونە لەگەڵ مەعشوق و گەڕانەوەیە بۆ ئادرەسی ڕاستەقینە، ئەم مەرگتەوەرییە کرۆکی زۆرینەی ئاینەکان و ئایدۆلۆژییە تۆتالیتاریی و ستەمکارییەکان پێکدەهێنێت. ئەگەر زۆر دوور نەکەومەوە لە کرۆکی قسەکردنمان، پێموانییە مرۆڤی خۆکوژ کەسێکی ترسنۆک بێت، وەک وتم خۆکوژەکان بوێرترینن، بەڵام مەرج نییە عاقڵترین بن، چاونەترسترینن، بەڵام مەرج نییە ئازادترین بن، خۆکوژیی ڕاکردنە لە ئازادیی، چونکە کوشتنی مەیل و ئیرادەی ئازادانەیە بۆ گۆڕینی واقیعی باو، کاروانی مرۆڤ لە سەرەتاوە کاروانێک بووە پڕ بووە لە چیرۆکی زاڵبوون و بەدەستهێنانی ئازادیی، مرۆڤ لە یەکەم

هەنگاوەوە سەرقاڵی شکاندنی تەوق و جەبرەکانی ژیان بووە، تەنانەت بە ئاستێک گەیشتووە لە بەرامبەر جەبرە وجودییەکانیشدا شەڕ دەکات.

سێیەر: وردوخاشبوونی عاشقانە زۆر لە تێکشکانی سیاسیی گورجکبڕترە، گورزێکی روحییە لە مەراقدا دەمانگەوزێنێت. ساڵانێک تێکشکانی ئەویندارانە زۆرتر مەیلی خۆکوژییان لە مندا تۆختر دەکردەوە، خۆم بە راسکۆلینکۆڤ دەهاتە پێش چاو کە هەموو سەرە سەعاتێک پیرەژنی تەنیاییم دەکوشت و هەر دروست دەبووەوە. لە نامەیەکدا بۆ یار نووسیبووم: (پێی لێ دەنێم، چەند رۆژێک ژیاوم، هەموو رۆژەکانی تر، کۆپی ئەو چەند رۆژە کەمەن)، پێموابوو ژیان بە تەنیا ئەو چەند رۆژەیە بە دڵی خۆت دەژیت، ئێستا بێ ئەوەی بیر لە خۆکوشتن بکەمەوە هەر هەمان بیرکردنەوەم هەیە، ژیان تەنیا ئەو رۆژانەیە بە ویستی خۆمان دەیگوزەرێنین. لە نامەیەکی تردا بۆ یار ئەم چەند دێڕەم نووسیبوو: (بیرتە کەی مردم؟، ئەو رۆژەی عەشقی تۆ لەسەر دەفتەری ژیانمدا کاڵ بووەوە.. چەند ترسناکە ئەو نیگا بریندارانەت هەر لە ژیانی من دەچێت.. سوراحییەک تاریکیی قڵپ بووەتەوە ناو چاوەکانمەوە هەموو شت بە رەنگی شەو دەبینم.. عەشق باڵندەیەکی چاوچنۆکە لە تەمەنم دەخواتەوە و تێر نابێت.. تۆ دەڕۆیت و نیگارت لە چاوی مندا دەمێنێتەوە، تۆ دەڕۆیت و لە بیرت دەچێت ئەوینەکەمان لەگەڵ خۆتدا ببەیت.. ژیان ئەگەر رووبارێکیش بێت هێندەی چاوەکانم ئاوی تێدایە.. وشە تیژەکانت شمشێری سامورای بوون روحیان تیغ کردم.. ئای چەند سەختە ئەو عەشقەمان لە دەفتەرێک شیعر دەچێت کەوتبێتە ئۆقیانووسەوە.. هیچ ئاسمانێکم نەماوە تێیدا بفڕم، لە توخمی خشۆکەکانیش نیم سنگ بە زەوییەوە بنووسێنم.. دەتەوێت یادگارییەکان بسڕمەوە، وەک چۆن تۆ عەشقەکەت سڕییەوە؟.. ژیان ئەوە بوو لە بێشکەی منداڵیدا جێمهێشت، لە هیچ کوێ بۆی ناگەڕێم، ژیانم لە منداڵیدا و لە یاری چاوشارکێدا ون کرد.. هەموومان وەک یەک حەزمان لە ژیانە، بەڵام هەموو وەک یەک نامرین، ئەمە شتێکە بۆم روون ناکرێتەوە، منی خستووەتە باری تەتەڵە و بزرکاندنەوە.. کتێبی ئافاتە گەورەکانم خوێندەوە داهاتووم بینی، جارێکی دیکە خوێندمەوە رابردووم بینی، هەمدیسان خوێندمەوە ئێستام بینی،

چووم کتێبی شادییە مەزنەکانم خوێندەوە، نە رابردووم بینی، نە ئێستا، تەنیا بەڵێنی داهاتوویەکی لێڵ.. نەمدەویست لەم کاتەدا مەرگ، ژیان لە دەستم برفێنێت، نەمدەویست لەم کاتەدا بەهەشت ئەو دۆزەخەم لێ زەوت بکات.. هەرچی رەشایی دنیا هەیە لە سەرمدا کۆبووەتەوە، وەک ئاوێکی بۆگەنی قەوزەگرتوو پەنگی خواردووەتەوە.. رەشبیین نیم، هیچ نابینم، هەر هیچ، چاوم لەم دنیا نوتەکەدا نابینێت.. بە بەردەم ژیانێکی بێ چاودا دەڕۆم، ئای خودا، بۆچی پێشتر گلەییم لێ دەکرد بۆ نامبینێت؟.. دلۆپ دلۆپ ژیانم لێ دەڕژێ و تنۆک تنۆک مەرگ دەزێتە گیانمەوە.. ئەوەی تا ئێستا خۆم نەکوشتووە، نەمویستووە ناوی تۆ لە لیستی بکوژاندا بنووسرێتەوە). هەر لەبەر عەشقی ئەو بوو خۆم نەکوشت، چونکە هێندە خۆشمدەویست، وەک لە دوا دێڕدا بۆم نووسیبوو، نەمدەویست بە مەرگی من، ناوی ئەو لە لیستی بکوژاندا تۆمار بکرێت.

من: کەواتە عەشق لە یەک کاتدا تۆوی ژیان و مردن (خۆکوشتن)ی لە خۆیدا هەڵگرتووە؟.

سێبەر: بەڵێ و نەخێر! لە راستیدا نازانم. لەوانەیە کەمێک لەو منداڵە لاسارەی داڤید پەیج بچم، لە بری وەڵامی ئەو پرسیارەی لێم دەکرێت، بە دڵی خۆم وەڵامێکی تر بدەمەوە.

# بەشی چوارەم

## راڤەی تیۆلۆژیی

*خودا.. مەتەڵێك لەودیو بوون و نەبوونەوە
*ئاین وەك تلیاك.. بێ ئاینیی وەك ئاین

## خودا
## مەتەڵێك لەودیو بوون و نەبوونەوە

من: ئیدیۆمی (خودا) مادام هەیە واتە شتێکیش هەیە لە زەینی مرۆییدا ئەو وشەیەی بەرهەم هێناوە، خودا ئەگەر تەنیا زاراوەیەکی ئاسایی ناو ڕێزمانیش بێت، نابێت فەرامۆشی بکەین، پێویستە کاتێکی فرەتر ببەخشین بە توێژینەوە لە بارەی کێشەیەک، زاراوەیەک، فەنتازیایەک، ڕاستییەک بە ناوی خوداوە. لە تەوتەمپەرستی و وەسەنیەتەوە تا شۆڕشی ئەخناتون و بڵاوبوونەوەی یەکتاپەرستی، مرۆڤ بیری لە هێزێکی دەرە سروشت و دەرە خۆی کردووە سیستمی گەردوونیی بەڕێوە ببات، هەموو کات ئەو هێزەش بە خودا بانگ کراوە. خودا خۆی مەتەڵێکی ئەبەدییە، نهێنییە گەورەکەی بوونە، مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا بە دوایدا گەڕاوە، تەنانەت مرۆڤ لە بتەکاندا بە دوای ئەو خودایەدا گەڕاوە بەرهەست نییە، سوکرات کە خواکانی گریکی بە نارەسەن لە قەڵەم دا، دەیویست ئەو خودایەمان پێ بناسێنێت لەودیو سروشتەوەیە، ئیبراهیم کاتێک بتەکان دەشکێنێت هەمان ئەرک رادەپەڕێنێت، هەمیشە لە ناخودئاگایی مرۆڤدا خودایەک هەیە کە نۆمینە و ناکەوێتە ناوچەی ئاگاییەوە، وەک سۆفییەکان دەیانووت خودا زاتێکە لە دەرەوەی شوێن و کات، من لە ژیانی پەیامهێنی ئیسلامیشدا بە چڕیی هەمان ئەو هەوڵە دەبینم، سوکرات مەبەستی بوو!، ڕەنگە سوکرات یەکەم پێغەمبەری کوژراو بێت لە دیرۆکدا. بەدەر لە گومانە هەرە گەورەکەی زانستی نوێ، نەک هەر بوونی ئێمەی مرۆڤ بەڵکو بوونی گەردوونیش سیمولەیشن بێت، هەر کاتێک زانست گەیشت بەو ئاستەی بوونی خودایەک بسەلمێنێت، دڵنیام ئەو خودایە نییە لە چیرۆکە ئاینییە زۆر و زەوەندەکاندا وێناکراوە، ناشێت خودا هەمان ئەو خودا سادیست و خوێنساردەی

ناو ویژدانی باوەڕداران بێت!. ئیدی لە چرکەساتێکی وەهادا دەبێت لە سروشتی خودا بکۆڵینەوە!، ئایا هێزێکی پۆزەتیڤە یان نا؟ یان ئەو نۆمینە بێدەنگ و نادیارەیە لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەریەک بە جۆرێک رەنگی کردووە و هیچیشیان نییە؟. بوون و نەبوونی خودایەک هیچ لە رەخنەکانمان ناگۆڕێت سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی ژیان و سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کێ دەڵێت مرۆڤ بەو پێشکەوتنە زانستییەی هەنووکە بەدەستی هێناوە سەری زەوی ناخوات؟، کێ ناڵێت کونێکی رەشی گەردوون هەڵیناووشێت؟، کوانتۆم فیزیک گریمانەی فرە جیهانیی و فرە گەردوونی دەکات!، ئێمە ناکرێت تا دڵنیابوونەوەی تەواو لە بوونی خودا لە رەخنەکانمان بوەستین، ئەمە جۆرێکە لە فریودان، پێشبینی دەکەم بوون و نەبوونی خودا هیچ کات نەبێتە فاکتێکی زانستی، لەبەرئەمە جارێ با فریای زەوی بکەوین کە مرۆڤ جەرگی هەڵدڕیوە و لەشکری ڤیرۆس هاتووەتە سەرمان و دڵی ئاسمانمان کون کردووە و زەریاکانمان کردووە بە زبڵدانی گەردوون، ئەوسا لە رەوشێکی ئارامتردا دەتوانین هێمنانەتر بیر لە بوون و نەبوونی خودایەک بکەینەوە. لە راستیدا خۆم وەک تاکەکەس لەم بارەوە بێلایەنم.

سێبەر: بە سروش وەرگرتن لە دیدی هیگڵ، دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەو پرسیارەی لە بارەی ئامانج و حیکمەتی بوون و ژیانەوە دەکرێت، پرسیارێکی بێوەلامە، ئامانجی ژیان بۆ خۆی بریتییە لە دروستکردنی پرسیارێکی لەو شێوەیە. لە بناغەشەوە ئێمە بەشێکی گەورەی شتەکانی ناو ژیانمان لێ دیار نییە، ئەمەش مرۆڤی هێناوەتە پای پرسیارکردن و خستوویەتییە سەر کەڵکەڵەی گومان، ئەگەر هەموو شتێک بۆ مرۆڤ روون بوایە تێڕامان و گومان دەبوونە شتانێکی زیادە لە مرۆڤدا، ئەو زیادەیەش کەمییەکی بنەڕەتیی لێ دەکەوتەوە لە سروشتی مرۆییدا. یەکێک لەو نادیارانەش خودایەکی بانسروشتییە، ئەگەر ئەو هەشبێت، دەبێت بەردەوام بێت لە خۆشاردنەوە، تاکو یاری ژیان بەردەوام بێت، ئەگەریش بوونی نەبێت، باشترە راینەگەیەنین، ئەگەریش دەستی لە دنیا شتبێت کارە لۆژیکییەکە ئەوەیە نیچەئاسا جاڕی مەرگی نەدەین، بۆ ئەوەی دیالەکتیکێتی ژیان بەو شێوەیەی هاتووە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی ململانێی نێوان ئایدیالیزم و

میتافیزیک لەگەڵ ماتریالیزم بە هەمان گەرموگوڕیی بڕواتە پێشەوە، پێویستمان بەوەیە ڕێگە لە زانستیش بگرین، وەڵامێکی کۆنکرێتی و یەکلاکەرەوە لەو بارەوە بدات، خۆشبەختانە تا ئێستاش زانستە سروشتییەکان نەگەیشتووەتە وەڵامێکی کۆنکرێتی لە بارەی بوون و نەبوونی خودایەک لە ئاسمان یان لە هەر شوێنێکی تر وەک هەڵسوڕێنەر و دیزاینەری راستەقینەی بوون. ئەگەر لای فەیلەسوفێکی وەک لایبنیتس لە ڕێگەی پرەنسیپی مۆنادەکانەوە ئارگۆمێنتسازیی کرابێت بۆ سەلماندنی خودا، بە تایبەت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (مۆنادۆلۆگیا) کە ساڵی ١٧١٤ لە نووسینی بووتەوە، کەچی پرسیارەکە لەوێدا دەگاتە بنبەست، کاتێک دێتە سەر باسی خوڵقاندنی خودا بە پێی هەمان پرەنسیپی مۆنادەکان. ئیسحاق نیوتن هەردەم ئەوەی دووپات دەکردەوە: (کاتێک بۆ بوونی خودا بەڵگاندن دەکەم، یەک بەڵگەم هەیە و نەوەد و نۆ بەڵگەی تریشم هەیە بۆ نەبوونی، سا کاتێک بەڵگاندن بۆ نەبوونی دەکەم، بە تەنیا یەک بەڵگەم بە دەستەوەیە و نەوەد و نۆ بەڵگەی ترم لایە بۆ سەلماندنی هەبوونی). هێشتنەوەی جیهان لەناو ئەم گومانە (نیوتن)ییەدا، بۆ خودی جیهان و ژیان پێویستە، چونکە مژاری بوون و نەبوونی خودا نە پشت ئەستوورە بە بەڵگەی زانستیی نە بە ئارگۆمێنتی فەلسەفیی، تەنیا پرسەکە پرسی بڕواپێکردن و بڕواپێنەکردنە. لە حاڵەتی سەلماندن و ئیمانیشدا خودا لەو وێنایەدا خۆی تەجەلا دەکات لە فەنتازیکردندا سکێچ کراوە، خودای حەلاج و ئوسامە بن لادن هەر خوداکەی ناو قورئانە، بەڵام بە دوو شێوەی جیاواز تەجەلا ببوو لە خەیاڵی هەردوو کەسی ناوبراودا، ئەمە کرۆکی مەبەستم بوو لە بارەی دەرکەوتنی خودا بە پێی ئەو فەنتازیایەی سەبارەت بە خودا دامانڕشتووە.

من: ئەوەی راستی بێت وەڵامدانەوە بە بوون و نەبوونی دیزاینەری یەکەم (خودا) لە دەستی فەلسەفە دەرچووە، نەک لەبەرئەوەی تێماکە لە شوێنێکی سەخت و عاسی بیرکردنەوەدایە، دەی خۆ فەلسەفە لە خۆیدا بیرکردنەوەیە لە بیرکردنەوە و لە قووڵایی هۆشیارییدا ئیش دەکات، بەڵام بۆ بەرسڤی پرسینێکی وەها ئایا خودایەک بوونی هەیە یان نا؟، ئەم ئاپۆریایە بە ناچاریی دەچێتەوە سەر زانست، زانستیش تا ئێستا هەر ڕێگەیەکی گرتبێتە بەر بۆ چنگ کەوتنی وەڵامێکی

دڵنیا، بە بنبەست گەیشتووە و نەیتوانیوە ئەم پلۆتە بکاتەوە، ئەم نهێنییە هەر بە شاراوەیی ماوەتەوە، خۆ ئەگەر هەبوونی خوداش وەک هەقیقەتێکی ئەکچواڵ سەلمێنرا، پرسیارێکی گرنگتر خۆی دەسەپێنێت، ئایا ئەم سیناریۆیانەی ئاینەکان بۆ کۆتایی دنیا و روح و زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە دایانڕشتووە راستن؟! یان ئەسڵەن هەمان ئەو خودایەیە لە پشت چیرۆکی ئاینەکانەوە وەستاوە؟، زۆر پرسیاری جددیتریش. باوەڕ ناکەم بە ئاشکرابوونی خودا، هیچ گۆڕانکارییەکی رادیکاڵ چ بەسەر زانست چ بەسەر کێشەکانمان لەسەر زەوی بهێنێت، رەنگە ئەو خودایە وازی لە زەوی هێنا بێت و نەیەوێت ئێمە بیدۆزینەوە، بەڵام پێموایە ئاشکرابوونی رووداوێکی دانسقەیە بۆ ئاین، گریمانەی ئەوەش دەکەم لەگەڵ دەرکەوتنی خودادا ئاینەکان بپووکێنەوە و ببن بە هەڵم، دۆزەخ و بەهەشتیش نەمێنن!، وەکوتر رووداوێکی ناوازە نابێت بۆ ئەو مرۆڤەی دەسەڵاتی رەهای خودا پیادە دەکات، لەوانەشە پێی خۆش نەبێت بۆی بسەلمێنرێت لەسەرو ئەوەوە خودایەکی باڵادەستتریش هەیە!. بۆ من بوون و نەبوونی خودا وەک یەکە، هیچ ترس و شڵەژانێکم لەم رەهەندەوە نییە، لە بناغەشەوە بە پرسێکی گرنگم نەزانیوە و جێمهێشتووە بۆ زانست، پێموانییە زانست زانستی ئەوە بەدەستبهێنێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. دەی چی بڵێم ئەو خۆی لە توانای عەقڵیی من دەشارێتەوە؟، خۆ (دیکارت)یش بەم پرۆسەی گومانەدا تێدەپەڕی تا سەری نایەوە، هەموو کات ئارگۆمێنتسازیی دەکرد بۆ بوونی خودا، بەڵام تا مردن لە گوماندا مایەوە. هەر لە راستیشدا بۆ منێکی چەپ ئەو پۆلێنکارییە سەرلەبەر هەڵەیەکی مەبەستدارانەیە کە چەپ و ئاین دەخەنە ناو بازنەی ململانێ وەک دوو جەمسەری ناکۆک، چەشنی رەش و سپی، سارد و گەرم، ئاگر و ئاو، دیتنم وایە شەڕی سەرەکیی بریتی نییە لە شەڕی کۆمۆنیزم و ئاین، ئەو دابەشکارییە دوالیزمییە سەرلەبەر فریودانێکی کاپیتالیستییە، کۆمۆنیزم نوێنەرایەتی ئیلحادگەرایی ناکات، بە قەدەر ئەوەی نوێنەرایەتی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە دەکات، نوێنەرایەتی جەوهەری مرۆڤ دەکات، ئەم ناوەڕۆکە لە سەردەمی مارکس و ئەنگلسەوە هەتا ئەمڕۆ هەر بەم شێوەیە هاتووە. بۆیە بوون و نەبوونی خودا بۆ من کە چاوم لە گۆڕینی نەخشەی

ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەر زەوییە نابێتە لەمپەر، بوونی خودایەک لە ئاسمان نە کارەکەم پێ رادەگرێت نە لەو بڕوایەدام دژی ویستی ئەویش بێت.

سێیەر: تێبینی بکەن هەر خودی مارکس لە هیچ شوێنێک نەچووەتە ناو ئاخاوتن و پرسی بوون و نەبوونی خوداوە، ڕەنگە ئەم تێمایە بۆ ئەو ماتریالیزمەی وی تیۆریزەی دەکرد هیچ سوودێکی نەبووبێت، لە هیچ جێگە و نووسراوێکیشدا نکۆڵی لە بوونی خودا نەکردووە، ئەمە مانای ئەوەش نییە بڕوای بە بوونی خودایەک هەبووە، چونکە ئاشکرایە مارکس بێ خودا بووە، رەخنە توند و هێرشە ئاگرینەکانیشی بۆ سەر ئاین درێژکراوەی رەخنەکانی فۆیەرباخ بوو بە تایبەت بە کاریگەربوون بە کتێبی (جەوهەری کریستیانیزم) کە ساڵی ١٨٤١ چاپکرا. فۆیەرباخ دەیگوت: (مرۆڤ بە بێ خودا هیچە و خوداش بە بێ مرۆڤ هیچ). لە هەردوو بارەکەشدا پێگە و بوونی خودا بەستراوەتەوە بە مرۆڤەوە، ئەمە دەربڕینێک بوو بە تەواوەتی سەرنجی مارکسی لاوی راکێشا و بە خێرایی پەسەندی کرد، بەڵام مارکس لە دوای هیگڵ، بۆچوونەکانی فۆیەرباخیشی تێپەڕاند و لەو رەهەندەوە رەخنەی لێ دەگرت فۆیەرباخ مرۆڤ دادەبڕێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان، فەلسەفەکەشی بەوە تۆمەتبار کرد لە خڵتەی تیۆلۆژیای هیگڵیزم پاک نەبووەتەوە، لە (تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ)دا، رەخنە جەوهەرییەکانی مارکس لە فۆیەرباخ بە روونی خۆیان دەنوێنن، ئیدی مارکس جیاوازتر بیری دەکردەوە، ئەگەر لە کن فۆیەرباخ ئازادبوونی مرۆڤ لە خۆ رزگارکردن لە زەینی ئاینییەوە دەستپێبکات، لای مارکس بە ژێراوژوورکردنی سیستمی چینایەتی و هەڵوەشاندنەوەی کاری بە کرێ دەستپێدەکات، ئەگەر لای فۆیەرباخ نامۆبوون بە زاڵبوونی هەژموونی ئاینیی لەسەر هزری مرۆڤ لێکدرابێتەوە، لای مارکس ئەلیناسیۆن (نامۆبوون) بەرهەمی کارە و لە هەنووکەدا پەیوەندیی بە سیستمی سەرمایەدارییەوە هەیە، ئەمەشی لە ساڵی ١٨٤٤دا لە (دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان)دا فۆرمۆڵەبەندیی کردووە. لەم چوارچێوەیەدا و پەیوەست بە ناوەڕۆکی ئەم پرسەوە، دەخوازم ئەوەش زیاد بکەم، خودا شتێکە لە دەرەوەی پرسی بوون و نەبوون یان لەسەرو پرسی بوون و نەبوونەوەیە، ئەم بابەتەش بە سروشتی خۆی ئاڵۆزە و دەبێت

چاوەڕێ بین ڕۆشن بێتەوە، من نازانم تا کەی دەبێت چاوەڕوان بین، بەڵام وەک خۆم هیچ بڕیارێکم نییە و خودا ناخەمە ناو کێشمەکێشی بوون و نەبوونەوە.

ئەو جەدەلەی لە نێوان ئەتایست و باوەڕداران لەسەر ئەم تێمایە لە ئارادایە، هیچ پەیوەندییەکی بە پرسە راستەقینەکەوە نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت هەردوولا لە خولگەی بوونێکدا دەخولێنەوە و خودایان هێناوەتە ناو گیروگازی بوون و نەبوونەوە، لەو گەنگەشەکردنەشدا خودا خەسڵەتی خودایەتی لە دەستدەدات و رادەکێشرێتە ئەتمۆسفێرێکەوە کە ژینگەی هەبووەکان یان مەوجودەکانە، لەم سۆنگەوە بوو جارێک وتم ئەتایست و بڕواداران بە یەک میتۆد بیر دەکەنەوە، دەستەی یەکەمیان (ئەتایستەکان) بە بێ بەڵگەی حاشاهەڵنەگر نەفی خودا دەکەن و دەستەی دووەمیش بە هەمان شێوە بە بێ بەڵگەی قسەبڕ بڕوایان پێهێناوە. لە رابردوودا تۆما ئەکوینی و قەشە ئۆگەستین وەک دوو نموونەی فەلسەفەی لاهوتیی ئەوەیان دووپات دەکردەوە خودا بوونێکە کەوتووەتە پێش هەر بوونێکی ترەوە، کێشەی ئەم جیهانبینییە ئەوەیە خودا بە هەبوویەک دەزانێت و کێشەی مولحیدەکانیش هەمان شتە و نەفی ئەم هەبووە دەکەنەوە، لە کاتێکدا وەک وتمان خودا شتێکە ناکرێت بخرێتە ئەم جۆرە گفتوگۆ سەفسەتەئامێزانەوە. خۆم لە قەرەی بڤەیەکی تر دەدەم و بە روونی پێداگریی لەوە دەکەم ئاینەکان دوژمنی سەرسەختی خودان، تەنانەت زۆرێک لەو فەیلەسوفانەی بە دژە ئاین ناسراون، بێ خودا نەبوون بۆ نموونە سپینۆزا، بەڵام لە هزری زۆربەیاندا خودا هێزێکە لە دەرەوەی پێناسەکردن، ئەمەش پێچەوانەوەی روانینی ئاینەکانە، چونکە ئەوان خودایەکیان هەیە لە لیستی مەوجودەکاندا، خوداش هیچ کات ناخرێتە ئەو لیستەوە. خودای ئاینەکان خودایەکە وەک فۆیەرباخ تێبینی کردبوو لەسەر بیچمی مرۆڤ داتاشراوە و هاوکات خودایەکی ترسناک و تۆقێنەرە، مەگەر دادگاکانی پشکنینی کڵێسا نموونەیەک نییە لە ستەمکاریی بە ناوی ئاسمان و خودایەکی لەو جۆرەوە؟، مەگەر سووتاندنی فەیلەسوفی سەدەی شانزە (جۆردانۆ پۆرنۆ) لە سەنتەری شاری رۆمادا لە پێناوی ئەو خودا تۆقێنەرە، فەتواکەی (خومەینی) مان بیر ناخاتەوە بۆ کوشتنی سەلمان روشدی؟. بەدەر لەمەش لە رەهەندی

دیرۆکییەوە بنەچەی پەیدابوونی ئیدەی خودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چرکەساتەی مرۆڤی سەرەتایی کەوتووەتە پەرستنی هەر دیاردە و بوونەوەرێک ژێدەری ترس و تراوما بووبێت بۆی، هەر لە ئاژەڵە دڕندەکانەوە بیگرە تا دیاردە سروشتییەکان. جیاواز لەمەش بە کورتی و بە دیتنی ئەز دەبێت دان بەوەدا بنێین هیچ لە بارەی شتێکەوە نازانین بە ناوی خوداوە.

من: زۆربەی ئاینەکان بە تایبەت ئەوانەی بە ئاینە ئاسمانییەکان ناسراون لە ڕێگەی سیستمێکی وەسفییەوە بوونێکی ماتەریی بە خودا دەبەخشن، ئەگەر وابێت ئەوە خودا دەکەوێتە نێو بازنەی کات و شوێنەوە، ئاخر ئاینەکان بە ناڕاستەوخۆ ئەمەمان پێدەڵێن. لەناو تێکڕای ئاینەکانیشدا وێناکردنێکی فیزیکاڵی خودا ئامادەیە، وەک ئەوەی بتێک بێت بەرزکرابێتەوە بۆ ئاسمان، لە پەیمانی کۆنی کتێبی پیرۆزدا (تەورات) وێنای خودایەک کراوە حەزی بە بۆنی گۆشتی برژاوە! یان زاتێکی زۆر پیرە بەڵام بە سەروقژیدا لاوە!. ئەگەر لە قورئانیش ورد بینەوە، چەندان ئایەت هەن خودا وەک بوویەکی فیزیکاڵ دەناسێنن، بۆ نموونە ئایەتێک هەیە دەڵێت (ید الله فوق ایدیهم) لێرە باس لە دەستی خوا دەکرێت، گریمان ئەمە میتافۆرێکی شیعریی و قورئانییە، ئەی چۆن پاساوی ئەو ئایەتەی تر دەدەنەوە کە دەڵێت خودا بە شەش ڕۆژ و شەو، زەوی و ئاسمانەکانی دروستکرد، دواتر لەسەر کورسییەکەی پاڵی دایەوە (ثم استوی علی العرش)؟. کەواتە لێرەدا ئاماژەیەک هەیە بۆ قەبارەیەکی فیزیکیی، قەبارەیەک لەسەر عەرشێک ڕاوەستاوە یان ئەو دێڕە لە ئایەتولکورسی کە دەڵێت (وسع کرسیه السموات و الارض) دیسان لێرە باس لە قەبارە و بوونێکی فیزیکاڵ دەکرێت کە لەسەر کورسییەک دانیشتووە بە هێندەی ئاسمانەکان و زەوی فراوانە. بە پێی چنینەکەی قورئان خودا ماندووبووە و لە بری وەک تەورات بڵێت حەزی لە بۆنی گۆشتی برژاوە خەریکە دەڵێت حەزی لە فەرکردنی کاپۆچینۆ بووە، یان لە حەدیسدا باس لە پێکەنینی خودا دەکرێت و چەندان نموونەی تر، ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت ئەم نموونانە میتافۆرن، بەڵام ئەو گومانەش دەبێت بە ڕاست وەربگیرێت ئاینەکان لە هەوڵی بەرجەستەکردنێکی فیزیکیی خودادان.

لە بنەڕەتیشەوە یەکێک لە سیفاتە سەرەکییەکانی خودا بریتییە لە بوونێکی ناجەستەیی و تەجەلابوونێکی مانەویی، بە پێچەوانەوە لای ئیبن تەیمیە خودا لەسەر کورسییەکی گەورەی عەرش دانیشتووە! عەرشیش لەسەر شانی هەزاران فریشتە راگیراوە، جەستەی خوداش هێندە قورسە هەر کە فریشتەکان شان شل دەکەن بە قامچی لێیان دەدات!، دیمەنێکی سوریالی بگرە زۆر کۆمیدیشە. ئەمە ترنجاندنی خودایە بۆ ناو بازنەی شوێن و کات، ئەگەر هەر شتێک بکەوێتە ناو شوێن و کاتەوە شایستەیی خودایەنی تێدا نییە، ئەگەر خودایەک هەبێت ناکەوێتە ناو زەمەن و شوێنەوە، هێزێکی باڵادەستە و شایانی وێناکردن نییە. ئەم فاکتە زۆر ساکارە ئەوەمان پێدەڵێت، ئاینەکان لەسەر نەریتی وەسەنیەت بیریان لە خودا کردووەتەوە، هەر ئەوەیە پەیکەرەکەیان لە زەوییەوە ناردووەتە ئاسمان!، هەر ئەم فاکتە بەڵگەیەکی سادەیە لە ناو دەیان بەڵگەی تری ئاڵۆزدا ئەگەر خودایەک هەبێت هەمان خودای ناو کتێبە پیرۆزەکان و ئاینەکان نییە، ئەمەش بۆ ئەبوبەکری رازی پانتاییەکی گەورەی رەخنەسازیی کردەوە بۆ رەخنەگرتن لە تێگەیشتنی ئاینیی بە تایبەت ئیسلام لە هەمبەر وێناکردنی خودا وەک قەبارە و بارستەیەک. لە رەهەندێکی ترەوە بە پێی گۆشەنیگای فۆیەرباخ، خودا لە سەردەمی مۆدێرندا خەسڵەتە غەیبانیی و میتافیزیکییەکانی لێ وەرگیراوەتەوە و لە خەسڵەتە مرۆییەکاندا دەرکەوتووە، بە مانایەکی تر بانگەوازی مەرگی خودا لای فریدریک نیچە (دواتر بە درێژیی دەگەڕێینەوە سەری)، هەمان ئەو ساتەوەختەشە فەلسەفەی مۆدێرن سەرقاڵە بە مرۆڤکردنی خوداوە، ئیدی مرۆڤناسییش (ئەنترۆپۆلۆژیا) دەچێتە جێی لاهوت.

سێبەر: لە پرسی خـودادا پرسیاری جەوهەریی ئـەوە نییە ئایا لە پشتی گەردوونەوە ئافرێنەرێک بوونی هەیە یاخۆ نا؟، بەو مانایەی پرسەکە لە بوون و نەبووندا کورت ناکرێتەوە. با پرسیار لە چییەتی هەبوون بکەین، شتەکان بەهۆی چییەوە هەن و نین؟، هەموو بوونێک کاتێک هەیە ئەگەر بۆشاییەک پڕ بکاتەوە، واتە دەبێت قەبارە و بارستایی هەبێت، لە دۆخێکدا جێگیر بێت یان دۆخی خۆی بگۆڕێت، مەبەست لە دۆخیش لێرەدا شلیی یان رەقیی یانژی چڕییە، تۆ کاتێک وا بیر دەکەیتەوە، خودا هەم بارستە و قەبارەیەکە هەم جێگایەکی بەتاڵی

پڕ کردووەتەوە لە خودایەتی دەخەیت و ناکرێت ئەمە ببێتە وەسفی خودایەکی بەدیهێنەر. مرۆڤی ئایندار رژدانە لە هەوڵی بە مرۆییکردنی خودادایە، هەموو خەسڵەتە سروشتیی و سایکۆلۆژییەکانی خۆی بەسەر ئەو زاتەدا دەسەپێنێت کە پێیوایە دروستکاری ئەوە!. بە پێی گێڕانەوەکان، محەمەد وتوویەتی خودا لە رۆژی دانانی تـەرازوودا (یوم المیزان) دیمەنێک دەیهێنێتە پێکەنین، سەرەتا با بزانین ئەو دیمەنە شاد و کۆمیدییە چییە خودا دەخاتە پێکەنین؟!، بە پێی هەمان گێڕانەوە کاتێک مرۆڤێکی باوەڕدار لەسەر دەستی کەسێکی بێباوەڕ دەکوژرێت و پاشان بێباوەڕەکەش لە وێستگەی تری ژیانیدا باوەڕ بە خودا دەهێنێت، ئەویش لە پێناوی خودادا (شەهید دەبێت) لە رۆژی لێپرسینەوەدا بکوژ و کوژراو دەست دەکەنە ملی یەکتر و دەروازەی بەهەشت بە روویاندا دەکرێتەوە!، بەدەر لەوەی ئەم وێناندنە وەسفی خودایەکی سادیست دەخاتەڕوو، ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە خودا دەتوانێت شاد بێت بگرە پێبکەنێت، بەم پێیە خودا دەروونی هەیە و وەک هەر مرۆڤێک دەتوانێت شادبێت، تەنانەت دەتوانێت تووڕەش بێت، لە قورئاندا چەندان جار بەر ئایەتەکانی تووڕەبوونی خودا دەکەوین، ئەمەش داماڵینی خودایە لە خودایەتی یان لە خوداخستنی خودایە، وەک وتیشم مرۆڤ بە گشتیی دەیەوێت بیر لە خودایەک بکاتەوە بکەوێتە ناو چوارچێوەی وێناکردن و چواندنەوە. با نموونەیەکی تریش بهێنینەوە، لە ریواتەکاندا باس لەوە دەکرێت خودا هەموو شەوێک لە بارەگای خۆیەوە دادەبەزێتە ئاسمانی یەکەم و گوێ بۆ نزای بەندەکانی دەگرێت، دیارە وێناکردنی مرۆیی بۆ دابەزین چۆنە، یان بە باڵ دێتە خوارەوە یان بە قاچدانان لەسەر پەیژە، ئەوەی لێرەدا سەیرە کاتێک شێرکۆ بێکەس بە شێوەیەکی میتافۆریی لە شیعری (حەمە بچکۆلی بۆیاخچی)دا پرسیار لە بارەی ژمارەی پێڵاوەکانی خوداوە دەکات، ئیسلامییەکان هێندە هەستیان زامدار بوو بە خوێنی شێرکۆ نەبوایە ئەو برینە سارێژ نەدەبوو، بۆیە لێشاوێک فەتوا و تووڕەیی بەدوادا هات، لە کاتێکدا چەندین سەدە لەوەوپێش زاهیرییەکان و کوڕی تەیمیە و کوڕی حەنبەل و هتد... لە داتاشین و بەرجەستەکردنی خودا لەسەر شێوەی مرۆڤ سڵیان لە خودی خوداش نەدەکردەوە و پێناسەکردنیان بۆ خودا بەو جۆرە

بوو وەک بڵێی دیتوویانە و بیانەوێت ئەو دیدارەمان بۆ بگێڕننەوە، هەروەک چۆن عەلی باپیر زوو زوو سەردەکەوێت بۆ ئاسمان و لەسەر مێزی پڕ میوەجاتی بارەگای خودا دوو قۆڵی ترێی رەشمیریی دەخۆن.

رەنگبێ خەڵکانێک لێمان راپەڕن و پێمانبڵێن ئەو وەسفانە تێکڕا مەجازیین و مەبەستی قورئان میتافۆریزەی خودا بووە، بەڵام خۆمان ناخەینە ئەو گەمە زمانەوانیی و گراماتیکییەی ئەوانەوە، دەکرێت بە سادەیی بەرسڤ بدەینەوە و بڵێین، ئێمە لەسەر ئاکام قسە دەکەین نەک شت لە خۆیدا!، ئەو وێنایەی لە مێشکی مرۆڤدا لە هەمبەر خودا چەسپیوە دەرئەنجامی تێکستەکان خۆیانن، ئیدی با کرۆکی تێکستەکەش شتێکی تر و دەلالەتی تری هەبێت، خۆ قورئان تا دەمێکی درەنگیش هەر لە سینگەکاندا پارێزگاریی لێکرابوو نەک تێکستێکی نووسراو بووبێت بۆ راڤەکاریی، وەک حافزی شیرازی لە پێداهەڵگوتنی خۆیدا دەڵێت: (ندیدم خوش تر از شعر تو حافظ... به قرانی که اندر سینه داری). تەفسیرەکانیش زۆر درەنگتر هاتنە ئارا. هاوڕێیەکی نزیکم ئەوەی بۆ گێڕامەوە (موسڵمانە و تا ئەم چرکەیە کورد وتەنی سەری بچێت نوێژی ناچێت)، هەمیشە لە رێگەی ئەو وەسفانەی لە ئاین و تەفسیرەکاندا بۆ خودا دەکرا، نەمدەتوانی و تا ئێستاش ناتوانم وێنەیەکی بەرجەستەی خودا لە زەینمدا نەکێشم. ئەوەی لەو هاوڕێیە تێگەیشتم خودای وەک بەڕێوەبەرێکی بیرۆکراسیی وێنا کردووە کە هەمیشە سەرقاڵە بە کاروباری رۆژانەی سەرزەوییەوە و کامێراکانی چاودێریی دیجیتاڵیزە کردووە تا بەڵگە ڤیدیۆییەکان بۆ رۆژی تەرازوو لە باشترین کوالیتیدا بن، بە تەوسەوە پێمگوت رەنگە وەها وێنەشت کردبێت، خودا ریشێکی قەڵەمیی ماشوبرنجیی هەیە، ئەو بە تەوسەکەم تووڕە نەبوو، یەکڕاست وتی کەمێک پیرتر لە زەینی مندا وێنا کراوە، ئەوەش ئەو مرۆڤە ئایندارانەی بیر خستمەوە، پێماندەڵێن بە تاقیکردنەوە ئیسپاتی خودامان کردووە، چونکە هەر کاتێک هەر چییەکمان لێ داواکردبێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆمان جێبەجێکراوە و هێنراوەتە دی!، ئەم مامەڵەیە بریتییە لە ساتوسەودا و رێسای بزنس، وەک ئەوەی خودا بۆ هێنانەدی مەرامەکان

نەبێت کەڵکی تری نەبێت، بە گوێرەی ئەم روانینەش خودا خۆی فەرمانبەری مرۆڤە و وەک دێوی ناو قۆرییەکەی عەلادین هەرچی مرۆڤ ئارەزووی بکات بە کون فەیەکونێ دەیخاتە بەردەست، ئەمە چیترە جگە لە ترۆپکی گاڵتەجاڕیی؟، ئەمە چیترە جگە لە وێناکردنی خودایەکی بێکار و دەستبەتاڵ، ئەگەر مرۆڤ نەبێت، هیچ شتێکی تری دەست ناکەوێت خۆی پێوە خەریک بکات!.

من: فیزیای نوێ ئەوە تێزە باوە بە درۆ دەخاتەوە، هەبوونی هەر دروستکراوێک دەبەستێتەوە بە بوونی هێزێکی بینراو و نەبینراوی دورستکارەوە. ستیڤن هاوکینگ یەکێک لەو فیزیکزانانەیە لایەنگری سەرسەختی ئەم تێزەیە و لە کتێبی دیزاینی مەزن (The Grand Desing)دا بە بەڵگەی فیزیکیی لە هەوڵی سەلماندنی ئەو فاکتەدا بوو، گەردوون بەشێوەیەکی خۆکردانە و بە پێی پرۆسەیەکی درێژخایەن، لە دەرەوەی قسەی ئوستوورە ئاینییەکان دروستبووە، پێیوایە زانستی فیزیک بە تایبەت لە سەدەی بیست و یەکەمدا هیچ بوارێکی بۆ بوونی هێزێکی بانسروشتی نەهێشتووەتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا بەشێک لە زانایانی فیزیک و گەردووونناسی لە باری ئەگنۆستیکیدان، چاوەڕوانی زیاتری بەرەوپێشەوەچوونی زانستن، لە بارەی بوون و نەبوونی خوداوە. زانای ئەتایست (ریچارد داوکینز) هەڵوێستی خۆی لە ئەتایزمەوە بۆ ئەگنۆستیزم گۆڕی، گەرچی ئەو پێشتر کتێبی (وەهمی خودا)ی نوسیبوو، بەڵام بەم دواییانە بە تایبەت لەو دیبەیتەی لەگەڵ سەرۆک قەشە (رۆون ولیامس) ئەنجامیان دا، بێ پێچ و پەناکردن، پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد لە بوون و نەبوونی خودا دڵنیا نییە، بەڵکو وتی ئەگەر پێوەرێکی حەوت ژمارەییمان هەبێت، ژمارە یەک بێگومانی بێت لە بوونی خودا، ژمارە حەوتیش نکوڵی رەها بێت لە بوونی خودا، ئەوا من لە ژمارە شەشدا خۆم پۆلێن دەکەم!. منیش وەک خۆم لە هەموو مولحیدە کوردەکان ئارگۆمێنتی زیاترم هەیە بۆ سەلماندنی نەبوونی خودا، لە هەموو ئیسلامییەکانیش زۆرتر بەڵگەی بەهێزترم پێیە بۆ سەلماندنی بوونی خودا، کەچی هێشتا بوێریی ئەوەنییە لەم بارەوە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەم، ئەمەش هێشتا منی بە لە پرسی بوون و نەبوونی خودادا بێلایەن راگەیاندووە

و زۆرتر بە لای ئەگنۆستیسیزمدا دەشکێمەوە، هەرچەند بە پێی پێناسەی ئیبن عەرەبی خودا ناکرێت بخرێتە ریزی بوونەوە، چونکە هەموو بوونێک بونیادنراوە لەلایەن هێزێکی لە خۆی باڵادەسترەوە، بەم پێناسە خودا لەسەرو بوونەوەیە و نەبووە.

هەروەتریش لە روانگەی ئەزەوە بێ ئەنجامترین گفتوگۆ ئەو چەلەحانێیەیە لە نێوان موسڵمان و ئەتایستە کوردەکاندا لە گەرمەی خۆیدایەتی، هەردوو لا لە بری دیبەیت، شەڕی باوەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن، تەنانەت خودی (دیبەیت) ەکە گەیشتووەتە ئاستێکی هێندە نزم، تیرۆری زمانەوانیی لە بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن، مەبەست لە تیرۆری زمانەوایش خۆپاراستنی ئەتایستەکانە لەو وشانەی بە رواڵەت سەر بە تیۆلۆژیان لە چەشنی (بە خوا، ئینشاڵا، خوالێخۆشبوو وهتد..» بەڵام ئەم دالە تیۆلۆژییانە لە زۆر بەکارهێنان و بە کۆمەڵایەتیبوونەوەیاندا دەبنە دەلەلاتی کولتووریی و دادەبڕێن لە مەدلولاتە ریشەییەکەی خۆیان، هاوزەمان دەربڕینی ئەم وشە دابڕاوانە لە مانا تیۆلۆژییەکانیان، لە زاری ئەتایستەکانەوە دەبێتە ئارگۆمێنتێکی سادە بۆ موسڵمانان تاکو بڵێن ئەم وشانە لە دەرەوەی ئاگاییەوە دێن و بڕوابوون بە خودا دیاردەیەکی زگماکی و فیترییە، نەک ئەوەی ئەم دەستەواژانە ماکی تیۆلۆژیی خۆیان لە دەستدابێت و بووبنە دالی کەڵچەریی بەهۆی چەند پاتبوونەوەیان لە ژیانی رۆژانـەدا. زۆر کۆمێنتم نییە لەو بارەوە، ئێوە دەتوانن سەیری ئاستی ئاگایی و رۆشنبیریی دوو فیگۆری دیاری ئەم بەزمە بدەن ئەوانیش (مەریوان هەڵەبجەیی) و (ماکوان کەریم)ن، لە هەردوو ئاڕاستە بە حیساب پێچەوانەکەدا، وایدەبینم بە یەک تەرز و میتۆد بیر دەکەنەوە، ئەوان خاڵە هاوبەشەکانیان زیاترە لە ناکۆکەکان، نازانم لەسەر چی رێکناکەون؟.

سێیەر: ئەتایستەکان بە هەمان میتۆدی ئاینیی بیر دەکەنەوە، ئاینەکان پێیانوایە هەموو شتێک لە بووندا بە دوالیزمیی لە ئارادایە و دیرۆکی ژیانیش بریتییە لە ململانێی نەبڕاوە و ئەبەدیی دوو جەمسەرە پێچەوانەکە (خێر و شەڕ)، بەڵام ئەم زۆرانبازییە بە سەرکەوتنی هێزی باشە کۆتایی دێت، ئەو ساتەوەختەش پارادیس لە ئاسمانەوە دادەگیرێتە سەر هەسارە شینباوەکە (زەوی)، بە گەڕانەوەی هەموو

کەسیش بۆ سەر فیترەتی خۆی (ئاین) هەموو شتێک دەچێتە دۆخی دڵنیایی و جێگیرییەوە، وەک لە کوردەوارییدا دەگوترێت (گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە). ئەم زیادەڕەوییە ئایدیالیستییە بە شێوەیەکی پێچەوانە لای ئەتایستەکانیش هەیە!، ئەمانیش نەمان یان لەناوبردنی ئاین دەکەنە پێشمەرجی هاتنەدی ئەو ناشوێنەی تێیدا چیدی هەواڵێک لە جەنگ و کاولکاریی و ناسۆر نییە، زۆر متمانەیان بەو ئایدیایە هەیە بێ ئاین سەرزەمین جێگەیەکی ئاوەدانتر و لەبارتر دەبێت بۆ ژیان، ئەمە ئەو شتەیە ئەتایزم دەباتەوە ناو ئاین، یان ئەوەی دەڵێین رەچەڵەکی تێڕوانینی ئەتایستی لە ناو ئاینەکاندایە. هەر خودی بێ باوەڕیی پەرچەکردارێکە لە بەرامبەر شتێکی پێشتر هەبوودا ئەویش ئیمانە (باوەڕ) چونکە بێباوەڕیی نەکەوتووەتە پێش باوەڕەوە، بەڵکو نەفییەکە کەوتووەتە دوای ئیمانەوە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر زۆرێک لە ئەتایستە پەڕگیرەکان ریشەیەکی ئاینییان هەبێت. جولیان باگینی یەکێک لەو ئەتایستانەیە ئێنەرژییەکی زۆر بەکاردەهێنێت بە ئارگۆمێنتی (ئۆنتۆلۆژیی و کۆسمۆلۆژیی و مەبەستگەرا)، شکست بەو بەڵگانە بهێنێت بۆ هەبوونی خودا دەخرێنەڕوو، پرسیار ئەوەیە باگینی چیتر دەکات، جگە لە رەتکردنەوەی شتێک کە خۆی باوەڕی پێی نییە؟، وەک ئەوەیە بڵێم من باوەڕم بە ئەژدیهای حەوت سەر نییە، ئیتر پرسەکە باوەڕە، بۆچی دەبێت ئارگۆمێنتسازیی بکەم تا نەبوونی شتێک بسەلمێنم لە بناغەوە باوەڕم پێی نییە؟ یان باڵندەی عەنقا کە جارێک باگینی خۆی بە نموونە هێنابوویەوە، جگە لە خەیاڵێک شتێکی زیاتر نییە، ئیدی چی پێویست بە ئارگۆمێنت دەکات بۆ رەتکردنەوەی؟.

سروشتی مرۆیی ئەو لاوازییەی تێدایە دەیەوێت ئەفسانەسازیی بکات و باوەڕ بە خۆیشی بکات ئەم ئوستوورانە بێ ئەسڵ و فەسڵ نین، هەمیشەش بۆشاییە تاریکییەکەی گەردوونی کردووە بە سەرچاوەی ئەو وزە نادیارە باڵادەستە کە ژیانی ئێمە دیاری دەکات. میتافیزیک (بە مانا حەرفییەکەی) هیچی تر نییە، بێجگە لە بەریانی مرۆڤەکان بۆ ئەو هێزە نادیارانەی بێ بەڵگە بڕوای پێکردوون، پرسیارەکە ئەوەیە، یەکەم مرۆڤ بڕوای بە خودا کرد، ئایا لەسەر بناغەی ئارگۆمێنت بوو یان باوەڕ؟، بە هرزینی ئەز خستنەڕووی ئارگۆمێنت بۆ

پرسێک لەسەر باوەڕ راوەستابێت لە کردەیەکی جاڕسکار زیاتر نییە. دواجار ئەتایزمیش بۆ خۆی جۆرێکی ترە لە باوەڕ، لەم رۆژگارەشدا مانای ئاینێکی نوێ و سەردەمیانە بە دەستەوە دەدات، ئەتایستەکانیش وەک هەر ئاینپەروەرێکی تر کۆمەڵێک پیرۆز و باوەڕی کۆنکرێتییان داهێناوە و رەخنەگرتن لەوانە بە تابۆ و سنووربەزاندن هەژمار دەکەن. ئەگەر بێتە سەر بۆچوونی تایبەتی خۆم، لە پەنجەرەی گومانگەرایی فەلسەفییەوە سەیری پرسەکە دەکەم، هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەم نییە، تەنیا دەتوانم گومانم لە هەر بەڵگە و قسەیەک هەبێت لە بارەی بوون و نەبوونی خوداوە بکرێت، ئەوەی سەرقاڵی کردووم بە خۆیەوە ئەم مژارە نییە بەڵکو پرسیارە لە ئایندە. زۆر جاری تریش بە پرۆسەی گومانە (دیکارت)ییەکەدا تێدەپەڕم، پرسیاری کەینوونە مێشکم دادەپۆشێت، لەبەر خۆمەوە دەڵێم ئێمە بۆ لێرەین و چۆن و لە کوێوە هاتووین؟. کەچی ناگەمە وەڵامێکی قایلکەر، چونکە نامەوێت وەڵامەکە لە عەقڵی زانستییەوە وەربگرم، لەبەرئەوەی وەڵامی پێ نییە و مێژووی زانستیش مێژووی بەدرۆخستنەوەیە. دەمەوێت لە پانتاییە فەلسەفییە دژ بە یەکەکاندا بەرسڤێک چنگ بخەم، لە هەموو پرسیارەکانم قورستر ئەوەیە ئێمە بەرەو کوێ مل دەنێین و چارەنووسمان چییە؟، ئەم پرسیارە خاڵییە لە رەهەندە میتافیزیکییەکەی، تەنێ لەو دواڕۆژە دەپرسێت چی بەسەر خۆمان دەهێنین لەسەر زەوی؟، ئایا سیستمێکی هارتر لەوەی هەنووکە بەرهەم دەهێنین بۆ بەرزەفت و چەوساندنەوەی یەکتری؟ یان دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتا؟ بۆ کوێ؟. هێشتا کەس نازانێت، تا من بزانم، ئەوەی لێرەدا گرنگە داکەندنی جلوبەرگی بیرکردنەوەی میتافیزیکییە لە پرسیارەکانمان.

من: حاشا هەڵنەگرە ئەتایستەکان و ئایندارەکان بە یەک نۆرم و سیستم بیر دەکەنەوە، میحوەری سەرەکی لای هەردوولایان هەر خودی ئەو زاتەیە بە خودا ناسراوە، لە دۆخی مرۆڤی ئاینییدا خودا زاتێکی ئەرێنی و رووناکە و سەرچاوەی هەموو شتێکە، بە پێچەوانەوە ئەتایزم دۆخی نێگەتیڤ و نەفیکردنەوەی هەمان ئەو زاتەیە بەڵگاندن بۆ سڕینەوەی دەکرێت لە زەیندا، ئەمە پێمان دەڵێت دۆخی ئایندار و بێ ئاین لە سترۆکتورەوە یەک دۆخە، نەک دوو دۆخی لە یەکتر جیاواز!.

ئەگەرچی لە هەلومەرجی کوردییدا تێکەڵاوییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەتایزم و ئەگنۆستیسیزم و دایزمدا، هەموویان لە ژێر گشتێکی گەورەتردا (ئەتایزم) کۆدەکرێنەوە، بەڵام ئەم سیانە لە یەکتر جیاوازن، هەندێ جار ئەتایزمیش بە بێ ئاینی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، کەچی ئەمە دەقاودەق مانای ئەتایزم نییە، بۆی هەیە بێ ئاین بیت، بەڵام ئەتایست نەبیت بەڵکو سەر بە (دایزم) بیت، کەواتە دایزم چییە؟: زۆر بە کورتی دایزم ڕێبازێکی جیاترە، نکۆڵی لە بوونی خودا ناکات، تەنیا بڕوای بە ئاینەکان نییە، لە دیدی دایستیدا بە ڕەهایی دان بە بوونی خودایەکدا دەنرێت، ئیدی هەر کەسەو ئازادە چۆن وێنای خودا دەکات، بەڵام ئەم خودایە خاوەنی هیچ ئاین و پەرستگەیەک نییە. لە دۆخی ئەگنۆستیکیدا، هێشتا مرۆڤ دوودڵە لە بوونی خودایەک لەودیو حوکمی بینین و هەستپێکردنەوە، زۆربەی جار ئەگنۆستیکەکان وا دەپەیڤن زانستی ئەوەیان نییە بوونی خودا پێی بسەلمێنن نەک نەبوونی، هەر خودی چەمکەکە لە بنەڕەتە گریکییەکەیدا بە واتای (بێ زانین یان نازانمگەرایی) دێت، ئەمەش بۆ یەکەمین جار لەلایەن تۆماس هێکلسی لە ساڵی ١٨٦٩دا لە (کۆمەڵگەی میتافیزیکی)دا بەکارهێنراوە، بەڵام ڕەچەڵەکی فەلسەفیی ئەم تەرزە ڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ سەر دیدگاکانی (پڕۆتاگۆراس)ی فەیلەسوفی سۆفستایی کە بۆ یەکەمین جار لە کتێبی (دەربارەی خوداکان)دا ئەم تێمایەی هێنایە ناو مەملەکەتی فەلسەفە، سەرئەنجام ئەو کتێبە بووە هۆی مەرگی لە کاتی هەڵهاتنیدا. پڕۆتاگۆراس لەو کتێبەدا پێداگریی لەوە دەکرد تەمەن و زانستی مرۆڤ کورت و کەمترە لەوەی بگەینە ڕاستی و دروستی سەلماندنی بوونی خودایەک، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی تێزی (مرۆڤ سەرچاوەی هەموو شتێکە) بوو، دواتر پلاتۆ ئەم تێزەی هەڵگێڕایەوە بۆ (خودا سەرچاوەی هەموو شتێکە).

پاشتر (دێڤید هیوم)ی فەیلەسوفی ئینگلیزیی تیۆریزەی زیاتری ئەگنۆستیزم دەکات، هیوم بەردەوام لە دۆخی گومانگەرایییەکی سەرسوڕهێنەردا بوو، لێ ئەو بە تەواویی فەیلەسوفێکی ئەگنۆستیک بوو، هاوکات پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد هەر بەڵگەیەک بۆ بوونی خودا پێشکەش بکرێت، ئەگەر لەگەڵ ماتماتیک و عەقڵدا نەیەتەوە دۆکۆمێنتێکی پڕوپووچە. جیاواز لەمە بە گشتیی ئەگنۆستیسیزم بەسەر

سێ گرووپی سەرەکییدا دابەش دەبێت: یەکەمیان ئەگنۆستیکی شێلگیر، ئەم تیپە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بە گشتیی پرسیارکردن لە بوونی خودا کارێکی بێ ئەنجامە، هیچ کەس ناتوانێت بگاتە راستییە رەهاکە. دووەمیان، ئەگنۆستیکی نەرم، ئەم گرووپە جەخت لەوە دەکەنەوە بوونی خودا تا ئێستا نەزانراوە، بەڵام بۆی هەیە زانست بگاتە ئەو جێگایەی بوونی خودا بە رەهایی بسەلمێنێت، کەچی هێشتا زانست نەگەیشتووە بەم رۆژە. سێیەمیان، ئەگنۆستیکی شل، ئەمانیش پێیانوایە ئەگەر خودایەک هەبێت بە دڵنیاییەوە وازی لە کاروباری زەوی بۆ مرۆڤ هێناوە، بۆ ئەم تایپە لە ئەگنۆستیکەکان بوون و نەبوونی خودا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە. هەرچی ئەتایزمە نکۆڵی رەها لە بوونی خودا دەکات و لە بناغەوە ئاینەکان بە وەهم و شتانێکی پڕوپووچ لێک دەداتەوە. بەڵام هێشتا لە دنیای ئێمەدا (وەک کورد) بە هەمان چەشنی دنیای عەرەبی و ئیسلامی ئەم سێ رەوتە تێکەڵ بە یەکتر کراون و بە یەک ئاست و چاو لێیان دەڕوانرێت.

سێیەر: بیرۆکەی خودا لە پەرەسەندنێکی مێژووییدا بیچمی وەرگرتووە، خودا تا بووە بەم خودایەی هەنووکە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، ئەگەر لە رووی دیرۆکییەوە سەیری بکەین، خودا بەرهەمی کام کۆنتێکستی ژیانی مرۆڤە؟، مێژووی بوونی خودا بە بەراوورد بە مێژووی بوونی مرۆڤ تازەیە، چونکە مێژووی پەیدابوونی مرۆ لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ دوو ملیۆن و نیو تا سێ ملیۆن ساڵ بەر لە نهۆ، ئەو نەسکە مرۆڤە کە هۆمۆ هابیلس و پاشتر مرۆڤی homo erectus لە نزیکەی ملیۆن و نیوێک ساڵ پێش ئەمڕۆ لە ئەفەریکادا دەرکەوتووە، مرۆڤیش بەم شێوە گەشەندووەی هەنووکە لە سەد و پەنجا هەزار ساڵێک پێش ئێستاوە سەریهەڵداوە و لە ئەفەریکاوە بە هەموو لایەکی گێتیدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام مێژووی بوونی خودا وەک ئەوەی لەبەردەستە زۆر نوێترە بە بەراوورد بەو دیرۆکە، تەنانەت مێژووی بوونی خودا زۆر لە پێشتر و دێرینترە لە دیرۆکی ئاینەکان!، لە مێژووی ئاینەکانیشدا پەیدابوونی ئاینە ئیبراهیمییەکان (یەکتاپەرستەکان) کە تێپەڕاندن و رەتدانی فرەخوایی بوو بەرەو تاکخوایی زۆر تازەیە. بە لێکدانەوەی د.کامیل نەجار: (مرۆڤ خواوەندی لە خەیاڵی خۆیدا دروستکرد، تاکو پەناگەیەک بۆ

خۆی بدۆزێتەوە، لەو ساتانەی دیاردە سروشتییەکان و مەرگ و میحنەتەکانی تر بەسەریدا زاڵ دەبن، بۆی بگەڕێتەوە). ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو ناوەڕۆکە ماتریالیستییەی فەلسەفەی فۆیەرباخ لە سەدەی نۆزدەدا پێی گەشتبوو، بەوەی تێزە زۆر ناسراوەکەی ئەوە بوو ئەوە خودا نییە ئێمەی ئافراندبێت، ئەوەی ئێمەین لە بۆتەی خەیاڵدا خودامان دروستکردووە، بە دەربڕینێکی تر بیردۆزی یەکخوایی بەرئەنجامی گەشەکردنی فرەخواییە و فرەخواییش لە یەکەمین ساتەوە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا نەڕسکاوە بەڵکو لە دوای پرسیارە وجودییەکانەوە دروست بووە، وەک چۆن پەرستن لە گیان و تەوتەمپەرستییەوە پەرەیسەندووە بۆ وەسەنیەت، ئاوهاش مێژووی یەکخواپەرستی لە چەند هەزار ساڵێک تێنەپەڕیوە.

تۆ بڵێی ئەو سەدان هەزار ساڵە خودای تاک و تەنها پێویستی نەکردبێت خۆی لە مێشکی مرۆڤی سەرەتاییدا تەجەلا بکات؟ یان تۆبڵێی خودای تاک و تەنها لەو کاتەوە دروست بووبێت داستانی پێغەمبەران دەستیپێکردووە ئەمیش کەمترە لە هەشت هەزار ساڵ؟. جیا لەم گومانانە پێموایە خودا بۆ ئەو کەسەی هەست بکات پێویستێتی، پێویستییەکی پلە یەکە. بە دەست خۆم نییە هەر کات باسی بوون و نەبوونی خودا دەکرێت چیرۆکێکی هونەرمەندی کۆمۆنیست بێرتۆڵد برێخت دێتەوە یادم، چیرۆکێکی زۆر کورت بەڵام خودانی ناوەڕۆکێکی ئێجگار دەوڵەمەند: (کەسێک پرسیاری لە کۆینەر کرد ئایا خودایەک هەیە؟، کوینەر پێی وت: ئامۆژگارییت دەکەم بیر بکەیتەوە، ئایا هەڵسوکەوتت دەگۆڕێت پاش وەڵامی ئەم پرسیارە؟، ئەگەر هیچ گۆڕانێک رووی نەدا، ئەوکاتە دەتوانین بایەخ بە پرسیارەکە نەدەین، ئەگەر گۆڕان روویدا دەتوانم هاوکارییت بکەم لەوەی تۆ پێویستت بە خوایەک هەیە!). چیرۆکەکەی برێخت هەر ئەوەندە بوو، بەڵام ئەم چیرۆکە لێرەدا کۆتایی نایەت، مادام هێشتا مرۆڤانێک هەن پێویستیان بە خودایەک هەیە. رەنگە منیش وەک پۆزەتیڤیستەکانی قوتابخانەی ڤییەنا بڵێم وتنی (خودا نییە) هێندەی گوتنی (خودا هەیە) بێ تام و بێمانا بێت. دەبێت ئەو پرسە باوەڕییە بەجێبهێڵین بۆ تاکەکەس، خۆیان چۆن بیر دەکەنەوە و بڕوا دەکەن، خودا لەناو جۆری ئەو باوەڕەدایە، نە زانست نە فەلسەفە تا دوا هەناسەی کۆتا مرۆڤ ناگەنە هیچ بڕیارێکی کۆنکرێتی و قسەبڕ.

من: ناتوانم بە بەڵگەی زانستیی نەبوونی خودا بسەلمێنم وەک چۆن ناتوانم پێچەوانەکەشی ئیسپات بکەم، زانست وەک دەرئەنجامێکی عەقڵیی پەیوەندیی بەم پرسەوە نییە، چونکە دواجار عەقڵ لە رێگەی هەستەکانەوە دروست دەبێت، مژاری بوون و نەبوونی خوداش بەرهەست نییە. بیریاری هاوچەرخی فەڕەنسی ئەندرێ کۆنت- سپۆنڤیل پێیوایە زانستەکان لە خۆیاندا سیکۆلارن، بەم واتایە بێلایەنن لە بەرامبەر خودا و ئاینەکاندا. لەلایەکی ترەوە بە پێچەوانەی ئەو تیۆلۆژیایەی ئۆگەستین و تۆماس ئەکویناس دایانمەزراندبوو و جەختیان لەوە دەکردەوە بە تەنها لە رێگەی عەقڵەوە دەتوانرێت بەڵگە بۆ بوونی خودا بخرێتەڕوو، بە گوێرەی لێکدانەوەی یاکۆبی لە کتێبی «پەیامەکان دەربارەی رێبازی سپینۆزا» (ساڵی ١٧٨٥) باڵادەستیی عەقڵ، مرۆڤ بۆ دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئیمان رادەکێشێت. لە رەخنەی سپینۆزدا رادەستی ئەو دژە ئارگۆمێنتە ببوو: ئەوی پەیوەست بێت بە ئاوەزگەراییەوە سەری لە ئەتایزمەوە دەردەچێت!. رەنگبێ ئەمەش تۆتۆلۆژیای قسەکەی غەزالی بێت وەختێک دەیگوت: (ئەوەی لۆژیکبازیی بکات زەندیق دەبێت). «مەغزای قووڵی قسەکەی غەزالی لە هەمبەر لۆژیکی ئەرستۆییە کە لەو رۆژگارەدا لە جیهانی موسڵماناندا برەوێکی زۆری سەندبوو». پراکتیسی ئەنجامگیرییە عەقڵانییەکان لە زۆرینەی جاردا دژی ئیمان رادەوەستێتەوە، بەو پێیەی کرۆکی پرسی بوون و نەبوونی خودا، بە تەواوەتی پەیوەستە بە باوەڕەوە، لە دەرەوەی باوەڕ هیچ بەڵگەیەکی زانستی و لۆژیکی لە ئارادا نییە بوون و نەبوونی خودا بسەلمێنێت، تەنانەت خۆ خستنە کێشمەکێش و گفتوگۆی بێزەنتی لە هەمبەر ئەم تێمایە کەڵکێکی نییە. هەر بۆیە بیریارێکی ئەتایستی وەک جۆن گرەی کەڵکەڵەی ناونیشانێکی لاوەکیی مێشکی داگیر کردبوو بۆ کتێبەکەی (حەوت جۆری ئەتایزم) لە ژێر تایتڵی (بۆچی دیبەیت دەربارەی خوا مردووە؟). تا ئەو ئاستەی ئەوانەی بەڵگە بۆ بوونی خودا دەهێننەوە کردەکەیان تراژیدۆکۆمیدیی دەکەوێتەوە، مادام خودایان خستووەتە لیستی مەوجوداتەوە، کەواتە دەبێت بەڵگەشیان هەبێت لە بارەی چییەتی خوا و ئەو پێکهاتە کیمیک و ماتەرییانەی خودای لێ پێکهاتووە، بە پێچەوانەشەوە هەروا!.

دێڤید هیوم فەیلەسوفی ئەزموونگەرا و ئەگنۆستیک وا بیری دەکردەوە، هەر شتێک نەکەوێتە ناو ئەزموونەوە ناتوانرێت بوونی بسەلمێندرێت، پێداگریشی لەوە دەکرد هەر بەڵگەیەک بۆ ئیسپاتی خودا دەبێت پاڵپشتی عەقڵیی و بیرکارییانەی هەبێت، تا ئێستاش هیچ بەڵگەیەکی قسەبڕی لەم جۆرە لە ئارادا نییە!. هەرچی فەیلەسوفێکی راسیۆنالیستی وەک (ئیمانوئێل کانت)ە، بە هەمان شێوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئێمە دەتوانین لە بوونی ئەو شتانە دڵنیابین سەر بە جیهانی دەرکەوتەکانن (فینۆمین) یانژی بەرهەستن، دەنا توانای دەرک و هەستکردنمان نییە بە شتەکان لە جەوهەری خۆیاندا (نۆمین). پێشتریش دیکارت کە پێگەی عەقڵی بەرز کردەوە و گەیاندییە ئاستێک سەرتر بێت لە هەر شتێکی دیکە، گەرچی لە رواڵەتدا خۆی وەک کریستیانێکی پابەند نیشان دەدا، بەڵام لە رێگەی هۆشەوە خانەبەگومان ببوو لە بەرامبەر خودایەک بە پێی وەسفی کتێبی پیرۆز، بە تایبەت لە رێگەی وروژاندنی ئەو گومانە پرسیارەی بەردەوام بە مێشکیدا دەهات و دەچوو (ئایا خودایەک بوونی هەیە؟، ئەگەر بوونی هەیە ئایا خودایەکی فێڵبازە؟). وەکو چۆن ئایەتێک لە قورئاندا هەیە (ئایەتی ٣٠ی سورەتی ئەنفال) جەخت لەسەر فێڵبازیی خودا دەکاتەوە (..والله خير الماكرين)!. پاسکاڵ فەیلەسوف و فیزیاناس و ماتماتیکزانی سەدەی حەڤدە کە زۆرترین کاریگەریی رینێ دیکارت و ئۆگەستینی لەسەربوو، تیۆرییەکی گرەوئاسای لە بارەی بوون و نەبوونی خوداوە بەم جۆرە خستەڕوو، گرەوی یەکەم: ئەگەر بڕوامان بە خودا کرد و دەرکەوت بوونی هەیە، قازانجێکی بێ ئەندازە دەکەین بە دەستکەوتنی بەهەشت. گرەوی دووەم: ئەگەر بڕوامان بە بوونی خودا هەبێت، بەڵام دەرکەوت بوونی نییە، زیانێکی سنووردار دەکەین. گرەوی سێیەم: ئەگەر بڕوامان بە بوونی خودا نەبێت، لە کۆتایشدا دەرکەوت بوونی نییە، قازانجێکی سنووردار دەکەین. گرەوی چوارەم: ئەگەر بڕوامان بە خودا نەبێت، بەڵام دەرکەوت هەیە، زیانێکی گەورە دەکەین و شوێنمان دۆزەخ دەبێت. ئەگەرچی پاسکاڵ مەحکوممان دەکات بە گرەوی یەکەم رازی بین یان هیچ نەبێت لە خانەی دووەمدا گرەوەکە بدۆڕێنین، بەڵام هێشتا لە خستنەڕووی ئەو چوار تیۆرەدا، ئەو ئەنجامە دەبینینەوە گومانێک لە نەستییەوە

هەڵدەقوولێت و ناهێڵێت بە رەهایی پێداگریی لەسەر تیۆری یەکەم بکات.

بەبێ ئەوەی تەوەری سەرەکی لە بیر بکەم، ئەگەر بوار هەبێت پانتاییەک بۆ مژارێکی تر دەکەمەوە و دوایی دەگەڕێمە سەر کاکڵەی مەبەست. پلاتۆ لە راڤەکاریی روحدا بە دوای بەڵگاندنی فاکتێکەوە بوو، ئەویش جەختکردنەوە بوو لەسەر هەبوونی ناوچەیەکی تاریک، بێ ئەوەی مرۆڤ پەی پێ ببات لە ناو روحدا، ئەو هەرێمەشی بە کۆگای زانینەکان لە قەڵەم دەدا، بە ئەرکی فەیلەسوفیشی دەزانی یارمەتی یادەوەریی مرۆیی بدات (رێمینیسانس) لە هەبوونی ئەو زانیارییانەی دەکەونە ئەودیو ئاگاییەوە، لەوانەیە ئەمەشی لە تیۆری (مینۆن)ی سوکراتەوە هەڵکڕاندبێت، تیۆرەکە لە خۆیدا پێشکەشکردنی ئایدیایەکە دەربارەی زانین و ویستی زانین لەلای مرۆڤ، سوکرات بە پێداگرییەوە دەڵێت مرۆڤ توانای ئەوەی نییە بە دوای شتێکدا بگەڕێت نەکەوێتە قەڵەمڕەوی زانینییەوە، بۆیە مەحکومە بە گەڕان بە دوای ئەو زانیارییانەی پێشوەخت پێیان ئاشنا بووە. لە کن فرۆیدیش نەست ئەو جوگرافیا کەشف نەکراوەیە زۆرترین جووڵە و رەفتاری ئێمەی لێوە هەڵدەقوولێت، لەبەرئەمە جەختی دەکردەوە لە پشتی منەوە فەرماندارێکی تر هەیە ئەویش نائاگاییە. وای بۆ دەچم نائاگایی هەر باوەڕدارێک بە خودا، پڕ بێت لە وەسوەسە و گومان و نادڵنیایی سەرکوتکراو کە لەو کۆگایەدا بەسەر یەکتردا کەڵەکە بوون، سا وەختێک باوەڕدار رێگە بە نائاگایی دەدات لە خۆی بدوێت، بەو فۆرمە قسە دەکات پاسکاڵ لە گرەوەکەیدا خستوویەتییەڕوو، لێ هاشا لە پابەندیی پاسکاڵ ناکرێت بە ئاینی کریستیانییەوە، بەڵام لە مێژوودا گومانکارە گەورەکان و ئەتایستە مەزنەکان لە کۆشی کەنیسە یان مزگەوتدا پەروەردە بوون و دەبن. لە ژیانی کوردەوارییدا نموونەگەلی لەو جۆرەمان زۆرن و بەشێکیشیان مێژەر بەسەرن، هێشتاش بەو نیەتە ئەرکە ئاینییەکان جێبەجێ دەکەن بەڵکو ئەگەر خودایەک هەبوو قازانجێکیان دەستبکەوێت، ئەگەریش نا زیانێکیان لێنەکەوتووە شایانی باس بێت. ئەوەش مافی هەر کەسێکە، چونکە ئەگەر خوداش لە زەینی خەڵکیدا بسڕینەوە، کۆمەڵێک ئەفسانەی ئامادە هەن ببنە شوێنگرەوەی خودا. ئازایەتی خۆم بە کاردەهێنم بۆ ئەوەی رستەیەکی تر بنووسم: سڕینەوەی خودا لە

مێشکی مرۆڤدا کارێکی زەحمەتە، ئەگەریش زەحمەت نەبێت کردەیەکی نائاکارییە.

وا بیر لەم پرسە دەکەمەوە لە ناوبردنی خوا هەوێنی ئەو بەختەوەرییە نییە لە سەردەمی رۆشنگەرییدا بانگەشەی بۆ دەکرا، لەوانەیە راکێشانی جیهان بێت بەرەو بێهوودەیی، لە بناغەشەوە ئەرکی منێکی چەپڕەو لەناوبردنی خودا نییە وەک دوا پەناگەی ئارامبەخشی مرۆڤ، هێندەی کارم بریتییە لە تەفروتووناکردنی خاوەندارێتی تایبەت و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فێندەمینتالیزمی ئاینیی و سەقامگیرکردنی سیکۆلاریزم. دەرگا کردنەوەش لەم مژارە بۆ ئەوە نییە بیسەلمێنم خودا هەیە یان نییە، بە قەدەر ئەوەی بە دوای سەلماندنی بەتاڵیی ئەم پرسەوەم کە هیچ سوودێکی فیکریی بە هیچ کەس ناگەیەنێت و ئەوەشی لە ئارادایە بە هیچ کلۆجێک دیبەیت نییە، بۆ هەمووولا روونە دیبەیت ئەوە نییە ئێمە لە بارەی پەرداخێک ئاوەوە قسە بکەین، تۆ نکۆڵی لەو فاکتە بکەیت، ئەوەی ئاوەکەی تێدا کۆبووەتەوە پەرداخە، گفتوگۆ ئەوەیە هەردوولا ئیسپاتی پەرداخەکە و ئاوەکەی ناوی بکەین، بەڵام دەکرێت لەوێدا جیا بینەوە تۆ بڵێیت ئەم پەرداخە دەبوو قەشەنگتر دروستکرابا، یاخۆ دەشێ بڵێیت ئەم ئاوە بە کەڵکی خواردنەوە نایەت، وەختێک راستییە روونەکە بشاریتەوە و ویستت هەبێت بڵێیت ئەمە دۆلکەیە و ئەوەش ماستاوە لە ناویدا، دیبەیت هیچ بەهایەکی نامێنێت و دەبێتە چەلەحانێیەکی بێزەنتی پڕ سەرئێشە و ناکام، لە دیبەیتی نێوان ئەتایست و باوەڕدارانیشدا بەر ئەم دۆخە دەکەوین، وەک جۆن گرەی بۆی چووە بریتییە لە نمایشێکی میدیایی و هیچی تر. ئەوەی هەنووکە جێی بایەخمە ئەمە نییە بەڵکو پرسیارێکی پیری تەمەن سێ و سەدە و نیویی فەیلەسوفی ئەڵمانی (لایبنیتس ١٦٤٦-١٧١٦)ە: «بۆچی شت هەیە لە بری ئەوەی نەبێت؟!». ئەمە وەک هەورێکی چڕ ئاسمانی بیرکردنەوەی گرتووم و لە هەر شتێکی تر بۆ من سەرنجڕاکێشترە، بەرسڤەکە راناکێشم بۆ هیچ کوێ، نە بۆ دەڤەری باوەڕ نە بۆ کەناری ئەتایزم، تەنیا گواستنەوە و تۆتۆلۆژیای هەمان پرسیارە کە وا بڕوا دەکەم تا بە ئێستا دەگات وەڵامی دەقاودەقی خۆی وەرنەگرتووەتەوە و لە توانای سنووردارى منیشدا نییە وەڵامێکی گونجاوی پێ بدەمەوە.

سێبەر: شیاو نییە و هیچ ژیربێژییەک (لۆژیک) لەوەدا نییە، تەنیا لەبەرئەوەی بێ باوەڕیت کە پەرچەکردارێکی تاکەکەسییە و ئاگایی و زانینی تۆ پاڵپشتیی لە بوونی خودایەک ناکات، پێتوابێت بەم کردەیە و بەهۆی ئەتایستبوونتەوە بەشێوەیەکی پەتی، ئیدی ئەمە تۆی کردووەتە مرۆڤێکی زانستخواز و پێشکەوتووخواز!، ئەمە تراویلکەیە و لە نەریتی ئەتایزمی کوردییدا زۆر بە زەقیی خۆی دەنوێنێت، وەک چۆن هەندێک لیزبێن و هۆمۆسێکسوالی کورد تەنیا لەبەرئەوەی هۆمۆ یان لیزبێنن دەیانەوێت بە مرۆڤی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز لێیان بڕوانین!، لە کاتێکدا ژیانی ناو جێگا و سێکسیی مافێکی سروشتیی تاکەکەسە و هیچ پەیوەندییەکی بە پێشکەوتنخوازییەوە نییە. هیچ کات بە تەنها بێ باوەڕیی هیچ کەس ناکاتە تاکێکی پێشکەوتووخواز، تەنانەت لە ئێستادا ناچێتە چوارچێوەی یاخیبوون و تێپەڕاندنی تخوبەکانی تابۆ. ڕەنگە سەبارەت بە کۆمەڵی کوردەواری بە تایبەت لە سەدەی پێشوودا، بۆ نموونە لە کارەکتەری (جەمال عیرفان)دا ئەتایستبوون یاخیبوونێک بووبێت لە باوەڕی کۆمەڵایەتی و گشتیی، کەچی بۆ ئێستاکە وانییە و مانای یاخیبوون ناگەیەنێت، چونکە ئەتایزم لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاوی ناو کۆمەڵگە و چیدی ئەتایستەکان لە کوردەوارییدا تاقانە و ئاوارتە نین بەڵکو ریزێکی فراوانن، ئەگەرچی هێشتا هەر کەمینەش بن. بە تێگەیشتی من بێ باوەڕیی مافە نەک زانست و پێشکەوتنخوازیی هەروەک چۆن هەمان پرەنسیپ بۆ ئیمانیش هەر راستە. لێرەدا دەمەوێت ئاوڕ لە کێشەیەکی فیلۆلۆژیی (زمانناسیی) و ئیتمۆلۆژیی بدەمەوە لە بارەی وشەکانی باوەڕ و ئیمانەوە، بڕوا یان باوەڕ لە زمانی کوردییدا زۆرتر لە جیاتی متمانە بەکاردێت تا ئیمان. رستەی (باوەڕت بە قسەکەم هەبێت) مانا دەقاودەقەکەی بریتییە لە (متمانەت بە قسەکەم هەبێت) یان دەگوترێت: (فلان کەسێکی خاوەن بیروباوەڕە) ئەمەش وەسفێکی زمانەوانییە بۆ کەسێکی بە پرەنسیپ یان بە زمانە باوەکە مەبدەئی. لەم روانگەوە هەر کاتێک دەستەواژەی باوەڕ یان بڕوام بەکارهێنابێت تەنیا وەک وشە و لە دەرەوەی مەدلولاتە ئاینییەکەی کەڵکم لێ وەرگرتووە، هیچ کات بەکابردنەکەیان لە بری چەمکی ئیمان نەبووە کە چەمکێکە بە رەهایی سەر بە تیۆلۆژیایە.

وەکوتریش قەناعەتم بە دابەشکردنی دنیا نییە لەسەر بنەمای ئیلحاد و باوەڕ، شەڕی راستەقینە شەڕی ئیمان و بێ بڕوایی نییە، تۆ کاتێک بێ بڕوایت ریاکسیۆنێکە (کاردانەوە) لە هەمبەر بڕوایەکی مەلموس و بەرجەستە، ئاخر بێباوەڕیی لە پێچێکی مێژووییدا لە بەرامبەر باوەڕی ئاینیی و ئیمان بە خودا هاتووەتە ئارا. ئەگەرنا بێ بڕوایی ئایدۆلۆژیایەک نییە بۆ شەڕکردن لەگەڵ بڕواداریی، وەک خۆم شەڕی بڕوا و بێ بڕوایی لەگەڵ کەس ناکەم، بێ بڕوایی مافە وەک چۆن بڕواداریش مافی ئەویترە، دەکرێت پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەی هاووڵاتیبوون بڕوادار و بێ بڕوا بە ئاشتیانە لە کۆمەڵگەدا کۆبکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئیمان و دژەکەی ببێتە کۆسپ لە بەردەم چینەکانی خوارەوە و ململانێ راستەقینەکەیان لە بیر بباتەوە کە شەڕی چینایەتییە، دەبێت بگوترێت ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە تەنها بۆ یەکسختنی وزەی چینەکانی خوارەوە بێت نەک بەشێوە گشتییەکە و بۆ هەمووان بە چینی باڵادەستی چەوسێنەریشەوە. ئەگەر بگەڕێمەوە سەر کرۆکی تێما بنەڕەتییەکەمان دەخوازم ئەوەش زیاد بکەم، بێ بڕوایی لەسەر زانست رۆنەنراوە، هەروەک چۆن ئیمانیش هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، بێ بڕوایی کردەیەکە لە عەقڵی تاکەکەسەوە سەرچاوەی گرتووە، بێ بڕوایی حاڵەتێکی تاکەکەسییە نەک بە کۆمەڵ، مرۆڤێک دەتوانێت وا مەزندە بکات ئەو ئارگۆمێنت و بەڵگانەی بۆ بڕواهێنان دەخرێنە روو تەواو نین و رەتیان بکاتەوە، بە مانایەکی سادەتر ئەوە زانست نییە تەبایە لەگەڵ بێ باوەڕیی، بەڵکو ئەوە بێ باوەڕییە کۆکە لەگەڵ زانست و سوود و ئیلهام لە زانستی بەدەستهاتووەوە وەردەگرێت. وەک جارێک جولیان باگینی نووسیبووی: (بێ باوەڕیی هیچ پەیوەندیی بە رێبازی زانستخوازییەوە نییە. راستە زۆرجار بێباوەڕان باس لە تێڕوانینی زانستی دەکەن، بەڵام بێباوەڕیی هیچ کات ناچارت ناکات وا بیت). لە ژێر رۆشنایی دیدی باگینیدا بۆی هەیە زانایەکی ئەتۆمی یان گەردووناسیی باوەڕێکی پتەوی بە خودا هەبێت، بێ ئەوەی هیچ لە پلەی زانایەتی کەسەکە دابگرێتە خوارەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە. تەنانەت لای باگینی چوارچێوەی بێباوەڕیی بەرفراوانترە لەو جۆرەی ئەتایستە تەقیلدییەکان بیری لێدەکەنەوە، بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکەشی نموونەی یەکەمین

بێ باوەڕ لە مێژووی مەسیحییەتی خۆرئاوا دەهێنێتەوە کە قەشەیەکی فەڕەنسی بوو بە ناوی (ژۆن میزلیێ)، لە مێژووی ئیسلامیشدا ئەبوبەکری رازی یەکێکە لەو زانا و فەیلەسوفە گومانگەرا و ئەتایستە پەڕەگیرانەی بەگژ سەردەمەکەی خۆیدا چووەتەوە و بێباوەڕیی خۆی لە بەرامبەر زۆر بنەمای نەگۆڕ و چەسپیوی ئیسلام نیشاندەدات و لە کتێبی «مخاریق النبوه»شدا بیرۆکەی پێغەمبەرایەتی رەتدەکاتەوە و پێیوایە مرۆڤ ئاتاجی هیچ پێغەمبەرێک نییە فێری بکات، بەڵکو دەتوانێت لە رێگای بەکارهێنانی ئاوەزی خۆیەوە زانین لە بارەی باشە و خراپە بەدەستبهێنێت. بۆیە باگینی دەڵێت: (نابێت لە بیری بکەین نەبوونی باوەڕ شتێک نییە تایبەت بێت بەوانەی بە هەموو شێوەیەک ئاین رەت دەکەنەوە).

تەنانەت بە پێی تیۆرە کۆمەڵناسییەکەی جۆرج زیمێل شەڕێکی شایانی باس لە نێوان ئاین و زانستدا بوونی نییە، ئەگەرچی ئەو ئاین بە کێڵگەیەکی جیاوازتر لە زانست سەیر دەکات، پێیوایە هەر کام لەو دووانە ناتوانن یەکتری نەفی بکەن و قووت بدەن، بەڵکو ئاین روانگەیەکی تری پێناساندنی ئەو هەلومەرجەیە تێیدا دەژین، زانستیش روانگەیەکی تر، بەڵام ئاین تاکو سەر لەگەڵ مرۆڤدا دەمێنێتەوە، بە دیتنی خۆم کاری گرنگ ئەوەیە هۆشیاریی مرۆڤ لە سەیرکردنی ئایندا بگۆڕین نەک هەوڵێکی نەزۆکانە بدەین بۆ لەناوبردنی. بەدەر لەمەش لە کۆمەڵگەی کوردییدا ئەتایزم بە هەمان لۆژیک و میتۆدی ئاینیی بیر دەکاتەوە، دنیا بەشێوەیەکی دوالیزمیی دابەش دەکات بەسەر هەردوو پایەگای ئیمان و ئیلحاددا، چونکە ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئیش دەکات بە تەنیا ئاینە، لە دەرەوەی ئاین زۆر بە کەمی جووڵە و نمایش دەبینین، وەک ئەوەی مێژوومان بە بەرد بووبێت و تووشی بێکارییەکی یەکجاریی هاتبێت، ئەوەی سایەی کردووە بەسەر شێوەی هزرینی مرۆڤی کورددا با لە هەر بەرەیەکدا بێت ئاینە و هەوڵیشی نییە خۆی بخاتە دەرەوەی فەرهەنگی ئاینیی کە چۆڕاوەتە پنت بە پنتی ژیانگەی کوردەوارییەوە، لەم دۆخەدا گووتاری فێندەمینتالیزمی ئیسلامیش جێگەی بەزەییە، گوایە ئاین دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردیی، لە کاتێکدا ئاین هیچ کات لەم کولتوورەدا باری نەکردووە و بەر هێرشێکی چڕی سیکۆلارانە نەکەوتووە، چونکە هێزێکی سیکۆلار لە ئارادا

نەبووە ئاین بباتەوە بۆ پەرستگە نەخاسمە ئاین هەڕەشەیەکی لەسەر بێت. دیمەنی ئەو مەلا فەتواچییانەش دیوە هەر تراژیدۆ کۆمیدییەکەی کۆمەڵگەی کوردییە، کۆمیدیا بەوەی هیچ مەترسییەک دیار نییە و پارۆنیانە دەشیرێنن و دۆنکیشۆت ئاسا بەهەر چوار لادا شمشێر دەوەشێنن، لەگەڵ ئەو وەهمانەدا شەڕ دەکەن تەنێ لە خەیاڵدانی شیزۆفیرینی خۆیاندا بوونی هەیە، تراژیدیاش بەوەی کۆمەڵگەیان گەوجاندووە لە راژەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، چەند ئایکۆنێکی فووتێکراویان وەک نەیار وێنەکێشاوە، لەم سۆنگە و بە متمانەوە بەخۆبوونەوە دەڵێم فەتواکەی خومەینی، (ئایەتە شەیتانییەکان)ی سەلمان روشدی کرد بە خاوەن ناوبانگ، فەتوا و هەوڵی تیرۆرکردنی تەسلیمە نەسرین، (شورەیی)یەکەی ئەوی کرد بە رۆمان. خۆپیشاندانی ئیسلامییەکان ئیقتباساتە ساکارەکەی مەریوان هەڵەبجەیی کرد بە کتێب.

من: با لەمە بگەڕێین، شتێکی تر هەڕەشەیە بۆ سەر قەوارەی باوەڕ بە خودا، ئەویش بوونی پەتی و رەهای خراپەیە! ئەمە چۆن؟. پرسی هەبوونی خراپە چ لەسەر ئاستی کار و کردەوەی تاکەکەس چ وەک دەرئەنجامی دیاردە سروشتییەکان، بووەتە هۆی نادڵنیایی لە بەرامبەر هێزێکی بەرپرسیار و ئاگادار بە ناوی خوداوە. بۆ نموونە لە سەروەختی هاتنی لەشکری غەزوچی ئیسلامی بۆ ناوچەکانی کوردستان، پارچەیەک هۆنراوە جێماوە (هەندێک پێیانوایە هەڵبەستراوە، بەڵام لە هەر کۆنتێکستێکیشدا نووسرابێت هیچ لە فاکتە مێژووییەکە ناگۆڕێت) باس لە کوشتنی پیاوان و بە کەنیزەکردنی ژنان و کۆیلەکردنی منداڵان دەکات، هاوکات باس لە کوژاندنەوەی ئاگری بڵێسەداری ئاتەشگاکان دەکات، دێڕە سەرەتانییەکە هیچ کام لەوانەی پێشوو نییە، بەڵکو ئەو گومانەیە کە دەڵێت: (ئاهورامەزداش لەمە بێدەنگ بوو). رەنگە بەدەر لە جەوری سەرانە و زەبری شمشێر، ئەوی مرۆڤی کوردی هاندابێت ببێتە موسڵمان ئەو وازهێنانەی ئاهورامەزدا بووبێت لە کورد!. لە هەزار ساڵ دواتردا زەمین لەرزەکەی شاری لیشبۆنە (ساڵی ١٧٥٥) لە رۆژێکی پیرۆزی مەسیحیدا بووە بە سەرەتای گومانکردنێکی بەرفرە لە بوونی هێزێکی نادیار و میتافیزیکی و وەرچەرخانێکی تری کرانەوەی ئاینیی لە ئەورووپای مەسیحیدا، ئەمەش ڤۆڵتێری فەیلەسوفی فەڕەنسی خستە سەر کەڵکەڵەی ئەو

تێزەی خودا دەستی لە زەوی یان مرۆڤ هەڵگرتووە، وەنەبێت ئەم روانگەیە لایەنگری بۆ پەیدا نەبووبێت، بە پێچەوانەوە تا ئەمڕۆش ملیۆنان کەس لایەنگری ئەو بیرۆکەیەن: خودا وازی لە مرۆڤایەتی هێناوە. هەندێک لە خێڵە بەراییەکانی ئەمازۆن و ناوەڕاستی ئەفەریکا کە پەیڕەوی هیچ ئاینێک ناکەن و هیچ ریتواڵێکی دینیشیان نییە، لە پەیوەند بە پرسی ئافرێنەرەوە، وا هزر دەکەنەوە خودایەک ئەوانی ئافراندووە و دواتر وازی لێهێناون تا چێژ لە بوونی خۆیان وەربگرن، هەمان روانگە لە ئەبیکۆرۆسەوە تا بە ئێستا دەگات لە دیدگای بەشێک لە مرۆڤی شارستانییدا چەسپیوە، خودا بۆ تامکردنی چێژەکان مرۆڤی ئافراندووە و ئازادی کردووە لەسەر زەوی تا گوڵەوەچنێی زۆرترین بڕی چێژ بکات، ئەگەر پێشان بڕوای ئەبیکۆر بەوەی هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەتۆم بوونی نییە بە خوداشەوە، بووبێتە چاوگی دوژمنایەتییەکی سەرمەدییانەی کریستیانیزم لەگەڵیدا، حاڵی حازر تیۆر و تێزە چێژگەراییەکەشی رووبەڕووی شێواندن و کورتکردنەوە بووە لە چێژی سێکسیدا، بەڵام بە خۆشییەوە ناوەڕۆکە فەلسەفییەکەی وەک خۆی ماوەتەوە. ئەگەرچی زۆر حەزم بە نموونە هێنانەوە نییە، بەڵام هەمیشە دیفاکتۆیەک هەیە وا دەکات پەنای بۆ ببەم: زانای فیزیک و خاوەنی تیۆری رێژەیی (ئەنشتاین) لایەنگری ئەو بیرۆکەیە بوو خودا بریتییە لە وزەی سەرەکیی بوون و کاری بە وردەکاریی پرسەکانی سەر زەوییەوە نییە، ئەو بێزار دەبوو کاتێک باوەڕدارییەکەی بە گەردوونخودا، بە یەکتاپەرستی لێکدەدرایەوە، زیاتر خۆی بە لایەنگری خوداکەی بارۆخ سپینۆزا دەزانی کە پێیوابوو سروشت خۆی خودایە، نەک سروشتی بەرجەستە و بینراو بەڵکو ئەو سروشتە باڵادەستەی دەکەوێتە ئەودیو سروشتی بینراوەوە وەک ناوینابوو سروشتی ئافرێنەر.

لە روانگەی ئەنشتاینەوە خودا دەست لە ژیانی مرۆیی وەرنادات بەڵکو ئەو هێزەیە لە گەردووندا هەیە یان راستتر وایە بڵێین گەردوونی بە خودا دەزانی ئەویش هیچ پەیوەندییەکی بە کاروباری ژیانی مرۆڤەکانەوە نییە. ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەمان کلێشەکەی سپینۆزا بوو، وەک روونە ئەو فۆرموڵەیە سێ تایبەتمەندیی سەرەکیی لە خۆگرتبوو، یەکەم: خودا وزەی گەردوون و بوونە.

دووەم: عەقڵی گەردوون و گشتییە. سێیەم: ماددەی گەردوونی و بوونە. ئەوەش فەیلەسوف و دانا جووەکەی کردبووە دوژمنی باوەڕە دۆگمەکانی کەنیسە و پاپاکانی ڤاتیکان، بۆیە لە سەردەمی خۆیدا سپینۆزا درایە بەر چەقۆ و ئەنشتاینیش بەر تانە و تەشەر. کەواتە سپینۆزا لە ڤۆڵتێر دوورتر دەڕوات، بەڵام ئەم خودا بە بێدەسەڵات نازانێت بەڵکو وایدەبینی خودا هۆکاری هەموو شتەکان و هەموو شتێکیش لە خودادا تەواو دەبێت، بێ ئەوەی گرنگی بەو شانۆیە بدات لەسەر زەوی لە باری نمایشدایە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دێڕی یەکەمی قسەکانمان کە باسمان لەوە کرد بوونی خراپە، تۆوی گومانی لە عەقڵی مرۆییدا چاندووە بەرامبەر بە بوونی خودایەک لە پشتی جیهانی ئامادەوە، جولیان باگینی لە وەها دۆخێکدا سێ گریمانە دەخاتەڕوو کە هەرسێکیان دەبنە تەڵزگە بۆ باوەڕداران. ئەو پێیوایە لە پرسی بوونی خراپەدا، عەقڵ دەتوانێت سێ پاساو بخاتەڕوو، یەکەمیان ئەوەیە لە دەرەوەی ئاگادارییی خودا خراپەکاریی دەقەومێت، ئەوەش سیفەتی (هەمووشتزانی) لە خودا وەردەگرێتەوە، لە پاساوی دووەمدا ئەوە دەخرێتەڕوو خودا باکی بە بوونی خراپە نییە، ئەوەش (هەمەچاکەخوازیی) لە خودا دەسەنێتەوە، پاساوی سێیەمیش ئەوەیە خودا دەسەڵاتی نییە خراپەکاریی لەناوببات، دواجار ئەمەشیان بیرکردنەوە لە دەسەڵاتی بێ سنوور و (هەمەتوانایی) خودا لە مێشکی مرۆڤدا دەسڕێتەوە. بەم هۆیەوە لە بوونی خراپەدا ناتوانین بیر لە بوونی خودایەک بکەینەوە هەموو شتزان و چاکەی ڕەها و دەسەڵاتی ڕەها بێت، هەر دەبێت یەکێک لەو شتانەی کەم بێت و ئەوەش شایستەیی خودایەتی بۆ ناهێڵێتەوە.

بە هەمان شێوە لە بوونی پرسی ئازاریشدا، باگینی بە هەمان میتۆد گومانەکان لە بارەی خودایەکی چاکەکارەوە دەورووژێنێت، لای ئەو ناکرێت خودایەک هەبێت و بێباکانە تەماشای ئەو هەموو ئازارە ناکۆتایانە بکات لە شانۆی بووندا لە گۆڕێدان، ئەمە هێندەی وێنای خودایەکی سادیست و هۆڤ لە زەیندا دەچەسپێنێت چارەکی ئەوە بیرمان ناکەوێتەوە هەمان خودا، میهرەبان و بە بەزەیی بێت. باگینی ئازار و خراپەی سروشتی و دڵڕەقی بە ئارگۆمێنتی هۆشەکیی دەکاتە خاڵی ورووژاندنی گومان بەرامبەر بە خودا، پێیوایە لە بوونی ئەوانەدا (یان خودا

بوونی نییە یان خودایەک هەیە کە لە رووی ئاکارییەوە قێزەونە). کاتێکیش پاپای ڤاتیکان لە ساڵی ٢٠٠٦دا سەردانی کامپی (ئاوشڤیتس)ی پرۆسەی هۆلۆکۆستی کرد، بە دەنگێکی بڵند گوتی: (لێرە وشە نامێنێت، ئەوەی دەمێنێتەوە بێدەنگییە، کە لە بناغەوە گریانێکی بە کوڵە لە بەردەم خودادا. خودایە تۆ بۆچی بێدەنگیت هەڵبژارد و چۆن چاوپۆشیت لەمە کرد؟!). یان لە دیمەنی خنکاندنی هەڵەبجە بە گازی کیمیایی و پرۆسەی ئەنفال و ژینۆسایدی کورددا، ئەگەر خودا هەبوو بۆچی نەهاتە دەنگ؟، ئایا ئەگەر خودایەک هەیە و لە بەرامبەر ئەم تراژیدیا کەم وێنانە بێدەنگی هەڵبژاردووە بە پێودانگی باگینی نیشانەی دارمانێکی ئاکاریی نییە؟. لێ تا ئەندازەیەکی بەرز ئارگۆمێنتە عەقڵییەکانی باگینی ئامانجیان پێکاوە کەچی نایشارمەوە لە چەندین گۆشەوە جێگەی رەخنەن و رەنگە دەرفەتمان نەبێت لێرەدا خاڵ بە خاڵ دەستنیشانیان بکەین.

لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت فاکتێکی مێژوویی هەیە لە بیری نەکەین: سەرجەلەی باوەڕبوون بە خودا زۆر لە چیرۆکی دەستپێکردنی ئاینەکان کۆنترە، ئاینەکان تاکە سەرچاوە نەبوون پێمان بڵێن خودایەک لە پشتی ئەم بوونەوە راوەستاوە، ئەوە مێشکی مرۆڤ خۆی بوو یەکەمین ئەم پرسیارانەی وروژاند، ئاینەکان زۆر درەنگتر لە هەناوی ئەم پرسیارانەوە دایک بوون. لە سترۆکتورەوە ئاینەکان بەرهەمی دەوڵەتشار و سەردەمی گەشەکردنی شارستانین، پەرستگەکان وەک ناوەندێکی ئایدۆلۆژیی بۆ کۆکردنەوەی مەردوومی نێو دەوڵەتشارەکان سەریانهەڵدا، لە کاتێکدا باوەڕبوون بە هێزێکی شاراوە لە پشتی گەردوونەوە لە سەردەمی سروشتیی یان وەحشیگەرییەوە لە مێشکی مرۆییدا مێرووڵەی کردووە. هەوڵی من بۆ ئەوەیە ئەو خودایەی ئاینەکان وەک هێزێکی تووڕە و تاریک دەیناسێنن جیا بکەینەوە لەو خودایەی مرۆڤ لە قۆناغی سروشتیدا وەک رووناکیی و چاکەی ناکۆتا ئافراندبووی، رێک بەو جۆرەی موفتی لە ئاین هەڵگەڕاوەی تورکیا (توران دورسون) دەیگوت: (ئەگەر بڕیارە خودایەک هەبێت، هەرگیز بە ئاوەزدا ناچێت ئەو زاتە دڵڕەقە بێت محەمەد پێی ناساندووین!)، دورسون بە خوێنی خۆی باجی ئەم قسەیەی دا و لە پایزی ١٩٩٠دا لە ئەستەمبوڵ خەڵتانی خوێن کرا، ئەم

گەواهیدانەی پیاوێکی شەرعزان و کولاو لە ئایندا هەروا رووداوێکی سادە نییە و زیاد لە روویەکەوە شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە. لە رەهەندێکی تریشەوە گرێدانی پرسی ئاکار و کاروکردەوەی رۆژانەی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی بە ئاسمانەوە رەفتارێکی شێتانە و داهێنراوی ئاینەکانە (رەنگە سەیر نەبێت دین بە شێوەزاری کرمانجی سەروو واتە شێت یان دێوانە). جارێک فەیلەسوفی ئوسترالی پیتەر سینگەر نووسیبووی: (بیرۆکەی ئەوەی ئەخلاق لە خوداوە دێت بۆ خۆی پڕە لە گرفت). وەک گوتم ئەو بیرۆکەیەش بۆ یەکەمین جار لە ئاینەکانەوە داکەوت کە ئاکار گرێدەداتەوە بە خودا یان ئاین خۆیەوە، بەڵام تا ئێستا مێژوو هیچ ئەتایست و ئەگنۆستیکێکی بە خۆیەوە نەبینیوە هێندەی ئایندارن کاری نائاکارییان لەسەر زەوی ئەنجام دابێت (دواتر ئەنالیزێکی چڕتری ئەم مژارە دەکەین). بە کورتی من نازانم خودا هەیە یان نا، بەڵام ئەوەی دەیزانم خودا لە جێگەیەکی بڵندەوە بە میکرۆسکۆب سەیرمان ناکات، ئەگەر هەبێت لە ناو خۆماندایە نەک لە دەرەوە.

سێیەر: وەک تەواوکارییەک بۆ روانگەکان، بۆچوونێکی بەربڵاوی فەلسەفیی هەیە وایدەبینێت مەرج نییە لە کاتی ئیسپاتکردنی خودایەکدا هەمان ئەو خودا چاکەکارە و بە دەسەڵاتە بێت ئاینەکان وێنای دەکەن، بۆی هەیە خودایەکی خراپ و کەمهێز بێت!. یەکێک لەوانەی لەم سەردەمەدا نوێنەرایەتی ئەم هزرینە دەکات فەیلەسوفی هاوچەرخی ئوسترالی پیتەر سینگەرە (١٩٤٦-). بەدەر لەوەی لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مژدەبەخشێکی کریستیانیی وەک دێنیش دسوزا لە دیبەیتێکی زانستگای بایۆلادا رایگەیاند، ناتوانێت بە رەهایی نکوڵی لە بوونی خودایەک لەم دیو یان ئەودیو سروشتەوە بکات، بەڵام گومانی ئەوەش دەخاتە بەر دید مەرج نییە ئەم خودایە هێزێکی گەورەی پۆزەتیڤ بێت بە پاساوی ئەوەی خودایەکی چاک و بەسۆز دەیتوانی لە ئافراندنی جیهاندا، ئەم هەموو ئازار و چەرمەسەرییە زیاد لە پێویستە نەئافرێنێت، هیچ نەبوایە بەشی ئەوەی هەست بە خۆشی و ئارامی بکەین ئازار و مەینەتیشی بخستبایەتە دووتوێی ژیانەوە. لە پرۆسەی ئارگۆمێنتسازییەکانیدا لە بەرامبەر چەمکی ویستی هەڵبژاردنی ئاینی کریستیانییدا، رووداوە سروشتییەکانی وەکو گڕکان و سێڵاو و ئاگرتێبەربوونی دارستانەکان

دەکاتە نموونە کە بێ هیچ هەڵبژاردنێک مرۆڤەکان لەناو دەبەن بەوپەڕی ئێش و ئازارچەشتنیشەوە، وەک خۆی دەڵێت رەنگبێ بەرسڤی کریستیانەکان ئەوە بێت: هیچ مرۆڤێک بێتاوان نییە و دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانی پێشوویان!، خۆ ئەگەر پێیان بڵێیت ئەی منداڵی ساوا یان تازە پێگرتوو چی خەتایەکی هەیە لە دنیادا؟، وەڵامیان ئەوەیە هەموو مرۆڤێک بە گوناهباریی لە دایک دەبێت و باجی تاوانی یەکەم قەرزێکە و دەبێت بیداتەوە (خواردنی میوەی قەدەغە لەلایەن دایکە حەواوە)، ئەگەر بەمەش رازی بین و بڵێین ئەی ئاژەڵان چ گوناهێکیان هەیە؟، بێ پێچ و پەنا بۆ بەرسڤدانەوە پەنا دەبەنە بەر فێڵە دێرین و فەلسەفییەکەی دیکات کە وایدەبینی ئاژەڵەکان هەست بە هیچ ئازارێک ناکەن و (ئامێرێکی پەتی سەرسوڕهێنەرن). سینگەر ئەوەش دەخاتەڕوو ئەو کوێرەوەرییەی لە جیهاندا روودەدات زۆرتر بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات خودایەک وەک دیزاینەری ئەم گەردوونە لە ئارادا نییە، خۆ (ئەگەر مکوڕ بووین لەسەر هەبوونی خودایەک، ئەوا ئەو خودایەی جیهانی دروست کردووە، ناکرێت بە رەهایی بەهێز و چاکەکار بێت، ئەو یان خراپەکار یاخۆ زۆر شکستخواردووە). بەو مانایەی ناشێ جیهانێکی وەها شێواو و دڵڕەق، دەستکردی خودایەکی میهرەبان بێت، ناکرێ جیهانێکی وا بێسەروبەر و هەڕەمەکی، شوێن پەنجەی خودایەکی دانا و کارزانی لەسەر جێمابێت. ئەگەر دیقەت لە روانگەی سینگەر و دسوزا بدەین لە دیبەیتەکەدا، هەردوولا بەڵگەی عەقڵیی و مەزندەکاریی پێشکەش دەکەن نەک زانستیی، چونکە زانست هیچ بەڵگەیەکی نییە بۆ بوونی خودا یان نەبوونی، تەنیا دەمێنێتەوە سەر باوەڕی تاکەکەس، ئایا بڕوا بە بوونی خودایەک دەکات یان نا؟.

من: پێموایە تا کۆتایی چیرۆکی مرۆڤ، خودا ئەکتەرێکی سەرەکییە و ناخرێتە رۆڵێکی کۆمبارسانەوە. شتێکی ناکۆک نییە لەگەڵ ئاوەزدا ئەگەر مەزندەی داهاتوویەک بکەین بە بێ بوونی ئاین و رێوڕەسمەکانی، بەڵام مەزندەی ئایندەیەک ناکرێت خاڵی بێت لە خودا، ئەگەر ئاین بەشێک بووبێت لە پرۆسەی گەشەسەندنی ژیاری مرۆڤایەتی و ئەرکی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەتا ئابووری کۆمەڵگە بووبێت، لە هەلومەرجی نوێ و دنیای سەردەمدا چیتر ئاین ناتوانێت بەو

قورساییەی پێشووەوە لە ژیان و ژیاردا ڕۆڵ بگێڕێت. کەچی بۆ خودا هێشتا زووە بڵێین ئیدی خودا پێویست نییە و کۆتایی هاتووە، ئەگەرچی نیچە لە دوادواییەکانی سەدەی نۆزدەدا مەرگی خودای ڕاگەیاند، کەچی ئەم مەرگە فەلسەفییەی خودا زۆر لەوە فرە ڕەهەندترە لە یەک گۆشەوە چاوی تێببڕین. فریدریک نیچە وای دەبینی مرۆڤ خۆی خودای کوشتووە و سەرقاڵی ئاهەنگگێڕانە بەو بۆنەوە، وەک چۆن دەشێ بە دیوێکی تردا میتافۆری (خودا مرد)ی نیچە بخوێنینەوە بەوەی بەم هەموو هێنان و بردنە، یەزدان لەلایەن ئاینە جۆراوجۆرەکان و پەیڕەوکارانیانەوە کوژرابێت، پێدەچێت لەم بەزم و ڕەزم و کەین و بەینەدا خودایان وەها ماندووکردبێت گیانی دەرچووبێت بە دەستیانەوە، ڕەنگە لە گوزارەی یەزدان مرددا هێندەی دەلالەت هەبێت بۆ کوشتنی خودا لەلایەن ئایندارانەوە، نیوەی ئەوە هێمای تێدا نەبێت بۆ کەنارگیرکردنی خودا و کەنیسە لەلایەن مرۆڤەوە. ئەو ڕوانگەیەی نیچە (یەزدان مرد)، وەها یوڤاڵ نوح هەراری سەرحاڵ کرد لە کتێبی (هۆمۆدیۆس)دا توێکاریی جۆرە مرۆڤێک بکات دەسەڵاتەکانی خودا پیادە دەکات، بەڵام هێشتا نکوڵی لەوە ناکرێت خودایەک یان زیاتر جیهان بەڕێوە ببەن یان گۆڕانکاریی بەسەر ماهیەت و شێوەی خوداکاندا هاتبێت!، لە هێزێکی پیوار و میتافیزیکییەوە جلی خۆی گۆڕی بێت بۆ شتێکی بەرهەستی وەک عەقڵ یان پارە. ئەوەی بە لای منەوە جێگەی گرنگی پێدانە مرۆڤی هاوچەرخ لە نێوان جەنگی خوداکاندا گیرۆدە بووە، هەر دەڵێی زەمەنی کەوناری سۆمەریی یان گریکی دێرین و فرەخودایی گەڕاوەتەوە. ئەگەر یەک لەسەر دوانزەی خەڵکی جیهان خۆیان بە بێ خودا بزانن و بڕوا بە هێزێکی پیوار و بان سروشتیش نەکەن، هێشتاش بێ خودا نین، دوور نییە عەقڵ یان دراو خودایەکی نوێ بێت بۆیان و لە جێگەی خودا نادیارەکە دایاننابێت.

بۆ یازدە بەشەکەی تری خەڵکی جیهان، ئەوان لە پەنا هێزێکی میتافیزیکییەوە لانیکەم خودایەکی تریش دەپەرستن چ پارە بێت چ عەقڵ!. (خوێنەر دەبێت ئەوەی لا ئاشکرا بێت باسی ئەو عەقڵە دەکەم ڕۆشنگەریی بە گشتیی و کانت بە تایبەتی داکۆکییان لێ دەکرد، لێ سەرباری هەر ڕەخنەیەک هێشتا لایەنگری ڕۆشنگەرییم). بۆیە من زەمەنەکە وا نابینم خودای تێدا نەبێت یان مردبێت بەڵکو دەرزەنێک

خودا لە دایک بوون. ڕەنگە نیچە ئاهەنگی بۆ مەرگی خودایەک گێڕابێت خودای مەسیحییەت و ئایدیالیزمی خۆرئاوایی بووبێت، لێ لای ئەو لەگەڵ خوداشدا، مرۆڤی کۆنی مێشک ئاخنراو بە میتافیزیکیش دەمرێت و لە جێگەیەندا بەرزە مرۆڤ لە دایک دەبێت، (خودا مرد، چونکە جیهانی رابردووی میتافیزیک کە مرۆڤایەتی بنیاتی نا، گەشتە شەکەتیی). ئەمەی ناو کەوانەکە وتەی (شارڵ رۆبن) ە لە سیمینارێکدا. نیچە وەک میتافۆرێک چەمکی (یەزدان مرد) دەوروووژێنێت، چونکە ئەگەر وابێت دەبێت بڕوای بە خودایەک هەبووبێت کە ئەو دەرکی مردنی دەکات، هێندەی مەبەستی دەرکەوتنی چاخێکی تازەیە چارەکی ئەوە پرسەکە خودا خۆی نییە. بە مانایەکی تر نیچە باس لە هاتنی سەردەمێکی تر دەکات خودای تێدا نییە، وەک ئەوەی لە چیرۆکی سەجان و کوڕەکەیدا بە ڕوونی نیشانمان دەدات. هەربۆیە لە یەک کاتدا هەم ئاهەنگ دەگێڕێت و هەم ماتەمینی راگەیاندووە، نیچە دەیەوێت خۆی بخاتە دۆخی دەروونی ئەو مرۆڤە شترێس و راڕایەی کەوتووەتە زەمەنی پاش مەرگی یەزدانەوە. خولاسە دەکرێت گریمانەی جیهانێک بکرێت بە بێ ئاین و پەرستگە و ریتواڵەکان، بەڵام تا ئەم چرکەساتەش شێمانەی دنیایەک بە بێ خودا بە عەقڵدا ناچێت، مەرج نییە خودا هەر ئەو زاتە بێت لە ئاینەکاندا هێڵکاریی بۆ کراوە، دەشێ وەک سۆفییەکان دەیانگووت خودا بۆ هەر کەسێک لە شێوەیەکی تایبەتدا خۆی تەجەلا بکات. ئەمەش پێچەوانەی ئاینە کە خۆی لە ریتواڵەکاندا ئاشکرا دەکات، دەکرێ بڕوابوون بە خودا (خودای نادیاری تاکوتەنها) لە قووڵایی خۆماندا بشارینەوە، بۆ پەیوەندییکردن پێوەی پێویستمان بە تەلەفۆنی هیچ ئاینێک نابێت بەڵکو پەیوەندییەکە روحی و بێدەنگانە و پەنهان و تاکەکەسییە.

سێبەر: کەواتە با بە خێرایی لا بکەینەوە بە لای مەرگی خودای نیچەدا. پێشتر و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، ئارسەر شۆپنهاوەر جاڕی مەرگی ئاینی دا، لە ناوەڕاستی هەمان سەدە ئەوسا نیچە منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵان بوو، هاینرش هاینە بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد خودا لە سەرەمەرگدایە و خەریکە دەکەوێتە گۆڕی خۆیەوە، لە چارەکی سێیەمی سەدەکەشدا نیچە بانگەوازی بۆ مەرگی یەزدان کرد و وتی ئەوەش گۆڕی خودایە. لە زاری ئەو دێوانەیەی لە (زەردەشت

وەهای گوت)دا کە ماتەم بۆ مردنی یەزدان دایگرتووە دەڵێت: (خودا مرد، ئێمە ئەومان کوشت!) لە کۆتایی پەرەگرافەکەدا نیچە دەنووسێت: (بە کام ئاو، دەستمان لەو خوێناوە پاک بکەینەوە؟). ئەو دێوانەیە نیچە خۆیەتی، ئەو شیوەنەش بۆ ئایندەی جیهانێکە خاڵی لە خودایەکی رەمزیی، دنیایەک بەوپەڕی نیهێلیزمدا وەک شەمەندەفەرێکی بێ کاپتن نازانرێت بەرەو کوێ مل دەنێت و چی وێرانکارییەک دەنێتەوە. تاوانباری ئەم کوشتنە خودی مرۆڤە، ئەو مرۆڤەی لە رێگەی عەقڵەوە خودای لەسەر عەرشەکەی دەرپەڕاند و خۆی چووە شوێنەکەی، چونکە لە زاری دێوانەکەوە پێماندەڵێت: (ئێمە پەیوەندیی زەویمان بە خۆرەوە پچڕاند). وەک دەلالەتێک بۆ هاتنی سەردەمێکی تاریک و نوتەک لە پیواری خودادا کە مرۆڤی تێدا ون دەبێت، بە پێچەوانەی دەربڕینی فریدریک بەیگبێدی: (مرۆڤی پاش مردنی خودا ون ببوو، چاوساغە دیجیتاڵییەکان یارمەتیان دا، دووبارە رێگەکە بدۆزێتەوە). لە روانگەی ئەزەوە ئەم تێفکرینە لە بری پێکەنین مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. نیچە خۆیشی ئەم هۆشدارییەی دابوو، لە جیهانێکدا خودا یان دیدگای میتافیزیکیی تێدا مردووە، زانستگەراکان دەستبەرداری ئافراندنی خوداکان نەبوون و نابن، ئەم بانگەوازەی نیچە بە رواڵەت ئەتایزمێکی پەتییە، بەڵام وەک هایدگەر بۆمان روون دەکاتەوە، بە هیچ جۆرێک ئەم بانگەوازە ناواخنێکی ئیلحادییانەی نییە، هێندەی ئاماژەیە: بۆ قەدەرێکی میتافیزیکی کە مێژووی رۆژئاوا بە درێژایی بیست سەدە دیاری دەکات.

لەلایەکی ترەوە دەربڕینەکە مەرگی خودایە نەک نکۆڵی لە بوونی خودایەک بەو جۆرەی لای ئەتایستەکان لە گۆڕێدایە، هیچ نەبێت نیچە بەو دێوانە و گەڕیدەیەیە خودای لێ بزر بووە نەک بێباوەڕ بێت بەرامبەری، ئەمە هەڵبەستنی قسەیەک نییە خۆی نەیکردبێت، بۆ خۆی لە (زەردەشت وەهای گوت)دا پێداگریی لەمە دەکات. تەنانەت هایدگەر لەو بڕوایەدایە تێزی مەرگی خودا لە کتێبی (زانستی شاد)دا باشتر لەوەی لە (زەردەشت وەهای گوت)دا هاتووە، گەلاڵەکراوە. بەشێوە گشتییەکەش مەرگی خودا رووداوێک نییە بۆ گشت جیهان، لە هەموو شوێنێکی جیهان خودا نەمردووە، بەڵکو مەبەستی نیچە لەو تێزە، خودایە لە

بەرگە رۆژئاواییەکەدا، روونتر بڵێین خودای ئاینی کریستیانییە، تەنانەت لە کۆتا دێڕی پەرەگرافەکەدا دێوانەکە دەڵێت: (ئەم کڵێسایانە چین ئەگەر گۆڕی خودا نەبن!؟). لێ (ژیل دۆلۆز)ی فەیلەسوفی فەڕەنسی هەمان مەرگ بەسەر خودای جووشدا دەسەپێنێت. هاوکات چەمکی مەرگی خودا هەڵمەتێکی بێ بەزەییانەشە بۆ سەر کۆژیتۆ و تیۆرەکانی دیکارت، وەک دیارە لەو کەلەپوورە فەلسەفییەدا خودا بە بنەڕەت و هۆکاری یەکەم دانراوە. نیچە رۆڵی جارچییەکە دەبینێت و ئەم رستە هەواڵییە دەگوازێتەوە بۆ بەردەنگەکانی، دەنا مەرگەکە زۆر لەوەوبەر روویدابوو، لە مێژ بوو خودای رۆژئاوا مردبوو بەڵام رانەگەیەندرابوو. هەڵە نییە ئەگەر لەو رەهەندەشەوە سەیری تێزەکە بکەین، بە مردنی خودا، بەرزە مرۆڤ (سوپەرمان) لە دایک دەبێت، بە پشتبەستن بەو دێڕەی لە (زەردەشت وەهای گوت)دا هاتووە کە دەڵێت: (ئەی مرۆڤی باڵا، بوونی خودا مەترسییەکی گەورە بوو لەسەر تۆ). بەو واتایەی پێشمەرجی هاتنەئارای مرۆڤی باڵا بەستراوەتەوە بە کوشتنی خوداوە لەسەر دەستی خۆی، بەمەش سەرداریتی جیهان لە خوداوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ. بە دیویکی تردا مەرگی خودا سەرەتای چەرخێکی نوێیە بۆ مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیدا چاو نابڕێتە هێزێکی بان سروشتیی، زیاتر متمانە دەکاتە سەر توانستی خۆی. بە پوختەکراویی مەرگی خودای نیچە میتافۆرێکە بۆ پێشوازیی لە سپێدەیەکی تازەی ژیان هیچ مۆرکێکی خودایی پێوە نییە، لێرەدا دەشێ مەرگی خودا بە هاوواتای مەرگی کڵێسە و لەقبوونی دیدگا میتافیزیکییەکانیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت. چیتر خودا بە تایبەت لە رۆژئاوای دوای مۆدێرنێتەوە هەڵسوڕێنەری جیهان نییە، ئەوەی دنیا هەڵدەسووڕێنێت مرۆڤ خۆیەتی، نیچە خوازیارە ئەم مرۆڤە لە گرگنییەوە پەرەبسەنێت بەرەو باڵابوون و بەرزە مرۆڤ.

## ئاین وەك تلیاك
## بێ ئاینیی وەك ئاین

من: بەو پێیەی مێژووی ئاین کەوتووەتە ناو مێژووی شارستانێتییەوە، شارستانێتیش بە جیاکردنەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان و هیرارکییەت دەستپێدەکات، بەم فۆرمە ئاین دەبێتە بەشێک لە سیستمی چینایەتی!. پەرستگەکان لەو ماوە مێژووییەدا بینا دەکرێن شارەکان چێ دەبن (لە فۆرمە سەرەتاییەکەدا). لە میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیلدا لە شەش هەزار ساڵێک لەمەوبەرەوە پەرستگە ئاینییەکان دەبن بە بەشێک لە دامەزراوەکانی دەوڵەت شارەکان، بە تەنیا وەک نزرگە و شوێنی پەرستن نامێننەوە بەڵکو بەشداریی جدیی دەکەن لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، ئاین هەمیشە بەشێک بووە لە سیستمی چینایەتی و ڕۆڵی گرنگی وەکو هێورکەرەوەیەک گێڕاوە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتە بەناوبانگەکانی نێو دیرۆکی دێرین. ئەم گۆڕانکارییانەش زیاتر لە کۆتاییەکانی چاخی نیولیتیک (چاخی بەردینی نوێ) هاتنە ئارا، پێش ئەم مێژووە ئاین وەک دەزگا و پەرستگەکان لە ئارادا نەبوون، تەنیا خوداکان بەبێ ماڵ و پەرستگە لە دڵی مرۆڤدا دەژیان، دواتر پەرستگە ئاینییەکان ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە لە تەکاندان بە ڕەوتی شارستانێتی و سیستمی چینایەتی دەگێڕن، بۆ وێنە پەرستگەکانی ئاموون یان پەرستگە دێرینەکانی شاری مێژوویی ئور بەڵگەیەکن لەسەر ئەم قسەیە. لەم پێڤاژۆیەدا ئاین زیاتر ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتەکان دەگێڕێت وەک لەوەی پەیوەندیی نێوان خودا و تاک و ریتواڵە روحانییەکان ڕێکبخات. یەکەمین چرکەساتی رسکانی دەوڵەتیش لە مێژوودا بۆ کۆنترۆڵ و ئیدارەدانی باڵادەستیی چینەکان بووە، پێویستییەک بووە سیستمی چینایەتی لەگەڵ خۆیدا هێناویێتی.

سێیەر: مۆتیڤی سەرەکیی سەرهەڵدانی هەر ئاینێک هێندەی ئابووری و دابینکردنی بڕێکی زۆرتر لە خۆشگوزەرانیی بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بووە، چارەکی ئەوە پاڵنەرە روحییەکان رۆڵیان تێدا نەگێڕاوە، لە مێژوودا یەکەمین پەرستگە یەکەمین جێگەش بووە بۆ کۆکردنەوەی باج و خەراجی دەوڵەتشارەکان. نازانم تێزەکەم چەندە بەهای میتۆدیی هەیە، بەڵام لە روانگەی منەوە دووجۆر لە ئاین لە ئارادان، ئاینێکیان لە رووی مێژوییەوە کەوتووەتە پێش چێکردنی پەرستگەکان و سەرهەڵدانی دینە ئیبراهیمییەکانەوە، ئەوەش لە کۆمەڵێک ریتواڵی روحیی پێکهاتبوو، جۆرەکەی تر لە ئاین لە هەناوی نوسخەی یەکەمەوە گەشەیسەندووە و بەرهەمهێنانی ئابووری لەسەر کراوە بێگومان لەسەر حسابی لایەنە روحییەکە. ئەڵبەتە جێی خۆیەتی دەسپێکی باوەڕداریی بە خودا لەگەڵ چیرۆکی سەرهەڵدانی ئاینەکان تێکەڵاو نەکەین!، مەرج نییە لە دیرۆکدا مرۆڤەکان لە رێگەی ئاینێکەوە پەیوەندییان بە خوداوە کردبێت بەڵکو ئەوەیان مێژووەکەی هێندە نزیکە سەرەتاکانی بە روونی دیارە، لە کاتێکدا هیچ ئاینێک نییە بێ بانگەشە بۆ پەرستنی خودایەک. بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین فاکتۆرە ئابوورییەکان بارتەقای کۆی فاکتەرەکانی تر رۆڵی هەبووە لە سەرپێخستنی ئاینەکاندا، بێ هۆ نییە بەپێی میتۆلۆژیای ئافراندن هەر لە تەوراتەوە تا قورئان، شەڕی کوڕانی یەکەمین مرۆڤ (ئادەم) مۆتیڤێکی ئابووری لە پشتە و یەکەمین تاوانی سەر زەوی دوای تاوانەکەی دایکە حەوا لە ئاسمان (بەهەشت) تاوانێکە لەسەر چاوچنۆکی و کێبڕکێی ئابوورییانەی هەریەک لە هابیل و قابیل. کارڵ مارکس فاکتۆری سەرهەڵدانی ئیسلامی لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا گەڕاندەوە بۆ هۆکارە ئابووری و بازرگانییەکان و ئەو خنکانە ئیکۆنۆمییەی بە هۆی ئاڵوگۆڕ لە رێڕەوی بازرگانیدا لە هەرێمەکەدا روویدا بوو لەو کۆنتێکستە دیرۆکییەدا، بە وردبوونەوە لە سەرچاوەی سەرەکیی بژێویی مۆتۆڕی ئیسلام واتە هۆزی قورەیش کە بزنس بوو، ئەم راستییە چەند قات روونتر خۆی دەنوێنێت، مۆتیڤی پشت پەیدابوونی ئیسلامی ئابووری بووە لە پەتیترین شێوەی خۆیدا.

وەک جارێک (ئەدۆنیس)ی شاعیر و بیرمەندی عەرەب لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی پێدابوو، پەیامبەری ئیسلام لە دوای تەمەنی بیست و پێنج ساڵییەوە سەرقاڵی کاری بازرگانی بووە لە نێوان حیجاز و شامدا، لە کتێبەکانی ژیاننامەی محەمەدیشدا هێما بۆ گەشتە بازرگانییەکانی کراوە بۆ وڵاتی شام. جیا لەوەش هاوسەری یەکەمی پەیامبەر (خەدیجە) و هەر چوار خەلیفەکەی راشیدین بازرگان یان سەر بە بنەماڵە بازرگانەکانی قورەیش بوون، ئایا ئەمە کاری رێکەوتە؟. لە رەوشی هەنووکەیشدا ئاینەکان بە قەدەر ئەوەی رۆڵی کۆمپانیا و ژێدەرێکی بەپیتی بازرگانیی دەگێڕن، چارەکی ئەوە سیستمێک نین بۆ رێکخستنی پەیوەندیی روحی نێوان خودا و بەندەکەی یان بۆ تەشەنەپێکردنی ئەو چاکەخوازییەی لە هەموو کەس زیاتر ئایندارەکان پێوەی دەنازن و خۆیان بە نوێنەری دەزانن. بێ ئەندازەش لە نیگەرانییەکەی دۆرکهایم بە گومانم کاتێک بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد لە پەڕاوێزخستنی رۆڵی ئایندا، سەرمایەداریی جگە لە زانست هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تری پێ نییە، زانستیش لیاقەتی نییە (وەک ئاین هەستی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی هاوبەش لە نێوان تاکەکاندا دروست بکات). بەڵام ئەو ئاینەی لە دوای مۆدێرنەوە گەڕاوەتەوە سەر سەکۆ، چیتر دیاردەیەکی روحیی نییە، ئەوەندەی لە کۆمپانیایەکی مۆنۆپۆڵی فرەڕەگەز دەچێت. ئەگەر نەبێت بە درێژدادڕیی پێم خۆشە نوکتەیەکیش بگێڕمەوە، لە ماڵی ئێمەدا کۆڕی گێڕانەوە گەرم بوو، زۆرێک لە حکایەتی بنەماڵە ناسراوەکانی کورد لە ماڵی ئێمەدا باس دەکران، بیرم دێتەوە باوکم بەسەرهاتی شێخێکی نزیکی خۆمانی بۆ گێڕاینەوە، ئەم شێخە لە زۆر ناوچە، مورید و خەلیفەی هەبوو، یەکێک لە خەلیفەکانی شێخ لە وەسفی شێخدا زۆر زێدەگۆیی (مبالغە) دەکرد، لە باسی کەرامەت و ئەولیاییەکەشیدا چەند پلە لەسەرو پێغەمبەرەوە رایدەگرت، کاتێک شێخ بەم دەنگوباسە دەزانێت نامەیەکی بۆ دەنێرێت چیتر بەو جۆرە باسی نەکات، چونکە هیچ کات دەسەڵاتی ئەو کارانەی نییە ئەو دەیداتە پاڵی، کاتێک خەلیفە نامەکەی پێدەگات، دەڵێت شێخ بۆ خۆی وت، من هیچ درێغی ناکەم لە پیاهەڵداندیدا!. ئەگەریش ئێستا خودا خۆی لە حەوتەمین تەبەقەی ئاسمانەوە بێتە خوارەوە، نەفرەت لە هەرچی مزگەوت و کەنیسە و پەرستگەیە بکات و

یەک یەک دەستبکات بە رووخاندنیان، بە دڵنیاییەوە مەزبەتەی لێدەکەن و دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی دەروونی. ئەوان نایەوێت تەنانەت خودا خۆیشی بزنسەکەیان رابگرێت.

من: بەو پێیەی دیالەکتیکی هیگڵ لەسەر سترۆکتوری بەر یەککەوتنی ئایدیا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دامەزراوە، ئاینیش وەک یەکێک لە گرنگترین ئایدیاکانی مرۆڤ لەناو ئەم کێشمەکێشەدا بوونی هەیە، لە دیدی ئەودا ئاین ژێدەرێک یان تاکە ژێدەری بەرهەمهێنانی ئەلیناسیۆن (نامۆبوون)ە لە کۆمەڵگەدا، مارکس ئارگۆمێنتەکە تەواو پێچەوانە دەکاتەوە و پێیوایە ئەوە ئاین نییە نامۆیی بەرهەم دەهێنێت، بەڵکو خودی ئاین بەرهەمی نامۆبوونی مرۆڤە و پاشکۆی نامۆبوونی کۆمەڵایەتییە. مژاری ئەلیناسیۆنیش بە دیدی مارکس پەیوەندیی بە کارکردنەوە هەیە، چونکە کار لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا ئارەزوومەندانە و یەکانگیر نییە لەگەڵ ئارەزووە خۆڕسکەکانی مرۆڤدا کە لە بناغەوە بوونەوەرێکی ئیشکەرە، بەڵکو کارکردنێکی ناچارییە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان، هەروەک ئەرنست ماندێل روونیدەکاتەوە (نامۆیی کار لەوەدا خۆی دەبینێتەوە مرۆڤ توانای بەسەر خودی کار و ئامرازەکانی کارکردن و بەرهەمدا نامێنێت) یان بە زمانێکی تر نامۆبوون بەرئەنجامی بێبەشبوونی کرێکارە لەوەی خۆی بەرهەمهێنەریەتی، ئەمە رووکارێکی ماتریالیستیانەی نامۆییە. لەم دۆخەدا ئاین وەک هۆشیارییەکی ساختە و لە دەرئەنجامی دەستەوەستاویی بەرامبەر بە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و نامۆبوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا دەبێتە دوا پەناگە و تەڵزگە، بەڵام بە ئیحا وەرگرتن لە فۆیەرباخ ئەوە دەخاتە ڕوو، مرۆڤ بە ئافراندنی خودا، هێندەی تر لە خودی خۆی دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش لەلایەن چینی بۆرژواوە پاڵپشتی لێدەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەی روحی شۆڕشگێڕانە و بیرۆکەی بەرەنگاریی لای چینی خوارەوە لەناوببرێت. لە روانگەی ئەوەی ئاین هانی هەموو کەس دەدت لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێت، بە چارەنووسی خۆی رازی بێت ئەوەش وەفادارییە بەرامبەر بە ئاسمان و ئەو خودا بانسروشتییەی بڕیاری کۆتایی لەسەر شتەکان داوە. (دروست بە پێچەوانەی وێناکردنی ئەحمەد موفتیزادەی رابەری مەکتەب

قورئانەوە کە وایدەبینی سۆشیالیزم لە ریشەوە ئیدەیەکی ئاینیی و ئیسلامییە، ئەنگلسیش گریمانەی ئـەوەی دانابـوو بەهاتنە ئـارای سۆشیالیزم پەرستشە ئاینییەکان دەپووکێنەوە). بۆیە مارکس ئاین وەک خۆفریودانێکی مرۆیی چاو لێدەکا نەک هەڵگری پەیامی راستەقینەی بەختەوەریی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ژیانێکی شایستەتر. مارکس لەم رووەوە چەند دەقێک لە کتێبی پیرۆز بیردەهێنێتەوە کە باس لـەوە دەکـات بەهەشتی بەڵێنپێدراوی خـودا لە دنیای پاش مـەرگ، بە تەنیا بۆ هەژاران دەمێنێتەوە و چوونە ناو بەهەشتی پیاوە دەوڵەمەندەکان وەک تێپەڕینی هوشتر وایە بە کونی دەرزی دوورماندا!، ئەمەش بووەتە فاکتۆرێک بە زۆریی چەوساوەکان رووبکەنە ئاینەکان تا چەوسێنەران. لە کاتێکدا ئەمە کوشتنی پۆتنێسیاڵی چینی خوارەوەی کۆمەڵە، سەرئەنجامیش دەبێتە کۆسپ و بەربەستێکی جددی بەردەم هۆشیاریی چینایەتی و بێداربوونەوەی چەوساوەکان و هەوڵی گۆڕینی واقیعی داسەپاو لە ژێر کاریگەریی ئەو ئەفیونەی ناوی ئاینە.

سێیەر: مارکس پێیوایە ئاین دەرهاویشتەی نامۆبوونی چەوساوەکانە، هەر لەبەرئەوە بۆ ئەوان دەبێتە گیانی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی گیانی تێدا نەماوە، لێرەدا مارکس بە چڕیی لە ژێر کاریگەریی تێز و روانینی (فۆیـەرباخ)دایـە بە تایبەت لە رۆڵی ئاین لە بەرهەمهێنانی نامۆبووندا کە لە کتێبی (ماهییەتی کریستیانیزم)دا فۆرمۆڵەبەندیی کراوە. مارکس ئاین بە هەڵقووڵاوی فەنتازیکییانەی مرۆڤ دەزانێت، هەموو ئاینەکانیش بە دەستکردی ئەو مرۆڤە دەزانێت خاوەنی واقیعییەتێکی راستەقینە نییە. لە شیتەڵکاریی مەسیحییەتدا بە روونی ئەوە نیشان دەدات، کرۆکی ئەو ئاینە جەخت لەسـەر دوو چینی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە ئەوانیش چینی سەرەوە و چینی خوارەوەی زەحمەتکێشن، لەم روانگەوە کریستیانیزم بە بانگەشەکاری سەرشۆڕیی و زەبوونی و ملکەچی و ترسنۆکی تۆمەتبار دەکات. لە باری کرداریشەوە وەسفەکەی مارکس لەگەڵ روحی سەرەکیی ئاینی مەسیحیدا یەکدەگرێتەوە، لە روانگەی ئەوەی ئاینەکە هیچی بۆ چەوساوەکان پێ نییە جگە لە دان بەخۆداگرتن و خۆشەویستی و نوێژکردن بۆ ئەوانیتری ئـازاردەر و چەوسێنەر، چونکە ئاینەکە دوو پاساو زیاتری پێ نییە لە بارەی چەوساندنەوەوە:

یەکەمیان بە سزای یەکەمین تاوان دادەنرێت بە خواردنی سێوی قەدەغەی بەهەشت لەلایەن ئادەم و حەواوە، دووەمیان بە تێستێکی خودایی دادەنرێت و لە دنیاکەی تردا بە زیادەوە قەرەبوو دەکرێتەوە، هەروەک لە وێنای عیسای مەسیح بەسەر خاچەکەوە دەبینرێت. نیچەش بە شێوازی خۆی رەخنەی توند ئاراستەی هەستی خۆ بە قوربانییکردن و پووچکردنەوەی خود لەلایەن کریستیانیزمەوە دەکات. لە دەرەوەی ئەمانەش مارکس وا تێبینی دەکرد (کوێرەوەریی ئاینیی یاخیبوونە لە کوێرەوەریی واقیعی)، بەڵام بە دیوێکی تردا دەکرێت ئەو تلیاکە تەنیا خوماربوونی چینی چەوساوەی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بەرینکردنەوەی ئەندێشە و دواجاریش هەڵبگەرێتەوە بۆ چالاکییەکی شۆڕشگێڕانە، بەڵام ئەو پێیوایە لە هەردوو بارەکەدا راچەنینێکی مەست و خومارانەیە. لە شوێنێکی تردا مارکس لە رەخنەگرتن لە (هیگڵ)دا سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت تەنها رەخنەگرتن لە خودی ئاین کارە دروستەکە نییە، بەڵکو دەبێت رەخنە لەو کەشە کۆمەڵایەتییە بگیرێت ئاینی وەک هۆشیارییەکی لنگاوقووچ هێناوەتە سەر شانۆکە.

دەشێ لە سۆفیزمی ئیسلامییدا (حەلاج) وێنەیەکی لەو چەشنە بێت، ئاخر سۆفیزم لای حەسەن بەسری لەسەر بنەمای ترسان لە خودا دەستپێدەکات، بەڵام ئەم ترسە تەنیا وەک دیاردەیەکی تاکەکەسی دەمێنێتەوە لای ئەو، بە تەنیشت ئەوەوە هاوچەرخێکی خۆی واتە رابیعەی عەدەوی کودەتایەک بەسەر نەریتی عیرفان و سۆفیگەرییدا دەکات، بنەمای ترس دەگۆڕێت بۆ عەشق، بەمەش ئەم ژنە سۆفییە بوو بە پێشڕەوی سۆفیگەریی کە پەلەیانە بۆ گەیشتن بە خودا و دەیانەوێت پێش رۆژی پەسڵان و هەر لەم دنیایەدا ئەو یەکبوونە رووبدات، وەک چۆن پاشتر لەسەر دەستی حەلاج وەردەچەرخێت بۆ شۆڕشگێڕیی. ئەگەریش لە کارەکتەری ڤایتلینگ ورد بینەوە، دەبینین سۆشیالیزم و کریستیانیزمی ئاوێتەی یەکتر کرد، لەجێی کەسە ئایدیاڵەکەی مارکس (سپارتاکۆس) ئەو نموونە باڵایە لە کارەکتەری مەسیحدا دەبینێتەوە. بۆ پاولۆ فرایەر ١٩٢١-١٩٩٧، نووسەری پەڕاوی (پێداگۆگی چەوساوەکان) مەسیح ئەو کەسەیە بە مارکسی دەگەیەنێت، هەر بۆیە لە ئینتەرڤیوکەیدا بێ پێچ و پەنا دەڵێت: (سەرئەنجام مەسیح منی نارد بۆ لای

مارکس!. مارکس منی بە شادیی گەیاند، چونکە ئەو ئامرازەکانی ناسینی ناکۆکی و دژایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای پێداین، مارکس منی لەوە رزگار کرد توورە بم و توانای ئەوەی دامێ لە رقی مەسیح تێبگەم، کاتێک ئەوانەی لە پەرستگا دەردەکرد باج و سەرانەیان وەردەگرت). ئەو بە قووڵی لە ژێر باندۆری مەسیحدا بوو، بە جۆرێک بە ریفیرانسی سەرەکیی خۆی دەزانێت، بەڵام وەک خۆی هێمای بۆ دەکات لەگەڵ مەسیح باسەکانیان لە چوارچێوەی تیۆلۆژیا نەبووە، بەڵکو وەک دوو مرۆڤ ئاخاوتنیان لە تەک یەکتردا کردووە. نیچە پێیوایە عیسای مەسیح توانی سەرمایەگوزارییەکی نیمچە شۆڕشگێڕانە لەسەر ئەو ئاکارە بکات، ئەو بە (ئاکاری کۆیلە) ناوزەدی دەکرد، هەشتا ساڵێک دوای وتەزاکەی نیچە و لە ١٩٦٤دا دەرهێنەری چەپڕەوی ئیتاڵی (پازۆلینی) لە فیلمی (ئینجیل بە گێڕانەوەی مەتتا)، وێنای عیسایەکی جیاوازتر لە وێناکردنە گشتیی و باوەکەی دەخاتە ڕوو، روویەکی تریمان نیشاندەدا وەک پاڵەوانێکی شۆڕشگێڕ کە خەریکی تێکوپێکدانی بەها کۆنەکانی رۆمە.

من: باسی ڤایتلینگ هاتە پێشەوە، سەیری ئەو دراما واقیعییە بکەن بە تێکەڵکێشکردنی لەگەڵ برێک فەنتازیا: (شوێن برۆکسلە، کات بەهاری ساڵی ١٨٤٦ە، ئانینکۆف، رەخنەگری رووسی بە رێکەوت کارڵ مارکس و ڤایتلینگ کرێکاری کۆمۆنیستی یۆتۆپی دەبینێت لە چواردەوری مێزێک دانیشتوون و سەرقاڵی گفتوگۆن، ڤایتلینگ رەخنە لە مارکس دەگرێت لە دووریی هەزاران میل لە کرێکارانەوە سەرقاڵی شیکاریی تیۆرییە کە لە واقیعدا هیچ ناگۆڕێت. مارکس بە هەڵچوونێکی کەمێک هیستریکیانەوە هەڵدەستێتەوە و مستەکۆڵەیەکی توند دەکێشێت بە مێزەکەی بەردەمیدا و خەریکە فانۆسی سەر مێزەکە بکەوێتە خوارەوە، رستە گرنکەی خۆی لێرەدا دەڵێت: (تاکو ئێستا گەمژەیی یارمەتی کەسی نەداوە). ڤاتیلینگ بڕوای وایە مەسیح نموونە باڵاکەیە پێش سپارتاکۆس، مارکس چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕێن و پیش دەخواتەوە، بەڵام دان بە خۆیدا دەگرێت، ڤایتلینگ دەڵێت شۆڕش هەر ئێستا نەک سبەی، مارکس وەڵامی دەداتەوە هەموو شتێک قۆناغ بە قۆناغ، ڤایتلینگ دەڵێت دەبێت ئێمەش عیسائاسا بکەوینە تێکوپێکدانی

دنیای رابردوو، مارکس بە تووڕەییەوە دەڵێت دەبێت لەشکر و زەمینە ئامادە بێت وەک ئەوەی بۆ سپارتاکۆس رەخسابوو. ڤایتلینگ دەڵێت چارەنووسی مەسیح و سپارتاکۆس لە خاچدان بوو، بەڵام من مەسیحم پێ شۆڕشگێڕترە، مارکس مژێکی توند لە جگەرەیەکی دەدا و ژوورەکە جێدەهێڵێت). ڤایتلینگ سوورە ئەو ئایکۆنە شۆڕشگێڕەی پڕۆلیتاریا دەبێت چاوی لێ بکات مەسیحە، بەڵام مارکس دانی پێدا نانێت. لە راستیدا ئەم درامایە کە بەشێکی لە واقیعدا روویداوە، دەرخەری ئەوەیە بۆ کرێکارە شۆڕشگێڕەکانی سەدەی نۆزدە هێشتا مەسیح وێنەی شۆڕشگێڕێک بوو، نەک وێنەی ستەملێکراوێکی بێ تاوانی لە چوار مێخەدراو. هەروەک چۆن لە سپێدەی یەکێک لە رۆژەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧دا، پۆل پۆل کرێکاران لە کەنیسەکانی مۆسکۆوە دەرژێنە سەر شەقام و شۆڕشێک بەرپا دەکەن سیمای جیهان بۆ هەمیشە دەگۆڕێت، ئەویش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. پێموایە مارکس و دواتریش نیچە هەریەک بە جیا لە پرسی ئاین و خودادا چاویان خستبووە سەر ئاینی کریستیانیزم کە بنچینە و پێکهێنەرێکی گرنگی شارستانی خۆرئاوا بووە، بە پێچەوانەوە ئیسلام لە دەرەوەی عیرفان و سۆفیگەریی، ئاینێکی رادیکاڵترە لە مەسیحییەت، لە بری ئەوەی پاش زلە لەلای راست لای چەپیش شل بکەیت، لە ئیسلامدا بە شمشێر وەڵام دەدرێیتەوە، تەنانەت محەمەد دەڵێت بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەکاندایە، بڕوا ناکەم ئاینێکی وا تلیاک بێت، بەڵام کێشەی ئیسلام لە شوێنێکی ترە، رەنگبێ یەکێک لەوانە ئەو زەبروزەنگە بێت لەسەرو خودی زەبروزەنگیشەوەیە.

سێبەر: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کرۆکی مەبەست، کارڵ مارکس لە پێشەکی کتێبی (بەشدارییەکی رەخنەگرانە لە فەلسەفەی هیگڵ سەبارەت بە راستی) نووسیوویەتی: (ئاین هەناسەی خەڵکی بەشمەینەتە، دڵی جیهانێکی بێ دڵە، روحی بارودۆخێکی بێ روحە، ئاین تلیاکی گەلانە). ئەم رستەیەی مارکس بەدەر لە ناوەڕۆکە فەلسەفییەکەی، شیعرییەتێکی زۆری تێدا بەرجەستە بووە، با بیرمان نەچێت مارکس لە پەنا نیچەدا بە سەردەستەی فەیلەسوفە شاعیرەکان دادەنرێت. بە وردبوونەوەش لە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم وتەزایە زیاتر لە شیعرییەتی ئەو

ڕستەیەی مارکس تێدەگەین، چونکە مارکس ئەو دەربڕینەی لە شاعیری ئەڵمانی (هاینرش هاینە) قەرز کردووە، ئەو پێشتر بە زمانی شیعریی بەم جۆرە دەریبڕیبوو: (دەستخۆشی بۆ ناو ئەو ئاینەی چەند دڵۆپێکی سرکەر و شیرین لە تلیاکی روحیی دەکاتە پیاڵەی مەینەت و ژانە تاڵەکانی مرۆڤەوە، چەند دڵۆپێک لە خۆشەویستی، لە ئومێد و ئیمان، ئیدی ژیان و واقیعیان بیر دەباتەوە). ناوەڕۆکی هاوبەشی دەربڕینەکەی مارکس و هاینەش، رووی لە ئاینێکی دیاریکراوە (کریستیانیزم) کە مرۆڤی فێری رازیبوون بە هەموو دۆخێک و رەبانیەتێکی پووچ و پاسیڤ دەکرد، هاوکات ئاین بە ئارامکەرەوەیەکی کاتی دەزانن ئیدی مرۆڤ دەستەپاچە دەکات لە رەخنەکردنی واقیع و هەوڵدان بۆ گۆڕینی، بەڵام پرسەکە بۆ ئەوان واتە هەریەک لە مارکس و هاینە دیتنی واقیعە لە روانگەیەکی شۆڕشگێڕییەوە بە ئامانجی تێپەڕاندنی، بیهێننە بەرچاو ئەگەر وشەی تلیاک لەو ڕستەیەدا نەبوایە، لە بری ئەوە دەرمانی هێمنکەرەوە یان حەبی سەرئێشە هەبوایە کە هیچ لە واتای دەربڕینەکە ناگۆڕێت ئەم هەستیارییەی لەلای ئێمە دروست دەکرد؟!. تەنانەت ئەم ئیدیۆمە (تلیاک) لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی موشێ هێس ١٨٢١-١٨٧٥، پێش مارکس لە وەسفکردنی ئایندا بەکارهێنراوە، ئەم لە وتارێکیدا نووسیوویەتی: (ئاین هاوکاریی مرۆڤ دەکات لە هەڵگرتن و ئارامیبەخشین بە مرۆڤ لە بەرامبەر ئەو ژان و ناڕەحەتیانەی رووبەڕووی دەبنەوە، بە ئەندازەی زیاتر لە تلیاک و ماددە سڕکەرەکانی تر کە نەخۆش بۆ بەرگەگرتنی ئازار بەکاریدەهێنێت).

لای فرۆید مرۆڤ بۆ بەرگەگرتنی دژواریی و ژانەکانی ناو بوون سێ ڕێگەی لە یەکتر جودا دەگرێتە بەر، ئەگەر دوو ڕێگاکەی تر بریتی بن، لە داهێنانی زانستیی و هونەر، ئەوە ڕێگەی سێیەم بریتییە لە ماددە هۆشبەرەکان تا مرۆڤ بتوانێت لەم ڕێگەیەوە خۆی لە ئازارکێشان بدزێتەوە، ئاینیش دەخاتە نێو ئەم بۆتەوە، دەشێ بڵێین ئاین لای ئەویش جۆرێکە لە ئەفیون و ئازارشکێن بۆ خۆ دابڕین لە تاڵیی و کوێرەوەرییەکانی واقیع. مارکس ئاینی کریستیانیزمی بە تلیاکی چینی کرێکار دەزانی، چونکە گەل و کرێکار لای مارکس بەشێوەی جیناس بەکارنەهاتوون بەڵکو وەک بادیۆ لە جێگەیەک نووسیبووی: (ئەو بکەرە

مێژووییەی بە چینی کرێکار ناسراوە یان پڕۆلیتاریا، هەندێجاریش پێی دەڵێن گەل). کەواتە مارکس ئاین بە تلیاکی چینی کرێکار دەزانێت و بێهۆشیان دەکات سەبارەت بە هەلومەرجی ژیانیان. لە روانگەی مارکسەوە ئاین هەڵقووڵاوی قۆناغێک لە هۆشیاریی و خەملاندنی مرۆڤە کە نەیتوانیوە لە ماهیەت و چییەتی خۆی تێبگات و بیدۆزێتەوە. لەم سۆنگەوە پێیوایە ئاین دڵنەواییکەرێکی باشی مرۆڤ بووە بۆ رزگاربوون لە ئاستەنگ و ترس، لێ رەخنە لە ئاین بە پێشمەرجی هەر چەشنە رەخنەیەک دەزانێت، لەو سۆنگەیەی ئاین ئاوەژووکردنەوەی جیهانە یان هێنانە بەر دیدی جیهانێکی ئاوەژووە، بەڵام ئەو بە ئەرکی فەلسەفەی دەزانێت بیرەوباوەڕی ئەفسانەیی مرۆڤ بسڕێتەوە و بەمەش رەخنە لە ئاسمان دابگرێتە سەر زەوی، رەخنە لە ئاین بگۆڕێت بۆ رەخنە لە ماف و ئازادییەکان، رەخنە لە لاهوت بگۆڕێت بۆ رەخنە لە سیاسەت. پێشتریش سۆفیستەکان ئەو دوالیزمە تێکچڕژاوەی خودا و گەردوونیان لە یەکتر جیا کردەوە، ئەگەر سەرەتا خودا سەرەکیترین ئاریشەی فەلسەفیی بووبێت، سۆفیستەکان مرۆڤیان کردە گرفتەکە و چەقی رامانی فەلسەفیی. مارکس لە (دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان)دا لەساڵی ١٨٤٤ نووسیوویەتی: (ئەتایزم ئێجگار دوورە لەوەی کۆمۆنیزم بێت، ریشەی ئەتایزم بۆ رۆبێرت ئۆین دەگەڕێتەوە، ئەتایزم بە لەناوبەری خودا دادەنرێت، بەڵام کۆمۆنیزم بە لەناوبەری موڵکداریتی تایبەتیی دادەنرێت). پێموابێت کەس لە بارەی جیاوازیی نێوان کۆمۆنیزم و ئەتایزم (بێباوەڕیی) لەم دەربڕینەی مارکس باشتری بۆ ناوترێت.

من: وتەزاکەی مارکس «ئاین تلیاکی گەلانە» (پێشتر باسمان لە ریشەی ئەم رستەیە کرد) هەمیشە بە وەسفێکی نەرێنی بۆ ئاین لێکدراوەتەوە، تەنانەت هەندێک کەس لە رێگای ئەم وتەیەوە نەبێت مارکس ناناسن یان بە تەنێ ئەم وتەزایە لە یادەوەرییاندا تۆمار بووە لە بارەی مارکسەوە، بێ ئەوەی رۆچووبنە قووڵایی روانگەی مارکس لە هەمبەر ئاین. ئەم دەربڕینە بەو مانا کلاسیک و فۆرمالیستییە نییە ئێمە تێیدەگەین یان زۆرجار لەلایەن نەیارانی مارکسیزمەوە بۆ دژایەتی مارکس بەکارهێنراوە. راستییەکە ئەوەیە ئەو واتا زۆر نەرێنییەی بەم رستەیە دراوە

بێ تەواوکردنی هەموو رستەکە وەک خۆی، بەرهەمهێنراوی خودی مزگەوت و پیاوانی ئاینییە، بۆ بەرگرتن بە شەپۆلی کۆمۆنیزم لە رابردوودا، ئەمیش لە ڕێگەی کارکردن لەسەر وەتەری پیرۆزییەکانی خەڵکانی ئاسایی و وروژاندنی هەستی ئاینیی جەماوەرەوە گوایە مارکس ئاینەکەیان بە تلیاکێک پێناسە دەکات، وەک چۆن لەلایەن هەندێک ئەتایستی رادیکاڵیشەوە کە ئەتایزمیان کردووە بە جۆرێکی تری ئاین بەو مانایە بەکارهێنرێت ئاین هێندەی مادده هۆشبەرەکان سامناکە، بێ ئەوەی بۆمان روون بکەنەوە، بۆچی مارکس ئاین لەناو ئەو هەموو پێدراوەدا بە تلیاک دەچوێنێت؟ ئەوەی راستی بێت قووڵایی دیتنی مارکس لە بارەی ئاینەوە لەو بەشەی یەکەمی رستەکەدا تەواو نابێت، لە روانگەی ئەوەی مارکس پێش ئەوەی بڵێت ئاین تلیاکی گەلانە، پێشتر رستێک وشەی درکاندووە و دەڵێت ئاین هەناسەی چەوساوەکان و روحی جیهانێکی بێ روحە، پاشتر دەڵێت تلیاکی گەلانە. ئەمەش هاوواتای ئەوەیە ئاین چەندێک مەئوا بێت و دالّدەدەری بەشمەینان بێت، مادام مرۆڤ هان نادات بۆ شۆڕش و بەرەنگاریی بەڵکو هەڵچوونەکانی خاو دەکەنەوە و روحە شۆڕشگێڕییەکەی بۆ گۆڕینی واقیع دەمرێنن، ناتوانێت لە تلیاکێک بۆ گێژ و وڕکردنی چەوساوەکان شتێکی زیاتر بێت، ئاخر دنیا بە ئازارشکێن و بەنج ناگۆڕدرێت بەڵکو بە پێی ئەو گریمانەی ئەو داینابوو بە شۆڕشی چینێکی کۆمەڵایەتی دێتە گۆڕین.

ئەم بەدحاڵیبوون و لنگەوقووچ روانینە لەم رستەیەی مارکس هەڵەیەکی سادە نییە بەڵکو گرفتێکی میتۆدلۆگییە و پێویستی بە راڤەکردنەوە هەیە، پێویستە رستەکە وەک خۆی و وەک ئەوەی هەیە بنووسرێتەوە و دەرببڕدرێت. بەو پێیەی رەتکردنەوەی ئاین لەلایەن مارکسەوە تەنیا و تەنیا لە پێناو رزگارکردنی مرۆڤدایە. وەکوتریش لە کتێبی (کرێی کار و سەرمایە)دا کە لە بناغەوە وتارێکی درێژە بووە و ساڵی ١٨٤٧ نووسیوویەتی، ساڵی ١٨٤٩ وەک کتێب چاپ کراوە، روونتر دەدوێت و باس لەوە دەکات بۆ کەمکردنەوەی ئازای چەوساندنەوەی چینایەتی، گرووپی کرێکاران دەتوانن لە ڕێگەی سرووتە روحانییەکانەوە قەرەبووی ئەو وزە بەفیرۆچووەیان بکەنەوە، تا ئەو ئاستەی (سی.ها. پینۆک) وا لێدەکات بڵێت

ئەوەی مارکس رەتیدەکاتەوە هەمان خودای ناو کتێبی پیرۆز یان تەورات نییە، بەڵکو ئەو کریستیانیزمە گەندە بوو لە رۆژگاری ئەودا کاهینەکان بۆ بەرژەوەندیی خودیی و زۆرداران بەڕێوەیان دەبرد. بە بۆچوونی من ئەوەی مارکس بیری لێ نەکردبووەوە یان راستتره بڵێین لە بەرچاوی نەگرتبوو، ئەو دۆخە روحانییەی مرۆڤە هـەردەم پێویستی بە بوونی خودایەک هەیە تا لەو رێگەیەوە رەهایی و ئەزەلیبوونی خۆی دەستەبەر بکات، مارکس بە تەنیا گریمانەکانی لەسەر هەلومەرجی ئابووری کۆمەڵگەکان دانابوو، بێ ئاوڕدانەوە لە ئۆنتۆلۆژیای مرۆڤ کە لە یەکەم مرۆڤەوە هەمیشە خۆی رووبەڕووی رستێک پرسیاری وجودیی بێ وەڵام کردووەتەوە، سیحر و ئاین و فەلسەفەشی بۆ ئەوە داهێنا وەڵامگۆی ئەو پرسیارانە بێت، لە کۆتاییشدا خۆی داوەتە دەست زانست بۆ ئەوەی ببێتە بریکاری و بە دوای وەڵامی ئەو پرسینە هەرە دێرینەدا بگەڕێت، پێشتریش (ئێرنست بلوخ) ی مارکسیست و ئەتایست بە جۆرێکی تر رەخنەی لەم دیدەی مارکس گرتبوو وەک ببووە باوەڕی سەرەکی بەشێکی بەرفرە لە مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسەکان. خولاسە ئاین لە قۆناغێکی دیاریکراودا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە هاتە ئارا، کەچی دەبینین بۆ ئێستاش درێژ بووەتەوە!، بە پێچەوانەی پۆلێنبەندیی مرۆڤناسەکان کە پێشکەوتنی ژیار و شارستانی بەسەر سێ قۆناغی (جادوو، ئاین، زانست)دا دابەش دەکەن، بەڵام دیمەنی ئەمرۆ پێماندەڵێت ئاین لە قۆناغی زانست و باڵایی دەسەڵاتی تەکنۆلۆژیادا پێڤاژۆکەی ئاوا نەبوو. کەواتە دەبێت جارێکی تر لە رەهەندێکی فراوانترەوە بۆ ئاین بڕوانین و شیتەڵی بکەین.

سێیەر: ئەنگلس هاوڕێ گیانی بە گیانییەکەی مارکس زۆر چڕ و بەربڵاوتر لە مارکس لە بارەی ئاینەوە قسەی کردووە و نووسیوویێتی، رەنگە (ئەنتی دوهرینگ) یەکێک بێت لەو کتێبانەی بە وردیی لای لە ئاین کردووەتەوە. دەتوانین پوختەی دیدگای ئەنگلس لە دێرێکدا مانیفێست بکەین، ئەو وایدەبینی ئاین کاتێک دەکەوێتە بەرەی دژی چینی کرێکاری زەحمەتکێش، ئەوسا رەخنە زبرەکانیان دەخەنە گەڕ، هاو واتای ئەوەی کۆمۆنیستەکان تەنها بۆ بەرژەوەندیی چینی خوارەوەی کۆمەڵ رێگەی رەخنەگرتن لە ئاین دەگرنە بەر. لینین ئەم پرسە زیاتر روون دەکاتەوە،

پێیوایە زۆرینەی سۆشیالیستەکان بێ ئاینن، بەڵام هەر مرۆڤێک ئازادە لەوەی ئایندارە یان بێ ئاین، لە دەوڵەتی سۆشیالیستیشدا ئاین و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینیی جێگە و ڕێگەیەکیان نییە و نابێت. ئەمەش کرۆکی سیکۆلاریزمە وا لینین جەختی لەسەر دەکاتەوە، بە پێی پرەنسیپی سیکۆلاریزمیش ئایندارێی مافی هەر کەسێکە و پارێزبەندیی بێ جیاوازیی هەیە بۆ باوەڕدارانی هەر ئاینێک، وەک چۆن هەمان پارێزبەندیی بۆ ئەتایستەکانیش هەیە و دەوڵەت لە بەرامبەر ئایندا بێلایەن دەوەستێت. ئەنگلس زۆرتر وەک ئەنترۆپۆلۆگێک لە ریشەی ئاینی کۆڵیوەتەوە، چۆن بە هەمان میتۆد کتێبی (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت) ی نووسیوە، لای من ئەو راڤەکارییانەی ئەنگلس بۆ تێگەیشتن لە مارکسیزمی کلاسیک شیانی لێ وردبوونەوەن.

من: بە خوێندنەوەی تیۆری مارکسیزم لەمەڕ ئاین بەو فاکتە دەگەین، ئاین بە توندیی کەوتووەتە ژێر باندۆری هەلومەرجە مێژوویی و کەڵچەریی و ئابوورییەکانەوە، تەنانەت بە پێی ئەو جیاوازییانە سروشتی یەک ئاینی دیاریکراویش دەگۆڕدرێت، هەر لە زەمینەی واقیعدا ئیسلام لە ئیندەنوسیا فۆرمێکی جیای هەیە لە هەمان ئەو ئیسلامەی لە عەرەبستان یان پاکستان یانژی تورکیا هەیە، ئاین بە پێی هەلومەرجە ئابووری و فەرهەنگییەکان بیچمی خۆی دەگۆڕێت و لە هەوڵی تەباییدایە لەگەڵ ئەو کولتوورەی تێیدا دەژێت. لە کۆتاییدا ئاین و ئەلەمێنتە فەرهەنگییەکان جۆرێک لە ئاوێتەبوون و تێکچڕژان لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بە ئاستەم دەتوانین ریشەی ئاینیی و ترادیسۆنالانەی شتەکان جیا بکەینەوە. دەتوانین لەم رەهەندەوە پەنا ببەین بۆ ئەو سەرنجەی کارڵ یۆنگ لە بارەی داری کریسمسەوە، چۆن گەڕیدەیەکی هیندیی لە سویسرا بە دوای بینینی سروتە ئەکچواڵەکانی ئایندا دەگەڕێت و پیاوێکی سویسریی نائومێدیی دەکات، بەوەی ناتوانێت ئاین و رێورەسمەکانی وەک دیاردەیەکی بەرچاو لە ژیانی رۆژانەی ئەواندا بدۆزێتەوە، بەڵام دوای چەند رۆژێک بە بەرچاوکەوتنی داری کریسمس، گەڕیدە هیندییەکە ئاین بە فۆرمێکی ئاشکرا دەبینێت، دووبارە پرسیار لە پیاوە سویسرییەکە دەکاتەوە، ئەی ئەمە چییە ئەگەر ڕێورەسمێکی ئاینیی نەبێت؟، پیاوە

سویسرییەکە لە بەرسڤدا دەڵێت: (من ئەوە نازانم، بەڵام ئەمە کارێکە هەمیشە کردوومانە!). ئەمە ئەو راستییەیە لێی دەدوێین، ئاین لە پرۆسەیەکی مێژووکرددا نەک دەبێتە بەشێکی گرنگی کولتوور، بەڵکو دەبێتە خودی کولتوور. ساڵانێکی زۆر پێشتر (٢٠٠٤) لە یادی کوشتنی فاتیمە شاهینداڵ (کچە کوردێکی تیرۆرکراو لە سوێد لەلایەن باوکییەوە) وتارێکم بە ئیرتیجالی خوێندەوە کە هەمان ساڵ لە رۆژنامەی (پێگە) لە سلێمانی بڵاوکرایەوە، باسم لەوە کردبوو ئاین و کولتووری کوردەواری یەکانگیرییەکی وەها لە نێوانیاندا دروستبووە زۆر زەحمەتە لە یەکتر جیاکردنەوەیان، بۆیە ژنکوژیی هێندەی سەر بە ترانس کەڵچەری خێڵەکیی و کوردەوارییە، نیو ئەوەندە سەر بە فەرهەنگی ئاینیی نییە، چونکە کچ کوشتن رێپێدراو نییە لە ئیسلامدا، بەڵکو کوشتن تەنیا بەسەر ئەو ژنانەدا پراکتیس دەکرێت هاوسەرگیرییان کردووە ئەویش بەپێی کۆمەڵێک مەرج و رێوشوێن. ئەمە بۆ منێکی چەپرەو بە سازشکردن لەگەڵ ئاین لێکدرایەوە نەک هەوڵێکی میتۆدیی لە خوێندنەوەی ئەو ئاوێتەبوونەی نێوان ئاین و کولتوور.

سێیەر: کێشەی سەرەکیی کۆمۆنیزم ئاین نییە، بەڵکو کۆمۆنیزم یەک دوژمنی هەیە ئەویش سەرمایەدارییە. ئەوەی کۆمۆنیزم و ئاینی بە پێچەوانەی یەکتر و دژبەری سەرەکیی یەکدی ناساندووە سەرمایەداریی خۆی بووە (تێبینی وردی وشەی سەرەکیی بکەن). لە بناغەوە ماتریالیزمی مارکس داگرتنی رەخنەیە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، ئەوەی شەڕی سەرەکیی لەگەڵ ئاسمان هەڵگیرساندبوو ماتریالیزمی دێرین یان سروشتی بوو. زۆر بە کورتی کۆمۆنیزم بریتییە لە ویستی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەت و کۆتاییهێنان بە هیرارکیزم کە هەمان ئەو ناوەڕۆکە چینایەتییەیە مارکس لە سەدەی نۆزدەیەمدا دیاگنۆسی کردبوو، لای خۆیشییەوە (جۆرج لۆکاچ) کۆمۆنیزم بە دۆکترین و فەلسەفەی شۆڕش دادەنێت. لەم سۆنگەوە کۆمۆنیزم پێچەوانەوە و دژبەرێکی سەرەکی و راستەقینەیە بۆ سەرمایەداریی نەک ئاین. لە دۆخی ئیسلامیشدا دەبینین شەڕی نێوان ئاین و ئیلحاد لەو چرکەساتەوە دەگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان کۆمۆنیزم (سۆڤێت) و ئاین (ئیسلام) کە جۆن فۆستەر دالاس لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم

پێشنیاری ئەوەی بۆ کۆنگرێسی ئەمەریکیی کرد، لە بەرامبەر ماتریالیزمی سۆڤێتدا هیچ چەکێک هێندەی ئاین و بزواندنی هەستی موسڵمانان بە کەڵک نییە. ئەگەرچی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، هەندێک تیۆریسیۆن پێیانوابوو بۆ لەمەوپاش شەڕەکە لە نێوان رۆژئاوای دیموکراتی و گروپە توندئاژۆ ئیسلامییەکاندایە، کەچی ئەو دیدگایانە تەنیا کورتبینییان چنییەوە، دەتوانین کتێبەکەی (بنیامین باربەر) بە ناوی (جیهانی ماک) کەساڵی ١٩٩٥ چاپ بووە لەم رووەوە بکەینە سەمپڵێک، ئەو پێشبینی شەڕێکی قورسی کرد لە نێوان (جیهاد و ماکدۆناڵس)دا، یەکەمیان ئەو بیروباوەڕە فەناتیستە ئیسلامییەیە تەکفیریی و جیهادییەکان نوێنەرایەتی دەکەن و ئەویتریان جیهانگیریی بازاڕ و ئابوورییە لە چاپە ئەمەریکییەکەیدا.

ئیتمۆلۆژیای (ماک) لێرەدا هێماکردنێکە بۆ خواردەمەنی (ماکدۆناڵس)ی ئەمەریکی، بینیشمان ئەم خواردەمەنییە خێرایە وەک ناوەکەی خۆی لە رێگەی گلوبالیزەیشنەوە بە خێرایی بڵاوبووەوە بە گێتیدا، بە تایبەت دوای یەکلابوونەوەی شەڕی سارد بە سەرکەوتنی کامپی سەرمایەداریی بەسەر بلۆکی رۆژهەڵاتدا، تائەوەی رووسەکان لە ماوەی سەرۆکایەتی (بۆریس یەڵتسن)دا، لە پاڵ بەرزکردنەوەی دروشم لە دژی سۆڤێتی رابردوو، ستایشی کولتووری ماکدۆناڵسی ئێستایان دەکرد. هەرچی باربەرە بە پێچەوانەی (سامۆئێڵ هانتینگتۆن)ی خاوەنی بیردۆزی (پێکدادانی شارستانییەکان)ەوە، ئەم ململانێیە بە پێکدادانی نێوان دوو شارستانی نازانێت، وەکو دەزانین کتێبەکەی باربەر لە رووی مێژووەوە، ساڵێک پێش کتێبەکەی هانتینگتۆن چاپ بووە. لە دیدی باربەردا ئەم پێکدادانە بریتییە لە ململانێی نێوان دوو هێزی تاریک و هیچگەرا، لەم رووبەڕووبوونەوانەدا ئیسلامییە فێندەمینتالەکان بە هەمان تەکنۆلۆژیای سەردەمی جیهانگیرییەوە رووبەڕووی دژەکەیان دەبنەوە کە جیهانگیریی و ئەمەریکانیزمە. لە ئەرزی واقیعیشدا هەردوو تێزەکە بەزینی خۆیان سەلماند، نە مێژوو بەرەو شەڕی شارستانێتییەکان وەرچەرخا بەو فۆرمەی بیست و شەش ساڵ پێش ئێستا هانتینگتۆن لە کتێبەکەیدا گەڵاڵەی کردبوو، نە بەو جۆرە شکایەوە باربەر بۆی چوو بوو، بینیمان فێندەمینتالیزمی ئیسلامی هەر لە موجاهیدینی ئەفغانەوە بیگرە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی عەرەب ئەفغانەکان تاکو بە

داعش دەگات، براند و مارکەیەکی ئەمەریکی بوون بۆ راستکردنەوەی پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا. هەر لە عەبدوڵا عەزامی فەلەستینی و مجاهیدی ئەفغانی و بانگخوازی پاکستانی کە بە ئەندازیاری خۆکوژیی ئیسلامی سووننی دادەنرێت تا بە ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش دەگات، دەستکردی خودی ئەمەریکا بوون سەرەتا بۆ لەمپەردانان لە هەمبەر هەژموونی سۆشیالیزم و دژایەتی سۆڤیێت، دواتر بۆ بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی جیا جیا و جێبەجێکردنی ئەجیندا درێژماوەکانیان لە رۆژهەڵات و ئەو جوگرافیا پڕ ئاشووبەی پێی دەوترێت جیهانی ئیسلامی. بە کورتی ئەوەی کۆمۆنیزم کورت دەکاتەوە بۆ دژایەتی ئاین، هەر کەسێک بێت زانیاریی منداڵێکی شیرەخۆرەی نییە.

من: ئێستا روانگەی مارکسیزم جێدەهێڵین، لە گۆشەیەکی تریشەوە سەیری هۆکاری سەرهەڵدانی ئاین دەکەین، پێویستیش بوو سەرەتا بەوە دەستمان پێبکردایە. ئاین بە تەنیا لە ترسی مرۆڤ لە بەرامبەر مردندا سەرچاوەی نەگرتووە وەک ئەوەی دیورانت مەزندەی کردبوو، بەڵکو ئاین لەسەر بنەمای ترسێکی هەمەکی و تۆقین بە هەموو تانوپۆکەی خۆیەوە دروست بووە، بۆ نموونە ترس لە دیاردە و دەرکەوتە سروشتییەکان، یان تۆقین لە خودی سروشت لەوەی چیتر زەوی نەبێتە چاوگی رزق و رۆزی بۆ ژیانکردن، لەم سۆنگەوە مرۆڤی سەرەتایی بۆ هەر دیاردەیەکی سروشتی خودایەکی داتاشیبوو، وەک خودای باران و خودای خۆر و خودای کشتوکاڵ و خودا جۆراوجۆرەکانی تر، رەنگبێ قسەیەکی نوێ و جیاواز نەبێت ئەگەر بڵێم ئاین ناوبژیوانێکی باشی مرۆڤی سەرەتایی و سروشت بووە، لەبەرئەوەی دەستەوەستاویی و ترس بەرامبەر بە دیاردەکانی ناو سروشتی گەورە، وایلێکردووە لە رێگەی داهێنراوێکی مەعنەوییەوە رووبەڕوویان ببێتەوە، ئەوەش پاڵی بە مرۆڤەوە نا پەنا بباتە بەر چەمکێکی ئاڵۆزکاوی وەک ئاین، لە هەناوی ترس و دەستەوەستاوییدا ئاین وەک هۆشیارییەکی ساختە لە هێلکە دەترووکێت، بەم بۆنەوە چیرۆکی ئاین بە سروشتپەرستی و فرەخودایی دەستپێدەکات و بە یەکتاپەرستی دەگاتە خاڵی پایان یان رەهابوون. هەڵبەتە لە باری مێژووییەوە سەرهەڵدانی خوداکان کەوتووەتە پێش پەیدابوونی هەموو

ئاینەکانەوە، یان راستتر وایە بڵێم پێش پەیدابوونی ریتواڵە ئاینییەکان، وەکوو گوتم لە سەرەتادا خودی ئاین بە فرە خودایی دەستی پێکردووە و دواتر بەرەو یەکتاپەرستی رۆشتووە. بێوەڵامی و نەبوونی زانست لە هەمبەر سەرچاوەی دیاردە سروشتییەکانی وەک تۆفان و زەمینلەرزە و گڕکان و رەهێڵە و هتد.. بێوەڵامی لە ئاست پرسیارەکانی کەینونەدا، مرۆڤی ناچار کرد بە داتاشینی خوداکان و دروستکردنی ئاینەکان هەستێت، بەدەر لەوە بە تێپەڕبوونی مێژوو، ئاین وەک کۆمەڵێک سروتی روحانی ناو پەرستگەکان نەمایەوە، بوو بە توخمێکی زۆر بنەڕەتی کولتووریش یان بە پێی لێکدانەوە مارکسییەکە بوو بە ئەلەمێنتێکی گرنگی سەرخان کە لە پەیوەندیی بەهێزدایە لەگەڵ ژێرخان، ئەگەر ئاین کاریگەریی هەبێت لە کڵێشەسازییە ژێرخانییەکاندا، ئەوە دە بەرابەر و زیاتریش ژێرخان دەستی هەیە لە سکێجکردنی رووخسار و ناوەڕۆکی ئاینەکاندا. هەر بۆیە چەندێک مەئواش بێت بۆ چینەکانی خوارەوە، دە قات و پتریش کوتەکی دەسەڵاتی رژێمە چینایەتییەکان بووە. ئەگەرچی شۆڕشی بۆرژوازی شۆڕشێکی ماتریالیستی و سیکۆلار بووە، بەڵام فۆرمێکی تر لە ئاینی داتاشیوە بە شێوەیەک ڤاڵتێر بنیامین ناویناوە ئاینی کاپیتالیزم.

سێیەر: لە روانگەی دەروونشیکاریی (کارڵ گۆستاڤ یۆنگ)ەوە ئاین فینۆمینێکی دەرەکی نییە، نە لە ئاسمانەوە هەڵدەقووڵێت، نە لە زەویدا دروست دەکرێت و بۆ ناو مێشک و روح بگوازرێتەوە، بەڵکو دروستکراوێکی ناخەکی مرۆڤ خۆیەتی، ئاین وەک کانییەک لە ناوەوەی مرۆڤ و لە لاشعورەوە هەڵدەقووڵێت نەک لە دەرەوەی. وەک لە جێگەیەکدا ئاماژەی بۆ کردبوو، پێشتر ئاین سەر بە نەستی مرۆڤ بوو، ئێستا پارچەیەک لە ئاگایی و خۆراکێکی روحی گرنگە و پزیشکە دەروونییەکان بۆ مەبەستی بە ئاگاهێنانەوەی نەخۆشانی دەروونی دەتوانن کەڵکێکی ئێجگار زۆری لێ وەربگرن. هەر بۆیە ئەگەر ئاین لەسەر شانۆی کۆمەڵایەتیش بسڕدرێتەوە و کۆمەڵگە لە دەرکەوتەکانی ئاین پاک بکرێتەوە، هێشتا مانای ئەوە نییە ژیان لە ئاین پاککراوەتەوە، چونکە قووڵایی ئاین لە روحی تاکەکەسدایە، لە دڵی مرۆڤدا هەر دەمێنێتەوە با لە دڵی کۆمەڵگەشدا هەست بە لێدانی نەکەین. یۆنگ رەتیدەکاتەوە

ئاین بە جیهانبینییەکی پاتۆلۆژیی بزانین، ئەو لە گەشتە مەیدانییەکانی خۆیدا بۆ نیومەکسیکۆ و ئەفەریکا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی ئاین دیاردەیەکی خۆڕسک و سروشتییە، (نابێت بە هیچ کلۆجێک وەک بەرهەمی نەخۆشی دەماریی بناسێنرێت). بە واتای ئەوەی ئاین پێش ئەوەی فینۆمینێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بێت، دیاردەیەکی روحی و تاکەکەسییە، هەر لەبەرئەوە من لایەنگری لێسەندنەوەی ئاین نیم لە تاک، بەڵکو لایەنگری لێسەندنەوەی سیاسەتم لە ئاین. خوداش هەر ئەوەیە ئێمە لە ناوەوەی خۆماندا سێکجی دەکەین، ئەو وەسفانەی پێدەدەین خۆشمان دەوێن، وەک جارێک ئینگمار بێرگمان سینەماسازی سوێدیی لە ئینتەرڤیویەکدا لە دەرەوەی باسوخواسی فیلم و سینەما وتی (بڕوام وایە هەموو ئەو سیفاتانەی ئێمە بە خودای دەبەخشین، لەوانە: خۆشەویستی، دلۆڤانی و جوانی، هەر هەموویان زادەی مرۆڤن، ئەو سیفاتانە لە ناوەوەی ئێمەوە دێن). ئەو خودایە هەمان خودا نییە لە میحرابی مزگەوتەکان و بڵندگۆی بانگخوازەکانەوە هەڕەشەمان لێ دەکات، ئاخر بانگخوازەکان هەمیشە وێنای خودایەک دەکەن تووڕە و تۆڵەئەستێن، هەڕەشە دەکات و بریتییە لە تۆپەڵێک رک و کینە، ئەمە وێنەیەکی بێزراوی خودایە، ئەمڕۆش ئەو سەلەفییەی دژی هەموو بەهاکانی زانست و زانیاریی و تەکنۆلۆژیایە هەر لە رێی داهێنراوەکانی ئەوەوە و لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ئالان ودز وتەنی خودا دەهێننە ماڵەکانمانەوە. بەڵام چ خودایەک؟، ئەو خودا رق ئەستوورەی لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد.

من: با کەڵک لە تەکنۆلۆژیاش وەربگرن، بەڵام ئاین زانست نییە، ئەگەر پێشان سنووری نێوان ئاین و فەلسەفە و زانست بە ئاستەم جیاکرابنەوە، ئەوڕۆ کێڵگەکان بە روونیی جیاکراونەتەوە. ئاین باوەڕێکی بەتینی ئەودیو سروشتییە و بڕواهێنانە بە ئەندازیارێکی زیرەک لە جووڵەپێکردن و رێکخستنی سیستمی گەردوونیدا، هەرچی زانستە بە مانا مۆدێرنەکەی دیاردەیەکی ئەمدیو سروشتە و مرۆڤانە لە فینۆمینەکانی نێو ژیان دەکۆڵێتەوە، هەر بۆیە زانستە نوێیەکانی وەک فیزیا و کیمیا و بایۆلۆژیا هتد.. بە زانستی سروشتی ناودێر دەکرێن. ئاین هیچ پەیوەندییەکی بە زانستە سروشتییەکانەوە نییە، هیچ پێغەمبەرێک هاوکات زانا نەبووە، بەڵکو لە باشترین حاڵدا چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بووە، هەروەها

پەیامی پێغەمبەران ئاشتکردنەوەی مرۆڤ بووە لەگەڵ ئاسمان و ڕێکخستنی ژیانی روحانی و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان بەندە و خودا بووە، هیچ کام لە پێغەمبەرانی ناو چیرۆکە ئاینییەکان سەروکارییان لەگەڵ زانستی پەتیدا نەبووە، بە سادەتر بیڵێین هیچکامیان ئەستێرەناس یان کیمیاگەر یاخۆ ماتماتیکزان نەبوون، هیچشیان ئیدعای زانستیبوونی پەیام و کتێبەکانی خۆیان نەکردووە، هێندەی وەک کەتەلۆگێک بۆ ڕێکخستنی ژیانی رەهبانیی و روحانیی خراونەتەڕوو. ئەم مەیلەی گونجاندنی ئاین لەگەڵ زانست، لەوە زیاتریش گەڕاندنەوەی سەرچاوەی هەر داهێنانێکی زانستی بۆ کتێبی پیرۆزی ئاینەکان، دیاردەیەکی پاش مۆدێرنە و بەرئەنجامی ئەو کەنارگیرکردنەی ئاینە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا کە لە دوای رۆشنگەریی و شۆڕشی فەڕەنسییەوە هاتەئارا، ئاینەکان دەیانەوێت لەم پەنجەرەیەوە جارێکی تر بێنەوە ژوورەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، تەنانەت پاپای ڤاتیکان دانی بەوەدا نا چیتر ئاین دیاردەیەکی زانستیی نییە بە قەدەر ئەوەی دەرکەوتەیەکی روحییە، بە سەدایەکی دلێرانەتریش شێخ محەمەد متەوەلی شەعراوی زانای ئەزهەر و شالیاری پێشووتری ئەوقافی میسریی گوزارشتی لێکرا، کاتێک گوتی (ئەوانەی دەڵێن قورئان کتێبێکی زانستی نییە راست دەکەن!. قورئان بۆ ئەوە دابەزیوە ئەحکامە ئاینییەکانمان فێر بکات نەک جیۆگرافی و کیمیا). بەڵام ئەمە مانای وانییە زانست و ئاین دوژمنی یەکترن، زانست نەفی باوەڕ ناکات، وەک چۆن بڕواش شتێکە لە دەرەوەی زانست و نایەتە ناو قەڵەمڕەوەکەیەوە، دروست وەک ئەو کردەیەی فەیلەسوفی فەڕەنسی پۆڵ ریکۆر پێی هەڵدەستا و دەیگوت (کاتێک دەچم بۆ پەرستگە زانست لە ژووری خۆگۆڕین جێدەهێڵم، کاتێکیش دەچم بۆ لابورەکەم بە هەمان شێوە ئیمان لە ژووری جلوبەرگ گۆڕین جێدەهێڵم). لای من ئەوانەی تائێستاش لە گفتوگۆی ئەوەدان ئایا زانست پاڵپشتی لە ئەتایزم دەکات یان بە پێچەوانەوە پشتڕاستی ئاین دەکاتەوە؟، خۆیان لە پووچترین جۆری ئاخاوتنەوە ئاڵاندووە، دەتوانم بڵێم لە خاڵی سفری بیرکردنەوەدان، بەو مانایەی لەم فۆرمە خاڵییەی جەدەلدا بیرکردنەوە وێران دەکرێت و دەگەڕێندرێتەوە بۆ رەوشی نەبوون.

سێبەر: ڕێم بدە کەمێک درێژدادڕیی بکەم و تەوەری قسەکردنیش بگۆڕم بۆ تێمایەکی گرنگ و هەڵاساز. تێزێکی سەرەکیی هەیە لە خەیاڵدانی ئاینییدا، هەر بەهایەکی بەرز و هەموو ئاکارێکی چاک دەبەستێتەوە بە مەرجی ئایندارییەوە، وەک بڵێی هیچ بەهایەک نییە بچێتە دەرەوەی ئاین، ئاینەکانیش لەناو خۆیاندا لە بارەی پرسی چاکە و ڕەوشت و بەهاوە هێندە ناکۆکن لاپەڕەکانی مێژوو بە خوێنی ئەو ناکۆکییانە سوور دەچێتەوە. لەم ڕەهەندەوە بێرتراند ڕاسڵ، نموونەی ویلیام جەیمس دەهێنێتەوە وەک پەرەپێدەری تێزێکی ئەخلاقگەرایانە. تێزەکەی جەیمس لەوەدا چڕ دەبێتەوە بە بێ بڕوابوون بە خودا، هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بە دروستی ڕەفتار بکەین! یان ئەو بەیاننامەیەی دەستەیەک لە قەشە کاسۆلیکییەکان لەم ساڵانەی دواییدا بڵاویان کردەوە، هۆکاری کۆلاپسی دنیای نوێیان گەڕاندەوە بۆ دوورەپەرێزیی مرۆڤی هاوچەرخ لە خودا و ئاینەکان. بەپێی دیدی قەشەکان و کاتیگۆرییەکەی ویلیام جەیمس هیچ چاکە و بەهایەک لە گۆڕێدا نییە، ئەگەر بڕوا بە خودا یان ئاینێک لە ئارادا نەبێت، وەک بڵێی ئەم جیهانە بە بەها ئاینییەکان و چاکەی باوەڕداران هەڵدەسووڕێت، ئەگەر وا بوایە خۆ ژمارەی باوەڕداران لە گێتیدا چواردە هێندەی بێباوەڕ و ئەگنۆستیکەکانە (بەپێی دوایین ئاماری فەرمی ئەتایستەکان ٧٪ ڕێژەی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنن)، مەگەر ئەم دنیایەی زۆرترین ئیمانداری تێدایە، لەمسەر بۆ ئەوسەری نقوومی ئاشووب و ئاژاوە و جەنگ و کاولکاریی نییە؟، ئایا ئەمە ئایرۆنی نییە لەگەڵ بەیاننامەی قەشەکان؟!. لە ڕاپرسییەکی گۆڤاری (نیوس ویک)ی ئەمەریکییدا ئەو ئەنجامە ڕوون بووەتەوە نەوەد و شەش لە سەدی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باوەڕدارن، ئەوەی ماوەتەوە چوار لە سەدی کۆمەڵگەی ئەمەریکییە، ئەویش دابەشبووە بەسەر ئەتایست و نازانمگەرادا. ڕەنگبێ بە پرسیارێکی زۆر تەقلیدیی تێزەکەی جەیمس هەڵبوەشێنینەوە، خودا چی دەکات لە دڵ و هزری ئەو ملیۆنان ئەمەریکییەی بە هۆکاری جیا جیا و بە تاوانی جیا جیا لە زیندانەکاندان؟. بۆچی خودا نەیتوانی ئەوانە لە تاوان بگێڕێتەوە؟. بێرتراند ڕاسڵ لە وەڵامی جەیمسدا فاکتێکی سادە دەخاتەڕوو، وەختێک دەڵێت: (بە تەواوەتی جێگەی گومانە بڕوابوون بە خودا ئەو

هەموو کاریگەرییە ئەخلاقییە سوودبەخشانەی هەبێت، دەتوانین بڵێین زۆرێک لە باشترین کەسایەتییەکانی مێژوو بێ ئاین بوون، لەوانە جۆن ستیوارت میل. خراپترین پیاوانی مێژووش دیندار بوون، لەم دەستەیەی دوایی نموونەگەلێکی بێشومار هەن لەوانەیە هێنری شەشەم نموونەی دیاریان بێت). لە کۆتاییشدا راسڵ بۆ خۆیشی کەوتە بەر پەرچەکرداری نائەخلاقییانەی باوەڕداران، دوای ئەوەی لە کۆلێژەکەی لە نیویۆرک لە ساڵی ١٩٤٠ دەرکرا، (جۆزیف گۆڵدشتاین)ی پارێزەری خاتوو جەین کای سەرپەرشتیاری کەمپینی دژە راسڵ، بەم زمانە پەسنی راسڵ دەکات: (داوێنپیس، هەوەسباز، لادەر، بەدکار، تەسکبین، درۆزن، داماڵدراو لە بەها ئاکارییەکان و هتد..». لەوانەیە بەڕێز جەیمس باس لەم زمان و بەها ئەخلاقییانە بکات دەبێت مرۆڤی باوەڕدار نوێنەرایەتیان بکات!.

بە باشی قسەیەکی عەبدولکەریم سروش فیگۆری (چاکسازیخواز)ی ئیسلامیم لە یادە دوابەدوای پەیدابوونی داعش گوتی: (گومانمان لەوە نییە لە تەواوی مێژووی ئاینەکاندا، لە سەردەمی سەرکەوتن و دەستڕۆیشتوویی و حکومداریی و دەسەڵاتی ئاینەکاندا توندوتیژیی کەم نەبووەتەوە) بەڵکو ئەو کاتیگۆرییەکی بێ کۆتایی نیشان داین لەو توندوتیژییانەی ئەوسا و ئێستا بە ناوی خودا و ئاینەوە ئەنجامدراون و دەدرێن. با لە ئاست تێزەکەی بۆدریار چاوبنوقێنین کە پێیوابوو (شتێک بەناوی شۆڕشی بەهاکانەوە نەماوەتەوە و ئێمەش تەنیا پێچ بە دەوری بەهاکاندا لێ دەدەین). پرسیارێکی جددی لە بەردەم خۆماندا قوت بکەینەوە: ئایا بەهاکان چین و لە کوێوە دێن؟ ئایا رەوشت خۆی چییە؟. (گەرچی وەکو دەگوترێت سۆسیۆلۆژیا ویستی ئەم کایەیە لە فەلسەفە بسەنێتەوە، بەڵام هەردوو چەمکە میتافیزیکییەکە «ئاین و ئاکار» بوون بە کێشەدارترین دۆز بۆ کۆمەڵناسیی). وەڵامەکە ئەوەیە هەر سەردەمێک بەها و ئاکاری تایبەت بەخۆی بەرهەم دەهێنێت، جیاواز لەوەی هەر کولتوورێک کۆمەڵێک نۆرمی کۆمەڵایەتی و بەهای ئاکاریی دەخاتەوە، بەم مانایە ئەوەی ئاکار بەرهەم دەهێنێت کۆمەڵگەیە نەک تاکەکەس، ماکس ڤیبەر لە تیۆرە سۆسیۆلۆژییەکەیدا جەختی لەوە دەکردەوە رەوشتی کۆمەڵگەی مۆدێرن، زۆر جیاوازترە لە بەها رەوشتییەکانی کۆمەڵگەی نەریتیی پێش مۆدێرن، ئەوەی

بەهاکان بە جێگیریی نامێننەوە، پەیوەندیی بە قەیرانێکەوە هەیە خودی بەهاکان بوونەتە هەڵگری، بەڵام لەوانەیە کۆمەڵێک بەها و ئاکاری هاوبەش هەبن کۆدەنگیی خەڵکی جیهانی لەسەر بێت، بۆ نموونە دزیکردن لە هەموو کولتوور و ئاین و ئایدیایەکی زەمینیدا، کردەیەکی نائەخلاقییە، کوشتن و دەستدرێژیی سێکسیی و زۆری تریش هەر بە هەمان شێوە، بەڵام ئایا ئاین توانیوویەتی مرۆڤ لەم تاوانانە بگێڕێتەوە؟، ئایا بێ ئاینی هاندانی تێدایە بۆ پێشێلکردنی ئەو بەها ئاکارییانە؟. ئایا پێش سەرهەڵدانی ئاینەکان (کۆنترینیان دە هەزار ساڵێکە) مرۆڤ نادروستانە و بێ بەهایانە ژیاوە؟. ئەگەر ستالین نموونەیەکی بێ ئاین بێت، ئەی چۆن پاساوی هیتلەرێکی مەسیحی سەرسام بە محەمەد بدەینەوە؟، ئەی چی بڵێین لە بەرامبەر هۆڤگەرایی تاڵیبان و داعش و زەرقاوی و بن لادن؟.

مرۆڤی نوێ زۆر لەوە چاوقایمتر و بە هەڵپەترە بە ئامۆژگاریی سادەی ئاینیی یان بە چیرۆکەکانی سزدان لە دنیاکەی تردا کە وەک ناشوێنێک لە زەینی باوەڕدارانیشدا جێی گرتووە جڵەوگیر بکرێت، ئەم کەرەستە کۆنانە بە کەڵکی ئەم جیهانە نوێیە نایەن. ئاریشەکە هەر ئەوە نییە مرۆڤ وەک تاک تاوان دەکات، دەشێ ئەمە بە یاسا و هەر لەم دنیایەدا چارەسەر بکرێت، کێشە راستەقینەکە تاوانی رێکخراوە لەسەر ئاستی گروپ و دەوڵەت، وەک دەبینین زۆرینەی جاریش بە پاڵپشتی راستەوخۆی ئاین یان ئاینزایەکە، ئەوەش بووەتە سیمای سەرەکی رۆژگاری ئەمڕۆمان. وەکوتریش سەردەمێکە تاکی ئایندار زۆر لە بێ ئاینەکە شترێس و نائاکارییترە، ئەمە بەڵگەیەک نییە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاین، هێندەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی چیتر ئاین ناتوانێت بە رۆڵی پێشووی خۆی هەستێت کە بریتیبوو لە ئامادەکردنی زەینێک بۆ وێناکردن و گەوارکردنی خودایەکی میهرەبانی هەمیشە چاکەخوازی لایەنگر و سەرخەری باشە. لە سەرێکی ترەوە ئەگەر ئاین تا زەمەنی مارکسیش رۆڵی ئارامکەرەوەیەکی روحیی گێڕابێت، چیدی ئەو توانستەی نەماوە حەبی هێورکەرەوەش بێت، بە هۆکاری ئەوەی زانست هەموو ئەفسوونە ئاینییەکانی لەناوبرد، دروست وەک دانیڵ دێنیت لەسەر زاری نێد فلاندێرس، پاڵەوانی کارتۆنی لە ئەنیمەیشنی (سیمپسۆن)ەوە دەیڵێت: (زانست وەک ئەو مرۆڤە

زۆربڵێ و دەم ڕانەوەستاوە وایە بە گێڕانەوەی کۆتایی فیلمەکە، ئەفسوون و جادووی فیلمەکە بەتاڵ دەکاتەوە). لێ هیچ سۆزێکم نییە بۆ شتێک بە ناوی زانستەوە بە مانا پەتییەکەی، زانست هیچی ترمان پێنابەخشێت جگە لە واقیعێکی میکانیکی ڕەقوتەق و داماڵدراو لە واتا و داڕنراو لە ئامانج، چونکە بە لێکدانەوە و بۆچوونی ڕەهای زانست ئەم جیهانە بێ واتا و بێ ئامانجە و سروشتیش بریتییە لە جووڵەی بزۆز و بێ ئامانج و بێ دوماهی ماددەکان. پێموابێت بۆدریار بوو لە بارەی جیهانی سەردەمی زانستەوە دەیگوت: (تا دێت لە جیهاندا زانیاریی زیاتر و زیاتر دەبێت، بەڵام مانا کەمتر و کەمتر دەبێتەوە). بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت زانست گورزی خۆی لە ئاین وەشاندووە و خستوویەتییە کەنارەوە تا ئەوەی ئاین بووە بە پاشکۆی زانست و چاوەڕێ دەکات لە ڕێگەی داهێنانە زانستییەکانەوە ڕەوایی خۆی بسەلمێنێت نەک وەک پێشوو ڕەوایی لەو ڕوحانییەت و باوەڕدارییی و بەها ئەخلاقییانەوە وەربگرێت کرۆکی ئاینیان پێکهێناوە، لانیکەم ئەگەر ئاین خۆی لەگەڵ نانۆ تەکنۆلۆژیی و فیزیای کوانتۆم گوونجاندبێت، مانای ئەوە دەبەخشێت ئاین دەستبەرداری ماکە میتۆلۆژیی و غەیبانییەکانی خۆی بوو نەک بە پێچەوانەوە، چونکە ئیدی زانست هیچ مەحاڵێکی بۆ ئاین نەهێشتووەتەوە بەرهەمهێنانی فەنتازیکییانەی لەسەر بکات.

گێڕانەوەیەک هەیە دەربارەی ئەو چرکەساتەی گالیلۆ لە بەردەم دادگای کەنیسەدا ژیوانبوونەوەی خۆی لە سەلماندنە زانستییەکەی ڕادەگەیەنێت (سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا)، گوایە بە چرپە لە ژێر لێوەوە گوتوویەتی: (ئێپور سی موۆڤێ– واتە بەڵێ ئێستاش دەسووڕێتەوە). زانست لە گالیلۆوە و بگرە پێشتریشەوە بڕوای تەواوەتی بە خۆیەتی، لێ زوو زوو پەشیمان دەبێتەوە!، ئەوەی دەبێ بکەوێتە باری گۆڕانکارییەوە ئاینە، پەیڕەوکارە نوێیەکانی ئاینیش کاریان بووە بە ڕاکردن بە دوای زانستدا تا سپەیس و پارادۆکسی نێوان زانست و ئاینەکەیان کەم بکەنەوە، ڕۆژێک دەبێت دەقە پیرۆزەکان لەگەڵ تیۆری ئیڤۆلەیشن بگونجێن و بڵێن ئادەم یەکەمین مرۆڤی ژیر بووە نەک یەکەم مرۆڤی ئافرێندراو!، ڕۆژێکی تر دەبێت مانای سەردەمییانە لە تێکستە خوداییەکانیان بار بکەن تاکو هارمۆنییەتێک لەنێوان

تێکستەکان و فاکتە راچڵەکێنەرەکەی کۆپەرنیکۆسدا بدۆزنەوە، بەم جۆرە هەر دەبێت سەریان لەسەر بایبڵ یان قورئان بێت و دوای زانست بکەون. ئەگەر تا دەمێکی درێژ ڤاتیکان یان ئەزهەر دژایەتی داهێنانە زانستیی و تەکنۆلۆژییەکانیان کردبێت هەنووکە ناچارن لەگەڵیدا هەڵبکەن و بیکەن بە بەشێک لە مەتەڵی ئاڵۆز و پەنهانی کتێبە پیرۆزەکانیان بەوەی تازە مرۆڤایەتی ئەو نهێنیانە لەو ژێدەرانەوە ئاشکرا دەکات پێشتر لەم کتێبانەدا هەڵگیرابوون و تەوقیتی دۆزینەوەیان بۆ ئەمڕۆ دواکەوتبوو، ئەویش بەهۆی تەمبەڵیی خودی مرۆڤ خۆیەوە. لە مێژووی ئیسلامیدا بە تایبەت لە چەرخی عەبباسییدا زانا موسڵمانەکان هەر لە بواری ماتماتیک و ئەستێرەناسییەوە تاکو بە فیزیک و ئەندازە هتد.. دەگات شۆڕشێکی زانستییان هەڵگیرساند، ئەم هەوڵانە لە بەردەم هەڵمەتێکی سیمولاسیۆن و چواندندان لەگەڵ ناوەڕۆکی قورئاندا، وەک بڵێی زاناکان خۆیان هیچی تریان نەکردووە جگە لە قووڵبوونەوە و لێگەڕانێکی ورد بەناو ئایەتە قورئانییەکاندا، سەرئەنجامی ئەم هەوڵانەی لایەنگرانی ئاینیش پێکەنیناویی و ریترۆئەکتیڤ کەوتوونەتەوە. لێ بازدانێک هەبوو لەنێوان سەرەتای ئاخاوتنەکەمان و ئەم کۆتاییەدا، بەڵام ئەم پێچاوپێچکردن و پێکەوە بەستنەوەیە فێڵێک بوو بۆ چڕکردنەوەی زۆر مەبەستی لە یەکتر جیاواز لەم چەند پەرەگرافەدا.

من: ئاین و پێگەی پیاوانی پەرستگە یان کەنیسە بەهۆی رۆشنگەرییەوە بەر زەبرێکی کەمەرشکێن کەوتن، ئیدی بۆ لەوەو بەپاش کۆمەڵگە لە نەریتی خورافی و ئاینیی پاک کرایەوە، لە بریدا ئەو شکۆمەندییەی بە غەیبانییەت و بە پاپا و مەتران و کاردیناڵەکان بەخشرابوو بە عەقڵ و زانستکاریی بەخشرا. بە کورت و کرمانجی لەگەڵ هاتنی سەردەمی رۆشنگەرییدا گلۆڵەی ئاین و پیاوانی ئاینیی کەوتە لێژیی، لە بەرامبەریشدا ئاوەزگەرایی جێگەی ئاین و بیروباوەڕە کۆنەکانی کۆمەڵگەی گرتەوە و هەموو شتێک خرایە ژێر قەڵەمڕەوی عەقڵەوە. هەروەک فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانوێڵ کانت) لە دێڕەکانی سەرەتای دەقە بە ناوبانگەکەیدا (سەردەمی رۆشنگەریی چییە؟) کە لە ساڵی ١٧٨٤دا نووسراوە، ئەوە دەخاتە سەر سەکۆی گفتوگۆ، رۆشنگەریی بە تەنیا بریتیی نییە لە ئامادەگیی عەقڵ و

هزرین، بەڵکو بوێرییە لە بەکارهێنانیی ئاوەزدا و نووسیوویەتی: (بوێربە و عەقڵت بەکاربهێنە، ئەمە دروشمی سەردەمی رۆشنگەرییە). ئەم بزووتنەوەیەش رژدانە لە سەدەی هەژدەدا لە خۆرئاوادا بەرەو خۆچەسپاندن و جێکەوتن هەنگاوی هەڵهێنا و لە شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩دا بە تەواوەتی بوو بە کلێشەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی. لە هەوڵە بەراییەکانی هزرمەندی فەڕەنسی (پییێر بایل)دا لە کۆتا ساڵەکانی سەدەی حەڤدەدا (١٦٩٧) بە نووسینی کتێبی (فەرهەنگی مێژوویی و رەخنەیی) مژدەی ئەوەی دابوو سەدەی هەژدەیەم بۆ مرۆڤایەتی دەبێتە سەدەیەکی رۆشن و رووناک. (فریدریک ئەنگلس)یش دووپاتی دەکردەوە سەدەی هەژدە سەربازی سەرکەوتنە دەریاییەکانی ئینگلیزستان و ئەڵمانیا بەسەر فەڕەنسادا، بەڵام رۆشنگەریی ئەو سەدەیەی کرد بە سەدەی فەڕەنسییەکان.

لێ هاشم ساڵح پێیوایە (رۆشنگەریی پێش ئەوەی فەڕەنسی بێت، ئینگلیزیی بووە)، جیا لەوەی رۆشنگەریی فەڕەنسی لە سولالەی هزرینەکانی جۆن لۆک و نیوتنەوە هاتووە، ئەوەشمان بیر دەخاتەوە شۆڕشی ئینگلیزیی لە رووی مێژووییەوە (١٦٨٨) سەد و یەک ساڵ پێش شۆڕشی فەڕەنسی کەوتووە، بەڵام ئەمە هیچ لە بایەخی سەرەکیی بیریارە فەڕەنسییەکان کەم ناکاتەوە لە سەرپێخستن و چەسپاندنی هزری رۆشنگەرییدا، لەبەرئەمەیە رۆشنگەریی زیاتر لەوەی وەک دیاردەیەکی ئینگلیزیی یان ئەڵمانی دەربکەوێت بە شانازییەکی فەڕەنسیی هەژمار کراوە. لە روانگەی (فەتحی مسکینی)یەوە: رۆشنگەریی بە کورتکردنەوەی ماناکەی نەریتێکی (مۆدێرن)ە و لەسەر (سیکۆلاریزەکردن)ی بەهاکانی مەسیحییەت بە بێ ئەوانیتر وەستاوە. بەڵام هەڵوەشاندنەوەی گووتاری ئاین ئەرکێکە رۆشنگەریی نزیکی ناکەوێتەوە، ئەگەرچی بە بەهێزییش بانگەشەی بۆ دەکات، بەم پێیە ئەوەی لە رۆشنگەریی بە جێما تەنیا سیکۆلاریزم بوو کە لە بناغەوە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئاین بوو لە سیاسەت و دەوڵەت، پیاوانی ئاینیش تەنها لە کریستیانیزمدا هەن و لە ئیسلامدا بوونیان نییە. وەک مسکینی هێمای بۆ کردووە گووتاری ئاینیی هەڵنەوەشاندەوە بەشێوەیەکی گشتگیرانە، ئەمە کورتهێنانێکی نەریتی رۆشنگەرییە، خۆی لە بناغەوە رۆشنگەریی گۆڕینی رۆشنایی مەسیح بوو

لە نەریتی ئاینییدا بۆ رۆشناییەکی دنیایی دەرە ئاینیی. رۆشنگەریی درێژەدان بوو بە رەوتێک لە مێژبوو لە رەخنەگرتن لە دیسکۆرسی ئاینییدا دەستی پێکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا رۆشنگەریی توانی دەستکەوتی گەورە بۆ مرۆڤایەتی بهێنێت، ئەگەرچی لای هابرماس رۆشنگەریی پرۆژەیەکی تەواونەکراوە، بەڵام بە بۆچوونی مارکۆس گابرێل بە هۆی رۆشنگەرییەوە هیچ چاخێک وەک ئەم زەمەنەی ئێستا مرۆڤ سەربەست نەبووە لە جۆری بیرکردنەوەدا.

سێیەر: نەک لە رۆشنگەرییەوە لە یەکەم هەوڵی فەلسەفەوە ئاین وەک پاژێک لە پێڤاژۆی میتۆلۆژیا دەکەوێتە بەر نەشتەری رەخنە و هەڵسەنگاندنی ماتریالیستییانە، چونکە دەستەی یەکەمی فەیلەسوفان بە روانگەیەکی ماتریالیستیی لە ژیان و بوون و جیهانیان روانیوە، یەکەمین قوتابخانەی فەلسەفی (ئایۆنی) هەوڵێکی فەلسەفییە لە دەرەوەی دیدگا میتافیزیکییەکان و بە ماتریالیزم دەستی پێکردووە، بەوەی هەوڵدراوە سروشت لە رێگەی خۆیەوە بخوێنرێتەوە نەک لە رێی ناوەڕۆکی ئەفسانەکانەوە، دەرکەوتنی فۆیەرباخ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بووژانەوەیەکی تری ماتریالیزم بوو، بە جۆرێک وەک بڵێی تەرمی ئایدیالیزمی ئەڵمانی لەسەر دەستی ئەو ئەسپەردە کرابێت. ئەگەرچی مارکس و ئەنگلس لە قۆناغی بەراییدا بە چڕیی دەکەونە بن باندۆری تێڕوانینە ماتریالیستییەکانی فۆیەرباخەوە، بەڵام مارکس لە تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ، گۆشەنیگای فۆیەرباخ دەداتە بەر قورسترین و رادیکاڵترین رەخنە، مارکس و ئەنگلس بە جووتە کێماسییەکانی ماتریالیزمی ئەویان دیاگنۆس کرد و بەوە تۆمەتباریان کرد مێژوویی نییە و لە راڤەکارییەکانی مێژوودا وەک ماتریالیستێک نابینرێت. کلۆد لیڤی شتراوس ئارگۆمێنتسازیی دەکات تا بڵێت: (فەلسەفە لە بناغەوە ئەتایستە)، لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشە بۆ کۆنسێپتێک بە ناوی ئەتایزم یان ئیلحاد لە ئارادا نەبووە، هەرچەند عەبدولڕەحمان بەدەوی پێیوایە وشەی ئیلحادی عەرەبی مانای دەقاودەقی زاراوەی (ئەتایزم)ی زمانە ئەوروپییەکان نییە، بەڵکو چاوگی وشەکە لە زمانی عەرەبیدا لە (الحد عن) واتە (لایدا)وە هاتووە، ئەتایزمیش رەتکردنەوەیە نەک لادان. دواتر ئەو پۆلێنێکی هەیە لە پێناسەکردنی ئەتایستەکاندا

و دابەشیان دەکات بۆ دوو گروپ: ئەرێنی و نەرێنی. لەلای ئەو مارکس لە گروپی ئەرێنییەکاندایە لە سۆنگەی ئەوەی پاساوی هەیە بۆ رەتکردنەوەی ئاین، هەروەها پێیوایە فەلسەفە لەسەر دەستی ئەفلاتۆن ئاوڕ لە چەمکی ئەتایزم دەداتەوە، وەک باسمان کرد ئەمە مانای ئەوە نییە پێش ئەفلاتۆن فەلسەفەی ماتریالیستی لە ئارادا نەبووە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بۆ یەکەم جار لەلایەنەوە ئەفلاتۆنەوە ئەتایزم وەک چەمک دەفەلسەفێنرێت. ئەوەشی پەیوەندیی بە شەڕی نێوان ئیسلام و فەلسەفەوە هەیە، رووداوێکە ئەبو حامیدی غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفە) دا خولْقاندوویەتی، چونکە سەردەمی ئەو و پێش ئەو و دوای ئەویش، کۆمەڵێک فەیلەسوفی موسڵمان لەسەر شانی فەلسەفەی ئەرستۆوە سەیری بوون و دنیا و ژیان و پرسە ئاینداریيەکانیان دەکرد، لەوانە کندی، فارابی، ئیبن سینا، ئیبن روشد و هتد.. تەنانەت تەسەوفی ئیسلامی بە تایبەت لای سوهرەوەردی لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدایە لەگەڵ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی و ئیلهامی لە لۆژیکی ئەرستۆوە وەرگرتووە، بەم بۆنەوە غەزالی ئەوانەی لۆژیکبازییان دەکرد بە زەندیق و مورتەد ناوزەدی دەکردن (من تمنطق فقد تزندق). تا ئەو رادەی ئیبن تەیمیە بە توانجەوە موعتەزیلە بە رێبازی (فەیلەسوفە مێچکەکان) ناودەبات، هەروەک چۆن لە پێناساندنی ئەشعەرییەکانیشدا دەڵێت: (ئەشعەرییەکان موعتەزیلە مێچکەکانن). بە شکستی موعتەزیلە و پڕۆژە فەلسەفییەکانی ئەم گروپە فەیلەسوفەی لەسەرەوە ناویان برا، لەو دۆخەساتەوە ئیسلام وەک ئاینێکی توندوتیژ و وشکهەڵاتوو مایەوە تا بە ئێستا دەگات.

لە ئاسۆی جیهانی ئیسلامیشدا هیچ رووناکییەک نابینرێت پڕۆژەی نوێکردنەوەی بیری ئیسلامی و گونجاندنی لەگەڵ سیکۆلاریزم و دیموکراتی (بەدەر لە چاپە لیبراڵییەکەی) کردبێتە رۆژەڤ، ئەگەرچی لێرەولەوێ دەنگی تاکوتەرا هەن، لێ ئەمە بیریارێکی وەک د.سادق جەلال ئەلعزەم (١٩٣٤-٢٠١٦) خاوەنی کتێبەکانی (نقد الفکر الدینی -١٩٦٩) و (ذهنیە التحریم) و (مابعد ذهنیە التحریم ١٩٩٢) گەیاندبوو بەو رایەی لە یەکێک لە دیمانەکانیدا و لە باسی نەسر حامد ئەبوزەید و محەمەد شەحروردا وێڕای نکۆڵی لەوەی ئەم کەسایەتییانە مارتن لۆسەری ئیسلامیی بن،

بەڵام پێیوابوو ئەوان گروپێک رۆشنبیری ئاڤانگاردن و پێشبینی دەکات شتێک بەڕێوەیە و لە داهاتوودا دێت، بە متمانەشەوە بە ئینسکلۆپیدیستەکانی پێشووی فەڕەنسییان دەچوێنێت کە بیرۆکەکانی ئەوان بوو بە هەوێنی شۆڕشی فەڕەنسی. وەک چۆن هاشم ساڵحیش لە دیمانەیەکی ساڵی ٢٠٢٠دا هەمان مزگێنی دابوو. وەکوتریش تا ئێستا لە جیهانی عەرەبیدا هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ پرۆژەی ئیسلامیزم نەدۆزراوەتەوە کە لە هەموو لایەکەوە لە قەیران و پاشەکشەدایە، نەبوونی ئەم جێگرەوەیە کۆمەکی زۆری کردووە بەو چاپە لە ئیسلامگەرا رێگربن لە هەر وەرچەرخان و گۆڕانێکی مێژوویی لە جیهانی موسڵماناندا، ئیسلامی سیاسیی بە کەرەستەکانی مۆدێرنە رووبەڕووی دنیای مۆدێرن دەبێتەوە، هەر لە ریشەوە ئیسلامگەرایی خۆی خوێندنەوەیەکی مۆدێرنیستانەی ئاینە، بەڵام تەقەلایەکی ریترۆئەکتیڤ و پێچەوانەیە، سوودوەرگرتنە لە رواڵەتە میکانیکییەکەی مۆدێرنە بۆ رێگرتن لە مودێرانیزاسیۆنی کۆمەڵگە موسڵمانەکان. بۆ ئەوەی ریفۆرم بێتە دی، پێویستە ئەو رایەڵ و میدیۆمەی ئیسلامگەرای کانیباڵ و ئەلگۆدیز بە ئیسلامی مەدینە دەگەیەنێتەوە بپچڕێندرێت، ئەگەرنا هەر بانگەشەیەکی ریفۆرم تەنیا وەک دروشم دەمێنێتەوە، چونکە تا ئەم چرکەساتەش ئەم نەسکە لە ئیسلامگەرا لە پەیوەندییەکی دوور بەدووردان لەگەڵ ئیسلامی مەککە، کە تێیدا کەسێتی محەمەد لە شێوەی پیاوێکی شاعیر و لێبووردەی مەسیحئاسادا خۆی دەنواند.

من: هیچ کات لایەنگری لەناوبردنی ئاین نیم، نەک لەبەرئەوەی ئاین شتێکە لەناو ناچێت، بەڵکو لەبەر دوو هۆ، یەکەم لەبەرئەوەی بۆشایی روحیی لە کۆمەڵگەدا دروست نەبێت، ئەویتریان ئایندارییی وەک چەپبوونی من سەر بە ئازادییە تاکەکەسییەکانە. سەبارەت بە ئاینی ئیسلامیش پێموایە دەبێت بەر تیشکی سیکۆلاریزم و مۆدێرنە بکەوێت، چیدی نابێت وەک چاڵێکی تاریکی میتافیزیکی بمێنێتەوە، پێویستە بەر پرشنگی ریفۆرم بکەوێت، تا لە پاڵنەرێکی سادۆمازۆخییەوە بگۆڕێت بۆ ئاینێک لەگەڵ جیهانی مۆدێرن و بەهاکانیدا هەڵبکات، پەرە بە وێنایەکی تری خودا بدرێت، لەم فۆتۆ تازەیەدا یەزدان جەلادێکی ئاسمانیشین نەبێت، بەڵکو وزەیەکی میهرەبان بێت کە لە دڵدا نیشتەجێ دەبێت. ئەو تەرزە ریفۆمکراوە لە

ئاینداریی وەک توخمێکی ئیستاتیکی کولتوور دەمێنێتەوە، نەک هەڕەشە بێت بەسەرییەوە و حوکمی شەریعەت بخاتە جێگەی هەموو شتێک. لەناو کورددا ئاینداریی ریشەیەکی بەهێزی هەیە، بەڵام هیچ کات نەپەڕیوەتەوە بۆ فاناتیزم، ئاین لە کوردەوارییدا هەر لە زەردەشتییەت و جووەوە بیگرە بۆ کریستیانیزم و مانیزم، مۆرکێکی عیرفانی هەبووە، زۆرتر رەنگوروویەکی کوردیی پێدراوە نەک خودی نوسخە ئۆرگیناڵە هاوردەکراوەکە بووبێت. ئیسلامیش زۆر درەنگتر گەیشتووەتە خاکی کوردەواری، ئەو چەواشەکارییە مێژووییە راست نییە، پێیوایە کورد لە دوای غەزەواتەوە تێکڕا بوونەتە موسڵمان، راستییەکە ئەوەیە تەنیا بەشێکی کەم لە کورد بووەتە موسڵمان، زۆرینە بە درێژایی تەمەنی حوکمی راشیدین و ئەمەوی و عەبباسی هەر سەرانەیان داوە بە دەوڵەتی خەلافەت. نووسەرە گرنگەکانی مێژووی ئیسلامی لە نموونەی ئیبنوئەسیر و ئەبومەنسور بەغدادی و هاوکوفەکانیان، لە کتێبەکانیاندا کوردیان بە موسڵمان دانەناوە، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی لە جۆری موسڵمانێتییەکەیان رازی نەبن، چونکە بەشێکی هەرە کەمی کورد موسڵمان بووە تا کۆتایی سەدەی پانزەش. لە سەدەی شازدە بەملاترەوە زۆرینەی کورد بە هۆکاری ئابووری و گۆڕانکاریی لەو رێڕەوە بازرگانییەی ئەوسا بە خاکی کورداندا تێدەپەڕی و لە ژێر ستەمکاریی و باج و خەراجی عوسمانییدا بوون بە موسڵمان، بەڵام هێشتاش کاریگەریی ئاینە لۆکاڵییە کوردەوارییەکان و ئەو ئاینانەی دەرەکیانەی تر کە لە پرۆسەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا مۆرکی کوردییان لێدرابوو هەژموونیان هەبووە بەسەر نەریتی ئیسلامی کوردییدا.

میهرداد ئێزەدەی لە یەکێک لە بەشەکانی کتێبە گرنگەکەیدا (The Kurds) توێژینەوەیەکی چڕوپڕ و هەمەلایەنەی بۆ رەوشی ئاینیی و باوەڕە ئاینییەکان لە ناو کورداندا کردووە، بەو دەرئەنجامەش گەشتووە، هەر ئاینێک هاتبێتە قەڵەمڕەوی خاکی کوردەوارییەوە بە خێرایی لە بۆتەی فەرهەنگ و کولتووری کوردەوارییدا توێنراوەتەوە! یان با بڵێین هیچ کات نەسکی رەسەنی هیچ ئاینێک نەیتوانیوە هەژموون بەسەر مێنتالیتی کوردییدا بکات، هەموو کات کۆپییەکی تری لێ بەرهەمهێنراوە تا لەگەڵ سروشتی کۆمەڵی کوردەوارییدا بگونجێت،

بەهێزبوونی تەریقەتەکان (قادری و نەقشبەندی بە نموونە) هەوڵی دیار و روونن بۆ لەبەرگرتنەوەی کوردییانەی ئاینی ئیسلام لە مێژووی نزیکدا. تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیش زۆرینەی کورد لە رووی بڕواوە موسڵمان بوون، بەڵام لە رووی کولتوورییەوە زەردەشتی یان مەزدەکی بوون، بە بیرەوەریی منیش ئەو سەرپۆشە سپییەی لە زەردەشتییەتەوە بە میرات مابووەوە، بەسەر ژنی کوردەوە مابووەوە تا ئەم کۆتاییە، ژنانی ئێمە بێ هیچ گیروگرفتێک بە هەمان سەرپۆشەوە دەچوونە سەر بەرماڵەکانیان بۆ ئەوەی پێنج فەرزە نوێژەکانیان بکەن. لێ گەڕیدەی ئیتاڵی پێترۆ دیلاڤالۆ کە ساڵی ١٦١٧ بە ناوچە کوردنشینەکاندا گەشتی کردووە ئاماژەی بەوە داوە ژنانی کورد هیچ سەرپۆش و لەچکێکیان بەسەرەوە نییە و بە ئازادیی بە ناو پیاواندا هاتوچۆ دەکەن!. لەم دیکۆمێنتەوە لە لەرزۆکی ریشەی فێندەمینتالیزمی ئیسلامی تێدەگەین، دواجار ئیسلامگەرایی هیچی تر نییە جگە لە کاڵایەکی هاوردەکراو کە لەسەر زەمینی کوردەواریدا هیچی لێ شین نابێت یان ئەگەر سەوزیش ببێت زوو زەرد هەڵدەگەڕێت، چونکە رەگێکی مێژوویی نییە لە دیرۆکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردەوارییدا.

لە ئەزموونی داعشەوە دەرئەنجامێکمان دەستکەوت ئەویش ئەوەیە: ژمارەی ئیسلامیستە جیهادییەکان لە چەند سەد کەسێک تێنەپەڕی لەناو میللەتێکی چل ملیۆنیی زۆرینە موسڵماندا. لەم رەهەندەوە بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرینەوە ترسێکم لە بەهێزبوونی ئیسلامگەرایی نییە لە کوردستان، بەڵام ئەمە مانای وانییە دەبێت پاڵی لێ بدەینەوە، چونکە دنیای نوێ بە هۆی نەبوونی ناسنامەیەکی روونـەوە بەناو پووچگەراییەکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت، ئیسلامگەرایی دوا ئومێدیی هەر پووچگەرایەکە، کوردستانی ئەمڕۆ کەوتووەتە سەر نەخشەی جیهان لە زۆر رووەوە، چیتر دوورگە دابڕاوەکەی پێشووتر نییە و بەر کاریگەرییە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی دەرەوەی خۆی دەکەوێت بە تایبەت نەیارانی کورد کارئاسانیی زۆر دەکەن بۆ گواستنەوە و پەرەپێدانی نیهێلیزمێکی کۆمەڵایەتی، تاک بەرەو توندڕەویی ئاینیی رابکێشێت، لەم روانگەوە کاری رۆشنگەرانەی زۆر دەکەوێتە سەر ئەستۆی هەموو ئەوانەی نایەوێت لە ژێر سێبەری توندڕەویی

ئاینییدا بژین بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە. لەم دەرفەتەدا پێم خۆشە، ئەوەش روون بکەمەوە چیتر ئیسلامی جیهادیی لە هیچ شوێنێک مەترسییە راستەقینەکە نییە، بەڵکو تارماییە خەتەرناکەکە ئەو شتەیە پێی دەگوترێت (پۆست ئیسلامیزم) کە لە شێوەی مژدەبەخشە مەسیحییەکانی رابردوودا لە هەوڵی بە جیهانییکردنی ئیسلامدایە، دەشێ لە رووی تاکەکەسەوە نموونەی عەبدولکەریم سروش بهێنرێتەوە، کۆڵەکەی سەرەکیی بیرکردنەوەی ئەم ئایکۆنە بریتییە لە پان ئێرانیزم و خەساندن و تواندنەوەی کولتووریی، لە رووی گروپیشەوە ئاک پارتی لە تورکیا هەیە، ئەمەشیان ئەوپەڕی سامناکە. تەنانەت لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی کولتوورییدا، کۆماری ئیسلامی ئێران تێزەکانی سروش و پۆست ئیسلامیزم هەناردەی باشووری کوردستان دەکات، بەم میکانیزمە کولتوور و زمانی کوردیی ئاسیمیلایسۆن و ئاپارتاید دەکرێت. پێشوازیی لە هەوڵی پۆست ئیسلامیستەکان دەکەم لە بوێرییان بۆ تێپەڕاندنی فێندەمینتالیزم و پێداگرییان لە جیایی ئاین و دەوڵـەت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە دەبێت ئەم پێشکەوتنە لە هۆشیاریی ئاینیی لە کۆمەڵگەی کوردییەوە خۆیەوە هەڵقووڵابێت نەک وەک کاڵایەک لەودیو سنوورەوە هاوردە بکرێت. ئەمە شەڕێکە بە ریفۆرمخوازە موسڵمانەکان دەکرێت نەک بە ئەتایستە جنێوفرۆشەکان کە تەنیا بەشی ژێرەوەی مێشکیان ئیش دەکات.

سێیەر: دەست پاراستن لە رەخنەگرتن و سەرکۆنەکردنی فێندەمینتالیزمی ئیسلامی بە هەر پاساوێک بێت ناپاکییە لە هەقیقەت، ئاگاشم لەوەیە کۆنسێپتی هەقیقەت بە تەنیا و بێ هیچ پاشگرێک مانایەکی نییە، هەقیقەت هەمیشە لە سیاق و لە پاڵ شتێکی تردا مانا پەیدا دەکات، بۆ نموونە: هەقیقەتی عەقڵانی، هەقیقەتی ماتماتیک، هەقیقەتی فەلسەفی و هتد... چاوپۆشیی لە بەرامبەر تیرۆریزم و ئیسلامیستی جیهادیی و لەلایەکی ترەوە ئاکسیۆنسازیی دژی توندڕەویی ئاینەکانی تر جۆرێک لە بەلاڕێبردنی هەقیقەت و ترسێکە لە مۆرکران بە تۆمەتی (ئیسلاموفۆبیا)، داتاشینی فاکتۆری تر بۆ بنەوانی ئەم تیرۆریزمە و چاونوقاندن لە چاوگە سەرەکییەکە کە خودی ئاینە، دیسانەوە ناپاکییەکی ترە بەرامبەر بە هەقیقەت. لێ دەزانم تێکستە قورئانییەکان شایانی زیاد لە تەئویل و تەفسیرێکن،

بەڵام هەرچۆنێک بێت، تیرۆریزمی ئیسلامیی زادەی یەکێک لەو راڤەکارییانەیە. مایکڵ والزەر لە وتارێکدا رەخنە لە بیرمەندی فێمینیست (جودێت باتلەر) دەگرێت، چونکە بە پێی گۆشەنیگای باتلەر حزبوڵای لوبنانی و حەماسی فەلەستینی بە دوو رێکخراوی چەپی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز ناسێنراون و پێیوایە (خەبات) ی ئەو دوو رێکخراوە بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەباتی دژە ئیمپریالیستیی و سەرمایەداریی. وەک والزەر روونیدەکاتەوە پارادۆکسەکەش لەوەدایە، باتلەر بەهەمان گەرموگوڕییەوە پشتیوانی لە خەباتی چەپەکان لە هەموو شوێنەکانی دنیا ناکات!، تەنانەت چەوساندنەوەی چەپەکان لە ئێران بۆ ئەو پرسێکی بایەخپێدراو و جێی سەرنج نییە. پۆست مۆدێرنەکان دوورتریش دەڕۆن، بۆ هەردوو بیریاری پۆست مۆدێرنی وەک ئەنتۆنی نیگری و مایکڵ هاردت، فێندەمینتالیزمی ئیسلامی، رەوت و باسکێکی زۆر گرنگی پۆست مۆدێرنێتەن، بەو هۆیەی شانبەشانی پۆست مۆدێرنەکان شەڕ لەگەڵ بەهاکانی مۆدێرنێتە دەکەن کە خۆی لە هەژموونی خۆرئاواییدا دەبینێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئالان بادیۆ فەیلەسوفی کۆمۆنیستی فەڕەنسی، خەون بەوەوە دەبینێت عەرەب و موسڵمانە توندئاژۆکان ببنە بریکاری چینی کرێکار و شۆڕش لە دژی ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی هەڵبگیرسێنن، هەروەک پێشتریش لە وتارێکدا ئاماژەم پێکرد بوو، بادیۆ لەو سوچەوە سەیری ئیسلامگەرایی دەکات (دوا فۆرمی پرۆلیتاریا)ن. وەک خۆم دژی هەردوو نەریتی چەپی رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییم، یەکەمیان هەموو پۆتێنسیاڵێکی خۆی بەفیڕۆداوە لە دژی خودی ئاین نەک ئیسلامگەرای جیهادیی، دووەمیشیان ئیسلامگەرای جیهادیی بە دوا فۆرم و نوسخەی شۆڕشگێڕانە دەزانێت لە دنیادا لە دەرگیریی و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانی خۆرئاوا و ئیمپریالیزم. لەو نێوانەدا رێگای سێیەم هەیە، ئەویش جیاکردنەوەی ئاینی ئیسلامە لە تەفسیرێکی تایبەت کە بنەواخوازیی ئیسلامییە.

من: جێی داخە هیچ بزووتنەوەیەکی رەخنەگرانەی کوردیی لە ئارادا نییە بۆ گۆڕینی خەیاڵدانی مرۆی کورد لە هەمبەر ئاین، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک مهاتەراتی (ئەتایست)ییە. تێکڕای بانگەشەکارە کوردەکانی ئەتایزم بە مۆدیلێکی تری داعشیزم دەزانم، لەسەر دەستی ئەوان ئەتایزم گۆڕدراوە بۆ ئاینێکی نوێ و بێ خودا، بۆ من

عەبدولڕەحمان سدیق وەک موسڵمانێکی لیبراڵ و کراوە چەندان جار باشترە لەو ئەتایستە پەڕەگیرانەی بە تێگەیشتنێکی رووکەشییانەوە جنێو بە ئاینەکان دەدەن نەک رەخنەی میتۆدییان لێ بگرن. موسڵمانە میانڕەوەکانی دەرەوەی ئیسلامی سیاسیی رۆڵێکی گرنگتر دەگێڕن لە راستای رۆشنگەریی و گۆڕینی خەیاڵدانی چەقبەستووی ئاینیی، دیقەت بدەن ئەو ریفۆرمیزەی بە (مارتن لوتەر) کرا لە ئاینی کریستیانیدا بە هیچ بێ ئاینێک لە دەرەوە نەکراوە. ئێستا لینین کە بانگەوازی لەناوبردنی ئاینی دەکرد دەهێنینەوە یاد، سەرئەنجام مەسیحییەتی ئۆرسۆدۆکسی رووسی مایەوە و دەوڵەتی شورەوی لەناوچوو!. هەڵەی زەقی لینین لەوەدا بوو بازی دا بەسەر ئەو فاکتەی ئاین توخمێکی گرنگی فەرهەنگییە یان بە مانایەکی تر هیچ کەڵچەرێک نییە ئاین وەک رەگەزێکی گرنگ بەشدار نەبێت تێیدا، بۆیە دەبێت خەیاڵدانی مرۆڤ بۆ ئاین بگۆڕدرێت نەک هەوڵی ناکامانە بۆ لەناوبردنی ئاین. ئەتایستە کوردەکان نەک هەر لە ئاین حاڵی نین، بگرە لە کۆنسێپتی سیکۆلاریزمیش تێنەگەشتوون، بەو پێیەی عەلمانییەت ئەو رەهەندەی نییە ئەوان پێماندەناسێنن، لە پوختەترین پێناساندندا سیکۆلاریزم دژی ئاین نییە، بەڵکو بێلایەنە لە بەرامبەر ئاینەکاندا و لەسەر سترۆکتوری جیایی ئاین و دامەزراوەکان راوەستاوە نەک لەسەر هەوڵی بنەبڕکردنی ئاین کە وەک گوتم هەوڵێکی نەزۆکی کاریکاتۆریی و گاڵتەجاڕانەیە. دیقەت بدەن ئەتایزمی کوردیی جگە لە تەنز و لاقرتێکردن هیچ رەخنەیەکی قووڵ و ریشەیی لە ئاین نییە، لیۆن ترۆتسکی ئەو سەرکردە کۆمۆنیستەی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا رۆڵێکی مێژوویی بینی بهێننەوە یاد، چونکە ئەو پێیوایە دەمارگیریی ئاینیی بە کاریکاتێر کەنارگیر و لەناونابرێت، وەک ئەوەی گۆڤاری (بزبۆژنیک واتە بێ خودا) لە سەروەختی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دژی ئاین بڵاوی دەکردنەوە، بەڵکو پێویستیی بە خەباتێکی هەمەلایەنی رۆشنگەرانە و بەرچاورروونیی فیکریی و فەلسەفیی هەیە، ئەمەشیان لە دۆخی ئاتەیزمی کوردییدا بە هەمان ئاستی باوەڕدارانی ئاینەکان پیوارە.

ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە، لە ململانێی نێوان باوەڕدارانی ئاین و ئەتایستەکاندا، زەمینەسازییە بۆ شەڕێکی فیکریی بە تفاقێکی میتۆدیی، هەموو ململانێیەکی فیکریی

کۆمەڵگە دەباتە وێستگەیەکی تر و سەردەمێکی پێشکەوتووترەوە، بە پێچەوانەشەوە وەک واقیعی ئەمڕۆمان کارەساتێکی مەزن دەنێتەوە، کۆمەڵگە و هزرینی ئازاد لە دوکەڵەکەیدا دەخنکێت. لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئاین ئامادەگیی بەرچاوی هەیە لە بەراییترین کۆمەڵگەکانەوە تاوەکو شارستاینترینیان، بەم بۆنەوە لە مۆدێرنە بە دواوە ئاین بە هەموو تانوپۆیەکییەوە دەبێتە پاژێکی بنەڕەتیی لە مرۆڤناسیی (ئەنترۆپۆلۆژیا)، زۆربەی جاریش کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بەوانە پێناسە دەکرێن زیاد لە پەیڕەوانی ئاین و ئاینزایەکیان لە خۆگرتووە کە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و هاوولاتیبوون و تۆلێرانس پێکەوە گرێیداون. بێجگە لەوەی ئاین بۆ خۆی زادەی قۆناغێکی پێشکەوتنی شارستانێتیی مرۆڤە، نکۆڵی لەوەش ناکرێت لێکۆڵینەوە مرۆڤناسییەکان ئەوەیان دەرخستووە لەناو هۆزە سەرەتاییەکانیشدا کە کەمترین تیشکی شارستانێتیان بەرکەوتووە ئاین و سرووتە ئاینییەکان بەشێکی بنەڕەتین لە جیهاندیدیی بۆ ژیان و سروشت و گەردوون و پرسە میتافیزیکییەکان. بۆ خۆشم وەک مرۆڤێکی بێ ئاین، لایەنگری ئەو تێزە ئەنترۆپۆلۆژییەم ئاین وەک بەشێک لە پرۆسەی گەشەکردنی ژیاریی و شارستانی چاو لێدەکات. لەم قۆناغەشدا ئەوەی هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات ئاین نییە، ئەوەی ژینگەی کاول کردووە ئاین نییە، ئەوەی مەترسییە هەرە گەورەکەیە نیولیبراڵیزم و ئەو هیرارکییەتەیە ناوەڕۆکی نوێی کاپیتالیزم پێکدەهێنێت، ئەگەریش لێرە و لەوێ فێندەمینتالیزمی ئاینیی ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئازادییە گشتیی و بنەڕەتییەکان، دووبارە ئەمەش پەیوەستە بە بەرژەوەندییە ئیکۆنۆمییەکانی نەزم و کۆلۆنیاڵیزمی باڵادەستەوە، دانپێدانانەکانی هیلاری کلینتۆن بەوەی داعش پیشەسازییەکی ئەمەریکیی بوو بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئەم قسەیەی ئێمە. ئەمە بێ لە بیرکردنی چیرۆکی گواستنەوەی جیهادی ئیسلامیی بە پێی نەخشەی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکی (سی ئای ئەی) بۆ بن لووتی سۆڤێتی پێشوو لە دوا دواییەکانی جەنگی سارددا.

سێیەم: ئەتایزمی کوردیی کێشەی بە تەنیا لەگەڵ یەک تاکە ئاین هەیە (ئیسلام) ئەگەر هاوسۆزیش نەبێت لەگەڵ ئاینەکانی تردا ئەوە هیچ کات رەخنەیەکی لەو

ئاینانەی تر نییە، بیرم دێتەوە سەروەختی پەلاماردانی شەنگال لەلایەن داعشەوە، هەندێک ڕۆژنامەوان و چالاکوان و بە حیساب ڕۆشنبیری کورد لە بری ئەو پرسیارەی جووەکان لە دوای هۆلۆکۆستەوە لە خۆیان کرد: (خودای ئێمە لەو کاتەدا لە کوێ بوو؟). بوڵتنێکیان پەخش کرد: ئەوان ئیدی ئاینی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئێزەدی!. لە لیستەکەدا ناوی ژمارەیەکی زۆر لەوانە بەرچاو دەکەوت شەو و ڕۆژ ڕەخنەیان لە ئاین دەگرت و بە زۆر شێوە لە هەوڵدابوون بۆ ناساندنی خۆیان بە خەڵک چەشنی تاکی ئەتایست. ئەم نموونە ساکارە کۆمەکمان دەکات عەقڵی ئەتایستی کورد تا چ کەوشنێک بڕی کردووە؟، چونکە ئاینی کورت کردووەتەوە لە ئیسلامدا و ئیسلامیش لە مەزهەبی سوونندا بە هەموو ئیجتیهادە فیقهییەکانەوە. ئێمە نابێت بکەوینە تەڵەی ئیسلامۆفۆبیاوە کە ئەنگێزەیەکی ئیمپریالیستی و ڕاسیستانەی عەقڵی خۆرئاوایی و ئەوروپیی لە مۆتیڤیدا ڕاوەستاوە و جێی بوغزاندن و جووەفۆبیا (ئەنتی سمیتیزم)ی گرتووەتەوە. ناکرێت و ڕەوا نییە لەو تەنگبینینەی خۆرئاواییەکانەوە سەیری مێژووی ئیسلام بکەین، دیرۆکی موسڵمانان تەنیا شمشێر و غەزەوات نییە، بەڵکو بونیادنانی شارستانیشی تێدایە، ئەو شارستانییە ڕووناکەی هاوکاتە لەگەڵ سەدە تاریکەکانی ئەورووپادا. ناشێ قەناعەت بەوە بهێنین موسڵمانان ئەوانەن شارستانێتی لەناو دەبەن لە کاتێکدا خۆرئاواییەکان سەرگەرمی بونیادنانی شارستانییەتن، بە پێچەوانەوە ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی و توندڕەویی ئیسلامیی بە ئەندازەی یەکسان سەرقاڵن بە وێرانخوازییەوە، بگرە ئەگەر پشکی خۆرئاواییەکان لە جەنگ و کاولکارییەکاندا زیاتر نەبێت بێ هیچ دوو دڵییەک تۆزقاڵێک کەمتر نییە.

من: کاتی ئەوە هاتووە قسەی کۆتایی بکەین، لەوانەشە ئەم پەرەگرافە بە دڵی موسڵمانان و ئەتایستەکان نەبێت لە یەک کاتدا، بەڵام بڕیاری دڵڕاگرتنی کەسمان نەداوە. مافی خۆمە خانە بەگومان بم لە بەرامبەر کارەکتەری پیاوێکی خەڵوەتکێشی وەک محەمەددا کە زیاتر کاری لەسەر خودناسین کردووە پێش خوداناسین، بەر لەوەی دروشمی جیهاد بەرز بکاتەوە بە میدیتاشیۆن و یۆگاوە خەریکبووە هەمان ئەو پیاوە شمشێر خوێناوییە بێت تەنانەت مێژوونووسانی ئیسلامی وێنای دەکەن.

لەناو تۆز و غوباری مێژوودا سیمای راستەقینەی پەیامهێنی ئیسلام ون بووە، راوییەکان بە یار و نەیارەوە لە نێوان دوو وێنای تەواو پێچەوانەی یەکتری محەمەددا رایانگرتووین، هێشتاش نازانین کامەیە کارەکتەرە راستەقینەکە یان لەوانەیە من هێشتا سەیری ناو ئەشکەوتی حەڕرا بکەم و عەفیف ئەخزەر وتەنی لە وێنەی پێغەمبەرێکی شاعیر رابمێنم پەیامێکی نوێی هێناوە و سەری لە هیچ کوێی زەبروزەنگ و توندوتیژییەوە دەرناچێت، وەک ئەویش بڕوا بهێنم (لە رووی مێژووییەوە دوو محەمەد و دوو ئیسلام هەن) یەکەمیان ئیسلامێکی روحانی لە مەککە و ئەویتریان ئیسلامێکی جیهادیی لە مەدینە. ئەگەر لە محەمەدی سەردەمی مەککە وردبینەوە بە قەولی ئەخزەر (وەڵامی هیجای بە هیجا داوەتەوە) کەچی لە پێڤاژۆی مەدینەدا رق لە شیعر هەڵدەگرێت و بە شمشێر سەری شاعیران دەپەڕێنێت؟. لێ بێگومانم ئەوەی رۆڵی هەبوو لە بڵاوەپێکردنی ئاینی ئیسلامدا لە محەمەدەوە تا داعش تەنیا شمشێر و لۆژیکی هێز بووە، بەڵام ئایا ئەو رووداوانەی لە بارەیەوە دەگێڕدرێنەوە راستین یان ئەفسانە؟، ئایا ئەو وێنایەی رۆژهەڵاتناسان لە بارەی محەمەمەدە گواستوویانەتەوە، زادەی ئیسلاموفۆبیا و پاساودانی رقی پێشوەخت و ئەنگێزەی ئیمپریالیستانە نییە؟. ئەگەر هەندێک لێکۆڵەری داستانە ئاینییەکان لە رێگەی گەڕانی قووڵیان بەناو دیرۆکدا بەو ئاکامە گەیشتبن، هەردوو کارەکتەری موسا و ئیبراهیم خەیاڵکردن و بەرهەمی فەنتازیانووسانی کتێبی پیرۆزن، بۆچی مافی بە خۆمان نەدەین گومان بخەینە سەر بەشێک لەو مێژووەی دەدرێتە پاڵ محەمەد؟. مێنتالیتی ئاینیی جا هەر ئاینێک بێت بەو شێوەیە کار دەکات، حکایەت و ئەفسانەکان بگۆڕێت بۆ راستیی باوەڕپێکراو، بەهێزترین لایەنی تیۆلۆژیاش ئەوەیە باوەڕ خۆی بەڵگەیە، نەک بەڵگە بکرێتە پاڵپشت بۆ ئیمان.

خۆ هەر خودی قورئان بۆ خۆی هەڵگری لوغز و مەدلولاتی زۆرترە وەک لەوەی مەحکومی بکەیت بە یەک تاکە راڤە، ئەوەی پێی دەوترێت فەرمووده (حەدیس) زۆر جێگەی متمانە نییە، چونکە بۆ یەکەمین جار دوای ١٨٣ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی محەمەددا دەست بە کۆکردنەوەیان کراوە!. ئەگەر لەو ستاندارتانەش بکۆڵینەوە کەسانی وەک بوخاری و موسلیم دواتریش نەسائی و تیرمزی و بەیهەقی و

کوڕی ماجە، بۆ وەرگرتنی فەرموودە لە دەمی گێڕەرەوەیەکەوە، هێشتا ئەوانە بەس نین بۆ ئەوەی ناڕاست نەکەوتبێتە ناو فەرموودەکانەوە، تەنانەت ئەوەی بە حەدیسی مەوزوع یان ناڕاست دادەنرێت هەر ئەوانە نین لە سەرچاوەکانی زانستی فەرموودەدا دیاگنۆس کراون، بەڵکو زۆرترین حەدیسەکان دەگرێتەوە کە تەنانەت بوخاری یان موسلیم بە فەرموودەی راست (سەحیح)یش هەژماریان کردووە. بەر لە بیست و پێنج ساڵ لە سەرچاوەیەکدا بەسەرهاتێکی زۆر سەیری (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)م خوێندەوە، گوایە ناوبراو هەشت هەزار فەرموودە بە کوڕەکەی لەبەر دەکات، دواتر پێی دەڵێت ئەوانەی تا ئێستا ئەزبەرتکردوون هەموویان فەرموودە ناڕاستەکان بوون، بۆ لەمەودوا هەر فەرموودەیەکت لەبەرکرد جیا لەوانەی ئێستا دوودڵ مەبە فەرموودەیەکی راستە!. ئەوەی لە سەحیحی موسلیم و بوخاری یان لە (ریاز ساڵحین)ی «نەواوی»دا دەیخوێنینەوە پڕیەتی لە پارادۆکس، تەژیەتی لە میهر و رق لە یەک کاتدا، لێوانلێوە لە هاندان بۆ توندوتیژیی و لێبووردن لە هەمان کاتدا، بۆیە گونجاو نییە ئاوەزی خۆمان بدەینە دەست دەموپلی گێڕەرەوەکانی حەدیس. هەروەتریش بۆ یەکەمین جار ژیاننامەی محەمەد لە دوای سەدەیەک بەسەر مردنیدا لەلایەن (ئیبن ئیشاق)ەوە نووسراوەتەوە، لە گێڕانەوەی ئەمدا چرکەساتی هاتنی سروش (وەحی) لە ئەشکەوتی حەڕا نییە بەڵکو لە خەونێکدایە، بەڵام بە پێی گێڕانەوەی موسلیم و بوخاری، جوبرائیل دەچێتە ئەشکەوتی حەڕا بۆ دیدەنی محەمەد و یەکەمین پەیامی ئاسمانی بۆ دەهێنێت.

ئەگەر بابایەکی پیوازفرۆش لە مەدینە بە ناوی عەککە بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە یەک دوو ساڵی دوای مردنی محەمەددا فەرموودەی هەڵبەستبێت، چۆن بڕوا بە شێخ ئەلبانی دەکرێت لە سەدەی بیستەمدا ئەم فەرموودەی بە ناڕاست و ئەویتری بە لاواز دادەنا؟. هەرچی قورئانیشە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا کۆکراوەتەوە، ژێدەرە مێژووییەکان جیا لەوەی باس بوونی چەند نوسخەی جیاواز دەکەن لەو سەروەختەدا، بەڵام ئەم قورئانەی عوسمان فەرمانی کۆکردنەوەی بۆ دەرکرد بە لێقرتاو و بۆ زیادکراویش دەزانن. ئەوەی روونە مێژووی محەمەد و ئیسلام هیچ روون نییە، پڕیەتی لە داتاشین و لێ زیادکردن و حکایەت و ئەفسانە

و ڕووداوی ڕاستەقینە، بۆ من قورسە وەک بۆ هەر کەسێکی تریش زەحمەتە بڕوایەکی کۆنکریتی بەو مێژووە بهێنێت. لێ بێگومانیشم ئیسلام هەر لە سەرەتاوە بۆ سوودی چینی ئەریستۆکراتی قورەیش و دەسەڵاتی ستەمکارانەی خەلافەت هەویرێکی باش شێلدراو بوو، سروشتی مەتاتی قورئان و ئەوەی پێی دەوترێت فەرموودە و بوارێکی فراوان بۆ ئیجتیهاد نەک بە سوودی ئاینەکە تەواو نەبوو بەڵکو کێشەی گەورەی بۆ دروستکرد، بە جۆرێک هەنووکە موسڵمانی (ڕاستەقینە) لە نێو ئەو هەموو ئاینزا و مەزهەبە فیقهی و عەقیدەییەدا ناناسرێتەوە.

# بەشی پێنجەم
# بیرکردنەوەی چەپ بە کوردیی

*کارڵ مارکس.. خێوێك بە ئاسمانی جیهانەوە
*داکۆکی لە سۆشیالیزم
*بەرگریی لە کوردبوون

# کارڵ مارکس
# خێوێك بە ئاسمانی جیهانەوە

سێبەر: ئەوەی کارڵ مارکسی وەک فەیلەسوفێکی رەخنەگر و ئامادەبوویەکی جددی و شۆڕشگێڕ تا ئەمڕۆ هێشتووەتەوە بە پلەی یەکەم هزری خۆیەتی نەک بە هۆی پێگەی پارتە کۆمۆنیستەکانەوە بێت، تیۆرە رادیکاڵە رەخنەگرانەکەی ئەو هێشتا تێنەپەڕیوە و دنیا بە ئاستێک نەگەیشتووە جێیهێشتبێت، بە پێچەوانەوە تا ئەم چرکەیەش مارکس خێوێکی تۆقێنەرە بە ئاسمانی جیهانەوە. ئەگەرچی هەندێک لە تێکست و تیۆرەکانی رەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆی بوون و بە کەڵکی ئێستا نایەن، بەڵام سترۆکتورە فیکریی و فەلسەفییەکەی بۆ ماوەیەکی ئێجگار درێژتر شایەنی تێڕامان و نوێکردنەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنەوەی جارێکی تری دنیا و پاشان گۆڕینی. بادیۆ پێیوایە کۆمۆنیزم ئایدیایەکی گەنجە و تازەبەتازە لە سەرەتای گەشتە مێژووییەکەیدایەتی. ئەگەر بە گوێرەی لوی ئاڵتۆسێر لە مارکس بڕوانین، لای ئەو دوو مارکس هەیە، مارکسی لاو و مارکسی پیر، کەچی مارکسە پیرەکە بە تەندروستییەکی باش و بە بێ ونکردنی یادەوەریی لەگەڵماندا دەژی. فۆتۆ کەسییە بەربڵاوەکەی مارکس تەنانەت لە بڵاوکراوە چەپەکانیشدا، پۆرترێتی پیرەمێردێکی ماندووی ریش سپییە، نەک ئەو لاوە خوێنگەرمەی لە ٢٤ ساڵییەوە وەک شۆڕشگێڕ رووبەڕووی کۆمەڵگەی بۆرژوازی بووەوە. زەقکردنەوەی ئەو وێنەیە وەک وایە بڵێت ئەم پیرەمێردە زەمەنی بەسەرچووە و هیچی تازەی پێ نییە بۆ جیهانی نوێ، وەک بڵێی سەرمایەداریی خۆی لە مارکسیزم گەنجتر بێت. ئایا فەیلەسوفێک، ئایدیاکەی هێشتا لە سەرەتادا بێت نەک لە کۆتاییدا و سیستمی سەرمایەداریی دوای چەند سەدە هەر ناوەڕۆکە کۆنەکە بەرهەم بهێنێتەوە، شایانی فڕێدانە؟ یان بیرمەندێک لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەوە تێگەیشتبێت سیستمی

کاپیتالیستیی لە داهاتووی دووری خۆیدا هەوڵی یەک دراوی جیهانی دەدات و مژۆڵی ئابوورییەکی یەکگرتووی جیهانی (جیهانگیریی) دەبێت، ئێمە دەتوانین بە تێپەڕاو هەژماری بکەین؟. تێری ئیگلتۆن بیرمان دەهێنێتەوە، مارکس بە وردی ئاگای لەوە بووە ئەو سیستمەی خۆی خستووەتە بەرامبەری زوو زوو بیچم و دەموچاوی خۆی دەگۆڕێت و لە دۆخی کەولگۆڕینی بەردەوامدایە، (جیا لەوەی مارکس کەمبوونەوەی ئەندامانی چینی کرێکار و زیادبوونی سەرسامکەری ژمارەی کارمەند یان فەرمانبەرانی پێشبینی کردبوو). پرسیارە هەرە گەوهەرییەکەش ئەوەیە بۆچی لە سەروەختی قەیرانە داراییە هەرە قووڵەکانی جیهاندا، ئیکۆنۆمیست و دەمڕاستانی کاپیتالیزم پێش مارکسیستەکان پڕ بە کتێبەکانی مارکس بە تایبەت (سەرمایە)دا دەکەن؟!. لێ داخەکەم دەهۆڵ و زوڕنای مەرگی تیۆری مارکسیزم لە دنیادا کپ بووەتەوە، کەچی هێشتا لە دنیای کوردییدا ئەو شایی و لۆغانە بەردەوامە.

من: ژیرانە نییە بە کەمبوونەوەی ژمارەی فابریکەکان و بۆیاخکردنی پرۆلیتاریا و گۆڕینی بۆ فەرمانبەری یەخە سپی، ئێمەش بە تێڕوانینی خۆماندا بچینەوە لە هەمبەر سەرمایەداریی، چونکە ئیدی ئەو چینەی مارکس داکۆکی لێ دەکرد، تێکڕا بوونەتە فەرمانبەر، پێمانوابێت بەم هۆیەوە مارکسیزم چەکێکی لە کارکەوتووی کۆنە لەسەر رەفە تۆزلێنیشتووەکانی مۆزەخانەی مێژوو، نابێت نائومێدی ئەوە بین، مادام سەرمایەداریی تا ئەوڕۆکە لەناونەچووە، بە پێچەوانەوە گەیشتووەتە باری گلوبالیزەشن، ئیدی ئەم سیستمە بۆ ئەبەد دەژیێ، بەم هۆیەوە بە خۆشحاڵییەوە واز لە بەرەنگاریی بهێنین، زۆرێک لە هاوڕێکانمان ئەم بەرەنگارییە رادیکاڵەیان بە بار بەسەر شانیانەوە دەبینی، بۆیە دوودڵ نەبوون لە دانانی ئەم بارە، بەڵام بۆ من پرسەکە بەم شێوەیە نییە، ناتوانم لە بەرامبەر هێرشی ئاژەڵێکی دڕندەدا لە جێگەی خۆم وشک بم، رەق راوەستم و بەرەنگاریی نەکەم، بڕوا بەوە بهێنم ئەو بەهێزترە، منیش نێچیریکی چەوری لاواز کە تووشی بەڵای خۆم بووم. هیچ شتێک لەو راستییە ئاشکراتر نییە کەولگۆڕینی سەرمایەداریی بە مانای زیاتر دڕتر و چەپەڵتربوونی سیستمەکەیە نەک بە پێچەوانەوە، جەنگی هەنووکەی رووس

و ئۆکراین نموونەیەکی زۆر گونجاوە کە کۆتایی ئەم جەنگە هەروا ئاسان نییە ئەگەریش چەکی ئەتۆمی تێدا بەکارنەهێنرێت، ماڵوێرانییەکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە غەوغای سیستمی نوێی جیهانی نە زراوی بردووم نە چۆکی پێداداوم تا سەرپۆشی واقیعبینی بدەم بەسەر چەک داناندا.

وا ناکەم بە ئومێدەوە بەرەنگاریی دەکەم، ناکەومە ئەو تەڵە پۆستمۆدێرنەوە وایدەبینێت ئایندە هەر ئەو ئێستا تاڵەیە، رێک پێچەوانەی ئەو بیرکردنەوەیم، ئایندە لە ئێستاوە بنیات دەنرێت. فوکۆیاما بە تێزی (کۆتایی مێژوو) ویستی وانەیەک فێری دەستەمۆکان بکات، ئەویش کۆتایی مارکسیزمە، بەڵام ئیگلتۆن وتەنی لە ئێستادا کۆتایی مێژوو کۆتایی هاتووە. سەرەتای مێژوویەکی تازە لە دوای داڕووخان و داگیردنی وۆڵستریتەوە دەستی پێکردووە، ئەو فیگۆرەی رابەرایەتی فیکریی و زەینی ئەم مێژووە نوێیە دەکات یانوسی خواوەندی سەرەتاکانی رۆم نییە، پێناچێت لە مارکس بەولاوە کەسێکی تر بێت. ئەمەش رستەیەکی شیعریی و خەونێکی ئایدۆلۆژیی رووت نییە، ئەوەی لە هەناوی کۆمەڵگەی جیهانیی دوای پەتای کۆرۆنادا دەگوزەرێت، دەرگاکردنەوەیە بۆ هاتنەوە مەیدانی دیسکۆرسێکی مارکسیستیی کە دەیانویست بەزۆرەملێ وەک (حکایەتی دووەم) فڕێی بدەنە دەرەوەی مێژوو، ئێستا ئەوەی ماوە بەسەرچووە مارکسیزم نییە، ئەو کاپیتالیزمەیە لە فەراهەمکردنی ژیانی گونجاو و وەک یەک و دەستەبەرکردنی ئازادییەکاندا کورتی هێناوە، ئەو فاکتۆرانەشی لە پشت داوەشان و هەرەسهێنانی سەرمایەدارییەوە راوەستاوە بە تەنیا قەیرانی ئابووری نییە، بە قەدەر ئەوەی لە تەنیشت قەیرانە ئابوورییەکەوە سیستمەکە دەرگیرە بە دەیان قەیرانی ناوەکیی تر کە مرۆڤی لە مرۆڤبوون خستووە. لە سەروەختی پەیدابوونی کۆرۆنا ڤیرۆسەوە لە وتارێکمدا بەشێوەیەکی ئایرۆنی نووسیبووم (مارکس نەگەڕاوەتەوە!)، چونکە مارکس بە خۆی و جیهانبینییە رەخنەگرانەکەیەوە هەمیشە لێرە بووە و باری نەکردووە نەک بەو شێوەیەی وەک مۆدێک هاتبێتەوە، بۆ نا ئەگەر بڵێین رۆژگارێک لە گەڕانەوەدایە تێیدا سەرلەبەری هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، چەپ، هێزە راستڕەوەکان فڕێدەداتە دەرەوەی مێژوو. رەنگە هەمان ئەو رۆژە بەهۆی ئیرادەی

ئێمەوە لە پێشوازییدا بێت، مارکس وتەنی بڵێین: (گوڵ لێرەیە، لێرە سەما بکە).

سێیەر: جیهان لە سەدەی نۆزدەدا لە چاوەڕوانی پەیدابوونی مارکسێکدا بوو، لێرە مەبەست لە خودی مارکس نییە وەک تاکەکەس، مەخسەد لەو جیهانبینییە شۆڕشگێڕ و رادیکاڵەیە، ببووە پێویستییەکی پلە یەک و هەرە گرنگ بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەوساندنەوەی چینایەتی. لە سەدەی بیستەمیشدا مارکس و مارکسیزم لەسەرو هەر فەیلەسوف و دۆکترینێکی ترەوە ناویان بە قووڵایی سەدەکە دەهات و دەڕۆیشت. تا ئەم لەحزەیە کۆمۆنیزم نەبووە بە حکایەتی دووەم و چیرۆکێکی کۆن و بە هەڵوەشاندنەوەی سۆڤێت کۆتایی نەهات وەک سلۆتەردایک (بە گەورەترین کۆمپانیای پەیوەندیی جەماوەریی) لە قەڵەم دەدا (بەرهەمێکی دەفرۆشت ناونرابوو شۆڕشی رووسیا) بەڵکو مارکس لە هەر فەیلەسوفێکی تر زۆرتر ئامادەیی هەیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا. گەڕانەوەی مارکس وەک لە وتارێکیشدا ئاماژەم بۆ کردووە هەڵەیەکی میتۆدلۆگییە، مارکس وەک میتۆدێکی رەخنەگرانە بە بەردەوامیی لە ئەتمۆسفێری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ئامادەگی هەبووە، لە دیاگنۆسی رووخساری چەوساندنەوەی نوێدا هەردەم لێرە بووە و هیچ کات نەڕۆیشتووە تاکو بگەڕێتەوە. چەوساندنەوەش لە دیدگای کلاسیکیی مارکسدا بە کرێگرتنی وزەی کرێکارە لەلایەن سەرمایەدارییەوە، وەک خۆی جەختی لەسەر دەکاتەوە: (چەوساندنەوە لەم سیستمەدا بەهۆی بە کرێدانەوە شاردراوەتەوە و بە روونی نابینرێت). دەشێ ئەم بنەمایە پراکتیس بکەین بەسەر هەموو ساتەوەختەکاندا، بەو پێیەی سەرمایەداریی سروشتی جێگیری خۆی تا کۆتایی دەپارێزێت، ئەمیش بریتییە لە کاری کرێگرتە و روحی قازانجخوازیی و زێدەبایی و بەکارهێنانی هەموو رێگاکان بۆ کۆت و بەندکردنی ئازادیی مرۆڤ لە رێی فرۆشتنەوەی کۆیلایەتییەکی مۆدێرنی ئارەزوومەندانە لە فۆرمی ئایدیاڵترین ئازادییدا. وەک مارکس خۆیشی هێمای بۆ کردووە سەرمایەداریی سەدەیەک یان هەزارەیەک تەمەن بکات هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت لەسەر بنەمای چەوساندنەوە رۆنراوە. جیاواز لەمەش ئایا هیچ فەیلەسوفێک لە مێژوودا دەرکراوەتەوە دەرەوە تا ئێمە مارکس بخەینە دەرەوە گوایە تێزەکانی مۆدیان نەماوە؟!، ئایا دەکرێت بە

چاوی مۆدەگەراییەوە تەماشای ئەفلاتۆن یان سپینۆزا یان دیدرۆ بکەین، تاکو باس لە بەسەرچوونی مۆدی مارکس بکەین؟. ئەگەر نیچە خۆی بە فەیلەسوفێکی دڕندە پێناسە بکات، ئەوا مارکس ئەو خێوە تۆقێنەرەیە تا کۆتایی بە دوای کاپیتالیزمەوەیە یان ئەگەر نیچە دینامیتی تێکوپێکدانی مۆراڵە کۆنەکان بووبێت، ئەوا مارکس لە بۆمبی هایدرۆجینی سامناکترە بۆ کاپیتالیزم. ئەوەی لە مارکس جێماوە دەکرێت کۆمۆنیزمیش نەبێت بە مانای دەقاودەقی وشەکە، بۆی هەیە کلێشە رەخنەییەکان و گیانی بەرەنگاریی و ئەکتی رادیکاڵ بێت لە رووبەڕووبوونەوەی ستەمکارییە نارِوونەکانی دنیای تازەدا.

من: لەو روانگەوە باس لە پێویستبوونی مارکس دەکەین هێزێکی رەخنەگرانەی ئەکتیڤە دژ بە کرۆکی سیستمی کەڵەکەی سەرمایە و جەمکردنەوەی قازانج و بە بازارِکردنی پانتاییەکانی ژیان. تەنانەت تەکنیک چیتر ئامرازێک نییە بۆ خۆشبەختی بەڵکو ملی شکێنراوەتە ناو ئەو سیستمەی مەسرەفگەرایی دیوێکێتی و دیوەکەی تری بە کاڵاکردنی خودی مرۆڤە. ئەگەر لە بۆچوونەکەی گاستۆن باشلار بگەڕێین (مێژووی زانست بریتییە لە مێژووی هەڵەکانی زانست). لەم دۆخەدا چیدی زانست بە پێی وتە باوەکە رۆڵی رووناکەرەوە ناگێڕێت، بەڵکو بەشدارە لە بانگهێشتکردنمان بۆ ئامێزی تاریکی!. مرۆڤی نوێ ناوێکی ساختەیە بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمەی بە تەنها ماتریاڵەکانی بەردەستی زیرەک و زرنگن دەنا وەک خودی خۆی ئەوپەڕی دەبەنگ و لاژگە، حۆلێتییەکەی لەوەدا بەرجەستە دەبێت پێیوایە ئەزموونی دوو سەدەی باڵادەستی زانست و عەقڵی ئامێریی بارتەقای هەموو ئەزموونی مرۆڤایەتییە. رەنگە ئەمە لاواندنەوەی رابردوو نەبێت بە قەدەر ئەوەی نیشاندانی ئەو دۆزەخە تازەیەیە شەپۆلی چوارەمی تەکنۆلۆژیا بۆی ئامادە کردووین. ئێستا لەناو ئەو فەزا خنکێنەرەدا دەژین رووکەشگەرایی و گەنجپەرستی و بۆتۆکس و سلیکۆن ئیدارەی دەکات، لەو چاخەدا دەژین بیریاری ئەڵمانی بە رەگەز کۆریایی چول هان بە (دیکتاتۆرییەتی نیولیبراڵیزم) دەیناسێت. هێندەش بەدگومانە بەرامبەر بە شۆڕشی تەکنیک دەڵێت (لە تەکنۆلۆژیا تۆقیوم). ئەمە تراومایەکی نوێیە، منیش چەند ساڵە بیری لێ دەکەمەوە.

سێیەر: کارڵ مارکس دەسپێک و کلێشەیەکی رەخنەگرانەی هەڵتەکێنەر و زانستیی و رادیکاڵە لە بەرامبەر سەرمایەدارییدا (لێ مارکس یەکەم کارەکتەری مێژوویی نییە لە رەخنەکردنی کاپیتالیزمدا)، یەک رایەڵی سەرەکی هەیە لە نێوان تەواوی بەرهەم و نووسراوەکانی مارکسدا ئەویش بریتییە لە رەخنە. ئەگەر مارکس لە کتێبەکانی (رەخنە لە فەلسەفەی راستیی لای هیگڵ، رەخنە لە ئابووری سیاسیی، رەخنە لە بەرنامەی گۆتا، رەخنە لە فەلسەفەی دەوڵەت لای هیگڵ) روون و راستەوخۆ تێرمی رەخنەی بەکارهێنابێت، ئەوا کۆی کتێبەکانی تریشی لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانییەوە تاکو کاپیتال بریتییە لە بەردەوامیدان بە رەخنە، تا ئەو ئاستەی بۆ مارکسیستێکی وەک جۆرج لۆکاچ مارکسیزم لە فۆرمە هەرە باڵاکەی خۆیدا پارادایمێکی رەخنەییە. هەندێک رمەکە دوورتریش هەڵدەدەن و پێیانوایە مارکس هێندەی رەخنەی لە سەرمایەداریی گرتووە، چارەکی ئەوە کۆمۆنیزمی شیتەڵ نەکردووە، ئەوەندەی ویستوویەتی ناوەڕۆکی سامناکی سیستمی چینایەتی بداتە بەر رەخنەی بێ بەزەییانە نەیویستووە چ کارێکی تر بکات. پڕۆژە رەخنەییەکەی مارکس بە پەرش و بڵاویی و تەواونەکراویی مایەوە، هەموو ئاگاداری ئەو فاکتەین پێش تەواوکردنی دوا رەشنووسی کتێبی کاپیتال، مارکس بەسەریدا مرد و ئەنگلس ئەرکی پاکنووسکردنی بەرگی سێهەمی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ، زۆرێکیش لە نووسراو و کتێبەکانی مارکس بریتی بوون لە قسەکردن لەسەر شێوازی هزرینی بیریار و فەیلەسوفانی تر، بەڵام وەک گوتمان بە گوێرەی میتۆدێکی رەخنەییانە.

ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کارڵ مارکس نە پڕۆژە رەخنەییەکەی خۆی لە سەرمایەداریی و نە فۆرمۆڵەبەندیی ئەڵتەرناتیڤەکەی (کۆمۆنیزم) نەگەیاندە کەماڵ، لێرەدا پێویستە کەوانەیەک بکەمەوە و بڵێم (کەماڵ بە مانای ئەوە نییە، بۆیە دەتوانین ئیزافە بخەینە سەر مارکسیزم چونکە پڕۆژەیەکی تەواونەکراوە، بۆیە مافمان هەیە تەواوی بکەین، ئەگەر پڕۆژەیەکی تەواویش بووایە هەر دەبوو بە پێی ناوکۆییە مێژووییەکان دەستکاریی بکەین و خوێندنەوەی تازەتری لەسەر هەڵهێنجین)، بەڵام ئەم ناتەواوییە هیچ لە پێگەی فیکریی و فەلسەفیی وی کەم ناکاتەوە، زێدەتر

مەخسەدم لەوە بوو بڵێم رەخنەگرتن لە سەرمایەداریی و کلێشەسازیی کۆمۆنیزم، شتێکی تەواو نەکراوە و پێویستە بنەماکانی ئەم ئایدیایە پەرەپێبدرێت و خوێندنەوە لە دوای خوێندنەوە بۆ تێپەڕاندنی سیستمی سەرمایە بخرێتە بەردەست، نەک ئەوەی مارکسی سەدەی نۆزدە بخرێتە خزمەتی تەمەندرێژیی کاپیتالیزمەوە، وەک چۆن هەموو جارێک سەرمایەداریی بۆ تێپەڕاندنی هەر قەیرانێکی خۆی، لا لە کتێبەکانی مارکس بە تایبەت کاپیتال دەکاتەوە، هەر جارەشی بە جۆرێک لە جۆرەکان ئۆکسجینی تێدا دەدۆزێتەوە تا هەناسە بگێڕێتەوە بۆ سەرمایەداریی لیبراڵیست و نیولیبراڵیستیش، ئەمە روانگەیەکی ئاینسالاریی نییە وەک ئەوەی موسڵمانان خوویان پێوە گرتووە و رەسەنێتی و ریشەی هەر دۆزینەوەیەکی نوێی زانستیی دەگەڕێننەوە بۆ قورئان، بەڵام هێشتا مێژووی فیکری خۆرئاوا، مارکسێکی تری بەخۆیەوە نەدیوە لە خوێندنەوە و ئاناتۆمیکردنی ئابووری سەرمایەدارییدا. بەم هۆیە هەموو کات پەنای بۆ براوە. هەندێک لەو بڕوایەدان تەنیا یەک فۆرمی مارکس لە ئارادا نییە، بەڵکو مارکسێکی فرەدەنگ و فرە رەهەند هەیە، هەم تیۆریسیۆنی ئابووری هەم شۆڕشگێڕێکی کلاسیکی و هەمیش فەیلەسوف و مێژووناس و دۆزەرەوەی قارەی ونی مێژوو. لەم سۆنگەوە ناتوانین ئەو مەحکوم و بەند بکەین بە یەک رووخساری کۆنکرێتی، چونکە کەم بیریار و فەیلەسوف هەن وەک وی فرە ڕووخسار و فرەدیو، کەم بیریاری تریش هەن هێندەی مارکس تەمەندرێژێکی تەندروست بن.

من: مارکس و ئەنگلس هەردووک پێکەوە لەناو دڵی سەرمایەداریی پیشەسازییدا کۆمۆنیزمیان وەک دۆکترینێک بۆ تێپەڕاندنی فۆرماسیۆنی سەرمایەداریی پێشکەش کرد. مارکس لە نامەیەکیدا بۆ ڤیدمایەر بە مێژووی ٥ی مارسی ساڵی ١٨٥٢ ئەوەی نووسیووە، خۆی بە دۆزەرەوەی چینەکان و ململانێ چینایەتییەکان نازانێت، بەڵکو مێژوونووسە بۆرژواکان بۆ خۆیان ئەم سەرەداوەیان لە مێژووی مۆدێرندا دۆزیوەتەوە و توێکارییان کردووە، بەڵام سەبارەت بە کارکردنی خۆی لەم راستایەدا، مارکس ئەوە دەخاتەڕوو ئەوەی ئاشکرا کردووە سەرئەنجامی ئەم ململانێیە بە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی چینایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی

بێ چین تەواو دەبێت. خوێندنەوەکانی ئەوان لە ناوەڕاست بۆ چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدە بوو، لینین چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمی بۆ شیتەڵ کردین و شۆڕشی تێدا بەرپاکرد، بەڵام ئێمە وا چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەک تێدەپەڕێنین، جیهانی نوێ پێویستی بە دیسکۆرسی نوێ هەیە، نەک بە وەلانانی ئەوەی مارکس ئاشکرای کرد، بەڵکو بە خوێندنەوەی تازە بۆ ئەنجامگیرییەکی نوێ لە بارەی کاپیتالیزمەوە. خودی ترۆتسکی ساڵێک دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم پێداگریی دەکرد ئەگەر سەرئەنجامی ئەم جەنگە بە شۆڕشی پرۆلیتاریی لە خۆرئاوا (ئەوروپا و ئەمەریکا) کۆتایی پێ نەیەت، کاری هەرە ئەولەوی بریتییە لە پێداچوونەوە بە بیری مارکسیزمدا و زەمینە رەخساندن بۆ تازەگەریی و گۆڕینی دیسکۆرسی کۆن بۆ گووتاری نوێ.

مارکۆزەش ماتەمی ئەوە دایگرتبوو چەپ ببێتە قاڵبێکی چەقبەستووی خاوەن یەک راڤە، ئەو راستییە ئاشکرایە لە بیر بکرێت مارکسیزم لە خۆیدا تیۆرییەکی دیالەکتیکی و مێژووییە، بە جۆرێک نەریتێکی چەپ زاڵ ببێت نەتوانێت بونیادە گۆڕاوەکانی سەرمایەداریی دەرک بکات. لە ئاستیدا لۆکاڵیشدا نابێت فاکتێک نادیدە بگرین، ئەویش ئەوەیە کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس وەک تاک سەر بە ژیاری خۆرئاوا بوون، ئێمە لەم بەشە چەپەکەی رۆژهەڵاتی زەوی، پێویستمان بە خوێندنەوەی تر هەیە، لەگەڵ سۆسیۆسایکۆلۆژیای رۆژهەڵاتدا بێتەوە، مارکس رۆشناییەکە ئێمە کۆمەڵگەی کوردیی پێ بخوێنینەوە، پێش ئەوەشی مارکسیزم میکانیزمێک بێت بۆ گۆڕینی واقیع، دەبێت چەپی کورد بە تیۆرییەک بۆ راڤەی واقیع چاوی لێ بکات، بە تەواوییش بڕوام بەوە هێناوە هەر کۆمەڵگەیەک مۆدیلێک لە چەپ بەرهەم دەهێنێت. کۆی ئەم هەوڵەش لە پێناوی دووبارە داهێنانەوەی نەریتێکی چەپی بەهێزە ساڵانێکە لە گۆڕەپانەکەدا پیوارە و لە پەراوێزی پەراوێزدا قسە دەکات. بیرم نییە لە چ جێگەیەک خوێندوومەتەوە، مارتن لوسەر ویستی هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ نوسخەی رەسەنی مەسیحییەت، کەچی سەرەنجامی کارەکەی نەک بە کەنارگیرکردنی ڤاتیکان کۆتایی هات، دەرگای لەسەر مێژوویەکی پڕ گۆڕانکاریی نوێش کردەوە!، وەک بڵێی هەموو وەرچەرخانێک بە جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ

میراتی یەکەم بەسترابێتەوە، ئێمەش بە گەڕانەوە بۆ مارکس مەبەستمانە کارێکی لەو چەشنە بکەین، پێموایە ئەگەر بە هۆشیارییەوە دەست بۆ ئەم ئەرکە ببەین، لە بری هێنانەوەی چاپە ئۆرسۆدۆکسییەکی مارکسیزم، کارێکی پێچەوانە دەکەین بە ژیانەوەی کاتیگۆرییەکی تری مارکسیزم لە خۆی رابپینێت ببێتە وەڵامدەرەوەی ئەم پێڤاژۆیەی دنیای تازە. بە کورتی گەرەکمانە مارکسیزمێکی هیترۆدۆکس لەسەر کەلەپووری کلاسیکی مارکسیزم پەرەپێبدەین بۆ خوێندنەوەی ئەو جیهانە ساکار|ئاڵۆزەی پێی دەگوترێت دنیای کوردیی.

سێبەر: لەبەرئەوەی ئاگاییم هەیە بەوەی مێژوو بە چڕیی دەکەوێتە ژێر باندۆری جوگرافیاوە، بە دەربڕینێکی تر جوگرافیا رۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا، تەنانەت تۆپۆگرافیا مۆری خۆی لە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆیی دەدات، لە هەوڵی گەلاڵەیەکی خۆماڵی تیۆری مارکسیستیدام. مارکس و ئەنگلس لە سەرنجدانیان بۆ مێژووی رۆژهەڵات بەو راستییە گەیشتن خۆرهەڵاتی زەمین تا ئەو سەردەمە لە دەرەوەی تیۆرە چینایەتییەکانی ئەوان بووە، کاتێک لە فاکتۆرەکانی ئەمەیان کۆڵییەوە، هۆکارە تۆپۆگرافییەکانیان کردە هۆی بناغەیی!، چونکە هەڵکەوتەی تۆپۆگرافی خۆرهەڵات بە جۆرێک بووە کاری هەرەوەزیی خواستووە، بەم هۆیەوە ململانێی چینایەتی هەمان رەنگ و بۆی ململانێی چینایەتی نەبووە وەک ئەوەی لە رۆژئاوادا هەبووە، (هەڵبەتە تا ئەو ناوکۆییە مێژووییە). من تیۆرە لاستیکییەکانی مارکس بە ئاڕاستەیەکدا رادەکێشم پێشتر لە حاڵەتی کوردییدا بەم جۆرە مارکسیزم بەو ئاقارەدا رانەکێشرابێت، ئەوە هەوێنی کتێبێکی داهاتوومە، لە ئێستاوە پەیکەر و ناونیشانەکەیم لە مێشکمدا دەستنیشان کردووە، ئەگەر ژیان رێگە بدات دەست دەکەم بە نووسینی، هەر ناونیشانەکەی بۆ خۆی هەرا و ئاژاوەیەکی تیۆریی دەنێتەوە: (کۆمۆنیزم لە دژی کۆمۆنیزم). لە یەکەم دێڕی مانیفێستەوە دەستپێدەکەم (تارماییەک ئاسمانی ئەورووپای داپۆشیوە..) تا دەگاتە سەر وتەزای (فەیلەسوفەکان بە شێوەی جیاجیا شرۆڤەی دنیایان کردووە، بەڵام ئەرکەکە گۆڕینێتی). کەس ناتوانێت یەک رەهەند بەم وتەزایەی مارکس ببەخشێت و ناچارمان بکات بەو کۆپییە رازی بین لەبەر

وتەزاکە گیراوەتەوە، مافی خۆمە چۆن و لە چ ڕەهەندێکەوە لەو وتەزایە دەڕوانم، ڕەنگە من میتۆدی هێرمینیۆتیکی بەکاربهێنم، یەکێکی تر وەرگێڕانی حەرفی یان کەسانێک هەبن فۆرمالیستانە و سادە سەیری بکەن، کوشتنی دەق لەوێوە دەستپێدەکات مەحکوم بکرێت بە یەک تاکە ڕاڤە. هەر لەو کتێبەدا لا لە زۆر مژار دەکەمەوە بە تایبەت پرسی حەتمییەتی مێژوویی، ڕالف دەهرندۆرف پێی وابوو ئازادیی بکوژی ئازادییە، ئەمە دووبارەکردنەوەی دیدگای مارکسە کە پێیوایە هەموو شتێک لە زۆرتر گەشەکردنی خۆیدا خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە مارکس زۆر سەرگەرمانە پێداگریی لەو حەتمییە دەکردەوە سەرمایەداریی خۆی دەخوات، تا ئێستا کاپیتالیزم ئەژدیهایەکە نێچیرەکانی دەخوات، جارێ دیار نییە ئاخۆ قەپ دەکات بە کلکی خۆیدا؟، پرۆسەی خۆخواردنی دەبێتە ڕاستییەک؟. ئەم چرکەساتەش خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکم، پەرتووکێکی زەردهەڵگەڕاوی خوێن سووری ناو چەکمەجەی مێژوو، کتێبی (شۆڕشی لە خشتەبراو)، لەگەڵ ترۆتسکی لە پڕمەی گریان دەدەم ئەویش لە تەنیشتمەوە دەگری، من بۆ شکستی چەپ لە کوردستان، ئەویش بۆ لە خشتەبردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر!.

من: ڕەخنەی لیبراڵەکانیش برێک ئایدیالیستیانە و سەلەفیانەیە، بەوەی دەقەکانی مارکس و ئەزموونی دەوڵەتە سۆشیالیستییەکان بە یەکتر بەراوورد دەکەن!، ئەمە سەفسەتەیە، خۆ ئەگەر وابێت هەر کۆمۆنیستێک دەتوانێت کارەکە پێچەوانە بکاتەوە. مارکسیزم لە باڵاترین فۆرمی خۆیدا تیۆرێکی ڕەخنەییە، نە ئاینە و نە بڕوایەکی کۆنکرێتی چەشنی چەرپاکەی پرۆکرەست کۆمەڵگەکانی پێ لە قاڵب بدەیت، بەڵام ئایا مافی ڕەخنەمان نییە لە دەوڵەتە سۆشیالیستییەکانی ناو مێژوو؟، بە دڵنیاییەوە بەڵێ، وەک نەیانتوانی سۆشیالیزمی مارکس بهێننەدی، دەیانتوانی نەبنە دەوڵەتگەلی دیسپۆتیزمی، هیچ نەبوا دەیانتوانی کارێک بکەن کۆمۆنیزم لە خاوەنی وتەزای (مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە)ەوە نەگۆڕن بە خاوەنی کتێبی ڕەش، ماو تسی تۆنگ دەیتوانی کەمێک دەست شلتر بکات لە کۆمەڵکوژیی تیبتییەکاندا، پۆل پۆت دەیتوانی دوای خۆی سێ ملیۆن کەللەسەر جێنەهێڵێت، ستالین دەیتوانی ئۆردوگا زۆرەملێکان و قەڵا و زیندانە وەحشتناکەکان نەخاتە توێی مێژووەوە. پێش چەند

ساڵێک چەپێکی کورد لە پێناسەکردنی ستالیندا وتارێکی ڕۆمانسی و ریتۆریکانە دەنووسێت، بە تەوسەوە دەڵێت ستالین لە پەنا جگەرە و مێشوولەدا بە بکوژترین دانراوە! پێیوایە کێشەی سەرەکی ستالین ئەوەبوو زۆر رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە لەناو زەمەنێکی بێویژداندا بوو، (بە ئیقتباس لە کتێبی «مرۆڤانە زۆر مرۆڤانە»ی نیچە). هەموو کات مەرج نییە رادیکاڵبوون بەشێک بێت لە فەزیلەت، خۆ فاشیزم چالاکترین هێزی رادیکاڵ بوو لە سەردەمی خۆیدا، زۆر ریشەییانەش بیری لە گۆڕینی واقیع دەکردەوە، بیری لە هەڵتەکاندنی هەلومەرجە باوەکان و هێنانی بارودۆخێکی نوێ دەکردەوە.

سێیەر: لە دیدی باودا سەلەفییەت بەستراوەتەوە بە ئاینەوە، نەک ئەوەی سەلەفییەت دیاردەیەکی گشتگیر و فرە رەهەند بێت لەو میانەدا ئاینیش بگرێتەوە. سەلەفییەت تەنیا رووکارێکی ئاینیی نییە و لەو چوارچێوە تەسکەدا خۆی نابینێتەوە لە رەوتەکانی ئیسلامگەراییدا کورتی بکەینەوە. سەلەفییەت دیاردەیەکی فیکریی وشکهەڵاتووە سیاقەکان بە هەند ناگرێت، یەک وەڵامی کۆنکرێتی دێرینی پێیە بۆ هەموو پرسیارە نوێباوەکان و ئەوانەشی لە ئایندەدا دەشێ ببنە پرسیاری مرۆڤی داهاتوو. ئەگەر لە سەلەفییەتی ئیسلامیدا قورئان کتێبێک بێت وەڵامگۆی هەموو سەردەم و ساتەوەختەکان بێت، رەنگە ئەو کۆمۆنیستەی جیهانی نوێ بە تەرازووی مانیفێست دەکێشێت جیاوازییەکی شایانی باسی نەبێت لەگەڵ سەلەفییە ریشدارەکەدا. حیکمەتیزم ئەو چاپەی کۆمۆنیزم بوو بەسەر هۆشیاریی نەوەیەکی چەپڕەوی وەکو ئێمەدا زاڵ ببوو، وا بیر دەکرایەوە مەنسور حیکمەت بۆ یەک جار و بۆ هەمیشە چوارچێوە تیۆرییەکانی بۆ دیاری کردووین و کۆمۆنیزمی مارکسی خستووەتەوە سەر شاڕێگای خۆی و دوای خوێندنەوەکانی وی نۆبەتی پراکتیسی ئەو تیۆرییانەیە لە عەقڵی حیکمەتەوە داکەوتوون، چیتر پێویست نەبوو کادر رۆڵی هەبێت لە دەوڵەمەندکردنی تیۆریکیدا، تەنیا ئەرکی تەرجەمەکردنی ئەو تیۆرە ئەزەلییانە بوو بۆ سەری ئەرزی واقیع ئاغای حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاریی فۆرمۆڵەبەندییان کردبوو. شوکری فەزڵی کە هاوڕێی منداڵیی شێخ بووە، لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا و لە ساڵی ١٩٢٣دا لە ساتەوەختی حوکمڕانی شێخ مەحموددا

لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت: (ئیش کە رووی ئێستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی.. فکری وردیشی ئەویَ، هەر بە دۆعا و نوێژی نەکەی). ئێستا لە هەموو کات زۆرتر پێویستمان بە (فکری ورد)ە، وەک لە حەماسەت و دڵگەرمیی کوێرانە. بە بیَ بیرکردنەوە و تیۆری نویَ هیچ توانستێک لە ئارادا نییە و نابێت بۆ گۆڕینی واقیعی نویَ، نەسکی مارکسیزمی کلاسیکیی کەلەپووریکی شۆڕشگێڕیی و تیۆرییە، بەڵام بە مانای درێژەپێدان و پیادەکردنی نییە بەسەر ئەمڕۆ و سبەینێدا، مارکس وایدانابوو شۆڕشی پرۆلیتاریی لە دەمێکی نزیکدا دەتەقێتەوە و کاپیتالیزم کۆتایی پێدەهێنێت، لەگەڵ مەرگی کاپیتالیزمیشدا مێژوو دەگاتە خاڵی پایان، بەڵام ئایا ئەمە روویدا؟.

من: ئەگەر کونجکاوتر لەم پرسە بکۆڵینەوە ئاشکرایە مارکس تێزی حەتمییەتی مێژووی لە هیگڵ وەرگرتووە (مارکس سەرەتا یەکێک بوو لە هیگڵییە لاوەکان)، بەڵام لە تێزێکی ئایدیالیستیانەوە هەڵیگێڕایەوە بۆ تێزێکی ماتریالیستیانە (دیارە هیگڵ لەسەر دوو ئاست بۆ مارکس گرنگ بوو، یەکەم رەخنەگرتن لە ئایدیالیزم و دووەمیان دیالەکتیک). هیگڵ پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد (ئامانجی مێژوو رزگارکردنی روحی مرۆڤە) روحیش لە کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای روح)دا بە واتای هۆشمەندیی یان عەقڵ پێناسە کراوە، بەڵام مارکس پێویستییە ماددییەکانی کردە سەرچاوەی بزاوتی مێژوو کە لەسەر دەستی پرۆلیتاریا دەگاتە قۆناغی رزگاریی یەکجاریی، ئەویش بە دەربازکردنی مرۆڤ لە جەبریەتی ئابووری و موڵکایەتی تایبەت، ریچارد رۆتیَ فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەمەریکی (هەندێک بە فەیلەسوفێکی پۆستمۆدێرنی دەزانن، بەڵام خۆی ئەو بانگەشەیە رەتدەکاتەوە و بگرە دەڵێت لە پۆست مۆدێرنێتە تێناگەم) دەڵێت: (فۆرستەر چاک ئەو راستییە دەزانێت ئەو بزووتنەوە بیَ روحەی بە مێژوو ناسراوە بزووتنەوەی ئابوورییە). بە دیاریکراویی کارە هەرە گرنگەکەی مارکس بریتی بوو لە تەفسیری ماتریالیستیانەی مێژوو، وەک جارێک بەکر عەلی نووسیبووی: (مارکس رووە ماتریاڵییە مێژووییەکەی دازاین وەردەگرێت و هایدگەریش رووە ئۆنتۆلۆژییە بناغەییەکەی وەردەرگرێت). ئەگەرچی بۆچوونێک هەیە و پێیوایە ئەنگلس (ماتریالیزمی دیالەکتیک)ی چەمکاندووە

و کردوویەتی بە بەشێکی بنەڕەتی لە کۆمۆنیزم، ئەنگلس لە وەڵامی (شکارتە)دا بژاری ماتریالیزمی کردووە و لە خڵتە و پڵتە میتافیزیکییەکان پاکیکردووتەوە، هاوکات دیالەکتیکی لە ژەنگی ئایدیالیزم پاک کردووەتەوە و ماتریالیزمی دیالەکتیکی لێ هەڵهێنجاندووە.

سێبەر: هیچ کات کەشتی مێژوو لە هیچ کەنارێک لەنگەری هەتاهەتایی ناگرێت. هیراکلیتیس بەپێچەوانەی (پارمێنداس)ەوە بیر دەکاتەوە و پێیوایە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە، بازنەکە زیاتر فراوان دەکاتەوە و وایدەبینێ گەردوونیش بە ناکۆکی دژەکان هەڵدەسووڕێت، وا هزری دەکردەوە ئەم ناکۆکییە بالانسی بوونی راگرتووە، ئەو بوونەی بە یەک پارچە و پاکێج دەیبینێت، بەڵام هەموو شتێک لە خۆیدا بەشێوەیەکی دوالیزمی لە ئارادایە، هەر پۆزەتیڤێک دیوە نێگەتیڤەکەی خۆیشی هەڵگرتووە، ئەم تێمایە بۆ (مارکس)یش هەمان شت بوو، بەوەی کاپیتالیزم لە بوونی خۆیدا، بە ئەنتییەکەی خۆی دووگیانە، لێ لە دیالەکتیکی هیراکیلتیسدا شەڕ و ناکۆکیی نێوان جەمسەری سارد و گەرم بۆ لەناودانی یەکتر لە ئارادا نییە، بەڵکو سیستمی بوونیان پێوە پابەندە، بۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە گەردوون بە پێی هارمۆنییەکی دژبەرانە و گرژ خۆی بەڕێوە دەبات یان بە دەربڕینی ئەمانوئێل لیڤیناس (بوون بەشێوەی جەنگ خۆی دەردەخات). بەڵام مەرج نییە هەمیشە دووانە ناکۆکەکانی ناو بوون دەست بنێنە بینی یەکتر و یەکدی بگەوزێنن، جەنگی هیراکلیتسی جەنگێکە بۆ راگرتنی هارمۆنییەتی بوون و هەبووەکان، بگرە ناکۆکی و جەنگی نێوان دووانەکان یەکتر تەواو دەکەن نەک یەکتر بسڕنەوە. مارکس ئەم بەشەی لە تیۆری گۆڕانی دیالەکتیکی هیراکیلتیس فڕێدا و بە توندیی دەستی گرت بەو پرەنسیپە بنچینەییە بەهادارەی جەخت لەسەر هەڵسوڕانی گەردوون و هەموو شتێک دەکاتەوە بەهۆی ناکۆکی دژەکانەوە و لەسەر ئەمە و لەبەر رۆشنایی چراکەی (هیگڵ)دا تیۆرە دیالەکتیکییەکەی خۆی دامەزراند.

من: هیگڵ پێیوابوو ئەوەی مێژوو دەباتە پێشەوە بریتییە لە ئایدیا، مارکس پێیوایە پاڵنەرە ماتەرییەکان بزوێنەری مێژوون، مارکس خۆی دەڵێت: (فەلسەفەی هیگڵ لەسەر سەر راوەستا بوو من لەسەر قاچ رامگرت). پێش مارکس وا سەیری

مێژوو دەکرا زنجیرەیەک ڕووداوە لە رابـردوودا و تێپەڕیون و هیچ رایەڵێک لە نێوان ئێستا و رابـردوودا نییە، وەک دەگوترا مێژوو تەنیا وانەیەک بوو بۆ فێربوون، بەڵام لای مارکس مێژوو زنجیرەیەک ڕووداوی لێک نەپچڕاوە و هەموو ئەوەی هەیە لەسەر هەمان هێڵی مێژوویی خۆی هاتووە تا بە ئێستا گەشتووە. وشەی مێژوو لە رەگە گریکییەکەیدا بە واتای (دۆزینەوە) دێت. کەواتە مارکس چی دۆزییەوە و ئاشکرا کرد؟، ئەو لە ناو مێژوودا ململانێی چینایەتی بەشێوەیەکی زانستی ئاشکرا کرد، وەک لای فرۆیدیش بەشێوەکان لە شێوەکان سێکس کرابووە ئەو فاکتۆرە بنەڕەتییەی مرۆڤ بەرەو ئایندە ئاڕاستە دەکات، بەڵام فرۆم پێیوایە مرۆڤ یەک ماهیەتی کۆنکرێتی نییە، مرۆڤ مێژوویەکی دەروونی هاوبەشی نییە بەڵکو مێژووەکە پچڕ پچڕە، لە هەر پێڤاژۆیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، دەروونی مرۆڤ دەبێتە وێنەدانەوەی ئەو دۆخەساتە، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە فرۆید ئاناتۆمی دەروونیی مرۆڤی سەردەمی سەرمایەداریی دەکات نەک مرۆڤ بە درێژایی هەبوون.

سێبەر: لەولاوە دژە تێزێکی ترمان هەیە، بە پێی دیتنی شۆپنهاوەر مێژوو سەر بە هیچ لقێکی زانست نییە، تەنیا گێڕانەوە و پێکەوەگرێدانی ڕووداوە ئاشکراکانە (ناسینێکی عەقڵییە)، بەڵام نابێتە زانستێکی سەربەخۆ. مێژوو بۆیە ناخرێتە چێوەی زانستەوە، چونکە زانست لە شتانێکی جێگیر دەدەوێت دەیمومەیان هەیە، هەرچی مێژووە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، تێپەڕیوە و بەردەوامی نییە چ لە ئێستادا چ لە داهاتوودا، بەم هۆیەوە (گشتیترین شت لە مێژوودا دڵنیاترین شتە). چونکە ئەو وایدەبینێت تا ڕۆبچینە ناو ڕووداو و بەشەکانییەوە زۆرتر تووشی بەدگومانی دەبین بە جۆرێک ماکی خۆی تێدەپەڕێنێت بەرەو چیرۆکی خورافی و ئوستوورە. رەخنە لەو دیدە مێژووگەرایییەش دەگرێت ئەمڕۆ بە درێژکراوەی دوێنێ دەبینێت و بەراووردی ڕوانگەی فەلسەفی و مێژوویی دەکات بەوەی یەکەمیان بە چڕیی لە قووڵبوونەوەدایە و ئەمیتریان بەسەر هێڵێکدا دەڕوات تا (کۆتایی چیرۆکەکە بگێڕێتەوە). لەم بارەوە رەخنە لە لایەنگرانی فەلسەفەی هیگڵ دەگرێت و بەوە تۆمەتباریان دەکات لە ئەفلاتونەوە هیچ فێرنەبوون، ئەگەرنا ئەوەندە شێلگیرانە

لە رەسەنێتی مێژوو نەدەدوان!. بە زمانێکی رەقیش دەنووسێت: (مێژووپەرستان کۆمەڵێک واقیعباوەڕی ساویلکەن، دەستەیەک گەشبین و چێژگەران). لای وی مێژوو بە شێوەی راستەهێڵێک نارواتە پێشەوە، بەڵکو لە (سروشتی خۆیدا متمانەپێنەکراوە). لە درێژەدا فەلسەفەی راستەقینەی مێژوو روون دەکاتەوە بەوەی (پێویستە جێگیریی و یەکسانی لە هەموو رووداوەکاندا، لە کۆنەوە تا ئێستا، لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا، دەستنیشان بکات، وێڕای بوونی جیاوازیی لە بارودۆخ و نەریت و کولتوورەکاندا، بەڵام کۆشش دەکات لە هەموو جێگایەکدا هەمان مرۆڤایەتی ببینێت).

من: مێژوو شتێک نییە تێپەڕیبێت و پەیوەندیی بە ئێستاوە نەبێت یان لە داهاتوو دابڕابێت، مێژوو لە خۆیدا بێلایەن نییە، بەڵکو ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات مێژوو دروستی کردووە، بەڵام دژی مێژووگەرایی و حەتمییەتی مێژوویيم، لە دیدی مێژووگەراییەوە جووڵەی مێژوو خاوەنی رێڕەوی خۆیەتی، ئەگەر ئەو یاسانە ئاشکرا بکرێت مێژوو هەڵدەسووڕێنن، دەتوانرێت ئێستا بزانرێت و داهاتووش دیاری بکرێت. رەنگە کۆک بم لەگەڵ بەشێک لەم دیدگایە، بەوەی مێژوو پچڕ پچڕ نییە و ئێستا لە بۆتەی مێژوودا دروست بووە، بەڵام ناتوانم لەوە دڵنیا ببمەوە پێچکردنەوە روونادات و مێژوو بەو شەقامە تاکسایدەی خۆیدا دەڕواتە پێشەوە، چونکە مێژوو بەپێی نەخشەیەکی دیالەکتیکی بۆپێشەوە دەڕوات، جا مەرج نییە ئەم پێشکەوتنە لە مێژوودا بە بارێکی پۆزەتیڤدا بێت، دەشێ وەک ڤاڵتێر بنیامین هێمای بۆ دەکات سەرنشینەکانی شەمەندەفەری مێژوو کتوپڕ برێکی ترێنەکە بەرەو سەرەوە هەڵبدەنەوە و مێژوو رابگرن، ئەمەش نموونەکەی لە سەردەمی بنیامین خۆیدا روویدا بە دەرکەوتنی نازیزم و فاشیزم لە ئەوروپادا. جیا لەمە حەتمییەتگەرایی مێژوو نەریتێکی میتافیزیکییە و وا لێکیدەداتەوە رەوتی مێژوو بە دوای یەک تاکە ئامانجەوەیە، بە بەدیهاتنی ئەوەش پەردە لەسەر درامای مێژوو دادەرێتەوە، وەک چۆن ئەم ئایدیالیزمە فرانسیس فوکۆیامای سەرمەست کرد بە جاڕدانی (کۆتایی مێژوو) و سەرکەوتنی دیموکراسی لیبراڵی بە نوسخە ئەمەریکییەکەی. ئەگەر مارکسیزمی کلاسیکی پێیوابووبێت مێژوو بۆ ئەو دەمێنێتەوە، مانای ئەوە نییە

نەکەوتبێتە چاڵێکی میتافیزیکییەوە، هەروەک چۆن پێشتریش هیگڵ کەوتبووە ناو ئەم گۆماوەوە. حەتمییەتی مێژوویی بێماناکردنی تێکۆشانی سیاسییە، بەو پێیەی ئەگەر سەرئەنجامی سەرمایەداریی هەر تیاچوونە و نەزمەکە لە نێوخۆیدا تۆوی مەرگی هەڵگرتووە، چی پێویست بە خۆ ماندووکردن دەکات؟، سەرمایەداریی لە بری ئێمەش ئەرکی کفن و دفنکردنی خۆی دەگرێتە ئەستۆ. بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارەش دیسانەوە، روانگەی روونی بنیامین فریامان دەکەوێت: ئەو بووکەڵەیەی پێی دەگوترێت ماتریالیزمی مێژوویی وا دانراوە هەمیشە براوە بێت، ئیتر ئەو بە ئاسانی دەتوانێت دژی هەر نەیارێک رابێت و بیبەزێنێت.

سێبەر: کەواتە ئاینده جەبری تێدا نییە، لەسەر ریتمی فیلمە سینەماییەکان شێوەی نەگرتووە تاکو پێشوەخت سیناریست کۆتاییەکەی دیاری کردبێت، شتێک نییە پێشوەختە نووسرابێتەوە و وەک موگناتیسێک هەرچی هەیە بەرەو خۆی رایبکێشێت بەڵکو مێژوو یان ئاینده خاڵییە لە هەر فۆرمە حەتمییەتێک، وەک ئەوەی لە دیدی هیگڵدا مێژوو ناچارکرابوو بە دوای ئامانجێکەوە بێت، بە پێچەوانەوە ئاینده هیچ چارەنووسێکی ئامادەکراوی تێدا نییە بەو جۆرەی لە پێشگۆییەکانی نۆسترادامۆس یان ئێڵ بەگی جافدا خراوەتەوە روو کە کۆتایی هەر پێشگۆییەکی بە شیعر داڕێـژراوی ئێڵ بەگ بە گـوزارەی (هـەروا بووە و هەرواش دەبێ) داخراوە. بەڵکو ئاینده بەرئەنجامی ململانێیە، ئەو پێکدادانانەی هەنووکە رەسمی ئاینده دەکەن. بە کورتی مێژوو یان ئاینده گەشتێک نییە بە پاپۆڕ تا کەنار دیار بێت، بەڵکو رەوشێکی دیالەکتیکییە و کەوتووەتەوە سەر ئەوەی چۆن رووبەڕووی دەبینەوە. ئەگەرچی من بە سەربەخۆ و لە رێی تێڕامانە خودییەکانەوە بەو دەرئەنجامە گەیشتم دیتێرمینیزم رەتبکەمەوە، خۆشبەختانە هەر لە ریزی کۆمۆنیستەکاندا هـاوڕای زۆرم هـەن، لەوانە ئەنتۆنیۆ گرامشی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵی، ئەو لە زیندانی فاشییەکانەوە تیۆریزەی زۆر چەمکی کرد وەکو رۆشنبیری ئۆرگانی و نەریتی، هەژموون، بلۆکی مێژوویی، لە لێکدانەوەکانیشیدا بۆ چەمکی دیتێرمینیزم (جەبرگەرایی) هاوڕای مارکس نەبوو، بەڵکو ئەو لایەنگری جەدەلییەتی مێژوو بوو نەک جەبرگەرایی. هەرچی مارکسە

لە خوێندنەوە ماتریالیستییەکەی مێژوودا چاوی بڕیبووە دروستکردنی ئایندە، فەلسەفەشی لەو ترادیسیۆنە زاڵە رزگارکرد تەنێ قسەکردن لە هەمبەر رابردوو یان خوێندنەوەی هەنووکە بێت، نەریتی فەلسەفیی گۆڕی بۆ دوان لە بارەی ئەوەی مومکینە لە داهاتوودا مێژوو بە خۆیەوە ببینێت. بە دیوێکی تردا مارکس پێیوابوو فەلسەفە هەتا ئەو ساتەوەختەش قسەی لە بارەی ئەوەی بەرجەستەیە کردووە نەک ئەوەی دەکرێت بەرجەستە بکرێت لە داهاتووی دوور یان نزیکدا، ئەو هەموو رەخنەی خۆی لە فەلسەفە (دواجار هەڵگۆزینەکانی ئەویش بوو بە فەلسەفەیەکی تر) لەوەدا چڕ کردەوە ئەرکی فەلسەفە تەنیا راڤەی دنیا و واقیع نییە، هیچ نەبێت لە ئێستاوە (سەردەمی مارکس) ئەرکی گۆڕانکاریشی لە ئەستۆدایە. بە کورت و کرمانجی هیچ نەبێت مارکس مێژوونووس نەبوو، تا ئارەزووی تەماشاکردنی رابردوو، رێگەی بینینی داهاتووی لێ بگرێت.

من: پێموانییە بە گەشتن بە سۆشیالیزم یان لە ئەگەری هاتنەدی کۆمۆنیزمدا، جیهان بگاتە پایانی مێژوو بەڵکو هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم مرۆڤ بە ئازادیی رەها و بەختەوەریی و شادومانی بگات، ئازادیی رەها و بەختیاریی دوو فێڵ و داهێنراوی وەهمین بۆ خۆدزینەوە لە نیگەرانییەکانی ژیان!. تەنیا بەو جۆرە لە کۆمۆنیزم تێدەگەم ئایدیایەکە (گرامشی دەیویست ئایدیالیزم تێکەڵ بە کۆمۆنیزم بکات) لە هەوڵدایە بۆ دەستەبەری بڕێکی زیاتر لە ئازادیی و دابینکردنی لانیکەمی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤایەتی. لە بنەڕەتدا هەبوون (بە مانا هایدگەرییەکە) رووداوێکی ئازادانە و رۆمانسی نییە بەڵکو فڕێدانی مرۆڤە بۆ ناو جەنجاڵییەکانی بوون و جیهان، ئەمەش مانای ئەوە نییە مادام حیکمەتێک لە هەبوون و ژیاندا نییە، ئیدی خۆشمان هێندەی تر ژەهر بخەینە ناو پیاڵەی ئەو ژیانەی رۆژانە و چەند ژەمە لێی دەخۆینەوە، مادام ژیان رووداوێکە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا، لە نێوان وەهم و راستیدا، جۆرێکە لە جەبرگەرایی و داسەپاویی بەسەر سوبێکتدا، عاقڵانە نییە خودی خۆیشمان بە هەڵچنینی دیوارە ئەستوورەکان لە بەردەم ئەم رووبەرە کەمەی ئازادیی و بەختەوەرییدا، هێندەی تر بواری هەناسەدان تەسک و تەسکتر بکەینەوە. سۆشیالیزم تەقەلایەکی شێلگیرانەیە بۆ لابردنی ئەو لەمپەرانەی

سیستم لە جیهاندا قوتیکردوونەتەوە بە تایبەت لە رووی ئابوورییەوە، دواجار نەزمیش وەک ئاین یان هەر مارکەیەکی تر بەرهەمی کارگەی عەقڵی ئینسان خۆیەتی. گەرچی ئەزموونی تاقیکراوەی کۆمۆنیزم لە سۆڤیێت و جێگەکانی تر، سەرباری هێنائارای دیسپۆتیزم و خوێنڕێژیی زوو هەرەسی هێنا، ئێمە خوازیاری خوێندنەوەیەکی ترین لەسەر کەلەپووری مارکس و مارکسیزم بە هەمان رێگەی هەڵدێردا نەڕوات، ئەگەر نا بۆچی دەبێت ئێمە دیکتاتۆرییەتی سەرمایەداران بگۆڕین بە دیکتاتۆرییەتی کۆمۆنیستەکان نەک پڕۆلیتاریا؟ کە هەرگیز کرێکار نەگەیشتە دەسەڵات لە هیچ شوێنێک، ئەوەی دەسەڵاتی گرتبووە دەست چ لە سۆڤیێت چ لە چین و شوێنانی دیکە، پارتی کۆمۆنیست بوو، پێکهاتەی سەرەکیی ئەم حزبانەش لە رۆشنبیرانی وردە بۆرژوازی پێکهاتبوو و بە ناوی پڕۆلیتاریاوە پاکتاوی سیاسیی و فیزیکیی چینی کرێکاریان کرد، نموونەی زیندووش شەڕی ناوخۆی رووسیایە کە تێیدا سوپای سوور زیاتر لە سێ ملیۆن کرێکاری لەناوبرد!.

سێیەر: سوپای سوور بەشێکە لە ریژیڤیۆنیزمی مارکسیستی، تەنانەت هەڵگەڕانەوە روون و ئاشکراکەی لینین لە تیۆری مارکس ئەوە بوو بە پێچەوانەی مانیفێستی کۆمۆنیستەوە کە پێداگریی تێدا کراوە کۆمۆنیستەکان حزبێک بە جیا لە کرێکاران دروست ناکەن، بەڵام بەڵشەفیزم حزبی کۆمۆنیستەکان بوو بەبێ جەماوەری کرێکار! هەڵبەتە ئێمە باس لەو سیاقە مێژووییە دەکەین و بەدەر لە هەر جۆرە تێبینییەکمان. ترۆتسکی لە سەرەتاوە و سیانزە ساڵ پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەرکی بەمە کردبوو، بە توندییش رەخنەی لێ دەگرت، وەک چۆن ئەمە بۆ رۆزا لۆکسمبۆرگیش جێگەی رەخنەی ریشەیی بوو. بە دیتنی گرامشی حزبی کۆمۆنیست بە تەنیا ناتوانێت رۆڵی هەبێت لە بەرپاکردنی شۆڕش یان بەرەنگاربوونەوەی فاشیزمدا، بەڵکو رۆڵی راستەقینە و سەرەکی و شۆڕشگێڕانە شورا کرێکارییەکان دەیگێڕن، چونکە بۆ ئەو حزب و یەکێتی کرێکارییەکان لە هەناوی کولتووری بۆرژوازیدا سەریان دەرهێنابوو. بە مانایەکی تر حزب پاشکۆی بزووتنەوەی کرێکارییە نەک رۆڵێکی ئاڤانگاردانە بگێڕێت لە کۆکردنەوەی جەماوەری کرێکاردا لە دەوری دیسکۆرسی سیاسیی حزب وەک ئەوەی لە نەریتی

لینینیستیدا بەم شێوازە بیری لێ دەکرایەوە و ئەو ئەرکەی لەسەرشان دانرابوو موبیلیزەی جەماوەری کرێکار بکات. جیاوازییەکی تری گرامشی لەوەدابوو بە پێچەوانەی لینینەوە بیری دەکردەوە، پێیوابوو چۆن شۆڕشی فەڕەنسا لە رووی تیۆریی و فیکرییەوە زەمینەی تەواوەتی بۆ رەخسێنرابوو بە تایبەت لەلایەن فەیلەسوفانی رۆشنگەرییەوە، بە هەمان شێوە شۆڕشی سۆشیالیستی پێویستی بە کۆمەڵێک پێشمەرجی وەکو خوێندنەوەی پێشوەختی رەخنەگرانە هەیە لە رەهەندی کولتووریی و فیکرییەوە، نەک هەر بەو فۆرمەی لینین گریمانەی دەکرد وەک دەزانین بریتیبوو لە رێگەی سەربازیی و سیاسیی و خرۆشانی جەماوەریی. وەک د.حسێن بەشیریە تیشکی دەخاتەسەر: (ئەو وێنایەی گرامشی بۆ کۆمەڵگای سۆشیالیستی دەیخاتەڕوو، بە پێچەوانەی وێنە لینینییەکەوە، کۆمەڵگایەکی ئازاد و ناسەنتراڵە، دەسەڵات تیایدا دەکەوێتە دەستی شورا خۆبەڕێوەبەرەکان).

ئەمە لەلایەک و لەلاکەی دیکەوە، رەخنەکانی رۆزا لۆکسمبۆرگ لە لینین و بەڵشەفیزم نەک کەم نین، تا ئەمڕۆش بایەخ و قورسایی فیکریی و سیاسیی خۆیان هەیە، هەر لەوەی لینین و بەڵشەفیکەکانی بە دیکتاتۆر تاوانبار کرد (دیکتاتۆرییەتی بۆرژوازی نەک دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا) تا دەگاتە ئەوەی بەڵشەفیکەکانی بە هاوپەیمانی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی هەژمار دەکرد!. لە روانگەی جۆرج پلیخانۆڤیشەوە جەنگی ناوخۆیی رووسیا پیلانی بەڵشەفیکەکان بووە بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان، بەدەر لەوەی ڤاڵتێر بنیامین لە کتێبی (رۆژانەی مۆسکۆ) دا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧ بە توندیی رەخنە لە بەڵشەفیزم و سۆڤێت دەگرێت و پێیوایە کردەی شۆڕشگێڕیی لەلایەن بەڵشەفیکەکانەوە لە زیندان توند کراوە. بیرمە ساڵی ٢٠٠٠ کاتێک لە سیمینارێکدا هەمان ئەو رەخنانەم لە زمانی رۆزاوە بەشێوەیەکی دەقاودەق و تۆتۆلۆژیی گواستەوە و گوتم لینین هاوپەیمانی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی و سەردەستەی گروپێکی دیکتاتۆریی بووە، کۆمۆنیستە تەکفیرییەکان لە هەموو لایەکەوە باڕەیان لێ هەستا نەک بە بلانکیست بەڵکو بە ئەسپی تەروادەی ناو کۆمۆنیستە کوردەکان لە قەڵەمیان دام. لەوەش بترازێت نەریتی حیکمەتیزم لەمپەرێکی سەرەکی بوو لەو تەسکبیریی و تاکڕەهەندییەی

بەشێکی کۆمۆنیستە کوردەکانی گرتبووەوە، بە دیتنی ئەوان کەلەپووری مارکسیزم هەمووی خوێندراوەتەوە و بایی ئەوەی لێ نەماوەتەوە چەمکاندنی نوێباوی لەسەر بکرێت، هەر بە راستی کاتێک ئاوڕمان دایەوە ئێمە حیکمەتی بووین نەک مارکسی. ئێستا لە تاو ئازاری شێرپەنجە بە دروستی بیرم نایەتەوە کام بیریار بوو لە گرنگی تیۆرە دەروونشیکارییەکانی ژاک لاکاندا وتبووی ئێمە لە رێگەی لاکانەوە بە فرۆید گەیشتین، وەک ئەوەی فرۆید بۆ خۆی لاکانی بووبێت. ئەم گوزارشتە بە کەمێک جیاوازییەوە بەسەر هاوڕێیانی کۆمۆنیزمی کرێکارییدا پراکتیس دەبوو، لە تێڕوانینی زۆربەدا وا بیر لە مارکس دەکراوە حیکمەتیست بووبێت.

من: ئێستا زۆرتر لە هەر شتێک بیر لەوە دەکەمەوە ئایا کۆمۆنیزم بوو بە مێژوو یان بە خەونێکی قێزەونی لە رابردوودا تاقیکراوە کە باجێکی قورسی بەدواوە بوو؟، بۆچی هەمیشە کۆمۆنیزم دەبەسترێتەوە بە رابردووەوە؟، یان وەک حکایەتێکی بەسەرچوو بیری لێ دەکرێتەوە؟. بۆچی (کۆمۆنیزم وەک هەڵە و گوناهێک) دەبینرێت؟، ئایا هەموو ئەوانە بە هۆی کۆمۆنیزمی ئەزموونکراوەوە دروست بوون؟. هیچ کەس ناهەقی نییە لەگەڵ دەستەواژەی کۆمۆنیزمدا خەیاڵی بۆ لای ستەمکارییەکانی ستالین یان پۆل پۆت یاخۆ هەر ناوێکی تری هاوشێوە بڕوات. رەوا نییە هەمان ترادیسیۆنی ئیسلامگەرا دووبارە بکەینەوە، کاتێک گروپێکی بچووکی سەلەفی لە مزگەوتێکی بەرلیندا کۆدەبنەوە، ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانی تەکفیر دەکەن، کۆماری ئیسلامی ئێران دەخەنە دەرەوەی ئیسلام، عەرەبستانی سعودیەش بە هەمان شێوە، لە گفتوگۆی تەکفیری داعش و قاعیدەشدان، ئەگەر پرسیاریان لێ بکەین داخۆ کەی ئیسلام دەبینین؟ خوێنتاڵانە بەرسڤ دەدەنەوە: جارێ چیرۆکی ئیسلام دەستپێنەکردووە. ئەم وەڵامە بۆ کۆمۆنیزم دەستنادات، ناتوانین بە هیچ پاساوێک ستالین و ئەنوەر خۆجە و تیتۆ بخەینە دەرەوەی کۆمۆنیزم و بڵێین چیرۆکی مارکسیزم دەستی پێنەکردووە، بەڵام مانای ئەوە نییە منێکی کورد کە گەرەکمە کەڵک لە مارکس و کۆمۆنیزم وەربگرم، بەرپرسیارێتی تاوانکارییەکانی ئەوان هەڵبگرم و بە تاوانێک ئەوان کردوویانە بمخەنە قەفەزی تۆمەتبارییەوە!. بێ ئەوەی کتێبی رەشی کۆمۆنیزم لە بیر خۆم

ببمەوە لە ئەزموونی تاقیکراوەی کۆمۆنیزمی رابردوو دەگەڕێم، چاویشم لەو کۆمۆنیزمە نییە گوایە داستانەکەی لە ئایندەدا دەستپێدەکات، نەخێر چاوەڕوانییەکی وام نییە چەشنی چاوەڕوانی گۆدۆی بێکیت. میتۆدی مارکس و کۆمۆنیزم بۆ تێپەڕاندنی واقیعی باوی ئێستا بەکاردەهێنین، لەوانەشە هەر ئەوەندەمان لە دەست بێت کارڵ مارکس وەک کەشفکارێکی ئەنتاگۆنیزم و رەخنەگرێکی قووڵی ئابووری سەرمایەداریی قبوڵ بکەین، پێناچێت حەماسەتێکی وەهام بۆ ئەو رادیکاڵیزمە قیژقیژکەرە هەبێت یان مەیلم بۆ ئەو حزبانە هەبێت کۆمۆنیزم وەک ئامرازێکی کودەتا سەیر دەکەن، شۆڕش شتێکی جیایە لە بیری مارکسدا، گەر لێم بپرسن چییە؟، دەتوانم وا وەڵام بدەمەوە هەرچییەک بێت، ئەو ئەکشنە خێرایەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نییە، ئەوە تەنیا رووکاری پرۆسەیەکی هەمەلایەنەترە.

سێیەر: دەبێت چەپ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئاشکرایە لە کوردستاندا سێ تەوژمی بزووتنەوەی چەپ هەبوو، تەوژمی یەکەم حزبی شیوعی بوو، تەوژمی دووەم کۆمەڵەی مارکسی لینینی دواتر کۆمەڵەی رەنجدەران وەک کۆکتێلێکی سەیری ماویستی و لینینستی، تەوژمی سێیەم رێکخراوە چەپەکانی نیوە دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بوو، لە سەروەختی راپەڕین و شوراکاندا هەڵکشا و لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا داکشا. پێموایە تەوژمی چوارەمیش هاتووە ئەمانیش کۆمەڵێک دەنگ و گرووپی لە یەکتر دابڕاوە، بەشێک لەمانە خەریکی توێژینەوەی فیکریین و بەشێکی تر سەروکارییان لەگەڵ کاری مەیدانیدا هەیە، بەڵام دوای ئەوەی بزووتنەوەی چەپ لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکارییدا کەوتە پەراوێزە یان با بڵێم کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەگەڵ خۆیدا چەپیشی بردە پەراوێزی سیاسەت و ململانێی کۆمەلایەتی و چینایەتی، هەرەسێکی قورس تووشی چەپ بوو، پێویستی هەستانەوەیەکی تری چەپ لەسەر بنەمای تیۆر و پراکتیکی رادیکاڵ کە لە ژێر باندۆری حیکمەتیزمدا بە تەواوەتی هێنرابێتە دەرەوە بووە بە پێشنۆرەترین ئەرک. ناخوازم مۆدێلی بەڵشەفیزم ببێتە خاوەنی تەوژمی چوارەم، نامەوێت بچمە ناو سیستمێکی حزبییەوە لەسەر هیرارکیزم دامەزرا بێت، شکستی گەورەی بەڵشەفیزم بەهۆی ئەو تایپە حزبییەوە بوو بە شێوەی ستوونی دامەزرابوو نەک بە فۆرمی

ئاسۆیی، لە ریشەوە حزب دامەزراوەیەکی سیاسیی سەر بە کولتووری چینایەتییە، ئایا دەکرێت بۆ بەرەنگاریی کاپیتالیزم کەڵک لە هەمان دەزگا و میکانیزم وەربگرین؟، بە دوودڵییەکی زۆرەوە دەڵێم نەخێر!. لە بەرامبەر ئەمەدا بڕوام بە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی هەیە بە شێوەیەکی ئاسۆیی خۆی بەڕێوە ببات. دەبێت مۆنۆپۆڵکردنی چەپ لەلایەن دوو رەوتی مردووی وەک شیوعی و کۆمۆنیزمی کارگەرییەوە کۆتایی پێبێت، چەپ ببێتە ئاسۆیەکی گشتیی بە رووی هەمووان‌دا، گووتاری سواوی ئەوان دەمێکە کۆتایی هاتووە، ئەو گووتارە ئامادەکردنی چینەکانی خوارەوەیە بۆ هەلومەرجێکی کەمێک باشتر لە چوارچێوەی کاپیتالیزمدا، داخوازیی باشترکردنی رەوشی ژیانی کرێکاران چیترە جگە لە ریفۆرم و ماکیاژی سیستەم؟، وەک ئەمیر حەسەن پوور پێداگریی لەسەر دەکات: (بزووتنەوەی داواکارییە ئابوورییەکان بریتییە لە ئاڵوویرێکی بۆرژوازییانە) تاکو کرێکار بە نرخێکی گرانتر رەنجی خۆی بفرۆشێت. لەم سۆنگەوە باسی هەمان چەپ ناکەم لە زەینی ئێمەدا ئامادەیە، سیماکانی و دیسکۆرسەکانی روون و ئاشکران، باسی چەپێک دەکەم خەریکە کڵێشەکانی دەکێشین، ئەوەش هەوڵی من نییە بەڵکو هەوڵێکی کۆلێکتیڤە، من تەنیا دەتوانم یەکێک بم.

من: وا بیر دەکەمەوە ناچار نین تا سەر، دەست بە ناوی کۆمۆنیزم یان چەپەوە بگرین، کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات تێرمی چەپ لە بنەڕەتدا سەر بە قامووسی بۆرژوازی بووە، ئێتمۆلۆژیای وشەکە لە سەرەتاوە بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی ژاکۆبییەکان بووە لە سەروەختی شۆڕشی فەڕەنسادا لە پەرلەماندا، ئەمانیش لایەنگری بۆرژوازی بوون لە بەرامبەردا ئەوانەی لە دەستی راستی هەمان پەرلەمان دانیشتبوون و داکۆکییان لە مانەوەی بەها فیوداڵییەکان و چینی ئەریستۆکرات دەکرد، ئەکتی ژاکۆبییەکان بە پێی کۆنتێکستە مێژووییەکە کارێکی پێشڕەوانە و رادیکاڵ بوو. هەر کام لە مارکس و ئەنگلس، لینین و ماوتسی تۆنگ و لۆکسمبۆرگ و هتد.. لە هیچ پەڕاو و بڕگەیەکدا باسیان لە چەپبوونی خۆیان نەکردووە، تەنانەت لە کاتی لێکترازانی حزبەکەی لینین (پارتی سۆشیال دیموکراتی کرێکاریی رووسیا) بەسەر باڵی سەرەکیدا (بەڵشەفیک و مەنشەفیک)، تێرمی چەپ

لەلایەن هیچ کام لەو دوو باڵەوە بەکارنەهاتووە، بگرە ناونانەکە لەسەر پرەنسیپی چەندێتی بووە (زۆرینە و کەمینە). لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی ئێمەدا، تێرمی چەپ زۆرتر دەدرێتە پاڵ ئەو گروپە سۆشیالیست و کۆمۆنیستە دژە سیستمانەی لە دژی ستەمکاریی نەزم دەجەنگن، لە هەر شوێنێک باسی چەپ بکەم لە بری وشەی کۆمۆنیزم بەکاریدەهێنم، ئالان بادیۆ لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا باس لەوە دەکات سەرباری ئەوەی خۆشەویستییەکی زۆری بۆ وشەی کۆمۆنیزم هەیە، هەر لەبەرئەمەشە بە خۆی دەڵێت کۆمۆنیست، بەڵام دەڵێت (پێموانییە پێویست بەوە بکات بە رەهایی وشەی کۆمۆنیزم بپارێزین). ئەمە بیرکردنەوەیەکە تەواو دڵخۆشیم پێ دەبەخشێت، مەرج نییە لە هەموو هەلومەرجەکاندا دەست بە وشەی کۆمۆنیزمەوە بگرین، بەقەدەر ئەوەی کاری گرنگ ئەوەیانە دەست بەو ناواخنەوە بگرین کارڵ مارکس لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بۆ هەمیشە بۆی ئاشکرا کردووین، ئەویش بریتییە لە خەبات دژی چەوساندنەوەی چینایەتی، دەشێ لە ژێر هەر ناوێکی تری گونجاودا، ئەکتی بەرەنگاریی و دەرگیریی و هەوڵ لە دژی بۆرژوازی درێژە پێ بدەین و ناوەڕۆکەکەی بپارێزین.

سێیەر: لەگەڵ زانینی ئەو فاکتانەشدا تێرمی چەپ بە گونجاوتر دەبینم بۆ هەر بزووتنەوەیەک لەسەر هەڵهێنجانە فیکریی و فەلسەفییەکانی مارکس لە ئەمڕۆ یان لە سبەینێی کوردستاندا سەرپێ بکەوێت. هاوکات دەخوازین چەپگەرایی بە مانا حەرفییەکەی خۆی تێپەڕینین، وەک چۆن قوتابخانەی فرانکفۆرت وەها کارێکیان لەگەڵ مارکس کرد، مارکسیزمیان لەوە دەربازکرد تەنیا خوێندنەوەیەکی ئابووری پەتی بێت، بەسەر زۆربەی بوارەکانی تردا کردیانەوە، ئەمە ئەو شتەیە بە (مارکسیزمی کولتووریی) ناوزدە دەکرێت. دەمانەوێت ئاسۆیەکی تازەی چەپ بێتە ئاراوە، سەرەتا دەرک و ناسینی واقیعی کوردەواری بکاتە رۆژەڤ، دواتر لە رێی رەخنەوە رووبەڕووی واقیعی زاڵ ببێتەوە، هەر لەوێوە دەست ببات بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە. ئەرکەکە زۆر سەختە، بەڵام نامومکین نییە ئەگەر چەپ لە رێی تیۆرییەکی ورد و رادیکاڵەوە خۆی بۆ گۆڕینی ئەوەی هەیە ئامادە بکات، چونکە تێبینی دەکەم ئێمە خەریک کراوین بە واقیعێکەوە بوونی نییە، لە بری خوێندنەوەی

ئەو واقیعەی هەیە. فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەر لە هۆرکهایمەر و مارکۆزەوە تا فرۆم و ئەوانیتر نەک هەر مارکسی گەشبین و فرۆیدی ڕەشبینیان لە یەکتر نزیک کردەوە، پێداگریشیان لەسەر ئەوە دەکرد دەبێت دەروونشیکاریی فرۆیدیی تێکەڵ بە مارکسیزم بکرێت، وەک خۆشم زۆرتر هاوڕام لەگەڵ ئەو تێزەی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات فرۆیدیزم هێندەی لە فەلسەفەوە نزیکە ئەوەندە لە زانستەوە نزیک نییە. هۆرکهایمەر سەرباری هەر تێبینییەکی لەسەر بەرهەم و تیۆرەکانی فرۆید، بە تایبەت تیۆری ساناتۆسیی فرۆیدیی بە پاسیڤیزم تۆمەتبار دەکرد. لە وتارێکیدا بە ناوی (مێژوو و دەروونشیکاریی) لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (zietschrif)دا ڕژدانە داکۆکیی لە تێکەڵاوکردنی دەروونشیکاریی و مارکسیزم دەکات.

من: چەپی تازەی کوردیی دەبێت بە تەواوەتی دابڕان دروست بکات لە نێوان خۆی و چەپی جیهانیدا، لێرەدا مەبەست لە دابڕانە لە گووتار و خوێندنەوەدا، بۆ نموونە چەپی ئەوروپی دیسکۆرسی نەماوە، لە قەیرانی ناسنامەدا دەژی، دەزانێت بەرامبەرەکەی چی دەکات، بەڵام هۆشی لای خۆی نییە دەبێت چی بکات!. دوای پووکانەوەی خەونی مارکس بە چینی کرێکار و تێکشکانی ئومێدی مارکۆزە بە قوتابیان و گەنجان، بادیۆ پێیوایە عەرەبە موسڵمانەکان شەپۆلی سێیەمی پرۆلیتاریان!، ئەم تایپە لە چەپ گووتاری سیاسیی نەماوە، بووە بە چەپێکی کولتووریی، کۆی گووتارەکەی لە پرسی ترانس جێندەر و فێمینیزم و لایەنگریی هۆمۆکان و پەنابەراندا چڕ بووەتەوە، بێ ئەوەی لە بایەخی ئەو پرسانە کەم بکەمەوە، لێ ژیژەک بەم دواییانە کەوتە دژی بەهاکانی پێشووی خۆی و لە چاوپێکەوتنێکیدا لە سەروەختی گیرخواردنی پەنابەران لە بێلارووس لایەنگریی گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کرد بۆ وڵاتەکانیان، ئەمەش پاشەکشەیەک بوو بە ئاقاری ئۆرۆ سێنتەریزمدا. ئەگەرچی ئەو پرسانە بۆ چەپی کوردییش مژارن، بەڵام کێشەی قووڵتر هەیە لە کەتوارە کوردییەکەدا، بەر لە هەر شت بۆ ئەوەی واقیعی کوردیی بگۆڕیت، پێویستە وەک کوردێک بیر بکەیتەوە، مەبەست لە بیرکردنەوەی چەپ بە کوردیی، داتاشینی نۆرمێکی تری چەپگەرایی نەتەوەیی

نییە، چەشنی چەپی فاشیستی تورکیی، یاخۆ چەپی پان ئێرانیست (پاشماوەکانی تودەیزم)، کرۆکی مەبەستمان لە چەپێکە دۆخی کۆمەڵی کوردەواری دەرک بکات، نوێنەرایەتی دیسکۆرسێکی بابەتی و گونجاو بکات، مەخسەدیش لە وشەی گونجاو ئەو لاستیکیبوون و کۆنفۆرمیستبوونە نییە بە مانای پڕاوپڕی چەمکەکە حزبی شیوعی کردبووی بە ستراتیژی کارکردنی خۆی، بە قەدەر ئەوەی دۆزینەوەی میکانیزمێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ گۆڕینی واقیع، بەڵام گووتاری ئەم چەپە نوێباوە پێویستە پێش هەر شتێکی دیکە دەوڵەتی کوردستان بێت، نەک دەوڵەتی کورد یان دەوڵـەت نـەتـەوە. چەند ساڵێک پێش ئێستا هـەردوو هاوڕێی چەپ وەلید عومەر و ناجی ئەفراسیاو لە وتارێکی هاوبەشدا نووسیبوویان ئەو تارماییەی بە ئاسمانی کۆمەڵگەی کوردییدا دێت و دەچێت هیچی تر نییە جگە لە نیولیبراڵیزم، بێ گومانکردن لەم دیدە، کاتی ئەوە هاتووە تارماییەکەی مارکس کە ئاسمانی جیهانی بەرنەداوە، سێبەر بکاتەوە بەسەر کۆمەڵگەی کوردییدا، بە هێنانەوە ئارای گووتارێکی رەخنەگرانەی نوێباوتری چەپی مارکسی کە دوا ئامانجی وەرچەرخانی بنچینەیی و گۆڕانی مێژوویی بێت.

سێبەر: هەندێک پێماندەڵێن کۆمەڵگەی کوردیی کەوتووەتە دەرەوەی دیرۆک، بە پێویستی دەزانن ئەم تەرمە لە گۆڕستانی مێژوودا بنێژین، هەندێکی تر دەڵێن کورد توانای پەڕینەوەی نییە بۆ ئایندە، کارێکی بێهوودەیە هەڵگرتنی ئەم تەرمە بۆ ژیانی داهاتوو!، ئەمانە هەموو فەرامۆشکردنی ئەمڕۆیە، خۆدزینەوەیە لە ئاشکراکردنی ئاریشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە. من بە سەری خۆم بیر دەکەمەوە، بەڵام پێویستم بە بەڵگاندن و سەلماندنی تێزەکانمە لە روانگەی فیکر و فەلسەفەوە، ناچمە راژەی هیچ فەلسەفەیەکەوە، فەلسەفە دەخەمە خزمەتی بیرۆکەکانمەوە، بۆی هەیە هەوڵەکە سەرکەوتوو بێت، لەوانەشە سەرنەگرێ بۆم، بڕوام بە مۆدیلێک لە چەپگەرایی هەیە هێشتا بە تەنیا بیری لێ دەکەمەوە، تا ئێستاش رووبەرە تاریکەکانی زۆرترن لە کیشوەرە کەشفکراو و رووناکەکانی. بۆیە هەر لە داڕشتنەوەی تیۆریکیدا ماوم، بەو هۆکارەی دەبێت زۆرتر بیر لە دنیا بکەینەوە، زۆرتر شرۆڤەی بکەین، زۆرتر بە تێگەیشتن لێی ماندوو بین، ئەگەرنا هەر هەنگاوێک شکستێکی گەورەتری لە

دوایـە، لینین وتەنی (هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو پێنگاڤ بۆ دواوە). ئەوەی دەیخوازم بە خێراترین و پووختترین دەربڕین، هێنانە ئارای چەپێکە بە کوردیی بیر بکاتەوە و هیچی تر کە تێڕوانینی ریفۆرمیستیی و خەباتی دیموکراتییانە تێپەڕێنێت بەرەو رادیکالیزم، وەک چۆن مارکس خۆی لە قۆناغێکەوە بازی دەدا بۆ قۆناغێکی تر.

هەریەک لە مارکس و ئەنگلس لە نووسینە بەراییەکانی خۆیاندا تا سێ چوار ساڵ بەر لە بڵاوکردنەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست (١٨٤٨) زۆرتر لە بەرگی دوو دیموکراتخوازی ریفۆرمیستدا دەردەکەوتن و رەخنەکانیان تخوبی نەزمی تێندەپەڕاند و هیچ بانگەشەیەکیشان نەدەکرد بۆ ژێرەوژووورکردنی سیستمی سەرمایەداریی، نەگەیشتبوونە درکاندنی ئەو رستە شۆڕشگێڕییەی ئێمە لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە هەموو مەراسیمێکدا دەمانخستە پێشەکی سروودی ئینتەرناسیۆناڵەوە: (با چینە چەوسێنەرەکان بەرامبەر بە شۆڕشی کۆمۆنیستیی سەرتاپایان بێتە لەرزین، کرێکاران لەم شۆڕشەدا هیچ لە دەست نادەن بێجگە لە زنجیرەکانیان. کرێکارانی جیهان یەکگرن). سیزار لۆپۆلینی سێ قۆناغ لە ژیانی فیکریی مارکسدا دیاری دەکات کە ئەویان لە لیبراڵیزمەوە پەڕاندووەتەوە بەرەو کۆمۆنیزم، تەوزیفەکەی پۆلۆینی بەم جۆرەیە. یەکەم: لیبراڵیزم، لە قۆناغی رۆژنامەی راینیشە تسایتۆنگدا (١٨٤٢). دووەم: دیموکراتخوازیی پەتی، وەک ئەوەی لە (رەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ)دا دەردەکەوێت (١٨٤٣). سێیەم: پەڕینەوە بەرەو پەسەندکردنی کۆمۆنیزم (بەر لە دۆزینەوەی ماتریالیزمی مێژوویی) ئەوەش لە (دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان)دا خۆی دەبینێتەوە (١٨٤٤). (دیقەت لەوە بدەن مارکس چەند بە خێرایی قۆناغەکانی بڕیوە)، ئەم قۆناغەش درێژ دەبێتەوە تا ساڵی ١٨٤٧ کە وەڵامی پرۆدۆن دەداتەوە، ئاشکراشە پرۆدۆن کتێبەکەی خۆی بەناوی (فەلسەفەی هەژاریی) لە ساڵی ١٨٤٤ چاپ دەکات، مارکس بە نووسینی (هەژاریی فەلسەفە) وەڵامێکی رەخنەگرانەی دەداتـەوە. لە پێش مانیفێستدا وردە وردە بیرۆکەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە هزری مارکس و ئەنگلسدا چەکەرەی دەکرد و لە کتێبی (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)دا (١٨٤٦) گەیشتە دوا فۆرمۆڵە، لێ ئەو پەرتووکە لە کاتی

خۆیدا بڵاونەکرایەوە تا ساڵی ١٩٣٢، ئەو کتێبەش نەک هەر گۆڕانکاریی رادیکاڵانەی لە تێڕوانینی ئەواندا چێ کرد، بەڵکو یەکێک لە هەرە رادیکاڵترین کتێبەکانی دنیایە تا بە ئەمڕۆ دەگات. چونکە لە ناواخنی ئەم کتێبەوە پەرە بە تیۆری شۆڕشگێڕیی و پێویستی هەڵتەکاندنی سیستمی سەرمایەداریی درا.

## داکۆکی لە سۆشیالیزم

من: پێمان دەڵێن سۆشیالیزم جۆرێکە لە خەیاڵپڵاویی و یۆتۆپیا، هیچ کات ئیمکانی هاتنەدی نییە!، نکۆڵی لەوەش ناکرێت یەکەمین تیۆریزەی چەمکی سۆشیالیزم لە کتێبی (یۆتۆپیا)ی تۆماس مۆرەوە لە ساڵی ١٥١٦دا دەست پێدەکات، گەرچی مۆر بەشی زۆری ژیانی وەک سیاسەتمەدار و وەزیری پادشا هێنری هەشتەم بەسەربرد و هەر لەسەر داوای ئەو پادشایە کتێبێکی لە بەرگریی کەنیسەی کاسۆلیکی و دژ بە هەوڵە ریفۆرمیستییەکانی مارتن لۆسەر بڵاوکردەوە و کۆتا جاریش هەر لە بەرگریی کەنیسەی کاسۆلیکیدا شا هێنری فەرمانی پەڕاندنی سەری دا، بەڵام لە دوایییەکانی تەمەنیدا بە باندۆری ئەفلاتۆن، بیرکردنەوە لە ڕۆنانی شارێکی نموونەیی مێشکیان داپۆشی، وەک چۆن پێشتر ئەم شارە ئیدیاڵە لای فارابی بە (شاری چاکەکاریی) تیۆریزە کرابوو، هەوڵەکەی مۆر زۆرتر لە ناوەڕۆکی سۆشیالیزمەوە نزیکترە یان سۆشیالیزمە لە فۆرمە کلاسیکییەکەدا، چون ئەو گریمانەی جیهانێکی بێ چین دەکات، وەنەبێ سۆشیالیزم لە مۆرەوە دەستپێبکات، بەڵکو خەونی سۆشیالیزم بە قەد تەمەنی مرۆڤ خۆیەتی. بێجگە لەمەش جیهانی ئێستا جیهانی بە واقیعکردنی خەون و خەیاڵەکانە، ژیان بۆ خۆی جۆرێکی ترە لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەحاڵەکان و بە واقیعکردنی مەحاڵ، ناشزانم بۆچی وا هەستدەکەم وشەی مەحاڵ زیادەیەکی نێو فەرهەنگی زمانەوانییە؟، بۆ خۆم بڕوام بە هیچ ئاپۆریا و ڕێگایەکی بنبەست و داخراو نییە، لە ئەدەبی منداڵاندا چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکەی (ئالیس لە سەرزەمینی سەیروسەمەرەدا)ی لویس کارۆل کە بە فیلم کارتۆنیش هەیە، وانەیەکی مەزنیشی بۆ گەورەکان تێدایە. ئالیس لە ڕێگەی خەونێک و پەنجەرەی ژوورێکەوە گەشتێکی درێژ دەکات بە سەرزەمینی مەحاڵ و پەرچووەکاندا، لەگەڵ گوڵ و پادشای شەترەنج و پشیلە و مشک و کەروێشک و

چەندین ئاژەڵی تردا دەکەویتە گفتوگۆ، لێرەدا ئالیس خەریکی رامکردنی مەحاڵە، وەک چۆن شاژنی سپی داوای باوەڕکردن بە مەحاڵی لێدەکات، دوای بێداربوونەوەشی پشیلەکانی ناو ماڵەکەیان بە درێژکراوەی پشیلەکانی ناو خەونەکەی لە قەڵەم دەدات. لێ ئەمە بە شتێکی پڕوپووچ وێنا دەکرێت، بەڵام هیچ شتێک مەحاڵ نییە، با لە توێی ئەندێشەی چیرۆکێکی هونەریشدا کلێشەسازیی بۆ کرابێت، کێ دەیتوانی لە سەردەمی مەرگە سەمەرەکەی عەبباسی کوڕی فیرناسدا، رۆژێکی وەک ئەمڕۆ بهێنێتە بەرچاو ئاسمان هێندەی باڵندەکان، فڕۆکە باڵەفڕکێی تێدا بکات؟.

کاتێک ئالدۆس هاکسیلی لە ساڵی ١٩٣٢دا رۆمانی (دنیای بوێری نوێ) دەنووسێت کە رووداوەکانی لە شاری لەندەن لە ساڵی ٢٥٤٠دا روودەدەن، باسی سەردەمێک دەکات لە دایکبوونی منداڵ چیتر رووداوێکی بایۆلۆژیی نییە بەڵکو رووداوێکی تاقیگەییە لە رێگەی وەرگرتنی سپێرمەوە دەبێت، بۆ ئەو ناوکۆییەی رۆمانەکەی تێدا نووسرا ئەم ناوەڕۆکە لە خەیاڵ زیاتر بوو، بەڵام پێنج سەدە و نیو پتر پێش لەو وادەیەی رۆمانەکە دەستنیشانی کردبوو، زانست ئەم خەیاڵەی کردە راستیی، ئێستا لە ساتەوەختێکدا دەژین لە دواکەوتووترین وڵاتانیش لە رووی زانستی پزیشکییەوە بێ ئەوەی کەس تووشی شۆک و حەپەسان بکات، منداڵی بلووریی لە دایک دەبێت، ئەمە بۆچی خەیاڵی بەرەو واقیع تێپەڕاند، بەڵام سۆشیالیزم هێشتا هەر فەنتازیایەکی بەدینەهاتوو بێت؟. با چەند پرسیارێکی سادەی تریش بکەم، ئایا هیچ مرۆڤێکی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای ئەم سەدەیەش دەیتوانی بیر لە ئینتەرنێت بکاتەوە؟، ئایا دەیتوانی بیهێنێتە بەرچاو، من لە ستۆکهۆڵمەوە لەگەڵ هاوڕێیەکم لە هەڵەبجە بە دەنگ و رەنگ قسە بکەم بەهۆی ئامرازێکی بچووکەوە بەقەد لەپی دەستم؟، بەڵام ئایا مرۆڤ خەونی بەم شتانەوە نەبینیوە؟، پێموایە ژیان و جیهان بە یارمەتی ئەم جۆرە فەنتازیا و خەونانە گەیشتووەتە ئێرە و ئەم ساتەوەختە. سۆشیالیزم ئایدیایەکی عەقڵانییە، لە فۆریە و سان سیمۆنەوە بیگرە تا مارکس و ئەنگلس و تا ئەمڕۆش، رەنگە هەندێک بە لاقرتێیەوە بڵێن ئەم خەونانە فۆلکلۆریین و بەشێکن لە رابردوو، تەنانەت جەنگێک لە دژی زمانی ئێمەش لە ئارادایە، رێک ئەوەی بادیۆ پێی دەڵێت (تیرۆریزمی زمانەوانی).

ئایا زانست کە گەیشتووەتە ئاستێکی خورافی و پەرچوویی، لە عەقڵەوە سەرچاوەی نەگرتووە؟، ئەی بۆ ئیمکان هەبێت بۆ هاتنەدی ئەندێشە زانستییەکان؟، بۆچی سۆشیالیزم وەک ئەندێشەیەکی هەرە دێرینی مرۆڤ بواری هێنانەدی نەبێت؟. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، زۆربەی جار ئەوەی مومکینە مەرج نییە ئەوە بێتەدی، بیر لە ساڵی ١٩٥٨ی عێراق بکەنەوە، دروست ئەو ساتەوەختەی شۆڕشی گەلاوێژ روودەدات، ئایا هیچ حزبێک هەبوو هێندەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە زاخۆوە تا بەسرە ئەندام و بنکەی جەماوەریی هەبووبێت؟، ئایا هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی شیوعی ئەو مومکینە نەبوو روویندا؟، بە پێچەوانەوە دەرپەڕاندنی ئەمەریکا لە ڤێتنام ئەو نامومکینە نەبوو روویدا و هاوکێشەی مومکین و نامومکینی گۆڕی؟!، هەر شتێک مومکینە ئەگەر ویستێکی بەهێز هەبێت بیهێنێتەدی، ئەگەرنا ئاسایی و مومکینترین شت دەبێتە مەحاڵ. بە دیدی من عەقڵ هیچ شتێک تەرح ناکات ئەگەر ئیمکانی هاتنەئارای نەبێت، (ئەوەی عەقڵ بەرهەمی دەهێنێت واقیعییە و ئەوەشی واقیعییە بێگومان عەقڵانییە) ئەمە گواستنەوەیەکی دووبارەی تێڕوانینی (هیگڵ)ە کە پێش ١٨ ساڵ لە نووسینی (چەند تێزێک دەربارەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی)دا بە شێوەی دەقاودەق کەڵکم لێ وەرگرتبوو، هەر لەبەرئەمەیە لای من، نازیزم و فاشیزم بەرهەمی عەقڵانییەتن، بە هیچ جۆرێک ناتوانین بیانخەینە دەرەوەی عەقڵ، ئەوان نوێنەرایەتی جیهاندیدییەکی تایبەتیان کردووە بناوانێکی فەلسەفی و فیکریی هەبووە، فیکریش بەرئەنجامی ئەوپەڕی بەگەڕخستنی ماکینەی عەقڵە. (با لێرەدا دوو شت هەیە تێکەڵاویان نەکەین، ئەوانیش مێشک و عەقڵن. پێشتریش سوکە ئاماژەیەکمان بەم پرسە دابوو بەوەی عەقڵ لە دەفری مێشکدا نیشتەجێ نییە و لەوێدا ئاوەز و عەقڵانییەت بەرهەم نایەت، بە قەدەر ئەوەی مێشک یارمەتیدەرە بۆ سیستمی بیرکردنەوە و هەلومەرجە فسیۆلۆژییەکان بۆ عەقڵ و هزرکردنەوە ئامادە دەکات).

سێیەم: ناوبانگی خەیاڵ زۆر بە خراپی زڕاوە، بناغەی هەر شتێک سەرەتا ئایدیا و خەیاڵێکە، دواتر دەگۆڕێت بە واقیع، کەچی بۆ ئەوەی کارێک یان شتێک بە بەدینەهاتوو دابنێین، بێ دوودڵی دەڵێین ئەوە تەنها ئایدیا و خەیاڵێکە، وەک

بڵێی تا نهۆ هیچ خەیاڵێک بۆ سەر ئەرزی واقیع وەرنەگێڕدرابێت، بە پێچەوانەوە ئەوەی لە واقیعدا هەیە و بەوپەڕی ریالیتەی دەزانین ئەویش رۆژێک لە رۆژان هەر لە جیهانی خەیاڵدا بووە. ئێمە دەتوانین باس لەو کەشتییە ئاسمانییانە بکەین، مرۆڤ گەشتی پێدەکات بەنێو بۆشایی ئاسماندا، ئایا دوو سەدە بەر لە ئێستا ئەمە لە واقیعدا بوونیان هەبوو؟ بێگومان نەخێر، بەڵام ئایا لە جیهانی ئەندێشەدا پێش هەزاران هەزار ساڵ لە ئارادا نەبوون؟ بێگومان بەڵێ. تەنانەت خودی پرۆسەی نووسین، کۆمەڵێک خەیاڵ و ئایدیای پێشوەختە، پێنووس یان کیبۆردێک دەیهێنێتە نێو جیهانی ریالیتەوە. بە شەخسی خۆم نووسینەکانم لە شوێنێکی قووڵی تاریکەوە دێن، ئەمە خورافە نییە، ئەو شوێنە قووڵ و تاریکەش خەیاڵ و چین بە چینی یادەوەریی کەڵەکەبووی منن، بێ ئەو سوپا نادیارە توانای شمشێربازیم نییە، بەو جۆرە بیر لە ژێرزەمینی خەیاڵ و یادەوەریی دەکەمەوە دەریایەکی بێ بنە، ئایا تەمەن بەشی ئەوە دەکات دەریایەک بە پەرداخ بەتاڵ بکەین؟. تەنانەت لە نووسیندا زیاتر لە هەر شتێک جڵەو بۆ خەیاڵ شل دەکەم، دەمەوێت ئەو بە دڵی خۆی بدوێت، ئاخر بێ پلاندانان دەنووسم، هیچ نەبێت نازانم کۆتایی کارەکانم چۆن دەردەچن، چونکە نازانم ئایدیا و خەیاڵەکانم بەرەو کوێ مل دەنێن، چاوم لە بازرگانیکردن نییە بە وشەوە بۆیە بە دڵی خوێنەر ناجووڵێمەوە، زۆر جاریش بەپێی حەزی خۆم نانووسم، دەست دەکەم بە نووسینێک بێ ئەوەی کۆتاییەکەیم لێ دیار بێت، لە نووسینی ئەم کتێبەشدا هەمان پرەنسیپم پەیڕەو کردووە، خەیاڵ من دەبات نەک من فەنتازیاکانم رابکێشم بەو بارەدا خۆم دەمەوێت.

(دەبێت خەون ببینین) ئەم سێ وشەیە، رستەیەکی هەرە کوشندەن لە کتێبی (چی بکرێت؟)ی لینین دا!. ئاشکرایە لینین ماتریالیستێکی سەرسەختە نەک ئایدیالیستێکی موو نەرم، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە خەیاڵ و ئایدیای نەبووبێت بۆ گۆڕینی واقیع و ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت. تەنانەت ئەریک فرۆم باس لە تاقیکردنەوەیەکی زانستی دەکات، چۆن ئەگەر مرۆڤێک خەون نەبینێت تووشی نەخۆشی دەروونی و جەستەیی دەبێت. ئەو مرۆڤەی خەونی نەبێت، چ وەک خەونی کاتی خەوتن، چ وەک خەونێکی ئیدیال بۆ ئایندە، نەبوونی باشترە لە هەبوونی. بە پێی لێکدانەوەی

فرۆیدیش خەون چیتر نییە جگە لەو ئارەزووانەی مرۆڤ لە کاتی ئاگاییدا ناتوانێت بیانهێتەدی و لە لە پانتایی نەستەکیدا سەرکوتی کردوون. بە کورتی جیهانی ریالیتە بە پێی نەخشە و لۆژیکی خەون و خەیاڵە پێشوەختەکان بەرەو پێشەوە دەڕوات. (تارماییەک ئاسمانی ئەوروپای گرتووە، ئەو تارماییەش کۆمۆنیزمە)، مارکس و ئەنگلس بەم رستە کوشندەیە کتێبی (مانیفێستی کۆمۆنیست) دەستپێدەکەن، ئایا ئەمە خەونێک نییە، هێشتا ئێمەش بە ئایندەی مرۆڤایەتییەوە دەیبینین؟.

من: لە خۆیدا خەیاڵ چەمکێکی میتافیزیکییە، چونکە نۆمین و نەبینراوە و ئیمکانی گرتنی نییە، مرۆڤیش هەر پێداویستییە ماتریاڵییەکان ناژی، بۆ بەردەوامییدان بە ژیانی ئاتاجی (موحتاج) چەمکێکی میتافیزیکیی وەک خەیاڵە. سروشتی خەیاڵیش بەو جۆرەیە لە هیچ وێستگەیەک راناوەستێت، لە هیچ کەنارێک ناگیرسێتەوە، تەبعێکی گەردوونئاسای هەیە نە سەری هەیە نە بن، بۆ هەر جێگەیەکت ببات، نیشانە لە جێگەیەکی تر دەگرێتەوە تاکو لەگەڵ خۆی بتبات، سووڕی ژیانی مرۆڤ راکردنە بە دوای هێنانەدی خەیاڵەکاندا، لەگەڵ هێنانەدی هەر خەیاڵێکیشدا، هەزاران خەیاڵی تر شوێنی دەگرنەوە و بەرمۆدائاسا بەرەو ناوەوەی خۆیان هەڵماندەلووشن. هەموو شتێک زادەی خەیاڵ «fiction»ە، نازانم بۆچی هەردەم خەیاڵ بە دایکی واقیع دەزانم؟، هەمیشەش ئەو باوەڕەم هەبووە ریالیتە بریتییە لە ریالیتەبوونەوەی خەیاڵ، هەر شتێک خەیاڵ وێنەی بکێشێت بۆی هەیە لە واقیعدا کۆپییەکی هەبێت یان لە مەودای دوورتردا مرۆڤ بیدۆزێتەوە و بەدەستیبهێنێت. بیر لە ئۆبێکتە تەکنۆلۆژییەکان بکەنەوە، هەمیشە و بەر لە هەزاران ساڵ لە خەیاڵ و ئەفسانەکانی مرۆڤدا بوونیان هەبووە، میتۆلۆژیا لای من خورافە و پڕوپووچیی نییە، بەڵکو بەرزترین ئاستی بەگەڕخستنی خەیاڵە!، لە هەناوی هەر خەیاڵیکیشدا بڕێکی زۆری لۆژیک نیشتەجێیە!. وا بیر دەکەمەوە مرۆڤە خەیاڵییەکان زۆرتر دەتوانن واقیعی بن، خەیاڵ و واقیع پێچەوانەی یەکتر نین، بەڵکو دوالیزمێکن لە پەیوەندییەکی تۆکمە و توندوتۆڵدان لەگەڵ یەکتر. لەناو هەموو ئاژەڵەکاندا بە تەنێ مرۆڤ خاوەنی خەیاڵە، ئەوەشی بنیاتی ناوە بەرهەمی ئەو عەقڵەیە لە کۆشی خەیاڵدا پەروەردە و گۆش بووە. جیهانی تازەش جیهانێکە گوریسی خستووەتە

ملی هەر خورافەیەکەوە و بەرەو واقیع رایدەکێشێت، شتێک نەماوە ناوی مەحاڵ بێت تەنانەت وشەکە لە بەکاربردنە رۆژانەییەکاندا باوی نەماوە، وەک پێشتر گوترا خەریکە دەبێتە وشەیەکی زیادە لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا.

سێیەر: خەیاڵ و فەنتازیا هەر لە پێناوی خەیاڵکردن و فەنتازیادا نین، مادام خەیاڵێک هەیە زۆر شیاویشە ئەو وێنایە کۆپی هەبێت لە ریالیتەدا، هەندێک لەوانەیە وا تێبگەن لە باشترین باردا خەیاڵی ئەدەبیش هەر دەبێت ریالیزمی سۆشیالیستیی بهێنێتە دی و کاری نووسینەوەی واقیع بێت، هیچ کات نەمویستووە ئەوە بڵێم، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت خەیاڵی ناو ئەدەبیش، خەیاڵێک بێت رووەو ئایندە، لەمڕۆدا وا تێبینی دەکرێت یۆتۆپیا دیاردەیەکی ئەدەبی یان سینەمایی بێت یان تەنیا لەو دوو رووبەرەدا خەیاڵ تا ئاستی یۆتۆپیا رێپێدراوبێت، ئەم مژارە بۆ ئۆسکار وایڵد بەم شێوەیە نەبوو، ئەو جەختی لەسەر پێویستبوونی یۆتۆپیا دەکردەوە، نەک هەر لە ژانرە ئەدەبییەکاندا، جەختی لەوەش دەکردەوە دنیا ئاتاجی بە واقیعکردنی یۆتۆپیاکانە، مرۆڤ بە بێ یۆتۆپیا بوونەوەرێکی مردووە، ئەوەی بزووێنەری مرۆڤە بریتییە لەو خەیالانەی سەبارەت بە داهاتوو هەمانن، ئەگەر نا مێژوو بازنەیی دەبوو لە بری ئەو راستەهێڵە بێت بەردەوام مل بۆپێشەوە دەنێت. ئێمە شایەتی زەمەنێکین هیچ مەحاڵێک نەماوەتەوە بە خودی مەحاڵ خۆیشییەوە، تەنانەت دەمەوێت جارێکی تریش جەخت لەوە بکەمەوە ئیدیۆمی مەحاڵ وەک وشەیەکی زیادەی ناو فەرهەنگی زمانەوانی لێهاتووە. ئەوەی بیری منی بە خۆیەوە خەریک کردووە زیاد لە هەر شتێک بریتییە لە سەرنجدان لەوەی خەونەکانی مرۆڤ هەموو رژاونەتەوە باوەشی کەتوارەوە، ترسم لەوەیە خەونێکی تازە نەمێنێت تا لە ریالێتیدا بەرجەستە ببێت. سۆشیالیزم خەیاڵێکی قەشەنگە، خەونێکی شیرینە، لە سەردەمی بە واقیعبوونی خەونەکاندا کە زۆرێکیان لە دیستۆپیایەک زیاتر نین، رەنگە پێکەنیناویی بێت پێمانوابێت سۆشیالیزمی نیشتەجێیەکی ئەبەدیی هەرێمی خەونە و ناتوانێت قەفەزی خەیاڵ جێبهێڵێت بەرەو واقیع. خەون هەیە هەزاران ساڵی خایاندووە تاکو هاتووەتە دی. تۆ بڵێی لە ئەشکەوتی شانەدەر یان دۆڵی نیاندەرتاڵ، خەون بە رۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ نەبینرابێت؟، ئەی مەگەر ئەفسانەکان

چین؟، هەوڵێگەلێک نین لە پانتایی ڕەمزییدا بۆ هێنانەدی خەیاڵەکانی مرۆڤ؟. مەگەر زانست سەرقاڵی ئەوە نییە خەونە هەرە دێرینەکەی گلگامێش بکاتە واقیعێک و دیارییەکی بایۆ تەکنیک بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەک؟.

بەم لێکدانەوەیە (سۆشیالیزمی خەیاڵی)ش پڕوپووچگەرا و بێهودە نەبووە، فەنتازیایەک بووە ئەمڕۆش نەبێت سبەی ئیمکانی هاتنەدی هەیە، ئەمە حەتمییەتگەرایی و شتی وا نییە، کەوتووەتەوە سەر ویستی کۆگەلی و ئیرادەی خەڵکانێک کار بۆ بە واقیعکردنی ئەو فانتازیایە بکەن. هەروەک چۆن زانستی تازە وا خەریکە یەک بە یەک خەونەکانی ماکس بلانک و نیوتن و ریچارد فاینمان دەهێنێتە دی. بێجگە لەمەش سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕی مارکس یان پەتیتر بیڵێین کۆمۆنیزم، ڕووداوێک نییە لە بۆتەی ئەندێشە نەیەتە دەرەوە، ئایدیایەک نییە لە دەرەوەی مێژوو، دەشێ مێژوو نەخش بکات، بۆیە لە هەر شوێنێکدا باسی سۆشیالیزم بێتە پێشەوە مەبەستمان لە سۆشیالیزمی مارکسە، وەک چۆن ژیژەک سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت، سۆشیالیزم ڕووبەرێکی فراوانترە و چەندان مەیل و هێزی جیاوازتر لە خۆ دەگرێت، بۆ نموونە سۆشیالیزمی نەتەوەیی (نازیزم) یان (سۆشیالیزمی بەعس) ناتوانن هەمان ئەو ناوەڕۆکە لە خۆبگرن کۆمۆنیزم نوێنەرایەتی دەکات. چیرۆکی بیریاری عەرەب (جۆرج تەرابیشی) کەڵکی خۆی هەیە، کاتێک باس لە ئەزموونی سەرەتاکانی خۆی دەکات وەک سۆشیالیستێک دەڵێت: (ڕێگای سۆشیالیزمی نەتەوەییمان گرتەبەر، کاتێکیش پرسیاریان دەربارەی سۆشیالیستەکەمان دەکرد، لە وەڵامدا دەمانگوت، سۆشیالیزمی نەتەوەیی، سۆشیالیزمی عەرەبی نەک جیهانی، کاتێکیش داوایان لێدەکردین جیاوازیی بکەین لە نێوان سۆشیالیزمەکەی خۆمان و سۆشیالیزمی کۆمۆنیستەکاندا، لە وەڵامدا دەمانگوت سۆشیالیزمەکەی ئێمە باوەڕی بە ڕوح هەیە وەک چۆن باوەڕیشی بە مادده هەیە). ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر بەرگریی لە خەیاڵ، لە ئەزموونی کوردییدا حەسەن فەلاح شێوەکارێکی خۆڕسکە و ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە، پێدەچێت لە دەوروبەری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە دایک بووبێت، خاوەنی دەیان تابلۆی ریالیستییە، کاتێک لێی دەپرسن، ئەو ئۆتۆمبیل و ئامێرانەی لە

تابلۆکانتدا هەن، هێشتا لە کوردستان نابینرێن وەک تۆ بە گوندەکانیشت گەیاندووە، ئەو یەک وەڵامی پڕ بە پێستی بۆ پرسیارەکە هەبوو: (ئاخر من کوردستانی ئایندەم خۆش دەوێت). ئێستا ئەو ماتریاڵ و ئامێر و ئۆتۆمبیلانەی پێش هەشتا ساڵ فەلاح وێنەی دەکردن هەموویان لە کوردستانی ئەمڕۆدا هەن، ئایا خەونەکەی بە ئایندەوە ئێستاش شایانی پێکەنینە؟. خولاسە هیچ شتێک لە بووندا وەک کاری نەکردە نامێنێتەوە و لە یەکێک لە وێستگە مێژووییەکاندا زەمینەی هێنانەدی بۆ خۆش دەبێت، ئەمەش خاسێتی دیالەکتیکی ژیان و بوونە نەک مژدەبەخشینەوەی میتافیزیکیی.

من: توانستی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی بێ وەرچەرخان بۆ دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریی و حوکمی پۆلیسی ئاسانتر خۆی بە دەستەوە دەدات وەک لەوەی ببێتە ستالینیزم یان ماویزم یان کاسترۆیزم. ئەو مۆدیلانە بەرەو هەڵدێر و ڕێگەیەکی ناتەبا لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سۆشیالیزمدا ڕۆشتن، شتێک هەڵە بوو لەم نێوەندەدا، ئێمە هێشتا بە ڕوونی ناتوانین هەڵە بنچینییەکە چی بوو وایکرد لەبری سۆشیالیزم، ستالینیزم بەرهەم بێت!، کاروانەکە لە تاریکییدا بە تووڵەڕێیەکدا ڕۆشت و خۆی لە گێژاوی دەسەڵاتێکی دیسپۆتیزمیدا بینییەوە. دەمانەوێت گەڵاڵەی سۆشیالیزمێک بکەین بەو ڕێگە هەڵدێرەدا نەڕواتەوە، بۆ ئەوە پێویستە ئەو چەپە ڕادیکاڵەی دڵخوازی ئێمە، لەو خوێندنەوە ئابوورییە پەتییە ڕزگار بکەین تا ئێستا هەیە، ڕەنگە ئەمە لادانێک بێت لە کەلەپووری کلاسیکیی مارکسیزمدا، بەڵام ئەمە لادانە لە پێناوی لانەداندا. دێتەوە بیرم، نووسەری کورد (حیلمی عەلی شەریف) لە ساڵی ١٩٨٩ لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری) دا نووسیبووی: (سەراپای ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە رووسیاشەوە گەڕام، بەڵام تاکە هەژارێک، لانەوازێک، بێکارێکم نەبینی). لێ هەژار موکریانی لە (چێشتی مجێوەر) دا پێچەوانەکەی دەگێڕێتەوە، با وایدابنێین حیلمی لە هەژار سەرڕاستتر بووە، بەڵام ئەوەی حیلمی بیری چووە بینووسێت و دەبوا ڕستەکەی پێ تەواو کردبا ئەوەیە (بەڵام ئازادییشم نەبینی). مرۆڤ هەر بە نان ناژی، بەبێ ئازادیی و دڵنیایی. یەکێکیش لە هۆکارەکانی دڵساردیی هەمیشەییم لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و

حیکمەتیزم خۆی لەوەدا دەبینییەوە، بەرنامەی حزب (دنیایەکی باشتر) کە خرابووە شوێنی مانیفێستی کۆمۆنیست زیاتر وەک بەرنامەی رەوتێکی ئیکۆنۆمیستی خۆی دەنواند، ئەگەرچی هەوڵی تێدا درابوو لا لەسەر زۆر پرسی جیا بکرێتەوە، بەڵام بە ئاشکرا ئەوە دەبینرا هیچ ئەلەمێنتێکی ئایدیایی و کولتووریی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی جەماوەری خەڵکی تێدا رەچاو نەکرابوو، سەرکەوتنی سۆشیالیزم لە گرەوی ئەوەدایە نەبێتە پرۆژەیەکی ئیکۆنۆمی رووت، لێ ئەوە هەموو مەرجەکان نییە، بەڵام پێموایە لە گرنگترین شەرتەکانە.

هیچ نەبێت دۆخی ئابووری پرۆلیتاریا و چینی کرێکار (ئەو دووانە بەیەک نازانم) بەراوورد بە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیی تەنانەت بە چل ساڵێک لەمەوبەر، زۆر گۆڕاوە وەک چۆن لە زۆرینەی شوێنەکانی دنیا ستانداری ژیان بۆ ئاستێکی باشتر هەڵکشاوە، بەڵام ئەوەی سیمای زاڵی ئەم سەردەمەیە بریتییە لە هیرارکیزم (پلەبەندیی یان هەڕەمگەرایی). ئەم پلەبەندییەش چەندێک ئابوورییە، ئەوەندەش کولتوورییە. چەپ دەبێت لە ئەمڕۆ تێبگات و شی بکاتەوە، ئەوە پێشمەرجی هەر گۆڕانێکە، چونکە پەیوەندییەکی کۆنکرێتی لە نێوان تیۆر وەک ئایدیا و شرۆڤە لەگەڵ پراکتیس وەک هەنگاوی کرداریی پرۆسەی گۆڕانکاریی هەیە. لە ژێر رۆشنایی هزری هێربرت مارکۆزەشدا پێموایە لە زەمەنێکی ناشۆڕشگێڕدا ئێمە پێویستمان بە پەروەردەیەکی رادیکاڵ هەیە، رەنگبێ هەنگاوێک زیاتر بچمە پێشەوە و بڵێم پێویستمان بە تیۆرێکی رادیکاڵیش هەیە تاکو کردەی رادیکاڵ دروست بکات. پێشتریش گوتم لەسەرو هەموو شتێکەوە دەبێت سۆشیالیزم و چەپگەرایی لەوە دەرباز بکەین وەکو بەرنامەیەکی ئابووری پەتی خۆی تەرح بکات، بەڵکو دەبێت ببێتە پرۆژەیەکی فرەرەهەندتر و بەسەر هەموو توخمە کولتووریی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییەکانی تردا بکرێتەوە. هەروەتریش بە باڵاماندا نەدوراوە تا سەر سۆشیالیست بین، سۆشیالیزم ئاینێکی مزگێنیبەخش نییە تا رۆژی پەسڵان خەڵکی بۆ بانگهێشت بکەین، بەڵکو تا ئەو جێگەیە سۆشیالیستین قڵشتی چینایەتی و هیرارکیزم لە جیهاندا بوونی بمێنێت، ئەگەر رۆژێک دنیایەکی باشتر هاتە ئارا، بانگەشەکردن بۆ سۆشیالیست و چەپبوون دەبێتە کردەیەکی گەپجاڕانە. تێری

ئیگلتۆن، مارکسیست و پزیشکەکانی بە یەکتری دەچواند، هەر کامێکیان بە بنبڕکردنی گرفتەکان بواری کاری خۆیان تا سنووری نەمان دەبەن، پزیشکەکان هەوڵی رژد دەدەن نەخۆشەکان بگەیەننە ئەو تەندروست باشییەی پێویستییان بە دەرمان نەمێنێت، مارکسییەکانیش هەروا لە ڕێگەی ئەکتی رادیکاڵەوە کۆمەڵگە بەرەو وێستگەیەک رادەکێشن چیتر پێویستی بەوان نەبێت، لەم دەمەشدا دەبێت هەرکەسەو بە کار و هۆبییەکانی خۆیەوە مژۆڵ بێت، چونکە سۆشیالیستبوون لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستییدا زەرورەتێک نییە، ئەمە جیاکەرەوەی گرنگی نێوان ئاین و سۆشیالیزمە، لە روانگەی ئەوەی ئاین بڕوایەکی ئەزەلییە بۆ هەڵگرانی، هەرچی سۆشیالیزم یان مارکسیزمە پەیوەستە بە قۆناغێکی دیاریکراوە.

سێیەر: لەگەڵ ئەو دیتنەدا زۆر تەبا نیم بانگەشە بۆ ئەوە دەکات لە ناخی هەر یەکێکماندا ئەنگێزەیەکی سۆشیالیستی خەوتووە یان لە ژێر پێستی زۆرینەی رەهای خەڵکی جیهاندا کۆمۆنیستێکی مۆدیل بەڵشەفیکیی لە باری خۆ راپسکاندندایە تا زنجیرەکان ببچڕێنێت. لەمە زیاتر روانگەی مەنسور حیکمەت هەم تراژیدیی هەم برێک گاڵتەجاڕانە بوو، کاتێک دەیخواست لە ناو ویژدانێکی کەمێک دادپەروەردا، مرۆڤێکی سۆشیالیست بێدار بکاتەوە، ئەمە لیتاوێکی ئایدیالیستیی بوو حیکمەتی تێکەوتبوو. لە بناغەوە سۆشیالیزم بەشێکی دانەبڕاوی سروشتی مرۆیی نییە، نەخێر سروشتی مرۆیی لە ژێر جەبری چەند پاڵنەرێکی ناوەکی و دەرەکیدا دروست دەبێت و بە چڕیش دەکەوێتە ژێر حوکمی نەست یان نائاگاییەوە، هیچ نەبێت ئێمە نەوەیەکین لە هەشتا و ئەوەندە ساڵ دوای مەرگی فرۆیددا دەژین کە گورزێکی کوشندەی لە نارسیسزمی مرۆڤ سرەواند، بەوەی لە پشت ئاگایی و عەقڵەوە، هێزێکی پەنهان و خاوەن ئۆتۆریتە بوونی هەیە و دەستێکی باڵای هەیە لە رەنگرێژکردنی کەسێتی و سروشتی مرۆیی هەر یەکێکماندا، دوو پاڵنەری سەرەکی لە پشت ئێمەوە کار دەکەن، ئەو بە رەمەکی ژیان دەڵێت ئیرۆس و بە رەمەکی دژە ژیان و مەرگدۆستانە دەڵێت ساناتۆس، ئایا سۆشیالیزم دەکەوێتە کوێی ئەم دوو پاڵنەرەوە؟، لەمە بەدەریش سروشتی مرۆیی وێنەدانەوەی دۆخە و ژینگە و هەلومەرجە ئابووری و دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکانێتی. پێموایە

سۆشیالیزم خەونێکی ئێجگار دێرینی مرۆڤ بووە، بەڵام بەشێک نەبووە لە سروشتی مرۆییمان، دۆکترینێکە لە دامێنی مۆدێرنێتەوە کەوتووەتە خوارەوە. بەدەر لەمەش سۆشیالیزم لە دێرنترینەوە بۆ تازەترین پێناسەکردن یەک تایپ و پارادایم لە خۆ ناگرێت، سۆشیالیزم بە فۆرمە پەتییەکەی چەترێکە دەیان مەیل و هێزی جیاواز جیاوازی لە خۆگرتووە.

تۆ چی لە سۆشیالیزمی بەعسییانە دەکەیت؟، ئەی چۆن سۆشیالیزمی نازییەکان لەم چوارچێوەیە دەخنیت؟. دەکرێ مەخسەدمان لە سۆشیالیزم، سۆشیالیزمی ئینگلیزیی بێت؟، ئەوەی لەلایەن کۆمەڵەی (فابیان)ەوە پەرەی پێدرا لە ساڵی مردنی مارکسدا (١٨٨٣) کە هیچ خەسڵەتێکی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕییان تێدا نییە، بە هەنگاوی سست و مۆبیلیزەی کۆمەڵایەتی دەیانەوێت بگەنە سۆشیالیزم وەک ئەوەی گەرەکیان بێت بە ئامۆژگاریی سەرمایەداریی عاقڵ بکەن!، هەر خودی ناوەکەش دەگەڕێتەوە سەر ناوی فابیۆس ماکسیموسی سیاسەتمەداری رۆم لە سەدەی سێیەمی پێش زاییندا کە لەبری جەنگ، ناکۆکییەکانی بە دایەلۆگ چارە دەکرد، زۆرتریش لە ژێر کاریگەریی بۆچوونە فەلسەفییەکانی (جێرمی بنتام و جۆن ستیوارت میل)دا بوون، پاشتریش لە ساڵی ١٩٠٠پارتی کرێکارانی بەریتانیای لەسەر دروستکرا. ئایا پارتی سۆشیالیستی فەڕەنسی دەکەوێتە کوێی سۆشیالیزمەوە بە مانا مارکسییەکەی؟. ئایا لە دۆخی کوردییدا پاسۆک (پارتی سۆشیالیستی کورد) وەک حزبێکی ناسیۆنالیستی رادیکاڵ، هەڵگری سەرزارەکی دروشمی سۆشیالیزم نەبوو؟. ئەی سۆشیالیزمەکەی پاسۆک لە کوێی ستراتیژ و ئەجێندای ئەو حزبەدا بوو؟. بێجگە لە هەموو ئەمانە، مرۆڤ خۆ بەخۆ یان خۆڕسکانە سۆشیالیست نییە، بە پێچەوانەوە ململانێ و شەڕێکی مەزنی بێ پسانەوە لە گۆڕەپانی ناخیدا لە نێوان ویستی ئیرۆس و ساناتۆسدا لە گۆڕێدایە و هیچ کات خامۆش نابێت تا مەرگ. ئەگەر بە زگماک هەموو کەس سۆشیالیست بووایە، لە یەکەمین چرکەوە چەوساندنەوەی چینایەتی و جێندەریی و نەتەوەیی و ئیتنیکیی و هتد.. چۆن دەهاتنە ئارا؟. چی پێویستی دەکرد سپارتا هەر جەنگاوەر دروست بکات لە دژی ئەسینا کە هەر فەلسەفەی بەرهەم دەهێنا؟، ئەگەر سروشتی مرۆیی سۆشیالیست بوایە چۆن

دوو جەنگی جیهانی لە یەک سەدەدا دەهاتنە ئارا؟. ئەم تێگەیشتنە لە خۆیدا کرچ و کاڵە، جۆرێکیشە لە لێدان لە پرۆژەی سیاسیی سۆشیالیزم، چونکە چی پێویستت بەوەیە سۆشیالیزم وەک بەشێک لە ئەنگێزەی سروشتی مرۆیی بکەیتە پرۆژەی سیاسیی؟!. رەنگبێ کەسانێک هەبن بڵێن، مرۆڤەکان بە سۆشیالیستی لە دایک دەبن، دواتر دابەش دەبن بەسەر توخم و نەتەوە و نەژاد و فەرهەنگی جیاجیادا، هاوڕام لەگەڵ برگەی دووەمی ئەم بۆچوونەدا، بەڵام مانای ئەوەش نییە مادام بێ ناسنامە لە دایک دەبن، ئیدی سۆشیالیستن، وەک بڵێی سۆشیالیزم ناسنامە نەبێت و دیاردەیەکی ژێنەتیکیی بێت و لە ڕێی ژێنەکانەوە بگوازرێتەوە، ناکرێ هیچ کات ئەم باوەڕەمان هەبێت.

سۆشیالیزم ئایدیایەکی ئێجگار دێرینی مرۆڤە، بۆ باشکردنی دنیا، ناڵێم بۆ باشترکردنی دنیا لە سۆنگەی ئەوەی ئەم دنیایە هیچ کاتێک باش نەبووە. وەکوتریش حاڵی حازر سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕ دۆکترینێکە بۆ گۆڕانکاریی بنچینەیی، مەگەر مارکس و ئەنگلس لێگەڕان سۆشیالیزم بەشێک بێت لە سروشتی مرۆیی یان هەوڵیاندا سۆشیالیزم بکەن بە ڕووداوێکی زانستی و عەقڵیی؟. کاری چەپ و سۆشیالیستەکانیش ئەوە نییە، دڵیان بەوە خۆش بکەن، مادام سۆشیالیزم خەونی هەموو مرۆڤێکە ئیدی سەرکەوتن حەتمییە، سۆشیالیزم خەونی هەموو مرۆڤێک نییە، چونکە سیستمێک هەیە لەسەر هیرارکیزم خۆی بینا کردووە، سۆشیالیست و چەپەکان شەڕیان لەگەڵ ئەم سیستمە باڵادەستەدایە ئەمڕۆ جیهان هەڵدەسووڕێنێت، سەرکەوتنیش نە حەتمییە نە نامومکین. هەڵبەت نامەوێت ئەوەش بڵێم سۆشیالیزم سیستمێکی کۆنسێپتییە و پڕیەتی لە ئاڵۆزیی، نەخێر لە نیچە دوورتر دەڕۆم ساتێک گومانی لە هەر سیستمێک دەکرد، لە ریشەوە دژی هەر سیستمێکم بە تایبەت سیستمی چەمکگەرایی، ئەگەر سیستمێکی فیکریی لەم قسانەشمدا بەرجەستە نەبووبێت، نیشانەی نائاگایی نییە هێندەی بەڵگەیە لەسەر هۆشیاریی و ئاگامەندیی. بە دیتنی خۆم سۆشیالیزم دەرچوونە لە ریتواڵەکانی نەزمی باڵادەست و تێکوپێکدانی دنیای کۆنە، کەمترین ئاستیشی، نیشاندانی ناڕەزایەتییە دژی هەژموونی کولتووری باو و بۆرژوازی. بۆیە زۆر جار ویستوومە

ڕێساکان بشکێنم و لە شوێنە گشتییەکاندا میز بکەم (کردووشمە)، لە کاتێکدا پەنا و پاسار هەبوون، بەڵام پێموابووە ئەمە بچووکترین ئەکتی سۆشیالیستی و رادیکاڵە دەبێت ئەنجامی بدەم، وەک ئەوەی بڵێم ناچار نیم ڕێز لە یاساکانی ئەم جیهانە ئاوەژووە بگرم.

من: ڕێم بدە ئارگۆمێنتەکەت زیاتر دەوڵەمەند بکەم، ئەگەر ئەو بەریانە سەرەتاییەی لە سروشت و ناخی مرۆییدا بوونی هەیە بۆ ژیانێکی وەک یەک و یەکسان بە سۆشیالیزم دابنێین، ئەی چی لەو دەروونە پڕ گرێوگۆڵە بکەین، ئارەزوویەکی ناکۆتای تێدا هەیە بۆ رام و دەستبەراگرتنی زۆرترین بڕی چێژ و دارایی؟ ئەمەیان ناو بنێین چی؟. وا بیر لە سۆشیالیزم ناکەمەوە سەر بە فیترەتی مرۆیی بێت و مرۆڤەکان لە بوونی خۆیاندا زگماکانە بوونەوەری سۆشیالیست بن، ئەو مەزندەیەش ناکەم لە ڕێی کتێبەکانەوە ئایدیای سۆشیالیزم لە مێشکماندا چەکەرەی کردووە و بووژاوەتەوە. لەم کێشمەکێشە دێمە دەرەوە و دنیا بەو جۆرەی هەیە دەبینم، دنیای ئێمە چی تێدایە؟: نایەکسانی، جەنگ، کاولکاریی، چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، ئازاردانی ژینگە، جەمبوونەوەی قازانج و ئابووری لە دەستی بازنەیەکی تەسکی خەڵکدا و.. لیستەکە لەوە درێژترە بتوانین لێرە هەمووی بنووسینەوە. کەواتە ڕێگاچارەمان چییە؟، خۆ دەبێت ڕێگەچارەیەک بۆ کێشە بنەڕەتییەکانمان بدۆزینەوە، ئەو جێگەیەی ئێمە دەمانەوێت دنیای بۆ ببەین کوێیە و چ جۆرە شوێنێکە؟، ئایا جیهانی ئێستا چۆنە و ئەو جیهانەشی پێویستە ببێت چۆن؟. لێرەوە سۆشیالیزم دەبێتە پێویستییەکی مێژوویی بۆ تێپەڕاندنی واقیعێک بەرەو واقیعێکی نوێتر، پێموایە سۆشیالیزم ئەو کەتوارەیە ئەم کێشانەی هەنووکەی تێدا کەمبووەتەوە تا ئاستی بنبڕبوون. کەس ناتوانێت ئەو قەناعەتەم بۆ دروست بکات، مرۆڤەکان بە سروشتی خۆیان سۆشیالیستن، وەک چۆن هیچ کەسیش ناتوانێت ئەو بڕوایەم لا دروست بکات نادادیی بەشێکە لە سروشتی مرۆیی، رەنگە سروشت و ناخی مرۆیی رووبەرێکی تاریک بێت، دەروونشیکاریی تەنیا رووناکی خستبێتە سەر بەشێکی کەمی!. تۆماس مۆر لە پڕۆژە کلاسیکییەکەی خۆیدا لە تیۆریزەی سۆشیالیزمدا بە پشتیوانی کریستیانیزم،

پێیوابوو خەڵک بە سروشت باشن، بەڵام لە پەیوەندیی بە کۆمەڵگەوە دەبن بە بوونەوەری خراپەکار، ئەگەر بپرسین ئەی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر سروشتی مرۆیی رەنگڕێژ نەبووە؟، ئەمە زۆرتر لەو هاوکێشە چارەسەر نەکراوە دەچێت، هێلکە لە مریشکە یان مریشک لە هێلکە.

وەک خۆم ئەو کاتە هەستم کرد سۆشیالیزم پێویستییە، رەوشێکی بەرگەنەگیراوی پڕ کێشە و ئاژاوە و چەوساندنەوەم لە کۆمەڵگەی کوردییدا بینی، پێموابوو دەبێت ئەڵتەرناتیڤێکی تر هەبێت، لەوانەیە قۆشمە بێتە بەرچاو ئەگەر بڵێم بۆ یەکەمین جار ئەم پرسیار و وەڵامەم لە ئاودەستدا لەگەڵ خۆمدا کردووە، ئایا هیچ شێتێک شک دەبەن بڵێت سۆشیالیزمم لە تەوالێتدا دۆزیوەتەوە جگە لە من؟. با لەوە بگەڕێین، سەرنجدانی قووڵم بۆ ژیان و جیهان بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندیی (پۆلی حەوت) بووم، رۆژانە نیچەئاسا بەدەم پیاسە و رێگا بڕینەوە بەرەو قوتابخانە بیرم لە کۆمەڵگەی کوردەواری دەکردەوە، ئەوسا تەمەنێکی کەم و ئەزموونێکی کەمی خوێندنەوەم هەبوو هەر وەک نەبوو وابوو، رۆژێک لە ئاودەستی خوێندنگەدا بیرم لە شتێک کردەوە، شتێکی ئایدیالیستانە، ساڵێک دواتر ناوی ئەو شتەم بۆ نرا (سۆشیالیزم). ئەم چیرۆکەم بۆ ئەوە نەگێڕایەوە مەدحی خۆم بکەم، ویستم نیشانی بدەم سۆشیالیزم ئایدیایەکە کەوتووەتە دوای بینینی نەنگی و خواروخێچییەکانی جیهانەوە، هەر لەو رۆژەوە من بووم بە سۆشیالیست ئەگەرچی سێ ساڵ دواتر بووم بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست. وەک تەرابیشی لە هەستی دادپەروەرییەوە نەبوو، بوومە سۆشیالیست، لە بینین و فامکردنی نادادپەروەرییەکانی نێو کۆمەڵگەوە بوو، بە مانایەکی تر پڕۆژەی سۆشیالیستی هەڵگری ئەو یەکسانییە ئابوورییەیە لە یەکسانی رامیاریی لیبراڵیستیدا فەرامۆشکراوە، وەک ئەوەی سۆشیالیزم بڵێت ئەو یەکسانییە سیاسییەی لیبراڵیزم بەبێ یەکسانی ئابووری پڕۆژەیەکی لەنگ و ناتەواوە. بەپێی تێڕوانینی مارکس لە نیگای یەکەمدا خودی ئازادیی لە رووبەرە سیاسییەکەدا ناناسرێتەوە، دەبێت پێشتر ئازادیی لە پانتایی کۆمەڵایەتی و رووبەرە ناسیاسییەکەدا بەرجەستە بووبێت، لەم روانگەوە مافم بە خۆم دەدەم جەخت لەوە

بکەمەوە سۆشیالیزم ئەو بزووتنەوە سیاسییەیە پێشمەرجی ئازادیی دەبەستێتەوە بە ناسیاسەتەوە.

سێیەر: تەنانەت ئەو تێزەی (مەنسور حیکمەت)ی تیۆریسۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاریی پێداگریی لەسەر دەکرد (بناغەی سۆشیالیزم ئینسانە) هەڵەیەکی میتۆدۆلۆگییانە بوو، ئەم هیومانیزەکردنەی سۆشیالیزم، کرچ و کاڵ تێگەیشتنە لە خودی سۆشیالیزمی مارکس، بەڵکو بە تێڕوانینی لوی ئالتۆسێر هیومانیزم سەرباری دەستکەوتە هەرە گەورەکانی، بەڵام سەر بە فەرهەنگی بۆرژوازییە. مارکس بە وتەزای (مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە) نابێتە هیومانیست، ئەگەر بڕیارە هیومانیزم (مرۆڤسالاریی) ئەو ئایدۆلۆژیایە بێت مرۆڤ بکاتە سەنتەر و ئامانجی جیهانەکەی. مارکس ئەگەرچی هەموو خەباتی فەلسەفیی و فیکریی خۆی بۆ رزگاربوونی مرۆڤ تەرخان کردبوو، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە بووبێتە فەیلەسوفێکی هیومانیست بەڵکو بە دەربڕینی ئالتۆسێر (ناهیومانیزمی تیۆریی لای مارکس بەر لە هەر شتێک ناهیومانیزمی فەلسەفییە). کەواتە ناهیومانیزمی تیۆریی چییە؟، دەشێ وەڵامەکە بە پێچەوانەکردنەوەی پێناسەی هیومانیزمی تیۆریی لای ئالتۆسێر بەدەستبهێنین: (مرۆڤ چییەتی و ئامانجی بنەڕەتی جیهانەکەیەتی). ئەم مەیلەش لای مارکس بوونی نییە. جارێک هاوار محەمەد نووسیبووی هەر هەوڵێک باسی هیومانیزم لە فیکری مارکسیدا بکات کەوتووەتە هەڵەوە و زیاتر لە هیگڵەوە نزیکە تا مارکس.

من: لە بری هیومانیزم پێکەنین!. هەندێ جار پێکەنین بەشێوە پەتییەکەی دەربڕی هەڵوێستێکی رادیکاڵە، بێ هۆ نییە نەزمە تۆتالیتاریی و دیکتاتۆرییەکان زیاد لە هەر شتێک دژی پێکەنینن، فاشیزم چیتر بوو جگە لە فابریکەی دروستکردنی مرۆڤی غەمگین و مۆن؟، ئەی دەوڵەتە تیۆکراتییەکان بۆچی ئەو هەموو گرنگییە بە شینگێڕیی و خستنە سەر ستەیچی مرۆڤی تازیەبار دەدەن؟ ئەوانەی دەتوانن پانتایی کۆمەڵایەتی بکەنە درامایەکی رەشپۆش. لە وڵاتێکی وەک کۆریای باکووردا پیشەسازیی گریان گرنگترین پیشەسازیی دەوڵەتە و گومان لە هەر جۆرە پێکەنینێک دەکرێت، لەم دۆخەدا پێکەنین چەکێکی رادیکاڵ و دژەباوە، بیهێنە

پێش چاوی خۆتان لە هۆڵێکدا هەموو بێدەنگ گوێقوڵاخی رستە هەرە سادەکانی میرێک بوون، رستەگەلێک لە مێشکی هەر ئامادەبوویەکدا بە حیکمەتێکی قووڵ لێکدەدرێتەوە، تۆش لەولاوە دەستبکەیت بە پێکەنین، بە ناڕاستەوخۆ و لە رێگەی خەنینەوە بتەوێت رستە زۆربابییەکە بڵێیتەوە (دەزانیت سەرۆک، تۆ زۆر کەریت؟). ئەم لاقرتێ و گەپە بێ پەیڤە رادیکاڵترین پەرچەکردارە لە بەرامبەر بیرۆکەکەی سەرۆک و گاڕانەکەیدا، رەنگبێ گیان بەبەرداکردنەوەی زەردەشتەکەی نیچە بێت کە بە پێچەوانەی مەسیحەوە، خۆی بە (پێغەمبەری پێکەنین) وەسپ دەکات، زەردەشت پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد بچووکترین و مەزنترین مرۆڤەکانی بە رووتیی بینیوە!، (لێرەدا رووتیی مانایەکی رەمزیی هەیە)، مەزنترین مرۆڤ زۆر لە گچکەترینیان دەچێت. پێکەنین لەم دۆخەدا، پەردە هەڵماڵینێکی ناڕاستەوخۆیە لەسەر بچووکیی ئەو مرۆڤانەی بە مەزن دەبینرێن. نیچە لە شوێنێکی تردا نووسیبووی (لەوانەیە من باشتر بزانم بۆچی مرۆڤ تاکە ئاژەڵە پێدەکەنێت: ئەو ئەوەندە ئازار دەچێژێت ناچارکراوە پێکەنین دابهێنێت). بەم پێیە پێکەنین داهێنراوێکە بۆ خۆ دەربازکردن لە ئازار، بەڵام توانای خۆ هەڵگێڕانەوەشی هەیە بۆ کردەیەکی دژە ئازار، یان لە رێگەی خۆیەوە بەگژ واقیعێکی ئازاردەردا بچێتەوە، وەک ئەوەی بلاک کۆمیدیی نوێنەرایەتی دەکات و پێی هەڵدەستێت. بۆچی باسم لە پێکەنین کرد، چونکە مرۆڤی سۆشیالیست هەمیشە مرۆیەکی شادە و کاتێکیش پێدەکەنێت جۆرێک لە رادیکاڵیزمی لێ دەکەوێتەوە. لەمە بەدەر هێشتاش لەوە تێناگەم تۆ چۆن دەتوانیت گەشبین بیت سەبارەت بە ئایندەی جیهان؟.

سێبەر: ئەو گەشبینی و ئومێدەوارییەم لە ناو ئەو رەوشە نائومێدکەرەوە دەستکەوتووە هەنووکە جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، لە زۆر جێگە و وڵات راستڕەوی توندئاژۆ جڵەوی دەوڵەتیان کەوتووەتەوە دەست، چەپ وەک ریاکسۆنێکی ئەم بادانەوە بەلای راستدا بەهێز دەبێت. لە خۆیدا بەهێزبوونەوەی راست مانای شکستی چەپ نییە، بەڵگەیە لەسەر داتەپینی دیموکراسی و جیهانگیریی، کۆتایی سووڕی ژیانی ئەو مۆدیلەیە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە، لەسەر بێ بەهایی نیولیبراڵیستی دامەزرابوو، لەم دۆخەدا هێندەی لە ئەنارشیزمەوە نزیکم

ئەوەندە لەگەڵ چەپی دەسەڵاتخوازدا تەبا نیم!. لەوانەیە پرسیارێک بێتە زەینی هەر یەکێکتانەوە، ئایا دژایەتی و نێگەتیڤبوون پڕۆژەیە؟. ئەگەر ریالیستانە بەرسڤ بدەینەوە، بەڵێ بۆ ئەم هەلومەرجە پڕۆژە و پلاتفۆرمێکی رادیکاڵە، بنیاتنانەوەی جیهان بە تێکوپێکدانی پێشوەختەی دەستپێدەکات، لۆژیک لەوەدا نییە مادام ئێمە ناتوانین جیهانێکی دڵخوازی خۆمان دابمەزرێنین، ئیتر مافی دژایەتی ئەو واقیعە تاڵەشمان نییە. گرەوی من لەسەر توورەیی و پەرچەکرداری خەڵکە، ئێمە دەتوانین خودی ئەو جیهانەیان پێ بناسێنین کە هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرانەی بۆ ئایندە لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە، بەرهەمهێنانی توورەیی دیمەنێکی دڵخۆشکەرە، سوبێکتی توورە مامانی داهاتووە، ئەرکی چەپ توورەکردنی خەڵکە لە رێگەی نیشاندانی ئەوەی خۆیان لەسەر خودی خۆیان نایبینن، بەڵام ئایا ئێمە ئەولیاکانی ئەم چەرخەین؟، ئەی هێندە ئاکارگەراین لە ختوخۆڕایی ئەو ئەرکە لەسەر شانی خۆمان دادەنێین؟. دەتوانم لە روانگەی خۆمەوە وەڵام بدەمەوە، خۆم بە پیاوچاکێکی مێژوو نازانم، عاشقی ئەوەش نیم نەوەکانی داهاتوو بە نیمچە پێغەمبەرێک بمبینن و درووود بۆ گیانم بنێرن، لە هەقیقەتدا داوای ژیان دەکەم بۆ خۆم، بەڵام ناتوانم بە تەنیا بەختەوەرییەکی تاکەکەسی لە ئەشکەوتێکی خەیاڵییدا دروست بکەم، ئەمە سۆلیداریتی دەوێت، ئەمە پڕۆژەیەکی کۆلێکتیڤە. نایشارمەوە ناوەڕۆکی سۆشیالیزمم دەوێت، نەک ناوەکەی، ئەو ژیانە سۆشیالیستییە لە هەر جێگەیەک ببینم، ئەگەر لە کونێکی رەشی گەردووندا بێت بۆی دەڕۆم و هەرگیز ناگەڕێمەوە، شەیدای ناوی سۆشیالیزم نەبووم، گرنگ نییە کێ سۆشیالیزم دادەمەزرێنێت، گرنگ نییە ئەگەر هیچ کتێبێکی ئەستوور و قەبەی لە هەمبەر مۆدیلەکانی سۆشیالیزم نەخوێندبێتەوە، ئەوەی بە لامەوە بایەخی هەیە بەرقەراربوونی ئەو هەلومەرجەیە ناواخنی سۆشیالیزم پێکدەهێنێت. بڕیار نییە سۆشیالیزم بە بەهێزی حزبێکی چەپ یان کۆمۆنیستییەوە ببەستینەوە، شتەکە لەوە قووڵ و دوورترە، بەڵام تاکە شتێک لێی دڵنیابم، مێژوو خۆ بەخۆ ناچێتە ناو سۆشیالیزمەوە، وەک چۆن نەچووەتە ناو هیچ فۆرماسیۆن و سیستمێکی تری ژیانەوە، ئەوە خۆمانین دەتوانین جیهان و کوالێتی ژیانمان بگۆڕین.

## بەرگریی لە کوردبوون

من: بەپێی ئوستوورە یەکەم ئازاری مرۆڤ دابڕانێتی لە زێد کە بەوەدەرنانی ئادەم و حەوا لە نیشتمانی خۆیان (بەهەشت) دەستپێدەکات، سەر زەوی (تاراوگە) سزایەکی ئاسمانیی هەتاهەتاییە بۆ ئادەم و نەوەکانی، هەروەک چۆن پاشتر ئادەمیش، قابیل بە تاوانی کوشتنی هابیل بۆ جێگەیەکی دوورەدەست (مەنفا) دەربەدەر دەکات. وەک بڵێی تاراوگەی زەمینی دووجار سزا بێت. ئەمشەو لەگەڵ فازڵ عەزاوی لە پەنجەرەی نەخۆشخانەوە سەیری دەرەوە دەکەم، شەوێکی نوتەکە، چاوەکانم هیچی تر نابینن جگە لە رۆشنایی گڵۆپێکی سەرکزی ئەوبەر شەقامەکە، گوێیەکانم هیچ نابیستن جگە لە گڤەی باو و لوورەی باوبۆران، لە ناو خۆمدا نقووم بووم، لە ناکاو خشەی پێی سستەرێک دەبیستم و رادەچڵەکم، بە پێچەوانەی پێشبینییەکەی داپیرەوە تووشی تامێسکیش نابم، بە ئەڵمانییەکی شکاو پێم دەڵێت: (ئەلس گوت- هەموو شت باشە؟). بەو هۆیەی غەمێکی قورس زاری بەستووم بە سەر ئاماژەی بەڵێ بۆ سستەرە عەرەبەکە دەکەم. دەمخواست پێی بڵێم یەک کاتژمێر پێش ئێستا لە خوێندنەوەی دەردەدڵی نووسەرێکی هاوزمانت دەستم هەڵگرت، بەڵام هیچ کات دەرفەتی قسەکردنمان پێکەوە نەبوو لە دەرەوەی ئەم چەند رستەیە: ئایا ئازارت نییە؟ شەوشاد؟، هەموو شتێک باشە؟، هەر کات ئازارت هەبوو پەنجە بنێ بە زەنگی ئاگادارییەکەدا. دووبارە دەچمەوە ناو ئەشکەوتە ئەفلاتۆنییەکە و لە تاریکترین سوچەوە خۆم فڕێدەدەمە چۆمی داڵغە و خەیاڵەوە: بڵێی دابڕان لە زادگە یان شێرپەنجەکەم، کامیان سزای من بێت؟، لەم کاتانەدا شەماڵ سائیب لە روحمدا گۆرانی دەڵێت، محەمەد عەباس بارام لە دڵمدا ستران دەبێژێت و ئاگرە بێ دوکەڵەکە لە هەناومدا بڵێسە و تاو دەسەنێت، لە گازینۆی شەعب زاری تاوڵە فڕێدەدەم، خەیاڵیشم وەک هەمیشە بۆ جێگەیەکی دوورەدەست فڕیوە، هەست دەکەم شێتیی لە مێشکمدا دەستیکردووە بە جووڵە،

لە خودی ژیان رادەمێنم، پێموایە ژیان لە کتێبی پۆیەتیکای ئەرستۆ دەچێت، لایەنە تراژیدیاکانی دەمێنێتەوە و رووە شاد و خۆشیهێنەرەکەشی ون دەبێت. بە ئەسپایی دەست دەخەمە گیرفانی یادەوەرییمەوە، هەرچی وشەیەک دەردەهێنم تا دڵنەوایی ئەمشەوە پڕ حەسرەتەی پێ بدەمەوە، وەک سکەیەک لە دیوێکی نووسراوە مەنفا، هەڵیدەگێڕمەوە بۆ دیوەکەی تری نووسراوە تاراوگە!، ئەم دوو وشەیە ئازاردەرن، بە درێژایی ژیانم لەو دوو وشەیە تاڵترم نەبیستووە، بە دوای وشەیەکدا دەگەڕێم دەڵێی قەڕنێکە ونم کردووە و نایدۆزمەوە: نیشتمان. لێ روانینم بۆ وشە روانینێکی فرەدیوە، بۆی هەیە گۆشەنیگای من سەبارەت بە وشەیەک جیاوازتر بێت لەو مانا کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لێی بارکراوە، هەروەک چۆن بە پێی کۆنتێکستی رستە گۆڕانکاریی بنچینەیی بەسەر واتادا دێت، بەکارهێنانی ئێستایی وشەیەک بەو مانایە نییە پێش سەدەیەک بە هەمان واتا بەکارهێنراوە. بەڵام ئەو وشەیەی هەمیشە واتایەکی جێگیری هەیە نیشتمانە.

سێبەر: ئێمەی کورد تا ئێستا لە رێی خۆمانەوە، خۆمان نەناسیوە، بۆ بینینی خۆمان تەماشای ئاوێنە تەڵخەکانی دەرەوەی خۆمان کردووە، ئەوان پێیان گوتووین ئێمە کێین، کارمان چییە. تەنانەت پێیان گوتووین ئەمە سنووری بیرکردنەوەکانتانە، دیزاینی بیرکردنەوەی ئێمە لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە کراوە. ژاک لاکان پێیوابوو منداڵ کە بۆ یەکەمجار لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی دەکات، وەسوەسەی ئەوەی تێدا دروست دەبێت، ئەویتری ناو ئاوێنەکە خۆیەتی، ئەمەش پێشخستنی ئەو (منی رەنگدەرەوە)یە بوو پێشتر هیگڵ تیۆریزەی کردبوو. لە میتۆسی گریکییدا میدۆسا ئەو ژنە بوو بە نیگاکردنێک بەرامبەرەکەی دەکرد بە تەنێکی رەق و بەردێک، کاتێک ئاوێنەی بۆ رادەگرن و خۆی دەبینێت ئەوسا بە تەماشاکردنی خۆی رەق هەڵدێت و دەبێتە گاشەبەردێک. ئێمەی کورد لە ئاوێنەی ئەوانیتردا دڕندەیەکمان پێ نیشان دەدرێت و پێمانوایە ئەوەی ناو ئاوێنەکە خۆمانین، لە کۆتاییدا وەک میدۆسا روحە جەنگاوەرەکەمان هەر لەو ئاوێنە تەڵخانەدا دەکوژن وەک چۆن پێریسیۆس سەری میدۆسای لە لاشەی جیاکردەوە (لێرە مەبەست لەو رستە سواوە نییە جەخت لەوە دەکاتەوە کوردەکان جەنگاوەری بە جەرگن،

جەنگاوەریی لێرەدا دوورە لە رەهەندە عەزەلاتییەکانەوە). بۆیە هەر کاتێک لە هەر شوێنێکی ئەڵمانیا گوتبێتم من کوردم، ئەڵمانە بەتەمەنەکان یەکسەر باسی کتێبەکەی (کارڵ مای ١٨٤٢-١٩١٢)یان کردووە بە ناوی (گەشتێک بە کوردستانی کێویدا). ئەڵمانەکان هێشتا لە رێی ئەو رۆمانەوە کورد دەناسن کە بەرهەمی کۆتایی سەدەی نۆزدەیە و لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لەسەر شاشەی سینەما بینیوویانە. ئیدوارد سەعید، باسی کچە رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی نیۆریۆک تایمز دەکات بە ناوی (جودیت میلەر)، ئەو ماوەی بیستساڵ پسپۆری کاروباری رۆژهەلات و جیهانی ئیسلامی و عەرەبی بووە، بێ ئەوەی عەرەبی یان زمانێکی تری رۆژهەلاتی زانیبێت. نازانم ئەم نموونەیە لە خانەی نوکتە یان سکاندالدا پۆلێن بکەم؟.

(کارڵ مای)ش بابایەکی لەم قوماشە بووە و دووجار غەدری دەرهەق کورد کردووە، یەکەمیان خۆی کوردستانی نەبینیوە، دووەمیان پشتی بە بەڵگەنامەی عوسمانی و هەواڵگریی ئەڵمانی بەستووە لە نووسینی رۆمانەکەیدا. سکێچی ئێمەی کورد هێشتا گەلێکی سادە و هۆڤە لەگەڵ سروشتێکی درندە و سەختدا شەڕی مانەوەی خۆمان دەکەین، بە جۆرێکیش بەهمەنی قوبادی لە رێگەی زنجیرەیەک فیلمەوە هەمان دۆخی نیشانی ئەوانیتر داوەتەوە، بەوەی هێشتاش کۆمەڵگەی کوردستان هەمان ئەو کۆمەڵگەیە کارڵ مای باسی دەکات و نەپەڕیوەتەوە بەرەو پێشکەوتن. پێموایە بە ئاگایی بێت یان بێئاگایی بەهمەنی قوبادی لە رێگەی فیلمەکانی (تەختەڕەش) وەک ئەکتەر و (ساتێ بۆ مەستی ئەسپەکان) و (کیسەڵەکانیش دەفڕن) وەک دەرهێنەر بووە بە بەشێک لە کۆلۆنیالیزمی کولتووریی. لە باری کرداریشەوە ئێران بە پلەی یەکەم سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی کولتووریی دەباتە پێشەوە لە کوردستاندا، تورک چەند پلە لە دوای ئێرانەوەیە لەم رەهەندەوە. مرۆڤی کورد، لە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی رووتکردنەوەی مێژوویی و بچووککردنەوەیدا، وا بارهێنراوە و ئەو دیدگایەی لا دروست کراوە، هەبوون و نەبوونی لەم دنیایەدا هیچ ناگۆڕێت، مێشکی پێش کولتوورەکەی کۆلۆنیالیزە کراوە و لە باشترین حاڵەتدا وێنەی خۆی لەسەر فۆرمی نەتەوەی سەردەست دەگرێتەوە، ئەوە سیاسەتێک

بووە بە خەستی لەلایەن هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیاوە بەڕێوە دەبرێت. هەموو دژی لە سێدارەدانی (حەیدەر قوربانی) وەستاین، بەڵام بە شانوباڵی فیلمی (دار گوێز)دا هەڵمان دەدا کە درێژکراوەی ڕەوتێکی سینەماییە پێشتر کەسانی وەک ئیبراهیم حاتەمی کیا لە فیلمی «چ»دا نوێنەرایەتیان دەکرد، من سەدایەکی دەرەوەی ئەم هەژموونە کۆلۆنیاڵیستییەم بۆیە دەنگم کپکراوە. جارێک هاوڕێیەکم گوتی لە وەرگێڕانە فارسییەکاندا، سلاڤۆی ژیژەک هێندەی وەک پان ئێرانیستێک بیر دەکاتەوە وەک ئەوروپاییەک یان چەپێکی خەڵکی خۆرئاوا بیر ناکاتەوە، بە زەردەخەنەوە گوتم من کە هێشتاش فارسی نازانم هیچ گومانێکم لەو قسەیەت نییە، ئەگەرنا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەی نەدەدا ئەو بایەخە زۆرە بە ژیژەکیزم بدرێت.

من: بە پشتبەستن بە میتۆدە بوونخوازییەکەی سارتەر بەو دەرئەنجامە دەگەین، من لە نیگای ئەودا دەگۆڕێم بۆ ئۆبژەیەک، وێنایەک ئەو بۆ منی هەڵبژاردووە لە دەرەوەی ویستی خۆم، ئیدی ئەو فۆتۆیە دەبێتە ناسنامەی من لە نیگای ئەودا چرکێنراوە، بەو جۆرە دەچمە خەیاڵدان و جیهانی ئەویترەوە، هیچ کاتێک من لەم ئۆبژەبوونە دەرباز نابم تەنیا لە ڕێگەی بە ئۆبژەکردنی ئەویترەوە نەبێت، لە پەیوەندیی من و ئەودا، ئەوەی لە گۆڕێدایە پرسی بە سوبێکتکردن و بە ئۆبێکتکردنە، هەر لایەکیش لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە سوژە و بەرامبەر بکاتە ئۆبژە، ئەمەش شتێکی حەتمییە و ڕێگایەکی تر لە دەرەوەی ئەم ڕێگایە لە ئارادا نەماوە و نییە. لەم دۆخەدا ئاوێنەیەک نامێنێتەوە من خۆمی تێدا ببینم، بوونی من قەرزاری نیگای ئەویترە، واتە من لە ڕێگەی بینینی ئەویترەوە خۆم دەناسم نەک لە ڕوانین بۆ وێنە ئۆرگیناڵەکەی خۆم، سارتەر ئەم بە ئاوێنەبوونەی ئەویتر تا من لە ڕێگەیەوە خۆم بناسم، بە دۆزەخ پێناسە دەکات، وەک بڵێی بوونی من لەوێوە دەستپێدەکات بەر نیگای ئەویتر دەکەوم. ئەگەر ئەم بنەڕەتە فراوانتر وەربگرین و پراکتیسی بکەین بەسەر بوونی ئێمەدا وەک کورد، بەو ئەنجامە دەگەین لە ڕێگەی ئەوانیترەوە خۆمان ناسیوە، هەموو ئەو وێنانەی لە ئارادان بەرئەنجامی نیگا و سەیرکردنی ئەوانیترن بۆ ئێمە، ئەگەر لای سارتەر کاریگەریی شەرمکردنی دوای نیگای

ئەویتر ببێتە فاکتۆری خۆناسینی من، لە دۆخی کوردییدا ئەو شەرم لە خۆکردنە، نەبووەتە هۆی خۆناسین بە قەدەر ئەوەی بووە بە هۆکاری بچووکبوونەوە و بزربوون. ئەگەر نموونەیەک بهێنینەوە، لە نوکتەی میسرییدا هەر کاتێک ناوی کورد بێتە پێشەوە، ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ بوونی کەسێکی گێل و عیناد، یان زۆرجار وەک جنێوێک بە کاردەهێنرێت، ئەمە لە کۆنەستی میسرییەکاندا نەوە بە نەوە گوێزراوەتەوە، لەوانەیە تا ئێرە ئاسایی بێت، بەڵام لەو کاتەدا نائاساییە کورد خۆی پێیوابێت ئەوە فۆتۆ رەسەنەکەی خۆیەتی، کارەساتیش ئەوەیە کورد ئەم نوکتانە بە زمانی خۆی لەسەر خۆی بگوازێتەوە، وەکو چۆن جەلال تاڵەبانی لە ماوەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقدا زۆرترین نوکتەی لەسەر کورد بۆ کەناڵە عەرەبییەکان دەگێڕایەوە. (هەر ئەوکات لە وتارێکدا بە ناوی «ئای میللەتێکی چەندە سەیرین!» رەخنەم لێگرتبوو، وتارەکەش لە ژمارە ٣٥ی رۆژنامەی نێوەند لە رۆژی ١٨-١-٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە).

ئەم گرێی خۆ بە بچووکزانینە بووە بە بەشێک لە خەیاڵدان و هۆشیاریی مرۆڤی کورد، چونکە لە نیگای ئەوانیتردا، ئێمە گەلێکی ناشارستانی، کێویی، نەوەی جندۆکە، تورکی شاخاویی، چەتە و رێگر، دەستوەشێن و شڕەخۆر، بێ فەرهەنگ، بێ بنەچە و بێ مێژوو و شەڕانی و پریمیتیڤین. (هەرچەند دەبێت بە وشەی پریمیتیڤ\سەرەتاییدا بچینەوە، چونکە پێشکەوتن ئەگەر ئەوە دڕندایەتییە بێت لە شانۆی جیهاندا لە ئارادایە، سەرەتاییبوون باشترە). لە یاداشتەکانی مارکۆ پۆلۆ (ئەلملیۆن) و دەفتەری یادەوەریی ریکالدۆ دا مۆنتیکرۆجێ (گەشتێک بۆ خۆرهەڵات)دا کە دوو گەڕیدە و گەشتیاری ئیتاڵی بوون هەر یەک بە جیا لە سەدەی سێزدەدا بە ناوچە کوردنشینەکاندا تێپەڕیون، لە بارەی کوردەوە نووسیوویانە میللەتێکی شەڕەنگێزن، مۆنتیکرۆجێ سڵی لەوەش نەکردووە بنەچەی ناوی کورد بگەڕێنێتەوە سەر وشەی (کورت –گورگ)ی فارسی و لە جێگەیەکی یاداشتەکانیدا نووسیوویەتی: (هاتینە لای گەلی کوردی ترسناک، دڕندایەتی ئەمانە زۆر زیاترە لەو گەلانەی بینوومانن!). ئەم وێنە زیادەڕۆیی تێداکراوەی کورد هەتا نهۆش بووەتە ناسنامەی ئێمە، لەم بارەوە بەردەنگ دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ

کتێبەکانی ئیسماعیل بێشکچی بە تایبەت کتێبی (تێزی تورک بۆ مێژوو.. تیۆری زمانی خۆر و کێشەی کورد)، بێشکچی لەوێدا وێنەیەکی روونی کورد لە نیگای توركدا بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. تەنانەت کاربەدەست و ئەفسەرانی ئینگلیز کە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئیمپریالیستی بەریتانیدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەركدا بوون، لە نووسینەوەی یاداشتەکانیدا کەمیان نەکردووە لە تۆخکردنەوە و دزێوکردنی ئیمۆجی کورددا یان بە وردبوونەوە لە تێڕوانینی (میشێل عەفلەق)ی تیۆریسیۆنی بەعسیزم سەبارەت بە کورد لەو فاکتە دڵنیا دەبینەوە، ئێمە چین لە نیگای ئەوانیتردا. لەوە دەچێت تا ئێستا بەو وێنایەی خۆمان قایل بین، جارجاریش بە شەرمەوە دەکەوینە پاکانە و لە ژێر لێوەوە دەڵێین ئەم هێڵکارییە دەستکردی نەیارانە، بێ ئەوەی وێنایەکی رەسەنی خۆمان بگوازینەوە، چونکە ئێمە هیچ وێنەیەکی رەسەنمان نەماوە، ئەو وێنەیەی بەردەستە فۆتۆی ئەهریمەنێکە و لە ستۆدیۆکانی تاران و ئەنکەرا و بەغداد و دیمەشقدا شۆراوەتەوە.

سێیەر: ئەگەر ئاستێک لە ئاستەکانی نامۆیی چینی کرێکار لای کارڵ مارکس نامۆبوون بێت بەرامبەر بە خود، ئەمێستا مرۆڤی کورد لە بەرزترین ئاستی نامۆبووندایە بەرامبەر بە خودی خۆی، تا کەوشەنی خۆ بزرکردن و وردوخاشبوونی خودئەڤینییەکەشی رۆشتووە، مرۆڤی کورد لە مێژوو دەرهێنراوەتە دەرەوە، هەموو دەرگاکانی هاتنە ناوەوەشی لێ گیراوە، سایکۆلۆژیای تێکوپێک شکێنراوە، خۆی وەک وردە بوونەوەر دەبینێت لە بەرامبەر هەموو ئەوانیتری گەورەدا. نیچە لە زاری زەردەشتەکەیەوە نووسیبووی: (هەموو شتێک بچووک بووەتەوە، لە هەموو شوێنێکدا دەروازەی بچووک و نزم هەیە، کەسانی وەکو من بۆ ئەوەی پێیاندا تێپەڕێت، دەبێت خۆی دانەوێنێت، من بە ناو ئەم میللەتەدا تێدەپەڕم و چاوم دەکەمەوە، چونکە ئەوان بچووک بوونەتەوە و بەردەوام بچووکتریش دەبنەوە). ئەم رستەیەی نیچە لە سیاقی رەسەنی خۆی جیا دەکەینەوە و هەوڵ دەدەین مانایەکی تریشی لێ باربکەین، ئەویش ئەو رەوشەیە ئەمڕۆ مرۆڤی کوردی تێیدا بچووک و بچووکتر دەکرێتەوە، ئەوان ناتوانن بە بەژن و باڵای خۆیانەوە بچنە ناو جیهانەوە، هەمیشە دەبێت خۆیان نەوی بکەن تا بە دەروازەی تەنگی ئەو جیهانە

بەرتەسکەی نەتەوە سەردەستەکانی ترەوە بچن. ئەگەر ئیزن بدەن چیرۆکێکم هەیە بۆ گێڕانەوە شایان بێت، لە هاوینی ٢٠١٧ لە گەشتێکی چەند ڕۆژەدا بۆ شاری بەرلین، لەگەڵ دوو هاوڕێی تری کورد میوانی پارتی چەپی ئەڵمانی (لینکە) بووین، هەستم دەکرد دوو هاوڕێ کوردەکەم هیچ کاتێک ناتوانن بچووکترین کۆمێنتی سیاسیی بدەن لە بەردەم ئەڵمانەکاندا. بەپێی پرۆگرامی گەشتەکە، سەردانی شوێنی تیرۆرکردنی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، دیواری بەرلین، پەرلەمانی ئەڵمانی، مۆنۆمێنتی هۆلۆکۆست، بارەگای سەرەکی لینکەمان کرد و بەشداربووین لە چەندین گفتوگۆ و سیمیناردا، بەڵام ئەوەی لە هەر شتێکی تر ئازاری دەدام، قڕوقەپی ئەو دوو هاوڕێ کوردە بوو.

لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا لە بارەگای سەرەکیی لینکە سیمینارێکم پێشکەش کرد، هەردوو هاوڕێ کوردەکە دەمیان کرایەوە لە بەرامبەرم و کەوتنە ڕەخنەباران و تەنانەت سەرزەنشتکردنم!، لەوێ بۆ وەڵامی هەردووکیان وشەی (سوپاس)م بەکارهێنا، بەڵام بە ئەکسێنتێکی تووڕەئامێزانە، نەک لەبەرئەوەی بە سەرنجەکانیان بریندار بووبم، بەو هۆیەی وێنە و دەرئەنجامێکی زۆر بەرجەستەیان پێدام لە گرێی خۆ بەکەمزانینی مرۆی کورد. شەو کە گەڕاینەوە بۆ هوتێل، بە هەردووکیانم گوت، ئێوە بۆ ئەوەندە شەرمنن لە بەرامبەر ئەڵمانەکاندا؟، مەگەر دەرکتان نەکردووە چەپترین ئەڵمانیش هێشتا زیادەڕەویی ناکات لە باسکردنی هیتلەردا، وەک چۆن هەر ساتێک مێژووی نازیزم و هیتلەر بیری هەر ئەڵمانێک دەخەیتەوە، بە خێرایی دەیەوێت بابەتەکە بگۆڕێت و دەڵێت ئەوە لاپەڕەیەکی رزیو و تێپەڕیووی مێژوو بوو، نایەوێت بە باسکردنی هیتلەر لە شکۆی نەتەوەیی ئەڵمان بدرێت. یەکێکیان گوتی ئاخر ئەوان ئەوەتا پشتگیریی کورد دەکەن لە شەڕی تیرۆر و داعشدا، بۆچی ئەو مێژووە ڕەشەیان بە ناوچەواندا بدەینەوە؟، منیش گوتم ئەڵمانەکان دەبێت بێ منەتانە یارمەتی کەمینە و میللەتانی چەوساوە و پەناهێندەی ئەو گەلانەش بدەن هانایان ئێرە هێناوە، ئەمە شتێکە دەتوانێت قەرەبوویەکی کەمی هۆلۆکۆست بکاتەوە، هاوکات نیشاندانی ڕوویەکی تری مێژووی ئەڵمانە لە دوای ئاوشڤیتسەوە کە دەتوانێت کەمێک ئابڕووی تکاوی نەتەوەی ئەڵمان بکڕێتەوە،

بەڵام گرێی خۆ بەکەمزانینەکە لەوە قووڵتر بوو بە یەک دوو ئارگۆمێنتی سادە چارە بکرێت. حەزدەکەم بەردەوام بم لە گێڕانەوە و پێموایە ئەمە دووەم جارە داستانی ئەو سەرۆک هۆزە ئەفەریکاییە بگێڕمەوە باسی هاتنی مژدەبەخشە مەسیحییە خۆرئاواییەکان دەکات و دەڵێت: پێش ئەوەی ئەوان بێن ئێمە خاوەنی زەوییەکانی خۆمان بووین، لەگەڵ هاتنی ئەوان و قبوڵکردنی ئاینەکەیاندا، کاتێک لە دوای یەکەمین نوێژ چاومان هەڵهێنا، بینیمان ئینجیلەکانی ئەوان بە ئێمە بوو، زەوییەکانی ئێمەش بەوان. ئێمەی کوردیش هەمان شتمان بەسەرهاتووە، کۆلۆنیاڵیزمی کولتووریی نەتەوە سەردەستەکان دەستکاریی زەینی کردووین، ئاسیمیلاسیۆنی کردووین لە بۆتەی فەرهەنگی پریمیتیڤ و عیرفانیی خۆیاندا، با نموونەیەکی سادە بهێنینەوە، بە زەبری ئەم کۆلۆنیاڵیزمە شەجەریان بووە بە ئایکۆنێکی هونەریی کەم وێنە لە مێشکی زۆرێک لە ئێمەدا (ئاغلەبی جار وشەی «ئێمە» بەکاردەهێنم، ئەمە بە مانا بەربڵاو و باوەکەی وشەکەیە، نەک ئاماژە بێت بۆ گروپێکی دیاریکراو. کاتێک دەڵێم ئێمە واتە شتەکە لە تاکەکەسێک فراوانترە)، لە کاتێکدا (شەجەریان خومەینی هونەرە) من خاوەنی ئەم رستەیە نیم، بەڵام هەر کەسێک کردبێتی راستترین گوزارشتە، ئەگەرچی بە ئیحای سۆشیالیستە ئەڵمانەکان نووسراوە، کاتێک دەیانووت (هایدگەر هیتلەری هزرە). رەنگە هیچ تێزێکیش هێندەی تێزەکەی بێشکچی (کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە) لە خوێندنەوەی ئێمەی کورددا راستیی نەپێکابێت.

من: ئەو وێنایەی کورد کە ئەویتر زەقتر بینوویەتی بریتییە لە رووە نێرینەکەی کۆمەڵگەی کوردیی، ئەگەرچی لە ناوەڕاستی سەدەی سیازدەوە هەرچ میسۆنێرێک یان گەڕیدە و بازرگانێک گەشتی بۆ کوردستان کردبێت، چاوی سەرنجی چووەتە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی ژنی کورد، ئەو خاڵەی دەشێ بە خاڵی پێکگەیشتن و هاوبەش لە گەشتنامە و بیرەوەریی بیانییەکاندا بیخوێنینەوە ئەوەیە رۆڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنی کورد بە بەراوورد بە ژنانی تورک و عەرەب و فارس بە پێشکەوتووتر بینراوە و دانراوە، ئەوەی زیاد لە هەر شتێکیش بۆ گەڕیدە ئەورووپاییەکان جێگەی سەرنج بووە، ژنی کورد بە تایبەت لە گوندەکاندا جۆرێک لە

سەربەستی هەبووە، ئەو لەچک و چارشێو و خۆداپۆشینەی لە کۆمەڵگەی تورکی و عەرەبی و فارسیدا بینیبوویان لە دۆخی ژنی کورددا تێبینیان نەکردبوو، تەنانەت لەو کۆنتێکستە مێژووییەدا ژنانی خۆرئاوا هەر ئەوەندە ئازادییان هەبووە ژنانی کورد هەیانبووە، ئەگەر کەمتریش نەبووبێت. لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ فەیلەسوفی فێمینیست (سیمۆن دو بوڤوار)دا مێژووی نێزیک و نیوەی دووەمی سەدەی بیستی فەڕەنسا دەگێڕێتەوە، چۆن (گەلەسەگی هار) رووبەڕووی کتێبە بە نامێکەی (رەگەزی دووەم) بوونەتەوە؟ کە لە خۆیدا هەوڵێکی ئاڤانگاردانە بوو، پاشتریش بوو بە تیۆرییەک بۆ تێکۆشانێکی فێمینیستی، لە هەمان چاوپێکەوتندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن (مانیفێستی ٣٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ وەک هەوڵی سێ سەد و چل و سێ ژنی بەرەنگار و فێمینیست بە (مانیفێستی ٣٤٣ قەحپەکە)ش لەلایەن نوێنەرانی مێنتالێتی پیاوسالارییەوە ناوبراوە!. لەو ئینتەرڤیۆیەدا دوبوڤوار هەندێک راستیی ئاشکرا دەکات بۆ منێکی کونجکاو، زانیاریی تازە بوون نەخاسمە بۆ خوێنەری ئاسایی. بەڵام هاشا لەوە ناکرێت مێژووی فەرمی کورد مێژووی پیاوی کوردە، ئەو پیاوەی رووخسارێکی پرشنگداری بۆ کورد دروست نەکردبوو لە چاوی ئەویتردا، ئەگەر بەشێک لەو ڤێزەون نیشاندانەی کۆمەڵگەی کوردیی پەیوەندیی بە ئەنگێزەی ئەوروپاتەوەرییەوە هەبووبێت کە ئەویش لەسەر بنەمای پیاوگەرایی دروستبووە، گومان هەڵناگرێت بەشەکەی تری راستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە و ئەوەیە پیاوی کورد لە مێژووی خۆیدا تۆماری کردووە.

پێموایە بۆ راستکردنەوەی ئەو وێنایە و بۆ کۆتاییهێنان بەو پەراوێزییەی کورد لە جیهاندا پێویستمان بە دەرخستنی رووە مێینەکەی کۆمەڵی کوردەوارییە، ئەم قسەیەم لە خەیاڵەوە دەرنەکێشاوە، مەگەر هیچ کاتێک خەباتی کورد بە قەدەر ئەو بەرەنگارییەی ژنە شەڕڤانانی رۆژئاڤا لە بەرامبەر داعشدا بووە بە جێی بایەخ و سەرنجی جیهان؟، ئەوەی کوردی لە سەدەی بیست و یەکەمدا بردە ناو جیهانەوە ژنە شەڕڤان بوو نەک پیاوی کورد!. لێ لە جێگەی تردا باسمان لەوە کردووە میلیتاریزەی ژنان بە تەنها بێ مافەکانی تر مافێک نییە بۆ مێینە بۆیە ناگەڕێمەوە سەر ئەو باسە. ئەگەر لە بزووتنەوەی ئەیلوولدا بە رابەرایەتی مەلا مستەفا،

رۆژنامەوانێکی وەک دانا ئادەمس شمید بە نووسینی کتێبی (گەشتێک بەناو پیاوە ئازاکانی کوردستاندا) وێنەیەکی پیاوانەی شۆڕشی کوردی گواستبێتەوە، لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەو وێنایە پێچەوانە بووەتەوە، ئەم جارە ژن بزاڤی شۆڕشگێڕیی کورد بەڕێوە دەبات. بۆیە پێموایە دەبێت ئەو ئیرادە شۆڕشگێڕییەی ژنانی رۆژئاڤا بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش بگوازرێتەوە، لە سەرهەڵدانەکەی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینییەوە شۆڕشی کوردیی شەقڵێکی پیاوانەی هەبووە و سەرئەنجامی یەک بە یەکیان تەنیا شکست و (خیانەت) و شەڕی ناوخۆیی بووە، هەر ئەمەش رۆژنامەنووسێکی وەکو (داڤید ئادەمسن)ی هاندا کتێبی (شەڕی کورد و کورد- لێکترازانی ١٩٦٤) بنووسێت کە چیرۆکی ناکۆکیی و شەڕی خوێناویی هەردوو باڵی مەلایی و جەلالی کردووەتە تێمای باس، بەڵام لەو رۆژەوەی شۆڕشی کوردەواری مۆرکێکی ژنانەی بەخۆوە گرتووە لە پێشکەوتنێکی هەمەلایەنەدایە، نەک ئەو وێنایەی پێشووی بەرەو راستکردنەوە بردووە، بگرە خەریکە کورد بە سیمایەکی زۆر جیاوازترەوە بباتە ناو جیهانەوە یان بە دەربڕینێکی تر جیهانی ئامادە کردووە بۆ پێشوازیی لە رووخسارێکی جیاوازتری کورد.

سێیەم: وەک ژاک لاکان تێبینی کردبوو خودی شوناس پەیوەندیی بە گێڕانەوەوە هەیە، ئەوەی لە بارەی خۆتەوە دەیگێڕیتەوە یان ئەوەی لە بارەی تۆوە دەگێڕدرێتەوە دەبێتە شوناسی تۆ. کۆمەڵگەی کوردیی هەموو توانست و ماتەوزەیەکی خۆگێڕانەوەی لێسەندراوەتەوە و کراوەتە ئاژەڵێکی بێ زمان، هیچ بوونێکی نەماوە جگە لەو نەسکەی لەناو حکایاتەکانی ئەوانیتردا بۆی دروستکراوە، ئیدی ئەویتر بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت دەیگێڕێتەوە و چۆنی بوویت هێڵکاریی دەکات. ئەگەر مەسعودی لە سەردەمێکی دێریندا رەچەڵەکی کوردی بردبێتەوە سەر جندۆکە، ئێستا کۆلۆنیاڵیزمی کولتووریی نەتەوە سەردەستەکان وا پەروەردەمان دەکات هەر لە باپیرانەوە کورد کۆمەڵێک چیانشینی دڕ و دەستەمۆنەکراوی دژە شارستانیی بوون، خێوئاسا دەستیان لە هیچ نەپاراستووە و رەگوڕیشەی هەرچی شارستانێتییە گەورە و مێژووییەکانی میزۆپۆتامیایە، لەسەر دەستی ئەم هۆزە کۆچەریی و خوێنساردانە دەرهێنراون. (نەوشیروان مستەفا لە کتێبی «بەدەم

ڕێگاوە گوڵچنین» تیۆریزەی ئەم بیردۆزە ژەهراوییە دەکات و دەتوانین مامەڵەیەکی میتافۆریی لەگەڵ ناوی کتێبی «بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین»ی نەوشیروان بکەین وەک بیەوێت گوڵەکان بچنێت و بیکاتە ئەو چەپکە گوڵەی مام جەلال هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە ئەویش بیرۆکەکەی لە ماوتسی تۆنگەوە وەرگرتبوو). بەم چەشنە مرۆڤی کورد رووت دەکرێتەوە لە مێژوودا، تەنیا ئەو شانازییە قێزەونەی بۆ جێدەهێڵدرێت یان خزمەتکاری عەرەب و زمانی عەرەبی بووە یان سوارەی حەمیدیی بووە یانژی لە باشترین حاڵەتدا جەنگاوەری مرتەزەقەی ساسانی و ئیمپراتۆریەتە (مەزنەکانی عەجەم) بووە تا ئەو رادەی لە رووی سایکۆلۆژییەوە وا راهێنراوە هەر نەهامەتییەکی لە ئێستادا، باجی تاوانەکانی بابوباپیرە هۆڤ و دەستوەشێنەکانی پێشوویەتی. وەکوتریش مرۆڤی کورد ترنجێنراوەتە گۆشەیەکی دابڕاوی دنیاوە، شەرم لە بوون و زمان و مێژوو و کولتوور و جلوبەرگی خۆیشی دەکات، کاری ڕێکەوت نییە لە دراما کوردییەکاندا ئەوانەی جلوبەرگی کوردییان پۆشیوە بە بەراوورد بەوانەی ئەفەندین، بە دواکەوتووتر و تاوانکارتر وێنا دەکرێن، ئەمە گواستنەوەیەکی نائاگایانەی ئەجینداکانی کۆلۆنیالیزمی کولتوورییە.

بێڵ هۆکس، نووسەری پێست ڕەش و فێمینیست، چیرۆکێکی کاریگەرمان بۆ دەگێڕێتەوە لە بارەی ئەزموونی چوونی خۆی بۆ زانکۆ کە سپیپێستەکان هەژموونیان بەسەریدا کردبوو، دایکی ئامۆژگاریی کردبوو: (دەتوانیت ئەو شتانە وەربگریت پێست سپییەکان پێشکەشتی دەکەن، بەڵام ناچار نیت خۆشت بوێن!). هۆکس لە بارەی ئامۆژگارییەکەی دایکییەوە دەڵێت: (ئێستا پاش ئەوەی لە کۆدە کولتوورییەکانی تێگەیشتم، دەزانم پێی نەگوتم خەڵکانی ڕەگەزەکانی ترم خۆش نەوێت، بەڵکو باسی کۆلۆنیالیزمی دەکرد، باسی ئەو واقیعەی چ مانایەکی هەیە لە کولتوورێکی هەژموونیدا ئەوانەی هەژموونیان بەسەردا کردوویت فێرت بکەن، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی هێزی خۆم بەکاربهێنم بۆ جیاکردنەوەی ئەو مەعەریفە سوودبەخشانەی لەوانەیە لە دارودەستەی هەژموونکارەوە بەدەستیانبهێنم لە بەشدارییکردن لەو ڕێگەیانەی سەردەکێشن بۆ نامۆبوون و بە خۆبێگانەبوون، بگرە خراپتر لەوەش بۆ توانەوە و بوون بە بەشێک لە ئەوان). لە

دۆخی کوردییدا ئەوانەی لە تاران و بەغداد و ئەنقەرە و دیمەشق خوێندوویانە یان لە زانکۆکانی خۆرئاوادا بڕوانامەیان وەرگرتووە، دەیانەوێت کۆمەڵگەی کوردیی لەسەر (جام)ی کۆمەڵگەکانی تر بشۆنەوە، ئەمە کارەساتێکی کەمتر دەرککراوە و دەبێت ئەوەی کۆلۆنیالێزمی کولتووریی دەیەوێت فێرت بکات بۆ تواندنەوە و ونکردنت، تۆ بە هۆشیارییەکی بەرزترەوە لە دەرەوەی ختوکە ناسیۆنالیستییەکان رووبەڕووی ببیتەوە. سینەما وەک چەکێکی کاریگەر و نەرمە هێز یەکێک لە بەهێزترین میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنە (تواندنەوە)، بە تایبەت لەو چاخەی بینین بەسەر بیستندا سەرکەوتووە، هەر شتێک بیەوێت نرخ پەیدا بکات، دەبێت بگۆڕێت بۆ وێنە، جا وێنەی جووڵاو بێت یان ستاتیک هیچ جیاوازییەک ناهێنێتە ئارا، جیا لەوەی سینەما وەک بەشێک لە سۆفت پاوەری دەوڵەتان، دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە ژەهراویترین مەرام و مەبەستی ئایدۆلۆژیی لە خۆیدا حەشار بدات.

من: لای من ئەو گرێ و ئەنگێزەیە لە ئارادا نییە ژیاری رۆژئاوا وەک (ئەویتری گەورە) وێنا دەکات، تاکو ناچار بم هەمیشە پشت بە تێز و دیدگاکانی ئەویتری گەورە ببەستم، لە هەمان کاتدا مانای ئەوەش ناگەیەنێت خۆم لە دوورگەی داخراوی کەڵچەری خۆماڵیدا زیندان بکەم و دەرگا و پەنجەرە بە رووی دیدی خۆرئاواییدا دابخەم، لە بناغەوە ئەم مەسەلەیە هەڵەیەکی تێدایە، ئێمە دەمانەوێت ئەو گرێیە (ئەویتری گەورە) و ئەو دەرگا لەسەر خۆداخستنەی (منی بچووکتر) تێپەڕێنین بەرەو بنیاتنانی تێڕوانینێکی هاوبەش و تێکەڵ. ئێمە هێشتا لە رێگەی وەرگێڕانەوە بەر کولتوور و فیکر و فەلسەفەی خۆرئاوایی دەکەوین، ئەگەرچی وەرگێڕان کردەیەکی ئایدۆلۆژیی ئاڵۆزە، لای ئێمە کەمتر ئەم رەهەندەی وەرگێڕان بینراوە و دەبینرێت، بۆ خۆیشی وەرگێڕان بە تایبەتتر وەرگێڕانی فەلسەفەی خۆرئاوایی شتانێک نین بۆ خوێندنەوە و ئەنالیزی کۆمەڵگەی ئێمە هاتبنە ئارا، بەڵام ئێمە ناتوانین دەستبەرداری رەهای ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندەش بین، چونکە دابڕینی هزری کوردیی لە فیکری خۆرئاوایی چەشنی دابڕینی ئۆکسجینە لە مرۆڤ، دەکرێت کۆمەڵی کوردەواری وەک بەشێک لە گشتێکی گەورە کەڵکی لێوەربگرێت بۆ خۆ

خوێندنەوە و فیکرئاوێزانیی، هەروەها بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەهایانەی فۆرمێکی یونیڤرساڵیان وەرگرتووە، دەشێ ئەو لە لاس فیگاس گوێ لە موزیکی رۆک ئەند رۆڵ بگرێت، بە هۆی کاریگەریی گلوبالیزم و شۆڕشی پەیوەندییەکانەوە منێکیش لە یانەیەکی شەوانەی سلێمانی گوێ بۆ هەمان موزیک بگرم، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییە کوردەوارییەکەم وام لێ بکات بە دەنگی حەسەن زیرەک روحم ئاو بخواتەوە یان بە مقامێکی رەفیق چالاک بهەژێم، وەک چۆن گوێگرێکی باشی گۆرانییەکانی مادۆنا و ماجیدە رۆمی و فەیروز بووم لە رابردوودا، تەنانەت شەوی کۆڕەوە مەزنەکەی ١٩٩١ لە رێگەی ڤیدیۆوە سەیری فیلمێکی بیانیم دەکرد، موزیکی دەستپێکی فیلمەکە هێندە خۆش بوو، خەیاڵی منی مێرمنداڵی بردبوو، لە ناکاو هەرا و هوریایەک پەیدا بوو کە دەبێت رەو بکەین، لە نیوەی موزیکەکەدا ڤیدیۆکەیان لێ کوژاندمەوە و بە پەلە خۆمان خستە ناو ئۆتۆمبیل، ئەو موزیکە بێ ناونیشانە هێشتا لە مێشکمدا سەدای خامۆش نەبووە، وا نزیکەی سی ساڵە بیر لەو موزیک و فیلمە دەکەمەوە و ناویم بۆ نادۆزرێتەوە، چونکە کاتێک لە کۆڕەو گەڕاینەوە وێڕای ئەوەی خوشکێکمان نەهێنایە و لە رووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەماندا بە جوانەمەرگی سەری نایەوە و لە پاوەی رۆژهەڵات ئەسپەردەمان کرد، ماڵیشمان تالان کرابوو، وەک دەڵێن گسکی لێ درابوو بە ڤیدیۆ و هەموو کاسێتەکانیشەوە، ئەو موزیکەشم بۆ ئەبەد لێ ون بوو. ئەو فۆرمە هاوبەشەی گلوبالیزم و کۆمیکانیسیۆن دروستی کردووە ئێمەی ناچار کردووە لە گوندێکی بچووکی جیهانیدا هەموو پێکەوە بەسترابینەوە و هیچیشمان پەیوەندییمان بەویترمانەوە نەبێت، رەنگبێ چیتر تێزێک بۆ مرۆڤێکی ئەوێ تێزێکیش بێت بۆ من لێرە، نە لایەنگری خۆماڵێتییەکەی هێندە خەستم دەرگا لەسەر خۆمان دابخەین و بەدیار نەریتەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە برینەکانمان کێم بکەن، نە ئەوەندەش خۆمان بدەینە بەر رەشەبای گلوبالیزم و ئەویتری خۆرئاوا، شەبەقی زامەکانمان فراوانتر ببێت، لەوانەیە لە رێگەی تێزێکی ژێژەکەوە وەک کوردێک زیاتر خۆم بناسم و شوێنم خۆم لەم جیهانەدا باشتر ببینم، هەروەک چۆن دەکرێت تێزێکی تری هەمان فەیلەسوف بۆ منێکی کورد هیچ مانایەک نەبەخشێت، چونکە ئەو رۆڵەی کولتووری خۆیەتی (خۆرئاوا) با گەرەکیشی بێت یونیڤرساڵانە تیۆریزە بکات.

سێیەر: ئێمە پێویستە سەردەمی سەرسامبوون بە فەلسەفەی پرۆبلێماتیکانەی ڕۆژئاوا بگۆڕین و تێیبپەڕێنین بۆ خوێندنەوەیەکی کوردییانە و خۆماڵییانە، فەلسەفەی ڕۆژئـاوا لە خۆی دەدوێـت، ئێمە دەتوانین وەک یەک تاکە ڕێفیرانس لە فیکریی خۆرئاوایی بڕوانین بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو توێکاریی و خوێندنەوانەی بۆ کۆمەڵگای کوردیی دەکەین. ناکرێت هەرچی لەوێ هەیە بە شێوازێکی حەرفی بیسەپێنین بەسەر کەتواری خۆماندا، دەبێت تێبگەین خۆرهەڵات بۆ یەکجاریش لەودیو ئەنگێزەی ئیمپریالیستییەوە نەبینراوە لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە، ئەوان قسە بۆ خۆیان دەکەن، باس لە کێشە ئۆنتۆلۆژیی و هەنووکەییەکانی خۆیان دەکەن، بەهاکانی مۆدێرنێتە تەنیا بۆ جیۆگرافیایەکی دیاریکراو بوون لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر لە ئەورووپای ڕۆژئاواش تێپەڕیبێت، بە بەڵام بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا پەڕیوەتەوە و تا ئەمەریکا بڕی کردووە. تۆدۆرۆڤ باس لەوە دەکات تەنانەت وشەی مرۆڤ و ئەوەی هیومانیزمی لەسەر هەڵچنراوە لای تێکڕای فەیلەسوفان جگە لە مۆنتسکیۆ و ڕۆسۆ، سەرجەم مرۆڤایەتی ناگرێتەوە بەڵکو مەبەستیان بە تەنیا لە مرۆڤی سپی پێستی خۆرئاواییە، ئەگەرنا لەوە بترازێت، تەواوی گەلان بەربەر و ناشارستانین و پێویستە لە ڕێگەی ئیمپریالیزمەوە شارستانێتییان بۆ بگوازرێتەوە و پێیان بگات. ئەگەر ئێمە بووبین بە بەشێک لەو گشتە گەورەیەش، هێشتا مانای ئەوە نییە تواوینەتەوە، بەڵکو پارێزگارییمان لە هەندێک ئەلەمێنتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆمان کردووە و بە تەواوەتی لە گشتە گەورەکەدا نەتواوینەتەوە، ئەمەش خواست و پێویستی ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت ئەو ڕەگەزانە بخوێنینەوە ئۆنتۆلۆژیای کوردیی بە هەموو کێشەکانییەوە لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. پێویست ناکات هەوڵی کۆمیدییانەی لەوەی د.جەمال نەبەز بدەین بە تایبەت ئەو بە درێژایی کتێبێک لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدایە سۆشیالیزمی کوردەواری دێرینتر و خۆڕسکترە لە سۆشیالیزمی ئەورووپی یان ئەوەی ئیسلامییەکان دەیکەن گوایە ئیسلام و سۆشیالیزم لە ڕووی ئابوورییەوە نزیکایەتییەکی ژێنەتیکییان لەگەڵ هەیە وەک کتێبەکەی ئایەتوڵا سەدر «اقتصادنا»، تا ئەوەی شێخ نەدیم جیسر لە کتێبی (چیرۆکی ئیمان)دا لە هەوڵێکی سەرنەکەوتوودا بوو بۆ سەلماندنی هاوڕایی نێوان ئیسلام و داروینیزم لە بارەی تیۆری ئیڤۆلەیشنەوە.

من: فوکۆ و دۆلۆز و باومان و دریدا و لیوتار و ژیژەک و فوکۆ و ڤالتێر بنیامین و هتد.. ئەمانە کەم و زۆر سەر بە ترادیسیۆنی ئەورووپیین لە بیرکردنەوەدا، ئەوان تاکە پەنجەرە نین ئێمە دنیای لێوە ببینین، فوکۆ پێیوابوو هۆشیاریی و رۆشنبیرییەکەیان کەوشەنی جیۆگرافی فەرەنسا بە گشتیی و پاریس بە تایبەتی تێناپەڕێنێت، بۆیە ناچارن شارل دیگۆل وەک رووناکبیرێک چاو لێبکەن. ئەو پێرە رۆشنبیرەی هەر دەمەو مۆدیلێکی فیکریی و رووناکبیریی دەهێننە ناو کایەی رۆشنبیریی کوردییەوە، بەبێ بوونی روانگەیەکی رەخنەگرانە بە تەنیشتییەوە، رۆشنبیریگەلێکی غەوارەن، سەپاندنی ئەنجامگیرییە فیکریی و فەلسەفییەکانی ئەوان بە فۆرمێکی پەتی بەسەر کۆمەڵگەی کوردییدا خوێکردنە بەسەر برینی قەتماغەنەبووی کۆمەڵگەی ئێمەدا، دروست وەک ئەوەی نەوزاد جەمال ئەم چاپە لە رۆشنبیر بە (زۆڵەکانی مۆدێرنە) ناوزەد دەکات، بەوەی باوانی فیکریی و جیهانبینییان لە دەرەوە هاتووە. کەمێک مرونەتم تێدایە و لە بایەخی فۆرمۆڵەبەندییەکانی بیریارانی خۆرئاوایی کەم ناکەمەوە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، ناخوازم مرۆڤی کورد دەرگایان لەسەر دابخات، بە پێچەوانەوە کێشەم لەگەڵ ئەو نەریتەدایە رۆشنبیریی بە مانا فراوانەکەی کورت دەکاتەوە بۆ جیهانبینی یەک بیریار یەک چەند فەیلەسوفێک، ئێمە بۆ خوێندنەوەی دنیای خۆمان زیاد لە میتۆدێکمان پێویستە، ئەمە ناچارمان دەکات بەسەر زۆرترین فیکر و بیریار و فەیلەسوفدا بکرێینەوە، بەڵام دواجار دەبێت وەک کوردێک ئەم کارە ئەنجام بدەین، لێرە ختوکەی ئەنگێزەی ناسیۆنالیستی تاکی کورد نادەم، چونکە بۆ من ناسیۆنالیزمیش کالایەکی هاوردەکراوی رۆژئاوایە و دەبێت زیاد لە روویەکەوە لێی بکۆڵینەوە، بەڵام ئەوە بە کوردیی بیرکردنەوەی لێ زەوت نەکردووم. راستە چەپگەرایيم قبوڵ کردووە، بەڵام ئەمە هەمان ئەو شتەیە نییە چەپێکی تەقلیدیی یان حیکمەتیستی بیری لێ دەکاتەوە کە بێ هیچ بیرکردنەوەیەک دنیای کوردیی دابەشکردووە بەسەر رەش و سپیدا، ئەمە بێ ئەوەی خۆی ماندووکردبێت بە خوێندنەوە و تێڕامانەوە لە هەمبەر کۆمەڵگەی کوردیی، بەڵکو ئەو دەرئەنجامەی مارکس لە سەدەی نۆزدەدا لە بارەی کاپیتالیزمی خۆرئاواییەوە پێیگەیشتبوو

دەقاودەق پراکتیس دەکات بەسەر دۆخی کوردییدا بێ ئەوەی تاکە جارێک لە خۆی پرسیبێت ئاخۆ چییەتی و سروشتی ئەم ململانێیە رەنگێکی تری هەیە لە کوردستاندا یان نا؟. هەرچی پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە وا بیر دەکەمەوە چەپگەرایی ریبازێکی بە کەڵکی رەخنەکردنی دنیایە، میتۆدێکی شیاوترە بۆ خوێندنەوە و سەرئەنجام گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردیی، دواتر بۆ نا ئەگەر بڵێم هەموو جیهانیش؟، رەنگە ئەم زەینە بە زەینێکی ئایدیالیستی و یوتۆپی هەژمار بکرێت، بەڵام پێموایە تۆ داوای گەورە و خەیاڵاتی گەورە و روئیای مەزن و تەنانەت یوتۆپیای مەزنت نەبێت، ناتوانیت هەنگاوی مەزنت هەبێت.

سێبەر: لانیکەم لەو فاکتە ئاگادارین هەلومەرجی سیاسیی کوردستان تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازتری هەیە و ئەم بەشەی کوردستانیش لەلایەن سەرمایەدارییەوە قەوارەکەی دەپارێزرێت، ئەمە وەک نەنگی ناڵێم بەڵکو فاکتەکان دەخەمەڕوو، فەیلەسوفێکی چەپی وەکو (ژیژەک)یش ئەم پشتبەستنەی کورد بە ئەمەریکا و ناتۆ بە دیفاکتۆ دادەنێت و هیچ گلەییەکی لێی نییە. بە درێژایی دنیای دوو جەمسەریی، کوردستان نەکەوتبووە سەر نەخشەی جیهان بەڵکو لە دەرەوەی جیهان و مێژوو هێڵدرابووەوە، راپەڕینی کوردستان (بەهاری کوردیی- ١٩٩١) وەک یەکێک لە دوا ئەنجامەکانی جەنگی کەنداو (گەردەلوولی بیابان) کە هاوکاتە لەگەڵ راگەیاندنی سیستمی نوێی جیهانیی لەلایەن بوشی باوکەوە (جۆرج بوش) کوردی هێنایە ناو جیهانەوە، ئەم ناوچەیەش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانییەکی ئەمنیی و ستراتیژیی لێکرا (بڕیاری ٦٨٨ بە نموونە) بۆ ئەو مەبەستە بنکەی چەکوشی ئامادە (ئەنجەرلیک) لە شاری سلۆپی باکووری کوردستان (تورکیا) ئەرکی ئەو پشتیوانییەی لە رووی سەربازییەوە پێ سپێردرا. لە دوای رووخانی بەعسیشەوە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە باشوور لەلایەن خۆرئاواوە پارێزگاریی لێ دەکرێت. ئەگەرچی ئەجیندای خۆرئاواییەکان تا ئەمڕۆ بریتی بێت لە هێشتنەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی داڕووخاودا، بەڵام ئێمە دەبێت ئامانجمان دەوڵەت بێت، تۆ ئەگەر پێتوایە کاتی دەوڵەت نییە، ئەوا کاتی هیچ شتێکی تریش نییە، لاوازترین ئارگۆمێنتیش ئەوەیە لە گۆڕێدابوونی عێراقێکی

شکستخواردووی نغرۆی گەندەڵی و ئەنگێزەی تائیفی و مەزهەبیی دەکاتە پاساوی جیابوونەوەی کوردا، ئەمە لەگەڵ پرەنسیپی مافی گەلان ناتەبایە و ئەگەر عێراق سویسراش بێت، بەڵام خەڵکی کوردستان ویستی جیابوونەوەیان هەبێت هیچ پاساوێک نییە بۆ هێشتنەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا وەک ئەوەی بەشێک کیوبیکییەکان لە چوارچێوەی کەنەدا داوای دەکەن، مەگەر کەنەدا دەوڵەتێکی تائیفی و شکستخواردووە؟ بۆیە نابێت لە ژێر هیچ بڕوبیانوویەکدا دژی مافی سەربەخۆبوونی گەلی کوردستاندا بین. ئەو چەپە دۆگمەی پێیوایە دەوڵەت و سنوور هیچ نییە، برۆ مەترێک زەوی لە خانووەکەی داگیربکە و کولانەیەکی تێدا دروست بکە، بزانە چۆن دەیکاتە هەڵا و کێشە!، کەچی هەزاران کیلۆمەتر لە سنووری نیشتمانەکەی قارس دەکرێت وەدەنگ نایەت بەڵکو ئەوانەشی بە دەنگ دێن بە نەتەوەپەرست ناودێر دەکات!. روونیشە مەبەستمان لە دەوڵەت، دەوڵەت نەتەوە نییە، ئامانجی کۆتاییمان بنیادنانی دەوڵەتێکی سیکۆلار و دیموکراتییە (دیموکراتی بە چاپە لیبراڵییەکەی نا)، ئەوەش تەنها بە سیاسەت ناکرێت و بەوەش ناهێنرێتە دی تێز و دژە تێزەکانی بیری خۆرئاوایی پراکتیس بکەین بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردەوارییدا، بێ ئەو سانتێزە خۆماڵییەی پێی دەگەین، بە زمانێکی سادەتر نابێت ئێمە کۆپی فیکری رۆژئاوایی بکەین و کۆمەڵگەی کوردیی پێ لە چوارچێوە بدەین.

بەو مانایەش نا کۆمەڵگەیەکی فۆلکلۆریی بینا بکەین بەناوی ئەوەی رێگریی دەکەین لە (بیری نامۆ!)، ئەو تەسکبینییە مەبەستی ئێمە نییە. توانەوە لە فەرهەنگی خۆرئاواییدا پەتایەکی دێرینە و کۆی وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتیی گرتووەتەوە، چونکە لە زۆربەی ئەم وڵاتانە لەبەرگرتنەوەی دەقاودەقی میتۆد و تێزەکان هەیە، ئیدوارد سەعید لە پەیوەند بە هەمان گیروگرفت لە جیهانی عەرەبییدا پێیوابوو رۆشنبیرە عەرەبەکان بێ کەم و زیاد کۆپی بیروبۆچوونە خۆرئاواییەکان دەکەن و ئەو ئەنجامگیرییانە بەسەر کۆمەڵگەکانیاندا دەسەپێنن بۆ کۆمەڵگە و هەلومەرجی کۆمەڵگەیەکی تری خۆرئاوایی بەدەست هاتوون!، بۆیە پێش ئەوەی ئیمپیریالیزم و (زایۆنیزم) سەرکۆنە بکرێت، سوچی دەستەبژێرەکەیە کتومت تێزەکان کۆپی دەکەن

و پەیستی دەکەن بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ژیاریی کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا لەوە بەولاوە (هەوڵێک لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی ئەو دید و بۆچوونانە بگۆڕێت بۆ شتێک پەیوەندیی بە جیهانی عەرەبییەوە هەبێت). سەعید رەخنە لە هەردوو زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت و قاهیرە دەگرێت چونکە کۆلێژێکیان نییە بۆ ناسینی ئەمەریکا، لە کاتێکدا هەر هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە خۆرئاوا بێ ئەمەریکاناسی رۆنانێکە لەسەر وەهم و سەفسەتە. لە واقیعی ئێمەشدا دوو زانکۆی ئەمەریکی لە دوو شاری باشووردا هەن (سلێمانی و دهۆک)، بەڵام کێ بەرهەم و کاریگەریی ئەو دوو زانکۆیەی بینیوە بەسەر واقیعی سیاسیی و فەرهەنگیی کوردستانەوە؟. لە دەرەوەی زانکۆکانیش لەلایەن دەستەبژێرەوە چەند هەوڵ و خوێندنەوە هەبووە سنووری سەرسامبوون ببڕێت لە بەرامبەر فەلسەفە و فیکری خۆرئاواییی؟. چەند هەوڵ هەبووە بۆ دۆزینەوەی رایەڵێک لە نێوان کۆمەڵی کوردەواری و ئەو تێزانەی ژیاری خۆرئاوا بەرهەمیهێناون؟. لە ئەزموونی تاکەکەسی خۆشمدا سەردەمانێک لە ناوەوەی کوردستان دەژیام، زۆر خۆرئاواییانە لە کوردبوونم دەڕوانی، نها لە دوورە وڵات دەژیم، زۆر کوردییانە بیر لە خۆرئاوا دەکەمەوە. ریژێ دۆبرێ ئەو بیریارە شۆڕشگێڕ نێونەتەوەییە بە نەژاد فەڕەنسییەی هاوڕێ گیڤارا و کاسترۆ بوو، لە زیندانەکانی پۆلیڤیادا هەستی بە فەڕەنسیبوونی خۆی کرد، وەک چۆن شۆڕشگێڕانی لاتین ئەمەریکای وەکو سیمۆن پۆلیڤار و سان مارتان لە پاریس، ناسنامەی (لاتینی) خۆیان دۆزییەوە، بۆیە دۆبرێ بە متمانەوە دەڵێت: (هەر کەس لە نیشتمانی خۆی دوور نەکەوێتەوە ناتوانێت ببێتە تاکێکی نیشتمانیی). بەو جۆرە لە رۆژانی سەرەتای دوورییم لە نیشتمان، وردە وردە کوردبوونی خۆمم ئاشکرا کرد. ئێستا ئامادەم بێ هیچ شەرمێک بە ڕووی جیهاندا بوەستم و بڵێم، کوردم، چەپم، رۆژهەڵاتیم، گەردوونیم.

من: ئەگەر لەسەر میراتی فەلسەفیی نیچە وەک فەیلەسوفێکی نەیاری ژن، فۆرمێک لە فێمینیزم هەڵهێنجرابێت! یان بە بێ ویست و رەزامەندیی خۆی بووبێتە بنەما و دۆکترینێک بۆ نازیزم و کۆتا جاریش بۆ ئۆراسیانیزم و ئەلێکسەندەر دوگین!، بۆچی ناتوانین ئێمە برەو بە مۆدیلێکی تر بدەین لە مارکسەوە بۆ رەخنەگرتن لە واقیع؟،

بۆچی نیچە لە زۆر بواردا کەڵکی لێ وەربگیرێت، ئەمە بۆ مارکس ڕەوایی نەبێت؟. ئێوە بیهێننە پێش چاو کەم فەیلەسوف هەیە هێندەی نیچە دژە ژن، کەچی تەرزێک فێمینیزمی نیچەیی بە هەڵگێڕانەوەی دیدە ڕەخنەگرانەکەی هاتووەتە ئاراوە!، تەنانەت کاتێک ئاوگوست ستریندبێرگ شانۆمامەی (باوک) لە ساڵی ١٨٨٧دا دەنووسێت و لە شانۆکانی ئەوروپادا نمایش دەکرێت، سەرنجی نیچە بە لای خۆیدا رادەکێشێت، نامە بۆ ستریندبێرگ دەنووسێت و لێرەوە هاوڕێیەتیان دەست پێدەکات. بۆچی ناکرێت بڵێین ئەم هەڤاڵێتییەی نێوانیان پەیوەندیی بەوەوە هەبووە هەردووکیان رۆڵی ژن بەرز نانرخێنن و لە هاتنە دەنگ و قسەی ژنان دەترسن؟، وەک چۆن لە کۆتایی شانۆنامەکەشدا ویستی مێینە بەسەر ویستی پیاوانەدا سەردەکەوێت. ستریندبێرگ و نیچە بەقەد یەکتر لە تێپەڕاندنی سنووری دایکایەتی و وەزیفەی کۆمەڵایەتی ژن دەترسان، ئەم روانگە هاوبەشە کۆیکردبوونەوە، تەنانەت نیچە لە ساڵی ١٨٧٠ لە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی ئەفلاتۆندا ڕووبەڕووی داخوازیی یەکسانی ژن و پیاو دەبێتەوە کە ئەفلاتۆن خوازیاری بوو. یانژی ئەگەر لەسەر فوکۆیستی بێ ئەوەی هیچی پێ بێت بۆ ژن، بەڵام داکۆکی لە (شۆڕشەکەی) خومەینی دەکرد!، تەرزێک فێمینیزم پەرەی پێدرابێت و کەسانی وەکو بارتکی و باتلێر سەر دەستەی ئەو ناوانە بن بە فێمینیستی فوکۆیی دەناسرێن لە فەڕەنسادا. بۆچی هەمان کار لەگەڵ مارکس نەکەین؟! ئەگەر خودی مارکس لەسەرشانی هیگڵ و بە ئیحای سۆشیالیزمی فەڕەنسی، سۆشیالیزمی زانستی و شۆڕشگێڕی کردبێتە دۆکترینێکی نوێتر بۆ بەرەنگاریی، ئەی ئێمە بۆ مافی ئەوەمان نەبێت لە مارکسەوە فۆرمێکی تری چەپگەرایی برەو پێبدەین بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگەی کوردیی؟.

سێبەر: کارێکی مەحاڵ نییە بەڵام هۆشیارییەکی زۆری پێویستە، نابێت بکەوینە هیچ پارادۆکسێکی فیکرییەوە، ئەم پڕۆژەیە ئەگەرچی لە توانادایە، بەڵام ئیشێکی ئاسانیش نییە. بیر لە د.محەمەد عابد ئەلجابری بیریاری عەرەب بکەرەوە تووشی چ تەنگژەیەکی فیکریی ببوو؟، ئەو لە بەها رۆژئاواییەکاندا، پشتگیریی دیموکراسی دەکرد، لێکدانەوەشی بۆ سیکۆلاریزم بریتی بوو لەوەی لە ریشەوە مانای عەلمانییەت جیاکردنەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئاینییە (کەنیسە) لە سیاسەت، بەو هۆیەی لە

ئیسلامدا پیاوانی ئاینیی بوونیان نییە، پرەنسیپەکە بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە جێگەی خۆیدا نییە، ئەمە بیرکردنەوەیەک بوو تەرابیشی ناوینابوو (مانگرتن لە بیرکردنەوە)، لە بەرامبەردا دکتۆر جابری پشتیوانی لە زیندووکردنەوەی دیوە پرشنگدارەکەی کەلەپوور و شارستانێتی عەرەبی و ئیسلامی دەکرد، چونکە پێیوابوو رۆژئاوا کاتێک بە سەدە تاریکەکاندا تێدەپەڕی، شارستانێتی ئیسلامی لە لوتکەی درەوشانەوەدا بووە، ئەگەرچی تا رادەیەک نکۆڵی لەم فاکتە ناکرێت، بەڵام ئەم دیدە بە دڵی ئیسلامگەراکان بوو، هەروەک چۆن زۆرترین بەدکەڵکی لە کتێبی (رۆژهەڵاتناسی) ئیدوارد سەعید وەرگیرا لەلایەن رەوتە فێندەمێنالیستەکانەوە، ئۆریانتالیزمی سەعید یارمەتییەکی فیکریی باشی تەکفیرییە دژە خۆرئاواییەکانی دا، خۆیشی لە کۆتاییدا دەرکی بەو راستییە کرد و هەوڵی زۆری دا بەرگریی لە تێزەکەی بکات لە دژی ئیسلامی سیاسیی. بە هیچ جۆرێک نامانەوێت هەندێک بەهای یونیڤرساڵ شارستانێتی خۆرئاوا لە رێی خەباتی فیکریی و مەیدانییەوە بەرهەمی هێناوە بخەینە کەنارەوە لە کاتێکدا بۆ کولتوورێکی هەژاری وەک ئەوەی ئێمە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی ترمان نییە. چەپ کوڕی رۆژگاری مۆدێرنێتەی رۆژئاوایە، بە زانینی ئەمە هیچ لە بایەخی یونیڤرساڵی چەپگەرایی کەم و زیاد ناکات، بەڵام ئێمە باس لە جۆرێکی چەپ دەکەین، بەرهەمی پێویستی و کۆژانەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بێت، لێرەدا هەستێکی میللیگەرایی لە ئارادا نییە، بە قەدەر ئەوەی پێشنیارکردنی مۆدیلێکی چەپە پێش سیاسەت شارەزای کولتوور بێت، بەو مانایەش نا چەپێکی کولتووریی دڵخوازی ئێمە وەڵامدەرەوەی هەموو شتێکە، بەڵکو بەو واتایەی هەلومەرجە کولتووریی و سەرخانییەکان بناسێت و دەست ببات بۆ گۆڕین لە ژێرخانەوە.

من: تۆماس ئەریکسۆن پسپۆری ئەنترۆپۆلۆژیا لە زانستگای ئۆسلۆ لە ئەنالیز و ناساندنی ناسیۆنالیزمدا، دوو مۆدیلی لە یەکتر جیاوازی ناسیۆنالیزممان پێ دەناسێنێت، یەکەمیان ناسیۆنالیزمێکە گرێدراوی نیشتمان یان جوگرافیایە (پاتریۆتیزم)، ئەویتریان ناسیۆنالیزمێکی ئیتنۆ کولتوورییە و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە و کولتووری پێکهاتە و کەمینەکانی تر دەدات لە بۆتەی فەرهەنگ و

کەڵچەری نەتەوەی سەردەستدا. ناسیۆنالیزمی ئەوروپی سەر بە پارادایمی یەکەمیانە، لێ ئەریکسۆن بادانەوەیەکی نوێی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی بە لای ناسیۆنالیزمی ئیتنۆ کولتوورییدا وەک ئاماژەیەکی ترسناک دەخاتەڕوو، بەڵام هەرچی ناسیۆنالیزمی خۆرهەڵاتییە لە جۆری دووەمیانە، لە سایەیدا هیچ کات لە ناو جوگرافیایەکی دیاریکراودا مافی هاووڵاتیبوون بە کەمینە و هەموو پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەییەکان نەدراوە، بە قەدەر ئەوەی ناسیۆنالیزم بە ئاقاری فاشیزمدا براوە و ئایدۆلۆژیایەکی بێویژدانانەی نەتەوەی سەردەست بووە. ئەمڕۆ ئەو پارادایمە لە ناسیۆنالیزمی ئیتنۆ کولتووریی (بە ناولێنانی پرۆفیسۆر ئەریکسۆن) لە ڕێگەی سۆفت پاوەرەوە لە هەوڵی تواندنەوە و بێ نرخکردنی فەرهەنگی گروپە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانی تردایە، بە پێچەوانەوە ئەوەی شیانی هەیە ببێتە کولتووری گشتیی و فەرمی و زاڵ، فەرهەنگی نەتەوەی سەردەستە، ئەمەش لەلایەن ئێران و تورکیاوە بە چڕیی نەک هەر لە دژی کوردەکانی ژێر چەپۆکی خۆیان بەڵکو دژی باشووریش پیادە دەکرێت.

هەنووکە دۆخەکە بە جێگەیەک گەیشتووە مرۆی کورد شەرم لە بوونی خۆی دەکات، مێشکی بە جۆرێک داگیر کراوە عاشقی کولتووری نەتەوەی سەردەست بووە، ئەمەش ئەو سێندرۆمی ستۆکهۆڵمەیە زیاد لە جارێک ئاوڕم لێداوەتەوە، ئەویش عاشقبوونی قوربانییە بە جەلادەکەی، ئەم ناوەڕۆکە لە کۆمەڵناسییدا بایەخێکی بەرچاوی هەیە و زۆر لە مێژ پەیدابوون و کلێشەگرتنی سۆسیۆلۆگیاوە لەلایەن ئیبن خەلدون ١٣٣٢-١٤٠٦ بەر لە شەش سەدە و نیو لە کتێبی (المقدمە) دا کە بەردی بناغەی کۆمەڵناسیی نوێیە، ئەم تێمایە تاوتوێ کراوە، بە وردیی ئەوە شی کراوەتەوە چۆن لەسەر ئاستی گروپ، نەتەوە ژێردەستەکان شەیدای فەرهەنگ و زمان و نەریتی نەتەوە داگیرکەر و سەردەستەکان دەبن، هەروەک چۆن پاولۆ فرایەری دانەری کتێبی (پەروەردەی چەوساوەکان) لە سەدەی پێشوودا بە دیقەتدانی لە زاڵێتی فەرهەنگی پورتوگالیی لە بەرازیل هەمان تیۆریزەی ئەنجام دابوو. کورد لە ئێستادا لە ڕێگەی هارد پاوەرەوە لەناو نابرێت بەڵکو لە ڕێگەی نەرمە هێزە زمان و کولتوور و ئایدێنتییەکەی لە بەردەم باهۆزی ڕامالین و

ئاسیمیلاسیۆندایە، هەریەک لە تورکەکان پاشتر ئێرانییەکان زۆر کەڵکیان لە هونەر و سینەما وەرگرت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان لە قۆناغی یەکەمدا، بەو پێیەی سینەما لە هەوڵە بەراییەکانی خۆیەوە ببووە مامانی لە دایکبوونی نەتەوەکان، کاری ڕێکەوت نییە فیلمی (لە دایکبوونی نەتەوەیەک)ی دەرهێنەر «دەیڤید گریفیت لە ساڵی ١٩١٥دا بوو بە سەرمەشقی پیشەسازیی سینەمایی!. لە پێڤاژۆی دووەمدا وەک ئامراز و چەکێکی کاریگەری کۆلۆنیالیستیانە لەسەر ئاستی فەرهەنگیی کەڵکیان لێوەرگرت، بۆ نموونە لە (دۆڵی گورگەکان)دا هونەری تورکیی خەریکی بەرهەمهێنانی چەند دیمەنێکە تا بڕوا بە خودی ئێمەی کوردیش بهێنێت، کارمان تەنیا ڕێگریی و خراپەکارییە، هەروەک چۆن فیلمی (دارگوێز)ی ئێرانی لە کاتی نمایشکردنیدا لە باشوور هەموو بینەرانی سەرسام کردبوو بە گەورەیی و بەخشندەیی ئێران و کۆماری ئیسلامی. ئەنجامی ئەو سیاسەتەش بریتییە لە دروستبوونی نەوەیەکی داڕووخاو و بێ متمانە بەرامبەر بە زمان و فەرهەنگ و پاشخانی مێژوویی خۆی وەک کوردێک، ئەو نەوەیەی شوێنی خۆی لە هەر کوێ جیهاندا بێت وەک گەدا و پلەدوو و گیاندارێکی شەرمن و پەراوێزخراو دەبینێت.

سێیەر: بێگومان سینەمای باڵادەست و سەر کۆلۆنیالیزمی کولتووریی ئێرانی لەوە دەرچووە بە هەمان نەزمی تورکەکان وێنایەکی بێزراو و ناشرینی گەلی کورد بگوازێتەوە بۆ چاوی بینەر لە شێوەی بکوژ و مافیا و دڕندەدا وەک لە ڕیتمی زاڵی سینەمای ئەو دوو نەتەوە سەردەستەدا بە چڕیی ئەوە زەق دەکرێتەوە، تورک یان فارس نەتەوەیەکی نەرم و نیان و ڕۆمانسین، هەرچی کوردەکانیشن کێویی و شەڕانگێز و دەستوەشێنی هەلپەرست، لە زۆرێک لەو فیلمانەی بەم فۆرمە بەرهەمهێنراون، ئەو دیمەنە زۆر زەقە سەدان جار دووبارە بووەتەوە، پاسدار یان ژاندرمەیەک سەرقاڵە بە خوێندنەوەی ڕۆمانێکەوە یان گوێ لە پارچە موزیکێکی جیهانی دەگرێت، بەڵام لەملاوە پێشمەرگە یان گەریلایەک دەستی لەسەر تفەنگەکەیەتی و وەک دڵدارێک موغازەلەی چەکەکەی دەکات. ئیدی ئەم سینەمایە هەر بەمەوە نەوەستاوە، بەڵکو خەریکی کلێشەسازیی و ئامادەکردنی زەینێکی کوردییە هەموو کات خۆی بە قەرزاربار و منەتباری ئێران و فارس بزانێت. لە

فیلمی (خاکی ئاشنا)ی دەرهێنەری ئێرانی بەهمەن فەرمان ئارا، یان فیلمی (مندالّی خاک- فرزند خاک)ی دەرهێنەر محەمەد عەلی ئاهەنگەر یانژی فیلمی (ئەشکی سەرما)ی دەرهێنەر عەزیزوڵا حەمید نەژاد و چەندان فیلمی تری هاوشێوەی ئێرانییەوە، لە یەک کاتدا کار لەسەر بەرهەمهێنانی دوو وێنای جیاواز کراوە، لە یەکەمیاندا کوردەکان بە جۆرێک وێنا کراون چەند هۆزێکی پریمیتیڤی شوانکارەن و لە مەڵبەندێکی عاسی و تەسکی شاخاویی سەر سنوورەکاندا نیشتەجێن و لە ژینگەیەکی سەختی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا ژیان دەگوزەرێنن، لە دووەمیاندا ئێرانییەکان (فارس) نوێنەری پێشکەوتن و فەرهەنگن، بۆ کوردە چیانشینە دابڕاوەکان لە ژیانی شارستانێتیی ئەلگۆ و نموونەی باڵان، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەن بگەن بەو ستانداره فەرهەنگییه و ئەو لیڤڵە لە ژیانی خۆشگوزەرانی ئەوان.

ئەو هەژموونە کولتوورییە کۆلۆنیاڵیستییەش نەوەیەکی پاسیڤ و دڕدۆنگی بەرهەم هێناوە، گومان لە هەموو شتێکی خۆی دەکات بە ناسنامەی خۆیشییەوە، نەوەیەکی تووڕە و بێ پەروا لە ئاست نیشتمان و بێ ئیرادە و نابینا لە بەرامبەر هەژموونی ئەوانیتر، رەنگە ئەم نەوەیە ناوبنێم جیلی ئاوارە و غەوارە، نەوەیەک هیچ پەیوەندییەکی بە مێژوو و کولتووری خۆیەوە نەماوە و لە کۆچێکی نادیاردایە بەرەو ناشوێن، ئاخر کۆچ تەنیا رەهەندێکی جوگرافیی نییە، جۆرێکە لە جێهێشتنی نیشتمانێکی فیکریی بەرەو نیشتمانێکی نوێتر، مەرجیش نییە ئەو نیشتمانە نوێیە ئەوە بێت خەونی پێوە بینیوە، پێموایە ئەم نەوەیە بە ئەندێشە کۆچی کردووە، با بە فیزیکی و وەک تەنێکی بایۆلۆژیی لە نیشتمانی خۆیدا بێت. لێرەدا دەبێت کەوانەیەک بکەمەوە و بڵێم ئەم بەرگرینامەیە پەیوەندیی بە هەستی نەتەوەپەرستییەوە نییە، چونکە هیچ کات بڕوام بە ناسیۆنالیزم نییە و نەبووە، تا ئەو رادەیەی چەمکی (کوردایەتی) لە روانگەی منەوە چەمکێکی بەسەرچووی ئایدۆلۆژیی سەرەتای شەستەکان تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بوو، ئایدۆلۆژیایەک بوو لەسەر پارادایمی تۆرانیزم و عروبە داتاشرابوو، وەکوتریش دەبێت ئەو فاکتەش بهێنرێتە بەر باس ئەو چەمکە لە قاڵبە ئایدۆلۆژییەکەدا لەلایەن کاژیک و دواتر پاسۆکەوە نوێنەرایەتی دەکرا و یەکەمین بەکاربردنی (کوردایەتی) وەک دەستەواژە

لەلایەن یەکێک لە دامەزرێنەرانی کاژیکەوە بووە (کامیل ژیر) لە ڕێگەی ناونانی کتێبێکی شیعری خۆیەوە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بە هەمان ناوەوە. لێرەدا وەک چەمکێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی مامەڵە لەگەڵ (کوردایەتی) دەکەم بە دوور لە بەرکاربردنە میللی و نائاگاکەی لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەدا. ئەوەی گەرەکمە داکۆکی لێبکەم کوردبوونە لە دەرەوەی هەر ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیی.

من: نەک هەر سینەما تەنانەت وەرگێڕانیش دەتوانێت پرۆسەی ئاسیمیلایسۆنی کەڵچەریی بباتە پێشەوە، هیچ کەسیش ناتوانێت ئینکاری ئەوە بکات وەرگێڕان کارێکی ئایدۆلۆژیی پەتییە، ئێمە وەک کورد هێشتاش لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بەر دنیای خۆرئاوا دەکەوین، تا ئەم چرکەساتەش زۆرینەی وەرگێڕانەکان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە ئەنجام دەدرێن، ئەویتری ناکورد (نەتەوەی سەردەست) بڕیار دەدات تۆ چی بخوێنیتەوە و چی نەخوێنیتەوە، چونکە تۆ بۆ ناچارکراویت بەرهەمەکانی شارستانێتی خۆرئاوا بە وەرگێڕانی پڕ سانسۆری عەرەبی و فارسی و تورکی بخوێنیتەوە، ئەمەش جۆرێکی ترە لە کۆلۆنیاڵیزمی فەرهەنگی. بۆ نموونە ساڵانێکی درێژە من بە عەرەبی دەخوێنمەوە، سەرەتا لە ڕێگەی وەرگێڕە عەرەبەکانەوە خۆرئاوام ناسی، یەکێک لەو ناوانەی زۆرترین وەرگێڕانیم خوێندووەتەوە عەبدولڕەحمان بەدەوییە، بەڵام بێئاگا لەوەی بەدەوی کە دیارترین ڕۆشنبیر و وەرگێڕی عەرەبە، نەک هەر ڕەوایی دەدا بە هۆلۆکۆست بەڵکو لە بنەماوە پاساوی بۆ تاوانکارییەکانی هیتلەر لە دژی جوو دەهێنایەوە و پێیوابوو هۆلۆکۆست زیاد لە قەبارەی خۆی فووی تێکراوە!. د.مراد وەهبە زەمانی خوێندکاریی خۆی لە بەشی فەلسەفە دەگێڕێتەوە کە بەدەوی مامۆستایان بووە لەو بەشە، مامۆستاکەیان ڕۆژێک بە بۆینباخێکی ڕەشەوە خۆی دەکات بە هۆڵی وانە وتنەوەدا!، کاتێک لێی دەپرسن هۆکار چییە؟، بەدەوی بە تۆنێکی غەمبارانەوە دەڵێت (خەمباری مردنی هیتلەرم!). بەدەر لەمەش ئێمە بە درێژایی مێژوویەک خوێنەر و کوشتەی دەستی ڕۆشنبیرانی عەرەب بووین، لە کاتێکدا مرۆڤدۆسترینیان فاشیستترینانە، تۆ بڕوانە ژنە نووسەر ئەحلام موستەغانمی، مرۆڤ لەناو پەیجی فەیسبووکەکەیدا دەتووێتەوە و هێندە ڕۆمانسییانەش دەنووسێت مرۆڤ دەخاتە سەر کەڵکەڵەی

ئەوەی ئەم ژنە جگە لە پەروانە عاشقی هیچی تر نییە، کەچی سەرسامی خۆی بە دیکتاتۆرێکی مێژوویی وەک سەدام ناشارێتەوە، لەوە دوورتریش دەڕوات سەدام بە کاریزمای گشت عەرەب و ئیسلام دەزانێت و تامەزۆریی خۆی دەردەبڕێت تاکو بچێتە سەر گۆڕی ئەو دیکتاتۆرە. لەملاشەوە شاعیری عەرەبی عێراقی سەعدی یوسف لە ڕێی شیعرێکی ئاست نزمەوە (کوردستان)ی بە «قردستان» ناوزەد کردبوو، تەنانەت پاساوەکەی لە نووسینی ئەو شیعرەدا ئەو پەندە کوردییەی بەسەردا دەچەسپا: عوزر لە قەباعەت خراپتر. نیوەی کوردیش لە ڕێگەی کتێب و وەرگێڕانەکانی ئەم شۆڤێنییانەوە دەستی گەیشتووە بە ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی، تراژیدیاکە لەوە زیاتریشە چونکە بۆ ماوەیەکی ئێجگار درێژ ڕێفیرانسێکی سەرەکیی ڕۆشنبیریی کوردیی بوون!.

# پاشەکی

سێیەر: بە هەمان دۆخی تەندروستی نیچە و دۆستۆیڤسکیدا تێدەپەڕم، ئەو نەخۆشییانەی ئەوانی گرفتار کردبوو منیشیان داغان کردووە، تەنانەت وەک نیچە ئارەزوویەکی سەیرم هەیە بۆ پیادەڕەویی، ئەو بەنێو دارستانەکانی سنەوبەر لە شتاینەبەد لە کۆتایی دارستانی رەشدا بەدەم پیادەڕەوییەوە لەگەڵ خۆیدا مۆنۆلۆگی دەکرد، منیش بە ناو هەموو دارستانەکانی شتاینهاگندا بەدەم پیاسەوە لەگەڵ خۆمدا لە ئاخاوتنی بەردەوامدام، نازانم بۆچی دەبێت ئەوەندە لێکچوونم هەبێت لەگەڵ نیچەدا؟!، لەولاترەوە دۆستۆیڤسکی هەیە، ئەو (کانت و هیگڵ)ی خوێندبووە، بۆیە توانی لە (تاوان و سزا) و (برایانی کارامازۆڤ)دا بگاتە لوتکە. لە نامەیەکیشدا بۆ براکەی لە ساڵی ١٨٥٤ داوای هەردوو کتێبی (فەلسەفەی مێژوو) ی هیگڵ و (رەخنە لە عەقڵی پەتی) کانت دەکات، روونیشە وابەستەگییەکی تەواوی هەبوو بە (پرۆدۆن)ەوە دیارە ئەویش لە بن هەژموونی فیکریی (هیگڵ)دا بوو. پێش ئەوەی قاچ بخەمە سەر زەوی ئەوروپا، کارڵ مارکس منی بە هیگڵ ناساندبوو، لێ سەرەتا کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای روح)م خوێندەوە هیچ تێنەگەیشتم، تووشی دڵەڕاوکێ بووم، بڕیارمدا کۆڵ نەدەم تا تێنەگەم، دووەم جاریش خوێندمەوە هەروەک جاری یەکەم هیچم لێ هەڵنەکڕاند، تووشی بێزارییەکی سەیر هاتم، ئەودەم قسەکەی (ریچارد رۆتی)م نەبیستبوو یان هێشتا نەیکردبوو لە بارەی (تراکتاتۆس)ی (ڤینگشتاین)ەوە: (بەهاندانی کارناپ دەستمکرد بە خوێندنەوەی کتێبی «تراکتاتۆس» بەڵام لەو کاتەدا تێی نەدەگەیشتم). جاری سێیەم دوای دوو ساڵ وردە وردە (هیگڵ)م خوێندەوە و ئاسانتر خۆی دەدا بە دەستەوە، کەمێک درەنگتر کەوتمە خوێندنەوەی کانت، ئەو دوو فەیلەسوفە ئەڵمانە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر دانام، ئەگەر تۆزێک ئەخلاقم هەبێت بێگومان بە هۆی (کانت)

ەوەیە. منیش وەک دۆستۆیڤسکی هۆگری جیهانی ئەو دوو فەیلەسوفە بووم، جیاوازییەکە ئەوەیە برایەکم نەبوو ئەو کتێبانەم بۆ بنێرێت. ئایا بە ڕاستی دوای ئەو هەموو لێکچوونە، چی وایکردووە لە رووی داهێنانەوە نەگەمە ئاستی ئەوان؟ هیچ پاساوێک ناهێنمەوە، بە دوای کەموکوڕییەکانی خۆمدا دەگەڕێم، بەڵام کەی؟، پاش ئەوەی تەمەنم لە چل و ئەوەندە ساڵ تێپەڕی؟.

لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی کوردم و کوڕی میللەتێکی سایکۆلۆژیا تێکشکێنراو و تووشبوو بە سیندرۆمی ستۆکهۆڵمم، بایەخ بە کارەکانم نادرێت، لێ لەوە دڵنیام نووسەرێکی ئارەزووکراو و دەموچاوێکی قبوڵکراو نیم، تاو ناتاوێک دڵخۆشیی خۆم لەوەدا وەردەگرمەوە ئیشە گرنگەکان درەنگتر هەستیان پێدەکرێت، بۆ نموونە شیعرەکانی بۆدلێر. گۆگۆل وەک نووسەرانی رووس لە پاش خۆی، راشکاوانە دانی پێدادەنێن لە گیرفانی پاڵتۆکەی ئەوەوە هاتوون دەهێنمەوە یاد، چۆن یەکەم کتێبی رووبەڕووی شکستێکی گەورەی کردەوە، ناچاربوو هەموو کۆپییەکانی کۆبکاتەوە و سەری خۆی بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی هەڵبگرێت!، دوای گەڕانەوەی کتێبێکی تری بڵاوکردەوە بە ناوی (ئاهەنگی شەوان لە کێڵگەی نزیک دیکانکا)، ئەمەیان سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و توانی قەرەبووی شکستی کتێبی یەکەمی پێ بکاتەوە. لە نموونەی کافکاشدا بەر هەمان فەرامۆشکردن دەکەوینەوە، تا کۆتایی تەمەنی هیچ وەشانخانەیەک ئامادە نەبوو بەرهەمەکانی چاپ بکات، ئەمەش هانیدا وەسێت بۆ (ماکس پرۆد)ی هاوڕێی بکات چی نووسراو و چیرۆکەکانێتی بکاتە خۆراکی ئاگر. ماکس پرۆد خیانەتی لە کافکا کرد و لە چاپیدان، من ئەو ناپاکییە لە مێژوودا بە قەشەنگترین ناپاکی تێدەگەم. کاتێک مایاکۆڤسکی ١٨٩٣-١٩٣٠ چەند بەشێک لە شیعرەکانی دیوانی (من) لە کۆڕێکی شاری مۆسکۆدا دەخوێنێتەوە، یەکێک لە ئامادەبووان لێی بەرز دەبێتەوە و دەنگی بڵند دەکاتەوە و دەڵێت: (شیعرەکانت زۆر کاتین بەم زووانە بیر دەچنەوە). مایاکۆڤسکی لە بەرسڤدا پێی دەڵێت: (پاش هەزار ساڵی تر وەرە و سەردانێکم بکە، ئەوسا دەبینیت چۆنە). ئێستا نەوەد و دوو ساڵ و دوو مانگی رەبەق بەسەر خۆکوشتنی مایاکۆڤیسکیدا تێپەڕیوە، ئەمڕۆ لەسەر بێتی نەخۆشخانەکەم کاتێکی باشم بە خوێندنەوەی قەسیدەی (the man)

ەوە بەڕێکرد کەساڵی ١٩١٨ نووسیوویەتی، ئەمەش بێ ئەوەی بایەخ بە زانینی ناوی ئەو بەڕێزە بدەم بە مایاکۆڤسکی گوت شیعرەکانت بەم زووانە بیر دەچنەوە. وا دیارە ویستبێتی بەم توانجە ناوی لە داهاتوودا بمێنێتەوە، بە داخەوە مێژوو ئەو چاکەیەشی لەگەڵ نەکرد.

من: رەنگە نووسین و چاپکردنی بیست کتێب بۆ نووسەرێک لەم تەمەنەی مندا ئێجگار زۆر بێت، بەڵام ئامانجی سەرەکیم نووسینی یەک کتێبە دوای خۆم بژی، ئەو هەستەم بۆ دروست نەبووە ئەو کتێبە نەمرەم نووسیبێت، ئەمە نابێ بە پووچکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکانی پێشووم لێکبدرێتەوە، مەبەستم لەوەیە لە پیواری نووسەرانێکی دیکە بە نووسینی ئەو شرۆڤەکارییە سیاسیی و رۆژنامەوانییانە هەستاوم پانتایی چەند کتێبی منیان داگیرکردووە، دەبوو لە بری ئەوە خەریکی نووسینی کتێبە گرنگەکەم بوومایە، بۆیە چەندێک لە کتێبەکانم لە روانگەی راپەڕاندنی ئەرکێکی ئەخلاقییەوە نووسراون نەک گوزارشت بێت لە خواستی خۆم. ئەو نەریت و چاوەڕوانییەی خوێنەریش لە نووسەر بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین کتێب بێزارم دەکات، سۆزان سۆنتاگ وتەنی (وەک ئەوەی ئامانج لە ژیانی نووسەر بەردەوامبوون بێت لە نووسین و بڵاوکردنەوە). ئان بێتی جارێک لە چاوپێکەوتنێکدا وتی (کورتە چیرۆکی «ماڵی خنجیلە» بەلای خۆمەوە باشترین کورتە چیرۆکە، بەڵام کاردانەوەی بەو شێوەیە نەبوو چاوەڕێم دەکرد). منیش لای خۆم کتێبی (گووتاری پۆپۆلیستی..) باشترین کتێب بوو، پاژەکانی ئەو کتێبەم لە ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٩ بەش بەش لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە لەو سیاقەدا بەلای خۆمەوە کردنەوەی دەرگای جەدەلێک بوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕێی بووم وا دەرنەچوو، لە ریزبەندییەکەدا کتێبی (تێکشکانی چەپ لە کوردستان) بە پلەی دووەم دێت لە لیستی کتێبەکانمدا لە بەدەستهێنانی رەزامەندیی خۆمدا، ئەویش لە یەک کاتدا کەوتە بەر هێرشێکی دوولایەنەی چەپ و دژە چەپ. د.ئەحمەد ئابلاخی لە سیمینارێکی تایبەتدا بۆ رەخنەگرتن لە کتێبی ناوبراو لە یەکێتی نووسەرانی سلێمانی، هەر ئەوە مابوو بە داعشبیر تۆمەتبارم بکات، بەرەکەی تریش بە یوتۆپیترین پیاوی سەرزەمینیان لە قەڵەم دام، لێ هەموو

کات لە سادەترین کتێبیشمدا دووبەرەم دروستم کردووە، خاڵی هاوبەشیان هەردوولاش دژایەتی من بووە. ژیژەک رستەیەک لە سارتەر وەردەگرێت تا دڵنەوایی خۆی بداتەوە: (ئەگەر لەبەر یەک تێکست کەوتیتە بەر هێرشی دوولایەنە، گومانت نەبێت هەق لای تۆیە). لە بەرامبەردا کتێبی (گەمەی شەیتان) باشترین پێشوازیی لێکرا، تا ئێستاش خەڵکانێک پرسیار و داوای ئەو کتێبەم لێدەکەن!. لە کاتێکدا کتێبەکە چەند شیکارییەکی رۆژنامەوانی واقیعی سیاسیی ئەوکات بوو، زۆربەی ئەنالیزەکان بە کەڵکی ئەمڕۆ نایەن چونکە لە دوێنێدا گرنگ بوون، بیرم کردەوە چی وا دەکات ئەم کتێبە زۆرترین داوای لەسەر بێت؟. لەبەرخۆمەوە دەڵێم لەوانەیە پەیوەندیی بە وشەی (شەیتان)ەوە هەبێت، چونکە مرۆڤی ئێمە گوێی بە قسەی فریشتەکان راهاتووە (رۆمانی کەشتی فریشتەکان بە نموونە). وەک پەندەکە دەڵێت کەس گوێی لە بەرگریی شەیتان نەبووە، هەر گوێمان لە دەنگی خوا و فریشتەکان بووە، لێ بەداخەوە خوێنەرم نائومێد کرد، چون من لەسەر ئەو گەمە شەیتانییە قسەم کردبوو لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناڤیندا لە ئارادا بوو.

سێیەر: بە بەردەوام دەموچاوم لەلایەن نەیارانەوە سکێچ کراوە ئەویش لەسەر دوو ئاست، سەرەتا دەموچاوێکی قێزەونیان دروستکرد وتیان ئەمە تۆیت، زۆری نەمابوو خۆیشم بڕوا بکەم. دواتر ئەوەیان بۆ نەچووە سەر، هەستان بە شاردنەوەی دەموچاوم، ئێستا لە تارماییەک دەچم شوێنەوارم هەیە و دەموچاوم دیار نییە. هەر بە راستی من خێوم؟. پێی لێدەنێم نووسەرێکی نەبینراوم یان لە هەر نووسەرێکی دیکە کەمتر دەبینرێم، هەمیشەش فڕێدەدرێمەوە پەڕاوێزەوە، بەڵام نەمهێشتووە ئەم کەنارگیرکردنەم بە فۆرمێکی نیهێلیستانە کاریگەریی لەسەر دەروون و ئەکت و روانگەکانم دابنێت. ویستیان چەشنی (تێد هیوس)ی شاعیر بمکوژێننەوە و بەهرەکانم بکوژن، بەڵام ئەگەر لە پەڕاوێزیشدا بێت لەسەر قاچەکانی خۆم راوەستام. بێڵ هۆکس نووسەری فێمینیست، پێیوایە پەڕاوێز بە تەنها شوێنێک نییە مانای بێبەشبوونی لە خۆیدا هەڵگرتبێت، جێگەیەکیشە بۆ ئیمکانیاتێکی رادیکاڵ. ئەو داستانی رەشپێستەکانی ئەمەریکا (خۆیشی یەکێکە لەوان) بیر دەهێنێتەوە، بەوەی مەحکوم کرابوون لەوەی بچنە ناوەندەوە و بە

هەمیشەیی لە پەراوێزدا جێگە و رێگەیان بۆ دانرابوو، تا ئەو ئاستەی هەر کارێک بنچینەکەی خزمەت نەبووایە پێیان نەدەدرا، ئەو ئەم کەنارگیرکردنە بەشێوەیەک وەسف دەکات (دەمانتوانی بچینە ناو جیهانەوە، بەڵام نەماندەتوانی تێیدا بژین).

هۆکس چاوی سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی مانەوە لە پەراوێزدا، قەتیسبوون لە رووبەرێکدا، مرۆڤ وا لێدەکات لەبری نامۆبوون و تێکشکان، پۆتنێسیاڵی خۆی بۆ بەرەنگاریی بەگەڕ بخات، گووتارێکی دژە هەژموون لە دەرەوەی وشەکانەوە بەدیبهێنێت (ئاسۆی رادیکاڵ) بکاتەوە و سەرئەنجام ئەڵتەرناتیڤێکیش ببینێتەوە. منیش لە بەرئەنجامی پەراوێزخستنمەوە هەموو هێز و ماتەوزەیەکی خۆم بۆ بەرەنگاریی و پێشکەشکردنی گۆشەنیگایەکی رادیکاڵ خستووەتە کار. پەراوێزخستنم رەوشێکی فیزیکییە نەک فیکریی، ئەمڕۆش نەبێت سبەی بیرۆکەکانم دەگەن، جا بەکەڵک بن یان نا، جارێ ئەوەیان دیارنییە. هەڵبەتە چاویشم نەبڕیوەتە میدیاکان و کۆشکی سەرۆکەکان تا پەسنی کتێبەکانم بکەن یان بە سەرگەرمیی و نمایشی خوێنەران شاگەشگە نابم کاتێک کتێبێک لە کتێبەکانم لە تەنیشت کوپێک قاوەوە ببینم بەڵام لەولاوە تۆز خواردبێتی، تەماعم لەو خوێنەرە گیرفان بەتاڵانەدایە دارایی کڕینی دوو کتێبیان نییە. لەگەڵ چاپکردنی ئەم وشانەشدا، سەربردەیەک لە چینی نیشتووی یادەوەرییمەوە وەک تەرمی سەر ئاوکەوتوو بەرەو سەرەوە دێت، ئەویش سەربردەی (شۆلۆخۆف)ی گەورەی نووسەری رووس و خاوەنی رۆمانی بەنامێی (دۆنی ئارام)ە: کاتێک (ئەکسل بینک)ی رۆژنامەوان داوای لێدەکات چەند کتێبی پێبدات بۆ کتێبخانەی کۆشکی سپی، بەڵام شۆلۆخۆف بە شۆخیبازییەکەی خۆیەوە رەتیدەکاتەوە و دەڵێت: (ئەگەر دە مرۆڤی ئاسایی کتێبەکانم بخوێننەوە، لەوە باشترە سەرۆک کۆمارێک بیخوێنێتەوە).

من: نەریتێک لەناو زۆربەی نووسەراندا باوە، دوای تەواوبوونی کتێبێکیان و پێش چاپبوونی، نیشانی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی خۆیانی دەدەن تا کەموکوڕیی کتێبەکە دەستنیشان بکەن، خۆ ئەگەر سەرسامیشیان بکات سەلمان روشدی وتەنی هەستێکی خۆش بە نووسەر دەگەیەنێت. لەبەرئەوەی هیچ هاوڕێیەکی وەها شک نابەم، لە دەرەوەی پێداهەڵگوتن توانای دیاگنۆسی لاوازیی و ئەوەی هەمینگوای

پێی دەگوت (گەندوگوو)ی کتێب و نووسینەکانمی هەبێت، بەبێ وردبینی تەنانەت هەڵەبڕیی چاوێکی تر دەڕۆنە ژێر چاپ، ئەوەش نەک لەبەرئەوەی لە ئاستێکی زۆر باڵادا دەنووسم و کەس نییە دەرەقەتی تێگەیشتن لە هزرینم بێت، بەو هۆیەی ئەو خەڵکانەی توانای داوەرییکردنیان هەیە لێم دوورن یان خۆیان دوور دەگرن لێم. لە راستیدا تا ماوەیەکی نزیک وامدەزانی ئەوەی تووشی پارۆنیا بووە بە تەنیا خۆمم، بەم بۆنەوە لە پەیوەندییگرتن دەسڵەمێمەوە، بەم دواییانە ئەوەم لا ئاشکرا بوو پرسەکە تەواو پێچەوانەیە، ئەوە خەڵکین بەد گومانن لە بەرامبەرمدا، لێ هەرچی دەگەڕێم بە دوای سەرچاوەی ئەم بەدگومانییەدا، جگە لە هۆکارێکی پێکەنیناویی هیچی تر شک نابەم. جارێک نووسیبووم لە دۆخی کافکایدام، ئەمە خۆچواندن نەبوو بە کافکا، هێندەی خۆ چواندن بوو بە دۆخی ژیانی ئەو، ئێوە دیقەت بدەن کافکا لە هەرەتی لاوییدا تووشی نەخۆشی سیل دەبێت و هەر لە گەنجیدا دەیکوژێت، جیا لەوەش ئەو لە وڵاتەکەی خۆیدا (چیک) گەوار (قبوڵ) نەدەکرا لەبەرئەوەی بە نەژاد ئەڵمان بوو، لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بێزراو بوو، بەهۆی (جوو)بوونی، لە ناو جووەکانیشدا جێی نەدەبووەوە لەبەرئەوەی پەیوەست نەبوو بە ئاینەکەیەوە، ئینجا لەوە کارەساتبارتر ئەوەبوو تووشی ببوو بە تووشی باوکێکی دڵڕەقی وەهاوە هەر شایانی کوشتن بوو بێ ئەوەی تووشی گرێی ئۆدیب بێ، لەم کۆتاییانەدا نامەیەکیم خوێندەوە بۆ دایکی کە دڵڕەقییەکانی باوکی بە یادی دایکی دەهێنێتەوە، بە خۆم نەبوو فرمێسک بە چاومدا هاتە خوارەوە. ئایا ئێوە دەتوانن لەوە تێبگەن دۆخی ژیانی کافکا و من چەندە لە یەکتر دەچن!؟.

ئەو لە رۆمانی مەسخدا خۆی دەعجانیی کرد، منیش سوپاس بۆ نەیارەکانم دەنێرم ئەو ئەرکەیان لە کۆڵ کردمەوە و هەموو کار و کاسبیان بووە بە وێنەکێشانم تا ئەوپەڕی سامناکیی، خوازیاربوون شەیتان یەک تاکە فۆتۆی هەبوایە تا وێنەی منیان لەبەر بکێشابایەوە. دەگێڕننەوە جارێک ژنێک دەچێتە دوکانی زێڕەنگەرێک، داوا لە کاکی زێڕەنگەر دەکات ئەنگوستیلەیەکی بۆ دروست بکات وێنەی شەیتانی لەسەر هەڵبکۆڵێت، ئەگەرچی کاکی زێڕەنگەر تووشی واق وڕمان دەبێت! چونکە ئەوە یەکەم جارە داوای نەخشێکی وای لێ بکرێت، سەردەمیش سەردەمی زانای

ئیسلامی (جاحز)ە، بە ریکەوت کابرای زێڕەنگەر لە بازاڕدا ڕێبوارێک دەبینێت، بە هەموو ژیانی هیچ کەسی وەک ئەو ناشرینی لێ هەڵنەکەوتووە، بڕیار دەدات نەخشەکە بەپێی دەموچاوی ئەو ڕێبوارە (جاحز) لەسەر ئەنگوستیلەکە هەڵبکۆڵێت، ژنەش بە پۆرتریتی شەیتان (جاحز) کۆڵێک دڵخۆش دەبێت و شاباشێکی چاکیشی دەکات. ئەوانیش دەتوانن هەمان کارم لەگەڵدا بکەن. ڕۆژێکیش لە سەرەتاکانی پەیدابوونی فەیسبوکدا یەکێک لەوانە بە تەوسەوە بۆی نووسیبووم تۆ فریشتەیت، بەڵام لە نێوان هارووت و مارووتدا یەکێکیانیت. بیرم کردەوە ڕەنگە هەردووکیان بم، ئاخر لە مێژووی فریشتەکاندا ئەوان سەرپێچیان کرد و لە خودا هەڵگەڕانەوە و یاخی بوون، خەڵکی شاری (بابل)یان فێری جادووبازیی کرد. بەدەم خەندەیەکی تاڵەوە دەستم کرد بە گەڕان بە دوای کتێبەکەی ئەبوعەبدوڵای شافعی یان با بڵێم ئیمامی شافعی (سبل الهدی الرشاد) کە لە بەرگی یانزەهەمیندا باسی هارووت و مارووت دەکات.

سێیەر: بەدەر لە بە ئەهریمەنکردن، ڕقم لە عادەتێکی بێزراوتری کۆمەڵگەی خۆمانە، کاتێک نووسەرێک دەمرێت، چۆڵیی هۆڵی پرسەکەی دەکەنە تێما و ناوچەوانی دەسەڵاتی بە بەڵغەم پێ سواغ دەدەن، جیا لەم کولتووری تازیەباریی و شینگێڕییە، چەندێک لەوانە لە خۆیان دەپرسن چەند کتێبی نووسەری کۆچکردوویان کڕیوە؟ (بۆ خۆم قاچاخچێتی بە فیکرەوە ناکەم و کتێبەکانم نافرۆشم و وا حیساب دەکەم ڤیدیۆیەکی یوتوبە و بە بێ بەرامبەر بڵاوی دەکەمەوە). ئەو لەشکرە هەزاران هەزارییە شینگێڕە لە مەرگی هونەرمەند یان نووسەردا هەجوی دەسەڵات دەکەن، بەڵام خۆ دەبێت لە پێشدا سوژنەکەی چاوی خۆیان ببینن و بیر لەوە بکەنەوە چەند ئەلبوم یان تابلۆی هونەرمەندیان کڕیوە؟ پارەی چەند کیلۆ گۆشتیان داوە بە کتێب کڕین؟. وەک خۆم بەندەکەی ئەحمەد شەماڵ دەڵێمەوە: لە پاش باران فەرەنجیم بۆچییە؟. نرخی وشەش لای من لە زێڕ گرانترە، هیچ کاتیش یەک وشەی خۆم ناخەمە هیچ پێشبڕکێیەکەوە، گرنگ ئەوەیە وشەکە پێش هەر کەس خۆمی ڕازی کردووە، یەک وشەی خۆم نادەم بە هەرچی گەوهەری جیهانە، یەک ڕستەی خۆم لە سەروو هەموو خەڵاتێکەوە دەبینم، تەنانەت نۆبڵ شتێکی ئەوتۆ

نییە لە بەرامبەر ئەو دێڕەی دڵی خۆم و ئاساییترین خوێنەری پێ خۆش دەبێت. هیچ کات چاوم نە لە خەڵاتە نە لە پاداشتدانەوە، هەمیشە ئامادەم بۆ فەڕکردنی جامە ژەهرەکەی سوکرات. هەر وشەیەک لای من حسابێکی قورسی لەسەرە، ئابوورییانە بیر لە وشە دەکەمەوە، بە پێچەوانەی زۆرینەوە، عەمباری مێشکم پڕە لە وشە، بەڵام لەبەرەوە بەکاریاندەهێنم، کەچی زۆرینە هەموو دەستمایەیان سەد وشەیەکە و وەک قەوانی سواو دووبارەی دەکەنەوە.

ڤێرجینیا وۆڵف وتی: (وشەکان لە زەیندا دەژین نەک لە فەرهەنگەکانی زماندا). خۆی نووسین چییە جگە لە ئەفسوونێک لە ڕێگەی وشـەوە؟ نووسـەرەکان ئەوانەن باشترین جادووبازیی بە وشەکانەوە دەکەن. تەورات دەڵێت سەرەتا وشە بوو، بەڵام نووسەری تەورات نەینووسیوە، کۆتاییش هەر وشەیە، بوون تەنیا دەنگدانەوەی ئەو دالانەیە ناکۆتا مەدلولیان لە سکیاندا هەڵگرتووە. هەندێک جار خوێنەر وا تێدەگات، ڕەوانبێژانە دوای وشەکان دەکەوم، بەڵام ئەمە وانییە ئامانجدارانە وشەکان لە شوێنی سەنگینی خۆیان بەکاردێنم. بۆ نموونە هەڵبژاردنی ناونیشانی یەکێک لە کتێبەکانم (خەندە گرینۆکەکان و مەراقنامەی پیاوێکی سوریالی) کاری ڕێکەوت نەبووە، ئەگەر هەڵبژاردنەکە بۆ خاتری ڕیتۆریک بوایە، ناونیشانی سەرنجڕاکێشترم لە مێشکدا بوو، لەبەرئەوە بوو لە سەدەی بیستەمدا هیچ جووڵانەوەیەکی ئەدەبیی و هونەریی هێندەی سوریالییەکان ڕادیکاڵ نەبوون، وەک ڤاڵتێر بنیامین جەختی لەسەر دەکردەوە ئەو تێگەیشتنە ڕادیکاڵەی لە ئەورووپا بۆ چەمکی ئازادیی لە سەردەمی باکۆنینەوە وازی لێ هێنرابوو، سوریالییەکان گەڕاندیانەوە سەر سەکۆ. ئەو ڕادیکاڵیزمەم خۆشدەوێت لە سوریالیزمدا هەبوو، ئەو ڕوحە دژە بۆرژوازییەم خۆشدەوێت سوریالیستەکان نوێنەرایەتیان دەکرد، دواجاریش ڕایکێشان بۆ ئامێزی چەپ.

من: هەموو مرۆڤێک زمان و وشەکان بەکاردەهێنێت، بەڵام هەموو کەس نابنە نووسەر، هەر نووسەرێک هێزی خۆی لەو وشانەوە دەهێنێت لە زمانی ڕۆژانەییدا سواون، نووسەر دەزانێت چۆن گیان دەکاتەوە بە بەری ئەو وشانەدا لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیدا لە ژیانی ئاساییدا وا خۆیان دەنووێنن هیچ ئیستاتیکایەکیان

تێدا نییە واتە بەکارهێنانی نائاساییانەی وشە ئاساییەکان. نووسین بە دەنگهێنانی ئەو وشانەشە بە رواڵەت مردوون، کردەی نووسینیش هیچی تر نییە جگە لە بەدەقکردنی وتن. یان وەک حەکیم کاکەوەیس لە چیرۆکی (پۆستەر)دا نوسیوویەتی (هەر وشەیەک دەوترێت، بۆمبێکە و بە بابەتێکدا دەتەقێتەوە). تەنانەت نووسەر لە باریدا هەیە فۆتۆ بگۆڕێت بۆ وشە. ئێمە زۆرێکمان بە گەشت و سەیران چووین بۆ هەورامان، بەڵام کەسمان بیرمان لەوە نەکردووەتەوە نیگارەکان بگۆڕین بۆ وشە، وەک ئەوەی عەبدوڵا گۆران لە چامە شیعرییەکەیدا (گەشت لە هەورامان) پێی هەستاوە کە لە کتێبی (فرمێسک و هونەر)دا چاپ بووە. بۆ نووسەر هەموو وشەیەک کەرەستەیەکە بۆ نووسین. ئیدی لای نووسەر، چاو و گوێ و تام و بۆن و کۆی پێنج هەستەکە دەبن بە زمان، زمانیش مەنزڵی یەکەم و کۆتایی وشەکانە. لە کن من زمان حەمباڵی مانا نییە، هێندەی خودی مەبەستەکەیە.

سێیەر: نووسەر بە وشەکان ژیانێکی تر دەئافرێنێت نەک بە تەنیشت ژیانی رەسەنەوە، بەڵکو لە خودی ئەو ژیانەی تێیداین رەسەنترە. چەندان چیرۆکم نووسیوە و چەند دانەیەکیشم لێ بڵاوکردوونەتەوە، لە هیچ کامیاندا کەسم تێدا نەکوشتووە، جگە لەو کارەکتەرانەی نوێنەرایەتی خۆم دەکەن. لە کوشتنی کارەکتەری (شاکار)دا لە چیرۆکی «مەرگی ناوادە»دا (لە ژمارەی ٢٩٣-٢٩٤ گۆڤاری رامان، لە مانگی مارس- ئاپریلی ئەم ساڵدا بڵاوکراوەتەوە) تووشی هەمان دەروونپەشێویی بوومەوە بەسەر (تۆڵستۆی)دا هات، لەو کاتەی ئاناکارنینا دەکەوێتە بن شەمەندەفەرەوە و هۆن هۆن فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە!. هیچ کات حەزم لێ نەبووە جیهان پاڵەوانی چیرۆکێکی منی لێ کەم بێتەوە، وا تێدەگەم هەر کارەکتەرێک لە دەقدا لە نێو کەتواریشدا دەژی، دەستی خۆم بە خوێنی سوور ناکەم. لە وشەی کوشتن و دابڕان زۆر دەترسم، بیرم نایەتەوە لەسەر کەس نەوەستابم و کەسم جێهێشتبێت، لێ کەس لەسەرم نەوەستاوە و بەردەوام جێهێڵدراوم، تەنانەت ئەو یار و نەیارانەی لە دڵمدا مردبوون یەک یەک هەموویان تێدا زیندووکردنەوە، دیسان هەمان یاری دڵشکان و جێهێشتن و فێڵ لێکردنمیان درێژە پێدا، کەچی دەستم تێنەچوو هیچ کامیان بکوژم. تا ئەو جێگەیەی پەیوەندیی

بە ئافراندنەوە هەبێت لە خودا دەچم و دەسەڵاتی ئافراندنی هەر کارەکتەرێکم هەیە، بەڵام لە روحکێشانیاندا دەستەپاچەم و کارێکە بە من ناکرێت. ئەوەتا دەستم دەلەرزێ کە وشەی کوشتن تایپ دەکەم. باوکیشم یەکێک لەو قوربانیانەیە بۆم ناهێنرێتە ناو هیچ شیعر و چیرۆکێکمەوە، بۆ زیندووکردنەوەی ئەو رەنگە پەنا ببەمە بەر نووسینی رۆمانێک. سەلمان روشدی نووسەری رۆمانەکانی (ئایەتە شەیتانییەکان) و (منالانی نیوەشەو) و (کۆشکی زێرین) پێیوایە تێگەیشتن لە دنیا ئاسانترە لە زیندووکردنەوەی مرۆڤێک لەسەر کاغەز. گابریل گارسیا مارکیز، دەیووت ئەگەر بڕیار بێت ئامۆژگاریی نووسەرێکی گەنج بکەم، پێی دەڵێم لە بارەی ئەوانەوە بنووسە روویانداوە. وەک باستاردێکی (زۆڵ) فیکریی مامەڵەیەکی ئایرۆنیم لەگەڵ ئامۆژگارییەکەی مارکیز کردووە، هەردەم پێم خۆش بووە لە بارەی ئەو رووداوانەوە بنووسم خەریکە روودەدەن یان لە ئایندەدا دەقەومێن. فاڵگرەوە نیم بزانم چی لە ئایندەدا روودەدات، بایەقووشیش نیم بەسەر باڵای داهاتوودا بخوێنم، تەنیا ئەوەندە دەزانم سبەینێ لە ئەمڕۆ باشتر نابێت، ئەگەر هەروا لەم ژیانە شلەدا (بە باندۆری باومان) وەها شلەتێنانە رۆژەکانمان بژمێرین.

من: واقیع زیاد لە خۆی واقیعی بووەتەوە، هیچ کۆد و تەلیسمێک نەماوە لە جیهاندا، عەقڵی زانستی بەردەوام لە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی مرۆڤدایە تاوەکو کونە رەشەکانی گەردوون، لە گەردوونێکدا ئەفسوونی هەموو شتێک بەتاڵ بووبێتەوە، پێویست ناکات ئەدەبیش هەمان کار بکات، پێمان خۆش نییە چیرۆکەکانی شێرلۆک هۆڵمز بمانباتە ئەو دۆخەی گومان بکەین مستەر هۆڵمز لێکۆڵەرێکی دادی راستەقینەیە و ئەدەب لە جیهانی واقیعەوە دزیویەتی. ئێمە پێویستمان بە ئەدەبێکە تەلیسمی نوێ دابهێنێت، خەیاڵ لە بەرزترین رادەدا بخاتە گەڕ، دەکرێت رۆمانێک رووداوەکانی لە کوچەکانی سنە یان کۆڵانەکانی هەولێر رووبدەن، بەڵام فەنتازیای نووسەر چنینێک بهێنێتە ئارا، خەیاڵمان بەرەو دەرەوەی گەردوون بفڕێنێت، لە کۆڵانێکی سلێمانییەوە بگەینە ئەودیو سنووری خەیاڵ و لە ناو کەشتییەکی فەزاییدا بەرەو ئەتمۆسفێرێکی دوورتر گەشت بکەین. خولیۆ کۆرتاسار نووسەری ئەمەریکای لاتین، باسی ئەوە دەکات لە تەمەنی نۆ

ساڵیدا کتێبێکی ئیدگار ئالان پۆی خوێندووەتەوە و دەڵێت: (شتە خەیاڵییەکان تەواو بۆم ئاسایی بوون). ئیدی خەیاڵەکانیش ئاسایی بوونەتەوە. داوام لێدەکەن مرۆڤێکی واقیعی بم! لەم کاتانەدا لە قسەی خۆم پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم، وەک ئەوەی واقیع زۆر واقیعی بێت و هیچ نهێنییەکی نەبێت بۆ شاردنەوە تا من ببمە مرۆڤێکی واقیعبین. دواجار خودی (واقیع ماددەیەکی خاوە) ئەمە رستەیەکە لە رۆمانی (تاسە بە پێی ج.ه)ی کلاریس لیسپێکتەر.

سێیەر: یۆنگ پێیوابوو لە ناخی هەر کەسێکدا هونەرمەندێک، شاعیرێک، نوستووە و پێویستە بێداریی بکەینەوە، ئەمە یەکێکە لە رێگەکانی بەرگرتن بە دەروونپەشێویی. وی وا هزر دەکاتەوە ئەگەر شیعر یان بەرهەمە هونەرییەکە سەنگێکی ئەوتۆی هونەریی و ئەدەبیشی نەبێت، دەروونی نەخۆشەکەی پێ ئارام و ئازاد دەبێت. ئەگەرچی ئەو باس لە نەخۆشانی دەروونی دەکات، بەڵام بە گشتیی نووسین یان هونەر ئەگەر لە لیڤڵێکی بەرزیشدا نەبێت هاوکاریی نەخۆشانی تری دەرەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات، بە ئەزموونی خۆم ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، لێ لە نێوان نەخۆشانی نۆرۆلۆگیی و دەروونیدا تاڵە موویەک هەیە، کەچی منێکی تێبینیکار ئەم تاقیکردنەوەم لەسەر خۆم ئەنجامدا و وەک مشکی لابور، بە شێوەیەکی پێوانەیی هەمان ئارامیی روحی و دەروونییم چنگ کەوت کارڵ گۆستاڤ یۆنگ لە ئەزموونی دەروونشیکارانەی خۆی و مامەڵەی لەگەڵ نەخۆشانی سایکۆسیسدا پەیدای کردبوو. ئەگەر کار و نووسینەکانم، سەنگی میتۆدیی ئەوتۆشیان نەبێت، هونەرمەندە کەلەپچەکراوەکەی ناخی خۆمم ئازاد کردووە و تۆش دەتوانیت هەمان کار بکەیت، با هەمووان پێکەوە دێوە نوستووەکەی ناوەوەمان بە ئاگا بهێنینەوە، تا گووشاری دەروونی و روحیمان لەسەر کەم بێتەوە. ئەمەی من دەیڵێم هیچ پەیوەندییەکی بەو زانستە ساختەیەوە نییە ناونراوە (گەشەپێدانی مرۆیی).

من: نامەوێت هیچ خوێنەرێک بمکاتە ئایکۆنێکی وشکهەڵاتوو و ستاتیک، هەمیشە ئەو خوێنەرانەم خۆشدەوێت تێمدەپەڕێنن، نووسینەکانم بۆ یەک کۆنتێکست بەکاردەهێنن، نەک هەموو واقیعێک بە گەزی بیرکردنەوەکانم بپێون، جگە لە رێز

هیچ سۆزێکم نییە بۆ خوێنەر، دەیانڕووشێنم، حەزم لێیە نووسینەکانم برینیان تێدا دروست بکات و بەرەو بیرکردنەوە لە بیرکردنەوەیان ببات، ئەگەر نا دەبێت ببمە سیمبولی شکستخواردووترین نووسەر. ناخوازم دڵنەوایی بەردەنگ بکەم یان بە وەهمسازیی کڵاویان لەسەر نێم، بە جادووی وشەکان فریویان بدەم، پێم خۆشە خوێنەر ئامادە بکەم بۆ گەشتێکی ترسناک، ئەرکم ترساندنی وەرگرە، هەروەک چۆن سەیرکردنی فیلمێکی ترسناک، بینەر دەباتە دۆخی دڵەکوتێ و خۆفێک، ددانە جیڕکێ بە دوای خۆیدا دەهێنێت. خۆم بە نەژادی ئەو نووسەرانە دەزانم، مرۆڤ دەبەنە کۆڵانە تەسک و ترسناکەکانی ژیانەوە، لە ڕاستیدا بۆیە هۆگری جیهانی ئەدەبیی (ئیدگار ئالان پۆ)م، بەدەر لە دیوە پۆلیسییەکەی چیرۆکەکانی، ئەتمۆسفێرێکی پڕ ترس و بیم دەسازێنێت و جۆرە شڵەژانێکی سایکۆلۆژیی دروست دەکات، خوێنەر وا راپێچی ناوەوەی خۆی دەکات، بە ورشەی گەڵایەک، خشەی پێیەک لە دەرەوەدا رادەپەڕێت. خۆم چەندان جار لە شەوانی درێژی پایز و ساردی ساڵانی نەوەدەکان، لەو کاتەی لە بەردەم شەوقی چرایەکدا ئەو چیرۆکانەم دەخوێندەوە رووبەڕووی هەمان رەوش بوومەتەوە.

سێبەر: نامەوێت درۆزن بم سەرەتا لەگەڵ خۆم دواتر لەگەڵ خوێنەر، خۆ درۆکردن چنینی رستێک ڕووداوی وەهمی نییە لە قاڵبی راستیدا، درۆ هەرە سەختەکە شاردنەوەی راستییەکانە، زۆرینەی نووسەری کورد خەریکی چنینی حکایەتی ناڕاست و بە ژێر لێوەوەکردنی راستییە پێویستەکانن، بێدەنگیی ناپاکیی رۆشنبیرانە، نازیزم لە ئەنجامی بێدەنگی رۆشنبیراندا بوو بەو بەڵا گەورەی ناو مێژووی مرۆڤایەتی. گەرچی خۆم پێ رۆشنبیر نییە، لە هەوڵی خۆ رۆشنبیرکردندام، وەک یۆنگ دەیگوت (کەسمان نازانین چی دەزانین)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی فێر بووم لای خۆم رایناگرم و ناهێڵم قەوزە بگرێت و بەبیرتانی دەهێنمەوە، خۆم بە مرۆڤێکی هەموو شتزان نازانم، بەڵکو لەگەڵ خوێنەرەکانمدا مەشقی فێربوون دەکەم. هەر لە واقیعیشدا ئەوە شێوازی منە لە ژیاندا، بە دەنگی بەرز بیر دەکەمەوە و بە بێدەنگی دەڕۆم بە دوای ئامانجی خۆمدا. دژی هەر قەرەباڵغییەکی فیکرییم و وەک پەتا خۆم لە پۆپۆلیزم دەپارێزم، نیچە لە

(زەردەشت وەهای گوت)دا رووی دەمی دەکاتە ئەوانەی وێنای خۆیان دەشارنەوە و لەناو هەراوزەنا و دەنگە دەنگی فیکرییدا رووخساری راستەقینەیان بە تارایەکی رەش دادەپۆشن و پێیاندەڵێت (هەقیقەتی ئێوە زۆر ناسکە.. لە بلوور و کریستاڵ ناسکتر). واتە هەقیقەتەکەتان بەرگەی هیچ ناگرێت نەخاسمە بەر تەنێکی رەقی وەک رەخنە بکەوێت. ئەگەریش هیچ لەو دوو کتێبەی زانای کۆچکردوو (ستیڤن هاوکینگ) تێنەگەیشتبم کە تا ئێستا خوێندوومنەتەوە، بە باشی ئەفۆریزمێکی لێوە فێر بووم: لە نێوان هزر و زماندا پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە، هەتا هزر کورتتر بێت زمان درێژتر دەبێت.

من: ئێستا گەیشتمە دوا دێرەکانی ئەم کتێبە، دەمویست پرۆژەی سەرەکیم لە ماوەی ئەم چەند مانگی ماوە لە ساڵی ٢٠٢٢ نووسینی دوو چیرۆک بێت، بەڵام ئازاری نەخۆشیی ناهێڵێت، بۆ ئەوەی پشوو وەربگرم تا ماوەیەک و زۆرتر بخوێنمەوە تا بنووسم، لێرە ناوەڕۆکی چیرۆکێکیان ئاشکرا دەکەم، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکار تا نەینووسم، ئاخر زیاتر لە هەر شتێک پێویستم بە پشووە، خوێندنەوەش لە لیستی پشووەکاندایە لە کن ئەز. با بیرم نەچێت ناواخنی چیرۆکەکەتان بۆ باس بکەم کە ناوەڕاستی سالآنی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو دەگێڕێتەوە: (نووسەرەکە لە تەنیشت ئاگردانەکەوە دەینووسی، چاوی هاوژینەکەی پڕبوو لە پرسیار، ئاخۆ بۆچی ئەو لاپەڕانە دەسووتێنێت بە رۆژ و شەو خەریکی نووسینەوەیانە؟. ژنەکەی وای دەهاتە بەرچاو مێردەکەی شێت بووبێت، هەموو رۆژێک دە دوانزە لاپەڕە دەنووسێت و رەنجەکەی دەرخواردی ئاگر دەدات!، رۆژێک ژنەکە لێی دەپرسێت بۆچی ئەم لاپەڕانە دەسووتێنێت؟، سەرم لەم خووەت دەرناچێت!، نووسەرەکە بە بزەیەک و بەدەم لووت خوراندنەوە دەڵێت: نیوەیان ئەگەر بڵاویان بکەمەوە بەختی من وەک نووسەرێک دەسووتێنێت!. ژنەکەی خێرا قسەکەی لە دەم وەردەگرێت، دەڵێت ئەی نیوەکەی تر؟، ئەویش چاویلکەکەی لادەبات و کەمێک ئاو لە پەرداخە گوڵگوڵییەکەی بەردەمی دەخواتەوە، دەڵێت: ئەو نیوەی تریش ئەگەر بڵاوی بکەمەوە بەختی تۆ دەسووتێنێت!. ژنەکەی بە حەپەساویی: کەواتە واز بهێنە، برۆ کارێکی تر بدۆزەرەوە!. نووسەرەکە بە کەمێک روو گرژیی و جددییەتەوە دەڵێت: خۆزگە دەمتوانی).

شارستانیی کۆلاپس